
# رشتەی مرواری ٢



عەلائەدین سەجادی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# رشتەی مرواری

نووسەر:
**عەلائەدین سەجادی**

۱۳۸٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناسنامەی پەرتووک
کتێب: رشتەی مرواری
نووسەر: عەلائەدین سەجادی
ویراستار: فەخرەدین ئەویهەنگی
پیت لێدان: شایستە محمودی
دەرهێنانی هونەری ناوەوە: ناسێح رەحمانی
دەرهێنانی هونەری بەرگ: ناسێح رەحمانی ۰۹۱۸۳۷۳۸۰۲۸
ئەژمار: ۱۵۰۰ دانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# پێرست

دەسپێک ........................ ٧
**بەرگی یەکەم ........................ ١٥**
سەرەتا ........................ ١٩
قسەی نەستەق ........................ ٢٤
تاڤگەی ئێلاخ ........................ ٣٨
گەنجی درەخشان ........................ ٥٤
شەکراوی دەماخ ........................ ٨٨
هەندێ لە داستانی ژن ........................ ١١٨
وەلامی بێوەلام ........................ ١٥٢
سەیر کردنێک ........................ ١٦٩
**بەرگی دووەم ........................ ١٧١**
سەرەتا ........................ ١٧٣
لە باخێ گوڵێک ........................ ١٧٧
- لە ولاتی کوردەواری ئەم شتانە لەم شوێنانە تاقانەن ........................ ١٩٣
- ئەم شتانەی ئەم شوێنانە بە ناو بانگن ........................ ١٩٣
- هەر شتە لە شوێنیک ........................ ١٩٣
قسەی بەتوێکڵ ........................ ١٩٤
شەکراوی دەماخ ........................ ٢١٥
هەندیک لە قارەمانی ژن ........................ ٢٦٠
قسەی تەنک ........................ ٢٨٥
دوایی ........................ ٣١٤
**بەرگی سێیەم ........................ ٣١٧**
سەرەتا ........................ ٣١٩
تاقی کراوەکانی کوردی ........................ ٣٢١
شەکراوی دەماخ ........................ ٣٣٩
گەنجی درەخشان ........................ ٣٧٢
لافاوی سولەیمانی ........................ ٤٠٧
رشتەی مرورراری ........................ ٤١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



زۆر دوو ........................................ ٤٢٦

**بەرگی چوارەم ........................................ ٤٦٣**

بردمانەوە یا نە؟ ........................................ ٤٦٥
تاڤگەی ئێلاخ ........................................ ٤٦٧
پەندی پیران ........................................ ٥٠٢
گەنجی درەخشان ........................................ ٥١٢
قسەی نەستەق ........................................ ٥٥١
شەکراوی دەماخ ........................................ ٥٦٥
تاقی کراوەکانی کوردی ........................................ ٥٩٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەسپێک

کاملی گر خاک گیرد زر شود
ناقل ار زر برد خاکستر شود
مولاتا

زمان لە خۆیدا چێژێکی تایبەتی هەیە. خوێنەر یا بیسەر بێئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆی لە سەر جوانیناسی زمان هەبێ، بە وتە یا نووسراوەی جوان هەستی دەبزوێ و گیانی دەگەشێتەوەو چێژی لێ دەگرێ. وەک چۆن پێویست نییە کەسێک گوڵناسێکی پسپۆڕ بێ بۆ ئەوەی بۆنی خۆش هەست پێبکاو بەهرەی لێ ببا، زمانیش ئاوەهایە. بەڵام دیارە هەر وتەیەک جوان نییە و نابێتە زاخاوی مێشک. دیارە ئەو بۆن و بەرامەیە کە تخووبی پەیڤەکان لێک جیا دەکاتەوە، نوێنەری ئاخێزگەی ئەو وتانەن. هەروەها بیرێکی کورت و دەروونێکی ناپاک کاتێ لە بیچمی قسەدا خۆی دەنوێنێ، تاڵی و ڕەشی و ڕق و قینی لێوە دەبارێت.

پەیڤ هەرچەن ساکارترو پاراوتر بێ، پەتیترو بێپەردەترەو هەروەها بەدەوترو جوانتر. بە گورجی کونج و بناوانی دڵ و دەروونی دەتەنێتەوەو وەکوو بیسەر خۆی بیسراوی وتبێت، وای بە دڵەوە دەنووسێ کە قەد گومان لە هەڵە بوونی ناکات. نەک بڵێم هەڵەی تێدا نییە، بەڵکوو ڕەنگە زۆرجاریش هەڵەکانی زۆرتر بن، بەڵام ئەو یەک لانی و یەک لۆنییەی، لە سەر زەینی مرۆڤ کاریگەر دەبێ.

گەلێک جار بەرفراوانی وێژە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر پەیڤێک بخرێتە نێو بازنەی وێژەوە. دان بەوەدا دەنێم کە وێژەو ئەدەب هەموو کونج و قوژبنەکانی زانستە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوەو هەرجۆرە نووسراوەیەک لە هەر بوارێکدا کە بێ، ئاسەواری ئەدەبی تێدایە؛ بەڵام بەر لە هەر هونەرێکی تر —بە تایبەت ئەدەب- بیرو هزر دێتە ئاراوە. ئەوی ڕاستی بێ ئافراندنی وتە بە هۆی هزرەوەیە. کەواتە هەر قسەیەک دەنگدانەوەی فەلسەفەیەکی تایبەتە. ڕەنگە ئێمە وەکوو زانست، فەلسەفەمان نەبێ، بەڵام بێگومان بیری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەلسەفیمان هەبووەو هەمانە. چۆن دەبێ وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن شارستانییەت بیری چۆن ژیان و چۆن دوانمان نەبووبێ.

بە رای من رشتەی مرواری نەک کۆمەڵەیەکی ئەدەبی تەنیا، بەڵکوو کۆمەڵەیەکی هزری و فیکری کۆمەڵگای کوردییە. لەم بەرهەمە بە نرخەدا لە زمانی مەردۆمێکی ئاسایی و زۆرجار نەخوێندەوارەوە پەندو قسەیەک دەبیسین کە -بە رای من- زۆر لە زاناو فەیلەسووفان بۆ تێگەیشتنی مێشکیان سواوەو هەم خۆیان هەم خەڵکیان وەڕەز کردووەو لە ئەنجاما نەخۆیان تێگەیشتوون نە خەڵکی. کەچی نەخوێندەوارێکی رەمەکی بە زمانێکی ساکار و پاراو و لە ناخی دڵێکی بە کوڵەوە بەبێ ئەوەی رێ بدا زمان، بیری ئاڵۆزو شێواو کا، دەیلێتەوە. بۆ نموونە رازو نیازێک لە زمانی پیرێکی نەخوێندەوارە دەبینین کە بە مەنتقێکی ساکارەوە دەڵێ:

*بینایی چاوان! نازانم بێژم تۆ چیت؟ ئەوەن ئەزانم ئەها ها ئەوەی کە تا چاو بڕئەکا لەو درێژی ئاسمانە تۆ گشتت دروست کردگە. هەر بڕۆ، هەر بڕۆ، هەر ناوڕێتەوە. پیاو وا ئەزانێ ئەوە بڕایەوە، کەچی هەر لە هەولیەوەس. ئەگەر من دوو باڵم هەوێ و بڕۆم وەو ئاسمانەدا باڵەکانم شل ئەون و وا ئەزانم چووگم، کەچی ئاسمان هەر دوورتر ئەوێتەوە، گەرمە هەسوونێکم بەرچاو کەوێ کەچی هیچ دیار نییە. کەواتە تۆ ئاسمانت وەبێ هەسوون راگرتگە.*

یاخۆ ئەو بیرانەی کە لە سروشت و جیهان هەیەتی بەڕاستی کە جێگای رامانە:

*... تۆ دەست وە گشت شتێکەوە ئەژەنیت، کەچی تۆیش دیار نیت. رزقی مار و مێروو ئەدەی لە پشت پەردەی غەیوەوە، کەچی ئەگەر من بێمە ئەو پشت پەردەیە تۆ لە وێش نیت. تۆ دەریا گەورەکان وە «زریوار»یشەوە هەندێ جار ئەیانکەی وە یەخ، هەندێ جار ئەیانکەی وە ئاوی رووت، کەچی ئەو گشت گیاندارانە لە ناویانا هەر هەڵئەقونێنەوە. بەشی گشتیانت داگە، نایەڵی کەسیان وەبێ‌رزق سەر بنێتەوە. من ئەو گیانەی لە بەرمایە تۆ داتنیاگە لە گەڵ ئەوەدا کە وەمنەوەیە، من نازانم چییە. دەست ئەدەم وە دەوارەوە هەڵیئەدەم ئێژی رۆستەمم، کەچی نازانم ئەو زۆرە چییە کە تێمدایەو دەوارەکە هەڵئەدەم.*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



*ئەو دەشتی «مێرگەپانە» لەوەختی بەهارا -خوا نەیوڕێ- پڕیەسی لە هەلالەو بەیبوون؛ هەر گوڵێ وەرەنگێ رەنگ ئەداتەوە؛گشتی تۆ دروست کردگە. من وەم فرەزانی خۆمەوە سەرم تیا سڕ ماگە، نازانم چییە یەک تۆمە پەڕەی گوڵەکەی پەلێکی سوورە، پەلێکی کەوەس، خەتێکی زەردەوامە، تۆ لە گشتیا هەیت، کەچی وەچاویش ناوینرێت.*

یا لە زۆر شوێندا پەندی زۆر جوانمان دێتە بەرچاو کە بە راستی دەبێتە زاخاوی مێشک. ساکاری ئەم قسانە لە ئاستێک دان کە خوێنەر دەباتە ناو دەریای بیرو ئەندیشەوە. زۆرجار ئەزموونی سەدان و هەزاران ساڵەمان دێتە بەرچاوی دڵ و بیرەوە؛ ئەزموونگەلێک کە وەکوو هەتاو تیشک دەبارێننە سەر رێگای تاریک و پرلە هەورازی ژینەوە. رەوت و شێوازی ژیان و هەڵسوکەوت هەم لە گەڵ خێزانی ماڵ و هەمیش لە گەڵ کۆمەڵگا.

زۆرجار دەڵێن نەتەوەی کورد فەلسەفەی نەبووە. رەنگە ئەم قسە تا رادەیەک راست بێ. ئێمە نە سوقراتمان بووە، نە ئەفلاتوون‌و نە ئەرەستوو. ئێمە -بە داخەوە- نە خێوی «جمهور»ین، نە «مابعدالطبیعه»و نە «غاطیقوریاس»و نە هیچ کتێبێکی‌تر(تا ئەو جێگا من ئاگادار بم). بەلام ئەگەر لەو ئاسەوارە بەنرخ و هێژایانە ورد بینەوە، چ دەبینین؟ بە گشتی فەلسەفەیان لە سەر ئەم بابەتانەی خوارەوەیە:

ئاکار، بیر لە بوونی خوا، خۆشەویستی خوا، سیاسەت و بەڕێوە بردنی ولات، سیاسەتی بەڕێوەبردنی بنەماڵەو بە گشتی دێتەوەی رێگای ژیانی بەختەوەرانە.

نامەوێ لە پلەو پایەی ئەو گەورانە -کە بە راستی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ بە گشتی منەتبارانن- کەم کەمەوە؛ بە پێچەوانە بە تەمام بلێم ئێمەش وەکو نەتەوەیەکی خاوەن شارستانییەت فەلسەفەو بیرو هزرمان هەبووەو بەو پێیە ژیاوین.

دیارە دوان لە سەر ئەم بابەتە کات و شوێنی تایبەتی ئەوێ و لەم دەسپێکەدا جێگای ئەوە نییە بە تێرو تەسەلی لەسەری بڕۆین.

بە گشتی رشتەی مرواری کارێکی ئێجگار بە نرخی ماموستا سەجادییە کە لە زاری خەڵکی بیستووەو کۆی کردۆتەوە. لەم سۆنگەوە رشتەیەکی خوشیک و جوانە لە زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی کە بە شێوەی ساتیر و هەجوو کومیک بێژراوەو تۆمار کراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ڕەنگە لە زمانی کوردیدا یەگانە بەرهەمێک بێت کە بەم ئۆسلۆبە نووسرابێ؛ واتە قسەی قووڵ و پڕمانا بە زمانی کۆمیک.

## ژیانی عەلائەدین سەجادی[1]

عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی حیسامەدین لە بنەماڵەی سەجادی، لە ساڵی ١٩٠٧دا لە گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە چاوی کردەوە بە سەر دونیای ڕەنگاورەنگی پڕ لە کارەساتدا. بە سوختەیی خوێندنی دەست پێکردووەو بە فەقێتی گەلێ شارو دێی کوردەواری گەڕاوەو بنەو بارگەی لە سلێمانی خستووە. لە ساڵی ١٩٣٨ ئیجازەی زانستە ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی وەرگرتووەو دواجار بۆ مەلایەتی و پێشنوێژی لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون رووی کردۆتە بەغداو هەر لەوێ ماوەتەوە.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا خێی داوەتە ڕۆژنامەوانی و کۆواری «گەلاوێژ»و «نزار»ی بەڕێوە بردووە. لە ١٩٥٩دا بۆتە ماموستای زانکۆی بەغدا لە کۆلێژی زمانی کوردیداو تا ساڵی ١٩٧٤ لە سەر ئەم ئیشە ماوەتەوە. لە ١٩٧٠ دەبێتە وەزیری ئەوقاف. لە ١٩٧٧دا خانەنشین دەکرێ.

پاش خانەنشین بوونی هەموو هێزو توانی دەخاتە سەر کار لە سەر بابەتی ئەدەبی کوردی؛ بەڵام کوژرانی کوڕی گەورەی لە شەڕیی ئێران و ئێراق (١٩٨٠- ١٩٨٨)دا وزەی دەبڕێ و پشتی دەشکێنێ. تا لە ساڵی ١٩٨٤دا ڕوو لە شاری خامۆشان دەنێ و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئەسپەردە دەکرێ.

### سەجادی ڕۆژنامەنووس

لە گەڵ نیشتەجێ بوونی سەجادی لە بەغدا، ئیبراهیم ئەحمەد خەریکی دامەزراندنی کۆواری «گەلاوێژ» ئەبێ؛ بەڵام بە هۆی کاری زۆرەوە بەڕێوەبردنی ئەم کۆوارە دەخاتە ئەستۆی سەجادییەوە.

ئەم کاری ڕۆژنامەوانییە ئەزموونێکی نوێ و گرینگ دەبێ بۆ سەجادی. بە هۆ گەلاوێژەوە سەرچاوەیەکی زۆر لە ئەدەبی کوردی کۆ کردەوەو شارەزاییەکی زۆری لە ئەدەب و وێژەی کوردیدا بە دەست هێنا.

---

[1]- ئەم بەشەم بە هەندێ گۆڕانکارییەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردی دکتور خەزندەدار وەرگرتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zahari.org


شوێنی کاری سەجادی ژوورەکەی بوو لە مزگەوتدا. زۆربەی کاتی لە ژوورەکەیدا لە گەڵ کتێب و کاغەزو چاپی گەلاوێژ خەریک بوو. ئەمە بووبە هۆی ئەوەی کە بایەخێکی زۆر بدات بە کاری رۆژنامەوانیو لە سالی ١٩٤٨دا خۆی کۆواری «نزرا» دەربکات. هەرچەند ناوەرۆکی نزار بابەتی سیاسی و کۆمەلایەتی بوو.

## سەجادی پسپۆری ئەدەبی کوردی

سەجادی نووسەرێکی پرکار بووە لە زۆر بواردا؛ بە تایبەت لە بواری ئەدەبی کوردیدا. هەندێ لە کارەکانی سەجادی لە ئەدەبی کوردیدا ئەمانەن:

١- مێژووی ئەدەبی کوردی: گرینگترین بەرهەمی ئەدەبی سەجادییە. هەوەڵ جار لە ١٩٥٢ و دووەم جار لە ١٩٧٠ لە چاپ دراوە. لەم کتێبەدا سەجادی زانیارییەکی زۆر لە سەر زمانی کوردی لە سەرەتاوە تا سەدەی بیستەم کۆ دەکاتەوە. ئەم بەرهەمە لەو سەردەمەدا رووداوێکی زۆر گەورە بووە لە مێژووی ئەدەبدا.

٢- دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٦٧.

٣- ئەدەبی کوردی و لێکۆلینەوەی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٦٨.

٤- نرخشناسی، بەغدا، ١٩٧٠.

٥- دوو چامەکەی نالی و سالم، بەغدا، ١٩٧٣.

٦- دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨.

٧- خۆشخوانی، بەغدا، ١٩٧٨.

٨- لە چیرۆکدا سەجادی دەورێکی گرینگ و کاریگەری بووە لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی چیرۆکی کوردیدا. نووسە لە نەوەی یەکەمی ئەم هونەرەیە کە لە نێوان دوو جەنگی جیهانی سەدەی بیستەمدا پەیدا بووە. چیرۆکی لەسەر لاپەرەکانی کۆواری گەلاوێژدا (١٩٣٩-١٩٤٩) بلاو کردۆتەوە. پاشان بە ناوی «هەمیشە بەهار» لە بەغدا لە سالی ١٩٦٠دا چاپی کردووە.

ناوئاخنی چیرۆکی سەجادی ژیانی ناو کۆمەلگای کوردەواری و بە دانستە ژیانی لادییە. هەندێ لە چیرۆکەکانی ئەمانەن: «شاییەکەی رەشەی خەجەلاو»، «بۆ نەچووین بۆ کوێستان»، «جەوهەر ئاغا»، «رێویەکەی قەمچۆغە»و ... .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


٩- گەشتێک لە کوردستانا(١٩٥٦). گرینگی ئەم بەرهەمە لە باری ئەدەبدا پەخشانە جوانەکانیەو زمانی ئەدەبی یادداشت و تێبینی رۆژانەیانە. ئەم گەشتەی لە کوردستانی عێراقدا و لە شاری بەغداوە بۆ مووسڵو کەرکووک و هەولێرو سلێمانی دەسپێکردووە.
١٠- یەکێک لە گرینگترین کارەکانی سەجادی، «رشتەی مرواری»یە کە لە ساڵی ١٩٥٧وە دەستی پێکردووە و تا ١٩٨٣ درێژەی کێشاوەو لە هەشت بەرگدا بڵاوی کردۆتەوە.

**لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم بەرهەمانەی هەیە:**

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارییەکی شایانی بووە؛ بەرهەمەکانی لەم بوارەدا ئەمانەن:

- شۆرشەکانی کورد، مێژووی راپەرینی کور، بەغدا، ١٩٥٩.
- کوردەواری، لە خەڵکناسیدا(ئەتنۆگرافیا)، بەغدا، ١٩٧٤.

لە ئەنجامدا:

عەلائەدینی سەجادی خوێندەوارێکی بە دیمەنی کورد بوو لە سەدەی بیستەمدا. نووسەرو رۆژنامەنووس و کارگەری زانستی بوو. لە زۆربەی مەیدانەکانی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیدا بەرهەمی بە نرخی هەیە. باڵادەست بوو لە نووسینی وتارو چیرۆک و یادداشت و بابەتەکانی دیکەی پەخشان. نووسینی بە گشتی زاخاوی میشک و خۆراکی گیان و ئارامی دڵ و دەروون بوو بۆ خوێنەرو خوێندەوارنی سەردەمی خۆی و لە پاشانا بۆ نەوەکانی دوارۆژ.

**ئەم چاپەی رشتەی مرواری**

لەم چاپەی رشتەی مرواریدا هانمان ئاوە بەرهەمێکی پوخت و رێک و پێک ئاراستی کتێبخانەی کوردی بکەین. لە چاپەکانی تردا -بەداخەوە- ئالۆزییەکی ئێجگار زۆری تێدا بوو؛ بۆ نموونە هەڵەی چاپی ئێجگار زۆر بوو، لە زۆر شوێندا وشە یا خۆ رستەی لێ داکەوتووە؛ ئێمەش بە پێی بۆچوونی خۆمان ئەو هەڵانەمان راست کردەوەو بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا بزانێ کە کاری ئێمە بووە لەم قولاب«[ ]»کەڵکمان گرتووە.

بێجگە لەمەش ئەو کارانەی کە کردوومانە خاڵبەندییە؛ واتە دانانی دوشمانەی کە یاریدەی خوێنەر ئەدا تاکوو باشتر لە مەبەستی نووسەر بگات و کتێبەکەی بەدەوتر بێتە بەرچاو. ئەم نیشانانە ئەمانەن:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

. و ، و ؛ و «» و () و [] و "" و // و ! و ؟ و -- و .

هەروەها پاراگرافبەندی؛ کە بریتییە لە دیاری کردنی هەر پاراگرافێک بە مەرجی پاراستنی یەکگرتووی لە یەک لایەنی مەتنەوە.

لەم چاپەدا هانمان داوە بە پێی توان بیۆگرافییەک لە ژیانی ماموستا سەجادی بخەینە پێش چاوی هاوولاتیان، بۆ ئەم مەبەستەش لە «مێژووی ئەدەبی کوردی» دوکتور خەزنەدار کەڵکمان وەرگرتووە.

بە گشتی هیوامان رەزامەندی خوێنەرو پەرایی گەیاندن بە زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمانە.

فەخرەدین ئەویهەنگی
سنە، خەرمانانی ۱۳۸٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگی یەکەم

١٩٥٧م / ١٣٧٦ک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*خوێندەواری چرای ژیانە*

**رشتەی مرواری**

کۆمەڵە ئەدەبییێکی هەرە بەنرخە لە فەلسەفەو بیرو باوەڕی کوردی، لە قسەی خۆش و نەستەق و لەو دەماخ چاخکەرانەی کە لە ئاسۆی خەیاڵێکی کوردییەوە گزنگیان داوە.

بیری کوردی قاپی دڵی خۆی کردۆتەوە؛ بۆنی عەبیری، تێکەڵاوی بای شەماڵی ژیری کردووەو وەکوو روناکی بەری بەیان بڵاوی ئەکاتەوە بەسەر دڵی خوێنەرەکانیا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرەتا

گیتی ئەدەب، گیتیەکی فراوانە. نامەوێ لەمەوە بدوێم ئەگەر یەکێک ویستی بە پوختی لێی تێبگا، تەماشای کتێبی «مێژووی ئەدەبی کوردی» عەلائەدین سەجادی بکا. بەڵام ئەوە ئەڵێم کە قەومی کورد، ناموسی تەبیعی هەزاران ساڵە هێشتوویەتەوە. هۆی ئەم مانەوەیە گەلێ شت بووە؛ یەکێک لەوانە تەریکی و گۆشەگیری بووە لە عالەمی بێگانە، ئەم سووچەی زمانەکەی بۆ هێشتۆتەوە. ناتوانی قەومێک ناو بنێی بە قەوم تا زمانی نەبێ. بۆیە بە ئینگلیز وەیا جەرمەن وەیا عەرەب ئەوترێ ئینگلیز، جەرمەن، عەرەب، چونکە زمانیان هەیە. کە زمان نەبوو، قەومیەت نییە. کوردیش تا ئێستە بۆیە ماوەتەوە، چونکە زمانی هەبووە؛ ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنی.

لەسەرەتای ئەم سەدەی بیستەمەوە، وردە وردە خوێندەواری لەناو رەمەکی کورددا پەرەی سەندووەو ئەستێنێ. ئینکار ناکرێ خوێندەواری چرای ژیانە، بەڵام لە لایەکی ترەوە مـن هەسـت بـەزیانێکی گـەورە ئەکـەم. لـەم رووەوە هەسـت بـەوە ئەکـەم چونکـە خوێندەوارییەکە بەزمانی کوردی نییە [رەنگە][2] هەتا سەدەی بیستەم بەسەر ئەچێ، قەومی کوردیش نەمێنێ. بۆیە ئەڵێم نەمێنێ، چونکە منداڵەکە لە قوتابخانەی غەیری کوردی لەباتی وشەیەکی کوردی، فێری وشەیەکی غەیری کوردی ئەبێ. ئەو وشەیە دێنێتەوەماڵەوەو قسەی پێ ئەکا، برا بچکۆلەکەو خوشکە نەشمیلەکەی لێوە فێر ئەبن. باوکی منداڵەش ئەڵێ کۆرپەڵەم فێری زمانی نان پەیدا کردن بووە؛ ئەویش وەری ئەگرێ. دایکەشی ئەڵێ لە دەورت گەڕێم چەند قسەکانت جوانە؛ ئەویش فێری ئەبێ. بەرە بەرە زمانی قوتابخانەی غەیری کوردی منداڵەکە، شوێن هەوارێکی خۆش بۆ خۆی لەماڵی باوکی منداڵەدا دروست ئەکا و زمانی مادەرزادی کوردییەکە لەژێریا دەست ئەکا بەنقەنق. کە پشتێک بەم جۆرە

---

٢- لە دەقەکاندا لە هەر شوێنێک هەستمان کردبێ وشەیەک داکەوتووە یا نەنووسراوە لێی زیادمان کردووە؛ بۆ ئەوەش کە دیار بێ کاری خۆمانە خستوومانەتە نێو قولابەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ڕۆیشت، پشتی دووهەم و سێهەم ئەڵێن باو و باپیری ئێمە ـبە ڕەحمەت بن ـ بەزمانێک قسەیان ئەکرد کەپێیان ئەوت زمانی کوردی.

ئەوانەی کە هەست بەقەومیەتی کوردی ئەکەن و هەست بەوە ئەکەن کە «بقە»یەکی گەورە ئابلۆقەی زمانەکەیانی داوە، ئەگەر تەنها ئەم قسەیە بخوێننەوە ئەکەونە سەر ئەو باوەڕە کە زیندوو کردنەوەو بووژاندنەوەی زمانی کوردی لەسەر قاقەز چە کارێکی گەورە ئەکاتە سەر مانەوەی قەومیەتی نەتەوەی کورد.

هیچ ئامانجێکم نییە تەنیا پاراستنی زمانی کوردی نەبێ؛ ئەویش بۆ پاراستنی قەومیەتی کورد لەو تەنگ و چەڵەمانە کە گەمارۆی داون. دنیای ئیمڕۆ وەکوو دنیای دوێنێ نییە. گۆڕانی ئیمڕۆ وەکوو گۆڕانی پێرێ نییە، قەومی کورد ئەبێ کۆشش بکا ـبەبێ جیاوازی ـ بۆ پاراستنی قەومییەتی خۆی. ئەم کۆششە بەخزمەتکردنی زمانەکەی ئەبێ. زمانی خۆت بپارێزەو بە زمانی خۆت بخوێنەرەوە، ئیتر خەمی هیچت نەبێ.

هیتلەر کە یادداشتەکەی «کفاحی» دانا وتی: «ئەم نوسینەم بەزمانێکە گەورەتر عالمێکی ڕایەخ چۆنی لێ تێ ئەگا شوانێکی سەر کێویش هەر بەو جۆرە لێی تێ ئەگا؛ بەزمانێکە کە زمانی ئەڵمانییە». منیش هەر ئەوەندە ئەڵێم، ئینجا بابچینە سەر بارێکیتر بۆ من و ئەم کتێبە:

بە بیرەوەری خۆم حەزم بەقسەی خۆش کردووەو لە بیستنی قسەیەکی خۆش وەکو هەستم بە دەنگێکی نهێنی خۆش کردبێ، وابووم. لەبەر ئەوەخۆم لەخۆمەوە هەر ئەگەڕام بەشوێن ئەو قسەو سەرگوزەشتە کوردییانەدا کە لە ناو کورددا باو بوون. بەبێ ئەوە بە شتێکیتر بزانم گەلێکیان لەسنگما مانەوە؛ دیسان هەر تێریشم نە ئەخوارد، ئەمویست زیاتر ببێت. لەپاشا کە ئەمبینی گەلێکیتر وەکوو من حەز بە قسەو سەرگوزەشتەی خۆش ئەکەن و شوێنی ئەکەون، بەلامەوە سەیر بوو کەئەمە بۆچ وایە؟ لەپاش ورد کردنەوە تەماشام کرد ئەمانە [ئەو] مەعانییە ڕوحیانەن کە بە وشە تەعبیریان پێ لێ ئەدرێنەوە؛ ئەمانە ئەو ئەدەبەن کە لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاد تێکەڵاو کراون. ئەو وەختە بۆم ساغ بووەوە کەڕاستە ئادەمیزاد بە بنەچە پابەندی ئەدەبە؛ چونکە ئەدەب خۆراکی ڕوحەکەیەتی. بۆم ساغ بووەوە کە گەورەیی ئەدەب بناغەی هەموو گەورەییەکە، با هەست بەگەورەییەکانیتریش نەکرێت.

کە چوومە بنج و بناوانی کارەوە دەستم کرد بەخوێندنەوەی شتی تر. تەماشام کرد تەنها قەومی کورد نەبێ، قەومەکانیتر بە هەر دوو دەستەوە چوونەتە ژێر ئەدەبیات. هەر جۆرە شتێکیان بووبێت خێرا لا پەڕەی کتێبەکانیان پێ پڕکردۆتەوەو نەیانهێشتووە ون ببێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کە ئەمەم بینی وتم ئایا بۆچی شتی وامان نەبووە لەگەڵ ئەو هەموو قسە خۆشانەدا کە هەمانە؟ لەوە زیاتر هیچم بۆ نەدۆزرایەوە کە رەنگ بێ لەناو ئێمەدا وتەی شوورەیی (عەیبە) نەیهێشتووە هیچ شتێک پێکەوە بنێن. دیارە هەرواش بووە، چونکە زۆرتر ئەو قسەو سەرگوزەشتە خۆشانە تا ئێستە هەروا بە رشخەنێکەوە گێڕاونەتەوەو لەوانە بوون هەر لەگەڵ یەکێک، یەکێکیانی لێ گێڕا بێتەوە خێرا لێی هاتبێتنە سەر پێ و «عەیب نیە تۆ ئەم قسە ناشیرینە ئەگێڕیتەوە؟» لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قسەیە کە ناشیرین وەیا پێچەوانەی ئەدەب و شەرم دائەنرێ، ئەوە جەوهەری ئەدەب و ئەقڵەو ئەدەب لەوە دروست ئەبێ.

ئەدەب پەردەی ژیانی کۆمەڵە کە شان بە شانی هاتۆتە خوارەوە؛ ژیری و زەینی پێشان ئەدا، رابواردن و هەڵسوکەوتیان ئەخاتەروو. ئەو پارچە قسانە وەکو لە رواڵەتا ساویلکەن، لەمەعنادا زۆر شت ئەگەیەنن. ئاسمانی مەعنایان گەلێ بەرزترە لەو ئاسمانە کە تیایانا دەر ئەکەون.

قەومەکانی‌تر هەموو شتێکیان وتووەو نوسیویانەتەوە، ئیتر چاک بووبێتن یا خراپ نەیانهێشتووە سەریان تیا بچێ. منیش لەبەر ئەمانە هاتم لەم سەرگوزەشت و پەندانە بە ئەندازەی دەسەلات، وەبگرە زیاد[تر لە] دەسەلاتیشم لێ کۆ کردنەوەو حەزم کرد لەم رەوشەوە کتێبێکمان ببێت.

ئەزانم سەرەتا لەوانەیە زۆر کەس لێ بکەوێتە تەقەوەو بڵێ: قسەکان بێ شەرمی و پێچەوانەی ئەدەبی دیوەخانانە؛ نەئەبوایە شتی وا بنووسرایە. منیش هەقیان ئەدەمێ؛ چونکە هەموو شتێک لەسەرەتاوە لەبەر ئەوە تازە کورەیە، بەرهەڵستی بۆ پەیدا ئەبێ؛ بەڵام لەپاش ماوەیەک ئیمان بەوە دێنن کە سووچێک لە ئەدەبی ون بووی کوردی زیندوو بۆتەوەو دارمێخەکی سیسی ئاو لێ بڕاو گەشێنراوەتەوە. ئەمەو دیسان ئەڵێ:

کابرایەک نوێژی نیوەڕۆی ئەکرد وتی: «نیەتمە هەشت رکات نوێژی ئەم نیوەڕۆیە ئەکەم». کە لێ بووەوە مەلا پێی وت باوکم نوێژی نیوەڕۆ چوار رکاتە، کەی هەشت رکاتە؟ نوێژەکەت بکەرەوە. ئەویش پێی وت: «مامۆستا، من هەشت رکاتم کردوە، خوا تێکەوێ چواری چاکی بۆخۆی هەڵبژێرێ و چوارەکەی‌تری بداتەوە بەسەر خۆما». ئێستەش ئەم کتێبە هەرکەس ئەیخوێنێتەوە ئەوەی چاکە بۆ خۆی هەڵبژێری و ئەوی خراپە بیداتەوە بەسەرخۆما. دیسان ئەیڵێمەوە: کاکی کوردی خۆشەویست! تووڕە مەبە بۆ نوسینەوەی ئەم کتێبە؛ میللەت وەکو باخی پادشاهانە، گوڵی چاکیشی تێدایەو هی خراپیش. لەگەورەتر کتێبی ئەدەبیاتی عالەمی عەرەبی «اغانی ابو فرجی الفهانی»و «عقدالفریدی ابن عبد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ربە»یە، ئەم کتێبانە عالەمی ئیسلامی و غەیری ئیسلامی دانیان پیائەنێن کە شا کتێبی ئەدەبن، ئەمە بێجگە لە «المستطرف فی کل فن مستظرف»ی شەهابەدینی ئەحمەدی ئەبشەهی، ئەگەر بەپوختی چاوێک بەوانەدا بخشێنی بۆت دەرئەکەوێ ئەوانەی من لەم کتێبەدا نوسیومن شوورەییەکەیان نەگەیشتۆتە شوورەیی هەندێ لەوانەی کە لەوانا نوسراون. ئەم قسانەی ئێرە وەکوو شوێنانی‌تر هەر یەکە دەورێک ئەگێرنەوە: هەم ئەدەبە؛ کە ئەدەب پەردەی ژێری تاک و کۆمەڵ ئەگێڕێتەوە. هەم بۆنێکە بۆ دەماخ کە بۆنی دەماخ لەززەتی رۆحییە.

عەلائەدین سەجادی
١٩٥٢/٣/٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## سەرنجێک

ئەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە لەناو کوردا «مەلا» دەستەیەکی دیاری و ئاشکرا بوون؛ بەرەی خوێندەوارو زانیار هەر ئەوان بوون. لە هەموو وەختێکا و لە هەموو شوێنێکا بەپەنجە، پەنجەیان بۆ راکێشراون. ئەم دەستەیە لەناو مەردما تا ئەو پەڕی، بەچاوی گەورەیی و ریز لێ گیراوییەوە تەماشا کراون. لە ئیشی بچووک و زلدا پرس بەوان کراوەو ئەوان بڕیویانەتەوە.

تەنانەت ناوی «مەلا» بە جۆرێک بەرز بوەتەوە ناوی هیچ چینێکی‌تر نەبووە بەرانبەری بەناوی ئەوان بکا. لەبەر ئەمە ناوی ئەمان لەسەر زمانی گەورەو بچوک بووە. فەرمانێ کەئەمان دابێتیان گێڕانەوەی نەبووە. جا بەم بۆنەوە هەچ کارو فرمانێک بوویێت دراوەتە پاڵ ئەوان و وتوویانە «مەلا وای وتوە» یا «مەلا وتی». [وتنی] ئەم ناوە لەسەر زمانی خەڵک، هەمووی نیشانەی خۆشەویستی و گەورەیی ئەوان بووە. وەکوو چۆن لە ماڵێکا خێزان و ماڵ و منالی ئەو ماڵە هەر کامێکیان هەستن و هەر قسەیەک بکەن بۆ ئەوە کە ئەو ئیشە ئیتر کێشەی تێدا نەبێ هەر ئەڵێن «باوکم وای وت» یا «باوکم وتی» دیارە ئەم رستە نیشانەو بەڵگەیە بۆ گەورەیی باوکەکە لەبەر چاوی خێزانەکەوە. وتنی ناوی «مەلا»یش لەبەر چاوی تێکڕای مەردمەکەوە ئەم سەمەرەیە بووە، بۆیە لەزۆر شوێنی سەرگوزەشت و قسەی کوردیدا وشەی «مەلا» پاڵەوانی سەر گوزەشتەکەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## قسەی نەستەق

خەڵکی! مستەفای میروەیس ریش سپیەکی هۆزی شاتری بوو لەعەشرەتی جاف. قسەکانی هەموو دانسقەبوون. ئەمە یەکێکە لەو قسە بە نرخانەی کە ئەڵێ: «قسە بیگێڕە، بیپێژە، بیوێژە».

- هەمەوەن دابوویان بەسەر خێڵێکی جافدا هیچیان بۆ نەهێشتبوون. پیاوێکی خێڵەکە لە چنگیان دەرباز بووبوو، لەسەر حەوزەکەی مزگەوتی مەلا حسینی پیسکەندی لە سولەیمانی دەم و چاوی ئەشوا. ئەم کارەساتەش بڵاو ببووەوە بە سولەیمانیدا. لەو کاتە مەلا حسین لەکابرا ئەپرسێ: هابرا! چی هەیە؟چی نییە؟ کابرای جافەش ئەڵێ: «برا چی ببی ؟ پیاو بوو کوژیا، ماڵ بوو بریا، دێ بوو سوتیا، ئیتر چی ما؟»

من قسەی ئەم پیاوە جافەم گەلێ لەقسەی ئەو پیاوە بوخارابیە پێ جوانترە کە لە ٦١٦ی هیجریدا چەنگیزخانی مەغولی شاری بوخارای سووتاندو خەڵکەکەشی کوشت؛ ئەم هەڵهات. لەرێگەدا باس و خواسیان لێ پرسی وتی: «امدندو کندندو سوختندو کشتندو بردند».

- «عەزیری مەسرەف» لەدیوەخانی شای ئێران ناسرەدین شادا ئەبێت. شا ئەپرسێ: ئاغا! زووتر ئەسپی چاکت هەبوون چیان لێ هات. ئەویش ئەڵێ: «شاهم، خاوەنی خۆیان سواریان بوون و رۆیشتن». شا ئەم وەڵامەی پێ خۆش ئەبێ.

- جارێک مەولەوی لەشاری سنە لە کۆرێکا دائەنیشێ. لێی ئەپرسن ئەڵێن: تۆ هەر ئەڵێی هۆزەکەم خۆشیان ئەوێم، بەگەورەم دائەنێن؛ بەچیا پێشانی ئەدەی کەراست ئەکەی؟ ئەویش ئەڵێ: خۆ ئەگەر هیچ نەگێڕمەوە ئەوە بۆمن بەسە کە هەورامیەک بارێکی ئێجگار گران لە کەرەکەی ئەنێ و ئەیەوێ بەسەر کێوی «ئارێز»دا سەری خا و کەرە مان ئەکاو ناڕوا. پێی ئەڵێ: «هەچە دەی هەچە! بەخوا ئەگەر مەولەویش بیت هەر سەرت ئەخەم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- خانزادەخانی هەریری وتوویە «لەدەوری ئەو پیاوە ئەگەڕێم کە بەنەخۆنەکەی درێژەو بەنی کالەکەی کورت».

- مەحمودی‌نادری‌شاتری هەبوو، منالی نەئەبوو. لە دەمەدەمی پیریدا ژنێکی‌تری هێنابوو، دوو کوڕی بووبوو. لێیان پرسی: خالە مەحموو منالت هەیە؟ وتی: «بەلێ دوو کوڕم هەیە؛ بەلام داخی گرانم دایکیان ئەگێن، لەوانە نین دایکی منالی خەلکی بگێن». مەبەستی ئەوەبوو من پیرم، ئەمرم و دایکیان مێرد ئەکاتەوە.

- پاشاکۆرەی‌رواندز لەجەنگدا بوو، فەرمانی دابوو کەس چرا نەسووتێنێ. شەوێک خۆی گۆڕیبوو، بۆ تاقی کردنەوە بەناو شارا ئەسوڕایەوە. سەیری کرد وا لە دوورەوە لە بنەبەردێکا سووسەی رووناکیەک دێت. کە چوو تەماشای کرد ئەوا مۆمێک ئەسوتێ و ژن و پیاوێک لەبەریەوە دانیشتوون گەمەو گاڵتەئەکەن. پیاوەکەی بانگ کرد، پێ وت:
ئایا ئەمناسی؟ وتی: بەلێ. وتی: ئەی گوێت لەو فەرمانە نەبووە کە وتوومە یاساغە بەشەو چرا داگیرسان؟ وتی: «بەلێ گوێم لێ بووە، بەلام ئەمە چوار ساڵە لەگەل ئەم کچەدا دڵمان پێکەوەیە تا ئێستە بۆمان رێ نەکەوتووە پێکەوە دانیشین. ئیمشەو بۆمان رێ کەوتووە وا پێکەوە دانیشتوین. ئێستەش پاشا سوورە کە هەستا، نەگوێی بەپاشا کۆرە ئەدا نە بە پاشای ساغە». پاشا کۆرە کە ئەمەی بیست دەست ئەکا بە پێکەنین و ئەڵێ: «بڕۆ هەموو شەو هەر لەخۆشیدا بن».

- مەلافەتاحی‌خەتێ لەدیوە خانی پاشا کۆرەی رواندز ئەبێ. کابرایەک دێت ئەڵێ: پاشا، یەکێ لەپیاوەکانی تۆ گایەکەم هەبوو لێی زەوت کردم. مەلاش ئەڵێ: «برا ئەگەر پاشا مەزرەعەی رۆژی دوایی خۆی بە گای هەژارێکی وەکوو تۆ نەکێڵێ چی بکا؟» پاشا ئیتر فەرمان ئەدا گاکەی پێ ئەدەنەوە.

- مەلارەسولی‌تەلانی هەبوو لەسولەیمانی ئەمناسی. کوتوپڕ نەخۆش کەوت. سەرەتا بۆم رێ نەکەوت بچمە لای، بە ئیمڕۆژ و سبەی دوام خست. لەپاشا کەوتمە تەقەوە هەر نەچووم. مەلا رەسول لە نەخۆشیەکەی چاک بوەوەو هەستایەوە. رۆژێ چاوی پێم کەوت‌و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گلەیی لێ کردم کە لە نەخۆشیەکەیدا نەچووم بۆ لای. منیش زۆر شەرمەزار بووم، هیچم پێ نەما، وتم: «مەلا رەسوڵ خوا رووی مردن رەشکا وا منی شەرمەزاری لای تۆ کرد».

- بۆ بەغدا ئەهاتم، کە گەیشتمە جێ مەلامەحمودیوەتراخچی وەڵامی بۆ ناردم وتی: «بەو ناو و نیشانەی کە رۆیشت و چاومان پێنەکەوت، سەلامی لێ ئەکەم». منیش وەڵامم بۆ ناردەوە وتم: «بەو ناو و نیشانە کە هاتم و چاوم پێنەکەوت، سەلامی لێ ئەکەم».

- ژنێکی مەنمی کوڕێک و برایەک و مێردێکی ئەبێ؛ هەر سێکیان لە لایەن حکوومەت ئێرانەوە ئەگیرێن و فەرمانی خنکاندنیان ئەدرێ. ژنەکە لەبەر «دارقەواخ»ەکەدا کە بۆ ئەوانە هەڵخرابوو ئەوەستێت و بێ هۆش ئەکەوێ. حاکم ئەنێرێ ئەیهێنن، ئەڵێ: ژنەکە یەکێ لەم سێ کەسەت پێ ئەبەخشم، جا بۆ خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە. ژنە خێرا ئەڵێ «براکەم».

حاکم ئەڵێ بۆچ براکەتت هەڵبژارد؟ کوڕ بەو خۆشەویستیە و مێرد بەو نازداریە گوێت نەدانێ؟ ئەویش ئەڵێ: «جەنابی حاکم، سبەینێ ئەچم مێردێکی‌تر ئەکەم، ئەوە مێردەکەم. کوڕێکیشم ئەبێ ئەوەش کوڕەکەم؛ بەڵام تازە باوک و دایکم زیندوو نابنەوە برایەکی‌ترم بۆبێنن». حاکم کەگوێی لەم وەڵامە ئەبێ، هەرسێکیانی پێ ئەبەخشێ.

- لەکابریەکی کوردیان پرسی بە چیدا ئەزانی خوا یەکێکەو دوو نیە؟ ئەویش وتی: «بەئاشەکەی ماڵی لالەما؛ تا ئەو وەختە کە هەر خۆی بوو دایمەگەڕ بوو، ئێستە کە لەگەڵ حەمەی شەفێ بوون بە شەریک، رۆژێک ئەگەڕێ و چوار رۆژ ئەوەستێ. خواش ئەگەر یەکێکی کەی لەگەڵ بوایە ئیشەکەی وەکو ئاشەکەی لالەمی لێ ئەهات».

- کابرایەکی موکری لەگەڵ ژنەکەیا دانیشتبون لەگوێ ئاگردانەکەیانا، کلووی بەفر ئەهاتە خوارەوە. دوو چیلکەیان کردبووەوە بەئاگرو کزولەیان کردبوو لەبەریا. ژنەکە لەپیاوەکەی پرسی: «ئەرێ پیاوەکە! ئیمەباش رائەبوێرین یا عەزیزخانی سەردار؟» پیاوەکەش پێی وت: «ژنەکە، عەزیزخان چاک ئەخوا، بەڵام ئیمە چاک ئەکەین». وەڵامەکەی دوو سووچی هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- قازیخدروەیسلەئالیبەگی، پیاوێکی دانا بووە، لێی ئەپرسن: «شاسوار کوڕی تۆیە؟» ئەویش ئەڵێ: «من باوکی ئەوم».

- سمایلیحەمەجان هەندێ تووتنی هەبوو مەجیدی خوشکەزای لێی دزیبوو. سمایل چوو سۆراخی توتنەکەی لە مەجید پرسی، مەجیدیش وتی: «خاڵە، تووتن دزیاگ و خاوەن تووتن و تووتن بریاگ یا خوا بەکۆی زوخاڵ بێ؛ دزیش بەرێ خوێ». سمایلیش وتی: «توخوا برا سوێن مەخۆ، ئیتر دڵم بوو بە ئاوێنە».

- بەگێک تلیاکی ئەکێشا. ڕۆژێ دابووی لەسەری، ڕووی کردە حەمەرەحیمی پیاوی وتی: «حەمەرەحیم ئێستە ئەگەر هەزار لیرەم ببوایە، پێنجسەد لیرەم ئەدا پەنجا ئەسپ و تفەنگ و پەنجا پیاوم سوار ئەکرد و ئەم خستنە پشت سەری خۆم، ئەچوین بۆتاران بایی پێنج سەد لیرەکەیتری تلیاکمان ئەکڕی و ئەهاتینەوە». حەمەرەحیمیش وتی: «وەڵلا میرم ئەگەر مژێکیتر لە بافوورەکە بدەی هیچ سواریشت ناوێ، هەر خۆت ئەچی ئەیکڕی و دییتەوە».

- کابرایک بوو بە میوانی ماڵە کوردێک. نانیان دانا، چێشتەکە زۆر گەرم بوو. کابرای میوان هەموو دەموودانی سووتا. لەتاوانا سەری بەرز کردەوەو سەیرێکی دارەڕای خانوەکەی کرد، بۆ ئەوەی خاوەن ماڵەکە هەستی پێ نەکا، پێی وت: «ئەرێ برا ئەم خانوەت بەچەندی دروست کردوە؟» کابرای خاوەن ماڵیش وتی: «بە دوو فوو و سەبرێک»

-لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٠ دا مزاحمئەمینپاچەچی نائب رەئیس وزەرای عێراق بوو. من عەمرم ٣٥ ساڵێک ئەبوو، زیاتر لەدوو بەشی مووی سەرم سپی بووبوو. بەچەند ساڵێکی کەم لەپێش ئەم تاریخەدا چاوی پێم کەوتبوو. لەم تاریخەشا دیسان لەشوێنێک یەکمان گرت. عادەتیشی وابوو بە دانەدانە قسەی ئەکرد. پێی وتم: «ماکنت اتامل ان اری راسک هکرا عاجلا». منیش کوتوپڕ پێم وت: «افردنی الدهر والمتنی الملمائب فاشتعل الراس شیبا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لەشار قوریان ئەپێوا. کابرایەکی کورد بەوێدا تێپەڕی پرسی ئەوەچیە؟ وتیان «شامردووە» وتی: «ئۆ! خۆزگەت پێ نەوێ ئەو "مێ" ئەمرێ، ئێستەئێژی شامردگە». «مێ» مەڕە.

-ئەحمەدبەگیفتاحبەگیئەرازی پیاوێکی بۆشناخ و بەدەمار بوو. بەپێچەوانەی ئەو فتاح بەگی باوکی پیاوێکی ساویلکەو بێ دەمار بوو.

ڕۆژێک ئەحمەدبەگ ئەڵێ: «بابە، ئاخر تۆ بۆچی وا لەگەڵ هەموو کەسێکا هەڵسوکەوت ئەکەیت و خۆت ئەکەی بە هاوشانی هەموو کەس؟ ئاخر تۆ نازانی من کوڕی تۆم؟» باوکیشی ئەڵێ: «ڕۆڵە، من ئەزانم تۆ کوڕی منی، بەڵام تۆ نازانی کە من باوکی تۆم».

- ڕەسووئاغایمەنگوڕ هەموو ئیشێکی خراپەی ئەکرد، جارجاریش ئەچوو نوێژێکی ئەکرد. پێیان ئەوت ئاغا ئەوە ئەو نوێژە بۆچ ئەکەی؟ ئەی وت: «کوڕە نەوەک ئەم مەلایانە ڕاست بکەن کە ئەڵێن ڕۆژی قیامەت هەیە، با ئەمەشم بەدەستەوە بێت».

- بە مەلاقادریبیارەیان ئەوت «مەلای گەورە» و بەکتێبخانەکەشیان ئەوت «کتێبخانەی مەلای گەورە». ئەم قسەیە لەناو خەڵکا بلاو بوبوەوە. ڕۆژێک دوو کورد بە تامەزرۆیی ئەچن مەلای گەورە ببینن بزانن ئەمە بە ئەندازەی چەند کەس ئەبێ وا هەموو کەس پێی ئەڵێ مەلای گەورە. بەم نیازە چوونە «بیارە»و چوونە ناو خانەقاوە. کە چوون هەر چاوەچاویان بوو بۆ ئەوە زەلامێکیان بەئەندازەی فیلێک بەرچاو بکەوێ. هەر بەر چاویان نە ئەکوت لەگەڵ ئەوەشا «مەلا قادر» دوو سێ جار بە بەر چاویانا تێپەڕی بوو، بەڵام هیچی لەخەڵکیتر زیاتر نەبوو؛ گوێیان نەدابوو و نەیانناسیبوو. لەئاخرا ئەپرسن «ئەرێ برا مەلای گەورەکامەسە؟» ئینجا یەکێک مەلای گەورەیان پیشان ئەدا کەئەچن و سەیری ئەکەن واقیان وڕ ئەمێنێ، ئەڵێن: «ئەرێ کوچکت لێ نەوارێ خۆ ئەمە هەر وەکوو ئیمە واسە. ئەی بۆچی ئێژن مەلای گەورە، مەلای گەورە؟» لەپاشا ئەڵێن دەبا بچین کتێبخانەکە ببینین بزانین ئەو چۆنە؟ ئەچن و کتێبخانەیەکی زۆر گەورەیان بەرچاو ئەکەوێ و کتێبێکی ئێجگار زۆری تێدا ئەبێ. هەروا سەیری ئەکەن، ئینجا یەکێکیان ڕوو ئەکاتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی

ئەوی کەیان و ئەڵێ: «لفتە، ئەزانی ئەم کتێوانە گشتی ئێژن چی؟» ئەویش ئەڵێ: «ئێژن چی؟» گشتی ئێژن خاس بکەو خراو مەکە. دەبێوەڕێوە، بێوەڕێوە ئێتر».

- شەویک لە نیوەشەوا کابرایەک بە کۆلانێکا ئەڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی، تەماشا ئەکا زەلامێک دیواری ماڵێک ئەکەنێتەوە. کابرا ئەپرسێ کوڕە، کابرای کوردە ئەوەچی ئەکەی؟ ئەویش ئەڵێ: «دەهۆڵ لێ ئەدەم». ئەڵێ: ئەی بۆچ دەنگی نایە؟ ئەویش ئەڵێ: «بەیانی گوێت لەدەنگی ئەبێ».

-لەشەڕی ١٣٣٦ی هیجری کە شەڕی رووس و تورک کرا چەند کەسێ لە عولەما بۆ ئەوە خەڵک بنێرن بۆ شەڕ، چوو بوون بۆ ناو عەشیرەتی «مەنگوڕو مامەش». لە دیواخانی حەماغای مامەش، رەئیسی عەشیرەتەکان وەکوو هەمزەئاغای مەنگوڕو حەمەمین ئاغای بلباس و هی‌تریش کۆ ئەبنەوە. یەکێ لە مەلاکان وەعزیان بۆ ئەخوێنێ ئەڵێ: ئەمە غەزایەو پێویستە لە سەر موسوڵمان بیکا. هەر کەس بچێ ئەگەر بکوژرێ شەهیدە، پایەی شەهادەت زۆر گەورەیە؛ خۆ ئەگەر نەشکوژرێ ئەبێ بە غازی، پایەی غازیش دیسان زۆر گەورەیە. کە مەلا لێ ئەبێتەوە کوێخایەکی بلباس هەڵئەستێ و ئەڵێ: «ماموستا، ئەگەر خوا ئارەزوو بکا هەرچی رووس هەیە بە سەعاتێک ناتوانێ بیانکوژی؟» مەلا ئەڵێ: بەڵێ ئەتوانێ. کوێخا ئەڵێ: ئینجا خوا کە خۆی پێی ئەکرێ بۆچی خۆی هەموویان ناکوژێ و بۆچ فتنەکە بە ئێمە ئەگێڕێ؟»

- خدری میروەیس کابرایەکی جاف بوو. یەکێک لە قسە جوانەکانی ئەوەیە ئەیوت: «لە پەرچ ئەوبەر لەقوڕ ئەو دەر»؛ واتە لە ناو بێشەلانا لەپێشەوە بە لەناو قوڕا لەدواوە.

-ساڵێک بوومەلەرزەیەک لە پێنجوێندا کەوت، کابرایەکی ترسنۆک بە پیاوێکی گەورەی وت: «رەنگە لە بوومەلەرزەکە زۆر ترسابێتی و لەرزیبێتی». کابرا وتی: «بەڵێ، بەڵام زەویەکە لە منیش و لە تۆیش زیاتر ترسا و لەرزا».

- رۆژێک سواڵکەرێک چوە ماڵێک، ژنی ماڵەکە هیچی پێ نەبوو بیداتێ. مێردەکەی تازە کەوایەکی گوڵ سورمەیی بۆ کڕیبوو، کەواکەی داکەند و دای بەسواڵکەرەکە. دوو جار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاخی هەڵکێشا و وتی: «زۆرم بەزەیی بە هەژاردا دێتەوە. نازانم ئەمانە بۆچ ئەبن بەسواڵکەر؟» هەژارەکەش وتی: «خانم، منیش وەختێ دەوڵەمەند بووم، هەر چیم هەبوو وەکو تۆ دام بە سواڵکەر هەتا گەیشتم بەم رۆژە».

- رۆژێک کابرایەکی کورد لە هەیوان دانیشتبوو گۆشتە مریشکی سورەوە کراو و هێلکەی کوڵاوو کولێرە بەرۆنی ئەخوارد. کابریەکی سواڵکەر لەو وەختەدا هاتە حەوشە بانگی کرد: «برسیمە ئەوە چی ئەخۆن لەرێی خوادا بەشم بدەن». کابرای خاوەن ماڵ گورج رانێکی مریشک و هێلکەیەک و کولێرەیەکی دایە دەست ژنەکەی وتی بۆی بەرە. ژنەکە بۆی برد و دایە و گەڕایەوە. کە مێردەکەی تەماشای ژنەکەی کرد ئەوا فرمێسک بەچاویا دێتە خوارەوەو ئەڵێ: «یا رەبی الحمدالله».

کابرا پرسی: کچێ بۆچی ئەگری؟ وتی بە خوا ئەو سواڵکەرە وەختی خۆی مێردی من بوو؛ زۆر دەوڵەمەند بوو. ئێستا کە دیم سواڵ ئەکا بەزەییم پیا هاتەوەو هەقی بە سەرمەوەیە بۆیە ئەگریم. لێی پرسی ئەوە بۆچی «الحمدللە»ت کرد؟ وتی ئەمەش حەکایەتێکی لە سەرە. کابرا وتی تۆ خوا ئەگەر پێم نەڵێی؟

ژنەکە وتی: «مێردەکە جارێک ئەم سواڵکەرە کە مێردم بوو وەکو ئەمرۆی تۆ دانیشتبوو نانی ئەخوارد. سواڵکەرێ هات هاواری کرد برسیمە، ئەوە چی ئەخۆی بەشم بدە. مێردەکەم نەیدایە. فەقیرەکەش نەڕۆیشت هەر داوای ئەکرد. ئاخری هەڵسا پەلێکی فەقیرەکەی گرت بە پاڵەستۆ کردیە دەرەوە و درگای داخست و هاتەوە دەستی کرد بەنان خواردن. فەقیرەکە بەرا کردن چوە سەر بانەکەو بازی دایە خوارەوەو دیسان هاواری کرد چی ئەخۆی بەشم بدە زۆرم برسیە. منیش تکام لێکرد خێرت ئەگا بەشی بدە. کابرا وەکو هیچی نەدایە دارێکی هەڵگرت سێ داریشی لێ دا و دووبارە کردیەوە دەرەوە. ئینجا منیش ئەوەی ئەو رۆژەی ئەوم بیر کەوتەوە لە گەڵ ئەمەی ئێستەی تۆدا کەوا تۆ ئەوەندە دڵت چاکەو بەشی ئەوت دا. شوکر لە سەر ئەوە ئەکەم کە تۆ ئەوەندە رژد نیت.

کابرای مێردی وتی: ئەم سواڵکەرە فلانی کوڕی فلانە کە ماڵی لە فلانە جێ بوو؟ وتی: بەڵێ. وتی: «دەسا ژنەکە ئەو سواڵکەرە کە تۆ گێڕاتەوە من بووم کە هاتم پاڕامەوە هیچی نەدامێ و دەری کردم و لە بەر برسێتی چوومە سەر بان خۆم خستە خوارەوە دیسان هیچی نەدامێ و سێ داریشی لێدام».

کتێبخانەی دیجیتاڵی

- کابرایەکی کورد ژنێکی هێنا ناوی «لەیلا» بوو. ڕۆژێک شەڕی لەگەڵ مێردەکەی کرد. مێردە دەنگی نەکرد. ڕۆژێکی‌تر هەندێ شتومەکی شکاند هەر دەنگی نەکرد. جارێکیکە دیسان کاسەو کەوچکەکانی بەم لاو بەولادا بلاو کردەوەو فرێی دان. کابرا ئیتر پێی هەڵنەگیرا گەلێ جنێوی دایێ.
ژنەکە وتی: «پیاوەکە لە بیرت دێ کە تازە هێنابووتم بانگت ئەکرد لەیلا لە خۆشیانا گەزگەز بالات ئەکرد؛ کەچی ئیستاکە جنێوم پێ ئەدەی؟» کابرا وتی: «ژنەکە ئیستاکە تێگەیشتووم کە ئەوسا چەندە شێت بووم».

- کابرایەکی کورد میوانی مالێک بوو، شەو لە دوای نان خواردن بە خانە خوێکەی وت دەمم تالە ئەگەر هەیە شیرینییەکم بۆ پەیدا کە. خانە خۆێکە وتی: خورمامان هەیەو مێوژیشمان هەیە، کامیان ئارزوو ئەکەی بۆت بێنم؟ کابراش وتی: «خورمژ».

- شێخ‌ڕەزا و وەسمان‌پاشای‌جاف ئەکەونە شەڕە شیعر. شێخ‌ڕەزا بە شیعر دەست ئەکا بە قسە وتن بە وەسمان پاشا. وەسمان پاشاش ئەلی: «شێخ ڕەزا، شێخ‌ڕەزا من شیعرو میعر نازانم وە کوردی هەر دوو گونم وەقنگت».
- کابرا یەکی لەیلاخی تووشی کابرایەکی گەلباخی بوو لیێ پرسی: «برا ناوت چەس؟» وتی «یوسف». ئەمیش پێی وت: «برای عازیز یولفس فرە خاسی شوکر، تو خوا برا ناو باوکت چەس؟» ئەویش پێی وت: «وە ریش باوکتەوە ناوخومت خاس زانی، جا نۆرەی ناو باوکمە».

- دوو پیاوی دەوڵەمەند لەسەر ملکێکی بەنرخ کێشەیان ئەکەوێتە بەینەوە، ئەچنە لای مەلایەک بۆ شەرع کردن. یەکێکیان دوو مەن ڕۆن بۆ مەلا ئەباو ئەلێ: مامۆستا تۆزێ ئاگادار بە. لەدوای ئەو پیاوەکەی‌تریان ئێسترێک ئەبا هەر بۆ مەلا، ئەلێ: ماموستا تۆزێ وریابە. سبەینێ کە ئەکەونە شەرعەوە، کابرای خاوەن ڕۆن سەیر ئەکا مەلا شەرعی بەلای ئەویتر دا. لە دلی خۆیا ئەلێ نەوەک مەلا لێ گۆڕابێ وابزانێ ئەو کابرایە ڕۆنی بۆ بردووە، ئەلێ: «ماموستا، ئەوە داوێنی کەواکەت ڕۆنی پیارژاوە؟» مەلایش سەیرێکی داوێنی ئەکاو ئەلێ: «نە؛ ئێستر پێی پیا ناوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rahzari.org

- پیرێژنێکی کورد هەبوو لە ژوورەکەی خۆیا لەبەر قاپیەکە خەریک بوو دووخی ئەڕست. وردە وردە بەدەمیەوە لەنگەریەک قاوتیشی لە تەنیشت خۆیەوە دانا بوو بە لوێچ ئەیکرد بەدەمیا، بەلام بای ئەهات نەیئەهێشت تۆزێ لێی بچێتە دەمیەوە. کابرایەک بەویدا تێپەڕی، لێی پرسی پوورە فەرخی ئەوە چی ئەخۆی؟ وتی: «بەخوا برام تا ئەم بایە لەم کونەوە بێت هیچ».

- جارێک سەیدئەحمەدی‌خانەقا لە مەلای کۆیە ئەپرسێ: «مامۆستا دەغڵ و دانی لای ئێوە چۆنە؟» مەلاش ئەڵێ: «جەنابی سەید، دەغڵ لای ئێمە هەیەو دان لای ئێوە».

- شێخ بابەعەلی‌تەکیەیی لەبەر هەیوانی مزگەوتەکەی خۆیا دائەنیشێ، فەقێیەکی خەڵکی ئەو کێوە لەوێ ئەخوێنێ. فەقێ ئەچێ بۆ دەستنوێژ. بە بەردەمی شێخا ئەڕوا ئەڵێ: سەلام عەلەیکم. ئەگەڕێتەوە ئەڵێ: سەلام عەلەیکم. خێرا خێرا بۆ لایەک ئەچێ و ئەگەڕێتەوە بەسەلام عەلەیکم. بابەعەلی وەڕەس ئەکا؛ ئیتر ئەگاتە جەرگی. جارێکیان هەڵئەستێتە سەر ئەژنۆو لیێ زیت ئەبێتەوە ئەڵێ: «ئەرێ برا! هیچ وەکوو بزانی من سەلاملغی تۆم لێرە دانیشتووم. بۆ وازم لێ نایەنی؟»

- کابرایەکی کورد کوڕێکی هەبوو بە زووخاوی جەرگ و بە هەزار کوێرەوەری کوڕەکەی گەورە کرد. لەپاشا کوڕە لەگەڵ باوکەکەیا چاک دەرنەچوو، جا باوکەکەی ئەیوت: «تا منال بوو لێم باربوو؛ کە گەورە بوو لێم هاربوو».

- مەلایەک وەعزی ئەدا، لە وەعزەکەدا ئەیوت ئەگەر پیاو ئەوە بکا ئەچێتە بەهەشت و ئەوە بکا ئەچێتە جەحەنەم. یەکە یەکە هەموو چاکەو خراپەیەکی هەڵئەدا و زۆر پێوە خەریک بوو. دوو کابرای کورد لە وەعزەکەدا بوون یەکێکیان بەوەکەیانی وت: «بێوەرێوە، بێوەرێوە. ئەم درێژ دەریەی نەگەرەکە، ئەگەر خاس بکەی ئەچیتە بەحەشت و ئەگەر خراو بکەی ئەچیتە جەحەنەم».

- کابرایەک هەبوو گۆزەیەکی دانا بوو هەر کەسێک کە ئەمرد بەردیکی ئەخستە گۆزەکەوە، لە ئاخری سالا ئەیبژارد بزانێ ئەو ساڵە چەن کەس مردووە. دۆستێکی هەبوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



رۆژێک هات بۆ لای، سەیری کرد کابرا دیار نییە، لە دراوسێی دوکانەکەی پرسێ: ئەرێ فلان کەس چی لێ هات؟ ئەویش وتی: «چوەگۆزەکەوە».

- کابرایەکی دەباخچی کوڕێکی هەبوو هەموو جار پێستەی ئەدایە بیباتە سەر کارێزی «دایکی پاشا» بیشواتەوە. کە پێستەکەی ئەدایە چینێکیشی لێ ئەداو پێی ئەوت: پێستەکە نەدەی بە دەم سەگەوە. خەڵکی پێیان ئەوت خۆ هێشتا نەیداوە بە دەم سەگەوە بۆچی لێی ئەدەی؟ ئەیوت: «جا کە دای بەدەم سەگەوە ئیتر لێدان بەکەڵکی چی دێ؟»

- کابرایەکی کورد ژنیان بۆ هێنا، برازاواکان هەر پێیان ئەوت برا خۆت حازر کە. بەمە وەڕەزیان کردبوو. ئەویش وتی: «برا بەرە تاشیومەو تفە لەدەممایە، ئیتر چی خۆم حازر کەم؟»

- کابرایەکی پیری دەوڵەمەند کوڕێکی هەبوو، رۆژێک کابرا قسەی ئەکرد بۆ خەڵکی ئەیوت: من هیچ ئەولادم نەئەبوو، چوومە سەر دار شەخسەکەی «بانی بنۆک» لێی پاڕامەوە خوا ئەم کوڕەی دامێ. کوڕەکە گوێی لێ بوو، رووی کرد بەو لاوە، بە هاوڕێکانی وت: «بریا منیش ئەو شەخسەم ئەزانی لە کوێیە بچوومایە لێی بپاڕایامەوە باوکم زوو بمردایە».

- مفتیزەهاوی، وەکو مفتی زەهاوی بوو پیاوێکی کوردی دەشتەکیش بوو. هەموو جار سنگ و بەرۆکی بەدەرەوە بوو. رۆژێک لە بە غدا یەکێک لە عەرەبەکان پێی ئەڵێ: «بەخوا ئەمە زۆر عەیبە بۆ تۆ کە بەو جۆرە سنگ و بەرۆکت بەدەرەوە بێ». ئەویش بە سەبری جووبەو کەواکەی ئەداتەوە بەسەر سنگیا و ئەڵێ: «ئەگەر عەیب هەر ئەوەیە ئەوا دامپۆشێ».

- جارێک مفتی زەهاوی لە بەغدا بەکاروانسەرایێکدا تێ ئەپەڕی سەیر ئەکا لەسەر قاپی خانەکەوە نووسراوە «لولا الاکراد لهلک الحمار». ئەمیش لەژێریا ئەنووسێ «لولانا لهلکتم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- خەڵکی مستەفای میروەیسی شاتری ئەیوت: «خزمی خراپ وەکو گونی قۆڕ وایە؛ ئەیبڕی ئەتکوژێ، نایبڕی ئابڕووت ئەبا».

- کامل‌چادرچی لەبەغدا بۆی گێڕامەوە وتی: لەساڵی ١٩٤٩دا بوومەلەرزەیەک لە بەغدا پەیدا بوو. دنیا شەو بوو؛ من نووستبووم ئاگام لێ نەبوو. بەیانی کە هەستام پێیان وتم. لە هەر کەسم ئەپرسی هەریەکە قسەیەکی ئەکرد: یەکێ ئەیووت تەنیا دوو دەقیقەبوو، یەکێک ئەیووت پێنج دەقیقەبوو، قسەیەکی ساغم دەست نەکەوت. وتی پیاوێکی کوردمان لابوو لەوم پرسی. وتی تۆزێ سەری داخست و لە پاشا سەری بەرز کردەوە وتی «جگەرەیەک هەڵگرە نەفەسێکی لێدەو نەفەسەکە بدەرە دواوە هەر ئەوەندە بوو». کامل وتی لەقسەی ئەو کابرایە پوختەتر نەمبیستبوو.

- ژن و مێردێکی کوردەواری گەنجییان پێکەوە رابوارد و زەمانێکی دورو درێژیان بەسەر برد، هیچ ناخۆشییەک نەکەوتە بەینیانەوە. لەدەوروبەری پیریدا کابرا بوو بەئاگر و چووە گیانی ژنەوە. ژنە نەیئەوێرا لێو هەڵێنێتەوە کابرا دەستی ئەکرد بەقسە وتن پێی. رۆژێک ژنەکە وتی «ئەرێ پیاوەکە! من نازانم تۆ بۆچ وات لێ هاتووە. جاران من ئەمووت سندان، تۆ ئەتووت لە دەورت گەڕێم. من ئەمووت قوزەڵقورت، تۆ ئەتووت بە ساقەی زمانت بم؛ کەچی ئێستا پێت ئەڵێم بەقوربان؛ تۆ ئەڵێی سەگباب. ئەمەبۆچ وات لێ هاتووە؟» پیاوەش وتی «ژنەکە واز بێنە لەسەری مەڕۆ، ئەوی بەینی من و تۆی خۆش ئەکرد نەماو بەسەر چوو».

- مەجیدیەعقووبی لە ساڵی ١٩٣٣دا متەسەڕیف بوو لە سلێمانی. ئەو ساڵە مشکە کوێرەو بەراز لەو ولاتە زۆر بوو. کاغەزێکی نووسی بۆ مدیریەتی زراعە لە بەغدا کە هەندێ دەرمان بنێرن بۆ ئەوەی ئەو مشکانەی پێ بکوژن. ئەم کاغەزەشی زۆر بە پەلەپەل نووسیبوو، بۆ ئەوەی زوو دەرمانەکە بنێرن. مدیریەتیش بە جوابێکی رەسمی جوابی دابۆوەو نووسی بووی: «لەم رووەوە قسەمان لەگەڵ وەزارەتی ئیقتیساد کردووە، وەزارەتیش قسەی لەگەڵ شەریکەدا کرد لە "لەندەن" بۆ دەرمان. شەریکەکە وتی وا ئیرسالیەی تازەتان بۆ ئەنێرین». مەجید یەعقووبیش لە جوابی ئەو کاغەزەدا نووسیەوە بۆ مدیریەتی زراعەو وتی: «ئەمرەکەتانمان گەیاند بە مشکەکان، پێمان وتن لە کوونەکانیان نەیەنە دەرەوە تا ئیرسالیەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرمانی تازە لە لەندەن دێت و ئەیکەین بە کونەکانتانەوەو ئەتانکوژین؛ بەڵام بۆ بەرازەکان نازانین هەر عەینی شتیان پێ ئەڵێن یا دەرمانی ئەوان لە شەریکەیەکی تردایە؟ تکا ئەکەین جوابمان بدەنەوە».

- مەلاعیسایھەرتەل هەبوو جارێک ئەیوت: «خولای گەلێ ئیشی وا ئەکا ئەزی تیا شەرمەزار ئەبم».

- دوو کابرای کورد بە دەشتێکا ئەڕۆن، سەیری ئەکەن دڕک و داڵ و کەردڕێکی زۆری لێیە. یەکێکیان بەوی کەیان ئەڵێ: «ئەرێ برا، خوا ئەم گشت هەسان و چەوریە سانەی لە کوێ بوو کە ئەمانە گشت تیژ کاتەوە؟» ئەویتریش ئەڵێ «برا ئەوە تۆ یێژی چی؟ هەر لە گەڵ وتی: تیژ، تیژ».

- کابرایەک لە سنە هەبوو «مەولوو»ی ناو بوو. کابرایەکی قسە قوت و گاڵتەچی بوو. ماڵ کاولە ئەوەندە زل و ناکولۆکاریش بوو ئەتوت تاوێرە؛ کەچی کوڕێکی هەبوو ئەوەندە بچووک بوو، هەر وەخت کە لە گەڵیا ئەڕۆیشت ئەتوت هێلکەیە بەشوێنیەوە. لێیان ئەپرسی: مەولوو ئەمە کوڕێ خۆتە؟ ئەیوت: «نازانم دایکی ئەزانێ».

- حاجیئەورەحمانیکۆیی هەبوو، پیاوێکی دەولەمەند بوو کە دوعای ئەکرد ئەیوت «خوایە بە گەورەیی خۆت رەحم بە ئێمە بکەی، هەژارەکە قەیناکا راهاتووە».

- شێخسەعیدیمەسۆ پیاوێکی ئیجگار زەلام و ناکولۆکاربوو، لەوانە بوو لە بەر ئەوە ئەوەندە زل بوو بەوەدا رانەئەگەیشت بتوانی دەستەجلێک بەسەریەکەوە دروست بکا. رۆژێک بە بازاڕی سولەیمانیدا تێپەڕی، منالێک تووشی ئەبێ. منالەکە لە ژێرەوە سەیری ئەکاو لەم لەشەو بارە زۆر سەرسام ئەمێنێ. لەپاشا «ئەڵێ خەڵکینە! ئەگەر ئێستە قسەیەک ئەکەم پێم نالێن تەماشاکە ئەم هەتیوە هێشتا سەری لە هێلکە نەهێناوەتە دەرەوە کفر ئەکا، ئەگینە ئەرێ خوایە ئائەمە ئیشە تۆ کردووتە؟ چوار زەلامت خستۆتە سەریەک و ناوت ناوە زەلامێک. ئەمە چون ئەبێ کەچی هی وایش هەیە لە بەر بچوکی چووە بەئەرزا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


-کابرایەکی کورد رۆژێکی رەمەزان نەیتوانی بە رۆژوو بیت، هەستا چوو لە سوچێکی تاریکی ماڵەکەی خۆیانەوە دەستی کرد بەنان خواردن. کوڕێکی هەبوو بەسەریا چوو، گوێی لە ملچە ملچێک بوو، وتی: ئەوە کێیە؟ وتی: «رۆڵە باوکی سەگبابتە نانی خۆی ئەخوا لەخەڵک ئەترسێ».

- دوو کابرای کورد بە رێبواری رێیان ئەکەوێتە ئەو عەرەبستانە. ئەمانە نە حوشتریان دیبوو، نەدار خورما. تووشی کاروانێکی حوشتر ئەبن، لە زلی و ناکلۆکۆکاری حوشتر زۆر سەریان سووڕ ئەمێنێ. لەپاشا تووشی بێستانێکی دار خورماش ئەبن، دارخورماکان زۆر بەرز ئەبن. یەکێکیان ئەڵێ: «ئەرێ برا ئەمە چییە، خوا بۆچ ئەوەندە دارخورمای بەرز دروست کردوە پیاو دەستی نایگاتێ؟» ئەوی کەشیان ئەڵێ: «برا لەترسی حوشتر».

- مەحمووپاشای‌جاف لە «باخەکۆن» لەدیواخانی شێخی‌حیسامەدیندا پێکەوە دائەنیشن. لەو وەختەدا زابتێکی ئەفەندیش دێتە دیواخان و مەحمووپاشا ئەیناسێ و بە شێخی ئەناسێنی و ئەڵێ: یا شێخ ئەمە لە مەکتەب خوێندوویەتی و بووە بەزابت. با ئێمەش منالەکانمان بخەینە مەکتەب و فێری خوێندەواری ببن.
ئەوان لەم قسەدا ئەبن ئەفەندیەکە هەڵئەستی و ئەچێ تۆزێ لەولای ئەوانەوە بە پێوە دەست ئەکا بەمیز کردن. شێخ حیسامەدین ئەڵێ: «پاشا ئەمەیە مەکتەبێ کەوا تۆ ئەوەندە بەتانو پۆیا ئەچی؟ مەحمو پاشاش ئەڵێ: «یا شێخ! ئەگەر لە مەکتەب نەیخوێندایە میزەکەی ئەکرد بەسەرو چاوی ئێمەدا».

- کابرایەکی کرمانج لە هەولێر بە شانو باڵی مەلاسالحی‌کۆزەپانکەدا دێ ئەڵێ: «مەلا کلکی پێوە برسکێ وەکو مەلا سالحی کۆزەپانکە نابێ».

- لەبەغدا لە مزگەوتێک نوێژی خەوتنمان بە جەماعەت کرد، پاشان خەڵکەکە بەرە بەرە دەرچوون. ماینەوە سەر چوار کەس. یەکێک لەم چوارە کابرایەک بوو خەڵکی «عەفەر» بوو. هاتە وەختی دوعا کردن دەستی بەرز کردەوە وتی: «خوایە لەم چوارە خۆش ببە ئەوانی‌تر کەیفی خۆتە». لە پاشا پێم وت بۆچ وات وت، ئەی خەڵکەکەی‌تر؟ وتی: «چاویان دەرێت! بۆچ من پشت ماڵەی ئەوانم بۆیان بپارێمەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- قوتوو جگەرەیەکی داری دەستکردی سنەم هەبوو وێنەی «ئەبوعەلی سینا»ی لەسەر هەڵکەنرابوو، لە بنەکەشیەوە نوسرابوو «فەیلەسووفی شەرق». کوڕێکی نەخوێندەواری خەڵکی سنە هاتە لام کە ناوی «باقر» بوو. وێنەی سەر قوتوەکەی چاو پێکەوت، وتی: ئەوە کێیە؟ وتم ئەوە نوسراوە «فەیلەسوفی شەرق ئەبوعەلی‌سینا». وتی: قوربان فەیلەسوف یانی چی؟ وتم یانی وردبین و زۆر شارەزا لە هەموو کون و قوشبنێکی حیکمەت و عیلما». تۆزی سەری داخست و لە پاشا وتی: «قوربان جا بێژە "فرەزان" ئیتر ئەمەی بۆ چەس».

- کابرایەک هەبوو زۆر لە سەگ ئەترسا، تەنانت لە تووتەکولەیەکیش هەر ئەترسا. پێیان ئەوت کابرا ئاخر «تووتک» چییە تۆ لێی ئەترسی؟ ئەیوت: «من لە خۆی ناترسم لەوە ئەترسم "گەماڵ" خەبەر ئەکاتەوە».

- یەکێ لە پاشاکانی عەجەم لە زەمانی زوودا فەرمانی دابوو هەرچی بەگزادەی هەورامی هەیە بیانگرن و چاویان هەڵکۆڵن. بەگزادەکانیان گرتبوون خستبوویانە ژوورێکەوە، خۆیشی لەسەر بانێک راوەستابوو سەیری ئەکردن. لەناکاو لە ناویانا کابراییێکی رووتەڵەی چل شڕی بەرچاو کەوت. بانگی کرد بۆم بێنن. کە بردیان لێی پرسی: کورە کا برا! تۆیش بەگزادەیت؟ ئەویش وتی «قوربان بۆ چاو هەڵکۆڵین بەگزادەم؛ ئەگینا تا ئێستا هەر کۆڵەداریان پێ ئەکێشام». پاشا کە وەلامەکەی پێ سەیر ئەبێ بەرەڵای ئەکا.

- دوو کابرا لە زۆران گرتنا بوون یەکێکیان ئەوی کەیانی دابە عەرزا. ئەوەی کە سەر کەوتبوو بۆ ئەوەی خۆی هەڵکێشی هات بەشان و باڵی ژێر کەوتووەکەداو وتی: «بەخوا ماڵ کاولە بە هێزە؛ تاخستم وەختبوو هەموو جمگەی شانم لە بەریەک دەرچێ». ئەوی ژێر کەوتووەکە هەڵسایەوە و رووی کردە خەڵکەکە وتی: «خەڵکینە! وەڵلا بڕوا مەکەن، وا مەزانن ئازایی ئەو بوو منی خستوە، لە حیزی خۆم بوو ئەگینە ئەو لەو پیاوانە نییە».

- یەکی لە مسکینەکانی حەماغای‌سەرراو ئەچێتە لای ئاغا داوای لنگە گایەکی لێ ئەکا، خۆیشی لنگێکی هەیە بۆ ئەوە جووتەکەی ئەو ساڵەی پەکی نەکەوێ. ئاغەش ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچن گا زەردی بدەنێ. کابرا ئەیەوێ بڵێ ئاغە ئەگەر گاکە باش نەبێ بە کەڵکم نایە، مەلا «ئەحمەدی لاسور»یش لە دیواخان ئەبێ خێرا دێ بە شان و باڵی گادا؛ بە جۆرێ باسی ئەکا کابرا هەر خوا خوایەتی زوو هەستێ و بە پەلە بچێ وەریگرێ نەوەک ئاغە پەشیمان ببێتەوە. ئەچێ بۆ گاڕان بۆ وەرگرتنی گازەرد؛ کە چاوی پێ ئەکەوێ تەماشا ئەکا ئەوەندە لاتە بە «لۆس» نەبێ ڕاست نابێتەوە. هەناسەیەک هەڵ ئەکێشێ و ئەڵێ: «بریا، من گا بوومایەو مەلائەحمەدیلاسور باسی بکردمایە».

- حەسەنبەگیکاکبایز بە بایزاغایدیبوکری ئەڵێ: «بایزاغا ماڵی ئێوە زۆر بێ پەردەیە، هەر کەس دێت و ئەچێتە ژوورەوە». مەبەستی ئەوە ئەبێ تانوتی لێ بدا. بایزاغاش ئەڵێ: «حەسەن بەگ، ژنەکانمان بەدڵی خۆیان پیاو ئەبیننەوە کوڕی وەکو من ئەهێنن؛ بەڵام ژنەکانی ئێوە مەیتەرە لەڕێک لە خۆیان ئەنێن کوڕی وەکو تۆ ئەهێنن».

- ژنێکی «بێسەریی» هەبوو «پیزە»ی ناو بوو. چوار کوڕی ئازاو بەناو بانگی هەبوو. ئەمانە بەرە بەرە لە ڕێگری و چەتەیەتیا کوژرا بوون. پیاوێکی گەورە لێی ئەپرسێ: «ئائەمانە چین تۆ خستوتنەوە؟» ئەیەوی بەم قسە تانوتی لێدا، ئەویش پێی ئەڵێ: «لەباتی ئەوە، ئەوە بە من ئەڵێی، بە باوکتت بوتایە کە دایکی تۆی بناردایەتە لای ئێمە با لە پیاوەکانی ئێمە بیگرتایەو کوڕی وەکو کوڕەکانی منی بهێنایە؛ نە وەکو تۆ کە لە سەر دۆشەک و بە ترسەوە تەنانت لەگەڵ منیش قسە ئەکەی».

## تاقگەی ئێلاخ

- لالەسەرحەدروغزایی ئاشنایەکی سەڕاجی هەبوو زۆری خۆش ئەویست، هەمیشە لە قسە کردنیشا بەر بەرەکانییەکیان ئەکرد. شەوێک میوانی لالەسەرحەد بوو، بەیانی هێشتا لەخەوا بوو لالە سەرحەد هەڵی کوتایە سەر جێگاکەی نوکە شەقێکی تێوەژەند بانگی کرد: «ا کوڕە ڕاستەوەوە؛گۆرانە هیزە نیوەرۆیە». کابرا بەدەم خەوەوە وتی: گەماڵە پیرە بە میوانیش ئەگەفی؟ لالەیش وتی: «ئا برا تۆ دەنگ! ئێمشەو خەوێکم دیگە، کەسێ وا نەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فالەکەیم بۆ بگێڕیتەوە، با وە تۆی بێژم». سەڕاجیش وتی: تو بێژیی ئەگەر پچڕ پچڕیش بێ بە دەرزی و درەوش پێکەوە گیرو بەندی ئەکەم.

ئینجا دەستی کردە خەو گێڕانەوەو وتی: «سەیساق»و «بالانتەران»گوییان پێوەوێ، گویی دوژمن کەڕ وێ و چاوی گشت وردە شاتری و گەلایی کوێر وێ! لە خەوما گوێلکە مێچکەیەکمان گوم بووبوو شوێنم هەڵگردبو، گەیمە ئەو دەشتی «نێرگسەجاڕە». روانیم پیاگێکی ریش چەرموگی نوورانی لە سەر بەردەکەی «مەحموو گاوانی» لێ هەلاژیاگە، گالۆکێکی وەتەنشت خۆیا راکێشاگەو بووزگێکی لاو خاسی لە بەر دەما وێسیاگە؛ چست و چالاک مەگەر هەر خۆم لە تافی کوڕێنیما وا وریا بوویێتم. پرسیم برا تۆ کێی و ئەو پیرە کێس؟ وتی: لالە ئەوە بینایی چاوانەو منیش «حەمەد رەسوولەڵلا»م.

لە دلی خۆما وتم پیاو! وەخوا خاس بوو ئیستا وە کەرامەت سۆراخی گوێلکەکەم بۆ ئەکا. چوومە بەرەوە سلاویکم کرد. هیچ نەجمیا، بەلام وەلا لووتێکەوە بۆلەیەکی لێوە هات وەکو جواوی سلاوەکەی دابمەوە وا بوو. تەمام بوو تووڕە ببم بێژم کاورا سلاو سلاوی خوایە تۆ بۆچ خاس جوابم نادەیتەوە؟ وەگالۆکەکەت ئەنازی؟ حەمەد رەسوولەڵلا خێرا تێگەیشت، هاتە بەرەوە وتی: قوروان ئەوە لالە سەرحەدە. لالە سەرحەد؟ ئینجا جمیاو چوار مەشقی لێ دانیشت و وتی: لالە وەخێر هاتی، مەڕوانە قسور، شەو نەخەوتووم، نیازمان بوو بێینە میوانی تۆ. جارێ ئەم دەشتەم لا خۆشوو، وا تۆزێ لێرە حەساینەوە. منیش وتم وە خێر بێی! فەرو بەرەکەتت هاورد.

لەو وەختەدا لام کردەوە پێی کوڕەیەک لە چەمەوە هات، بانگم کرد، ئا کاورا بێ لاوەلا. کاورا وە هەڵەداوان رای کرد هات. وتم بتبینم چۆن را ئەکەی؟ بچۆرە ماڵ پێمە بێژەوە «خازە» میوانمان تێت. شەکە گێژەکە سەر ورن. گۆشتی شەکی گێژ فرە خۆشە. پێ کورە رۆی و منیش روانیمە بەرو بەر پشتینێ بینایی‌چاوان کیسەو سەویلم نەدی. سەویلەکەی خۆمم دەراورد؛ فرە خۆشەویستە لە لام. لەو سالەوە خازەم هاوردو چووبوومە تانجەرۆ سڵ بکەم، ئەو سەویلەم دۆزیبووەوە. کیسە توتنیش هەر ئەو کیسە بوو کە لە کراسی منالی «قەیتولی» و خۆیشکەکەی مابووەوە، هەر چەن ئەوانیش پیا هەڵئەمێزان بەلام خازە گ جارێ ئەیشۆرد. توتنەکەشی کوڕگەل لە کاروانی بەغدایان داوو هەندێ توتنیان بۆ هاوردم. توتنەکە فرەخۆش و مەگەر توتنی بەراوی «قای نەجە» هاوشانی بکردایە. سەویلێ خاسم تێکرد دامە دەس حەمەد رەسوولەڵلا بۆم بگرێ تا ئاگری بۆ ئەکەمەوە. هەسێ و بەردەکەم دەراورد، گازێ پوشوی ناو دارم داگیرساند سەویلم لە دەست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەندەوە و پووشم خستە سەر، قومێکم لێدا تا خاس داگیرسیا دامە دەم بینایی چاوان. مژێکی لێدا فەرمووی: لالە ئەم توتنەت لەکوێ بوو، فرە خۆشە بێژە جاخێکم بۆ دابگرن لەتەک خۆما ئەیوەم. وتم وەچاوان.

لەو دەمەدا تەماشامان کرد وا لە دورەوە برە سوارێک دەرکەوتن. کە هاتن من ناسینم. بینایی‌چاوان پرسی لالە ئەمانە کێن؟ وتم یا بینایی چاوان! کوڕگەلی تەرخانین، هاتگن بۆ پێشواز. وتی با بچن بەو لاوە فرە بێفەڕن. بە شوێن ئەوانا دەستەیەکی‌تر هاتن. پرسی ئەمانە کێن؟ وتم ئەمانە وردەشاترین. دیسان وتی ئەمانەش بێ فەڕن. کاروانێکی‌تر هاتن پرسی ئەمانە کێن وتم گەلالین. وتی ئەمانە هەر فرە بێفەڕن با چارەیان نەوینم.

ئەوا بینایی‌چاوان خۆی لەو سەرەوە دانیشتگە، حەمەد رەسوولەللا لەو لایەوە و منیش لەم لایەوە. هەروا قسەمان ئەکرد کەچی تاقمە سوارێکی فەقیانە شۆڕی، سەرو پێچ داری گشت جوان خاس، جوان خاس تۆز ئەکەن و هاتن. بۆرکەوە سوارێک لە پێشیانەوە تەڕاتێن ئەکا. بای غەزەو وە تۆزی قولیا ناگات. بینایی‌چاوان فەرمووی: لالە ئەمانە کێن؟ وتم ئەمانە کوڕگەلی روغزایین، ئەو سوارەش لە پێشیانەوە «قەیتولی» خزمەتکارتە. تومەز ئەمانە هەمووی کە کاورای پێ کوڕە خەوەری بردبوو، گشت هاتوون وە پێشواز.

بینایی‌چاوان فەرمووی: «ماشاالله، ماشاالله لە خێلی روغزایی، لە قەیتولی سورکەوە سوار! ئا پێ بێژە چکێ نۆما سورکەوە با خێوی». منیش وتم: «قیتە! ئا بتوینم خۆم ئاسایی وجاخی باوکت روون کەرەوە». قەیتول ئاو زەنگی پیا هاورد، خێرو بێروێ، نۆما هات وە خۆیا، سەری سوارێ بوو، کلکی سوارێک، قەیتولیش لە ناوەراستیا وەک حەمەد رەسوولەللا سواری بوراق بوویێ واو.

لەو سەر دەمەدا سەیری قەیتولم ئەکرد حەمەدرەسوولەللا سەری نابووە بنا گوێی بینایی‌چاوان. تێگەیشتم کە گەرەکیە وە بینایی‌چاوان بێژێ داوای نۆماکەی لەقەیتول بۆ بکا. وتم کاکە قسەی خۆت مەدۆڕێنە، قەیتول نەگریس و تووڕەو کەللە شەقە، لێت تووڕە ئەوێ، میوان نەوی خوایش وی نایدا. بینایی‌چاوان فەرمووی: محەمەد ئەم نۆمایە هەر بۆ قەیتول خاسەو هەر لەو دیت. من ئێژم وە رەییسی عەنزە چارەوییکی عەرەوی فرە خاس بۆ تۆ بنێرێ.

سا ئێمە لەم حەسیەو بەیسەدا بوین تێ‌فکریم وەک قەتارەی قولەنگ سەر یەک نیشتوێ هەر پێ کوڕەیەک سینێەک، یا سەلەیەک وە سەر سەرەوە نان هات، بەلام چە نانێک؟ پلاو گشت وەک مەلای سەر چەرمگ تەشوی ترشی حەسەن وەگی لە تەکا وە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabt.org

قاورمەی شەکە گێڕا دەورا دریاگە. پیاگ ئەشیا بێژێ نان بو خوا دروس کریاگە. نان دانرا.

خولەیئەلی کەوکوژ وەخۆی و زوڕنایەوە پەیدا بوو. بێ وە کەس پێ بێژێ پێکی زوڕنای لێ خۆش کرد و فیقاندی وە زوڕنادا، ئەوانەی نانیان هاوردوو کەوتنە ژەندن، کاورای دەهۆڵ ژەنی قلیاسانی وە فرکانی دەهۆڵێ گەیاند، لە تەقەی دهۆڵ و زوڕنا لە گشت لایەکەوە کەنیشک و شۆڕە ژنی جاف گلێر بوونەوە. بووە ڕەشبەڵەکێک بۆ حەمەپاشایش ئەو زەماوەنە نەکریاو. جا برا کە بزانە چەن خۆش بوو وە دەنگی دەهۆڵ و زوڕناوە ئەو نانە نۆشی گیان کریا.

حەمەد ڕەسوولەڵلا فەرمووی «شنینە» نەمزانی چی ئێژێ، بینایی‌چاوان فەرمووی «دۆ»ی گەرەکە. مەشکە دۆ هات کاسەیان بۆ پڕ کرد، کەوچکی نەگەرەکو، هەروا کاسەی نا وە سەرەوە ئۆخەیچی کرد. منیش وتم نۆشی گیانت وێ!

هەروا لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا مکایلی و سەدانی گلێر بوونەوە. بینایی‌چاوان پرسی لالە ئەمانە کێن؟ عەرزم کرد قوروان مکایەلین لە تەک ئێمەدا ناکۆکن. فەرمووی ڕایانکێشن بۆ جەحەنەم. لە دەنگی زیڕەی ئەوان خەوەرم بووەوە.

کاتێ لالە سەرحەد ئەم خەوەی گێڕایەوە سەڕاج وتی لالە تۆ بێژی ئەم گشت تەحامەیان هاورد خۆ، من هێمان لە مالی تۆ چەشکەی برنجم نەکردگە. خازە هەر بێژێ برنج نەکوتیاگە، چۆن بەو دەم و دەستە کوتریاو لێ نریا؟ منیش ئیمشەو خوا وە خێری بنووسێ خەوێکم دیگە. لالە سەرحەد وتی: ئا برا بێژە بزانم تۆچیت دیگە؟ سەڕاج وتی:

لەخەوما من زینێکم بۆ چارەوییە فلقەکەی تۆ دوریوو، پارەت نەدابومێ، هاتم بە گژتا تۆیش دەستت لێ دابوومە شیر و سوباشی حەمە سالح بەگی قائم مقامی هەڵەبجە گرتنی و بردینیە دیوان. پرسی: ئەرێ گەمالە پیرەی بێ کەڵبە گەفیگە ئەم پیاوە زینی بۆ دوریوی پارەت بۆچ نەداوەتێ؟ تۆ وتت میرم ها لە مالما بەخێوی ئەکەم پارەی چی بدەمێ؟ ئەمری کرد هەردووکمانیان ڕاکێشا، منیان خستە چالی پیسایی ئەدەبخانەوە، تۆیان هاویشتە چالی هەنگوینەوە؛ لەشمانی تێوە چوو.

لالە سەرحەد هەڵیدایە وتی: «ئا ئاوا گۆڕت وێ خاس تیا گەوزای».

سەڕاج وتی ئەرێ وەڵلا تیا قورس بووبووم. لالە سەرحەد بەکەیفی بوو. کەوتە تیتالی، وتی خۆڕایی نییە بانگێشتنم بۆ بینایی‌چاوان کردگە. سەڕاج وتی: ئەوساکەش تۆ پێکەنیت، میر قینی هەڵسا ئەمری کرد: مەواشیر بدە لیبیان و بێژە ئەشێ یەکتر بلێسنەوە. من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستم کرد وە لیێسانەوەی تۆ؛ فرە خۆش بوو. تۆیش دەستت کرد وە لێسانەوەی من. قیزت هاتەوەو بە سەریا رشایتەوە ئەوەیشیان بە زۆر هەر پی لستیەوە.

لالە سەرحەد دەستی کرد بە جنێودان و بە دەمیشیەوە هێلنجی دەدا و وتی: «دەوێت باوکە! ئەوە خەونە تۆ دیگتە؟» سەراجیش وتی: «ئەی گەماڵە پیرەی بێکەڵبە! ئەی خەوەکەی تۆ خەوە دیگتە قلیانت بۆخوا لە کیسە توتنی میزاوی تێکردو بۆ چارەویە فلقێک کە بە دزیەتی چنگتان کەوتوە قسەی خواو دڵی پێغەمبەرت شکاند؟»

-حەمەبەگی‌رەسول‌بەگی‌موغاغ گێڕایەوە وتی: کابرایەکی شێنکی، «قوچاغلی» ناوبوو کە پێیان ئەوت «قوچە»و پیاوی «مەخول» هەمەوەن بوو. هەر چەن بهاتایە بۆ سولەیمانی لە ماڵی ئێمە میوان ئەبوو. ئێمەش منداڵ بوین بە شەو ئەچوین بۆ لای ئەو باسی جەردەیی بۆ ئەگێڕاینەوە. شەوێک وتی:

«جارێک لە گەڵ ساڵحی ئەحمەد نازێ و دوو سواریکە چوین بۆ بەری کۆیە. کاروانێکمان رووت کردەوە سێ ئێسترمان بە بارە برنجەوە هێنا. ئەو شەوە هەتا رۆژ بە بێ وچان هاتین گەیشتینە ناوچەی «شێخ‌بزەینی».

زۆرمان برسی بوو، ئاواییکی دە دوانزە ماڵیمان لێ دەرکەوت. یەکێ لە هاورێکانمان وتی با بچین لەم ماڵانە نانێک بخوین. ساڵح وتی وا دیارە ئەم ماڵانە فەقیرن ئەچینە دییەکی‌تر. کابرا وتی: بابە! خۆ ئێمە تالانیان ناکەین یەکێ دوو نان ئەخوین و ئەڕوین. بە کوزی دایکیانەوە. بەم قسەیە نەختێ پێکەنین.

چوین تا نزیک ئاوایی لەوێ زەلامێک ئەسووڕایەوە، لێمان پرسی: برا پیاو ماقوڵی ئەم دییە کێیە؟ وتی من و کاکەم. لێمان پرسی تۆ چی ئەکەی لێرە؟ وتی «تەپاڵە» ئەچنمەوە. وتمان ئەی کاکەت لە ماڵە بچین ببین بە میوانی؟ وتی: نەوەڵلا شوانی گوێرەکەیە، وا لەو کەژە. ئیتر لووس و بارێک بە سکی برسی بە جێمان هێشت.

دییەکی‌تر نزیک هەبوو هاتینە ئەوێ. زەلامێک لە قەراخ ئاوایی وەستا بوو، لێمان پرسی: ئەم دییە هی کێیە؟ وتی هی منە. وتمان ئەی تۆ چی ئەکەیت لێرە؟ وتی: فلانی مسکێنەکان سەگی زۆریان هەیە چاوەڕێم یەکێک بێت رەوانەم بکات. کە وامان زانی ناچار ئەویشمان بەجێهێشت.

دییەکی‌تر دیار بوو کەسەیرمان کرد وا شایی و رەشبەڵەکە و بووە بە هەرا. وتمان دیارە لێرە شلپەیە، چوین خۆمانمان کرد بە ماڵێکی گەورەدا. بە راستی زۆر بە تفاق بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنێکی تەڕ پیری کەمەرە لە پشت پوێلەدار، مێخەک بەن لەمل، سێ چوار دانی لە پێشەوە کەوتبوو. لەشاییەکەدا تەماشامان کرد لە جیاتی دەهۆڵ و زوڕنا دوو کوڕی هەرزەکاری دەنگ خۆش گۆرانیان ئەوت. خەڵکەکەیش ژن و پیاو هەڵئەپەڕین، بەڵام گۆرانیەکەیان هەر ئەوە بوو ئەیانوت:

لەبوێ مێخەک و بوێ سمل ئەبزوێنێ مردوو لە گڵ

کەمەرەو لولەو پویلەکەی ملوێنکی زێڕە وا لە مل

لە سەر یەک لەسەر یەک ئەیانوتەوە. سالح لە ژنەکەی پرسی ئەوە چیە ئەم کوڕانە هەر ئەمە ئەزانن وا شتیتر ناڵێن؟ ژنە تەڕ پیرە وتی:

«بەقوربانت بم چووزانم؟ ئەوە ئەو هەتیوە حیزانە ئەم گۆرانیە هەر بەملوانکەکەی منا هەڵئەدەن و مەبەستیان من و مێخەک و سملەکەی منە».

- کابرێک بوو وەستاسادقی ناو بوو، حەسیری دروست ئەکرد. ئەم وەستا سادقە مێ بازێکی ناقۆلاو جانەوەر بوو. لە گەڵ ئەوەش زۆر قومارباز و فێلباز بوو.

ڕۆژێک بە کۆلانا ئەسووڕایەوە تۆشی ژنێک هات ئەوەندە جوان بوو باسی بە کەس ناکرێ؛ ئەگەر مێوژە ڕەشکەی بخواردایە لە سای گەردەنیەوە دیار بوو. وەستا «سادق» کە تەماشای کرد بە جارێ ئاگرێ تێ بەر بوو بۆی. دوای کەوت، ئەم کۆلان و ئەو کۆلان و کۆلان هەتا کردیە ماڵێکا. پرسیاری کرد وتیان ئەمە ژنی فلان کەسی بازرگانە.

وەستا دەست بەجێ چووە دووکانی کابرای بازرگان سەلامی لێ کرد و دانیشت. وەکوو کەسێ زۆر ئاشنایەتی بوبێ، دەستی کرد بە ئەحوال پرسینی. هەر چەن پێویستیشی نەبوو، دەستە سرێک و هەندێ کۆتاڵیتری لێ کڕی. هیچ سەودای نەکرد، هەر شتێ بازرگان بیفەرمووایە، گورج پارەکەی ئەدایە.

لە بەر ئەوە حەسیری ئەکرد ئەو کەسانەی کە پوشەڵبان ئەفرۆشن و ئەوانەی حەسیریان ئەکڕی، هەر شتێکیان پێویست بوایە لە چیت و کۆتاڵ ئەیهێنان بۆ لای بازرگان و شتومەکەی بۆ ئەکڕین. لە ماوەی یەک دوو حەفتەدا ئاشنایەتیەکی تەواوی لە گەڵ بازرگان پەیدا کرد.

ڕۆژێک بازرگان بە ناوی دراوسێی دوکانیەوە چووە سەر دوکانی وەستا سادق. وەستا خێرا ناردی چاو بەفراو و میوەیان هێنا و ماریفەتێکی زیاد لە ئەندازەی لە گەڵا نواند. بۆ ڕۆژی دوایی بازرگان بۆ قاوەڵتی بانگ کردە ماڵی خۆیان و ئەویش ئەمی بانگ کردەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتر بوون بە دۆستێکی زۆر خۆشەویست. روژێکی‌تر دیسان بازرگانی بانگ کردەوە بۆ ماڵەوە و بە ژنەکەی خۆی وت مەسینەو لەگەن بێنێ دەستی بازرگان بشواو شەرمی لێ نەکا. میرزا هەر چەندە وتی نابێ، وەستا وتی ئەوە چی ئەفەرمووی؟ ئێمە تازە یەک ماڵین شەرم و شکو نابێ لە بەینمانا بمێنێ.

لە پاش دوو سێ رۆژ وەستا سادق چووە ماڵێ بازرگان و ئەویش بە ژنەکەی خۆی وت کە ئاو بکا بە دەست وەستاداو نابێ شەرمی لێ بکاو پێی وت ئێمە وەکو برا وەهاینە.

دەی، دەی وایان لێ هات وەستا سادق میرزا لە ماڵ بوایە و نەبوایە ئەچوو سەربەست دائەنیشت. چەند رۆژێکی پێ چوو کە ئیتر هیچ شەرم و پەردە لە بەینا نەما، رۆژێک کەس لەوێ نەبوو وەستا سادق روی کردە میرزا ژن و وتی: فلانی من راستی بڵێم دڵم چووە لێت و بۆت سووتاوم و هۆشم نەماوە؛ بۆ خاتری خوا چاریکم بکە.

ژنەکە خۆی لە خۆیا ئافرەتێکی داوێن پاک و بەئەدەب بوو، هەر چەند وتی وەستا تۆ برای منی و لە گەڵ مێردەکەم وەکو برا وانە، ئەمە کاری کردن نیە و خوا قەبولی نیە، نەچوو بەگوێی وەستادا. ناچار ژنە هەر ئەوەندی پێ کرا وتی باشە، شەوێ لە دیواخانەکەمان خۆت بشارەوە منیش نیوە شەو دێمە لات.

شەو وەکو جاران وەستا سادق دانیشت و وەختی نووستن هەڵسا رۆیشت؛ چوو لە هۆدەی سەر دالان کە دیواخان چۆڵ بوو، خۆی شاردەوە. ژنەکە زانی کە لەوێ دایە، لە دڵی خۆیا وتی ئەگەر ئەچمە لای ئەم سەگبابە نابێ، وە ئەگەر بە مێردەکەم ئەڵێم کەوەستا «سادق» وا خائنە لە گەڵت و ئێستەش لە دیواخانەکە خۆی داگرتووە هەر نابێ و ناشیرینە. هەستا بە بۆنەی دەستنوێژەوە چووە حەوشەو بە هەرا کردن هاتەوە لای مێردەکەی و وتی: پیاوەکە ئێستە لە حەوشە بووم گوێم لە دەنگی کۆکە بوو لە هۆدەی سەر دالانەکە.

میرزا خەنجەرەکەی بە روتی گرت بە دەستەوەو وتی دەسا تۆیش فانۆسەکەم بۆ هەڵگرە. ژنەکە فانۆسی هەلگرت و چوون. میرزا بانگی کرد کێیە ئەوە؟ وەستا سادق زانی کەوا هاتونەتە سەری، وتی: «پانزە، شانزە، حەڤدە، هەژدە ...». میرزا دەنگی ناسی وتی: وەستا سادق ئەوە چی ئەکەی؟ وەستا سادق وتی: «بە خوا میرزا ئیمڕۆ سەیرم کرد ئەم هۆدە حەسیری نەبو، منیش هاتم ئیستاکە فرسەتە با ئاگایان لێ نەبێ ئەچم ئەیپێوم و حەسیریکی جوانی بۆ دروست ئەکەم». میرزا وتی: بابە ئەوە چی ئەڵێیت؟پێی ناوێ. وەستا وتی: «قابیل نیە بە خوا ئەیکەم» و لێیدا رۆیشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سبەینێ هاتەوە سەر ژنەکەو وتی: بۆچی ئیمشەو میرزا زانی من بووم؟ ژنە وتی نازانم، تو خوا وەستا سادق واز لەو فیکرە بێنە، گوناحە، تۆ برای منی. وتی: «خانم بە خوا چار نیە دڵم لێت چووەو ئەبێ گەمەم لە گەڵ بکەیت». وتی کەوایە ئیمشەو بچۆرە تەویلەکە.

شەو دیسان وەستا سادق هات، وەختی نوستن هەڵساو خۆی هاویشتە تەویلەکەوە. ژنەکە دیسان فیکری کردەوەو نەیوێرا بە مێردەکەی بڵێ کە حالەکە وایە. وەختی نووستن وتی: «مێردەکە بە خوا چوومە خوارەوە پیاوێک لە تەویلەکە ئەکۆکی». دیسان میرزا خەنجەرەکەی هەڵگرت و ژنەکە فانۆسی گرت بە دەستەوە هاتنە بەر تەویلە. بانگی کرد زەلام کێیە لەو تەویلەیە؟ وەستا سادق بە دەنگی هێواش وتی: «وس، وس ئێوە بڕۆن بنوون هەقتان نەبێ». میرزا وتی وەستا ئەوە چی ئەکەی لەوێ؟ وتی: «میرزا ئیمڕۆ دوو سێ هەمەوەن دانیشتبوون ئەیانوت کەس ماینی چاکی نیە، میرزا نەبێ. ئیمشەو بچین ماینەکە بدزین. ئەوا منیش هاتووم لێرە نۆبەت ئەگرم، بابێن، ئەو وەختە یان ئەوان من ئەکوژن، یان من ئەوان ئەکوژم». میرزا ناچار بوو دانیشت لە تەویلەکەدا تا ڕۆژ بووەوە، هیچ نەبوو. وتی: «میرزا من پێم وتبون کە کەس ناتوانێ دزی لە ماڵی میرزا بکا».

وەختی نیوەڕۆ چووەوە بۆ لای ژنەوە دیسان سەری خستەوە سەری، ژنە وتی پیاوی چاک بە واز بێنە خوا ڕەوای هەقی نیە. وەستا وتی: نابی. ژنە وتی: کەواتە بڵێم چی: ئیمشەو من لە بەر قاپی هۆدەکەی خۆمان لە گوێ ئاگردانەکە ئەنووم، مێردەکەم لە لای سەرەوە ئەنوێ، شەو وەختی نوستن وەرە لام. وەستا وتی. باشە:

شەو ژنەکە خۆی چوو لە لای سەرەوە نووست و مێردەکەی لە گۆی ئاگردانەکەدا نواند. نیوەشەو وەستا هات و چووە سەر جێگەکە دەستی برد بۆ ناولنگی میرزاو میرزا بەخەبەر هات و دەستی گرت و وتی ئەمە چییە؟ وەستا سادق وتی «الحمدلله، الحمدلله یا ڕەبی شوکر». میرزا وتی ئەمە چیە؟ وەستا وتی: «فلانی دەنگ مەکە. ئیمڕو لە گەڵ حەمەی نادرو مارفی ئەخۆلا باسی جەنابتان کرا. ئەوان وتیان بە خوا میرزا قۆڕە، منیش وتم بەخوا قۆڕ نیە، تەنانەت سێ بە سێ تەلاقیشم لە سەر خوارد. ئێستا کە دڵم زۆر لە غایەلەدا بوو نەوەک تەلاقم کەوتبێ، هاتم پێم نا بە جەرگی خۆما و ئەوا تاقیم کردەوە. باش بوو شوکر تۆ قۆڕ نیت و منیش تەلاقەکەم نەکەوتووە». ئەم قسەیەی کردوو ڕۆیشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سبەینێ چووەوە لای ژنەو وتی: فلانی هەر چی بوو هەتا ئێستا رابورد، ئیتر لە ئێعتباری ئێستاکەوە تۆ خوشکی من و منیش لە سەر دەستی تۆدا تۆبە بێ، چونکە ئەزانم تۆ ئافرەتێکی داوێن پاک و شیر پاکیت.

- حاکمێکی پێشوو کابرایەکی لە بناری کفری لێ یاخی ئەبێ و هەر چەندە ئەکا بۆی ناکەوێتە رەت. هەر لەشکرێ ئەنێرێتە سەری، ئەو بە لایەکی‌تر بۆی دەرئەچێ. ئاخری چاری نامێنی دێنی سێ سەد، چوار سەد سوارو تفەنگچی سوار ئەکاو خۆی لە گەڵیان ئەچێت؛ شەوو رۆژ ئەیکوتن بە بێ وچان تا ئەچنە بناری کفری و ئەو شوێنە کە چەتەکانی لێیە. لە نیوە شەوێکا ئەگەنە ئەوێ.

حاکم یاساغی ئەکا کە کەس نە ئاگر بکاتەوە، نە تەقە بکا، نە دەنگی لێوەبێت. ئەمانەش بۆ ئەوە کە بەبێ دەنگ وسەنگ هەر بەو شەوە ئابڵۆقەی چەتەکان بدەن و لە بەیانیا بە بێ قسە بیانگرن. هەموو سەنگەر دائەمەرزێنن، حاکمیش سێ شەوە نەنووستوە زۆری خەو دێت سەر ئەکاتە سەر بەردێک و بە کابرای نۆبەتچی ئەڵێ تۆ وریا بەو هیچ دەنگ مەکەن، من وەنەوزێک ئەدەم. کە چاوی ئەچێتە خەو بایێکی لێ ئەبێتەوە: کابرایەکی‌تری نۆبەتچی کە دوورتر ئەبێ، نازانێ ئەمە پاشایە ئەڵێ: «بەکیرم». نۆبەتچیەکەی لای پاشا پێی ئەڵێ: «کورە کەرانباو گاو تۆ نابێ تۆزێ شەرمت بێ؟ ئاخر تۆ نازانی ئەوە پاشا بوو؟» ئەویش ئەڵێ: کورە کەرانباوگاو خۆتی، من چووزانم کێ بوە؟

لەم هەراو هوریای ئەمانە پاشا بە خەبەر دیت ئەپرسێ ئەوەچیە؟ نۆبەتچیەکەی زوور سەری قسەکەی پی ئەڵێ. ئەویش ئەڵێ: «وس بن، وس بن مەیکەن بە هەرا با چەتەکان نەوەک بزانن و برۆن». ئەم هەرەشەیەی ئەو هیچ کەڵکی نابێ. ئیش لە ئیش ئەترازێ و نۆبەتچیەکان دەست ئەدەنە تفەنگ لە یەک و ئەبێ بە تەقە. چەتەکان بە ئاگا دێن و ئەزانن ئەگەر فریای خۆیان نەکەون گیراون، بۆی دەرئەچن و خۆیان رزگار ئەکەن. ئیتر ئەمان ئەو هەموو عەزیەت و شەو نوخونی و پارێزەیان بە تڕیکی پاشادا رۆیشت.

- ئەگێرنەوە لە زەمانی سوڵتانبایەزیدا لە ئەستەمبوڵ وەزیرێک رای سپارد بوو ئێسترێکی چاکی بۆ بکڕن کە بەسواری پێی بچێ بۆ «مابەین»و بێتەوە. ئەم وەزیرە هەموو جار ئەیوت شەیتان هەر نیە، هەر کەسێ بڵێ هەیە درۆ ئەکا. شەیتان چوو خۆی کرد بە ئێسترو لە قەرسیلی کابرایکی فەقیر دەستی کرد بە قەرسیل خواردن. کابرا گرتی و بردیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.mnari.org

ماڵەوە، هەر چەن پرسیاری کرد خاوەنی نەبوو، بردیانە بازاڕ. وا رێکەوت پیاوی وەزیرەکە هاتبوو ئێستر بکڕێ؛ لێی کڕی.

وەزیر دوو سێ رۆژ سواری بوو، تەماشای کرد ئەم ئێسترە رەوتێکی خۆشی هەیە، فنجانی قاوە نالەنگینێ و زۆر هێمنە؛ جوتە ناهاوێ، گاز ناگرێ. ئیتر وەزیر لە خۆشی ئێستر پێی نەئەکەوتە زەوی. رۆژێک بە سواری لە مابەینی هومایۆن گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

بۆریە ئاوێک کە لە دیوارێک قایم کرابوو، لولەیەکی بچکۆلە بە سەرەکەیەوە بوو، ئێستر دەمی بۆ لولە ئاوەکە درێژ کرد. وەزیر زانی کە تینوویەتی، دابەزی لغاوی لە سەر داگرت و ئاوی بۆریەی بەردا ئێستر دەمی خستە ناو ئاو و باریک بووەوو بە زین و بەرگەوە چووە ناو لولەکەیەوە. وەزیر بانگی کرد کرێکار بێت ئەم بۆریە لەم دیوارە تێک بدا. کرێکار دەستیان کرد بە دیوار تێکدان.

خاوەنی دیوار چوو شکاتی کرد، چەن جاندرمەیەک هاتن و لە وەزیریان پرسی بۆچی خانووی خەڵکی وێران ئەکەی؟ وەزیر وتی: ئێسترەکەم چوەتە ئەم بۆریە ئاوەوە. وتیان جەنابی وەزیر خۆ تۆ ئەقڵت هەیە، ئێستر بەو زەلامیە، بۆریە بەو بچووکیە چلۆن ئەچێتە ناوی؟ خۆ ئەم بۆریە ترۆزیەکەی عەرەبستان نیە. وەزیر هەر لە سەر قسەکەی خۆی بوو، وتی بە چاوی خۆم چاوم پێ کەوت چوو بە کونی بۆریەکەدا. لە ئاخرا کۆمەڵێک لە پزیشکان کۆ بوونەوە راپۆرتیاندا کە وەزیر شێت بووەو خستیانە تیمارخانەی شێتانەوە.

[وەزیری] هەژار ماوەیەکی زۆر لە تیمارخانە مایەوە، ئاخری دۆست و برادەری هاتن وتیان: باوکم تۆ واز لەو قسەیە بێنە با رزگارت بێ. ئەمجا کابرا بە ناچاری وتی بابە درۆم کرد. بە هەر تکاو پاڕانەوەیەک بوو لە تیمارخانە هاتە دەرەوە.

رۆژێک بەو کۆڵانەدا بۆریەکەی لێ بوو رابورد، تەماشای کرد ئەوا ئێسترەکە هەر دوو گوێی لە کونی بۆریەکەوە هێناوەتە دەرەوە. وتی: «چبکەم چاوێکم لە گوێچکەکانتەو چاوێکیشم لە گۆشەی تیمار خانەکەیە».

- هەتیوێکی کەچەڵەی رووتەڵە هەبوو ناوی «سێتە» و گاوانی «کانیمانگا» بوو. هەموو رۆژێک نانێکی بە خێری شەیتان ئەدا بە هەژارێک. رۆژێک شەیتان لە سەر کانیەکەی «کانیشەیتان» هاتە لای وتی: «هەموودنیا دوژمنی منن، تۆ بۆچی خێرم بۆ ئەکەی؟» گاوان وتی: چونکە خەڵکی هەموو دوژمنی تۆن، منیش لە رەقیی خەڵک تۆم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆش ئەویێ. شەیتانیش دەستی کرد بە باخەڵیا بلوێرێکی دەرهێنا و دای بە گاوان و ئیتر دوعاخوازی لێ کرد و ڕۆیشت.

گاوان وتی با نەختێ بلوێر لێدەم. لە گەڵ فیقەی بلوێر بە جارێ گاگەل کۆ بوونەوە دەستیان کرد بە هەڵپەڕین. مانگای پیرێژنێک سەر چۆپی ئەکێشا کەوت و قاچێکی شکا.

ئێوارە پیرەژن کە مانگای بە قاچی شکاو بۆ هاتەوە، دەست بە جێ بە ڕا کردن چوو بۆ لای حاکم شکاتی کرد. حاکم سێتەی بانگ کرد و وتی: «کورە بۆچی قاچی مانگای ئەم پیرەژنەت شکاندووە؟» وتی: قوربان من بلوێرم لێ ئەدا گاگەلەکە هەموو هەڵئەپەڕین. مانگای ئەم پیرەژنە لە سەرخۆشی سەرچوپیدا کەوت و قاچی شکا.

حاکم وتی: کورە هەتیوە کەچەڵەی نەگبەتە چلۆن مانگا هەڵئەپەڕێ؟ وتی: «قوربان بە بلوێری من هەڵئەپەڕێ». وتی: «ئا بزانم چلۆن بلوێرێک لێ ئەدەی؟» سێتە بلوێری لە پشتی کردەوە، لە گەڵ دەستی کرد بە بلوێر لێدان، حاکم هەڵسا دەستی کرد بە هەڵپەڕین. وتی: «پیرەژن ناتکەوێ، پیرەژن ناتکەوێ». پیرەژنیش دوو دەستەسڕی گرت بە دەستەوەوە دەستی کرد بە سێ پێی و وتی: «قوربان! بیشم کەوی هەر نامەوێ، بیشم کەوی هەر نامەوێ».

- ئەڵێ کابرایەکی کورد جووتێ گاو کەرێکی هەبوو. هەموو ڕۆژێ گایەکانی ئەبرد بۆ جووت. ڕۆژێک یەکێ لە گاجووتەکان چووە لای کەرەکە وتی: لە ڕێی خوادا تەگبیرێکم بۆ بکە، خۆ من ئەوەندە جووتیان پێ کردم پسام. کەرەکە وتی: ئێوارە کە کایان بۆ هێنای و کزنیان دایتێ، مەیخۆ؛ ئینجا خاوەنەکەمان وا ئەزانی نەخۆشی ئیتر جوتت پێ ناکا.

لە سەر تەگبیری کەرەکە گاجوت ئێوارە نە کای خوارد و نە کزن. کابرای خاوەنی وتی: ئەگەر جووتەکەم پەکی بکەوێ ماڵ ویران ئەبم؛ چاک وایە ئیمرۆ کەرەکە بەرم لە گەڵ گا جووتی پێ بکەم هەتا گاکە چاک ئەبێتەوە. ئینجا کەری دایە بەرو بردی.

ئێوارە کە لە جووت هاتنەوە کەرەکە وتی ئەمە من چیم کرد بە خۆم؟ ئەگەر چارێک نەدۆزمەوە تیا چووم. هەستا چووە لای گا جوتەکە وتی: فلانی، لە بەر قاری تۆ دەردی خۆمم لە بیر چۆتەوە. پرسی بۆچی؟ وتی: «ئاغەکەمان ئیمرۆ لە گەڵ گاسنێک قسەی ئەکرد ئەیوت گایەکەم نەخۆشە ئەگەر چاک نەبووەوە سبەینێ وەرە لێم بکرە سەری ببڕە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گا جووتی هەژار کە ئەمەی بیست ئێوارە دەستی کرد بە کا و ئالێک خواردن بەم جۆرە کەری قوماریاز خۆی لە جووت رزگار کرد و سەری گای خستەوە ژێر نیڵ.

-کابرایەکی کوردی خەڵکی «قەلاچوالان» هەبوو زۆر بەدبەخت بوو. ئەو هەژارە هەر لە ماڵ بهاتایەتە دەرەوە ئیتر دوچاری دەردی سەر و چورتمێک ئەبوو. رۆژێک خزمێکی هات وتی: «مردووت مرێ! تۆ ئەمە چییە هەر لە ماڵەوە دانیشتوی؟ نە ئەچیتە ماڵ خزمێک، نە سەرێکی بازاڕ ئەدەی، نە دەرو دەشتێک ئەکەی؛ وەکو پشیلەی گوێ ئاگردان کەوتوی». وتی: برا چبکەم ئەوەندە بەدبەختم هەر لە ماڵ چوومە دەرەوە ئیتر تووشی زەرەرو زیانێک ئەبم، ئینجا کەوا بوو هەر لە ماڵەوە دانیشم باشە.

خزمەکەی وتی: ئەمەی تۆ ئەیڵێی هەمووی فیکرو خەیالی شێتییە. ئەمڕۆ وەرە لە گەڵ من سەعاتێ ئەگەڕێین ئەگەر تووشی بەلاییک بویت راستە، ئەگەر نەبووی ئەوا واهیمەیە گرتوتی، هیچی‌تر نییە. کابرا وتی: بڵێم چی؟ باشە، لە گەڵت دێم.

هاتن، هاتن تا گەیشتنە بەر دەم سەرای حوکومەتیەوە. تەماشایان کرد کەوا ئەسپێک بەرەڵا بووە؛ بە تاو هات بۆ ناو بازاڕ. کابرایەکی خزمەتکار بانگی کرد: «خەڵکینە ئەسپی دارۆغەیە مەیەڵن بچێتە بازاڕەوە». کابرای بەدبەخت بەردێکی بچکۆلەی هەڵگرت و هاویشتی بۆ ئەسپەکە بەڵکی بگەڕێتەوە بۆ سەراو نەچێتە بازاڕەوە خەڵکەکە بکا بە ژێرەوە؛ کەچی بەردەکە کەوت لە چاوێکی ئەسپەکەو چاوێکی کوێر کرد.

خەڵکی کۆ بووەو ئەسپەکەیان گرتەوە. کابرای مەیتەری دارۆغە پەلاماری کابرای بەدبەختی داو وتی: «سەگباب تۆ ئەسپی دارۆغەت بۆچی بەم دەردە برد؟ یاڵلا با بڕۆین بۆ لای قازی. شەرت بێ هەر ئێستە ئەسپەکەت پێ ببژێرم».

هێنای نەختێ هاتن بەم لاوە، کابرایەکی شارباژێڕی کەرێکی بە بارە دارەوە لە ناو قوڕا کەوتبوو، بانگی ئەکرد خەڵکینە! [خوا] خێرتان بنوسێ وەرن ئەم کەرەم لە گەڵ راست بکەنەوە. هیچ کەس گوێی نەدایە. کابرا وتی: بە خوا من ئەم خێرە ئەکەم، چوو کلکی کەری گرت و وتی: «یا ئەڵلا». کلکی کەر لەبندا پچرا. خاوەن کەرە وتی: «خوا بتگرێ تۆ ئەم کەرەی منت بۆ چی بەم دەردە برد؟ وەڵلا منیش کەرەکەت پێ ئەبژێرم». ئەوا شکاتکەر بوون بە دوو.

کابرا وتی: وا چاکە هەڵێم ئەگینە ئەمانە بە پەنم ئەبەن؛ تەماشای کرد ماڵێکی خۆش تاکێکی قاپیەکەی پێوە دراوە تاکێکی کراوەتەوە. تەکانیدا خۆی لە دەست مەیتەر راپسکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و فرکەی کرد بۆ ماڵەکە. مەگەر ژنی خاوەن ماڵەکە زکی پڕ بوو لە پشت ئەو تاکە قاپیەکەوە۔ کەپێوە درابوو ـ سەیری کۆڵانی ئەکرد، کابرا وەها بە توند قاپی کردەوە درا لە زکی ژنەکەو دەست بە جێ کەوت و منالەکەی لە بار چوو. کابرای خاوەن خانوو وتی: «دەری نەکەن ئەو سەگبابە». کابرا بە پەیژەدا سەر کەوتە سەر بان پێنج شەش کەس بە دوایەوە. تەماشای کرد خانوێکی زۆر بەرزە، ئەوا لە حەوشەکەیدا جێگایەک داخراوە وتی: وا چاکە باز بدەمە سەر ئەو نوێنانە ئەگەر ملم شکا ئەوا رزگارم ئەبێ، ئەگەر خۆ هیچیشم لێ نەهات دیسان دەرباز ئەبم، چونکە ئەمانەی بە شوێنمەوە ناوێرن باز بدەنە خوارەوە. ناوی خوای هێنا تف لە شەیتان دوور لە رەحمان، بازی دایە سەر جێگاکە. مەگەر کابرایەک نەخۆشە لە ناو نوێنەکانا نوستبوو. کە بازیدا کەوت بە سەر ورگیا، ئەویش دەس بەجێ گیانی دەرچوو. خێزانی ئەو ماڵەش کەوتنە دوای. ها لێرە، ها لەوێ ئاخری گرتیان باڵیان بەست و هێنایان بۆ سەرا.

قازی لە هۆدەی خۆی نەبوو، هۆدەیەکی بچکۆلە هەبوو بۆ حەسانەوە تەرخان کرا بوو لەوێ بوو. ئەمانە کە هاتن یەکێ برا کوژراو، یەکی ژن منداڵ لە بار براو، یەکێ ئەسپ کوێر کراو، یەکێ کلکی کەر پچراو؛ کردیان بە هەرا. قاپیە وانەکە وتی: کورە هەراو قرەقر مەکەن جەنابی قازی لە ژورەوە دەوری دەلائل ئەکاتەوە.

کابرای بەدبەخت پەنجەرەیەکی بچکۆلە لە دیوارەکەدا بوو، لە پەنجەرەکەوە تەماشای کرد ئەوا قازی هەتیوێکی لووسی گرتۆتە بەرکار خەریکە لە گەڵی. کابرا بە دەنگێکی قایم وتی: «من هیچ ناترسم قازی ئەوا لە سەر بەرماڵ دانیشتووە بە شەرع ئیش ئەکا. چاویشم لێیە "دەلائلولخەیرات" ئەخوێنی. کەوا بوو هەرچی داد و عەدل بێ، ئەو ئەوە ئەکا».

قازی ئاورێکی بۆ کونەکە دایەوە کابرای ناسی. زۆری پێ نەچوو هاتە دەرەوە چوو لە سەر کورسی حوکم دانیشت. خەڵکەکە چونە ژورەوە. کابرا کە برا کوژراو بوو، قازی لێی پرسی شکاتت چیە لەم کابرایە؟ وتی: قوربان! برایەکم نەخۆش بوو؛ لە ماڵەوە لە حەوشە لە ژێر لێفێکدا کەوتبوو. ئەم کابرایە بازی داوەتە سەر زکی، براکەم مردووە داوای خوێنی برام ئەکەم. رووی کرد لە کابرای بەدبەخت و وتی: تۆ ئەڵێی چی؟ ئەویش وتی: «جەنابی قازی ئەفەنی من قسەو مودافعەم هەر ئەمەیە بۆ خاتری ئەو دەلائلولخەیراتە کە تلاوتت ئەفەرموو و من چاوم لێ بوو، بە عەدالەت لە گەڵم بیزووەوە». قازی هێندێ فیکری کردەوە وتی بە برا کوژراو: «پێویستە ئەم کابرایە بنێرین لەو جێگایە کە براکەت لێ کەوتبوو لەوێ راکشێ. تۆش لە سەر بانەوە باز بدەرە سەر زگی، بەم جۆرە بیکوژەرەوە». کابرا وتی: قوربان تۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چی ئەفەرمووی؟ ئەگەر من لەو بانەوە خۆم بەردەمە خوارەوە ملم ئەبێ بە ئەسپۆن، نازانم ئەم سەگبابە چۆن ئەستۆی نەشکاوە؟ قازی فەرمووی: «رۆڵە لە مەجەللەدا وا ئەفەرموێ و ئێستەش تۆ حەقت هەر ئەمەیە». کابرا وتی: بە خوا من ئەم حەقەم ناوێ و لێیدا رۆیشت.

کابرا کە ژنی منداڵی لە بار چوو بوو، هاتە پێشەوە وتی: جەنابی قازی ئەفەنی ژنەکەم زگی پڕ بوو، لە دالاندا لە پشت قاپیەوە راوستاوە، تەماشای کردوە ئەم کابرایە لە پڕ هاتووە قاپیەکەی بە جۆرێک داوە بە سنگ و زکیا دەست بە جێ کوڕێکی لە بار چووە. ئێستە داوای خوێنی ئەو کوڕە ئەکەم.

کابرا دیسان وتی: «قوربان جەنابی قازی بە قوربانی ئەو دەلائیلولخەیراتە بم کە چاوم لێ بوو موتالات ئەفەرموو، هەر بە حەق».

قازی تۆزێ بیری کردەوەو رووی کردە کابرای مێردی ژنە وتی: «باوکم بە قانوون ئەبێ ژنەکە بدەین بەم کابرایە بچێ لە گەڵێ خەریک بێ هەتا زکی پڕ ئەکاتەوە، ئەو وەختە بتداتەوە». کابرا وتی: قازی ئەفەنی ئەمە ناکەم. قازی فەرموی: کوڕم حەقت هەر ئەوەیە بە شەرع و بە قانوون. ئەم کابرایەش بۆی دەرچوو.

ئەمجا خزمەتکاری دارۆغە هات وتی: قازی ئەفەنی ئەسپی دارۆغە بەر بوو بوو، رووی کردە بازاڕ. منیش بانگم کرد مەیەڵن. ئەم کابرایە بەردێکی هاویشت چاوێکی ئەسپەکەی کوێر کرد. ئەسپەکە نرخی سەد لیرە بوو، ئێستاکە دە لیرە ناکا. شکاتی بژاردنی ئەم پارەیە ئەکەم.

قازی وتی: کابرا تۆ ئەڵێی چی؟ کابرا دیسان هەر وتی: «قازی ئەفەنی بیکە بە خاتری دەلائیلولخەیراتەکە ئەگەر بە عەدالەت لە گەڵم نەکەی». قازی لە دڵی خۆیا هەندێکی‌تر فیکری کردەوە رووی کردە خزمەتکاری دارۆغەو وتی: «پێویستە ئەسپەکە بکەین بە دوو لەتەوە، لەتە ساغەکەی بنێرین بۆ بازاڕ چەندی کرد، هەقی ئەو لەتە-کە چاوەکەی کوێر بووە- لێ ئەستێنین». خزمەتکارەکە وتی: «قوربان خۆ ئەسپەکە ئێستەش دە لیرە ئەکا، ئەگەر بیکەین بە دوو کەرتەوە هیچ ناکا؛ ئەمە چلۆن ئەبێ؟» قازی فەرموی: رۆڵە حەقی تۆ هەر ئەمەیە و لە مەجەللەدا وا ئەفەرموێ. کابرای خزمەتکار ملێکی[3] با داو شانی حیز کردو رۆیشت.

[3] لە چاپەکەدا «مایکی» هاتبوو کە دیارە هەڵەیەو کردمانە «ملێکی».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرای کلکی کەرپچڕاو کە ئەمەی دی ڕانەوەستا لێیدا ڕۆیشت. قازی بانگی کرد: وەرە کوڕە تۆش شکاتت هەبوو؟ وتی نەخێر قوربان هیچ شکاتێکم نییە. وتی: ئەی ئەو کلکی کەرەت بۆچ بە دەستەوەیە؟ وتی: «قوربان ئەچم بۆ لای قەرەج بێژنگ دروست ئەکەم» و لێیدا ڕۆیشت. کابرای بەدبەختیش بە دوعای خێر کردن بۆ قازی هاتە دەرەوە.

- قازی «هەواسان» لە گەڵ هەتیوێکی زۆر جوان سەرو ساخت دائەخا. هەر چەن ئامۆژگاری ئەکەن شورەییە دەست لە یەخەی ئەم کوڕە بکەرەوە با ئابڕوت نەچێ، ئەم قسانە کاری تێ ناکا.

شەوێک پێکەوە ئەنوون، پادشا ئاگادار ئەکەن. ئەویش بەیانی زوو ئەچێتە سەر جێگاکەی. تەماشا ئەکا قازی کوڕێکی جوانی لە باوەشایەو خەنجەر لە کێلانا. بە هێواشی خەبەری ئەکەنەوە. قازی سەر بەرز ئەکاتەوە سەیر ئەکا ئیش لە ئیش ترازاوە؛ ئەڵێ: ڕۆژ هەڵ هاتووە؟ ئەڵێن بەڵێ. ئەڵێ لە کام لاوە؟ ئەڵێن وەکو جاران لە ڕۆژهەڵاتەوە. ئەڵێ کەواتە هێشتا قاپی تەوبە دانەخراوە؛ خوایە توبە بێ لەم ئیشە نابەجێیەم.

پادشا ئەڵێ ئەم قسانە کەڵکت ناگرێ، ئەبێ لە سەر ئەو کۆشکە بتخەمە خوارەوە پارچە پارچە ببیت بۆ ئەوەی هی‌تر چاوی بترسێ و کەسی‌تر جارێکی‌تر شتی وا نەکا. قازی ئەڵێ: «پادشاهم هی وەکو من زۆرە، یەکێکی‌تر بخەرە خوارەوە با من چاوم بترسێ». پادشا پێی‌ئەکەنێ و لێی خۆش ئەبێ.

- پیرێژنێکی پەڕوپوت تاقە کوڕێکی هەبوو ناوی «هەباسێ» بوو. هەباسێ هەموو جار، ئەچوە دیواخانی ئاغاو ئەهاتەوە. دایکی لێی ئەپرسی: «ئەرێ ڕۆڵە هەباسە، لە دیواخان چە باسە؟» ئەویش ئەیوت هیچ نییە دایە.

هەباسێ کوڕێکی هاوڕێی هەبوو، ڕۆژێک پێکەوە هاتنەوە بۆماڵەوە. دایکی دیسان لێی پرسی: «ئەرێ ڕۆڵە هەباسە لە دیواخان چە باسە؟» ئەویش وتی هیچ نییە دایە.

کە هاتنە دەرەوە هاوڕێکەی لێ پرسی ئەوە دایکت ئەم قسەیە بۆچ ئەکا؟ وتی نازانم هەموو ڕۆژێ کە ئەچمەوە ئەم پرسیارەم لێ ئەکا. کوڕە وتی ئەوە تۆ نایزانی من تەگبیرێکت بۆ ئەکەم: سبەینێ کە چویتەوە لێی پرسیت، بڵێ دایە ئاغا لە دیواخان بڕیاری داوە ژنی بێ مێرد نەمێنێتەوە تەنانەت پیرێژنێکیش کە هیچی لە بارا نەبێت، هەر ئەوەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org


بتوانێ دوو هۆقە خوێ بکاتە هەمانەیەکەوە، ئەبێ بە مێرد بدرێ. بچۆ ئەمەی پێ بڵێ و ولامەکەم بۆ بێنەوە.

سبەینێ هەباسێ کە چووەوە دیسان دایکی پرسی: ئەرێ رۆڵە هەباسە، لە دیواخان چە باسە؟ ئەویش وتی: دایە شتێکی وانییە تەنها ئەوە نەبێ و قسەکەی بۆ گێرایەوە. وتی: ئا توخوا رۆڵە دوو هۆقە خوێم بۆ بکەرە ئەو هەمانەیەوە، بزانم ئەتوانم هەڵی بگرم. کورە هەستا خوێی بۆ کردە هەمانەوە پیرێژن بە نقەنق پێوە نیشت و هەڵیگرت. وتی: لام وایە رۆڵە کەڵکم پێوە هەیە. ئەویش وتی باشە.

کەوتنە سبەینێ، هەباسێ لە گەڵ کورەکەی هاورێیدا هاتنەوە بۆماڵەوە. کورەکە وتی: داپیرە، لە شەرعی خوا و پێغەمبەرە مێرد کردن. ئێستەش وا لە سەر قسەی ئاغا ئەبێ ژنی بێ‌مێرد نەمێنێتەوە. ئێمەش مێردێکمان بۆ تۆ دۆزیوەتەوە ئەبێ مێردی پێ بکەی. پیرێژن وتی: باشە بە قوربانت بم! مادام رووم لێ ئەنێی دڵت ناشکێنم کەیفی خۆتە. کورەش ئەڵێ: دە باشە خوا موبارەکی کا. تۆ خۆت رێکخە تا ئێمە خەبەر بە ماڵی زاوا ئەدەین.

پیرێژنە دەست ئەکا بە خۆ رێکخستن و تاس و لووسدانی خۆی. سبەینێ کورەکەو هەباسە دێنەوەو گوێدرێژێک دێنن. کورە دێتە ژوورەوە ئەڵێ: داپیرە هەستە با برۆین. ئەویش ئەڵێ ئاخر من مارە نەکراوم چۆن بچین؟ ئەڵێ مەلاو شاهید و هەموو شت لە ماڵی زاوادا دانیشتوون چاوەڕێمان ئەکەن، لەوێ مارەت ئەبڕن. پیرێژنە دێتە دەرەوە سواری کەرەکەی ئەکەن و کابرا بە دووزەڵە لێدان پێش ئەکەوێ و هەباسەش ئەکەوێتە شوێنی. ئەیبەن هەتا ئەگەنە بەر کونە ورچێک، لەوێ ئەیبەنە ژورەوە پێی ئەڵێن تۆ لێرە دانیشە تا ئێستە مێردەکەت دێت بۆ لات، ئێمە ئەچین. هەباسێ بە وەکالەتی تۆ مارەت ئەبڕێ.

لەوێ دایئەنێن و خۆیانی لێ دائەگرن. زۆری پێ ناچێ ورچە بە بۆرەبۆر دێتەوەو ئەچێتە کونەکەی خۆیەوە. سەیر ئەکا وا نێچیرێکی بۆ دانراوە. ئەچێتە سەری و بە قەپاڵ بەر ئەبێتە سەرو گوێلاکی پیرێژنە.

پیرێژنیش لای وا ئەبێ ئەمە مێردەکەیەتی. چونکە تاریک بوو چاوی لێ نەبوو هەر ئەیوت: چۆن وا ئەبێ؟ باوکی هەباسێ ماچ ماچۆکی ئەکرد قەت قەپۆکی نەئەگرد. ورچە پیرێژن هیلاک ئەکاو لەوانە ئەبێ بیخوا کورەکان لێی رائەپەڕن و ورچە ئەکوژن و پیرێژنی لە دەست رزگار ئەکەن. کە ئەیهێننەوە نیوە گیانێکی تێدا ماوە. ئینجا هەباسێ پێی ئەڵێ: «ها دایە ئەو ئەشکەوتە چی تیایە؟» ئەویش ئەیوت: «هەباسە، نە دەنگ هەیەو نە باسە، سەرم لەم کارە کاسە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حسین‌خانی حاکمی «سورداش» -کە ئێستایش شوێن قەلاکەی لە گردی بەینی سورداشی ئەم دیو و ئەو دیوا ماوەو خۆیشی لە سورداش نێژراوە- حاکمێکی بە زەبرو زرنگ ئەبێ. رۆژێک کابرایەکی «سورقاوشان»ی کۆلێکی لە نۆ بەرەی خەیار بۆ دێنێ و بەو بەرەو ژورەدا سەر ئەکەوێ تا ئەگاتە بەر سەرا. قاپیوان رێ نادا بچێتە ژورەوە، ئەڵێ بڕۆ دوو رۆژیتر وەرەوە. ئەویش ئەڵێ لە رێی خوادا خەیارەکان سیس ئەبن و تا ئەوسایە لە لایەکی‌تریشەوە بۆی دێت، من بەخششم بەر ناکەوێ. قاپیوان ئەڵێ: ئەگەر بەخششەکەت ئەدەی بە من، رێت ئەدەم. کابرا ئەڵێ: چوار یەکێکی بۆ تۆ و ئەویتری بۆ من؛ دەس ئەکەن بە سەرو خوار کردن، لە ئاخرا بە نیوەیی رێ ئەکەون. خەیار ئەبا؛ خان ئەڵێ «دە تمەن»ی بدەنێ؛ کابرا نایەوێ. خانیش تورە ئەبێ ئەڵێ: مادام بەخششی منی ناوێ دە داری لێ دەن. سێ داری لێ ئەدەن هاوار ئەکا بوەستن قسەم هەیە. خان فەرمووی چییە؟ ئەڵێ: «قوربان! کە خەیارم هێنا، قاپیوان نەیهێشت بێمە خزمەتت، وتی هەرچی بەخشش وەرئەگری بۆ من بێ ئینجا رێت ئەدەم، لە پاشا هاتە سەر سێ یەک و دوایی بوو بە نیوەیی. ئێستا سێ دارم خوارد، ئەوا سێ یەکەکە؛ من بە سێ یەک کرە ئەکەم، ئەویتری بۆ قاپیوان بێ.

قاپیوان بانگ ئەکەن سێ داری لێ ئەدەن، ئەڵێ: «قوربان! بە سێ یەک رازیم، لە لووتی خۆم و باوکیشم دێتەوە». خان پێ ئەکەنێ، پەنجا تمەن ئەدا بە کابراو قاپیوانیش جارێ هەر تۆپە جاوەکەی بۆ ئەمێنێتەوە.

## گەنجی درەخشان

- لە سەر گوزەشتی کوردانەیە، ئەڵێ: کابرایەکی جۆلا ژنێکی جوانی هەبوو؛ ژنەکە ئەیویست حاشای لێ بکا، بەلام مێردەکەی تەلاقی نەئەدا.

بە رێکەوت حاکمی ئەو شارە خەوێکی دیبوو، جارچی جارێدا کە پادشا خەوی دیوەو نایشی گێڕێتەوە. هەر کەس بێت و بڵێ تۆ ئەو خەوت دیوەو تەعبیری لێ بۆ بداتەوە، خەلاتێکی زۆری ئەکا. ژنی جۆلا ئەمەی بە هەل زانی و وتی خەبەری لێ ئەدەم کە خەو ئەزانێ لە پاشا نایشی زانێ، پادشا ئەیکوژێ و من رزگارم ئەبێ لە دەستی. هەستا چووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لای پادشا و وتی: قوربان! مێردەکەی من ئەگەر کەسێ لە ولاتێکی‌تریش خەون ببینێ، لێرە ئەو ئەزانێ و تەعبیریشی زۆر چاک لێک ئەداتەوە. بەڵام دەخیل کارێکی وا مەکە بزانێ من خەبەرم لێ داوە ئەگینا دەمکوژێ.

پادشا دەست بە جێ ناردی جۆلایان کێش کرد. وتی: جۆلا! خەوم دیوە پێم بڵێ چیم دیوەو تەعبیریشی چیە؟ جۆلا وتی: قوربان! ئەمە ئیشی عالم و مەشایخە، من جۆلام؛ جۆلا ئەم جۆرە شتانە لە کوێ ئەزانێ؟ جۆلا هەر چەندە داد و بێدادی کرد کەڵکی نەبوو، ئاخری پادشا ئەمری کرد رایان خست بە دار ئەوەندەیان لێدا هەتا لە زمان کەوت. ئەمجا هاواری کرد پادشاهم شەوێک مۆڵەتم بدە ئەگەر عەرزم نەکردی بمکوژە. پادشاه بەرەڵای کرد کە سبەینێ بێت و پێی بڵێ.

جۆلا چووە شاخی «کەرەفتوو» لە بەر دەمی ئەشکەوتەکەدا دانیشت و دەستی کرد بە گریان بۆ حاڵی خۆی. وەختی عەسر ئەژدەهایەک لە ئەشکەوتەکە سەری هێنایە دەرێ وتی: ئەوە بۆچی ئەگری؟ جۆلا کارەساتی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەژدەها وتی: جۆلا! ئەگەر پێت بڵێم ئەو خەڵات و بەراتە کە وەری ئەگری نیوەی ئەدەی بە من؟ جۆلا وتی: بە قوربانت بم هەزار جار! ئەژدەها وتی: دە هەستە بچۆ بە پادشاه بڵێ: «لە خەوتا لە جیاتی باران مەیمون ئەباری و حەوشەی ماڵەکەت پڕ بوو بوو لە مەیمون». ئەویش ئەڵێ وابوو. ئینجا مەعناکەی ئەوەیە کە ئیمساڵ خێرو بەرەکەت زۆر ئەبێ و خەزینەت پڕ ئەبێ لە پارە.

ئیتر جۆلا چووە لای پادشا و بەم جۆرە پێی وت. پادشا ئەمری کرد گەنج و جەواهرێکی زۆریان دایە جۆلا. جۆلاش هەموو خەزنەکەی بردەوە بۆ ماڵەوە لە دڵی خۆیدا لێکی دایەوە من بۆچی لەم خەڵاتە بەشی ئەژدەها بدەم؟ خۆ مار دوژمنە، وا چاکە بچم بیکوژم. تیرو کەوانێکی هەڵگرت و چوە بەردەمی ئەشکەوت. مارەکە سەری هێنایە دەرەوە. جۆلا تیری خستە کەوان بیهاوێ، مار کشایەوە دواو نەکوژرا.

جۆلا هاتەوە دەوڵەمند بوو بوو. مەسەلی کوردیە ئەڵێ: «کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە»، ژنەکە ئیتر ملی بۆ راکێشا.

لە دوای یەک دوو مانگی کە پادشا دیسان خەوی دیو جۆلایان هێناو فەرمووی ئیمشەویش خەوێکی سەیرم دیوە پێم بڵێ. جۆلا وتی: قوربان بە خوا نایزانم. پادشا وتی: من ئەمانە نازانم ئەتکوژم. بە کورتی نەختێکی‌تریان چەرمە سەری دا، دیسان مۆڵەتی خواست و چووەوە بەردەمی ئەشکەوت زۆر گریا و پاڕایەوە. مارەکە سەری هێنایە دەرەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسی جۆلا چە باسە؟ وتی: دەخیل ئەژدەها، من کردم تۆ مەیکە، حالێکی وا هەیە ئەمجارەش فریام کەوە.

ئەژدەها وتی: تۆ پیاوێکی خراپی؛ وەکوو لە خەلاتەکە بەشم نادەی ئەتەوێ بشم کوژی. جۆلا وتی ناماقوولیم کرد، بمبخشە. ئەژدەها وتی: بچۆ بڵێ پادشاهم لە خەوتا دووربینت بە دەستەوە بوو تەماشای دنیات پێ ئەکرد. تەعبیریشی ئەوەیە کە چەن وڵاتی‌تر ئەگری و ئەیخەیتە سەر وڵاتی خۆت.

جۆلا هات بەم چەشنە بۆ پادشای گێڕایەوە، ئەم جارە دوو ئەوەندەی جاری پێشوو خەلاتی وەرگرت. دیسان لە دلی خۆیا وتی: بۆچی بەشی ئەژدەها بدەم؟ بە خوا نایدەم.

لە دوای یەک دوو مانگی‌تر هەمیسان پادشا ناردی بە شوێن جۆلادا وتی: جۆلا خەوێکی‌تریشم دیوە. جۆلا دیسان مۆلەتی خواست و چووەوە بەردەمی ئەشکەوت، هەندێکی چاک قوڕاندی. ئەژدەها سەری هێنا وتی: دەی جۆلا ئەمجا چیت ئەوێ؟ جۆلا ئەحوالی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەژدەها وتی: بچۆ بڵێ «پادشاهم لە خەوتا سواری کەر بووبووی گوریسێکت بە دەستەوە بوو». ئەویش ئەڵێ: وایە بڵێ: «حکومەتەکەت زۆر بە هێز ئەبێ و گەلێ دەولەمەندتر ئەبی».

جۆلا چووە لای پادشا و کارەساتی پێ وت. ئەمجارە لە هەر دوو جارەکە زیاتر بەخششی وەرگرت.

جۆلا لێکی دایەوە وتی: من زۆر بێ وەفام. وا چاکە خەلاتی ئەم جارەم هەموو بەرم بۆ ئەژدەها. ئەو هەموو جەواهرو ئالتونەی دا بە کۆلیا و چووە بەر دەمی ئەشکەوت. مارەکە لێی پرسی: جۆلا چیە؟ جۆلا وتی: بە قوربانت بم! ئەمجارە هەرچم وەرگرتووە هەمووم بۆ تۆ هێناوە.

ئەژدەها وتی: «جۆلا! من مارم، مار گەنج و جەواهری بۆ چییە؟ جۆلا هەر چیت کردووە لێت ناگرم و لەم پیاوەتیەشت مەمنون نابم؛ چونکە ئەوە هەموو کارەساتی رۆژگارە. ئەوەڵ جار زەمان وا بوو کە چاکت لە گەڵ هەر کەسێ بکردایە پاداشتی بە خراپە ئەدایەوە؛ دووهەم زەمان وا بوو ئەگەر لە بەرامبەر چاکەدا چاکی نەبوایە خراپەش نەدەبوو؛ ئێستاش زەمان چاک بووە، ئەگەر چاکە لە گەڵ هەر کەسێ بکرێ کۆشش ئەکا بۆ ئەوە دوو چەندانە تۆڵەی بداتەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rahma...g

- لە زەمانی پێشوو لەو کوردەوارییە شەڕە گا و شەڕە کەڵەشێر و شەڕە سەگ و شتی وا باو بووە؛ بەو بۆنەوە داستانی کوردی ئەڵێ: ڕۆژێک پادشایەک لە گەڵ وەزیرەکەی هەر یەکێ گایەکی شەڕیان ئەبێ. لە سەر گرەوێکی قورس شەڕیان پێ ئەکەن.

گای پادشا گای وەزیر ئەبەزێنێ و پادشا گرەوەکە لە وەزیر ئەستێنێ. کابرایەکی رووتەڵەی کورد -جووتیار ئەبێ- ئێوارە کە دێتەوە گایەکی کەوتووی لەڕی تووک رووتاوەی شاخ چەوت و چەوێلی لە تەویلەدا ئەبێ، ئەچێ ئەڵێ: «گا رووت خوا بتگرێ نە گێرە ئەکەی، نە جووت ئەکەی، نە بارم بۆ هەڵئەگری، هەر خۆت بە مردوو خستووە. کا ئەخۆی و هیچی‌تر». دوو سێ داری لێ ئەدا.

گا لەڕ ئەڵێ: ئاغا بۆچی لێم ئەدەی؟ ئاغاکەی ئەڵێ کە تۆ ئیشێکم بۆ نەکەی بە کەڵکی چی دێیت؟ ئەمڕۆ گای پادشا و گای وەزیر شەڕیان پێ ئەکردن، گای پادشا پارەیەکی زۆری بۆ خاوەنی بردەوە. خۆ تۆ بە کەڵکی هیچ نایەی. گا رووت ئەڵێ: ئاغا هەر ئێستاکە لە گەڵ پادشا گرەو بکە، ئەگەر سبەینێ گای پادشام بەزان و گرەوەکەم بردەوە خزمەتم بکە. ئەگەر من بەزام و دۆڕاندت سەرم ببڕەو گۆشتەکەم بدە بە سەگ.

کابرای جووتیار دەست بە جێ ئەچێتە دیوانی پادشا ئەڵێ: قوربان! من گایەکم هەیە شەڕی پێ ئەکەم. پادشا ئەڵێ لە سەر گرەو نەبێ شەڕ بە گای خۆم ناکەم. جووتیار ئەڵێ منیش ئەمەوێ لە سەر گرەو بێت و لە دوو سەد لیرەش کەمتر نەبێ. ئینجا هەر دووکیان ڕێ ئەکەون کە یەکێ دوو سەد لیرە بدەنە دەست پیاوێک، بەیانی گای هەر کەس سەر کەوت چوار سەد لیرەکەی بدرێتێ.

جووتیار دێتەوە ئەچێتە لای گا رووت ئەڵێ: دەخیلت بم گا رووت، دوو سەد لیرەم قەرز کردووە دامناوە بۆ گرەوی شەڕی تۆ، بەیانی ڕوو زەرد و ماڵ وێرانم نەکەی. [گا رووت ئەڵێ:] ئاغا ئەمر بکە دوو زەلام هەر یەکێ سەبەتەیەکی زلە بە دەستەوە بگرن و لە پشتمەوە بیهێنن. کابرای جووتیار بە قسەی ئەکا. گا رووت هەر پەتی لە مل دائەماڵن، ئیتر پەلاماری ئەدا. گای پادشا لە گەڵ چاوی بە گا رووت ئەکەوێ بەرەو دوا ئەبێتەوەو هەڵدێ. گاڕووت لە دواوە پێنج شەش قۆچ لە پاشەڵی هەڵ‌ئەدا. گای پادشا ببڕای ببڕای ئاوڕ ناداتەوە.

ئیتر کابرای جوتیار چوار سەد لیرەکە وەرئەگرێ و گارووت پێش خۆی ئەداو دێتە ماڵەوە. ئینجا ئەپرسێ گارووت پێم بڵێ چی بوو کەوا ئەو گا زەلامە نەیتوانی خۆی بۆ تۆ ڕابگرێ؟ گارووت وتی: «ئەوەی ڕاستی بێ ئاغە، من و ئەو گایە گوێرەکەی ماڵێک بوین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسی جۆلا چە باسە؟ وتی: دەخیل ئەژدەها، من کردم تۆ مەیکە، حالێکی وا هەیە ئەمجارەش فریام کەوە.

ئەژدەها وتی: تۆ پیاوێکی خراپی؛ وەکوو لە خەلاتەکە بەشم نادەی ئەتەوێ بشم کوژی. جۆلا وتی ناماقوولیم کرد، بمبخشە. ئەژدەها وتی: بچۆ بلێ پادشاهم لە خەوتا دووربینت بە دەستەوە بوو تەماشای دنیات پێ ئەکرد. تەعبیریشی ئەوەیە کە چەن ولاتی‌تر ئەگری و ئەیخەیتە سەر ولاتی خۆت.

جۆلا هات بەم چەشنە بۆ پادشای گێڕایەوە، ئەم جارە دوو ئەوەندەی جاری پێشوو خەلاتی وەرگرت. دیسان لە دلی خۆیا وتی: بۆچی بەشی ئەژدەها بدەم؟ بە خوا نایدەم.

لە دوای یەک دوو مانگی‌تر هەمیسان پادشا ناردی بە شوێن جۆلادا وتی: جۆلا خەوێکی‌تریشم دیوە. جۆلا دیسان مۆلەتی خواست و چووەوە بەردەمی ئەشکەوت، هەندێکی چاک قوڕاندی. ئەژدەها سەری هێنا وتی: دەی جۆلا ئەمجا چیت ئەوێ؟ جۆلا ئەحوالی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەژدەها وتی: بچۆ بلێ «پادشاهم لە خەوتا سواری کەر بووبووی گوریسێکت بە دەستەوە بوو». ئەویش ئەلێ: وایە بلێ: «حکومەتەکەت زۆر بە هێز ئەبێ و گەلێ دەولەمەندتر ئەبی».

جۆلا چووە لای پادشا و کارەساتی پێ وت. ئەمجارە لە هەر دوو جارەکە زیاتر بەخششی وەرگرت.

جۆلا لێکی دایەوە وتی: من زۆر بێ وەفام. وا چاکە خەلاتی ئەم جارەم هەموو بەرم بۆ ئەژدەها. ئەو هەموو جەواهرو ئالتونەی دا بە کۆلیا و چووە بەر دەمی ئەشکەوت. مارەکە لێی پرسی: جۆلا چیە؟ جۆلا وتی: بە قوربانت بم! ئەمجارە هەرچم وەرگرتووە هەمووم بۆ تۆ هێناوە.

ئەژدەها وتی: «جۆلا! من مارم، مار گەنج و جەواهری بۆ چییە؟ جۆلا هەر چیت کردووە لێت ناگرم و لەم پیاوەتیەشت مەمنون نابم؛ چونکە ئەوە هەموو کارەساتی رۆژگارە. ئەوەڵ جار زەمان وا بوو کە چاکت لە گەڵ هەر کەسێ بکردایە پاداشتی بە خراپە ئەدایەوە؛ دووهەم زەمان وا بوو ئەگەر لە بەرامبەر چاکەدا چاکی نەبوایە خراپەش نەدەبوو؛ ئێستاش زەمان چاک بووە، ئەگەر چاکە لە گەڵ هەر کەسێ بکرێ کۆشش ئەکا بۆ ئەوە دوو چەندانە تۆلەی بداتەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rawez.org

- لە زەمانی پێشوو لەو کوردەوارییە شەڕە گا و شەڕە کەڵەشێر و شەڕە سەگ و شتی وا باو بووە؛ بەو بۆنەوە داستانی کوردی ئەڵێ: ڕۆژێک پادشایەک لە گەڵ وەزیرەکەی هەر یەکێ گایەکی شەڕیان ئەبێ. لە سەر گرەوێکی قورس شەڕیان پێ ئەکەن.

گای پادشا گای وەزیر ئەبەزێنێ و پادشا گرەوەکە لە وەزیر ئەستێنێ. کابرایەکی رووتەڵەی کورد -جووتیار ئەبێ- ئێوارە کە دێتەوە گایەکی کەوتووی لەڕی تووک رووتاوەی شاخ چەوت و چەوێلی لە تەویلەدا ئەبێ، ئەچێ ئەڵێ: «گا رووت خوا بتگرێ نە گێرە ئەکەی، نە جووت ئەکەی، نە بارم بۆ هەڵئەگری، هەر خۆت بە مردوو خستووە. کا ئەخۆی و هیچی‌تر». دوو سێ داری لێ ئەدا.

گا لەڕ ئەڵێ: ئاغا بۆچی لێم ئەدەی؟ ئاغاکەی ئەڵێ کە تۆ ئیشێکم بۆ نەکەی بە کەڵکی چی دێیت؟ ئەمڕۆ گای پادشا و گای وەزیر شەڕیان پێ ئەکردن، گای پادشا پارەیەکی زۆری بۆ خاوەنی بردەوە. خۆ تۆ بە کەڵکی هیچ نایەی. گا رووت ئەڵێ: ئاغا هەر ئێستاکە لە گەڵ پادشا گرەو بکە، ئەگەر سبەینێ گای پادشام بەزان و گرەوەکەم بردەوە خزمەتم بکە. ئەگەر من بەزام و دۆڕاندت سەرم ببڕەو گۆشتەکەم بدە بە سەگ.

کابرای جووتیار دەست بە جێ ئەچێتە دیوانی پادشا ئەڵێ: قوربان! من گایەکم هەیە شەڕی پێ ئەکەم. پادشا ئەڵێ لە سەر گرەو نەبێ شەڕ بە گای خۆم ناکەم. جووتیار ئەڵێ منیش ئەمەوێ لە سەر گرەو بێت و لە دوو سەد لیرەش کەمتر نەبێ. ئینجا هەر دووکیان ڕێ ئەکەون کە یەکێ دوو سەد لیرە بدەنە دەست پیاوێک، بەیانی گای هەر کەس سەر کەوت چوار سەد لیرەکەی بدرێتێ.

جووتیار دێتەوە ئەچێتە لای گا رووت ئەڵێ: دەخیلت بم گا رووت، دوو سەد لیرەم قەرز کردووە دامناوە بۆ گرەوی شەڕی تۆ، بەیانی ڕوو زەرد و ماڵ وێرانم نەکەی. [گا رووت ئەڵێ:] ئاغا ئەمر بکە دوو زەلام هەر یەکێ سەبەتەیەکی زلە بە دەستەوە بگرن و لە پشتمەوە بیهێنن. کابرای جووتیار بە قسەی ئەکا. گا رووت هەر پەتی لە مل دائەماڵن، ئیتر پەلاماری ئەدا. گای پادشا لە گەڵ چاوی بە گا رووت ئەکەوێ بەرەو دوا ئەبێتەوەو هەڵدێ. گاڕووت لە دواوە پێنج شەش قۆچ لە پاشەڵی هەڵئەدا. گای پادشا ببڕای ببڕای ئاوڕ ناداتەوە.

ئیتر کابرای جوتیار چوار سەد لیرەکە وەرئەگرێ و گاڕووت پێش خۆی ئەداو دێتە ماڵەوە. ئینجا ئەپرسێ گاڕووت پێم بڵێ چی بوو کەوا ئەو گا زەلامە نەیتوانی خۆی بۆ تۆ ڕابگرێ؟ گاڕووت وتی: «ئەوەی ڕاستی بێ ئاغە، من و ئەو گایە گوێرەکەی ماڵێک بوین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەوێک من کام بۆ تێ کرابوو، بەڵام هیچیان بۆ ئەو تێ نەکردو، زۆری برسی بوو. لە نیوەشەوا لێم پاڕایەوە وتی ئیمشەو تێرم بکە، شەرت بێ سبەی شەو سەبەتەیکت کا بدەمێ. منیش وتم ئەگەر سبەی شەو نەتدامێ چی؟ وتی شەرت ئەکەم چەن شەو دوا بکەوێ هەر شەوێ سەبەتەیکت قەرزار بم. ئینجا ئەمە شەش حەو ساڵە قەرزارمە. ئەمڕۆ کە چووین و لە دوورەوە منی ناسییەوە چاویشی بە سەبەتەکان کەوت، وایزانی بۆ قەرزەکە چووم و ئەو هەموو قەرزەشی پێ نادرێتەوە، لە بەرم هەڵات؛ ئەگینا ئەگەر بە شەڕ بوایە قەت من زەوتی ئەوم ئەکرد؟ ئەوە لە ترسی قەرزاری رای کرد نەوەک لە ترسی زۆرو باهۆی من».

- حولی بیابان کە پێی ئەڵێن «غوول» (ئەمە سەر گوزەشتی کوردیە) فێر بووبوو بەهاران کە ئەچوو بۆ کوێستان، هەوارگەیەکی ئەخستە شاری «هەمەدان»؛ پاییزان کە ئەگەڕایەوە بۆ گەرمیان، دیسان لای ئەدایەوە هەمەدان. ئەگەرچی زیانێکی نەبوو، بەڵام لە بەر ئەوە کە بە قەد حەفتا هەشتا گوریس بخەیتە سەر یەک درێژ بوو، منداڵ و ژن کە چاویان پێ ئەکەوت ئەترسان و زۆریان زراویان ئەتەقی؛ خەڵکەکە بێزار بوو بوون. رۆژێک پیاوێکی ئاقڵیان تەگبیری بۆ کردن کە ئەگەر قەرزاری بکەن، ئیتر نایەتەوە بە هەمەدانا.

چەند پیاوێک چوونە خزمەتی و وتیان: ئاخر نابێ تۆ بەم زلی و درێژیە بە رووتو قووتی ئەسوڕێتەوە؛ جوان نیە. وتی بڵێم چی خۆ من هیچم نییە کە جلی پێ بکڕم. وتیان ئێمە جلت بە قەرز بۆ ئەکەین، ساڵێکیتر قەرزەکەمان بدەرەوە. غوول وتی: هەزار جار کوا ئێوە ئەوەم لە گەڵ بکەن؟ ئینجا هاتن هەموو شاری هەمەدان هەر ماڵێ تۆپێ جاویان گرد کردەوە کراس و دەرپێ و کورتەکێکیان بۆ دروست کرد. ئیتر ساڵی دوایی غوول هات بچێ بۆ کوێستان، دوو رۆژە رێگە لە دەوری هەمەدانەوە بە چوار چەنگۆڵە ئەڕۆیشت نە وەکو خەڵکی هەمەدان چاویان پێ بکەوێ و داوای قەرزەکەی لێ بکەنەوە.

- کابرایەکی کورد هەبوو ماڵ و سامانێکی زۆری هەبوو. لە گەڵ ئەم سامانەیا تاقە کوڕێکی هەبوو، بە هەموو جۆرە نازداریەک ئەم کوڕەی بەخێو کردو زۆر دڵی پێخۆش بوو. دنیا تا سەر بۆ کەس نییە؛ باوکەکە بەهاری جوانی هاتە خەزانی پیری و گوڵی تەمەنی لە باخی ژیانا هاتە وەرین. کوڕەکەی بانگ کردو وتی: «رۆڵە! من سامانێکی زۆرم بۆ کۆ کردوێتەوە. ئەوا ئەمە ئاخر چاو پێکەوتنێکە کە تۆ ئەم باوکەی خۆت چاو پێ ئەکەوێ. گوڵی هیوام لە دنیادا تۆ بووی، بۆیە ئەو هەموو رەنجەمدا تا ئەم سامانەم بۆ کۆ کردیتەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی

بۆ ئەوە من لە سێبەری تۆداو تۆ لە سێبەری ئەو سامانەدا بحەسینەوە. ئەوا من ئەڕۆم، نەحەسامەوە؛ بۆ ئەوە تۆ بحەسیتەوە. سێ ئامۆژگاریت ئەکەم، لە قسەی ئەم باوکی خۆتە دەرمەچۆ، ئەم ئامۆژگاریانە بەجێ بێنە: یەکۆم تا ماوی تیواز ( قومار) مەکە، ئەگەر هەر زۆر ئارەزوت کرد بیکەیت، بچۆ بگەڕێ بزانە وەستای هەموو قومار بازەکان کامەیە لە گەڵ ئەودا بیکە؛ دووهەم تا ماوی مەی (عەرەق) مەخۆرەوە، ئەگەر خۆ خۆتت پێ راگیر نەکرا ویستت بیخۆیتەوە، بچۆرە مەیخانە بیخۆرەوە؛ سێهەم هەرگیز مەچۆرە لای ژنی جوندە (قەحبە) ئەگەر هەر هەڵیان خڕانیت و ویستت بچیت، لە ئاخرو ئۆخری شەودا بچۆرە جوندەخانە (قەحبەخانە) لەوێ ئیشی خۆت ببینە. ئەمانە ئەندەرزی منن بۆ تۆ لە قسەم دەر مەچۆ».

باوکە مردو ماوەیەکی پێچوو کوڕو کاڵ هاتن و دەوری کوڕیاندا، وتیان دنیا ئەمەی پێ ناوێ و هەموو کەس ئەبێ بمرێ. پیاویش ئەگەر لە دنیادا ماڵ و دەوڵەتی بوو، ئاهەنگ و بەزمی لە سەر نەکا چ کەڵکێکی هەیە؟ خۆ تۆ گۆشەگیریت نەگرتووە لە دنیادا، بۆچ ئەوەندە خۆت ئەپارێزی؟ دنیا بۆیە خۆشە، پیاو قوماری تێدا بکا؛ بۆیە خۆشە کە خەمەکەی بە بادەی مەی بڕەوێنێتەوە، لە گەڵ نازداران و گوڵەندامانا رابوێرێ. ئەم باوەڕە کۆنەیە چییە تۆ کەوتویتە سەری؟ هەستە هەستە با بڕۆین تۆزێ لە لەزەتی دنیا تێ بگەیی.

هەر چەندە کوڕە هاواری کرد و هەر چەندە وتی ئاخر باوکم پەندی داداوم کە ئیشی خراپە نەکەم، کەڵکی نەبوو. وتیان ئا تۆ هەستە با بچین دەستێ قومار بکەین، ئەو وەختە ئەگەر تا ماوی وازت لێ هێنا ئێمە هیچمان نەزانیوە. بێ ئەقڵ! قومار رۆژ بە رۆژ پیاو دەوڵەمندتر ئەکا، باوکت ئەگەر لێی بزانیایەو بیکردایە ئەو سامانەی ئێستەی ئەبو بە دوو ئەوەندە.

بەم جۆرە قسانە کوڕەیان لە خشتە بردو وتی باشە: «بەڵام ئەوەندە هەیە من کە لێرەدا قسەکەی باوکم ئەشکێنم، لەوەدا نایشکێنم کە پێی وتم ئەگەر تیوازت کرد لە گەڵ گەورەتر تیواز بازەکانا بیکە. با بچین بزانین کێ لە هەموو کەس قوماربازترەو وەستای قوماربازانە من لە گەڵ ئەودا ئەیکەم». وتیان باشە.

لێیاندا ڕۆیشتن لەم شار بۆ ئەو شار و لەم وڵات بۆ ئەو وڵات پرسیاریان لە وەستای قومار بازان ئەکرد، هەتا لە ئاخرا ناو و نیشانیان دانێ کە لە فلانە شوێن یەکێک هەیەو لە دنیادا لەوە قوماربازتر ئیتر نییە؛ چوون دۆزیانەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کوڕە لە گەڵ هاوڕێکانیا چوون سەیری کرد، سەریان کرد بە کەلاوەیەکی وێرانەی پەرپووتا. کە چوونە ژوورەوە پیاوێک دانیشتووە پیس و پۆخڵ، گلیمە شڕێکی خستۆتە ژێری، گۆگرد[٤] بە خۆیەوە بنێ بۆسۆی لێ هەڵناسێ لە بەر رووتی و پەرێشانی.

وتیان ئەمە وەستای هەموو قومار بازەکانی دنیایەو لەم وەستاتر ئیتر نییە. کوڕە سەیرێکی فەساڵ و دیمەنی کابرای کرد و وتی: ئەمەیە کە بان دەسی لە قومار کردنا نییە؟ وتیان: بەڵێ تۆ چاوت لەو حاڵ و باڵەی نەبێ، ئەوە زەمان هێناویە بە سەریا؛ ئەگینا ئەمە ئەوەندە دەوڵەمند بوو کەس لە ژوور ئەمەوە نەبوو.

کوڕە وتی: «براینە! ئەو پەڕی ئەوەیە کە منیش لە پێناوی قومارا سەرکەوتم و بووم بە وەستایەک وەکو ئەم وەستایە. لە ئاخرا ئەبێ حاڵ و باڵیشم ببێ بە حاڵ و باڵی ئەو وەئەمە پاشە ڕۆژی پیاوی وەستای قومار بازان بێ، ئەی ئەبێ پاشە ڕۆژی پیاوی شاگرد قوماربازچی بێ؟ کەواتە لە کوێوە هاتووین با بە شوێنەکەی خۆمانا بگەڕێنەوە. دەرزێکی باشم وەرگرت؛ بۆم دەرکەوت کە پاشەڕۆژی قومار کردن چییە». هەر چەندە دۆستەکانی هاواریان لێ کرد کەڵکی نەگرت و گەڕانەوە.

سا ڕۆژگار هێنای و بردی دیسان کوڕ و دۆست و برادەر دەورەیان دایەوە وتیان: مردوت مرێ ئەڵێی پشیلەی گوێ ئاگردانی، لە گوێ ئاگردانەکە بەو لاوە هیچی‌تر نازانی. دە هەستە بۆ ئەوەندە رژدی؟ تۆ ئەم هەموو سامان و ماڵەت هەیە، ئاخر ئەبێ جارجار پێکە عەرەقێکی بۆ بخۆیتەوە؛ بە لانی کەمەوە بۆ ئەوە تۆزێ لە پەژارە دوور کەویتەوە. ئەوەشت پێ ئەڵێین جارجار بە خواردنەوەی پێکە عەرەقێک سامانەکەت دوایی نایە. دەهەستە ئیتر رژدی مەکە.

کوڕە وتی: «بە گوێتان ئەکەم، بەڵام باوکم پێی وتووم ئەگەر خواردتەوە بچۆرە مەیخانە. ئیستەش من لەوێدا نەبێ ناخۆمەوە». وتیان باشە، دەوا بلێ.

هەستان تێکڕا روویان کردە مەیخانەیەک. کە چوونە ژوورەوە کوڕە سەیری کرد ئەوا یەکێک لە لایەکەوە کەوتووەو دەمی چەقیوەتە خۆڵ و خاکەکە، یەکێکی‌تر خۆی لە خۆیەوە هەستاوە لەو ناوەدا سەما ئەکا، دوویتر لەو لاوە بەر بوونەتە سەرو گوێلاکی یەک و لە یەکتری ئەدەن. یەکێکی‌تر دەنگێکی زۆر ناسازی پێوەیە فووی پیا کردووە مێشکی ئەو عالەمەی بردووە. بە کورتی هەر یەکە لە سازێ لێ ئەدا. کوڕە پرسی ئەم هەراو زەنایە

---

٤- گۆگرد: شقارتە، شەمچە، شخارتە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چییە؟ هاورێکانی وتیان: ئاخر ئەوە ئەمانە عەرقیان خواردۆتەوە، سەر خۆش بوون و کەیف و ئاهەنگ ئەکەن. کورە وتی: «دەک موبارک نەبێ! ئەمەیە بەری مەی خواردنەوەو ئەمەیە ئاهەنگ و رابواردن؟ من پارەش بدەم و ئاواشم بە سەر بێت؟ هەستن کاکە من شتی وا ناکەم و وا خۆم گەوج ناکەم». هەر چەندە هاواریان کرد وتیان ئەمە شتێکی وا نییە، کەلکی نەگرت و گەڕانەوە.

زۆری نەخایاند دەستە دۆستێکی‌تری لێ پەیدا بوو هەموو کورە کورەی گەڕەک بوون. هاتن وتیان ماڵ وێران ئەمە تۆ شێتیت، گەوجیت، چیت؟ ئێجگار بێ نەفسیش بەم جۆرە؟ خۆ تۆ شێخی سەنعان نیت وا خۆتت کوشتووە؟ دە هەستە با بچین چاوێکت بە دنیا بکەوێ، تەماشایەکی ئەو ناسک و نازدارانە بکە کە هەموو ئەڵێی پەرین و لە بەرگی عینساناانن. تۆزێ لە گەڵیان رابوێرە، جا ئەو وەختە ئەزانی کە بەری دنیا چەند خۆشەو ئەو ماوەیە تۆ هەموو عومری خۆتت بە خۆڕایی دۆڕاندووە. دە هەستە هەستە لە سەر ئەم عەقڵە کۆنەیە بێرە خوارەوە، با تۆزێ لە دنیا تێ بگەی. لە دڵی خۆیا وتی: لە سێ پەندەکەی باوکم هەر ئەمەیان ماوە؛ ئەوانم بە گوێ نەکردو قسەم شکاند، ئەمەیان هەر ئەبێ بە گوێی بکەم و دەست نابەم بۆ ئەم ئیشەیان.

کوڕ و کاڵ هەرچەند لە گەڵی خەریک بوون کەڵکی نەگرت و لە گەڵیان نەچوو. ئەوان زۆریان وت و ئەم کەمی بیست. بەم جۆرە لە گەڵی خەریک بوون و هەر جارە لەو قسە غەرامیانە کە پیاو ئەبزوێنێ بۆیان ئەگێڕایەوەو جار جاریش تانووتیان لێ ئەدا. تا لە ئاخرا وایان لێ کرد کە مل بێنێتە ژێر بارو لە گەڵیان بچێت. لێرەدا ئامۆژگایەکەی باوکی کەوتەوە فیکرو وتی بە لایەنی کەمەوە مادام هەر ئەچم با بە پێی ئامۆژگاریەکەی ئەو بچم. رووی تێ کردن وتی: برا دێم لە گەڵتان، بەڵام ئەبێ بیخەینە ئاخرو ئۆخری شەو، با کەس نەمانبینێ. وتیان باشە، تۆ چۆن ئەڵێیت با وابێ؛ هەر لە گەڵمان بێیت و تۆزێ بۆ خۆت خۆشی دنیا ببینیت. ئەوەشی وت: کە ئەبێ بچینە ماڵی ئافرەتێک کە لەوە جوانتر نەبێت. وتیان ئەوە لە سەر ئێمە تۆ کارت بەوەوە نەبێ.

شەوێ داهات و سێ بەشی رۆیشت. ئەمانیش هەڵسان لێیاندا رۆیشتن. کورگەل شارەزا بوون چوونە ماڵیکی ناسراو کە زۆر جوان بوو. تەقەیان دا لە قاپی. ژنە نووستبو خۆی لە ناو جێگا هەستا و هات قاپی بۆ کردنەوە. کورە کوتوپڕ «نڕنایشێکی» بەرچاو کەوت. ئافرەتێکی پیسی رەنگ زەردی گژنی نوری جوانی لە ناو چاو براو. سەر کولم و لێوەکانی کە بە رۆژ سووری ئەکردن دەرمانەکەیان لێ ببووەوە، کولم و لێوێکی پیس و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ناشیرین شوێنی گرتبوون. لەش و هەندام و سەر و بەچکی کە بە رۆژ بە هۆی دەوا و دەرمانەوە کردبوونی بە چەپکە گوڵ، ئێستا وەکو گوڕاڵکیان لێهاتبوو. بە کورتی دیمەنێکی هاتە بەرچاو گەلێ ناشیرینتر لە دیمەنی خاتوو مەیموون.

وتی ئەمەیە ئەو پەلک سەوزە کە ئەتانووت لە جوانیا شەوقی لە مانگ سەندووە. وتیان ئەوە بە رۆژ چاوت پێ نەکەوتووە؛ ئێستا لە هەموو ئیش بۆتەوەو نووستووە، لە ناو جێگەی خەوا هەستاوە، دیارە هەموو کەس کە لە خەو راست بێتەوە هەر وایە. وتی: «کاکینە! نووری جوانی ناگۆڕێ. پیاوێ کە خۆی بە پیاو بزانێ نایەت شوێنی ئەم جۆرە شتانە بکەوێ. ئەمە لە سەر قسەی ئێوە ناسک و نازدارترەکەیانە، ئەی ئاخۆ ئەبێ ئەوان چۆن بن؟ ئێستا تێگەیشتم کە باوکی من فەیلەسوف بووە کە ئەم راوێژانەی بۆ کردم. ئەوا هەر سێ پلەکەم تاقی کردەوە تێگەیشتم کە بە شوێن کەوتنی ئەوشتانە بێجگە لە پەشیمانی و نەگبەتی هیچی‌تر دەستگیری پیاو نابێ و ئەنجامی هەموویان خەسارەتمەندییە». ئەمەی وت و وتی خواتان لە گەڵ و بە شوێنەکەی خۆیا گەڕایەوە.

- ساڵێک لە «کەرکوک» لە مزگەوتی «منارەنەخشینە» یەکێک لە فەقێکان بۆ نوێژی نیوەڕۆ ئەچێ بۆ دەستنوێژ شتن. کە ئەچێتە عابخانەکە سەیر ئەکا پریاسکێکی گەورە لە سەر دیواری ئاودەستەکەیە. هەڵی ئەگرێ ئەڵێ هەتا خاوەنی پەیدا ئەبێ گوناحە نەوەک دەست یەکێک بکەوێت نەیداتەوە. هەر ئەوەندە ئەزانێ لیرەیەو لیرەیەکی زۆریشە؛ ئیتر نایکاتەوە بزانێ چەند لیرەیە. نوێژەکەی ئەکاو ئەچێتە حوجرە.

لە دەمی عەسرا تەماشا ئەکا وا کابرایەکی زلە بە هەناسە بڕکێ هات و رەنگی لە روو براوەو شپرزە بووە، خۆی کرد بە ئاو دەستەکەدا و هاتەوە دەرەوە، بە چەپۆک بەر بووە سەر و گوێلاکی خۆی و دەستی کرد بە گریان و هاوار و هاوار. خەڵکی خوا لێی کۆ بوونەوە وتیان ئەوە چییە؟ چیت لێ قەوماوە؟ وتی: «خەڵکینە بۆ خاتری خوا ماڵم کاول بوو؛ من توجارم و غەریبم، خەڵکی «حەلەب»م. بۆ جەلەب کرین هاتبووم بۆ ئەم ولاتە، هەزار لیرەم پێبوو. هاتمە سەر ئەم ئاو دەستە دەست بە ئاو بگەیەنم هەزار لیرەکەم لە سەر دیوارەکە دانا لە بیرم چوو، ئێستا کە چوومە بازار کەوتەوە فیکرم و بۆی هاتمەوە، سەیر ئەکەم نەماوە». ئەمەی وت و وەکو بارانی بەهار ئاو بە چاوانیا ئەهاتە خوارەوە.

فەقێکە فیکری کردەوەو وتی: ئەم پیاوە غەریبەو ئەم پارەیەش ئێستا بۆ من حەرامە با پێی بدەمەوە، رەنگ بێ دەست بەرێ لیرەیەکم بداتێ، ئەیدەم بە کەوایەک. ئەو لیرە حەڵاڵە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەزار لیرەی حەرام دێنێ. وتی باوکم مەگری پارەکەت ئەوەتا لای من هەڵسا چوو بۆی هێنایەوە. کابرا کە تەماشای کرد ئەو گرێیەی لێی داوە گرێیەکەی نەکراوەتەوە. پارەکەی وەر گرت و لێیدا ڕۆیشت.

بۆ ئێوارە هاتەوە بانگی فەقێکەی کرد، دەستی برد تاقە پوولێکی دایە. وتی: «فەقی! ئەو پولە بەرە گوشە شەکرێک بکڕەو خۆتی پێ بخنکێنە». فەقێ وتی مەعنای چییە؟ وتی: «مەعنای ئەوەیە من هەزار لیرەم دەست کەوێ ئەیدەمەوە». فەقێ وتی: برا من لە بەر خوا کردوومە، لە بەر پارە نەمکردووە. وتی پێت ئەڵێم بچۆ گوشە شەکرێک بکڕەو خۆتی پێ بخنکێنە.

فەقێ بە دەم فەقێتییەوە ئەگەڕا ڕێی کەوتە حەلەب. چوو لە مزگەوتێک لە لای مەلایەکی باش بە فەقێیەتی دامەزرا؛ خەریکی عیبادەت و خوێندن بوو. کۆشکێکی زۆر گەورە دراوسێی مزگەوت بوو. خاوەن کۆشکەکە ڕۆژێک هەر سێ تەلاقی ئەکەوی، دێتە لای مەلا کە بۆی چاک بکاتەوە. مەلاش ئەڵێ ئەم تەلاقە چاک نابێتەوە مەگەر بە مارە بە جاش نەبێ. کابراش قەبوڵی ناکا چونکە توجارێکی گەورەی حەلەب ئەبێ پێی ناخۆشە ئەم ناوەی بکەوێتە شوێن. ئەچێ هەموو دنیا ئەسووڕێتەوە چاری تەلاقەکەی ناکرێ و ناتوانێ دەست لە ژنەکەشی هەڵبگرێ. چار ناچار دێتەوە لای مەلای گەڕەکەی خۆیان ئەڵێ بۆم چاک کەرەوە بەڵام نابێ کەس پێ بزانێ. مەلاش ئەڵێ هەر کەس بێت هەر ئەزانرێت، من فەقێیەکی غەریبی کەس نەناسی خەڵکی ئەو وڵاتی کوردستانەم لە لایە، پیاوێکی زۆر بە دینیشە. دێنین ژنەکە لەو مارە ئەکەین شەوێک لە لای بێ و بۆ بەیانی تەڵاقی ئەدا، بەم جۆرە ڕەنگ بێ کەس پێ نەزانێ. کابرا بەم تەگبیرە ڕازی ئەبێ.

ئینجا مەلا فەقێیەکە بانگ ئەکا ئەڵێ: «ڕۆڵە، پیاوێکی گەڕەکەکەی خۆمان تەڵاقی کەوتووە ئێستا ئەمانەوێ بە تەحلیل چاکی بکەینەوە، لە تۆمان باشتر و ڕەزا سووکتر نەدیوەتەوە. من ژنەکەت لێ مارە ئەکەم و سەد لیرەشت لە کابرا بۆ وەر ئەگرم، ئیمشەو لە لای ئەبی و بەیانی تەڵاقی ئەدەی، با کەسیش بەم کەین و بەینە نەزانێ». فەقێ بەم معامەلەیە ڕازی ئەبێ.

ئەکەوێتە ئێوارە مەلا مجەورەکەو خۆێ ئەبن بە شاهێد و ژنەکە لە فەقێ مارە ئەکا. مێردی ژنەکەش لەوێ ئەبێ؛ پیاوێکی بە دیمەن و بۆشناخ ئەبێ. مەلا بە فەقێکە ئەڵێ: ئەمە مێردی ژنەکەیە، کە کەوتە بەیانی سەد لیرەکەت بۆ دێنی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەقێکە تەماشای کابرا ئەکا ئەبینێ ئەمە کابراکەیە کە لە کەرکوک کیسە پارەکەی لێ جێماوە لە پاشا پولێکی دایێ وتی خۆتی پێ بخنکێنە. زۆر سەری سوورما، بەڵام کابرا ئەم ناناسێتەوە. ژنەکەش کە لەوێ ئەبێ، چاوی بە فەقێ ئەکەوێ سەیر ئەکا پیاوێکی لاو چاک و شۆخ و شەنگە ئەچێتە دڵیەوە. خێرا ئەنێری دەستێ جلی نایابی بۆ ئەبەن بۆ حەمام و بە فەقێش ئەڵێن بچۆرە حەمام. فەقێ ئەچێتە حەمام خۆی تاس و لووس ئەداو دەستە جلێ لە بەر ئەکاو ئەچێتە لای ژنە، وەکو پادشا زادەیەک بچێتە ژوورەوە ئاوا ئەبێ. ئەو شەوە لە گەڵ ژنەدا رائەبوێرێ و ژنە فەقێی بە تەواوی ئەچێتە دڵیەوە.

لە بەری بەیانا فەقێ هەناسەیەک هەڵئەکێشێ ژنە ئەڵێ: بۆچی ئەو هەناسەت هەڵکێشا؟ فەقێ ئەڵێ هیچ خەیاڵێک بوو کردمەوە. ژنە وتی: نابێ، ئەبێ پێم بڵێیت. ئەڵێ: «فلانی ئەم کابرای مێردی تووە ساڵێک هاتە کەرکوک؛ ولاتی ئێمە. هەزار لیرەی لە سەر دیواری عابخانەی مزگەوتێک لە بیر چوو، من دۆزیمەوەو پێم دایەوە. لە پاشا دەستی برد پولێکی دامێ و وتی بچۆ بیدە گوشە شەکرێک و خۆتی پێ بخنکێنە، وتم بۆچی؟ وتی: یەکێ هەزار لیرەی دەست کەوێ ئەیداتەوە؟ ئەو وەختە واو ئێستەش وەها». ژنە وتی هەروا؟ وتی بەڵێ. وتی: «کەواتە ئەم ماڵ و دەوڵەتە کە تۆ ئەیبینی هیچی هی ئەو نییە، هەمووی هی خۆمە. وە ئێستا منیش بە شەرع ژنی تۆم و تۆیشم ئەوێ. تۆ ئیتر من تەڵاق مەدە، بەیانی کە هات بۆ ئێرە تۆیش دەست بەرە پولێکی بۆی فڕێ دە بڵێ بیدە بە گوشە شەکرێک خۆتی پێ بخنکینە. بەم جۆرە تۆڵەی خۆتی لێ بکەرەوە». فەقێ وتی: جا بە راستتە؟ وتی: ئا. بەیانی هەر لە گەڵ مەلا بانگدانا کابرای کۆنە مێرد هەڵسا چوو بۆ مزگەوت و چاوەڕێی ئەوەی ئەکرد فەقێ بێتەوە بۆ مزگەوت و ژنەکە تەڵاق بدا. فەقێ هەر دیار نەبوو؛ هەتاو کەوت فەقێ نەبوو؛ کابرا چووە لای مامۆستاکەی. مامۆستا مجەورەکەی نارد بە شوێنیا. ئەمیش وتی: «ماڵی خۆمەو ئێستا ئارەزوو ناکەم بێمە دەرەوە».

کابرا ئاگری تێبەر بوو، هات بۆ ماڵەکەی خۆی. خانم وتی قاپی لێداخەن، مەیەڵن بێتە ژوورەوە. کابرا سەیری کرد قاپی لێ داخراوە، هەر لە دوورەوە بانگی فەقێی کرد وتی: هەڵسە وەرە ئیشم پێتە. فەقێ هیچ جوابی نەدایەوە. لە ئاخرا فەقێ لە پەنجەرەی کۆشکەکەوە پوولێکی بۆ فڕیداو وتی: «ئەو پوولە بەرە بیدە بە گوشە شەکرێک و خۆتی پێ بخنکێنە». کابرا کە ئەمەی بیست پەنجەی خۆی برد بە دەماو کەوتە فیکر کە ئەمە فەقێیەکەی کەرکوکە کە وەختی خۆی ئەم جەورێکی وای لە گەڵ نواند. بانگی کرد: «فەقێ من کردم تۆ نەیکەی». وتی: هەر ئەوەتا پێت ئەڵێم بچۆ ئەو پوولە بەرە گوشە شەکرێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


پێ بکرە خۆتی پێ بخنکێنە. ئیتر جارێکی‌تر سەری نەکردەوە بەو قاپیەداو فەقێ کەوت بە سەر ئەو خەزنەو ماڵەدا.

- پیاوێک هەبوو لە شاری «سنە» زۆر دەوڵەمەند بوو. تەنها تاقە کوڕێکی هەبوو ئەویشی زۆر خۆش ئەویست، هەر شتێکی ئەکرد بێدڵی نەئەکرد. کوڕەکەش لە پارە خەرج کردن و ئاهەنگ گرتن -خوا هەقە- دریغی نەئەکرد؛ هەر رۆژێ دەستەیەکی کۆ ئەکردەوە ئەیبردن بۆ سەیران و گەڕان؛ بە هەموو جۆر پارەی بۆ خەرج ئەکردن. هەر شەوە کۆمەڵێکی‌تری کۆ ئەکردەوە ئەیهێنایە ماڵەوە، هەموو چەشنە خواردنێکی بۆ درووست ئەکردن و بە چاکتر خزمەت، خزمەتی ئەکردن.

هەر چەندە باوکەکەی پێی ئەوت: رۆڵە، تۆ ئەم ماڵ و پارەیە بۆچی وا ئەدەی بە دار و بەردا؟ ئەیووت «بابە ئەمانە هەموو هاوڕێ و دۆست و برادەری منن. پارەیەک لە ڕێگەی دۆست و برادەر نەبێ، بۆچی چاکە؟» باوکی ئەیووت: «رۆڵە، دۆست ئەوەیە بۆ رۆژی تەنگانە بە کەڵک بێ نەک لە رۆژی پاروو داگرتنا هاوشان بێ. من ئەمە حەفتا ساڵم عومرە، چوار یەکێکی تۆ دۆست و رەفیقم نییە. نازانم تۆ هێشتا تازە خەتی سەوز بە لێوتەوە ئالاوە، [چۆن] ئەم هەموو دۆست و برادەرەت پێکەوە ناوە».

کوڕە ئەم قسانەی هیچ نەئەچوو بە گوێیدا. رۆژ بە رۆژ زیاتر تەخشان و پەخشانی ئەکرد و هەموو جاریش ئەیووت بە باوکەکەی: «تۆ نەتزانیوە چۆن دۆست راگری؛ ئەمانە کە من هەمە هەموو دۆستی رۆژی لێقەوماومانن».

باوکە ئیتر لە وزەیا نەماو دڵیشی نەئەهات دڵی کوڕەکەی بڕەنجێنێ. ئەوا ئەم کوڕەش بەم جۆرە بینی پێوە بنێ دوو ساڵی‌تری پێ ناچێ پوولێکی بە دەستەوە نایەڵێ و هەچ ئامۆژگاریەکیشی ئەکا وەکوو نەخشی سەر ئاو وایە. ئاخری رۆژێک پێی وت: «رۆڵە، لەم عومری حەفتا ساڵیدا -کە پێم تێناوە- تەنها دۆست و نیوێکم هەیە؛ تۆیش وا بەم بیست ساڵ عومرە زیاتر لە سەد دۆست و برادەرت هەیە. وەرە با تاقیان بکەینەوە بزانین چۆنن؟»

کوڕە وتی: باشە.

کەوتە پاش نوێژی خەوتنان باوکەکە هێنای مەڕێکی سەر بڕی. هەروا بە خوێنەکەیەوە خستیە تابووتێکەوەو مەوجێکی دا بە سەریا. بە کوڕەکەی وت هەستە با بڕۆین بۆ ماڵی برادەرەکانت. کوڕە شوێنێ کەوت گەیشتنە بەر قاپی یەکێ لە برادەرەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

تەقەیان دا لە قاپی. کابرای برادەری هاتە دەرگاو وتی کێیە؟ کوڕەش وتی منم. دەرگاکەی لێ کردەوە. ئای فلان کەس ئەوە تۆی! یاخوا بە خێر بێن دەفەرموو وەرنە ژوورەوە.

باوکەکە وتی: «وەختی هاتنە ژوورەوە نییە ئیشێکی خراپ قەوماوە». برادەر وتی: خێر بێ، چییە؟ وتی «وەڵلا فلانی! حەمە ئەم ئێوارەیە [بە] قەزاو قەدەر پیاوێکی کووشتووە. ئێستا لاشەکەمان هێناوەتە ماڵی خۆمان و نەمانهێشتووە کەس بزانێ؛ بە دەستییەوە داماوین. لە پاشا حەمە وتی بابە ئەمەی پێ ناوێ فلان کەس رەفیقمە ئەچین پێی ئەڵێین ئەویش بێت لە گەڵمان پێکەوە لاشەکە ئەبەین بۆ سەر قەبران، تا نەکەوتۆتە بەیانی ئەینێژین. ئەوە ئێستا ئێمەش هاتووین. جا لە گەڵمان وەرە بەڵکوو رزگارمان بێت».

کوڕەی برادەر هەر ئەمەی بیست ناو چاوێکی دا بە یەکاو وتی: «ئەتانەوێ تووشی گۆبەندێکم بکەن؟ نەدێم و نە هیچیش. بڕۆن خواتان لەگەڵ!» ئیتر دەرگای داخست و چووە ژوورەوە.

باوکەکە وتی بە کوڕەکەی رۆڵە قەیدی نییە با بچین بۆ لای یەکێکی تریان. چوون و لە گەڵ ئەویشا هەروەکوو خۆیان گەڕانەوە. ئەو شەوە تا بەیانی بە هەموو برادەرەکانا گەڕان، یەکیان نەبوو بڵێت باشە لە گەڵتان دێم؛ هەموو قاپیان داخستەوەو چوونە ژوورەوەو وتیان «تەماتانە تووشی گۆبەندیکمان بکەن؟»

کەوتە شەوی دوایی باوکەکە وتی: رۆڵە کەسی‌تر ماوە لە دۆست و برادەرەکانت؟ وتی: ناوەڵا کەس نەماوە هەموویان چووین. ئینجا باوکەکە وتی: «دە رۆڵە، وەرە من لەم عومرە پان و درێژە کە کردوومە تەنها برادەرو نیوێکم هەیە با بچین ئەوانیش تاقی بکەینەوە». کوڕە وتی: باشە.

پاش نوێژی خەوتنان هەڵسان چوونە ماڵی نیوە برادەرەکە، تەقەیان دا لە دەرگا. خاوەن ماڵ هات وتی کێیە؟ کابرا وتی منم دەرگا بکەرەوە. کە دەرگای کردەوە وتی: «ها فلانی یا خوا بەخێر بێن! ئەوە چۆن بووە وا بەم نیوە شەوەدا تەشریفتان هێناوە؟ فەرموونە ژوورەوە». کابرا وتی: «فلانی وەختی ژوورەوە نییە، حەمەی خزمەتکارت قەزاو قەدەر ئەم ئێوارەیە پیاوێکی کوشتووە؛ هێناومانەتە حەوشەکەی خۆمان کەس پێی نەزانیوە بە دەستییەوە داماوین. ئێستاکە هیچ چارم نەدۆزییەوە ئەوە نەبێ کە هاتین بە شوێن تۆدا بێیت لە گەڵمان بچین بۆ سەر قەبران و لە کۆڵی بکەینەوەو لەم بەڵایە رزگارمان ببێ تا کەس نەیزانیوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا تۆزێ فکری کردەوەو لە پاشا وتی: «فلانی ئێستا تازە درەنگە ئەترسم تووشی هەرایەک ببین. من وای بە چاک ئەزانم بچین تەرمەکە بێنینە ئێرە لە حەوشەی ئێمەدا چاڵێکی بۆ هەڵئەکەنین ئەیخەینە چاڵەکەوە دایئەپۆشین و رزگارمان ئەبێ».

باوکەکە وتی: نابێ هەر ئەبێ بیبەین بۆ سەر قەبران لەوێ بینێژین. لە پاش قسە کردنێکی زۆر پیاوەکە زانی باوکەکە بەو جۆرە رازی نابێ، وتی: «بە خوا فلانی ناوێرم لە گەڵتان بێم بۆ سەر قەبران. ئەگەر ئەتەوێ ئەیهێنینە ئێرە لای من ئەیشارینەوە، ئەگەر ناشتەوێ ناتوانم بێم بۆ سەر قەبران؛ ئەزانم ئەکەوینە گیری حوکومەت». باوکەکە وتی: سەر قەبران نەبێ منیش ناتوانم بیهێنمە ئێرەو هەڵسان هاتنە دەرەوە.

رووی کردە کورەکەی وتی: رۆڵە ئەمە نیوە رەفیقەکەم بوو. ئینجا با بچین بۆ لای رەفیقەکەم.

شەو زۆر درەنگ بوو، بەری بەیان بوو چوونە بەر ماڵی رەفیق و لە دەرگایان دا. کابرای رەفیق لە گەڵ ماڵ و منالیا لە ناو جێگەدا نووستبوون، گوێی لە تەقەی قاپێ بوو هەر وا بە بێ ئەوە خۆی کۆکاتەوە هات وتی: کێیە؟ باوکەکە وتی: منم. خێرا قاپی بۆ کردەوە وتی: «ئای فلانی ئەوە خێرە چی قەوماوە وا بەم نیوە شەوە تەشریفتان هێناوە؟ دە فەرموونە ژوورەوە فەرموون». باوکە وتی: وەختی هاتنە ژوورەوە نییە شەو درەنگە، ئیمرۆ حەمەی خزمەتکارت قەزاو قەدەر پیاوێکی کوشتووە، ئێستا ئەوەتا لە حەوشەکەی خۆمانە، هاتووین بە شوێن تۆدا لە گەڵمان بێیت بچین بیبەین بۆ سەر قەبران بینێژین تا رۆژ نەبۆتەوەو کەس نەیزانیوە.

کابرا وتی: وەرنە ژوورەوە پێتان ئەڵێم. ئەمانیش چوونە ژوورەوە. ئنجا کابرا چوو خۆی پۆشتە کردەوە بە بێ ئەوەی ئەمان بزانن سێ کوری هەبوو لە خەو هەڵیساندن، هەموو تفەنگ وفیشەکیان دا لە خۆیان و هاتەوە لای مێوانەکان.

پیاوەکە رووی کردە باوکەکەو وتی: «تۆ پیاوێکی خراپی، شتێکی وا ئەوەی ئەهێنا کە تۆ ئاوا بۆی بکەویتە پەلەو نارەحەتییەوە؟ ئەبوایە هەر لە ماڵەوە منداڵێکت بناردایە خەبەری پێ بدامایەو هیچی‌تر. ئێستەش ئێوە ئەبێ لەم شوێنە نەبزوون، من ئەوا خۆم و هەرسێ کورەکەم ئەچین تەرمەکە ئەبەین بۆ سەر قەبران و ئەینێژین. ئەگەر ئاسمان بێتە رێمان ئەیهێنینە خوارەوە. تا ئێمە هەر چوارمان نەکوژرێین ناهێڵین خوێن لە لوتی بەرەی ئێوە بێتە خوارەوە»و لێیاندا رۆیشتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کە ئەوان دەرچوون باوک و کوڕەکەش هەڵسان دوور ونزیک چوون بە شوێنیانا. سەیریان کرد ئەوا ئەوان چوونە ماڵەوە، دوو کەسیان تابوتەکەیان هەڵگرت یەکێکیان بە تفەنگەوە کەوتە پێش و یەکێکیشیان کەوتە پاشیان، هەر بەو شەوە تەرمیان برد بۆ سەر قەبران و چاڵیان بۆ هەڵکەند. لەو وەختەدا کە ویستیان بیخەنە چاڵەکەوە، باوکەکە چوو ناوچەوانی ڕەفیقەکەی خۆی ماچ کردو وتی: «بەسە ئیتر بۆم دەرکەوت. ئەم تەرمەش هیچ نییە، مەڕە کوشتوومەتەوە. ئەمە ویستم دەرزێک بەم کوڕەی خۆم بڵێم و هەموو کارەساتەکەی بۆ گێڕایەوە». ئینجا ڕووی کردە کوڕەکەی خۆی و وتی: «ڕۆڵە! ئیتر ئایا بۆت دەرکەوت کە دۆست و برادەر کامەیەو کامەنییە؟»

کوڕە وتی: «بابە هەموو شتێکم وەرگرت، ئەگەر پیاو بم ئیتر ئەزانم کێ دۆستەو کێ پاروو خۆرە». وتی: «ڕۆڵە، دۆست و هاوڕێ ئەوەیە لە وەختی لێقەومانا فریات کەوێ؛ ئەگینا لە وەختی شێنەییدا دوژمنیش هەر دۆستە. دۆست ئەوەیە گیانی خۆی لە پێناوتا بدۆڕێنێ نە وەک هەر لە ڕۆژی خۆشیا بە دەورتا بێ. ئەوە نیوە دۆستەکەی من بوو کە توانی لاشەکە لە ماڵەکەی خۆیا بشارێتەوە. بەڵام کە هاتە سەر خەتەری گیانی نەیتوانی بمانپەڕێنێتەوە. دۆستی تەواویش ئەوە بوو کە چاوت پێکەوت گیان و ماڵی خۆی و کوڕی دانا لە پێناو منا. جا ئایا دۆستەکانی تۆش ئاوا بوون کە هەموو جار هاوارم لێ ئەکردی و بە گوێت نە ئەکردم؟»

– دەوری پێشوو دەوری باز گەردانی بوو؛ باز بنیشتایە بە سەر هەر کەسێکەوە ئەبوو بە پادشا. دوو پیاوی کورد لەو ولاتی کوردەواریە هەر لە تافی منالی و هەرزەکارییەوە ڕۆژگاریان پێکەوە ڕابواردوو. پایز داهاتبوو لە جوت و کێشەو سەپانی بووبوونەوە، ئەچوون بۆ شار شتومەکی زستانە بکڕن بۆ خۆیان و ماڵ و منالیان. گەیشتنە سەر کانیەکەی «کانیماران» لەوێ تۆزێ دانیشتن بۆ حەسانەوەو کەوتنە دەمە تەقێ. بیستبوویان کە لە شار باز گەردانە؛ هەروا بە دەم قسەوە، قسەیان هاتە سەر ئەوە کە یەکێکیان بەوی کەیانی وت: «ئەرێ ئەگەر ئێستا ئێمە چووینە ئەم شارەو باز هات بە سەر تۆوە نیشتەوەو بوویت بە پادشا چی ئەکەیت؟» وتی: «وەڵا ئەوی چاکەو داد پەرەستییە ئەوە ئەکەم. هەر شتێ خوا حەزی لێ نەکا ئەوە لا ئەبەم و هەر شتێ خوا پێی خۆش بێ ئەوە ئەکەم لە گەڵ مەردم و توودەی ولاتا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئنجا ئەو لەوی پرسی وتی: ئەی ئەگەر باز نیشت بە سەر تۆوەوەو تۆ بوویت بە پادشا چی ئەکەی؟ وتی: «وەڵا برا ئەوی راستی بێ، لە خراپە بەو لاوە هیچیتر ناکەم. ئەوی ستەم و جەورە ئەوە بلاو ئەکەمەوە، ئەوی خوا حەزی لێ نەکا ئەوە ئەکەم لە گەڵ خەڵکا». وتی: کورە چۆن شتی وا ئەبێ؟ وتی: دلی من ئەوەی ئەوێ، ئەگەر بووم بە پادشا لە وەی کە وتوومە لێی لا نا دەم، ئەگەر نەشبووم ئەوا هیچ. بەم جۆرە هەر دووکیان پەیمانیان بەست و هەستان لێیاندا رۆیشتن.

کە چوون لە قەراخ شار حەشاماتێکی زۆر کۆ بۆتەوەو باز بە عاسمانەوە ئەسوورێتەوە، ئەمانیش چوون لە گۆشەیەکەوە بۆ خۆیان راوەستان. باز هات و چوو گەڕا لە ئاخرا خول خول هات نیشت بە سەر ئەوەیانەوە کە وتبووی من لە خراپە بەو لاوە هیچیترنا کەم. جوان وپوخت بردیان و لە سەر تەخت دایاناو بوو بە پادشا.

ئیتر ئەمیش بەرە بەرەو وردە وردە دەستیدا بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بیر و باوەڕانەی کە هەیبوو لە زۆرو ستەم و لە جەور و خراپەی هەموو خەڵکی ولات و قەڵەمڕەو بە تەنگ هاتن. ئەویش رۆژ بە رۆژ هەر روو لە زیادی بوو؛ وای لێهات بە هیچ جۆر بەزەیی لە لا نەماو وەکو گا کوژ کەوتە ناو ئەو عالەمەوە.

رۆژێک ئیشێکی فرەناشیرین و ستەمکارانەی داهێناو دای بە شانی هەموو ئەهلی ولاتەکەدا، وتی ئەبی ئەم ئیشەبکەن. کردنی ئیشەکە لە وزەی ئەهلی ولاتەکەدا نەبوو، کۆ بوونەوە کەوتنە قسە لێوە کردنی. کەوتنە ئەوەکە بەڵکو ئیشێکی وا بکەن پادشا ئەم ستەمە ناهەموارەیان لە سەر لابا.

لە هەر رێگەیکەوە بۆی ئەچوون، کەڵکی نەبوو، ئاخر قسەیان هاتە سەر ئەوە وتیان پادشا لە وەختی خۆیا هاورێیەکی هەبووە. بچین بەڵکو بیدۆزینەوەو بینێرینە لای ئەو تکای لێ بکا و بە تکاکەی ئەو ئەم ستەمەمان لە سەر هەڵبگرێ.

چوون و بە هەر جۆر بوو کابرایان دۆزیەوەو پێیان وت: کابراش وتی باوکم، من ئێستە پیاوێکی سەپانی هەژارم و ئەو پادشایەکی گەورەیە، نە ئەمناسێ و نە رێگەشم ئەدەن بچمە لای. بە هەر زۆر و خواهێشتێک بوو کابرایان ساز کرد و هەڵسا چوو. کە چووە بەر بارەگا رای سپارد بە پادشا بڵێن فلان کەسێک هاتووە بۆ لای ئایا دەرفەت هەیە چاوی پێ بکەوی؟پادشا هەر کە گوێی لە ناوی فلان کەس بوو هەستاو تا بەردەرگای حەوشە چوو بە پێشوازییەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو جلێکی شروڕیشی لە بەر بوو، باوەشی کردە ملی و ئەملاو ئەو لای ماچ کرد و بردیە ژوورەوە و لە تەنیشت تەختەکەی خۆی دانا. پادشا زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرزەنشتی کرد کە بۆچی ئەم ماوە دوورو درێژە دیار نەبووە؟ بۆچی ئەبێ دۆستایەتی و ڕەفاقەتی کۆنی لە فیکر چوویێتەوە.

کابرای هاوڕێ پێی وت: برام، تۆ ئێستە پادشای ولاتێکی زلیت، من هەر کابرا سەپانەکەی جارانم. کێ من ئەناسێ و کێ ڕێگەی من ئەدا کە بگەمە لای تۆ؟ تۆ پادشاو من سەپان، ئەمە هەر ڕێک ناکەوێ و ئابڕووی تۆش نابەم.

پادشا لەمە زۆر دڵی تەنگ بوو، وتی: «برام من و تۆ هەر هاوڕێکەی جارانین. وە نەبێ من خۆمم لێ گۆڕابێ، زەمان منی کردووە بە پادشا، بەڵام دۆستایەتیەکەم لە گەڵ تۆدا هەر سەپانەکەی جارانین».

گەلێک لەم قسانەو لەم گلەیی و بناشتەیان کرد و پاشان کابرا ڕووی کردە پادشا و وتی کەواتە ئێستە من بۆ ئیشێک هاتوومەتە لای تۆ. پاشا وتی: فەرموو. وتی: «تۆ لەو وەختەوە بوویت بە پادشا تا ئێستا گەلی ستەم و جەورت لە گەڵ ئەم خەڵکەدا نواندووەو هەمووشیان لێ وەرگرتوویت. ئێستا ئیشێکی‌تری زۆر زلەت داوە بە سەریانا کە لە وزەی کەسیانا نییەو ستەمێکی زۆر ناهەمووارە. من هاتوومەتە لات بۆ تکای ئەوە کە ئەم تاقە ستەمەیان لە بەر ئەو دۆستایەتییە کە لە بەینمانا هەیە لە سەرلابەری».

پادشا تۆزێ سەری داخست و لە پاشا سەری بەرز کردەوە وتی: «کاکە برا! کە من و تۆ ئەهاتین بۆ ئەم شارەو لە سەر کانییەکە دانیشتین و هەندێ قسەمان کرد ئەو قسانەت لە فیکر ماوە؟» وتی: «بەڵێ». وتی: چی بوون؟ وتی: «من وتم ئەگەر ببم بە پادشا لە چاکە بەو لاوە هیچی‌تر ناکەم وە تۆیش وتت ئەگەر من ببم بە پادشا لە خراپە بەو لاوە هیچی‌تر ناکەم». وتی: کەسی‌تر لە بەینمانا بوو؟ وتی: بێجگە لە خوا کەسی‌تر نەبوو. وتی: خۆ خوا زۆر چاک گوێی لە قسەکەمان بوو؟ وتی: بەڵێ. وتی: «ئەوە بوو، بە ڕێ کەوتین و هاتین. پاشان من بووم بە پادشا، وە وایش ئەزانم کە خوا کردمی، وە بۆ ئەوەشی کردووم کە ئیشی خراپەو جەور و ستەم بکەم لەگەڵ ئەم خەڵکەدا. چونکە ئەگەر بیویستایە چاکەیان لەگەڵ بکرێ ئەهات تۆی ئەکرد بە پادشایان. دیارە کە منی کردووە وا ئەگەیەنێ ئەمانە خراپن هەر شایانی خراپەن. ئەگەر چاک بوونایە، شایانی چاکە ئەبوون، ئەو وەختە تۆ ئەبووی بە پادشایان. کەواتە هیچ لەم ڕووەوە رووم لێ مەنێ و ناتوانم لەم ستەمە کە خستوومە سەر شانیان دەست هەڵبگرم. هەر وەخت کە شایانی ستەم نەبوون و پاک بوونەوە بێشک بزانە کە خوا من لە سەریان لا ئەبا و یەکێکی وەک تۆ ئەکا بە پادشایان».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرای هاوڕێ کە ئەم قسانەی بیست ئیتر هەڵسا ماڵاوایی لێ کرد بە شوێنەکەی خۆیا گەڕایەوە.

- کابرایەک لە خانەدانێکی زۆر گەورە ماڵ و مڵکێکی فراوانی بە میراتی بۆ مابووەوە، بەڵام نەیئەتوانی بە خێوی بکا و بیهێنێتە بەرهەم. رۆژێک لە دیواخان دانیشتبوون لە گەڵ کوڕە گەورەکەی ئەم قسانەیان دەکرد: رووی کردە کوڕەکەی وتی: «مڵکانەی پێنج شەش دێمان کە لە لای مسکێنەکانە هەتا ئێستە چەند جارم پێ وتی بچۆ وەریگرە، بۆچی نەچووی؟» کوڕە وتی: «هێشتا نەچووم، دوو سێ رۆژی دیکە ئەچم وەریئەگرم، قەیچی ئەکا؟»

باوک: «ئەی دێ "کانی پان"مان داوە بە کوێخا بەکر بە ئیجارە، دوو مانگە لە پسوولەکەی تێ پەڕیوە بۆچی نەچووی پارەکەی وەربگری؟ هیچمان نییە خەرجی کەین دە بچۆ وەری بگرە».

کوڕ: جارێ نەمکرپیوە، پەلەت چییە بە شێنەیی ئەیکرم. ئینجا باوکە- بابەعەلی تەکیەیی لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو رووی تێ کرد- وتی: «بە خوا یا شێخ وەجاخم کوێرە». بابەعەلیش پێی وت: «بە خوا ئاغا! ناشوکری نەبێ باوکی رەحمەتیش هەر وەجاخی کوێر بوو».

- یەکێ لە شێخەکانی «کەسنەزان» ئەچێتە ماڵی «خدر وەیس» سەرۆکی خێڵی «ئالیبەگی». کابرای شێخە ئێجگار زۆر بڵێ و ئەوەش فرە ناشیرین و بێ فەڕ ئەبێ. لە دوای گەڕانەوەی «خدروەیس» باسی ئەکاو ئەڵێ: «شێخی چی؟ شێخ شڕ ددانێ، گای ماسیاگ چاوێ، گون سەر شەکە نیرێ، مس قوپیاگ دەمێ، جاش گەمە کەر لوتی، توک بن گون ریشێ».

- لە دەورو بەری «موسڵ» دوو گوند هەبوون یەکێکیان کوردی تیا دائەنیشت، یەکێکیان عەرەب. عەرەبەکان ماڵاتەکەیان کردبووە ناو کشت و کاڵی کوردەکانەوە. کوردەکان چوونە لای مەلاکەی خۆیان کاغەزێکیان بۆ بنوسێ بۆ عەرەبەکان کە جارێکیکە ئیشی وا نەکەنەوە. ئەویش ئەم کاغەزەی بۆ نووسین: «عەرەبەکان! الی اختی ارو مختار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


قریتکم، قد دخل فی زراعتنا گاو گۆلککم، لولا پیرو ریش سپیکم لقطعنا دەم و لووتی گاوانکم».

- یەکێ لە بەراز خۆرەکان ئەمرێت. مەلاکەیان ئەچێتە سەر گۆڕەکەی تەلـقینی ئەدا، ئەڵێ: «حەقلی حەقان حەق لێ نەدا، مەنسوورهەلاج چەک لێ نەدا، گاکۆل داود شاخ لێ نەدا سەگەل سونی قەپ لێ نەدا».

- ڕۆژێک لە دێیەکی بلباسەتی مەلاکەیان نەخۆش بوو. ریش سپیەکیان هەبوو زۆر پیاوێکی بە دین و لە خوا ترس بوو، هەموو دەمێ حازری جمعەو جەماعەت بوو؛ چووە سەر بانی مزگەوت لە باتی مەلا دەستی کرد بە بانگ دان «اشهد ان لا اله الا اللّه» لە بەری بوو، لەوە بە دواوە لە بیری چۆوە. هات هات چووە سەر بانەکەی خۆیان لە کلاو ڕۆژنەکەوە بانگی ژنەکەی خۆی کرد وتی: «ئەستێلێ، ئەستێلێ!» ژنە وتی: «هۆ هۆ» وتی: «ئەرێ کچەکە نێوی ئامۆزاکەی خولای چی بوو؟» وتی: «چلۆن لە بیرت چووەوە؟ حەمەدی کاک ڕێسوان». وتی: «ئەرێ وەڵڵا ڕەحمەت لە بابت! وە بیرم هاتەوە». فڕکەی کردەوە سەربانی مزگەوتەکەو بانگەکەی بەم جۆرە تەواو کرد و پاشان وتی: «بۆ دایک و بابی خولای حەمەدی ڕێسوان، ئیمامی مزگەوتان، هەموو تایفەو خزمان، ریش سپیانی بن ئاشان، پیاو ماقوولی گوندیمان، شوان و گاوانی دەشتیمان، پیرێژنی بەر کەندوان، پیرەمێردی دەستە دووان، خازەو بازەی ماڵێمان فاحیتە».

- کابرایی مەرگەیی لە مەلایەک ئەپرسێ ئەڵێ: «تو خوا مامۆستا هەر دەڵێن پردی سیراتی هەیە ئەوە چۆنە؟» مەلایش ئەڵێ: «مام هۆمەر کتێبان دەفەرموێ پردی سیرات لە مەشرەقان هەتا مەغریبان درێژە، لە موو باریکترو لە شیر تیژترە؛ بە قەدەر سەد کێوی لە سەر یەک دانێ هێندە بەرزە، جەحەنەمیش لە ژێریدایە، یەعنی پردەکە بە سەر جەحەنەمیدا ڕاکشێنراوە».

مام هۆمەر کە ئەمەی بیست ئەڵێ: «مامۆستا ئەبێ بە سەریدا بڕۆین». ماموستا فەرمووی: بەڵێ کتێبان وا دەفەرموێ دەبێ هەموومان بە سەریدا بڕۆین. ئەویش وتی: «مامۆستا، پێی ناوێ؛ بە گۆڕە بابم ڕمبە لە بنیەوە هەڵدەستێنم»؛ واتە ئەکەومە ناوی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کوڕە کوێخایەکی کورد ئەیخوێند؛ مەلاکە فێری حیسابی کردبوو. ئێوارەیەک باوکی لێی پرسیێ: ڕۆڵە فێری حیساب بووی بۆ باوکت؟ وتی: بەڵێ. باوکی وتی: ئادەی بزانم. وتی: هەستونی دەوار، یەکە؛ چاکڵەی گوریس دووە؛ سێ پای مەشکە، سێیە؛ دوو چاکڵە بە قنگی یەکەوە، چوارە؛ کوچەڵە، پێنجە؛ دەستەی دووی جووتیار، شەشە؛ لنگەو ژوور، حەوتە؛ لنگەو خوار کەوتوو، هەشتە؛ سەر مێکوتەی ناو ئاو، نۆیە؛ هەستوونێک کوچەڵەی لە پێشەوە دانرابێ، دەیە».

- کابرایەکی هەورامی وتی: «ئیمرۆ هەنی فرەم واردەن». کابرای هاوڕێی وتی: «جەکۆگە یانەت ویران بۆ؟» وتی: «جەماڵو سانی؛ سان جەباڵەخانەکەنە مەواردش، توێکڵەکەش فڕێ مەدا، زۆرابوو خزمەتکاری مەکڕانەوە، منیج کڕناو کڕناوم کەردەن»؛ هەنی شوتییە.

- کابرایەکی کورد کچێکی هەبوو. بەیانیەک زوو کچە لە خەو هەڵساو رووی کردە دایکی وتی: دایە ئای ئیمشەو خەوێکی چەند خۆشم دی. دایکی وتی: «یا خوا سفەت قول هو اللّه وێ ناوێ لا اله الا اللّه وێ و بۆ حەمەد رەسول اللّه وێ! ئادەی رۆڵە بیگێڕەوە». وتی: «دایە لە خەوما شتێک تیاما ئەهاتوو ئەچوو، ئەوەندە خۆش بوو ئەوەندە خۆش بوو، لە هەنگوین و رۆنەکەی ماڵی لالەم فرە خۆشتر بوو».

ژنە بانگی کردە مێردەکەی وتی: بێرەوە کچەکەمان خەوێکی فرە خاسی دیگە ماشەڵڵا! باوکی لە کچەی پرسی چیت دیووە؟ وتی بابە لە خەوما شتێک تیاما ئەهاتو ئەچوو ئەوەندە خۆش بوو، لە هەنگوین و رۆنەکەی ماڵی لالەم فرە خۆشتر بوو. باوکی وتی: چەتیو ئەوە کێر نەبووبێ؟

وتی: بابە دەنگ مەکە، بۆچی وا ئەزانی کێرم نەدیگە؟ باوکی وتی ئادەی بزانم چۆنە؟ وتی: «بابە، کێر-کێری فەتەی مامە- سوورێکی مل دابڕیاگی بەرچەناکە تاشریاگە. گشت جار لە لای ران ئەینیا دەر. ئینجا باوە ڤرڤنگ ڤرڤنگ، تیرەتیف تیرەتیف مانگا لە کێفەوە بە قۆڕە قۆڕ ئەهاتەوە. مەشکە لە کەیبانوو شێت ئەبوو، ژلەژە ئەکەوتە ئەوی. ئیتر خۆش بوو، های خۆش بوو».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حسێن‌بەگی‌حەسەن‌بەگی‌جاف گێڕایەوە وتی ساڵێک لە سەر بەردە نوێژەکانی «کانی‌پانکە» نوێژم ئەکرد. هەندێ کوڕکارەی جاف هاتنە ئەوێ، یەکێکیان پرسی ئەرێ کوڕینە دەنگو باسی حوکمەتەکان چییە؟ کابرایەکی بۆزەڵە هەڵی دایە وتی: «برا من پێت بێژم؛ ئەو حوکومەتە فێڵبازە کە لاقێکی لە میسر دانیاگە، قاچێکی لە ئێران، دارێکیشی بە دەستەوەیە لە هیندستان هێزی خۆی خستگەسە سەری، ئەوا هێندە هەڕەیەکی هاورد دارەکەی بڕیەوە بە لادا کەوت، ئێرانیش قاچێکی شکاند. ئەوا لە میسریش خەریکە قاچەکەی‌تری ئەشکێنێ. تەنها لاشەکەی لای ئێمەیە مەگەر سلۆت بیخوا».

- دەوری زوو کابرایەکی هەجیجی دێتە بناری شارەزور ڕەقەیەک لە قەراخی چەمی «دەلێن» ئەدۆزێتەوە؛ گورج هەڵی ئەگرێ ئەیخاتە ناو هەمانەکەوە. کە لە کۆڵیایە. ئەیباتەوە بە دیاری بۆ فەریدون‌بەگ. ئەویش نازانێ ئەمە چییە، پێنج شەش پیاوی ریش سپی گرد ئەکاتەوە ئەڵێ: «مەلێک پەریم ئاوردەن، ئا دەی بزاندێ چێشەن». کە تەماشا ئەکەن، یەکێکیان ئەڵێ «ئەمە سەقا قوشە، گوللەیان لێ داوە باڵی هەڵپروکاوە». یەکێکی‌تریان ئەڵێ «نا وا نیە، ئەمە ماسی دێمە». یەکێکی تر ئەڵێ «نەخیر؛ ئینە بازەن من خاسش مەشناسوو». یەکێکی تر ئەڵێ «نەخێر؛ ئینە نە قازەن و نە بازەن، ئینە بولبولی خۆش ئاوازەن، لە سەر چڵان مەنیشۆ، پکڵی پکڵی مەوا چوو».

کابرایەکی شارەزوری بۆ «توو» کڕین چوو بوو بۆ ئەوێ، پێیان ئەڵێ بابە ئەمە ڕەقەیەو لە شارەزور زۆرە؛ فڕێی دەن.

- ئەوڕحمانی‌پاشای‌بابان کتێبێکی شانامەی دڕاوی پەڕپووتی ئەبێ، مەلایەکی سەحاف بانگ ئەکا ئەڵێ ئەم کتێبەم زۆر چاک بۆ چاک بکەرەوە. مەلا کتێبەکە ئەباو لە دوای چەند ڕۆژێک ئەیهێنێتەوە. پاشا کە تەماشای کتێب ئەکا ئەو پەڕانەی کە لە جێی خۆیا نەمابوو هەمووی خستۆتەوە جێ خۆی و ئەو جێیانەی کە دڕا بوون مەلا لە سەر کاغەزێکی جوان نووسیەوەو پینەی کردووەو بە جزوەبەن کراوی و بەرگێکی باشەوە هێناویەتەوە.

پاشا زۆری پێ خۆش ئەبێ و ئەفەرمووێ مەلا چیت ئەوێ داوا بکە. مەلا ئەڵێ قوربان ڕەزێکی ترێم هەیە لە دێی «قووڵە ڕەش»، بفەرموو ڕەزانم لێ نەسێنن. ئیتر دوعا گۆت ئەبم. پاشا ئەمر ئەکا فەرمانی قووڵە ڕەشی بدەنێ بە خاک و بەراوەوە با بۆ مەلا بێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rebari.org

مەلا فەرمانەکە وەر ئەگرێ و ئەڕوا. لە دوای ساڵێک دێتەوە خزمەت پاشا ئەڵێ: «قوربان خوا راوەستاوت کا! هاتووم دێی قوولە رەشتان پێ بدەمەوە، هەر ئەوەندەم مەرحەمەت لە گەڵ بکە رەزەکەم رەزانەی نەبێ. پاشا ئەپرسی بۆچی؟ مەلا ئەڵێ: «قوربان ساڵانی پێشوو کە خاوەن دێ نەبووین، هەموو وەختێ نانی جۆمان ئەخوارد بە وشکی، یان بە دۆوەو لە ناو حەفتەیەکدا جارێک شۆربامان لێ ئەنا وە یا نان و دۆشاومان ئەخوارد. ئێستا ژن و منداڵ هەموو رۆژ پلاو و گۆشتیان لێم ئەوێ و داوای جلی جوانم لێ ئەکەن. ئەویش تەماشا ئەکەم دەری ناهێنێ، لە بەر ئەوە ئەمەوێ بچینەوە دۆخەکەی جاران».

پاشا ئەفەرمووێ مادام ماڵ و منالّت فێری خواردنی خۆش و جلی چاک بووبن، تازە ناتوانن لە سەری لا بچن. «ئەولاغا»ی وەزیری بانگ ئەکا ئەڵێ: «سێ دێ کە بێ خاوەن بێ بدۆزەرەوە بیخەرە سەر قوولە رەشی مەلا». ئەولاغا سەیری دەفتەر ئەکا «تەڕەمار»و «زۆڕنا سەر»و «تەق تەق» بێ خاوەنن، ئەچێ فەرمان ئەنووسێ ئەڵێ: «نامانە سەر قوولە رەشی مەلا، تەڕە مارو زوڕناسەر و تەق تەق».

- کابرایەکی کورد دنیا زستان بوو رێی کەوتە دێیەک. تەماشای کرد ماڵێک دووکەڵی لی هەڵئەستێ، وتی بچمە ئەم ماڵە لە هەمووی باشترە. کە چوو سەیری کرد ئەم ماڵە ماڵە جۆلایە؛ ماڵە جۆلاش نەختێ پاک وپوخت وبە سەرو بەرن. پیاوەکە خەریکی جۆلاییەو ژنەکەش تەنووری داخستوە نان ئەکا.

چوو دانیشت. کابرای جۆلا سەیری کرد ژنەکەی شەرمی بە دەرەوەیە. لە پێ چاڵەکەدا «مەکوکە»کەی ئەهێناو ئەبرد، ویستی ژنەکەی تێ بگەیەنێ کە خۆی داپۆشێ، ئەیوت: «هەپۆش مەپۆش، وی کون داپۆش». ژنە تێ نەگەیشت. کابرا پشکڵە سوتاوێکی بۆ فڕێ دا. پشقل بۆ نە چوو نە کەوتە کونی شەرمی ژنەوە. ژنە داچەڵەکی وشەرع شەرمی بۆ نیە ترێکی کەند. ئینجا کابرای مێردی ئەیوت: « هەتەر مەتەر، ئەم لەو بەتەر».

- کوڕە کەچەڵێک پیاوی پیاوێک ئەبێ. شەوێک ئاغا لە ماڵ نابێ، خێزانی ماڵ ئەبێ بە ئاغەژن و کچی ئاغەو کارەکەرێک. شەوێ کوڕە کەچەڵ ئاگری بەر هەڵی ئەگرێ و ناوێرێ دەنگیش بکا. فیکر ئەکاتەوە ئەڵی بە دەم خەوەوە ئەڵێم ئاغەژن بێم؟ ئەگەر تورە بوو ئەڵێم نوستووم ئاگام لێ نەبووە؛ ئەگەر خۆ وتیشی وەرە، ئەوە هیچ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەوی لە خۆی خست و بە دەم خەوەکەوە بە بزرکاوی وتی: «ئاغەژن بێم؟» هیچ دەنگ نەبوو؛ جارێکی تر وتیەوە، دیسان دەنگ نەبوو؛ جاری سێهەم کە وتیەوە ئاغەژن وتی: «دەک عەمرت نەمێنی! دەنگت هەیەو رەنگت نییە». کورە کەچەڵ گوێی نەدایە، وتی نەوەک تاقیم کاتەوە پاشان لێم تورە بێ.

ئاغەژن کە زانی کورەکەچەڵ هەر دیار نیە ئینجا وتی: «کورە کەچەڵی خاوەن تەڵای دەستەو شار! کە شووشی سووری یاقوتت لە کانی کانیی جوانیدا شاردوتەوە، ئایا هیچ ئاگات لێیە کە گەنجێکی بێ رەنجی دوڕ ومرواری و یاقووت لە هومەی تەلایی خوسرەوانیدا چاوەچاویەتی بۆ ئەو شووشە کە بێجگە لە گوڵاوی ژیانی گیانان هیچی‌تری تێدا نییە. بێ گومان ئەوانەی بەهرەداری سەر چاوەی ئەقڵ و فامن، شووشی سووری یاقوت لە خەزنەی مرواریدا نەبێ لە هیچی‌ترا هەڵناگرن».

کچەکە گوێی لەم قسەیە بوو وتی: «راستە خەزنەی دوڕو مرواریدە، بەڵام ئەوانەی سەڕافی گەوهەر شناسن ئایا هیچ ئاگایان لەوە هەیە کە ئاقڵانی مەیدانی جەواهرفرۆشی دوڕی سادەی بێ گەردی مینایی، گوڵی سووری نەژاکاوی باخی تەنیایی ناگۆڕنەوە بە دوڕێک کە دەستی وەستای زەڕنگەر بە قوولایی قولاپدۆزی شەو کاری تیا کردبێ؟ دوڕێکی یەمانی بە نگینێکی سولەیمانی ئەگەر بە سمی ئاهوانی خوتەن و بە میشکی غەزالانی خەتایی مۆر کرابێ، ئایا شای نەوجوانان و ئاقڵی روزگاران ئەیدا بە دوڕێ کە کون کرابێ؟»

کارەکەر کە گوێی لە مانە بوو هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: «ئێمەش خوایەکمان هەیە».

- لە قسەی هەورامی ئەمەیە کە ئەڵێ: «واتیم پەنە، واچیش پەنە، واتت پەنە، واتیش پەنە، واچەم پەنە، واتش چێش؟»

- سەیدی‌چۆڕ چوار لاپەڕە مەعنای لەم سێ نیوە شعرە کوردیە داوەتەوە. شعرەکە ئەمەیە:

لەم بەر ئاوەکە لەو بەر ئاوەکە　　　زەنگیانە لە مل زوڵف خاوەکە
کەوشەکەی نەکەند دای لە ئاوەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کوێخا ژنی لەیلاخی زۆر بە سەرو بەرو کەیبانوی لێ هاتوون؛ تفاقی ماڵ و ماڵاتیان هەتا بڵێیت تەواوە، لە کاتی شایی وە یا شیوەنا پێش ژنانی ئاوایی ئەکەون و ئەچن بۆ ئەو شایی و شیوەنە. کە دوو ژنە کوێخا لە شوێنێک یەکیان گرت بەمجۆرە خۆشی و دشی لە یەک ئەکەن: «ماڵ، مناڵ، سەگ دەر ماڵ، کۆرپەی باوەش، بەخەڵ خەف شەو گشتیان خاسن شوکر».

- دوو ژن پێکەوە هەویریان ئەشێلا، هەروا بە دەم قسەوە یەکێکیان لەوی کەیانی پرسی چەن شووت کردووە؟ وتی:

ئیسک و میسک و مستەفا — حافەو جەمشیدو بولوەفا
هەباس و هەیاس و میرتەوراس — گۆرانە هیزەی مێشک کاس
نۆ لەم هۆزی، نۆ لەو هۆزی — یەک لە بەر هەتاو خۆی ئەدۆزی
چنگم لە هەویرە — هەر هێندەم لە بیرە

- ئەمیرتەیموری‌گورکانی لە پەلامارەکەیا بۆ سەر بەغدا و ئەو ناوە، لە کوردەواریدا رۆژێک لە راو ئەبێ تووشی شوانێکی کورد ئەبێ، لێی ئەپرسی ئەری کابرا! ئەو «سەرکارە» کە ئەمیر تەیمور ناردویەتە سەرتان چۆنە لە گەڵتان؟ کابراش ئەڵێ: «فلانی قسەی لێوە مەکە چ سەگ و سەگبابێکە». ئەڵێ: ئەی ئەمیر تەیمور خۆی چۆنە؟ ئەڵێ: «ئەو گەڵێ سەگ و سەگبابترە؛ ئەگەر ئەو چاک بوایە ئەمیش چاک ئەبوو».
ئینجا ئەمیر تەیمور ئەڵێ: کابرا تۆ من ئەناسی ؟ ئەڵێ: ناوەڵڵا. ئەڵێ: من ئەمیر تەیمورم. کابرای شوانە ناوکی ئەکەوێ ئەڵێ: «ئەبم وە ساقەت تۆ من ئەناسی؟» ئەڵێ نەء. ئەڵێ: «من کەرە شێتی کوڕی کەرە شێتم، شێتیی من لە هەموو کوردەوارییدا گەڵێ بە ناو بانگترە لە ئاقڵی تۆ لە هەموو ولاتی خۆتا، سەرەڕای شێتیەکەم هەموو رۆژێ جارێک دەست ئەکەم بە چەنە لێدان و وڕێنە کردن، سەری خۆم ئەبەم بە ریشی بابما». ئەمیر تەیمور دەست ئەکا بە پێکەنین و ئەڵێ خەڵاتی کەن.

- «حەمەئاغای‌بلباس» بڕیاری دا بوو لە ئاواییەکەیا هەر کەس نوێژ نەکا جەریمەی بخاتە سەر. کابرایەک بلباس ناچار هەڵساو لە ترسا دەستی کرد بە نوێژ کردن و بەم جۆرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نییەتی هێنا: «نوێژی دەکەم، نوێژی دەکەم، نوێژی دوور و درێژی دەکەم، لو حەمەئاغای بلباسیکەم کوڕی مرێ هەللاهو ئەکبەر».

- شەوی پانزەی مانگی شەعبان بە دەستوری کوردەواری پێی ئەڵێن «شەوی بەرات» و ئەو شەوە نیمچە جەژنێکە. منلان هەر لە پاش نوێژی شێوانەوە کۆ ئەبنەوەو بە مالانا ئەسوڕێنەوە، ئەم شیعرانەیان بۆ خۆیان هەڵبەستووە؛ ئەچنە بەر هەر قاپیەک بە دەنگی بەرز و بە نەزم تێکڕا ئەیخوێننەوە، ماڵەکەش هەر شتێکیان بێ بۆیان دێنن،
شیعرەکان ئەمانەن: ـ

شەوی شەوی بەراتێ      خوا دوو کوڕ و کچێکتان باتێ
سفرە بێننە جەماتێ
خاتونێ دەست بە زێڕێ      دەست لە کەندوان بگێرێ
بەشی منالان بنێرێ

- کابرایەک هەبوو لە سولەیمانی بە ناو بازارا چەوەنەری کولاوی ئەفرۆشت؛ بە دەنگێکی خۆش و بە نەزم بەم جۆرە بانگی ئەکرد و ئەیوت:
«هەتیوی بێ باوکە چەونەر، خورمای بێ ناوکە چەونەر، کورپەی بێ دایکە چەونەر، سورەی بەر مەمکە چەونەر، قیتەی ناو گەرەکە چەونەر، هەی چەونەر، چەونەر، چەوەنەر...».

- دوو پیاوی گەورە بە ڕاوشکار بە دەشتێکا ئەڕۆن تەماشا ئەکەن وا لە دوورەوە کابرایەکی ریش سپی لیکنی شڕەبار پەڕوێکی چلکنی کردووە بە سێبەری چاوی سواری نێرەکەرێک بووەو ماکەرێکی رووتیشی خستۆتە پێش خۆی و وردە وردە گۆرانی بۆ ئەڵێ و رووەو ناو شار ئەڕوا. یەکێ لە پیاوەکان بەوی کەیان ئەڵێ بیدوێنە، ئەڵێ: وا دیارە ئەم کابرا دەم شڕە جنێومان ئەداتێ، ئەڵێ گوێ مەدەرێ بیدوێنە با جنێومان بداتێ.
ئینجا ئەچێ و سەری ڕێی پێ ئەگرێ، دەستی لە ملی کەرەکەی ئەکاو ماچێکی ئەکاتەوە، ماندو نەبوونیەک لەگەڵ کابرا خۆی ئەکا، کابرا بە تووڕەییەوە ئەڵێ: «تۆ دەست ئەکەیتە ملی براکەت لە گەڵ ئەو بدوێ، کارت چییە بە منەوە؟ ئەگەر دایکت ناردوتی، من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ لە بیرم نەماوە کەی دایکتم دیوە. خۆ ئەگەر لەوانەشی بۆ کڕیار ئەگەڕێی و لە ناو شار مشتەریت نەکەوتوە، دەشتەکی ئەو پیشە حیزە نازانن».

کابرا ئەڵێ: بە خوا خاڵە نە دایکم ناردوومی وە نە بە شوێن مشتەریشا ئەسوڕێمەوە، چاوم پێت کەوت وامزانی چاوت یێشی، منیش تۆزێ دەستی حەکیمیم هەیە بەزەییم پێتا هاتەوە، دەرمانێک بوو وتم با پێت بڵێم بەڵکو چاوئێشەکەت لە کۆڵ کەوێ.

کابرا وتی: وەرێ وەڵلا، بە قوربانت بم! چاوم ئێشی پێم بڵێ بەڵکوو لە دەم و نەفەسی تۆوە چاک ببمەوە، ئینجا هەڵی دایەو وتی: «ڕۆنی هەتاو، دەنگی دەهۆڵ، ڕەنگی ئاو، تیشکی ئەستێرە، خشتەی گاگێرە، سێبەری مەنارە، وەفای خەڵکی ئەم شارە، چاوی مار و پێ مێروولە، دەوڵەمەندی پیاوی ڕوتەڵە، ئاشتی میراتگر، یەکیەتی جێگەگر، ئەمانە شەش مانگ لە بەر سایە قەی هەتاو دانێ، شەش مانگ لە دەسکاوانێکی بێ بنا بیکوتە، شەش مانگیش بیخەرە بەر ڕەشەبا، ئینجا بیکەری کلتوری بن کلکی ئەدیلە کەرە، بە کلچوێکی یەرەقی ئەو نێرەکەرە بیهێنە بە چاوی سەرو خوارتا ئیشەڵلا زوو چاک ئەبیتەوە».

مامەی ڕیش سپی تۆزێ خۆی بۆ جووڵاند یەکێکی کەڕەنای بۆ کێشا وتی: «جارێ ئەمە پیشەکی بۆ هەقی هاتنەکەت. بە بێ مزەڕەتی سەری خۆت و بۆزەی هاوڕێت، کە چاکیش بوومەوە کۆنە کارەکەرێکی ڕەشتاڵەی دایانی نەنکم ماوە، ئەتدەمێ بۆخۆت و ئەو هاوڕێیەت-کە بۆ پێکەنینی خۆی تۆی کردوە بە پێستی لا قنگی گا- بەیانی لە ئاشخانەکەی دوایەوە شلە حەی بکەن بۆ نان خواردنی ئێوارەتان ئەگەنە میوانخانەکەی پێشەوەی».

- حەسەنبەگیقادربەگیجاف لەگەڵ دەستەیەک لە شۆڕە سواری جافا بەو دەشتی شارەزوورەدا تێ ئەپەڕن. مەرەزەی شارەزوور دەستی بە خۆیا هێناوە، گۆلەکان ئاویان تێ بەردراوە، هەموویان پشتە پشتە وەستاونەتەوە. ڕائەوەستی و سەیرێکی بە سۆزی ئەم دیمەنە ئەکا، کوتوپڕ بانگی سوارەکان ئەکاو ئەڵێ: «بێنو، بێنو، ئێستە زانیگمە خوا لە قورئانا ئەفەرمووی "مەرەزە البحرین، بینەما برزخ لا یبغیان" مەعنای چییە. ئەوە دەربارەی ئەم گۆلگەلە فەرمووگیەسی. ئەوەسە چۆن پشتە پشتە وەستاگنەسەوە، ئاوی ئەم گۆل تێکەڵاوی ئەو گۆل ناوێ، هەر وە دوو گۆل پشتە دوێک کەوتگەسە بەینیان. وە قەورەکەی حەمە پاشا ئەگەر وا نەهاتینایە من ئەمەم نەئەزانی».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- «حەبیبەڵلاخانیباوەجانی» ئەنێرێ بۆ عەشرەتێک مەشکە دۆ بەرنە سەر کانیەکەی «نارو» -کە ئەم شوێنە هاوینە هەواری «قوایی و باوەجانی»یە. کابرایەکی باوەجانی سواری کەرێک ئەکەن و مەشکە دۆی لە پێش دائەنێن، لە ڕێگە مەشکە «پشکی» بەر ئەبێ، کابرا کێری خۆی ئەخاتە کونەکەیەوەو ئەڕوا تا ئەگاتە سەر هەوار. ئەڵێن دابەزە، ئەڵێ دانابەزم تا ئەچمە بەردەمی خان. ئەڵێن کورە دابەزە، تۆ بۆ ئەوەندە شێتی؟ ئەڵێ: «کەرانگاکەی گاگینە، چشۆ کەن بۆ کەرە کەوەی دایکی کەران، کێرم پشکی مەشکەیە ناتوانم داوەزم».

- قازیبایەزید ئەسپێکی هەبوو هەموو جار سواری ئەبوو ئەچوو بۆ سەراو پێی ئەهاتەوە. ڕۆژێک قورئانی ئەخوێند تووشی ئەو ئایەتە بوو کە ئەڵێ: «و ما من دابە فی الارق الا علی اللّه رزقها». هێنای ئەسپەکەی بەرەڵلا کردە ناو شار بۆ گیانی ئەو عالەمە. ئەسپە کەوتە کۆلانان و سەر دوکانان، سا خوا چی دابێ لە توێکڵە باینجان و لە ترۆزیە کرمێ و لە توێکڵە شووتی رزی و ئەیخوارد و پێوە ئەژیا.

ڕۆژێک ئەسپەکەی تۆ سەلامەت. قازی وتی بە پیاوەکەی بچێت چەن کوڵ هەڵگرو خۆڵڕێژێک بێنێ بیبەنە قەراخ شار فڕێدەن. ئەوانیش کە هاتن داوای دە قەرانیان لە قازی کرد بۆ فڕێدانەکەی. قازی وتی: داوای پارە لە پیاوی وەکو من چۆن ئەکەن؟ یەکێکیان هەستاو وتی قوربان! ئێمە هیچ دەرامەتێکیترمان نییە بێجگە لەم جۆرە شتانە نەبێ، جەنابی قازی -خوا راوەستاوی کا!_ دەرامەتێکی زۆری هەیەو پیاوێکی دەوڵەمەندە. لەم شتانە هەموو وەر ئەگرێت: «مارەبڕانەو سەر قەڵەمانە، کەفارەی سوێن و نوێردوی جومعانە، هەقی قەواڵەو کرێ حەواڵە، پارەی تەلاق و مۆری کاغەزان، بەر مەشکە کەرەو نۆ بەرەی رەزان، پاشماوەی وەقف و میرات بەشکردن، مووچەی دەرز وتن و پێش نوێژی کردن».

قازی وتی بە پیاوێکی وەکو من چۆن شتی وا ئەڵێن؟ ئێوە هەموو خێرو بێری ولاتەکە کۆ ئەکەنەوەو هەزار قاپیتان هەیە بۆ نان پەیدا کردن؛ جلی مردوان و پارەی زیارەتان، چڵکاوی مالان و گسکی کۆلانان، تەنەکە شکاوو تەنەکە پچڕاو، دزی چڵەدارو گرتکی نەکولاو، پارەی خێرات و مردوو هەڵگرتن، کەر فڕێدان و سەگ بە کێش کردن، جەژنانەی دووکان، کراسە کۆنی جوان، نوردوی لادێی و پاشماوەی میوان. ئەمانە هەموو وەر ئەگرن، بێجگە لە گوێلە نۆکی خراپی ڕۆژو مستەساوەری بن کووپەی دایە ئەفرۆز، لەگەڵ ئەوەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم ئەسپە کە بردتان فڕیتاندا پیستەکەی بەرن بۆ دەباخ و کلکەکەی بۆ قەرەج و یاڵەکەی بۆ موتاب و ناڵەکەی بۆ خاوەن کۆشک، بۆ چاوەزار بیکا بە سەر کۆشکەکەیەوە ـ ئەمانە هەموو دەستتان ماچ ئەکەن، ئیتر چۆن هیچتان نییەو داوای شت لە پیاوێکی وەکو من ئەکەن؟

ئینجا کابرا هەستایەوە وتی: «قوربان! جەنابی قازی، بەمانە فەرموت ئێمەت کرد رازی. بیکە بە خێری گۆڕی جوانەمەرگەکە شتێکمان بدەرێ با دوعا بۆ سەری جەنابت و پادشای وڵات بکەین کە ئەم هەموو خێرو بێرەتان پێ داوین».

– شێخ‌عەزیزی‌جانەوەرە ئەچێ بۆ دیدەنی مەولەوی. لە رێگەدا تووشی کابرایەکی بەراز خۆری قەڵخانی ئەبێ کە دوو ژنی لە گەڵ ئەبێ؛ لێیان ئەپرسێ بۆ کوێ ئەچن؟ کابرا ئەڵێ: قوربان ئەمانە هەر دووکیان ژنی منن، یەکێکیان دوانزە ساڵ و یەکێکیان پێنج ساڵە ژنی منن، هیچ مناڵمان نییە ئەچین بۆ سەر مەرقەدی «مەلا مستەفای بێسارانی» بەڵکوو خوا مناڵێکمان باتێ. شێخ عەزیزیش لە پارچە کاغەزێک ئەم دوو شیعرەیان بۆ ئەنووسێ:

بێساران ماوا، شێخی بەحر و بەڕ　　ئاما وەیانەت یەکانەو دوو دەڕ
جەدەوری یانەت مەکەران هۆڵە　　پێشان کەرەم کەر جفتی پار کۆڵە

ئەیدا بە کابرا پێی ئەڵێ ئەمە بخەرە ناو گومەزەکەی شێخەوە.

بە رێ کەوت؛ ساڵی دوایی شێخ عەزیز رێی ئەکەوێتەماڵی ئەو کابرایە. ژنەکان ئەیناسنەوە هەر یەکە کوڕێک دێنن و ئەیخەنە باوەشیەوە، ئەڵێن پار کە چووینە سەر مەرقەدی شێخ و کاغەزەکەی تۆمان فڕێدایە ناو گومەزەکەوە، هاتینەوە خوا هەر یەکە ئەم کوڕەی پێ داین.

– «حەسەن کەنۆش» شاعیرێکی کوردی نەخوێندەوار بوو، بەم شیعرانەی باسی یارەکەی کردووە:

جە بەیانەوە، جە بەیانەوە　　خاڵێ دیم وە بەین دوو بەیانەوە
چون نەجم مەدرەوشۆ وە بەیانەوە　　حکاکانی دەور گشت بەیانەوە
کێ دیەن مەغرب وە بەیانەوە؟　　تا حەسەن وە خاک سەر مەنیانەوە
هەر ها وە حەسرەت ئەو بەیانەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پیرەمێرد گێڕایەوە وتی: حاجی ئەولا گۆجەی دراوسێمان بە بێ زیاد و کەم بیست و حەو ژنی هێنا بوو. لەم دواییەدا ژنێکی تەڕ پیری عەیاری بوو بوو، ژنەکە مێردی زۆرتر دیبوو. شەوێک ژنە دائەنێ ئەڵێ: تۆ خوا وەرە با بە ڕاست حسابی قسمەتی خۆمان بکەین. تووورەکەیەک گوێز دائەنێ لە پێشا خۆی ئەڵێ: هەوەڵ ژنم «وێڵەدەر»ی بوو، جوێ بووینەوە. وتی لە «وێڵەدەر» شایی و هەڵپەڕکێ بوو، لە تەنیشت بێوەژنێکی نازکۆڵەوە بووم. دەستێکی نەرم و شل و لاڕانێکی خڕو خۆلی بوو، هەموو جار دەستمی لێ هەڵ ئەخلیسکا پاش هەڵپەرکێ ڕاستەو ڕاست خوازبێنیم لێ کرد و ڕێک کەوتین. هەر ئەو دەمە بردمە لای مەلا حەمەی مام عەزیز و ئەمینی گوڵەندامم برد بۆ شاهیدی، مارەم کرد و لە گەڵ خۆم هێنامەوە. گوێزێک لە هەمانەکە دێنێتە دەرێ و دای ئەنێ ئەڵێ من ئەمە یەک.

ئافرەتیش ئەڵێ: من ئەسڵم «چەمەک»ییە. کچ بووم چووین بۆ مازو چنین؛ کوڕێکی دراوسێمان بوو «عەولی» ناو بوو حەزی لێ کردبووم. ڕۆژێ لە کەژ هاتینەوە گەیشتینە کوێرە شیوێک، پەنابوو. من وتم ماندووم لێرە تۆزێ ئەحەسێمەوە تۆ بڕۆ. تێ فکری هات لام دانیشت، وتی چۆنت بە جێ دێڵم؛ سا شەیتان هەردووکمانی تەفرەدا قەوما؛ ئیتر هەر لەوێوە نەچووینە ئاوایی پێکەوە چووین خۆمان کوتایە ماڵی «شێخ‌عەلی‌مزگەوتە» لەوێ لێکیان مارە کردین من کارەکەرو ئەویش خزمەتکار. ئەویش گوێزێکی لە هەمانەکە دەر هێناو لە بەر دەم خۆیا دانا، وتی منیش ئەمە یەک.

لەو یەک و لە من یەک، من بیست و حەو ژنەی خۆمم تەواو کرد، ئەو گەیاندیە سی و یەک، ناچار حاجی ئەڵێ ئافرەت تۆ لێرە دانیشە من چوار گوێز قەرزاری تۆم، وا من ئەچم ئەگەڕێم تا چوار ژنی‌تر دێنم ئینجا تای تەرازوو ژمارەی گوێزمان وەک یەک ئەوەستێ.

- کابرایەک ئەچێتە لای قازیەک کە لە دیواخانی حوکما دانیشتبوو؛ وا دیارە ئەم کابرایە زۆر بە شوێنیا گەڕا بوو. کە چوو لەوێ چاوی پێکەوت وتی: قازی ئەفەنی ئەوە تۆ لە کوێیت؟ وتی: لە بەینی تۆ و دیوارەکەم. وتی: گوێم لێ بگرە. وتی بۆ گوێ گرتن دانیشتووم. وتی: ژنێکم مارە کردووە. وتی: بە خۆشی و بە کامەرانی! وتی: ماڵی باوانی مەرجیان لە گەڵ کردوم کە نابێ کچەکەیان لادەرکەم. وتی: باشە مەرجەکە بە جێ بێنە. وتی: ئێستە ئەمەوێ لایان دەرچم. وتی: ئەی مەرجەکەت چی لێ ئەکەی؟ وتی: مەرج و شتە نازانم هەر ئەڕۆم. وتی: خوات لە گەڵ. وتی: ئاخر کێشەکەمان ببڕێنەوە. وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریمەوە. وتی: حوکمت بە سەر کێ دادا؟ وتی: بە سەر کوڕی دایکتا. وتی: بە شاهێدی کێ؟ وتی: بە شایەتی کوڕی خوشکی خاڵت».

- کابرایەک چووە لای مەلایەک پێی وت: قوربان ژنەکەم لەگەڵم خراپە، پیاوی چاک بە بەڵکو تۆزێ ئامۆژگاری بکەی و کردەوەی لەگەڵم چاک بێ. مەلا هەستا چووە مالیان و ژنەی بانگ کرد و پێی وت: «خۆشکم! شەرع ئەفەرمووی ژن ئەبێ لە ژێر فەرمانی مێردی خۆیا بێ؛ تۆ نابێ چاوت لەوە بێ کە مێردەت چاوی کزەو کەچەڵە، دەستی کورتەو بەڵەکە، قاچی ئەلەرزێ و بۆنی دەمی دێ، زمانی ناخۆشەو پاشی بە جۆشە، دەستنوێژ راناگرێ و دایم سەرخۆشە، لە قسە کردنا کەف ئەچەرنێ، لە وەختی نووستنا دەم ئەتەقێنێ».

کابرا کە ئەمانەی بیست وتی: «هەڵستە، هەڵستە برۆ خوا بتگرێ بۆ خۆت و ئامۆژگاریت! ئەو شتانەی کە تۆ بەم ژنەی منت وت ئەو گەلێکیانی نەئەزانی».

- شێخێک لە «نۆرەباب» هەڵکەوتبوو، هەناسەی گیراو دوعای لە کارا بوو، شێت و هاری چاک ئەکردەوە، دزراوی ئەدۆزیەوە، بەستراوی ئەخستەکار، تۆبەی دز و درۆزنی دائەدا گەلێ بۆ گەل بە خزمەت بوو. رۆژێک کوێخامستەفایبیورە چووە خزمەتی وتی: «یا شێخ! تۆ ئەم فەیزو بەرەکەتت هەیە کە مردی لە کیسی هەموومان ئەچێ، ئەولادێکت نییە جێت بگرێتەوە با ژنێکت بۆ بێنین؛ خۆیشت لەزەتی ژن و مێردی ئەبینی و ئەولادەکەیشت کەڵکی خزمەتی قەومەکەی پێوە ئەبێ، بەم جۆرە شێخی خستە سەر سەودا.

شێخ هەڵسا چووە خزمەت «مەلامەحمووی‌باریٚ»، وتی: «قوربان! رویان لێ ناوم ژن بێنم».

فەرمووی باشە پێغەمبەر فەرموویەتی «النکاح سنتی».

شەوقی نامێنی چرای خانەدان     مەگەر بە سایەی ژنی خانومان

پرسی قوربان ژنی چۆنی بێنم؟ فەرموی ژنێک بێنە خۆشەویستی بزانێ، نەوەی باش بخاتەوە و مەیلی چاکەی لە رەگەزدا بێ، خۆت لە سێ جۆرە ژن بپارێزە، لە بێوەژنێ کە مێردی مردبێ: هەر ساتە نە ساتێ ئەڵێ رەحمەتیەکە ئەیشێلام، بۆنی ئەکردم، پێی ماچ ئەکردم؛ لە ژنێ کە دەوڵەمەند بێ و بە هۆی پارەکەیەوە شانازی بکاو منەت بە سەر پیاوانا بنێ؛ لە ژنێ کە مەکرکەرو بە ئاین‌وئۆین بێ، هەمیشە خۆی بخاو بە نکەنک بۆڵە بکا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



قەیرە کچ باشە، قەدر زانە. پیرەژن ژارە، هەناسەی مارە. ژن لە عومری دە وە تا بیست حەزی نەفسە. لە بیست تا سی بۆ دلداری و یاری و دیاری. لە سی تا چل دایک منداڵ، لە چل تا پەنجا سەرەو کاری ماڵ. لە پەنجا بە دواوە خوایشی لێ رەنجا.

بەم حسابە شێخ هاتە سەر ئەمە کچێک بێنی بەلام زۆرتر لە دلی خۆیا سەودای کەوتە سەر ئەوە نەشمیلەیەکی خنجیلە بێنێ. یەکێ لە ئاغا لێکەوتووەکانی «سنجەلێ» کچێکی جوانی نازکۆلەی بوو، گۆرانیان پیا هەلدابوو:

فاتەلێ لە سنجەلێ بۆم بوەستە مانگ هەلێ
بانگت ئەکەم بلێ بەلێ ئەوسا وەرە لە گەلم هەلێ

شێخ مەیلی چووە سەری. هەرچەند وتیان یا شێخ ئەوە منداڵە لە رێک تۆدا نییە، ئەوانە کۆنە چەکمە رەقن لووتیان بەرزە بە پارەی سەر قەلەمانەی نوشتەو دەسەنە بەرێوە ناچن، ئەو گوێی نەدایە؛ خوازبێنی کرد. ئەوسایش کچ وەکوو ئێستە نەکەوتبوە سەرو کلاوی خۆی بە هەموو کەسێکیان ئەدا، دایانێ.

سا، سالی تێ وەرنەگەراپەوە کۆنە داخۆازێکی شەوێ وەکو گۆرانیان پیا هەلدا بوو وتبووی «بانگت دەکەم، بلێ بەلێ» لە دەرگاوە بانگی کرد. وتی بەلێ و هەلات. کاتێکیانزانی چوونە «نەنۆڕ» مالی مەحموودی بەگە شەلە کە بێ دینی بۆ دوژمنی شێخان. لەوێ بۆ خۆی لەگەل لاوە خۆشەویستەکەی جووتیان گرت و شێخ بە تەنیا مایەوە. ئینجا شێخ کە جاران نیوە شەوان دەنگی زیکرو قورئانی ئەهات، ئەمجا هەموو شەوێ بە کولێ گریانەوە ئەی گوت:

فاتەلێ هەی فاتەلێ بانگیان کردی وتت بەلێ
پەندی پیرانە بەلێ جوان ئەبێ لە پیر هەلێ

– «مینەکەچەل» هەبوو لە «چوارتا»، «فاتە» ناویش لە «سیتەک» بوو کە کۆنە ژنی «خلەیئەسمەر» بوو. گۆیا بە قسەی فاتە، [مینە]داوای کردووە. هەر دووکیشیان نەخوێندەوار بوون، هەر یەک بە پێنج خشتەکیەک بە سەرو گوێلاکی یەکا دێن. فاتە ئەلێ:

مینە کەچەل لە مالیا نیە مستێ بڕوێشێ لێفەیەکی نییە پێی تێ هەلکێشێ
فەقیانەی شڕی کەرێ نایکێشێ دێنێ لە کن من خۆی هەلئەکێشێ
ئەلێ با فاتە شەو لام رابکشێ

مینەش ئەلێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پێی بڵێن: هەی تڕی لەوی مرێ یالی خواتەوە وەکو یالی کەرێ
ئێستر بە پاشوی لە پێشی بەرێ هەر دەرواو وردە گو هەڵئەوەرێ
من کەی وتم شوم پێ بکە؟ ژنی خلەی ئەسمەرێ

- ژنگەلی ئاوایی «قەدەفەر» لە شارەزور کۆ ئەبنەوە ئەچن بۆ «مەستەکان» بۆ پرسە. «نەنکە پیرۆز»ێک هەبوو، ئەویش چوو وتی منیش دێم لە گەڵتان، بەلام ئەم نەنکە پیرۆزە خۆی را نەئەگرت، بلامانێ ترکەن بوو.

ژنگەل وتیان: نەنکە پیرۆز مەیە شوورەییە، ئاورِوومان ئەچێ. چیت ئەوێ ئەتدەینێ. وتی: مالێ مەنێ گەنمم بدەنێ تا نەیەم لە گەڵتان. وتیان باشەو لێیاندا رۆیشتن. لە پاشا نەنکە پیرۆز کەوتەوە بیری کە باسی ئەوەی نەکردوە بە مەنی مالی کێ بێ. هەستا چوو بە شوێنیانا.

ژنان لە پرسەکەدا دانیشتبوون خەریکی شین و شەپۆڕ بوون، نەنکە پیرۆز کردی بە ژوورا. هەموویان لە ترسی کەتنی نەنکە پیرۆز هەر بە جارێ وشک بوون. «پوورایشێ» سەر رستی بە دەستەوە بوو، مردوەکەی بە دەنگی بەرزو بە دەم گریانەوە ئەلاواندەوە، ژنەکانی بۆیان ئەسەندەوە، تێکەڵکێشی کرد بە لاوانەوەکەو وتی:

ئەوەندە هاتگە سامانی نیە سا کە پێم بێژن بە مەنی کێیە

ئینجا پورایشێ وتی:

نەنکە پیرۆزی دا پیرە تون بی قوجەو سەخت نگای بیرە

نەنکە پی رۆزیش هەر بە دەم گریانەوە وتی:

باوانت شیوگێ، هەژ وە سەرت وێ مەنی دەوڵەت یار لە بەر دەست وێ

- کابرایەک لەو خوارە ریبوار بوو، تووشی بوو بە تووشی کابرایەکیترەوە کە دانیشتوەو نان ئەخوا. ئەمیش چوو سەلامی کرد و دانیشت. کابرا هیچ خولکی نەکرد بۆ نان خواردن. ئینجا قاپی قسەی لەگەڵ کردەوەو پێی وت: تۆ ئەزانی من لە لای مالی ئێوەوە هاتووم؟ کابرا وتی: «رێگەت بەوێدا بووە». وتی ژنەکەتم چاوی پێکەوت زکی پڕ بوو. وتی: «راست ئەکەی، کە بە جێم هێشت زکی پڕ بوو». وتی کە من لەوێ بووم منالی بوو. وتی: دیارە ژنی زک پڕ ئەبێ منالی ببێ. وتی: «دوو کوڕی بوو». وتی: «ئەوە دایکیشی هەر دوو دووی ئەهێنا».وتی: یەکێکیان مرد. وتی: «وا دیارە دایکی شیری دوو منالی پێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نەدراوە». وتی: «زۆری پێ نەچوو ئەوی‌تریشیان هەر مرد». وتی: «ئەوە خەفەتی براکەی بووە». وتی: «پاش ئەوان دایکیشیان مرد». وتی: «دیارە یەکێ دوو کوڕی لە سەر یەک بمرێ لە تاوانا خۆیشی ئەمرێ».

تا ئەم قسانەیان کرد کابرا لە نانی خۆی بووەوەو هەمووی خوارد. ئینجا پێی وت: لام وایە نانەکەت بە دەم خۆش نەبوو؟ وتی: «ئاخر هەر لە بەر ئەوە بوو کە بەشی تۆم نەدا، وتم با تۆیش تووشی ئەو ناخۆشیە نەبی».

- «مەلاکاکەحەمەی‌بێلو» -کە بە «ناری» بەناوبانگە- لە مەریوانەوە نامەیک بۆ شێخ‌محمموودی‌حفیدزادە ئەنووسێ. وێنەی نامەکە مێژووی تیا نەبوو، هەر وەکو خۆی بۆ وێنەی ئەدەبێکی کوردی نووسرایەوە

روح و دڵ قوربانی نالی کەوشەکەت
سەر بە سەر گەردی حەسارو حەوشەکەت
دائما موحتاج و موشتاقم لە بۆ
گەنجی یادی خاتری بێ خەوشەکەت

ئەگەر لە ڕێگەی مەرحەمەتەوە حالی ئەم پیرە غولامی خۆتانە مەنزوور بفەرمون، بە کوردی و بە کورتی ئەمەیە عەرزم:

بە تێغی محنەت و دەردو جەفا جەرگی مەلالەت بوو
بەلێ مەعلوومی ئافاقە مەلا نیوەی مەلالەت بوو

وە ئەگەر مەیلت بە بەیانی توولانی بێ و ئارەزووت لە حیکایەتی «قویلە»و «چوچانی» بێ، ئەمەیە عەرزم:

دوور لە تۆ چاوم بێ بینش ماوە، قوەی بیستنم بۆ نالەو گرمەی هەوری بەهاری نەماوە، حەواسم سەراسەر فەوتاوە، دڵم بە ئاگری مەحروومی وەک کەبابی سولەیمانی برژاوە، جەرگم لە قازانی سینەدا بە بڵێسەی دووری، وەک «سلق»ی کەرکوکی کوڵاوە.

هەمیشە چاوە ڕێگەی حافیزم بۆ یاسین، موحتاجی هاتنی مەلام بۆ تەلقین، مائلی شەش گەز جاوو دوو گەز خاکم بۆ تەکفین. وەلێ ئەگەر بەشارەتی موژدەی سرورو سەلامەتی زاتی موبارەکتم زوو پێ بگا -کە بۆ من موژدەی ئاوی حەیاتە- یەقینم وایە چاوم ببێ بە دووربین و زەڕەبین، وە لە گەڵ حەزرەتی‌خدرا لە حەیاتا مساوی ئەبین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



عەرزی مەخسووس کۆچ و کلفەت و دایکی «سەعیدبەگ»ی بادەڵانی پەنایان هێناوە بە غولامی خۆتان، لە سەر واقیعەی کە نسبەتی قەتلیان لە سەعید بەگ داوە. وە فعلەن مەحبووسەو لە حەبسخانەی حکومەتایە. ناچار منیش ئەوا پەنام بە قاپی موبارەکت هێنا، شایەد فکرێ بە حالی ئەو بفەرموون کە شایەد لە زەحمەتی حەبسا نەجاتی بیێ، وە مەعلوم ئەم پیرە غولامی قاپی خۆتانە تا قیامەت مەسرورو مەمنوون و متشکرتانە. ئیتر هەرچێ بڵێم زیادەیە غولامی دەرگای خۆتانە. (ناری)

- «شێخعەلائەدینیبیارە» لە ١٨/٣/١٩٤٥ دا کۆچی دوایی کرد. شێخعوسمانی کورە گەورەیان لە شوێنی دانا. بۆ پرسەنامەو شادمانی جێنشینی لە ٢٦/٣/١٩٤٥ دا نامەیەکم بۆ شێخعوسمان نووسی، بە ناوی پارچەیەک لە ئەدەبی نامەی کوردیەوە وێنەکەی لێرەدا نووسرایەوە:

شێخی پایە بەرز وەسمانی دانا　　جێ نەزەرگەکەی وەسمانی زانا
ناسۆری کۆچی شێخی نوورانی　　سارێژە بە یاد عوسمانی سانی

جێنشینی بنەماڵەو هیوابەخشی ئەو ماڵە! ئەو کۆچەی شێخی بیارەو گوڵی ئەو دیارە کردی، نێشی جێگە برینی لە دڵی دۆست و یارانا گەڵی بە سۆزترە لە تیری خەرقە پۆشان لە گۆشەی دڵی مەینۆشانا. دنیا هەوارگەی بێکەسان و بێنەوایانە. ئەو کەسەی روویەرووی مەزاری پاک ئەبێتەوە، بۆ جێگایەکی دیاری سەر ئەنێتەوە لە نەمانەوە رو ئەکاتە مان. لە کۆلیتی بێوەفاوە ئەچێتە کۆشکی باسەفا؛ کەواتە وامەزانە شێخت رۆیشت، وا بزانی چوونی بۆ مانتەو مانیشت بۆ شانتە.

ئەو شوێنەی تۆ لێی دائەنیشی، جێ ماڵە گەورەیە. شێخانی رابردوو پێیان رەوا بینیت بۆ ئەوە ببیت بە گوڵی هەمیشە بەهاری ئەو باخە. چاوت لە شوێنی شوێنداران بێ، ئاگری کینەی یاران بە ئاوی دەروونی فراوانی خۆت بکوژێنەوە. کە وات کرد ژیانت ژینی یاران ئەبێ و نەمامت سەربەرزی باخی نازداران. رەوانی پاکی شێخی رابردوو لە بەهەشتی بەرینا لە کۆڕی خواناسانا نزای سەرفرازیت بۆ ئەکا. منیش دڵت ئەدەمەوە بە سوورەی موبارەکەی فاتحە. دۆستی ئەو خانەدانە، سەجادی .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## شەکراوی دەماخ

- مەحمووپاشای‌جاف سەد سوارێکی لەگەڵ ئەبێ و ئەیانەوێ رووەو گەرمیان بچن. نزیک ئەبنەوە بە ناوچەی «جەباری». پیاوێک ئەنێرێ بۆ لای «سەیدفەتاحی‌جەباری» کە پێی بڵێت پاشا ئەڵێ: «بە نان و دان و گانەوە ئەبین بە میوانی». پیاوە ئەچێ کە چاوی بە سەید فەتاح ئەکەوێ، تەماشا ئەکا پیاوێکی ریش سپیە؛ شەرم ئەیگرێ و پێی ئەڵێ: پاشا ئەڵێ: «بە نان و بە دانەوە میوانین»؛ ئیتر باسی گانەکە ناکا. سەی فەتاح تێ ئەگاو ئەم شیعرە بۆ مەحمووپاشا ئەنووسێتەوە:

وەک قەومی‌لووتن ئەهلی جەباری دایم ئامادەن بۆ میوانداری

کە پاشا ئەمە ئەخوێنێتەوە ئەڵێ: «سەی فەتاح دەستی خۆی وەشان قەت بە من ئەگیرێ؟» کە ئەچنە ئەوێ خەڵاتی ئەکا.

- جارێک کابرایەکی کورد ئەچێتە لای حەمەپاشای‌جاف ئەڵێ: پاشا پایز هات. ئەویش ئەڵێ: «بەخێر بێت. ئا کورە بۆی بار کەن کەشک و دۆینە». کابرایەکی‌تر گوێی لێ ئەبێ، ئەڵێ ئەگەر من بچم بڵێم پاشا بەهار هات زۆرترم ئەداتێ؛ دەنگ ناکات تا بەهار دێت، هەڵئەستێ ئەچی و ئەڵێ: پاشا بەهار هات.

پاشاش ئەڵێ: ئا کورە تێ هەڵدەن ئەم دەویت باوکە. کابرا ئەڵێ پاشا بۆچ تێمهەڵدەن؟ ئەی لە کاورای پایزت بۆچ هەڵنەدا؟

ئەویش ئەڵێ: «پایز کەشکی تیایە، دۆینەی تیایە، برویشی تیایە، بەهار چی تیایە بۆ من؟ گیای تیایە؛ ئەویش بۆ بزن خاسە. خۆ من بزن نیم».

ئینجا کابرا ئەڵێ: «پاشا، پاشا، تۆ سەری خۆت تۆزێکی‌تر هەر تێ هەڵدەن ئەگەر ئەو دەویت باوکە نەوایە، منیش نەئەهاتم و ئەم تێ هەڵدانەم نەئەخوارد». پاشا بە قسەکەی پێ ئەکەنێ و بۆ ئەویش بار ئەکا.

- رەزابەگی‌فتاح‌بەگ نیوەڕۆ بوو لە ئاوایی «کەلار» راکشابوو. «حسە»کورە مسکێنێکی دوانزە ساڵان بوو؛ بۆ ئەوە باوەشێنی کا تا خەوی لێ ئەکەوێ لە ژووری سەریەوە دانیشتبوو. چەند منالێکی‌تریش لەو لاوە دەنگە دەنگیان دەهات، نەیانئەهێشت خەوی لێ بکەوێ. رەزا بەگ توورە بوو، سەری بەرز کردەوە و وتی: «منالان! وەللا

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

جووکە بکەن هەستم، جووکەتان ئەبڕم». منالەکان بێ دەنگ بوون و خەوی لێ کەوت. حسەش هەر باوەشێنی ئەکا. کە زانی وا خەوی لێ کەوتووە بە سەبری سەری بردە بنا گوێوەو بانگی کرد: «ڕەزا بەگ، ڕەزا بەگ». ڕەزا بەگ چاوی بەرز کردەوە وتی ها ئەمیش وتی: «ڕەزا بەگ جووک، ڕەزا بەگ جوک. ئا بزانم چۆن جووکە جووکەم ئەبڕی؟» ئەمەی وت هەستا باوەشێنی فڕێداو بۆی دەرچوو.

- حاجیمستەفاپاشا وتی ئەمیری حەج بووم، بە سەر حاجیەکانەوە ئەگەڕام. سەیرم کرد وا لە بەر کەعبەدا کابرایەکی سووری قەڵەوی ڕیش سپی کەوتووە، ئاو ئەکەن بە سەریا؛ بە جل و بەرگەکەیا زانیم کوردە، چووم بە لایەوە. ئەو ساڵەش حەج کەوتبووە مانگی تەمووزەوە، گۆشتی کاڵ ئەخرایە سەر لمەکە ئەبرژا. کابرا چاوێکی بەرز کردەوە هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا، لە پاشا سەری بەرز کردەوە ڕووی کردە ئاسمان و وتی: «ئەرێ خوا! تۆ بۆچ چاوت نەبوو لەو دەشتی گەڵگەی ئاوداری هەوا فێنکەدا ماڵ بۆ خۆت دروست کەی؟ ئەمە شوێن بوو تۆ ناوتەوە؟ ئەگەر جارێکیتر ڕووم کردەوە ئەم شوێنە بزانە من کوڕی خەڵک نیم». وتی لە پاشا پێم وت: کابرا ناوت چیەو خەڵکی کوێیت؟ وتی: حاجیقادریڕوغزایی «گەڵگە» دەشت و گردێکە لە لای پێنجوین.

- کابرایەکی مەنگوڕی، باراشێک ئەبا بۆ ئاش ئەیهاڕی و ئەیهێنێتەوە. لە گەڕانەوەدا ئەگاتە سەر دەوەنێک و لەوێ تووشی کابرایەکی دراوسێیان دەبێ کە ئەویش هەر ئەچێ بۆ ئاش. لێی ئەپرسی ئەڵێ: ئەوە تۆ باراشەکەی خۆتت هاڕی؟ ئەویش ئەڵێ: «ئەدی کوو؟ نایهاڕم». ئەمیش ئەڵێ: «بە گۆڕە بابم دەسا ئەگەر من لە کنت بوومایە نەمدەهێشت چەقە لەوێ ئاشەوە بێنیت». ئەویش ئەڵێ: «کوڕە دایەڵێت دەگێم چما نەتدەهێشت؟» ئەڵێ: «بە گۆڕە بابم نەمدەهێشت».

لەم قسەیەک و لەو قسەیەک، ئەبێ بە شەڕیان. ئینجا ئەویکە لە ئاش هاتۆتەوە ئەڵێ: «دەسا دایەڵێت دەگێم، دەبا ئەم دەوەنە ئاش بێت بزانم چەرایەت دەکەوێ نایەڵێت». بارەکان لە کەرەکان ئەکەنەوەو هەر یەکە تەکان ئەداتە بارەکەی خۆی کە بیکا لە ئاشەکە. لەم سمڕ سمڕە دەست ئەدەنە خنجەرو یەکتری ئەکوژن. کە بە سەریانا ئەچن ئەبینن وا دوو بار و دوو تەرم لەوێ کەوتووە، یەکێکیان نووزەیەکی تیا ماوە. کە لێی ئەپرسن ئەم کەین و بەینە ئەگێڕێتەوەو ئەویش ئەمرێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مامسلێمانیسێتە بە سەری هەمەوەن لە چەمچەماڵ لە کۆڕێکا دانیشتووە، تورەیان کردووە؛ ئەویش وتوویە:

ئیتر مەوەشن قسەی بێ سەمەر      لە قوونتان ئەورم لکێ چەوەنەر

ئینجا وتویە: «ئەگەر لە سەری بڕۆن، قوولتریش ئەوشم».

- مچە گەوجی باوەجانی هەبوو کە ئەکەوتە گرو گالی شیعر، بەمجۆرە شیعری ئەوت:

هەکەمە زوورنا، دەکەمە ژێرت      وەک چەقچەقەی ئاش هەلپەڕێ کێرت

- رەسواغایمەنگوڕ هەبوو، پیاوێکی ریش سپی و بەزمەلی بوو. زۆری حەز لە قومار دەکرد هەندێ جاریش نوێژی دەکرد و قورئانی دەخوێند. جارێکیان لە کۆڕێکی دیوەخانەکەیا دائەنیشێ و ملی خەلکەکە ئەگرێ بۆ ئەوە قوماری لە گەل بکەن. کەس ملی ناداتێ و لە گەلی ناکا. کاتی قورئان خوێندنەکەشی نزیک بوەتەوە بە ناچاری خەلکەکە ئەترسێنێ و ئەلێ: «ئەگەر قومارانم لەگەل ناکەن دەچم قورئانان دەخینم، دەسا درەنگە».

- دزێک چووە ماڵێک هەر چەندە گەڕا هیچی تیا نەبوو بیدزێ. هات بڕواتە دەرەوە، خاوەن ماڵەکە پێی وت: [هەڵیتەکێنە بارت سەنگینە. دزەش ئەلێ:][5] «خوا هەقە سا تۆیش مالت ڕەنگینە».

- خێڵێک لە «تاریەر» خستبوویان. کابرایەکی کورد مالی لە ژوور هەموو مالەکانەوە بوو، شەو هاتبووە خوارەوە لە مالی کابرایەکیترا نوستبوو لە باخەلی ژنێکا. کابرا و ژنە تا پاش هەتاو کەوتن بە ئاگا نەهاتبوون. کابرا کە هەلئەستێ تەماشا ئەکا هەموو هاومالەکان چاویان لێیە کە لە باخەلی ئەم ژنە دێتە دەرەوە، ئینجا هیچی پێ نەمابوو ئەیوت: «دەک

---

٥- لە هەردوو چاپەکەی وەزارەتی رۆشنبیری و سەردەمدا بە ناتەواوی هاتووە؛ جا دیارە یا ماموستا عەلائەدین سەجادی وای نووسیوە یا لە چاپدا هەلەیان کردووە. بۆیە بۆ ئەوەی بە هەلە نەگاتە پێش چاوی خوێنەری هێژا، لە فولکلۆرم وەرگرت و لێم زیاد کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوا بیبڕێ هەواری لێژ، پیاو ئێوارە لە ماڵی خۆیا ئەخەوێ، کەچی بەیانی لە ماڵی هاوسێ خەوەری ئەبێتەوە».

- کابرایەک چوو بۆ کاروان، منداڵێکی بچکۆلەی هەبوو لە بێشکەدا بوو. لە دوای پێنج ساڵ هاتەوە تەماشای کرد چوار منداڵی لە گوێ ئاگردان دانیشتوون. لە ژنەکەی پرسی ئەم منداڵانە چین؟ ژنە وتی: «ئەوەیان خۆت لێرە بووی گەورە بوو، ئەوەشیان کە تۆ رۆیشتی لە زکما بوو، ئەو دانەشیان خەوم بە تۆوە دیبوو». کابرا وتی ئەمە سێ، ئەی چوارەمینیان چییە؟ ژنە وتی: «مێردەکە، ئەو سێ کوڕەت بمرێ ئەگەر لەوەیان بپرسی؛ چونکە بچکۆلەکەی گوێ ئاگردانە. نە تۆ ئەو بدوێنە، نە ئەویش تۆ بدوێنێ».

- کوڕێکی کورد هەبوو گاڵتەچی بوو، هەموو رۆژێ کە ئەڕۆیشتەوە ماڵەوە، دایکێکی پیری هەبوو لێ ئەپرسی، رۆڵە دەنگ و باس چییە؛ رۆژێک دیسان ئەپرسێ. کوڕەش وتی: «بە خوا دایە ئێمڕۆ بە فەرمانی پاشا جاڕیاندا هەرچی بێوەژنێک دانێکی مابێ ئەبێ شوو بکا. هەر کەس نەیدا بە شوو تووشی جەریمە ئەبێ». پیرێژنەش وتی: رۆڵە دەخیل! خۆت تووشی جەریمە مەکە، ئەوەتە من دوو کوتەرە دانم ماوە».

- حەمە بەگ وتی: کابرایەکم لا بوو ناوی قادرەسوری لەک بوو. رۆژێک باسی پیاوی نوێژ قایم و دیندار ئەکرا قادرەسوور وتی: ناشوکری نەبێ زەمان خراپ بووە کەس ترسی خوای نەماوە، خەڵکی بە تەنگ نوێژ و رۆژووەوە نین. ساڵێک لە گەڵ بیست سواری هەمەوەن چوین بۆ جەردەیی؛ لە قاتە قاتەکانی کەرکوک کاروانێکمان رووت کردەوە. سەر کردەمان «مەخۆل» هەمەوەن بوو. بە رەحمەت بێ! بە دەستی خۆی پێنج کەس لە کاروانەکەی کوشت. هەموو بارو شتومەک و ولاغەکانمان هێنا گەیشتینە «شیوەسوور». بستێکی مابوو رۆژ ئاوا ببێ، هەزار رەحمەتی لێ بێ مەخۆل! بانگی کرد: «عەشرەت نوێژم نەکردووە». دابەزی بە پەلە پەل دەستنوێژی شت و نەیهێشت نوێژەکەی بچێ، نوێژی خۆی کرد. ئینجا ئێستا پیاوی وەها دیندار ماوە؟

- حەمەبەگی حاجی رەسول بەگ ئەیوت سەیدعومەری حەفید ئەیگێرایەوە ئەیوت: ساڵێک باڵوێزێکی ئێران لە سولەیمانی بوو، ناوی «یەحیاخان» بوو. ئێجگار شیفتەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک ئەحمەد بوو، هەموو وەختێ ئەهاتە مزگەوتی گەورە بۆ خزمەت کاک ئەحمەد. بە ڕێکەوت کاک ئەحمەد چوو بوو بۆ شارباژێڕ. پێنج شەش تاجری سنەیی هاتبوونە سولەیمانی، شابەندەر گرتبوونی. یەکێکیان -کە نەگیرا بوو- هاتە مالی شێخ. «ئایشەخانیش» منی بانگ کرد وتی: ڕۆڵە، لە گەڵ حاجی مەلا ڕەسول بچن بۆ خزمەت شابەندەر تکای لێ بکەن بەڵکوو ئەو حەپسانە بەرەلا بکا. منیش لە گەڵ حاجی مەلا ڕەسوڵ چووم. قاپیوانێک لە قاپیەکە بوو، پرسی چیتان ئەوێ؟ حاجی مەلا وتی: عەرزی باڵوێز بکە حەفیدی «کاک ئەحمەد» هاتۆتە خزمەتی؛ ئەویش دەست بەجێ وتی بفەرموون. چوینە ژورەوە زۆری پێخۆش بوو، حورمەتێکی تەواوی گرتین. لە پاشا حاجی «مەلا ڕەسووڵ» وتی: جەنابی شابەندەر! عایشەخانی حەرەمی کاک ئەحمەد سەید عومەری حەفیدی ناردۆتە خزمەتتان کە ئەو توجارە کوردستانیانە بەرەلا بفەرموون. لە گەڵ ئەم قسەیەی حاجی مەلا، شابەندەر وەکو ئاگر بلێسەی بەست و وتی: «ئای، ئای! عایشە، عومەری ناردوە بۆ تکا؟ یاللا. دەرەوە، یاللا دەرەوە». خێرا گالی دوو خزمەتکاریدا هاتن بە زۆر دەریان کردینە دەرەوە.

- کابرایەکی کورد هەبوو سەبیلی ئەکێشا. هەموو دەمێ سەبیلەکەی بە دەمیەوە بوو. بە ئەستێوبەرد ئاگری ئەکردەوە، پووشووی چاکی دەست نەئەکەوت، دارگەندەڵی لە جیاتی پووشوو بە کار ئەهێنا. گەندەڵەکەیش درەنگ ئاگری ئەگرت، کابرای کونا وە جەرگ کردبوو.

کابرا نەخۆش کەوت و کەوتە گیانەلا. ژنەکەی چوو بە لایەوە پێی وت: «پیاوەکە! پیاو بە وەسیەت نەمردووە، تۆ هەقی کێت لایەو کێش هەقی بە سەرتەوەیە دەنگ بکە با من بیزانم». پیاوەکەش وتی: «ژنەکە هەقی کەسم بە سەرەوە نییە، هەر کەسیش من هەر هەقێکم لایەتی و ڕۆژێک چاوم پێ کەوتووە گەردنی خۆش و ئازاد بێ وەکوو شیری بەری دایکی؛ بەڵام تا ڕۆژی قیامەت لە دیوانی خواشدا گەردنی دار گەندەڵ ئازاد نەبێ.

- کابرایەکی کورد ژنێکی زۆر تووڕەی هەبوو، ئەمیش زۆری لێ ئەترسا. هەموو ڕۆژێ گۆشتی ئەکڕی و بە ژنەکەی ئەوت بیکە بە «کەشکەک». ڕۆژێک ژنەکەی وتی: پیاوەکە! ئەوا هاوین هات، ئیتر کەشکەک ناخورێ و جارێکی کە داوای کەشکەک مەکە؛ ئەگەر دەفعەیەکی کە ناوی کەشکەک بێنی خراپت پێ ئەکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە ڕێکەوت ڕۆژی دوایی کابرا گۆشتێکی قەڵەوی هێنا بووەوە، ژنەکە وتی: بیکەم بە چی؟ کابرا هیچ قسەی نەکرد، چوو پەیژەکەی نا بە گۆیسوانەکەوەو سەرکەوتە سەر بانەکە. ئینجا لە وێوە بانگی کرد: «سا وەڵڵا کەشکەک و کەشکەکیش».

- کابرایەکی کورد لە دەورەی تورکانا ئەگیرێ بە سەربازی و ئەیبەن بۆ مەشق کردن. بە ڕیز لە گەڵ سەربازەکانیترا رائیەگرن و ئەکەوێتە سەروی هەموویانەوە. ئارەزووی «سەبیل» ئەکا. کیسەو سەبیلەکەی دەردێنێ و ئەیەوێ سەبیلی تێکا. لەو کاتەدا سەرژمێر دێت سەر ژمێریان بکا، ئەچێتە بەردەمی کابرا کوردەوە ئەڵێ: بڵێ «بیر» ئەویش ئەڵێ: «برا سەورکە با سەبیلەکەم تێ کەم». ئەڵێ: کورە بڵێ بیر سەویلی چی؟ ئەوا ئەویش خەریکە دەست بە سەر سەبیلەکەیا دێنێت توتنەکەی ساف ئەکا هەر پێی ئەڵێ برا سەورکە با سەویلەکەم تێ کەم. کابرای سەرژمێر ئەوەستێتەوە دوو سێ زللەی چاک ئەکێشێ بە بنا گوێیا. ئینجا کابرای کوردە ئەڵێ: «برام بیر، باوکم بیر، کوڕی ئامۆزام حەوجار بیر بزانم بووی وە شا. کوڕ تاینگ نایەڵی پیاو سەویلەکەی تێ کا».

- کابرایەک هەبوو برا خاسی ناو بوو؛ قسەمان لە هاڵو هەواڵی عەسکەریەوە ئەکرد کە گۆیا ئێستا ڕێک و پێکترە. وتی: «برا ڕێکوپێکی چی؟ من خۆم لە دەوری عوسمانیا زەفتیە بووم، دوکانەکەشم قەسابی بوو. هەموو ڕۆژێ کە وەختی مەشق ئەهات دو تارانیم ئەدا بە یەکێ ئەچوو مەشقەکەی بۆ ئەکردم. بەو قورعانەی لێت خوێندوە ئێستەو ئەوساش خۆم ئەو قەنارەمە بە جێ نەهێشت. ئەوە بوو عەسکەری؛ ئێستەش ئەمانە بە ناخێری گیانیان گوایە عەسکەری ئەکەن».

- ڕۆژێک ژنە دراوسێیەک ئەچێتە ماڵی مەلایەک بۆ پرسیاری شتێک. لە سەر خۆڵەکە دائەنیشێ. مەلا ژن لەوێ نابێ، کە دێتەوە سەیر ئەکا دراوسێکەیان لە سەر خۆڵەکە دانیشتووە. ڕوو ئەکاتە مێردەکەی و ئەڵێ: «ئەوە بۆچی وا بێ وێلی، نە دەبوو سەرینێکی بدەیتێ بیخاتە ژێر قنگی».

مەلایش پشتیەک لە ژێر شانیا ئەبێ دەری ئەهێنی و ئەیداتە دەست ژنەکەی خۆی و ئەڵێ: «ئەو پشتیەی بەرێ با بیخاتە ژێر قوزی». ژنەکەی ئەڵێ بە خوا مەلا تۆ یان خەڵەفاوی یان شێت بووی؟ ئەڵێ بۆچی؟ ئەڵێ: «مردوت مرێ! ئەوە قسەیە تۆ کردت؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلایش ئەڵێ: «مردووت مرێ و چاویشت دەرێ، تۆ وتت بیخاتە ژێر قنگی، من وتم بیدەرێ با بیخاتە ژێر قوزی. خۆت ئەزانی چوار پەنجە بەینیان نییە، ئیتر ئەم هەرا هەرایەت لە چییە؟»

- کابرایەکی کورد ژنەکەی پێیوە نانیشێ، ئەویش ئەچێتە لای مەحمووپاشا شکات لە ژنەکەی ئەکا. هەر دوو لا ئەبرێنە بەردەم پاشا. پاشا لە پیاوەکە ئەپرسێ شکاتی چیت هەیە لەم ژنە؟ ئەڵێ: «قوربان پێمەوە دانانیشێ، هەموو جار چاوی لە دەرەوەیە، بە شەو ئەچم - لە شەرعا شەرمی بۆ نیە- لەگەڵی بنووم، قووڵی ناکا».

ئەمجا پاشا روو ئەکاتە ژنەکەو ئەڵێ: هەی بێ حەیا بۆچی وەکو شەرع ئەفەرموێ لەگەڵی هەڵناسی و دانانیشی؟ ئەڵێ: «پاشا بە سەری تۆ درۆ ئەکا هەموو شەوێ پێکەوە ئەنووین. کابراش ئەڵێ: «پاشا، پاشا! بەو قورعانەی تۆ ناگتەسە سەر رانی راستت ئەو گانەی ئەو وە منی ئەدا تۆ وە گەماڵە بۆرەی دەرماڵی خۆتی نادەی». مەحمووپاشا لەم قسەیە نەختێ فیکری کردەوە. قەندەیەکی بە دەستەوە بوو، مودنەیەکی کارەبای گەورەی پێوە بوو، مژێکی لە قەندەکە دا. ئەمجا ژنەکە هەڵی دایە وتی: «دەسا پیاوی درۆزن قەندەکەی پاشا وە قنگی». پاشا هەر ئەوەندەی پێما وتی: برۆن، برۆن دەی.

- کابرایەکی کورد ژنێکی هێنا؛ لە بەر ئەوە کە حیز بوو، عەشیرەتەکەی پێیان تەلاق دا. لە دوای بەینێ ژنێکی‌تری هێنا، دیسان هەروا. دوایی گەڕا، گەڕا لە ماڵە گەورە کارەکەرێکی هێنا. زۆری پێ نەچوو لە قەراخ چەم شوانێکیان بە سەرەوە گرت. لە ئاواییدا بوو بە هەرا.

مەحمو پاشا مێردەکەی بانگ کرد وتی: کەرانباوگاو ئەمە چییە یەکێکت هێنا حیز بوو، دووت هێنا حیز بوو، سێت هێنا حیز بوو؛ چییە بۆچ وایە؟ کابرا زۆر دلگران بوو وتی: «پاشا بێژم چی؟ لەم تالعە رەشەی من هەمە، وەو قورعانەی تۆ خوێندگتە کەیخسرەوبەگی کوڕت بەو هەموو رەشادەت و پیاوەتیەوە بوێ وە ژنی من حیز ئەوێ. تالعم خراوە. بێژم چی؟»

- جارێک مەحمووپاشا لە هۆزی «عەمەڵە» تورە بوو، هانی دا چوار سەد سوارێک لە «پشت ماڵی»و «تەرخانی» چوون سێ چوار کۆماریان لە عەمەڵە تالان کردو هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zaban.org

تالانەکەیان هێنایە ماڵی پاشا کە ئەو وەختە پێیان ئەوەت «ماڵەگەورە». لە گوێ «زەڵم»و «تانجەڕۆ»-واتە لە «دووان»- هەڵی دابوو. عەمەڵەکان چوون پەنایان بۆ چەند کوێخایەک بردو هێنایانن بۆ تکا بۆ لای پاشا. پاشا لە سەر تکای ئەوان وتی: تالانەکەیان بدەنەوە. هەر کە ماڵاتی خۆی دایە پێش و ڕۆیشت، مەگەر «عەولحەمی» ناوێک نێرەکەرێکی دیار نەبوو. دوو سێ جار چووە خزمەت پاشا داوای کردەوە، پاشاش وتی: بە خوا من نازانم بچۆ ناو تالانەکە بگەڕێ بۆ خۆت بیدۆزەرەوە.

لەولاوە هاواڵەکانی تالانیان دابووە پێش و ئەڕۆیشتنەوە. لەو بەری ئاوی زەڵمەوە یەکێ بانگی کرد: «هۆ، هۆ، هۆ، عەولحەمی، عەولحەمی، عەولحەمی!». عەولحەمیش هەر لە ناو دەواری دیوەخانەکەی پاشادا کە بە پێوە ڕاوەستابوو بە دەنگێکی قایم وتی: «هۆ بەڵێ، هۆ بەڵێ». کابرا بانگی کردو وتی: «بێوەرێوە، بێوەرێوە، بۆچی وێستاگی؟» عەولحەمیش وتی: «کوڕە بێژم چی، کوچکی تۆی لێ نەواریێ! نێرە کەرەکەوەم ماگە، پاشا ناچێتە ژێری، ناچێتە ژێری». پاشا بانگی عەلی بەگی کوڕی ئەکا ئەڵێ: «ڕۆڵە بچۆ کەرێک بدە بەم سەگبابە با نەمخاتە ژێر نێرەکەرەکەوە».

- دەروێشێکی جاف ڕۆژێکی هاوین لە «بێکەسە» تووشی پیاوێکی «مۆریاسی» ئەبێ، باری تری پێبوو. دەروێش رووی کردە کابرا وتی: «براکە دیارە بارەکەت ترێیەو منیش زۆر دڵم بە ترێیەوە. پارەشم پێ نییە دەروێشم ناتوانم بە زۆر لێت بسێنم، لە رێ خوادا بە گەردن ئازادی دوو هێشووم بدەرێ». کابرای خاوەن ترێ وتی: بە خوا برا بە پارە نەبێ نایدەم. دەروێش دیسان وتی «پیاگی خاس بە دڵم ئەسووتێ وەگەردەن ئازادی تاقەیەک هێشم بدەرێ». کابرا وتی: برا قسە هەر یەکە، بە خۆڕایی ناتدەمێ. ئەمجا دەروێش وتی: «بێژم چی؟ ئەمە کێری کەریمە سوورە وا لە قنگما ئەگینا ئاوا تۆ رزگارت نەئەبوو، بچوو خوات لە گەڵ».

- جارێک مەحمو پاشا ڕێی ئەکەوێتە ماڵ کابرایەکی «بێسەری». ئەو کابرایە دوو ژنی ئەبێ، یەکێکیان ناوی «پیزە» ئەبێ، ئەویکەیان «پەخە». پیزەیان چێشتی چاک دروست ئەکا و ئەو ڕۆژە بۆ پاشا پلاوێکی نایاب دروست ئەکا. پاشا کە ئەیخوا بە کابرا ئەڵێ: ئافەرین بۆ کەیبانووت، پلاوێکی زۆر چاکی لێنا بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بە ڕێکەوت بۆ ساڵی دوایی مەحمو پاشا ڕێی ئەکەوێتەوە ماڵیان. کابرا بە پیزە ئەڵێ: پیزە پاشا میوانمانە بزانم چۆن چێشتێکی بۆ لێ ئەنێی. پیزە خۆی لێ هەڵئەکا و چێشت دروست ئەکا و خوێی تێ ئەکا. پەخە کە ئەمە ئەبینێ ئەویش ئەچێ بە دزییەوە مستێکی‌تر خوێ ئەکاتە چێشتەکەوە. لە وەختی نان داکردنا، پیزە کە لێی ئەخوا سەیر ئەکا زۆر سوێرە. مێردەکەی بانگ ئەکا و ئەڵێ: من ئەوەندم خوێ نەکردوە ئەم چێشتەوە، کەچی ئێستە زۆر سوێرە. کابرا ئەڵێ ئێشی پەخەیە. دارێک لە پەخە هەڵئەگرێ دەست ئەکا بە لێدانی تا ڕاستی پێ ئەڵێ. ئینجا نان دائەنێن و کابرا ڕوو ئەکاتە مەحمو پاشا و ئەڵێ: «پاشا ڕوو زەردم! بە خوا پیزە پلاوێکی خاسی بۆ کردبوویت، بەڵام ڕووی دایکی ڕەشوێ، پەخە گووی تێکرد».

- «لالە سەرحەدی ڕۆغزایی» تۆبەی کردبوو وازی لە دزی و ڕێگری هێنابوو. ڕۆژێک لە سەر گردی بێکەسە هەڵیاندابوو، کوڕەکانیشی دەوریان لێ دابوو. ڕانێکی شاربازێری بەوێدا تێپەڕی، ئەویش بەرماڵێ ڕاخستبوو لە سەر بەرماڵ نوێژو تەزبیحاتی ئەکرد. سەیری کرد کوڕەکان هیچیان لە شوێنی خۆیان نابزوون، بە دەم تەزبیحاتەکەوە وتی: «لا اله هەی لەڕنە، سپی بێنن هەی ڕەش نە، بۆ بەرماڵی باوکتانە». تەماشای کرد کوڕگەل هەر ناجوولن، ئینجا چاری نەما وتی: «ئەرێ بێ فەڕینە! کوڕگەل گاینە! من دەستی شێخگەلم گلاو کردگە ئێوە چی؟ ئەو ڕانی شاربازێرییە لە کەلەکە چوو وەو دیوا خۆ ئەم دیواخانە وە تڕ ڕاناگیرێ».

- حەمە بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگ وتی: عەلی بەگی مەحمووپاشا بۆی گێڕامەوە وتی: ساڵێک ماڵمان لە «کانی چەقەڵ» بوو. حەمەی سان ئەحمد ئەسەدانی دوو بەرانی بە دیاری بە شوانەکەی خۆیا ناردبوو بۆ پاشا. کابرای شوان بەرانەکانی ڕابوارد و لێیان وەرگرت، ئیتر خۆی چووە قاوەخانەکە. قاوەچیەکەی پاشا قاوەی لێ ئەنا، کابرا بە دەنگێکی قایم لە قاوەچیەکی پرسی: «ئەرێ برا تۆ خوا ئەوە چی بۆ پاشا دروست ئەکەی؟» قاوەچیش وتی: قاوەیە. کابرا وتی: برا ئەگەر شتێک بێژم قەیناکا؟ وتی: بێژە. کابرا وتی: ئا چکێکم بدەرێ. قاوەچیەکە فنجانێکی بۆ تێکرد و دایە دەستی. کابرا قومێکی لێدا، کە زانی تاڵە گورج تفانیەوە و لە قاوەچیەکەی پرسی: «ئەم شتە، پاشا وە پارە ئەیسێنێ؟» ئەویش وتی: ئەرێ وەڵلا. کابرا ئیتر سێ و دووی لێ نەکرد و وتی: «ئەی کوتامە دایکی، ناکا ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پارەیە بدا وە هەڵوا گەزۆ، ئەچێ ئەم تفت و تاڵەی پێ ئەسێنێ». پاشا تەماشایەکی ئێمەی کرد و وتی: کورە دەنگ مەکەن قەیناکا.

- جارێک مەحمو پاشا ڕێی ئەکەویتە خێڵێکی «ئاخەسووری» لە کوێستان. تەماشا ئەکا هەوارەکەیان جێگایەکی زۆر خۆشەو سەر چاوەیەکی جوانی لێیە، ڕوو ئەکاتە خەڵکەکەو ئەڵێ: خزمینە! بە خوا شوێن هەوارێکی خۆشتان هەیە، خۆزگە منیش هاوماڵی ئێوە بوومایە! کوێخاکەیان لەو لاوە ئەڵێ: «پاشا بم وە قوورروانت پار نەوگەو پێرار نەوگە، هەر ئێستە دەوارێکت بۆ هەڵئەدەم و دێڵە شرێکت لێ مارە ئەکەم، ئیتر لە لای ئێمە دانیشە». پاشا چاوێ لە سوارەکانی هاوڕێ دائەگرێ و پێئەکەنێ و هیچ دەنگ ناکا.

- «تۆفیق ئاغای گەلالی» گێڕایەوە وتی: وەختی خۆی کابرایەکی شێخ سمایلی لە گەڵ عەباس ئاغای باوکم ناسیاوی هەبوو. ڕۆژێک کۆچمان کرد بۆ کوێستان ئەچووین. من و «بەوراغا»و «ئەولاغا» و دوو سواریکە لە خزمەت باوکما بوین. ڕێمان کەوتە بەر ماڵی کابرا. کابرا لە گەڵ باوکی چاو پێکەوت، ڕای کرد جڵەوی ئەسپەکەی گرت و وتی: ئاغە، یان ئەبێ ئەمر بکەن بمکوژن یا خود دابەزی لە ماڵ ئەم خزمەتکاری خۆتە قاوەڵتی بکەی. باوکیشم ڕووی کردە ئێمە فەرمووی ئەم پیاوە لە قەدیمەوە دۆستمە، با دڵی نەیەشێ، دابەزین.

ئیتر دابەزین چووینە ژێر دەوارەکە، کابرا دەستوبرد گیسکێکی سەر بڕی خۆی و ژنەکەی دەستیان کرد بە گرون و لێنانی. دوو سێ سەعات دانیشتین، هەر چیغێکیش لە بەینمانا بوو، باوکم بانگی کرد فەرمووی: ئێمە ڕێمان دوورە زوو نانمان بدەنێ با بیخۆین و بڕۆین. گوێمان لێبوو کابرا لەو دیوی چیغەکەوە بە ژنەکەی وت: درەنگە تێکە با بۆیان بەرم. ژنەکەش وتی چی بکەم گۆشتەکە نەکولاوە، کابرا وتی: «کچێ، تێکە؛ ئەمانە گەلالین. گەلالی سەگی ڕەش بە پێستەوە ئەخۆن». باوکم تەماشایەکی ئێمەی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد و ئێمەش پێکەنین.

- ڕۆژێک کوێخایەک ئەچێتە خزمەت مەحموو پاشا. بیستبووی کە پاشا لە ئەستەمبول دانی دروست کردبوو. لێی ئەپرسێ: «قوروان ئەو دگانی لە نوێ ژنیاگی بە دەس هەڵپەرسەیاگە بۆچی خاسە؟» پاشاش ئەڵێ: «قسە ئەکەم کەس نازانێ دانم نەماوەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتیشی پێ ئەخۆم». کابرا ئەڵێ: «قوروان بێقەوی نەوێ، نوقڵە رەقە بادامیەکان و کەشکی پێ ئەخۆی؟» پاشا ئەفەرمووی: نە وەڵلا! شتی وا رەقی پێ ناخورێ. کابرا ئەڵێ: «بە خوا دگانێ کە نوقڵە بادامی و کەشکی پێ نەخورێ گووی تێوێ». پاشاش هیچ دەنگ ناکا.

- کابرایەک لە شارەزوورەوە هات بۆ شار، کە گەڕایەوە هاوڕێیەکی هەموو جار هاتوچۆی شاری ئەکرد، چووە لای و وتی: «حەمە، ئای ئەم جارە لە شار شتێکم لە بازاڕ کڕیبوو نیوە ڕۆژە خواردم؛ بە خوا خۆش بوو. حەمە وتی ئەزانم چی بوو. پرسی دە بزانم چی بوو؟ وتی: «لوولە کەواوەکە بوو؟» وتی: «ناوەڵلا». وتی: «شەروەتە ئاوەکە بوو؟» وتی: ناوهاللە ئەوەش نەبوو. ئەمجارە وتی: «کەواوی کەلەو پاچەکەوو؟» وتی: «ئەرێ بەخوا خۆیەتی. ئای حەمە ئاوەکەی! ئاوەکەی!»

- دەرویشێکی جاف ڕۆژێک لەگەڵ ژنەکەی -کە ناوی خاتە بوو- لێیان ببوو بە دەمە قاڵ. ژنەکە مانگایەکی سووریان هەبوو، خەریکی مانگا دۆشین بوو، هەر بۆڵە بوڵی ئەکرد. دەرویش بە بۆڵە بۆڵەکەی زۆر تورە بوو، پێی وت: «خاتە! بێ دەنگ ئەبی؟ بێ دەنگ وە ئەگینا وەو سەی‌ساقە لێت ڕاستەوەوم لە ژێر مانگا سورەوە نەوی لە ژێر کەریمە سووری کەس نەزانەوە وی بەم گالۆکە گشت گیانت ئەشکێنم».

- ئەمینی دەرویش فەتاحی بەردەزەڕی هەبوو، وتی: بە کاروانستانێک ڕێم کەوتە موکریان. شەوێکیان لە ماڵی «برایمی فاتە» بووم، سەیرم کرد ژنێکی جوانی هەیە. منیش جۆشی گەنجێتیمە، دڵم لە ژنەکە چوو دەستم کرد بە چاو بڕکێ لە گەڵ کردنی. برایم هەستی پێ کرد یا نەکرد شەوێ هەموو لە ژێر کورسییەکەدا نووستین. کە چرایەکە کوژێنرایەوە، برایم جێگەکەی لەگەڵ جێگەی ژنەکەیا گواستەوە منیش پێی نازانم. دوو بەشی شەو ڕۆیشت دەستم ڕاکێشا بۆ شوێنی ژنەکە دەستێکم هات بە دەستەوە هێنام و کێری خۆمم ڕەپ کرد و خستمە مستیەوە. هەندێ دەستی لێداو پاشان ئەویش دەستی منی ڕاکێشاو لە خۆما ئەیخاتە سەر قوزی، کە چی کێرێکی لە هینەکەی خۆم زلتری خستە دەستمەوە. کە ئەمەم دی، هەڕا بوومە تنۆکی ئاوو ئیتر خەوم لێ نەکەوت؛ بەیانی لەگەڵ تاریک و لێڵەدا هەستام و وڵاخەکانم بار کردو ویستم بڕۆم؛ دنیاش زۆر ساردە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەندم زانی برایم هات و سەر ڕێی پێ گرتم و وتی: برا ئەوە بەم بەیانی زووە بۆ کوێ ئەچی؟ دانیشە قاوەڵتی بکەو دنیاش تۆزێ گەرم دابێ و ئەو وەختە بڕۆ. ئەوا منیش لە شەرمانا ناتوانم سەر بەرز کەمەوە. بە بێ ئەوە بتوانم قسە بکەم دانیشتم و قاوەڵتیم کرد، ئینجا ویستم بڕۆم. ڕوی تێ کردمەوەو وتی: «برا مەڕۆ، ئەم زستانە پێکەوە ڕای ئەبوێرین، هەر تۆ بیخەرە مستی من و من ئەیخەمە مستی تۆ تا خوا دەروێک ئەکاتەوە».

- کابرایەکی کورد هەبوو «نەزەر»ی ناو بوو، پیاوی «مەحمو پاشا» بوو. نەزەر لە ناکاو ون ئەبێ و زۆری پێ ناچێ پەیدا ئەبێتەوە. پاشا ئەپرسی: ها نەزەر ئەوە لە کوێ بووی؟ ئەڵێ: «بە خوا پاشا چوو بووم بۆ ماڵی شێخ، ڕۆحم وە قوربانی سەگی بەر قاپیەکەی وێ! پاشاش ئەڵێ: ها، ها ئەوەندە نایەنێ. نەزەر کە ئەزانێ پاشا وا ئەڵێ خێرا ئەڵێ: «کەواسە پاشا کوتامە دایکی». پاشاش ئەڵێ ماڵ کاول نەواش و نەواش.

- کابرایەکی کورد ڕۆژێک لەو شارەزوورەوە تاوی لێ هاتبوو. ڕۆژەکە زۆر گەرم بوو، هەر چەند داوای ئاوی دەکرد، ئاوی ساردی دەست نەدەکەوت، ئاوی گەرمیان ئەدایەو هیچ هەوایەکی فێنکیشی نەئەدی. ئەوەندە هەبوو شاخی هەورامان لە دوورەوە دیار بوو، بۆ ئەو شوێنە دوو ڕۆژ ڕێگە ئەبوو. بەفرەکە بە سەر شاخەکەوە دیار بوو. کابرایەکی خزمی بۆ ئەحواڵ پرسین هات بۆ لای، لە بەردەمیا ڕاوەستا و بەر شاخەکەی لێ گرت، ئەویش پێی وت: «کوڕە دویت باوک لای بەفرەکەم لێ مەورەوە، با هەوایەکی فێنکم بۆ بێت ئەوا پرو کیام».

- ساڵێک ڕەمەزان بوو جاف هاتبوونە شارەزوور لالە سەرحەد کوێخای هۆزی «سەگ گلە» کە تیرەیەکن لە روغزایی. ئەوانیش لە نزیکی «دزەکەرە»وە خستبوویان. لالە سەرحەد ڕۆژێک خەڵکی ئاوایی هەموو کۆ ئەکاتەوەو ئەڵێ: «عەشرەت ئێمە کە موسوڵمانین تۆی ئەم ڕەمەزانە کە مەلایەک ڕاگرین کە پێنج فەرزە نوێژمان بۆ بکات و قورئان و حەدیسیشمان بۆ بخوێنێ، کە نوێژی جەژنی بۆ کردین هەر ماڵە شتێکی ئەدەینێ و خوای لە گەڵ». هەموو وتیان بە خودای فەرموودەکەت بە جێیە.

چوون لە دێی «میردەی» فەقێیەکیان هێنا کە هەتا نوێژی جەژنیان بۆ ئەکا لە لایان بمێنێتەوە، ئینجا دەوارێکی بچکۆلەیان بۆ هەڵداو فەقێ دانیشت. کە نوێژی شێوان داهات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دەستی کرد بە بانگ دان وتی «اللّه اکبر، اللّه اکبر...». «عەلە»ی شوان ئەهاتەوە بۆ ئاوایی کە بانگی بیست رای کرد وتی: «کاورا دەنگ، کاورا دەنگ، دویت باوک هەرا مەکە». یەکێک لە خەڵکی ئاوایی رای کرد وتی: «عەلە! عەلە! جوێن مەدە». عەلە وتی: «ئەی ئەم کاورایە ئەم گاڵەگاڵەی لە چییە؟» «مردگت مرێ ئەمە مەلایە بانگ یێژێ؛ بانگی محەمەدی ئەمەیە بۆ چی جمێنی ئەدەیتێ؟» وتی: «نەمزانی کە بانگ یێژێ، بۆ چی ئەمەسە بانگ؟» وتی: ها. وتی: «تو خوا لالە گوڵە ئینجا ئەم بانگە قەیناکا بۆ پەزەکان؟» وتی: «نا، نا، نا». وتی: «دەسا با بێژێتێ».

لە پاشا شەوێ هەموو خێڵەکە بە ژن و پیاوەوە لێی کۆ بوونەوەو وتیان: «مەلا، بۆمان بخوێنە». هەتا دوو سەعات بۆی خوێندن. لەوە بە دواوە یەکێکی تریان لە ئاش هاتەوەو وتی: «مەلا چیت خوێندگە بۆ منیشی بخوێنە». بۆ ئەویشی دوو سێ سەعات خوێند. بەری بەیان یەکێکی تر -کە شەو بە دیار نەبوو- هاتەوە بۆیان گێڕایەوە کە ئیمشەو هەتا رۆژ مەلا بۆی خوێندگن. کابرا لە ناو دەوارەکەی خۆیان دائەنیشێت و رووی کردە دەواری مەلا تەماشای کرد نووستووە. بانگی کردوو خەبەری کردەوە وتی: «برا من لە ماڵ نەوگم تۆ بۆ عەشرەتت خوێندگە بۆ منیش بخوێنە». مەلا وتی: باوکم کە ئێوارێ هات بۆ هەمووتان ئەخوێنم، ئیتر ئەمە چییە؟ وتی: «نابێ ئەوی خوێندگتەتۆی بۆ منیشی بخوێنێ».

مەلا لە دڵی خۆیا لێکی دایەوە وتی دیارە ئەمانە بە هیلاکم ئەدەن، با چارە سەرێکی خۆم بکەم. چوو کولەکەیەکی برد لە دەوری خێڵ شارە زەردەواڵەیەک هەبوو، داری کرد بە شارەکەدا. دەمی کوولەکەکەی نا بە کونەکەیەوە هەتا پڕ بوو، دەرگاکەی قایم گرت و چووەوە بۆ شوێنی خۆی. وەختی نیوەڕۆ خەڵکی هەموو کۆ بوونەوە چوونە لای مەلا، مەلایش بەرماڵەکەی لە سەرو چاوی خۆیەوە پێچاو بە فەقیانەکەی دەستیشی شاردەوە، وتی: «اعوذ باالله من الشیطان الرجیم، الحمد لله رب العالمین» و سەری کولەکەی بەڕەڵا کرد، بە جارێ سێسەد چوارسەد زەردەواڵە دەرپەڕین و بە ناو کوڕگەلا بڵاوبوونەوە. یەکێ بە لووتیەوە، یەکێ بە دەستیەوە، یەکێ بە بنا گوێوە پێوەدا. کوردە هەر یەکە بۆ شیوێ رایان کرد، مەلاش گورج بوخچەکەی پێچایەوەو هەڵسا بە لایەکیکەدا رای کرد و بۆی دەرچوو.

ئینجا کوردەکان لە دەمە دەمی عەسرا هاتنەوە بۆ ناو دەوار و وتیان: «بچین چینێ لەم مەلای کرانباوگاوە بدەین»؛ کە هاتن مەلا نەمابوو. «قەیتول»ی کوڕی لالە سەرحەد دیار نەبوو، لالە پرسی: «ئەرێ عەشرەت قەیتوول دیار نییە». یەکێک وتی: «بە خوا لالە چاوم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێبوو چوار پێنج شەیتان رەجیم و ئەلحەمکە لیلا وە دەوریا گیزو هۆڕیان بوو، سەرە ژێر کردیان وە چەما، ئیتر نازانم چی وە سەر هات؟»

- باقی ئاغا هەبوو رەئیسی بەلەدیەی کەرکوک بوو. بەلەدیە چەند گوێ درێژێکی هەبوو بۆ خۆلکێشانی ناو شار. ئاغا ئەچێتە لای کورتان دوورێک کورتانیان بۆ دروست بکا. بە کورتان دوورەکە ئەڵێ: «کورە وا نەزانی بۆ یەکێکی تری دروست دەکەی؛ ئەبێ زۆر چاک ئاگات لە خۆ بێ، ئەوە بزانی کە بۆ منی دروست ئەکەیت». کورتان دووریش ئەڵێ: قوربان! هیچ دڵت چەکەرە نەکا. بە سەری تۆ ئەگەر لەوانە نەبوو کە بۆ خۆت دروست کرابێ، بیدەرەوە بە سەرما». ئەویش ئەڵێ «عام فەریم!»

- حەمەبەگی‌حاجی‌رەسوڵ‌بەگ وتی کەریمی‌فەتاح پیاو ماقووڵی مەحمووپاشا گێڕایەوە وتی: رۆژێک لە خزمەت مەحمووپاشادا رێمان کەوتە دێیەک. پیاوێکی ریش سپی هات لە منی پرسی وتی: ئەگەر هەندێ تەڕە بێنم پاشا نایخوا؟ منیش لە دڵی خۆما خەیاڵم کرد بەڵکە خەیارو تەرۆزی وە یا کاڵەک و شووتی بێ وتم بیهێنە. کابرا رۆیی لە پاش تۆزێک هاتەوە سینیەکی هەڵگرتبوو. تەماشام کرد لە ناو دوو تەشپیدا هەندێ بامیەی کاڵ قنچکەیانی لێکردۆتەوەو نەختێ خۆی وردیشی لە لایەوە داناوە. وتم باوکم ئەمە چۆن ئەخورێ؟ کابرا هێشتا ئەیوت: «برا داینە بەڵکوو پاشا ئەیخوا خۆ شتی خراو نییە، سەوزییە».

- عەلی‌قادر، کابرایەکی شاتری بوو. حسین‌بەگی‌حەسەن‌بەگ گێڕایەوە وتی: لە فەقیجنە بووین، ئەحەی سەلیم وتی: سەگی ماڵی عەزەی قادر لەوانەیە کەس نەوێرێ لە بەر ئەو بەو دەورو بەرەدا بڕوا. عەلی قادریش هەڵی دایە وتی: «کورە یێژی چی؟ وە کەلام سەگی ئەوان لە چاو سەگی ماڵی مارفا وەکو شێخ وایە».

- لە خێڵێکی کوردی گەلالی لەو کوردەوارییە رۆژێک دەنگوباسی جەژن بوو، زەلامێکیان نارد بۆ دێیەکی دراوسێیان بزانێ جەژنە یا جەژن نیە. کابرا چوو تەماشای کرد وا لە خانویکدا خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەتەوە، کابرایەکی سەر سپی لە لای سەرروویانەوە دانیشتوە، ئەو شتێک ئەڵێ و ئەوان بۆی ئەسێننەوە. تومەز ئەمە مەلایەو تەکبیری جەژن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rebari.org



دائەدا. کابرای کوردە ئیتر هیچ دەنگ ناکا و ئەگەڕێتەوە دواوە، لێی ئەپرسن چی بوو؟ ئەڵێ: «کورە بێژم چی بوو، کۆچکی تۆی لێ نەواریّ؟ لە خانگەکە پیاگەلێکی فرە دانیشتبوون، کاورایەکی سەر چەرمگیان تیاوو، هەر ئەو ئەگەفی و ئەوان ئەگەفین، ئەو ئەگەفی و ئەوان ئەگەفین؛ بەلام گوی نەنکی ئەخوا! گەفەی ئەو گەفەی ئەوان ناوڕێ ئێستە خواردگیانە».

- جوولەکەیەکی قەرەداغی گوێدرێژێک ئەدزێ. لە دوای بەینێک لە لای کابرایەکی «جافەرانی» بە سەری ئەگرێتەوە، هەندێ پارەی بە کالە دڕانە ئەداتێ و گوێدرێژەکەی لێ ئەسەنێتەوە. ڕۆژی جمعە ئەبێ، پاش عەسر ئەڵێ ئیمشەو شەمەیە پێویستە بچمە قەرەداغ، کەرەکە ڕائەکێشێ و ئەکەوێتە ڕێگا. کابرای جافەرانی هاوڕێیەکی لە گەڵ خۆی ئەهێنێ و بە دوایا دێت و خۆی ڕووت ئەکاتەوە هەموو لەشی خۆی لە قوڕە ڕەشەوە ئەدا. خواجەش هەوساری کەرەکەی بە دەستەوەیە ڕایئەکێشێ، زۆر ئەترسێ ناوێرێ ئاوڕ بداتەوە دواوە. تاریک داهاتووە، کابرا بە هێواشی هەوساری کەرەکە دائەماڵێ و ئەیکا بە سەری خۆیا و گوێ درێژ ئەدا بە هاوڕێ ئەڵێ تۆ بڕۆ. خۆی هەندێک بە هەوسارەوە ئەڕوا دوایی ئەڵێ وا چاکە کە خۆمی لێ ئاشکرا بکەم؛ پێ لە ئەرز قایم ئەکا و نارِوا. خواجە دوو سێ جار ئەڵێ هەچە وەرە، کەلکی نابێ کە ئاوڕ ئەداتەوە چاوی پێ ئەکەوێ و کابراش لێی ئەمرێنێ. جووە هەر دەستە ڕەشمە بەرەلا ئەکاو قوشنە قەوت بە تاو خۆی ئەهاوێژێتە دێ قەرەداغەوە. شەو و ڕۆژێک بێ زمان ئەکەوێ، کە دێتەوە هۆش خۆی لێی ئەپرسن چی بوو؟ ئەڵێ: «خزمینە! کەرەکەم بە سەر گرتەوە و هێنامەوە. شەو لە نیوەی ڕێدا لە ناو دارو دەوەنەکانا لێم بوو بە "ڕمووزە"و کەوتە شاخەکان».

ئینجا وتیان لە پاش چەند ڕۆژێک خەبەریان دایە کە کەرەکەت لە فلانە دییە. جووە ئەیگوت: «عەزیزم! بە حەزرەتی مووسا من خۆم بە چاوی خۆم دیم کە کەرەکە بووبوو بە ڕمووزن و دایە کێو، چۆن ئێستا باوەڕ ئەکەم مابێ!

- کابرایەکی کورد هەبوو چیلکە فرۆش بوو، هەموو ڕۆژێ ئەچوو بە کۆڵ چیلکەی ئەهێناو ئەیفرۆشت؛ بەوە ئەژیا. ئەم کابرایە خۆی کەڕ بوو، ژنەکەی کەڕ بوو، کوڕێکی هەبوو کەڕ بوو، کچێکیشی هەبوو ئەویش هەر کەڕ بوو. لە ماڵی پیرێژنێکا بوون ناوی «پوورە فاتە» بوو؛ ئەویش هەر کەڕ بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێک کابرا بە کۆڵە دارەوە هاتەوە. موختارەکە بانگی کرد وەرە دوو قەرانت بدەمێ خەرجی کە. کابرا بە کۆڵە چیلکەوە ڕای کردە ماڵەوە، ژنەکەی پرسی بۆچی نەت فرۆشت؟ وتی: «کچێ! من پیاوێکی هەژارم، خەڵکی خێرم پێ ئەکەن کەچی موختار داوای دوو قەران پیتاکم لێ ئەکا». ژنە رووی کردە کچەکە وتی: «ڕۆڵە، سەیری باوکت کە هاتووە ئەڵێ گۆشتی مەڕتان بۆ بکڕم یان گۆشتی گا؟ منیش ئەڵێم تۆ هەر چێکیان بکڕی هەر باشە».

کچە ڕای کردە لای براکەی وتی: «کاکە! دایکم پرسم پێ ئەکا ئەڵێ کوڕی وەیسە داوای تۆی کردووە، شووی پێ ئەکەی یان نە؟ منیش وتم دایە من وەکوو کچی خەڵکی نیم باوکم و تۆ و کاکم بە هەر کەسێکم بدەن ڕازیم».

کوڕەش بە توڕەییەوە چوو بۆ لای پووره فاتەو وتی: «وەڵڵا هەر کەس پێم بڵێ پووره فاتەی گاوە، ئەیکوژم».

پووره فاتەش وتی: «وەڵڵا باوکم زۆری خۆمەو لە دوو قەران کەمتری نادەم».

– حەمەبەگیجافربەگیجاف عەمری خوای کردبوو. پێ خۆیک قوڕیان گرتبۆوە زەلامێک بە خاکەنازەوە ڕاوەستابوو هەر کەس بهاتایە خاکەنازێ قوڕی ئەدا بە سەریاو هەر ئاغا ڕۆشی ئەکرد.

کابرایەکی مسگەری سنەیی لە ئاواییەکەدا بوو. بە لای زەلامەکەدا رابوردو ئەویش گورج خاکەنازێ قوڕی دا بە سەر مسگەرا وتی: «دەی مسگەر تۆش ئاغەڕۆ بکە».

ئەویش هیچ خۆێ تێک نەدا دەستی کرد بە شیوەن و مەنجەڵی گەرە گەرەی چێشت لێنرا بوو، مسگەر چوو پشکۆیەک ئاگری زلی هێنا کابرای خزمەتکار کۆڵەنجەی لە بەرا نەبوو یەخەی کرابووەوە تیلمە بەنێکیشی لە پشتا بوو مسگەر پشکۆکەی هاویشتە باخەڵیەوە هەر دوو دەستی گرت و وتی: «با پێکەوە شیوەن بکەین».

زەلامەکە، تینی پێ گەیشت وتی: «کوڕە بەرمدە سوتام». مسگەر وتی: «هەقتە بسووتێی، ئاغەت ئاغەی چاک بوو». وتی: «کوره مسگەر بەرمدە سووتام». وتی: «هەر تۆش نەسووتاوی ئێمەش سووتاین». وتی: «مسگەر مردگت مرێ بەرمدە گڕم تێبەر بوو». وتی: «ئافەرین بۆ تۆ بە خوا خزمەتکارێکی دڵسۆز و بە وەفای بۆ ئاغاکەت». وتی: «مسگەر کرانباوگاو بەرمدە بە ئاگری ڕاستەقینە سوتیام». ئیتر مسگەر دەستی بەڕەڵا کرد، بەڵام کابرای قوڕ بە سەر لا قەبرغەی بە تەواوی سوتابوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مەلایەکی کەم فیکر لە دێیەک بوو هەر جار کە ئەچووە سەر منبەر خوتبەی جومعە بخوێنێ، خوتبەکەی ئەکرد بە لای مێزەرەکەیاو هەموو جار دەستی لێ ئەدا نەوەک لە فیکری چوو بێ. ڕۆژێک لەو وەختەدا کە چووە سەر منبەرەکە کوێخایەکی قومار بازیان هەبوو لە دواوە خوتبەکەی لێ دزی. مەلاکە چووە سەر منبەر دەستی برد بۆ «خوتبە» سەیری کرد نەماوە، بە جارێ پەکی کەوت و زۆر تەریق بۆوە.

ئەو جۆمعەیە هیچ، جۆمعەی دواییش کوێخا عەینی کەتنی پێدایەوە. ئینجا بۆ جۆمعەیەکیتر هێنای دوو خوتبەی نوسیەوە یەکێکی کرد بە لا سەریا، یەکێکیشی نایە باخەڵی. کە سەرکەوت بۆ سەر منبەر کوێخا دیسان لە دواوە خوتبەکەی لێ دزی. مەلا کە چووە سەر منبەر دەستی برد خوتبە نەماوە، هیچ خۆی تێک نەدا هێنەکەی باخەڵی دەرهێناو دەستی کرد بە خوێندنی. وەکوو یەکێ چۆن دەستی گرتمۆلکە ئەکاو روو ئەکاتە یەکێکیتر ئیشارەی بۆ ئەکا-یانێ کوتامە خۆت، یا کوتامە دایکت- ئەمیش هەر ئەیوت: «الحمدلله حق حمده هتد» و بە دەستیش ئاوقەی کوێخای ئەکرد؛ یانێ کوتامە دایکت، ئاگات لێیە چۆن ترم بڕییت.

- شێخبابەعەلیتەکیەیی جارێک زستان ئەبێ ئەچێتەوە بۆ «تەکیە»و ئێوارە لە مزگەوت لە گۆی ئاگردانەکە دائەنیشێ و خەڵکی ئاواییش هەموو لەوێن. سەیر ئەکا کابرایەکی نەناسراویش لەوێیە. بابە عەلی بە خەڵکەکە ئەڵێ ئێستە سەیرێکتان بۆ ئەکەم.

هەروا لە بەر خۆیەوە بە دەنگی بەرز ئەڵێ: کابرایەکی چەرچی سولەیمانی هەیە ناوی سەلامەتە، هەندێ پارەم لایەتی و نامداتەوە؛ شەرتبێ ئەگەر ئێستە لێرە بوایە رووتم ئەکردەوە. ئەمە ئەڵێ و سەر بەرز دەکاتەوە و روو ئەکاتە کابرای غەریب و تۆزێ سەیری ئەکاو ئەڵێ: «کابرا ئەترسم تۆ سەلامەت بی؟» ئەویش ئەڵێ: «نە وەڵڵا قوربان! من هەو نیم». بابە عەلی ئەڵێ: «وەڵڵا کابرا تۆ شێوەت زۆر لە سەلامەت ئەکا. من لام وایە هەوی». ئەڵێ: وەڵڵا قوربان، بەو مەرقەدی ئیمام هەمزەیە! من سەلامەت نیم». بابە عەلی ئەڵێ: «سا یا رەبی سەلامەت نەبی! بەڵام زۆر ئەترسم سەلامەت بیت». کابرا ئەڵێ: «قوربان بەو قورعانەی لێت خوێندووە من سەلامەت نیم». بابە عەلی ئەڵێ: «دەی یا رەبی سەلامەت نەبی» و ئیتر وازی لێ دێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

- لە گەڕەکی کانیسکان ئافرەتێک ئەبێ «خانم خاس»ی ناو ئەبێ؛ بوکێکیشی ئەبێ [بە ناوی] «مەیاس». بووکی نەوسن و خەسووی چرووک هەموو چێشتێکی لە ژێر کلیل و قوفلدا ئەبێ.

ڕۆژێ دراوسێکیان لە سەر تەنوورەکەی ئەوان نان ئەکا. «مەیاس» ئەچێ لەواشەیەکی پێ ئەکاو بە گەرمی ئەیهێنێ بیکا بە چنگاڵ. تێفکری خەسووی کوپلەی ڕۆنی کردووە بە سنگی هەیوانەکەدا. هەیوانیش تازە سواخ دراوە، ئەگەر بە سەر سواخەکەدا بڕوا شوێن پێی دیار ئەبێ. کتووپڕ فێڵێک هات بە خەیاڵیا تری خەسووی پێ بڕی.

گوێ درێژێ لە حەوشە بەسترا بووەوە سواری گوێ درێژ بوو، چووە بەر سنگی کوپلە ڕۆن، چنگێ ڕۆنی دەرهێنا نایە سەر لەواشەکەی و گەڕایەوە. چنگاڵی خۆی خوارد، کەری نەبەستەوەو خۆی چووە سەرتەنوور دەستی کرد بە نان کردنەوە. خەسووی هاتەوە تێفکری کەر چووەتە هەیوان بەر کوپلەی ڕۆن. کە کوپلەی داگرت ڕوانی لە چنگی ئافرەت لێ دەرهاتووە؛ ئای هەرەس وە ماڵم! و وتی:

شوێن سمی خەرە و چنگی مەیاسێ        من لەم کەتنە، سا سەرم ئەماسێ

- مەلایەک گێڕایەوە وتی: ڕۆژێک زستان بوو. لە ژووری مزگەوت لە بەر ئاگر بە تەنها دانیشتبووم تەماشای کتێبم ئەکرد. کاتێک ڕوانیم زەلامێکی چوار پەل قەوی ملهۆڕ، باوەشێ پرچی بە سەرەوە بوو، هاتە ژوورەوە. جووتێ کەوشی شڕی لە پێدا بوو، کەوشەکانی داکەند هەر پێیێکی پێخوێک قوڕی پێوە بوو؛ یەک ڕێ چووە سەر بەرماڵەکان. منیش بانگم کرد دەرویش خۆ تۆ لای خۆت دەرویشی! چیت کرد؟ هەموو بەرەو بەرماڵی مزگەوتەکەت لە نوێژ برد. لە سەر ئەمە ئەوەندم زانی دەرویش لێم ڕاپەڕی وتی: «مەلا! ئاقڵ بە بۆ خۆت. جارێ من دەرویش نیم، خەلیفەم و تۆش مەلا نیت؛ ئەگەر مەلا بویتایە ئەتزانی. چونکە شێخ -بە قوربانی بم!- فەرموویە بە شەرع قوڕی زستان عافوە».

ئینجا مەلا وتی بۆم دەرکەوت کە خەلیفە بۆ شەرکردن هاتووە؛ منیش توانا و هێزی قۆڵ و بازووی ئەوم نییە و کەسیش لە مزگەوتەکەدا نییە کە لە سەرم بکاتەوە. نەم ویرا دەنگ بکەم. خەلیفە بە پێ قوڕاویەوە بەرەو بەرماڵی هەموو لە نوێژ برد و نوێژێکیشی کرد کە سەلامی دایەوە هاتە بەر ئاگرەکە بەرانبەرم دانیشت. وتم: خەلیفە، ئەگەر دوو سێ قسەت لێ بپرسم جوابم ئەدەیتەوە؟ وتی: «بەڵێ بپرسە؛ ڕەنگە وا بزانی هیچ نازانم، ئێمە کامەی هیچ نەزانین، لە تۆ مەلاترین».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسیم ئیمان چیەو دین چیە؟ خەلیفە جوابی دامەوە، بەلام بە تووڕەییەوە وتی: «ئیمان خوایەو دین پیغەمبەرە». پرسیم: پیغەمبەر ناوی خۆی و باوکی چییە؟ خەلیفە دیسان چاوی لێ دەرپەڕاندم، وتی: «پیغەمبەر ناوی محەمەدە، باوکیشی -بە قوربانی بم!- ناوی شێخ ئەولایە».

- حەمەبەگی‌حاجی‌رەسول‌بەگ گێڕایەوە وتی: لە گەڕەکی گۆیژە بەقالێک هەبوو ناوی «حەمەی پوورە سافیە» بوو. ڕۆژێک هاتە لام وتی: فلانی ئەمڕۆ بارێکم «کاهوو» کڕیبوو، لە بەر دەرکانەکەما ئاوی پیا کردوو. سێ زەلامی شارەزووری هاتن، یەکێکیان وتی: «عەشرەت سەیرکەن ماشەللا خەیار داگیە بە یەکا». دوو هەمیان وتی: «کورە ئەوە تۆ یێژی چی؟ ئەوە خەیار نییە یارکۆکییە، یارکۆکی». ئەوی سێهەمیان وتی: «بە خوا هەردووکتان بێ ئەقلن! چاوتان بە سەلکی کەوەرەکە کەوتگە، یەکێکیان یێژی خەیار و یەکێکیشیان یێژی یارکۆکی».

- «ڕەزا بەگ» ڕۆژێک لە دیواخان لە گەڵ هەندێ کەسا دانیشتبوون، خەبەریان هێنا وتیان «ئەحەی ناسر» خوا کوڕێکی داوەتێ، بەلام نۆ مانگی تەواو نەکردووە لە دایک بووە. «ڕەزا بەگ» وتی بە خوا منالێ کە بە حەو مانگی ببێ، ئەوە نابە کامی پێ ئەلێن و هیچی لێ پەیدا نابێ.

پیاوێک لەو لاوە وتی: قوربان! وامەفەرموو. من بیستوومە ئەو جۆرە منالانە هەموو پالەوانن و پیاوی گەورە ئەبن؛ تەنانت «ناپلیۆن» و «محەمەدی‌فاتح» ئەلێن بە حەو مانگی هاتوونەتە دونیاوە. ئیتر «ڕەزا بەگ» گورج وتی: «سا بە خوا! بە سەری ئەم مەجلسەو بە گۆڕی باوکم! بیستوومە کە خۆم و باوکم هەردووکمان بە حەوت مانگی لە دایک بووین».

- حەمەبەگی‌حاجی‌رەسول‌بەگ وتی: «حەمەی پوورە سافیە» بۆی گێرامەوە وتی شێخان لە سولەیمانی زۆر لە بڕەودا بوون؛ دەست و پێوەندیان ئیتر ئیشیان هەر ئەوە بوو کە لە خەلکیان ئەداو تالانیان ئەکردن. ڕۆژێک بارێ کالەکم لە ژنێکی «شەمە»یی بە شەش تارانی کڕی؛ پارەم دایەو بارە کالەکم بردە دوکان. وەختێ هەلم پچڕی تەنها دەرگا بارەکەی سێ چوار کالەکی تیا بوو، ئەوی‌تری هەموو زرکی خەلووزەلێدڕاو و کالەکە شکاو بوو؛ منیش دەستم لێ نەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.zaheri.org

وەختی چێشتەنگاو ژنەکە هات و داوای جوالەکەی کردەوە. بە ژنەکەم وت -بە زمانێکی شیرین- دایکم خۆ تۆ کالەکت بە من فرۆشتووە ئەمە چییە؟ هیچی بە کەلک نایەت، بێنە شەش تارانیەکەم بدەرەوە کالەکی خۆت چی لێ ئەکەی بیکە. پیرێژن وتی: مالێکەو فرۆشتوومەو پارەم وەرگرتووەو تۆیش کڕیوتە. خوا بکا پولێکت بۆ نەکا! لە سەر ئەم قرە قرەمان دراوسێی دووکانەکان کۆ بوونەوە کەوتنە بەینمان؛ وتیان: فلانی ئەمە ئافرەتە با تارانیەک بداتەوە، تۆیش کالەکەکە هەلڕێژە خوا بۆت ئەفرۆشێ. من بەم قسەیە رازی بووم، بەلام پیرێژن هەلیتیزان وتی: قوڕ بە سەرت من لەوانە نیم کەس بتوانێ تەشقەلەم پێ بکا؛ بزانە ئیستا چلۆن جەوالی خۆم بە شەق ئەستێنمەوە و لیبدا رۆیشت.

زۆری پێنەچوو تەماشام کرد هاتەوە هەتیویکی لەگەل بوو. سەلتەیەکی سورمەی کۆنی لە بەردا بوو. نۆشتەیەکی لە قۆلی راستی بەستبوو، فیشەک لغیکی شڕی لەپشتا بوو، لیستیکی بە دەستەوە بوو. پیرێژن رووی کردە هەتیوەکە وتی ئەم بەقالەیە. ئیتر هەتیو بە بێ هیل و گفت لیسی راست کردەوە و وتی: «بە سەری شێخ سەعید قەحبەباب هەر ئیستە جەوالی ئەم ژنە نەدەیتەوە بەم لیسە هەموو لەشت ئەشکێنم». منیش کەوام زانی لە دلی خۆما وتم وا چاکە منیش فێلێ بدۆزمەوە.

هەر هەلسام و رام کردە ژووری دووکانەکە کوتەکێکی زلم هەبوو دەستم دایەو هاتم وتم: «بۆچی سەگباب من بێ کەسم؟ بە سەری "سەیدئەحمەدیبابەرەسول" لەم بەر دووکانەما نەرۆی بارت کوتەک ئەکەم». لەگەل ئەوەش کە بە عومری خۆم مالی هیچ شێخێک نەچوو بووم و هیچ ئاشنایەتیەکم نەبوو.

هەتیوەکە بەم حالەی زانی وتی: ئاخر بزانم جوالەکەت بۆچی لێ گل داوەتەوە؟ منیش بە تووڕەیی وتم من کالەکم لەم پیرێژنە قۆڕە کڕیوە. کابرا ئەمجا زۆر بە نەرمی وتی: «برا تۆ عاجز مەبە با من تەماشای ئەم کالەکە بکەم». هات و چاوی بە کالەک کەوت رووی کردە پیرێژنەکە وتی: «میمکە بە خوا ئەم فەقیرە هەقیەتی. ئەمە هیچ کالەک نیە». ئەمجا وتی: «برا ریکەون شتێکت پارە بداتەوە و تۆیش جوالەکە بدەرەوە».

هەر چەن کابرا زۆر بە شێنەیی قسەم لەگەل ئەکا من بە تایبەتی هەر خۆم گورج ئەکەمەوە قۆلم هەلئەمالم و بە تووڕەییەوە جوابی ئەدەمەوە؛ وتم: قەی ناکا نیوەی پارەکەم -کە سێ قەرانە- بمداتەوە منیش جەوالەکەی ئەدەمەوە. هەتیوەکە وتی: نا وەللا بۆ خاتری من دوو قەرانی لێ وەربگرەو جەوالی بدەرەوە. وتم ئەلحەکمولیلا با خاتری تۆ بێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.abari.org

ئیتر هەرچەند پیرێژن هاواری کرد: «کورە خۆی بە تارانیەک قوراوی ئەخواردەوە». هیچ کەڵکی نەبوو، وتم: «بە سەری سەید ئەگەر لە بەر خاتری ئەم دەستە برایە نەبوایە بە سێ تارانیش رازی نەئەبووم». ئاخر دوو تارانیم لێ وەرگرتەوەو گەلێکیش پاڕایەوە، ئەمجا منیش جەوالەکەم دایەوە.

- ساڵێک لالەسەرحەدیروغزایی مالیان لە «پێواز» ئەبێ، تەماشا ئەکا لە دوورەوە کاروانێک رەت ئەبێ و کوڕگەلیش هەر کە لە ماڵێ خۆی دانیشتووەو هیچی ناچێ بۆ راووروت. بانگ ئەکا: «ئای هەتیوەل! خۆ من تەوەم کردگە ئیوە بۆ وا دانیشتگن؟» تەماشا کەن ئەو کاروانە، بە خوا رەنگوێ کۆتاڵ و وشکە کروشتی خاسیان پێ وێ». کوڕگەل لە گەڵ ئەمەیان بیست بە جارێ تاویان دایە سەر کاروان. لالە سەرحەدیش تەزبیحەکەی بە دەستەوە بوو هەر زکری ئەکرد و چاویشی لە کاروانەکە بوو.

کوڕگەل گەیشتنە کاروان، هەندێ قسەیان کرد؛ ئیتر بە بێ ئەوەی هیچ بێنن راست گەڕانەوە. لالە سەرحەد هات بە پیریانەوە پرسی ئەوە چی بوو، بۆ چی هەر وا گەڕانەوە؟ وتیان بە خوا لالە چووین رووتیان بکەینەوە کەچی سوێندیان خوارد وتیان خەڵکی «قەرەچیوارین» و پیاوی شێخین. ئێمەش لە ترسی ئەوە نەوەک شێخ حەسەن تووشی مۆجیزەیەکمان بکات ئیتر وازمان لێ هێنان. لالە وتی: «بڕۆن، بڕۆن هەی عەمرتان نەمێنی! هەتیوێ ئەوەندە بێ فەڕوێ بپرسێ ئەرێ زوارەکە لە کویوە دێن؟ بۆ کوێ ئەچن و پیاوی کێن؟ هەڵوەت ئەوانیش یێژن پیاوی شێخین -روحم وەفیای وی!- جارێکیکە وەم جۆرە وە حیزی بچن و بێنەوە، وە سەری ئەو شێخی قەرەچی وارە لێتان قوویل ناکەم، هەر چی خراوە پێتان یێژم».

- مەلایەک لە خێڵێکا وەعزی ئەدا ئەیوت: «هەر کەس شەوی جمعە لە گەڵ ژنی خۆیا ئیشی شەرعی بکات وەکوو حەو کافری کوشتبێ وایە». ژن و مێردێک لە وەعزەکە بوون، کە هاتنەوە ماڵەوە ژنەکە وتی: پیاوەکە ئیمشەو جمعەیە با حەو کافر بکوژین». پیاوە وتی باشە. تۆزێکیتری پێچوو دیسان ژنەکە وتی: «پیاوەکە جمعەیە نەوەک لە دەسمان دەرچێ با حەو کافریتر بکوژین غەزایە». پیاوە وتی باشە. حەو کافریتریان کوشت. بەو جۆرە ئەو شەوە تا بەیانی نزیکەی سەد کافریان کوشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کەوتە سبەی شەوێ ژنە دیسان وتی: «ئێمشەویش هەر جومعەیە با دەس کەین بە کافرکوشتن». پیاوەکە وتی: ئافرەت! دوێشەو جمعە بوو. ژنە وتی: تۆ نایزانی بۆ غەزا کردن هەموو شەوێ جمعەیە. بە کورتی ژنەکە تەنگی بە کابرا هەڵچنی و شەو هەر جمعە بوو، رۆژ هەر جمعە بوو، هەموو ساڵ بوو بە جمعەو شوێنی غەزا کردن.

کابرا بێ هێز بوو، وای لێ هات لووتت بگرتایە گیانی دەر ئەچوو. ناچار ماڵەکەی بە جێهێشت و چوو لە مزگەوت نووست. ژنەکە دوو سێ پیاوی نارد بە شوێنیا، پیاوەکان هاتن و وتیان ئاخر تۆ لە ماڵی خۆت بۆچی تۆراوی؟ کابراش وتی: «تا جمعە لەو ماڵەدا بێ جارێکیکە من بەو ماڵەدا ناکەمەوە، یان من، یان جمعە».

- دوو کابرای بەنگ کێش لەگردەکەی «زیری نۆک» شەو بوو، دانیشتبوون بەنگیان ئەکێشا. لە دوورەوە ئوتومبیلێک دیاری دا. ئوتومبیلەکە شەو بوو، بە خەتێکی راست درێژ بوو بوونەوە، یەکێکیان بەوی تریانی وتی: «هەستە با بچین بەو پەیژەیەدا سەر کەوین بچین بۆ ئاسمان چەند ئەستێرەیەک بێنین هەڵماتێنی پێ بکەین». ئەمەی وت و هەڵسایە سەر پێ. ئەوی تریان قۆڵی گرت و وتی: «کەرە، دانیشە بۆ کوێ بچین؛ ئەترسم لە رێگە پەیژەکە بکوژێتەوە ئەکەوینە خوارەوە ملمان ئەشکێ. ئەوا تیشکی ئەستێرەکە دیارە من دەست ئەبەم تیشکەکە ئەگرم پیا سەر ئەکەوم ئەچم سێ ئەستێرە دێنم هەڵماتێنەکەی پێ ئەکەین؛ ئیتر بۆ کوێ بچین؟»

- «مەلامەحیەدینیخواجەفەنی» گێڕایەوە وتی: کابرایەک هەبوو «سفوک»ی ناو بوو، لەو ناو جافەدا ویستی ژن بهێنێ؛ هاتە لام و پرسی پێ کردم بۆ ئەوە بچم مارەی بکەم. وتی منیش پێم وت بچۆ باوکی کچەو خۆت و دوو شاهێد حازرکە ئەوا منیش دێم. ئەڵێ کە چووم و نزیکی دەوارەکە بوومەوە، کوڕە هات بە پێشوازمەوە وتی مامۆستا هەموو حازرین فەرموو. وتی لە رێگەدا پێم وت: رۆڵە، من هەر شتێک ئەڵێم تۆیش وا بڵێ. وتی کە چوینە ژوورەوە سەیرم کرد شاهێدەکان نین وتم: رۆڵە، هەستە بچۆ دوو شاهێدیش بێنە. ئەویش وتی: «رۆڵە هەستە بچۆ دوو شاهێد بێنە». ئەڵێ وتم: کوڕم مەبەستم ئەوەیە بچی دوو زەلام بێنی. ئەویش وتی: «کوڕم مەبەستم ئەوەیە بچی دوو زەلام بێنی». وتی سەیر ئەکەم من هەر شتێک ئەڵێم ئەویش ئەیڵێتەوە لە پاشا تووڕە بووم وتم: کەرانباوگاو! بچوو دوو پیاوی سەگباب بێنە تا ژنەکەت لێ مارەکەم. ئەویش وتی: «کەرانباوگاو! بچوو دوو پیاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سەگباب بێنە تا ژنەکەت لێ مارەکەم». وتی ئیمان لە سەرما نەما هەستام شەپەزللەیەکم کێشا بە بنا گوێدا. وەڵلا ئەویش هەستا جوان وپوخت شەپەزللەیەکی کێشا بە بنا گوێی منا.

ئیتر ئیش تێکچو دەستم دایە یەخەی و دەستم کرد بە لێدانی و وتم سەگی سەگباب بۆچ لێم ئەدەی؟ وتی: سەیرم کرد تا من زللەیەکم لەم ئەدا ئەو دوو زللەی بە بنا گوێی منا ئەکێشا و بە تەواوی شەل و کوتی کردم و پەکی خستم. دەستم لە یەخەی کردەوەو خەڵکی هاتن بە سەرمانا، بەڵام من ناوێرم هیچی‌تر بڵێم. بە دەست دەستم بۆ هەڵئەتەکان وتم بڕۆ.

کوڕە ئینجا رۆیشت و گەیشتە بەر قاپی و وتی: «مامۆستا مارەی هات؟» وتم: هات سەگی سەگباب! بڕۆ. وتی کوڕە لێیدا رۆیشت و ئەو شەوە چووە لای ژنە. منیش لە بەر هیلاکی قسەم پێ‌نەئەکرا. بەیانی خەڵکەکە کۆ بوونەوە وتیان ئەرێ ئەم زرمە زللەیەتان لە چی بوو؟ منیش حاڵەکەم بۆ گێڕانەوە. کە من هەوەڵجار کفرم کرد وتم من هەر شتێک ئەڵێم تۆیش وا بڵێ، چووم سەیرم کرد شاهید نییە، وتم بچۆ شاهید بێنە.

ئیتر هەر شتێکم ئەوت لە لایەن شاهیدەوە ئەویش وەکو بەیتی بلە ئەیوتەوە. وتی سەر لە نوێ خەڵکەکە بەیانی چوون کوڕەکەو ژنەکەو دوو شاهیدیان هێنا، ئەو وەختە ئیتر مارەمان کرد.

- مەلائەحمەدی‌حاجی‌رەسوول گێڕایەوە وتی: لە ئاوایی «کونەکۆتر» بووم، سەیرم کرد کابرایەکی کوردی رەشماڵ لە دەرەوە هات. وتی: مەلا نەخۆشێکمان هەیە نوشتەی بۆ بکە. وتی: منیش مخمەسەکەی ئیمامی غەزالیم بۆ نووسی. کابرا لە پشتەوە چاوی لێ بوو کە مخمەسەکە ئەنووسم، نوشتەم بۆ پێچایەوە و دامە دەستی و رۆیشت. تا ئەو ئەچێتەوە کابرای نەخۆش ئەمرێ. ئینجا کابرا ئەڵێ: «باوکم مەلا هەر لەوێ دارە تەرمی بۆ هەڵبەست، ئێوە ئێستە شین و شەپۆڕی چیتانە؟»

- کابرایەکی کورد لەو جافەتیە تەماشای کرد هەر جار مەلا ئەچووە خێڵەکەیانەوە هەموویان ئەچوون بە پێشوازیەوەو ئیحترامێکی زۆری ئەگیرا. کوڕێکی هەبوو وتی چاک وایە منیش کوڕەکەم بکەم وە مەلا. لە کوێستان بوون و دەمە دەمی گەڕانەوەیان بوو. هەڵسا چووە دێیەک کوڕەکەی برد و چووە لای مەلای دێیەکە وتی: «مەلا ئەم کوڕەم بۆ بکە وە مەلا» و لێدا رۆیشت. زۆری پێنەچوو گەڕایەوە بۆ لای مەلا و وتی: مەلا کوڕەکەت بۆ کردم وە مەلا؟ مەلاش وتی: باوکم کوڕ بەم دەم و دەستە چۆن ئەبێ بە مەلا؟ وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی

«مەلا! من ئەمانە نازانم، گام وە بارەوە، مەشکەم وە دارەوە، دۆینەم لە چاڵەوە، یاڵلا کورِم بۆ بکە وە مەلا درەنگە».

- کابرایەکی کورد لە شارەزوور کورێکی پورزای لەرزو تای بوو، لە کۆڵی نەئەکەوت. پێیان وت بیبەرە سەر «سەیساق»و مەریشکیش لە گەڵیا بەرە بۆی سەر ببرە چاک ئەبێتەوە. وتی ئەیبەم بەڵام مەرِم بۆ سەر نابرِێ. مەریێک زۆرە، ئەچم پێ ئێژم ئەگەر وە کەمتر ئەیکا خاسە ئەگەرنا ئەیوەم بۆ «باڵانتەران». هەڵسا کورەی هەڵگرت و گیسکێکیشی لەگەڵ خۆی برد و چوونە سەر گۆرِی «سەیساق». رووی کردە گۆرەکە و وتی: «سەیساق! تۆ وە گیسکێ خاسی ئەکەیتەوە بیکەوە، ئەگەر نا باڵانتەران وە مریشکێک کرە ئەکا؛ ئەیوەم بۆ ئەو».

«سەیساق»و «باڵانتەران»دوو شەخسن لە شارەزوور.

- کابرایەکی کورد وازی لە گەرمیان و کوێستان کردن هێناو وتی بۆ خۆم جووت و گا ئەکەم. یەک دوو ساڵ کردی شتێکی وای دەست نەکەوت؛ ساڵێکیان وتی: ئیمساڵ لە گەڵ خوادا ئەبم بە شەریک. بەو نیازەوە دەستی دایە وەردی برِی و تووی چاند. گەنم دەستی هێنا بە خۆیا و زۆر باشی هێنا بوو، کابرا هە موو جار لە گەڵ هاوماڵەکانیا ئەچوون بۆ سەیری دەغڵ و هاوماڵ پێیان ئەوت ماشەڵڵا دەغڵەکەت خاسی هاوردگە. ئەویش ئەیوت: بۆچی گەمەیە؟من لە گەڵ خوادا بووم بە شەریک.

گەنم هاتە وەختی دروێنە؛ دروێنەی کرد و خەرمان سوور بوو. هاتنە سەر بەش کردن رووی کردە خوا و وتی: «ئەی تۆ هەقی سەپانی و وەرزێری و بنە تۆ نادەی؟ ئەبێ بیدەی». هێنای هۆرێکی بۆ خۆی جیا کردەوە و هۆرێک بۆ سەپان و بنە توو هۆرێکیش لەولاوە بۆ خوا. هی خۆی و سەپان و بنە تووی گواستەوە بۆ ماڵەوە. هی خواش لەو دەشتە مایەوە، شەوی بە سەرا هات. وتی بە خوا وا چاکە تا خوا نەهاتووە بەشەکەی خۆی بگوێزێتەوە بچم لێی بدزم.

هەستا چوو بە بێ دەنگ گایەکی دایە پێش خۆی و چوو بۆ گەنم. لە رێگەدا گاکە نە ئەرِۆیشت، ئەمیش چوو بە ئەسپایی سەری نایە بنا گوێی گاوە چپانی بە گوێچکەیەوە وتی: «دەویت باوک! من ئالیکت ئەدەمێ و کەچی لە خوا ئەترسی بۆیەرێ ناکەی؟ خۆ ئێستە دەسم بەسریاگە ئەگەر رۆژم لێ بووەوە تۆی حەجێکت پێ ئەکەم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هەر جۆر بوو گەیاندیە سەر گەنم و هەر بەو شەوە گەنمی گواستەوە. بەیانی چووە سەر شوێن خەرمانەکەو وەکو کەسێ نەیزانیبێ رووی کردە خوا و وتی: «ها برا! خێرا گەنمەکەت بەم شەوە گواستەوە؛ وات ئەزانی ئەگەر شەوێک بمێنێتەوە لێت ئەدزم».

ئەو ساڵە بە سەر چوو، ساڵی دوایی دیسان رووی کردە خوا و وتی: «با ئیمساڵیش بوینەوە وە شەریک». هێنای وەردی بڕی و تووی چاندو گەنم دەستی هێنا بە خۆیا. قەفی کرد و دانی گرت و پێگەیشت و دوریەوە، کوتای و سوور بوو. خەرمان گەلێ لە هی پار زۆرتر بوو. ئێوارە وەختێک بوو وتی با ئیمشەویش بڕوا، جا بەیانی بەشی ئەکەین.

بەشێکی شەو رۆیشت و نەرۆیشت هەورە چلکنیەکی هێناو کردی بە باران. بارانێکی زۆر قورس و لێزمە، کابرا ئوقرەی لێ بڕا، هەر بەو شەوە چوو بۆ سەر خەرمانەکە، سەیری کرد دەنکی نەماوە هەمووی لافاو بردوویەتی. کتوپڕ لەو وەختەدا بروسکەیەکی هاویشت، کابرا سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان بۆ لای خوا وتی: «چرای چی هەڵئەکەی، مەگەر گووی تیاماگە؟ گووە ریش باوک ئەو کەسە لە گەڵ توا ئەوێ وە شەریک».

- کابرایەکی کورد لە سولەیمانی ئەچێتە لای سەرتاشێک سەری ئەتاشێ و لێ ئەدا لە شار دەرئەچێ و ئەچێتەوە بۆ ماڵی خۆی. ئەڕوا تا ئەگاتە سەر گۆیژە، لەوێ پیاوێکی خێڵەکەی خۆیان -کە لە لای ران بوو- تووشی ئەبێ. لێی ئەپرسێ حەمە مرا! ئەوە سەرت تاشیگە؟ ئەڵێ: ئا. ئەڵێ: ئاگات لێ وو تیفتیفەکەی چەند خۆشە؟ ئەڵێ: تیف تیفەی چی؟ ئەڵێ: کورە ناشێ کاورا تیف تیفەی بۆ لێ نەداوێتی؟ ئەڵێ نا وەڵڵا! برا هەر ئەوەندەو تاشی و وتی هەڵسە بڕۆ. وتی: کە واسە برا هیچ خۆشیەکت نەچێشتگە.

ئینجا کابرا قوشقنە قەوەت لێ ئەدا لە سەر گۆیژەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و ئەچێتەوە لای سەرتاشەکە ئەڵێ: «برا، تیف تیفەکەت نەداگە، کوچکی تۆی لێ نەواری! بەچکە شاری تۆ بۆچ ئەمەندە بێ فەڕی؟ ئاخر نایێژێ وە بێ تیف تیفە خوا چۆن قولیەسی؟»

- «حاجی تۆفیقی پیرەمێرد» گێڕایەوە وتی:

کابرایەکی «کۆزەرەقەی»هەبوو «مەکە»ی ناو بوو. ساڵێکیان بێستانێکی ترۆزی ئەکا، بە هەڵکەوت بەرێکی زۆر ئەگرێ. هەموو رۆژێ کاروانێکی لێ ئەفرۆشێ، یەکێکیش لە جادەکەی سابونکەران ناوی «ماوزەڕ»ئەبێ، کە «مەکە» بارە ترۆزی دێنێ لە وێوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تێئەپەڕێ ئەیباتە بازار، ئەمیش شوێنی ئەکەوێ. کە کڕیار دێتە سەر ترۆزیەکان خۆی تێ هەڵئەقورتێنی دەست ئەکا بە تاریف کردنی ترۆزی و بە دەور و پشتی کابرای مشتەریدا هەڵئەسووڕێ و هەر ئەڵێ: «چەمیلە و خرمەی دێ». تا ترۆزی ئەفرۆشرێ، نایشزانی ئەمە ناوی مەکەیە هەر ئەڵێ «کاک خدر» واو کاک خدر ئەمە؛ کاک خدر لەمەو دوا کە بارت هێنا بانگم کە بزانە چۆنت بۆ ئەفرۆشم، من وا بە دەستمەوەیە شایێک لە «هۆمەرە کوێر» ئەکەم کوزە ڕەقی و خەراجیانی و دار بەروولەیی بانگ ئەکەم ئەمەندەیان پلاو و گۆشت دەر خوارد ئەدەم تا لە لوتیان دێتەوە.

مەکەش ئەڵێ: لالۆ! جارێ من ناوم خدر نییەو تا ئێستەش شایی کەس نەچووم و پلاوی کەسم نەخواردووە؛ تۆ بە ڕێ خۆت و من بە ڕێ خۆم. خێر ماوزەر وازی لێ نایێنی، دیسان تێ ئەئاڵێ و دەست ئەکاتە ملی و ئەڵێ لالۆ «خدر»کە سەر شایی کەس ناچی وەرە بتبەمە کەبابخانە حازرو بازر کەباب بخۆین.

ئیتر لە کۆڵی نابێتەوە، لایە زۆر و لایە خواهیشت رای ئەکێشێتە کەبابخانە. لە ڕێ توشی «مەلا فرج» دین. ماوزەر ئەڵێ مەلا تۆیش فەرموو. بە دزیەوە بە مەلا فەرەج ئەڵێ تۆ کەبابت خوارد زوو هەڵسە بچۆرە دەرەوە و بگەڕێرەوە بە پەلەپەل بانگ کە یا شێخ کابراکەی سەلەمی ڕۆنت لێ کردبوو دەست نە ئەکەوت، ئەوەتە تێپەڕی.

لە سەر ئەو تەگبیرە ئەچنە کەبابخانەوە، بایی دوو روپیە کەباب ئەخۆن. مەلا فەرەج زوو ئەچێتە دەرەوە بانگ ئەکا یا شێخ قەرزارەکەت تێپەڕی. ئەویش لە پڕ دەر پەڕی و «مەکە» لەوێ ئەمێنێتەوە. هەر چاوەڕوانە شێخ -کە ناوی نازانی- بێتەوە پارەی کەبابەکە بدا، هەر نایەتەوە؛ ئەمیش گوێدرێژەکانی لە مەیدانەکە جێ هێشتووە، تەنگە تاو بوو. هەڵئەستێ بڕوا خەڵفە فەرەج پیر ئەیگرێ پارەکەی لە باخەڵ دەردێنێ.

ئینجا بە بازارا وەک شێت را ئەکا و ئەڵێ: «ئەمە فیقەی پێکی زوڕنای شاییەکەیەتی، هێشتا هەڵپەڕکێی هومەرە کوێرمان ماوە».

- «دیکانی» لە بەری سیروانەوە رۆژێک داریان بۆ ماڵی «وەسمان پاشا» ئەهێنا. کابرایەکی زۆر کولبەنەی کەللە قەوی گوێ درێژیکی گولەکەی بار کردبوو، یەک لە یەکی گزگلتر بوون. پاشا کابرای جوجەی گڵ دایەوە، چاکەت و پانتۆلێکی راویان بۆ کردو فێسێکی سەریشیان نایە سەری عەولقارێکی زۆر کەلەگەتیش لای پاشا بوو، فنجانی قاوەیان پڕ ئەکردو ئەیانخستە سەر سینی ئەیاندایە دەست عەولقار. پاشا بە جوجەی ئەوت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ فنجانەکان یەکە یەکە لە سەر سینیەکە داگرەو بیدە بە خەڵکەکە لە دیواخان. جوجەیش بە پەیژە نەئەگەیشتە قاوەی سەر سینیەکەی عەولقار، هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ چوو لە دواوە گونی عەولقاری گرت عەولقار دانەویەوەو ئینجا قاوەکانی لە سەر سینیەکە داگرت و دای بە میوانەکان.

– وەسمان پاشای جاف پیاویکی هەبوو «سلێمانی شانازی» ناو بوو. ئیشی ئەم پیاوە هەر ئەوە بوو هەموو رۆژێ ئەچوو بۆ «بامۆک» لە مالی میرزا ئەولا ماستی ئەهێنا، هیچی پ شماوە بەر نەئەکەوت؛ زۆریش تامەزرۆی ئەو ماستە بوو.

رۆژێک ئەکەوێتە سەر ئەوە کە شتێک بدۆزێتەوە لە ماستەکە بخوا و توێژەوەکەشی نەشکێنی. لەو گۆی سیروانە قامیش قەڵەم هەیە قەفێک ئەبڕێ، نووکەکەی وەک قەڵەم ئەدا. لە گوشەیەکیەوە بە هێواشی دای دێلێتە بن جامەکە ماستەکە لە بنەوە هەڵئەمژێ تا تێر ئەخوا، لە سەریشەوە توێژەوەکەی ناشکێ.

رۆژێ پاشا ئەیبینێ وا کاسە ماست لە ناوەوە پووچە، لێی خوراوە و توێژویش نەشکاوە. سلێمان بانگ ئەکا ئەڵێ: سلێمان ئەم ماستە لە بنەوە کێ خواردویە؟ ئەڵێ: «پاشا من ماستم هاوردگە توێژی نەشکیاگە، گەردی لێ نەنیشتگە». پاشا ئەڵێ: یێژی توێژی ها وە سەرەوە لە شوێن خۆی، بەلام لێشی خوریاگە؛ بڕوانە تەپیگە. ئەڵێ: «پاشا! مانگاکە بادارە کە شیرەکەیان کردگە وە ماست باکەی داگیە لە ماستەکە؛ کە نەختێ لە توێژگەکەی لا چووگە بای ماستەکە دەر چووگە چاڵ بووگە، نابینی هێلکە کەکەڵەشێر وە سەریا ئەتسێ کاتێ کولاندیان شوێن تسەکە چاڵە.

پاشا ئەڵێ «سلێمان راستم پێ یێژە چە ئەفسونێکت کردگەسە کار؟ وە سەری تایەر بەگ ئەگەر راستم پێ یێژی خەلاتت ئەکەم». ئەڵێ: «پاشا پێشەکی ئەمرکە خەلاتەکەم بدەنێ ئینجا ئەو مەراقەت وەک "با" لە سک دەر ئەکەم». پاشا ئەمر ئەکا خەلاتی ئەدەنێ، ئەوسا «نەیجە» کە لە بەر پشتێنەکەی دەردێنێ و پاشا فێری ماست خواردن بە «نەیجە» ئەکا.

– پیرەمێرد گێڕایەوە وتی: مەقسووداغا هەبوو لە بنەڕەتا عارەبی جبوور بوو. نەخوێندەوار بوو، لە باخی پورەگی کە ئێستا جێگای ماکینەی ئەلکتریکە کۆنەکەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خانوێکی بوو. ژنێکی خەڵکی سولەیمانی هێنا بوو. خۆی پیرێکی زرتە بۆزی توورە بوو، هەمیشە لە گەڵ منالانا شەڕە جنێوی بوو. ژنەکەش ئافرەتێکی بە عیشوەو نازو تازە بوو.

دراوسێکی فێڵبازو گاڵتەچییان هەبوو «عەبۆلی ئەویای شەریف»ی ناو بوو؛ هەموو جار مەقسوداغای توورە ئەکرد بۆ ئەوەی جنێوی بداتێ.

ئەم مەقسووداغایە پیرێکی نەوسن و چلێس بوو، هەموو رۆژێ ئەچووە بازار سا هەر چێ بۆ ماڵ پێویست بوایە ئەیکڕی ئەینارد‌ەوە؛ بۆ خۆیشی شتێکی وەک هەنار یا سێوی ئەکڕی، دەستە سرێکی ئاڵی گوڵداری عەجەمی بوو، ئەیکردە دەستە سرەکەو بەڕێدا ئەهاتەوە، تا ئەگەیشتە ماڵەوەو وچانێکی لە سەر دووکانەکەی «سەعەی خلە سێ سەر» ئەگرت، تۆزێ رای ئەبوارد و ئەو وەختە ئەچووەوە.

عەبول رۆژێ ویستی ئاین و ئۆینێکی فێڵبازی لە گەڵ بکا، چوو دەسە سرێکی وەک دەسە سرەکەی ئەوی کڕی هاتە دوکانی «سەعە». تێ فکری وا مەقسوداغا هەناری شەرەبانی کردۆتە دەسە سرەکەیەوە و لەوێ دایناوە و وچان ئەگرێ. ئەویش چوو بە قەد هەنارەکانی ئەو شووتی و کولەکەی کڕی و کردیە دەسە سرەکەیەوە هات لە تەنیشت ئاغاوە دانیشت و بە دزییەوە دەسە سرەکەی ئاغای هەڵگرت و دەسە سرەکەی خۆی داناو هەڵسا رۆی. ئاغاش دوای ماندوو حەسانەوە دەسە سڕ هەڵئەگرێ و ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە. بانگ ئەکاتە ژنەکەی ئەڵێ وەرە ئەم هەنارە بەرە یەکێکیانم بۆ هەڵوەرێنە. ژنە دەسە سڕ ئەباتە ژوورەوە کە ئەیکاتەوە کوولەکەیە. ئەڵێ ئاغا یا خوا بە خێر بێیتەوە ئەو شووتیانەت بۆ ترشیات هێناوە؟ ئەمڕۆ ئایشی خلەی خزمم سرکەی بۆ نارد بووم، باشە ئەیخەمە ناوی.

ئاغا دەهری ئەبێ، دەست ئەکا بە جنێودان ئەڵێ ئافرەت شووتی چی هەنارم بۆ خۆم کڕیوە، تۆ وڕێتە بە بیزو ئەکەی؟ ئاخۆ کیت گرتووە. ئافرەت ئەگری و دەسە سڕ دێنێتە بەر دەمی ئەبینێ راست ئەکا شووتییە. ئینجا هەڵئەستێ بە توورەیی شووتی بەرێتەوە بۆ سەر بەقاڵ، لە رێ لا ئەداتە دوکانی سەعە، عەبولیش وا بە دوایەوە بزانێ چی بە سەر دێ. دیسان دائەنیشێ حەکایەتی خۆی بگێڕێتەوە، عەبول ئەیخلافێنێ دەسە سرەکەی خۆی بۆ دائەنێ و شووتی خۆی هەڵئەگرێتەوە.

ئاغا بە توورەییەوە ئەچێتە سەر بەقاڵ ئەڵێ ئەمە مسڵمانەتییە شووتی کۆلە ئەدەی بە من لە باتی هەنار؟ دەسە سڕ ئەدا بە سەر سنگی بەقالا ئەکرێتەوە ئەبینێ هەنارەکانی لە ناوایە. قالەی پیرۆت لەوێ ئەبێ جرتێکینی و هۆقەیی بۆ ئەکەنێ و ئەویش بە تەریقی و شەرمەزارییەوە هەنار ئەکاتەوە ناو دەسە سڕ و ئەگەڕێتەوە. عەبولیش وا بە دوایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سا ئاغا لە دووکانی سەعە دائەنیشێ و دانانیشێ عەبول ئەچێ «شێلم» ئەکرێ و ئەیهێنێ دیسان ئەیگۆڕێ و ئاغا ئەچێتەوە ماڵەوە. دەسە سڕ دائەنێ ژنە بانگ ئەکا ئەڵێ: ناوەجاخ تۆ سحر بازی. ئەمجا دەسە سڕەکە لە پێش چاوی خۆم بکەرەوە. کە ئەیکەنەوە شێلمی کاڵ دەرئەچێ. ئینجا گۆبەند خەست ئەبێ، ئەڵێ: ژنەکە تۆ جادووی ئەتوانی منیش بکەی بە کەر و بمفرۆشی، بڕۆ سێ بە سێ تەلاقت کەوتبێ.

دەسەسڕ هەڵئەگرێ دێتەوە دوکانی سەعە، لەوێ دەردی خۆی ئەگێڕێتەوە. عەبۆل لەوێ بە سووکی دەسە سڕی لە دەست وەر ئەگرێ ئەڵێ با بیبەم لە رووناکی تەماشای بکەم. ئاغا تۆ خەڵەفاوی، کەری خۆتت لێ بووە بە رموزن. هەڵسە پێشمکەوە بابتبەمە ماڵێ خۆتان لەوێ دەسە سڕەکەت بکەرەوە بزانە چی تیایە؟

ئەیباتە ماڵەوە دەسە سڕ ئەکەنەوە هەنارە. ئاغا شەرمەزار ئەیگرێ دەست و داوێنی ئافرەت ماچ ئەکاو ئاشت ئەبنەوە؛ ئەچنە لای «شێخبابەعەلی» بە هەر جۆرێ بێ تەلاقەکەی بۆ پینە ئەکا.

– عێل سەرەوژور بووەوە بۆ کوێستان ئەچوو. دوا دواییەکەی لە «شلێرو ناوخوان» بوو. کابرایەکی کورد لەوێ ئەکەوێتەوە بیری کە کوای نییە. بە پەلە ئەگەڕێتەوە بۆ پێنجوێن ئەچێتە بەر دووکانەکەی «ئەورەحمانی حەمەی وەسمانی خەیات» پێی ئەڵێ کەوایەکم بۆ دروستکە. ئەڵێ پێنج قەران. ئەڵێ لەو چێتە بێ. ئەڵێ: شەش قەران. ئەڵێ ناوەکەی زۆر بێ. ئەڵێ حەوت قەران. بە کورتی کابرای کوردە هەر شتێک ئەڵێ ئەورەحمان قەرانێک بۆی سەر ئەکەوێ تا ئەگاتە پانزە قەران. کابرا ئەڵێ: «خاسە برا کە بۆم دروستکەو بیەوە با بگەم وە خێڵەکە».

ئەورەحمان تۆپە چیتێک دائەگرێ و مەقەستی تێ ئەخا بۆی ببڕێ، کابرا هەر دەست ئەداتە تفەنگەکەی و ئاوقەی سەر سنگی ئەکا ئەڵێ: «دویت باوک وەستای بەرگ درو! پانزە قەرانم لێ ئەستێنی و گەرەکتە وە قەیچیش پارچە پارچەی کەی دەسم بۆڕی. وە کەلام هەر ئیستە ئەتکوژم».

ئەورەحمان کەوا ئەزانێ ئەڵێ: (برا ئەمە هی تۆ نییە هینەکەی تۆ وا لە ژوورەوە لە جلخانەکەغ سووڕێکی بازاڕ بخۆ و وەرەوە کەوای خۆت لە بەرکە». کابرا ئەڵێ دە وا بێژە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا ئەچێ بۆ ناو بازار و ئەورەحمان بە شاگردەکەی ئەڵێ پێنج شەش تەقەڵی کەو بیهێنەوە، تا کابرا ئەگەڕێتەوە کەوا تەواو ئەبێ و لە بەری ئەکا، کە قۆڵی تێ هەڵئەکێشێ لە سەر شانیەوە تەقەڵەکانی هەموو بەر ئەبێ و ئەشکەوتی تێ‌ئەکەوێ.

ئەورەحمان هەر راست ئەبێتەوە زللەیەک ئەماڵی بە بنا گوێی شاگردەکەداو ئەڵێ: «کەرانباوگاو! من وتم گیرفانی لە تەنیشتەوە بۆ بکە یا لە سەر شانەوە؟» کابراش ئەڵێ: «ئەوە دەردت وێ دویت باوک! گیرفان لە سەر شانەوە ئەکەی بۆ کەوای خەڵکی».

- منداڵێکی گڕنی ناشیرین چووە سەر بیرێک تەماشای ناو ئاوەکەی کرد «سەکوت»ەکەی خۆی بەر چاو کەوت زۆر ترسا، هەڕای کردەوە بۆ لای دایکی وتی دایە جنۆکەیەک لەو بیرەدایە وەرە تا بچین پیشانت دەم. دایکەکەش لە گەڵی چوو سەیری بیرەکەیان کرد. ئینجا بوون بە دوو، دایکەکەی پێی وت: «ڕۆڵە! راست ئەکەی ئەودە لەو دیلە سەگە قەحبەشی بە لاوە راوەستاوە».

- مەلایەک نوێژی شێوان پێش نوێژی ئەکرد بۆ خەڵکەکە زۆری درێژدایە؛ خەڵکەکە هەموو وەڕس بوون. ئینجا بێجگە لەوە ئاخری نوێژەکەشا هات سەجدەی سەهویشی برد کە هیچ سەهویشی نەکردبوو. پاشان پێیان وت: نە! درێژە دانەکە بەس نەبوو ئەم سەجدە سەهوە چی بوو کە سەهویشت نەکردبوو؟ وتی: «فلانی لە ناو نوێژەکەدا کەوتە فیکرم کە دەستنوێژم نییە، ئەم سەجدەیە بۆ ئەوە بوو».

- «شاکرمجرم‌رواندزی» نوێژی خەوتنان ئەکا لە پشت مەلایەکەوە. هەر راست لە پشت سەری مەلاوە لە یەکەم ریزا رائەوەستێ، مەلا سوورەتی «والمرسلات» لە نوێژەکەدا ئەخوێنێ، ئەگاتە ئەوە ئەڵێ «الم نهلک الاولین». «شاکر مجرم» دەچێتە ریزی پاشەوە. مەلا ئەڵێ «ثم نتبعهم الاخرین». ئینجا خۆی ئەکوتێتە ناوە ڕاستەوە. مەلا ئەڵێ «کرلک نفعل بالمجرمین»؛ شاکرم، شاکر ئەبێ نوێژ بەرەڵا ئەکاو ئەکا بە پێلاوەکانیا و بۆی دەر ئەچێ، ئەڵێ «کەواتە ئەم بەزمە بۆ منە».

- کابرایەکی کورد برایەکی هەبوو براکەی مرد. خەڵکوخوا کۆ بوونەوە چوون ناشتیان. ئەو لەو وەختەدا خۆی دزیەوە نەچوو بۆ ناشتنەکەی؛ پاشان پێیان وت بۆچ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەچویت تەرمی براکەت بنێژی؟ وتی: «برا بۆچ من شێت بووگم بچم؟ برا جوانە مەرگەکەم لە گەڵ تەرمەکەی خلەی ئامۆزاما چوو بۆ گۆڕستان ناشتی، ئیزرائیل چاوی پێکەوت کەوتەوە بیری هات گیانی ئەویشی کێشا. ئێستە منیش بچم خۆم بخەمەوە بیری، ئیزرائیل بێت گیانی منیش بکێشێ؟ هەر تۆی وەو دەورەوە بتلێتەوە منی بەر چاو نەکەوێ».

- «مەحمووپاشای‌جاف» تازە هاتبووەوە، کابرایەکی کورد ئەچێ بۆ لای بۆ بەخێرهاتنەوەی. مستێ ناوکە «قەزوان»یش لەگەڵ خۆی ئەبا بە دیاری بۆ پاشا. ئەچێ و ناوکە قەزوان ئەکاتە کوچەلەیەکی دارینەوەو لە بەردەمی پاشادا دایئەنێ و ئەڵێ: «میرم وەخێر بێتەوە! ئەم ناوکە قەزوانەشم وە دیاری بۆ هاوردگە. پێ ناوێ بیتەقێنی، خۆم تەقانیگمە». پاشا سەیرێکی ناوکە قەزوان ئەکات و بە کابرا ئەڵێ: کورە کەچەل ئەمەت بە چی تەقانووە؟ ئەڵێ: «میرم وە چی تەقانگمە؟ ئا وەم دگانە گواویانە». مەحمووپاشا زەردەخەنەیەک ئەگرێ و هیچی‌تر.

## هەندیک لە داستانی ژن

کابرایەکی کوردی شاری ژنێکی هەبوو رۆژی کولابوو بە دەستیەوە؛ بە هیچ جۆر پشووی ئەوەی نەئەدا کە تۆزی بحەسێتەوە؛ یا چاوی بە دۆستیکی بکەوێ. رۆژێک یەکێ لە هاورێکانی لە رێگادا تووشی بوو، تەماشای کرد وا سەبەتەیەک «ترێ»ی بە سەرسەریەو بە پەلە هەڕا ئەکاو «هەی ترێ!» ئەکا. پێی وت: «برا راوەستە چاک‌و چۆنیەکت لە گەڵ بکەم و بزانم بۆچی دیار نیت؟» کابراش هەر بە دەم هەڕا کردنەوە وتی: «لێم گەڕێ دەستم ناگاو ئیشم هەیە».

ئەمیش گوێی نەدایە، سەر رێگەکەی لێگرت و وتی: «کورە چیت تێ بگەیەنم؟ دەرفەتی ئەوەم نیە قسە لە گەڵ کەس بکەم. بە ناخێری گیانم ژنم هێناوە، ژنەکەم هەر لە نیوە شەودا هەڵم ئەستێنێ و سەبەتەیە چەوەنەرم ئەدا بە سەرا ئەڵێ بچۆ بیفرۆشە؛ کە ئەوە ئەفرۆشم و ئەچمەوە سەبەتەیەک شێلمی بۆ داناوم، بە بێ ئەوە دانیشم ئەوەشم ئەدا بە سەرا ئەڵێ برۆ؛ کە ئەوە ئەفرۆشم ئەچمەوە تەماشا ئەکەم ترێی بۆ داناوم، ئەڵێ ئەوەش بەرە؛ ئیتر هەر وا بەم جۆرە ئەمرەتێنێ». کابراش پێی وت: «جا کەواتە برام تەلاقی بدەو خۆت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رزگارکە». وتی: «کورە دەستم ناگا تەلاقی بدەم ئەوەندە پشووم ناداتێ چاوێ بکەمەوە و چارەسەرێکی خۆم بکەم».

- کوڕێکی قومار بازی جەهێل پیرێژنێکی حەفتا ساڵی هێنابوو. ڕۆژێک کوڕە داوای ئاوی کرد، پیرێژنەکە تەکانیدا هەڵسێ، نەیئەتوانی. کوڕەکە دەستی دایە پەلی هەڵیسێنێ، پیرێژن ئەیوت: «ئای هەتیو! قۆڵم رامەکێشە چاوم خێل ئەبێ».

- کابرایەک کوڕێکی سەرشێتی هەبوو هەراسی بە باوکەکەی هەڵگرتبوو کە دوو ژنی بۆ بێنێت. باوکیشی ئەیوت: «ڕۆڵە دوو ژن بە جارێ نابێ». ئەویش ئەیوت: نا هەر ئەبێ دوو بێ. لە ئاخرا دایکەکەی چوو بێوە ژنێکی دۆزیەوەو پێی وت مارەت ئەکەم بۆ کوڕەکەم، بەڵام ئەبێ بتبینم چۆن کەفوکوڵی ئەنیشێتەوە. بێوەژن وتی: تۆ کارت نەبێ.

هێنایان و لێیان مارەکرد. باوکی چووە لای کوڕە وتی: ڕۆڵە! ئەوا ژنمان بۆ هێنای هەستە بچۆرە لای. ئەویش ئەیوت دوو ژن نەبێ نامەوێ. وتی: ئاخر دوومان بۆ هێناوی، ئێستە بچۆرە لای یەکێکیان، لەوێ بێرە دەرەوە بچۆرە لای ئەویکەشیان. کوڕە بەم جۆرە ملی هێنایە ژێر بارو هەستا چووە لای پیری بێوەژن.

بێوەژن هیچ دەرفەتی نەدا، یەکێکی ئەکرد سازی ئەکردەوە بۆ یەکێکی‌تر. ئەو شەوە تا بەیانی وای لێ کرد باریکی کرد. بەیانی باوکی هات وتی ڕۆڵە ژنەکەی‌تر چاوەڕێ ئەکا ئاخر بچۆرە لای. وتی: «باوە هەر ئەمە بەسە».

ئەو شەوەش بێوەژن لۆکاندیەوە. ڕۆژێ دوایی باوکی هات وتی: «ڕۆڵە، ئاخر ژنەکەی‌تر بە تەمایە، دانیشتووە». وتی: «باوە ئەوە دەرکەو دایکیشم تەلاق بدە ئەمە بەشی هەر دووکمان ئەکا». دوو سێ ڕۆژی‌تری پێچوو کوڕە بە تەواوی هێزی لێ بڕا، وای لێ هات نەیئەتوانی مێشەکان لە لەشی خۆی دەرکا. مێشێک هەر زۆر عەزیەتی ئەدا، ئەمیش لە ژێر لێوەوە نوزەیەکی لێوە هات وتی: «لاچۆ باوە حیز! ئەگینا ئەڵێم بە باوکم ژنێکت بۆ بێنێ».

- کابرایەک هەبوو زۆر دڵی پیس بوو. هەر ژنێکی ئەهێنا لە پاش چەند ڕۆژ کە چاوی پێ بکەوتایە لە گەڵ کەسێکی دراوسێ قسەی بکردایە، وەیا تەماشای پیاوێکی بکردایە گورج تەلاقی ئەدا؛ بەم جۆرە خووەوە دوانزە ژنی داوێن پاکی بەرەڵا کردبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بە هەر جۆر بوو گەیاندیە سەر گەنم و هەر بەو شەوە گەنمی گواستەوە. بەیانی چووە سەر شوێن خەرمانەکەو وەکو کەسێ نەیزانیبێ رووی کردە خوا و وتی: «ها برا! خێرا گەنمەکەت بەم شەوە گواستەوە؛ وات ئەزانی ئەگەر شەوێک بمێنێتەوە لێت ئەدزم».

ئەو ساڵە بە سەر چوو، ساڵی دوایی دیسان رووی کردە خوا و وتی: «با ئیمساڵیش بوێنەوە وە شەریک». هێنای وەردی بڕی و تووی چاندو گەنم دەستی هێنا بە خۆیا. قەفی کرد و دانی گرت و پێگەیشت و دوریەوە، کوتای و سوور بوو. خەرمان گەلێ لە هی پار زۆرتر بوو. ئێوارە وەختێک بوو وتی با ئیمشەویش بڕوا، جا بەیانی بەشی ئەکەین.

بەشێکی شەو رۆیشت و نەرۆیشت هەورە چلکنیەکی هێناو کردی بە باران. بارانێکی زۆر قورس و لێزمە، کابرا ئوقرەی لێ بڕا، هەر بەو شەوە چوو بۆ سەر خەرمانەکە، سەیری کرد دەنکی نەماوە هەمووی لافاو بردوویەتی. کتوپڕ لەو وەختەدا بروسکەیەکی هاویشت، کابرا سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان بۆ لای خوا وتی: «چرای چی هەڵئەکەی، مەگەر گووی تیاماگە؟ گووە ریش باوک ئەو کەسە لە گەڵ توا ئەوێ وە شەریک».

- کابرایەکی کورد لە سولەیمانی ئەچێتە لای سەرتاشێک سەری ئەتاشێ و لێ ئەدا لە شار دەرئەچێ و ئەچێتەوە بۆ ماڵی خۆی. ئەڕوا تا ئەگاتە سەر گوێژە، لەوێ پیاوێکی خێڵەکەی خۆیان -کە لە لای ران بوو- تووشی ئەبێ. لێی ئەپرسێ حەمە مرا! ئەوە سەرت تاشیگە؟ ئەڵێ: ئا. ئەڵێ: ئاگات لێ وو تیفتیفەکەی چەند خۆشە؟ ئەڵێ: تیف تیفەی چی؟ ئەڵێ: کورە ناشێ کاورا تیف تیفەی بۆ لێ نەداویتی؟ ئەڵێ نا وەڵڵا! برا هەر ئەوەندەو تاشی و وتی هەڵسە بڕۆ. وتی: کە واسە برا هیچ خۆشیەکت نەچێشتگە.

ئینجا کابرا قوشقنە قەوەت لێ ئەدا لە سەر گوێژەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی و ئەچێتەوە لای سەرتاشەکە ئەڵێ: «برا، تیف تیفەکەت نەداگە، کوچکی تۆی لێ نەواری! بەچکە شاری تۆ بۆچ ئەمەندە بێ فەڕی؟ ئاخر نایێژێ وە بێ تیفە خوا چۆن قولیەسی؟»

- «حاجی تۆفیقی پیرەمێرد» گێڕایەوە وتی:

کابرایەکی «کۆزەرەقەی» هەبوو «مەکە»ی ناو بوو. ساڵێکیان بێستانێکی ترۆزی ئەکا، بە هەڵکەوت بەرێکی زۆر ئەگرێ. هەموو رۆژێ کاروانێکی لێ ئەفرۆشێ، یەکێکیش لە جادەکەی سابونکەران ناوی «ماوزەڕ»ئەبێ، کە «مەکە» بارە ترۆزی دێنێ لە وێوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تێئەپەڕێ ئەییاتە بازاڕ، ئەمیش شوێنی ئەکەوێ. کە کڕیار دێتە سەر ترۆزیەکان خۆی تێ هەڵئەقوڕتێنی دەست ئەکا بە تاریف کردنی ترۆزی و بە دەور و پشتی کابرای مشتەریدا هەڵئەسووڕێ و هەر ئەڵێ: «چەمیلە و خرمەی دێ». تا ترۆزی ئەفرۆشرێ، نایشزانی ئەمە ناوی مەکەیە هەر ئەڵێ «کاک خدر» واو کاک خدر ئەمە؛ کاک خدر لەمەو دوا کە بارت هێنا بانگم کە بزانە چۆنت بۆ ئەفرۆشم، من وا بە دەستمەوەیە شاییک لە «هۆمەرە کوێر» ئەکەم کوزە رەقی و خەراجیانی و دار بەرووڵەیی بانگ ئەکەم ئەمەندەیان پلاو و گۆشت دەر خوارد ئەدەم تا لە لوتیان دێتەوە.

مەکەش ئەڵێ: لالۆ! جارێ من ناوم خدر نییەو تا ئێستەش شایی کەس نەچووم و پلاوی کەسم نەخواردووە؛ تۆ بە ڕێ خۆت و من بە ڕێ خۆم. خێر ماوزەر وازی لێ نایێنی، دیسان تێ ئەئاڵێ و دەست ئەکاتە ملی و ئەڵێ لالۆ «خدر»کە سەر شایی کەس ناچی وەرە بتبەمە کەبابخانە حازرو بازر کەباب بخۆین.

ئیتر لە کۆڵی نابێتەوە، لایە زۆر و لایە خواهێشت رای ئەکێشێتە کەبابخانە. لە ڕێ توشی «مەلا فرج» دێن. ماوزەر ئەڵێ مەلا تۆیش فەرموو. بە دزیەوە بە مەلا فەرەج ئەڵێ تۆ کەبابت خوارد زوو هەڵسە بچۆرە دەرەوە و بگەڕێرەوە بە پەلەپەل بانگ کە یا شێخ کابراکەی سەلەمی رۆنت لێ کردبوو دەست نە ئەکەوت، ئەوەتە تێپەڕی.

لە سەر ئەو تەگبیرە ئەچنە کەبابخانەوە، بایی دوو روپیە کەباب ئەخۆن. مەلا فەرەج زوو ئەچێتە دەرەوە بانگ ئەکا یا شێخ قەرزارەکەت تێپەڕی. ئەویش لە پڕ دەر پەڕی و «مەکە» لەوێ ئەمێنێتەوە. هەر چاوەڕوانە شێخ -کە ناوی نازانی- بێتەوە پارەی کەبابەکە بدا، هەر نایەتەوە؛ ئەمیش گویدرێژەکانی لە مەیدانەکە جێ هێشتووە، تەنگە تاو بوو. هەڵئەستێ بڕوا خەڵفە فەرەج پیر ئەیگرێ پارەکەی لە باخەڵ دەردێنێ.

ئینجا بە بازارا وەک شێت را ئەکا و ئەڵێ: «ئەمە فیقەی پێکی زوڕنای شاییەکەیەتی، هێشتا هەڵپەڕکێی هومەرە کوێرمان ماوە».

- «دێکانی» لە بەری سیروانەوە رۆژێک داریان بۆ ماڵی «وەسمان پاشا» ئەهێنا. کابرایەکی زۆر کولبەنەی کەللە قەوی گوێ درێژیکی گولەکەی بار کردبوو، یەک لە یەکی گزگلتر بوون. پاشا کابرای جوجەی گڵ دایەوە، چاکەت و پانتۆڵێکی راویان بۆ کردو فێسێکی سەریشیان نایە سەری عەولقاریکی زۆر کەڵەگەتیش لای پاشا بوو، فنجانی قاوەیان پڕ ئەکردو ئەیانخستە سەر سینی ئەیاندایە دەست عەولقار. پاشا بە جوجەی ئەوت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بۆ فنجانەکان یەکە یەکە لە سەر سینیەکە داگرەو بیدە بە خەڵکەکە لە دیواخان. جوجەیش بە پەیژە نەئەگەیشتە قاوەی سەر سینیەکەی عەولقار، هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ چوو لە دواوە گونی عەولقاری گرت عەولقار دانەویەوەو ئینجا قاوەکانی لە سەر سینیەکە داگرت و دای بە میوانەکان.

- وەسمان‌پاشای‌جاف پیاوێکی هەبوو «سلێمانی شانازی»ناو بوو. ئیشی ئەم پیاوە هەر ئەوە بوو هەموو رۆژێ ئەچوو بۆ «بامۆک» لە ماڵی میرزا ئەولا ماستی ئەهێنا، هیچی پ شماوە بەر نەئەکەوت؛ زۆریش تامەزرۆی ئەو ماستە بوو.

رۆژێک ئەکەوێتە سەر ئەوە کە شتێک بدۆزێتەوە لە ماستەکە بخوا و توێژەوەکەشی نەشکێنی. لەو گۆی سیروانە قامیش قەڵەم هەیە قەفێک ئەبڕێ، نووکەکەی وەک قەڵەم ئەدا، لە گوشەیەکیەوە بە هێواشی دای دیلێتە بن جامەکە ماستەکە لە بنەوە هەڵئەمژێ تا تێر ئەخوا، لە سەریشەوە توێژەوەکەی ناشکێ.

رۆژێ پاشا ئەیبینێ وا کاسە ماست لە ناوەوە پووچە، لێی خوراوە و توێژویش نەشکاوە. سلێمان بانگ ئەکا ئەڵێ: سلێمان ئەم ماستە لە بنەوە کێ خواردویە؟ ئەڵێ: «پاشا من ماستم هاوردگە توێژی نەشکیاگە، گەردی لێ نەنیشتگە». پاشا ئەڵێ: یێژی توێژی ها وە سەرەوە لە شوێن خۆی، بەلام لێشی خوریاگە؛ بڕوانە تەپیگە. ئەڵێ: «پاشا! مانگاکە بادارە کە شیرەکەیان کردگە وە ماست باکەی داگیە لە ماستەکە؛ کە نەختێ لە توێژگەکەی لا چووگە بای ماستەکە دەر چووگە چاڵ بووگە، نابینی هێلکە کەکەڵەشێر وە سەریا ئەتسێ کاتێ کولاندیان شوێن تسەکە چاڵە.

پاشا ئەڵێ «سلێمان راستم پێ یێژە چە ئەفسونێکت کردگەسە کار؟ وە سەری تایەر بەگ ئەگەر راستم پێ یێژی خەلاتت ئەکەم». ئەڵێ: «پاشا پێشەکی ئەمرکە خەلاتەکەم بدەنێ ئینجا ئەو مەراقەت وەک "با" لە سک دەر ئەکەم». پاشا ئەمر ئەکا خەلاتی ئەدەنێ، ئەوسا «نەیجە»کە لە بەر پشتێنەکەی دەردێنێ و پاشا فێری ماست خواردن بە «نەیجە» ئەکا.

- پیرەمێرد گێڕایەوە وتی: مەقسووداغا هەبوو لە بنەڕەتا عارەبی جبوور بوو. نەخوێندەوار بوو، لە باخی پورەگی کە ئێستا جێگای ماکینەی ئەلکتریکە کۆنەکەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خانوێکی بوو. ژنێکی خەڵکی سولەیمانی هێنا بوو. خۆی پیرێکی زرتە بۆزی توورە بوو، هەمیشە لە گەڵ منالانا شەڕە جنێوی بوو. ژنەکەش ئافرەتێکی بە عیشوەو نازو تازە بوو.

دراوسێکی فێلبازو گاڵتەچییان هەبوو «عەبۆلی ئەویای شەریف»ی ناو بوو؛ هەموو جار مەقسوداغای توورە ئەکرد بۆ ئەوەی جنێوی بداتێ.

ئەم مەقسووداغایە پیرێکی نەوسن و چلێس بوو، هەموو رۆژێ ئەچووە بازار سا هەر چێ بۆ ماڵ پێویست بوایە ئەیکڕی ئەیناردەوە؛ بۆ خۆیشی شتێکی وەک هەنار یا سێوی ئەکڕی، دەستە سڕێکی ئاڵی گوڵداری عەجەمی بوو، ئەیکردە دەستە سڕەکەو بەڕێدا ئەهاتەوە، تا ئەگەیشتە ماڵەوەو وچانێکی لە سەر دووکانەکەی «سەعەی خلە سێ سەر» ئەگرت، تۆزێ رای ئەبوارد و ئەو وەختە ئەچووەوە.

عەبول رۆژێ ویستی ئاین و ئۆینێکی فێلبازی لە گەڵ بکا، چوو دەسە سڕێکی وەک دەسە سڕەکەی ئەوی کڕی هاتە دوکانی «سەعە». تێ فکری وا مەقسوداغا هەناری شەرەبانی کردۆتە دەسە سڕەکەیەوە و لەوێ دایناوە و وچان ئەگرێ. ئەویش چوو بە قەد هەنارەکانی ئەو شووتی و کولەکەی کڕی و کردیە دەسە سڕەکەیەوە هات لە تەنیشت ئاغاوە دانیشت و بە دزییەوە دەسە سڕەکەی ئاغای هەڵگرت و دەسە سڕەکەی خۆی داناو هەڵسا رۆی. ئاغاش دوای ماندوو حەسانەوە دەسە سڕ هەڵئەگرێ و ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە. بانگ ئەکاتە ژنەکەی ئەڵێ وەرە ئەم هەنارە بەرە یەکێکیانم بۆ هەڵوەرێنە. ژنە دەسە سڕ ئەباتە ژوورەوە کە ئەیکاتەوە کوولەکەیە. ئەڵێ ئاغا یا خوا بە خێر بێیتەوە ئەو شووتیانەت بۆ ترشیات هێناوە؟ ئەمڕۆ ئایشی خلەی خزمم سرکەی بۆ نارد بووم، باشە ئەیخەمە ناوی.

ئاغا دەهری ئەبێ، دەست ئەکا بە جنێودان ئەڵێ ئافرەت شووتی چی هەنارم بۆ خۆم کڕیوە، تۆ وڕێنە بە بیزو ئەکەی؟ ئاخۆ کیت گرتووە. ئافرەت ئەگری و دەسە سڕ دێنێتە بەر دەمی ئەبینێ راست ئەکا شووتییە. ئینجا هەڵئەستێ بە توورەیی شووتی بەرێتەوە بۆ سەر بەقاڵ، لە رێ لا ئەداتە دوکانی سەعە، عەبولیش وا بە دوایەوە بزانێ چی بە سەر دێ. دیسان دائەنیشێ حەکایەتی خۆی بگێڕێتەوە، عەبول ئەیخلافێنێ دەسە سڕەکەی خۆی بۆ دائەنێ و شووتی خۆی هەڵئەگرێتەوە.

ئاغا بە توورەیییەوە ئەچێتە سەر بەقاڵ ئەڵێ ئەمە مسڵمانەتییە شووتی کۆلە ئەدەی بە من لە باتی هەنار؟ دەسە سڕ ئەدا بە سەر سنگی بەقالا ئەکرێتەوە ئەبینێ هەنارەکانی لە ناوایە. قالەی پیرۆت لەوێ ئەبێ جرتێکینی و هۆقەیی بۆ ئەکەنێ و ئەویش بە تەریقی و شەرمەزارییەوە هەنار ئەکاتەوە ناو دەسە سڕ و ئەگەڕێتەوە. عەبولیش وا بە دوایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سا ئاغا لە دووکانی سەعە دائەنیشێ و دانانیشێ عەبول ئەچێ «شێلم» ئەکڕێ و ئەیهێنێ دیسان ئەیگۆڕێ و ئاغا ئەچێتەوە ماڵەوە. دەسە سڕ دائەنێ ژنە بانگ ئەکا ئەڵێ: ناوەجاخ تۆ سحر بازی. ئەمجا دەسە سڕەکە لە پێش چاوی خۆم بکەرەوە. کە ئەیکەنەوە شێلمی کاڵ دەرئەچێ. ئینجا گۆبەند خەست ئەبێ، ئەڵێ: ژنەکە تۆ جادووی ئەتوانی منیش بکەی بە کەر و بمفرۆشی، بڕۆ سێ بە سێ تەڵاقت کەوتبێ.

دەسەسڕ هەڵئەگرێ دێتەوە دوکانی سەعە، لەوێ دەردی خۆی ئەگێڕێتەوە. عەبۆل لەوێ بە سووکی دەسە سڕی لە دەست وەر ئەگرێ ئەڵێ با ببیەم لە رووناکی تەماشای بکەم. ئاغا تۆ خەڵەفاوی، کەری خۆتت لێ بووە بە رموزن. هەڵسە پێشمکەوە بابتبەمە ماڵێ خۆتان لەوێ دەسە سڕەکەت بکەرەوە بزانە چی تیایە؟

ئەیباتە ماڵەوە دەسە سڕ ئەکەنەوە هەنارە. ئاغا شەرمەزار ئەیگرێ دەست و داوێنی ئافرەت ماچ ئەکاو ئاشت ئەبنەوە؛ ئەچنە لای «شێخبابەعەلی» بە هەر جۆرێ بێ تەلاقەکەی بۆ پینە ئەکا.

- عێل سەرەوژور بووەوە بۆ کوێستان ئەچوو. دوا دواییەکەی لە «شلێرو ناوخوان» بوو. کابرایەکی کورد لەوێ ئەکەوێتەوە بیری کە کوای نییە. بە پەلە ئەگەڕێتەوە بۆ پێنجوێن ئەچێتە بەر دووکانەکەی «ئەورەحمانی حەمەی وەسمانی خەیات» پێی ئەڵێ کەوایەکم بۆ دروستکە. ئەڵێ پێنج قەران. ئەڵێ لەو چێتە بێ. ئەڵێ: شەش قەران. ئەڵێ ناوەکەی زۆر بێ. ئەڵێ حەوت قەران. بە کورتی کابرای کوردە هەر شتێک ئەڵێ ئەورەحمان قەرانێک بۆی سەر ئەکەوێ تا ئەگاتە پانزە قەران. کابرا ئەڵێ: «خاسە برا کە بۆم دروستکەو بیەوە با بگەم وە خێڵەکە».

ئەورەحمان تۆپە چیتێک دائەگرێ و مەقەستی تێ ئەخا بۆی ببڕێ، کابرا هەر دەست ئەداتە تفەنگەکەی و ئاوقەی سەر سنگی ئەکا ئەڵێ: «دویت باوک وەستای بەرگ درو! پانزە قەرانم لێ ئەستێنی و گەرەکتە وە قەیچیش پارچە پارچەی کەی دەسم بۆڕی. وە کەلام هەر ئیستە ئەتکوژم».

ئەورەحمان کەوا ئەزانێ ئەڵێ: (برا ئەمە هی تۆ نییە هینەکەی تۆ وا لە ژوورەوە لە جلخانەکەغ سوورێکی بازاڕ بخۆ و وەرەوە کەوای خۆت لە بەرکە». کابرا ئەڵێ دە وا بێژە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا ئەچێ بۆ ناو بازار و ئەورەحمان بە شاگردەکەی ئەڵێ پێنج شەش تەقەڵی کەو بیهێنەوە، تا کابرا ئەگەڕێتەوە کەوا تەواو ئەبێ و لە بەری ئەکا، کە قۆڵی تێ هەڵئەکێشێ لە سەر شانیەوە تەقەڵەکانی هەموو بەر ئەبێ و ئەشکەوتی تێ ئەکەوێ.

ئەورەحمان هەر راست ئەبێتەوە زللەیەک ئەمالێ بە بنا گوێی شاگردەکەداو ئەڵێ: «کەرانباوگاو! من وتم گیرفانی لە تەنیشتەوە بۆ بکە یا لە سەر شانەوە؟» کابراش ئەڵێ: «ئەوە دەردت وێ دویت باوک! گیرفان لە سەر شانەوە ئەکەی بۆ کەوای خەڵکی».

- منداڵێکی گڕنی ناشیرین چووە سەر بیرێک تەماشای ناو ئاوەکەی کرد «سەکوت»ەکەی خۆی بەر چاو کەوت زۆر ترسا، هەڕای کردەوە بۆ لای دایکی وتی دایە جنۆکەیەک لەو بیرەدایە وەرە تا بچین پیشانت دەم. دایکەکەش لە گەڵی چوو سەیری بیرەکەیان کرد. ئینجا بوون بە دوو، دایکەکەی پێی وت: «رۆڵە! راست ئەکەی ئەوەتە لەو دیڵە سەگە قەحبەشی بە لاوە راوەستاوە».

- مەلایەک نوێژی شێوان پێش نوێژی ئەکرد بۆ خەڵکەکە زۆری درێژدایە؛ خەڵکەکە هەموو وەڕس بوون. ئینجا بێجگە لەوە ئاخری نوێژەکەشا هات سەجدەی سەهویشی برد کە هیچ سەهویشی نەکردبوو. پاشان پێیان وت: نەء! درێژە دانەکە بەس نەبوو ئەم سەجدە سەهوە چی بوو کە سەهویشت نەکردبوو؟ وتی: «فلانی لە ناو نوێژەکەدا کەوتە فیکرم کە دەستنوێژم نییە، ئەم سەجدەیە بۆ ئەوە بوو».

- «شاکرمجرمرواندزی» نوێژی خەوتنان ئەکا لە پشت مەلایەکەوە. هەر راست لە پشت سەری مەلاوە لە یەکەم ریزا رائەوەستێ، مەلا سوورەتی «والمرسلات» لە نوێژەکەدا ئەخوێنێ، ئەگاتە ئەوە ئەڵێ «الم نهلک الاولین». «شاکر مجرم» دەچێتە ریزی پاشەوە. مەلا ئەڵێ «ثم نتبعهم الاخرین». ئینجا خۆی ئەکوتێتە ناوە ڕاستەوە. مەلا ئەڵێ «کرلک نفعل بالمجرمین»؛ شاکرم، شاکر ئەبێ نوێژ بەرەڵا ئەکاو ئەکا بە پێلاوەکانیا و بۆی دەر ئەچێ، ئەڵێ «کەواتە ئەم بەزمە بۆ منە».

- کابرایەکی کورد برایەکی هەبوو براکەی مرد. خەڵکوخوا کۆ بوونەوە چوون ناشتیان. ئەو لەو وەختەدا خۆی دزیەوە نەچوو بۆ ناشتنەکەی؛ پاشان پێیان وت بۆچ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەچویت تەرمی براکەت بنێژی؟ وتی: «برا بۆچ من شێت بووگم بچم؟ برا جوانە مەرگەکەم لە گەڵ تەرمەکەی خلەی ئامۆزاما چوو بۆ گۆڕستان ناشتی، ئیزرائیل چاوی پێکەوت کەوتەوە بیری هات گیانی ئەویشی کێشا. ئێستە منیش بچم خۆم بخەمەوە بیری، ئیزرائیل بێت گیانی منیش بکێشێ؟ هەر تۆی وەو دەورەوە بتلێتەوە منی بەر چاو نەکەوێ».

- «مەحمووپاشای‌جاف» تازە هاتبووەوە، کابرایەکی کورد ئەچێ بۆ لای بۆ بە خێرهاتنەوەی. مستێ ناوکە «قەزوان»یش لەگەڵ خۆی ئەبا بە دیاری بۆ پاشا. ئەچێ و ناوکە قەزوان ئەکاتە کوچەلەیەکی دارێنەوەو لە بەردەمی پاشادا دایئەنێ و ئەڵێ: «میرم وەخێر بێتەوە! ئەم ناوکە قەزوانەشم وە دیاری بۆ هاوردگە. پێ ناوێ بیتەقێنی، خۆم تەقانیگمە». پاشا سەیرێکی ناوکە قەزوان ئەکات و بە کابرا ئەڵێ: کوڕە کەچەل ئەمەت بە چی تەقانووە؟ ئەڵێ: «میرم وە چی تەقانگمە؟ ئا وەم دگانە گواویانە». مەحمووپاشا زەردەخەنەیەک ئەگرێ و هیچی‌تر.

## هەندیک لە داستانی ژن

کابرایەکی کوردی شاری ژنێکی هەبوو رۆژی کولابوو بە دەستیەوە؛ بە هیچ جۆر پشووی ئەوەی نەئەدا کە تۆزی بحەسێتەوە؛ یا چاوی بە دۆستیکی بکەوێ. رۆژێک یەکێ لە هاورێکانی لە رێگادا تووشی بوو، تەماشای کرد وا سەبەتەیەک «ترێ»ی بە سەرسەریەو بە پەلە هەرا ئەکاو «هەی ترێ!» ئەکا. پێی وت: «برا راوەستە چاک‌و چۆنیەکت لە گەڵ بکەم و بزانم بۆچی دیار نیت؟» کابراش هەر بە دەم هەرا کردنەوە وتی: «لێم گەڕێ دەستم ناگاو ئیشم هەیە».

ئەمیش گوێی نەدایە، سەر رێگەکەی لێگرت و وتی: «کوڕە چیت تێ بگەیەنم؟ دەرفەتی ئەوەم نیە قسە لە گەڵ کەس بکەم. بە ناخێری گیانم ژنم هێناوە، ژنەکەم هەر لە نیوە شەودا هەڵم ئەستێنێ و سەبەتەیە چەوەنەرم ئەدا بە سەرا ئەڵێ بچۆ بیفرۆشە؛ کە ئەوە ئەفرۆشم و ئەچمەوە سەبەتەیەک شێلمی بۆ داناوم، بە بێ ئەوە دانیشم ئەوەشم ئەدا بە سەرا ئەڵێ برۆ؛ کە ئەوە ئەفرۆشم ئەچمەوە تەماشا ئەکەم ترێی بۆ داناوم، ئەڵێ ئەوەش بەرە؛ ئیتر هەر وا بەم جۆرە ئەمرەتێنێ». کابراش پێی وت: «جا کەواتە برام تەلاقی بدەو خۆت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رزگارکە». وتی: «کورە دەستم ناگا تەلاقی بدەم ئەوەندە پشووم ناداتێ چاوێ بکەمەوە و چارەسەرێکی خۆم بکەم».

- کوڕێکی قومار بازی جەهێل پیرێژنێکی حەفتا سالی هێنابوو. ڕۆژێک کوڕە داوای ئاوی کرد، پیرێژنەکە تەکانیدا هەلسێ، نەیئەتوانی. کوڕەکە دەستی دایە پەلی هەلیسێنێ، پیرێژن ئەیوت: «ئای هەتیو! قۆلم رامەکێشە چاوم خێل ئەبێ».

- کابرایەک کوڕێکی سەرشێتی هەبوو هەراسی بە باوکەکەی هەلگرتبوو کە دوو ژنی بۆ بێنێت. باوکیشی ئەیوت: «ڕۆلە دوو ژن بە جارێ نابێ». ئەویش ئەیوت: نا هەر ئەبێ دوو بێ. لە ئاخرا دایکەکەی چوو بێوە ژنێکی دۆزیەوەو پێی وت مارەت ئەکەم بۆ کوڕەکەم، بەلام ئەبێ بتبینم چۆن کەفوکولی ئەنیشێتەوە. بێوەژن وتی: تۆ کارت نەبێ.

هێنایان و لێیان مارەکرد. باوکی چووە لای کوڕە وتی: ڕۆلە! ئەوا ژنمان بۆ هێنای هەستە بچۆرە لای. ئەویش ئەیوت دوو ژن نەبێ نامەوێ. وتی: ئاخر دوومان بۆ هێناوی، ئێستە بچۆرە لای یەکێکیان، لەوێ بێرە دەرەوە بچۆرە لای ئەویکەشیان. کوڕە بەم جۆرە ملی هێنایە ژێر بارو هەستا چووە لای پیری بێوەژن.

بێوەژن هیچ دەرفەتی نەدا، یەکێکی ئەکرد سازی ئەکردەوە بۆ یەکێکی‌تر. ئەو شەوە تا بەیانی وای لێ کرد باریکی کرد. بەیانی باوکی هات وتی ڕۆلە ژنەکەی‌تر چاوەڕێ ئەکا ئاخر بچۆرە لای. وتی: «باوە هەر ئەمە بەسە».

ئەو شەوەش بێوەژن لۆکاندیەوە. ڕۆژێ دوایی باوکی هات وتی: «ڕۆلە، ئاخر ژنەکەی‌تر بە تەمایە، دانیشتووە». وتی: «باوە ئەوە دەرکەو دایکیشم تەلاق بدە ئەمە بەشی هەر دووکمان ئەکا». دوو سێ ڕۆژی‌تری پێچوو کوڕە بە تەواوی هێزی لێ بڕا، وای لێ هات نەیئەتوانی مێشەکان لە لەشی خۆی دەرکا. مێشێک هەر زۆر عەزیەتی ئەدا، ئەمیش لە ژێر لێوەوە نوزەیەکی لێوە هات وتی: «لاچۆ باوە حیز! ئەگینا ئەلێم بە باوکم ژنێکت بۆ بێنێ».

- کابرایەک هەبوو زۆر دلی پیس بوو. هەر ژنێکی ئەهێنا لە پاش چەند ڕۆژ کە چاوی پێ بکەوتایە لە گەل کەسێکی دراوسێ قسەی بکردایە، وەیا تەماشای پیاوێکی بکردایە گورج تەلاقی ئەدا؛ بەم جۆرە خووەوە دوانزە ژنی داوێن پاکی بەرەلا کردبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabaci.org

ژنێکی زۆر کار کردەو دنیا دیدە هەبوو، ناردیە لای کابرا بۆ ئەوەی بیخوازێ. خواستی و هێنایە لای خۆی. ژنەکە دۆستێکی هەبوو، رۆژێک نانێکی بۆ دۆستەکەی دروست کرد و بانگی کرد. دۆستەکەشی کوڕی پیاوێکی گەورە بوو، خزمەتکارێکی لە گەڵ خۆی هێنابوو. خزمەتکارەکە لە حەوشە راوەستابوو، ئاغەی لە ژوورەوە بوو. کتوپڕ کابرای خاوەن ماڵ لە دوورەوە دەرکەوت. ژنەکە چاوی بە مێردەکەی کەوت، بە خزمەتکارەکەی -کە لە حەوشەکەدا بوو- وت: تۆ دەست بدەرە خەنجەرو بڵێ «بە چاوی خۆم چاوم لێ بوو کە هاتە ئەم حەوشەیەوە. بە خوا ئەگەر نەیدەن بە دەستمەوە ئەچم ئەڵێم بە داروغە خانووەکەتان بسووتێنێ و مێردەکەت حەپس بکا».

وەختێ کابرای خاوەن ماڵ گەیشتە حەوشە خزمەتکارەکەی بە خەنجەری رووتەوە دی و خزمەتکار ئەڵێ من چاوم لێبوو کە هاتە ئێرە، ئەوا ئەچم خەبەر ئەدەم بە داروغە. ژنەکەش ئەڵێ: «خوا قەبوڵی نیە تۆ بوختان بۆچ ئەکەی؟ هیچ بیستووتە پیاوی نامەحرەم روو بکاتە ئەم ماڵە؟» لە ئاخرا خزمەتکارەکە بە بۆڵەبۆڵ رۆیشت. ژنە زوو هاتە ژوورەوە وتی: «پیاوەکە شتێکم کردووە کە هەتا قیامەت پیاوەتی تۆ بگێڕنەوە: فلانی کوڕی فلان کەس پۆلیس و یاسولی حکومەت بە شوێنیا ئەگەڕان، خۆی هاویشتە حەوشەی ئێمە. منیش بۆ ئەوە پیاوەتیەکی گەورە بۆ تۆ پەیدا کەم ئەوەتە لە پەنای بەستەکە نوێنەکەدا شاردوومەتەوە. ئەو کابرایە کە خەنجەری رووتی بە دەستەوە بوو، جەندرمە بوو؛ بە زمانی لووس دەستم پێوە ناو رۆیشت. تۆش کوڕەکە بانگ بکە با لە گەڵت نان بخوا کە دنیا تاریک بوو بەڕێی بکە با بڕوا. بەبێ شک خزمەکانی زۆر زۆر منەتبارت ئەبن».

کابرا کوڕەی لە پەنا نوێنەکان هێنایە دەرەوە ماریفەتێکی زۆری لە گەڵ نواندو لە پاش نان خواردن رەوانەی کرد و گەڵێ مەمنوونی ژنەکەی بوو.

یەک دوو رۆژێ پێچوو ئێوارەیەک دیسان نانی بۆ دۆستێکی‌تری دروست ئەکرد و بانگی کرد و پێی وت: ئێمشەو پێکەوە ئەنوین. ئێوارە لە پاش نوێژی شێوان مێردەکەی هاتەوە وتی: «پیاوەکە خوشکێکم هەیە ژنی کوڕێکی بێ شەرمە. مێردەکەی شەڕی لەگەڵ کردووە، ئەویش تۆراوەو هاتۆتە ئێرە، شەرمیش لە تۆ ئەکا؛ زۆر شەرمنە. خۆ ئێمەش ناشوکری نەبێ هەر یەک ژوورمان هەیە، ئەگەر رێ ئەکەوێ ئێمشەو لە مزگەوت یا لە جێگایەکی‌تر تەشریفت بنوێ». کابرا وتی زۆر چاکەو رووی کردە چارشێو بەسەر وتی یا خوا بەخێر بێی دایکەکەم و بە ژنەکەی وت زۆر خزمەتی بکە، مادام تۆراوە رووی کردۆتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەم ئاشە کۆنە. ئەویش وتی: بە سەرچاو لە سایەی خواو سەری تۆوە لە سەر هیچ یەک ناکەوێ، تەنها زایفەیەک چییە با مانگێک دانیشێ.

ئیتر کابرا هەستا چووە مزگەوت، وەکو گونی هەلاج لە سەرمانا ئەلەرزی. بەیانی رووی کردەماڵ، کابرای دۆستە درەنگ خەبەری بووەوەو خۆی گورج کردەوەو هات لە قاپی بچێتە دەرەو خاوەن ماڵ گەیشت. ژنەکە دەستوبرد رووی کردە دۆستەکەی و وتی: «وەڵڵاهی دڵت ئەوەندە پیس نەبێ؛ هەتا ئێستا لە لای خۆم بووەو نەچووەتە هیچ جێگایەکی تر، لە سایەی خواوە خوشکی من لەوانە نیە بچێتە ماڵان». کابرای مێردی وتی: چییە و ئەم زەلامە چی ئەوێ؟ ژنەکە وتی: «پیاوەکە خۆت ئەیزانی ئێوارە فاتەی خوشکم بە تۆراوی هاتە ئێرە، منیش گلم دایەوە. بەیانی زوو گەڵێ جنێوم پێدا وتم مێردەکەت لێی داوی دەستی خۆش بێ! بەخوا ئەبێ بڕۆیتەوەو رەوانەم کردەوە. ئێستا ئەم کوڕە زاواکەمە هاتووە ئەڵێ خوشکت ئیمشەو لە کوێ بووە؛ تو سەری خۆت سا! لێرە نەبووە؟ کابرای مێرد رووی کردە دۆستی ژنەکەو پێی وت: «وەڵڵا، بیللا ژنت ئیمشەو لە باخەڵی خوشکیدا بووەو لە هیچ جێگایەک نەبووە؛ دڵت هیچ نەکا».

- کابرایەکی کوردی دەوڵەمەن تاقە کوڕێکی هەبوو، لە بەر ئەوە زۆری خۆش ئەویست نە پێی خوێند، وە نە فێری هیچ کارێکی کرد. کوڕە لە پاش مردنی باوکی دەستی کرد بە تەخشان و پەخشان کردن. زۆری پێنەچوو نابووت بوو؛ پولێکی بە دەستەوە نەما. چارناچار ماڵ و منالی بەجێهێشت و چووە شارێکی وەکوو «ئەدرنە». بێجگە لە کۆڵکێشی هیچ ئیشێکی تری پێ نەکرا. چووە گمرک، زۆری پێ نەچوو لە بەر ئەوە پیاوێکی بنەماڵە بوو و خوو رەوشتێکی باشی ئەنواند، کردیان بە حەماڵ باشی. لە ماوەی یەک دوو ساڵێکدا پارەیەکی باشی کۆ کردەوە.

رۆژێک تێفکری پارەکە زۆرە، ئەگەر بچێتەوە بۆ وڵاتی خۆی ئەتوانێ تجارەتی پێوە بکات. پارەکانی هەڵگرت و چووە کەلاوەیەکەوە هەزار لیرەی کردە توورەکەیەک، هەزار مەجیدی کردە توورەکەیەک، هەزار پێنجویشی کردە توورەکەیەکیترەوەو زۆر چاک قایمی کرد و خستیە باخەڵیەوە. کە سەری هەڵبڕی ئەوا ژنێکی جوانکەلە بە دیاریەوە وەستاوە.

ژنەکە پرسی ئەمە چییە باوکم؟ وتی: بە خوا خوشکێ، من خەڵکی ئەو وڵاتی کوردەواریەم، لێم قەوماوە هاتوومەتە ئەم وڵاتە ئەم پارانەم گرد کردۆتەوە؛ ئەمە دوو ساڵە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.mbari.org



ماڵ و مندالم بەجێهێشتووە، ئێستا کە خوا بەزەیی پیاما هاتۆتەوە ئەوەندەی دامەتێ ئەمەوێ ئیتر بڕۆمەوە بۆ وڵاتی خۆم.

ژنەکە وتی: ئۆ بە خوا زۆر دڵم پێت سوتا؛ کەواتە راوەستە منیش خێرێکم لە سەرە لە تۆم چاکتر دەست ناکەوێ، ئەوا ئەچم بۆت دێنم.

کابرا دانیشت و ژنەکە لێیدا رۆیشت، زۆری پێ نەچوو تەماشای کرد ئەوا ژنەکە پۆلیسێک و یاساولێکی مەحکەمەی هێناو هاتەوە، کابرایان راکێشاو بردیان بۆ دیوانی قازی. قازی پرسی لە ژنەکە چییە؟ وتی: قوربان! ئەم کابرایە بێ کەس و سواڵکەر بوو، حەوت ساڵ لەمەو پێش هات منیش شووم پێ کرد. ئەمە حەو ساڵە بە خێوی ئەکەم و چنگە کرێ بۆ ئەکەم. دوێنێ شەڕمان بوو، سێ بە سێ تەلاقی دام. شەوێ هاتووە هەزار لیرەو هەزار مەجیدی و هەزار پێجوم هەبوو، هەر یەکی لە توورەکەیەکی چیتی مۆردایە دزیویەتی. ئێستە ئەمەوێ بۆم بسێنیتەوە.

قازی رووی کردە کابرا وتی: ها تۆ ئەڵێی چی؟ کابرا وەکو لە بانێ بەر بێتەوە، وتی: قازی بەگ بۆ خاتری خوا نە ژنم بووە و نە هیچ پارەشم دزیوە. ژنە وتی: قوربان تەماشای کە ئەمە حەو ساڵە بەخێوی ئەکەم کەچی ئێستە ئەڵێ هەر ژنیشم نەبووە؟ ناو و نیشانمان ئەوە بێ کیسەکان تەنانەت بە دەزووی سپیش دوراون.

قازی ئەمری کرد کیسەکانیان لە باخەڵی کابرا دەرهێنا، هەموو ناو و نیشانی ژنەکە دەرچوو. ئینجا دوو شاهێدیش هاتن وتیان: ئەشهەدوبیللا! ئەم کابرایە سواڵکەر بوو، ئەم ژنە هەر لە زووەوە دەوڵەمەندە و پارەی بە سوو ئەگەڕێ و خۆی مارە کرد لەم کابرایە. دوێنێ لە سەر دەستی ئێمەدا تەلاقی ژنەکەی دا؛ کەچی شەوێ چووە پارەکەشی لێ دزیوە. ئیتر قازی ئەمری کرد پارەیان دا بە دەست ژنەکەوەو کابرایان دەرکردە دەرەوە.

کابراکە ئەمەی لێ کرا هات تۆپەڵێ قوڕی دا بە سەریا و لە کۆڵانێکا دەستی کرد بە گریان هەتا ئێوارە. ئێوارە ماڵێکی گەورە بەرانبەری بوو، کارەکەرێک هات وتی: کابرا وەرە ئاغەژنم بانگت ئەکا. کابرا وتی: ئینجا نۆرەی ئاغەژنی تۆیە، ئیتر چم پێ ماوە؟ لە گەڵ ئەوەش وتی هەر با بچم تازە لە چی بترسم؟

هەڵسا لە گەڵ کارەکەرەکە لێیدا رۆیشت. کە تەماشای کرد ژنێکی جوانی خانومان لە سەر کورسیەک دانیشتووە. پرسی باوکم چیت لێ قەوماوە لەم بەر دەرگایە لە بەیانیەوە ئەگری؟ وتی: ئەوی لە من قەوماوە لە کەس نەقەومێ! ئەوی بە سەری هاتبوو سەرا پا بۆی گێڕایەوە. خانمەکە وتی: ئەو ژنە یەکێکی گەنم رەنگی دەم و چاناگە کوتراوی کورتە باڵای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاو جوانە؟ کابرا وتی: بەڵێ، خۆیەتی. خانم وتی: «دانیشە من بەیانی پارەکانت بۆ ئەسێنمەوە، بەڵام بەو شەرتە کە پارەی خۆتت دەست کەوتەوە ئیتر لێرە نەمێنی». کابرا وتی: شەرت بێ هەتا ئەمرم بەندەی تۆ بم و ئیتر لەو ولاتەش نەمێنم.

ئیتر چوو لە سەر تەنووری ماڵە گەورەکە لێ کەوت و نان و چێشتیان بۆ هێنا؛ بەڵام هەنگوینی بە دەم تاڵ بوو، هیچی پێ نەخورا. هەر لێکی ئەدایەوە کە ئایا چلۆن ئەم ژنە پارەکەی بۆ ئەستێنێتەوە؟ بەم خولیایەوە خەوی لێ کەوت.

بەیانی زوو خانم هەڵسا چارشێوی بە سەرا داو کابرای بانگ کرد وتی: ئەو ژنە خۆی وتویەتی کە حەو ساڵە ژنی تۆ بووە؟ وتی: بەڵێ. وتی: ئەمە لە مەحکەمەش نووسراوە؟ وتی: بەڵێ. وتی: «کەواتە بچۆ ئەو ژنە کوڕێکی پێنج ساڵی هەیە وا بە باوەش ژنێکی داناوە کە بۆی راگیر کردووە، کوڕەکەت پێشان ئەدەم، پەلی بگرە بیبە بڵێ ئەیبەم بۆ ولاتی خۆم و کوڕی خۆمە. ئەگەر ژنەکە چوو شکاتی کرد، تۆیش بڵێ بە شەرع ئەولاد هی باوکە؛ من منالی خۆم ئەبەم بۆ ولاتی خۆم. ژنەکەش زۆر کوڕەکەی خۆش ئەوێ و نایدا بە تۆ. هەتا لە پارەکەی خۆت هەندێ قازانجیشی لێ نەسێنێ کوڕەکەی مەدەرەوە. کابرا وتی: «سا دەی بم وە قوروانت!»

ژنەکە کارەکەرەکەی خۆی لە گەڵ نارد، منداڵەکەی بە لای دایانەکەوە پێشان دا. کابرا چوو پەلی منداڵی راکێشا. دایان وتی: ئەوە چیە؟ وتی: ئەڕۆمەوە بۆ ولاتی خۆم و کوڕەکەم ئەبەمەوە لە گەڵ خۆما. دوو سێ منالی‌تر رایان کرد خەبەریان دا بە دایکی کوڕە. ژنە ئاگری تێچوو، بە غار دوای کابرا کەوت. وتی: سەگباب! ئەو کوڕە بۆ کوێ ئەبەی؟ وتی قەحبە! کوڕی خۆمەو ئەیبەمەوە بۆ ولاتی خۆم. ئەمەی وت و شەپلەزللەیەکی بە بنا گوێی کوڕا کێشا، کوڕە دەستی کرد بە گریان.

ژنە بە تەواوی ئاگری تێچوو رای کرد بۆ لای قازی و شکاتی کرد. فەڕاشێک هات و کابرای بانگ کرد. قازی وتی: کورە کابرا تۆ منداڵی ئەم ئافرەتە بۆ کوێ ئەبەی؟ وتی: قوربان! من ئەو کابرایەم کە دوێنێ ئەم ژنە وتی ژنی بووم و تەڵاقم داوەو پارەکەی لێ سەندمەوە. ئێستا کە من ئەڕۆم سەرمایەی حەو ساڵم ئەم کوڕەیە، وە بە شەرعیش ئەولاد هی باوکە، هی دایک نییە. ئەیبەم بۆ ولاتی خۆم. قازی فەرمووی: دایکم شەرعەن ئەولاد هی باوکە خۆ لێی زەوت ناکەی؟

ژنە دەستێکی کەوتە ئەم لاو دەستێکی کەوتە ئەولا. کابرا لە گەڵ لە مەحکەمە هاتە دەرەوە چەپۆکێکی بە سەر کوڕەدا دا. دایکەکەی وەختبوو گیانی دەرچێ. ئاخری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چارناچار هات، کەوتە پاڕانەوە. کابرا وتی: ئافرەت، تۆ شێت بووی؟ کوڕەکەم بە سەد هەزار لیرە نادەم. ژنە داوێنی بادا وتی: بیکە لە ڕێی خوادا هەزار لیرەت قازانج ئەدەمێ کوڕەکەم بدەرەوە. کابرا هەموو پارەکانی خۆی لە گەڵ هەزار لیرە قازانج وەرگرت و کوڕەکەی دایەوە دایکی.

کابرا لە دڵی خۆیا لێکی دایەوە وتی: کاروان ڕۆیشتووە؛ ئێستا کە هاوڕێم دەست ناکەوێ کە لە گەڵی بڕۆم. ئەم پارەیەش خەڵکی زانیویانە کە پێمە، ئەترسم لێم بدزن. ئینجا وا چاکە بچم پارەکەم لە لای قازی بە ئەمانەت دانێم، هەر وەخت کاروان هات ئەچم وەری ئەگرمەوەو ئەڕۆم. چووە لای قازی وتی: قوربان! ئەم پارەیەم بە ئەمانەت لای خۆت بۆ دانێ هەتاکوو هاوڕێم دەست ئەکەوێ و ئەڕۆمەوە. قازی وەریگرت و سندوقێک کە لە بەردەمیا بوو خستیە ناویەوە.

لە پاش سێ چوار ڕۆژ کاروان هات. کابرا چووە لای قازی وتی: قوربان! ئەمانەتەکەم بدەرەوە ئەوا کاروان هاتووە لە گەڵی ئەڕۆمەوە. قازی وتی: ئەمانەتی چی؟ وتی: پارەکانم. قازی فەرمووی: قەحبە باب! پارەی چی؟ یاڵلا دەرەوە. کابرا هەناسەیەکی هەڵکێشاو دەستی کرد بە گریان و چوەوە بەر ماڵەکە دیسان لێی دانیشت.

کارەکەرەکە هات وتی وەرە خانم بانگت ئەکا. لێیدا ڕۆیشت. خانم وتی: دیسان چییە؟ وتی قوربان داد! لە دەست گورگ ڕزگارت کردم ئێستە کەوتمە دەست سوار. پارەکەم بە ئەمانەت لای قازی دانابوو ئەوا قازی دەستی پیا گرتووە نامداتەوە. خانم وتی: بڕۆ بەیانی بۆت ئەسێنمەوە، بەڵام بەو شەرتە لەم شارە بەند نەبی. کابرا وتی: قوربان! ئەگەر ئەمجارە دەستم لە یەخەی ئەم شارە بووەوە شەرت بێ جارێکیکە شەوی تیا ڕۆژ نەکەمەوە. چوو لە سەر تەنورەکە لێ کەوت و هەر لێکی ئەدایەوە ئاخۆ بۆم بسێنێتەوە یان نە؟

ئەو شەوە ڕۆژ بووەوە؛ خانم دەستێ جلی نایابی لە بەرکرد و خۆی ڕازانەوە، سندوقێکی نایە بن دەستی چووە لای قازی وتی: عەرزی قازی بکەن ئیشم پێ هەیە تەنها خۆم وخۆی. قازی مەحکەمەی چۆڵ کرد.

ژنەکە بە کابرای وت لە پاش تۆزێک وەرە بڵێ قازیەفەنی ئەمانەتەکەم بدەرەوە. لەوە پێشتریش ئامۆژگاری کارەکەرەکەی کرد بوو کە بە تۆزێک لە پاش پیاوەکەوە بێت و بڵێت خانم ئاغەم هاتەوە. ئینجا چووە ژوورەوە وتی: «قازیەفەنی من ژنی فلان تاجرم. مێردەکەم بۆ تجارەت چووەتە هندستان، وەکو بیستوومە، مردووە. ئەوا ئەم سندوقە کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


پڕیەتی لە جەواهرو شتومەکی نایاب هێناومە لای جەنابت بێ. ئەگەر راست بوو مێردەکەم مرد بوو، هەمووی بۆ تۆ، بەڵام لە میرات نووسینەکەدا چاوت لێم بێ؛ ئەگەر نەشمرد بوو ئەوا نیوەی بۆ تۆ و نیوەم بدەرەوە».

قازی فەرمووی بە سەر چاو! کوتوپڕ لەم وەختەدا کابرا هاتە ژوورەوە وتی: «قازیەفەنی خوا راوەستاوت کا ئەمانەتەکەم». قازی تێ فکری ئەگەر نەیدەمەوە ژنەکە متمانەم پێ ناکا. وتی: «وەرە رۆڵە ئەوەتە لەو سەندۆقەدا بۆ خۆت دەری بێنە، با من دەستم لێ نەکەوێ». کلیلەکەی دایە وتی بیبژێرە بزانە تەواوە، هەرچەن من دەستیشم لێ نەکەوتووە، بەڵام شەرعەن واچاکە.

کابرا سەندوقی کردەوە پارەی خۆی هەڵگرت، نایە باخەڵی. لەو کاتەدا کارەکەرەکە هاتە ژوورەوە وتی: «ئاغەژن موژدە، ئاغەم هاتەوە». ژنەکە سندۆقی نایە باخەڵی و دەستی کرد بە سەما کردن. کابرای خاوەن پارەو کارەکەریش کەوتنە چۆپی کێشان، قازیش مێزەرەکەی داناو دەستی کرد بە سووڕدان.

خانم وتی: «قازیەفەنی! من سەما ئەکەم کە مێردەکەم نەمردووە، کارەکەرەکە، هەڵئەپەڕێ ئاغەی بە بێمزەڕەتی هاتۆتەوە، ئەم کابرایە چۆپی ئەکێشێ پارەی خۆی دەست کەوتۆتەوە، تۆ بۆچی وا ئەکەی ؟» وتی: «بە خوا خانم منیش لە مەکری تۆ».

- ژنێک سێ کچی هەبوو یەکێکیانی دا بە شوو، پێی وت: رۆڵە، شەو کە ئەچیتە لای مێردەکەت لەو وەختەدا کە خەریکی ئیش کردنە، بزێکی پێوە بکە بزانە ئەڵێ چی.

کچە شەو،کە مێردەکەی چووە لای -وەکو دایکی پێی وتبوو- بزێکی بە مێردەکەیەوە کرد. مێردە زەردەخەنەیەک گرتی و وتی: «ئای ئەوە بۆچی وا ئەکەی؟» سبەینێ دایکەکە لە کچەی پرسی: ها، رۆڵە چی بوو؟ وتی دایکە بزەکەم پێوە کرد زەردەخەنە گرتی و وتی بۆچی وا ئەکەی. دایکی وتی: «رۆڵە ئەوە کەرێکە خوا پێی داوی، بەختت چاکە تا ماوی سواری بە».

کچی ناوەنجی دا بە شوو، بەو جۆرە ئامۆژگاری ئەویشی کرد. شەو کە کچە مێردەکەی هاتە لای بزێکی بە مێردەکەیەوە کرد، کابرا راپسکاو هیچ دەنگی نەکرد. بەیانی دایکی کچەکە لە کچەی پرسی چی بوو؟ وتی: دایە، کە بزەکەم پێوە کرد راپسکاو دەنگی نەکرد. وتی: «رۆڵە، تۆیش هەر باشی؛ ئەوەندە هەیە هەروەخت ئەو تووڕە بوو، تۆ هیچ دەنگ مەکە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئینجا کچی بچووکی دا بە شوو بەویش هەر وای وت. شەو کە مێردەکەی چووە لای، لەو وەختەدا بزێکی بە مێردەکەیەوە کرد. مێردە کشایەوە و ئیشەکەی نەکرد. هەستا خۆی کۆ کردەوەو بە کچەکەی وت: «تو خوا بزانم ئەو پەنجەتە کامە بوو با ماچی بکەم». کچە پەنجەکەی خۆی پێشاندا، کابرا چەقۆیەکی دەرهێناو ئەنگوستی کچەی بڕیەوە. کچە کەوتە قوڕە قوڕو هاوار هاوار تا بەیانی. بەیانی دایکی هات لێی پرسی چی بوو؟ وتی: دایە، خوا بتگرێ بۆ ئامۆژگاریت! کە من ئەوا ئەنگوستێکم لە سەر دانا. دایکی وتی: «رۆڵە ئەنگوستێکت بڕوا چاکترەتا خۆت. ئەوا پێت ئەڵێم مێردەکەت مێردە. هەر بزویتەوە ئەتکوژێ، جا ئەبێ بە هەموو جۆر ملی بۆ راکێشی».

- کابرایەکی کورد دوو کوڕی گەنجی هەبوو. کوڕەکان چوون دوو خوشکیان خواست. زۆری پێ نەچوو یەکێ لە کوڕەکان رەنگ و روویەکی تری هەڵهێنایەوەو رۆژ بە رۆژ جوانت ئەبوو؛ کەچی ئەویتریان بە پێچەوانەی ئەو رۆژ بە رۆژ خراپتر و پەرپووتتر ئەبوو. لە براکەی خۆی پرسی: ئەرێ برا! تۆ لەماڵەوە لە گەڵ ژنەکەت چۆنی؟ وتی: برا ژنی وا چاک و گوێڕایەڵ هەر نەبووە. وتی: ئەرێ تۆ چۆنی؟ وتی: بە خوا برا! کوشتوومی. من ئەڵێم سیرو ئەو ئەڵێ پیاز. براکەی وتی: نابێ؛ هەردووکیان کچی یەک باوک و دایکن، بۆچ ئەبێ ئەو وابێ و ئەم وابێ؟ وتی ئەگەر بڕواناکەی با تاقییان بکەینەوە. وتی: باشە.

کابرا هەستا چووە بازاڕ بارێ شووتی کڕی. بۆ شەوێ براکەی و دوو سێ کەسیتری بانگ کردە ماڵەوە. لە پاش نان خواردن وتی: ئا ژنەکە! شوتیەکەمان بۆ بێنە بیشکێنین. ژنە چوو شووتیە کۆڵەیەکی هێناو فڕێی دایە بەردەمی مێردەکەی. مێردە وتی: ئەمە خراپە، شووتیەکی باشمان بۆ بێنە. ژنە بە ناو چەوانێکی گرژەو مۆنەوە هەستا چوو پێنج شەش شووتی خستە سینیەکەوە و هێنای وتی: «فەرموو ئەوە شووتیەکانت کە کەر نایخوا».

خزمەتکارو کارەکەری راگیرا کردەوە؛ پەیتا پەیتا ئەمری بە سەرا ئەکا. میوانەکانیش ئاگایان لەم گفتولفتەیە. لە پاش تۆزێ زۆر شەرمەزار بوون و لێیاندا رۆیشتن.

سبەینێ براکەی هات وتی: ئیمشەو میوانی من بن. ئینجا چوو لە بازاڕ تاقە شووتیەکی کڕی و بردیەوە ماڵەوە. ئێوارێ براکەی و میوانەکانیتر چوون دانیشتن. لە پاش نان خواردن کابرا بە ژنەکەی وت: ئا ژنەکە شووتیەکمان بۆ بێنە بیشکێنین. ژنە چوو نەوی لە شووتی و هێنای داینا. پیاوەکە وتی: ئەم شووتیە خراپە بچۆ شووتیەکیتر بێنە. ژنە شووتی هەڵگرتەوە بردی و هیچ شووتیتریشیان نیە. نەختێ خۆی خەریک کردو هێنایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



«پیاوەکە بزانە ئەمە چۆنە؟» دیسان مێردەکەی وتی: بە خوا ئەمەش باش نیە، شووتیەکی‌ترمان بۆ بێنە. ژنە شووتی بردەوە دیسان هێنایەوە وتی: پیاوەکە ئەمە یەکێکی‌تر بزانە ئەمە چۆنە؟» تا حەوت جار پیاوەکە شووتیەکەی بە ژنەکە دەناردەوە. هەر جار کە دەچوو دەهاتەوە بە روویەکی گەلێ خۆشتر لە هەوەڵجار دەهاتەوە؛ کەچی شووتیش هەر یەک شووتی بوو. جارێک نەیوت شووتی‌ترمان نیە.

بەیانی چووە لای براکەی وتی: «ها برا! ژنەکانمان چلۆنن؟» وتی: بۆ خاتری خوا چارێکم بکە. وتی: چارت هەر ئەوەیە تەلاقی بدە من مارەی ئەکەم. رەوشتی بۆت چار ئەکەم و لە پاشا بۆت تەلاق ئەدەمەوە.

کابرا چوو ژنەکەی تەلاق داو ئەمیش ژنی خۆی تەلاق دا. هەر یەکە ژنی ئەویکەیانی مارەکرد. ژنی براکەی‌تر کە چاوی بەم مێردەی کەوت سواری بوو. ئەوە ئەو هیچ، ئەمی‌تریش ئەو رۆژە کە هێنای، کەرێک لە حەوشەدا بوو، بە ژنەکەی وت: ئا بچۆ دۆلکەیە ئاو بۆ ئەم کەرە دانێ. ژنە چوو ئاوەکەی بۆ دانا. کەرەکە دەمی برد بۆ ئاوەکەو کەچی نەیخواردەوە.

کابرا هەر هەڵێکێشایە خەنجەرو خەنجەرێکی گەیاندە لارە فیسکەی کەرو وتی: «کەرانباوگاو! لای وایە ئەو عالەمە خزمەتکاری ئەوە، هەرئاوی بۆ دانێن و نەیخواتەوە». خوێن فیچقەی کرد. ژنەکە ئەمەی دی زەنەقی چوو؛ ئیتر ملی بۆ ئەم مێردەی راکێشا، ئەگەر مێردەکەی بارە گویزی لێ بنایە خرەی نەئەهات.

لە پاش بەینێک چووەوە لای براکەی وتی: برا! ژنەکەم بۆ چاک کردووی وەرە بۆت تەلاق ئەدەم ژنی خۆت بەرەوە. هەریەکە ژنی خۆیانیان تەلاق داو ئینجا لە براکەی پرسی: ئەو ژنەی لای من زۆر لاسار بوو چۆنت چاک کرد؟ ئەویش وتی: «کوتەک ئەزانێ قۆناخ لە کوێیە» و باسی کەرەکەی بۆ گێڕایەوە.

کابرا کە ژنەکەی مارە کردەوە فیکری کردەوە وتی: بە خوا وا چاکە با منیش هەر لە هەوەڵەوە رایبێنم. بە ژنەکەی وت: ئا ژنەکە مەرکانەیە ئاو دابنێ بۆ گوێدرێژ با بیخواتەوە. ژنە چوو مەرکانە ئاوی داناو کابرا چوو بە لای کەرەکەوە، ژنەش راوەستابوو، سەیری کرد کەرەکە ئاوەکە ناخواتەوە، هەڵێکێشایە خنجەر کە لە ورگی کەر بدا. ژنەکە خێرا دەستی کابرای گرت و وتی: «مەکە مەکە لێت ناوەشێتەوە؛ بە خۆڕایی کەرەکەش مەکوژە. تۆ هەر پیاوەکەی جارانی چاکت ئەناسم».

کابرای قوڕ بە سەر دەستی سارد بووەوەو چووەوە دۆخەکەی جاران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- رۆژێک پیرە ژنێک هات بۆ قەراخ شار، تەماشای کرد ئەوا لە ناقسنەکەی «وەیسی نازداردا» شەیتان دانیشتووە. دەستە ئەژنۆ ئەگری و خورخورِ ئاو بە چاویا دێتە خوارەوە. لێ پرسی: ئەوە بۆچی ئەگری؟ وتی: «پووریَ! "کۆستە"و "باوەمەردە" شاییانە؛ ژن بە ژنیان کردووە. ئەمڕۆ چوار رۆژە دهۆڵ و زوڕنا لێ ئەدەن، هەرچەنم کرد بیانکەم بە گژ یەکا بۆم نەکرا، لە داخی ئەوە ئەگریم؛ گریان بۆ من باشە». وتی: «ئەی عەمرت نەمێنێ، هەڵسە وەرە لە گەڵم؛ من ئەڵێم برامە، تۆیش بڵێ وایە، ئینجا بزانە چی ئەکەم». شەیتان وتی: پووریَ ئەگەر تۆ شتێکت پێ کرا شەرت بێ تا ماوم ببم بە شاگردت.

ئینجا هەردووکیان هاتنە «کۆستە»و لە رێیەوە چوونە ماڵی ئەو کوڕە کە خوشکی داوە و ژن ئەهێنێ. پیرەژن هەر لە گەڵ گەیشتە جێ وتی: «رۆڵە! خۆ تۆ خزمی، کە ژنت ئەهێنا بۆچی پرسێکت بە من نەکرد؟ من و باوکت خاڵۆزاو پورزاین. بە هەژارم ئەزانی هەر خۆڵی ناو ماڵەکەم بێژمەوە چوار ئەوەندەی دەوڵەتەکەی تۆی تیایە».

کوڕە گەلێ لە خۆی بوردەوە وتی: پووریَ لێم ببورە بە خوا نەمزانیوە کە خزمایەتیەکی وەهامان هەیە، هەتا ئەمڕۆش بە خزمەتت نەگەیشتووم.

ئیتر پیرەژن داوێنی لێ کرد بەلادا دەستی کرد بە چێشت دروست کردن. ئەو ژنانەی کە نان و چێشتیان ئەکرد، هیچیان پێ نەمابوو، هەموو بوو بوون بە سەیرکەر. سێ رۆژ شایی مابوو پیرەژن هەناسەیەکی نەداو قنگی نەنایەزەوی. ئەوە وەکوو ئاشی چوار پاڵوو هەر هەڵئەسووڕا. رۆژی بووک سوار کردن، بووکی بە جۆرێ رازانەوە کە هەموو خەڵکی دێیەکە سەرسام مان. لێرەوە بووکیان برد بۆ «باوەمەردە»و لەو لاشەوە بووکی باوەمەردە هات. بووکەکانیان گۆڕیەوە. پیرەژن چووە ژوورەوە تەماشای کچە باوەمەردەیی کرد -کە بۆ خاڵۆزای هاتوە بە بووک- نەختێ سەرکەفی «خوم» لە گیرفانیا بوو، دەستی تێوەداو دەستی کرد بە باخەڵی بووکێدا هەر دوو مەمکی گووشی. ئیتر هاتە دەرەوە زاوای بانگ کرد و سێ چەپۆکی بە سەری خۆیا داو نەختێ پۆپە سپیەکانی راکێشاو وتی: «هەتیو! خوا بتگرێ تۆ کە ژنت ئەهێنا، نە دەبوو بگەڕێی ژنێکی بە ناموس و بە شەرم بێنی؟ چووی ئەم خوشکە نازک و نازدارەت دا بە قەحبەیەک».

کوڕە جارێ لە تاسەوە چوو، ئەمجا پرسی: تۆ خوا پووریَ ئەم ژنە چیە؟ پیرەژن دیسان یەک دوو چەمۆڵەی لە خۆی نا وتی: «ئەم گیسو بریدەیە دۆستی هەتیویکی خومخانەچی بوو، هەموو رۆژێک کە بۆ ماست و دۆ فرۆشتن ئەهات، هەتیو ئەیبردە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژووری خومخانەکەیەو هەرچی لە گەڵ ئەکرد، ئەی کرد. تەنانەت رەنگە ئێستەش سنگ و مەمکی نیشانەی خومی پێوە بێ».

هەتیویش کەرو سەرشێت بوو؛ ئەم قسەیە بیست هەڵیکوتایە ژوورەوە و کراسی بووکی هەڵدایەوە. کە روانی ئەوا هەر دوو مەمکی جێگای پێنج پەنجەو دەستەکەی لێوە دیارەو هەمووی خومە، ئیتر بە بێ هێڵ و گفت بووکی دایە بەر خەنجەر، شرو وڕی کرد بە سەر یەکا.

پێخەسو،کە بووکی بە کوژراوی دی ئەویش دای بە سەری خۆیا بە باوکە رۆ خۆی گەیاندەوە «باوەمەردە»و لە دوورەوە بانگی کرد: ئەوە بۆچی راوستاون؟ خۆ کۆستەیی بووکیان پارچە پارچە کرد.

ئەمانیش دەست بە جێ بووکیان پەل پەل کرد. هەر دوو دێ ئەمجا دەستیان دایە تفەنگ، هەتا رۆژ ئاوا بوو دە دوانزا کەسیان لە یەکتری کوشت.

ئەمجا شەیتان کە ئەمەی دی دەستی پیرێژنی ماچ کردو و وتی: «نەوەک شاگرد، ئیتر پووریێ هەتا ماوم خزمەتکارتم».

- دوو پیرەژن بوون بە کچێنی زۆر ناشیرین بوون، کەس نەیخواستن، هەر وا مانەوە تا پیر بوون ددانیان کەوت؛ یەکێکیان تەنها دانێکی مابوو ئەوی‌تریان دوو دان. ئەو سەردەمەش دانساز نەبوو. رۆژێ وتیان خۆ ئێمە لە دنیادا لەزەتمان لە خۆمان نەدی کەواتە با پێکەوە خانوێک بگرین، هەر دووکمان دەست رەنگین، دورمان ئەکەین و تا ماوین بۆ خۆمان بەم جۆرە رائەبوێرین.

هاتن خانوێکیان گرت. «دوو دانە» لە ماڵەوە دروومانی ئەکرد بە جلی ئاڵو والاوە، «یەک دانە»ش ئیش و کاری بازاڕی ئەکرد. خانوەکەیان لە سەر رێ قەراخ شار بوو.

کوڕی پاشا ئەچوو بۆ راو، لە سەر سواریەوە چاوی بە دوو دانە کەوت بە ئاڵو والاو قەدو بالایەکی بەرزو بە لارو لەنجە بە هەیوانەکەدا ئەهاتوو ئەچوو؛ بە کچێکی جوانی نازداری هاتە پێش چاو. یەک ددانەی بانگ کردو وتی: ئەو کچە کێیە؟ وتی: «قوربان! ئەوە تەنها کچمە، بۆیە هێناومەتە ئەم قەراخ شارە کەس نەیبینێ و ئاژاوەیەکم بۆ نەنێتەوە. ئاخری لێرەش رزگارم نەبوو، جەنابتان دیتان، قوڕ بە ماڵمەوە درا. ئەترسم کچەکەم لە کیس بچێ». کوڕە میر ئەوەندەیتر شێت گیر بوو وتی: «پیرەژن! من ئەم کچەم هەر ئەوێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

کوڕە سەودایەکی وای کەوتە کەڵلەوە نەیتوانی بچێ بۆ ڕاو، گەڕایەوە خشڵ و تەدارەک و پارەیەکی زۆری نارد وتی: ئەمشەو کچەکەم ئەوێ، دوو دانەیش ئارایشی یەک ددانەی داو دو هەنجیرە وشکەی نایە دوو لا گوپیەوە کە چاڵی گوپی پێ پڕ بکاتەوە. یەک ددانە مڵچە مڵچ هەنجیری ئەمژی زۆری پێ خۆشبوو.

شەو بردیان بە بووکی کوڕە میر چووە پەردە ڕوانی وا دەڵە دێوێک دانیشتووە وتی: ئای! پیرێژن چە پەنێکی پێ دام. شەقێکی لە بووک هەڵدا لە پەنجەرەوە فڕێی دایە باخەکەوە، هەنجیری لە دەم دەرپەڕی. چڵم و لیک و سووراو و سپیاو و فرمێسک دەم و چاوی گرتبوو بە هەنسکەوە ئەگریاو ئەیوت: «هەنجیری ماڵی دایکم ئەوێتەوە».

ڕێکەوت وا بوو کچی شای پەریان قوڕگی خڕ بوو بوو، دەر نەدەبوو. لە تاو ژانی قوڕگی ئارامی نەبوو، تەختەڕەوانیان لە سەر شانی پەریان بۆ دانابوو ئەیانگێڕا کە چاوی بەمە کەوت بێ ئیختیاری پێکەنی و قوڕگی دەربوو. دوعای کرد پیرێژن بوو بە کچێکی چواردە ساڵ لە پەری جوانتر.

کوڕە، کە پیرێژنی فڕی دایە خوارەوە مەراقی کرد ئاخۆ ماوە یا مردووە؟ کە چوو تەماشای کرد ئەوا باخەکە لە تیشکی ڕووناکی یەک ددانە شەوق ئەداتەوە. ئەویش هەر ئەڵێ: «هەنجیری ماڵی دایکم ئەوێتەوە». چوو ماچی کرد و هێنایەوە ئۆدەی بووکێنیەکەی.

دوو ددانەش چاوەڕێ بوو کەی دەیبەن بۆ کوشتن، کەچی بە خۆشی خۆشیەوە هاتن بە شوێنیا. کە چوو یەک ددانەی نەناسیەوە، بە ناو نیشانەی گوفتوگۆی پێشوویان ناسیەوە، ئینجا دوو ددانە هەر ئەیماڵی بە سەر خۆیا و ئەیوت: «چیم کرد بە خۆم».

- ئەڵێن لە زەمانی زوو لەو سەرشیوی سەقزە کابرایێک «شاکە»ی ناو بوو؛ ژنێکی هەبوو، «شیرین»ی ناو بووە. شاکە هەڵساوە و چووەتە قەڵای کەرەفتوو چل ساڵ نوێژو ڕۆژو بەندایەتی بۆ خوا کردووە. لە پاشا هاتووەتەوە بە ژنەکەی وتووە: «شیرین! ئەوا چل ساڵەم تەواو کرد، ئێستە هەقی ئەوەم هەیە کە سێ نیاز بکەم لە خواو هەرسێکی گیرا ببێ؛ جا تۆ ئەڵێ داوای چی لێ بکەم ؟»

شیرین سێ و دووی لێ ناکا ئەڵێ: «داوا بکە خوا جوانیەک بدا بە من کە لە دنیادا هاوتام نەبێ». شاکە ئەپاڕێتەوە لە خواو نیازەکەی گیرا ئەبێ. شیرین ئەوەندە جوان و نازدار ئەبێ لە هەموو دنیادا هەر باسی نازداری ئەو ئەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیرین کە ناو بانگی خۆی ئەبینێتەوە، زۆری پێ ناچێ لە خۆی بایی ئەبێ ئەڵێ: من بەم ناسک و نازداریە بۆچی دابنیشم بە لای پیرەمێردێکی واوە کە نان نیە بیخوا. شاکەو منالەکانی جی دێلێ و ئەڕوا. ئیتر هەموو کەس قوڕاو ئەخواتەوە کە شیرین قسەی لە گەڵ بکا.

ئەم دیمەنە کار ئەکاتە دڵی شاکەی مێردی. شاکە دوعایەکی لێ ئەکا کلکێکی لێ پەیدا ئەبێ. شیرین کە لە سەر ئەو جوانیە ئەم کلکە بە خۆیەوە ئەبینێ، پەشیمان ئەبێتەوەو دێتەوە بۆ لای شاکەو بە دەوری ماڵەکەدا چەن شەوو چەن ڕۆژ ئەسوڕێتەوەو لە ناو خۆڵ و قوڕا خۆی ئەگەوزێنێ و ئەگری. شاکەش هەر گوێی ناداتێ، لە ئاخرا لە بەر ئەوە دایکی منالەکانی بووە و چل ساڵ زەمانی پێشوویان پێکەوە رابواردووە، بەزەیی پیا دێتەوە دوعایەکی لێ ئەکا شیرین ئەبێتەوە بە شیرینەکەی جاران و دێتەو ناو منالەکانی.

بەم جۆرە شاکە نوێژو ڕۆژی چل سالی لە سەر خاتوو شیرین دۆڕان و لە ئاخر دەس لە گونان بەرەو ژێر بوێ دەرچوو.

- کابرایەک دوو ژنی هەبوو؛ یەکێکیان سەرەو یەکێکیان جەهێل. پیرەژنەکە هەر ڕۆژی بوختانێکی بۆ ژنە جەهێلە هەڵئەبەست؛ کابرا هیچ گوێی نەئەدایە.

ڕۆژێک پیرەژن بە مێردەکەی وت: «نازانم تۆ چە شیرینیەکت بەو کچەتیوەدا چووە؟ هەموو شەوێ گو ئەکاتە ژێر خۆی». کابرا وتی ئەمە چەن وەختە لە لامە بۆچی جارێک نەمدی گوی کردبێتە سەر جێگە؟ پیرەژن وتی: هەتا لە خەو هەڵئەستێ ئەچێ ئەیشوا. کابرا وتی: من بە چاوی خۆم نەیبینم بڕوا ناکەم. پیرێژن وتی: شەرت بێ نیشانت بدەم. سێ چوار ڕۆژێکی پێ چوو، بەیانیەک کە کابراو ژنەکە لە هەیوان نوستبوون، پیرەژن بەبێ دەرپێ لە ژوور هاتە دەرەوە، تەماشای کرد نوستوون. هات بە پەلە تەپێ گوی کردە ناو [جێگەی] ژنەکەیتر و هەڕای کردەوە ژورەوە کە دەرپێیەکەی لە پێ بکاتەوە. کابرا خەبەر بوو، ئاگای لێبوو کە پیرەژن چی کرد، دەستی کرد بە باخەڵیا لیرەیەکی ئاڵتونی دەرهێنا و خستیە ناو گووەکەوەو خۆی بە نووستوویی خستەوە. پیرێژن هات و وتی: «هەتیو! هەڵسە من ئەموت کچەتیوەکە گوو ئەکاتە ژێر خۆی تۆ باوەڕت نەئەکرد؛ دە تەماشاکە». کابرا تەماشایەکی گووەکەی کرد و وتی: «ئۆخەی ئەوە لیرەیەکە لە ناویا خۆزگە هەموو شەوێ بیکردایە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیرەژن وتی: «کورە بێنە لیرەکەم بدەرەوە؛ بەو قورعانەی ئەو مەلایە لێی خوێندووە گووی خۆمە ەی ئەو نیە.

- پیاوێکی جوان عومر ژنێکی پیری لە سک وەستاوەی هەبوو. هەموو جار ژنەکە پێ ئەوت: «بچۆ ژنێکی جوان عومر بۆ خۆت بێنە، من کەڵکی ژن و مێردیم پێوە نەماوە؛ بەڵکە خوا منداڵێکیشت بداتێ با ئەم ماڵ و ملکەت نەکەوێتە دەس خەڵکی». ئیتر ئەوەندە سەری کردە سەری کابرا ناچار چوو کچێکی هێنا.

لە پاش چەن رۆژێک پیرەژن ئاگر چووە گیانی. ژەنگ و ژاری هەڵگرت، هەر ئەیوت: هەتیو ئەم ژنە قەوومی خراپە، ئەوەتەی هێناوتە بەرەکەتی ماڵمان نەماوە. دەست ئەبەم بۆ کووپەی ساوەر نیوەی نەماوە، کەنووی ئارد هیچی تیا نەماوە، کووپەڵەی رۆن خالیە، کابرا هیچ گوێی لێ نەئەگرت.

ئاخری رۆژێک کابرا هاتەوە بۆ ماڵەوە، دوو مریشکیان هەبوو هەر یەکێ دە دوانزە جووچکی لە بەر بوو. سەیری کرد لە سەرانگوێلکی بەر دەرگاکەیان هەمووی بە مردارەو بووی فرێ دراوە. پرسێ ئەم مریشک و جووچکانە بۆچی مردارەوە بوون؟ پیرەژن وتی: «لە قودووم شەڕ بپرسە».

رۆژی دوایی دوو گوێرەکەیان هەبوو، پیرەژن گوێرەو ساری لە ملیان پێچا هەر دووکی خنکاندن و ئەوانیشی فرێدایە سەر سەرانگوێلێک. کابراکە هاتەوە چاوی پێکەوت، پرسی ئەمانە بۆچ وایان لێ هاتوە؟ پیرەژن وتی: «مردووت مرێ بە خوا داری سواڵی ئەگریتە دەست». کابرا وتی: «ئینجا چارەم چییە؟» وتی: «ئەم کچەتیوە تەڵاق بدە». وتی: خوا بتگرێ هەموو چەن رۆژێکە هێناومەو پارەیەکی زۆرم تیا خەرج کردووە؛ چلۆنی تەڵاق بدەم؟ خۆ ئەگەر تەڵاقیشی بدەم مارەیی و نەفەقەم لێ ئەسێنن. پیرەژن وتی: «بیکوژە، بیکوژە». کابرا وتی: «ئەلحەکمولیللا! ئەیکوژم».

دوو رۆژی پێچوو پیرەژن وتی: درۆزن خۆ تۆ وتت ئەیکوژم، کوا هیچ دیار نەبوو؟[پیاوەکە وتی:] نازانم چەقۆی تیژم نییە کە سەری ببرم. پیرەژن وتی: من چەقۆی تیژت بۆ ئەهێنم.

ئەو رۆژە هەتا ئێوارە چەقۆیەکی بە هەسان سوو. شەو وەختی نووستن هێنای خستیە کۆشی مێردەکەیەوە. بەیانی زوو هەڵسا تەماشای کرد ژنەکە پشتیر ئەماڵێ. چوو کابرای خەبەر کردەوە وتی بۆچی سەرت نەبڕی؟ وتی: بە خوا ژنەکە لە سەر جێگا لێکم دایەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر سەرم ببڕیایە حوکومەت حەپسی ئەکردم؛ ئەیانوت تۆ لە سەر چی ئەم ژنەت سەر بڕیوە؟ لەوانە بوو هەڵم واسن. ئەگەر حوکومەتیش نەیزانیایە برای هەیە ئەیانکوشتم. پیرەژن وتی: کەوایە بیخنکێنە. وتی: چاکە.

سبەینێ کە پیرەژن تەماشای کرد، ئەوا هەویکەی مەشکە ئەژەنێ. دیسان مێردەکەی خەبەر کردەوە وتی: ئەوە بۆچی نەتخنکان؟ کابرا وتی لێکم دایەوە ئەگەر دەستم بخستایە بینی هاواری ئەکرد خەڵکی ئەهاتن و تووشی کێشە ئەبووم و بەڵکوو دەرەقەتیشی نەئەهاتم. پیرەژن وتی: دە ئەمشەو من دێم هەر دوو دەستی ئەگرم نایەڵم جم بدا، تۆش دەست بنێرە بینی و بیخنکێنە. کابرا وتی: زۆر باشە.

شەو وەختی نوستن هات ژنەکە چووە سەر جێگای خۆی ڕاکشا. پیرەژن بە کابرای وت: دە هەڵسە ئەوا من دەستی ئەگرم، تۆش بیخنکێنە. کابرا وتی: ژنەکە وا نابێ بە خوا ئەگەر بیخنکێنم خەڵکی ئەڵێن ئەم ژنە ئێوارە ساغ و سەلیم بوو، شەو بۆچی مرد؟ دیارە حەکیم دێت و تەماشای ئەکاو ڕاپۆرتی ئەدا کە خنکاوە؛ ئەو وەختە منیش وتۆش تووشی گۆبەن ئەبین. پیرەژن وتی ئەی چاری چیە؟ وتی تەگبیرێکی چاکم کردوە. وتی چیە تەگبیرەکەت؟

کابرا وتی: «دەست ئەکەم بە گاینی. شەو ئەیگێم، ڕۆژ ئەیگێم؛ ئەوەندە ئەیگێم هەتا ئەمرێ. ئەو وەختە کەس نالێ کوشتیان؛ یا خنکاندیان». پیرەژن وتی: «ناوەڵڵا! کەواتە ئەو جوان و جەهێڵە وازی لێ بێنە؛ من بە قەد خۆم عومرم ڕابواردووە من بەو دەردە بکوژە با ڕزگارم ببێ و ئێوەش بۆ خۆتان ڕەحەت بن».

– بێوەژنە کوردێک هەبوو زۆر فێڵباز بوو؛ چوار پێنج شووی کردبوو بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو بە بێوەژنی مابووەوە. ڕۆژێک کابرایەکی زەبەلاح هاتە لای وتی: بیستوومە تۆ مێردت نیە، منیش بێ کەیبانوم؛ ئەگەر شووم پێئەکەی ئەتخوازم. ژنە لێ پرسی: تۆ ئێش و کارت چیە؟ کابرا وتی: ئەوی ڕاستی بێ دزم. وتی چە جۆرە دزێکی؟ وتی: «من عادەتم وایە ئێواران کە نوێژی شێوانم کرد ئەچم بۆ دزی؛ بەیانی بۆ نوێژی سبحەینی دێمەوە؛ نایەڵم نوێژەکەم بڕوا. ساخوا چی بە نسیب کردبوو ئەیهێنم، پێوە ڕائەبوێرم. بەڵام بە ڕۆژ لە ماڵ ناچمە دەرەوە.

ژنەکە چوو لە گەڵی بۆ لای مەلایک خۆی لێ مارە کرد. لە پاش چوار ڕۆژ، شەوێک نوێژی خەوتنان کابرایەک هات وتی: «بیستوومە تۆ بێوەژنی، ئەگەر شووم پێ ئەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

ئەتخوازم». پرسی: تۆ چەکارەی؟ وتی: ئیش و فرمانم هەر دزیە. وتی چلۆن دزیکی؟ وتی: «دزی رۆژم؛ بەیانی کە نوێژم کرد ئەڕۆمە دەرەوە. ماڵێ دەرگای دانەخستبێ شتێکی لێ ئەدزم؛ یا خود گیرفانێک ئەبڕم؛ وە یا بە فێڵ و تەڵەکە شتێ دەس خۆم ئەخەم. ئێوارە دوای نوێژی شێوان دێمەوە نوێژی خۆم ئەکەم و ئیتر بە شەو ناچمە دەرەوە». ژنەکە وتی: «ئەمە خوا داویە بە رۆژ و بە شەو من لە ئاهەنگا بم». چوو خۆی لەویش مارە کرد.

نزیکەی چوار پێنج مانگ بە رۆژ دزی شەو لە لای بوو، بە شەویش دزی رۆژی لە لابوو. رۆژێک وتی بە خوا واچاکە من ئەم دوو مێردەم لە یەک ئاشکرا بکەم بزانم چی ئەکەن. شەو بە دزی رۆژی وت: «فلانی سبەینێ مەچۆ بۆ دزی، بیست قەرانم لە لای کوێخاکەی "باوە مەردە"یە، بچۆ بۆم بسێنەوە». وتی: چاکە. بەیانی کولێرە بە رۆنێکی هێنا لە بەر چاوی کابرا کردی بە دوو کەرتەوە، دەسەسرێکی سووریشی هێنا کردی بە دوو لەتەوە. کەرتە کولێرەی خستە ناو لەتە دەسەسڕەوە دای بە دزی رۆژ. وتی برۆ؛ بەڵام لە سەر پردەکەی «قولی سان» دانیشە نانەکەت بخۆ هەتا هاوڕێکت لێ هەڵبکەوێ، ئەوسا برۆ نەوەکوو روتت بکەنەوە. کابرا وتی چاکە لەتە کولێرەو دەسەسڕی نایە باخەڵی و لێدا رۆیی.

لە پاش رۆیشتنی ئەو، دزی شەو کە مێردی رۆژ بوو هاتەوە. ژنەکە وتی: «فلانی دامەنیشە بیست قەرانم لە لای کوێخاکەی باوەمەردەیە، بچۆ لێی وەربگرەوە؛ ئەمەش تۆێشووی رێگات، بەڵام لە سەر پردەکەی قولی سان دانیشە بیخۆ، بەڵکوو هاوڕێکیش پەیدا کەی بە تەنها مەڕۆ با تووشی جەردە نەبی».

کابرا نانەکەی وەرگرت کەوتە رێ. کە هات لە سەر پردەکەی قولی سان تەماشای کرد زەلامێک دانیشتووە کولێرە ئەخوا. سەلامی کردو لە لایەوە دانیشت. تێشوەکەی دەرهێنا؛ لەتێ کولێرە لە ناو لەتێ دەسەسڕەی سووردا. دەستی کرد بە خواردن. کابرای هەوەڵ پرسی ئەوە تۆش لەتێ کولێرەت پێیە لە ناو لەتە دەسەسڕدا؟ وتی: بەڵێ. وتی سوبحانەڵلا! منیش هەر شتێکی وام پێیە. کە لەتە کولێرەیان بە یەکەوەنا تەماشایان کرد کولێرەیەکەو کراوە بە دوو لەتەوە. دەسە سڕەکەیان بە یەک گرت ئەویش یەک دەسەسڕ بوو دوو پارچە کرا بوو. یەکێکیان پرسی: تۆ بۆ کوێ ئەچی؟ ئیشت چیە؟ وتی ژنەکەم بیست قەرانی لە لای کوێخاکەی باوەمەردەیە ئەچم بۆی ئەسێنمەوە. وتی ژنەکەت ناوی چیە؟ وتی: «خەندان». وتی: کورە خۆ ئەوە ژنی منەو من ئەچم پارەکەی بۆ ئەسێنمەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەر ئەمە نزیک بوو بچن بە گژ یەکا. ناچار هەردووکیان گەڕانەوە چوونە لای ژنەکە و وتیان: تۆ ژنی کێی؟ وتی: هەر کامێکتان ئازابن ژنی ئەوەم، لە ئیشی خۆیا وەستا بێ ئەو ئەبێ بە مێردم». هەردووکیان بەم قسەیە رازی بوون.

دزی رۆژ وتی: ئێستا رۆژە با بڕۆین من وەستایەتی خۆمت پێشاندەم. دزی شەو دوای کەوت هاتن بۆ بازاڕ. جوولەکەیەکی دەولەمەند -کە کۆتاڵی فرۆشتبوو بە بازرگانەکان- لە حوجرەی خۆی هاتە خوارەوە بۆ حەفتانە سەندن. دزی رۆژ قەڵەمێک و پارچەیک کاغەزی بە دەستەوە گرت. جوولەکە لە دوکانێک چوار لیرە، لە یەکێکیتر پێنج لیرە، لە یەکێکیتر پانزە مەجیدی، لە یەکێکیتر چوار کاغەزی پێنج مەجیدی. بەم جۆرە شەش سەد حەوسەد مەجیدی وەرگرت. لە پڕ دزی رۆژ دەستی کرد بە باخەڵیا کیسە پارەکەی دەرهێنا. خواجە یەقەی گرت وتی: کیسەکەم. دزە وتی: کیسەی چی؟ بێ دین! تەشقەڵەم پێ ئەکەی. خواجە هاواری کرد و جاندرمە هاتن وتیان چیە؟ جووە وتی: ئەم کابرایە کیسە پارەی لێ دزیم. کابرا وتی: درۆ ئەکا گەرم پێ ئەکا.

جاندرمەکان هێنایان بۆ دائرە. جووە لە لای باش مەعمور وتی: قوربان! ئەم کابرایە دەستی کرد بە باخەڵما کیسە پارەکەمی دزی. کابرا وتی قوربان درۆ ئەکا کیسە پارەی خۆمە ئەگەر شاهیدی هەیە باشە. جووە وتی: شاهیدم لە کوێ بوو؟ تۆ بە دزیەوە دەرت هێنا. وتی: قوربان! لێی بپرسە -لە خواجە- کە من پارەکەم ژمارد؟ خواجە وتی: نەخێر؛ ئەوەتا لە باخەڵیا. دزە وتی: قوربان! ئەگەر پارەی ئەوە کیسەکە چەندی تیایە؟ کە کیسەکەیان ژمارد بە تەواوی قسەی کابرا بوو. باش مەعمور ئەمری کرد تا دوو شەق لەم جوولەکەیە هەڵدەن تەشقەڵە بەم موسڵمانە هەزارە ئەکات. وەڵلا یەک دوو هەرمێیان دا بە خواجە و دەریان کرد.

کابرا بە دزی شەوی وت: چلۆنم؟ وتی باشە؛ بەڵام ئێمشەو نۆرەی منە. وتی: چاکە.

شەو بە رێ کەوت پیاوێکی گەورەی وەکو مەحمووپاشا هاتبوو لەماڵی پیاوێکی گەورە میوان بوو. دزی شەو، دزی رۆژی بردو چوو بە کەمەند چووە سەر بان. رەفێقەکەی هەڵکێشایە سەر بان، چوونە خوارەوە، قازێک لە حەوشەکەدا بوو دزی شەو سەری بڕی و دای بە دزی رۆژ وتی دانیشە لەم مەتبەخە [بەو] ئاگرە بیکە بە کەباب برسیمانە؛ خۆیشی هاتە سەرەوە.

تەماشای کرد ئەوا پاشا لە سەر چوار پایەیک نوستووە. خزمەتکارێک لە بەر کورسیەکە دانیشتووە حەکایەتی بۆ ئەکا: «سوڵتان مەحموو لە گەڵ هەیاسی خاس وا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆیشتن وا هاتن ...». بەڵام خزمەتکارەکە زۆر خەوی دێ، لە گەڵ پاشا خەوی لێ ئەکەوێ کابراش بە لادا دیت، لە پاش چەند دەقیقەیەک پاشا خەبەری ئەبێتەوە ئەڵێ: «حەمەی خوسرەو حەکایەت بکە». حەمە هەڵئەستێ دیسان چەن قسەیەکی تر لە حەکایەتەکە ئەکا.

دزەکە سەبەتەیەکی گەورەی بە گوریسێک بەست و گوریسەکەی لە دارێکی بن میچی هۆدەکە هەڵکێشان. سەبەتەی هێنا بە هێواشی پاڵێکی بە حەمەی خوسرەوەوە نا، خستیە سەبەتەکەوە، سەری گوریسەکەی ڕاکێشا هێواش، هێواش هەتا سەبەتە لە بن میچ قایم بوو؛ حەمەی خوسرەو بە سەقفەکەوە هەڵواسرا. دزە دەستی کرد بە شتومەک کۆ کردنەوە. پاشا خەبەری بووەوە وتی «حەمەی خوسرەو حەکایەت بکە». دزە دانیشت ئەیزانی حەمەی خوسرەو لە کوێدا حەکایەتی بڕیوە. وتی: «پاشان سوڵتان مەحموو وای وت، هەیاسی خاس وای کرد...».

دزی ڕۆژ هاتبوو بزانێ چی ئەکا، کە چاوی بەم کارە کەوت سەرسام بوو. لەم وەختەدا بۆنی گۆشتی قازەکە هات. دزە بە ڕەفیقەکەی وت بگەرە قازەکە سووتا. پاشا هیچ لێفەکەی لا نەدا وتی: حەمە قازی چی؟ وتی: «قوربان! لەو وەختەدا کەبابی قازیان بۆ سوڵتان مەحمو ئەکرد». پاشا خەوی لێ کەوتەوە.

دزە هەرچی بە نرخ بوو کردی بە کۆڵێک هاتە دەرەوە. لە گەڵ ڕەفیقەکەی گۆشتی قازیشیان هێناو هاتنەوە بۆماڵەوە.

پاشا وەختی بەیان خەبەری بووەوە بانگی کرد حەمەی خوسرەو! حەمەی خوسرەو! حەمە خەبەری بووەوە هیچ چاوی نەکردەوە کە لە کوێیە دەستی کرد بە حەکایەت بە دەم خەوەوە. پاشا تەماشای کرد حەمە لە دوور دەنگی حەکایەتی دێ. سەری هەڵبڕی ڕوانی حەمە دەنگی دێ، بەڵام خۆی دیار نییە. هەموو هۆدەکەی ڕوانی. دوایی تەماشای کرد لە بن میچی خانوەکە لە سەبەتەیەکدا هەڵواسراوە، کەچی حەمە هەر حەکایەتیش ئەکا. وتی: «ئەرێ حەمە! ئەوە چی ئەکەی لەو سەبەتەیەدا؟ دەویت باوک!»

کە حەمە سەری هەڵبڕی وتی: پاشا بۆ خاتری خوا ئەمە کێ خستوومیە ئێرەوە؟ ئینجا پاشا دەنگی کرد دوو سێ کەس هاتن سەبەتەکەیان کردەوەو حەمەیان هێنایە خوارەوە. کە ورد بونەوە هەر چێ شتومەکی پاشا هەبوو دزراوەو قازێکیش سەر بڕاوە و کراوە بە کەباب. ئەو وەختە زانی ئەوی وتی قازەکە نەسووتێ دزەکە بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشا لە کردەوەی ئەم دزە زۆر سەری سوورما، جارچیەکی نارد جارِی دا ئەو کەسەی دزی لە پاشا کردووە بێت، عەفوە. کابرای دزە هات. پاشا وتی چلۆنت ئەم دزیە کرد؟ کابرا سەر تا پا باسی ژنەکەو باسی دزی رۆژی گێڕایەوە. پاشا ئیتر دڵی لیان چوو وتی: کەواتە هەر دووکتان ئەو ژنە تەڵاق بدەن من ژنتان بۆ دێنم و ببن بە خزمەتکارم.

- کابرایەکی کورد هەبوو زۆر دەوڵەمەند بوو، هەر تاقە کوڕێکی هەبوو. کابرا مردو «کەلەپوور»و میراتەکەی هەموو مایەوە بۆ کوڕەکەی. پیاوێکی تریش بوو زەڕنگەر بوو، بەڵام زۆر قوماربازو بێ حقووق بوو. بە هەر جۆرێک بۆ خۆی کوتایە بن دەستی کوڕە دەوڵەمەندەوە؛ هەموو رۆژ ئەچوو لە گەڵی سواری وڵاغ ئەبوو جێگای خۆش‌خۆش ئەیگەڕان. لە لوقەنتە نایابەکانا نانیان ئەخوارد، ئێوارانیش دیسان لەماڵی کوڕە دەوڵەمەند نانی ئەخوارد. بەم ناوەوە «کیسەدار» بوو، هەموو رۆژێ بەلانی کەمەوە یەک دوو لیرەشی لێ ئەدزێ.

زۆری پێ نەچوو کوڕە پارەو پوولی نەما؛ ناچار بە فرۆشتنی ملکەکانی بوو. زەڕنگەر هەر رۆژە دوکانێک یا باغێک، یا کۆشکێکی بە نرخی بە هەرزان لێ ئەکڕی و کەچی ئەو پارەی کە ئەیدایە نیوەی زیاتری بە ناو رەفاقەتەوە لێ ئەدزیەوە، هەتا وای لێ هات تەنانەت لە شتومەکی ناو ماڵیش هیچی بە دەستەوە نەما. لە گەڵ ئەم هەموو تێکەڵاویەش ئەم مایەوە جارێک چیە ئەم کوڕەی نەبردە ماڵی خۆی و بانگێشتنێکی بۆ نەکرد.

رۆژێک کوڕە دەوڵەمەند هیچی نەمابوو، چووە موغازەی زەڕنگەر وتی: ئێمرۆ هیچم نیە، هەندێک پارەم بدەرێ بە قەرز با بچین بۆ سەیران. زەڕنگەر هەر چەن بە هۆی ئەم کوڕەشەوە بوو بوو بە لۆرد، وتی: فلانی ئیستە هیچم لە لا نیە، وە ئەگەر بشم بێ، ناتدەمێ؛ چونکە هیچت نەماوە بە چی ئەمدەیتەوە؟ کوڕە هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: «کەوایە فلانی هەر ئەم ئەنگوستیلەیەم ماوە لێم بکڕە، منیش هوقەیەک نان ئەکڕم و ئەڕۆم بۆ وڵاتێ کە کەس نەمناسێ کرێکاری ئەکەم».

زەڕنگەر بە پارەیەکی ئەنگوستیلەکەی لێ کڕی و رۆیشت. کە چوو گەیشتە بەر ماڵێکی گەورە، تەماشای کرد ژنێکی جوان لە باڵەخانەوە تەماشای کۆڵان ئەکا. کوڕەش وەستا بوو لە چاو برکێ کردنا؛ چونکە دەمێ بوو ئیشی بوو، تەماشای ژنەی کرد. ژنەکەش کوڕەی زۆر جوان هاتە بەر چاو و دڵی لێ چوو، بە ئیشارە بانگی کرد. کوڕە چووە ژوورەوە ژنەکە بردیە باڵەخانە داینا لێ پرسی تۆچی و چەکارەی؟ وتی: بە خوا فلانی! من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر دەوڵەمەند بووم، قەزاو قەدەر هیچم نەماوە ئێستاکە هاتوومە سەر ئەوە بڕۆم بۆ ولاتێکی دوور ئیشێ بۆ خۆم بکەم پێوە بژیم. وتی: «نابێ بڕۆی؛ من دڵم چووە لە تۆ هەموو رۆژێ وەرە لام شەرت بێ رۆژێ سەد قەرانت بدەمێ». وتی چاکە.

ئەو رۆژە هەتا عەسر ئاهەنگی خۆیان گێڕا، لە پاش عەسر ژنەکە سەد قەرانی دایە. کوڕە هاتەوە وتی: «پیاو پارەی نەبێ کەس نایناسێ؛ وا چاکە بچم کاسبی بکەم». دەس‌بەجێ چوو کۆتاڵی کڕی و دوکانێکی بازرگانی دانا. هەموو رۆژ ئەچووە ماڵەکە لە پاش کەیف کردن سەد قەرانیشی وەر ئەگرت و ئەهاتەوە، بەم جۆرە بووە خاوەن دوکانێ وەکو حاجی عەزیزی شەرعی.

رۆژێک بە رێکەوت زەڕنگەر باشی بە بازاڕا هاتە خوارەوە تەماشای کرد ئەوا ئاشناکەی دووکانێکی پاک و تەمیز پڕ لە کوتاڵی داناوە. لای دا وتی: پیرۆز بێ! ئەمە کەی دوکانت دانا؟ دەس مایەت لە کوێ بوو؟ وتی: بە خوا فلانی کە تۆ رووت لێ وەرگێڕام و دەرت کردم، هاتم بڕۆم رێم کەوتە ماڵە گەورەیەک، ژنێکی واو وا بانگی کردم چومە ژوورەوە، بووین بە ئاشنا نەیهێشت بڕۆم. ئێستا هەموو رۆژی ئەچم کەیف و ئاهەنگ ئەکەم و رۆژی سەد قەرانم ئەداتێ، ئەوا منیش دوکانم داناوە و ئێستاکە دەسمایەیەکی باشم هەیە.

وتی: ئەو ماڵە لە کوێیە، ژنەکە چۆن ژنێک و ناوی چییە؟ کوڕە زۆر چاک ناو و نیشانی دایە. مەگەر ماڵەکە ماڵی زەڕنگەر و ژنەکە ژنی زەڕنگەر باشی بوو. ناوەکەشی پێی وت. زەڕنگەر هەڵساو چووەوە دوکانی خۆی لە خەفەتا وەختبوو شەق بەرێ.

وەختی نێوەڕۆ -کە وەختی چوونی کوڕەکە بوو- زەڕنگەر هەڵسا چووە ماڵەوە، تومەز کوڕەکە لەوێ بوو. ژنە دەس بە جێ وتی: بچۆرە ئەو پەنجەرەیەوە و دەرگای پەنجەرەکەی داخست. مێردەکەی هەموو ماڵەکەی سنگ و سووژندا هیچی نەدی. هاتەوە بۆ دوکانی خۆی.

سەر لە ئێوارە چووە دووکانی بازرگان، لێ پرسی ئیمڕۆ چووی بۆ ماڵە ئاشناکەت؟ وتی: «بەڵێ چووم؛ تەنانەت مێردەکەی هاتەوە ژنەکە منی لە پەنجەرەیەکدا شاردەوە. چاک بوو نەیدیمەوە». کابرای زەڕنگەر بە تەواوی بۆی دەرکەوت کە ماڵ ماڵی ئەوەو ژنیش ژنی ئەوە.

کەوتەوە بەیانی کوڕە چووەوە بۆ ماڵەکە، لە ناکاو خاوەن ماڵ لە دەرگای دا. ژنە کوڕەکەی خستە سەبەتەکەوە کە نانی تێدا بوو، هەڵواسرابوو. کابرا هات پەنجەرەکە گەڕا، هۆدەکان گەڕا هیچی نەدۆزیەوە، رۆیەوە. کوڕە لە دوای ئاهەنگی خۆی سەد قەرانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


وەرگرت و هاتەوە دووکان. زەڕنگەر هاتوو پرسی ئەمڕۆ چووی؟ وتی: «بەڵێ چووم؛ تەنانەت مێردی ژنەکە هاتەوە پەنجەرەکەش گەڕا، هەموو جێگایەکی پشکینی بەلام لە سەبەتەی نانەکەدا بووم، نەیدۆزیمەوە». کابرا دەستی کرد بە جینگڵەدان.

بۆ سبەینێ کوڕە لە ماڵەکە بوو، خاوەن [ماڵ] لە دەرگای دا ژنەکە سندوقێکی گەورەیان هەبوو دۆستەکەی خستە ناویەوەو قوفڵی لێدا. کابرا پەنجەرەی کردەوە، سەبەتەی نانی تاقی کردەوە هەر چەن گەڕا هیچی نەدی؛ ڕۆیشت. کوڕە هاتە دەرەوە، سەد قەرانی وەرگرت و چووەوە دووکان.

عەسر دیسان زەڕنگەر چوو پرسی ئەمڕۆ چووی؟ وتی: «بەڵێ چووم؛ ئیمڕۆش مێردەکەی هاتەوە پەنجەرە گەڕا، سەبەتەی نان گەڕا، بەلام من لە سندوقە گەورەکەدا بووم نەیدۆزیمەوە».

بۆ سبەینێ دیسان کوڕە چووە ماڵەکە، ژنەکە سندوقێکی قیرتاو کراویان هەبوو زوو حازری کرد بوو. کابرا کە لە دەرگاکەی دا کوڕەی خستە ناو سندوقە قیرتاوەوە، سەرەکەی قایم کرد خستیە حەوزەکەوە بن ئاو کەوت. کابرا کە هات ئەمجارە تەنانەت عابخانەو کولانە مریشکیشی نەهێشت، هەمووی پشکنی. ژنەکە وتی: «ئەمە چیە تۆ چەن ڕۆژێکە دیتەوە ئەم ماڵە ئەپشکنی، چیت لێ ون بووە؟» پیاوە وتی هیچ. ژنەکە وتی: «بۆچی گرەوێکم لە گەڵ ناکەی؟» وتی چلۆن؟ وتی: «تۆ لەو بەر حەوزەکەوە، منیش لەم بەرەوە خورما بە دەم بهاوێژین، هەر کەس دای لەو سندوقیە قیرتاوە، ئەوی‌تر سەد قەرانی بداتی».
وتی: باشە.

ژن و مێرد دەستیان کرد بە خورما خواردن و دەنک هاوێشتن، کوتوپڕ ژنەکە لێی دا سەد قەرانی لە مێردەکەی وەرگرت. کابرا ڕۆیەوە بۆ دوکان. ژنە کوڕەی هێنایە دەرەوە سەد قەران و سەد قەرانە گرەوەکەشی دایە. کوڕە هاتەوە دووکان. زەڕنگەر هات وتی: ئیمڕۆ چووی؟ وتی: «ئای! ئەمڕۆ چووم و کابرا هاتەوە، هیچ جێگا نەما نەیپشکنێ؛ بەلام بەرەکەتدا ژنەکە منی خستبووە سندوقێکی قیرتاو و خستبوومیە حەوزەکەوە. تەنانەت گرەویشیان کرد ژنەکە سەد قەرانی لە مێردەکەی بردەوە ئەویشی دا بە من».

کابرا ئینجا وتی چار نییە بۆم ناگیرێ و هەموو ڕۆژی سەد قەرانیشم لە کیس ئەچێ. واچاکە بچم بە ژن براکانم بڵێم بەڵکە بیکوژن. سێ چوار ژن‌برای بێ حەیاو شەڕانی هەبوو، چوو بۆی گێڕانەوە کە خوشکەکەتان وایەو ماڵی منی بە قوڕ گرت. وتیان: فلانی ئێمە چلۆن بۆمان دەرکەوێ کە وایە؟ وتی: «من کوڕەکە ئەهێنم، ئەگەر هەموو قسەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



گێڕایەوە ئیتر قسەتان ئەمێنێ؟» وتیان: نەء. گورج زەڕنگەر هات وتی: برا ئەم ئێوارەیە نانم بۆ دروست کردوی بچینە ماڵی ئێمە، لەوێ دانیشین. ئێوارە نانیان خوارد. ژنەکە بیستی کە مێردەکەی لە ماڵی براکانیە ئەویش هات.

شەو «زەڕنگەر باشی» وتی: «خزمینە! ئەم کوڕە زۆر دەوڵەمەند بوو، هەژار کەوت. لە پاشا خوا دەرویەکی چاکی لێ کردەوە. ئا تۆ خوا میرزا کە هاتی من ئەنگوستیلەکەم لێ کڕی و ڕۆیشتی ژنە جوانەکە بانگی کردی، بۆمان بگێڕەوە هەتا ئیمڕۆ چیت دیووە؟» کوڕە وتی: «فلانی کە هاتم بڕۆم، گەیشتمە بەر ماڵێک ژنێکی جوان ناوی فلان بوو، بانگی کردم، منیش چوومە ژوورەوە کەیف و ئاهەنگی زۆرمان کرد و ڕۆژی سەد قەرانی بۆ بڕیمەوە».

ئیتر هەموو حەکایەتەکەی گێڕایەوە هەتا گەیشتە سەر سندۆقە قیرتاوەکە. کە ژنەکە لە هۆدەیەکیترا گوێی ڕاگرت ئەوا کابرای دۆستی حەکایەتی ئەوان ئەکا. کوڕێکی چوار ساڵی هەبوو ناردیەلای پیاوەکان. کوڕە چووە بەردەمی زەڕنگەر وتی: «بابە، دراو». میرزا کە تەماشای کرد کوڕی ژنەکەیە و بە زەڕنگەر ئەڵێ بابە ئەمجا تێگەیشت کە مەسەلە چییە، وە ئەوانیش لە باسی خورما هاویشتنی سندۆقەکەدا بوون وتی: «کە ژنەکە دەنکە خورمای هاویشت دای لە سندۆقەکە ئیتر من خەبەرم بووەوە». ئینجا ئێوە ئەگەر تەعبیری ئەم خەوە ئەزانن بیفەرموون.

زەڕنگەر وتی: چی؟ خەوی چی؟ میرزا وتی: «ئەی ئەمڕۆ بۆ خۆتم نەگێڕایەوە کە خەوێکی وام دیووە، تۆش بە منت فەرموو سێ چوار ڕەفێقم هەیە تەعبیر ئەزانن بۆ ئەوانی بگێڕەوە؟ ئەوا بۆم گێڕانەوە».

ژن براکانی وتیان: «سەگبابی تازە پێ گەیشتوو! تەماتە بوختان بە خوشکەکەمان بکەی؟» کابرای زەڕنگەر ئیتر دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوەوەو هیچی بۆ نەمایەوە.

- کابریەکی کورد مێگەلە مەڕێکی هەبوو خۆی شوانیەکەی ئەکرد. ژنێکیشی هەبوو «حەبێ» ناو بوو، ڕۆژی کولا بوو بە دەستیەوە. ئێواران ڕانەکەی درەنگ ئەهێنایەوە، ژنە دارێکی لێ هەڵئەگرت و ئەهاتە ویزەی؛ ئەیوت بۆچ درەنگ ڕانت هێناوەتەوە. زوو ئەیهێنایەوە دیسان تێی بەر ئەبوو ئەیوت بۆچ زوو هێناوتەتەوە؟ کابرا سەری لێ تێکچوو بوو نەیئەزانی چی بکا.

ساڵێک دوو ساڵ بەم جۆرە بە تێ هەڵدان ڕای بوارد. هاوڕێکی هەبوو ڕۆژێک پێی وت: ئەرێ برا من ساڵ دوانزە مانگەی خوا تۆ ئەبینم پەژارە دایگرتووی. چیت لێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەوماوە؟ ئەویش وتی: برا، چیت پێ بڵێم حالم بە دەست ژنەکەمەوە پەریشانەو بە جارێ دنیای روناکی لێ کردوومەتە شەوی تاریک و بە هیچ جۆر رزگارم نابێ. هەموو کارەساتی بەینی خۆی و ژنەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەویش وتی چاری ئاسانە. من تەگبیرێکت بۆ ئەکەم، ئەگەر وابکەی رزگارت ئەبێ لە دەستێ. وتی: بە قوربانت بم! کوا چارێکم بکەی؟ ئادەی پێم بڵێ.

پێی وت: سبەینێ لە وەختا رانەکە بەرەوە، ژنەکەت لێت تووڕە ئەبێ ئەڵێ بۆچ زوو رانەکەت هێناوەتەوە؟ تۆش بڵێ ژنەکە دەنگ مەکە ئیمڕۆ لە دەمی ئێوارەدا لە فلانە ئەشکەوت خەزنەیەکی ئاڵتوونم بەرچاو کەوت، زوو رانەکەم هێنایەوە بۆ ئەوە لە وەختا بنووم و بەیانی پێش مەلا بانگ دان تاریک و لێڵە هەستم کەس پێ نەزانێ بچم دەری بێنم. ئینجا ئەو کە گوێ لە ئاڵتون ئەبێ، پێت ئەڵێ ئەبێ پێکەوە بچین. تۆش بێنە لە گەڵ خۆتی بەرە لەوێ بیخەرە ئەشکەوتەکەو خۆت بگەڕێوە. بەم جۆرە لە دەستی رزگارت ئەبێ.

کابرا وەکو هاورێکەی پێی وت بەو جۆرە ئێوارێ زوو رانەکەی هێنایەوە، ژنە قیژانی بە سەریا ئەوە بۆچ زوو هاتوویتەوە؟ کابرا قسەی بۆ گێڕایەوە. ژنە وتی: «بێ فەڕی واو وا لێ کراو چۆن هەر خۆت ئەچی؟ ئەبێ منیش بێم. ئەتەوی بچی خەزنەکە دەربێنێ و لە منی بشاریەوە. وەڵڵا! رۆحیشت دەر بچێ ئەبێ پێکەوە بچین. کابرا وتی: باشە ئافرەت ئێستە من چیم وتووە؟

ئەو شەوە هەر پەت و گوریسێکیان هەبوو هەموویان کۆ کردەوەو بەیانی لە پێش مەلا بانگدانا لێیاندا رۆیشتن تا گەیشتنە سەر ئەشکەوتەکە. ژنەکە وتی: کە ئەچمە خوارەوە بە ئارەزووی خۆم ئاڵتون دێنمە دەرەوە، تۆ لێی نازانی. پیاو هێنای چەند گوریسێکی پێکەوە بەست و سەرەکەی لە ناو قەدی ژنەکە قایم کردو دایهێشتە خوارەوە. دوو سێ گوریس رۆیشت، ئینجا خەنجەری دەرهێنا گوریسەکەی بڕی و ئافرەت کەوتە خوارەوە. ژنە لە خوارەوە بانگی کرد پیاوەکە من کردبێتم تۆ نەتکردبێ. پیاوە وتی: «برۆ سەگباب! خۆ تۆ ئەمە چەند ساڵە منت کوشت». ئیتر لێدا گەڕایەوە.

ئەم ئەشکەوتە هی دێوێک بوو. ئێوارە کە دێوە هاتەوە، حەبێ چوو بە لایەوە و تەفرەی دێوەکەیدا کە نەیخوا. دێوە هەر چەندە بۆڵە بۆڵی کرد حەبێ گوێی نەدایە و سازی کرد، ئیتر دێوە بە هەر جۆر بوو راهات و گوزەرانی سەگ مەرگی لە گەڵ حەبێدا ئەکرد. حەبێ تەنگی بەویش هەڵچنی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆری پێ نەچوو دەنگ بڵاو بووەوە کە کچی پادشا شێت بووە و پادشایش هەر ئەو کچەی هەیە. هەر چەن لە گەڵی خەریک بوون چاک نەبووەوە. جاڕیاندا بەولاتا هەر کەس ئەم کچە چاک کاتەوە پادشا کچەکەی لێ مارە ئەکا؛ بەڵام ئەگەر یەکێ وتی چاکی ئەکەمەوە لە پاشا نەیکردەوە لە سەری ئەدەن.

ڕۆژێک دێوە هات بە لای شوانەی مێردی حەبێوە وتی: «فلانی، تۆ چەند ساڵێک جەزرەبەت کێشا بە دەست حەبێ گیانەوە، لە پاشا کردت بە تووشی منەوە و خۆتت ڕزگار کرد. ئێستە منیش وەڕز بووم و دەبێ دەشت بگرمە بەر سەری خۆم هەڵگرم بە دەست حەبێوە. کچی ئەم پادشایە من خۆمم پێشنداوە، بۆیە شێت بووە. ئێستە من ناچارم لە بەر حەبێ گیان ئەبێ ئەم ولاتە بە جێ بێڵم. کە بەجێیمهێشت لە بەر چاوی کچە لائەچم و کچە چاک ئەبێتەوە. جا تۆ هەستە بچۆرە لای پادشا بڵێ من چاکی ئەکەمەوە با لێت مارەکاو تۆزێ بحەسیتەوە؛ چونکە من ئەزانم بە دەست حەبێوە چیت چێشتووە. بەڵام هەر ئەم جارە ئەم ئیشەت لە گەڵ ئەکەم، ئەوا پێت ئەڵێم ئەگەر جارێکیکە یەکێکیکە شێت بوو هاتنە لات و تۆش چویتە سەری، ئەوا ئەتکوژم. کابرا وتی: دێوە پیاوی چاک بە من لە پزیشکیم چی؟ وازم لێ بێنە با بە شوانی خۆمەوە ڕابوێرم. من هەر لە دەست حەبێ ڕزگارم بووە بەسمە، هیچم ناوێ، بۆچی سەرم بە فەتارەتا ئەدەی؟ ئەگەر مەبەستت لە ناو بردنمە هەر خۆت بمکوژە و مەمدەرە دەست پادشاوە.

دێوە وتی: مەترسە ئەمەوێ چاکەت لە گەڵ بکەم، هەڵسە بچۆ بەڵام ئەگەر جارێکیکە بچیتە سەر یەکێکیتر بێ گومان بە کە ئەتکوژم.

کابرا ناچار هەندێ شوشەو تەپو تۆزی خستە ناو خورجێکەوە و بە ترس و لەرزەوە ڕووی کردە کۆشکی پادشا و وتی: من پزیشکم و هاتووم کچی پادشا چاک ئەکەمەوە. پادشا بانگی کردە لای خۆی و پێی وت: کوڕە ئەگەر چاکی نەکەیتەوە لە سەرت ئەدەم. وتی باشە و قاقەزیان بۆ یەک نووسی ئەگەر کچەکەی چاک کردەوە پادشا لێی مارە بکا، ئەگەر چاکیشی نەکردەوە لە سەری بدەن.

لە پاشا کچەکەیان کردە ژورێکەوە و کابرا بە لایەوە سەیری کرد دێوەکە لەوێیە. هەروا بە درۆ تۆزێ خۆڵ و مۆڵی لە شوشەکە دەرهێناو کردیە ناو ئاو و هەڵیسوو لە لەشی کچەکەو هەندێ دەم و پلێشی پێکادا گویا دوعای بە سەرا ئەخوێنێ. لەو کاتەدا دێوەکە بە کابرای وت: «بە دوعا!» و ڕۆیشت و خۆی لە بەر چاوی کچەکە ون کرد کچە چاک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوەوەو بوو بە شای لۆغان و زەماوەن. لە پاش بەینێک پادشا کچەی لە کابرا مارە کرد و ئیتر کابرا کەوت بە سەر خەزنەو خێرو بێردا.

یەک دوو ساڵێکی پێ چوو پادشایەکی دراوسێ ئەم پادشایە هەبوو -کە لە وڵاتێکیتر بوو- ئەویش تاقە کچێکی هەبوو شێت بوو. تومەز دێوەکە لە دەس حەبێ هەڵاتووە و چووەتە ئەو وڵاتە خۆی بەو کچە نیشان داوە و ئەویش شێت بووە.

هاتن لەم پادشایە پاڕانەوە کە ئەبێ زاواکەت ئەم کچەی ئێمەش چاک کاتەوە. پادشا رووی نا لە کابرای شوانەی زاوای وتی ئەمانە دراوسێمانن ئەبێ بچیت و کچەکەیان چاک بکەیتەوە. کابرا وتی: بۆ خاتری خوا وازم لێ بێنن من هیچ نیم و ئەم ئیشانە، ئیشی من نین. ئەم زۆری وت و ئەوان کەمیان بیست لە ئاخرا هەستا چووە ماڵەوە، وەسیەتی خۆی کرد و خورجەکەی هەڵگرت و لێی دا رۆیشت بۆ ماڵی پادشاکەیکە.

چووە ژووری کچەکە تەماشای کرد وا دێوە لەوێیە. دێوەکە وتی: «ها، واو وا لێ کراو! پێم نەوتی من هەر تەنها یەک جار ئەوەت لە گەڵ ئەکەم؟ ئەگەر جارێکیکە بچێتە سەر یەکێکیتر ئەتکوژم، ئێستە ئیتر چۆن هاتوویت بۆ ئێرە؟»

ئەویش وتی: «قوربان! خۆ ئەوە نە هاتوم ئەم کچە چاک بکەمەوە». وتی: ئەی بۆچی هاتوی؟ وتی: «هاتوم بۆ ئەوە عەرزت بکەم کەوا حەبێ لە بەر قاپی راوەستاوە». دێوەکە گوێ لە ناوی حەبێ بوو، وتی: «کوا بۆ خاتری خوا!» ئەمەی وت و لە ترسانا بۆی دەرچوو. کە ئەو نەما کچەکەش بۆ خۆی چاک بووەوە.

ئەمە کەتنی حەبێ گیان کە تەنانەت دێوەشی بەزان.

- کابرایەکی کورد ژنێکی ناهەمواری هەبوو بە دەستیەوە هاتبووە تەنگ، ویڵی و بێئەقڵی ئەو ژنە دنیای داگرتبووەوە. کابرای مێردی بە دەستیەوە تووشی دیق و زیق هاتبوو، هیچ چارێکی نەدیەوە تەنها ئەوە نەبێ سەری خۆی هەڵگرێ و رووبکاتە وڵاتان.

رۆژێک پێی وت: « ئافرەت! خۆ تۆ دنیات لە من هێنایە تەنگ، سەرت لە من تێک داوە نازانم هەموو ژنێ وایە یا هەر تۆ تاقە ژنیت، ئەوا ئەڕۆم؛ یا ئەمەتە جارێکیکە نایەمەوە، یا ئەمەتە ئەم مەراقەم لە دڵ دەرئەچێ». ئەمەی وت و لێدا رۆیشت.

چەند رۆژێک بە بێ وچان دەشتی گرتە بەر؛ رۆژێک گەرمای نیوەڕۆ بوو، تووشی کانی و سەراوێک هات، دار گوێزێکی بە سەرەوە بوو. هیلاک و ماندوو، برسی و تینوو ئاگای لە دنیا نەبوو، لە سەر کانیەکە سەری کردە سەر بەردێک و لێی نووست. ئەم کانییەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کانی ژنان بوو. زۆری پێنەچوو دەستە ژنێک بە گۆزەو کونەوە هاتن بۆ ئاو. کابرا لە دەنگە دەنگی ئەوان خەبەری بووەوە. یەکێک لە ژنەکان وتی: «هەیرۆ! ئەو پیاوە وا دیارە غەریبە، وا لێرە کەوتووە».

کابرا سەری راست کردەوەو زۆر تووڕە بوو لەوە کە ژن لێرەش نایەڵن تۆزێ بحەسێتەوە. ژنەکە هات بە لایەوە وتی: «کاکە برا! رەنگە غەریب بیت وا لێرە کەوتووی؛ تۆ خوا لە کوێوە هاتووی؟» کابراش لە داخی خۆی وتی: «ئەرێ وەڵلا خوشکم غەریبم؛ لە جەحەنەمەوە تازە هاتووم». ژنە وتی: «ئۆ! لە دەورت گەڕێم، تۆ خوا برا هیچ ئاگات لە حەمە عەلی برام هەیە؟» کابرا وتی: (هەیرۆ! بۆچ ئەوە برای تۆیە؟ ئەرێ وەڵلا زۆر چاک ئاگام لێیە. لە بەیانیەوە تا ئێوارە وا لە ژێر لیس و دارا لێێ ئەدەن و شرپیان کردووە». ژنە وتی: «هەییرۆ! بۆچ لێی ئەدەن؟» وتی: «وەڵلا! نازانم؛ ملیان گرتوە ئەڵێن هەزار قەران قەرزاریت، لە سەر ئەوە لێی ئەدەن، ئەویش نیەتی بیداتەوە وا ئەوە جەستەیەتی». ژنە دەستی کرد بەگریان و شین و شەپۆر؛ وتی: «ئەی برا، خۆشکت کوێر بێ وا وات لێ ئەکەن».

ئینجا رووی کردە کابرا وتی: «براله! وە قوروانت بم تۆ ئەچیتەوە بۆ ئەوێ؟» وتی: «ئەی چۆن؟ وتم تۆزێ لێرە بحەسێمەوە و ئەو وەختە بڕۆم». ژنە وتی: «وە قوروانت بم خۆ ئێستە هیچم پێ نییە تەنها ئەم بانسەرو لاگیرەو تاکە تارانیانەی سەرم نەبێ؛ ئەویش نازانم چەندە. ئەگەر بتدەمێ بۆی ئەبەی؟» کابرا وتی: بۆی ئەبەم، بەڵام بیبژێرە بزانە چەندە ئەگەر هەزار قەران پڕ نەکاتەوە کەڵکی نییە.

ژنە بەر بووە سەرو پۆتەلاکی خۆی هەمووی داڕنی و بژاردی سەیری کرد هەمووی پێنج سەد قەرانە.

بە کابرای وت: «بە قوربانت بم ئەمە پێنج سەد قەرانە چیم لێ ئەکەی؟» کابرا وتی: «قەیدی نییە بمدەرێ من خۆم ئەبم بە زامنی پێنج سەد قەرانەکەی‌تر، ساڵێکیکە دیمەوە ئەم شوێنە تۆ پێنج سەد قەرانەکەم بۆ بێنەوە». ژنەکە وتی: «ئۆ لە دەورت گەڕێم بە سەر چاو هەر کە هاتیەوە بۆ ئێرە پێنج سەد قەرانەکەی کەشت بۆ جێ بە جێ ئەکەم». کابرا پارە و هەیاسە و لاگیرەی لە باخەڵی توند کردو تێی تەقان، بەڵام چۆن تێ تەقانێک!

ژنە بە خۆشی خۆشی گەڕایەوە بۆماڵەوە کە برای لە دەست لێدان و شەڕە شەقی جەحەنەم رزگار کردوە. کە چووەوە مێردەکەی سەیری کرد ژنە وەکوو مریشکی ئاوەڕوت کراوی لێ هاتووە. وتی: ئەرێ کچێ ئەوە کوا تەوقە سەر و لاگیرەو تاکەتارانیەکانی سەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

سەرت؟ وتی: «ئۆ پیاوەکە! ئێستە لە سەر کانی ژنان تووشی پیاوێک بووم لە جەحەنەمەوە هاتبوو. خەبەری حەمەعەلی برام لێ پرسی. وتی شەو و رۆژ لەوێ کەوتووە لێی ئەدەن لە سەر ئەوە کە هەزار قەران قەرزارەو نیەتی بیداتەوە. منیش هەموو تەوقەسەرو لاگیرەکەی خۆمم دایە کە بۆی بەرێت و رزگار بێت لەو لێدانە. هینەکانی منیش تەواوی نەکرد، پێنج سەد قەرانی‌تری مایەوە –لە دەوری گەڕێم!- کوڕەکە کوردێکی نەجیم بوو، وتی خۆم ئەبەم بە زامنی پێنج سەد قەرانەکەی‌تری. ساڵێکیکە هاتمەوە بۆ ئێرە بمدەرەوە».

پیاوەکە ئەمەی بیست چووە تاسەوە وتی: ژنە خوا بتگرێ کەتنی وات نەدابێ؟ لە کوێوە رۆیشت؟ ئا ئەو ماین و تفەگەم بۆ بێنە.

کابرا سوار بوو بە چوار ناڵە کەوتە شوێن کابرا. ها لێرە، ها لەوێ، لە دوورەوە لە نزیک ئاوایێک بەدی کردو پێی لێ هەڵگرت. کابرای‌تریش ئەیزانی ئەم کەتنە کە گێراویەتی هەروا بە هیچە بە سەر ناچێ، کەس و کاری ئەم ژنە هەر دێن بە شوێنیا، ئەویش چاک ئەڕۆیشت و جارجاریش لای ئەکردەوە بزانێ کەس بە شوێنەوەیە. ئەو جارە لای کردەوە سەیری کرد وا سوارێک لە دوورەوە تۆز ئەکا، زانی کە ئەمە بە شوێن ئەوا ئەیکوتێ. کابرا خێرا خۆی کرد بە ئاواییەکەدا، تەماشای کرد وا پیاوێک لە پێچاڵێکا دانیشتوە جۆلایی ئەکا. رووی کردە جۆلاو چوو بە لایەوە وتی: «مامەی جۆلا! چاوت لێیە ئەو سوارە لە دوورەوە چۆن بە تاو دێت؟ ئەوە زەفتیەی حوکمەتە ئەگەڕێ بۆ بەندو باو. تازە فەرمانێک دەرچوە بۆ زیاد کردنی سولوساتی حوکومەت. ئەوا هات بۆ لای تۆ گەزێکی پێیە هەر چەندە جاوت کردبێ ئەیپێوێ. لە هەموو گەزێکا دوو قەران سولوساتی حوکمەت زیاد ئەکا، منیش وا بۆ خوا خەبەرم دایتێ».

کابرای جۆلا وتی: «جا بە قوربانت بم! من چە بکەم. من لەم کەسبەما نانی خۆمم دەست ناکەوێ، چۆن ئەتوانم پێ چالانەیەکی وا زۆریش بدەم؟» ئەویش وتی: ئیتر ئەوە خۆت ئەیزانی، من هەر ئەوەندە بوو خەبەرەکەم پێ دای؛ لە گەڵ ئەوەشا مادام تۆ ئەوەندە پیاوێکی هەژاری حەز ئەکەی تۆ هەڵسە بچۆرە ئەو ژوورە دانیشە، من کە هات ئەتوانم جوابی بدەمەوە لە پێ چاڵەکەدا بۆی دائەنیشم». کابرای جۆلا هەڵسا چووە ژوورەوە، ئەمیش لە پێچاڵەکە دانیشت.

زۆری پێ نەچوو سوارەکە گەیشتەجێ؛ وتی: ئەرێ کابرای جۆلا پیاوێکت نەدیوە هاتبێتەوە ئێرە؟ وتی: بەڵێ هاتووە وا لەو ژوورە دانیشتووە. کابرا لە ماینەکەی دابەزی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تفەنگەکەی داناو چووە لای کابرای جۆلا. هەر کە ئەو چووە ژوورەوە ئەم هەستا سواری ماینە بۆرە بوو تفەنگەکەی کردە شانی و تێی تەقان.

کابرا کە چووە ژوورەوە وتی: «ئەرێ کورە سەگباب! ئەو لاگیرەو تەوقەسەرەو پارانەت لە ژنەکەم بۆ سەندوە؟» ئەویش وتی: «قوربان! بە سەری تۆ من رۆژێ دو گەز جاو ئەگەر دەر بکەم بەشی نانی خۆم ناکا، ئێستە سولوساتی چیم لێ ئەستێنن؟» کابرا وتی: «کورە گەزی چی و جاوی چی؟ من چیت پێ ئەڵێم و تۆ چیم جواب ئەدیتەوە؟» وتی قوربان هەر ئەوەیە کە عەرزت ئەکەم، ناتوانم باجی دو گەز جاو بدەم.

ئینجا کابرا تێگەیشت کە ئەمە کابرای دەرەوە گوڵی لێ داوە خێرا دەر پەڕیە دەرەوە، سەیری کرد: ماین و تفەنگەکەی نەماوەو کابرای پێچالیش دیار نییە. هەر چەن بە شوێنیا گەڕا هیچ؛ ئیتر گۆلە گۆل بە پێیان دەشتی گرتە بەر و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

ژنەکەی لێ پرسی پیاوەکە ئەوە کوا ماین و تفەنگەکەت؟ وتی: «وەڵلا! ژنەکە تووشی کابرا بووم و باسی حەمەعەلی براتی بۆ گێڕامەوە، منیش ماین و تفەنگەکەم دایە لە باتی پێنج سەد قەرانەکەی‌تر، با بچێ زوو رزگاری بکا».

کابرای‌تریش بە پێنج سەد قەران و لاگیرەو تاکەتارانی و بە ماین و تفەنگێکەوە گەڕایەوە ماڵی خۆی و لە گەڵ ژنەکەیا رێ کەوت. وتی: «ژنەکە! کڕنۆش بۆ کەریەتی تۆ ئەبەم کە ئەمانەت دەست خستم. خەمت نەبێ من بە هەڵەدا چوو بووم تۆ چاکی هەموو ژنێکیت».

- ژنێک منالێکی هەبوو نابوویە بەر خوێندن. منالەکە زۆر بێ دڵی دایکەکەی ئەکرد، رۆژێک دەستی ئەگرێ و ئەیبات بۆ لای مامۆستاکەی شکاتی لێ ئەکا. مامۆستاکەشی پێی ئەڵێ: ژیرو بە ئەدەب ئەبی باشە، ئەگینە سەگی سەگباب! دایکت وا لێ ئەکەم».

ژنەکەش ئەڵێ: «قوربان! ئەم هەتیوە سەرەخۆرە قسە ناچێ بە گوێچکەیا؛ هەستە چی ئەکەی بیکە بەڵکوو بە چاوی خۆی بیبینێ و داساکێ».

- کابرایەکی «پەڕەکەر» خوشکێکی عازەبی ئەبێ و تۆزێ باری ژیانیان کز ئەبێ. بە خوشکەکەی ئەڵێ: خوشکە با بارکەین بچینە ولاتێکی‌تر بەڵکو خواوەن تەعالا لەوێ رزقمان زیادتر بکا. خوشکەکەشی ئەڵێ برام زۆر چاکە خوا خۆی ئەفەرموێ «فامشوا فی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مناکبها وکلوا من رزقها» بچینە ولاتێکیتر لێرە چاکتر ئەبین. سەرمایە دنیاشیان هەر چەک و کەوان و مێکوتەکە ئەبێ، ئەیگرن بە دەستەوە و ئەڕۆن.

دنیا زستان ئەبێ زۆر سارد ئەبێ. لە ڕێگەدا لێیان ئەقەومێ و ئەچنە ئەشکەوتێکەوە. سەرما هەر زۆریان بۆ دێنێ لەوانە ئەبن ڕەق ببنەوە. براکە ناچار دێنێ چەک و کەوانەکە ورد ئەکاو ئەیکاتەوە بە ئاگرو لە بەری دائەنیشن. تۆزێ گەرمیان ئەبێتەوە و خۆش ئەبێ. براکە ئەڵێ: ها خوشکە! چۆنە، خۆشە؟ خوشکەکەشی ئەڵێ: برا تۆ خوا واز بێنە «نە دار و نە پەردوو هیچیان نابێتن بە شوو».

- کابرایەکی شاری هەبوو دڵی چوو بوو لە ژنێک، ئارامی لێ هەڵگیرا بوو، سەودای ئافرەت وای لێ کردبوو لە کارو کاسبی کرد بوو؛ نە خەوی هەبوو نە خواردن، زەردو لاوازو بێ تین بوو بوو، ئیش و کاری هاتبووە سەر ئەوە لە بەیانیەوە تا ئێوارێ لەو کۆڵانەدا کە ماڵی ئافرەتەکەی لێ بوو ڕووی ئەکردە کۆشکی ژنە و بە بێ دەنگ و سەنگ ئەوەستاو هیچیتر.

ڕۆژێک پیرێژنێکی پۆپ سپی پشت کۆماوە بەوێدا ئەڕوا چاوی بە کوڕە ئەکەوێ، بۆی دەر ئەکەوێ کە ئەمە تیری نازی چاوکاڵێک کاری تێکردووە. لێی ئەپرسی کوڕی پووری خۆت، ئەوە چی ئەکەی لێرە؟ کوڕە بە هەزار حاڵ دێتە زمان و ئەڵێ: پوورێ وازم لێ بێنە و بچۆ بە ڕێی خۆتەوە. ئەڵێ: کوڕم، ڕازی دڵی خۆت بە پووری خۆت بڵێ چارت ئەکا. کوڕە هەناسەیەکی پیا دێتەوە و ئەڵێ: پوورێ گیان ئەوی ڕاستی بێ چاوی گەشی چاو کاڵێک بەم دەردەی بردووم. ئەڵێ: ڕۆڵەم کامەتە ماڵەکەی؟ ئەڵێ: پوورێ گیان! ئا ئەوەتە کەوا سەری بردووە بە عاسمانا. ئەڵێ چی ئەدەی بە پووری خۆت بە مرادی خۆتت بگەیەنێ. ئەڵێ پورێ بێجگە لە ماڵی دنیا ئەوا گیانیشم لە بەر دەستایە.

ئەڵێ: ڕۆڵە لە ئێمڕۆژەوە تا پێنج ڕۆژیتر پووری خۆت ئەو ئافرەتەت بۆ دێنێتە ماڵی خۆی. لە ڕۆژی پێنجەما لە فلان سەعات و فلان دەقیقەدا تۆش لە سەر کۆڵانەکەی ئێمە ڕاوەستە دێم بە شوێنتا ئەتبەمە ماڵەوە بە ئارەزووی خۆت لە گەڵی گەمە بکە. ئەوەی منیش ئەمەوێ لە تۆ تەنها مەنێ «پەتک»ە.

کوڕە وتی پورێ گیان! سەرو ماڵم هی تۆیە پەتک چییە؟ وتی لە پەتک زیاتر هیچم ناوێ. کوڕە وتی پوورێ چۆن ئەڵێی وا ئەکەم لە سەر ئەم قەوڵ و قەرارە لە یەک جیا بوونەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پووریَ رۆیشت لە پێشا «گوجیلە» (توتەڵە) سەگێکی بچووکی پەیدا کردو بردیە لای خۆی و گرتیە شیر و شەکر و کولێرە و رۆن و خواردنی خۆش. لەو لاشەوە تەزبێحێکی دەنک گەورەی سەد دانەیی کردە ملی و سەرپۆشێکی سپی دا بە سەریا و بە لەرزە لەرز دەم بە «سبحان اللّه»وە هەستا چوو بۆ مالی ژنە.

ژنە کە چاوی هەڵبڕی، پیرێژنێکی نوورانی دەم بە تەسبیحاتەوە هاتە بەرچاو. هەستا چوو بە پیریەوە و بە خێراتنی کرد و داینا. پیرێژن لە بەر زکرو فیکر پیَ نەئەکرا قسە بکا تۆزیَ قسەی دین و دیانەتی لە گەڵ ژنە کرد و هەستا رۆیشتەوە.

تا چوار رۆژ بەم جۆرە هاتوچۆی ژنەی ئەکردو لەو لاشەوە ئەوەندەی هێلکەو رۆن و کولێرە و رۆن دابوو بە توتکەکە بە تەواوی خرپنە بوو. لە ناکاو هێنای خواردنی لیَ بڕی و هیچی نەدایە. شەو و رۆژیَ بەم جۆرە گوجیلەکەی بیَ خواردن هێشتەوە. گوجیلەی بەستەزمان لە برسانا نووزەی ئەچوو بە عاسمان، ئینجا لە ئاخری شەوو رۆژەدا ناوساجیەکی بۆ دروست کردو پڕی کرد لە ئاڵەت و دەل وبیبەر و خویَ. ناو ساجی لە بەردەم تۆوتەڵەدا دانا. تووتەڵە لە بەر برسیەتی نەیپەرژایە سەر توونی و تیژی ناو ساجیەوە هەمووی خوارد. کە لیَ بووەوە لە پاش تۆزێک لە بەر تیژی و سوێری ناوساجی خوڕ، خوڕ ئاو بە چاوی توتەڵە سەگا ئەهاتە خوارەوە.

ئینجا پیرەژن تووتەڵەی خستە شوێن خۆی و چوو بۆ مالی ژنەکە. لە لای ژنەوە دانیشت و دەستی کرد بە تەسبیحات کردن و تووتەڵەکەش لە بەر دەمیا کەوت و وا هەر ئاویش بە چاویا دێتە خوارەوە. کە ژنە چاوی بەم گوجیلەیە کەوت وا بەو جۆرە ئاو بە چاویا دێتە خوارەوە پرسی ئەریَ: داپیرە، تۆ خوا ئەو توتەڵە سەگە بۆچ ئەگری؟

پیرەژن وتی: «ئەی رۆ رۆڵە! مەڵیَ تووتەڵە سەگ. ئۆف رۆڵە! لە دەست ستەم خراپەی پیاو». ژنە دلی داخورپاو وتی: بۆچی داپیرە چی بووە؟ پیرەژن بە هێواشی سەری بردە بن گوێچکەی ژنەکەوە (گۆیا بۆ ئەوە تووتەڵەکە نەیبیەت) وتی: «رۆڵە، ئا ئەمە کەوا ئێستە تۆ ئەیبینیت، کچێکی جوانی شۆخ و شەنگی پالانەو نەمامێک بوو؛ گەلیَ لەو روومەتە نازک و نازدارەی تۆ جوانتر بوو. (ژنە تۆزیَ چووە پێشەوە) پیاوێکی ستەمکار دلی لیَ چوو، ئەویش بە هیچ جۆر دلی خۆی نەدایە، لە ئاخرا پیاوەکە چووە لای جادووگەر جادوێکی لیَ کردو خستیە پێستی ئەم تووتەڵە سەگەوە. ئەوا ئێستە ئەبینی لە داخ و دەردا بۆ خۆی ئیش و کاری بووە بە گریان و زاری. ئەگینە کچی خۆم ئەمە وە نەبیَ گوجیلە بیَ؛ بەلام چی ئەکەی لە ستەمی پیاو؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ژنە کە گوێ لەم قسانە بوو وتی: ئەی ڕۆ! داپیرە بە قوربانت بم! چم لێ ئەکەی؟ خۆ منیش پیاوێک دلی لێم چووە و هەموو ڕۆژێک ئەهات ڕووبەڕووی مالەکەمان ئەوەستا؛ بەلام ئەمە چوار پێنج ڕۆژە نایبینم، ئەترسم ئەویش چووبێ جادوو لە من بکا.

پیرەژن وتی: «ئەی ڕۆ ڕۆلە! لە دەورت گەڕێم جوان و جەحێلی، خوا هەلناگرێ وات بە سەر بێ؛ جا بۆ وات کردووە؟ بە قورعان ئەوە ئەویش چووە جادوو لە تۆ بکا، ئەی هەناسەی ساردم ڕۆلە بۆ جوانیت!»

ژنە ئەوەندەی‌تر ئاگری تێ بەربوو، وتی داپیرە بە قوربانت بم چیم لێ ئەکەی؟چارم بکە.

پیرەژن تۆزێ سەری داخست و سەری بەرز کردەوە وتی: «ڕۆلە، بەزەییم دێتەوە بە جوانیتا، ناو و نیشانی ئەو پیاوەم بەرێ بزانم بەلکوو بچم بیدۆزمەوەو نەیەلم جادووەکە بکاو بۆتی بێنم. بەلام چی ئەکەی بە خەلاتی داپیرەی خۆت؟» ژنە وتی: داپیرە گیان سەر و مالم هی تۆیە چیت ئەوێ ئەتدەمێ هەر بەو مەرجە ڕزگارم کەی. پیرێژن وتی ڕۆلە هیچم ناوێ تەنها مەنێ «پەتک» نەبێ. ژنە وتی: ئەی ڕۆ پوورێ گیان مەنێ پەتک چییە؟ من ئەلێم سەر و مالم هی تۆیە. وتی: لە مەنێ پەتک زیاتر هیچم ناوێ.

بەم جۆرە ڕێ کەوتن و ئینجا بە ژنەی وت مالەکەی ئێوە جەنجالە هەستە با بچینە کۆلانە شڕەکەی من. هەر ئێستە پیاوەکەت بۆ ئەدۆزمەوەو بۆت ئەهێنم. ژنەکەش وتی: جا خۆ پوورێ گیان مێردەکەم بە کاروان چووە، کەسی‌تریشمان لە مالا نییە. وتی نا، هەر مالەکەی ئێمە باشترە بەلام ئەبێ بێ دلی نەکەیت.

ژنە جلی جوانی لە بەر کردو خۆی تاس و لووس داو هەستا شوێن پیرێژن کەوت و چوون بۆ مالی ئەوان و ژنەی لە ژوورەوە دانا و خۆی چوو بە شوێن کوڕەکەدا. ئەوا ئەو وەخت و سەعاتەش هاتە پێشەوە کە لە گەل پیاوەکەدا بەستبوی.

کە ئەچێتە دەرەوە هەر چەندە ئەم لا ئەکاو ئەولا ئەکا کابرا دیار نییە، نازانێ عەرز قوتی دا عاسمان هەلی کێشا. ئێستە و ئەوساش بەرچاوی نەکەوت و نەیدۆزیەوە. خەمی مەنە پەتکی ژنەکەی لێ هات کە لە کیسی ئەچێ. لەو کاتەدا سەیری کرد وا پیاوێکی تۆزاوی شال و پێتاوی پێچاوە و لە دوورەوە هات، دیار بوو کە لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتبوو، چوو سەری ڕێ پێ گرت و وتی: «کاکە برا وا دیارە لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتویت و دەمێکە لە مال و منالی خۆت بڕاوی. وەرە با بچینە مالی ئێمە نازک و نازدارێکی لێیە، نەبخۆی و نە بکەی هەر تەماشای سای گەردنی کەی. ئەم نازدارە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



قەیرانێکی لە سەر بووە و قەیرانەکەی تێ پەڕیوە. ئێستە نەزری کردوە یەکەم کەسێ کە لە دەرەوە هاتە ناو شارەوە چەن سەعاتێک لە گەڵی رابوێرێ. ئەوا تۆ یەکەم کەس بویت هاتیت ئەم هەلە لە دەست خۆت بەرمەدە». ئەوەندەی ڕست بۆ پیاوەکە تا پیاوەکەی هەڵخلەتان و لە گەڵ خۆی هێنایەماڵەوە.

کە چوونە ژوورەوە لەو لاشەوە ئافرەت بە تەمای شتێکی‌ترە. سەری بەرز کردەوە زۆر جوان ورد بووە و تەماشای کرد ئەمە مێردەکەی خۆیەتی. قیژانی و هاواری کرد، وتی: ئای خەڵکینە! ئەم مێردەی من بەنەوخۆین پیسی ئەکاو بە شوێن ئیشی خراپا ئەسوڕێتەوە؛ ئەوا بۆم دەرکەوت کە هەر شتێکم بیستووە راستە.

پیاوەش کە سەیری کرد ئەمە ژنەکەی خۆیەتی واقی ورما؛ وتی: ئافرەت! ئافرەتی چاک بە ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ ئافرەت وتی: خوا یەکەو نەبووە بە دوو من تۆم ناوێ تۆ پیاوێکی خراپی. خەڵکی هەر بە منیان ئەوت مێردەکەت بە شوێن شتی خراپا ئەسووڕێتەوە من بڕوام نەئەکرد، هەتا ئێستە ئەمزانی کە تۆ دێیتەوە هاتمە ئێرە و وتم ئەبێ ئەم مێردەی خۆم تاقی بکەمەوە، ئەم پیرەژنەم ناردە سەر ڕێت ئەوا تۆیش جوان و پوخت شوێنی کەوتیت و هاتیت دیارە لە ئیشی خراپ ئەگەڕییت؛ ئەگینە ئیشت چییە دێیتە ئەم شوێنە ئەوا من بە چاوی خۆم چاوم پێت کەوت و تاقیتم کردەوە. من مێردێ کە بە شوێن شتی خراپا بسووڕێتەوە نامەوێ.

کابرای هەناسە سارد هەر خوا خوای ئەوەی بوو ژنەکەی بێ دەنگ بێ و حەیای نەچێ، بە هەزار نالی عەلی تا ڕێکی خستەوە.

- مەلایەک هەبوو شار بە شار ئەگەرا مەکری ژنانی ئەنووسیەوە کە بیکا بە کتێبێک. ڕۆژێ ڕێ کەوتە شارێک؛ ژنە بازرگانێک بیستی کە ئەم مەلایە هاتووە و ئیشی ئەوەیە. دۆزیەوە ناردی بە شوێنیا، بۆ پاش نیوەڕۆ هێنایە ماڵەوە، لێی پرسی، مەلا هەتا ئێستا چیت نووسیوە لە مەکری ژنان؟ مەلاش وتی: خانم هیچ نەماوە نەینووسم و دوو سێ سەر گوزەشتی بۆ هەڵدا. لە پاشا ژنە وتی سبەینێ بەڵکوو بۆ نیوەڕۆ بێیت بۆ ئێرە برایەکم لە وڵاتێکی دوورە، کاغەزێکم بۆ بنووسە بۆی، قاوەڵتیەکەشت لێرە بکە. مەلا وتی باشە و لێی دا ڕۆیشت.

ژنە ئێوارە لە گەڵ مێردەکەیا چەڵەمەشکێنیان کرد لە سەر دەستێ جلی گوروونی. بەیانی مێردەکەی چوو بۆ دووکان ژنە دەست و برد مریشکێکی سەر بڕی و مەنجەڵێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


قوبولیشی لێنا. مەلا هات؛ وتی: مەلا ئەوا قاوەلتیەکی نایابم بۆ دروست کردووی، کاغەزەکەم بەم جۆرە و واو وا بۆ بنووسە هەتا نانەکە پێ ئەگا لەو لاشەوە چوو منداڵێکی دراوسێی نارد وتی بە هەرا کردن بچۆ بە مێردەکەم بڵێ شتێکی خراپ قەوماوە هەر ئێستە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

ئینجا دەرگای داخست و لە تەنیشت مەلاوە دانیشت. کاتێکیان زانی یەکێ زۆر بە پەلە پەل لە دەرگاکەی دا؛ ژنە بانگی کرد کێیە؟ وتی: وەرە دەرگا بکەرەوە، دەی. ژنە مستەکۆلەیەکی لە سنگی خۆی داو وتی: «ئەی ڕۆ! ئەوا مێردەکەم هاتەوە. خوا ئەزانێ ئەوەندە دڵی پیسە هەر نەبێتەوە. چاوی بە توولەیەک بکەوێ هار ئەبێ، ئێستە چاوی بە ئێمە بکەوێ بە خەنجەر هەر دووکمان شەق و پەق ئەکا».

مەلا وتی: بۆ خاتری خوا خۆت چارێ بدۆزەرەوە؛ وتی: «مەلا، چار هەر ئەوەیە بچیتە ناو ئەو سندۆقە گەورەیەوەو نەفەس لە خۆت ببڕی». مەلا وتی باشە و گورج چووە سندۆقەکەوە، ژنە قوفڵێکی لە سندۆقەکەدا و کلیلەکەی نایە گیرفانی و رای کرد بۆ قاپی. قاپی کردەوە و مێردەکەی هاتە ژوورەوە و وتی: ئەوە چی قەوماوە؟

ژنە وتی: «لەمە خراپتر چی بقەومێ؟ هەی ڕۆ، هەی ڕۆ! ئینجا ئەم حسمەتە لە کوێ بێنمەوە؟ مێردەکەی وتی: چی بووە زوو پێم بڵێ دڵم تەقەی کرد. وتی: پیاوەکە، دوێنێ مەلایەک هاتبوو مەکری ژنانی ئەنووسی، هات لە ڕێی خوادا دوێنێ ئێوارە منیش چەن پوولێکم دایە، کەچی ئێمڕۆش هاتەوە. زەلامێکی ملهۆڕ پەلاماری دام و خستمی، دەرپێیەکەمی لەت و پەت کرد. لە هاوار هاواری من ئەو منداڵە دراوسێیە هات بە دوای تۆدا. وتی: ئینجا مەلاکە چی لێ هات؟ وتی: کە تۆ لە قاپیەکەتدا ئیتر وازی لە من هێنا و چووە ناو ئەو سندۆقە گەورەیەوە، منیش قوفڵم لێدا. ئێستە ئەوەتە لە سندۆقەکە دایە.

کابرا خەنجەرەکەی هەڵکێشا و وتی: «ئا بدە کلیلەکە». ژنە کلیلی دایە دەستی، کابرا کلیلی نا بە قوفڵەکەوە. ژنە وتی: «های، های نەمانبردەوە؟» و دەستی کرد بە پێکەنین: «بە خوا دەستێ جلی گوروونی گوڵ باتمانیم ئەوێ». و دەستی کرد بە پێکەنین. مێردی وتی: «بۆچی ئەمە مەبەستت لەم بەندو باوە ئەوە بوو کە چەلەمەشکێنیەکەم لێ بەریتەوە؟» ژنەکە پێکەنی وتی: «ئەرێ وەڵلا!» کابرا کلیلەکەی فڕێدا و خۆی توورە کرد، وتی: «ئاخر ئەمە ئیش بوو تۆ کردت؟ من ناوکم کەوت». ژنەکە وتی: «قاوەلتی بکە». مێردەکە وتی: قوزەڵقورت ئەخۆم و بە مۆنیەکەوە لێیدا ڕۆیشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لە پاش ڕۆیشتنی مێردەکە ژنەکە سندۆقەکەی هەڵگرت کە تەماشای کرد مەلای قوڕبەسەر ڕەنگی پێ نەماوە؛ هەر چاوی زەرد ئەچێتەوە. ئینجا پێی وت: «مەلا هەڵسە قاوەڵتی بکە». مەلا وتی: «بۆ خاتری خوا تۆ دەرگام لێ بکەوە بڕۆم، بە خوا قاوەڵتی تۆم ناوێ». وتی: «مەلا! دەسا مەلا تکات لێ ئەکەم ئەم سەر گوزەشتەش بخەرە کتێبەکەتەوە». مەلا وتی: «توبە، شەرت بێ بە شەرتی پیاوان ئیتر جارێکیتر باسی ژن نەکەم؛ خۆیان و مەکریان بە گەرووی ئاشا چن».

## وەڵامی بێ وەڵام

- جارێک «مەولەوی» لە شاری سنە لە دیواخانی «ڕەزاخانیوالیزادە»دا دائەنیشێت. والی لێی ئەپرسێت مامۆستا ڕاست ئەکەن سوختە دەست بۆ ژنی مامۆستایان ئەبەن؟ ئەویش ئەڵێ: «بەڵێ ڕاستە، ئەگەر ژنەکە ڕەزا بێ». والی قسەکەی پێخۆش ئەبێ نەوازشێکی زۆری لە گەڵ ئەکا.

- کابرایەکی کورد لە سولەیمانی گەماڵێک پەت ئەکاو ئەیبا بۆ خێڵەکەی خۆیان. لە ناو شارا کابرایەکی شاگردە قەسابی تووش ئەبێ، پێی ئەڵێ ها کاکە ئەوە باوکت بۆ کوێ ئەبەی وا پەتت کردووە؟ ئەویش بە بێ وەستان ئەڵێ: «دایکتی گاوە ئەیبەم غوسلی دەرئەکەم».

- جارێک سەیدئەحمەدیخانەقا، عەولقاری کوڕی لە بەر دەستیا دانابوو ئەیدوان. «شێخ سالحی مامە» هەبوو ڕووی کردە سەید [و وتی:] لام وایە دایکی عەولقارت زۆر خۆش ئەوێ؟ سەیدیش کوتوپڕ ئەڵێ: «یا شێخ ئەوەی دایکی عەولقار ئەیدا بە من، ئەگەر تۆ بتدامایە تۆیشم ئەوەندە خۆش ئەویست».

- «شێخڕەزا» جارێک لە سولەیمانی تەماشا ئەکا وا ژنێک کچێکی داوەتە پێش خۆی و ڕێ ئەکەن. لێی ئەپرسی ئەڵێ: «خوشکم وا دیارە ئەو جوان و ماینەت داوەتە پێش بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەڵەبە، بۆ لە منی چاک ناکەی ؟» ژنەکەش ئەڵێ: «باوکی پێی نەوتووم لە کەری چاک کەم».

- شێخ‌رەزا جارێک هەر لە سولەیمانی لە کۆلانێکا تووشی کچێک ئەبێت زۆر بە گورجی ئەڕوا؛ پێ ئەڵێ: «کچم هێواش برۆ با مەقەسەکەت کول نەبێ». کچەکەش خێرا ئەڵێ: «مامە ئەگەر کولیش ببێ بەشی بەر سمێڵی تۆ هەر ئەمێنێتەوە».

- شێخ‌رەزا لە دیواخانی وەسمان پاشادا دائەنیشێ و پێکەوە نان ئەخۆن. کوتوپڕ موویەکی لە ناو چێشتەکەدا بەر دەست ئەکەوێ و روو ئەکاتە وەسمان پاشا ئەڵێ: «پاشا، ئێوە کە بزنەکانتان ئەبڕنەوە مووەکانیان چی لێ ئەکەن؟» پاشا تێئەگا کە چە باسە، ئەڵێ: «یا شێخ ئەیکەین وە هۆڕ و وە گوریس و بە چێشتیشەوە ئەیخۆین». شێخ‌رەزا ئەڵێ بە خوا پاشا ترت بڕیم.

- حاجی‌شکروڵلابەگی‌هەوشار تووشی ژنێک ئەبێ، ئەڵێ: «خوشکم بەینی قوز و قنگ چەندە؟» ژنەش ئەڵێ: «بەگم ئەگەر بەر قلیان لە سەر قوزم بکەیت بۆ قاوەڵی ئەگەیتە سەر قنگم».

- «مەلاعەلی‌قوچەبەڵباس»ی هەبوو، هاتە لام پێم وت هەر ئەوەندە دانیشە جگەرەیەک بکیشە و لە پاشا برۆ. دەستم برد جگەرەیەکم دایە. جگەرەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانا و دانیشت وتم بۆچ نایکیشی؟ وتی: «هەر وەخت ئارەزوم کرد برۆم ئەیخۆم». ئیتر من قسەم برا.

- کابرایەک ژنێکی زۆر جوانی ئەبێ، کەچی توخنی ناکەوێ ئەچێ هەتیوبازی بە سەرەوە ئەکا. ژنەکە رۆژێ پێی ئەڵێ: «پیاوەکە تۆ من بەم ناسک و جوانیە وام لە بەر دەستا حەیف نیە ئەچی هەتیوبازی ئەکەی؟» پیاوەکەش ئەڵێ: بە خوا راستە ژنەکە تۆ زۆر جوان و نازداری، بەڵام هەر چەن پاڵت ئەخەم و چاوم بە سنگ و بەرۆکت ئەکەوێ، سنگ و بەرۆکی دایکی رەحمەتیم ئەکەویتەوە بیر. لە بەر ئەوە دڵم بروایی نادا توخنت کەوم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ژنەکەش ئەڵێ: باشە پیاوەکە! ئەی تۆ خوا لەو وەختەدا کە چاوت بە گەڵ وگونی هەتیوەکە ئەکەوێ، گەڵ و گونی باوکی رەحمەتیت ناکەویتە بیر؟»

- لە سالی ۱۹٤۹ دا حزبی دەستووری نوری‌سەعید لە عیراقا دامەزرابوو. ئەم حزبە خۆشەویستی هەموو کەس نەبوو. لە کۆڕێکا دانیشتبووین باسی ئەو حزبە هاتە پیشەوە داوودبەگی‌فتاح‌بەگی‌جاف وتی: «لە کورددا کەس بە قەدەر بەگزادەی جاف پارەی بەو حزبە نەداوە». منیش وتم: «لە کورددا کەس بە قەدر بەگزادەی جاف نەچوونەتە ناو ئەو حزبەوە».

- رۆژێک وەسمان پاشا لە سولەیمانیەوە ئەڕواتەوە بۆ هەلەبجە؛ لەناو ئاوەکەی «بوارەپان»دا تووشی ژنێک ئەبێ کە لە ئاوەکە ئەپەڕیتەوە. تەماشا ئەکا ژنەکە بۆ ئەوەی تەڕ نەبێ، دەرپیەکەی داکەندوە. پاشا ویستی بیدوێنێ سەیری ناولنگی ئەکا ئەپرسێ: «کچێ کویندەریت و چە کەسیت؟» ژنەکە ئەڵێ: «قوروان سەی سایقیم و دۆمم». ئەڵێ: «بە خوا کەنی! قوزیکی ناشیرینت هەیە، ئەوە بۆچی دەمی وەها شێواوە؟»
ئەویش ئەڵێ: «قوروان ئەو ئەرکەی لە سەر ئەوە، ئەگەر لە سەر دەمی تۆ بوایە ددانێکی تێدا نەئەما و لەمە خراوتریشی لێ ئەقەوما».

- حاجی‌شکرولـلابەگی‌هەوشاری تووشی کابرایەک ئەبێ کەریکی پێیە. لە کەندەلانێکا کەرە مانی گرتووە، ناروا ئەویش پێی ئەڵێ: «برا بیگێ، بیگێ». کابراش ئەڵێ: «ئاخر کەرە نێرە».

- کابرایەکی کەچەل کە کریش هەتا مل و لاجانکی هاتبوو تووشی منداڵێکی دراوسیان بوو، پێی وت بە خوا رۆڵە دایکت وەختی خۆی جوان بوو زۆرم حەز لێ ئەکرد ئاخۆ ئەو هیچ جارێ باسی من ناکا؟ کوڕەکەش وتی: «بە خوا مامە بە سەری تۆ هەموو شەوێ هەتا نیوە شەو هەر باسی سەرو کاکۆلە جوانەکەت ئەکا».

- کابرایەک رۆژێک لە دەشتێکا بە تەنها بە ڕێگادا ئەڕوا باییکی لێ بەر ئەبیتەوە؛ وە واش ئەزانێ کە کەس بە دوایەوە نییە. خۆی بە خۆی ئەڵێ «بەهارە، بەهار». نەختێکی تر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rahnet.org

ئەڕواو باییکی‌تر بەر ئەدا. دیسان ئەڵێ: بەهارە، بەهار. کاتێ ئاور ئەداتەوە تەماشا ئەکا زەلامێک لە دوایەوەیە؛ لێی ئەپرسێ ئەرێ برا تۆ لە کەیەوە لە پشت منەوەی؟ ئەویش ئەڵێ: «دوو بەهاری تەواوە. ئەم بەهارە بیەوە ئەبێ بە سێ بەهار».

- کابرایەکی کورد هەبوو بە منداڵانی ئەخوێند. کوڕێکی سەیدی لا هەبوو جوانکەلەو ژیکەلە بوو. هەموو جار لای دەست خۆیەوە دایئەناو دەرسی پێئەوت. کە لێئەبونەوە تێر و پڕ ماچی ئەکرد و گەلێ خزمەتی‌تریشی ئەکرد. کابرایەکی دراوسێ هەبوو ئاگای لەم کارەساتە هەبوو، ڕۆژێک پێی وت: ئەرێ ئەوە تۆ بۆچ ئەوەندە ماچی ئەو منداڵە ئەکەیتەوە و هەڵی ئەگلۆفی؟ ئەویش وتی: «سەیدەو محەمەدیشی ناوە. منیش مسلمانم لە بەر خۆشەویستی پێغەمبەرەکەمان پێویستە لە سەرم خۆشم بوێ و خزمەتی بکەم».

ماوەیەکی پێچوو ڕۆژێک کابرا منداڵێکی‌تری چاو پێکەوت میزەرەیەکی سەوزی بە سەرەوە بوو؛ بەلام سەری کەچەڵ و لووتی چڵمن و چاوی کتوکوێر و هەتا بڵێیت ناشیرین بوو. پەلی گرت و هێنای بۆ لای مامۆستاکەو پێی وت: ئەمەش سەیدە و هەتیوە؛ دیسان محەمەدیشی ناوە، پێی بخوینە و خزمەتی کە. مامۆستاش سەیرێکی منداڵەکەو سەیرێکی کابرای کردو وتی: «برا بۆچ هەر من مسلمانم؟ خۆ تۆیش مسلمانی. من هەر خزمەتی یەکێکم پێ ئەکرێ، تۆیش بچۆ خزمەتی ئەوە بکە».

- کابرایەکی کورد تووشی کوڕێکی جوان بوو دانیشتبوو پێی وت: «تۆ خوا کوڕەکە ئەگەر قنگێم نەدەیتێ». کوڕەش وتی: «بە خوا مامە هەر یەکێکم هەیە، ئەویش خۆم لە سەری دانیشتووم».

- ژنێکی جوان لە سولەیمانی بە کۆلانێکا ئەڕۆیشت و منداڵێکی پێبوو. کابرایەکی کورد تووشی بوو، پێی وت: «تۆ خوا خوشکم ئەگەر ئەو منالەتم نەدەیتێ ماچێکی بکەم». ژنە وتی: بۆچی وا ئەوەندە دڵت پێچووە و ماچی ئەکەی؟ کابرا وتی: چونکە لەو قوزە دەرهاتووە. ژنە وتی: «کەواتە بچۆ کێری باوکی ماچ کە». کابرا ئیتر دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- کابرایەکی کورد چووە لای سەرتاشێک سەری بتاشێ. پیرە سەرتاش هەر کە چەقۆیەکی ئەهێنا بە سەریا لایەکی سەری ئەهێنایە خوارەوە. لە دڵی خۆیا وتی ئەگەر نەیگرمە قسە ئەم کابرایە لە ئاخرا لێم دێتە دەنگ هەروا بە دەم سەرتاشینەکەوە قسەی لێ پرسی؛ ئینجا هاتە سەر ئەوە وتی: «ئەرێ کاکی خۆم ئێوە چەند بران؟» کابراش وتی: «بە خوا کاکی خۆم ئەگەر من لە دەستت رزگارم بێ، چوار؛ ئەگینە سێ براین».

- کابرایەکی شەلی قسە زل رۆژێک تووشی دەستە ژنێکی جوان ئەبێ؛ پیرەژنێک لە پێش دەستە ژنەکەوە ئەڕوا. شەلە ئەپرسێ پوورێ ئەم جوانانە بۆ کوێ ئەبەی؟ پیرەژن ئەڵێ: ئەیانبەم چاکیان ئەکەم. شەلە ئەڵێ: «پوورێ بە قوربانت بم هەر چەن قاچێکم شەلە بەڵام نێرم». پیرەژن ئەڵێ: «تکات لێ ئەکەم روو زەردم مەکە سوێندیان داوم لە کەری شەلیان چاک نەکەم».

- کابرایەکی کورد جارێک رووەو قیبلە دانیشتبوو دەستی بە ئاو ئەگەیاند. مەلایێک چاوی لێبوو چوو لێی کرد بە هەرا وتی: «کابرا تەڵاقت کەوت جاریکیکە توخنی ژنەکەت نەکەوی؛ چونکە هەرکە رووەو قیبلە مێز بکا تەڵاقی ئەکەوێ». کابرا ئیتر نەچووە لای ژنەکەی. مەلا لە پاش بەینێ ژنەکەی مارە کرد. کابرا وتی بەڵکوو هەڵێکم بۆ هەڵکەوێ تۆڵەی خۆم لە مەلا بکەمەوە. کوتوپڕ رۆژێک بە سەرا چوو سەیری کرد وا مەلا رووەو قیبلە دانیشتوە مێز ئەکا. وتی: «ئای مەلا، ئەوە رووەو قیبلە وەستاوی مێز ئەکەی؟ بە خوا تەڵاقت کەوت». مەلا وتی: «رۆڵە، سەرەکەیم وەرچەرخاندووە».

- جارێک سەیدئەحمەدیخانەقا لە مەلاسالحیگۆزەپانکە[٦] ئەپرسی ئەڵێ: «ئەرێ مەلا! تۆی مەلا سالحی گۆزە پانکە؟» مەلا سالحیش بە سەید ئەڵێ: «ئەرێ سەید جەنابتی سەیدئەحمەدیعەلیعەیری؟»

---

٦- گۆزەپانکە -بە واوی کراوە- گوندیکە لە دەشتی دزەیی، مەلا سالح خەڵکی ئەوێیە. «علی غیر»یش دێیەکە لە دەشتی کەرکوک هی سەید ئەحمەدی خانەقا بووە. مەلا سالح نوختەی غەینەکە لا ئەبا «ی»یکی متکلمی پێوە ئەنووسێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- مەلایەکی حافیز هەبوو هەر وەخت ئەچوو بە هەر لایەکدا ئەیوت خەڵکینە وریا بن بە بێ دەستنوێژ دەستم پێوە نەدەن. کابرایەک وتی مامۆستا بۆچی؟ وتی: «ئاخر قورئانم لە سنگدایە و بە بێ دەستنوێژیش دروست نییە دەست بە قورئانەوە بدرێ». کابرا وتی: «مامۆستا ئاخر ئەوەش نازانی پڕ ورگیشتە لە گوو».

- کابرایەکی دەولەمەندی تڕ زلێی بێ چاو و روو تووشی مەلایەکی خێل ئەبێ، ئەڵێ: مامۆستا راستە ئەڵێن پیاوی خێل یەک بە دوو ئەبینێ؟ مەلا ئەڵێ: بەڵێ وایە. کابرا ئەپرسی چۆن؟ ئەڵێ: «ئەوەتە ئەڵێن تو دوو پێت هەیە، کەچی من بە چوار ئەبینم».

- کابرایەکی کوێر ژنێکی هەبوو، ژنەکەی زۆری خۆش ئەویست و هەموو جار پێی ئەوت پیاوەکە خۆزگا چاوت ئەبو سەیرت ئەکردم کە من چەندە جوان و نازدارم. لە گەڵ ئەوەش من چەندە تۆم خۆش ئەوێ. کوێرەکەش وتی: «راست ئەکەی ئەگەر ئەوەندە جوان بویتایە وەکو خۆت ئەیڵێی بەر من نەئەکەوتی».

- کابرایەک رۆژێک دەرپێی لە پێا نەبوو دانیشتبوو دەعباکەی شۆڕ بووبووەوە. کورێکی منداڵ هەبوو چاوی بە کێری باوکی کەوت پرسی بابە ئەوە چییە؟ باوکیشی نەیویست پێی بڵێ وتی: رۆڵە ئەوە قاچی سێهەممە. وتی: «بابە ئەی پێلاوەکەی کوا؟» وتی: «رۆڵە لای دایکتە».

- کابرایەکی دەولەمەند بوو جلی جوان و پاک و تەمیزی لە بەردا بوو، بەڵام دەستێکی کۆچ بوو، سەرو چاوی ئاوڵاوی بوو، چاوێکیشی کوێر بووبوو. تووشی کرێکارێکی کورد بوو کە لە قوڕکاری ئەهاتەوە. قاچ و قول و دەست و مەچەک و جلەکانی هەموو قوڕاوی بوون؛ کابرای کوچە وتی: «سەیری ئەم کابرا گەڵ و قنگ قوڕاویە بکەن چەن ناشیرینە». کابرای کرێکاریش وتی: «بە خوا هەقتە؛ بچۆرەماڵەوە سەیرێکی سەر و روومەتە جوانەکەی خۆیشت بکەو ئەو وەختە رەحمەتێک بۆ باوکت بنێرە».

- ژنێک مێردێکی هەبوو مرد. لە پاش بەینێ لە خەوا چاوی پێکەوت لێی پرسی پیاوەکە حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟ وتی زۆر خۆشە. وتی گوایە لەو زەمانەش خۆشترە کە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڵ منا بووی؟ وتی هەزار قات. وتی کەواتە پیاوەکە تۆ خوا تۆزێ باسی بەهەشتم بۆ بکە. وتی وەڵلا ئاگام نییە. وتی: بۆچ ئەی تۆ لە بەهەشتا نیت؟ وتی: «نا وەڵلا! لە جەحەنەمام».

- جوولەکەیەکی سولەیمانی کوتاڵ فرۆش، بە کۆڵانێکا ئەڕوا چاوی لە بەر پێی خۆی نابێ؛ سەگێ لە سەر ڕێگای ئەبێ. جووە پێ ئەنێ بە قاچی سەگەکەدا. پیاوێکی ئاسووری لە باڵەخانەوە چاوی لێ ئەبێ بانگی ئەکا: «جوە ئەوە بۆچی پێت نا بە قاچی باوکتا؟» جوولەکەکە دەست ئەبا قاچی سەگەکە هەڵئەبڕێ و تەماشای ناولنگی ئەکا ئەڵێ: «کوا؟ خۆ خەتەنە نەکراوە».

- «ئەحەی کرنو» نەخۆش بوو، لە سەرە مەرگا بوو. «خلەی پورەنازێ» هەبوو لە سولەیمانی چووە لای وتی: ها مامە ئەحمەد چە خێرتە؟ وتی: بە خوا فلانی نەخۆشم؛ لام وایە ئەمرم. وتی: کەواتە تۆ خوا مامە ئەحمەد ڕاسپێریکت پێ ئەڵێم بۆ لای باوکم پێی بڵێ. ئەحەش ئەڵێ: «بە خوا ئەوی ڕاستی بێ ڕێگەم ناکەوێتە جەحەنەم».

- کابرایەک ئەچێتە شاری کۆیە، هەژار ئەبێ دەست ئەکا بە توور فرۆشتن. ڕۆژێک لە کۆڵانێکا بانگ ئەکا «های توور بە نان، بە پارە، برنج، بە ساوەر، بە ترخێنە، بە نۆک، بە نیسک، بە ماش». وا ڕێ ئەکەوێ گەلێ لە پیاو ماقوولی شارەکە لە ماڵ پیاوێکی گەورە دانیشتبوون گوێیان لە توور فرۆشتنی کابرا ئەبێ. بانگی ئەکەنە ژوورەوە ئەیانەوێ سەر بخەنە سەری. ئەپرسن توورەکەت بە چی ئەدەی؟ ئەڵێ: قوربان، بە هەموو شت. ئەڵێن: «بە گووی ئەدەی؟» ئەڵێ: «ئەگەر بە کێری خۆم دەری بێنم بەڵێ».
یەکێکیان لێی ئەپرسێ: تۆ خەڵکی کوێیت و ماڵت لە کوێیە؟ ئەڵێ سولەیمانی و ماڵیشم لە گەڕەکی هۆڵییە. ئەڵێ: «ئەرێ ڕاستە ئەڵێن ژنی هۆڵی هەموو لە بەر دەرگا بە بێ سەرپۆش دائەنیشن تەشی ئەڕێسن و بنێشت ئەجوون؟ هەر پیاوێ بە بەردەمیا بڕوا تەماشای ئەکەن». کابرا ئەڵێ: بە خوا قوربان ڕاستە زۆر بێ شەرمن؛ ئەڵێ هەموو لە ئاوی «حەمامۆکیان» خواردوتەوە. (حەمامۆک کانیەکە لە کۆیە)

- کابرایەک کاغەزێ بۆ دۆستێکی ئەنوسێ ئەیەویست هەندێ شتی بەینی خۆیانی بۆ بنووسێ بەڵام کابرایکیتر لە بن دەستیەوە دانیشتبوو سەیری کاغەزەکەی ئەکرد. ئەمیش لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی

بەر ئەو، قسەکەی نەئەنوسی. ئینجا هەر ئەوەندەی نووسی: «برا سەگبابێک لە بن دەستمەوە دانیشتوە کاغەزەکەم ئەخوێنێتەوە، ناتوانم هیچت بۆ بنووسم».

کابرای بن دەستی وتی: «کورە کابرا بۆچ جنێوم ئەدەیتێ من کەی سەیری دەستی تۆم کردوە؟» ئەویش وتی: «ئەگەر نەتکردووە چۆن ئەزانی جنێوت ئەدەمێ؟»

- ژنە کوردێکی شاری چوە لای دارتاشێک وتی: «بلوێرێکی کچانەم بۆ دروست بکە». دارتاش وتی: ئەندازەت پێیە؟ وتی: نە وەڵلا! وتی کەواتە ئەگەر بە قەد هینەکەی خۆم بێ چۆنە؟ ژنەکە وتی: «ئەندازەی پێ ناوێ وەکو ئەبینم بە قەدەر دەمی تۆ باشە. ئیتر دەمت ئەندازە بگرە و بەو جۆرە».

- ژنێک لە حەمام بە ژنێکی‌تری وت: «دوێنێ مێردەکەت دەستەسرێکی ئاوریشمی ژنانەی جوانی بە دەستەوە بوو». ژنەکە وتی: ئۆف لە دەست ئەم ناجسنەی من کە چەن چاو لە دەرەوەیە». ژنەکەی‌تر پرسی بۆچی چاو لە دەرەوەیە؟ وتی: «ئەو دەسەسرە کە تۆ ئەفەرمووی ئاخۆ لە چ ژنێکی بە یادگار وەرگرتووە، چونکە من هیچ دەسەسرێ ئاورێشمم نیە و نەبووە بیدەمێ».

- کابرایەک مەڕێک لە شوێنێک ئەدزێ و ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە. لەوێ بە ژنەکەی ئەڵێ ئەچم بۆ شار ئەیفرۆشم و پارەکەی ئەدەم بە شتومەک. مەڕ ئەداتە پێش و دێت بۆ شار. لە نیوەی ڕێگەدا مەڕەکەی لێ ئەدزن. ئەویش ئیتر بە دەستی خاڵی ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ژنەکەی لێی ئەپرسی: مەڕەکەت بە چەن فرۆشت؟ ئەڵێ: «وەڵلا! ژنەکە فرۆشتمەوە بە مایەکەی خۆی».

- سواڵکەرێک چووە لای کابرایەک وتی: پولێکم بەرێ بۆ خوا. وتی: چی چی؟ وتی پولێکم بەرێ بۆ خوا. وتی: «کەواتە تۆ برۆ من خۆم چاوم پێ ئەکەوێ».

- «شێخ‌محەمەدی‌شێخ‌وەسمان» لە دێ «دەکە» لە گەڵ «شێخ‌عومەر» ئەکەونە قسە کردن. روو ئەکاتە شێخ عومەر ئەڵێ: «لە خەوما لە گەڵ سەگا بووم»؛ مەبەستی شێخ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عومەر ئەبێ. شێخ عومەریش خێرا ئەڵێ: «فلانی منیش لە خەوما لە گەڵ سەگا بووم و دەوری یەکانەیەکمان دابوو».

- حەسەنبەگیمەنگوڕ ئەچێتە لای حاجیعەلیاغایئێلخانی ئەڵێ: ئای عەلیاغا! تووتکی «دیبوکری» چەندە ئەوەڕێ؟ عەلیاغاش ئەڵێ: «حەسەن بەگ! هی مەنگوڕ ئەوەڕی و ئەشگەزێ».

- قادربەگیسلێمانبەگ بە عەزیزبەگیئەورەحمانبەگیدیبوکری ئەڵێ: «تۆ ئەزانی عەزیز بەگ! من وەجاغم کوێرە؟» عەزیز بەگیش ئەڵێ: «قوربان! بەو قورعانە باوکیشت هەر وجاغی کوێر بوو».

- جارێک مفتی زەهاوی لە بەغدا لە لای والی دائەنیشێ و لە تەنیشتیەوە ئەبێ و سەرینێک لە بەینیانا ئەبێ. لەو وەختەدا یەکێک لە کوردە فەیلیەکان ئەبەنە لای والی و والی زۆر تورە ئەبێ و ئەڵێ: «بریا ئەمزانی بەینی کورد و کەر چەندە؟» خێرا مفتی زەهاوی هەڵئەداتێ ئەڵێ: «تەنها سەرینێک». والی لا ئەکاتەوە زۆر شەرمەزار ئەبێ و داوای لێبوردنی لێ ئەکا.

- شێخڕەزایتالەبانی لە دیواخانی سەید عەبدوڕحماننەقیب لە بەغدا ئەبێ و نان دائەنێن. لە گەڵ نانەکەدا پلاویش دائەنێن. بە دەم نان خواردنەوە قسە ئەکەن. دوکتورێکی هندیش لە سەر سینیەکە ئەبێ. ئەو قسە لەوەوە ئەکا کە گیاو دارو دەون ڕۆنی لێ ئەگیریت و ڕۆن و زەیت هەیە. شێخڕەزا ئەڵێ: من بروا بەم قسەیە ناکەم. دوکتورەکە ئەڵێ چۆن بروا ناکەی؟ ئەمە بە تاقی کردنەوە دەرکەوتوە کە وایە.

شێخ ڕەزاش ئەڵێ: «منیش بە تاقی کردنەوە بۆم دەرکەوتووە کە وا نییە، ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بوایە ئێستە ئەم برنجەیماڵی نەقیب ڕۆنی تیا ئەبوو».

- لەو کوردەوارییە شێخێک ئەچێتە دیواخانی ئاغایەک سەیر ئەکا هیچیان بۆ نەکردووە. شێخە تووڕە ئەبێ ئەڵێ بۆچ نان و تفاقتان ڕێک نەخستوە؟ ئاغەش دەست ئەکا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە لە خۆبوردنەوەو ئەڵێ: «یا شێخ! قوربان لێمان ببورە فریا نەکەوتین، وا بزانە تەکیەکەی خۆتانە».

- جارێک ئافرەتێک گۆزەیەکی بە سەر شانەوە ئەبێ تووشی کابرایەکی سەرو گوێلاک شکاو ئەبێ لێی ئەپرسێ: ئەوە بۆچ وای هەموو سەرو گوێلاکت شکاوە؟ ئەڵێ وەڵلا هەمووی لە سەر قسەی حەق. ئەڵێ دە لاچۆ، چۆن پیاو لە سەر قسەی حەق سەرو گوێلاکی ئەشکێ؟ لەو کاتەدا ژنەکە ئەیەوێ بڕوا کابرا پنجەیەک ئەکا بە قوزیا ئەڵێ: «تۆ خوا دایکم ئەمە قوز نییە؟» ئافرەتەکە گۆزە ئاوەکە ئەماڵێ بە سەر کابرادا خوێن چۆڕاوگە ئەکا. کابرا ئەڵێ: «من پێت ئەڵێم سەرو گوێلاکم لە سەر قسەی حەق شکاوە تۆ بڕوا ناکەی تا بە چاوی خۆت بینیت».

- جارێک پیاوێکی گەورە بە بازارا تێئەپەڕێ سەیر ئەکا وا پیاوێکی پیری ریش سپی سێ چوار دانە کەوچکی «هەڵەدەن»ی لە دوکانێکا داناوە و بە دیاریەوە کزۆڵەی کردووە. چوو لێی پرسی وتی: «مامە ئەمە چییە ئەم سێ چوار کەوچکە داتناوە ئەتەوی چیت لێ دەست کەوێ؟» ئەڵێ: «ئاغە! هۆی رزق و نان پەیدا کردنە». ئاغەکە وتی: «کەواتە تۆ بە شوێن نان پەیدا کردنا ئەگەڕێی وەرە لە پشت سەری منەوە بڕۆ هەر دوو گونم لە پشتەوە بۆ هەڵبگرە هەموو رۆژێ دوو قەرانت ئەدەمێ. ئیتر ئەم ئیشە بۆچ ئەکەی؟»

کابرای ریش سپی ئەڵێ: ئاغەم من شتێکی باشترم بۆ تۆ دۆزیوەتەوە؛ ئەم کەوچکانە من ئەیاندەم یەکی بە دوو قەران، تۆ وەرە کەوچکێکم لێ بکڕە کلکەکەی بخەرە قنگتەوە هەر دوو هێلکەگونیشت بخەرە ناو کەوچکەکەو لێ دە بڕۆ؛ ئیتر بۆچ دێنی رۆژی دوو قەران ئەدەی بە من؟

- کابرایەک بە رووتی چووە حەمامێکەوە، کابرایەکی‌تر لەوێ بوو کە چاوی بەم کەوت هەر دوو چاوی نوقان. پێی وت ئەوە لە کەیەوە کوێر بوویت؟ ئەویش وتی: «لەو وەختەوە کە خوا حەیای لە تۆ داماڵی».

- کابرایەکی کورد بوو بە میوانی ماڵێک، سەیری کرد داری بن میچی ژوورەکە هەموو چرکە چرکیانە. کابرا بە خانە خوێکەی وت: ئەم دارانە چاک کەنەوە نەوەک شتێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بقەومێ؟ کابرا وتی هیچ نییە، ئەوە زکرو فیکری خوا ئەکەن. ئەویش وتی: «ئاخر ئەترسم دڵیان لای خۆیان نەمێنی و بکەونە سجدە بردن».

- لە بەغدا لە کۆڕێکا بووین، باسی ئەو کۆبوونەوەیە کرا کە حوکومەتی عێراقی بە هۆی لاچونی پەیمانی ١٩٣٠ یەوە کردی و خەڵکێکی زۆر لە مەلاکانی بەغداو لە ئەفەندی و پیاو ماقووڵانی‌تر بانگ کرابوون بۆ نان خواردن و چا خواردنەوە. دوکتورئیبراهیم‌حلمی وتی: «کورینە! تەماشا کەن ئەم مەلایانە هیچ ویلێکیان نییە. لەو کۆبوونەوەی نان خواردنەدا مێز دانراوەو چێشتی لە سەرە، دەوریەکی خالی زۆر دانراوە بۆ ئەوە هەر کە بەشی خۆی تێکاو بچێ لەو لاوە بیخوا؛ کەچی مەلاکان هەر لە سەر مێزەکە ئەیانخوارد نەئەچون بەو لاوە رێگەکەیان گرتبوو».

منیش وتم: «تەماشا کەن ئیش چەن سەیرە! ئێستە ئەوا تۆ وا ئەڵێیت کەچی من تووشی مەلاکان بووم ئاگریان ئەکردەوە ئەیانوت سەیرکەن ئەم ئەفەندیانە چەندە بێویلن، ئەوا مێز دانراوە و چێشتی لە سەرە، ناکەن لە سەر مێزەکە نانی خۆیان بخۆن هەر کە دێنێ تۆزێک ئەکاتە دەوریەکەوە و ئەچێ لەو لاوە وەکوو منالی بەشی درابێ بە تاقی تەنها ئەیخوا».

- عەلی‌بەگی‌ریشین و مەلاحسەینی‌کوڕی‌مەلاقادری‌بیارە لە هەڵەبجە لە دیواخانێکا دائەنیشن و کۆڕ گەرم ئەبێ. مەلا حسەین ئەڵێ: «بەینێکی‌تر وای لێ دێ ئەگەر باسی سمێڵ بکرێ خەڵکی ئەڵێن ها ها سمێڵ ئەوە بوو کە بە سەر لیوی عەلی‌بەگی‌ریشینەوە بوو، ئەتوت باوەشە بەلمە».

عەلی بەگیش ئەڵێ: «بەینێکی تر وای لێ دێ کە باسی فێڵبازی و چەتوونی بکرێ ئەڵێن: ها، ئەمانە ئەوە بوون کە بە مەلا حسەینی کوڕی مەلا قادری بیارەوە بون».

- سەیدعەبدولسەمەدی برای سەیدعەبدولعەزیزی‌شێخولئیسلامی سنە هەبوو پیاوێکی ریش سپی کەڵەگەت و نەخوێندەوارو قسە خۆش بوو. لە بەر شێخولئیسلامی برای هەموو کەس رێزی لێ ئەگرت. سەید عەبدولحەمیدی نازموشەریعەش پیاوێکی کەڵەگەتی جوان چاک و لاو چاک و بە جەوهەر بوو. ئەم نازموشەریعەیە کوڕی سەید عەبدولعەزیز و برازای سەید عەبدولسەمەد بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rahari.org

رۆژێک هەروا دائەنیشن قسە ئەکەن، سەیدعەبدولسەمەد بە سەیدعەبدولحەمید ئەڵێ: «ئەولحەمی! تۆ بوی بە بەلا بە سەر ئێمەوە، ناوێرین لە گەڵ ژنەکانمانا قسە بکەین خێرا پێمان ئەیژن دە بچن، بچن دەمو لەوستان بەرن بەو لاوە، ئەیژی سەی ئەولحەمین بە جوان خاسی خۆتانەوە بنازن».

سەید عەبدولحەمید پێ ئەڵێ: «بە راستی مامە تۆیش بە سەر ئێمەوە بوی بە بەلا، ناوێرین بە منالەکانمان بیژرین بخوێنن، خێرا پێمان ئەیژن دە لاچن لاچن، ئەی مامە ولسەمەمان بەو زلی و گەورەییە بۆچی نەیخوێندووە».

- شێخ‌عومەری‌دەکە هاتە لام هەروا قسەمان ئەکرد وتی: «فلانی بە خوا من ئەگەر بچمە بەهەشتیش ناحەسێمەوە تەنها لە ماڵەکەی خۆما نەبێ». منیش وتم: «فلانی، بە خوا منیش تەنانەت ئەگەر بچمە جەحەنەمیش ئەحەسێمەوە تەنها لە ماڵەکەی خۆما نەبێ».

- شێخ‌رەزای‌تاڵەبانی سواری ئێسترێک ئەبێ ئەچی بۆ کۆیە ئەبێ بە میوانی ئەمین ئاغای کۆیە. پیاوەکەی ئەمیناغا دێت ئێسترەکەی لێ‌بگرێ، لەو وەختەدا ئێستر لەقەیەک ئەهاوێژێ، کابرا ئەسلەمێتەوە. شێخ‌رەزا پێئەڵێ: «مەترسە ئەمینە». وا ئەمیناغاش راوەستاوە ئەمیناغا گورج هەڵئەداتێ ئەڵێ: «بەڵێ ئەگەر بیشیگیت رەزایە».

- مەلا ئەحمەد حەسەن مەلای مزگەوتی مەجید بەگ لە خانەقا شەریان لە گەڵ کردبوو، لییاندا بوو سەریان شکاندبوو. مەلا ئەحمەدی‌هۆرینی چوو بوو بۆ لای ئامۆژگاری ئەکرد پێی ئەوت: «برا تۆ مانگانەیەکت لە لایەن حوکمەتەوە ئەدەنێ، بۆ خۆت دانیشە بە بێ‌قرە بیخۆ، بۆچ ئیشێکی وا ئەکەی سەرت بشکێنن؟» مەلا ئەحمەدیش ئەڵێ: برام حوکومەت مانگانەم ئەداتێ بۆ ئەوە پێش نوێژی بۆ خەڵک بکەم، خۆ بۆ ئەوەم ناداتێ کە لێم بدەن و سەرم بشکێنن».

- شێخ‌رەزای‌تاڵەبانی جارێک زەمی حاجی‌مستەفای‌قیردار ئەکا ئەڵێ: «ئەبێ لە گەڵ دانیالەگاورا دەستیان ببەستم بە دەستی یەکەوەو بیانخەمە بیرێکی پیسابیەوە. حاجی مستەفا ئەمە ئەبیستێتەوە ئەچێتە لای شێخ‌عەلی گەورەی شێخ‌رەزا شکات لە شێخ‌رەزا ئەکا ئەڵێ لە گەڵ دانیالە گاورا منی کردووە بە یەک.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شێخ‌رەزا ئەچێ بۆ تەکیەی شێخ‌عەلی لێی توورە ئەبێ ئەڵێ ئەرێ شێخ‌رەزا تۆ بۆچ ئەوەندە بێ‌دەرەتانی؟ ئاخر نازانی حاجی مستەفا سەر بە ئێمەیە و دۆستایەتی لە بەینمانا هەیە؟ تۆ چۆن دێنی لە گەڵ دانیالە گاورا ئەیانکەی بە یەک و زەمی ئەکەی؟

شێخ رەزاش ئەڵێ: «کاکە، زۆر سەیرە! ئێستە کە هاتم بۆ ئێرە دانیالە گاور خۆی گرتبووە قوڕ و سەری ڕێی پێگرتبووم، ئەیوت من ئەوەم پێ ناخۆش نییە کە زەمت کردووم، بەڵام ئایا کەسی ترت دەست نەکەوت وا لە گەڵ حاجی مستەفادا منت کردوە بە یەک».

- شێخێک هەبوو لە قسە کردنا زمانی کۆڵ بوو، پێی ناوێ بەچکە لالێک بوو. ئەچێتە لای کابرایەکی دانساز دانی بۆ دروست کا. دانەکانی ئەخاتە دەمی، کەچی هەر ناشزانێ قسە بکا. ئەچێتەوە لای دانسازەکە ئەڵێ: ئەمە تۆ چ جۆرە دانێکت بۆ من دروست کردووە خۆ بە تەواوی پەکی قسە کردنم کەوتووە. دانسازیش ئەڵێ: یا شێخ! من دانسازم خۆ زمانساز نیم».

- پیرەژنێکی بلباسەتی لە وەختی خۆیا بووە، [هەژار] بوە و لێی ئەقەومی و لە رووپشی هەڵنایە داوا لە کەس بکا. ئەچێتە لای حەماغای کۆیە ئەڵێ: ئاغا چەند رۆژێکە مشک لە ماڵەکەما نابینم ئەترسم خانوەکەم ئاگری تێ بەر بێ. ئەمە قسەیە کە لە کوردەواریدا تاقی کراوەتەوە کە مشک شوێنێکی بەجێ‌هێشت ئەوە ئەو شوێنە ئاگر ئەگرێ بۆیە بە جێی دێڵێ. حەماغاش ئەڵێ: «بچۆ ئەوە دوو بارە گەنم و بارێک برنج و هێزەیە رۆن بەرە تێخە با ئاگری تێبەر نەبێ».

- کابرایەکی گەدا چووە بەرقاپی کۆشکێکی گەورە وتی: قەرانێکم بدەنێ وتیان نییە. وتی: نەختێ شەکر و چام بەنێ. وتیان نییە. وتی: تۆزێ رۆن، وتیان نییە. وتی گۆیلە ساوەرێ برووشێ شتێکم بدەنێ، وتیان نییە. وتی دەسا چۆڕێ ئاوم بەنێ بیخۆمەوە. وتیان: وەڵلا ئاویشمان نییە. وتی: «کەواتە بۆ دانیشتون، وەرن با دەست بگرین و پێکەوە بگەڕین ئێوە لە من لاتترن».

- کابرایەک ئەبێ بە میوانی ماڵە کوردێک، بەرخێک ئەکەن بە بریانی و دایئەنێن. کابرای میوان زۆری برسی ئەبێ پارووی سەیر سەیر و بە پەلەی لی دائەگرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


میوانێکی‌تریش لەوێ ئەبێ پێی ئەڵێ: «برا بۆچ ئەوەندە لێی بە داخی، خۆ باوکی شەڕە قۆچی لە گەڵ نەکردوی». ئەمیش ئەڵێ: «برا تۆ بۆچ ئەوەندە دلت پێ ئەسوتێ، خۆ دایکی شیری پی نەداوی».

- سەیدعەلی‌بسمیللا هەبوو لە سولەیمانی، کە بسمیللا ئەکرا ئەو تووڕە ئەبوو. مەلا جەلالی کوڕی مەلاحەسەنی‌ئابلاخیش هەبوو، لەوانە بوو کە دەرزی ئەخوێند بۆ ڕۆژی دوایی شوێن دەرزەکەیان لێ تێک ئەدا نەیئەزانی. ڕۆژێک سەید عەلی بەم مەلا جەلالە ئەڵێ: «ئەرێ مەلا جەلال! دوێنێ چاوم لێبوو لای بابە عەلی دەرست ئەخوێند، بابە عەلی شوێن دەرسەکەی لێ تێکدابووی، تۆش هەر کتێبەکەت پەڕە پەڕە ئەکردەوە و نەتئەزانی سەر دەرسەکەت کامەیە». مەلا جەلالیش ئەڵێ: «نەوەڵڵا سەی عەلی؛ ئەوە پەڕە پەڕە کردنەوە بۆ ئەوە نەبوو، بۆ ئەوە بوو من ئەموت ئەم کەلیمەیە بسمیللایە، شێخ بابە عەلی ئەیوت نە بسمیللا نییە. سەی عەلی قوڕ و قەپ ئیتر وشک بوو.

- حاجی‌شێخ‌ئەمینی‌تەکیەیی هەبوو حسابگر بوو. شێخ‌مەحموودی‌گومەتەییش ژنێکی هەبوو ئەویش هەر حسابگرو. ڕۆژێک باسی پایز و حسابی پایز ئەکرا، یەکێ لە حاجی شێخ ئەمینی پرسی کە پایز چەندیەتی؟ ئەویش ئەڵێ: «لە شێخ مەحموود بپرسین ژنی حسابگرە». شێخ مەحموودیش بە بێ وەستان ئەڵێ: «حسابگر ژنمە».

- لە بەغدا لە سەر کورسی بەرهەیوانی مزگەوتێک دانیشتبووم چاوەڕێ ئەوەم ئەکرد بانگی عەسر بدەن و نوێژ بکەن. هێشتا مابووی بە بانگ. کوتوپڕ کابرایەک بە پەلە هات و هەر لە دوورەوە وتی: «ئەوە بۆچ بانگ نەدراوە؟ خۆ لەو مزگەوتە بانگیاندا». منیش هەر وا لە سەر خۆ پێم وت: «زۆر سەیرە! ئیستە لەو مزگەوتە کابرایەک بە شینەیی ڕۆیشت نوێژ بکا سەیری کرد بانگیان دابوو، وتی ئەوە بۆچ بانگتان داوە؟ خۆ لەو مزگەوتە بانگ نەدراوە». کابرا دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوەوە.

- لە سولەیمانی لە شوێنەکەی قادرئاغای‌عەتار دانیشتبووین. ئەورەحمان‌بەگی‌بابان و پیاوێکی خەڵکی دەرەوەو چەند کەسێکی‌تر بوین، باسی گوللە بەندەکەی کاک ئەحمەد هاتە پێشەوە. ئەورەحمان بەگ وتی: «جانم وا نییە، کەی گوللە بەند هەیە، بۆ ئەوە بڕوای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پێ بکرێ هەندێ شەرت و شرووتی بۆ دانراوە کە هەرگیز نەیەتە دی وەکو ئەوە ئەڵێ ئەو کەسەی کە هەڵی ئەگرێ نابێ قەت درۆی کردبێ، ماڵی حەرامی هیچ نەخواردبێ، قەت بە لەشی پیسەوە دانەنیشتبێ. دەی ئەمە چۆن رێ ئەکەوێ؟»

پیاوەکەی خەڵکی دەرەوە لەم قسانە توورە بوو وتی: «سا بە مەرقەدی کاک ئەحمەد وانییە. من بە چاوی خۆم چاوم پێکەوت گوللە بەندەکەیان کردبووە ملی گێسکێک، زیاتر لە بیست گوللەیان پێوەنا کاری تێنەکرد». منیش وتم: «جا ئەمە راستە؛ چونکە ئەو گێسکە نە درۆی کردووە، نە ماڵی حەرامی خواردووە، نە قەدیش بە لەشی پیسەوە دانیشتووە». کابرا واقی ورماو ئیتر هیچ قسەی پێ نەکرا.

- کابرایەک تووشی ئافرەتێکی جوانکیلە بوو کە بارە شاری هێنا بوو بۆ شار و ئەرۆیشتەوە. پێی وت: تۆ خوا ژنەکە ئا ئەم راسپێرەیەم لە گەڵ خۆت بۆ ناگەیەنی؟ لەو وەختەدا دەستی برد بۆ دەعبا کەی. ژنەکەش کوتوپڕ وتی: «ئەگەر دایکتم بەرچاو نەکەوت، بیگەیەنم بە خۆشکت؟»

- کابرایەک زۆر ناشیرین دومەڵێکی لێ هاتبوو. رۆژێک کابرایەکی هاوڕێ تووش بوو وتی: ئەوە بۆچ دیار نیت؟ وتی: «فلانی دومەڵێک لە شوینی زۆر پیسم هاتووە لە بەر ئەوە ناتوانم دەرکەوم». وتی: فلانی راست ناکەی، ئەو رومەتتە هیچ دومەڵی پێوە نییە.

- کابرایەکی روتەڵەی لووت زل خوازبینی ژنێکی جوانی ئەکرد. لە میانەی قسەدا بۆ ئەوە ژنەکە ساز کا ئەیوت: «تۆ ئەبێ بزانی کە من پیاوێکی بار هەڵگرم هەموو ناخۆشی و سەختییک بەرێوە ئەبەم». ژنەکەش وتی: «راست ئەکەی تۆ کە ئەمە سی چل ساڵە ئەو لوتەت هەڵگرتبێ هەموو شتێک هەڵئەگری».

- ئاغەیەک هەبوو کورێکی خزمەتکاری لا بوو. رۆژێک ئاغەکە چاوی بە کچێکی خزمی خزمەتکارەکەی خۆی ئەکەوێ و دڵی لێ ئەچێ. بە کوڕەکە ئەڵێ: هەر چەن بۆ منیش ناشێ بەڵام لە گەڵ ئەوەشا هەر بچۆ خوازبێنیم بۆ بکە». کوڕەکە ئەڵێ: قوربان بە کەڵکی تۆ نایە. ئەڵێ: بۆچی؟ ئەڵێ: «رۆژێ چاوم لێبوو پیاوێک ماچی ئەکرد». ئاغە ئیتر واز دێنێ و لە پاش چەند رۆژێک کوڕە خۆی ئەچێ و کچەکە مارە ئەکا. ئاغەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


پێئەزانێ و ئەڵێ: هەتیوو! خۆ تۆ بە منت وت چاوم لێبوو پیاوێک ماچی ئەکرد، کەچی ئیستە تۆ خۆت چویت مارەت کرد؟» وتی: بەڵێ قوربان، درۆم عەرز نەکردوی، چاوم لێ بوو باوکی ماچی ئەکرد».

- مەولەوی لە دیواخانی والی سنەدا ئەبێ، پیاوێکی والی کە سوننی نابێ ئەیەوێ بە قسە مەولەوی بشکێنێ. ئەڵێ مامۆستا هەر ئیستە بەو لایەدا رۆیشتم سەگێک مێزی بە گۆڕی سوننییکدا ئەکرد. مەولەویش بە بێ وەستان ئەڵێ: «بەڵێ، وە نەبێ ئەمە کاری ئیستەیان بێ، شیعەو سوننی دەمێکە ئەم ناکۆکیەیان هەیە».

- کابرایەکی کورد کەڵەشێرێکی پێ ئەبێ و ئەچێتە بیجاڕ. کابرایەکی بیجاڕی لێی ئەپرسێ: ئەم کەڵشێرە لە ئێمەیە یان لە ئێوە؟ ئەویش ئەڵێ: «لە گو خواردنا لە ئێوەیە و لە بانگدانا لە ئێمەیە».

- کابرایەک چووە گوندێک و بوو بە میوانی پیاوێکی کورد. چوار پێنج شەوی پێچوو خانەخوێکە هیچ دەنگی نەکرد لە پاشا لێ پرسی: «برا تۆ چیت؟» وتی: «من خۆشکەزای خوام». دەستی کرد بە خزمەتکردنی و دەپانزە شەوێکیکە مایەوە. کابرا وەڕس بوو، شەوێک نوستبوو هەڵسا باوەشی پیا کردوو بردی فڕێ دایە سەر حەسیرە شڕی مزگەوتەیانەوە. کابرا خەبەری بووەوە خۆی لە شوێنێکی سەیرا چاو پێکەوت. پرسی ئەمە چیە؟ کابرای خانەخۆی خێرا هەڵی دایە وتی: «برا، زیاتر لە بیست شەو لە ماڵی منا بویت، با شەوێکیش لە ماڵی خاڵتا بیت».

- جارێکیان ئاغایەک ئەچێتە سەر کارێزی «قەتەوی» سەیر ئەکا ئەڵێ: «ها، رەشی بەشی قوونفش چیت کردووە، کەرت گاوە؟» ئەویش ئەڵێ: «نە بە سەری تۆ ئاغا ژنم گاوە».

- مەلایەک کوڕە کوردێکی فێری حساب ئەکرد، جەمعی فێر کردبوو، خەریک بوو فێری تەرحی بکات لێ پرسی وتی: هەر دوو دەستت چەند ئەنگوستی هەیە؟ کوڕەکە وتی: دە ئەنگوست. مامۆستا وتی: ئەگەر چواری نەمێنێ چی ئەبێ؟ کوڕە وتی: جا مامۆستا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەگەر چوار ئەنگوستم نەمێنێ خۆ بە جارێ پەکی شەڕە قەڵماسک و بلوێر لێدانم ئەکەوێ».

- جارێک مەلایەک فەقیەکی لە گەلا ئەبێت ئەچنە دیواخانی غولامرەزاخانی کولیایی. غولام رەزاخان پیاوێکی قسە خۆش و ئەدیب بووە، روو ئەکاتە فەقیەکە ئەڵێ: «فەقێ! راستە ئەڵێن تۆ ژنی مامۆستات ئەگییت؟» فەقیەکە زۆر شەرمەزار ئەبێ. مەلا خێرا ئەڵێ: «بەڵێ قوربان مامۆستای رەزایە».

- دوو کابرای کورد پێکەوە نانیان ئەخوارد، یەکێکیان وتی وا چاکە من ئەو خەریک کەم بە قسە کردنەوەو من هەموو نانەکە بخۆم. لێی پرسی: «ئەرێ تۆ خوا برا، رەحمەتیەکەی باوکت چۆن و بۆچی مرد؟» کابرا دەستی پێ کرد بە پەسا داخستن، لە بەر چی نەخۆش کەوت و چۆن و چەندە لە گەڵی خەریک بوون و چۆن هیچ شەخس و داو دەرمانێک نەما نەگەڕن و نەیکەن و هیچ کەڵکی نەبوو ئاخری هەر مرد ئەویش بە شینەیی نانی ئەخوارد و جار جار «ئم»ێکی بۆ ئەکرد. کابرا وەختێ بە خۆی زانی ئەوا نان لە دوایی هاتنایە و ئەمیش هیچی نەخواردووە. وتی با منیش هەقی خۆمی لێ بکەمەوە بڵێم ئەی باوکی تۆ چۆن مرد. لێی پرسی:«ئەری برا ئەی باوکە رەحمەتیەکەی تۆ چۆن مرد؟» ئەو هیچ سێ و دووی لێ نەکرد بە کورتی وتی: «نەخۆش کەوت و مرد».

- فەقیەکی قۆشمە ئەچێتە لای ژنێک داوای ساجی لی ئەکا، ئەڵێ: تۆ خوا خوشکی ساجەکەتانم بدەنێ نەختێ نانی پێ ئەکەین و بۆتان دێنمەوە. ژنەش کۆشی هەڵ ئەداتەوە و شتە رەشەکەی بۆ دەر ئەخا، ئەڵێ ئەوەتە بیبە. فەقیەش دەستکاوانەکەی خۆی دەرئەخاو ئەڵێ: «تۆ خوا خوشکێ قولفەکەی بکە بەو سنگەدا با دەستنوێژەکەم نەشکێ».

- کابرایەک دەرۆزەی ئەکرد، چووە شوێنێک وتی: برسیمە. وتیان درۆ ئەکەی. وتی: «تاقیم بکەنەوە؛ بریانیەک و مەنجەڵێ برنجم بۆ دانێن ئەگەر نەمخوارد ئەو وەختە درۆ ئەکەم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# سەیر کردنێک

زمانی کوردی ئەگەر لە ساماندارترین بەشە زمانەکانی ئاری نەبێ، یەکێکی هەرە دەولەمەندە لەو زمانانە. تاک تاکی شێوە کانی و بەند بەندی لقەکانی خۆی بۆ خۆی گەواهی ئەو داوا کردنە ئەدا.

کەواتە ئەبێ ئێمە لە سەر ئەو باوەڕە بین کە زمانەکەمان زمانێکی فراوانە. تا ئێستە ئەگەر نازیکی نە کێشرابێ لە بەر بێ نازی ئەو قەومە بووە کە زمانەکەی وەکو ملوانکەی مرواری کەوتۆتە ژێر خاک و خۆڵی بێکەسیەوە. تا ئەم دەورەیە وا بووە ئومید ئەکەم لە ئێستە بە دواوە بە پشتیوانی کوڕانی دایکی نیشتمانی خاکی کوردەوە ئیتر بە هۆی تیشکی زانین و نووسینەوە لە چاڵی بێخزمەتی بهێنرێتە دەرەوەو بکەوێتە ئاسمانی بەرزی و لە رووناکی ئەو، کورد و نیشتمانی کوردی پێ دەرکەوێ.

من بۆ دانان و رێکخستنی ئەم کتێبە گەلێ شوێن گەڕام و هەڵسوکەوتم لە گەڵ گەلی کەسی سادەو بەرزا کرد. لە بەری ئەم فرمانەم ئەوەم دەست کەوت کە کۆمەلە ئەدەبێکی لە وشەی کوردی پەتیم بۆ هاتە ئەنجام. لە مەوە ئەگەر کتێبێکی وەها نەبوایە ئەو شتانە نەئەچوونە ناو خەزنەی سامانی مانەوەی زمانی کوردی. لەوانە بوو هەر وا بەرە بەرە بۆ خۆیان لە ئاخرا ئەپووکانەوە. ئەم بەرگە و بەرگەکەی تری لە شێوەکانی زمانی کوردیدا داستانێک ئەگێرنەوە.

منەتباری هەستە شیرینەکەی «حەمەبەگی حاجی رەسوول بەگ»و «حاجی توفیق بەگی پیرەمێردم». پیرەمێرد چ بە زمانی خۆی و چ بە گاڵتە و گەپەکەی سەر چاوەیەک بوو بۆ ئەم کتێبە. حەمە بەگی حاجی رەسوول بەگ بە زمانە پاراوەکەی و بە قەلەمە رەوانەکەی لە نوکات و سەر گوزەشتی کوردیدا جێگەی خۆی لەرێزی هەرە پێشەوەی ئەدیبە گەورەکانی کوردا تەرخان کردبوو لە بەرگی دووهەمی ئەم کتێبەدا سەر گوزەشتەی ژیانی ئەخرێتە ریزی ناو دارانەوە.

عەلائەدین سەجادی- بەغدا
٢٦٥٧/١/٥ کوردی
٣جەمادی ئەلسانی ١٣٧٦هیجری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگی دووەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرەتا

هەر لە سەرەتای ئەم ساڵەدا بەرگی یەکەمی «رشتەی مرواری» لە ژێر چاپ دەر چوو، بڵاو بووەوە. بڵاو بووەوە و کەوتە دەست ئەو خوێندەوار و ماڵانە کە رەنگبێ تا ئێستە کەم کتێبی کوردی بەو جۆرە لە بەر دەستی خوێندەوار و خێزانی ماڵا پەرە پەرە کرابێتەوە بۆخوێندنەوە. هەر ئەم باوەش گرتنەی ئەوان بوو کە بوو بە هۆی هانەهانەدانی من بۆ ئەوە بە زووتر وەخت بەرگی دووهەمیش لە ژێر چاپ بێتە دەرەوە.

من ئەو هەستەی ئەوانم لە بیر ناچێ؛ ئەوەم لە بیر ناچێ کە قەومی خۆشەویستی کورد هەستی بەوە کرد کە خوێندنەوەی زمانەکەی و نووسین بە زمانەکەی خۆی دەروازەیەکی هەرە گەورەی بەختیاری بۆ ئەخاتە سەر گازی پشت.

لەگەڵ ئەمەشا نامەوێ سەرەتای بەرگەکەی‌تر لێرەدا بخەمە بەرچاو؛ چونکە لەوێدا هەیە، بەڵام ئەمەوێ یەک دوو شتی‌تر هەیە ئەوە بخەمە بیر: یەکەم وەکو ئەیزانین ئەدەبی بەرزی کورد تا ئەم دەورەی دواییە بە زمانی کوردی کەم جار خۆی بە سەر قاقەزەوە دیوە، وە ئەوەش ئەزانین کە هیچ قەومێک بێ ئەدەب نەبووە و نییە. کە ئەو قەومە هەبوو ئەدەبیشی هەبووە. ئەدەب ساقەتەی دارێکە و لق و پۆپەکەی بە سەر قەومەکانی عالەمدا بڵاو بووەتەوە. لە هەر لقێکەوە هەر گوڵێکی لێ ببێتەوە، ئەو گوڵە ئەچێتەوە سەر قەفی دارەکە. لە هەر لقێکەوە هەر گوڵێک بۆنێک بدا ئەو بۆنە نزیکی هەیە لە گەڵ بۆنی گوڵی لەقەکەی‌ترا. ئینجا هەندێ لەم لقانە وا رێ ئەکەوێ کە زیاتر خزمەت ئەکرێن، گوڵەکانیان گەشتر ئەبن. هەندێکیشیان دەستی خزمەتیان ناگاتێ هەر لەگەڵ تەبیعەتا ئەرۆن و گەشە و بووژاندنەوەیەکی وایان لێ دەر ناکەوێ. ئەمە جارێ ئەوەی بە ئێمەپیشاندا کە بنەچەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەدەب شتێکی عالەمییەو رەگەکەی تایبەتی نییە بە هەندێ قەومەوە و هەندێکی لێ بێ بەش بێ.

تا ئەم دەورانە- وە بگرە ئێستە زیاتریش- قەومی کورد دراوسێتی و تێکەڵاوی لە گەڵ قەومی عەرب و فارسدا بووە. لە گەڵ عەرەبدا بە هۆی دینەوە، لە گەڵ فارسدا بە هۆی حوکم و بە هۆی خۆشی زمانی فارسیەوە. کە ئەم زمانەش لە راستیدا لە زمانی کوردی بووەتەوە؛ بۆ تێ گەیشتن لەمە دیارە کتێبی «مێژووی ئەدەبی کوردی» عەلائەدین سەجادی ئەخوێنرێتەوە.

زمانی ئەم دوو قەومە لە هەندێ شتدا جێگای خۆیانیان لە زمانی کوردیدا کردەوە لە حەقیقەتا بۆ تێ گەیشتن و راستکردنەوەی ئەدەبی راستەقینەی کورد و دەرهێنانی کرۆکەکەی لە زانینی ئەو دووە هیچی‌تر پێویست نییە. مەبەستیش لە شتەکەی‌تر زمانی ئاوروپاییە. بۆ زانینی ئەدەبی کوردی زانینی زمانی ئاوروپایی شەرت نییە.

مەبەستم ریشەی زمانەکە نییە؛ ریشەکە یەکێکە ئەوە هیچ؛ چونکە هەر دوو لایان ئارین. مەبەستم تەرزی ئەدەبەکەیە. ئەم زمانە هاتوچۆیەکی لە گەڵ زمانی کوردیدا نەبووە تا ئەدەبەکەی خۆی لە زمانی کوردیدا جێگە بکاتەوە، مەگەر لەم چەند ساڵانەی دواییەدا نەبێ. ئا لەم بەرەیەدا کە ئێستە هەموومان ماوین ئەوەش ئینکار ناکرێ کە هێشتا نە ئەدەبی ئێمە لە دڵی ئەوانا جێگای بووەتەوە، نە هی ئەوان لە دڵی ئێمەدا. بە پێچەوانەی عەرەبی و فارسیە کە بە هۆی دین و حوکمەوە لە دڵی ئێمەدا جێگای خۆیان کردەوە؛ بەڵام داخەکەم! هی ئێمە لە غەیری مەعنا -و دان نەنان بەو مەعنایەشدا- لە دڵی ئەوانا هیچ شوێنێکی بۆ خۆی داگیر نەکرد.

جا قسە لەوەوە بکەین کە ئەم درێژەمانە لە بەر ئەو هێنایە ناوەوە:

ئەدەبی فارسی گەلێ کاری کردە جەرگی ئەدەبی عەرەبی. وای لێ هات سەرچاوەی ئەدەبی عەرەبی بوو بە ئەدەبی فارسی. ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە عولەما و ئەدیبەکانی فارس بە هی دینەوە خەرمانی خەزنەی ئەدەبی خۆیان هەڵرشتە ناو زمانی عەرەبی و زمانی عەرەبی بە هۆی دینەوە وردەوردە پەرەی سەند، لە زارەوە کەوتە سەر قاقەز، مەعنا و حکمەتی لە زمانەکانی‌ترەوە وەرگرت و خستیە ناو خۆیەوە. عالمە عەرەبی نووسەکان -کە لە ٩٠٪ عەرەبیش نەبوون و دین زمانی نووسینیانی کرد بوو بە زمانی عەرەبی- کە ئەهاتنە سەر نووسینی ئەدەب و گێڕانەوەی شتێکی ئەدەبی، ئەیاننووسی «قال اعرابی، یا رای اعرابی، یا سمع اعرابی» یا ئەو وتن و بینین و بیستنەش لە سەر شاخەکانی «زاگرۆس»ەوە یا لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی

دەشتەکانی «ئیندنۆسیا»و «ئەندولوس»دا بوایە ئەو هەر ئەیوت «قال اعرابی، رای اعرابی، سمع اعرابی».

زمانی دین لەم هەموو شوێنانەدا بڵاو بوو بووەوە و بووبوو بە زمانی نوسین. عالمی عەرەبی نووس ئەگەر سەیری بکردایە لە بناری کێوەکانی کوردەواری کابرایەکی کورد شتێکی کردووە یا وتوویەتی، ئەو لە کتێبە ئەدەبیەکەی خۆیا هەر ئەینووسی «قال اعرابی»؛ وەیا کابرایەکی «سەلت»ی لە ئەسپانیادا شتێکی ببینیایە ئەو ئەینووسی «رای اعرابی». هەر وەها کابرای هندی لە ئیندونوسیادا شتێکی ببیستایە ئەو خێرا ئەیخستە سەر قاقەز و ئەینووسی «سمع اعرابی». بەم «قالەو رای و سمع» یە ئەدەبی عەرەبی گەیشتە چلەپۆپەی بەرزی.

ئەمەش من ناڵێم عالم وە یا ئەدیبە عەرەب و عەرەبی نووسەکە بە نیازی خراپ ئەمەیان کردووە؛ نیاز خراپ نەبوو، بەڵام چۆنیەتی زەمان وابوو. عالمێکی کورد عالمێکی هندی، عالمێکی ئیندونوسی کارەسات وە یا قسەیەکی لە گوند وە یا شارەکەی خۆیا ئەبینی، لە بەر ئەوە نووسین بە هۆی دینەوە بە زمانی عەرەبی کارەساتەکەی ئەنووسیەوە و کارەسات بە مەعنای غەیری عەرەبی و بە زمانی عەرەبی ئەکەوتە ناو ئەدەب و کتێبی عەرەبیەوە و ئەبوو بە ئەدەبی عەرەبی. ئەدیبە تازەکانی عەرەب دوور نییە ئەمە دەر ببڕن.

ئەمە دەورەی ئەدەبی عەرەبی وا، ئینجا عەینی دەورەش بۆ ئەدەبی فارسی زەماوەندی خۆی هەر گێڕایەوە. ئەم لە عەرەبیەکە گەلێ زیاتر؛ چۆنکە ئیمپراتۆریەتی سیاسی فارسی و نازکی زمانەکە ئەمانە سەریان کردبوو بە گەلێ وڵاتا. بە کورتی زمانێک بوو نووسینی پێ ئەنوسراو دەفتەرداری کشوەر وە یا کشتوکاڵی پێ ڕێک ئەخرا.

کابرای ئەدەبی فارسی لە هەر وڵاتێک شتێکی چاو پێ بکەوتایە وە یا بیبیستایە ئەیوت «دیدم»وە یا «مردی گفت». ئەم کارەسات گێڕانەوەی ئەوان لە سەر قاقەز بە زمانی فارسی ئەکەوتە ناو کتێبی ئەدەبی فارسیەوە و ئەدەبی زمانەکەی پێ دەوڵەمەند ئەبوو؛ ئەو ئەدەبە کە ماناکەی هی زمانێک‌تر بوو نووسینەکەی زمانێک‌تر.

بەم جۆرە ئەدەبی ئەم دوو زمانە پەرەیان سەندو دەوڵەمەند بوون و لەم ڕۆژهەڵاتەدا بە تەواوی بڵاو بوونەوە.

یەکێ لەو قەومانە کە زمانی خوێندنیان عەرەبی و فارسی بوو- وەکوو وتمان- قەومی کورد بوو. کورد هەم پێی ئەخوێند، هەم پێی ئەنووسی، تا لە ئاخرا وای لێ هات هەر شتێک بیوایە ئەوترا «ئەمە لە فلانە کتێبی عەرەبی وە یا فلانە کتێبی فارسی»دا نووسراوە و ئەبوو بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماڵی ئەوان. وەکو ئێستە ئەگەر شتێک بە کوردی بنووسرێ ئەڵێن: خۆ ئەمە لە عەرەبی وە یا لە فارسیدا هەیە وە یا لەوانەوە وەرگێڕاوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر بچنە بنج و بناوانیەوە وا نییە.

وەکو لە سەرەتاوە باسمان کرد، جارێ ئەدەب شتێکی عالەمییە و تایبەتی نییە بە قەومێکەوە. دیسان ئەو شتە کە لە عەرەبییەکە، وە یا فارسیەکەدا نووسراوە بۆچی ئەبێ بە لای ئەوەدا نەچن کە بڵێن ئەمە هی ئێمەیە و غەڵبەی ئەو زمانانە دایپچڕیوە بۆ خۆی؟بۆچ ئەبێ ئەوە بڵێن کە ئەمە هی ئەوانە و لێیانەوە وەرگێڕاوە؟ لە گەڵ ئەوەشا کە ئێمە لە بەرە بەیانی مێژوومانەوە ئەدەبمان هەبووە، ئەوەندە هەبووە دەستی زۆر، نوسینی لێ داگیر کردووین و بەم زمانەی خۆمان نە نووسراوە.

بە پێی ئەم درێژە پێدانە لام وایە ئەوانەی کە توزێ لە حەقیقەتی عیلم و لە تەعابیری قەومی بکۆڵنەوە ئیتر ئەکەنەوە سەر ئەو باوەڕە کە جارێکیکە شتێکی‌تر وا نەڵێن و نەچن بە لای ئەو قسەیەدا کە هەر شتێکیان بەر چاو کەوت خێرا بڵێین «ئەمە لە فارسی وە یا لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە». بەڵکو ئەبێ بکەونە سەر ئەو باوەڕە کەگەلێ شتی ئێمە هەبووە و کەوتۆتە زمانی‌ترەوە.

دووهەم لەو شتانە کە ئەمەوێ لەم سەرەتایەدا بیلێم قسەیەکی جوانی «محەمەد حسەین هەیکەل»ە. ئەم زانایە کتێبێکی هەیە لە ژێر ناوی «الفاروق عمر»دا. باسی چۆنیەتی ژیانی عومەرو پێگەیشتن و شەخسییەت و هەموو لاپەڕەیەکی ژیانی ئەکا. لە بێشکەی دارەوە تا بێشکەی خاک لە ئاخرا ئەڵێ:

«عومرێک کە خوای رازی کرد، ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی رازی کرد، بە رێشتنی رێچکەی قەزاوەت و داد پەرەستیەکەی غەیری ئیسلامەکانی دەوری خۆی و پاش خۆشی هەر رازی کرد؛ کەچی هێشتا هەر مایەوە کە نەتوانێ رازی بکا، وە یا لێی رازی نەبێ، با ئەو کەسەش هەر تاقە کەسێ بێ کە وەکوئەبوو لۆلۆ بێ».

عەلائەدین سەجادی - بەغدا
٢٦٥٧/٥/٢کوردی
١٩٥٧/٥/٢میلادی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە باخێ گوڵێک

- دوو کابرا چوونە لای قازی، یەکێکیان وتی: قوربان ئەم کابرایە کەمانچەیەکم هەبوو دزیویەتی. قازی رووی کردە کابرای‌تر وتی: رۆڵە تۆ چی ئەڵێی؟ وتی: لێی بپرسە قوربان بزانێ بە چیا ئەڵێ هی منە؟ ئایا شاهیدی هەیە؟ قازی لە داواکەری پرسی. ئەویش وتی بەڵێ قوربان دوو شاهیدم هەیە. شاهیدی هێنان و داوا لێ کراو وتی: قوربان لێیان بپرسە ئیشیان چییە، جا ئەو وەختە بزانی بۆ شاهیدی دەست ئەدەن یان نە؟ قازی لێیانی پرسی: یەکێکیان وتی: قوربان من زورنا ژەنم، ئەویتریشیان وتی: قوربان منیش دەهۆڵ کوتم.

قازی رووی کردە کەمانچە دز وتی: «کەمانچەکەی پێ بدەرەوە. گۆیا بۆ کەمانچە شاهێدی لەمانە عادڵترت ئەوێ؟»

- چەند کەسێک پێکەوە دانیشتبوون قسەیان لە شەو هەستانەوە وە ئەکرد. مەبەستیان بە شەو هەستان، شەو نوێژ کردن بوو. کابرایەکیان لە گەڵ بوو زۆر بە دڵ گوێی لێ بۆ رائەگرتن، لێیان پرسی: کاکە تۆیش بە خێر بە شەو هەڵئەستیتەوە؟ وتی: بەڵێ. وتیان چی ئەکەی؟ وتی: «میز ئەکەم و ئەچم ئەنوومەوە».

- کابرایەکی بانەیی لە سەر ئاوی «کەلۆی» لە چلەی هاوینا مەلەی ئەکرد. مەلایەک چاوی لێ بوو سەیری کرد ئەم کابرایە دەزوێکی گرێ گرێیاوی پێیە، هەر جارێک کە خۆی هەڵئەقولتێنێ لە ئاوەکە یەکێ لە گرێیەکان ئەکاتەوە. مەلا لێی پرسی برا ئەوە بۆچ وا ئەکەی؟ وتی: «مامۆستا بە زستان هەر جارە کە چومەتە لای ژنەکەم هەر لە باتی یەکێک گرێیەکم داوە لەم دەزوە. ئاوەکەمان زۆر ساردبوو نەمتوانی مەلە بکەم، نوێژەکانیشم هیچ نەچواندووە. ئێستە هەر لە باتی گرێیەک جارێک خۆم ئەکەم بە ئاوەکەدا و وسلی خۆم دەر ئەکەم تا گرێیەکان تەواو ئەبن».

- مەلامارفی‌کوکی ناو بانگی حاجی‌ئیلخانی بیستبوو، تا ئەو وەختە نەیدیبوو. هەڵئەستێ ئەچێ بۆ لای داوای شتێکی لێ بکا بۆ ئەو زستانەی ماڵ و منداڵەکەی. کە ئەڕوا، بە ڕێکەوت حاجی ئیلخانی چوو بووە دەرەوە بۆ ڕاو جلی ڕاوی لە بەرا ئەبێ و بە تاقە سوارە تووشی مەلامارف ئەبێ. مەلاش بارگیرە کەرێکی هەبوو سوار بوو بوو، لێی ئەپرسێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ها مەلا ئۆغر بێ؟ ئەڵێ بە خوا ئەوی راستی بێ ئیمساڵ مناڵەکانم هیچیان نییە، ئەچم بۆ لای حاجی ئیلخانی بزانم شتێکم ناداتێ بۆ ئەو زستانەمان.

حاجی ئیلخانی ئەزانێ کە مەلا نایناسێ ئەڵێ تمای چەنت پێیە کە بتداتێ؟ ئەڵێ سەد تمەنێک، ئینجا بەشم ئەکا. ئەڵێ ئەگەر وتی زۆرە؟ ئەڵێ پەنجا تمەن. ئەڵێ ئەگەر ئەوەشی بە لاوە زۆر بوو؟ ئەڵێ بیست و پێنج تمەن. ئەڵێ ئەگەر هەر وتی زۆرە؟ ئەڵێ دە تمەن. ئەڵێ ئەگەر دیسان ئەوەشی بە لاوە زۆر بوو؟ ئەڵێ: «چوار پەلی بارەگیرەکەم ئەکەم بە کوزی دایکیاو ئەگەڕێمەوە چی لێ ئەکەم». حاجی ئیلخانی پێی ئەکەنێ و ئەڵێ بڕۆ خوات لەگەڵ.

تا مەلا بە بارگیرە شەلەوە ئەگاتە ئاوایی و ئەچێتە دیواخان، حاجی ئیلخانی خۆی و سوارەکان ئەگەڕێنەوە لە دیواخان دائەنیشێ. مەلا ئەکا بە ژوورا. مەلا چاویشی کز بوو، حاجیش جلی ڕاوی داکەندبوو مەلا نەیناسیەوە. لە پاش چاکی و چۆنی لێی ئەپرسی: ها مەلا! خێرە وا تەشریفت هێناوە؟ ئەڵێ: وەڵلا حاجی بەگ ئیمساڵ زۆر پەریشانین، خێزانێکی زۆرم بۆ نەگبەتی بە ڕیشەوە بووە، نە نان هەیە و نە بەرگ. هاتوومەتە خزمەت چارێکمان بکەی بۆ ئەم زستانە». حاجی ئیلخانی ئەڵێ: مەلا چەندە بەشت ئەکا؟ ئەڵێ قوربان سەد تمەن ئینجا بەشمان ئەکا. ئەڵێ: مەلا زۆرە. ئەڵێ با پەنجا تمەن بێ. ئەڵێ: ئەوەش هەر زۆرە. ئەڵێ: بیست و پێنج تمەن. ئەڵێ فلانی هەر زۆرە. ئەڵێ بە خوا لە دە تمەن کەمترم ناوێ. حاجی ئیلخانی پێئەکەنێ. مەلا ئینجا تێئەگا چە باسە، ئەمە حاجی ئیلخانی خۆی بووە تووشی بووە. ئەڵێ: «قوربان! ئەگەر دە تمەنەکەم نەدەیتێ بارگیرەکەم لە دەرەوە بەستراوە». حاجی ئیلخانی بە تەواوی لە بەر پێکەنین شپرزە ئەبێ. ئینجا بانگی پیاوەکەی ئەکا ئەڵێ: «کوڕە بچۆ سەد تمەن و پەنجا تمەن و بیست و پێنج تمەن و دە تمەن بدە بە مەلا با بارگیرەکەی لە شوێنی خۆی بێ».

- حاجیبرایمئاغایعەنبار جارێک لە مەلایێک ئەپرسی ئەڵێ: مامۆستا «ن» لە چە سورەتێکدایە؟ ئەڵێ: «قوربان لە سورەی "حم"دایە».

- لە سولەیمانی «مەلاسەعیدئەفەندی» ئەچێتە ژوورەوە ئیمتحانی قوتابیەکان بکا لە قورئانا. کە ئەچێتە ژوورەوە «ڕەئوفیشێخسالح» لای سەرەوە بوو، قورئانێکی ئەداتە دەست و ئەڵێ بیکەوە و بخوێنە. شێخ ڕەئووفیش کوتوپڕ کە قورئان ئەکاتەوە سورەی «حم»دێتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوە ئەڵێ «حەم». مەلا سەعید ئەفەندی ئەڵێ: ئەی زمانت بشکێ! ئەڵێ «حوم». ئەڵێ هەی لاڵ بیت! ئەڵێ «حیم». ئەڵێ قوزەلقورت و دەست ئەکا بە لێدانی. رەئووفیش ئەڵێ «چووزانم ئەمە چییە؟» سەر و بۆر و ژێر نەما نەیخەمە سەری هیچیان نەبوو، کەواتە ئەمە بەلایەک بوو بۆ من».

- کابرایەک چووە لای مەلایەک وتی قوربان رۆژێکی رەمەزانم خواردووە چۆن ئەبێ؟ وتی: رۆژێک لە باتی بگرەوە. وتی گرتبوومەوە، بەڵام کە هاتمەماڵەوە منداڵەکان کەشکەکیان لێنابوو دڵم چوو دەستم بۆ برد پاروێکم خوارد. وتی: چی بوو جا رۆژێکی‌تر بگرەوە لە باتی. وتی قوربان ئەویشم گرتبووەوە دیسان بە رێکەوت هاتمەوە ماڵەوە منداڵەکان قاورمە بە نۆکیان لێنا بوو دڵم چوو دەستم بۆ برد پاروێکم خوارد. مەلا وتی: «من وای بە چاک ئەزانم بە رۆژو مەبە تا هەردوو دەستی خۆت وەکو کەر ئەبەستیتەوەو ئەیخەیتە ملت، ئەو وەختە ئەتوانی بە رۆژو بیت».

- سۆفیەکی بڵباس هەبوو هەموو دەم حازری جمعەو جماعت بوو. ئەوەندە لە گەڵ مەلا و فەقێدا دانیشتبوو زۆر لە لایەن دینەوە فێر بوو بوو. رۆژێک زستان بوو چووە لای مەلا وتی: «قوربان لە بەر ساردو سەرما هاتووم تەقلیدی مەزهەبی ئیمام حەنبەلم کردووە مەزەبەکەی ئەو تۆزێ سووکترە. ئیمرۆ دەستنوێژم شۆرد و نوێژم ئەکرد سەیرم کرد شتێکی تەڕی پیس وا بە دەرپێیەکەمەوە کە بۆنم کرد بۆنەکەی ناخۆش بوو». مەلا وتی: «برا پێی ناوێ بە هەموو مەزهەبێ ئەوە گوت کردووە بە خۆتا».

- ژنێک چووە لای قازی شکاتی لە مێردەکەی کرد وتی: لە بەر ئەوە مێز ئەکاتە ژێری خۆی ئەبێ تەڵاقم بدا. کابرا وتی: «قوربان با منیش عەرزت کەم. لە خەوما من لە جزیرەیەکدام لە ناو دەریا. لەو جزیرەدا کۆشکێکی زۆر بەرزی لێیە لە سەر کۆشکەکەوە مەنارەیەکی لێیە لە سەر منارەکەوە حوشترێکی لێیە، منیش وام بە سەر حوشترەکەوە. حوشترەکە لەو سەرەوە دەمی ئەبرد بۆ دەریا ئاو بخواتەوە کە ئەمەم دی لە ترسانا مێزم کرد بە خۆما». قازی کە ئەمەی بیست ئەویش لە شوێنەکەی خۆی مێزی کرد بە خۆیا. ئینجا رووی کردە ئافرەتەکە وتی: «خوشکم، من تەنها بە بیستنەکەی لە ترسانا مێزم کرد بە خۆما

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئێستا ئەو کە بە چاوی خۆی دیویەتی چۆن مێز ناکا بە خۆیا؟ برۆ هیچ هەقێکت بە سەریەوە نییە».

- مامۆستایەک دەرسی بە منالان ئەوت، کابرایەکی دۆستی چوو بۆ لای سەیری کرد مامۆستا دارێکی درێژ و کورت و قەلماسکێک و تەپڵێک و مێ کورتێک و دوزەلەیەکی لای خۆیەوە داناوە. لێی پرسی مامۆستا ئەمانە چییە؟ جەناباغا وتی: «فلانی! ئەم منالانە هەتیوی بێ شەرمیان تیایە؛ پێی ئەڵێم بخوێنە جرتم بۆ رایێڵێ. منیش بە دارە کورتەکە لێی ئەدەم. دوور ئەکەوێتەوە، ئینجا بە دارە درێژەکە لێی ئەدەم. هەرا ئەکاو ئەڕوا، قەلماسکەکەی تێ ئەگرم سەری ئەشکێ. ئەو وەختە هەموو منالەکانم تێ ئەوروکێن چاریان ناکەم، دێنم تەپلەکە ئەکەمە ملم و دوزەلەکە ئەگرم بە دەممەوە و مێ کوتەکە ئەگرم بە دەستەوە دەست ئەکەم بە تەپڵ کوتان و دوزەلە لێ دان. خەلکی گەڕەک گوێیان لەم تەپڵ و دوزەلەیە ئەبێ کۆ ئەبنەوە و لە بەر دەستی منالەکانا رزگارم ئەکەن».

- پیاوێک گێڕایەوە وتی: چوومە حوجرەی مەلایەک کە بە منالانی ئەخوێند، سەیرم کرد هەر خۆیەتی. وتم: ئەفەندی ئەوە کوا منالەکان؟ وتی: وان لە کۆلانا یاری ئەکەن. وتم: حەز ئەکەم چاوم پێیان بکەوێ. وتی: «فلانی ناوێرم لە گەڵت بێم پێشانت بدەم، خۆت بچۆ ئەوا لەو کۆلانەن چاوت پێیان بکەوێ، بەلام سەرت رووت کە نە وەک لە دوورەوە بە منت بزانن، دێن بە پەنجە و فیکە چاوت کوێر ئەکەن».

- کابرایەک گێڕایەوە وتی بە لای کەلاوەیەکدا تێپەڕیم گوێم لە دەنگی پشیلەیێک بوو لەم کەلاوەیدا. کە سەیرم کرد هیچ دیار نییە ئەوە نەبێ کە ئەمە مەلایێکە ئەمیاوێنێ. لەو وەختەدا منالێک لە مالێک هاتە دەرەوە رووی کردە کەلاوەکە، مەلاکە گرتی تێرو پڕی لێ دا و گەلێ جنێوی دایە. لێم پرسی وتم مامۆستا ئەمە چییە؟ وتی: «کورە من بە منالان ئەخوێنم، ئەم هەتیوە زۆڵەش بە لای خۆیەوە لای من ئەخوێنێ، هەموو جار خۆی ئەدزێتەوە و ئەچێتەوە بۆ مالەوە. پشیلەیەکیان هەیە لەگەڵ پشیلەکە یاری ئەکا. ئێستە من هاتم لێرە دەستم کرد بە میاوە کردن وا تێگەیشت ئەمە پشیلەکەی خۆیانە هات بە دەنگمەوە، ئەوەتە منیش گرتم سەرم نایە قوزی دایکی».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەک بانگوێژ پارچە کاغەزێکی گرتبوو بە دەستەوە سەیری ئەکرد و بانگەکەی ئەدا. لێیان پرسی بانگ چون وا ئەدرێ؟ وتی: بچن لە مەلا بپرسن. چوونە لای مەلا وتیان: «سەلام عەلەیکم!» مەلا پارچە کاغەزێکی لە ژێر دۆشەکەکەی دەرهێنا و هەندێ سەیری کرد و پاشان وتی: «و علیکم السلام». وتیان دەک وە چەمەر نەوێ.

- فایەقبێکەس گێڕایەوە وتی: مەکتەب لە «تەوێڵە» هەبوو، بە منالانمان ئەخوێند. ڕۆژێک دوو منال بوو بە شەڕیان. یەکێکیان هاتە لای مودیرەکە شکاتی کرد وتی: ئەفەنی ئەو کوڕە، گازی گرتووە لە گوێچکەم. ئەفەنی منالەکەی تری بانگ کردو وتی: هەتیو بۆچ گازت لە گوێچکەی ئەم منالە گرتووە، منالەکەش وتی: «ئەفەنی بە خوا من گازم لێ نەگرتووە خۆی گازی لێ گرتووە». ئەفەنیش وتی: «هەتیوە زۆلە، وس بە. قسەیەک بکە بچێتە ئەقڵەوە، بۆچ مانگایە خۆی گاز لە گوێچکەی خۆی بگرێ؟»

- مەلایەک بۆ حەج ئەچوو. لەو ولاتی «شام»ەدا لە گەڵ گاورێک بوون بە هاوڕێ. کە ئەم ئەچوو بۆ حەلەب. شەوێ پێکەوە دانیشتبوون، گاورەکە دەستی برد قاپێکی دەرهێنا و دەستی کرد بە عەرەق خواردنەوە، پیالەیەکیشی تێکرد و دایە دەست مەلاکە. مەلا بە بێ قسە وەریگرت. ئینجا گاورەکە وتی: «قوربان ئەمە عەرەقێکی چاکە». مەلا وتی: «بە چیا ئەزانی؟» وتی: «قوربان، پیاوەکەی خۆمم ناردە بازاڕ وتی لە جوولەکەیەکم کڕیوە، جووەش سوێندی خواردووە کە عەرەقێکی کۆنە و هیچ شتێکی تێکەڵاو نەکراوە». مامۆستا کە ئەمەی بیست خێرا پیالەکەی نا بە سەرەوە و چۆڕەبڕی لێ کرد وتی: «تۆ کەری! ئێمە کە باسی حەدیس ئەکەین ئەڵێین لە تابعینەوە تابعین لە ئەسحابەوە و ئەسحاب لە پێغەمبەرەوە. ئێستە من چۆن بڕوا ئەکەم کەگاورێک لە پیاوەکەیەوە و پیاوەکەی لە جوولەکەیەکەوە قسە بگێڕێتەوە؟ بڕوا بکە هەر لە بەر ئەوە خواردمەوە کە ڕیگەی قسەگێرانەوەکەم بەلاوە بە هێزو باش نەبوو».

- کابرایەک هەبوو «ئەحەخرنۆک»ی ناو بوو. ئەم ئەحە خرنوکە ئیشی ئەوە بوو «شایەر»بوو شایی ئەگێرا. ژنێکی هەبوو«باجی سەمەن»ی ناو بوو. باجی سەمەنیش ئیشی ئەوە بوو مردووی ئەلاواندەوە، «سەردۆل»بوو؛ هەر مردوێک بمردایە ئەهاتن ئەیانبرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەیلاواندەوە لە گەڵ ئەمەشا دیسان ژیانیان هەر کوورِ بوو. شەوێک باجی سەمەن هەروا تۆزێ دەستی کرد بە لووتوپوت کردن لەگەڵ مێردەکەیا. ئەحە پێی وت: «مردووت مرێ! لوتوپوتی چی ئەکەی؟ کێ وەکو ئێمەی بۆ هاتووە؟ دنیا دوو چمکی هەیە یا خۆشیە، یا ناخۆشی؛ ئێمە هەر دوو چمکەکەمان گرتووە. ئەگەر ویستمان خۆشی بکەین من بە باڵای تۆدا ئەڵێم ئەگەر خۆ ویستمان ناخۆشیش بکەین تۆ من بلاوێنەرەوە، ئیتر ئەمەی بۆ چییە؟»

- ئەمەش هەر لەقسەی کوردییە ئەڵێ:

جارێک کەروێشکێک بۆڵە ترێیەکی دیەوە. رێوییەک هات لێی فرِاندو خواردی. لێیان بوو بە هەرا و وتیان با بچین شەرع بکەین. هەستان چوون بۆ لای «مارمیلکە». لە بەر کونەکەیا راوەستان و کەروێشک وتی: «هەی مارمێلکەی باڵا بەرزی نەوجوان، ئەی قیت و قنجەی چۆڵ و بیابان!» مارمیلکە وتی: «ئەڵێی چی؟ هەی دەنگ خۆشی دەربەندان، هەی زمان شیرینی زمانزان؟» وتی: «هاتووین شەرعمان بکەی». وتی: «هاتوونەتە لای دانایەکی شەرعزان». وتی: «وەرە دەرەوە لامان». وتی:«مامۆتکان ئەچنە لایان». وتی: «من بۆڵە ترێەکی شیرینم دیبووەوە، رێوی هات لێمی فرِاند و خواردی». وتی: «دیارە چاکەی بۆ خۆی ئەوێ». وتی: «مستە کۆڵەیەکم لێ دا«. وتی: «لە باتی هەقی خۆی کردوتەوە». وتی: «ئێستە شەرعمان بکە». وتی: «کردم».

- لە سەر قسەکەی «ئابید» لە بەرزان هەندێ کەس هەڵئەپەرِین. مەلایەکیش چوو سەر چۆپیەکەی لە دەست وەرگرتن. خەڵکەکە وتیان: «ئەزبەنی! ئەم فەلهەین، تۆ بۆچی داوەتێ لگەل مەتکێ؟» مەلاش وتی: «هوون فەلهەن ئەژک قەشێوە». وان گوتن: «ئەزبەنی! چە دبێژی؟ تۆ پێغەمبەری مەیی، تۆ نەقەشەیێ». گوت: «ئەز نشێم شەفاعەتا وا حەما بکم ئەز قەشەمە». وتیان: «ئەزبەنی! حو دبێژت ئەز پێغەمبەرم تۆ چەڤان پێغەمبەر نێ؟» ئەوا ئەویش سەر چۆپی گرتووە و بە دەم هەڵپەرِینەوە وتی: «بلا حسو پێغەمبەر بت ئەز ژکژامتاوی ئەز ژکژامتاوی».

- حاجی‌قادری‌مەحوی‌برایمی‌شاتری مەرِ و مالاتێکی ئێجگار زۆری بوو. لە بەهارانا کە مەرِ ئەزا بە جارێ دوو هەزار مەرِ و بەرخ ئەرژانە یەک ئەبوو بە قارە و بارەیەک ئەو سەری نەبێتەوە. گەلێ جاری وا ئەبوو لە ناو ئەم هەموو مالاتەدا بەرخێک بەر دایکی خۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

نە ئەکەوتەوەو لەو ناوەدا دەستی ئەکرد بە بارە بارِ. حاجی لە ناو دەوارەکەدا دا ئەنیشت هەر ئەوەندە بوو گوێی لە دەنگەکە بوو، ئەیزانی ئەمە چە بەرخێکە و هی چە دایکێکە بانگی ئەکرد ئەیوت ئەوە فلانە بەرخەو هی فلانە مێیە بچن بیگرن و بیخەنەوە بەری.

- پادشایەک کچێکی نازداری هەبوو نەخۆش کەوت، پادشا وتی: هەر پزیشکێک هات بۆ چاک کردنەوەی نابێ کچەکەی چاو پێ بکەوێ ئەگەر چاکیشی نەکردەوە و نەیزانی چیەتی لە سەری ئەدەم.

لە بەر ئەم مەرجە هیچ پزیشکێک نەیوێرا بێتە سەر کچە، تا رۆژێک پزیشکێک هات وتی: «کچەکە لە ژوورێکی‌ترو منیش لە ژورێکی‌تر بم. تاڵە دەزوێک ببەستن بە دەستیەوە و منیش لەم لاوە سەری دەزوەکە بگرم ئەو وەختە بۆم دەر ئەکەوێ نەخۆشیەکەی و پێتان ئەڵێم. ئەگەر بەم جۆرە پادشا ئەیەوێ دێم.

پاشا وتی باشە من بەم جۆرە ئەمەوێ، بەڵام هات بۆ ئەوەی پزیشکەکە تاقی بکاتەوە وتی: بە جۆرێ کە پزیشکەکە ئاگای لێ نەبێ سەری دەزوەکە لە باتی ئەوەی ببەستن بە دەستی کچەکەوە، بیبەستن بە دەستی پشیلەیەکی نەخۆشەوە بزانن ئەم پزیشکە ئەڵێ چی؟ هاتن وەکو پادشا وتی وایان کرد و سەری دەزوەکەیان هێنا لە ژوورەکەی‌تر دایان بە دەستی پزیشکەکەوە. پزیشکەکە سەری دەزووی گرت، تۆزێ سەرسامی گرتی. پادشا وتی: بۆچ وا سەرسام بویت؟ وتی: «پادشاەم زۆر سەرم سورِ ئەمێنێ، سەیر ئەکەم ئەم نەخۆشە گۆشتی مشکی بۆ باشە و بەوە چاک ئەبێتەوە».

پادشا هەستا و ناو چاوانی ماچ کرد وتی: راستە پزیشکیت و کارەساتەکەی بۆ گێڕایەوە. وتی: ئەمەش بۆ ئەوە وام کرد چونکە لە پێشا گەلێ پزیشکم هێنابووە سەر ئەم کچە هەر کە ئەهاتە سەری لێی ئەپرسی تۆ چیتە؟ ئەویش لە بەر ئەوە بە تەواوی دەردەکەی خۆی نەئەزانی ئەچوو شتێکی ئەوت کە لای وابوو ئەوەیە، ئەوەش نەبوو. پزیشکەکە دەرمانی ئەو دەردەی ئەدایە ئەویش لە راستیدا ئەو دەردەی نەبوو دەرمانەکە زیانی بۆی ئەبوو تا وای لێ هات بە تەواوی کەنفت بوو. ئیتر منیش وتم ئەبێ پزیشک خۆی بزانێ دەردی نەخۆش چییە کە دەردی زانی دەرمان ئاسانە. نەخۆش کە خۆی بزانی چە دەردیکیەتی ئەتوانێ خۆیشی دەرمان بکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حاجی‌ئەمینی‌حاجی‌فەتاحی‌قادر لە سولەیمانی منال ئەبێ. شەوێک دێتە دەرەوە لە بەر قاپی حەوشەکەی خۆیان مێز ئەکا، شەو درەنگ ئەبێ لەو کاتەدا چەرخ چیەکی دەوری «عوسمانی» بە سەریا ئەچێ و تێی ئەخوڕێ: «ولەن کیمدر؟» ئەویش ئەڵێ: «من در، مێز در، بەر دەرگای خۆمان در».

- کابرایەکی کورد لە کەرکوک پارەی لای «حاجی محەمەد» ناوێک بوو. حاجی پارەکەی نەئەدایەوەو گەڕی پێ‌ئەکرد. کابراش ئەیوت: «کورە باوکم تۆ کەشیدەکەت لابە و حاجیەتیەکەشت لابە و بۆوەوە حەمەیەکی رووت ئەو وەختە پارەی خەڵک بخۆ».

- جافرسان لە «نەوسوو» بیست وچوار کوڕی سواری هەبوو کە هەر یەکە دیواخانگێڕی ولاتێک بوون. رۆژگار پشتی تێ ئەکاو دیواخانی خانەدان نامێنێ. مستەفا بەگ وە یا مچەسوورێک هەبوو گۆیا ئەمەش یەکێک بوو لە خزمە هەرە نزیکەکانی جافرسان. ئەم مچە سوورە بەر ئەو دەربەدەریە نەکەوتبوو هەر لەو ولاتەدا مابووەوە. مچە سوور ژنانی بوو؛ رۆژێک پێی هەڵئەنگوێ کە ئەکەوێ ئەڵێ «وی!» کابرایەک هەبوو «ئەلە زلە»ی ناو بوو لە تەنیشتیەوە ئەبێ گوێی لێ ئەبێ ئەڵێ: «مچە! بڵێم چی لە ئیشی خوا؟ خوا بیست وپێنج خانەدان کوێر ئەکاتەوە تۆ لە شوێن ئاگردان بە جێ دێڵێ».

- شێخ‌جافری‌عەبابەیلە هەبوو، پیاوێکی قسە خۆش و عەنتیکە بوو، بەلام هەتا بڵێی ناشیرین و بەد فەسال بوو. سەعیدبەگی‌بادەلانیش هەبوو ئەویش پیاوێکی ئێجگار قسە خۆش و دیواخانارا بوو. رۆژێک سەعید بەگ ئەچێتە دیواخانی ئەحمەدبەگی‌وەسمان‌پاشا سەیر ئەکا شێخ جافر لەوێ دانیشتوە، بەلام ورتەی لە دەم نایەتە دەرەوەو بە تەواوی پەژارە دایگرتووە. هەر چەندە ئەیدوێنێ بە هیچ جۆر شێخ جافر نایەتە قسە و هەر ئەڵێ: سەعید بەگ وازم لێ بێنە زۆر عاجزم. سەعید بەگ ئەڵێ: شێخ جافر ئەگەر ئێستە من تۆم هێنایە پێکەنین چیم ئەدەیتێ؟ شێخ جافر هەر دەنگ ناکا بە کورتی گرەو ئەکەن لە سەر هەندێ پارە کە ئەگەر ئەم ئەوی هێنایە پێکەنین ئەوەندە پارەی بداتێ، ئەگەر خۆ واش نەبوو ئەم دوو ئەوەندە پارە بدا بەو. بەم جۆرە گفت ئەبڕنەوەو سەعید بەگ ون ئەبێ، لە پاش تۆزێک دێتەوە ئاوێنەیەک ئەدا بە دەست شێخ جافر و ئەڵێ: «ها سەیری خۆت بکە گورگت ئەوێ هەیە، چەقەڵت ئەوێ هەیە، مەیموونت ئەوێ هەیە، ورچت ئەوێ هەیە، هەر رموزنێکت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org



ئەویٚ لە دنیادا هەیە». لە راستیدا شێخ جافر سەیری ئاوێنەکەی بەردەمی ئەکاو گوێی لەم قسانە ئەبیٚ دەست ئەکا بە پێکەنین و گرەوەکە ئەدۆڕێنیٚ.

- ئەڵێن جارێک پادشایەک خزمەتکار و پیاوێکی زۆری لە پشت سەرەوە ئەبیٚ و بە ناو کۆلانێکا تیٚ ئەپەڕیٚ. بە هەر لایەکدا ئەرۆیشت هەموو لە بەری هەڵئەستان و سەلامیان بۆ ئەگرت. دەروێشێکی رووتەڵە لە ریبازی پادشادا لە سەر کۆلانەکە دانیشتبوو پالی دابوو بە دیوارەکەوەو قاچیشی راکیشا بوو کە پادشا بە بەردەمیا تێپەڕی هیچ خۆی تێک نەداو قاچیشی هەڵنەکێشایەوە وەکو هەر کەس نەڕۆیشتبیٚ هەر وا بوو بە لایەوە. پادشا لەمە تووڕە بوو پیاوێکی ناردە سەری کە پێی بڵیٚ بۆچی لە بەر پایەی پادشا بەلانی کەمەوە قاچی هەڵنەکێشاوەتەوە؟ کابرا چوو پێی وت دەرویشیش وتی بچۆ بە پادشا بڵیٚ: «ئەویٚ دەست رانەکێشی قاچیش هەڵناکێشی».

- مەلایەک هەبوو گوزەرانی زۆر کز بوو. ئەو سەرەدەمەش شعر باوی هەبوو، هەرکە شعری بوتایە ئەیبرد بۆ پادشا پادشایش بەخششێکی باشی ئەدایە. مەلا ژن پیٚ لیٚ کرد بە کەوشا پێی وت هەستە تۆش شعر بڵیٚ و بیبە بۆ پادشا با بەخشش بداتیٚ و تۆزیٚ گوزەرانمان چاک بیٚ. هەر چەند مەلا هاواری کردو فەریادی کرد کە کچیٚ من شعر نازانم و من لە شعرم چی؟ کەڵکی نەگرت. بە زۆر هەناردی. مەلا ئەم شعرانەی داناو

دارەکەی سەرکەل، پردەکەی قشلاخ ئافەرم شارەزور بۆ پەمووت

مەسەلەی تەلاق میجویم زقاق دوو سەد و پەنجاو حەوت مەنەم

هەستا رۆیشت.

پادشا لە حەوشەی بارەگادا لە سەر حەوز و لە ناو چیمەن دانیشتبوو، مەلا خەبەری نارد کە شعرم بۆ پادشا وتووە. پادشا بانگی کرد و مەلا لە بەر دەمیا شعری بۆ خوێندەوە. وتی: مەلا ئەمە بوو شعرەکەت! وتی: بەڵیٚ قوربان. وتی: کەواتە بەخششی ئەم شعرە جوانەت ئەوەیە بتخەمە ئەو حەوزەوە. ئا کورە بیخەنە ئەو حەوزەوە. مەلایان هەڵگرت و خستیانە حەوزەکەوە. مێزەرەکەی کەوتە سەر حەوزەکە. لەو وەختەدا تانجیەک لە حەوشەکەدا بوو لەویوە رەتبوو مێزەرەکەی بە مراوی زانی. بە خوا بازێکی بۆ داو شلَپ کەوتە حەوزەکەوە. مەلا چاوی لیٚ نەبوو، هەر ئەوەندەی ئەزانی کە یەکێکی تریش وا قورت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەخواتەوە بە ناو ئاوەکەداو سەر ئەکەوێتەوە. رووی تێ کرد وتی: «ئاغە! جەنابیشتان شعرتان فەرمووە؟»

– قسە دێ قسە ئەبڕێ. منیش شتێکی وەکوو ئەمەم دی بەڵام قسەی هیچ نەکەی، وەڵلا و بیللا هیچیان لێ نەکردم:

زۆر دەمێکە، لە باوکم تۆرابووم و روومکردبووە ماڵی خاڵۆوان. بڵێن ئەو وەختە دوو جۆرە خوێندنیان پێ ئەخوێندم: یەکێ خوێندنی مەکتەب کە لە پۆلی دووی سەرەتایی بووم؛ بە دەمیەوە خوێندنی عەرەبیشیان پێ ئەخوێندم. دەستیان پێ کردبووم بە «عواملی جرجانی» کە ئەمە بە رەوشتی کوردەواری لە سەرەتاوە ئەخوێنرێ.

باوکم کابرایەکی ناردبوو بە شوێنما «شامار»ی ناو بوو. پیاوێکی کورتە باڵای پیری چاو کزی خڕە بوو ئەتوت تۆپە. ئەگەر ماوە یادی بە خێر، ئەگەر مردووە بە رەحمەت بێ! منیش کەواو سەڵتەم لە بەرا بوو، جامەدانەیەکم بە سەرەوە بوو وەکو فەقێ وا بووم. لە گەڵ خاڵە شامار لەو پێ بناری «شاهۆ»وە شەوێک رێمان کەوتە هۆبەیەکی گەورە و لەوێدا دەوارێکی هەژدە هەستوونی هەڵدرا بوو چوینە ئەوێ. بە تەواوی لە بیرم نییە، ئەو رەشماڵە گەورەیە یا هی حەبیبەڵلاخانیباوەجانی بوو، یا هی خزمێکی ئەو بوو. بەڵام ئەوە ئەزانم میرزایەکی ریش سپی باڵا بەرزی هەبوو میرزا رەشیدی ناو بوو.

شەوێ دیواخانی جمەی ئەهات؛ خان خۆی و میرزا رەشید و گەلێ لە پیاو ماقووڵی باوەجانی بە جل و بەرگێکی بە پەرداخی کوردی و هەموو بە ستارخانی فیشەکەوە لە ژێر دەوارا دانیشتبوون. ئێمەشیان لەو سەرەوە دانابوو، خوێندەواریش هەر میرزا رەشید لەوێدا هەبوو.

خاڵە شامار یا لە بەر ئەوە سەر و گوێلاکی سوفیانەی هەڵکەوتبوو، وە یا لە بەر ئەوە کە مەبەستێکی هەبوو کاتێ کە هاتین بۆ نوێژی شێوان لە رێگەدا پێی وتم کە چوینەوە لە دیواخانەکەدا «حزب»ێ قورئان بخوێنە. وتم: خاڵە شامار قورئان نازانم. خاڵە شامار بوو بە فیشەکە شێتە و چوو بە عاسمانا. وتی: «جەنابت لە لایەکەوە مەکتەبیت و لە لایەکەوە فەقێت، چۆن قورئان نازانی؟»

وتم خاڵە شامار پیاوی چاکبە قورئان خوێندن ئەبێ پیاوی حافز بیخوێنێ کە هەموو قورئانی لە بەرە، من لە ناو قورئانەکەشا بەرەش خوێنیش هەر نازانم بیخوێنم؛ ئێستە ئەم شەڕە چییە تۆ لە منت ئالاندوە. من زۆرم وتوو خاڵە شامار کەمی بیست. لە بیرمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


زیللەیکیشی لێ دام. چار نا چار وتم باشە لە سوورەتە وردەلەکان دوان سیانێکم لە بەر بوو وتم لەوانە ئەخوێنم. وتی لەوانە نابێ ئەبێ لە قورئانی سەرەوە بخوێنێ. قورئانیشمان پێ نییە بە راستی فلانی لە دەست خاڵە شامارەوە کەوتمە رۆژێکی زۆر رەشەوە.

کە چوینەوە دیواخان ئەوا سەیر ئەکەم پەیتا پەیتا لە ژێرەوە دەستم تێوە ئەژەنێ و ئەڵێ دەی! یا رەبی خوایە چە بکەم دیواخانەکەش هەر زۆر پڕە نە هیچ ئەزانم وە نە لە ڕوویشم هەڵدێ وا ئەویش دنیای لێ کردووم بە چەرمی چۆلەکە. ئەو هەموو کوتەکی دەستی ئەوە بوو ئەیوت تۆ دەنگت خۆشە ئەبێ قورئانیش بزانی. کورە بابە ئەمە شەرت نییە هەر کەس دەنگی خۆش بوو ئەبێ قورئانیش بزانێ. ئەیوت نابێ ئەبێ بزانی. جا وەرە تێی بگەیەنە؟

خوا ئەیزانی لە ترسا و لە شەرما ئەو دوو سێ سوورەتە وردەلەشم کە لە بەر بوو ئەویشم لە فیکر چووەوە. لە گەڵ ئەوەدا ئەگەر ئەوەشم بخوێندایە خاڵە شامار ئەوەشی قبوڵ نەئەکرد و ئەیزانی، چونکە ئەویش ئەوانەی لە بەربوو. منیش ئێجگار ترسی میرزا رەشیدم لێ نیشتبوو. خوێندەوار تەنها ئەو لە دیواخانەکەدا هەبوو، ئەگێنە ئەمتوانی دەورێ «عوامل»ەکە بکەمەوە لەوانی بکەم بە قورئان. دیار بوو خاڵە شاماریش عەوامیلی نەئەزانی، بەڵام میرزا رەشید هیچ نەبێ ئەیزانی ئەمە قورئان نییە.

کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە؛ خاڵە شامار تەنگی پێ هەڵچنیم بە دەنگی بەرز «اعوذ با اللّەمن الشیطان الرجیم. بسم اللّه الرحمن الرحیم»یکم بۆ کرد. ئەوەندەم لە بەر بوو پاش ئەوە پیا هاتم تۆزێ رووم کرایەوە، ئەوەی خوا نەیوتبوو ئەوەم وت. بە دەنگی بەرز و بە مەقام دەستم پێکرد ئێستە ئەزانم کە ئەو وەختە ئەمزانی «نزیرا، بشیرا، بسیرا» هەیە لە قورئانا بەڵام من نەئەکەوتەوە فیکرم چەند شتێکم ئەوت کە خۆیشم نەمئەزانی چی ئەڵێم و ئاخرەکەیم ئەهێنایەوە بە شتێکی وەکو «شتیرا». دوو سێ شتی‌ترم ئەوت و ئەمبردەوە سەر «شلێرا».

ئێجگار کە سەیرم ئەکرد خەڵکەکە هەموو سەری بۆ ئەلەقێنن و پیان خۆشە بە تایبەتی «میرزارەشید» ئاگام لێبوو ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارەوە. ئیتر بە تەواوی منیش گەرم بووم. خاڵە شاماری لای خۆشم لەگەڵ سەر لەقاندن و فرمێسکەکەیا جار جار لە ناکاو «هوو»یکیشی بۆ ئەکرد، ئیتر نازانم یادی شێخی ئەکرد یا قورئانەکەی من کاری تێکردبوو؟ بەڵام لە راستیشا دەنگم خۆش بوو.

بەمجۆرە بە «شتیرا، شلێرا، دلێرا، سپێرا، کولێراو هتد» قورئانم هەمووی بە «ڕ»قەڵ و دوایی هێنا و ئێستە و ئەوسا کەس نەیزانی کە ئەمە قورئان نییە کەسەکەش هەر میرزا رەشید

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بوو؛ چونکە ئەو خوێندبووی، ئەوانیتر هیچ. میرزا رەشیدیش لە هەموویان زیاتر چوو بووە دڵیەوە کە قورئانێکی رەوان و بە تەجویدم خوێندووە. ئەو شەوە خزمەتێکی زۆر زۆریان کردین. بەیانیش خان ئەسپێک و زەلامێکی پێداین کە من ئەو رۆژە تا کوێ بڕ ئەکەین بە سواری برۆم؛ پاشان پیاوەکە ولاغەکە بەرێتەوە. لەو قورئان خوێندنەوە خان وا چوو بوومە دڵیەوە کە من بەچکە ئەسحابەیەکم و ئەو شەوە رێم کەوتۆتە ئەوێ.

کە تۆزێ لە رەشماڵەکان دوور کەوتینەوە، خاڵە شاماریش هات سوار بوو منی خستە پاشگری خۆی وتی: «بێ ئەقڵ من هەر بۆ ئەمەم بوو کە ئەموت قورئان بخوێنە. ئافەرەم! کوڕم رووی مامی خۆتت سپی کرد». منیش ئیتر نەموت ئەوە قورئان نەبوو، ئەگینە لە سەر ئەسپەکە ئەیخستمە خوارەوە.

- کابرایەکی «بامۆک»ی چوو بووە ئەو ولاتی ئایەنە و ئەستەمبوڵە رۆژێک سەیری کرد وا کابرایەک لە بازاڕدا سندوقێکی لە بەر دەمایە و پڕیەتی لە قوتووی شوشەی سەر داگیراو. بانگ ئەکا: «های دەرمانی کێچ! دەرمانی هۆرە! دەرمانی تەپە! دەرمانی میرولە!» ئەو سەردەمەش خۆت ئەیزانی کێچ و جروجانەوەری شارەزوور و هەڵەبجە گای ئەخستە هەڵەکەسەما.

کابرا وتی کەسابەت لەمە چاکتر نابێ، لەم سندووقە دەرمانە ئەکرم و ئەیبەمەوە لە ولاتی خۆمان ئەیفرۆشم، ئەوەندە دەوڵەمەند ئەبم، پێ ئەبم بە «حەماغای کۆیە». دەرمانی کڕی و بەرەو دوا بووەوە بۆ ولات.

رۆژێک لە ناو شاری هەڵەبجە «های دەرمانی کێچ»ی ئەکرد. کابرایەکی شارەزووری کە لە دەست کێچ ماڵی بەجێهێشتبوو، هەڵاتبوو. گوێی لەم بانگە بوو وتی قەت لەمە چاتر ئەبێ؟ ئێستە شووشەیەکی لێ ئەکرم و ئەیبەمەوە ئیتر لە دەست کێچ رزگارم ئەبێ. چوو شوشەیەکی لێ کڕی و ئەو شەوە دارو دیواری خانوەکەی و هەموو نوێنی ماڵەکەی بە دەرمان دەرماناشی کرد و لێ راکشا زۆری پێ نەچوو سەیری کرد کێچ لە شەوان گەلێ زۆرترە.

ئەو شەوە خەوی لێ نەکەوت بەیانی زوو چووەوە بۆ هەڵەبجە و بەرۆکی کابرای گرت و وتی: خوا بتگرێ تۆ دەستی ئەو عالەمە بۆچ ئەبڕی، ئەم دەرمانەی تۆ کەی دەرمانی کێچە؟ خۆ من هەموو ژوورەکەم بەم دەرمانەی تۆ هەنوو، کەچی هیچ کەڵکی نەبوو. کابرای خاوەن دەرمان وتی: «نابێ چووبێتی دەرمانەکەت بژاندبێ بە ناو نوێنەکاناو بە ژوورەکەدا؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وتی: بەڵێ وام کردووە. وتی: باوکم وا نابێ. وتی ئەی چۆن؟ وتی: «ئەبێ بێنی یەکە یەکە کێچەکان بگری و دەرمانەکە بکەیتە چاویانەوە بۆ ئەوەی کوێر ببن. بەو جۆرە کە تۆ کردووتە شێتیش وا ناکا. تۆ کە نازانی خۆت ئیش بکەی بۆچ دەرمانی خەڵک ئەشکێنی». کابرا وتی: «بێژم چی برا! خوا رووی کێچ رەشکا وا گوێم لە قسەی وابێ».

- «بهاءالدینی عاملی» یەکێ بوو لە ریازی زانە هەرە بەرزەکانی ئیسلام. دانراوەکەی - «خلاڵەالحساب»- لە کتێبە زۆر نایابەکانی حسابە؛ تەنانەت ئەڵێن حەو مەسەلەی لە باب جەبرەوە تیایە ئێستەش هەر نەزانراوە. رۆژێک ئەم بەهائەدینە لە گەشتەکەیا رێی ئەکەوێتە شوێنێک ئاخونێکی مێزەرە زلی ریش گەورە دە پانزە بیست فەقێ بە دەوریا دانیشتون دەرسی «خلاڵەالحساب»یان پێئەڵێ، بەڵام هیچی بە سەر هیچەوە نییە. بەهائەدین لە یەکێ لە فەقیەکان ئەپرسی کە سێ جار چوار ئەکاتە چەند؟ فەقێش بە بێ وەستان ئەڵێ ئەکاتە بیست و یەک. ئاخون تورە ئەبێ و سوور ئەبێتەوە، ئەڵێ: «ئەم ناجسنە هەروا تێ نەگەیشتووە؛ تا ئێستە من سەد جارم پێ وتووم رۆڵە سێ جار چوار ئەکاتە حەڤدە، تازە ئەو ئەڵێ بیست و یەک».

- حەمەپاشای جاف و مەولەوی سەر و سەودای شعریان زۆر خۆش بووە، وەکو ئەوە کە جارێک مەولەوی لە ئاوایی «دیلێ» ئەبێ و «حەمەپاشا» ئەم شیعرەی بۆ ئەنووسێ:

ئەر گەفی گەماڵ کوردە ماڵ بێلێ      هەی لەزەت ئەبەی خالۆ لە دیلێ

مەولەویش بەم شیعرە بۆی ئەنووسێتەوە:

لەگەفەی کەماڵ کوردە ماڵەکان      دیلێ مدا توو بە گەماڵەکان

- کابرایەکی کورد ئەڵهای باران ئەکاو زۆر بە پەرۆش بووە بۆی و روو ئەکاتەئاسمان و بەم شعرانە داوای باران ئەکا:

هەوران دەکا خرۆشان مکایلا ئەتۆش دەی

نیسک و ماشان تێکەڵ کە دەبا نۆش بێتە سەر دەی

- کابرایەکی بلباس بە کاروان رێی ئەکەوێتە کۆیە، ئەچێتە دیواخانی حەماغای کۆیە. کابرا لە ولاتی خۆی ماینێکی بە دەستیاو هێنا بوو کە ئەچێتە ماڵی حەماغا ماینەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەتۆپێ. لە روویشی هەڵنایە کە بە حەماغا بڵێ شتێکی وا رووی داوەو ئێستە منیش نیمە مایىنەکە ببڕێرم بۆ خاوەنی. هەر لەوێ دائەنیشێ و خۆی ئەکا بە تولبڕ؛ بەیانی و ئیوارە ئەچێ ئالیکی مایىنە تۆپیوەکە وەرئەگرێ. ئیتر کەس لێی ناپرسێ کە کابرا تۆ ئیشت چییە لێرە ماویتەوە؛ ئەوەندە ئەمێنێتەوە تا لە ئالیکی مایىنەکە پارەی ماینێکی دەست ئەکەوێ و ماینێکی تر ئەکرێ.

پاش ئەوە هەڵئەستێ بڕوا، ئەچێتە لای حەماغا مالاوایی لێ ئەکاو کارە ساتەکەشی بۆ ئەگێڕێتەوە. حەماغا سەرباری ئەوەش فەرمان ئەدا ماینێکی تریشی ئەدەنێ.

- «**ئەلیەگوەرخانی سنجاری**»: ئەلیەگوەرخانی گەورە «گەوهەر»ی هاوسەری ژیانی کۆچی دوایی ئەکاو ئەچێتە سەر گۆڕەکەی بەم شعرانەی خوارەوە ئەیلاوێنێتەوە:

**یە چە زولمی بوو کەردی لە بارگەم**

ئەنگوشت ناهاڵ کەری ئەشارەم وار بوویت وە بورج ئەقل وەستاوەم

کوورکەردی سەراو سەرچەشمەی زەینم نابینا کەردی رەوشەنی عەینەم

بەزەییت ناما وە جەسەو هاڵم خامووش کەردی شەو چرای ماڵم
خانم خۆش‌خوو خۆش‌خەیاڵم روو هامڕازو هام قەوڵ سوو ئێوارم روو
هەم هاز پشتم، هەم زوور باڵم سام سکەندەر ستون ماڵم
دەسەی گیسوان نم دادەی گولاو خەریکە لە توی ئەرز بێ ئەجاو
سەوڵ سایەدار ئەڕ ئەڕ قامەتم بێ وادە بردی تا قیامەتم
خەرمان ئەمرم پەی بەرداری وەباد لە دەس جەورت فەلەک هەزار داد
نادا هەر کەسێ مان من گەردەن چوون فەرهاد شیرین ئەرمەن مەردەن

* * *

گڵکۆی تازەی لەیل گڵکۆی تازەی لەیل بان تا بچیم وە سەر گڵکۆی تازەی لەیل
وە دڵەی خەمین وە مەیل پڕ کەیل ئەسرین لە دیدەم مەڕژیا چوون سەیل
چووم وە سەرین شەیدای دڵ لە جووش کێل مەزارەکەی گرتم لە باوەش
دیم سدای مەیوت لە ژێر خاکەوە ئەوەش چوو ئەڕای کەس نەهاتووە
گەوهەر وات سەردار سایەی سەری من شێر شمشێر شووڕ دلاوەری من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دی دەس کووتاکە لە زاری و شینم — نە توو فەرهادی نە من شیرینم
خاک بی ئەجاو سەرد کردیە مەیلم — نەتوو چو قەیسی نە من چو لەیلم
بچو خەریک وە وەزیندەگانیت — فکر کە وە هاڵ دەوران فانیت
بازارِ گەردوون هەر ئیدە کەردەن — کێ ئەزیز وە خاک خالی نەسپەردەن؟
فەلەک باخەوان توولە نەمامە — ئیچین مەنەرۆ ئەو چین تەمامە
بازارِ گەردوون ئیدە کارشەن — هەر ساتێ سەد رەنگ لە بازارشەن
یەکە سوارەکەی فرە نازارم — ران رکاوخاس وە رووی هەزارم
کردەی یەکێکە نە دارۆ دەرەج — ئامەنەت تۆن ئەمانوڵلا و فەرەج[٧]

– فایەقبێکەس لە «تەوێڵە» موعەلیمی مەکتەب ئەبێ. کار بە دەستەکانی ئەوێ لەگەڵ هینەکانی سنووری ئێرانا هەموو جار هاتوچۆی یەکیان ئەکردو ناسراوی لە بەینیانا هەبوو. جارێک قومیسەرێکی تازە هاتبووە نوختەکەی ئەو بەری تەوێڵەوە بەشی ئێران. فایەق بێکەسیش کار بە دەستە هەرە گەورەکانی تەوێڵە کۆ ئەکاتەوە؛ وەکو مامۆستای قوتابخانەو مەعمووری ئێستهلاکت و کاتبی بەلەدیەو باشچاوش و ئەمانە وەلام ئەنێرێ بۆ نوختەکەی ئێران کە ئەم کار بە دەستەگەورانە دێن بۆ بەخێرهاتنی ئەو قومیسەرە تازەیە.

ئەوانیش کار بە دەستە گەورەکانی خۆیان وەکو پۆلیس و قایشێ لە ژور پۆلسەوە ئەمنیەو قومیسەر هەموو کۆ ئەبنەوەو چاوەڕێ هاتنی ئەمانە ئەکەن. دەستەی ئەملا کۆ ئەبنەوە ئەڕۆن.

فایەق ئەڵێ ئێوە هیچتان دەنگ مەکەن من بەم قومیسەرە تازەتان ئەناسێنم. کە ئەگەنە لای ئەوان ئەوانیش هەموو بەرزە پێ راست ئەبنەوەو بە جۆری عەسکەری رائەوەستن. فایەق خۆی لە پێشا ئەچێ و دەست ئەخاتە ناو دەست قومیسەرەکە و پێی ئەڵێ خۆمت پێ ئەناسێنم «مفلس‌الدولەی‌اعوری». ئەمە ئەڵێ و لە تەنیشتیەوە ئەویش وەکو عەسکەر رائەوەستێ.

پاش ئەو «ر. ا» ئەڕواتە پێشەوە؛ فایەق ئەڵێ پێشکەشت ئەکەم ئەم زاتە «نیرەکەروسەڵتەنەی‌مەترەقی». پاش ئەو یەکێکی تر ئەڕوا ئەڵێ ئەم زاتەش «متعقل‌خانی‌کەربابی». پاش ئەو «ش.ج» ئەچێتە پێشەوە ئەڵێ ئەمەش

---

٧ ئەمانوڵلا و فەرەج جووتە کوڕەکەی بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



«میبازولـلاخانیئـەعرەجی». پـاش ئـەو «ت.ر» ئەچێتـە پێـشەوە ئەڵـێ ئەمـەش «سفیەالدولـەیسەرخۆشـی». پـاش ئـەو «ش. ن. س» ئەچێتـە پێـشەوە ئەڵـێ ئـەم زاتـەش «پێکەڵلاخانیشاربی». پاش ئەو «ج. ش» ئەچێتە پێشەوە ئەڵێ ئەمەش «مطیع الممالکی هەڵەوەڕی». پاشان «م. ق» ئەچێتە پێشەوە ئەڵێ ئەمەش «رەقەڵالانجمەنیبێهێزی». پاش ئەو «ح. ش» ئەچێت ئەڵێ ئەم زاتەش «ورگالملکیئاوەسی». پاش ئـەو «ع.ع» ئـەچێت ئەڵێ ئەم ئاغایەش «شەکەنێرولهمایونیخرنۆکی».

بەم جۆرە هاوڕێکانی خۆشی پێشکەش ئەکا. کابراش لەم القابانە سەری سڕ ئـەمێنێ و ئەمانیش لە دڵا لە کوڵی پێکەنینان و دەنگ ناکەن؛ پاشان لێک ئاشکرا ئەبن و ئەبێ بە بەزمی پێکەنین و هەرا.

- تۆ ئەزانی لـە وڵاتی کـوردە واری لـە هـەر شـوێنێک خواردەمەنیـەکی تاقانـەی هەیـە ئەگەر نەتزانیوە بیزانە کە ئەمانەن:

تووی «گەلێن»، سرنچکی «زەنـان»، گـوێزی «هەشـەمێز»، مێـوژی «ژاوەرۆ»، باسـوقی «شاربازێر»، هـەناری «نـازەنین»، سـێوی «سەردەشـت»، هـەنجیری «ریـژاو»و «کەلـەکن»، ترێی «سەرنوێ»و «لیقان»، کالـەکی «موکریـان»، شوتی «قـەڵا چـوالان»، ناوکەکوولەکـەی «گرگـڕ»، تلیـاکی «کولیـایی»، برنجـی «دەکـە»و «ئـاکرێ»، تورشـیاتی «سـولەیمانی»، حەفتـەبیجاڕ و پەشمـەکی «سـنە»، حـەوێنج و تـووری «کـەرکوک»، ژێـر چنـەی «کۆیـە»، یـاپراخی «هـەولێر»، پیـازی «قوڕوچیـا»، نـۆکی نیـسکاوێ کـزنی «لـەیلاخ»، هـەرزنی «مەریوان»، ئاردەتووی «هـەورامان»، گـەنمی «مایدەشت»، جـۆ رەشـی «گـەرمیان»، بیـزا و گەنمەشامی «موکریـان»، لۆکـەی «شـارەزوور»، تـوتنی «شـاور»، گـەزوێ «بانـە»، بـەڕووی «کـەلیخـان»، ماسـتی «سـنجاوی»و «نـەوەڕە»و «کۆزەرەقـە»، پـەنیری «هـەرکی»و «باخچەمریـەم»، رۆنی«لاجـان»، سـالمەی «شنۆ»، کەشـک و دۆینـەی «جـاف»، حـەلوای گولەزەردەی «ژێر دەواری بەگزادەی جاف»، کەبابی «سابلاخ»، دۆی «نـاراو»، هـەنگوێنی «شامەترینکە»، پـەردەپلاوی «سولەیمانی»، خورمـای «مەنـدەلی»، نـانی «لـەیلاخ»، ترۆزی چەمیلەی «دهۆک»، بەهی «دەرەبەیان»، هەلوژەی «نایسەر»، خەیار ئـارووی «تـەوریوەر»، گێلاسی «دۆلاو»، قارچکی «میاوەران»، قەیسی شەمس و نوری «حەسەناوا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


**- لە وڵاتی کوردەواری ئەم شتانە لەم شوێنانە تاقانەن:.**

بەزم لە «کۆیە»، رەزم لە «سولەیمانی»، نەزم لە «سابلاخ»، ژیری لە «سنە»، هێڕی لە «سیان»، گێلی لە «مایندۆڵ»، وشکی لە «هەولێر»، ساردی لە «کەرکوک»، زیتی لە «وان»، قنجی لە «بەرزان»، گورجی لە «دهۆک»، سواری لە «سوور سوور»، چروکی لە «دێ دەورە شار»، شڕی لە «تەکیە»، قیتی سەربانان لە «بەرزنجە»، سمێڵ لە «بۆرەکەی»، پرچ لە «کرپچنە»،ریش لە «شەدەڵە»، کەڵەیی لە «فەیلی»، وردی لە «سنجاوی»، قسە رەوانی لە «سابلاخ»، ئەگریجەی کاڵ لە «ئامێدی»، چاوی بە خومار لە «سەقز»، شوخی لە «فەیزوڵلا بەگی»، شەنگی لە «ماش»، دیواخان لە «بەگزادەی دێ بوکری»، ناسکی لە «کەس نەزانی سەر شیوی سەقز»، سۆرانی لە «شۆڕە سواری جاف»، هەڵپەڕکێ لە «بادینان»، سەرو پێ لە «شکاک»، پشتێن لە «مەنگوڕ»، کراس لە «بۆلی»، کڵاو لە «سولەیمانی»، گۆرەوێ میرزایی لە «سنە».

**- ئەم شتانەی ئەم شوێنانە بە ناو بانگن:**

مانگای «مالوان»، ماکەری «سابلاخ»، نێرەکەری «ژاوەرۆ»، قاتری «هەورامان»، بزنی «دێلێژە»، گامێشی «موکریان»، رەوە ماینی «جافان»، مەڕی «لاجان»، بزنەمەرەزی «بانە»، شەگەلی «مەرگەوڕ»، کەڵەشێری «کرماشان»، توتکی «دێبوکری»، سەگی «هەوشار»، ڕێوی «کوێستان»، گورگی «هەوەتوو»، دوپشکی «عەربەت»، عەلیشیشی «موکریان»، چەقە چەقی سەگ «کونەماسی»، چونکە ئەرکی «جرتاوا»شیان لە سەرە.

**- هەر شتە لە شوێنیک:**

کەوچکی «هەلدەن»، پەستەکی «بانە»، کلاشی «هەورامان»، گیوەی «هەمەدان»، شالی «زاخۆ»، شەکر شکینی «سولەیمانی»، مسی «زەنگان»، سەبیلی «سەقز»، جاوی «هەجیج»، بەڕەی «بیجار»، خنجەری «بانە»، هەسانی «دەری».

- لەو کوردەوارییە کە باران نابارێ هەندێ شتی سەیر ئەکرێ لە هەندێ شوێنا دینن ناوی «چل کەچەڵ» ئەنوسن ئەیکەن بە سەر لەقە داریکەوە یا شوینیکیترا هەڵیئەواسن تا باران ئەبارێ و ئاوی بارانەکە ئەیشواتەوە. لە هەندێ شوینی ترا سەیر ئەکەن کێ بە پێی ئەو شوێنە پیاو چاکەو بە پیاوێکی بە دین بە ناوبانگە، خۆیانی لی مەڵاس ئەدەن و کتوپڕ ئەیگرن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئەیخەنە حەوزەوە ئیتر باران ئەبارێ. لە هەندێ شوێنیترا منالان دینن پارچە پەڕۆیەکی گەورە ئەبەستن بە سەر دارێکەوە و ئەیکەن وەکو بەیداخ و پیی ئەڵێن «بووکە بە بارانێ». یەکێکیان هەڵیئەگرێ و ئەوانیتر شوێنی ئەکەون و ڕوو ئەکەنە ماڵان؛ هەر کە چوونە حەوشەکەوە هەموو بە جارێ ئەڵێن:

هەناران و مەناران یا خوا داکاتە باران
بادەنگێ بیتەگوێمان لەگرمەگرمی هەوران

ئینجا کچە عازەبی ئەو ماڵە وە یا تازە بووک دێتە دەرەوە «دەرزی سنجاق»ێک ئەکا بە بەیداخەکەدا و تۆزێ ئاویش ئەپرژێنێتەوە سەر بەیداخەکەو شتێکیش ئەدەن بە منالەکان. ئەمانە بەم جۆرە بە ماڵەکانا ئەسووڕێنەوە تا بە تەواوی بەیداخەکە لە ئاوی پرژەی ماڵان تەر ئەبێ و وەکو لە حەوزت هەڵکیشابی وای لێ دێ. بە زۆرتر وەخت ئەم منالانە هیشتا بە تەواوی لە ئیشی خۆیان نابنەوە، دائەکاتە باران. لە بەر باران شپرزە ئەبن یا هەمویان خۆیان ئەکوتنە شوێنی وە یا بلاوەی لی ئەکەن. پاشان کۆ ئەبنەوە دەرزیەکان بە پارەیەکی زیاد بە نیازی مراز لی ئەکرن و بەم دەرزیانە ئەڵێن «دەرزی مراز»و نرخێکی زۆری هەیە لە بەر چاویان.

## قسەی بەتویکل

– کابرایەک مانگایەکی ئەبێ هەر چەندە ئەکەن دەستێکی نانێتە زەوی و هیچیشی نییە. ئەچن بە «شاسواری قازی خدر وەیس» ئەڵێن. ئەویش ئەڵێ: بچن بیکەن بە تەقە و هەرا بە سەریا. کە وا ئەکەن، مانگاکە دەست ئەنێتە زەوی و ئەڕوا. لە شاسوار ئەپرسن ئەڵێن ئەمە چی بوو؟ ئەویش ئەڵێ ئەوە خەونی دیبوو.

– «مەحمووی‌پیرەوەیسی‌یوسوجانی» شەوێک لە ماڵێکا میوان بوو. ژنی خانە خۆی کە بایەکی لێ بەر بووەوە چەپۆکێکی کێشا بە سەر منالەکەیا وتی: «شکڵت خواتەوە! پیاو شەرمەزار ئەکەن». هیچ دەنگ نەبوو، نووستن.

شەوێ ژنەکە مێزی هات، چوو نەیزانی لە ژوور سەری مەحمووی پیرە وەیسەوە خۆش مێزەکەی کرد. مەحمووش لای وا بوو بزنە وتی: «یخ یخ دوات بڕێ». ژنەش وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«خاڵەمەحموو بزن نییە، منم وا خوا رووی رەش کردم». خاڵە مەحمویش وتی: «خوشکێ! خوا تۆی روو رەش نەکردگە؛ خوا منی وە چەمەر کردگە. ئەگینە ئەبوایە لە هەورە تریشقەکەی ئێواریدا پاش پارگێنم[8] لێ بدایە».

- کابرایەکی کورد بوو بە میوانی کابرایەکی‌تر. دنیا زستان بوو لە گوێ ئاگردانەکە دانیشتبون ژنی خانە خۆیەکە پشتی لە مان بوو، کونێ بوو بووە دەرپێکەی، لا ڕانی دیار بوو. مێردەکەی ویستی ئیشێکی وا بکا کە ژنەکەی خۆی داپۆشی رووی کردە میوانەکە و پێ وت: «ئیمساڵ خانووەکەم هەڵگێڕاوەتەوە نازانم تۆ پێت چۆنە؟»
لەو کاتەدا کە میوانەکە سەری بەرز کردەوە سەیری دەستەکەکان بکا مێردەکە کۆڵەوەژێکی گەرم دانرا بوو لە ناکاو ژەندی بە ژنەکەوە بۆ ئەوە تۆزێ بزوێتەوەو لەو بزوتنەوەدا خۆی داپۆشێ. ژنە لە بەر گەرمی کۆڵەوەژەکە داچڵەکاو کتوپڕ بایەکی لێ بەر بووەوە کابرای میوان سەیرێکی دەستەکەکانی کرد و وتی: «بە خوا برا هەر دەستت لێ نەدایە چاتر بوو».

- دوو کابرای کورد هەبوون یەکێکیان «ئازاد»ی ناو بوو، یەکێکیان «شێرزاد». هەر دووکیان پاڵەوان و بە جەرگ بوون. بە سەپانی چوونە لای کابرایەکی‌تر شەوێ ئەمان لەم دیو خەرمانەکەوە نوستبوون کابرای خاوەن خەرمانیش لەو دیوەوە. لە نیوەشەوا دز دێتە سەریان کابرای خاوەن خەرمان بە ئاگا دێت و ناوێری دەنگ بکا دەست ئەکا بە وڕێنە کردن لە بەر خۆیەوە ئەڵێ: «پارەم ببوایە ژنێکم بهێنایە، دوو کوڕم ببوایە یەکێکم ناو بنایە ئازاد یەکێکی شێرزاد». کە ئەگاتە ئازاد و شێرزادەکە، بە قایمتر ئەیڵێت. ئازاد و شێرزاد لە خەوەکە ڕائەپەڕن و دزەکان ئەگرن.

- کەریم‌بەگی‌فەتاح‌بەگی‌جاف ئەچێتە بەغدا لە دووکانی ئەجزاچیە ئەیەوێ خۆی بکێشی لەو کاتەدا ژنێک لەوێ ئەبێ ئەویش خۆی ئەکێشی. کەریم بەگ کە چاوی پێ ئەکەوێ ژنەی بە لاوە زۆر زل ئەبێ لە زلیەکەی سەرسام ئەمێنێ. کتوپڕ شانی ئەگرێ ئەڵێ:

---

٨- پاش پارگێن: خەتێکە وەکوو خەتی جووت بە دەوری دەوارا لێ ئەدەن بۆ ئەوە کە باران باری، ئاوەکە بەویدا بڕوا و نەیەتە ناو دەوارەکەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


«خوشکم، مەڕۆ بزانم کاممان زلترین؟» لە پاشا خۆی ئەکێشی، کەچی ئەم زیاتر دەرئەچێ. دیت بە لای ژنەکەوە -ئەوا خەڵکێکی زۆریش لە خزمەتکارو خەڵکیتر لەوێ وەستاون- ئەڵێ: «ئەگەر زیادەکەی من بخرێتە تۆوەو وەکو یەک دەرئەچین». ژنەش دەست ئەکا بە پێکەنین و لێ ئەدا ئەڕوا.

- کابرایەکی کورد ماینێکی زۆر چاکی هەبوو؛ کابرا خۆی چوو بوو بۆ کاروان، شەوێ دز هاتنە سەر ماڵەکەی بۆ ماینەکە، کەسیشی لە ماڵەوە نەبوو تەنها ژنەکەی نەبێ. ژن هەستی کرد وا دز دەورەی ماڵەکەیان داوە رووی کردە ماینەکەو پێی وت:

ماینە کەوەی یەلخوزە قەزات بکەوێ لەم کوزە
ئیمشەو نەتبا ئەو دزە

دز ماینیان برد. کابرا هاتەوەو سەیری کرد ماین نەماوە؛ لە ژنەکەی پرسی. ئەویش پێی وت کە دز هاتن بردیان، بەڵام ئەتوانی بیدۆزیتەوە. وتی چۆن؟ وتی: پەستەیەکی وام وتووە بە ماینەکەدا هەستە بڕۆ بزانە لە چ شوێنێک ئەم پەستەیانە ئەوت لەوێیە.

کابرا چوو؛ لە پاش گەڕانێکی زۆر ڕێی کەوتە گوندێک سەیری کرد منداڵان ئەو پەستەیە ئەڵێن. لە منداڵێکی پرسی کە ئەمە لە کوێ فێر بووە؛ ئەویش وتی فلانە ماڵ چوو بوون بۆ دزی ماینێکیان هێنا بووەوە. کە هاتنەوە ئەم پەستەشیان لە گەڵ خۆیان هێنا بوو. ماڵەکەی لێی پرسی، ئەویش پێشانی دا. کە چووە ژوورەوە ماینەکەی بەرچاو کەوت، راست نەوی لە جلەوەکەی کێشایە دەرەوەو هێنایەوە.

- فەقیەشێتە هەبوو لە ناو جافدا، رۆژێک ئەچێتە لای مەحمووپاشا. پاشا لێی ئەپرسی: «ها فەقیە شێتە ئێستە چی ئەکەی؟» ئەویش ئەڵێ: «وەڵلا پاشا! سەگ بە تولە ئەکەم». پاشاش ئەڵێ فەقیە شێتە سەگ بە تولە مانای چییە؟ ئەڵێ: «پاشا! مانای چی، مانای چی؟ یانی لە تۆی ئەسێنم و ئەیدەم بەو». پاشا دەست ئەکا بە پێکەنین.

- کوڕە مەلایەک هەبوو لە سولەیمانی، باوکی ئەینایە بەر هەر کار و فرمانێک سەقامگیر نەئەبوو. رۆژێ هەندێ لە فەقیەکانی باوکی ئامۆژگاری ئەکەن و بە سەریا دێن ئەڵێن: «تۆ تەماشای ئەورەحمانی برات کە بەو منالییە بزانە چەن زیرەک و گوێڕایەڵە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabatt.org

ئەویش تۆزێ رائەمێنێ و لە پاشا ئەڵێ: «ئم، ئم با ئەویش گەورە ببێ بزانن چۆن وەکو منێ لێ دیت».

- کابرایەکی کورد بە رۆژوو بوو؛ زۆری برسی بوو. تۆزێکی مابوو رۆژ ئاوا ببێ، بانگی ژنەکەی کرد وتی: خێراکە نانم بۆ بێنە با رۆژووەکەم بکەمەوە. ژنەکە وتی پیاوەکە خۆ رۆژ هێشتا بەرزە، دوو گەزی ماوە، هەتا نوێژی شێوان نەبێ رۆژووی چێ ئەکەیتەوە؟ ئەویش وتی: «کچێ، نانەکەم بۆ بێنە، خوا بەم هەزار گەزە رێوە منەتم لێ نەزانێ بەم دوو گەزەش هەر نایزانێ».

- کابرایەکی کورد چووە لای مەلا وتی قوربان کوێخاکەمان زۆرم زوڵمم لێ ئەکاو ماڵم ئەخوا؛ نازانم خوا لە رۆژی قیامەتا هەقم چۆن ئەستێنێ؟ مەلاش وتی: برام، ئیسلام گەورەیە؛ رۆژی قیامەت خوا بە تۆ ئەڵێ لەم پیاوە خۆش ببە قەسرەکەت چەند بێ ئەوەندەیترت بۆ زیاد ئەکا. تۆش گەردنی ئازا ئەکەی و خواش ئەو ئەبەخشێ. کابرا وتی: «مامۆستا، کە خوا وتی وەرە لێی خۆش ببە قەسرەکەت بۆ گەورە ئەکەم، ئەڵێم بینایی‌چاوان قەسرم ناوێ تۆ کاولە ئاشێکم بدەرێ دوو بەشی دڵۆپە بێ، بەڵام من لەو سەگبابە خۆش نابم».

- یەکێک لە بەگزادەکانی «هەڵدن» شەوێکی زستان خۆی و رەنجبەرێکی لە گوێ ئاگردانەکە بەرامبەر بە یەک دانیشتبوون. بەگ، رانکێکی دڕاوی لە پێدا ئەبێ، هەموو گەڵ و گونی دیار ئەبێ. روو ئەکاتە رەنجبەرەکەو ئەڵێ: رۆڵە ئیمساڵ بەخێر توتنێکی زۆر بکەین، رەزی سەر چاوەشمان -ئیشەڵڵا- تریی زۆر ئەبێ، ئەیکەین بە مێویژ و دۆشاو. ئەچم لە کەرکووک هەمووی ئەفرۆشم، جوان ئەسپێکی چاک ئەکڕم و قامچی رەختێکی لێ ئەدەم. رەنجبەرەکەش ئەڵێ: «بەگم! من دوعا ئەکەم ئێستا کە خوا بیدا، قامچی دەرپێیەک بکەی بۆ قامچی رەخت ئەوسا خوا گەورەیە».

- «فەتاح ئەفەنی» ناوێک قازی بوو؛ بەڵام پیاوێکی گێل و بێ‌ئەقڵ بوو. خزمەتکارێکی هەبوو ناوی مام خدر بوو. وا رێ کەوت موتەسەڕف لێکەوت و قازی بوو بە وەکیل. ئێوارە ئەچێتەوە ماڵەوە بانگ ئەکا: «خدر، خدر! وەرە هەی کەری بێ‌ئەقڵ! تۆهەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە منت ئەوت نابی بە هیچ، ئەوا لە قازێتی قەزاوە بووم بە قازی لیواو ئەمڕۆش بووم بە وەکیلی موتەسەڕف».

مام خدریش وتی: «ئەفەنی! ئەگەر بەختت بەم جۆرە بێ، ئەبی بە قازی ولایەت و ئەبی بە وەکیلی والییش؛ وە دیسان من وتوومە تۆ نابێ بە پیاو، خۆ نەموتووە نابی بە موتەسەڕف».

-پیاوێک هەبوو لە سولەیمانی، کە ئیشێک ئەهاتە پێشەوە ئەیوت: «هەر سێ تەلاقی خۆم و عەلی عرفان کەوتبێ ئەم ئیشە وا نییە». پێیان ئەوت تۆ چیت داوە بە سەر عەلی عرفانەوە؟ بۆچ ئەیخەیتە پاڵ خۆت؟ ئەویش ئەیوت: «خۆم دەمێکە تەلاقم نەماوە».

- کابرایەکی فەلا جوتیارێکی هەبوو؛ زۆر تورە و کەللە شەق بوو. شەوێک لە زستانا چێشتی نیسکێنەیان خواردبوو، ئاغە و جووتیار لە بەر ئاگرەکە دانیشتبوون. ئاغە زۆر تینوی بوو نیسکێنە جۆشی دابوو. نەیئەوێرا بە راستی داوای ئاو بکات ئەیوت: «گۆزە ئاوەکە وا لە هەیوان؛ بە خوا رەنگە چاک سارد بوبێ و ئێستا خواردنەوەی خۆش بێ». جووتیارەکەش بە ناو چاوانێکی گرژ و بە تورەییەوە ئەیوت: «شەوەکەی ساردە؛ هەڵبەت ئەویش سارد ئەبێت».

ئاغە وتی: «ئای نیسکێنە چەند ئاو کێشە». کابرا وتی: «سەگباب! خێوە چاری هەر ئەوەیە پیاو کەمی لێ بخوا».

- کابرایەک لە سەر ئیشێکی خراپ گیرا بوو. شاکر ئەفەندی -حاکمی منفرد- لێ پرسی تۆ ئەم ئیشە خراپە و بێ مەعنایەت بۆچی کرد؟ کابرا وتی: «قوربان! شەیتان پێی کردم». شاکر ئەفەندیش وتی: «مردووت مرێ! بۆچی نالێ خۆم کردم؛ شەیتان بێزی نەهات سوجدە بۆ ئادەم ببا ئێستا دێت گەوادی بۆ قنگ هەڵپچڕاوێکی وەکوو تۆ ئەکات».

- جارێک کابرایەکی کورد لای ران ئەبێ و مێگەلەکەی ئەباتە گۆی چەمێک. پەلەیەک هەرزن دیار ئەبێ، بە ناو هەرزنەکەدا ئەیبا بۆ سەر ئاوەکە. کابرای گۆرانی خاوەن هەرزن چاوی لێ ئەبێ، بە هەڕا کردن دێت و ئەلێ: برا بەولادا رانەکە بەرە. خوا هەڵناگرێ بۆچی بە ناو هەرزنەکەدا ئەیبەی؟ کوردەش ئەلێ: «گۆرانە گاڵت وە گوێزە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی کوردی کەم دەست ڕۆژێک میوانێکی هات، ئەویش هەڵسا بە هەر جۆرێ بوو پەنجاییک برنج و پەنجاییک ڕۆنی بە قەرز پەیدا کرد و هێنایەوە دای بە ژنەکەی بۆیان لێ بنێ. ژنە چوو بە جارێ هەموو ڕۆنەکەی کردە پەنجاییە برنجەکە و لێینا بە چێشت. ئێوارە کە نانی دانا میوانەکە لە بەر شلبەی ڕۆن دەستی نەگەیشتە برنجەکە زوو تێری خواردو چوە دواوە. لە پاشا کە ڕۆیشت، پیاوەکە بە ژنەکەی وتی: «ئەرێ ژنەکە من بە هەزار نالی عەلی پەنجاییک ڕۆنم قەرز کردبوو؛ تۆ بۆچی بە جارێ کردت بە چێشت؟» ژنە وتی: «بە خوا مێردەکە بۆ ڕوو سووری تۆ وام کرد». کابرا وتی: «بە خوا من ئەمویست ڕوو ڕەشی لای خوایش بوومایە و تۆ ئەو هەموو ڕۆنەت بە فیرۆ نەدایە».

- سێ چوار پیاو ئەبن بە میوانیماڵێک. ژنەکە نانیان بۆ دروست ئەکا، مناڵێکی ئەبێ هەر نووکەنووک ئەکاو داوای چێشت ئەکا. دایکەکەی چەپۆکێک ئەکێشی بە سەریاو ئەڵێ: «داکەوە باوانت شێوێ! لە مێوانەکان خراپترت بە سەر هاتووە».

- کابرایەک چووە لای سەعاتچییەک سەعاتێکی لێ کڕی، بەڵام زۆر هەرزانی لێ کڕێ. بە سەعاتچیەکەی وت: کە بەم نرخە هەرزانە سەعات بفرۆشی قازانجت لە کوێ ئەبێ؟ سەعاتچی وتی: «تۆ پیرۆزت بێ! سەعاتەکە بەرە. بە خێر وەختێ کە تێکچو و شکا، ئەو وەختە قازانجەکەم دەست ئەکەوێ».

- حاجیبرایمبەگیدەکە جارێ دابوو بە ئاواییا هەرکە نوێژ نەکا مریشکێک جەریمەیەتی. کابرایەک هەبوو «قولی» ناو بوو، چەند مریشکێکی بوو دابووی بە جەریمەدا، هیچی بە دەستەوە نەمابوو. ئەچوو بۆ مزگەوت و نوێژی ئەکرد ئەیوت: «نیەتمە ئەم نوێژە ئەکەم بۆ حاجی برایم بەگ». ئەیانوت: کورە ئەوە بۆچ وا ئەڵێیت؟ ئەیوت: «براکەم، حاجی برایم بەگ تالانی کردم. من نوێژ ناکەم وە زۆر نوێژم پێ ئەکا؛ ئەمە نوێژی ئەوە. ئاخر من باوکم نوێژی کردگە، باپیرم نوێژی کردگە؟ من چی و نوێژ چی؟»

- دەستەیەک فەقێ چوونە سەرکانیەک. سەیریان کرد چوار پێنج ژن بە ڕووت و قووتی خۆیان ئەشت. یەکێکیان گێرایەوە وتی: یەکێ لە ژنەکان چاوی بە ئێمە کەوت بانگی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەوانی‌تری کرد: کچێ! خۆتان داپۆشن ئەو پیاوانە هاتن. یەکی لە ژنەکان بە رووتی هەڵسایە سەر پێ چاوی بە ئێمە کەوت. هیچ خۆی دانەپۆشی و خۆیشی تێک نەدا بە ژنەکەی تری وت: کەنی باوانت شێوێ! کوا پیاون، ئەمانە فەقێن».

- جارێک «ئەحەی‌کرنو» رێی ئەکەوێتە ئاوایی «سەرشانە». پیرەژنێک بەرەنگاری ئەبێ و سەیری سەرو فەساڵی ئەکاو ئەڵێ: «بە قوربانت بم! وا دیارە تۆ حەکیمی. کۆکەیەکی بێ فەرمە بەڵکو دەرمانێکم بەیتێ بۆ ئەم کۆکەیە». ئەویش هێنای تۆزێ زەنجەفیلی وردی دایە، وتی بە کەفلەمە بیخۆ. دەستی برد کەڵە شاخێکیشی دەرهێنا رۆن گەرچەکی تێدا بوو، وتی ئەمەش دەرمانێکی‌ترە، لەو وەختەدا کە کەفلەمەکە ئەخۆی تۆزێ لەمەش بە پەنجە-شەرع شەرمی بۆ نییە- لە قنگت هەڵسوو، ئیتر بە دوو سێ رۆژ چاک ئەبێتەوە. پیرەژن چوو کەفلەمەکەی خوارد و رۆنەکەشی دا لە خۆی، کەچی کۆکەکەی زیاتر بوو. ئەمجارە بە دەمیشیەوە ئەترێ؛ بەڵام هەرکە ئەترِی ئەیوت: «ئەی وەڕیش باوک حەکیمەکە».

- کابرایەکی کورد چووە سەر رووبارێک ویستی لێی بپەڕێتەوە نەیئەوێرا. گۆرانێک لەوێ راوەستا بوو، پێی وت: برا ئەم ئاوە نامبا ئەگەر لێی بدەم؟ گۆرانەش وتی: «نەء». وتی ئەگەر بردمی؟ وتی ئەگەر بردتی تفێ بکە لە ریشم. کوردە دای لە ئاوەکە، ئاو راپێچی دا. لە ناو ئاوەکەدا خەریک بوو ئەخنکاو تفێ ئەکرد لە ئاوەکە. گۆرانەکە لای وا بوو ئەمە تف لەم ئەکا، رووی تێکرد و پێی وت: «تفی خۆت بکەو برۆ».

- کابرایەکی سەید بێوە ژنێکی هێنابوو، شەوێ چووە لای. تا کابرا کوتێکی بەوەوە ئەدا، بێوە ژنەکە چوار کوتی بەمەوە ئەدا. کابرا پشتێنێکی سەوزی لە پشتا بوو، رووی کردە بێوەژنەکەو پێی‌وت: «دایکم بە نۆرە، خوشکم بە نۆرە؛ بیکە بە خاتری ئەم شاڵە سەوزە کە لە پشتمایە ئەگەر سەرم لێ تێکدەی؟»

- کابرایەک دوو کوڕی هەبوو، یەکێکیان ناوی «خلە» بوو ئەویتریان «بلە». خلە حیز و بلە زۆر ئازا بوو. هەتیو و مەتیو بە کابرایان ئەوت خلەمان گاوە. ئەویش ئەیوت: «خۆیشم ئەتوانم خلە بگێم، ئێوە ئەگەر ئازان بلە بگێن».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ژنێک دوو دۆستی هەبوو، یەکێکیان ناوی «جەبار» بوو یەکێکیان «عەباس». شەوێک ڕێکەوت هەر دووکیان چۆن بۆ لای ژنە. کوتوپڕ لەو وەختەدا مێردەکەی هاتەوە. ژنە لە تاوانا شاردنیەوە. لە پاشا لە گەڵ مێردەکەیا دەستی کرد بە وردە گلەیی و وتی: ئەوەم بۆ بکرە و ئەوەم بۆ بێنە. هەر شتێکی ئەوت کابرا ئەیوت: «جەبار بیدا». جەبار لەو لاوە لە ناو ئاخورەکەدا سەری راست کردەوە وتی: «گشتی ئەخەی بە سەر منا؛ ئەی عەباسە مل قەوی بۆچ شتێک نەسێنێت؟»

-جارێک لە ئاوایی «عەنبار»[9] فەقێیەکان شەوی جەژن ئەچنە لای مەلا برایم ئاغای عەنبار بۆ رۆن و برنجی جەژن. ئەویش هیچیان ناداتێ. بە ناهومێدی ئەگەڕێنەوە و قسەکە بۆ مەلا شەفیعی مامۆستایان -کە مودەڕسی عەنبار بوو- ئەگێڕنەوە ئەویش ئەڵێ: «وا نابێ. بچن پێی بڵێن ئاغا برنج و رۆنی جەژنمان ئەدەیتێ خۆمان لێی بنێن یا خود بێن لە دیواخانی جەژن بخۆین؟ ئیتر ئەو ڕێگەیەکی سێهەمی لا نییە، بە دڵی خۆتان بەڕێتان ئەکا».

ئەمانیش ئەچن و دائەنیشن. ئاغا ئەڵێ: «ها، چیە دیسان بەرۆکتان گرتمەوە؟» ئەمانیش ئەڵێن: «ئاغا ئەوا سبەینێ جەژنە؛ گوشت و رۆن و برنجمان ئەدەیتێ خۆمان لە حوجرە لێی بنێن یا خود بێین لە دیواخان نانی جەژن بخوین؟» ئاغاش ئەڵێ: «پەککو! خۆ ڕێگەیەکی تر بۆ پیاو ناهێڵنەوە». ئینجا بە تەوسێکەوە سەیرێکیان ئەکاو ئەڵێ: «ها، ها کارەکەر و خزمەتکارم بۆ ڕاگرتون. کارەکەر و خزمەتکار! بچن بچن رۆن و برنج و کەلەشێریکیان بدەنێ با خۆیان لێی بنێن و قوزەلقورتی کەن. لایان وایە من خزمەتکاری ئەوانم».

- کابرایەکی خاوەن مالات لە گەڵ خەڕاتێک دەمە قالیان ئەبێ و بۆ شەرع کردن ئەچنەلای مەلایەک. مەلا پێیان ئەڵێ سبەینێ بێنەوە. تەورێکی دارشکاندنیان دەبێ، مەلا بە خەڕاتەکە ئەڵێ وەستا کلکێکی جوانمان بۆ بخەرە ئەو تەوەرە. خەرات ئەچێ بە دڵ و بە گیان کلک بۆ تەور دروست ئەکاو ئەیهێنێ بەو نیازە کە مەلا سبەینێ چاوێکی لێوە بێ. بەلام

---

٩- عەنبار گوندێکە لە موکریان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لە پێش هاتنی خەرِاتا کابرای خاوەن مالات مەنێک رۆن بۆ مەلا ئەهێنێ و ئەڵێ: مامۆستا رۆنی مانگا زەردە؛ زۆر خۆشە.

سبەینێ کە شەرعەکەیان ئەکا خەرِاتەکە ئەبینێ وا مەلا بە لای کابراکەی‌ترا دایئەکێشێ. ئەڵێ: «مامۆستا کلکە تەورەکە باش بوو؟» مەلا ئەڵێ: «برِۆ خزمە! مانگا ریا بە کلکە تەورتا».

- کابرایەکی پیری کورد دوو سێ کورِی هەبوو. کورِەکان رۆژێک دانیشتبوون قسەیان لە رێکخستنی ماڵ و مالاتیانەوە ئەکردو ئەیانوت ئەوە بکەین و ئەوە بکەین؛ کەرێکی شینیشیان هەبوو. یەکێکیان وتی کەرەشینیش بفرۆشین بیدەین بە ژنێک بۆ باوکمان. باوکەکەیان لەو لاوە لەم قسەیە گوێکی قوت کردەوە، لە پاشا قسەکەیان گۆرِی و هەر نەچوونەوە سەری. ئینجا باوکە هەڵیدایە وتی: «رۆڵە! لابەن قسە لە چیەوە ئەکەن؟ قسە لە کەرە شینەوە بکەن».

- کابرایەکی کورد عەلەی ناو ئەبێ، لەگەڵ کابرایەکی گاڵتەچی شاری ئەچنە مزگەوت. کابرا بە کوردە ئەڵێ: هەرچی مەلا کردی ئێمەش ئەوە ئەکەین. کە ئەچنە نوێژەوە کابرای کورد لە پشت مەلاوە ئەوەستێ و کابرای شاریش لە سەفی دووهەما لە پشت کوردەوە ئەوەستێ. کە ئەچنە سجدە، کابرای شاری دەست ئەبا گونی عەلە ئەگرێ، عەلەش لای وا ئەبێ نوێژ ئاوایە. ئەویش دەست ئەبا گونی مەلا ئەگرێ. مەلا تۆزێ بە دەنگی بەرز ئەڵێ «سبحان ربی الاعلی» کابرای شاری تۆزی گونی عەلە ئەگوشێ. عەلەش گونی مەلا ئەگوشێ و مەلا تەنگەتاو ئەبێ و بە قایم و بە جیرِی ئەڵێ: «سبحان ربی الاعلی». عەلەش ئەڵێ: «عەلەو مەلەی نەگەرەکە وەو شێخ کەریمە تا گونم بەر نەدەن گونت بەر نادەم».

- دوو ئاغا پێکەوە قاوڵتی ئەکەن، یەکێکیان دەنکێ برنج بە ریشیەوە ئەمێنێتەوە. خزمەتکارێکی ئاقڵی ئەبێ دەرفەتی دەست ناکەوێ کە ئاغا تێ بگەیێ. ئینجا هەر لە دیواخانەکەدا رووی تێ ئەکاو ئەڵێ: «ئاغە! ئاسکێ لە چیمەنەکەتا ئەلەورِێ ئەمر بکە بە پێنج کەس بچن دەری کەن». ئاغە دەست بە جێ تێ ئەگاو دەست ئەبا بە هەر پێنج پەنجەی دەنکە برنجەکە دەر ئەهێنێ و فرِێی ئەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabani.org

ئاغەکەی‌تر کە دێتەوە ماڵەوە ئەچێتە ئەدەبخانەو بە خزمەتکارەکەی خۆی ئەڵێ‌ئا بچو مەسینەیەکم بۆ بێنە. کابرا مەسینەکەی بۆ ئەباو ئاغەکەی پێ ئەڵێ: ئاگات لێ بوو خزمەتکاری خەڵکی چلۆن ئاقلانە ئاغەی خۆیان تێ ئەگەیەنن بۆ ئەو دەنکە برنجە کە لە ریشیا مابووەوە؟ دەسا تۆیش بزانم ئەتوانی ئاقڵیەکی وا بنوێنێ؟ خزمەتکار ئەڵێ: بمبینە.

بە هیوای ئەوە نۆکەرەکەی قسەیەکی ئاقلانە بکات، دەنکێ برنج بە ریشی خۆیەوە قایم ئەکات. خزمەتکارەکە چاوی پێ ئەکەوێ ئەڵێ: ئاغە، ئاغە! ئەوی سەر پیشاوەکە وا بە ریشتەوە».

- کابرایەکی بانەیی هەبوو گوڵمحەمەدی ناو بوو؛ ئازاو نەترس بوو. هەموو جارێک بە تەنها کاروانی لە بانەوە ئەبرد بۆ سەقزو لە سەقزەوە کاروانی ئەهێنایەوە بۆ بانە. جەردە نەیائەتوانی بچنە سەر ڕێی. ڕۆژێک چوار هەتیو تەگبیری لێ ئەکەن ئەڵێن نە ئێمە ئەو بکوژین و نە ئەو یەکی لە ئێمە بکوژێ، بە فێڵ رووتی بکەینەوە.

هەڵئەستن لە «کەلی خان» لە سەر ڕێگەکەیا بۆی دائەنیشن. وەختێ لە دوورەوە قەرانتوی دەرئەکەوێ هەر چواریان تفەنگەکانی خۆیان ئەشارنەوە و ئەبن بە دوو دەستەوەو بە درۆ دەست ئەکەن بە جنێودان بە یەکتری و لە پاشا بە زللە و مستەکۆڵە لە سەرو گوێلاکی یەک بەر ئەبن. گوڵمحەمەد کە ئەبینێ دەست ئەکا بە جنێو پێدانیان، ئەڵێ هەتیو شەڕ مەکەن لێتان ئەدەم و لوولە تفەنگێ لە بن دەستی یەکێکیان ئەسرەوێنێ. کوتوپڕ یەکێ لوولە تفەنگەکە و یەکێ جڵەوی ئەسپەکەی و دوانیشیان هەر یەکێ قۆڵێکی ئەگرن و دایئەبەزێنن پاک‌و پوختە رووت و قووتی ئەکەنەوە. ئیتر گوڵمحەمەد وەکو شەلی شوانان گاو دێتەوە. لێی ئەپرسن خۆ تۆ کەس نەیئەتوانی بێتە ڕێت، ئەم جارە بۆچی ئەمەت بە سەر هات؟ وتی: «فلانی هەر کەسێ پیاوەتی لە کەلی خان بکات وەهای بە سەر دێ».

- کابرایەکی کورد ڕێی ئەکەوێتە ماڵی پیاوێکی شینکی. برسی ئەبێ داوای نان ئەکا. خانەخۆی سێ چوار نان و جامێ دۆشاوی بۆ دائەنێ. میوان تەماشا ئەکا دۆشاوەکە ڕۆنە، نانەکەش هەرزنەو زۆر ڕەقە؛ هەر چەن ئەیکا بە دۆشاوەکەدا شتێکی وای پێوە نابێ. ناچار نانەکە لە دەستیا ورد ئەکا ئەیکاتە دەمیەوە و جامە دۆشاوەکە ئەنێ بە سەریەوە قومی زل زلی لێ ئەدا. کابرای خانەخۆی وتی: «خزمە چلۆن نان و دۆشاو وا ئەخورێ؟ ئەبێ نانەکـ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لە دۆشاوەکە هەڵکێشی و بیخۆی». میوانەکەش وتی: «قوربان! ئەم نانە رەقە و ئەم دۆشاوە شلە. تۆ بۆ منت داناوە بیکەم بە قوزەڵقورتم، ئەبێ بەم جۆرە بخورێ».

- کابرایەکی پاک و تەمیزی سنەیی رۆژێک بە پیادە بە ڕێگادا ئەڕوا و ئەگاتە قەراخ ئاوی قشلاخ. ئەڵێ: من نادەم لەم رووبارە؛ جلەکانم تەڕ ناکەم. کەسێک ببێ ولاغێکم بۆ بێنێ سواری ببم یا خود بمکاتە کۆڵی بمباتە ئەو بەر، چەندی پارە بووێ ئەیدەمێ. کابرایەکی «نایسەر»ی لەوێ ئەبێ ئەڵێ: دوو قەرانم بدەرێ من بە کۆڵ ئەتپەڕێنمەوە. کابرا دوو قەرانەکەی ئەداتێ و سواری کۆڵی ئەبێ. کابرای نایسەری لە ناوە ڕاستی ئاوەکەدا خۆی ئەدا بە زەویدا هەموو لەشی ئەو هەژارە تەڕ ئەبێ. بەم جۆرە ئەچنە ئەو بەرەوە.

سنەییەکە ئەڵێ: خوا بتگرێ من بۆیە پارەم دا بە تۆ کە جلەکانم تەڕ نەبێ؛ تۆ بۆچی وات کرد؟ کابرا ئەڵێ: «وەڵلا قوربان! من بە منالی شیری گامێشم خواردوە. بە دەست خۆم نییە لێم بووە بە خوو، هەر چەن بچمە ناو ئاو ئەبێ بنووم». سنەیی یەکەش ئەڵێ: «بەخوا فلانی، جلەکانی من وشک ئەبێتەوە؛ بەلام ئاخری تۆ بەم خووە ئەچی».

- کابرایەکی شارەزوری لە ئاشنایەکی بازرگانی سولەیمانی هەندێ کوتالی کڕی کە پایز وەختی حاسلات پارەکەی بداتێ. بازرگان دەفتەری گرت وتی: «دە گەز بلووری، هەر بە دوو قەرانە؛ تۆ بڵێ دوو قەران و نیو ئەمە ٢٥ قەران. بیست گەز چیت، هەرگەزێک بە تارانیەک، تۆ بڵێ بە ریالێک ئەمە هەمووی کردیە ٢٥تارانی. مەرحەمەیەک نرخی دوو قەرانە، تۆ بڵێ دوو قەران و نیو، فێستێکی ژنانە بایی سێ قەرانە، تۆ بڵێ سێو نیو. کەوایەکی شەیتان بێزی بە هەقی درون و هەمو شتێکەوە ئەکاتە سیانزە قەران، تۆ بڵێ پانزە. جووتێ کەوش و جووتێ کلاش، هەقەکەی نۆ قەرانە، تۆ بڵێ دە قەران قەیناکا». ئەمانەی لە دەفتەرەکە نووسی و ئینجا وتی: «عەزیزم، تۆ مەڵێ خاترم ناگرێ؛ دووکان دووکانی خۆتە، بەلام شتێک هەیە من قەرزاری خەڵکم و تۆش هەتا سێ مانگیکە پارەم نادەیتێ هەشت قەران با قازانجی بێ». ئەویش نوسرا.

پاشان وتی: «رۆحەکەم! خۆ تۆ لە سایەی خواوە خاوەن خەرمان و بەرە جووتی، کە خەرمان هەڵئەگری بایی دە پانزە تارانی هەر خەرمان لۆغە بە خەڵکی ئەدەی، با هەشت تارانیش خەرمان لۆغە بێ ئەویش نوسرا و ئەینجا بە کابرای وت: هەر وەکوو عەرزم کردی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دووکان دووکانی خۆتە، هەر شتێکت پێویست بوو ئەوانە هەیە. کابراش کەل و پەلی خۆی پێچایەوەو گەلێ مالاواییشی لێ کردو و رۆیشت.

– مەلایەک لە دییەک رۆژێ حەدیسی ئەخوێندەوە فەرمووی «هەر کەسی قەرانێک لە رێ خوادا بدا، خوای تبارەک و تەعالا دە قەرانی ئەداتەوە». کابرایەک گوێی لەم وەعزە بوو وتی: «من بیست سەر بزنم هەیە، وا چاکە بیفرۆشم و پارەکەی بکەم بە خێر بەلکو پارەیەکی زۆرم دەست بکەوی». هەلسا بزنەکانی پێش خۆی دا بردنیە شار فرۆشتنی دای بە پانزە لیرە. چواردە لیرەی دا بە هەژارو فەقیر. لیرەیەکیشی بۆ خەرجی خۆی گلدایەوە. پێنج شەش رۆژ سوورایەوە هیچی دەست نەکەوت. هات چووە مزگەوتێک لە ئەدەبخانەکە دەستی بە ئاو ئەگەیاند خەیال بردیەوە وتی: «سەیرکە ئەم مەلایە چۆن تەفرەی منی داو چی پێ کردم؟ هاتم بە قسەی ئەو هەر چێکم هەبوو لە ناوم داو ئەوا ئێستە لە قەرانێ زیاتر هیچم پێ نەماوە. خستمیە سەر ساجی عەلی. شەرت بێ کە چوومەوە هیچ نەکەم تا مەلا ئەکوژم، چونکە منی مال ویران کرد». لەو کاتەدا قەرانیەکەش لە باخەلی دەرپەڕی کەوتە عابخانەکەوە. وتی خۆ من هیچم پێ نیە بیدەم بە نان پێ بڕۆمەوە؛ جلەکانی داکەندو خۆی خستە عابخانەکەوە بەلکە قەرانیەکە دەربێنێ. ئابخانەکە قوول بوو، نوقم بوو، سێ قوم گواو چووە دەمیەوە قووتی دا. کە دەستی گێڕا پریاسکەیەکی بەردەست کەوت؛ دەری هێناو سەر کەوتە سەرێ. چووە وسال خانەکە لەشی خۆی شت و جلەکانی لە بەر کردەوە و پریاسکەی کردەوە، سەیری کرد سەدو چل لیرەی تیایە. ئیتر دەست بە جێ ملی رێگای گرتوو هاتەوە. رۆژێک کە دیسان مەلا وەعزی ئەدا فەرمووی «هەر کەسێ قەرانێک لە رێ خوادا بدا خوا دە قەرانی پێ ئەدا». کابرا هەلیدایە وتی: «مامۆستا تۆ کە حەدیس ئەخوێنێ بە تەواوی بیخوێنە لیی کورت مەکەرەوە». مەلا پرسی چلۆن؟ وتی: «ئەوەش بلێ هەتا سێ قومیش گواو نەخواتەوە خوا نایداتێ».

– لەو ولاتە تازە ئەو پۆلیسانە داهاتبوون کە پێیان ئەلێن «پۆلیسی غەیرە نیزامی». دەستەیەک لەمانە لەو شاخەی پشتی پێنجویندا بە شوێن چەتەدا ئەسورێنەوە دوو کوڕی جاف تووشی ئەمانە ئەبن. یەکێکیان بەو یەکەیان ئەلێ: ئەرێ برا ئەمانە چین؟ ئەلێ: «برا بێژم چی؟ ئەگەر بێژم پۆلیسن، پۆلیس نین. ئەمە رەنگبێ ئەوانە بوون کە پێیان بێژن پۆلیسی غەیرە نیزامی». ئەلێ برا پۆلیسی غەیرە نیزامی یانی چی؟ ئەلێ: کوڕە یانی وەکو ڕەییفی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەمانی عوسمانی. ئەڵێ: «ها رەییف! دەسا برا ئەم دەور و دووکانەش دووی دا لەمە. چاوت لێ وو عوسمانیش هەر کە کەوتە رەییف گرتن چۆن یەکێکی دا لەمە؟»

- مەلایەک هەبوو لە سولەیمانی-بە رەحمەت بێ!- بزە نی ئەم مەلایە ناوبانگی دەرکردبوو. دوژمنی هەبوو لە گەڵ شتی تریش هەموو بە دەستیەوە هەراسانیان پێ هەڵگیرابوو. مەلا لەم دوا دواییەدا چاوەکانی کز بووبوو؛ هاتو چۆی لای حەکیمی ئەکرد بۆی. حەکیم رۆژێک پێی وت مەلا تۆزی خۆت لە ئیشی شەرعی بگرەوە. وتی: «حەکیم ئەفەنی ناتوانم». وتی کە ناتوانی هاتوچۆی لای منیش مەکە؛ چونکە من تا تۆ ئەوە ئیشت بێ چاوتم پێ چاک ناکرێتەوە.

چووە لای حەکیمێکی‌تر، هەموو وایان پێ وت. تەنانەت حەکیمێک پێی وت دە رۆژ واز بێنە من چاکت ئەکەمەوە. وتی ناتوانم. وتی حەفتەیەک. وتی ناتوانم؛ وتی حەکیم ئەفەنی ئەمانەی پێ ناوێ یەک سەعات ناتوانم ئەو ئیشە نەکەم. حەکیم وتی کەواتە برۆ چاوی تۆ بە من چاک ناکرێتەوە. زۆری پێ‌نەچوو مەلا کوێر بوو؛ ئینجا ئەیوت: «ئۆخەی وا کوێر بووم، ئیتر جارێکیکە پێم ناڵێن گان مەکە».

- کابرایەکی حەکیم هەبوو کوڕێکی هەبوو فێری پزیشکی ئەکرد، بۆ ئەوە ئەگەر جار جار بهاتنایە بە شوێنیا بۆ سەر نەخۆش، خۆی پیر بوو کوڕەکەی بناردایە. رۆژێک هاتن بە شوێنیا بۆ ئەوەی بچێت بۆ سەر نەخۆشێک. کابرا کوڕەکەی نارد. کوڕ کە چوو هیچی لە نەخۆشی نەخۆشەکە نەئەزانی هەر ئەوەندە نەبێ وتی: ئەمە دەروونی ئەگرێ، ئاوی ساردی بدەنی با بخواتەوە. هێنایان ئاویان دا بە نەخۆش؛ هەر دایانێ و خواردیەوە نەخۆش وەڕەس بوو، وتی: بۆ خاتری خوا چیم لێ ئەکەن؟ ئەم هەموو ئاوە چییە؟ من ناتوانم. کوڕە حەکیم وتی: ئێوە بە گوێ ئەو مەکەن بیدەنێ. ئینجا بە زۆر ئەیانکرد بە گەروویا. نەخۆش قوڕ بە سەر لێ بڕا، ئیتر جێگە نەمایەوە ئاوی تێکەن. کوڕە حەکیم وتی: ئەوە بۆچی نایدەنی؟ وتیان ورگی پڕ بوو جێگە نەماوەتەوە. وتی: بۆچ من حەکیمم یان ئێوە؟ بێنن لەخوارەوە دەستووری کەن بە ئاوی سارد. دەستیان کرد بە دەستوورکردنی. کوتوپڕ ئەوەندەیان زانی شەقەیەک لە ورگی کابراوە هات. کە سەیریان کرد وا ورگی شەقی برد و ئاو بەو ناوەدا فیچقەی کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی

کابرای نەخۆش بە ئاو مردو کورە حەکیم هاتەوە بۆ لای باوکی کارەساتەکەی بۆگێڕایەوە. باوکی وتی: ئاخر تۆ بۆچی وات کرد؟ وتی بابە! هیچم لێ نەزانی؛ لە ئاو بێ مزدرەتترم نەدۆزیەوە بۆی، ئاویش ئەو کەتنەی کرد. ئێنجا باوکی وتی: «رۆڵە! تۆ کە ئەچێتە سەر نەخۆشێک هەر کە چویتە حەوشەکەیانەوە لە پێشا چاوەچاو بکە بزانە چی کەوتوە: پەڕە مریشک، توێکڵە هێلکە، توێکڵە شووتی، چی کەوتووە. کە چویتە سەری و نەبزت گرت بڵێ ئەم نەخۆشە ئەو شتەی خواردووە بۆیە نەخۆش کەوتووە؛ جارێ هیچی مەدەنێ هەتا ئێوارێ خۆم دێمەوە، بۆ ئەوەی ئەو شتە هەزم بکا؛ ئەو وەختە دەرمانی ئەدەمێ. ئەوسا کە هاتیتەوە شتەکە بۆ من بگێڕەوە من دەرمانەکەت پێ ئەڵێم و کە چویتەوە ئەیدەیتێ. ئیتر ئەمەیە حەکیمی. وتی: «باشە بابە».

رۆژی دوایی لە ماڵێکی گەورەوە هاتن بە شوێن حەکیمەکەدا بۆ سەر نەخۆشێک. حەکیمیش کوڕەکەی نارد و پێی وت ئامۆژگاریەکەت لە بیر نەچێتەوە. کوڕەکە چوو؛ چووە حەوشەوە چاوە چاوی کرد شتێکی وای بەرچاو نەکەوت، تەنها کورتانە کەرێک نەبێ کە دانرابوو. چووە سەرەوە نەبزی نەخۆشەکەی گرت و وتی: «ها، ئەمە گۆشتی کەری خواردووە بۆیە نەخۆش کەوتووە. هەتا ئێوارە هیچی مەدەنێ با گۆشتەکە هەزم کا ئەو وەختە خۆم دێمەوە دەرمانی ئەدەمێ». ئیتر هەڵساو هاتەوە بۆ لای باوکی.

ئەهلی ماڵەکەش هەموو لەم حەکیمیە سەریان سڕ ما. بە باوکی وت: «بابە ئەو نەخۆشە گۆشتی کەری خواردبوو، بۆیە نەخۆش کەوتبوو. جا تۆش دەرمانەکەی بۆ بڵێ». باوکی وتی: چلۆن؟ وتی: بابە هەر چەن چاوە چاوم کرد هیچم بەرچاو نەکەوت؛ نە توێکڵە شووتی، نە هەنار، نە هێلکە، تەنها کورتانە کەرێ دانرا بوو. دیارە ئەوە گۆشتی کەری خواردووە بۆیە ئەو کورتانە لەوێ کەوتبوو. ئینجا باوکی وتی: «بە خێر بیتەوە رۆڵە! ئێوارە کە چویتەوە بۆ سەری بڵێ دەرمانی ئەو کەسە کە گۆشتی کەر بخوا ئەوەیە میشکی پیاوی کەری دەرخوارد بدرێ ،ئەو وەختە چاک ئەبێتەوە».

- جارێک کابرایەکی کورد رووە و قیبلە مێزی ئەکرد. مەلایەک چاوی پێکەوت، وتی: برا چۆن رووە و قیبلە مێز ئەکەی، ئاخر نازانی حەرامە؟ کابرا پشتی کردە قیبلەوە دەستی کرد بە مێز کردن. مەلا وتی برا ئەوە چۆن پشت ئەکەیتە قیبلەوە مێز ئەکەی؟ ئینجا رووی کردە خۆرەلات. مەلا دیسان وتی: برا نازانی حەرامە پیاو رووە و خۆرەلات مێز بکا؟ کابرا رووی کردە خۆرنشین. مەلا وتی: ئای ئەوە چۆن روو ئەکەیتە خۆرنیشن و مێز ئەکەی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرای قوڕ بە سەر مێزی لێ بوو بە قوزەلقورت. ئینجا سەری کێری گرت و بە دەوری خۆیا ئەسووڕایەوە و مێزی ئەکرد و ئەیوت: «خوا سەر لەو کەسە بشێوێنێ کە سەری لێ شێواندم».

- کابرایەک لە گەڵ کاروان چوو بوو بۆ سنە. لە بازاڕ تووشی ناسیاوێکی هات وتی: ئێوارە بۆ نان خواردن وەرە بۆ ماڵی ئێمە. ئێوارە کابرا هەڵسا بچێ بۆ ماڵەکە، لە ڕێگا تووشی هاوڕێکی بوو وتی بۆ کوێ ئەچی؟ وتی: ئەچم بۆ ماڵی فلان کەس. وتی پیاوی چاک بە ئەمنیش لەگەڵ خۆت بەرە. وتی باوکم ئەو پیاوە هەر خۆمی بانگ کردووە تۆ ببەم بڵێم چی؟ وتی بڵێ برامە.

لێیاندا ڕۆیشتن؛ لە ڕێگەدا تووشی ناسیاوێکی‌تر هاتن. پرسی بۆ کوێ ئەچن؟ کابرا وتی: فلان کەس منی بانگ کردوە ئەچم بۆ ئەوێ. پرسی ئەی ئەمە چیە لە گەڵت؟ وتی: وەڵلا ئەڵێ منیش بەرە و بڵێ برامە. کابرا وتی: کەواتە منیش دێم با بڕۆین. لەوێ بڵێ کوڕمە. چارناچار لێیاندا ڕۆیشتن. دیسان لە ڕێگا تووشی یەکێکی‌تر هاتن. پرسی خێرە وا یەکتان گرتووە؟ وتی: وەڵلا! من لە ماڵی فلان کەس بانگ کراوم؛ ئێستە وا ئەمانەش هاتوون هەر یەکە ناوێکیان بۆ خۆیان دۆزیەتەوە. وتی: «یاڵلا! با بڕۆین منیش دێم». کابرا وتی: باوکم ئەوا ئەمە کوڕمە و ئەمەش برامە و تۆ بکەم بە چی؟ وتی بڕۆین خاوەن ماڵەکە خۆی ناوم بۆ ئەدۆزێتەوە. هەر چواریان چوون.

خانە خۆی وتی: ئەرێ برا من هەر تۆم بانگ کردبوو ئەمانە چین لەگەڵت؟ وتی: لێیان بپرسە خۆیان پێت ئەڵێن. ڕووی کردە یەکێکیان وتی: برا تۆ چیت؟ وتی من برایم، لەوی‌تریانی پرسی ئەی تۆ چیت؟ وتی قوربان منیش کوڕیم. کابرا ئیتر ورگی ئاوسا پێ هەڵنەگیرا ڕووی کردە ئەوی ئاخر وتی: «ئەی کەرانباوگاو تۆ چیت؟ گوو خۆریت؟» کابرا ڕووی کردە هاوڕێکانی وتی: «نەموت خۆی ناوم بۆ ئەدۆزێتەوە».

- لە قسەی گوێ ئاگردانی کوردانە ئەڵێ:

دنیا زستان بوو؛ بەفر لە زەویدا بوو. ڕێوییێک و ورچێک هەر یەکە سێ بەچکەیان هەبوو؛ بوون بە دەستە برا و چوونە ئەشکەوتێکەوە بەو نیازە تا زستان ئەڕوا ببن بە یەک ماڵ. ورچە هەموو ڕۆژێک ئەچووە دەرەوە شتێکی پەیدا ئەکرد ئەیهێنایەوە خۆی و بەچکەکانی ئەیانخوارد؛ ڕێوی لە بەر بەفر دەر و دەشتی پێ نەئەکرا خۆی و بەچکەکانی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برسا لات کەوتبوون. ڕۆژێک ورچە لە ماڵ نەبوو ڕێوی برسێەتی زۆری بۆ هێنا، چوو یەکێ لە بەچکەکانی ورچەی هێنا خۆی و بەچکەکانی خواردیان و دەم و لێوی خۆیان سڕیەوە. ئێوارە ورچەکە هاتەوە، ڕێوی بە نووکەنووک چووە پێشوازیەوە وتی: «یەکێ لە بەچکەکانمان نەماوە». ورچەکە هاتەوە سەیری کرد لە بەچکەکانی ئەوە؛ دەستی کرد بە بۆڕە بۆڕ و گریان؛ ڕێویش لە گەڵیا.

زەمانێکی تری پێچوو ورچە لە ماڵ نەبوو، ڕێویەکە چوو یەکێکی‌تر لە بەچکەکانی هێناو خۆی و بەچکەکانی خواردیان و دەم و لەوسی خۆیان سڕیەوە. ئێوارە کە ورچە هاتەوە، ڕێوی بە نووزەنووز چوو بە پێریەوە و وتی: «یەکێ لە بەچکەکانمان دیسان نەماوە». ورچە وتی: «لە هینەکانی من یا هینەکانی تۆ؟» وتی: «نازانم؛ ئەوەندە ئەزانم لە سەر زلە خڕەکان نەماوە». ورچەکە هات و تەماشای کرد لە بەچکەکانی ئەوە، دیسان خۆی نایە قوڕ و کەوتەوە بۆڕە بۆڕ؛ ڕێویش لەگەڵیا.

دوو بەشی زستان ڕۆیشت، دیسانەوە ڕۆژێک ورچە لە ماڵ نەبوو ڕێوی چوو تاقە بەچکە ورچێک مابوو، ئەویشی هێنا لەگەڵ بەچکەکانی خۆیا شەق و پەقیان کرد خواردیان و دەم و لێوی خۆیان سڕیەوە. ئێوارە کە ورچە هاتەوە ڕێوی خۆی نایە قوڕ و هەر لە دورەوە بە گریان و باوکەڕۆ ڕووی کردە ورچە. ورچە پرسی ئەوە چیە؟ وتی: «بە خوا ئاغە دیسان دانەیەکی‌تر لە بەچکەکانمان نەماوە». ورچە وتی: «لە هینەکانی من یا هینەکانی تۆ؟»

ئەوا ئیتر بەهاریش هات و دنیا ڕەشایی تێکەوت. ڕێوی خۆی تووڕە کرد و وتی: «بێ قەزا بی! من ئەم زستانە هیچ دەنگم نەکردووەو هەر دامە سک. ئەم من من و تۆ تۆیە چیە ئەیکەی؟ بڵێ بەچکەکانمان، ئیتر ئەمە چیە؟ تازە جارێکی کە من ئەم هاوڕێتی و یەک ماڵیە ناکەم بە دوعا». ئەمەی وت و لەگەڵ بەچکەکانی خۆیا خۆیان دەرباز کرد.

- مەلایەک لە دێکا وەکوو عادەتی کوردەواری ڕۆژی جەژن بوو لە گەڵ ئەهلی جەماعەتەکەی چوونە جەژنە پیرۆزەی ماڵەکان. ئەچوونە هەرماڵێک ئەبوا شتێکیان هەر بخواردایە. مەلا ئەوەندەی خواردبوو لە پێ کەوتبوو. گوێدرێژێکیان هێنا سواری بوو کەوتە پێشیان. ماڵی پیرەژنێک لە خواری ئاواییەوە مابوو، چونە ئەویش. مەلا وتی: دانەنیشین؛ هەر بە سەر پێوە جەژنە پیرۆزەی لێ ئەکەین و ئەگەڕێینەوە. کە چوون ئیتر نە ئەو دابەزی نە خەڵکەکەش دانیشتن هەر لە بەر قاپیەکەوە جەژنە پیرۆزەیان کرد و بەرە و دوا بوونەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیرەژن هاتە دەرەوە وتی: لە دەورتان گەڕێم! ئاخر دانیشن پاروە نانێک بخۆن. خەڵکەکە وتیان ناخۆین، ناتوانین. مەلا پرسی: چیتان هەیە؟ پیرەژن وتی: «لە دەورت گەڕێم! شیرە وایە». مەلا وتی: «کەواتە سەری کەرەکە بسوڕێننەوە سوکە».

- ئەڵێ سێ کابرای کورد هەبوون یەکێکیان چلمن، یەکێکیان کەچەڵ، یەکێکیان شەل. هاتن گرەویان کرد کە تا سەعاتێک نە چلمنەکە لووتی بسرێت، نە کەچەڵەکە سەری بخورێنێ، نە شەلەکەش قاچی بجوڵێنێ. چلمن لە پاش تۆزێک ئاگری تێبەربوو لە بەر چلم؛ وتی: «باوکم- بەرەحمەت بێ!- تیرەندازێکی زۆر زۆر دەست راست بوو. تیری بۆ هەر شتێک بهاویشتایە سەری نەئەکرد. ئینجا هێنای دەستی چەپی درێژ کردەوە و دەستی راستی بە بەر لووتیا بردەوە بۆ لای دەستی چەپ، خێرا خێرا ئەیهێناو ئەیبرد؛ ئەیوت ئاواش تیرەکەی ئەهاویشت. بەو فێڵە خوروی لووتی خۆی دامرکانەوە. کەچەڵەکەش وتی: «بە خوا برا دنیا دەورانە-هەر دوو دەستی خۆی توند برد بۆ سەری خۆی و کڵاوەکەی گرت و هەر لە سەریا خێرا خێرا ئەیسوڕاندەوە- باوکی رەحمەتیت رۆیشت، ئێستە تۆ بەم سەر و گوێلاکەوە لە شوێنێ بە جێ ماوی». ئەویش بەم جۆرە خوروی سەری خۆی شکاند. کابرای شەلەش کە ئەمەی چاو پێکەوت، قاچەکەی بەرز کردەوە و وتی: «پیاوی درۆزن ئەم قاچەم بە قنگی! کەی وا بوو؟»

- لەو کوردەوارییە فەقێیەک ئەچێتەگوندێک ئەبێ بە میوانی ماڵی مەلا. مەلا خۆی لە ماڵەو نابێ. مەلا ژن رایەخی بۆ رائەخاو نانی بۆ دائەنێ و بە خێرهاتنێکی جوانی ئەکا. فەقێ ئەپرسێ: مامۆستا لە کوێیە؟ مەلا ژنیش ئەڵێ: بە قوربانت بم لە ئاواییەکەمان شایێک هەیە لە سەر شاییەکەیە. فەقێش لە دڵی خۆیا ئەڵێ چ قەیدی هەیە چووە نکاحەکە بکا ئەگەڕێتەوە.

زۆری پێ ناچێ مەلا دێتەوە؛ شتێکی درێژ لە ژێر عەباکەیا ئەبێ، ئەیبا لەو لاوە دائەنێ و خۆی دێت دائەنیشێ و گەلێ بەخێر هاتنی فەقیەکە ئەکا. فەقێ لە دڵیا ئەبێ بە گرێ کە ئەو شتە درێژە چی بوو مەلا دای‌نا. لێی ئەپرسی: مامۆستا پرسیار عەیب نییە هەر چەن بێ ئەدەبیشە، بەڵام ئەوە چی بوو لەو لاوە داتنا؟ مەلاش ئەڵێ: «کوڕم زوڕنابوو». فەقیەکە زۆر سەر سام ئەبێ ئەڵێ: مامۆستا زوڕنای چی؟ ئەڵێ: «رۆڵە لە سەر شاییەکە بووم، شاییەکەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بە زورنا بۆ ئەگێران». فەقی زۆری لێ ئەکۆڵیتەوە. ئاخری ئەویش ئەڵێ: «کورِم، نانی مەلایەتیەکە نامانبا بە ڕێوە. ئەگەر زورنا بە دەمەوە لێ نەدەین ئیدارەی پێ ناکەین».

- ئافرەتێک گیسکێکی هەبوو سەری بڕیبوو. چوو بۆ کانی گۆزەیە ئاو بێنێ؛ لەشە گیسکەکەش لەوێ کەوتبوو. مەلایەکی حافز لە حەوشەکەدا بوو، قورئانی ئەخوێند. بە مەلاکەی وت ئاگایەکت لەو لەشەگیسکە بێ پشیلە نەیخوا تا دێمەوە. گۆزەی هەڵگرت و ڕۆیشت. کە گەیشتە سەر کانییەکە لەویوە چاوی لێ بوو وا پشیلەیەک خەریکی گۆشتەکەیە؛ بانگی کرد مامۆستا وا پشیلە گۆشتەکەی برد. مامۆستا لە سەر خۆی و بە هێمنی وتی: «فوسسس». پشیلە گوێ نەدایە، گیسکی بردو ئافرەت گەیشتەوە مامۆستا هێشتا «فوسسسە»کەی دوایی نەهێنابوو. وتی: «مەلا، باوانت شێوێ بڵێ "فس"، ئەم "فوس فوسە" چییە؟» مامۆستا وتی: «ئافرەت! تۆ نابێ تۆزی ئەقڵت بێ؟ من چۆن قەرائەتی خۆم بۆ گیسکە لەڕێکی تۆ تێک ئەدەم؟»

- مەلایەک لە دێیێک بوو، خەڵکەکە چوون ملیان گرت وتیان مەلا ئەبێ بیت فیت فیتانێمان لە گەڵ بکەی؛ مەلای فلانە گوند و فلانە گوند هەموو فیت فیتانێ ئەکەن لەگەڵ خەڵکەکەدا؛ گوایە تۆ لەگەڵ ئێمە بۆچ ناکەی؟ مەلا وتی باوکم وازم لێ بێنن من پیاوی فیت فیتانێ نیم. ئەم زۆری وت و ئەوان کەمیان بیست. ناچار هەڵسا کیسەو سەبیلەکەی هەڵگرت و چوونە سەر کانی ژنان؛ شوێنی فیت لەوێ بوو.

لەو کاتەدا دوو ژن لە سەر کانیەکە لە سەر ئاو بوو بە شەڕیان؛ یەکێکیان بەوی‌کەیانی وت: «بڕۆ هەی واوا لێ کراو، تۆ ئەوە نیت مەلا گاتی؟» ئەوەیکەشیان پێی وتەوە: «هەی دێڵە کەر! مەلا منی گاوە یا تۆ؟»

مەلاش لەو لاوە دەستی ئەهێنا بە سەر سەبیلەکەیا بۆ ئەوە چاخی کا بۆ فیت فیتێنێ؛ وتی: «دەسا دێڵەشرینە، وەڵلا هەر دووکتانم گاوە». خەڵکەکە وتیان: مەلا ئەوە قسەیە تۆ ئەیکەی؟ وتی: «باوکم بۆچ قسە نییە؟ فت فتێنێ ئەم قسانەشی تێدایە؛ ئەگەینە بۆچ من مەلام یا فتفتێنێ کەر؟»

- کابرایەک هەبوو لە هەولێر «مستۆی وەستا چیچو»یان پێ ئەوت. خەنە و وسمە و شتومەکی ئەفرۆشت لە ناو گوزەرەکەدا. کابرایەکی دراوسێ دوکانی هەبوو لە بەرانبەریەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لە بەیانی تا ئێوارە هیچ ئیشیان نەبوو ئەوە نەبێ کە یەکێک بەوێدا تێ ئەپەڕێ دەستیان ئەکرد بە قسە پێ وتن و تانوت لێ دان لێی. کەس نەمابووەوە کە لە دەست ئەمانە دەرچێ و رزگاری بۆ بێ.

ئینجا خەڵکەکە هەستان و چونەلای بایزاغا (ئاغای هەولێر) شکاتیان لێیان کرد. بایزاغا بانگی کردن، پسوولەی سەد لیرەی لێ سەندن کە جارێکیکە قسە بەکەسیان نەڵێن. کابراکان لە ترسی ئەم جەریمەیە ئیتر بیرای بیرای ناوی کەسیان نەئەهێنا.

رۆژێک ئەوا قرچەی نیوەڕویە و دنیا زۆر گەرمەو کەس لە گەرمانا ئۆقرەی نییە. سەیریان کرد کابرایەکی کورد باوەشێ چەتفە و مشکی بەستوە بە سەرەوە، مراخانی و شەرواڵێکی ناو داری لە بەرایە. هەر لە بەر موسڵدانیەوە تا سەر سنگی پشتێنی تێ ئالاندووە. لە سەرەوە پەستەکێکی لە بەرایە، لە سەر ئەوەوە پاڵتاوێک قۆلی لە عەبایەکی چۆغەی شان سورمەی زستانی هەڵکیشاوە. «مستۆ کە ئەمەی چاو پێکەوت هەر لە دوکانەکەیدا پەڕیە خوارەوە دەستی کابرای گرت و بانگی دراوسێ دوکانەکەشی کرد وتی وەرە. پێکەوە هەموو چوونەلای بایزاغاو کیسەیەکی لە بەر دەما داناو وتی: ئاغە شەقم برد. ئەمە سەد لیرە جەریمەکەو با قسەی خۆم بکەم. ئاغە! لەم کابرایە بپرسە ئەوا عالەم لە گەرمانا ئەکولی، ئەم هەموو جلە چییە لە بەری کردووە؟ ئاغایش جل و بەرگ و خوپێچانەوەکەی کابرای بە لاوە زۆر سەیر بوو بەم قرچەی هاوینەدا. ئینجا مستۆ هاتەوە قسە وتی: «ئاغە! من کە قسە ئەکەم وە نەبێ قسەکانم بێ جێ و خۆڕایی بێ، قسە ئا لە شتی واوە ئەکەم. ئاخر دە پێی بڵێ سەگی سەگباب عالەم لە بەر گەرما پرووزەی بە ئاسمانا ئەچێ، تۆ بۆچ وەکوو یاپراخ خۆتت پێچاوەتەوە؟»

ئیتر ئاغە سەد لیرەکەی دایەوە بە مستۆ و وتی بڕۆ سەربەست بە چی قسە ئەکەن لەگەڵ هاورێکەتا بیکەن؛ بۆم دەرکەوت قسەکانتان هەموو لە شوێنی خۆیانە.

---

- کابرایەکی دەوڵەمەند ئەکەوێتە سەر و سەودای حەج. لە گەڵ کاروان بەرێ ئەکەون، ئەڕۆن؛ لووسکەیەکی ئەبێ ئەویش لەگەڵ خۆی ئەبا. ئەگەنە ئەو ولاتی «نەجد»ەکابرا هەوەس ئەیگرێ و بەرۆکی لووسکەکەی ئەگرێ. کوڕەش ئەڵێ نابێ و نەکراوە لە ناو ئەم حەشاماتەدا چۆن ئەبێ؟ ئاخر ئێمە بۆحەج ئەچین. کابرا ئەڵێ: «هەتیو! تۆ لیرە وا بکەی باقلێکم لە سەر کێوی عەرەفات دەنگمان دەردێنێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پیاوێک لە سولەیمانی هەبوو «حاجی ئەحمەد»ی ناو بوو؛ بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە، حاجی ئەحمەد رەش. دوکتورێکیش لەو وەختەدا لە سولەیمانی بوو پێیان ئەوت «دوکتور مەلک». ئەم حاجی ئەحمەدە خێزانەکەی نەخۆش ئەبێ ئەیبا بۆ لای دوکتور مەلک. هەر جارە کە ئەیبا پارەیەکی باشی لێ ئەستێنێ. حاجیش بێجگە لەوە کە لە دڵا دەردە دڵ بکا هیچی تری پێ ناوترێ. جارێکیان ئەیباتەوە بۆ لای، ئەویش داوای چل رووپیە هەقی تەماشا کردنی لێ ئەکا.[١٠]

حاجی چل روپیە هەڵ ئەگرێ و ئەکەویتە بازاڕی سولەیمانی، هەمووی ئەکا بە پوول و بە عانە و ئەیکاتە دەستەسرێکەوە و نقەنق پێوە ئەنیشێو ئەیبا بۆ دوکتور و لە سەر مێزەکەی دایئەنێ. دوکتور ئەڵێ: کاکە ئەحمەدئەوە چییە؟ (ئەو وەختە حەجی نەکردبوو) ئەڵێ قوربان چل روپیەکەیە. ئەڵێ جا وا بۆچی؟ من ئەم هەموو پول و عانەیە چی لێ بکەم؟ ئەڵێ: «قوربان چیت ئەوێ؟ ئەی بچم سێ دانە قاقەزییەک دیناریت بۆ بێنم بە سەری ئەو دوو پەنجە نازدارەت بە هێواشی هەڵیگری و بیخەیتەگیرفانی ئەو کراسە سپیە جوانەتەوە، وەکوو مێشی هەڵ بگری وابێ. نەوەڵلا! بە لایەنی کەمەوە با ئێستا تووشی ئەوەندە ئەرک ببیت کە تا لە سەر مێزەکە هەڵی ئەگری و ئەیدەی بە کۆڵی فەڕاشەکەتا بەڵکو لە بەر قورسیەکەی ناوکت بکەوێ و ئەو وەختە بزانی کە چل رووپیە ئەمەیە و بە خوێنی جگەر پەیدا ئەبێ؛ نەوەک سێ قاقەزی سوکەڵە کەوا تۆ بە هیچی نەزانی».

- کابرایەک لە سەر رووبارێک راوەستابوو خەڵکی ئەپەڕاندەوە. چەند کەسێک هاتن وتیان یەکی بە چەند ئەمانپەڕێنیتەوە؟ وتی یەکی بە قەرانێک. وتیان ئەگەر ئاو بردینی؟ وتی: «هەر کامێکتان ئاو بردی پارەی ئەوەم مەدەنێ».

- کابرایەک هەبوو «یارەحەمەد»ی ناو بوو؛ تووشی کابرایەکی سنەیی بوو. تێ هەڵێچیا وتی تۆ ناوی باوکت چییە؟ ئەویش هەر ناوێکی پێ ئەوت بڕوای پێ نەئەکرد و هەر لێشی ئەپرسی تۆ ناوی باوکت چییە. ئەویش وتی باوکم! نازانم تۆ ناوی باوکی منت بۆ چییە و چیت داوە لە ناوی ئەو؟ یارەحەمەد وتی: کەرانباوگاو! ناوی باوکتم بۆ چییە؟ بۆ ئەوە قنگی پێ بسرم. وتی: «ها! کەواتە هەقتە دەسا ناوی کێری کەرە».

---

١٠- ئەو سەردەمە لەگەڵ ئەوەشا کە پارە کەم بوو، دیناریش هەبوو، رووپیەش هەبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- قازی گاوانی کەوتە سەودای درووستکردنی خانوویەک. کابرایەکی بەنناى هێنا بۆ ئەوەی بزانێ چەندی تێ ئەچێ. کابرا عەرزی کرد: قوربان من بە دوو سەد و پەنجا قەران خانوویەکت بۆ درووست ئەکەم کۆشکەکەی خانئەحمەدخانیش نەیگاتێ. قازی وتی: وەستا نەورۆز پیاوێ چاک بە، من دەرامەتێکی وام نییە؛ کۆشکی خان ئەحمەد خانیم ناوێ، شتێکی وا خۆم و منالەکانم ستاری تیا بگرین بەسمە؛ سەرم مەکە بە پەتەوە. وەستا وتی: قوربان چی ئەفەرمووی؟ ئەوی من عەرزت ئەکەم دوو سەد و پەنجا قەرانیشی لێ زیادە و تاقانە کۆشکیش ئەبێ لەم شارەدا. قازی ئەفەنی وتی: وەستا نەورۆز دوو سەد و پەنجا قەران نا، من پێنج سەد قەرانم هەیە، ئەوە پێنج سەد قەرانەکە و چوار دیوارێکم بۆ پێکەوە بنێ. وەستا وتی: قوربان تۆ ئیتر کارت نەبێ. پێنج سەد قەرانی وەرگرت و رۆیشت.

[وەستا نەورۆز]کرێکار و پاچ و خاکەنازی نارد و بناغەی خانوویەکیان دایەوە؛ بناغەی نیمچە خانوویەکیان دایەوە. بناغە هێشتا نەگەیشتبووە سەر، پارە نەماو هاتەوە بۆ خزمەت قازی وتی: قوربان پارە نەما. قازی ناوکی کەوت وتی: وەستا! تۆ ئەو وەختە کۆشکی خان ئەحمەد خانت بە دوو سەد و پەنجا قەران بۆ درووست ئەکردم؛ کەچی ئێستا بەپێنجسەد قران خانوویەکی ئەحەی جاوید بۆ درووست کردوم و هێشتا هەر لە بناغەشدایە؟ وەستا فەرمووی: قوربان! خۆ من پارەکەتم نەخستۆتە گیرفانم هەر لە خانووەکەی خۆتا خەرجم کردووە. ناچار قازی ئەفەنی ئاوا پێوە بووە شتومەکی ناو ماڵەکەی فرۆشت، ئەویشی دا بە وەستا نەورۆز.

وەستا بەینێکی‌تر هاتەوە بۆ پارە. قازی ئەمجا خشڵ و لاگیرەی خێزانەکەی فرۆشت و ئەویشی دایە. پاش چەند رۆژێکی‌تر وەستا هاتەوە بۆ پارە. خانویشی هێشتا چوار دیوارەکەی سەر نەکەوتووە. ئەمجا قازی ئەفەنی کەوتە قەرز و قۆڵە لە دۆست و ناسراو ئەویشی دایە؛ خانوو هەر تەواو نەبوو. کەوتە فرۆشتنی کەوچک و تەنەکە شکاو و تەڵە مشکی ناو ماڵ؛ ئەویشی دایە هەر تەواو نەبوو. ئیتر هیچی بە دەستەوە نەما. لە مایەی دنیا چوار کتێبی مابوو هەستا بردیە بازاڕ ئەوانیشی فرۆشت و چووە ناو ئاسنگەرەکانا تەشوویەک و خاکەنازیکی بچکۆلەو بەکرەیەکی بەننایی کڕی و ئەمانەی برد بۆ مەحکەمە. لەوێ بانگی فەراشەکەی خۆی کرد، وتی وەرە رۆڵە! ئەو قورئانە هەڵگرە لەوێ. فەڕاش قورئانی هەڵگرت و تەشوو شتەکەی لە شوێنی دانا. ئەمجا هەر کەسە ئەهات بۆ مەحکەمە بۆ شەرع کردن، ئەگەر شەرع سوێندی بەر ئەو بخستایە قازی خۆی تێ ئەکرد و دەستی بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتومەکەکان ڕائەکێشاو پێی ئەوت بڵێ: «ئا ئەو شتومەکانە بکەوێتە ماڵمەوە ئەم ئێشەم نەکردووە، وە یا ئەو پارەم لا نییە».

– کابرایەکی کورد ڕانە مەڕێکی هەبوو. کابرا پیاوێکی نوێژکەر بوو. قڕ کەوتە ڕانەکەی هەر جارە تا ئەچوو بۆ مزگەوت و ئەهاتەوە هەندێکی لێ ئەمرد. وای لێ هات هیچی نەما تاقە بزنێک نەبێ. بزن بە دارو بەردەوە نەئەوێستا. ڕۆژێک کابرا ڕووی تێکرد وتی: «سەگباب خێوە! دائەساکی باشە، ئەگینا نوێژێکت تێ ئەگرم و تۆیش لە کۆڵ ئەکەمەوە».

## شەکراوی دەماخ

– کابرایەک گێڕایەوە وتی عێل ئەچوون بۆ کوێستان. ڕۆژێک لەو دەشتی شلێرەدا تەماشام کرد ئەوا سێ چوار زەلام چاڵ هەڵ ئەکەنن. چووم بە لایانەوە؛ سەیرم کرد پیاوێکی زۆر پیر دانیشتووە نان و ماست ئەخوا و ئەوانیتریش چاڵێکی قووڵیان هەڵکەندووە، ڕاوەستاون. لێم پرسی برا ئەمە چییە؟ وتیان: «برا ئەم ریش چەرمۆگە باوکمانە. ئێمە ئەچین بۆ کوێستان، ئەمیش ناکەوێتە پاییز هەتا بیهێنینەوە؛ گۆڕستانەکەیشمان لێرەیە. ئەوە ئێستا گۆڕمان بۆ هەڵکەند کە چاوەڕێی ئەوەین نان و ماستەکەی بخواو بیخەینە گۆڕەکەو داپۆشین و بچین وە دوای خێڵەکەدا».

پیاوەکەش وردەوردە نان و ماست ئەخواو سەیریان ئەکا. منیش وتم خوا بتانگرێ پیاو ئەوە زت و زیندووە چی ئەخەنە چاڵ؟ وتیان: «برا بەشی خۆی عومری کردگە با هەر لێرە بیخەینە چاڵ خاسە. لەو لاوە بۆمان ناگەڕێتەوە وە دەم کۆچ و بارەوە».

وتی بە هەر جۆر بوو پیاوەکەم لێ سەندن و ئەوانم بەڕێ کرد بە شوێن خێڵەکەدا. پیاوم هێنایە ماڵەوە. پاییز کە عێل سەرەو خوار بووەوە کابرا هەستا چووە پێشوازی عێلەوە.

– کابرایەکی پینەچی بۆ کارکردن ڕێی ئەکەوێتە «هەڵدن»و لە مزگەوتەکەدا ئەبێ. بەیانی مجەورەکە ئاگر ئەکاتەوە، پینەچی زۆری سەرما ئەبێ ئەچێتە بەر ئاگرەکە. ئەوەندە ئەزانێ کابرایەک دێت مجەوەرەکە پێی ئەڵێ: «ئەلیاس بەگ فەرموو لای سەرەوە». ئەلیاس بەگ ئەکەوێتە ژوور پینەچییەوە. یەکێکی تر دێت ئەڵێن: خدر بەگ فەرموو لای ژوورەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەویش تەکە تەکە بە پینەچی ئەکا. زەلامێکی‌تر دێت ئەڵێن فەرموو بەگ بچۆرە ئەو سەرەوە. ئەویش ئەکەوێتە ژوور پینەچییەوە.

بەم تەرحە هەژارە ئەکەوێتە بەر دەرگا و سەرما لە بن دەستی ئەدا. لەو وەختەدا گوێرەکەیەک دێتە بەر قاپی مزگەوت؛ پینەچی ئەڵێ: «فەرموو گوێرەکە بەگ بۆ لای سەرەوە». ئینجا خەڵکەکە ئیتر دێڵن تۆزێ پینەچی گەرم ببێتەوە.

– کابرایەکی کورد ژنێکی هەبوو. [کابرا] زۆر لات بوو. زستان داهات؛ هیچیان نەبوو. قسەیان کرد بە یەک کە هەر یەکەیان بچنەوە ماڵی باوکیان و بڵێن بووە بە شەڕمان و پێکەوە نامانکرێ؛ بۆ ئەوە ئەو زستانە خۆیان پێیانەوە بەخێو بکەن.

لێیانـدا رۆیـشتن. کـە کەوتنـە بـەهـار پیاوەکـە چـوو بـە شـوێن ژنەکـەیا و لـە ماڵـی خەزوورەکەیا بە فێڵ دەستی کرد بە قسە کردن ئەیوت: «ژنەکە لە گەڵم وەرەوەو من مێردتم و خراپیم چییە؟ بۆچ تۆراوی؟»

ئەوا خەزوورەکەشی دانیشتووە و لەنگەریەک ئاردەوایان بۆ کردوون لەگەڵ کوڕەکەدا پێکەوە ئەیخۆن. لەنگەریەکە بە لای خەزوورەکەدا لار بۆتەوە هەرچی رۆنەکەیە کەوتووە بە لای ئەودا. ژنەکە چوو پەنجەیەکی هێنا بە ناوەڕاستی ئاردەواکەدا بۆ ئەوە رۆنەکەی بکەوێ بە لای مێردەکەیاو بە دەمیشیەوە وتی: «بە خوا بابە! تا دنیا ئاوابێ من لەگەڵ ئەم مێردەم ناچمەوە». باوکەکەش فێڵباز بوو کە زانی وایەو کچەکەی بۆ ئەوە وای کرد کە رۆنەکە بکەوێ بە لای مێردەکەیا و ئەم شەڕ و هەرایانە درۆ بووە، کەوچکێکی هەڵگرت و ئاردەواکەی تێک داو بە دەمیەوە وتی: «بە خوا رۆڵە! تا دنیا وا تێکچوو بێ تۆ ناچێتەوە لای ئەم مێردەت».

– دوو کابرا چوونە شار؛ چوونە ماڵی کابرایەکی بازرگان بوون بە میوان. ئێوارە کە نانیان بۆ دانان، قاپێ فرنیش لە سەر سینیەکە بوو. یەکێکیان پرسی: برا ئەم شتە خۆشە چییە؟ ئەوی‌تریان وتی: «بە رەحمەت بێ باوکم هەموو جار ئەیوت شار دوو شتی خۆشە: یەکێ حەمام؛ یەکێ مزگەوت. ئەمە یان حەمامەیان مزگەوت.

– دوو ماڵی ئاخەسووری ساڵێک لە «کانی گومە» مانەوە، نەچوون بۆ کوێستان. هاوین هات، ئینجا ئاوی سارد نەبوو بیخۆنەوە. یەکێکیان بانگی هاوماڵەکەی کرد وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rasan.org

«حەمە، سەد خۆزگەم بە پار ئەم وەختە ئاگات لێ بوو ماڵمان لە توراغ تەپە بوو؛ ئینجا کە تینوومان ئەبوو، دەممان ئەخستە کانییە ساردەکەوە قوممان لێ ئەدا؟ ئای سەد جار قوم».

- جارێک مەلایەکی سەر سپی ئەچێتە خێڵێکەوە. پیاوێکی پیری زەلامی سەرکۆماریان ئەبێ، ئەبێ بە میوانی ئەو. باس و خواسی نوێژی لەگەڵ ئەکاتەوە. کابراش هیچی لێ نازانێ و نەیبیستووە. ئەمیش ئامۆژگاری ئەکا ئەڵێ تۆ پیاوێکی پیریت و دنیا ئەبڕێتەوەو ئەبێ فێری نوێژ بیت و نوێژ بکە بۆ قیامەتت چاکە. کابرا ئەڵێ باشە، فێرم کە. مەلا پێنج شەش ڕۆژ «ڕکووع» و «سەجدە»و دانیشتنی [فێر] ئەکا.

کوتوپڕ کابرا ئەمرێ. دەرو دراوسێ دێن بۆ پرسەو سەر خۆشی کردن. لە کوڕەکەی ئەپرسن برا باوکت چیبوو وا مرد؟ ئەویش ئەڵێ: «بە خوا هیچی نەو ساق و سەلیم بوو». ئاخر نابێ ئەبێ نەخۆشیەکی هەر بووبێت. کوڕە ئەڵێ: «برا بێژم چی؟ شەش حەوت ڕۆژ لەمەو پێش کاورایەکی سەر چەرمگی گەماڵ باوکی لێ پەیدا بوو، هات فێری خوویەکی کرد پێیان ئەوت نوێژ. وەک هەسوون ئەیوەستان وەپێوە، وەک کەوان ئەیچەمانەوە، وەک توولە بۆی پێ ئەکرد وە زەویەوە، وەک گەماڵ قنگە لفسی پێ ئەدایەوە، ئەوەندەشی ئاودا وە قنگیەوە تا لە قنگیەوە ئاوجزی کرد؛ ئیتر بەرگەی نەگرت پسیا و مرد».

کابرایەک پیرەداکێکی ئەبێ و ئەمرێ. دەست ئەکا بەگریان و هاوار ئەڵێت: «باوکە ڕۆ! برا ڕۆ! بێ کەس خۆم». خەڵکوخوا لێی کۆ ئەبنەوە و ئەڵێن چی بووە؟ ئەڵێ: «ئەم خێڵە گشتی یاهویە؛ هیچیان وە هاواری کەسەوە نایەن و لە هاوسێ ناپرسنەوە». ئەوانیش ئەڵێن: کورە ئاخر چی بووە؟ ئەڵێ: «ئاگام لێوو کە ئیزرائیل هات گیانی دایکم بکێشێ؛ منیش دەستێکم گرت وە دەمیەوە، دەستێکی تریشم گرت وە کوزیەوە، خێرەمەندێکی تر نەو دەستی بگرێ وە قنگیەوە. ئیزرائیل دەویت باوک لە قنگیەوەگیانەکەی کێشا؛ منیش هەر دوو دەستم هەبوو. براکەم وازم لێ بێرن، پیاگی بێ کەس هەر بۆ مردن خاسە».

- کابرایەکی کورد نانیان نەمابوو، کۆڵێ گەنمی هەڵگرت و چوو بۆ ئاش کە بیهاڕێ. ئاشەوانەکە لەوێ نەبوو؛ ژنەکەی لە سەر ئاشەکە بوو. کابرا لێ پاڕایەوە وتی: نانمان نییە، نۆرە بڕیم بۆ بکە باراشەکەم بۆ بهاڕە. ژنە ئاشەوان هەمانەی هەڵگرت کە بیخاتە سەر دۆڵیانی ئاشەکە، هەمانە گەنم گران بوو بایەکی لێ بەر بووەوە. کابرا وتی: «ئای بە کێرم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنە ئاشەوان وتی: «حیز باب! شەرت بێ باراشەکەت بۆ لێ نەکەم بچۆ بۆ ئاشێکی‌تر». کابرا وتی: «ناماقوڵیم کرد. تۆ خوا منالەکانم نانیان نییەو برسیانە، تکات لێ ئەکەم لێم ببورە و باراشەکەم بۆ لێ بکە». ژنە ئاشەوان دڵی پێسووتا و هەمانەکەی هەڵگرتەوە بیخاتە سەر دۆڵیانەکە دیسان بایەکی‌تری گەورەی لێ بووەوە. کابرا وتی: «بە خوا ئەگەر منالەکانم هەموویان لە برسا مردن هەر بە کێرم».

- پیاوێک بۆی گێڕامەوە وتی: شەوێک لەو گەرمیانە ڕێم کەوتە ماڵی کوردێک. دنیا زستان بوو. کابرای خاوەن ماڵ لەو دیوی چیغەکەوە لەگەڵ ژنەکەی نووستبوون، منیش لەم دیوەوە. کەوتە نیوە شەو گوێم لە دەنگی ورتەیەک بوو. سەیرم کرد وا کابرای خاوەن ماڵ بەرۆکی ژنەکەی خۆی گرتووە و داوای ئیشی شەرعی لێ ئەکا. ئەویش نایداتێ. زۆری لەگەڵ خەریک بوو هەر نەیداتێ، لە پاشا وتی: «کچەکە وەو شێخ کەریمە ئەگەر نەمدەیتێ ئەچمە زگی میوانەکە». کابرا وتی: منیش لەو دیوەوە دڵم داخورپا، ئەو وەختەش مووم لێ نەهاتبوو. لە پاش بگرەو بەردەیەکی ئەوان و پاڕانەوەو نزایەکی من کە ئەم ژنە دڵی نەرم بێ ژنەکە وتی: «بێرو، بێرو، با بوێ وەخاتری کەریمە سوور و ئەو میوانە، با حەیامان نەچێ».

- لە ئاوایی «سەر شاتە» زەماوەند بوو. کابرایەکی کورد ڕانەکەی بردبوو بۆ گوێ سیروان. لەو بەری سیروانەوە شوانێکی بەرچاو کەوت. کە سەیری کرد فەتەی عەولە وتی: «هۆ هۆ، هۆ فەتە ئەوە نەچووگیتە زەماوەنەکەوە؟» ئەویش وتی: «ناوەڵڵا نەچووگم. لە کوێیە؟» وتی: «لە ئاوایی سەر شاتەیە». وتی براکە کێ لێ وو؟ وتی: «کوچکت لێ نەوارێ! چی کێ لێ وو؛ ئامەیە و خەجەیە و مەجەیە».

ئینجا فەتە گوێ فەرەنجیەکەی خۆی گرت و هەڵی ئەسووڕان و بە تاقی تەنیا لەو بەر ئاوەکەوە هەڵ ئەپەڕی و ئەیووت:

ئامەوخەجەو مەجالەیە شایی و بووکی فەتالەیە

ئەم کابراکەی تریش لەم بەر ئاوەکەوە بۆی ئەسەندەوە.

- مەحموو پاشا لە ئەستەمبول هەڵاتبوو. بە سەر وڵاتی ڕوسیادا هاتبووەوە. هەموو کوێخاو سەرکۆماری عەشرەتی جاف ئەچن بە پیریەوە. کە بە خزمەتی ئەگەن یەکە یەکە دەستی ماچ ئەکەن و بە خێر هاتنەوەی ئەکەن. لە ناو خەڵکەکەدا کابرایەکیان شەش حەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جار دەستی ماچ کرد و وتی: «پاشا، بەخێر بێیتەوە، یارەبی بەخێر بێیتەوە، سەد جار بەخێر بێیتەوە». پیاوێکیکە وتی: خزمە تۆ جارێ دوو جار سێ جار بەخێر هاتنەوەت کرد ئیتر بەسە ئەمە چیت کرد؟ کابرا وتی: «عەشرەت لێم گەڕێن؛ وەو سەی‌ساقە لەو ڕۆژەوە پاشا چوگە بۆ ئەستەموڵ من هەر وەکو جاشکێ دایکی لێ گوم بووبێ بە چەم و دۆڵ و کەژەوە لووشکە لوشک و زووڕە زووڕم بووە».

– سێ چوار ماڵ مرزنگ لە رانیە ئەبن. نەخۆشی چاوە قوولە دائەکەوێ، ئەوانیش ماڵ بار ئەکەن هەر لەو شەوە لە «زێ» ئەپەڕنەوەو [لە] دێ ئەم بەر بناری تەلان دەوار هەڵئەدەن. وەختی هەتاو کەوتن یەکێکیان ئەرشێتەوە و ئەمرێ. ئینجا گەورەکەیان ئەیوت: «دەک ماڵت بە قوڕ گیرێ ئیزرائیل! وەرە بەم تاریکە شەوە لە بیتوێنەوە بێ و بە ناو ئەم هەموو دارو دەوەنەدا ئێمە بدۆزیەوە و چقلێکیش نەدا لە چاوت، چاوێکت دەربێنێ».

– ساڵێک خێڵ ئەگاتە دەشتی شلێر. هۆبەیەک چەند ڕۆژێک لەوێ ئەمێننەوە؛ باران نایەڵێ بار کەن بچن بۆ کوێستان. کوێخایەکی ریش سپیان ئەبێ ئەڵێ: «با وە فێڵ بار کەین، وە دزی خواوە». ئەڵێن باشە.

کابرا پاش خەوتنان هەڵئەستێ ئەچێتە سەر گردەکە و ڕوو ئەکاتە ئاسمان ئەوا هەور و شریخ و هۆریشە. بە دەنگی بەرز ئەڵێ: «بار ناکەین، بار ناکەین شریخ و هۆڕت بورەوە». دەستیشی لە خێڵەکە هەڵئەتەکێنێ و بە بێ دەنگ پێیان ئەڵێ: «وە دۆلا، وە دۆلا، دۆلاو دۆڵ بۆی بڕۆن». لەو وەختەدا ئەیکاتە بروسکە و چەخماخە. کابرا ئەڵێ: «ئەی کوچکی تۆی لێ نەواری! ئەوە من ئێژم بار ناکەین، کەچی ئەو تازە کوچک‌وچەخماخەم بۆ هەڵئەکا وە شوێنمانا، وا ئەزانی من درۆ ئەکەم».

فەقێیەک گێڕایەوە وتی: ساڵێک لە کوێستانی بانە زۆر سارد بوو. چوومە ژووری مزگەوتەکە بۆ نوێژ کردن. بەیانی زوو بوو، مزگەوتەکەش ئێجگار سارد بوو، نوێژەکەم بە پەلە پەل کرد و چوومە حوجرە. کونێک لە حوجرەکەدا بوو ئەیڕوانیە ژووری مزگەوتەکە. کابرایەکی ریش سپی هەبوو مام وەسمانیان پێی ئەوت. دەستنوێژی شۆردبوو، ئاوەکە بە ریش و سمێڵیەوە بوو بوو بە زەنگوڵی سەهۆڵ. خێرا نوێژەکەی کرد و سەلامی دایەوە. منیش لە کونەکەوە وتم: «وەرمان نەگرت». کابرا سەیرێکی ئەملا و ئەو لای خۆی کرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس دیار نەبوو، هەستا نوێژەکەی کردەوە. دیسان وتم: «وەرمان نەگرت». سەیرێکی تری کرد کەس دیار نییە؛ زۆر سەری سوڕما، بەڵام لە سەرمانا هێزی تیا نەماوە. بە ناچاری هەڵسا نوێژەکەی کردەوە. هەم دیسان وتم: «وەرمان نەگرت و قەبوڵ نەبوو». هەر هەستاو کردی بە پێلاوەکانیا و بۆی دەرچوو وتی: «وەرت گرت، وەرت نەگرت چاوت دەرئەهات و ملت ئەشکا. خۆ من لە سەرمانا زیرەم کرد. وەرمان نەگرت، وەرمان نەگرت، جیکەنەیە، جیکەنە. کەمو فلقت خواتەوە، خۆی لەو ئاسمانەوە دانیشتووە و خەڵکی کردووە بە هەلاج».

- کابرایەکی بێسەری گێڕایەوە وتی باوکم وتی: ساڵێک «بابەرەسووڵ» ناردی بۆ لەشکەر کە بچێ شەڕ لەگەڵ هەمەوەن بکا. ئێمەش لە بەر دەست «فەرعاناغا»دا بیست و چوار هاتینە سولەیمانی لە ماڵی بابە رەسووڵ دابەزین. ژوورێکی گەورەیان بۆ فەرش کردین و ئێوارە نانیان بۆمان هاورد؛ چێیین؟ گێتکە؛ بەڵام گێتکە هەر یەکە بە قەدەر تووتەڵە سەگێکی یەک مانگی خڕەکە. کە هەڵمان پچڕی ناوەکەی پڕ کرا بوو لە برنج وەکو پلاو. ئەوەندە گەنو گووی بۆن خۆشی تێ کرابوو هەروا پیاو وڕ ئەبوو. ئەوەندەمان خوارد، ئەوەندەمان خوارد هەتا لە لووتمان هاتەوە.

شەو خزمەتکارەکەی بابە رەسووڵ لەو دیوەوە دەرگاکەی داخستبوو. لە نیوە شەوا ئێشی سەراومان بوو، ورد بوینەوە دەرگا داخراوە. چی بکەین، چی نەکەین؟ بوو بە گیز و هۆڕ، ناچار فەرشەکانمان هەڵدایەوە و ژێرەکەیمان پڕ کرد لە پیسایی. بەیانی فەرعاناغا ئەمەی دی وتی: «عەشرەت وەختی راوەستان نییە، ئیتر هەر کەسە پەلاماری ولاغی خۆی دا سوار بوو بەرە و ماڵ تێمان تەقان».

- پیاوێک گێڕایەوە وتی: رۆژێک تووشی کوڕێک بووم سەگێکی سەمەند کرد بوو؛ شیرێکی رووتی بە دەستەوە گرتبوو، لێم پرسی: برا ئەمە چییە؟ ئەم سەگە بۆ کوێ ئەبەی و چی لێ ئەکەی؟ وتی: (وەڵلا برا یێژن سەگەکەت هار بووگە، وا منیش ئەیبەم ئەیکوژم». وتی: منیش پێم وت: خوا هەڵناگرێ ئەم سەگە هەژارە بۆچ ئەکوژی؟ هیچ نیشانەی هاری لێوە دیار نییە. ئەویش وتی: «برا بم وە قوروانت ئەوەتە هار بووگە یێژم سەگی هار یێژی شەخسە. هاو ماڵە دویت باوکەکانم یێژن هار بووگە؛ یێژم چی؟» کابرا وتی منیش رۆیشتم ئیتر رانەوەستام قسەی تری لەگەڵ بکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لە سەر گوزەشتی کوردانەیە ئەگێڕنەوە ئەڵێن:

جارێک پیرەژنێک کورد ئەچێتە لای سلێمان پێغەمبەر، ئەڵێ دێوێکم بدێ تەنها ڕۆژێک بۆ ئەوە کۆشکێکم بۆ دروست بکا. سلێمانیش دێوێکی ئەداتێ. دێوە لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ کۆشکێکی نایابی بۆ دروست ئەکا، لە پاشا ئەڵێ ئیشی‌ترت هەیە تا بۆت بکەم؟ ئەویش ئەڵێ هیچ ئیشی‌ترم نییە. دێوە ئەڵێ: ئاخر نابێ بێ ئیش دابنیشم؛ من بۆ ئەوە هاتووم ڕۆژێک ئیشت بۆ بکەم. دەست ئەکا بە تێکدانی کۆشکەکە، تا ئێوارە تێکی ئەداتەوەو لێ ئەدا ئەڕوا.

پیرەژنەکە بەیانی لێ ئەدا ئەچێتەوە بۆ لای سلێمان پێغەمبەر کارەساتەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ دێوێکی‌ترم بدەرێ با کۆشکێکی‌ترم بۆ دروست بکا. ئەویش دێوێکی‌تری ئەداتێ. ئەمیش وەکو هێنەکەی دوێنێ تا نیوەڕۆ کوشکەکە دروست ئەکا و لە بەر بێ ئیشی تا ئێوارە ئەیڕوخێنێتەوە.

پیرەژنەکە سەر لە نوێ ئەچێتەوە بۆ شکات. سلێمان پێغەمبەریش ئەڵێ: دایکم ئاخر هەقیانە نابێ بێ ئیش دابنیشن. پیرەژن ئەڵێ دێوێکی‌ترم بدەرێ، ئیشی بۆ ئەدۆزمەوە. دێوێکی‌تری ئەداتێ، ئەمیان تا چێشتەنگاو کۆشکەکە دروست ئەکا و لە پاشا ئەڵێ: ئیشی ترت هەیە؟ پیرەژنە ئەڵێ: ئا هەیە؛ دێنێ باوەشێنێکی ئەداتە دەست و لنگەو قووچ بۆی ئەکەوێ و کونی ئەشکەوتەکەی خۆی ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ باوەشێنی ئەم ئەشکەوتە بکە تا بە «با» کونەکەی ئەگریت. دێوەش دەست ئەکا بە باوەشێن کردن. تا دەمە دەمی عەسر بە تەواوی دەستی شل ئەبێ؛ لەو کاتەدا پیرەژنەکە دنیا گەرمە و فێنکی ئەبێتەوە، تڕێک ئەکەنێ. دێوەکە ڕائەچلەکێ و ئەڵێ: ئەوە چی بوو؟ ئەویش ئەڵێ: ئەوە کونی تێ بوو. دێوە سەرێک با ئەداو ئەڵێ: «موبارەک نەبێ! من هێشتا ئەوی‌ترم نەگرتووە، کەچی کونێکی‌تری تێ بوو». هەر هەڵئەستێ باوەشێنەکە فڕێ ئەداو بۆی دەر ئەچێ.

- ساڵێک لە وەختی بەهارا کۆمەڵێک دانیشتبوون لە گوێ ئاوێک. یەکێکیان وتی: بە خوا بەهار خۆشە پیاو بچێ بۆ سەیران و چێشتی خۆش لە گەڵ خۆی بەرێ و یاری و گەمە بکەن. یەکێکی‌تریان هەڵدایەو وتی: «خاڵۆ! ناشوکری نەبێ! کەیف خۆشی نەماوە. بە سەرەکەی تۆ ساڵێک ماڵمان لەم شارەزوورە بوو، ڕۆژێک کوڕەکوڕەی هاوماڵ گرد بووینەوە. یەکێ ماست، یەکێ ماستاو، یەکێ دۆ، یەکێ سیرێژ، گلێرمان کردەوە. لالە فەتەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە رەحمەت بێ! مەشکەیەکی سووری ماڵی میمکە فەرخە هەبوو، تەقەڵ برمان کرد. سواری نێرەکەرە بۆری خۆی بوو، مەشکەی نایە بەردەمی بۆ سەراوی سوبحاناغا. کاتێ روانیمان لە نیوەی رێگا پشکی مەشکە بەر بوو، هیچ دەست نەکەوت پێ بگرێتەوە. لالەی چەمەریم ناچار کێری خۆی نیایە کونەکەیەوە هەتا چووینە سەر سەدەکە. لەوێ رامان کرد سێ چوار تەبەقمان هاورد مەشکەمان تێ قلپاند. ئینجا یەکێ نانی گەنم، یەکێ نانی جوەرەشی گەرمیان، یەکێ نانی زەڕات. خوا نەیبڕێ تێمان ولی و کردمان بە زلیا و پلیا و هەر یەکێ بە قەد مانگایەکمان خواردن. ئیتر لەو سەرەوە بە شەق لە یەک هەڵدان هاتینەوە. ئێستاکە کوانێ ئەو سەیرو سەفایە؟».

- بەگەی حوسێن مەولان هەبوو پیاوی مستەفا بەگی سلێمان کەندی بوو. وتی چەند دانەیە پێستە رێویم پێ بوو؛ ئەمبرد بۆ سابلاخ بیفرۆشم. ئەو ساڵەش رێوی حیز بوو، پارەی نەئەکرد. شەوێ رێم کەوتە «یالاوا». ماڵێکی گەورەم لێ وەدەرکەوت، چوومە ئەوێ. هەر کە نزیک بوومەوە ئافرەتێکی جوانکەلە هات و سەر رێگەی پێ گرتم؛ وتی: «بە خوا باوکم جێگەمان نییەو پیاومان لە ماڵەوە نییە». هەر چەند وتم: کچێ! ئافرەتی چاک بە، بەم زستانە و بەم نیوە شەوە بچمە کوێ، هەموو ئاوایی نوستوون، کێ رێگەم ئەکاتەوە، هیچ کەڵکی نەبوو. مـن زۆرم وت و ئەو کەمی بیست. لێیدا رۆیشت و قاپیەکەی داخست. منیش لە دەرەوە مامەوە سەرما کوتامی. ناچار تەپالدانێک هەبوو خۆمم کوتایە ئەوێ.

شەو بوو بە نیوە شەو، سەیرم کرد قاپی حەوشەکە کرایەوە و ئافرەتێک بە بێ چرپە هات بۆ تەپالدانەکە. ناسیمەوە کە ئەمە ئافرەتەکەی ئێوارەیە. هات بە هێواشی بانگی کرد: «حەمەدێ هاتووی؟» منیش هیچ خۆمم نەبرکان، وتم: «ئا». گرتمۆلکەیەکی بۆ فرێدام وتی: «ئەوە بخۆ ئێستە دێمەوە بۆ لات». کە کردمەوە تەماشام کرد دەستەسرێکی سپی ریشوداری هەڵبستراوە، پریەتی لەگوێزو مێوژو بادام؛ تێرم لێ خوارد. لەو وەختەدا ئافرەتەکە هاتەوە لامەوە، دەستمان کردە ملی یەک و یەکێکمان کرد. لە پاشا پێی وتم: «حەمەدێ گیان! کە چوویتە شار چیم بۆ دێنی؟» منیش وتم: «بە خوا خۆت ئەزانی هیچیترم پێ نییە؛ هەر رێویەو رێوی ئەگەر پارەی کرد هەر شتێکت ویست بۆت دێنم». کوتوپڕ لێم کشایەوەو وتی: «ئای رێوی باوە حیز! ئەمەتۆی؟ ئەوە چی ئەکەی لێرە؟» و هەڵسا خێرا رۆیشت. وتی منیش لە ترسا ئیتر نەموێرا لەوێ دانیشم، وتم ئێستە ئەچێ خەڵکم بە سەرا ئەرژێنێ. هەستام «کادانێک» بوو چوومە کادانەکەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆری پێ نەچوو تەماشام کرد ژنەکە هاتە کادانەکەوە بە سەبرێ بانگی کرد: «حەمەدێ هاتووی؟» منیش دەنگی خۆمم گۆڕی لە سەر خۆ وتم: ئا هاتووم. هاتە تەنیشتمەوە دەستمان کردە ملی یەک و لەوێشا یەکێکی‌ترمان کرد. پاشان وتی: «حەمەدێ گیان! کە چوویتە سابلاخ چیم بۆ دێنی؟» منیش وتم: «بە خوا هەر ڕێوییە و ڕێوی ئەگەر پارەی کرد چیت بوێ بۆت دێنم». سەیرم کرد دیسان خۆی ڕاپسکاندەوەو وتی: «ئای ڕێوی کرانباوگاو! ئەوە گەیشتیتە ئێرەش؟» ئەمەی وت و لێیدا ڕۆیشت.

فلانی ئەمجا بە تەواوی ترسم لێ پەیدا بوو، هەڵسام ئەوێشم بەجێهێشت. پشتیرە کۆنێک هەبوو چوومە ئەوێوە. لەوێش زۆری پێ‌نەچوو دیسان ئافرەتەکە هاتەوە سەری کرد بە ژوورەکەدا و منیش کۆکەیەکی بچکۆڵەم کرد وتی: «حەمەدێ ئەوە لەوێیت؟» منیش زۆر بە سەبر وتم: «ئا». ئەمجا بە سەر بەستی هاتە لامەوەو دەستمان کردە ملی یەک؛ لەوێش یەکێکی ترمان کرد. لە پاشا وتی: «حەمەدێ کە چوویتە شار چیم بۆ دێنی؟» منیش وتم: «بە خوا فلانی هەر ڕێوییەو ڕێوی ئەگەر پارەی کرد چیت بوێت بۆت دێنم». ژنە ئەمجارە دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: «خوا بتگرێ ڕێوی بۆ خۆت و کەتنت و گووی تۆیش بە گۆڕی بابی حەمەدێ».

ئینجا لێم پرسی ئێستە پێم بڵێ بزانم باس و خواس چییە؟ وتی چیت پێ بڵێم؟ ئەمە لە گەڵ حەمەدێ کەرانباوگاو گۆیا دڵمان پێکەوە بوو. ئیمشەو بڕیارمان دابوو بە یەک کە بێت بۆ لام. ئەوا ئەو حیزەڵەی خوێڕیە نەهات و تۆیش ئەم کەتنەت گێڕا. منیش وتم قەیدی نییە ئێمە بە ئیشی خۆمان گەیشتین هەر چەند زۆریشم سەرما بوو. بەیانی ئیتر نان و شیوێکی باشی دامێ و بەڕێی کردم.

کە ڕۆیشتم دنیا بوو بە چێشتەنگاو. لە سەر کانیەک دانیشتم دەسەسرە سپیم دەرهێنا هەندێ گوێزو مێوژی تێدا مابوو خواردم؛ سەیرم کرد کابرایەک هات ئەویش دانیشت چاوی بە دەستە سڕەکە کەوت، بە لایەوە سەیر بوو، وتی برا ئەو دەستەسڕەت لە کوێ بوو؟ وتم برا ناوت چییە؟ وتی: «حەمەدێ». وتم کەوابی هی تۆیەو هەموو کارەساتەکەم بۆ گێڕایەوە. کابرا لە داخا وەختبوو شەق بەرێ و دەستەڵاتیشی بە سەرما نەبوو؛ من لەو زەلامترو بە هێزتر بووم. وتم برا توورەیی پێ ناوێ، تۆیش قسە بکە. کابرا دەستی کرد بە پێکەنین وتی: «وەڵڵا ڕاستی ئەوەیە ئەم دەستەسڕەی منە گوێزو مێوژو بادامم تێ کردبوو؛ بە دیاری بردبووم بۆ ئەو دۆستەم، وە پێشم وتبوو شەوێ دێم. ئیتر بۆم ڕێ نەکەوت بچم ئەوا تۆ دەستی خۆتت وەشاند». وتم برا گوێی مەدەرێ سووچی خۆت بووە، بۆ لەمەو دواتان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دەستەسرەکەم پێ دایەوەو پێکیشەوە چووین بۆ سابلاخ تا ناو شار هاوڕێ بووین، لەوێ ئیتر لە یەک ون بووین.

- لە دەوری قاجاریەکانا قونسولی عوسمانی لە سنە هەبوو. هەر کەس بچوایەتە ژێر بەیداخی ئەوانە، ئەبوو بە تەبەعە. رەوشتی جێ بە جێ کردنی ئەم تەبەعیەتیەش ئەمەبوو، هەر کەس بیویستایە ببێ بە تەبەعە ئەچووە بەر قونسولخانە ئەیوت ئەبم بە تەبەعە. قاپیوانەکە ئەهاتە دەرەوە پەنجەیەکی تەڕ ئەکرد و ئەینا بە ناو چەوانیەوە ئەیوت: «برۆ تەبەعەبە». وەستا باقری دەلاک چوو، بوو بە تەبەعەو لە پاشا چووەوە بۆ ماڵی خۆیان. ماڵیان لەگەڕەکی «جۆراوا» بوو. بە تووڕەییەکەوە بانگی کرد لە حەنیفەخانمی ژنی وتی: «کچێ پاروێ نانم بۆ بێنە». حەنیفەخانمیش سەری سڕ ما، وتی: «پیاگەکە! ئەم زوانەت لە کوێنە هاوردگە؟» وەستا باقر وتی: «ئەڵێم پاروێ نانم بۆ بێنە قەحپەباب! ئەگینە هەڵئەستم بە خنجوکان پارچە پارچەت ئەکەم». حەنیفەخانم هاتەوە قسەو وتی: «پیاگەکە بۆ خاتری رەزای خوا، تۆ سنەیی، دایکت سنەیی، باوکت سنەیی ئەم زوانەت ئازا لە کوێ هاوردەوە؟» وەستا باقر ئەوەندەیتر تووڕە بوو، حەنیفەخانم ناچار ئیتر دەنگی نەکرد و وتی قەیناکاو نانی بۆ هێنا.

دەور سووڕایەوە؛ تەبەعە وەکو پێستە ریوی، پێستی قیمەتی ئەکرد. رۆژێک حەنیفەخانم سەیری کرد وا وەستا باقر بە هەڵەداوان و تەپوکوت خۆی کوتایەوە بۆ ماڵەوەو «کەنوو»یەکیان هەبوو، چوو لەوێ خۆی شاردەوە. حەنیفەخانم زانی چە باسە چووە سەر کەنوەکە تەماشای کرد وا وەستا باقر گورپەی کردووە. بانگی کرد: «پیاگەکە هەستە وا لە دەرەوە قازانج داوات ئەکەن». وەستا وتی: «بە قوربانت بم ژنەکە! بێژە لێرە نییە». حەنیفەخانمیش وتی: «هەستە سەگباب! راستەوە داوات ئەکەن». وەستا دیسان وتی: «حەفجار بێم بە دەورتا حەنیفەخانم گیان! بێژە بە سەر ئێوە نەهاتگەسەوە». حەنیفەخانم ئینجا وتی: «قەحپەباب! کوا خنجوکەکانت؟»

حەنیفەخانم ئافرەتێکی عەنتیکەو گاڵتەچی بوو؛ ئەمەی هەر بۆ پەن لەگەڵ وەستا باقری مێردیا گێڕا ئەگەینە هیچ لە کاردا نەبوو.

- کوێخا فەتحوڵلای بابەکراوێ گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ساڵێک لەگەڵ شێخ ئەحمەد بەردەزەردی پێکەوە قسەمان کرد بە یەک کە شەو بچین بۆ دزی. پاش خەوتنان خۆمان گورج کردەوەو چووینە قەراخ دێیەک پارێزمان بردە بەر ماڵێکی دەولەمەن. لە پاڵ تەیمانەکەوە تەماشامان کرد ژنێک لە سەر کەپرێک دانیشتبوو. چاوەڕێ بووین کە ژنەکە خەوی لێ بکەوێ، ئەو وەختە دەست بدەین بە ئیشەوە. سەیرمان کرد ژنەکە هەر نەنووست و بەینەبەینە کۆکەیەکیشی بۆ ئەکرد؛ ئێمەش لە بەر ئەوە نەوەک بیکا بە هەرا، نەچووینە سەر ماڵەکە.

کە بوو بە نیوەشەو، سەیرمان کرد ئەوا زەلامێک بە ماتەمات هات و لە تەیمانە رووخاوەکەوە چووە ژێر کەپرەکە. ئێمەش دە هەنگاوێک لێی دوور بووین؛ خۆمان بە دیوارەکەوە مات کردبوو؛ ئەوەندەمان زانی ژنەکە لە سەر کەپرەکە هاتە خوارەوە لە ژێر کەپرەکەدا راکشاو زەلامەکە سواری بوو.

لەو کاتەدا مناڵێکی پێنج شەش ساڵان لە سەر کەپرەکەوە بانگی کرد: «ئامۆژن، ئاموژن!» ژنەکە لە ژێر زەلامەکە وتی: «فاتەکە! رۆڵە مەگری ئەوا دێمەوە؛ ئینجا هەر بانگم بکە با نەترسم». کچەکە ئیتر هەر ئەیوت ئاموژن، ئەویش جوابی ئەدایەوە، لە پاش دوو سێ جار کچەکە بێ دەنگ بوو؛ تۆمەس خەوی لێ کەوتبووە. ژنەکە لە ژێر زەلامەکەوە بانگی کردەوە، فاتەکە دە بانگم کە با نەترسم. منیش هەتا هێزم تیابوو وتم: «بێ بەلا بی! ئێوە دوو، ئێمەش دوو ئەمە چوار فاتەکەش یەک ئەمە پێنج، هێشتا هەر ئەترسی؟» لە گەڵ ئەمەم وت زەلامەکە هەستاو رای کرد. ئیتر منیش بانگم کرد: «خەڵکینە! هەستن بۆ خاتری خوا ئەو کابرایە ئەم ژنەی گا». لە دەرو دراوسێ چوار پێنج کەس خەبەریان بووەوە و وتیان کوڕە کامەتە زەلام؟ وتم: ئەوەتە رای کرد بۆ پشتی مزگەوت. وتیان ژنەکە کامەیە؟ وتم: «ئەو ژنە کە ناوی نازانم و ئاموژنی فاتەکەیە».

وتی ئیتر خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەوە ئێمەش رامان کرد و دوور کەوتینەوە؛ خەڵکەکە چوونە سەر ماڵەکە. ئێمە لە دووری ئاوایی بووین گوێمان لێ بوو ژنەکە سوێندی ئەخوارد کە هیچ نەبووەو درۆیە. منیش بانگم کرد: «وەڵلاو بیللا درۆ نییە؛ راستە». یەکێک لە ئاواییەکە بانگی کرد وتی: «تۆ کێیت؟». وتم: «بە خوا دزم». ئیتر شێخ ئەحمەد هەر مرد لە پێکەنینا؛ لە پاشا وتی: «مردووت مرێ! تۆ بۆچ ئەم هەرایەت نایەوە، نەتهێشت شتێکمان دەستکەوێ؟» وتم: «خزمە! بە خوا شتێک بە گەوادی دەستم کەوێ هەر نامەوێ». لە پاش ئەوە هەر کەسە چووینەوە بۆ ماڵی خۆمان و هیچمان دەست نەکەوت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- عەزیزاغای چاوقوڵی‌حەکایەتخوان نزیکی سەد ساڵێک عەمری هەبوو؛ نەخۆش کەوتبوو، بێ حاڵ بوو. پێی ئەڵێن ئەوا حاجی‌ئەمینی‌ئەحمەدی‌خێلە هاتە لات. بەو بێ‌حاڵیە بە کوڕەکانی ئەڵێ: گورج سەرینێ بدەنە پاڵم و هەڵمسێنن؛ کە دانیشتم، عەباکەم بکەنە بەرم. ئەوانیش بە گورجی وەکو باوکیان وتوویە وەها ئەکەن؛ مەگەر لەگەڵ حاجی‌ئەمین رقیان لە یەکتری بووە. کە حاجی‌ئەمین دێت ئەڵێ: ئاغە چلۆنی؟ ئاغە ئەڵێ: بە خوا شوکر چاک بوومەتەوە؛ هیچ ناخۆشیم نەماوە؛ ئەوە ئێستا ئەچم بۆ بازاڕ و ئەڵێ ئا کوڕە-غەنی-رۆڵە قەنەیەکم بۆ تێکە. قەنەی بۆ تێ ئەکەن؛ دەست ئەکا بە قەنەکێشان. وتیان: حاجی‌ئەمین هەناسەیەکی هەڵکێشاو رۆیشت؛ هەر لە دەرگاوە چووە دەرەوە ئیتر عەزیزاغا گیانی دەرچوو.

- مەلامەئموونی‌هەڵەبجەیی سواری ماینێکی لەڕی گەڕی خارشتاوی کلک رووتاوە ئەبێ و ئەچێ بۆ شاری هەورامان. کە لە دوورەوە دەرئەکەوێ، بە جارێ پیاو و ژن و منداڵ بە هەرا کردن ئەچن بە پیریەوە؛ یەکێ دەستی ماچ ئەکا، یەکێ داوێنی، یەکێ ئاوزنگیەکەی، یەکێ کلکی ماینەکەی. ئەم لەو ئەپرسێ ئەمە چییەو ئەو لەو، یەکێ لە یەکێکی‌تر، هەر ئەڵێ نازانم؛ هەتا پیاوێکی ریش سپی ژیر دێتە پێشەوە لێی ئەپرسن ئەمە چییە؟ ئەویش ئەڵێ: «ئینە حەزرەتو عەلین و ئانەش دۆڵدۆڵەن سوارش بییەن». لە دوای هەموو چشتێ لالە زۆراب دێتە پێشەوە بە خەڵکەکە ئەڵێ: «نا، نا، نا، حەزرەتو عەلی نیەن؛ ئینە حەمەد پاشان و ئانەش ئەسپە سعودییەن.»

- مەلای تەرەمار -کە پیاوێکی بە ناو بانگە- دوو ژنی ئەبێ. شەوێک ئارەزووی ژنە بچکۆلانەکەی ئەبێ، بەڵام لە بەر ژنەگەورەکەی ناوێرێ. ئاخری پێ‌ئەنێ بە جەرگی خۆیا بە ژنەگەورەکە ئەڵێ: تۆ خوا زۆرم تینوە، بچۆ گۆزەیەک ئاوی تازەم لە کانی بۆ بێنە. ژنەکەش هەڵئەستێ گۆزە ئەنێ بە شانیەوەو ئەڕوا. کە ژنە دوور ئەکەوێتەوە مەلا دەرگا پێوە ئەدا دەست ئەکا بە ئیشی شەرعی.

ئنجا ژنەکە ئەچێتە کانی گۆزەکە ئەشواو پڕی ئەکا؛ لە دڵی خۆیا لێکی ئەداتەوە ئەڵێ: بەم شەوە ئەم پیاوە بە بۆنەی ئاو هێنانەوە دەستی بە منەوە نا؛ بە خوا رەنگە فیکرێکی بووبێ؛ با بچمەوە. بە پەلە پەل دێتەوە. وەختێ ئەنێ بە دەرگاوە تەقەی دەرگا دێت. مەلا ئیشی تەواو ئەبێ، بەڵام پێی ناکرێ دەرپێیەکەی لە پێ بکاتەوە؛ بەرماڵێ لەوێ ئەبێ فڕکە ئەکاتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر بەرماڵەکە بۆ ئەوەی ژنەکە هیچ فیکرێکی لێ نەکا دائەنیشێ و ئەڵێ: «التحیات للە السلام علیک». ژنەکە هەستی پێ ئەکا کەوا شتێکی قەوماندووە، ئەچێ دەست ئەبا کەواکەی لا ئەدا و تەماشای ناو گەڵی ئەکا، ئەڵێ: «سا پیاوی درۆزن رووی بابی رەش بێ! ئەم کێرە کێری التحیات للەیە؟» مەلا ئیتر پێ ئەکەنێ.

- سێ زەلامی کورد چوونە شاری سنە لە ماڵی پیاوێک میوان بوون. لە بەرامبەر ماڵی خانەخوێکەوە مزگەوتێک هەبوو؛ تەماشایان کرد خەڵکی هاتوچۆیان ئەکرد. یەکێکیان ناوی حەمە بوو، پیاوێکی زۆر ژیر بوو. لە دوو هاورێکەی‌تری پرسی بزانم ئەزانن ئەو خانگە چییە؟ هەر دووکیان وتیان نایزانین. وتی: دەسا من ئەیزانم، وتیان چییە؟ وتی: «وەڵلا ئەوە نوێژدانە». کابراکان وتیان: «دەک بە چاوی چڵکنەوە بی حەمە، ئەمیشت زانی؟» خانەخوێکەیان گوێی لەم گفت وگۆیە بوو؛ نوێژی شێوان وتی: خزمینە! با بچین بۆ نوێژ. وتیان باشە. یەکێکیان وتی: حەمە، خۆ ئێمە نوێژ نازانین؛ چی بکەین؟ وتی: قەیناکا مەلا چی بکا ئێمەش ئەوە ئەکەین. رەفیقێکیان رووی کردە ئەویتر وتی: «بێ ئەقڵ! پیاو لە گەڵ حەمە بێ چۆن پەکی لە سەر هیچ ئەکەوێ؟» کە چوونە مزگەوت هەر سێکیان لە تەنیشت یەکەوە لە سەفێکدا راوەستان.

مەلا چووە «رکوع». حەمە لەگەڵ یەکێ لە رەفیقەکانیا چوونە رکوع؛ بەڵام یەکێکیان هەر رەپ راوەستا بوو. حەمە لە نوێژەکەدا وتی: «کورە عەول مردگت بمرێ بچەمێرەوە مەلا رمیا». بۆ گوبەند لە رکاتی دووهەما بۆچی عەول ترێکی نەکەند. شەفە لە نوێژەکەدا دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: «هەی بە کێرم، هەی بە کێرم». عەولیش وتی: «شەفەی دوێت باوک تۆ ئەبێ هەروا بێ حەیا بی؛ بکەم وە قنگ باوکتەوە سا راوەستە با بچینە دەرەوە؛ وە شێخ کەریم! ئەوەندەت لێدەم وە کەر بێژی باوە». شەفە وتی: «مەگەر دوو ترێ‌تر لە کێرم بدەی». ئیتر حەمە رووی تێکرد و وتی: «کرانباو گاوینە! ئەم شەڕەتان لە چییە؟ ئاخر نازانن نوێژەکەتان ئەوڕگێ ئەگەر قسە بکەن؟»

- سێ زەلام ئەچنە مزگەوتێک بۆ نوێژ کردن. یەکێکیان زۆر ئاقڵ ئەبێ، ئەڵێ پیاو لە نوێژا نابێ قسەکاو هەر چی مەلا بیکا ئەبێ ئێمەش ئەوە بکەین. کە ئەچن و نوێژ دائەبەسن، مەلا ئەچێتە رکووع؛ یەکێکیان هەروا رەپ رائەوەستێ. یەکێ لە هاورێکانی پێی ئەڵێ: «کورە بڕمێرەوە، مەلا ڕمیا». ئەویش پێی ئەڵێ: «ئۆهۆ! دەستت وە گونم! نوێژەکەت وڕیا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوی ئاقڵیشیان ئەڵێ: «دەویت باوک چییە ئەم هەراو هوریایە؟ خۆم خاسم کرد نوێژم نەوڕیا».

- حەمەبەگی‌حاجی‌ڕەسوڵ‌بەگ گێڕایەوە وتی:

کابرایەکی کورد مەڕو ماڵاتێکی زۆری هەبوو لەگەڵ تاقە کوڕێکا؛ زۆری خۆش ئەویست و هەموو ڕۆژێکیش ئەینارده لای ڕانەکە. ڕۆژێک کابرا لەگەڵ ژنەکەی قسەی کرد وتی: زۆر حەز ئەکەم ژن بۆ کوڕەکەمان بهێنین و ئەلی‌مرای برام کچێکی هەیە؛ هەرچی بێ ئەو باشترە، با بۆی بێنین. بەمجۆرە بڕیانەوەو کابرا چوو خوازبێنی کرد؛ لە پاش چەند ڕۆژ بووکیان گواستەوە.

ئێوارە کوڕە ڕانەکەی هێنایەوە بۆ دەوری ماڵ بانگیان کرد. کە هات چاوی بە بووک کەوت، ڕووی کردە هاوڕێکی خۆی -کە دراوسێ و هاوماڵیان بوو لەو شوێنە بوو- وتی: حەمە ئەوە چییە؟ وتی: «ئەوە بووکە بۆ تۆمان هاوردگە، بچۆرە لای». وتی: «حەمە مردگت مرێ! من بەم گەڵ و گون و ڕانکەوە حەدم چییە بچمە لای ئەو هۆریە! ئەو لە ئاڵ و والادا ئێژی گوڵنگی سوورە». حەمە وتی: «کوڕە نایناسیتەوە؟» وتی: «ناوەڵلا!» وتی: «کوڕە ئەو کتکاڵی کەنیشکی مامەتە؛ کتکاڵ، خۆم و خۆت کە لە کەوانەی ڕانا هەموو ڕۆژ کەڕەتی لە دواوە شتمان لێ دەرئەهاورد».

بەم جۆرە پێی ناساند و شەو بە سەرداهات؛ زاوایان هێنا بیکەنە پەردە، دایکی زاوا وتی ڕۆڵە بێ ئامۆژگاریت بکەم کە چۆن بچیتە لای. وتی دایە بۆچی وا ئەزانی هیچم نەدیگە؟ چووە پەردە زۆر چاک کوتایە پاش بووک. هاتە دەرەوە وتی بووم بە زاوا. دایکی زاوا لە گەڵ یەک دوو ژن چوون تەماشایان کرد هیچ نیشانەیەک نەبوو. زاوایان بانگ کرد وتیان کورە خۆ تۆ درۆ ئەکەیت نەبوویت بە زاوا. ڕووی کردە ژنەکان و وتی: «ئەی ئەگەر نەبووم بە زاوا ئەمە گوی ئێوەیە بە لەشمەوە؟» ژنەکان وتیان وەرە وانابێ؛ شوێنەکەیان بۆ باس کرد و دووبارە ناردیانەوە ژوورەوە. ئەمجارە کە ئیشی جێ بە جێ کرد و چاوی بە خوێن کەوت هاتە دەرەوە سەری نایە گوێی باوکییەوەو وتی: «باوە! هەتا ماڵ مامۆم نەیانزانیگە بارکە بڕوین». باوکی وتی بۆچی چی بووە؟ وتی: باوە هورگیم دڕیگە. باوکی وتی مەترسە؛ ئەوە نیشانەی زاوایەتییە؛ قەیناکا.

سبەینێ ڕۆژ بووەوە کوڕە وتی: «بە خوا باوە لە گەڵ ڕان ناچم؛ یان ئەبێ کتکالیشم لەگەڵ بێ». باوکی وتی: ڕۆڵە نەبووە بە بلو کتکاڵ بێت؛ نابێ بێت. وتی: «دەسا کوزەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەم». باوکی فیکری کردەوە چوو گورچیلەی مەڕێک -کە سەریان بڕیبوو- هێنای دایێ و وتی ئەوە کوزەکەیە بیبە لە گەڵ خۆت.

کورە گورچیلەکەی هێنا لە دووری ئاواییوە [لە] سەر بەردێک دایینا، هەر تۆزە ناتۆزێک ئەچوو ماچێکی ئەکردەوەو دایئەنایەوە. کوتوپڕ قەلەڕەشێک هات گورچیلەکەی هەڵگرت و بردی. کورە بە باوکەڕۆ هاتەوە بۆ ماڵەوە. باوکی پرسی چییە؟ وتی: «باوە! قەل هات کوزەکەی برد». باوکی وتی: «ڕۆڵە، هەرا مەکە؛ بۆم سەندوویەوە». وتی: «بە خوا [تا] بە چاوی خۆم نەبینم بڕوا ناکەم». وتی: بچو تەماشاکە. کورە چوو ژنەکەی دەرپێی داکەندو نیشانیدا. کورە فیکەیەکی کردو وتی: «هەی باوکم بێ وە قوربانت! لە ترسی قەلەکە خۆی خەرانگەسەکێوە».

- دوو کابرا دراوسێ بوون. یەکێکیان دوو ژنی هەبوو، هەموو ڕۆژێ بەیانیان زوو هەڵ ئەسا ئەچوو لە مزگەوت نوێژی ئەکرد. دراوسێکەی پرسی: ئەوە بۆچی تۆ هەموو ڕۆژێ ئەچی نوێژی بەیانیان ئەکەی بە جەماعەت؟ منیش زۆرم لە لا خۆشە بێم و نوێژ بە جەماعەت بکەم کەچی خەبەرم نابێتەوەو هەموو ڕۆژێ نوێژی بەیانم ئەچێ. کابرا وتی: خزمە! تۆ تاقە ژنێکت هەیە؛ چونکە هەر خۆی لە ماڵایا دەربەستی ئەوەنییە لە قیامەتا بچێتە بەهەشت یا بچێتە جەحەنم. پرسی ئەی تۆ؟ وتی: من چونکە دوو ژنم هەیە لە بەر ئەوە کە هەر یەک بە جیا دڵم ڕابگرێ لە گەڵ مەلا بانگی دا یەکێ جلەکانم ئەدۆزێتەوەو یەکێ قاچم ئەشێلێ و بە دەورما دێن تا خەبەرم ئەکەنەوە، جلەکانم بۆ ئەگرن هەتا لە بەری ئەکەم؛ پێڵاوەکانم بۆ دائەنێن و ئەڵێن با نوێژەکەت نەچێ و خوا لێت نەڕەنجێ.

کابرای تر وتی: وا چاکە منیش ژنێکیتر بۆ خۆم بێنم. چوو ژنێکیکەی هێنا؛ زۆری پێنەچوو بشێوی و ئاژاوە کەوتە ماڵەکەیەوە؛ ئیتر هەموو وەختێ شەڕو هەرا بوو. کابرا عەیشی لێ تاڵ بوو؛ هێشتا نیوە شەو بوو لە ماڵ دەر ئەپەڕیە دەرەوە. بەیانیەک کابرای هاوڕێ هاتە مزگەوت سەیری کرد ئەوا ئەو زووتر هاتۆتە مزگەوت؛ بە پێکەنینەوە وتی: «هەر دوعای خێرم بۆ بکە ئاگات لێیە بەیانیان چۆن زوو دێیت بۆ مزگەوت و نوێژەکەت ناچێ». کابرا وتی: «یا خوا بەو دوعای خێرانە بی کە من بۆت ئەکەم هەی ناجنسی بەد فەسال! ئاخر باوکتم کوشتبوو؟ براتم کووشتبوو؟ تۆ چە ڕقێکت لە من بوو بەم دەردەت بردم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- جارێک فەتاحی بارامی هەمەوەند دەرئەچێ بۆ راوەرووت. لەو دەشتە تووشی هەلاجێک ئەبێت؛ لە دڵی خۆیا ئەڵێ: با سەیرێک بکەم بە هەلاج. ئەڵێ: «ئەرێ کاورای هەلاج! ئەوە بۆچ هەرشتێک ئەبێ ئەڵێن وەکوو گونی هەلاج ئەلەرزێ؟ ئا مشتەو کەوانەکە هەلگرەو تۆزێ هەلاجی بکە بزانم گونت چۆن ئەلەرزێ». هەلاجیش ئەڵێ ئاغە پیاوەتیت بێ، وازم لێ بێنە؛ من کابرایەکی هەژارم با بڕۆم بەڕێی خۆمەوە. ئەڵێ: ئەوە کەلامم بێ! هەلاجی نەکەی ئەتکوژم. هەلاج ناچار دەرپێی بۆ دائەکەنێ و لە سەر بەرزاییەک دەست ئەکا بە هەلاجی کردن و فەتاحیش ئەچێتە شوێنێکی نزم لە ژێرەوە سەیری گونی ئەکا بزانێ چۆن ئەلەرزێ.

تەماشا ئەکا و واشتێکی‌تر بە گونیا شۆڕ بووەتەوە؛ ئەڵێ هەلاجە ئەوە چییە؟ ئەڵێ پریاسکەیە. ئەڵێ کەواتە بیدە بە من، تۆ سێ گونت بۆچییە؟ لێی ئەستێنێ؛ کە ئەیکاتەوە پارەیە. پارە هەڵئەگرێ و ئەڵێ: هەلاج بەسە ئیتر؛ گەردنم ئازا کە. وە کەلام من وتم هەر دوو گونت ببینم نەمزانی بووە وە سێ. بڕۆ خوات لە گەڵ بە دوو گونەکەتەوە».

- پیاوێک بوو لە «حەمامیان» سۆفی سلێمانی ناو بوو. پیاوێکی زۆر لە خوا ترس و بە دین و مریدی «شێخی بورهان» بوو؛ هەموو دەمێ لە مزگەوت و خەریکی زکرو فیکر بوو؛ ئیجگار کە ناوی خۆی بیستبووەوە (سۆفی سلێمان پیاوێکی دیندارە) بە تەواوی لە وزە دەرچوو بوو؛ لە پێش نیوە شەوا ئەچووە مزگەوت و خەریکی تەسبیحات بوو. دەستە فەقیەک لە حەمامیان هەبوون، سۆفی سلێمان لەگەڵیان تێکچوو بوو؛ ئەم لێیان بووبوو بە کاک ئەحمەدی شێخ. هەر پێ ئەوتن فەقینە دیانەت وا نابێ کە ئێوە ئەیکەن. ئەیوست ئەوانیش وەکوو ئەم وا بن. لەگەڵ ئەوەدا ئەوان خەریکی خوێندنی خۆیان بوون، سەرە ڕای ئەمە ژووری مزگەوتەکەش پاڵی دابوو بە حوجرەی فەقییەکانەوە. ئەم بە شەو کە ئەچوو زکرو فیکری ئەکرد، بە جارێ موتالا و دەوری لەوان تێک ئەدا. ئەگەر بیانوتایە سۆفی سلێمان وا نابێ، ئەو ئەیوت ئێوە زەنیقن.

رۆژێک فەقیەکان قسە ئەکەن بە یەک کە چارێکی بکەن. فەقیەکی قوماربازیان تیا ئەبێ ئەچێ بە لایەوە ئەڵێ سۆفی‌سلێمان من تا ئێستە هەر چێکم لە گەڵ کردویت ئەبێ لێم ببوری و بە خەڵەتا چوو بووم. دوێنێ‌شەو خەوم دیووەو پاشە رۆژێکی زۆر گەورەت هەیە. لە ئێستە بە دواوە لە سەر دەستی تۆدا تۆبە بێ هەر بەو شەرتە لێم دلگران نەبی و چاوت لێم بێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆفی سلێمان بەم قسەیە تۆزێ خۆی گف ئەکاتەوەو ئەڵێ: «ئاخر فەقینە! من هەموو جار پێم ئەوتن کە دنیا خاڵی نییە لە پیاو چاک، لە سۆزی ناڵەی ئەولیایان سەر بکەنەوە».

بە دوو رۆژ دوای ئەوە فەقێ ئەچێتەوە لای سۆفی سلێمان و ئەڵێ: «روحم بە قوربانت بێ! لە خەوما چووبووی بۆ ئاسمان و وایان پێ وتم کە بوویت بە پێغەمبەر». سۆفی سلێمانیش ئەڵێ: «خوا ئەیزانێ؛ منیش لە خۆما شتێک شک ئەبەم؛ چل ساڵە زکرو فیکر ئەکەم، هەڵبەت ئەبێ بەرێکی ببێ بۆ ئەم ئۆمەتە». ئیتر فەقێ لەم بەینانەدا هەموو دەمێ دەست ماچ ئەکاو دەست لە سەر سنگ رووبەرووی ئەوەستێ و سۆفیش جارجار بە بۆنی کەرامەت قسەیەکی لە گەڵ ئەکا.

چەند رۆژێکی پێ ئەچێ رۆژێکیان بەیانی زوو فەقێ هەڵئەستێ و ئەچێتە خزمەتی سۆفی سلێمان ئەڵێ: «روحم بە قوربانت بێ شاهی ئەولیا! سەرەی ئەوەت هاتووە بچی بۆ ئاسمان. ئێمشەو لە خەوما بە خزمەتی شێخی بورهان گەیشتم؛ فەرمووی سلێمان پێ گەیشت و شەوی دوایی ئەچێ بۆ ئاسمان». سۆفی سلێمان هوویێکی کرد و وتی: «منیش وام بۆ دەرکەوتووە ئێمشەو "جبرائیل" دێت بە شوێنما». فەقێش وتی: «من لە کتێبا دیومە ئەفەرموێ لەم ئۆمەتە یەکێک لە بیستوحەوتی شەوی مانگێکا لە پاش نیوەشەو کە دنیا کش و مات بێ "جبرائیل" (علیهالسلام) ئەیبا بۆ ئاسمان و ئەبێ بە "پێغەمبەر" (صلی اللّه علیه وسلم). ئەوا ئێستە بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسە زاتی موبارەکی جەنابتە».

سۆفی ئمێکی بۆ کردو هەستا چووەوە ژێر ریشەکەی تاشی و کوایەکی سەوزی هەبوو، لە بەری کرد و هاتەوە دانیشت بەو نیازە کە ئێمشەو ئەچێ بۆ ئاسمان. ئیتر لای کەسیش دەنگی نەکرد؛ هەر تۆزە نە تۆزێک ئەچوو دەستنوێژەکەی تازە ئەکردەوە و تەزبیحەکەشی ئەخستە ملی.

فەقێش لەو لاوە کارەساتی ئەم بەینەی هەموو سەعاتێ گەیاندووە بە فەقیەکانیتر و ئینجا هاتن لە پێش هەموو شتێکا شتومەک و ئەسپابی خۆیان پێچایەوەو هەر یەکە بۆخچەی خۆی حازر کرد و داینا. ئینجا دوو گوریسیان پەیدا کرد و پێکیانەوە بەست. دنیاش زستانە؛ تف هەڵخەی بە ئاسمانا ئەیبەستێت.

کەوتە شەوێ و بەشێک لە شەو رۆیشت؛ هەموو خەڵکی ئاوایی نوستن؛ لێیاندا چوونە سەر بانی ژووری مزگەوتەکە لە کونە بەرۆژەکەوە بە بێ دەنگ گوریسەکەیان راهێشتە خوارەوە. سۆفی سلێمانیش لە خوارەوە ئەوە دانیشتووە و زکرو فیکر ئەکاو هەر چاوەڕێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەیە جبرائیل بێت بە شوێنیا. ژووری مزگەوتەکەش زۆر ساردە؛ بەڵام گەرمی بە خزمەت گەیشتنی بینایی‌چاوان سۆفی سلێمانی گەرم کردۆتەوە.

سۆفی ئەوەندەی زانی وا شتێک لە عاستی ئەو هاتە خوارەوە. ئەویش هەر بە عەنقەستی لە عاستی کونە بەڕۆژەکەدا دانیشتبوو. نە شتەکە وردە وردە وەکو مار کشا و هاتە سەر سەریەوە، ئەمیش دەستێکی بۆ برد، سەیری کرد گوریسە. هوویەکی کرد و لە خۆشیا وەختبوو پەڕ دەرکا. دەنگێکی ناسک لە سەر بانەکەوە هات وتی: «یا پێغەمبەر! گوریسی مەحەبەت لە خۆتەوە بەستە». سۆفیش گوریسی لە ناو قەدی توند شەتەک داو وتی: «ئیش بکە». ئینجا وردە وردە هەڵیان کێشا هەتا نزیک بە بن میچکەیان کردەوەو سەری دای لە بن میچکە. وتی: «جورەئیل لە سەر خۆت». ئەوان تۆزێکی‌تر گوریسیان ڕاکێشاو سۆفی توند بوو لە بن میچ؛ وتی: «جورەئیل! ئەڵێم لە سەر خۆت». خێرا گوریسیان ڕاکێشاو سۆفی سلێمان بە تەواوی لە بن میچ توند بوو. تۆزێ عەزیەتی پێ گەیشت؛ وتی: «جورەئیل! قسە بە گوێتا بچێ؛ ئەڵێم لە سەر خۆت». هەموو پەراسووەکانی وەختبوو بە سەر یەکا ورد ببێ وتی: «جورەئیلی کرانباوگاو! هەموو پەراسووم شکا، لە سەر خۆت».

ئینجا گوریسیان وەکو داری تەون لە سەربان بەستەوەو هاتنە خوارەوە. هەرکە نەوی لە بوخچەی خۆی و حەمامیان؛ هەر بەو شەوەو بەو تۆفە[سۆفییان] بەجێهێشت. «سۆفی سلێمان»یش لەم لاوە هەر دەست ئەکا بە جنێودان بە جوبرائیل و هەر پێی ئەڵێ لە سەر خۆت هەتا زمانی ئەشکێ.

ئیتر ڕۆژ ئەبێتەوە خەڵکی وردە وردە دێن بۆ نوێژی بەیانی؛ تەماشا ئەکەن لەم ژووری مزگەوتە نوزەیەک دێت و بەڵام ڕەنگی نییە. لە ئاخرا سەر بەرز ئەکەنەوە ئەوا یەکێک لە بن‌میچەکە توند بووەو ئەم نووزەیە لەوەوەیە. ئەچن ئەیکەنەوەو ئەیهێننەوە خوارەوە؛ سەیر ئەکەن ئەمە سۆفی سلێمانە و بە حاڵ گیانی تیا ماوەو زمانی نییە قسە بکا؛ هەم لە سەرمانا، هەم لە بەر لەشی. ئەیدەنە ئاگرەکە گەرمی ئەبێتەوە ئەکەوێتە قسە و کارەساتەکە ئەگێڕێتەوە. خەڵکەکە سەیر ئەکەن فەقیەکانیش دیار نین؛ کە ئەچن بە شوێنیانا تەماشا ئەکەن ڕۆیشتوون؛ ئینجا ئەزانن ئەمە کەتنی ئەوان بووە. ئیتر سۆفی سلێمان بە نیوە نمەک و دەواو دەرمان بە یەک دوو مانگ ئەو وەختە چاک بووەو ئاقڵ بووبوو بۆ دەستە فەقیەکی‌تر.

- کابرایەکی بانگوێژ بە منداڵانی ئەخوێند. کوڕێکی زیرەک و وریای هەبوو؛ کابرا لە گەڵ دایکی کوڕەکەدا ڕێ کەوتبوو. کوڕە ڕۆژێک چووە لای باوکی وتی بابە مامۆستام لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rahnri.org

گەڵ دایکم بە تەنها لە ژوورێکدا بوون، با بچین مامۆستام بکوژین. باوکەکەی وتی: رۆڵە حەواڵەی خوای بکە. لە دوای سێ چوار رۆژێکیکە دیسان ئەڵێ: بابە ئیمرۆ چاوم لێ بوو مامۆستا دەستی لە ملی دایکما بوو با بچین بیکوژین. کابرا ئەڵێ: با ئێمە نەیکوژین هەر حەواڵەی خوای بکەین.

کوڕە تەماشا ئەکا باوکی هیچ نابزوێتەوە؛ هەڵئەستێ ئەچێ شووشەیەک عەرەق ئەکڕێ لە باخەڵی قایمی ئەکاو لە پێش بانگی شێواندا ئەچێتە مزگەوت لای مامۆستای. مامۆستا زۆر دەمێکە حەز ئەکەم جارێک لە گەڵ تۆ بێمە سەر منارەکەو تەماشای دنیا بکەم. مامۆستا ئەڵێ: زۆر چاکە ئێستە ئەچم بانگ ئەڵێم تۆیش وەرە.

هەردووکیان سەرکەوتنە سەر منارەکە. بانگوێژەکە هەر لەگەڵ وتی «اللّٰه اکبر»، کوڕە پاڵێکی پێوەنا. کابرا کەوتە خوارەوەو دەسبەجێ شوشە عەرەقەکەشی بە دوایا فڕێدایە خوارەوە. کابرا هەر لە حەواوە هەپرون هەپرون بوو. خەڵکی کە هاتنە دیاری، [بینییان] شووشەیەکیش عەرەق شکاوە؛ عەرەق بەو ناوەدا بڵاو بووەتەوە. وتیان: ئای خۆ ئەم بانگوێژە عەرەقخۆر بووەو بە سەر خۆشی کەوتۆتە خوارەوە.

کوڕە ئیتر هاتە خوارەوەو چوو بە باوکی وت: تۆ ئەزانی مامۆستام عەرەقی خواردبوەوە لە سەر مەنارەکە کەوتە خوارەوە پارچەپارچە بوو؟ کابرا وتی: رۆڵە، پێم نەوتی حەواڵەی خوای بکە؟ کوڕە وتی: «قوڕ بە سەر ئەقڵت! بە خوا ئەگەر حەواڵەی خوام بکردایە هەتا دە سالیکە لە گەڵ دایکم هەر گەمەو گاڵتەی ئەکرد. خۆم لە سەر مەنارەکە پاڵم پێوەنا و خستمە خوارەوە».

- عەلیاغای پشدەر لە دێی «گەلاڵە» دائەنیشت. هەموو هێزێکی ئاغەیەتی دابووە سەر قسەی زل گێڕانەوە. گێڕایەوە وتی:

سەیدێک لەو سەرە هاتبوە لای ئێمە؛ پێیان ئەوت «سەی بارۆکە». ئێمەش زۆر حورمەتمان ئەگرت و لە راستیشدا پیاوێکی خانەدان بوو؛ لێی قەوما بوو. ژنێکی بە عیشوە و نازی بوو؛ «سەیزادە سەمەن»یان پێ ئەوت؛ لووتی بە سەی باڕوکەدا نە ئەهێنا. گەڕی ئالاندبووە حەسەنی پیاوی من، لە خشتەی برد بوو. شەوێکیان حەسەن پێی وتم: «ئاغە، ئەو شەوە دەبێ خوازبێنییێکم بۆ بکەی، تا ماڵی سەی باڕوکە تەشریفت بچێ». گوتم: حەسەن، سەی باڕۆکە کێ هەیە خوازبێنیت بۆ بکەم؟ وتی: ئاغا تۆ تەشریفت بچێ، لەوێ تێ دەگەی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


منیش هەڵسام چوومەماڵی سەی بارۆکە؛ گوتم: جەنابی سەید بۆ خوازبێنێ هاتووم. سەید وتی: «جا قوربان! من هیچ کەسم نییە ژنەکەم نەبێ». لەو لاوە ژنەکەی راپەڕی وتی: «سەید! زاتێکی وەکو ئاغا بە سەر و سیمایەکەوە تەشریفی هاتووە قەت نەشێ تۆ جوابی بدەی». من لە باری خۆم تەریق بوومەوە. ژنە و خزمەتکارەکەم لە ولاتی دەرکرد و ژنێکی‌ترم هێنا بۆ سەی بارۆکە».

- حەمەبەگی‌حاجی‌رەسول‌بەگ گێڕایەوە وتی:

ساڵێک عەسکەر بووم؛ چاوش بووم. ئەو وەختە لە گەڵ زابتێکی ئالایی (بە سەبرێک وتی رەزا بەگ بوو) بە مەفرەزە چوینە دێیەک. کوێخای دێیەکە هات بە پیرمانەوە بردینی بۆ مزگەوت؛ چای بۆ لێ ناین، ترێیەکی زۆری بۆ هێناین. زۆر خزمەتی کردین. بەرامبەر بەم هەموو خزمەتە ئاغە زابت هەر جنێوی بە کوێخا ئەدا. منیش کوێخاکەم هەر لە زووەوە ئەناسێ؛ زۆرم لە لا نا خۆش بوو کە ئەوەندە بە چاوی سووکەوە سەیری ئەکا. چوومە بن دەستیەوە وتم: ئاغە ئەم کوێخایە فەقیرە چاوت لێیە چ خزمەت ئەکا؛ بۆچی ئەمەندە ناشیرینی پێ ئەڵێی؟ وتی: «عەزیزم مەئموور ئەبێ زەبرو زەنگ بنوێنێ بۆ ئەوەی زیاتر بە گەورەی تەماشای کەن».

لە پاشا ئێتر چووم بۆ سەر ئاواییەکە دیم کوێخا هات؛ وتی: فلانی ئەم کابرایە چاوت لێیە چیم پێ ئەکا؟ منیش وتم: کوێخا، بە راستی من لە تۆ دڵگرانترم؛ بەلام بڵێم چی تەربیەتی ئاوایە کە ئەیبینی. ئینجا کوێخا وتی: من بیستوومە ئەم ئاغەیە زۆری پێ خۆشە بڵێن تۆ جەهێلی و پیر نێت. تکا ئەکەم تۆ کە چوویتە دیواخان، بانگم بکە بفەرموو ئا تەماشای دەستم بکە بزانە عومرم چەندە؟ ئێتر بەسمە.

منیش کە هاتمەوە هەیوانی مزگەوتەکە دانیشتم و بانگی کوێخام کرد و وتم بزانە من عومرم چەندە؟ کوێخا هاتە بەردەمم دەستی راستمی گرت و تەماشای بەری دەستی کردم. لە پاشا سەری هەڵبڕی تەماشایەکی سەرو چاومی کرد وتی: فلانی تۆ بە رواڵەت منداڵی، کەچی ماشەڵلا بە عومر گەورەی وە عومرت پەنجا هەتا پەنجا و دوو ئەبێ.

ئاغە کە ئەمەی بیست بانگی کرد: «ئا وەرە کابرا ئەم عیلمەش ئەزانی؟» کوێخای قومارباز وتی: قوربان ئێمە لە باوک و باپیرمانەوە ئەم عیلمە ئەزانین. فەرمووی دە تەماشای دەستم بکە ئاخۆ من عومرم چەندە؟ قەدرێ تەماشای بەری مستی کرد و دوایی وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.ramo.org

«سوبحانەڵلا! ئاغە جەنابت راست پێچەوانەی حەمە چاوشی؛ بە رواڵەت گەورەو بە عومر منالی؛ هیچ شکم تیا نییە کە چل و پێنج ئەو پەڕی چل و شەش عومری جەنابتە».

ئاغە، کە ئەمەی لە کوێخا بیست فەرمووی: «حەمە چاوش! بە قەبری باوکم و بە سەری تۆ! ئەم کابرایە زۆر شارەزایە لەم عیلمەداو سەدی سەد لێی ئەزانێ». ئینجا فەرمووی: کوێخا وەرە دانیشە. ئیتر ئەو شەوە کوێخا سەعات بە سەعات حورمەتی زیادی ئەکرد. بەیانی کە هاتین بڕۆین ئاغە زۆر لە خۆی بوردەوە و بۆ ئەو قسانەش کە بە کوێخای وتبوو دڵنەوایی کرد و وتی لێم ببوورە نەمناسیویت کە تۆ ئەوەندە پیاوێکی لایق و زانایت.

- کابرایەکی کورد گوێدرێژێکی هەبوو؛ مایەی ژیانی بوو. بە هاوینان کاروانی پێ ئەکرد و پێوە بەرێ ئەچوو. کەوتە زستان و بوو بە رێبەندان. بەفر نەیئەهێشت ماڵەو ماڵ بکرێ. کابرا پەکی کەوت؛ لە ماڵەوە ئەچوو بۆ مزگەوت و لە مزگەوتەوە ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە. لە بەر بێ شتی زۆر پەرێشان بوون.

کوڕێکی هەبوو، چوو تانجیەکی پەیدا کرد و وتی ئەم زستانە راوی پێ ئەکەم و بەمە بەڵکوو بکەوینە بەهار. تانجی هێنایە ماڵەوە. باوکی چاوی بە تانجی کەوت ئاگری تێ بەربوو؛ وتی: رۆڵە هەر ماڵێک سەگی تێدابێ فریشتەی رەحمەتی روو ناکاتە ئەو ماڵە. پیاوی چاک بە ئەم تانجیە بەرەڵا کە با خوا غەزەبمان لێ نەگرێ. کوڕەکەش وتی باوە تۆ ئەزانی ئێمە هیچمان نییە؛ ئێستە ئەم تانجیەم هێناوە بەڵکوو جارجار راوێکمان بۆ بکاو پلەگۆشتێکمان دەست کەوێ بیخۆین. باوکەکە وتی رۆڵە نابێ؛ خوا غەزەبمان لێ ئەگرێ و فریشتەی رەحمەت ئیتر سەر ناکا بەم ماڵەدا. کوڕە وتی و باوک وتی؛ ناچار کابرا ماڵەکەی بە جێهێشت؛ بۆ نوستنیش چوو بۆ مزگەوت لە ترسی ئەوە کە ئیتر مەلایەکەی رەحمەت روو ناکاتە ماڵیان.

یەک دوو شەو لە مزگەوت ئەمێنێتەوە لە برسا و لە سەرمانا هێزی لێ ئەبڕێ، لە ماڵیشەوە کەس نایە بە شوێنیا. چارناچار هەڵئەستێ بەرماڵەی ئەدا بە سەر شانیا و بەرەو ماڵ ئەبێتەوە. کە نزیک ئەبێتەوە بۆنی چزو بزی گۆشت دێت بە سەریا؛ ئەمیش زۆر نامەزرۆیە. کە ئەچێتە ژوورەوە ئەپرسێ ئەم گۆشتە چیە؟ کوڕەکەی ئەڵێ وەڵلا! بابە، ئێمڕۆ تانجیەکەم برد بۆ راو. ئەوا بەرانەکێویەکی کوشتووە و هێنامەوە؛ ئەم گۆشتە ئەوەیە. ئەڵێ: «ئەی تانجیەکە لە کوێیە؟» ئەڵێ ئەوەتە لەو بەر قاپیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینجا ئەڵێ: «تۆ خوا رۆڵە تۆ هیچ رەحم لە دڵتا هەیە؟ ئاخر ئەو تانجیە بەسە زمانەش روحی هەیە وەکو ئێمە؛ چۆن خوا هەڵئەگرێ ئێمە لەم بەر ئاگرە دانیشین و ئەو لەو بەر سەرمایە؟ دە هەستە هەستە بچۆ بیهێنە ژوورەوە لەو سەرەوە، با بۆ خۆی بکەوێ؛ نە، خۆم ئەچم. چل ساڵە نوێژ ئەکەم و رۆژوو ئەگرم مەلایەکەی رەحمەت لە ماڵمایە تا ئێستە شتێکیان نەدامێ. تانجیەکە -دایکم بە ساقەی بێ!- بە شەوێک تێر گۆشتی کردم. هەی بەڵام دا لە چارەی مەلایەکەی رەحمەت! خۆی هەڵئەستێ ئەچێ ئەنەوێ لە کەلەمەکەی و ئەیهێنێ لە گوێ ئاگردانەکە بەر ماڵەکەی بۆ را ئەخات و دایئەنێ.

- کابرایەک لەو شارەزوورە ژنێکی شاری -کە ناسیاویان ئەبێ- ئەبێ بە میوانیان. ژنەکە پاک و تەمیزو جوانکەلە ئەبێ.؛کابرای خانەخوێ تەمای تێ ئەکا. دوو سەپانیان ئەبێ، ئەچێ لە گەڵیان قسە ئەکا بە یەک کە شەو بچنە سەر جێگەی ژنەکە. ژنە هەستی پێ ئەکا و لە وەختی نووستنا بە ژنی خانەخوێکە ئەڵێ با جێگەکانمان بگۆڕینەوە. ژنە هەڵئەخەڵەتێنێ جێگەی پێ ئەگۆڕیتەوە.

ئەکەوێتە نیوە شەو کابرای خانەخوێ سەپانەکان هەڵئەستێنێ و یەکێکیان ئەنێرێتە سەر جێگەی ژنە. سەپان ئەڕوا و تاکێک ئەکێشێ بە ژنی خانەخوێدا و ئەگەڕێتەوە. ژنەش لای وا ئەبێ مێردەکەیەتی، دەنگ ناکا. کە ئەگەڕێتەوە سەپانەکەی‌تریش ئەچێ، ئەویش ئیشی خۆی ئەکا. ئینجا کابرای خانەخوێ، خۆی ئەچێ ئەویش ئیشی خۆی ئەکا.

ژنە سەری سڕ ئەمێنێ ئەڵێ: «ئەرێ کەچەڵ ئەمە ئێمشەو چی بوو بویت بە چۆلەکەوە، هەموو سەعاتێکی پێی نەچوو سێ جار هاتیت؟» کابرا دەنگی ئەناسێ ئەڵێ: «ئای فاتە ئەوە تۆیت؟» ئەڵێ: ئەرێ وەڵلا. ئەڵێ: «حەمەیش گاتی؟» ئەڵێ: ئەرێ وەڵلا. ئەڵێ: «خولەش هەر گاتی؟» ئەڵێ ئەرێ خوولەش گامی؛ بۆچی ئەوە ئەوان بوون؟ ئەڵێ: «ئەرێ وەڵلا ئەوان بوون. ئەی رووم رەش بێ بۆ کەتنێ گیرام. ئێستە ئەوانیش گاتیان؟» ئەڵێ: «ئەرێ وەڵلا! گامیان. دووشاو بە گونت». ژنەی شاریش لەو لاوە بۆ خۆی رزگار ئەبێ.

- کابرایەکی شارەزووری بە شیعر بە باڵای یارەکەیا دێت، ئەڵێ:

خاڵێک ها وە بان گۆنای یارەوە ئێژی پشقلە وە دیوارەوە
نەوێ و بەردەوەل، سەراو و ژاڵە گشتی وە قوروان پیزەی پشت ماڵە
هەر خۆم وە قوروان ئەگریجەی دێڕت کونەی سەرەو خوار خۆشەخۆش مێژت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نێر بووگە وە مێ، مێ بووگە وە نێر          مێنگەی کێر وەژێر حەقی سەن لە نێر

- مەجە گەوجی باوەجانی بە شعرەوە باسی یارەکەی ئەکرد کە ئەیوت:

ماڵەو مالیە وەک مانگای چلێس          زوڵفی لوولداگە وەک پەلکە گوریس

- بێوە ژنێکی تەرپیری دەوڵەمەند جارِی دابوو ئەگەر یەکێک بێت بە شەوێ چل دانەی لە گەڵ بکا مێردی پێ ئەکا؛ خۆ ئەگەر هاتوو یەکێک چوو چلەی تەواو نەکرد، سەد لیرەی لێ ئەستێنێ. بەم جۆرە گرەوی لەگەڵ خەڵک ئەکرد، خەڵکیش بە تەمای سامانەکەی ئەچوون و ئیشەکەیان بۆ تەواو نەئەکرا، قیرر ئەیگرتن سەد لیرەکەی لێ ئەسەندن. بەم جۆرە سامانێکی زۆری پێکەوە نابوو.

رۆژێک پیاوێکی زرتە بۆزی گردەپیاو چوو وتی من هاتووم بۆ ئەم گرەوە. ژنە شوێنی بۆ چاک کرد و دەستیان کرد بە ئیشی خێر کردن؛ هەر دانەیەکیان ئەکرد خەتێکیان لە دیوارەکە ئەکێشا. کابرا تا پانزەیەک رۆیشت؛ ها خەریکە هیچی پی نەمێنێ؛ سەرەڕای ئەمەش کە گۆشە چاوی دایە، سەیری کرد هەتا خەتێک لە سەرەوە ئەکێشێ ژنەکە بە دزیەوە لە خوارەوە خەتێکی لێ ئەکوژێنێتەوە؛ کابرا پێی زانی. وتی: ئەوە تۆ بۆچ وا ئەکەی و ئەیکوژێنیتەوە؟ ژنە وتی بە ئەوەندە ئایەت و بە ئەوەندە سوێند هیچم لێ نەکوژاندوتەوە.

کابرا سەیری کرد ئەمیش نەکەوێتە فێڵ کردن دەری ناهێنی و ئەیدۆڕێنێ. هەر خێرا دەسەسرِەکەی دەرهێنا هێنای بە سەر خەتەکانا هەمووی کوژاندەوەو وتی: «ئەمەی پێ ناوێ من بڵێم کوژاندتەوەو تۆ بڵێ نەمکوژاندوتە؛ ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری ئەوێ. با لە سەرەوە تێ هەڵچینەوە». ژنە کە ئەمەی دی بە جارێ ناوکی کەوت، وتی قوڕ بە سەرم، ئەمە کەتنی بێ ئیمشەو بە جارێ ئەمکوژێ. وتی: «پیاوەکە کۆڵم داو گرەوەکەت بردەوە».

- کابرایەکی سوار، ڕێی ئەکەوێتە دێیەک سەیر ئەکا لەم دێیەدا تەقەو هەرایەو کەس بە سەر کەسەوە نییە؛ جەنگێکە ئەو پەڕی نەبێتەوە. چەن زەلام کوژراوەو چەن سەرو قوڵ شکێنراوە. هەر چەند ئەکا بۆی ساغ نابێتەوە ئەم هەرایە لە سەرچی بووەو چییە. لە بەر شڵەژاوی دێیەکەش بۆی ڕێ نەکەوت لە ماڵێک تۆزێ لا بداو بحەسێتەوە؛ ناچار لێی داو رۆیشت. کە ئەگاتە قەراخ ئاواییەکە سەیر ئەکا ژنێک لە گوێ سەربانێکا بە پێوە وەستاوە؛ کراسێکی درێژو کەوایەکی سووری گوڵ گوڵی لە بەرایە، سرکەییەکی بە سەرەوەیە، چمکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کەواکەی هەڵکردوەو خستویەتە گیرفانی؛ تەشیکەکی بە دەستەوەیە وردە وردە خەریکە تەشی ئەرێسێ؛ دەمێ بنێشتیشی لە دەمایە بنێشت ئەجوێ. هەندێ جار بە لایەکی کاکیلەی قەوچەیەک لە بنێشتەکەوە دێنێت و دەنگێکی ناسکی لێوە دێت.

کابرا چوو لەم ژنەی پرسی: ئەرێ خوشکم ئەم هەرایە چییە لەم دێیەداو ئەم هەموو کوشتارەیان بۆچ لە یەک کردووە؟ ژنە بە بێ ئەوە خۆی تێک بدا بە سەر خۆییکەوە وتی: «بێژم چی برا؟ بێژن منیان گاوە، ئەم هەرایە لە سەر ئەوەیە».

- پیرەمێرد -بە رەحمەت بێ- بۆی گێڕامەوە وتی:

دەستەیەکی وەک گوڵ کەوتبووینە یەک؛ هەر شەوێ لە شوێنێک کۆ ئەبووینەوە؛ بە شعرو ئەدەبیات و دوایی بە یاری فەقیانەو بەزمی قەدیمانە ڕامان ئەبوارد. لە دوای ئەمانە شەوچەرەیان ئەهێنا. جا بە هۆی شەوچەرەوە کابرایەکی لاپەرسەنگ خۆی کوتابووە ئەو کۆمەڵەوەو عەیشی پێ تاڵ کردبووین. خۆی کردبوو بە هاودەمێکی ناهەموار و لە هەموو قسەیەکدا هەڵیئەدایە هەرزە چەنەی ئەکرد؛ جارجارەش باسی خەڵکی ئەهێنایە ناوەوە. هەر چیشیان بهێنایەتە مەجلیس، لە پێشا پڕی پیا ئەکرد. خوای لێخۆش بێ مامۆستا مەلا حسینە گۆجە، یەک دوو جار سیخورمەی گەیاندێ، عاری نەئەنا؛ کەسیش رووی نەئەهات بە ئاشکرا دەری کا.

مەلا عەزیزێکی داودەییمان بوو زۆر گاڵتەچی و عەنتیکەبوو. ڕۆژێکیان پێم وت: «مەلا عەزیزئەم کابرایە هەراسی پێ هەڵگرتووین و پێمان چار ناکرێ». وتی: هەر شەوێ لە ماڵی ئێوە بن من دێم بۆتان ئەتارێنم. ڕێکەوت وابوو هەر ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە کۆ بووینەوە.

سا وەختی شەوەچەرە لە هەیوان دەنگی گەفەی دوو گەماڵ هات، خەبەریان دا کەوا شوانێک هاتووە شکات لای قازی ئەکا (ئەو سایە مەلا ئەحمەد سائب قازی بوو)؛ ئەیانزانی مەلا عەزیز گۆبەندی بە دەستیەوە. مەلا عەزیز بە تەواوی خۆی خستبوە بەرگی شوانەوە، حەمە سنەیی پیاوی ئێمەو وەهابی مجەوری پەت کردبوو بە خۆی و کەڕەک و سەگ و گاڵۆکیەوە هاتە ژوورەوە وتی قازی داد! وتیان کوڕە چی قەوماوە؟ وتی: ئا، ئەو مەلا حسینەگۆجە پەزی دزیوم. مەلا حسین وتی شتی وا نییە قازی. وتی برام شاهدت بێنە. وتی: بە سەرچاو وا ئەچم بۆ شاهید؛ بەلام سەگەکانم دڕن لە دەرەوە پێ خەڵک ئەگرن، لێرە یەکێک بۆم بگرێ تا ئەچم شاهیدەکانم دێنم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی

پەتەکانی دایە دەست کابرای لاپلەرسەنگەوە. سەگەڵ هیچ مڕەیان نەکرد؛ بێ دەنگ لێ کەوتن تا شوانە چووە دەرەوە. ئێمەش لە پێش ئەوا یەکەیەکە چوینە دەرەوە. شوانە لە دەرەوە حەل حەلێکی کرد. سەگەل راپەڕین و کابرایان لە سەر گازی پشت خست، بە هاوار هاوار لە دەرگای حەوشەیان بردە دەرەوە؛ دەرفەتی ئەوەیان نەدا لە دەستیان ڕا کا. تا بردیانە ئەوێ کابرایان نیوە مەرگ و بێ هۆش کرد. ئێنجا شوانە چوو سەگەلەکەی لە کۆڵ کردەوە. کابرایان بە بێ هۆشی گرتە کۆڵەوە و بردیانەوە بۆ ماڵی خۆیان؛ ئیتر ببڕای ببڕ جارێکی تر توخنی گۆبەند بکەوێ.

- حەبیبەڵلاخانی باوەخانی رۆژێک لە دیواخانا لە گەڵ پیرۆز خانمی ژنیا دائەنیشێ. کابرایەک ئەچێتە خزمەتی لێی ئەپرسێ ها، کابرا ساڵ چونە؟ ئەڵێ قوروان ساڵی وا هەر نەوگەسەوە. ئەڵێ: «گنۆر پێ گەیشتووە؟» ئەڵێ: «قوروان وە سەر باوکت گنۆر گنۆر نییە، لێرەوە سووکی پێوە ئەدەی لە ژێر پیرۆز خانمەوە وەکو ماری شەل سەر تێرێتە دەرەوە».

-رەشەی عەزەی ئەحمەد عەلی سێتە بەسەر کە ئەکەوتە رەمەزان مەلایەکی ئەهێنا نوێژو تەراویحی بۆ ئەکردن؛ رۆژوەکەشی تەقەڵبڕ ئەکرد، دەنکی لێ نەئەخوارد. کە ئەکەوتنە بیست و هەشت و بیست و نۆی رەمەزان بە براکانی ئەوت: «کوڕینە! وا جەژن هات؛ بچن سێ چوار مەڕێک پەیدا کەن بۆ جەژنەکە». ئەوانیش رۆژی پێش جەژن بە زمانی بە رۆژوەوە ئەچوون ئەیاندا بە سەر ئاواییەکا تالانیان ئەکردن و چەن مەڕێکیشیان ئەهێنا. شەوی جەژن ئەیانگۆڕێ و نانی جەژنیان پێ دروست ئەکرد.

- کابرایەکی دز شەوێک ئەچێتە سەر ماڵێک. لە کلاورۆژنەکەوە تەماشا ئەکا بزانێ نوستوون یان بە ئاگان. خاوەن ماڵەکە لە گەڵ ژنەکەیا راکشابوو، چاوی لێی بوو بە ژنەکەی وت بە خوا ئافرەت باش بوو خوا ئەم ماڵ و سامانەی داینێ پێ حەساینەوە (ژنەکەشی تازە هێنابوو). ژنە وتی بە راست پیاوەکە تۆ ئەم سامانەت چۆن دەست کەوت؟ وتی: «وەڵلا ژنەکە! من لە هەوەڵەوە ئیشم دزی کردن بوو؛ بە شەو ئەچوومە سەر هەر ماڵێک دەنگم نەئەکرد تا مانگ هەڵئەهات، ئەچوومە سەر بانەکە. تیشکی مانگەکە بە کلاو رۆژنەکەدا ئەچووە خوارەوە، منیش دەستم پێ ئەگرت و ئەموت «ترپ، ترپ». وردە وردە پیا ئەچوومە خوارەوە؛ هەر شتێک لە ژوورەکەدا بوایە کۆم ئەکردەوەو ئەمدایە کۆڵما و دەستم ئەگرتەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە تیشکەکەو ئەموت «فجوق، فجوق»؛ پیا ئەکەوتمەوەو ئەهاتمەوە. بەم جۆرە من ئەم سامانەم پێکەوە ناوە.

کابرای دزە، کەگوێی لەم قسەیە بوو وتی کەواتە ئەمە شتێکی ئاسانە؛ با منیش وا بکەم. دەنگی نەکرد تا مانگ هەڵات و تیشکەکەی لە کلاورۆژنەکەوە چووە خوارەوە؛ دەستی پێ گرت کە پیا بچێتە خوارەوە هەر وتی: «ترپ، ترپ» شلپ لە خوارەوە زرمەی هات و هەموو پراسووی ورد بوو بە سەر یەکا. خاوەن ماڵ هەڵسا جوان و پوخت باڵی بەست و لەو لاوەوە فڕێی داو وتی دەبۆ خۆت فجوق بکە.

- کابرایەکی «مایندۆڵی» چوار کەری دابوە پێش لە شارەوە بۆ ماڵ ئەچووەوە. گەیشتە قەراخ شار سواری یەکێک لە کەرەکان بوو سەیری کرد سێ کەری لە پێشەوەیە، کە دابەزیەوە تەماشای کرد چوارە؛ سوار بوەوە سێ یە. سەری لێ تێک چوو. لە پاشا وتی: «بە پیان بچمەوە کەرێک قازانج بکەم لەوە باشترە سوار بم و کەرێکم لە کیس بچێ». بە پێیان ملی ڕێی گرت تا چوەوە ماڵەوە نیوە مەرگ بوو.

- «شێخ بابە عەلی سوسە» دەم و نەفەسەکەی دەم و نەفەس نەبوو، هەچ شێت و مارەنگازێکیان ئەبردە لای یەکەو جار چاکی ئەکردەوە.

لەو بناری کۆیە کچێکیان دابوو بە مێرد؛ کچە شەوێ کە زاوا ئەیەوێ بچێتە لای شێت ئەبێ و دەست ئەکا بە کەف چەراندن. شایی لە شاییکاران ئەبێ بە شیوەن. هیچ شێخ و شەخسێک نامێنێتەوە کچە ئەبەنە سەری چار ناکرێ، لە ئاخرا ئەیهێنن بۆ سوسە بۆ لای شێخ بابە عەلی. شێخ ژوورێکی چۆڵی سەر بە خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەوە کە شێتیان ئەبردە لای لەوێی دابنێ. کچەی لەو ژوورەدا داناو بەستیانەوە. شەوێ پاش نوێژی خەوتنان چووە لای کچەو قاپیەکەی لە سەر خۆی داخست، نەیهێشت کەسی‌تر بچێتە ژوورەوە.

چووە بن دەست کچەوەو وتی کچم پێم بڵێ تۆ دەردت چییە؟ من بۆت چار ئەکەم. تۆ شێت نیت، من زۆر شتی وام دیووە. زۆری سەر خستە سەری لە ئاخرا کچە وەکو کچێکی ئاقڵ وتی یا شێخ چارم ئەکەی؟ وتی ئەمین بە چارت ئەکەم. وتی: ئەوی ڕاستی بێ من شێت نیم؛ لە ماڵی باوکم کوڕێکی دۆستم هەبوو، دەستمان کرد بە یەکاو ئێستە کچێنیم نەماوە. لە ترسی ئەوە کە ئابڕووم نەچێ و نەمکوژن خۆمم شێت کردووە. شێخ وتی: مەترسە بۆت چار ئەکەم. هەستا هاتە دەرەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس وکاری کچەی بانگ کرد وتی: «ئەم کچەی ئێوە جنۆکە دەستی لێ وەشاندووەو لە گەڵیا لێی نابێتەوە تەنانەت چوەتە ناو سکیەوە. ئێستە من بە دوعا و تەلیسم سازم کردووە کە بێتە دەرەوە و وازی لە کۆڵ بێنێ، بەڵام لە هەر لایەکەوە کە بێتە دەرەوە ئەو چاوەی کوێر ئەبێ؛ ئەگەر لە گوێچکەیەوە دەرچێ گوێی کەڕ ئەبێ ئەگەر لە شەرمیەوە بێتە دەرەوە کچێنی نامێنێ؛ بە کورتی لە هەر شوێنێکیەوە بێتە دەرەوە ئەو شوێنەی ئەفەوتێ. ئینجا ئارەزووی خۆتانە بۆ ئەوە هاتم پرستان پێ بکەم کوێ ئەڵێن تا لەوێوە بیهێنمە دەرەوە؟»

وتیان وەڵلا یا شێخ! نامانەوێ کچەکە عەیبدار ببێ؛ کەواتە با هەر لە شەرمیەوە بێتە دەرەوە خۆ هیچ نەبێ کچە بە بێ عەیبی وەکو خۆی ئەمێنێتەوە. شێخ چووەوە بۆ لای کچەو لە پاش تۆزێک کچەی هێنایە دەرەوە. کچە لە جاران گەلێ ژیرتر بوو. بەم جۆرە کچەی رزگار کردو کارە ساتەکەشی بە کەس نەوت لە پاش چەند ساڵ هەر وا بە بێ ناو گێڕایەوە.

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی شێخ لەتیف هەبوولە ئاوایی هۆمەر قەڵا پارچە زەویەکی هەبوو «قنگە بۆران»یان پێ ئەوت؛ کردبووی بە گەنم. زەویەکی‌تریش لە تەنیشت زەویەکەی ئەوەوە بوو پێیان ئەوت «مەترەقی قازی»، ئەویش هەر کرابوو بە گەنم. جا خەڵکەکە ئەچوون سەیریان ئەکرد ئەیانوت «ماشەڵلا ماشەڵلا لە قنگەبۆرانی شێخ لەتیف، مەترەقی قازی داپۆشیوە». شێخ لەتیف لە داخی ئەم بەندو باوە رۆژێک گاو گۆتاڵ ئەکاتە زەویەکەی خۆیەوە هەمووی ئەخۆن.

- کابرایەکی خۆشناو بە کاروان چوو بوو بۆ ئەو ولاتی «ئالان»ە. سەبیلێکی کڕیبوو بردبوویەوە بۆ لای خۆیان. لەوێ لە سەر شاخێک چەند کەسێک لە ئاواییەکەی خۆیان لێ کۆ ئەبنەوەو سەیری سەبیلەکە ئەکەن؛ یەکێکیان کوتوپڕ سەبیلەکەی لە دەست ئەکەوێتە خوارەوەو زەردو کاو ئەبێ بەوێدا سەبیل ئەڕوا.

ئەمانە ئەکەونە پەرۆشەوە کە چۆن ئەم سەبیلە بێننەوە؟ یەکێکی ژیریان ئەبێ لەناکاو هەڵی‌ئەداتێ ئەڵێ: «مادۆش دامانە؟ نوکە من سەبیلانتا لۆ دینمەوە». ئەڵێن: «کوو؟» ئەڵێ من دەستی خۆ لە قەفی وی دارە دەگیرم و خۆ شۆڕ دەکەم؛ یەکێ لە ئەنگۆش دەستی خۆ لە قاچی من توند ئەکاو خۆی شۆڕکاتەوە، یەکێکی‌تریش لە قاچی وی تا ئەگەینە سەبیلان».

هەموو ئەڵێن باشە؛ تۆ ئەم فیکرەت لە کوێ کرد؟ کابرا باوەش بە دارەکەدا دەینێتەوەو یەکێکی‌تریش قاچی ئەو ئەگرێ؛ بە کورتی وەکو خۆی وتویەتی وا ئەکەن و بەو جۆرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خۆیان شۆڕ ئەکەنەوە بە شاخەکەدا. کابرا کە پێنج شەش کەسی پیا دالەڕۆچکە ئەبێ، دەستی شل ئەبێ و شانی وەخت ئەبێ لە بن دەربێ؛ بانگیان لێ ئەکا ئەڵێ: «دەسا خۆ توند بگرن، تف لە دەستان دەکەم». هەر کە دەست لە دار بەرەڵا ئەکا هەموویان ئەکەونە خوارەوە هەپرون بە هەپرون ئەبن.

- لە گوندێکی ئەو خۆشناوەماڵێک لە گوندێکی‌تر بووکێک دێنن. بووکە تا دوو سێ ڕۆژ میوان ئەبێ و هیچ ئیش ناکا، لە پاش سێ ڕۆژە خەسووەکەی پێ ئەڵێ دە کچم هەڵستە ئەوە ئاوە و ئەوە سوێنەیەو ئەوەش ئاردە لەو کەنوە؛ لەو دیوی کۆڵەکەکەوە بیانهێنەو هەویرەکە بکە. کچە هەڵئەستێ و ئەچێتە بەر کەنوو ئارد دەربێنێ. وا رێ ئەکەوێ ئەبێ دەستی بەم لاو بەو لای کۆڵەکەکەدا بەرێ تا ئاردەکە لە کەنوەکەی دەربێنێ. کە دەست ئەبا پاشان دەستی بۆ دەرنایەتەوەو هەر لەوێ وشک ئەوەستێ.

خەسووەکەی کە ئەبینێ وا بووکە هەر دیار نەبوو بانگ ئەکا: «حایشێ! حایشێ! ئەوچما دیار نیت؟» حایشێش ئەڵێ: «مابا کەی دەستانم حاسی بوینە؟»

خەسوو کە ئەچێ راستە دەستی گیری خواردووە؛ چۆنکە دەستی بەم لاو بەو لای کۆڵەکەکەدا بردووەو پڕ مستی کردووە لە ئارد ئیتر چار نییە. ئەیکا بە هەراو هەموو ئاوایی کۆ ئەبنەوە کە چاری ئەم بەڵا گەورەیە بکەن و بووک رزگار بکەن. «مامۆتک»ێک ئەڵێ: ئەبێ هەر دوو دەستی ببڕێنەوە. دەست ئەبا بۆ هەڕە (مشار) ئەیهێنێ هەر دوو دەستی بووکە ببڕێتەوە، مامۆتکێکی‌تر ئەڵێ: «نە بابە وا نابێ؛ بووکیمان بێ دەستان دەبێ با کۆڵەکەکەی ببڕێنەوە». هەموویان ئەڵێن: «ئەی ماڵت کاول بێ لۆ زەکاوەتت؟» چما ئەم فێڵەت زانی؟

هەر یەکە دەست ئەدەنە «تەور»ێک و کۆڵەکە ببڕنەوە. کابرایەکی کۆیش لەوێ بوو؛ سەیر ئەکا کۆڵەکەکە ببڕنەوە خانوەکە ئەڕوخێ و ئەویش سەری تیا ئەچێ؛ هەر خێرا پەلاماری سەری بووکە ئەدا دەرزی بە سەرەوە ئەبێ. دەرزیەکی لێ ئەکاتەوەو ئەیچزێنێ بە دەستی بووکەدا. بووکەکە چزەی دەرزی هەست ئەکا هەر دوو دەستی خۆی بەرەڵا ئەکا. ئینجا خەڵکەکە دەوری کابرایان ئەدا ئەیانوت «تۆ فریشتەی! بووکانت لە کەندوان کردۆتەوە.»

- حاجی برایماغای عەنبار لەگەڵ حەمە رەحیمی پیاوی ئەچن بۆ سابلاخ. لە رێگەدا تووشی ماسیەکی زلە ئەبن. حاجی دڵی لێ ئەچێ، ئەڵێ حەمە رەحیم، بیکڕەو بۆ ئەم نیوەڕۆیە بۆم بکە بە کەباب.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


حەمە رەحیم ماسی ئەکرێت و ئەیباتەوە. حاجی نوێژی نیوەڕۆ ئەکاو ئەڵێ حەمە رەحیم خەوم دێ؛ تۆزێ ئەنووم. کە هەستام ئەو وەختە نان ئەخۆم. ئەو ئەنوێ و حەمە رەحیم ماسی دروست ئەکا. ئەچێتە دەرەوە نازانم چی بێنێ، تا دێتەوە پشیلە ماسیەکە ئەفڕێنێ تەنها کلکەکەی ئەمێنێتەوە.

حەمە رەحیم لەمە زۆر پەست ئەبێ و ماسی‌تریش نییە بیکڕێ. ناچار دێنێ کلکە ماسی ئەبا ئەیهەنۆی بە دەست و پلی حاجیاغاداو پاش ئەوە جوان و پوخت خۆی قاوەڵتی پێ ئەکا.

حاجیاغا لە خەو هەڵئەستێ و ئەڵێ: حەمە رەحیم ماسیەکەم بۆ بێنە. ئەڵێ: «قوربان، ماسی چی؟ تۆ لە پێش ئەوەدا بنووی بۆم کردی بە کەباب و خواردت». ئەڵێ: «کورە قورمساغ! لە کوێ خواردم؟» ئەڵێ: «قوربان، بۆچی جنێو ئەدەی؟ تۆ جارێ بۆنی دەستی خۆت بکە بزانە ئێستەش بۆنی ماسیەکەی لێ دێ یا نە؟ ئەمە چییە هەر لە خۆتەوە هەموو جار پیاو ئەشکێنی؟»

حاجی بۆنی دەستی خۆی ئەکا سەیر ئەکا بۆنی ماسی لێ دێ؛ ئەڵێ: «دەسا بە گۆڕی بابم راست ئەکەی خواردوومە؛ دیارە ماسی کەرانباوگاو هیچ بەرگە ناگرێ و بڕی سەعاتێک ناکا، کوێڕا بەم سەعاتە خەوە برسیم بووە. دەسا بە سەری تۆ زۆرم برسیە؛ شتێکی‌ترم بۆ بێنە با بیخۆم».

حەمە رەحیم نانی‌تری بۆ دێنێ و ئەڵێ: «قوربان، تۆ هەموو جار بە بێ ئەوە لە شت ورد بیبیتەوە هەروا لە خۆتەوە وا تورە ئەبی، سەرم ئەبەی بە ریشی بابما». ئەویش ئەڵێ: «قەینا کا گەوجەکە».

- کابرایەک هەبوو لە دێ «تورجان»، مام قەرەنی ناو بوو؛ کابرایەکی پیری شڕی هەژار بوو؛ سەرو سەکوتی ئەوەندە سەیر بوو هەرکە چاوی پێ ئەکەوت دەستی ئەکرد بە پێکەنین. کردەوەو هەڵسان و دانیشتنی وەکوو شێت وا بوو؛ شێتیش نەبوو.

گۆڕستانێک لە نزیکی تورجانە، زۆرتر مردووی ئەو ناوە دێننە ئەوێ. رۆژێک لەو دەورە مردوویێک ئەمرێ و ئەیهێننە ئەوێ. پیاوەکانی تورجانیش کۆ ئەبنەوە ئەچن بۆ گۆڕستانەکە بۆ ئەوەی لە ناشتنی مردوەکەدا لەوێ بن.

مام قەرەنیش ماکەرە قۆڕیکی لاتی هەبوو؛ سواری بوو کەوتە شوێنیان. خەڵکەکەکە پێیان وت: «مام قەرەنی پیاوەتیت بێ مەیە؛ خەڵکوخوای بێگانە زۆر لەوێیە. ئێمە بۆ شیوەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەچین بۆ شایی ناچین؛ شوورەبیە نەوەک یەکی بتبینێ بۆ ئێمە باش نیە. کە هاتینەوە دە ربە گەنمت ئەدەینێ». مام قەرەنی وتی باشەو گەڕایەوە.

پیاوەکان چوون و گەیشتنە سەر گۆڕستانەکەو خەڵکێکی‌تری زۆریش لەوێ بوون. مام قەرەنی کەوتەوە بیری کە بە کام ربە گەنمەکەی ئەدەنێ؛ دوو ربە لە ئاواییەکەیانا هەیە: ربەیەکی گەورەو ربەیەکی بچووک. هەستا چوو هەر دوو ربەکەی هێنا هەر یەکە تاڵە بەنێکی تێخستن و بەستی بە کورتانی کەرە لۆتیەوەو خۆی سواری کەرە بوو و بەڕێ کەوت. بەنەکان درێژ بوون، ربەکان ئەخشان لە زەوییەکەو گەلێکیشیان هەر زیاد بوون. بەم تەق و هۆڕ و دیمەنەوە چوو بۆ گۆڕستان. مام قەرەنی لە پێشا خۆی بوو ئەتووت مەیموونە، ئێستە ئەم دوو ربەشیە وەکو دوو کیسەڵ بە شوێن خۆیەوە بە تەق و هۆڕ زیاد کرد، ئەوەندەیتر دیمەنی پێ دابوو.

کە چووە سەر گۆڕستان هەموو عالەمەکە دەستیان کرد بە پێکەنین وتی: «ئەوە بۆچ پێئەکەنن؟ من هاتووم بزانم بە کام لەم ربانە گەنمەکەم ئەدەنێ؛ بە گەورەکەیان یان بە چکۆلەکەیان؟ با بۆم ساغ بێتەوە». وتیان: «مام قەرەنی! ئێمە وتمان با کەتن روو نەدا، کەچی ئێستە تۆ خراپترت کرد. بە خوا تازە دەنکت نادەینێ».

– لە دێیەکی ئەو سەر شیوە رێوییەک فێر بووبوو ئەچوو جووجک و مریشکەکانیانی ئەخواردو خەڵکەکەش بە هیچ جۆر چاریان نەئەکردو بەر پلاریان نەئەکەوت. لە پاش ئەوە کە زیانێکی زۆری کرد، رۆژێک بەرپەل کەوت و گرتیان. هەموو ئەهلی ئاوایی لێی بە داخ بوون، تەنانەت فەقێکانیش مریشکێکیان هەبوو ئەویشی خواردبوو. هەموو لێی کۆ بوونەوەو هەر یەکە وتی بە جۆری بیکوژین. یەکێ وتی بە زیندوویی هەر چوار پەلی ببڕین؛ یەکێکی‌تر وتی ناوەڵا بە زیندوویی پارچە پارچە گۆشتی لێ بکەینەوەو لە بەرچاوی خۆیەوە بیدەین بە سەگ؛ یەکێ لە فەقێکان وتی: «من چاری ئەمە ئەکەم. ئێستە کلک و گوێی ئەکەم و هەر دوو چاوی هەڵئەکۆڵم با بۆ خۆی بەو سزایە بتۆپی».

– کابرایەک کچێکی دراوسێیان هەبوو ئەیویست بیهێنێ. هاوڕێیەکی هەبوو ناردی بۆ خوازبێنی بۆی. کابرا چوو هاتەوە لووت‌وپووتی دابوو بە یەکاو وتی ئیشەکە رێ نەکەوت؛ نەیان ئەدا بە شوو. وتی: چۆن نەیان ئەدا؟ خۆ ئێمە زووتر وردە قسەیەکمان کردبوو. وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabarz.org

«بە خوا و بە سەری تۆ نەیان ئەدا من گەلێکم تەقەلا دا. لە پاشا تا بۆ خۆمم ساز کرد قیر سپی بوو».

- کابرایەک لە وڵاتی «سوور سوور» لە قەراغ ئاواییەک تووشی گاوانێک بوو. گالەکەی بەرەڵلا کردبوو خۆیشی دانیشتبوو. ئەمیش چوو لە لایەوە دانیشت و هەروا دەستیان کرد بە قسە کردن. پێی وت: «ماشەڵلا گاگەلەکەت زۆرە؛ ئەبێ نانی چاکت بێ». وتی: «بە خوا کاکە ئەرکی زۆرم لە سەرە. لەم دێیە لە لایەکەوە گزیریانم، مەلایانم، گاوانیانم، لە گەڵ ئەمانەشا (دەستی برد زۆڕنایەکی دەرهێنا و دەستی کرد بە زۆڕنا لێ دان) گیانێکم بەم فیقە فیقەیە. ئەگەر ئەمە نەبێ لە برسانا ئەمرم».

- بابەکری سەلیماغا قاقەزێکی نهێنی نووسیبوو بۆ مەندووبی سامی لە بەغدا. قاقەزەکەی دابوو بە دوو خزمەتکار کە بیبەن بۆ بەغداو بیدەنێ، بەڵام نابێ بکەنە کارێ کە کەس پێیان بزانێ و نابێ بە هیچ جۆر دەست و پێوەندی حوکومەتی عێراق پێی بزانێ. کابراکان زۆر بە نهێنی و بی دەنگ سەر لە بەیانێک ئەگەنە بەغدا و ئەچن لە چایخانەکەی ژێر ئوتێل «وجنەالشارع» دائەنیشن بۆ ئەوە نانێ، چاییێ شتێک بخۆن و هەناو و بانیش گەرم ببێ ئەو وەختە بچن قاقەزەکە بگەیەنن.

لە بەغدادا کفتەو کوبیە فرۆشی دەستگێڕ هەیە؛ لە وەختی نانخواردنا بە چایخانەو ئوتێلەکان ئەسووڕێنەوە. ئیتر بانگ ناکا کفتە، یا کوبیە، چووە هەر شوێنێک بە دەنگی بەرز ئەڵێ: «کەریم، یا کەریم». مەردمەکە تیئەگەن. لەو کاتەدا ئەوان لە چایخانەکە دانیشتوون، کابرای کوبیە فرۆش ئەچێتە ژوورەوە لە سەر رەوشتی خۆی چاوێک بە مەردمەکەدا ئەگێڕێ و بانگ ئەکا «کەریم، یا کەریم!» کە ئەم ئەم بانگە ئەکا توومەز یەکێ لەو دوو کابرایە ناوی کەریم ئەبێ، هەر سەر ئەنێتە بناگوێی هاوڕێکەیەوە ئەڵێ: «برا هەڵسە با بڕۆین؛ ئەڵێن بەغدا جاسوسی زۆرە، راست ئەکەن. ئێمە هێشتا نەچووینەتە دەرەوە ئەوە کابرا ناسینی و بانگی منی کرد. بە قورئان حوکومەت پێمان بزانێ پەل پەلمان ئەکات». لووس و بارێک هەڵئەستن و هەر لەوێوە ئەگەڕێنەوەو دێنەوە کارەساتەکە بۆ بابەکراغا ئەگێڕنەوە.

- شێخمەحموودی شێخ سەعید سەدو پەنجا سوارێکی لەگەڵ ئەبێ و لەو دۆڵی «گەلاڵ»ەدا ئەبێ بە میوانی «فەرحاناغای چوچانی». فەرحاناغا هەژدە سەر مەڕ سەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەبڕێ؛ دیارە ڕۆن و برنج و تفاقی ئەم میوانداربیە تۆ بیلێ کەچی تێچووە! لە ژێر دەواری هەژدە هەستوونیدا شێخ و پیاوەکانی دائەنیشن، فەرحاناغاش قسەو ڕوو خۆشیەکەی لە میوانداریەکەی گەلێ خۆشتر بووە.

شێخ مەحموو ئەم نان و خوان و پیاوەتیەی زۆر بە دڵ ئەبێ، لەگەڵ فەرحاناغا دەست ئەکەن بە قسە کردن. ڕوو ئەکاتە فەرحاناغا ئەڵێ: کە چوومەوە دوو گەماڵی زۆر نایابم هەیە بۆت ئەنێرم، بۆ پاسی مەڕو ماڵاتی تۆ زۆر بە کەڵکن. فەرحاناغاش ئەڵێ: «یا شێخ! تۆ خۆش وی گەماڵم نەگەرەکە». شێخیش ئەڵێ: «فەرحاناغا من حەوت و هەشتم پێ ناکرێ». فەرحاناغا ئنجا ئەڵێ: «یا شێخ! من وە باوکیشمەوە رایمەم ناکەوێ قسەی وا بکەم؛ من ئێژم چی و تۆ ئێژی چی؟ هەی بێم وە دەورتا».

- کاکە ڕەشید سدقی بۆی گێڕامەوە وتی: مەحمووپاشای‌جاف تووڕە ببو لە خەلیفە محەمەدی دۆم؛ وتبوی ئەو دەویت باوکە لە هەر لایەک بێ، بیگرن و سنگی کەن. خەلیفە محەمەد هەڵدێ و ئەداتە کەژ. خۆی بۆ ناگیرێتەوە لەم هەوار بۆ ئەو هەوار لەم دێ بۆ ئەو دێ، هەر لایەک ئەچی ملکی مەحمووپاشا ئەبێ و خۆی بۆ حەشار نادرێ. لە ئاخرا وەڕەس ئەبی بە دزییەوە ئەچێتەوە، دوو بار کەشک و دوو بار دۆینەو دوو تانجی نایاب و چەند مریشکێک ئەخاتە ناو باری بارەکانەوە و ئەچێ پەنا ئەبا بۆ حەسەن بەگی قادر بەگ کەتکای بۆ بکا لای پاشا و پاشا لێی خۆش بێ.

کە ئەچێ و حەسەن بەگ چاوی پێ ئەکەوێ ئەڵێ: ها خەلیفە محەمەد! تا نەتنایە تەبەق، نەتوت سەدەق؛ جا ئێستا هاتگی و پەنات هاوردگە؟ خەلیفە ئەخاتە شوێن خۆی و بە شتومەکەکانەوە ئەیبا بۆ لای پاشا.

کە ئەچن شێخی حسامەدین لەگەڵ پاشادا لە دیواخان دانیشتوون و قسە ئەکەن. بارەکان لەو لاوە خراون و تانجیەکانیش لەم لاوە لە بەر هەستوونی دەوارەکەدا کەوتوون، ئەوا شێخی حسامەدینیش لەگەڵ پاشادا لە گەرمی قسەدایە، لەو وەختەدا لەم لاوە تانجیەکان دەست ئەکەن بە مرەمر.

خەلیفە لە مرەی ئەمانە تۆرە ئەبێ و لا ئەکاتەوە بە لای تانجیەکانەوەو ئەڵێ: «بۆرەی نان و ورێنە. جارێ نۆرەی شێخە، نۆرەی ئێوە نییە لە مرەمر بکەون». پاشا و شێخ حسامەدین کە گوێیان لەم قسەیە ئەبێ دەست ئەکەن بە پێکەنین، ئنجا شێخیش تکای لێخۆشبوونی لە پاشا بۆ ئەکاو پاشا لێی خۆش ئەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەک پارەی لای کابرایەکی‌تر بوو؛ نەی ئەدایەوەو ئەیوت لام نییە. ئەویش وتی باوکم بچین بۆ لای مەلا بۆ شەرع، سوێندم بۆ بخۆ کە لات نییە ئەو وەختە وازت لێ دێنم

چوون بۆ لای مەلا و کابرای داواکەر بە مەلای وت کە سوێندی ئەم کابرایەم بۆ بدە. مەلاش قورئانی هێنایە پێشەوەو هات بە چۆکا لە خزمەتی قورئانا و پێی وت سوێندی بۆ بخۆ. کابرا دەستی هەڵبڕی و دای بە قورئانا و وتی: «بە هەقی ئەم قورئانە هیچی ئەم پیاوەم لا نییە!»

لە پاشا مەلا قورئانی هەڵگرتەوەو بە کابرای وت باوکم بێنە کەفارەی سوێن و قەسەمنامەکە بدە. کابرا وتی: «تۆ خوا مامۆستا بێ زەحمەت ئەگەر قورئانەکە نەهێنیتەوە». مەلا قورئانی هێنایەوە. ئنجا کابرا بە هەر دوو دەست مالی بە قورئانا و وتی: «بە هەقی ئەم قورئانە هیچی قەسەمنامەت لام نییە».

- کابرایەکی پیری کورد بەو کەلی دەربەندی خانەدا بە پێیان سەر ئەکەوت و زۆر ماندوو و پەریشان بوو؛ نەیئەتوانی بڕوا. دەستی بەرز کردەوە بۆ عاسمان دەستی کرد بە پاڕانەوەو وتی: «خوایە پیرم و بێ هێز؛ بەگەورەیی خۆت لە خەزێنەی غەیبەوە گوێدرێژێ، ماینێ شتێکم بۆ بنێرە با سواری ببم و لەو هەورازەوە سەرم خا».

ئەم لە نزاو پاڕانەوەیەدا بوو کوتوپڕ لە دوایەوە خڕەیەک هات. کە لای کردەوەوا کابرایەکە سواری ماینێک بووەو جوانوویەکی بە شوێنەوەیە. وتی بە خوا باش بوو نزاکەم گیرا بوو، خوا ئەو جوانووەی بۆ ناردم ئێستا سواری ئەبم و رزگارم ئەبێ لەم سەرەو ژوورەیە. هەندێ چاوەڕێی کرد، سوارەکە گەیشتەجێ. سوارە لە کابرای خوڕی کورە کابرا تۆ چیت؟ وتی بە قوربانت بم! پیاوێکی پیری ریبوارم و ئەوا تووشم بوو بە تووشی ئەم هەورازەوە. هەر چەند ئەکەم ناتوانم پیایا سەر کەوم. کابرا وتی: کاورا وا دیارە تۆیش سەرەو ژوور ئەڕۆی، ئەم ماینەم ئێستە لەم بنارەدا زاو ئەو جوانووەی بووە. جوانووەکە کۆڕپەیەو ناتوانی سەر کەوێ بۆم بگرە بە کۆڵەوە تا لە هەورازەکە سەر ئەکەوین. کابرا وتی: کورە پیاوی چاک بە من خۆم ناتوانم بڕۆم، ئێستا چۆن ئەتوانم جوانوو هەڵبگرم؟ کابرای سوار دەستی دایە تفەنگ و وتی: «وە کەلام دەویت باوک! هەڵی ئەگری باشە ئەگەینا وە تەنها فیشەکێ ساردت ئەکەمەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کابرا لە تاو گیانی خۆی نیشت بە جوانووەوە جوانووی هەڵگرت؛ نەیئەتوانی بڕوا و نەشی ئەوێرا نەڕوا. لە بەر خۆیەوە ئەیووت: «ئەرێ خوا وە قوربانت بم! تۆ کە لە دوعا تێ ناگەی بۆچ گیرای ئەکەی؟ من وتم ولاغم بۆ بنێرە سواری بم، یا وتم سوارم بێ؟»

- کابرایەک هەبوو مام نادری ناوو بوو؛ زەردەواڵە پێی فێر بوو زوو زوو پێوەی ئەدا. هەر وەختیش پێوە دابوایە تا خۆی پیس نەکردایە رزگاری نەئەبوو. رۆژێک زەردەواڵەیەک پێوەی دا؛ هیچ دەواو دەرمان و شەخسێک نەما بە دوایدا نەگەڕێن. مام نادر ئێستەو ئەوساش خۆی پیس نەکرد و ئاخری کوشتی. خزموخواو دەرو دراوسێ و عەشیرەت کۆ بوونەوەو ناشتیان و پاشان چوون سەر خۆشیان لە ماڵ و منالەکەی کرد و وتیان «خوا ئیمانی باتێ! ئێمە هەموو هەر ئەبێ بمرین». کوڕێکی هەبوو وتی: «تۆ خوا خزمینە! واز بینن، ئیمانی چی؟ ئەوە خوا تۆزێ گووی نەداێ، ئێستە ئیمانی لە کوێ ئەداتێ».

- کەیخەسرەو بەگی مەحمووپاشا توورە ئەبێ لە پیاوێکی پشت ماڵەو گاڵ ئەدا دەستێکی ببڕن. کابرا پەنا ئەباتە بەر حەسەنبەگیقادربەگ کە تکای بۆ بکاو کەیخەسرەو بەگ لێی خۆش ببێ. حەسەنبەگ ئەچێ و روو ئەکاتە کەیخەسرەوبەگ ئەڵێ: «کەیخەسرەو بەگ، ئەو کابرای پشت ماڵە -کە وتووتە دەستێکی ببڕن- تکات لێ ئەکەم دەستەکەی مەبڕە هەر لەلەی بکە».

- مەحمووپاشا هەندێ پارەی لای عەولا بەگی شەرەفبەیانی بوو؛ پاشا بۆ کوێستان ئەچوو پیاوێکی نارده لای عەولابەگ بۆ پارەکە. عەولا بەگیش بە پیاوەکەی وت: عەرزی پاشا بکە ئێستەپارەم لە دەستا نییە، بە خێر کە لە کوێستان گەڕایەوەو هاتەوە بنەی کانی چەقەڵ، ئەو وەختە خۆم پارەکە دێنمەوە بۆ خزمەتی.
کابرا چووەوە قسەکەی بۆ پاشا گێڕایەوە. پاشا تۆزێ تورە بوو رووی کردە حەمەسەعیبەگ فەرمووی: تۆ بچۆ پارەکە بێنەوە؛ منیش لەم وەختەدا پارەم پێویستە. حەمەسەعیبەگیش لە بەر ئەوە کە لە خاڵوانەوە خزمایەتی لە گەڵ عەولا بەگا هەبوو، ئەیویست ئیشێکی وا بکا کە پاشا ئەمجارە وازبێنێ تا لە کوێستان ئەگەڕێتەوە. هەروا خەریک بوو قسەی بۆ پاشا ئەکرد، حەسەنبەگیقادربەگیش لە دیواخان بوو، کەگوێی لە قسەکانی حەمە سەعی بەگ بوو رووی تێکردو وتی: «حەمە سەعی! تۆ چیت داوە لەم زرمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی

زلیە؟ گوو وەڕیش باوکی تەرەفەینیان». پاشا سەیرێکی دانیشتوەکانی کردو زەردە خەنەیەک گرتی و ئیتر هیچ دەنگی نەکرد.

- والی هاتبووە سولەیمانی. لە بەر ئیشێکی زلی عەشایەری ناردبووی بە شوێن مەحمووپاشای جافدا کە بچێ بۆ سولەیمانی. پاشا حەمە عەلی بەگ و حەسەن بەگ و چەند سوارێک لە گەڵ خۆی ئەباو ئەچێ بۆ سولەیمانی و ئەچێتە لای والی. خۆی و حەمەعەلیبەگ و یەکێکیتر ئەچنە دیواخانی والی و پیاوەکانیش لە دەرەوە ئەبن.

لە حەوشەکەدا لە ناو چیمەن و سەر حەوزەکەدا کورسی و سەندەڵی دانرابوو، والی لەوێ دانیشتبوو. مەحمووپاشا لە تەنیشت والییەوە لەو بەر حەوزەکەوە دائەنیشێ. حەمە بەگ و پیاوەکەیتریش لەم بەرەوە دائەنیشن. حەوزەکە زۆر پان نابێ، پیاوەکە گوێی لە قسەکانی والی و مەحمووپاشا ئەبێ کە قسە ئەکەن لە بارەی کارو باری عەشیرەت و حوکوومەتەوە؛ بەڵام لە بەر ئەوە بە تورکی قسەیان ئەکرد و ئەمیش تورکی نەئەزانی رووی کردە حەمە بەگ وتی: «ئەوە والی و پاشا یێژن چی؟»

حەمەعەلی بەگیش قومار بازو زیرەک بوو، تورکیشی باش ئەزانی وتی: «وەڵڵا میرم بێژم چی؟ والی ئێژی ئا خۆ کێ هەیە بتوانێ باز بدا بە سەر ئەم حەوزەدا؟» پاشاش ئەفەرموێ: «جا ئەم حەوزە چییە، من پیاوی وام لەگەڵایە هەر لە جافا دوو ئەوەندەی ئەم حەوزەش باز ئەدا».

بە خوا کاکە بەگم بەگ ئەبێ، کە ئەمە ئەبینێ راست ئەبێتەوە بە بێ هێڵ و گفت، تف لە شەیتان و دوور لە رەحمان چاکی ئەکا بە لاداو باز ئەدا بە سەر حەوزەکەدا و قوت لە بەر دەمی والیدا ئەوەستێ و ئەڵێ: «ئەوە تۆ ئێژی چی؟ سا وە قەورەکەی حەمەپاشا ئەگەر لە بەر پاشا نەبوایە، بازم ئەگەیاندە ئەو دیوی ئێوەشەوە؛ ئیتر تۆ چۆن ئێژی کوڕی وا نییە باز بدا وە سەر ئەم حەوزەدا؟» مەحموو پاشاو والی لەم کردەوەیە ئەکەونە عالەمێکیترەوە. پاشاش ئیتر هیچی پێ ناوترێ.

- نازانم هەر ئەو جارە ئەبێ یا جارێکیکە، هەمان کۆڕ دائەنیشنەوەو والی و مەحمووپاشا قسەی عەشیرەت ئەکەن، هەمان پیاویش هێ لێیان تێ ناگا. جووتێ کەوشی سووریشی لە پێیا ئەبێ، لە حەمەعەلی بەگ ئەپرسێ ئەوە والی و پاشا ئێژن چی؟ ئەویش ئەڵێ: «والی بە پاشا ئەڵێ ئاخۆ ئەو پیاوە ئەو کەوشە سوورانەی بە چەند کڕیوە؟ پاشاش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەڵێ نازانم». ئنجا پیاوەکە هەر لەمبەری حەوزەکەوە لە سەر سەندەڵییەکە دانیشتووە، هەر دوو قاچی بەرز ئەکاتەوە [روو ئەکاتە] پاشا و والی ئەڵێ: «وە چوار قەرانم سەندگە، وە چوار قەران».

- فەقێ مەحمووی پیاوی حەسەن بەگی قادر بەگ گێڕایەوە وتی:

حەسەن بەگ لە «بێ سەلمێن» خستبووی؛ منی ناردبوو بۆ سەر عەشیرەت و ئاواییەکان کە ملکانەو دەرامەتەکەی بۆ کۆ بکەمەوە. وتی چووم چوار هەزار قەرانم کۆ کردەوەو گەڕامەوە. لە ڕێگەدا تەماع سوارم بوو؛ هەر چەند جرەجرەم کرد کەڵکی نەبوو. وتی ناچار هێنام نۆ سەد قەرانم لە پارەکە هەڵگرت و لە بنە تەرویێکدا شاردمەوەو ئەویترم بۆ بردەوە. وتی زووتر لیستەیەکەم بۆ ناردبووەوە کە کوێخا نادر دوو سەد قەرانی داوە، مارف پنجا قەرانی داوە، بەم جۆرە لیستەی چوار هەزار قەرانەکەم بۆ ناردبوو؛ ئەوەی لا بوو. وتی هاتم لە ڕێگەدا لیستەیەکیترم درووست کرد کە کوێخا نادر مەسەلا سەد و پەنجا قەران، مارف چل قەران، بەم جۆرە سێ هەزار و سەد قەرانم پڕ کردەوەو لە ئاخری حسابەکەشەوە نووسیم سێ هەزار و سەد قەران.

کە چوومەوەو دانیشتم وتی: «فەقێ مەحموو وە خێر بێیتەوە پارەکەت هاورد؟» وتم: بەڵێ قوربان. وتی سەیرم کرد لیستەی چوار هەزار قەرانەکە -کە بۆم ناردبوو- دەستی برد دەری هێنا و سەیری کرد وتی کوێخا نادر دوو سەد قەران؛ بێنە دوو سەد قەران.

وتی سەیرم کرد بەم جۆرە ئەو یەکە یەکە بیخوێنێتەوەو پارەکەم لێ وەر بگرێ پارە دیارە کورت ئەهێنێ. وتی: هەروا سەیرێکم کرد وتم: ئەرێ میرم ئەوە تۆ ئێژی چی؟ کەی حساو وا ئەوێ؟ وتی هەر دەستم برد لیستەکەم لە دەستی هەڵپڕوکان و دڕیم بە سەر یەکاو پارچە پارچەم کرد و دەستم برد لیستەکەی خۆمم دەرهێناو دامە دەستی و وتم میرم ئەمەیە حساو. ئا تۆ داوا بکەو تا من پێتی بدەم. وتی لیستەکەی گرت بە دەستەوەو دەستی کرد بە خوێندنەوەی؛ وتی کوێخا نادر سەدوپەنجا قەران؛ بێنە سەدو پەنجا قەران. وتم فەرموو. وتی مارف چل قەران؛ بێنە چل قەران. وتم فەرموو. وتی بەم جۆرە حسابمان پڕ کردەوەو لە ئاخریشا پێم وت میرم ئەوەسە لە ئاخریشا جەمعەکەی نووسیاگە سێ هەزار و سەد قەران. بزانە پارەکەش سێ هەزار و سەد قەرانە؟

وتی پارەی بژارد سێ هەزار و سەد قەران بوو، وتی: «بە خوا فەقێ مەحموو حساو ئەمەسە تۆ ئەیکەی. حساوەکەت تەواوەو پارەکەش تەواوە». وتی ئێستەو ئەوساش نەیووت

کتێبخانەی دیجیتاڵی

خۆ حسابەکەی پێشوو وا نەبوو، وە یا ئەو لیستەت بۆچی دڕی. وتی منیش بۆ خۆی شانم پیا کرد نۆسەد قەرانەکەم خوارد.

- کابرایەک لەو سەرە ئەچێ بۆ بەغدا و کەڵەشێرێکی پێ ئەبێ. ئەگاتە سەر شەمەندەفەر، ئەو سەردەمە لە شەمەندەفەر پارەی کەڵەشێر وەرئەگیرا. کابرا بەم کەین و بەینەی نەئەزانی، هیچ شوێنێکی نەدۆزیەوە کەڵەشێرەکەی تێخاو بیشارێتەوە دەرپێکەی نەبێ. کەڵەشێری خستە دەرپێکەیەوەو لە شەمەندەفەرا لێی دانیشت.

لەو کاتەدا ژنێک سەبەتەیە هەنجیری بە سەر سەرەوە بوو های هەنجیری ئەکرد. کابرا ژنەکەی بانگ کرد بۆ هەنجیر کڕین. ژنە لە سەبەتەکە هەنجیری بۆ ئەکێشا. کابرا کونێک لە دەرپێکەیا بوو، کەڵەشێرەکە لە کونی دەرپێکەیەوە سەری دەر ئەهێنا، هەنجیرێکی لە سەبەتەکە هەڵئەگرت و ئەیخوارد. ژنە ئاگای لەمە نەبوو، تا ئەم هەنجیرەکەی کێشا سەیری کرد لە لایەکی تری سەبەتەکەوە کەلێن کەوتۆتە هەنجیرەکەوە. کە چاک سەیری کرد تەماشای کرد وا شتێک خێرا خێرا سەر دەردێنێ و هەنجیرێک ئەباتە ژوورەوە. کە چاک ورد بوەوە ئەمە کەڵەشێرێکە. لەمە زۆر واقی وڕما وتی: «ئەیە ڕۆ هیچ نەبێ تا ئێستا هەزار کێرم دیوە، کێری هەنجیر خۆرم قەت نەدیوە».

-ساڵێک شتێک هەبوو پێیان ئەوت «حزبی دەستووری». ئەم حزبە بڕەبڕی بوو، هەندێک لە وڵاتی بەغداوە بە کش و فش چوو بوون بۆ ئەو وڵاتی کوردەوارییە بۆ حزب گرتن (ئەمە لە سەر قافیەی دەروێش گرتن). ئەمانە گەیشتبوونە ئەو وڵاتی هەڵەبجەیە. لەوێ سوارگەلێکی زۆر بەم لاو بەو لای ڕێگەکەدا هەموو تفەنگ لە شان وەستابوون بۆ پێشوازی کردنی حزب گیرەکان. کە ئەمان بە ناویانا تێپەڕین، ئەوان لە چەپڵەیاندا بۆیان؛ ئایی لە چەپڵەیان دا.

خانەبەگ هەبوو؛ بە هاومالی مەلا حەسەنی ناوگردان چوو بوون لە کۆڕا بوون. ئەحمەدی یەزدانبەخشیش هەر لەوێدا بوو. خانەبەگ سەیر ئەکا ئەحمەد چەپڵە لێ نادا. کە شایی دوایی دێ و سوار بلاوەی لێ ئەکا، خانەبەگ ئەچێتە بن دەست ئەحمەدەوە ئەڵێ: [«ئەحمەد! ئەوە بۆ پیاوی وا گەورە تێت، تۆچەپڵەی بۆ ناژەنی؟ ئەبێ شکاتت لێ بکەم».]

[ئەحمەدیش ئەڵێ:] «کوڕە خانەبەگ کوچکت لێ نەوارێ! شکاتی چێم لێ ئەکەی؟ تفەنگ وە دەستمەوەو، فریا نەکەوتم بۆ چەپڵەکوتان. ئەم هەویرە چییە ئەیشێلی؟ پیاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاس بە واز بێنە». خانەبەگیش هەر ئەیوت: «وە کلام ناوێ؛ ئەوێ هەر شکاتت لێ بکەم. پیاگی وا گەورە تێت تۆ چەپڵەی بۆ ناژەنی؟»

ئەحمەد هەر خێرا تفەنگەکەی ئەکاتە ملی و لەو دەشتەدا هەر ئەڕواو دەست ئەکا بە چەپڵە لێدان و ئەڵێ: «خانەبەگ! ها ئەوە ئەوەندە چەپڵە بینێرە ریش باوکی پیاگەکە تا لە لووتی تێتەوە، هێشتا دووزەلەکەیشی ماگە؛ ئیتر شکاتی چیم لێ ئەکەی بەردت لێ نەوارێ؟»

– دەستە ژنێکی بلباس ئەو ساڵە ئەچوون بۆ کوێستان؛ دانیشتبوون گلەیی و بناشتیان ئەکرد لە بەینی خۆیانا. یەک دوویەکێیان لەگەڵ ئەوەش کە چەند ساڵ بوو خاوەن مێرد بوون منالیان نەبوو، بەمە زۆر دڵتەنگ بوون و بۆ ئەوانیتریان ئەگێڕایەوە کە ناشوکری نەبێ ماڵێ منالی تیا نەبێ گەرمیان و کوێستانەکەشی بۆ ناکرێ. یەک دوویەکیشیان هەر مێردیان نەکردبوو، دیارە ئەوانیش هەم لە گەرمیان و کوێستان کردن بێبەش بوون. لەم رووەوە هەموویان پەژارە دایگرتبوون. یەکێکیان هەڵیدایەو وتی: وەڵا دایکم ئەوە قسەیە ئەنگۆ دەیکەن؟ چ بەمێردان نییە بە خوڵای دانە! فاتیلەی حەمەدی وەتمانی چە مێردانیشی نەکردییە، رەوەیەکی لە دووە گەرمێن و کیستانی خۆیشی دەکاتن».

– حەماغای کۆیە رایسپاردبوو بۆ پاسەوانێکی لێ هاتوو بە تایبەتی بۆ کوشک و گەلەخانەکەی خۆی. مام تەیموورێک هەبوو چوو وتی: قوربان! من ئیشم نییەو هاتوومەتە خزمەتت بۆ ئەوە پاسەوانیەکەم بدەیتێ. ئاغا وتی: «رۆڵە! من پاسەوانێکی چوار پەل قەوی تێک سمێڕاوم ئەوێ؛ ئازاو نەترس بێ؛ شەڕە کوتەکی پێخۆش بێ؛ تووشی هەرکە ببێ بیترسێنێ. شەڕ کردن و ئاو خواردنەوەی بە لاوە وەکو یەک وا بێ. کە لەگەڵ شێرانی بە سەر یەکێکا هەموو گەڕەک بە ئاگا بێن و کابرایتر زراوی بچێ. ئەوەندەش مۆن بێ پیاو کە ئەوی دی بزانێ شەیتانی چاو پێ کەوتووە. ئەگەر ئەمانە لە توا هەیە وەرە و چی شت ئەوێ ئەتدەمێ».

مام تەیمور وتی: «قوربان ئەمانەی جەنابت ئەفەرمووی مەگەر هەر ژنەکەی من وا بێ. ئەوا ئەچم بۆت ئەنێرم» و لێی دا رۆیشت.

– کوڕێک هەبوو؛ دایکێکی زۆر پیری هەبوو؛ واتە لە هەشتا تێپەڕی بوو. رۆژێک کوڕەکە وتی: دایە شەرعی خواو پێغەمبەر فتوای داوە مێرد کردن وەنەبێ شتێکی تێدا هەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەڵێی چی مێردێکت لە تەمەنی خۆتا بۆ بدۆزمەوەو مێردی پێ بکەی و ئەو چوار رۆژە عومرەت کە ماوە، لە گەڵی رابوێری؟ دایکەکە زۆری پێخۆش بوو؛ وتی: رۆڵە، مادام رووم لێ ئەنێیی بێ دڵیت ناکەم؛ ئارەزووی خۆتە.

کورە بەینێکی زۆری پێچوو هیچ دەنگی نەبوو. دایکەکەی وتی: ئەرێ رۆڵە، تۆ وەختی خۆی قسەیەکی وات کرد، کەچی ئێستا هیچ دەنگت نییە؟ قەزات بکەوێ لە دایکت! کورە وتی: وەڵلا دایە هەر چەندە ئەگەڕێم پیاوێکی وا کە لە سێرەی تۆدا بێ دەست ناکەوێ. دایکەکە وتی: «جا رۆڵە قەیدی چییە؟ مادام پیاوێکی وا دەست ناکەوێ، دوو پیاوی چل ساڵم بۆ بێنە. ئەوە بە هەر دووکیان ئەکەنە هەشتا ساڵ؛ ئەمەش هەر بۆ ئەوە کە قسەکەی تۆ نەشکێ».

- دەستەیەکی ئەو سەر دەمە رۆژێک ئەچنە دەرەوە بۆ راوە «جورە» بە پەلە پیتکە. کوتوپڕ تفەنگێکی ساچمەزەن ئەدۆزنەوە؛ لێیان ئەبێ بە هەرا، نازان چییە؟ ئەیهێننەوە بۆ ئاوایی و عەشیرەت و پیاوماقوولی لێ کۆ ئەبێتەوەو ئەکەونە راوێژ کردن و هەڵهێنانی ئەم بەلا گەورەیە کە خوا بە سەریا داون و نازانن چییە؟ یەکێ ئەڵێ ئەمە حوشتری عەرەبستانەو لە کاروان بە جێ ماوە؛ یەکێ ئەڵێ ئەمە بایغەزەوەو باڵی شکاوە. بە کورتی یەکێکیتر ئەیکا بە قاز و یەکێکیتریش بە باز.

لالە تۆماس هەڵ ئەداتێ ئەڵێ: «ئێوە هیچتان ئەقڵتان نییە! ئەمە قەنەی خوایەو لەوێدا لێی بەجێ ماوە». هەموویان ئەکەونە زلپ و بلێ ئەڵێن راست وایە. ئنجا ئەڵێ «بۆ راست و درۆیش کەڵە پشکۆیەکی لە سەر دانێن تا بۆتان تاقی کەمەوە، هەی بێ عەقڵینە!»

پشکۆی بۆ لە سەر ساچمە دائەنێن و دەم ئەنێ بە لوولەکەیەوە، نەفەسی لێ ئەدا. لە گەڵ نەفەس لێ دانا تفەنگ ئەتەقێ و مێشکی ئەبا بە عاسمانا. لالە برزویش هەڵ ئەداتێ ئەڵێ: «ئەوە دەردت وێ! بە قەنەی خوا سەویل ئەکێشی».

- کابرایەک بووکێکی خۆی لە گەڵ بوو بۆ شار ئەهاتن. لە سەر کانی و ئاوێک لایاندا بۆ ئەوەی تۆزێ بحەسێنەوە. بووکەکە سکی پڕ بوو؛ لەشی گران بوو. لەو وەختەدا کە ویستی دانیشێ بایەکی لێ بەربوو، زۆر زۆر تەریق بووەوە. لەوانە بوو ئیتر لە شەرمانا نە نانی پێ خورا نە ئاو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەزوورەکەی سەیری کرد ئەم کچە بەم جۆرە بکا بۆی ناگاتە شار؛ دەستی کرد بە دڵدانەوەی و وتی: کچم، قەینا کا شتێکی وا نەبووە. ئەوە ئیشەڵلا کوڕت ئەبێ. بووکەکە تۆزێ هەناسەیەکی پیا هاتەوەو وتی: «کەواتە مامە با یەکێکی‌تریش بکەنم». خەزوورەکەی وتی: «کچم جارێ تۆ ئەوە گەورە کە، ئەو وەختە یەکێکی‌تر بکەنە».

– کابرایەک پوورێکی خۆی ئەبێ ئەیبا بۆ لای مەلایەک ئەڵێ لێم مارەکە. مەلاش ئەڵێ: باوکم پێت ناشێ، چۆن قسەی وا ئەکەی؟ ئەویش ئەڵێ: «ئەی تۆ چەینێکی؟ بیشێنە». بە کورتی مەلا مارەی ناکاو کابرا ئەڕواو بە بێ هێڵ و گفت ئەچێتە لای پووری خۆی.

لە پاش دوو سێ ساڵ کابرا یەک دوو منالی لە پووری خۆی ئەبێ و منالەکان ئەداتە پێش خۆیی و ئەچێتەوە بۆ لای مەلاکە. پێی ئەڵێ: «ها مەلا تۆ ئەتووت ناشێ. دەسا رووی کێمان رەش بوو؟ ئەم منالانە هی کێیە؟»

– جوولەکەیەک لە سولەیمانی هەبوو؛ حاتانی ناو بوو. ئەم حاتانە کڕین و فرۆشتنی زۆرتر لە گەڵ جافەکانا بوو. حەمەپاشای جافیش هەموو جار شتێکی پێویست بووایە ئەینارده لای و پسوولەیەکی بۆ ئەنووسێ کە ئەوەندە پارەی کەوتۆتە سەر پاشا. حاتان بوو بە خاوەنی پسوولەیەکی زۆر و بەڵام پولێکیشی لە پاشا بۆ وەرنەئەگێرایەوە؛ کە شکاتیشی بکردایە کەس شکاتی نەئەپرسی.

ساڵێک حاکمێک هاتە سولەیمانی و دەستی کرد بە توندو تیژی و بە تایبەتی چوو بە رەقا لە گەڵ بەگزادەکانی جافا. حاتان ئەمەی بە هەل زانی، چوو هەرچی سەنەدو پسوولەی هەبوو بردی بۆ حاکم و شکاتی پێوە کرد لە حەمەپاشا. زۆری پێ نەچوو کە حاکم هەموو هەقەکەی بۆ وەرگرێتەوە، کوتوپڕ لە بەختی حاتان، ئەو حاکمە لەوێ نەماو دەورو دووکان وەکو خۆی لێ هاتەوە. حاتان لە ترسانا چوو هەر سەنەدێکی لە دەفتەری حوکومەتا هەبوو، هەمووی وەرگرتەوە.

لەم کاتەدا حەمەپاشا ناردی بە شوێن حاتانا وتی هەچ سەنەدێکی هەیە بیهێنێ تا پارەکەی پێ بدەمەوە. حاتان بە خۆشی خۆشی پسوولەکانی هەڵگرت و لێی دا رۆیشت بۆ لای پاشا. پاشا وتی: دەویت باوک! شکاتت لێ کردووم؟ دەسا بە گۆڕەکەی زایەر بەگ هەچ سەنەدیکت هەیە ئەبێ ئێستە هەمووی بخۆی». هەر چەند حاتان هاواری کرد کە پاشا هیچ هەقێکم ناوێ و سەنەدەکان ئەدڕم، کەڵکی نەبوو، بەزۆر هەموو سەنەدەکانی پێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرخوارد داو وەکو کولێرە بە ڕۆن ئەیجوی و قووتی ئەدا. وتی: «دەویت باوک! ئەوە دەردت وێ شکاتم لێ ئەکەی؟»

حاتان دەست لەگونان بەرەو ژێرتر گەڕایەوە بۆ سولەیمانی. ماوەیەکی‌تری پێ نەچوو پاشا پارەی پێویست بوو، ناردیەوە بۆ لای حاتان کە ئەوەندە پارەی بۆ بنێرێت و پارەکانی پێشوویشی ئەداتەوە، سەنەدێکیشی بۆ ئەنووسم. ئەوا ئەو وەختە ڕەقم هەستابوو بۆیە وام کرد.

حاتانیش خۆ ناتوانێ ملە جیرەیەک بکا، هەستا چوو بۆ لای و پارەکەو کولێرەیەکی لە گەڵ خۆی برد. پارەکەی دانا و وتی: پاشا سەنەدم ناوێ ئەوا پارەکەم هێناوە. پاشاش وتی: «نابێ وە قەورەکەی زایەر بەگ سەنەد هەر ئەبێ بوێ لە بەینا». حاتان دەستی برد کولێرەکەی دەر هێنا و وتی: «کەواتە باشە لە سەر ئەم کولێرەیە بۆم بنووسە؛ دواجار بە حەزرەتی موسا قاقەزم بۆ ناخورێ؛ بەڵام کولێرەکەم بۆ ئەخورێ». پاشا تەکبیرو قسەی جووەی بە لاوە سەیر بوو، لە سەر ئەمە پاشان هەچ پارەیەکی قەرزار بوو هەمووی پێدایەوە.

- مەلایەک کابرایەکی شوانی فێری نوێژو فاتیحە دەکرد. هەر چەندی لە گەڵ خەرێک بوو هیچ کەڵکی نەگرت و فێر نەبوو. هەر ڕەوانی ئەکردو کەچی زۆری پێ نەئەوو لە فیکری ئەچووەوە.

ڕۆژێک مەلا وتی ئەمە وا نابێ؛ رووی کردە کابرا وتی: خۆ تۆ لە مەڕو ماڵات زۆر چاک ئەزانی و ئەوانەت لە فیکر ناچێتەوە؟ وتی: بەڵێ. وتی: کەواتە چەند مەڕێک بێنەرە پێشەوە تا بە هۆی ئەوانەوە هەر ئێستا فاتیحاکەت ڕەوان ئەکەی.

کابرا چەند مەڕێکی لە رانەکە جیا کردەوەو مەلا چوو ملی مەڕێکی گرت وتی باوکم! ئەمە «الحمدللّەرب العالمین» بێ. مەڕێکی‌تری هێنا وتی: ئەمە «الرحمن الرحیم»بێ. مەڕێکی‌تر [هێنا] وتی: «مالک یوم الدین»بێ. بەم جۆرە هەر ئایەتێکی کرد بە ناوی مەڕێک و کابرا زۆری نەخایاند سوورەی فاتیحای بە پوختی ڕەوان کرد. مەلا وتی: ئنجا بۆم بخوێنەوە بزانم چۆنی. بۆی خوێندەوە زۆر تەواو بوو.

لە پاش چەند ڕۆژێکی‌تر مەلا وتی: ئا وەرە فاتیحاکەم بۆ بخوێنەوە بزانم لە فیکرت نەچۆتەوە؟ وتی بەڵێ. هات و دەستی پێکرد: «الحمد للّە رب العالمین، مالک یوم الدین، لراط الرین، غیر مغقوب علیهم. امین».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلا وتی ئەوە چی ئەڵێی تۆ؟ ئەی ئەوانی تری؟ وتی: مامۆستا «الرحمن الرحیم» گورگ خواردی، «ایاک نعبد» سەر بەرخەکەیەوە مرد، «وایاک نستعین» کەوتە چاڵەوە، «انعمت علیهم» خاوەنەکەی دای بە چەرچی، «ولڤالین» میوانمان هات خۆم سەرم بڕی، ئەمەش ئەوانی‌تری وا لە بەر دەستایە.

- کابرایەکی شاتری هەبوو «ئەحەجووجە»یان پێ ئەوت. چووە خزمەت مەحمووپاشا وتی: «پاشا قنگە زەوییەکەی گوێی چەمەکەی "دەڵێن"م پێ بدە ئەیکەم وە نێرکە کاهوو؛ تا لە کوێستان تینەوە گشتی قەف ئەکێشی، با ئیتر خۆمان نەورین وەسەر گۆرانە بێ فەرەکانا. بۆ چلێ کاهووە گووی وی ئێشی مردگی باوکیان دەر تێری».
مەحموو پاشاش ئەفەرمووی: ئەحە ئەو زەوییە کاهووی تیا نابێ؛ ئەوە چۆن بە کەڵک دێت؟ ئەحەش ئەڵێ: «پاشا! من کەرێک و تۆ کەرێک، وە قەورەکەی حەمە پاشا ئەوەندەی کوت بۆ تێرم لە لووتی باوکمان بێتەوە. کاهووی وا بێری نێرکی وایشت لە خەوا نەدیوی». پاشا دەست ئەکا بە پێکەنین و ئیتر هیچ نالێ.

- عەلی خانی ئەرکەوازی لە بەغدا ئەچێتە چێشتخانەیەک. لە گەڵ چێشتەکانا زەیتونیشی بە چەتاڵێکەوە بۆ دائەنێن. بە چەتاڵ دێتە ویزەی زەیتوون، هەر چەند چەتاڵەکەی بۆ دائەهێنێتەوە زەیتوون وەکوو بەچکە کەرویشک لە ژێریا را ئەکاو بەو ناوەدا خل ئەبێتەوەو بەر ناکەوێ. شاگردی چێشتخانەکە چاوی لەم بەزمە ئەبێ، هەر دێت و چەتاڵەکەی لێ وەرئەگرێ و یەکەوجار ئالقەی دەنکە زەیتوونی ئەکاو زەیتوون ئەبێ بە سەر چەتاڵەوەو ئەیدا بە دەست عەلی خانەوە؛ ئەڵێ فەرموو. عەلی خانیش ئەڵێ: «کوڕە باوەحیز! ئەگەر من شەکەتم نەئەکردبا، تۆ ئاوا بهاتیایەو بتگرتایە، ئیتر ترو فیزی چی ئەکەی؟»

- کابرایەکی ڕێبوار ڕێی کەوتە لای باخێکی هەنجیر و دڵی لێ چوو؛ لایداو دەستی کرد بە هەنجیر خواردن. زۆری پێ نەچوو پیرەژنێکی لەو لاوە پەیدا بوو دەستی کرد بە جنێو پێدانی کە ئەو هەنجیرە بۆ ئەخۆی؟ کوڕە هیچ دەنگی نەکردو هەر خەریکی خواردنی خۆی بوو. پیرەژن پێی لێ هەڵبڕی. کوڕە ئیتر ڕاگیر نەکرا وتی: پیرەژنە واز بێنە؛ ڕێبوارم چوار هەنجیر ئەخۆم و ئەڕۆم. پیرەژن هەر وازی نەهێنا، ئینجا کوڕە وتی: پیرەژن ئەوەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درێژەی مەدەرێ دەسا شەرت بێ هەر لێت راست ببمەوە چەن دان لە دەمتایە ئەوەندەت ئەگێم. دە وازم لێ بێنە، چوار هەنجیر ئەخۆم و ئەڕۆم.

پیرەژن ئەمجا زیاتر گەرم بوو. ناچار کوڕە هەستایە گیانی ئەوی پێی کرا لە گەڵێ کردو چووەوە گیان هەنجیر خواردنی. پیرەژن دیسان دەستی پێ کردەوە وتی: «تەماشاکە، تەماشاکە! هەنجیرانیش دەخوا درۆیانیش دەکا، خۆ تاقە ددانێکی تریشم لەو بنەوە ماوە».

- ساڵێک لەو کوردەواری یە دەنگ وا بڵاو بووەوە ئەستێرەیەک هەیە ئەکەوێتە خوارەوە و دنیا وێران ئەبێ و دوایی دێت. مەلایەک هەبوو وتی ئەم قسەیە راستە؛ چونکە لە کتێبان دەفەرموێ: دنیا لە سەر شاخی گایەو گا لە سەر ماسیەو ماسی لە سەر ئاوەو ئاو لە سەر بایە؛ کە ئەستێرەکە کەوتە خوارەوە گایەکە هەڵی ناگرێ و ئەڕوخێ. وەستا ئەورەحمانێکی کۆیی هەبوو وتی: «بە خوا مامۆستا ئەم تڕەکەڵەکە سەر ناگرێ. بەو جۆرە تۆ ئەفەرمووی ئەستێرەکەش نەبێ هەر ئەڕوخێ».

- پیاوێک هەبوو لە سولەیمانی «شێخەلی»یان پێ ئەوت. شەرع شەرمی بۆ نییە، پێیان ئەوت شێخەلیەپەڕۆ. ئەم شێخەلیە لەم ئاخرەدا چاوی کوێر بوو بوو، تەزبێحێکی دەنک گەورەی سەد دانەیی هەبوو، هەموو ئێوارەیەک پاش نوێژی شێوان لە سەر سەکۆی مزگەوتەکە تەزبێحی «قل هواللّەو فاتحە»ی ئەخوێند و خێرەکەی ئەنارد بۆ ئەو دۆست و ناسراوانەی کە لە وەختی خۆیا پێکەوە بوون و ئەیناسین. بە سەرە ناوەکانی هەڵئەداو ئەگەیشتە سەر حاجی فلان لە بەینیا ئەیوت: «ئەو سەگبابە هەر چەندە زۆری عەزیەت کردم، بەلام قەیناکا با ئەویشی تیا بێ». تۆزێکیتر ئەڕۆیشت و ئەگەیشتە سەر وەستا فلان؛ ئەوەستاو ئەیوت: «ئەو کرانباوگاوە هەر چەندە هەموو جار کەواکەمی خراپ بۆ ئەدوریم، بەلام قیروسیا با ئەویشی تیا بێ».

تۆزێکیتر ئەڕۆیشت و ئەگەیشتە مەلا فلان ئەیوت: «ئای ئای ئەو حیزبابە هەموو جار لە ناو خەڵکا پێ ئەوتم تۆ مەلانیت و ئەیشکانم؛ بەلام وائەزانم سەگ خواردی با ئەویشی تیا بێ».

بەم جۆرە بە ناسراوەکانیا ئەهاتە خوارەوە؛ لە ئاخرا ئەیوت خێری ئەم «قل هواللّەو فاتحە»یەم بۆ ناردن. ئەمانەشی کە ئەوت بە جنێوو بە «قل هواللّە» هەموو بە دەنگی بەرز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەیوت، لە بەر ئەوە چاوی کوێر و گوێی کەڕ بوو لای وا بوو کەسی بە دەوریەوە نییە؛ کەچی هەموو جارێکیش چوار پێنج کەسێکی هەر بە دەوریەوە بوو.

- مەحموو بەگی رەزا بەگ گێڕایەوە وتی:

لای ئێمە دەرویشیک هەبوو لەم ئاخرەدا کچێکی هێنا بوو. دوو سێ شەو بوو چوو بووە لای نەبوو بە زاوا. شەوێک ئەوەندەمان زانی لە پاش نوێژی خەوتنان های و هۆی پەیدا بوو کە سەیرمان کرد ئەمە دەروێشەکەیە حاڵ گرتوویەتی و زکر ئەکاو جەزبەی لێ هاتووە. زۆری پێنەچوو هەر بەو حاڵەوە چووە ژوورەوە، بە دەوری ژنەدا هەڵئەسوڕاو ملی با ئەداو ئەیوت: «یا شێخ ئەمە هی من نییە هی تۆیە؛ جا کەیفی خۆتە».

- «مەحمووپاشایجاف» یەکێک بوو لە پیاوە هەرە گەورەکانی کورد. ئەو پیاوە بوو کە لە گەڵ وەسمان پاشای برایا دەستە جڵەوی عەشیرەتی جافیان گرتبووە دەست و هەڵیان ئەسووڕاند. ئەو عەشیرەتە کە خاوەنی چل هەزار خێوەت و لە شەکەل و شیروانەوە دایانگرتبوو تا شاقەلاو بس و مەولاناوا. ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکیترەوە ئەم مەحموو پاشایە ولاتانی دیبوو؛ پیاوانی گەورەو کۆشکی والی و پادشاهانی دیبوو. لە هەر لایەک گوڵێکی چنیبوو، لە هەر شوێنێک ئەدەبێکی وەرگرتبوو، لە ئەنجاما خۆی بووبوو بە پیاوێکی ئەدەب پەروەری کورد. بەو زەکاو ئەدەبەوە سەرۆکی ئەو عەشرەتەی ئەکرد کە هەر یەکە لە تەپڵێک لێیان ئەدا و هەر یەکە جۆرە ئەقڵێکیان هەبوو.

بەڵێ لە رەمەکی جافا گەلێ پیاوی ژیرو دانا هەڵکەوتووە؛ ئەبێ هەڵکەوێ؛ چونکە نەسیمی دەربەندان و هەوای دەشتان کە تێکەڵ بە جریوەی ئەستێرەی ئاسمان بوو، دیمەنەکەیان ئەکاتە کارێ کە لالغاوەی فیکرو هۆشی پیاوی هەوارگەڕی ئەو دیمەنە لێک بکشێنێتەوەو باوەڕی سافی وەکو دوڕ دەربڕێ. وەکو ئەمە ئەبێ گەلێ پیاوی ساویلکەش لەو کۆڕەدا ئەکەوێتە مەیدانەوە کە ئاسوێ فیکری تەنها پڕی مێشکەکەیەتی و هیچیتر. جا پیاوێک کە سەرۆکی عەشرەتێکی وا بگرێتە دەست، ئەبێ داناییەکەی و فراوانی دڵەکەی گەلێ گەورەتر بێ لە گەورەیی ئەو عەشرەتە؛ ئەگەر وا نەبێ عەشرەتداری پێ ناکرێ؛ راستەیی ناکرێ چونکە: ئەزانێ ئەمانە بە دڵێکی سافەوە قسە ئەکەن و قسەکەشیان گەنجینەیەکی گەورەیە بۆ زمانەکەیان. بۆیە مەحمو پاشا هەموو جار لە گەڵ هەر کەس لە پیاوی عەشرەتەکەدا بەبێئەقڵی ئەو قسەی لە گەڵ کردووە، لە پێکەنین بەو لاوە هیچیتری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەداوە بە رووبا. هەر ئەم دڵ فراوانی و عەشرەتداریەی بووە کە کردوویەتە کاریّ نوکاتی ئەدەبی بە نرخی کوردی بۆ زمانی کوری ماوەتەوەو بووە بە گوڵدەستەیەک بۆی. لە مانەش وەکوو ئەوە ئەڵێ:

جارێک کابرایەکی کورد کەرێکی ئەدزرێ و لای کابرایەکی‌تر بە سەری ئەکاتەوەو لێیان ئەبێتە مرومشت. لە ئاخرا ئەچن بۆ لای مەحمووپاشا بۆ شکات. ئەمیان ئەڵێ کەری منەو ئەویشیان ئەڵێ هی ئەونییە. لە ئاخرا کابرای خاوەن کەر روو ئەکاتە مەحمووپاشاو ئەڵێ: «پاشا وە قەورەکەی حەمەپاشا چۆن تۆ ئەناسم ئاوا کەرەکەی خۆمیش ئەناسم؛ ئیتر بێژم چی ئەم کاورایە وا لێم چووگەسە چەقی لەعنەتەوە نامداتەوە». کابرای تریش ئەڵێ: «دەسا پیاگی درۆزن ئەو قەننەی پاشایە وە قنگی! دیارە تۆ پاشا ناناسی ئەگەینا کەری خۆتت ئەناسیەوە».

پاشا بەم قسەیە دەست ئەکا بە پێکەنین و ئەڵێ: «برا برۆ کەرەکەی پێ بدەرەوە؛ کەری خۆیەسی، من خاس ئەناسێ».

– کابرایەک لەو دەشتە جگەرە کیش ئەبێ بەلام هیچی پێ نییە. تووشی گۆرانێک ئەبێ و ئەڵێ: ئا برا کیسە توتنەکەم پێ بدە؛ کیسەی ئەداتێ. ئەڵێ: ئا برا پەرەیەکیشم پێ بدە؛ پەرەیشی ئەداتێ. ئەڵێ: ئا برا توو خوا قنگێکیشم پێ بدە(مەبەستی بە قنگ ئەغزەیە)؛ قنگیشی ئەداتێ. ئینجا ئەڵێ: ئا براکە کوچک و چەخماخەکەیشم پێ بدە؛ ئەویشی ئەداتێ. بە خێر بەم جۆرە جگەرەیەکی بۆ دروست ئەبێ و گۆرانەکەش لە ترسی ئەوە نەوەک کیسەکەی دەست نەکەوێتەوە ناوێرێ هیچ دەنگ بکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# هەندیک لە قارەمانی ژن

- لەم سالانەدا لەبناری کۆیە کابرایەک هەلکەوتبوو «خورشەکوێر»یان پێ ئەوت. خورشە لە پیاو خراپیدا وەکو گورگی هاری لێ هاتبوو؛ بە جۆرێ ناوی دەرکردبوو منالی ناو بیشکەیان بە ناوی ئەو ئەترسان و ژێر ئەبوەوە. خورشە چەتە بوو؛ دەستەیەکی پێکەوە نابوو راورووت و پیاو خراپیان ئەکرد. ولاتی کۆییانی هێنا بوو زەلالەت. کاروانیان رووت ئەکردەوە، پیاویان ئەکوشت، سەرەرای ئەمەش لە شوێنێکا ئەگەر تووشی ئافرەتێک ببوونایە، ئافرەت ئەگەر پەلی بە پەلی پێغەمبەرەوە بوایە، خورشە ئەبوایە لاقەی بکردایە.

ئیشی خورشە وای لێ هات حوکومەتیش لە دایەخی دەرنەئەهات. ناچار حوکومەت فەرمانێکی دەرکردبوو کە هەرکەس خورشە بە زیندوێتی وە یا بە مردوێتی بهێنی پێنجسەد رووپیەی ئەو دەورە بەخشیشی ئەدرێتێ. بەلام خورشە دەست کێ ئەکەوت و کێ ئەیوێرا شان بدا لە شانی؟

لە دێ «شەو گێڕ» هەر لە بناری کۆیە، کچێک هەبوو *فاتەی* ناو بوو. ئەم کچە بە *فاتەقۆرێتان* بە ناو بانگ بوو. فاتە کەسی نەبوو تەنها برایەک نەبێ؛ براکەی بە رۆژ ئەچوو بە لای کاسبی لادێییەوەو فاتەش بنەوانیەکەی ئەکرد. بۆ خۆیان کولانەیەکیان پێکەوە نابوو بە ژیانێکی خۆش و سەربەرزی و داوێن پاکی پێکەوە ئەژیان.

بەلام فاتەگولێک بوو لە گولی جوانی کە خوا لە گولستانی ولاتی کۆیەدا بە تاقانە دروستی کردبوو؛ کەلە گەتێکی بالا بەرز، روومەتێکی پان و سوور و سپی، دوو چاوی گەورەی رەشکاری برژانگ درێژ، لووتێکی باریک بە بەینی دوو گۆنا سوورەکەیا هاتبووە خوارەوە. باسی گۆنایان جاران بە سێوی سەردەشت ئەکرد. مەمکی تازە سێبەری کردبوو. دوو باسکەکەی سەری پیاوی تێک دابوو: لە لایەکی ئەتبینی دوو باسکی زێوینە بە فاتەوەیە؛ کەچی لە لایەکیترەوە ئەتبینی دوو باسکی مەردانەی پالەوانییە بە فاتەوەیە.

شەویک لە پێش مەلا بانگ دانا «کاکی فاتە» فاتە خەبەر ئەکاتەوە بۆ ئەوە هەستێ. هەر سەر لە ئێوارە هەویری کردووە بیکا بە نان و نان لە گەل خۆی بەرێ و بچێ بۆ سەر ئیشی. دنیا تاریک بوو. فاتە کە هەلئەستی سەیر ئەکا داریان نییە نانەکەی پێ بکا، ئەچێتە دەرەوە بۆ بناری ئاوایی باوەشەدارێک بێنی خێرا نانەکەی پێ بکاو فریای کاکی بکەوێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بەر ئەوە دنیا تاریک بوو، لە نزیکی ئاوایی داری بەرچاو نەکەوت و تۆزێ دوور کەوتەوە، باوەشەداری کردو لەو کاتەدا ئەیەوێ بگەڕێتەوە، خورشە بە خۆی و پیاوەکانیەوە لە سەر سەریەوە پەیدا ئەبن. لەو دەشتەدا و لەو تاریک و لێڵەدا فاتە دەنگی بە خوا نەبێ بە کەس ناگا.

خورشە دەورەی فاتە ئەداو تەنگی پێ هەڵئەچنێ. فاتە ئەپاڕێتەوە هیچ کەڵک ناگرێ. کەوش و پێڵاوی خورشە ماچ ئەکا، هیچ کەڵک ناگرێ. ئەڵێ خورشە ئەوا وام لە بەر دەستتا بمکوژەو ئیشی وام لە گەڵ مەکەو نامووسی خۆم و برام مەشکێنە؛ هیچ کەڵک ناگرێ. لە فاتەگریان و پاڕانەوەو لە خورشە دڵ ڕەقی و دڵ پیسی. بە کورتی خورشە لاقەی فاتە ئەکاو پەردەی کچێنی لەو دەشتەداو لەو تاریک و لێڵەدا هەڵئەگرێ و بە جێ دێڵن.

ئەوا دنیاش بەرە بەرە روون بووەوە، فاتە دەستێکی ئەکەوێتە ئەم لاو دەستێکی ئەکەوێتە ئەولا نازانی چیبکا: ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو کارەسات بۆ برای ئەگێڕێتەوە قورعانی کەعبە بکاتە ملی برا بڕوای پێ ناکاو ئەیکوژێ؛ ناگەڕێتەوە روو بکاتە کوێ و بۆ کوێ بچێ؟ لەم دەریای فیکرەدا ئەمێنێ و دنیاش وا هەتا بێت روونتر ئەبێتەوە. چار ناچار ئاخر فیکری خۆی دێنێتە سەر ئەوە کە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو دەنگ نەکا تا بزانێ پاشەڕۆژ بە چی ئەگا.

باوەشە داری خۆی هەڵئەگرێ و دێتەوە. نان بۆ کاکی دروست ئەکاو برا ئەچێ بۆ سەر ئیشی خۆی. ئەمیش ئەو رۆژە تا ئێوارێ پەژارە دایئەگرێ و نازانی چی بکا؟ لە ئاخرا فیکری دێتە سەر ئەوە کە بە شەو بۆی دەرچێ و بچێ بە شوێن خورشەدا بگەڕێ، بەڵکو لە شوێنێک تووشی ببێ و تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوەو ناموسی خۆی و برای وەربگرێتەوە.

خورشەش ئیتر ئەوە عادەتی بوو کە ئێوارەی لێ ئەهات نزیکی ئاوەدانی ئەکەوتەوەو بە رۆژ لەگەڵ هاوڕێکانیا لەو شاخ و چیایانە خۆیان ئەشاردەوە. لە هەڵێکا راووڕووت و پیاو کوژەیەکیان ئەکرد و دیسان خۆیان ون ئەکردەوە.

فاتە ئێوارە کە برای لە کەژ دێتەوە نانی بۆ دروست ئەکا. نان ئەخۆن و ئەنوون. برا هیلاکی رۆژە، زوو خەوی لێ ئەکەوێ. فاتە کە دڵنیا بوو وا برای خەوی لێ کەوتووە، بە هێواشیەک لە ناو جێگەکەی دێتە دەرەوە، تفەنگ و فیشەکدانی برای وا هەڵواسراوە، فیشەکدان لە پشت ئەبەستێ و تفەنگ ئەکاتە شانی و لە ماڵ دەرئەچێ و روو ئەکاتە ئەو دەشتە. لەم شیو بۆ ئەو شیو، لەم کێو بۆ ئەو کێو تا بەری بەیان ئەسوڕێتەوە تووشی هیچ نابێ. کە ئەزانێ وا ئیتر دەمە دەمی بەیانە ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە تفەنگ و فیشەکدان ئەکاتەوە بە دارو خۆی ئەکاتەوە بە ژێر جێگەکەیەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فاتە بەم جۆرە دەست ئەکا بە شەو دەرچون و بە شوێن خورشەدا گەڕان تا نزیکەی دەپانزە شەو، بۆ نەگبەتی ئەو تووشی هیچ نابێ و نیشانێکی لە خورشەوە دەست ناکەوێ؛ بەڵام هەر واز نایەنێ و ئەو ڕێگەی دەرچوونە کە گرتوویەتی بە شەو هەر ئەیگرێ.

شەوێک فاتە لە سەر ڕێ و شوێنی خۆی ئەڕوا، کوڕەی برای لە نیوە شەوا کوتوپڕ خەبەری ئەبێتەوە بانگی فاتە ئەکا کە ئاوی بۆ بێنێ. تەماشا ئەکا دەنگ نییە؛ فاتە فاتە هیچ دەنگ نییە. ئەڵێ ئافرەتە چوەتە سەر پێشاو ئێستە دێتەوە؛ فاتە هەر نەهاتەوە. کوڕە دڵی کەوتە چەکەرە کردن و هەستا چووە دەرەوەو دەستی کرد بە گەڕان؛ سەیر ئەکا فاتە لە هیچ شوێنێ نییە. هەر بە تەواوی کەوتە گۆمێ پەژارەوە، کە هاتەوە ژوورەوە سەیری کرد تفەنگ و فیشەکدانەکەشی دیار نییە. ئیتر بە تەواوی سەری لێ تێکچوو زانی فاتە بردوویەتی و نازانێ چ باسیشە؟

لەم گێژاوی خەیاڵەدا بوو کوتوپڕ گوێی لە خشەیەکی بە هێمنی دەرگاکە بوو. گورج خۆی کرد بە ژێر جێگەکەیەوەو خەوی لە خۆی خست. کە سەیری کرد وا فاتە بە بێ دەنگ و سەنگ و زۆر بە نەرمی هاتەوە ژوورەوە تفەنگەو فیشەکی وەکوو خۆی دانایەوەو خۆی کرد بە ژێر نوێنەکەوە. کوڕە لەم کارەساتە ئارامی لێ هەڵگیراو هات دەنگ بکا، پاشان وتی ئەم ئیشە ئیشی تاقە شەوێک نییە، چاک وایە دەنگ نەکەم سبەی شەوێ هەستم شوێنی کەوم بزانم چییە مەسەلە؟

ئەو شەوە ڕۆژیان کردەوەو بەیانی کوڕە هەستا چوو بۆ سەر ئیش و کاری خۆی و ئێوارە گەڕایەوەو نووستن؛ بەڵام کوڕە هەر ئەوە بوو خۆی کردە نووستوو، ئەگینە نە نوستبوو. شەوێ لە نیوە شەوا فاتە وەکوو جاران کە زانی برای خەوی لێ کەوتووە، هەڵسا تفەنگ و فیشەکی هەڵگرت و چووە دەرەوە. کوڕەی برایشی لە پاش تۆزێک ئەمیش هەستاو دوور و نزیک زۆر بە بێ هەستی شوێنی کەوت. سەیر ئەکا فاتە لەم کێو بۆ ئەو کێو لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ فیشەکی خستوتە بەر لولەی تفەنگ و بە دەستیەوەیەو ئەگەڕێ. لە پاش گەڕانێکی زۆر کوڕە ئیتر ئارامی لێ بڕاو چوو خۆی لێی ئاشکرا کردوو وتی: «فاتە چییە و چە کارەساتێکە؟ شێت بووم تێم بگەیەنە».

فاتەکە لەو دەشتەداو لەو ناکاوەدا برای خۆی لە بەر دەمیا چاوپێکەوت، تەزوێک هات هەموو لەشی تەنیەوەو وشک ڕاوەستا. لە پاش ئەوە کە تاوێکی کش‌وماتی پەردەی کێشا بە سەریانا، فاتە لە خەوی سەرسامی خەبەری بووەوەو هۆشێکی هاتەوە بە خۆیا وتی: کاکە! دانیشە لەم تۆی تاریکی شەوەدا و لەم دەشتی دوور لە ئاوەدانیەدا کە تەنها خواو تاپۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سامناکی تاریکی شەو نەبێ هیچی‌تر دیار نییە، دانیشە تا لە کارەساتی رۆژگار و لە چەواشەیی بەختی بەد کردارمت تێ بگەیەنم. برا دانیشت و خوشک لە بەر دەمیا، ئەوی بە سەری هاتبوو لەو شەوەو کە هەستا نان بکا بۆ برای و داریان نەبوو لە پێش بەیانا رووی کردە دەشت بۆ دارو خورشە کوێرو هاورێکانی تووشی بوون و خورشە بە دەستی ستەمکاری هەر چەندە ئەم لێی پاڕایەوە کەڵکی نەبوو پەردەی کچێنی هەڵگرت و ئەمەش چەند شەوە بەم جۆرە کە ئێستە ئەو ئەیبینێ عەودالی شوێن خورشەیە کە بەڵکو تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، تا ئێستە بەم جۆرە تووشی بوو بە برا سەرسام و چۆل و گەردەکەیەوە بە شوێنیا. ئەمانەی هەموو بۆ گێڕایەوە.

فاتە ئەم قسانەی کرد و دەستی برد تفەنگ و فیشەکدانی لە ملی داماڵی و لە بەر دەمی کاکیا دایناو وتی: «ئێستەش ئەوا شەوەو کەس دیار نییە؛ ئەگەر بڕوام پێ ئەکەی بەو خوایەی کە تەنها ئەو نەبێ کەسی‌تر لەم کاتەدا ئاگای لە ئێمە نییە! کارەسات بەو جۆرە بووە کە بۆت ئەگێڕمەوە. ئەگەر بڕواشم پێ ناکەی ئەوا فیشەک لە بەر لوولەی تفەنگایە؛ تفەنگێکم پێوە بنێ و بمکوژە بۆ ئەوە کە ئێمە تا ئێستە بە سەربەرزی و بە ڕوسووری ژیاوین. لە ئێستە بە دواوا لە ناو چەوانی منەوە تۆ لەکەدار نەبی و گیانی من ببێ بەگاو گەردنی تاقە سەعاتێکی شەرەف و ناوبانگی تۆ. وە چۆلیشە کەس نازانێ. ئەتوانی لە پاش کوشتنەکەم بچێتەوە ماڵی خۆت و بەیانی دەنگ وا بلاو بکەیتەوە کە خوشکم دیار نییەو لە پاش گەڕان و پرسیار دیارە تەرمەکەم ئەدۆزریتەوەو ئەنێژرێ و تۆیش گویا هەر لەم لاو ئەو لاو پرسیار ئەکەی بە شوێن ئەو کەسەدا کە خوشکتی کوشتووە. ئەمەش بۆ ئەوە با پاش منیش قسەی کوشتنی من نەەنە پاڵ تۆ، تووشی هیچ نەبی. ئەگەر ئەمە ئەکەی بیکە، ئەگەر خۆ ناشی کەی تۆزێ پشووت ببێ بێ گومان خوا ئەم نهێنیە دەرئەخا. ئەو وەختە ئەگەر خوشکت روو سوور و بێ گوناح بوو، دەرئەکەوێ، ئەگەر خۆ وایش نەبوو فیشەکەکەی ئێستە هەر ئەمێنێ.

کوڕە کە گوێی لەم قسانە بوو لەم عالەمەوە کەوتە عالەمێکی‌تر و دەنگی درنگەی سەرسامی لە مێشکیا پەیتاپەیتا تەونی ئەتەنی. هەر چەند دنیا شەو بوو بەڵام ئەگەر رۆژیش بوایە ئەو دنیا لەو شەوە تاریکتر ئەبوو لە بەر چاوی. کەوتە گێژاوی ئەم هەرەسەوە، لە پاش لێکدانەوەو سێ و دوویەکی زۆر لە دڵی خۆیا، تفەنگ و فیشەکی هەڵگرت و وتی فاتە هەستە با بچینەوە بزانین ئەم دنیایە لە بارەی ئێمەدا بە چە کارەساتێکی‌تر ئاوسەو چە روپەڕەیەکی‌ترمان بۆ دێنێتە پێشەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سا زۆری پێ نەچوو هەروا بە دەم کش‌وماتی رۆیشتنەوە فاتە سەیری کرد لە کوێرەشیوێکی دوورا تارمایی دووکەڵێکی بەرچاو کەوت؛ وەستاو وتی: «کاکە! ئەوا لەو شیوەدا چاوم لە دوکەڵێکە؛ برایەتیم لە گەڵ بکە ئیزنم بدە با بچم بزانم چییە؟ ئێ، بەڵکو ئەمە خوایە خورشە بێت تۆ لێرە راوەستە بەفرکانێ ئەگەڕێمەوە لات». کاکی کە لای کردەوە راستە دوکەڵێکی بەر چاو کەوت. لایە زۆر و لایە خواهیشت ئیزنی داو وتی بچۆ.

فاتە کە چوو تەماشای کرد وا لەو کوێرە شیوەکەدا خورشەو دوو زەلامی‌تر دانیشتوون چایان لێناوە، چا ئەخۆنەوە. بە بێ ئەوەی ئەوان هەستی پێ بکەن خێرا گەڕایەوە بۆ لای براکەی وتی: «کاکە! خوا هاتووە بە هانای داوێن پاکی و بێ گوناحی منەوە؛ ئەوا خورشە بە خۆی و دوو کەسی تر لە هاورێکانیەوە لەوێ دانیشتون چا ئەخۆنەوە. ئێستە منیش ئافرەتم و چست و چالاکی پیاوم نییە بۆ راکردن، لێرەشەوە تا کۆیە رێگەیەکی دوورە، لە توانای منا نییە بەم دەم و دەستەیە. تفەنگ و فیشەکەکە بدە بە من، تۆ بچۆ بۆ کۆیە خەبەر بە مەفرەزە بدە با بێن پێنج سەد روپیەکەش وەر ئەگری. تا ئێوەش ئەگەنەوە ئەگەر من هێشتم ئەمانە دەرچن ئەو وەختە گوللەیەکم پێوە بنێ.

کوڕە لە پاش لێکدانەوە تفەنگی دا بە خوشکی و خۆی روەو کۆیە بووەوە. ماوەی کۆیەو ئەو شوێنەش سێ سەعاتە رێگەی پێیان ئەبوو. لەو لاوە کوڕە رۆیی و لەم لاشەوە فاتە تفەنگی گرت بە دەستەوە و وەکو شێری برسی کە بە شوێن نەچیرا بگەڕێ و نەچیری خۆی دەست کەوتبێ بەو جۆرە دەورەی خورشەی دا. تا گەیشتە ئەم پلەیە دنیا بەرە بەرە روون بوەوە.

ئەمیش لە سەر سەریانەوە کردوویە بە سەر «کلاوە»یەکدا فیشەکی لە بەر لولەی تفەنگایەو بۆیان چوەتە پارێزەوە بەو نیازە یا تنۆکە خوێنە بە ناموس و پڕ لە ئازاییەکەی خۆی لەوێدا برێژێ وە یا ئەگەر هەور پەلێکی راکێشێ و خورشە بفرێنێ، ئەم نەیەڵێ.

لەو سەردەمەدا کە دنیا وا هەر پەردەی تاریکی ئەداتە لاوە، یەکێ لە هاورێکانی خورشە هەڵئەستێ بۆ ئەوە رێ و بان تاقی بکاتەوەو ئیتر ئەو شوێنە بە جێ بێڵن و برۆن. کە هەڵئەستێ و سەیرێکی ئەم لاو ئەو لا ئەکا تەماشا ئەکا وا لە تۆزێ دوورەوە یەکێک بە تفەنگەوە لە سەر سەریانەوە راوەستاوە خۆی ئەکێشێتە پەنا بەردێکەوەو ئەویش دەست ئەداتە تفەنگ و بانگی هاورێکانی ئەکا.

لەم کاتەدا فاتە دەستی لە کارا ئەبێ و تفەنگێکی تێ ئەگرێ. گوللە وەکوو ئاگری قودرەت ئەڕوا، تا کابرا دەست بە پێ تفەنگا دێنێ گوللە ئەنیشێتەوە بە ناو چاوانیەوە. لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

نیوەی لووتی بەرەو ژوور بە مێشکیەوە ئەیپڕژێنێتەوە ئەو ناوە. هاوڕێ ڕاست ئەبنەوەو ئەبێ بە شەڕە تفەنگ. بە هەر لایەکدا سەر دەر دێنن فاتە بە گوللە بەرەنگاریان ئەبێ. دیسان گوللەیەکی‌تر ئاوقەی ئەو هاوڕێیەکەی‌تری خورشە ئەکا ئەیدا لە شانی و برینداری ئەکاغ برینداریکی وا کە کەڵکی ئەوەی ئەبڕی دەست بداتە تفەنگ. مایەوە سەر خورشەو فاتە. ئەم دووە وەکو دوو شێری تووڕە بە گوللە هاویشتن و بە بەرەنگاری یەک کردن بەر ئەبنە یەک. دنیا تەنگی بە نیوەڕۆ هەڵنیا، ئەو دووە بەو جۆرە لە جەنگا بوون و فاتە نەیهێشت خورشە لە شوێنەکەی دوور کەوێتەوە.

لەو وەختەدا بڕا بە دەستە مەفرەزەی پۆلیسی حوکومەتەوە گەیشت و دەورەی خورشەیاندا. تا ئەم وەختە ئەوی لە ئەستۆیا بوو کە بەرەڵا نەکردنی نەچیرەکەی بوو بە جێی هێنا. لە ڕاستیدا خورشەش مەردانە هاتە دەست تا ئاخر فیشەکی پێما؛ کە فیشەکی پێ نەما تفەنگەکەی فڕێدا و ئەو وەختە پۆلیسەکان چوون گرتیان و دایانە پێش بۆ کۆیە. هاوڕێکانی ئەوە بوو یەکێکیان کوژرا بوو تەرمەکەیان خست بە سەر ولاغێکا و ئەویکەشیان بە برینداری لە گەڵ خۆیان برد. ئەم کارەساتە لە ولاتی کۆیە دەنگێکی گەورەی دایەوە.

کە ئەمانە برانەوە کۆیە، کوژراوەکە نێژرا. بۆ خورشەو هاوڕێ بریندارەکەشی مەحکەمەی کوبرا هەر لە شاری کۆیە دانرا. لە ئەندامەکانی مەحکەمە یەکێکیان مەلا سەدیقی نازەنینی بوو. چەند ڕۆژ ئەو موحاکمەیە درێژەی کێشاو باس و خواس ئاشکراش بوو. عالەمی کۆیە هەموو ئەچوون و تینووی بڕیاری مەحکەمە بوون، فاتەش بە بێ پسان هەموو ڕۆژێک لە سەرەتای موحاکەمەوە تا دوایی هاتنی ئەچوو لە گۆشەیەکی ژووری مەحکەمەوە دائەنیشت و گوێی لە کارەسات و پرسیار و وەڵامی ئەندامی مەحکەمەو خورشە ئەگرت. لە دوایی هاتنی مەحکەمەدا ئەندامی مەحکەمە بە دەنگی بەرز بڕیاری دادی بە سەر گوێگرانا بلاو کردەوە بە پانزە ساڵ حەپس بۆ هاوڕێ بریندارەکەی خورشە وە بە خنکاندنی خورشە تا مردن.

لەم کاتەدا فاتە ڕاست بوەوەو ڕووی کردە ئەندامی مەحکەمە وتی: ئایا دەستوورم ئەدەنێ تەنها تاقە قسەیەک لەم ژووری مەحکەمەیەدا لە گەڵ خورشەدا بکەم؟ مەحکەمە لە پاش پشکنینی فاتە -بۆ ئەوەی نەوەک چەکی پێ بێ- ئیزنی دا. ئینجا چووە بەردەمی خورشەو دوو سمێڵی زلی پێوە بوو، سمێڵەکانی گرت و دوو تفی کردە ناوچاوانی وتی: «خورشە چەندت لێ پارامەوە ئەو شەوە کە دەستم لێ مەدە؟ چەند خواو پێغەمبەرم کرد تکا کارت؟ چەندە خۆم خست بە سەر پێلاوەکانتا کە خوا ڕەوای هەقی نییە تۆ وا لە من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەکەی؟ ئا ئەمە رۆژەکەیە کە خوا هەقی بێگوناحان ئەستێنێ و ستەم با درێژەش بکێشی هەر ئەبێ ستەمکار بە تۆڵەی خۆی بگاتەوە»و بەرەڵای کرد. خورشەش هەر ئەوەندە هاتە زمان وتی: «راست ئەکەی و هەقتە». مەحکەمەش لەو شوێنەدا هەڵ نەستا تا بڕیارێکی رەسمی بۆ فاتە دەر کرد کە بە شەرع و قانون ئەم کچە بە کچ بناسرێ و هیچ گەردێکی لێ نەنیشتووە.

فاتە بە رویەکی لە مانگ نورانیتر و گەشتر لە ژووری مەحکەمە هاتە دەرەوە. کاکیشی پێنج سەد رووپیەی خۆی وەرگرت. هاوڕێی خورشەش خرایە بەندیخانەی پانزە سالی خۆیەوە. خورشەش نێردرایە هەولێر لەوێ سێدارەی بۆ هەڵخراو ملی کرا بە تەنافەوەو خنکێنرا. لە بەیانیەوە تا ئێواری بە دارقەواخەکەوە مایەوە؛ ولاتیش رزگاری بوو لە جانەوەریەتی ئەو جانەوەرە بە هۆی باهۆی مەردانەی فاتەی قارەمانەوە.

- لەو ولاتی «ئالان»، ولاتی قارەمانان کارەساتێکی زۆر سەیر لەو چەند سالانەی رابوردوەدا رووی دابوو. کارەساتە ترسێنەرەکەی «بەسێ» وەکو ئێستەش دەماودەم ئەیگێڕنەوەو جەرگە بێترس و داوێنە پاکەکەی بەسێ وەکوو نموونە پیشان ئەدەن. تۆ خوا حەیفە خوێندەوارانی ئەم رشتەیە لەو زنجیرە قارەمانیەی بەسێیە با بێ ئاگا نەبن.

بەسێ کچێکی جوانکەلەی نازکۆلە بوو؛ بە چەند سالێکی کەم لە براکەی بچوکتر بوو. منالێکیان لە مال هەبوو، ئەویش هەر لە تەمەنی ئەمانا بوو. ئەم منالە کوڕی پیاوێکی هەژاری دراوسێی مالی باوکی بەسێ بوو؛ باوکی ئەم کوڕە سەپانی ئەمان بوو. ئەم سێیە هۆگری یەک بوو بوون؛ هۆگرێکی وەها کە کەس جیای نەئەکردەوە ئەو منالە برای بەسێ و براکەی نییە. شەو و رۆژ لە دەشت و مالا ئەمانە هەر پێکەوە بوون، هەر پێکیشەوە گەورە بوون.

«حەمەدێ» -برای بەسێ- بوو بە پیاوێک لەو ناوەدا ناوی دەرکرد. بەسێ لە حەمەدێ لە شۆخ و شەنگیدا گەلێ زیاتر ناوی دەرکردبوو؛ وەکوو ئەیگێڕنەوە بەسێ ئەگەر مێویژە رەشکەی بخواردایە لە سای گەردنیەوە دیار بوو. کورەی، کورە سەپانیش -کە کوڕی مال بوو- ئەویش گەورە بوو، بوو بە پیاوێک؛ تومەس لە دلا دلی چووە لە بەسێ و ناشوێرێ بیدرکێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ڕۆژگار هێنای و بردی، داوا کەری بەسێ زۆر بوو. لە ئاخرا باوکی بەسێ لە گەڵ کوڕێکی «سپیارە»ییدا ڕێ‌کەوت و بە حەسب و ڕەزای بەسێ، بەسێ درا بەو کوڕەو شایی و زەماوەن کرا. بەسێ گوێزرایەوە بۆ کوڕە لە سپیاوە.

کوڕەی کوڕی سەپان ئەوا بەسێ لێی دوور ئەکەویتەوە نازانی چیبکا. هێنای پیلانێکی وای خستە کار کە لە گەڵ بەسێ بچێ بۆ سپیاوە. ماڵی باوکی بەسێ ئەم کوڕەیان هەر بە برای بەسێ داناوە؛ وەکوو بەسێ چۆن سەیری حەمەدێ برای کردوە هەر بەو جۆرەش سەیری ئەم کوڕەی کردووە. هەموویان قسەیان هاتە سەر ئەوە کە ئەم کوڕە لە گەڵ بەسێدا بڕواو بەسێ ئەچێ بۆ ولاتێکی غەریبی با برایەکی خۆی لە گەڵ بێ بەسێ دلی پێ بکریتەوە.

تەدارەیەکی گیرا و سپیارەیی هاتن بووکی خۆیانیان گوێستنەوەو باوکی بەسێ کوڕەی لە گەڵ بەسێدا بە ناوی برایەکەیەوە نارد. بەسێ لە ماڵی مێردا زۆر بە حورمەت و بە چاوێکی بەرزەوە سەیر ئەکرا. بەسێش لە گەڵ مێردی خۆیا بە تەواوی ڕێککەوت. ماوەیەکی پێ چوو باوەخون کرایەوەوە گەڕانەو ماڵی خۆیان. لەم ماوەیەشدا کوڕەی کوڕی سەپان لەو ولاتی سپیارە هەموو کەس بە برای بەسێ ئەزانێ و هیچ شەرم و شکۆفێک لە بەینا نەبوو.

ساڵێک بە سەر بووک و زاوادا تێپەڕی و بەسێ کوڕێکی بوو. لەم ماوەیەدا بەسێ جارجار هەر هاتوو چۆی ماڵی باوکی ئەکردەوە. کە بوو بە خاوەن مناڵ لە لایەکەوە ئەرکی ماڵ و لە لایەکەوە ئەرکی مناڵ، ئیتر ئەوەندەی پێ نەئەکرا بچێتەوە بۆ ماڵی باوکی. بە سەر مناڵ بوونەکەشیا ساڵێک تێپەڕی و کوڕەکەی هەروا کەوتە گاگۆڵکێ و دەمەدەمێ و دارەدارە. کوڕی چی؟ کوڕ لە بەسێ بوو ئەتوت دەنکی هەنارە.

ماوەیەک بوو بەسێ نەچوبووەوە بۆ ماڵی باوکی؛ ئەڵهای زۆر ئەکرد. ماڵی خەزوورانیش لە بەر ئیش و کاری لادێ پێیان نەئەکرا لە گەڵ بەسێ بچن و بیبەنەوە بۆ سەردانی ماڵی باوکی. بە ئیمرۆژو سبەی چەند ڕۆژێک دوایان خست. پاشان وتیان ئەمەی پێ ناوێ ئەوا برای خۆی لە گەڵە با ئەو بیباتەوە، چەند ڕۆژێک لە ماڵی باوکی ئەمێنێتەوە ئەو وەختە ئەگەر ئێمە پێمان کرا ئەچین ئەیهێنینەوە؛ ئەگەر پێشمان نەکرا ئەوا هەر کوڕە ئەیهێنێتەوە.

بەسێ تەدارەکی خۆی گرت و کۆرپەی خۆی گرتە باوەش و کوڕەیان خستە تەکی و لێیاندا ڕۆیشتن. بەسێ ئەو ڕێگەی چەن جار پیا هاتبوو شارەزابوو، بەو ڕێگەدا چوون. ماوەیەکی باش ڕۆیشتن کوڕەی کوڕە سەپان وتی ئەو ڕێگەیە دوورە، من ڕێگەیەکی‌تر پێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەزانم با بەوێدا بچین. کچە وتی باشە برام، بە کوێدا ئەڵێی با بچین. کچە سەیر ئەکا ڕێگەکەیان هەر ڕووەو هەڵدێرو تووش ئەڕوا. وتی برام وا دیارە ئەم ڕێگەیە زۆر تووش و ناخۆشە بۆچ لێرەوە هاتین؟ کوڕەش ئەیوت قەیدی نییە ئەم ڕێگەیە نزیکترە.

هەر ڕۆیشتن و نەگەینە شوێنێک؛ شەویان بە سەرا هات. بە شاخەکەدا سەرەو ژوور ئەبوونەوە. دنیا زۆر تاریک بوو. تاریکێکی وەها پەردەیەکی بە سام کشا بوو بە سەر ئەو شاخ و چیایەدا. دنیاش گیا ڕەشی بەهار بوو. لە لایەکەوە کش وماتی تەنها دەنگی نهێنی کردگار نەبێ هیچی‌تر نەئەگەیشتە ئەو شوێنە. کچە زۆر ئەترسا. کوڕەش دڵی ئەدایەوە.

شەو درەنگ کەوت و کەوتنە ناوەندی شاخەکەو ئەشکەوتێک لەوێدا بوو. کوڕە وتی با ئێمشەو لەم ئەشکەوتەدا ستار بگرین، بەیانی ئەڕۆین. کچە وتی باشە برام؛ ڕاستی منیش زۆر هیلاک بووم. چوونە ئەشکەوتەکەوە، بەسێ کۆرپەکەی بە باوەشەوەیە خەوی لێ کەوتووە؛ بەلام سامێکی‌تر خۆی دا بە سەر ئەشکەوتەکە دا. بەسێ لەوانە بوو زیرە بکاو هیچ دەرەتانێکیشی نییە، تەنها ئەوە نەبێ کە برایەکی خۆی لایە.

بەڵێ ڕاستە برای باوک و دایکی نەبوو، بەلام برایەک بوو کە لە بێشکەی منالیەوە پێکەوە گەورە بوو بوون تا گەیشتبوونە ئەم کاتە؛ بە تایبەتی لەم وەختەدا و لەم شوێنە دوور لە ئاوەدانی و نزیک لە هەموو سامێک، بەسێ کوڕەی بە لاوە گەلێ لە حەمەدێ برای لە پێشتر ئەزانی بۆ خۆی.

کوڕەش لەو وەختەدا هەستا تۆزێ داری کۆ کردەوەو ئاگرێکی کردەوەو دانیشت و ڕووی کردە بەسێ وتی: بەسێ! دەمێ ساڵە بڵیسەی ئاگری ئەو ڕومەتت کە ئێستە لەم ئاگرە زیاتر ئەدرەوشێتەوە لە دڵما کڵپەی سەندوەو نەمتوانیوە دەری برم. ئێستە ئەو وەختەیە کە ئەو ئاگرە بە ئاوی دروست بوونت لە گەڵما بکوژێنمەوەو ئەبێ دڵی خۆتم بدەیتێ.

بەسێ کە گوێی لەم قسەیە بوو، وردە تەزوێک لە تەوقە سەریەوە دەستی پێکرد تا گەیشتە کەلەموستی پێی. وەکو لەو سەر شاخە بەرزە فڕێیدەنە خوارەوە هەپروون بە هەپروون ببێ وای بە سەر هات و تف لە دەمیا وشک بوو؛ زمانی بسترا.

کوڕە دیسان هاتەوە قسەو وتی بەسێ! وەختی بێ قسەیی نییە؛ ئاگری دڵی من لە بێ قسەیی تۆ گەلێ بە هێزترە. ئینجا بەسێ هاتە زمان و وتی ئەوە تۆ ئەڵێ چی؟ ئەوە تۆی قسە ئەکەی یا من خەوێکی شپرزەیە ئەیبینم و گوێم لە قسەیەکی ناخۆشەوە ئەبێ لە برایەکی خۆمەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی

کوڕ وتی بەسێ وەختم لە دەست دەر مەکە؛ دەمێ ساڵە بە شوێن ئەم وەختەدا ئەسووڕێمەوە. لە ئاسمان بۆی ئەگەڕام ئەوە ئێستە لێرە بە ئاسانی دەستم کەوت. بەسێ وتی: برام لە ڕۆژێکەوە کە منالی دەرو دەشت بووین تا ئەم وەختە من تۆم بە برای خۆم زانیوە – نەوەک من– هەموو کەس تۆیان بە برای من زانیوە. ئێستە عاجباتیەکەم هەر لەوەیە کە چۆن لە رووت هەڵدێ ئەم جۆرە قسانە ئەکەی؟ وە چۆن ئەو نازو بە خێو کردنەی ماڵی باوکی منت لە فیکر چوەوە کە ئێستە دەستی خیانەت بۆ ماڵی باوکی من درێژ ئەکەی؟ وە چۆن ئەتوانی خیانەت لە ئەمانەت بکەی؟ منیان داوەتە دەست تۆ بە ئەمانەت، خوا رەوای هەقی نییە هۆشێ بێنەوە بە بەر خۆتاو بزانە بە دەمِ خەوەوە قسە ئەکەی؟ وە یا بە ئاگای؟ ئەگەر بە دەم خەوەوە قسە ئەکەی با خەبەرت بێنمەوە ئەو وەختە بزانە ئەبی بە تنۆکێ ئاو و ئەچی بە عەرزەکەدا یان نە؟

کوڕە وتی: بەسێ ئەم قسانە بە گوێچکەی منا ئاشنا نابن و لە سەر ئەم قسانە مەڕۆ؛ دڵی خۆتم ئەدەیتێ باشە، نامدەیتێ ئەوا خەنجەر بە بەرۆکەوەیەو (نەوی لە خەنجەرەکەی و رایکێشا) بەم خەنجەرە ئارەزووی دڵی خۆمت لێ وەرئەگرم.

بەسێ کە زانی وایە، دەستی کرد بە گریان و کەوتە پاڕانەوە؛ وتی برام سوێندت ئەدەم بەو خوایە کە لەم شوێنە چۆڵەدا من و تۆی بە جووتە گیرساندۆتەوە و سوێندت ئەدەم بەو نان و نمەکەی کە لە بەینی من و تۆ و باوکی منا هەیە! واز بێنە لەم فیکرەو ناموسی ئەم خوشکەی خۆت مەشکێنەو خوا رەوای هەقی نییە لە کەری شەیتان وەرە خوارەوە.

هەتیو کە زانی بەم جۆرە شتانە ئیشی بۆ ناچێتە سەر هەر پەلاماری دا کۆرپەکەی لە باوەشی بەسێ فڕاندو وتی: بەسێ دڵی خۆتم ئەدەیتێ باشە، ئەگینە ئێستە لە بەر چاوتەوە ئەم کۆرپەیەت پارچە پارچە ئەکەم. بەسێ کە زانی هەتیوە چاوی سوور بووەو خەنجەری رووتی بە دەستەوە گرتوەو بەو جۆرە کۆرپەکەشی لە باوەش فڕاند وتی: هەی نمەک بە حەرامی خوا نەناسی بێ دەرفەتی بێ دەرەتان! بەوە ئەمترسێنی؟ بەو خوایەی کە ئێستەوا لەم شوێنەچۆڵەدا گوێی لە کەساسی منە! نەوەک مناڵ بەڵکوو خۆم و مناڵم پارچەپارچە کەی دەس بۆ ناموسی من درێژ ناکەی.

هەتیوە کە ئەمەی زانی شاخی هاری و شێتیەتی بە تەواوی لە سەر سەریەوە دەرچوو، بە بێ هێڵ و گفت پەلاماری ئەو کۆرپە نازدارەی دا -کە ئەتوت بەرخی ساوایەو نوستووە- خەنجەری نایە سەر ملی. تا بەسێ وتی هەتیو چی ئەکەی، سەری ئەو منالە بێ تاوانەی لە بەرچاوی ئەو دایکە جەرگ سوتاوەی رۆژ رەشەوە لە لەشەکەی جیا کردەوەو وتی بەسێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئاوات لێ ئەکەم. بۆچ هەر وا وازت لێ دێنم؟ کەواتە دڵی خۆتم بدەرێ با لەمە خراپتریش نەبینیت.

بەسێ وتی چیت لە دەست هات کردت و پەردەی جەرگمت بڕی؛ ئیتر چی ئەکەی؟ قسە، یەکەو نەبووە بە دوو؛ تۆ توخنی ناموسی من ناکەوی. هەر لەم کاتەدا هەتیوە بەخەنجەر بەر بوە لەشی منالەکەو دەست و قاچیشی لێک کردەوەو ئینجا بەو خەنجەرە رووتە خوێناویەوە پەلاماری بەسێیدا وتی: بەسێ ئەوە خەیالە تۆ کردووتە؛ یا ئەبێ ئەم خەنجەرەم لێ وەربگری یا ئەبێ دڵی خۆتم بدەیتێ؛ رزگار بوونت نییە. ئەمەی وت و خەنجەری لە سەر سنگی بەسێ توند کرد. بەسێ ئیتر هیچ چارێکی نەما تەنها ئەو هەناسە هەڵکڕووزاوەی نەبێ کە رووبەرووی ئاسمان کردەوە بۆ ئەوە دەستێکی نهێنی لە سەر پاراستنی ناموسی ئیشێکی بۆ بکا. ئەم هەناسەیە روو بە رووی ئاسمان کردەوەو پەلاماری مەچەکی هەتیوەی دا؛ مەچەکی هات بە دەستیەوە. هێزێکی نهێنی کاری کردە بەسێ، شێرانەو مەردانە خەنجەری لە مستی هەتیوە هەڵپڕووکان و لە سەر سنگی هەتیوەی دانا. تا هەتیو وتی چی ئەکەی بەسێ، خەنجەری لە لەشی هەتیوەدا دیوە دەرکرد و دەری هێنایەوە و دیسان ئاقەی سەر دڵی کرد و خوێن فیچقەی کرد و هەتیو خاو بوەوەو لەوێ لاشەی پیسی بێ گیان کەوت.

بەسێ هەستا چووە ئەولا دەست و قاچە بڕاوی کۆرپەکەی کۆ کردەوەو لە بەر دەمی خۆیا دایینا. لە لایەکەوە ئەم دیمەنە لە لایەکەوە دیمەنی کوژراوی هەتیوەکە لە لایەکیشەوە دنیای بە سامی ئەو ئەشکەوت و شاخ و داخە بەسێیان لەم عالەمەوە خستبووە عالەمێکی‌ترو کەوتە دەریای خەیالی ئەم رۆژە تاریکەوە کە بە سەری هات. بەسێ لە ناو شەپۆلی ئەم دەریایەدا با بەو جۆرە نقوم بوە، نقوم بێ.

بەڵێ هەر چەندە گیارەشی بەهارە بەڵام ئەوەتە خۆت ئەیزانی ئەو وڵاتی کوردەواریە بە تایبەتی وڵاتی ئالان کوێستانەو بەهاری شوێنیان لەوێ زستانە.

دنیا شەو بوو؛ پاش خێڵ خەوتنان کوڕ و کاڵ لە دیواخانی مەمەنداغادا لە ئاوایی گرگاشێ دانیشتبوون. لە هەر بازارێک قسەیەک ئەکراو لە هەر داستانێک زمانێک ئەگیرا. گرگر باس هاتە سەر باسی ئازایی و نەترسی؛ هەر یەکە لە عاستی خۆی، خۆی بە شتێک ئەزانی. کەس نەیئەوت من هیچ نیم. لەم بازاڕەدا ئەم قسەیە گەرم بوو. هەر یەکە دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و خۆی پێوە هەڵئەکێشا. بە راستی ئەو رۆژەش رۆژی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.iraqi.org

دەست و تفەنگ و دڵ و جەرگ بوو؛ نە دنیا وەکوو ئێستەگۆڕاو بوو، نە ئازایی وەکو ئێستە بەد ناو بووبوو. ئێستە شێر بە گوێی بگرە، ئەگەر دراوت نەبوو پێت ئەڵێن ئەوە شێت بووە.

مەمەنداغا لە سەر دیواخانەکەوە دانیشتبوو وتی: «کوڕینە! ئەمەی پێ ناوێ؛ کێتان لە ئێوە ئەتوانێ ئێستە بچێتە ئەشکەوتی *سەراشان* و بێتەوە، ئەمەیە پیاوەتی و ئازایی. بزانم کێ لە دەستی دێت؟»

پەردەیەکی بێ دەنگی کشا بە سەر دیواخانەکەدا و کەس ورتەی لێوە نەهات. خەڵکەکە ئەم سەیری ئەوی ئەکرد و ئەو سەیری ئەم؛ کەسیان نەیانتوانی دوو لێوەیان بزوننەوە.

مەمەنداغا هاتەوە قسە وتی: کوڕینە! جارێکیکە نەکەونە قسە کردن و خۆ هەڵکێشان. ئەوا من لە سەر ئەوە گرەو ئەکەم؛ بە گۆڕە بابم! هەرکە ئیمشەو بچێتە ئەشکەوتی سەراشان ئەم دەستە سرە لەوێ دانێت و بێتەوە (دەستی برد دەستە سرەکەی لە بەرۆکی دەر هێناو داینا)، ئەستێلی کچمی لێ مارە ئەکەم و ئەیکەم بە کوڕی خۆم. دەسا بزانم کێتان ئەم ئازاییە ئەکەن و ئەو گرەوە ئەبەنەوە؟

دیسان کەس نەهاتە زمان و کەسێک نەبوو بە خۆیا راپەرموێ. مەمەنداغا وتی: جارێکیکە کەس قسە نەکاو منیش بۆم دەرکەوت کە پیاوێکم نییە لە وەختی تەنگانەدا پشتی پێ ببەستم. کە ئاغا لە قسەکانی بوەوە، حەمەدێ هەستایە سەر پێ و وتی: «خولامی سەری ئاغەم»و چوو دەستی ماچ کرد. ئاغە دەستی برد دەستەسرەکەی دایەو وتی لەم دیواخانە هەڵناستین تا دێیتەوە.

حەمەدێ دەستەسری هەڵگرت و هاتە دەرەوە. کە سەیری کرد دنیایەکی تاریکەو چاو چاو نابینێ، نمەنمەش باران دێتە خوارەوە. هەر چەندە بەهارە بەڵام زۆر ساردیشە. لە وانیە جانەوەرو پەلەوەر هەر یەکە لە کولانەو هێلانەی خۆیانا لە ترسی سەرما و لە ترسی سامی ئەو شەوە جووتیان نەوێرن قسە لە گەڵ جوتیان بکەن. بە دڵێکی قایمتر لە دڵی شێر چاکی لێ بە لادا کردو بە رێ کەوت رووەو ئەشکەوتی سەراشان؛ ئەو ئەشکەوتە کە تاپۆیەکی سامناکی و دەردە دارییە و ئەم نە ئاگای لەوە، نە ئاگای لە کارە ساتی ناهەنجامی ئەو شەوە شوومەیە.

بە رێ کەوت؛ وەکو بای سەرسەرێ رێگە هەڵدێرو تووشکەی ئەبری. ئەم لەم لاوە رێگەی ئەبری مەمەنداغا و دانیشتوانی دیواخانیش بە پەنچە کرچە کرچی سووڕانەوەی چەرخی فەلەکیان ئەبری و چاوەڕێ هاتنەوەی حەمەدێیان ئەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حەمەدێ شێوەکانی بڕی و دایە پێ شاخ؛ بەرەبەرە لووتکەکانیشی ئەبڕی هەتا نزیکتر ئەبووەوە لە ئەشکەوتی سەراشان دڵی زیاتر دەستی ئەکرد بە تەپ و کوت و لێ دان. جار جاریش بە خۆی ئەوت: «دەک حەمەدێ هەناوت بڕێ! ئەوە ئەترسی؟»

دنیا کە زۆر تاریک بوو چاوی تەنها تاریکی نەبێ هیچی‌تری نەئەبینی؛ نە دەنگێک لە دەنگەدارەوە ئەهات، نە خشەیەک لە جانەوەری بەهارەوە. پەردەیەکی کش‌وماتی و سامناکی لووتی بە سەر شاخ و چیاکانا داژەندبوو. ئەوا ئەیزانی رووەو ئەشکەوتی سەراشان ئەڕوا، بەڵام لە بەر تاریکی نەیئەزانی کامە کونەکەیەتی. کاری شارەزایی راست بێ! کە دەستی حەمەدێ ئەگرت و روو بە رووی کونەکە رای ئەکێشا.

حەمەدێ تەنگی بە ئەشکەوت هەڵی و وای لێ هات کە لەوانە بوو تارمایی کونەکە بە دی بکاو بچێ دەستەسڕی مرادی لێ دانێ و بگەڕێتەوە، کوتوپڕ لە ناکاو لە ناو ئەو شەپۆلی دنیای سامناکەدا ترپەیەک لە بەر دەمیەوە هات و شتێکی بۆ هاوێژراو دای لە لەشی. حەمەدێ بەندی جگەری کەوتە خوارەوەو هەر لە شوێنەکەی خۆی وشک بوو؛ تاسێک بردیەوە. ئەژنۆی هێزی تیا نەما؛ نە ئەمەتە بۆ پێشەوە بڕوا، نە ئەمەتە بتوانێ بەرەو دوا بگەڕێتەوە؛ هەر ئەوەندەی پێ کرا لە شوێنەکەی خۆی دابنیشێ.

لەو کاتەدا کە دانیشت دەستی کەوت لەو شتە کە بۆی هاوێژرا. کە هەڵیگرت و بە دەست تاقی کردەوە سەیری کرد ئەمە قۆڵی عینسانەو هی منالیشە. بە تەواوی ئەوەندەی‌تر ورەی بەرداو ئەوی هێز بێ تیا نەما؛ تەنانەت زمانیشی لە گەڕان وەستا. ئەوی لە هەموو لەشیا بە ئاگا بوو تەنها دڵی بوو ئەویش کەوتە شەپۆلی خەیاڵەوە کە ئەمە چی بوو؟ چە کارەساتێ بوو بە سەریا هات و کەوتە چە شوێنێکەوە کە هاوڕاز لێرەدا تەنها سام وترسە؟ بەم خەیاڵەوە تلایەوەو پاش تۆزێک رووی کردە خۆی وتی: «دەک حەمەدێ عەمرت نەمێنێ! خۆ تۆ ئیدعای کەڵەمێردیت ئەکرد، ئەوە بۆچ وات لێ هات؟ کوا ئازایی و بڕە بڕەکەت؟ بۆچ نەتئەزانی دنیا هەموو کاتێکی شێنەیی و دیواخانەکەی مەمەنداغا نییە؟ دەبیخۆ ئەوە دەردت بێ هەی کەڵە مێردی سەری بالیفان».

کە لەم رازو نیازە بووەوە سەیری کرد وا هێزێکی هاتەوە بە بەراو وردە وردە سام و ترس رەوی کرد و هەستایەوە سەر پێ. دەستی لە سەر خەنجەرەکەی داناو بە دڵێکی گەلێ لە هەوەڵ قایمتر دەستی کردەوە بە رۆیشتن هەر بۆ بەردەمی ئەشکەوتی سەراشان. چەند هەنگاوێکی‌تر رۆیشت سەیری کرد شتێکی‌تری بۆ هاوێژراو درا لە سەر سنگی. کە دانەویەوە هەڵیگرت، دنیاش تاریکەو تاقی کردەوە. تەماشا ئەکا ئەمە قاچی منالێکی بڕاوە. دیسان زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەری سڕ ما و بە تەواویش وا دیارە لە کونەکە نزیک بوەتەوە. ترسی نەما؛ لە حەمەدیدا ترس باری کرد. قاچەکەشی هەڵگرت و ئینجا بانگی کرد:

«ئەی ئەو کەسەی لەو ئەشکەوتەیت! دێوی، درنجی، چیت؟ دەنگ بکە. سەرێکەو هێناومە نایبەمەوە یا ئەمەتە وەکو خاوەنی ئەم دەست و قاچەم لێ دێ یا ئەمەتە تۆ وات لێ دێ؛ کەواتە مەردانە وەرە مەیدانەوە».

کە حەمەدێ ئەمەی ئەوت دەنگەکەی لە توێی ئەو تاریکی شەوەدا لە بێنی شاخەکانەوە دەنگی ئەدایەوە. کوتوپڕ دەنگێکی نازکی بە سۆز لە ناو ئەشکەوتەکەوە هاتەگوێی وتی: «ئای کاکەگیان! نە دێوەو نە درنجە؛ بەسێ خوشکی چارەڕەشی هەناسەساردتە وا لێرە کەوتووە. ئەوە تۆ فریشتەی ئاسمان بووی یاحەمەدێ برای بەسێ بوی لەم وەختەدا گەیشتی؟»و دەنگەکە ئیتر نەما.

قسەیەکی کوردی هەیە ئەڵێ: «هەتەر مەتەر، ئەم لەو بەتەر».حەمەدێ چی؟ بەسێی خوشکت چی؟ ئەمە چیە؟ ئەمە چە کارەساتێکە؟ ئەمە خەوە حەمەدێ ئەیبینێ وە یا جادووە گوێچکەی ئەزرنگێنێتەوە؟ ئەو بۆچی هاتووەو چی بەر گوێی ئەکەوێ؟ لە ڕاستیدا کەوتەوە ناو دەریای خەیاڵ و بەڵام ترس لە دڵی حەمەدیدا نەماوە هەر ئەوەندە نەبێ کە ئەمە چ وردە شەپۆلێکە بە سەر پەردەی گوێچکەیا ئەڕوا.

تۆزێکی زۆر کەم وەستاو خەنجەرە رووتەکەی گرت بە دەستیکەوەو دەست و قاچە براوەکەشی کرد بە بەر پشتێنەکەیاو بە حەپاساوی و سەراسیمەیی خۆی کرد بە کونی ئەشکەوتەکەدا و چووە ژوورەوە. سەرەتا چاوی بە ژیلەمۆێ ئاگرێک کەوت کە هەندێ سەرە بزووتی بە سەرەوە ماوەو وردەوردە ئەسووتێ. بە تەنیشت ئاگرەکەوە ئافرەتێک بە بێ هۆش لە سەرلا کەوتووە. لە تەنیشت ئافرەتەکەشەوە لەشی منالێکی پارچە پارچە کراو تێکلاوی خۆڵەکە بووە لەو بەری ئاگرەکەشەوە زەلامێک دوو خەنجەر لە سەر دڵی دراوە کوژراوەو هێشتا خوێنی هەر لێ دێ و هەندێ لە دەماری لەشی ئەبزوێتەوە، وا دیارە ئاخرو ئۆخری گیان دەرچۆنیەتی. ئەم دیمەنە ناهەموارە لەم شوێنە دوور لە ئاوەدانیەدا بە تەواوی حەمەدێ خستە عالەمێکی‌ترەوە؛ ئەمە چییە؟ ئەمە چە کارەساتێکە؟ وردە وردە چوو بە لای ئافرەتەکەوە بە هۆی رووناکی ئاگرەکەوە، کە جوان سەیری کرد تەماشا ئەکا ڕاستە ئەمە بەسێ خوشکیەتی و بە بێ هۆش کەوتوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چوو سەری بەرز کردەوەو لە سەر رانی خۆی دایناو دەستی هێنا بە رومەتیاو قژە بزرکاو و خۆڵاویەکەی لادا و بانگی کرد بەسێ. بەسێ هیچ دەنگی نییە. هەندێکیتر شان و ملی شێلاو بانگی کرد بەسێ!

بەسێ چاوی بەرز کردەوەو یەکەم چاو چاوی بە حەمەدێ برای کەوت دوو تنۆک فرمێسک لە چاوی هات و وتی: «کاکەگیان! ئەوە تۆیت وا سەری بەسێ خوشکی چارەڕەشت خستۆتە سەر رانت؟» ئەمەی وت و بێ هۆش کەوتەوە.

حەمەدێ لە بەر خوشکی ناپەرژێ سەیری شتیتر بکاو بزانی چییە؟ دیسان کەوتەوە تەقەلادان بۆ بە هۆش هێنانەوەی بەسێ. بە هەر جۆر بوو هێنایەوە هۆش خۆی و وتی بەسێ! تێم بگەیەنە چییەو چییە ئەم کارەساتە؟ شێت بووم چی ئەکەی لەم شوێنە بەم وەختەدا و چییە ئەم تەرمانەو ئەم رۆژە چییە بەرچاوم ئەکەوێ؟ بەسێ تێمبگەیەنە بەسێ!

بەسێ سەری بەرز کردەوە وتی: کاکە سەیری تەرمی ئەو زە لامە بکە بزانە ئەیناسی؟ حەمەدێ چوو لووتی شۆڕ کردەوە بە سەر تەرمەکەدا و بە تەواوی واقی ورماو سەری پەنجەی شایەتیمان کردبوو بە دەمی خۆیا و بە سەرسامیەوە هەر زیاتر سەیری ئەکرد؟ پاشان وتی بەسێ ئەمە کوڕی سەپانەکەی خۆمانە کە بە منالی پێکەوە گەورە بوو بوین. ئای پشتی شکاوم ئەمە بۆ کوژراوە؟ بەسێ من وتۆ برایەکمان لە دەست دەرچوو. ئەمەی ووت و هەر دوو چاوی پڕ بوو لە ئاو.

بەسێ وتی: کاکە مەگری؛ ئێنجا وەرە تا بۆت بگێڕمەوە. دەستی پێ کرد لەو وەختەوە کە لە ئاوایی سپیارە دەرچوو بوون تا ئەم وەختە هەمووی بۆ گێڕایەوەو دەستی برد لەشی کۆرپە سەر براوە خۆڵاویەکەی هێناو نوسانی بە سنگیەوەو دایە پڕمەی گریان.

حەمەدێ کە لە کارەسات و لە نمەک بە حەرامی هەتیوە تێگەیشت، هەر ئەوەی بۆ مایەوە بە تیلی چاوێکی پڕ لە خەشمەوە سەیرێکی تەرمی هەتیوەی کردو دەستی دایە خەنجەرەکەی بەڵام پاشان کردیەوە بە کێلانەکەیا؛ چونکە هەتیوە کوژرا بوو تازە خەنجەری چی لێ بدا؟ ئێنجا وتی بەسێ لە مانە تێگەیشتم، تەنها ئەوە ماوە تێمبگەیەنی کە من نزیکی ئەشکەوتەکە بوومەوە ئەم دەست و قاچی مناڵە براوە چی بوو بۆم ئەهات؟ بەسێ وتی: کاکە دنیا کە وەکو ئەیزانی زۆر تاریک بوو، منیش چاوەڕێ دەروویەکی رەحمەت بووم کە لەم گێژاوی مەینەتە رزگارم بێ. کوتوپڕ لە دوورەوە تارماییکم بەرچاو کەوت کە روو بە رووی ئەشکەوتەکە هات. هەر ئەوەندە بوو تارمایی بوو، ئەبزوتەوە؛ ئیتر نەمئەزانی چییە. وتم بێ و نەبێ بەم نیوەی شەوەداو لەم شوێنە چوڵەدا ئەمە دڕندەیە بۆنی خوێنی کردووەو بە بۆنەکەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دێت. منیش هیچم پێ نەما ئەوە نەبێ کە وتم با دەستێکی منالەکەی بۆ فرێدەم تا ئەوە ئەخوا و بەوەوە خەریک ئەبێ بەڵکو خودا دەروێک بکاتەوە. ئەوە بوو تارماییەکە پاش بەینێک دیسان دەستی کردەوە بە هاتن ئەمجا قاچێکی منالەکەم بۆ فرێدا بەلام بە تەواوی دانی ژیانم کەندو ئیتر هیچ هیوایەکم نەما. پاش ئەوە، ئەوە بوو تۆ هاتیتە دەنگ، دەنگەکەتم ناسی و وەکو فریشتەی رەحمەت گەیشتی بە سەرما. حەمەدێش وردە وردە بە ئەو پەڕی سەرسامیەوە گوێی بۆ ئەم قسانە راگرتبوو. لە لایەکەوە لە چەرخی رۆژگار و لە لایەکەوە لە ئازایی ئەم خوشکەو قارەمانیەکەی هەروا تف لە دەمیا وشک بووبوو.

پاش ئەمانە ناو چەوانی خوشکی خۆی ماچ کرد و فرمێسکەکانی سڕیەوەو وتی خوشکم با بڕۆین. وردە پارچەی تەرمی منالەکەیان کۆ کردەوە خستیانە چارۆکەیەکەوە. حەمەدی دای بە شانیا و دەستەسڕەکەی لە وێ دانا و گەڕانەوە رووە و ئاوایی گرگاشێ.

حەمەدێ بەسێی خوشکی بردەوە بۆ ماڵەوەو خۆی چوو بۆ دیواخانی میر مەمەنداغا تەماشای کرد دیواخان هێشتا تێک نەچووەو خەڵکەکە لە گەرمی قسەدان. یەکێ ئەڵێ حەمەدێ سەری تیا چوو؛ یەکێ ئەڵێ ئەشکەوتی سەراشان لە باو باپیرمان بیستووە خێوی هەیە، حەمەدێ دەستی خێو کاری تێکردو تازە ئێمە چاومان بە حەمەدێ زیندوو ناکەوێتەوە. ئەوا لە کەیەوە ها رۆیشتووە بۆچ دیار نەبوو ئەوا بەیانە! هەر یەکە قسەیەک ئەکەن و مەمەنداغاش پەژارە دایگرتووە کە بوو بە هۆی تیا چوونی حەمەدێ. لەم کاتەدا حەمەدێ کردی بە ژووراو وتی: «خولامی سەری ئاغەم»و چوو دەستی مەمەنداغای ماچ کرد.

خەڵکەکە کە چاویان بە حەمەدێ کەوتەوە بە جارێ گەشانەوە؛ بەلام حەمەدێ رەنگ لە روویا نەماوە. ئاغا لێی پرسی حەمەدێ چ باسە؟ قسە بکە. حەمەدێ ئەوی چاوی پێ کەوت و بە سەر خۆی و خوشکی هاتبوو هەمووی گێڕایەوە. میر و ئەهلی دیواخان لەم کارەساتە ترسێنەرە و لەم رێکەوتە سەیرە هەموو بە جارێ کەوتنە دەریای سەرسامیەوە. بەیانی میر خۆی و چەند سوارێک چوونە ئەشکەوتەکە سەیریان کرد تەرمی هەتیوەکە لەوێ کەوتوەو دەستەسڕەکەش لەو لاوە دانراوە. هاتنەوە پێش هەموو شتێک میر کچەکەی خۆی مارە کرد لە حەمەدێ و ئینجا بەسێی هێنا بە چاوێکی باوکانەوە سەری بەسێی ماچ کردو تەرمی منالەکەیان ناشت و گەلێ دڵنەوایی بەسێ کرد و وتی: «کچم! منال ئەبێتەوە؛ بەلام ئەم قارەمانیەی بە تایبەتیەی تۆ سەری هەموو ئافرەتێکی بەرز کردەوەو لایەقی بە قارەمانی ئافرەتان».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- محەمەد عەبدولواحد بۆی گێڕامەوە وتی:

لە گوندی «لهێبان» لەو دەشتی دزەییە دنیا شەو بوو؛ خێوەتێکمان هەڵدابوو دانیشتبووین. پاش نوێژی خەوتنان بوو؛ پیاوێک هەبوو سمایلەگۆجیان پێ ئەوت، لە لامان دانیشتبوو. قسەی خۆش بوو، سەر گوزشتەی کۆنی بۆ ئەگێڕاینەوە.

بە دەم قسەوە کەوتینە وەختی خێڵ خەوتنان؛ کوتوپڕ کوڕێکی مێردمناڵ هاتە ژوورەوەو دانیشت و سمایل پێی وت: هەتیم ئەوە لە کوێ بووی تا ئێستە؟ کوڕەش هیچ سێ و دووی نەکرد وتی: «وەڵڵا سمایل هەنووکە لای ژنێک بووم کە لە گەڵ مێردەکەی خۆیا راکشابوو. منیش چوومە پالی».

محمد وتی هەر ئەوەندم زانی سمایل دەستێکی هەڵهێنایەوەو شەپەزللەیەکی دا بە ناو چەوانی کوڕەدا. شەپەزللەیەکی وا ئاگر لە چاوی بروسکەی سەند. وتی: «هەتیم! ئەمە قسەیە تۆ دەیکەی؟»

محمد وتی: منیش وتم خاڵە سمایل بۆچ لێی ئەدەی؟ مناڵ کەی قسەی بایەخی هەیە؟ سمایلیش وتی: ئەفەندی! دەسا من قسەیەکت لۆ دەگێڕمەوە ئەو وەختە دەزانی کە لە ژنا چ پاڵەوانێک هەیە؟ ئینجا دەستی کرد بە گێڕانەوەو وتی:

«ئەفەندی! ئا ئەم سمایلەگۆجە -کە لە بەر دەمتا کەوتووەو پیرو کەنفت بووە- لە وەختی خۆیا کە ناوی سمایلەگۆجیان بهێنایە مناڵ لە بێشکەدا ژیر ئەبوەوە. دزێک بووم، مناڵم لە بەر مەمکی دایکی ئەدزی و خۆی بە خۆی نە ئەزانی. لە هەموو ئەم وڵاتانەدا هەر ناو ناوی سمایلەگۆج بوو.

ساڵێک لەم دەشتی دزەییەدا نەهاتی و قاتوقڕی بوو. دەشتی دزەیی ساڵێ کە بارانی نەبوو ئیتر خەڵکەکە هەموو ئەبێ کوو بووبێ؟ ئەو ساڵە بەهارێکی زۆر زوو بوو. هەر چەندە هەرلە زستانەوە باران چاکی هێنابوو، بەڵام لە بەر زوویی هیچ پێ نەگەیشتبوو. دەرامەتی منیش هەر دزی بوو. دزیەکەش دەست نەئەکەوت؛ زۆر شڕ بوو بووم. ناچار زەلامێکم هەڵگرت و لێمدا رۆیشتم. رێگەی ئەو کوێستانەمان گرتە بەر؛ لە تفەنگ و فیشەکیشا زۆر بە تەدارەک بووم. چەند رۆژێک هەر رۆیشتین تا گەیشتینە ئەو کوێستانەی سەرەوە. پێی ناوێ، رەوەیەکی سی چل سەری لە وڵاغی بەرزەمان هێناو بە لا رێگەدا گەڕاینەوە دواوە رووە و ماڵ. بە شەو ئەهاتین و بە رۆژ لە شیو و کەندەڵانی دوور لە ئاوەدانی ستارمان ئەگرت. شەو بوو هیچمان نەخواردبوو، بە تەواوی پەکمان کەوت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەوێک وا بە لارە لار لە پێش وڵاغەکانەوە بووم، ئەهاتین. لە دوررەوە و لە لا پاڵی کێوەکە تارمایی رەشماڵێکم بەدی کرد. بە هەتیوەکەی هاوڕێم وت تۆ بەر وڵاغەکان بگرە من وا ئەچم بۆ ئەو رەشماڵە بەڵکوو نانێ شتێکم دەست کەوێ بیهێنم. ئەمەم بەو وت و تفەنگەکەشم فیشەکی تێدا بوو لە ملم کردەوەو گرتمە دەستمەوەو بە بێ هەست لێمدا رۆیشتم.

دنیا زۆر تاریکە؛ بەر چاوی خۆم نابینم. وەختێ وەها بوو تەپوکوت ئەکەوتمە کەندەڵانەوە و هەڵئەستامەوە. چووم هەتا نزیکی رەشماڵەکە بوومەوە. وەستام گوێکم هەڵخست سەیر ئەکەم نە دەنگێ، نە خشەیێ، هیچ نییە؛ دنیا کش و ماتە. زۆر بە بێ چرپە خۆمم گەیاندە رەشماڵەکە. تماشام کرد دەوارێکی زۆر گەورەیە. هەناسە لەم دەوارەوە نایە، سەگ نییە، پشیلەنییە، چەند رەشە وڵاخێک لە دەری دەوارەکەیەو هیچی‌تر. زۆر بە وستایانەوە بە بێ هەست جارێک بە دەورەی دەوارەکەدا سووڕامەوە. بە دەست دەستم ئەخشان لە دەوارەکە هەناسەی گیان لە بەرم شک نەبرد لە ناویا. جارێکیکەش گەڕام بە دەوریاو دەرگاکەیم دۆزیەوە. بۆ جاری سێهەم بە بێ خشە لە دەرگاکەوە چوومە ژورەوە.

ئۆە ئەفەندی! هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو پێم خستە ژوورەوە ئیتر بە تەوقە سەرا کەوتم و تاوێرێک لە سەر سەرم سوار بوون؛ یەکێک بوو. تەنها ئەوەم بە خۆمەوە دی زرنگەیەک لە سەرمەوە هات و هەر دوو پەلم لە دواوە وەکو بە دوو گوریس بەسترابێتەوە وا بوو. نەزانیم تفەنگ چی لێ هات، نە زانیم خەنجەر چی بە سەر هات. دەنگێکم هاتە بەر گوێی وتی: «هەی ناپیاو! ئەوە بە تەمای چیت؟»

ئاگردانێک لە ناو دەوارەکەدا بوو، ئاگرێکی کزی تیابوو. من لە دەرەوە هەستم پێ کرد، دوو سێ سەرە بزووتی بە سەرەوە بوو. دەستێک بۆی کێشرا سەرە بزووتەکانی خۆش کردو ئاگرەکە کڵپەی سەند.

تەماشام کرد ئەمە ئافرەتێکەوا بە سەرمەوە بەو جۆرە پەل وپۆی بریوم. بەڵام ئافرەتی چی؟ هەتا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت، بە دیمەن، هەر باسکێکی ئەڵێی توکمەی دارژراوە، رووومەتێکی پان، چاو و برۆیەکی گەش، جۆتێ گۆنایێ خڕی سوور، جلێکی ئاڵ و واڵای جوانی لە بەرابوو. ئەفەندی بڕوام پێ بکە تا ئەو رۆژە وە لەو رۆژەشەوە تا ئیمڕۆژ ئافرەتی وا جوان و نازدارم نەدیوە. تەمەنی لە دەوری حەڤدەو هەژدەدا ئەبوو. تفەنگێکی کورتی خستبوە ژێر باڵی؛ پەنجەی بە سەر پێکەیەوە بوون، ریزێکیش فیشەک لە پشتیا بوو. بەم جۆرە لە سەرسنگم دانیشت و دیسان وتی: «هەی ناپیاو ئەوە بە تەمای چیت؟» منیش وتم:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


«خوشکم! خوا ئەیزانێ بە تەمای هیچ نیم و ڕێبوارم و ڕێم لێ تێکچووەو ئەم ڕەشماڵەم بەدیکردو هاتوومەتە ئێرە».

وتی: «تۆ ڕێبواری یا پیاو خراپی؟ بۆچی من ئاگام لێ نییە کە تۆ چۆن هاتیت چۆن بە دەورەی دەوارەکەدا سێ جار سووڕایتەوەو پاشان بە بێ چرپە هاتیتە ژوورەوە؟ ئەمە هی پیاوی ڕێبوارە یا هی پیاوی خراپ؟»

لەم بەینەدا سەیرم کرد تفەنگ و خەنجەرەکەم وا لەو لاوە کەوتوە، منیش هیچم پێ ناکرێ تەنها پاڕانەوە و ئەوە نەبێ کە ڕێبوارم و لە برسا هاتووم. بە هەر جۆر بوو ژنەکە لە سەر سنگم هەستاو لەو لاوە تفەنگ و خەنجەرەکەی منی هەڵگرت و بردی لە سەرووی دەوارەکەوە دایناو هەر ئەشی وت: «ڕاستە تۆ ڕێبواری؛ هەی عافەرەم پیاوی ڕێبوار!» ئینجا ڕووی تێ کردم وتی لەو شوێنە کە لێی دانیشتووی دانیشە؛ هەر بزویتەوە ئەتکوژم. کە ئەو ئەمەی وت خۆ من هیچم پێ نەماوە تەنها «بەڵێ» نەبێ.

ئەمجارە هێنای تفەنگەکەی خۆی لە ژێر بنەنگەڵی دەرهێناو گرتی بە دەستێکیەوە. هەستا چوو لەو لاوە قاوەیەکی هێنا خستیە سەر ئاگرەکەو ڕۆنیشی هێنا خستیە ناوی. چوو لە سەر هۆڕێک پێنج شەش هێلکەی هێنا شکاندیە ناو ڕۆنەکەوەو دروستی کرد. چوو هەر بە دەستەخاڵیەکەی دەستە بەرەیە نانی هێنا لە بەر دەمما دایناو تاوە هێلکەو ڕۆنەکەی هێنایە لامەوە. چوو کاسەیە دۆیشی هێناو وتی دە بخۆ. خۆیشی لەو لاوە لای ئاگرەکەوە دانیشت بە عاستەم لوولەی تفەنگەکەی تێ کردم، دەستیشی هەر لە پەلەپیتکەیەتی. من بە جارێ شپرزەی ئەوە بوو بووم کە نەوەک دەستی بترازێ و بمکوژێ؛ لەمە زۆر ئەترسام ژنە هەستی بەمە کردبوو، پێی وتم مەترسە نانی خۆت بەرەحەت بخۆ.

زۆرم برسی بوو دەستم کرد بە خواردن تا تەواو تێرم خوارد؛ لەم ماوەیەشدا هەر چەندە سەیر ئەکەم، لەم ژنە زیاتر کەسێکی‌تر لەم دەور و بەرەدا نییە؛ نە ژن نە پیاو، نە مناڵێک هەر هیچ.

نانەکەم خواردو بە تەواوی تێرم خوارد. هات تاوەکەی هەڵگرت و بردی خستیەوە سەر ئاگرەکە. دیسان چوو ڕۆنێکی زۆری هێنا خستیەوە ناوی؛ ئەنجا چوو بە قیاسی پانزە شانزە هێلکەی تری هێناو شکاندیە ناوی. چوو دەستە بەرەیەکی زل نانی هێنا، تاوەکەی قلپەوە کردەوە ناو نانەکان و پێچایەوەو هێنایە بەر دەستم وتی: «دە هەستە بڕۆ؛ ئەمەش بەرە بۆ هاوڕێکانت». وتم: هاوڕێی چی؟ من هەر خۆمم. وتی: «هەستە، هەستە، پیاوی بێ هاوڕێ بەم شەوەدا و لەم وەختەدا ڕێی ناکەوێتە ئەم شوێنە. هەستە درێژەی مەدەرێ تۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبوار نیت؛ پیاو خراپیت و هاوڕێشت هەیە. هەستە بڕۆ خوات لە گەڵ». وتم ئەی تفەنگ و خەنجەرەکەم؟ سەیرێکی کردم و وتی تفەنگ و خەنجەرەکەشت ئەوەیتەوە پیاوە ڕێبوارەکە. چوو لەو لاوە تفەنگەکەمی هەڵگرت و فیشەکەکەی لێ دەرهێناو بۆی هێنام؛ لە بەر دەستی دانام وتی بیکەرە ملت.

تفەنگەکەم کردە ملم و چوو خەنجەرەکەشی هەڵگرت لە دوورەوە بۆی فرێیدام وتی ئەوەش خەنجەرەکەت. دە هەستە خوات لە گەڵ! ئەمجا خۆیشی بە تەواوی لوولەی تفەنگەکەی خۆی تێ کردم و وتی: «خەیاڵ نەکەی! هەر دەست بزوێنیتەوە تەنها تاقە فیشەکێکت بۆ ئەنێرم».

منیش بە هێواشی خەنجەرەکەم هەڵگرت و کردم بە بەر پشتێنەکەماو نۆردوە نانەکەم هەڵگرت و هەڵسام. رووم تێ کرد و وتم: «شێرەژن! بەو خوایەی بان سەرە سوێندت ئەدەم تۆ چیت لێرەو چە کەسیت و من هەر چەندە لەم بەینەدا سەیرم کرد لە تۆ بەو لاوە کەسی‌ترم لەم چۆڵ و بیابانەدا نەدی. ئەوا من ئەڕۆم بەلام تێمبگەیەنە؟»

وتی هەستە بڕۆ؛ ئەوە ئیتر ئیشی تۆ نییە. وتم دەسا شەرت بێ یا ئەمەتە ئەمکوژی یا ئەمەتە پێم ئەڵێی. زەردەخەنەیەک گرتی و وتی: «زۆر حەز ئەکەی بیزانی؟ من ژنی کوڕێکی ئامۆزای خۆمم. مانگێک ئەبێ مێردم پێ کردووە. لەو وەختەوە مێردم پێ کردووە، بە تاقە ماڵە هاتوین لێرە دانیشتووین. تەنها هەردووکمان بووین؛ سێ چوار رۆژ لەمەو پێشتر ماینێکمان لە گوند دز بردوویەتی، ئەو هەستا چوو بە شوێن ماینەکەدا و من تەنها خۆم لێرەدا بە دیار ئەم مەڕو ماڵاتەوە ماومەتەوە؛ ئەمەیە سەمەرەی من».

منیش وتم ژنەکە! من هەر شتێک هەم، هەم؛ بەلام ئەوە بزانە بە لای خۆمەوە پیاوێکی ئازاو ناودار بووم. ئەوی تۆ بە منت کرد، وە ئەوی من لە تۆوە دیم تا ئێستە نە کەس پێی کردووم وە نە لە کەسم دیوە. هەستام و ئیتر بەڕێ کەوتم. ئەویش دوور و نزیک لوولەی تفەنگەکەی ڕاست تێکردبووم، هەتا لە چاو وون بووم. ئەوەندەم ئەزانی هەر دەستم ببردایە بۆ تفەنگەکەم بە بێ هێڵ و گفت ئەیکوشتم.

جا ئەفەندی هەنووکە ئەم هەتیمە دەڵێ من شتی وام کردیە؛ چما هەموو ژنێک وەکو یەک وایە! ژنی واش هەیەو ژنی ئاوا ئەوی من لەو حورمەیە چاوم پێ کەوت، هەنووکەش هەر موچڕکە بە لەشما دێتە خوارێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پیاوێک هەبوو تا بڵێی ژیر و بە ڕاو تەگبیر بوو. سەرەتای ژیانی بە هەژاری و بێ نەوایی تێپەڕاندبوو. ژیریەکەی خۆی گەیاندی بە پایەیەکی بەرز. لە لای پادشای ئەو شارە بوو بە وەزیری دەستە ڕاستی و بوو بە یەکە پیاوی ئەو وڵاتە.

ئەوەندە هەیە پیاو لە هەموو لایەکەوە بۆی نایە؛ ئەم پیاوە وای بۆ هاتبووە پێشەوە هەر ژنێکی ئەهێنا زۆری پێ نەئەچوو ژنەکەی ئەبوو بە دۆستی پادشاکە، وە یا بە کوردیتر بڵێین پادشا پێی فیر ئەبوو. چارناچار ئەمیش لە بەر ئەوە ئەمەی پێ هەڵنەئەگیرا ئەوەی تەڵاق ئەداو ئەچوو یەکێکیکەی ئەهێنا. بەڵام لە بەر ئەوە بەخت چەواشە بوو، وە یا ژن بێ چارشێو بوو ئەویش هەر وای لێ ئەهات.

کابرا ئیتر هاتە سەر ئەوە وتی یا ئەمەتە ژن ناهێنم، یان ئەمەتە ئەبێ بچم بسووڕێمەوە ژنێک پەیدا کەم کە بان دەستی نەبێ لە ژیری و داناییدا؛ ئەمەش بۆ ئەوە بزانم ئایا هەموو ژنێک هەموو نزمی و بەرزیەکی زەمان هەڵی ئەخەڵەتێنی و گاڵتەی پێ ئەکا، یا خود ژن هەیەو ژنیش هەیە.

لێی دا ڕۆیشت گەلێ سووڕایەوە نەگەیشت بە مراز. ڕۆژێک ملی ڕێی گرتبوو، دەستی لە قۆڵی گێژاوی فیکر کردبوو، هەنگاو بە هەنگاو ڕێگەکەی ئەبڕێ. کوتوپڕ تووشی پیاوێکی پیری کەنفتی بە ساڵاچوو بوو کە ئەویش وورده وورده خەریکە ئەو ڕێگەیە ئەبڕێ. وتی بە خوا باشە ئەمە بۆ هاودەنگیم پەیدا بوو با لەگەڵی ببم بە هاوڕێ و پێکەوە لە گەڵ ئەو ڕێگەکە ببڕین. چوو سڵاوو ماندوو نەبوونی لێ کرد و لەگەڵی ڕێکەوت بۆ پێکەوە بە ڕێگەدا ڕۆیشتن.

زۆر نە ڕۆیشتن بە کابرای وت: «خاڵە، ئەوا ئێمە بە ڕێگە ئەڕۆین با پێ پلیکانەیەک دروست بکەین». کابرای پیرە لەم قسەیە تووڕە بوو. ئەمیش وتی خاڵە بۆ تووڕە ئەبی خۆ شتێکی خراپم نەوتووە. وتی: ماڵ کاول شتی خراپ چیت نەوتووە! تۆ شێت بووی یا گاڵتە بە من ئەکەی؟ پێ پلیکانەی چی؟ بۆچ دارتاشم، وەستام، چیم؟ ئەوا ئەگەر دارتاش بووم لەم دەشتەدا من تەشوێ و هەرەو دارو تەختەم لە کوێ بوو تا بێنم پێ‌پلیکانە لە گەڵ تۆ دروست بکەم.

ئەمیش ئیتر دەنگی هیچ نەکرد و لێیاندا ڕۆیشتن. لە پاش هەندێک، تووشی ڕووبارێک بوون. کابرا دیسان ڕووی کردەوە خاڵە پیرە وتی: «خاڵە با لەم سەر ڕووبارە پردێک دروست کەین». خاڵە ئەوەندەیتر شێت بوو؛ وتی کابرا بەو سەی‌ساقە ببێ و نەبێ تۆ شێت بووی وە یا هەر ئەتەوێ تیتاڵی بە من بکەی! چەرایەت ئەکەوێ بۆچ من گاڵتە چی تۆم؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا وتی: خالە بۆچ توورە ئەبی؟ خۆ خراپم نەوتووە. وتی مردووت مریٚ چۆن خراپت نەوتووە؟ بۆچ من بەننام پردم پیٚ دروست ئەکەی؟ ئەوا بەنناش بووم، لەم دەشتەدا من بەردو قسڵ و کەرەستەم لە کویٚ بوو بێنم پرد بۆ تۆ دروست کەم؟ کابرا ئیتر هیچ دەنگی نەکرد.

هەندێکیتر رۆیشتن و گەیشتنە قەراخ ئاوایی؛ تووشی پەڵە گەنمێکی نایاب بوون. کابرا پیرە رووی کردە ئەمیتر وتی: ئەم پەڵە گەنمە هی منە. چاوت لێیە ماشەڵڵا چۆن هێناویەو چۆن گەڵی پڕ دانی هەیە؟ ئەمیش وتی: «بەڵیٚ، پەڵە گەنمێکی بە قەف و پڕ دانە ئەگەر بە سەوزی نەخورابیٚ». کابرا ئەمجارە ئیتر وەکو فیشەکە شێتە چوو بە عاسمانا و هار بوو، وتی کابرا بریا ملم بشکایەو لە گەڵ تۆ نەبوومایە بە هاوڕیٚ! خۆ تۆ لەم رێگەدا بە قسەی قۆڕ و بیٚ سەرو بەر منت تووشی دیق و زیق کرد. وتی خالە بۆچ توورە ئەبیٚ؟ خۆ خراپم نەوتووە. وتی: جانەوەر چۆن خراپت نەوتووە؟ ئەی خراپ چۆنە؟ تۆ خوا گەنم لە بەر چاوتە قەفی کردووە، دانی گرتووە، وشک بووە و زەرد هەڵگەڕاوە، چاوەڕیٚ دروێنەیە؛ کەچی تۆ ئەڵیٚ ئەگەر بە سەوزی نەخورابیٚ. ئاخر نازانی ئەگەر بخورایە چۆن خۆی ئەما؟ کابرا ئیتر هیچ دەنگی نەکرد؛ چوونە ئاواییەکەوە. خالە پیرە چووەوە بۆ ماڵی خۆی و ئەمیش چوو بۆ مزگەوت.

خالە پیرە زۆر ماندوو بوو. کە چووەوە ماڵەوە کچێکی تاقانەی هەبوو؛ کچەکەی هات بە پیریەوە بردی داینا. کچە سەیری کرد باوکی زیاد لە جاران ماندووترە پرسی بابە ئێمڕۆ بۆچ وا ئەتبینم کە لە جاران زیاتر ماندووتری؟ وتی: کچم چووزانم. ئێمڕۆ کابرایەکی گێل و گەوجم تووش بوو؛ بووین بە هاوڕیٚ. بە قسەی هیچ و پووچ من چەندە ماندوو بووم ئەوەندەیتر بەو قسانە بیٚ سحەتی کردم. ئەگەر بڕوا ئەکەی مێشکم لای خۆم نەماوە.

وتی: بابە قسەی چی لە گەڵ ئەکردی؟ وتی: چووزانم بۆم ناگێڕیتەوە. لە پاش ئەوە کە هەندیک بە رێگەکەدا هاتین، پێم ئەڵیٚ با پەیژەو پیٚ پلیکانە دروست کەین. تۆزێکیتر هاتین گەیشتینە سەر رووبارێک؛ کەچی پێم ئەڵیٚ با پردێک دروست کەین. تۆزێکیتر هاتین تووشی گەنمەکەی خۆمان بووین؛ وەختی دروێنەی هاتبوو. من ئەڵێم گەنمی چاکە، کەچی ئەو ئەڵیٚ ئەگەر بە سەوزی نەخورابیٚ. ئەو گەنم لە بەرچاویەوە زەرد بووە؛ کەچی ئەو وا ئەڵیٚ وە یا لەوانیتر لای وایە من دارتاش و بەننام قسەی وام لە گەڵ ئەکا. دەی ئیتر چۆن مێشکم لە سەرا ئەمێنیٚ؟

کچە وتی: جا باوە خۆ ئەو قسانە هەموو قسەی ژیرو دانایانەو تۆ ئەبوایە پێت خۆش بوایە؛ کەچی ئێستە ئەڵێی مێشکی بردووم. خالە پیرە وتی چۆن کچم؟ نابیٚ ئەقڵی تۆیش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووبێ بە ئەقڵی ئەوەوە! کچە وتی باوە کە پێی وتووی وەرە با پێ پلیکانە دروست بکەین، مەبەستی ئەوە بووە وەرە با پێکەوە قسە بکەین و بە قسە ڕێگەکە ببڕین. کە لە سەر رووبارەکە پێی وتبووی وەرە با پرد دروست کەین، مەبەستی ئەوە بووە وەرە با پێکەوە قۆڵ بکەین بە قۆڵی یەکا لە ئاوەکە بدەین؛ چونکە ئەگەر دوو کەس بووین، بە هێزتر ئەبین ئاوەکە نامانبا. کە لە ڕۆخی گەنمەکەی خۆمان پێی وتبووی ئەگەر بە سەوزی نە خورابێ، مەبەستی ئەوە بووە کە ئەگەر بە سەلەمت نەدابێ و هەر زوو سەرت تیا نەبردبێ. باوە ئەبوا تۆ بە هاوڕێیەتی پیاوی وا بارە شارت بهاتایەتەوە، نەوەک بەو جۆرە خۆتی لێ زیزکەی. ئێستە ئەو کابرایە چی لێ هات و بۆ کوێ چوو؟

خاڵەپیرە -کە گوێی لە قسەی کچەکەی بوو- چووە دڵیەوە کە ئەو پیاوە پیاوێکی دانا بووەو ئەم لە خۆڕایی دڵی نە ڕەنجاندووە. وتی وەڵڵا کچم چووە مزگەوتەکەوە. وتی کەواتە هەستە بچۆ بیهێنەرە ماڵەوەو دڵنەوایی بکە. خاڵەی ریش سپی هەستا چوو بۆ مزگەوت و پیاوەکەی دیەوەو گەلێ لە خۆی بووردەوەو دڵنەوایی کرد و هێنایەوە بۆ ماڵەوە.

لە ڕێگەدا کابرا پێی وت: خاڵە! ئاخۆ کێ لەم قسانەی منی تێگەیاندی؟ وتی: کەسی خاڵی! ئەوی ڕاستی بێ کچێکم هەیە ئەویش دەردی تۆ سەری لەم قسە بە توێکڵانە ئەخورێ و گیرم خواردووە بە دەستیەوە. کابرا لە دڵی خۆیا تۆزێ فیکری کردەوەو وتی تۆ بڵێ ئەوی من بە شوێنیا ئەسووڕێمەوە ئەمە بێ؟

لێیاندا چوونە ماڵەوە. ئافرەتێک لە ماڵەکە بوو؛ خۆی داپۆشیبوو؛ هەندێ گوڵ و گیاش لە ناو حەوشەکەدا بوو. کابرا رووی کردە خاڵی ریش سپی و پێی وت: «وا دیارە گوڵی ئەم ماڵە بێ بێن و تاڵە». خاڵە دیسان لەم قسەیە- وەکو قسەکانی‌تر- تورە بوو؛ خێرا کچەکە لەو لاوە سەرپۆشەکەی خۆی لادا و وتی:

گوڵی ئەم ماڵە گوڵە باخی ئاڵە　　　　بە ڕەنگ و بۆیا ئاوی زەلاڵە

کابرا کە تەماشای کرد ئەبینێ دوکانچەی جوانی ئەم کچە لە گەڵ باخچەی هۆش و بیرەکەیدا وەکو دوو تای تەرازووی زیرینی ئاڵتونکێش وایە کە هیچیان بە سەر هیچیانا نییەو موو لە موو جیا ئەکەنەوە. نازانێ پابەندی بازاڕی جوانی بێ، یا گیرۆدەی ژیری بێ!

ئەو شەوە مایەوەو بەیانی خوازبێنی کچەکەی لە باوکی کچە کرد. چارەنووسی ئاسمانی، لە ئاوێنەی زندەگانی ئەو دوو دانەدا بە قەڵەمی نهێنی و بە مەرەکەبی خۆشبەختی و بە نگینی سولەیمانی کالای یەک بڕن. خورشیدی خەرامان بوو بە هاوسەری پەلک سەوزی داستان. خەرمانی ژیری و دانایی بوو بە هاوڕازی نوکتەبێژی دەریای زانایی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا پەلی کچەی گرت و هێنایەوە بۆ وڵاتی خۆی و لە سەراو کۆشکی خۆیا داینا؛ ئینجا دەرگای رازی نهانی خۆی بۆ کچە کردەوە کە چۆن تا ئێستە هەر ژنێکی هێناوە پادشای ئەو شارە دەستی خەیانەتی لە گەڵ کردۆتەوەو چۆن ئەو ژیانە ناچاری کردووە کە ئیتر واز لە ژیانی ژن و مێردایەتی بێنێ و چۆل و بیابان بگرێتە بەر بۆ ژنێک کە نە لا لە عەنعەناتی دنیا بکاتەوە، نە دەستی ستەمکاران بتوانێ بیشەکێنێتەوە؛ تا تووشی بوو بە تووشی ئەمەوە.

لە پاش ماوەیەکی کەم پادشا بیستی کە ئەم پیاوە ژنێکی‌تری هێناوە؛ ژنێکی وا کە نە پەری ئەیگاتێ نە ئادەمی. پادشا کەوتەوە سەر هەوەسڕانیەکەی جارانی؛ ناردی بە شوێن کابرادا و بانگی کرد. لە پاش قسەو باسێکی زۆر بە چەپەری ناردی بۆ وڵاتێکی دوور؛ کابراش خۆی ئەزانێ چە باسە. هاتەوە بۆ ماڵەوەو کەین‌و بەینی لە ژنەکەی گەیاند. ژنە وتی بچۆ بە شوێن ئیشی خۆتەوەو بە بێ وەی دیێتەوە. کابرا لێ دا رۆیشت.

پادشا کەوتە شەوێ پاش نوێژی خەوتنان وەڵامی نارد بۆ ماڵی کابرا کە بە مێوانی دێت بۆ ئەوی. ژنەکە بیستی پادشا ئەبێ بە میوانیان، هەستا ماڵی رێکخست و خۆی لە دنیای جوانیدا زۆر جوان بوو، سەرەڕای ئەوە هێنای ئەوەندەی‌تر خۆی جوان کرد و خۆی کرد بە پەیکەرێک گەلێ لە خەرامانی چین جوانتر.

زۆری پێ نەچوو پادشا هات و بە دەستووری شەونشینی نە وەک بە دەستووری پادشاهی چوو دانیشت. کە چاوی بە ژنە کەوت پرشەی کارەبای ژنە خستیە عالەمێکی‌ترەوە. ژنەش دەمێ بە ناز و دەمێ بە نیاز بە بەر دەمیا دێت و ئەڕواو ئەوەندەی‌تر دەردی کاری ئەکا. پادشا ئارامی لێ هەڵگیرا و کەوتە دەستدرێژی نامەردی. ژنەش هیچ خۆی تێک نەداو بە عیشوەیەکەوە ئەیوت بێ نەوایەک کە ببێ بە بەشی پادشایەک ئەمە ئەو پەڕی خۆشبەختیە بۆ ئەو بێ نەوایە. چە پەلەیەکتە ئیمشەو -نە وەک هەر ئیمشەو بگرە هەموو شەو- بە دڵی خۆت میوە لە باخی جوانیم ئەچنیت. ئێستە نانم بۆ دروست کردووی پێکەوە نان ئەخۆین و پاش ئەوە ئەکەینە سەر سەرینی بەزم و سەفا.

ژنە هەر لە پێشەوە چەند هێلکەیەکی کوڵاندبوو؛ هەر هێلکەیەکی بە رەنگێ رەنگ کردبوو؛ یەکێ سەوز و یەکێ سوور و یەکێ شین و یەکێ زەرد و هەر یەکە بە جۆرێ هێلکەکانی نایە ناو سینیەک و سەر پۆشێکی دا بە سەریا و لە گەڵ نانا داینا بۆ پادشا و خۆیشی لەو لاوە دانیشت. پادشا سەرپۆشی لاداو هێلکەی رەنگاو رەنگ دەرکەوت؛ هێلکەش پاک نەکرابوو. ژنە دەستی برد یەکێ لە هێلکەکانی بۆ پاک کرد و لە بەر دەستیا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دایناو وتی فەرموو. پادشا ئەوەی خوارد و ئینجا دانەیەکی‌تری بۆ پاک کرد و بۆی دانا. بەو جۆرە چەند هێلکە هەبوو هەمووی بۆ پاک کرد و بۆی داناو پادشا لە هێلکەی سەوزو سوور توند بوو.

پاش تیر بوون کەوتەوە گڕوگاڵ. ئینجا ژنە وتی پادشاهم ئێستە تۆ چیت خوارد؟ وتی: دیارە هێلکە. وتی: ئەم هێلکانە ئەوە بوو لە دیوی دەرەوە هەر یەکە رەنگێکیان هەبوو، ئایا لە ناوەوە هیچ جیاوازییەک هەبوو لە بەینیانا؟ وتی: نە؛ هەمووی هێلکەو یەک تام و لەزەتی هەبوو. وتی: پادشاهم ژنیش هەمووی هەر وایە؛ با لە رواڵەتا زرق و برقێک لە بەینیانا ببێ، لە ئەسڵی ژنیەتیا هەموو هەر یەکن. ئەمە و دیسان تۆ پادشایت؛ پادشا بۆ میللەت وەکو باوک وایە، ئایا باوک دەست بۆ ناموسی کچ و کوڕی خۆی درێژ ئەکا؟ ئەم مێردەی من کوڕێکی جگەرسۆزەی تۆیە؛ چاوت لێیە چۆن بە دەم هەموو ئیش و کارێکەوە بە سەر ئەڕوا نە وەک بە پێ. ئێستە چۆن تۆ ویژدانت ئەوە هەڵئەگرێ کە دەستی گزی و خەیانەت بۆ ماڵی ئەو درێژ بکەی؟

پادشا کە ئەم قسانەی بیست وەکو جامێ ئاوی سارد بکەن بە سەریا بەو جۆرەی لێ هات. لە شوێنەکەی خۆی راست بووەوە وتی: «کچم، لە سەر دەستی تۆدا مەرجم کرد تا ماوم باوکێکی میهرەبان بم بۆ هەموو کەس و لێی دا رۆیشت».

پاش ماوەیەک مێردی ژنە هاتەوە، بەڵام لە کردەوەی پێشینی پادشا ئەمجارەش هەروا ئەچووە دڵیەوە. هاتەوە بۆ ماڵەوەو هەستی کرد کە پادشا هاتووە بۆ ئەوێ. سەری خستە سەر ژنەکەی و ژنەش چی رووی دابوو هەمووی بۆ گێڕایەوە. ئیتر لە پاش ئەوە بە هۆی ژیری ئەم ژنەوە هەم مێردەکە کەوتە دنیایەکی‌ترەوە هەم پادشایش کەوتە عالەمێکی‌ترەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# قسەی تەنک

- وەستا گورونی بەرگدور هەبوو لە سولەیمانی دووکانەکەی لە قەیسەری وەسمان پاشادا بوو. شاگردێکی هەبوو خولەی ناو بوو؛ هەموو ڕۆژێ خولە ئەچووە سەر کونە بەرۆچکەی قەیسەریەکە بانگی ئەکرد: «وەستا بچم بۆ سەر چنار؟» ئەویش ئەیوت: «بچۆ گیانی وەستای».

لە پاشا پێیان وت ئەوە بۆچ ئیزنی ئەدەی؟ ئەویش وتی: «ئیزنی چی نەدەم؟ ئەو چاکی لێ کردەوە بە لادا، توێشوی لێ بەستۆتە پشتی و دارەدەستەکەی گرتووە بە دەستەوە. ئیزنی بدەم و نەدەم هەر ئەچێ. نەوەڵلا بۆ ئەم پرسە گورگانەیە نە خۆم پیاو خراپ ئەکەم وە نە قسەکەشم ئەشکێنم».

- مەلاعەبدورەحیمی چورِوسانی مەلای حوسین بەگی جاف ئەبێ لە ئاوایی «فەقێ جنە». حوسین بەگ هەموو حەفتەیە مووچەیەکی بۆ فەقییەکان بریبووەوە. حەفتەیەکیان لە ناردنەکەی دوا کەوتبوو؛ فەقێیەکانیش بە مەلا ئەڵێن. مەلا ئەچێتە سەر حوسین بەگ و پێ ئەڵێ: «حوسین بەگ! ئەگەر پیاوی، وەکوو پاشا بە؛ ئەگەر ژنی، وەکو خانم بە؛ ئەگەر نە پیاوی و نە ژنی، نە مەدرەسە ڕاگرەو نە فەقێش دەسخەرۆکە»[١١]. حوسین بەگیش ئەڵێ: مامۆستا، تا تۆ ئەگەڕێیتەوە ئەگەر مووچەکەم بۆ نەناردن بزانە نە پیاوم نە ژن».

- لە بەغدا بووم. شێخ نەجمەدینی شەرعیە لە سولەیمانیەوە ساڵێک بۆی نووسیم: «هەنگوین، گەزۆ، گوێز چیت ئەوێ، بێ منەت بڵێ تا بۆت بێنم». منیش بۆم نووسیەوە: «لە هەنگوین، گەزۆ، گوێز چیم بۆ دێنیت، بێ منەت بە بیهێنە».

- مەلا حەمەمینی باراماوایی هەبوو، ئیجازەی وەرگرت و چووەوە بۆ ماڵی خۆیان. زۆری پێنەچوو گەڕایەوە بۆ ناو فەقیان. لێیان پرسی مەلا حەمەمین بۆچی هاتیتەوە؟ وتی: «کورە من چووم مێزەرێکم لە سەرناو عەبایەکم لە بەرکرد دانیشتم لە دێیەکەی خۆمانا بەو نیازە کە ببم بە قازی؛ کەچی ئەگەر یەکێک بهاتایە پرسیارێکی لێ کردمایە، ئامەی دایکم و

---

١١- مەبەستی لە پاشا محموو پاشای جاف و لە خانم عادلە خانمی وەسمان پاشا بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خەجەی خوشکم لەو لاوە هەر یەکە بۆ خۆیان قازیەک بوون؛ بەر منیان نەئەخست کە ولامەکە بدەمەوە. ناچار دەرم نەبرد و دەر پەڕیم».

- کابرایەکی کورد منالێکی پێ ئەبێ، ئەچنە ماڵە گۆرانێک لەو شاربازێڕە. کابرا گۆرانە هۆڕێک مێوژی دانابوو، منالە چاوی بە مێوژ کەوت دەستی پێ کرد: «باوە مێوژ ئەخۆم، باوە مێوژ ئەخۆم» هەر نەیبڕیەوە. باوکەکەیشی چەپۆکێکی مالی بە سەریا وتی: «هەتیو! وس بە. پیاگەکە خۆی ئەقڵی هەس بۆت دەرتێری».

- کابرایەکی کورد لە دەشتێکا تووشی گۆرانێک ئەبێ بەردو ئەستیەکی پێ ئەبێ؛ ئەڵێ: «کاورا ئەو کوچک و چەخماخەت نادەی وە من؟» گۆرانەش ئەڵێ: ئەی خۆم چی بکەم؟ ئەویش ئەڵێ: «بیوڕەوە، بیوڕەوە تۆ گۆرانی؛ قەیچی دەمێ بۆ خۆت پەیدا ئەکەی».

- لە ١٩٥٠دا حزبی دەستووری -کە هی نووری سەعید بوو- باوێکی سەیری هەبوو لە عێراقدا؛ بە تایبەتی لە کوردەواری. خەلیل کەنە وەزیری مەعارف و عەلی کەمال نائبی سولەیمانی بە ناوی ئەو حزبەوە لە بەغداوە چوو بوون بۆ کوردەواری، لە کەرکووک لە ماڵی شێخێکی تاڵەبانی بانگێشتن کرابوون. یەکێ لە بانگکەرەکان شێخ قادری سیامەنسووری تاڵەبانی بوو. عەلی کمال لێ ئەپرسی: «ها شێخ قادر! کەسابەت و حاسلاتی ئیمسال چۆنە؟» ئەویش ئەڵێ: «عەلی کمال! ئەگەر کار و کاسبی و حاسلات ببوایە من لێرە چیم ئەکرد؟»

- کابرایەک لە سولەیمانی کەرێکی لێ ون ئەبێ. لە حەمەی پیرۆز ئەپرسێ ئەرێ کەرێکی ئاواو ئاوات نەدیوە؟ ئەویش ئەڵێ: «برا! بۆچی ئەمە حەو ڕۆژە ڕەشەبا هێشتویەتی من چاو بکەمەوە تا کەری تۆم بەرچاو کەوێ؟»

- ئەحمەد بەگی ریشێن هەبوو، ئەیوت: «باش بوو من بووم بە کوڕی ریشێن، نە بووم بە کوڕی گونە»[١٢].

١٢- «گونە»و «سەراو» دوو دێن لە شارەزوور. «ریشێن»یش گوندێکە لە بناری هەڵەبجە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی شارباژێری گوێدرێژێکی بار کرد بوو لە کەرەو سیریژ ئەچوو بۆ سولەیمانی. دوو کابرای هەورامی تووشی بوون لێیان پرسی کابرا بارەکەت چیە؟ ئەویش وتی: «کەل و پەلە».

کابراکان بارەکەیان لێ سەندو بردیانەوە سەیریان کرد شتێکی شل و نەرمە، لەوانەیە بخورێت. دەستیان کرد بە کەرەو سیریژ خواردن و بە لایانەوە زۆر خۆشیش بوو؛ هەر ئەیانخواردو ئەیانوت: «های فێڵبازی شارباژێڕی! ئەزانی کەل بە پەلەوە خۆشە، بۆیە ئەڵێ بارەکەم کەل و پەلە».

- کابرایەکی کورد نوێژی نیوەڕۆ چووە مزگەوتێکەوە نوێژی دابەست؛ وتی: «نیەتمە هەشت رەکات نوێژی ئەم نیوەڕۆیە ئەکەم بۆ خوا». مەلای مزگەوتەکە لەوێ بوو؛ گوێی لێ بوو. دەنگی نەکرد هەتا کابرا نوێژەکەی تەواو کرد، پاشان پێی وت: باوکم نوێژی نیوەڕۆ چوار رەکاتە تۆ بۆچی ئەڵێی هەشت رەکات؟ هەستە نوێژەکەت بکەوە. کابراش ئەڵێ: «مامۆستا وا مەزانە ئەیکەمەوە، من هەشت رەکاتم کردووە خوا تێکەوێ چواری خاسی لێ هەڵبژێرێ بۆ خۆی و چوارە خراوەکە بداتەوە سەر خۆما».

- لە شەڕی ١٩١٤-١٩١٨ خەڵکێکی زۆریان نارد بۆ شەڕ؛ لە مانە گەلێکیان کورد بوون. لە «شوعەیبە» شکا بوون؛ گەڕا بونەوە بەغدا. یەکێ لە کوردەکان ماینەکەی کوژرابوو، بە پێ ئەڕۆی بەریدا؛ لە بەر خۆیەوە هەرئەیوت: «دە خوا بتگری سولتان رەشاد! تۆ کە بەغدات هەیە ئیتر بەسرەت بۆ چیيە وا شەڕی لە سەر ئەکەی و ئەم عالەمە بە کوشت ئەدەی؟»

- هەر لەو شەڕەدا هەندێ کوردیان بە ناوی غەزاوە تەفرە دابوو، ناردبوونیان بۆ شەڕ. یەکێکیان هەر ئەپاڕایەوە خوا سا تۆ ئەم جارە مەمکوژە هەتا ئەچمەوە ماڵ. لێیان پرسی بۆچی؟ وتی: «شەرتبی بەم خەنجەرە مەلا کوت کوت کەم. دویت باوکە هەر ئەیوت هەر کەس بچێ بۆ غەزا، "حووری" ئەدەنێ. منی نارد بۆ کوشتن، نەیناردم بۆ حووری. ئەگەر راستی ئەکرد هەرکەس غەزا بکا حووری ئەدەنێ خۆی بۆچی نەهات؟ من حووریم ناوێ "خاتە"ی خۆم بە دەمی باوکیشم زیادە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مەلایەک لە سەر کانیەک دانیشتبوو، کابرایەکی کورد لە قرچەی نیوەڕۆدا لە ڕێوە هات لە گەڵ گەیشتە سەر کانی لە سەر لەپ لێ ڕاکشاو دەمی خستە کانیەکەوە تێرو پڕ ئاوی خواردەوە. مەلا وتی: ڕۆڵە! جارێکیکە بەم تەرحە دەم مەخەرە ئاوەوە، خراپە. وتی: قوربان بۆچی خراپە؟ مەلا وتی: بۆ ئەقڵ زیانی هەیە. وتی: مامۆستا ئەقڵ چییە؟ مامۆستا وتی: «ڕۆڵە! لە گەڵ تۆم نییە ئەوە جارجار لە بەر خۆمەوە وڕێنە ئەکەم؛ ئەگینە بە تۆم نەوت».

- هەتیوێک لە دێ «پیران» بوو؛ ناوی «مەولە» بوو. زۆر بێ دەسەلات و دەستە پاچە بوو؛ هەر کەس هەڵئەستا لێی ئەدا و تێی‌هەڵئەدا. تازە ئنگلیز هاتبووە ولاتەوە «مەولە» ڕۆژێک لە گەڵ هەتیویکیکە -کە ناوی «ئەحە هوژە» بوو- شەڕیان بوو بوو. ئەحە هوژە مەولەی نابووە ژێر خۆی. هەر چەن لەقەی ئەدا بە کەلەکەیا مەولە وەکوو داڵ ئەیشیراند؛ کەچی پیرەژنەکەی دایکی هاواری ئەکرد: «خەڵکینە! بۆ خاتری خوا مەولە بگرن با یەکێ نەکوژێ دەور دەوری ماژۆرە».

- کابرایەکی کورد منداڵێکی هەبوو. شەوێک لە سەر پشت ڕاکشابوو تەماشای ئاسمانی ئەکرد لە باوکی پرسی: باوە ئەو خەتە سپییە چییە بە ئاسمانەوە؟ باوکیشی وتی: ڕۆڵە! ئەوە ڕێی کاکێشانە. کوتوپڕ کوڕە لە پڕ ڕاست بووە وتی: «ئای بە خوا بابە! پووشێک لە کایەکەی ئاسمان کەوتە خوارەوە چووە چاومەوە»و دەستی کرد بەگریان.

- کابرایەک هەبوو «حاجی سەفەر»ی ناو بوو. چوو بوو بۆ حەج و هاتەوە؛ لێیان پرسی حاجی مەککەخۆشە؟ وتی: «ناوەڵلا! یا خوا هەر چی موسڵمانە ڕێ تێنەکەوێ. ئەگەر باوەڕتان هەیە، جەحەنەم لە مەککە گەڵێ خۆشترە».

- مەحوی، سۆفی مەحموو ناوێکی بۆ مجەوری خانەقا گرتبوو. دوانزە ساڵ بوو مجەور بوو. مەگەر شێخ زۆری درۆ لێ بیستبوو، شەوێکی زستان لە دوای نوێژی خەوتنان، شێخ ئەڕواتەوە بۆ ماڵەوە؛ لە هەیوانی خانەقا لە تاریکیدا تووشی زەلامێک ئەبێ ئەپرسی: کوڕە کییە؟ کابرا ئەڵێ: «منم». شێخ دیسان ئەپرسی تۆ کێت و ناوت چییە؟ ئەڵێ: قوربان! سۆفی مەحمووی مجەورم. مەحوی قۆڵی ئەگرێ و ئەیباتە ژووری خانەقا و بانگ ئەکا:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«ئەرێ خەڵکینە! ئێوە و خواتان ئەم پیاوە کێیە کە دەستی بە دەستمەوەیە؟» خەڵکەکە هەموو ئەڵێن: «قوربان! سۆفی مەحمووی مجەورە». ئینجا شێخ ئەڵێ: «ئافەرین سۆفی مەحموو! ڕەحمەت لە بابت!» خەڵکەکە ئەڵێن یا شێخ ئەوە مەبەست چییە؟ ئەڵێ: «خەڵکینە! خۆتان ئەزانن ئەم پیاوە دوانزە ساڵە لە لامەوە لەم خانەقایە مجەورە. لەم دوانزە ساڵەدا ئیمشەو ئەم ڕاستیەم لێ بیست کە وتی من سۆفی مەحمووم».

- لە دەوری مەحموو پاشادا قازییەک نێرایە هەڵەبجە؛ مەلا ئەحمەدی ناو بوو. ڕەمەزان لە سەرا هات، ئەو ساڵە بیست و نۆ ڕۆژ بوو. ساڵی دوایی ڕەمەزان لە هەوەڵەوە ڕۆژێکی لێ خورابوو لە ئاخریش بە بیست و نۆ ڕۆژی قازی فتوای جەژنی دەرکرد. ڕەمەزانی ئەو ساڵەش بۆ بە بیست و هەشت ڕۆژ. ئینجا مەحمووپاشا ناردی مەزبەتەکیان کردەوەو ناردی خۆیشی مۆری بکا. قازی پرسی: پاشا ئەمە چییە؟ وتی: قازی ئەفەنی مەزبەتەیە کردوومەتەوە و ئەینێرم بۆ «عەبدولحەمید» لە ئەستەمبۆڵ. وتی: بۆچی؟ وتی: «بۆ ئەوە تا بیست و هەشت ساڵی‌تر تۆ لێرە بمێنیتەوە ڕەمەزانمان بە تەواوی لە کۆڵ ئەخەی؛ چی لەمە چاکترە؟»

- کابرایەک ساڵێک لە نەخۆشیەوە شێت بوو بوو، بردبوویانە ماڵی «شێخ بابەعەلی سوسە» دوعای بۆ بکات. ماڵی شێخ بابە عەلی باڵەخانەیەکیان هەبوو شێتەکە لەوێدا بوو. منداڵە وورده کە لە کۆڵانەوە فیکەیان ئەکرد، کابرا ئەوەندەیتر شێت بووبوو؛ هەڵئەپەڕی و جنێوی ئەدا. بابە عەلیش دەستی دایە دارێک و منداڵە وردەکانی لێ دوور خستەوە. تۆزێکی پێچوو شێتە سەری نابووە پەنجەرەکەوە بانگی ئەکرد: «منداڵگەلە بێنەوە، بێنەوە». بابە عەلی وتی: خزمە بە هەزار حاڵ دوورم خستوونەتەوە، کەچی ئێستە تۆ خۆت بانگیان ئەکەی؟ کابرای شێتە وتی: «تۆ خوا واز بێنە، بە خودا دنیا بە بێ قنگە گەمە ناخۆشە».

- کابرایەکی کورد ژنیان بۆ هێنا و زەماوەندیان بۆ کرد، چێشت و گۆشت ئەخورا. لە بەر ئەوە خەڵکەکە زۆر بوو نەیانپەرژایە سەر زاوا نانی بۆ دانێن. لە پاشا کە کەوتە شەوی هاتن، پێیان وت: فەرموو بچۆرە پەردە. ئەویش وتی: «لاچن دەوێت باوکینە! کێ پلاوی خواردگە ئەوە بچێتە پەردە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەکی مەرگەیی مەسێنەیەکی هەبوو ئەیبرد بۆ سەر ئاودەست. مەسێنەکە کونی تیابوو تا ئەو میزەکەی ئەکرد مەسێنەکە هیچ ئاوی تێدا نەئەما. هەموو جار لە سەر عابخانەکە هاواری لێ بەرز ئەبووەوە بۆ ئاو. لە پاش بەینێک خەڵکی سەیریان کرد کابرا وەکو جاران هاوار هاواری نەماوە، لێیان پرسی: ئەوە ئافتاوەکەت چاک کردۆتەوە؟ وتی: «ناوەڵلا! بەلام فێڵم لێ کردووە». وتیان چۆن؟ وتی: «لە پێشا تارەتەکەم ئەگرم، ئینجا میزەکەم ئەکەم. دایەلێ دەگێم چما دێلم هەروا بە حاسانی لە دەستم دەرچێ؟»

- ژنێک ئیشی خراپەی لێ روودابوو لە سەر ئەوە سواری کەریان کردبوو شاربەدەریان ئەکرد. بە بازارا هێنایانە خوارەوە خەڵکی بەردیان بۆ ئەهاویشت و تفیان لێ ئەکرد. لەو وەختەدا بە یاساوڵەکانی ئەوت: «تکاتان لێ ئەکەم قایم دەست بە قوڵمەوە بگرن، نەوەک لە کەرەکە بکەومە خوارەوەو ئابرووم بچێ».

- کابرایەکی کورد جارێک رێی ئەکەوێتە بەغدا. گەرما ئەبێ کابرایەکی عەرەب هەر بانگ ئەکا «مای بارد». کابرای کورد ئەڵێ: «ها برا تێکە لەو مای باردە بایی دو قەران». تێر ئەخواتەوەو سەیر ئەکا ئەمە هەر ئاوەو هیچیتر. ئەگەڕێتەوە بۆ وڵات کوڕ و کاڵ باسی بەغدا دێننە پێشەوە ئەویش ئەڵێ: «کوڕینە! ئەگەر چوونە بەغدا و کابرا بانگی کرد مای بارد، نەکەن بیخۆنەوە هەر ئاوە پەتیەکەی لای خۆمانە».

- خاڵە مەحموو ناوێک لە سوسەی سەیدان هەبوو، کچێکی بوو کابرایەکی خزمی داوای کرد، نەیدایە؛ دای بە پیاوێکیکە. کابرای خزمی شەو چووبوو ئاگری بە کەپرەکەی خاڵە مەحمووەوە نابوو؛ پەیژەکەشی لێ لابردبوو، هەموو نوێن و شتومەکەکەی سوتا بوو. ئینجا بەیانی لە مزگەوت خاڵە مەحموو حەکایەتی خۆی گێڕایەوە بۆ شێخ بابە عەلی سووسە. ئەویش وتی: «خاڵە مەحموو، هەرچێ کەس بووە حەواڵەی خوای بکە». خاڵە مەحموویش بە توڕەییەوە وتی: «وس بە خزمە! یا خوا هەرچی شەهادەی بە شانی محەمەد هێناوە نەکەوێتە خوا! خوا تا ئێستە هەقی کێ سەندووە هەقی منیش بسێنێ؟»

- کابرایەک لە دێی «کانی میران» ناوی قارەمان بوو. رۆژێک لە گەڵ هاورێکی باسی خواردنی خۆش ئەکەن، قارەمان ئەڵێ: خورماورۆن زۆر خۆشە. ئەوی‌تر لێی ئەپرسێ بۆچی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆ خواردووتە؟ ئەڵێ: «ناوەڵڵا نەم خواردووە؛ بەڵام ڕۆژێک ئاگام لێ بوو ئەورەحماناغا زۆر بە لەزەت ئەیخوارد؛ منیش بەوەدا ئەزانم کە زۆر خۆشە».

- دوو کابرای کورد هەبوون یەکێکیان خەلیلی ناو بوو، یەکێکیان جەلیل. بە ڕێبواری بە دەشتێکا ئەڕۆیشتن؛ سەریان لێ تێکچوو. لە دوورەوە ڕەشماڵێکی عەرەبیان بەرچاوکەوت. خەلیل بە جەلیلی وت: تۆ لێرە ڕاوەستە تا من بچم بزانم چیە؟ لێیدا ڕۆیشت. لەو کاتەدا کە سەری کرد بە دەوارەکەدا، کابرای عەرەبی خانەخۆی دەوریەکی قاوتی برای(؟) لە بەر دەما بوو، لە گەڵ ژنەکەیا ئەیانخوارد. کە چاوی بەم کابرای میوانە کەوت بە ژنەکەی وت: «خللی جوە»؛یانی بیبەرە ژوورەوە(واتە بیشارەوە). خەلیل کە گوێی لەم قسەیە بوو، ئاوڕی دایەوە دەستی لە هاوڕیکەی هەڵتەکان و بانگی کرد: «هۆ، جەلیل جەلیل! پیاوەکە ئێژی خەلیل بێژە بە جەلیلیش با بێت؛ دەسا بێ بێ».

- کابرایەکی شێت لە سولەیمانی هەبوو «قولە»ی ناو بوو. ڕۆژێک بەردێک ئەدا لە پیاوێک و ئەیکوژێ. پیاوە ئەبەن ئەینێژن. لە پاشا شەوجمعانەی بۆ ئەکەن و حەڵوای بۆ ئەبەخشنەوە. قولە ئەچێ و هیچی بەش نادەن و دەری ئەکەن؛ ئەویش ئەیکا بە هەراو هاوار ئەڵێ: «سەیر کەن سەیر کەن، من خۆم کوشتوومەو حەڵواشم بەش نادەن».

- پیاوێک هەبوو لە سولەیمانی دوکانی بازرگانی هەبوو لە خانی حاجیئاغافەتحوڵڵا؛ دووکانی حاجی فەقێش بەرامبەر دووکانەکەی ئەو بوو. لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە سەر ئەو دوکانە دائەنیشت هەر بڕنوتی هەڵئەمژی. سەرە ڕای ئەوەش مشتەریەکانی حاجی ئێقیان ئەدایەوە ئەچوون لە سەر دوکانەکەی ئەو دائەنیشتن. جا لێیان پرسی: ها خاڵە! دنیا لە چییایە؟ ئەویش ئەیوت: «لە چییایە؟ سبەینێ خوا هەر خۆی ئەمێنێ و حاجی فەقێ».

- هەر ئەم پیاوەماڵەکەی لە تەنیشت ماڵی حاجیبرایمئاغای خەفافەوە بوو. خانوەکەی حاجیبرایمئاغا بەرزتر بوو لە هی ئەم. کوڕوکاڵ ئەچوون لە پانزە و شانزەی مانگا لێیان ئەپرسی: «خاڵە چەنی مانگە؟» ئەویش ئەیوت: «برا بۆچ حاجیبرایمئاغا دیڵێ من مانگ ببینم؟ چووزانم چەنیەتی؛ بچن لەو بپرسن».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- حاجی‌برایم‌ئاغا بانگێشتنێکی کردبوو؛ گەلێ کەس لە خەڵکی سولەیمانی بانگ کردبوو. پیاوێک هەبوو لە گەڵ ئەوە کە دراوسێیەکی زۆر نزیکی بوو، بانگی نەکردبوو. لێیان پرسی: خالە ئەوە چۆن حاجی‌برایم‌ئاغا تۆی بانگ نەکردووە؟ ئەویش ئەڵێ: «برا، چووزانم؟ حاجی‌برایم‌ئاغا رەنگبێ وا بزانێ من نازانم پلاو بخۆم».

- مەلامەحمووی‌بانەیی کوێرێکی چەتەولی لووت زلی کونجی ناشیرینی چاو بە قولاچوو بوو؛ ریشێکی تەڵەتەڵە سپی پێوە بوو، کڵاوێکی قووچی بە سەرا بوو، مێزەرێکی سپی لە چلکا داوەشاوی ئەبەست بە دەوریەوە، داردەستێکی گرێ گرێیاوی بە دەستەوە (باقلێکم «پەلک» بوو). جا ئەم مەلامەحمووە شای ئێران -ناسرەدین شا- ساڵێ چواردە تمەنی بۆ بڕیبووەوە. ئەبوایە لە بانە بچوایە بۆ تاران بۆ وەرگرتنی ئەم ساڵانەیە. ئەیوت تا ئەچووم و ئەهاتمەوە هەشت مانگم پێ‌ئەچوو. راستیشی ئەکرد؛ چونکە ئەو سەردەمە وەتر و شتە نەبوو.

وتی: «جارێکیان کە گەیشتمە ناو شاری تاران، بەناو بازاڕا تێ‌ئەپەڕیم، بۆ ماڵی پاشا ئەچووم. سەیرم کرد لە سەر دووکانەکانەوە هەموو وتیان «عومەری، عومەری». هیچ دەنگم نەکرد؛ خێر پێیان لێ هەڵبڕی دەستیان کرد بە جنێودان بە حەزرەتی عومەر. وتی زۆرم پێ ناخۆش بوو، خۆمم گرت دەستم کرد بە جنێودان بەوان. تەماشام کرد ئەوا جنێو ئەدەن، منیش بەم جنێوانە کە ئەیاندەم، هیچ دڵم ئاو ناخواتەوە؛ چارم نەما. وتی منیش دەستم کرد بە جنێو دان بە حەزرەتی عەلی. بەمە تۆزێ کوڵی دڵم دامرد؛ بەڵام هەر ئەوەندە خۆش بوو جنێو لە دەمم هاتە دەرەوە؛ بۆم داپەڕینە خوارەوە لە سەر دووکانەکان. هەر ئەوەندەیان تێهەڵدام کڵاو و مێزەرو پشتێنەکەم ئێستەش نازانم کەوتنە کوێوە. بە دەم تێهەڵدانەوە بە هەر پەلەپروزەیەک بوو، سەرم کرد بە کونی ماڵی پاشادا (مەبەستی بەم قسانە بارەگای پادشاهی بوو). وتی لە وێ کوردی پیاو ماقووڵی سنەیی هەبوون، ئەگەر ئەوان رزگاریان نەکردمایە، جارێکی تر ئێوە ئەم مەلامەحمووەتان نەئەدیەوە».

- کابرایەکی کورد لە رۆژی جمعەی مانگی‌رەمەزاندا لە بەر مەزاری کاک‌ئەحمەدی‌سولەیمانی لە مزگەوتی گەورە، کاسەیە ماستاوی دانابوو، لە بەرچاوی خەڵکەکەوە نان و ماستاوی ئەخوارد. مەلایەک بە تەنیشتیا تێپەڕی پێی وت: کابرا تۆ شەرم ناتگرێ بەم مانگی رەمەزانە لە بەرچاوی ئەم خەڵکەوە شت ئەخۆی؟ کابراش ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«خەڵکینە! سەیری ئەقڵی ئەم مەلایە کەن ئەڵێ تۆ بەم مانگی رەمەزانە موبارەکە لەم رۆژی جومعەی پیرۆزە لە بەر مەرقەدی کاک‌ئەحمەددا بەم گەرمای مانگی تەمووزە ئەم نان و ماستاوە ساردە مەخۆ!»

- مامەحەمە پیلوێکی پیری شاتری بوو لە «شانەدەر»ی شارەزوور دائەنیشت. رۆژێک باسی پیاوچاکان ئەکرا ئەویش وتی ناشوکری نەبێ، پیاوی خاس و وەلی کەی هەبووە؟ لەم ناوەدا کاک‌ئەحمەدی‌سولەیمانی و من و شێخ‌عومەری‌بیارە هەبووین؛ ئەوان رۆیشتن و ناشوکری نەبێ هەر من ماومەتەوە.

- عەزیزئاغای چاوقولی حەکایەتخوان، زۆر قسە خۆش بوو؛ لە قاوەخانەی مارفی قاوەچی لە سولەیمانی حەکایەتی ئەکرد. شەوێ سەد کەسی لێ کۆ ئەبوەوە. بەلام عەزیزئاغا نەئەچووە ماڵی کورەکانی؛ بە شەو لە قاوەخانەکە ئەنووست و نان و چێشتی بازاڕیشی ئەخوارد.

شەوێک حاجی‌ساڵحی‌سابوونچی -کە زاوای بوو- هات وتی: «مردووت مری! تۆ ئەمە چیە هەموو دەمێ سەرو پێی بازاڕ ئەخۆی؟ بۆچی نایەیتە ماڵەکەی من دانیشی، پاروێک نان هەر هەیە بیخوین». لە سەر ئەم قسەیە عەزیزئاغا بلێسە ئەستێنێ و ئەڵێ: «کورە تۆ ماڵت لە کوێ بوو؟ گوم کردە ماڵت. خۆ ماڵەکەت وەکو نێرگەلەکەی سەیدئەحمەدی‌بابەرەسول وایە؛ هەر سەعاتێ بەدەست هەتیوێکەوەیە».

- جارێکیان لەو کوردەواریە لە دێیەک نوێژی جومعە ئەکەن. سەیر ئەکەن یەکێکیان ناتەواوە؛ چۆنکە بە لای شافعیەوە ئەبێ چل کەس بن. گەلێ پیاو چاوەڕێی ئەکەن کەسی‌تر پەیدا نابێ. هەتا لە دەمە دەمی عەسرا ئەبینن کابرایەکی کەپەنگ بە شان لە دوورەوە رووی کردە ئاوایی.

ئەچن بە پێشوازیەوەو پێی ئەڵێن ئیشێکی خێر هەیەو لە سەر تۆ پەکی کەوتووە؛ تۆیش ئەبێ ئەم ئیشە بکەی بۆ خوا. ئەپرسێ چیە؟ ئەڵێن نوێژی جمعەیەو بە تۆ تەواو ئەبێ. ئەڵێ تۆزێ لێم راوەستن. کەوشەکانی دائەکەنێ ئەیداتە بن دەستی و کەپەنکەکەی لوول ئەکاو ئەیخاتە سەر شانی، دوو پێ ئەبێ دووی‌تری بۆ قەرز ئەکاو بۆی دەردەچێ. ئەڵێن کورە ئەوە تۆ چیت کرد؟ بۆ کوێ ئەچی؟ ئەڵێ: «کورە برۆن من تا ئێستە هەزار ئیشم بووە بە خوا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێکی بۆ پێک نەهێنام؛ ئێستە ئەو ئەم ئیشەی کەوتوتە من، خۆ شێت نەبووم بۆی جێبەجێ کەم».

- لەو کوردەواریە مەلایەکی چاک لە دێیەک بوو. ڕۆژێک کۆڵکە مەلایەک چووە دێیەکەو وتی خەڵکینە من مەلایەکی چاکم و ئەبم بە مەلاتان. ئەوانیش وتیان مەلای خۆمان چاکەو مەلامان ناوێ. ئەویش وتی مەلاکەی ئێوە هەر مەلا نیە لە چاو منا. مەلای گوندەکەش لەوێ بوو؛ لەم قسەیە توڕە بوو، وتی تۆ چۆن ئەڵێی بە من مەلایەکی چاک نیم. ئەمیش وتی بابە ئەمەی پێ ناوێ، وەرن تاقیمان بکەنەوە. ئێمە ئێستە هەردووکمان «مار» ئەنووسین، هەر کامێکمان چاکمان نووسی ئەوە ئەوەمان مەلایەکی چاکە. مەلا چاکەکەش وتی باشە.

هێنای لە سەر کاغەزێک وشەی «مار»ی نووسی. کۆڵکە مەلاکەش خەتێکی پێچەڵ پلووچی نووسی. ڕووی کردە خەڵکەکە وتی: خەڵکینە! وەرن ئێوە و خواتان سەیر کەن بزانن ئەمانە کامیان مارن؟

خەڵکەکەش کە سەیریان کرد وتیان وەڵڵا بابە مار ئەوەتە تۆ نووسیوتە؛ دیارە ئەم مەلایەی

ئێمە تا ئێستە ئێمەی بڕیوەو هیچ مەلا نیە. مەلای هەناسەساردیش هەر چەند هاواری کرد کە مار ئەوەیە من نوسیوومە، کەڵکێکی نەدایە و دەریان پەڕاند.

- کابرایەکی کورد کوڕێکی بوو نابویە بەر خوێندن. ڕۆژێک لێی ئەپرسن: خالە سەمین! لە قولە نیسکە بوەسەوەو تەنگی وە تەوەت هەڵنیگە.

- لە قسەی کوردانەیە ئەڵێ:

لە شارێک کە خەڵکەکەی بوت پەرست بوون، ڕۆژێک جەژنیان بۆ گوێ درژێکیان بە کورتانی قەیفەو سەر کەڵلەی ئاوریشم و زەنگوڵەی زیو ڕازاندبووەوە، بوتەکەیان سوار کردبوو بە ناو شارا ئەیانگێڕا. خەڵکی هەرچی تووشی ئەبوو کڕنۆشی بۆ بوتەکە ئەبردو بە لەنگەری و سەبەتە نوقڵ و نەباتیان بۆ کەرەکە ئەهێنا. ئینجا گوێ درێژەکە خۆی لەو پایەیەدا دی، خۆی لێ گۆڕا، گازی لە خەڵکی ئەگرت و جووتەی هەڵئەدا. کابرایەک لەو شارە بوو چوو سەری نایە بنا گوێی و پێی وت: «ماڵ کاول! بۆچی خۆتت لێ گۆڕاوە؟ ئەم ئیحترام و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کڕنۆشە بۆ بوتەکەیە، لەبەر تۆ نیە. تۆزێکی‌تر کە بوتەکەت لە سەر لاچوو ئەبیتەوە بە کەرەکەی جاران بارت لێ ئەنێن و بە نەقیزە تێت بەر ئەبن».

- ساڵێک فەتاحی‌بارامی‌هەمەوەن راوڕوتی ئەکرد. رۆژێک لە دەوری قەرەداخ جوولەکەیەک رووت ئەکاتەوە. جووە مالی عەتاری زۆری پێ ئەبێ و سابوونی بۆن خۆشیش لە ناو شتومەکەکانیا ئەبێ. وتیان فەتاحی‌بارام رۆیشت؛ لە دوای چارەکە سەعاتێ بە غار هاتەوە بانگی جوولەکەی کرد وتی: «جووە! منداڵی وردم هەیە؛ وە کەلام بەو بۆنە خۆشە منداڵێکم شتێکی لێ بێ بە ڕەچەڵەکتا ئەچمە خوارەوە». جووەکەش ئەیوت: «قوربان بە حەزرەتی موسا و محمد! هیچ زیانی نابێ، مەترسە».

- کابرایەک هەبوو لەو دەشتی دزەییە، رەسوولی ناو بوو. ژنێکی کەڕی هەبوو ناوی بەسێ بوو. رۆژێک سێ چوار سوار ئەبن بە میوانیان. کابرا ئەچێتە ژوورەوە ئەڵێ: «بەسێ، مریشکێکیان سەر برە لە گەڵ برنج بۆیان لێ نێ». بەسێش ئەڵێ: «وەڵلا رەسول تۆ وەخت و ناوەخت نازانی؛ کەی ئێستە وەختی ئەوەیە؟» ئەمە ئەڵێ و دەرپێکەی دائەکەنێ.

- مەلایەک جارێک لە خێلە کوردیکا ئامۆژگاری خەڵکەکەی ئەکرد کە پیاو نا بێ توخنی دایک و خوشک و پوور و کچی خۆی بکەوێ؛ حەرامە. کابرایەک لەو لاوە راست بوەوە وتی: «سا بە خوا مامۆستا! من دوێنی هەر بە گەمەوە میمکی خۆمم گاو هیچ حەرامیش نەبوو».

- کابرایەک لە دێ «سوکتە» شوان بووک. لە پڕێکا وازی لە شوانی هێناو رۆیی. لە دوای سێ چوار ساڵ پیاوێکی سوکتەیی ئەچێ بۆ ئەستەمبوڵ لەوێ چاوی پێ ئەکەوێ ئەوا کەوایەکی شیرداخی سوور و سەڵتەیەکی چوغەی لە بەرایە. ئەڵێ دیارە شوکر ئەحواڵت خۆشە؟ موبارەک بێ! جلی جوانت لە بەردایە. کابرا ئەڵێ: «برا! یا خوا بە میراتی کەوێ! من کەوای سور و سەڵتەی جوانم بۆ سەر بان و سەرانوێلکی سوکتە ئەویست».

- کابرایەکی بەرکێوی کوڕێکی بوو خلەی ناو بوو؛ نەخۆش بوو. لێیان پرسی کوڕەکەت چاکە شوکر؟ وتی: «ناوەڵلا! ئەمڕۆ لە هەموو رۆژان خراپترە؛ تەنانەت سێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تەحامانم لۆ دانایە لە هیچیانی نەخوارد». وتیان تەحامەکان چی بوو؟ وتی: «بەرِو بە کاڵی، بەرِو بە کولاوی، بەرِو بە برژاوی. ئینجا خلە بێ و بەرِوان نەخوا». یەکێ لەو لاوە وتی: ها ئەم کولوە شەکرۆکەی بۆ بەرە بەڵکوو بیخوا. کابرا وتی: «من ئەڵێم بەرِوان ناخوا ئینجا نۆرەی شەکرانە».

– سەعدی –شاعری شیراز– حەکایەتێک ئەگێرێتەوە ئەڵێن کارەساتەکە لە کوردەواری بووە. ئەڵێ: «کورِە دەوڵەمەندێک و کورِە هەژارێک چوونە سەر قەبران بۆ سەر گۆرِی باوکیان؛ گۆرِەکانیان نزیکی یەک بوون. گۆرِی دەوڵەمەندەکە بە بەرد و بە خشت و گەچ هەڵبەسترا بوو جوان رازێنرا بووەوە؛ هی هەژارەکە لە گەڵ ئەرزەکە یەک بوو. کورِەکان ئەکەونە قسە کردن ئاخری کورِە دەوڵەمەند وتی: «تەماشاکە گۆرِی باوکم چەن جوان هەڵبەستراوە! گۆرِی باوکی تۆ خۆڵیشی بە سەرەوە نەماوە». کورِە هەژارەکەش وتی: «قورِبەسەر خۆت و ئەقڵت! کاتێ کە پێیان وتن هەستن بچن بۆ بەهەشت، [باوکی تۆ] هەتا لە ژێر ئەو هەموو بەردو خشتە بە نیخەنیخ بێتە دەرەوە باوکم چوار کۆشک لە بەهەشتا بۆ خۆی داگیر ئەکا».

– کورِە دەوڵەمەندێکی نازیرەک لە گەڵ «لەلە»کەی چوونە ماڵێک، دوو سێویان بۆ هێنان؛ بۆیان دانان. کورِە سێوی خۆی هەڵگرت و دەستی کرد بە قەپاڵ لێدانی. هەرچەن لەلەکەی چاوی لێ هەڵتەکان کە نەیخوا کەڵکی نەبوو؛ کورِە تێ نەگەیشت. کە هاتنە دەرەوە لەلە وتی: «ئەوە بۆچی تۆ ئەو مێوەیەت خوارد؟ کە جارێکی‌تر شتی وا جوانیان بۆ هێنای یەک دوو جار بۆنی بکەو بیخەرە باخەڵتەوە». کورِە وتی باشە.

جارێکی‌تر چوونە ماڵێکیکە، بە رِێکەوت «کفتە»یان هەبوو. لە سەر دەوری دوو کفتەیان هێنا، یەکێ بۆ لەلە و یەکێ بۆ کورِە ئاغا. کورِە ئاغە هەر دەستی دایە کفتەکەی خۆی دووجار بۆنی کرد و نایە باخەڵیەوە. ئیتر لەلە هەڵسا و هاتە دەرەوە وتی: رِۆڵە! ئەوە بۆچی ئەو کفتەیەت خستە باخەڵتەوە؟ وتی: ئەی تۆ نەتفەرموو. وتی: «باوکم من کاڵم پێ وتی بۆنی بکە و بیخەرە باخەڵتەوە، یان کولاو؟»

– دوو کابرای کورد دەستەبرا بوون؛ یەکتریان زۆر خۆش ئەویست. رِۆژێک پێکەوە چوون بۆ حەمام. یەکێکیان زوو هاتە دەرەوە، تەماشای کرد دەفتەرێکی بچووکی باخەڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هاورێکەی داکەوتووە، هەڵیگرت. کەچی لاپەڕەیەکی لێ کەوت، سەیری کرد نوسرا بوو: ئەو شتانە کە بۆ فلانی هاوڕێم خەرج کردووە: فلان ڕۆژ بانگێشتنم بۆ کرد دە قەران، فلان ڕۆژ سەعاتێکم بە یادگار بۆ نارد چل قەران، فلان ڕۆژ بۆ کوڕەکەی دەستێ جلم کرد پەنجا قەران، بەم جۆرە سیاهەیەکی زۆری گرتبوو. کابرا دەفتەری لێک ناو پەڕەکەی تێخستەوەو ڕۆیی.

هاورێکەی کە لە حەمام هاتە دەرەوە پرسی فلان کەس چی لێ هات؟ وتیان ڕۆیشت. زۆری بە لاوە سەیر بوو؛ چونکە تا ئەو وەختە یەکتریان بەجێ‌نەهێشتبوو. خەیالی کرد نە وەکوو نەخۆش بووبێ. بە پەلە چووە ماڵەکەیان تەماشای کرد لە ماڵەوە دانیشتووە، بەلام زۆر مات و دڵگیرەو وەکو جارانیش بە پیریەوە نەهات. لێ پرسی براکەم ئەوە بۆچی لە حەمام بەجێتهێشتم؟ بە عاجزیەوە وتی: ئیشم هەبوو. پرسی تۆ خوا بۆچی عاجزی؟ وتی: عاجزی لە دڵی خۆمایە. ئاخری سوێندی دا کە پێ بڵێ. ئینجا وتی: «ڕەفیق! من و تۆ ئیتر برایەتیمان نەما، چونکە تۆ لەو ڕۆژەوە کە بووین بە دەستە برا، ئەگەر جگەریەکەت دابێ بە من، پارەکەت لە سەرم نوسیوە وا بزانم تۆ داوای پارەی ئەو شتانە -کە دەفتەرت گرتووە- لێم بکەی».

هاورێکەی پێکەنی وتی ئەزانم چاوت بە دەفتەرەکەی باخەڵم کەوتووە، لەوە دڵگران بووی. گیانەکەم! ئەو دەفتەرە بۆ ئەوە نەگیراوە کە -خوانەخواستە- داوات لێ بکەم؛ بۆیە گرتوومە ئەگەر ڕۆژێک لە سەر شتێکی هیچ و پووچ دڵم بڕەنجێ، تەماشای دەفتەرەکە بکەم و بڵێم هەی های من ئەوەندەو ئەوەندە پارەم لەم دۆستەی خۆما خەرج کردووە، ئێستە لە سەر ئیشێکی وەها واز لەم هەموو برایەتیە بێنم. مەبەستەکە ئەوەیە نەوەک پارەکە. ئیتر هاورێکەی ئەمەی بیست دڵی چاک بووەوەو دۆستایەتیان لە جاران زیاتر بووەوە.

- ساڵێک مەحمووپاشای‌جاف لەگەڵ باوکی جەمیل‌بەگی‌بابان دوژمنایەتیان هەبوو. مەحمووپاشا ناردی هەر تایەفەیە چل سواری کۆ کردەوە؛ شەو و ڕۆژێکی تەواو قسەی لە گەڵ کردن و ئینجا ناردنی کە بچن لە کفری دوژمن شەڕ کەن. ڕۆیشتن لە دوای سێ ڕۆژ لەشکەرەکە گەڕانەوە پرسی چیتان کرد؟ وتیان: «قوربان! پێر گەیشتینە قەراخ شاری کفری. تەگبیرمان ئەکرد کە چۆن بچین دوژمن بکوژین و لەو وەختەدا یەکێک جارێک پشمی -واتە سەبری هێنا- ئیتر ئێمەش گەڕاینەوە بە دواوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- بازرگانێکی دەوڵەمەن هەتیوێکی ڕەشی زۆر ناشیرینی هەبوو. ڕۆژێک بە هەتیوەکەی وت تۆ لە حوجرە دانیشە من ئەڕۆم هەتا نیوەڕۆ ئیشم هەیە. ئەگەر یەکێک هات بۆ کوتاڵ کڕین بفرۆشە؛ بەلام ئاگات لێ بێ من چلۆنم فرۆشتوە تۆش وای بفرۆشە؛ بە هەرزان لە دەستت دەرنەیەنن. هەتیوەکە وتی بە سەر چاو. کابرای بازرگان چوو بە شوێن ئیشەکەی خۆیەوە. یەکێک هات چیت بکڕی، ئەو چیتە گەزێ بە چوار قەران بوو، هەتیوە دایە بە دوو قەران. کە خەلکەکە زانیان ئاوایە لە هەتیوە کۆ بونەوە بە نیوە قیمەت و چواریەکە قیمەت گەلێ کوتالیان لێ کڕی.

وەختی عەسر بازرگانەکە هاتەوە بۆ دوکان تەماشای کرد لایەکی دوکانەکەی چۆل بووە. پرسی هەتیوە کوا ئەم کوتالە چی لێ هاتووە؟ هەتیوە وتی: ئاغەم هەمووم فرۆشت و ئەوە پارەکەیەتی. ئاغە تەماشای کرد هەتیوە هەمووی بە تالان داوە. هەر هەلسا کوتەکێکی گرت بە دەستەوە گەلێکی لە هەتیوە ڕەشەکە دا. ئینجا هەندێک تەماشای دەفتەری کرد و دوایی سەری هەلبڕی رووی کردە هەتیوە، چاوی پێ کەوت وا ئەگری فرمێسکی چاوی و چلمی لووتی و لیکی دەمی تێکلاو بوون؛ زۆر ناشیرین هاتە بەر چاوی. بە دەست خۆی نەبوو بەم دیمەنە ناشیرینە پێکەنی. هەتیوە وتی: «ئا، ئاغەم ئیستا کە لە قازانجی خۆی تێ گەیشتووە ئینجا لە خۆشیانا پێئەکەنی».

- کابرایەکی دەوڵەمەند ئێوارەیەک هاتەوە مالەوە ژنەکەی نانی بۆ دروست کردبوو ویستی تێکا کابرا چووە حەوشەوە. لە پاشان رووی کردە تەویلەکە، زۆری پێچوو هەر نەهاتەوە. ژنەکە دلی کەوتە مەراقەوە. هەلسا لە درزی دەرگای تەویلەکەوە تەماشای کرد؛ ماکەرێکی سپییان هەبوو، مێردەکەی بە ماکەرە سپییەوە نیشتوە. ژنەکە زۆر زان بوو دەنگی نەکرد گەڕایەوە جێ خۆی. بەیانی مێردەکەی هەلسا بچێ بۆ دووکان بە ژنەکەی وت بۆ ئێوارە فلان چێشت و فلان چێشتم بۆ بکە. ئەویش دەستی نایە سەر چاوی.

ئێوارە کە هاتەوە تەماشای کرد ژنەکە لە ناو لێفە و دۆشەکا کەوتووەو ئەنالێنێ. لێی پرسی ئەوە چە خێرتە؟ وتی پیاوەکە لە بەیانیەوە لەرزم هاتوتێ؛ زۆر بێ حالم. کابرا وتی بۆ ئێواری کەوابێ هیچ نیە بخۆم؟ ژنە وتی: بەلێ بۆت کراوە، ئەوەتە لە ژوورەوە لە سەر سینی داپۆشراوە.

کابرا چووە ژوورەوە تەماشای کرد ئەوا سێ دەوری لە سەر سینی سەرپۆشی بە سەرەوەیە. سەرپۆشێکی لا برد جۆ بوو؛ ئەویتریان گنرەگیا بوو؛ سێهەمیان کابوو. کە ئەمەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دی جنێوێکی زۆری دا بە ژنەکەی وتی بۆچی من گوێدێرم ئەمانەت بۆ داناوم؟ ژنەکە وتی: «مێردەکە! بۆچی جنێوم پێ ئەدەی؟ من ئەمڕۆ نەخۆش بووم هەوێکەم کە دوێنێ ئێوارە لە تەویلەکە دەستت لە ملیا بوو هات خواردنی بۆ دروست کردی. ئیتر خەتای من چیە؟»

کە ئەمەی بیست ئینجا زانی کە ژنەکە بە کردەوەی دوێنێ زانیوە زۆر شەرمەزار بوو.

- شێخبابەعەلیتەکیەیی و مەلاحوسینیپیسکەندی و مەلاعەزیزیمفتیسولەیمانی ئەچنە کەرکوک بۆ دیدەنی «سەیدئەحمەدیخانەقا». نزیکەی حەفتەیەک لە لای سەید ئەمێننەوە؛ سەید خزمەتێکی باشیان ئەکا. ئەو ڕۆژە کە ئەیانەوێ بگەڕێنەوە، سەید تەمێی خزمەتکارەکەی ئەکا ئەڵێ بۆ قاوەڵی کە نان دروست کرا لە پێشەوە تەنها چێشتێ بێنن و ئیتر دەست لە هیچ مەدەن؛ هەر وەخت پێم وتن ئەو وەختە نانی تەواو دانێن.

ئەکەوێتە قاوەڵتی نان دێت؛ بەڵام هەر تاقە چێشتێکە، ئەویش کوولەکەیە. بابەعەلی گەلێ چاوەڕێ ئەکا هیچیتر دیار نییە؛ ئەوا دیواخانیش پڕە. ڕوو ئەکاتە مەلا حوسین ئەڵێ: «مەلا حوسین! سەید تا ئێرە باشی هێنا بوو، بەڵام لێرەدا گووی تێکرد». سەیدئەحمەد و مجلس هەموو دەست ئەکەن بە پێکەنین و ئینجا نانی تەواو دائەنێن.

- شێخمەحمووی‌شێخسەعید -ئەو شێخمەحمووە کە بێگومان لەم چەرخەدا گەورەتر پیاوێکی کورد و بە ناو بانگتر ناودارێکی کورد بوو- لەو ڕۆژەوە کە لە بیشکە دارا بوو تا ئەو ڕۆژە چووە بیشکەی خاکەوە -واتە ماوەی ٧٨ ساڵ ژیانی- [خۆی] بە شۆڕش و هەراو بە پێشکەوتنی کوردەوە خەریک کرد. ماوەی ژیانی ئەو، مێژوویەکی ڕووناکی سیاسی کورد بووە. گەلێ لاپەڕەی هەڵدایەوەو گەلێ ڕۆژگارانی ئاژاوەی چاوپێکەوت. هەر بۆ ئەوە کورد لە کۆلیتی بێنەواییەوە بکەوێتە کۆشکی ئازادی. لەم ڕێگەیەدا گەلێ چەوسانەوەو کارەساتی بەسەرهات. ئێران و توووران و هندووستان نەما نەچێ و نەیبەن؛ جارێک دەستی بە تفەنگەوە، جارێک دەستی بە دەسبەنەوە، جارێک بە ناوی «مەلکی»یەوە، جارێک بە ناوی دیلیەوە.

لە ئەنجامی ئەم کارەساتانەدا شێخمەحموو گەیشتە شوێنێک کە ناو ئەبرا بە مەلک و پێی ئەوترا مەلکی کوردستان. هەم خۆی ناوی وەرگرت هەم کوردستان. دیارە ئەمە لاپەڕەیەکی زێڕین بوو هەم بۆ خۆی، هەم بۆ کوردستان. بۆ خۆی، چونکە ڕەنگە تا ئەم دەورەیە کوردستان بەم ناوەوە ئەو ناوەی بە خۆیەوە نەدیبێ. لە گەڵ ئەمانەشا شێخ مەحموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نەوەک تەنها هەوای مەلکی و بەرزی مادی لە سەرا بووبێ، بەڵکو هەوای رۆحیات و مەعنەویاتی گەلێ زیاتر بوو لە هەوای پێشوی.

لێرەدا لە سەر پێ و شوێنی پادشا بەرزەکانی کۆن ئەچوو بەڕێوە. دیواخان رابواردنی لە گەڵ ئاشنایانی ئەدەب و زانستیدا بۆ باری ئەدەب و شعر و قسەی جوان و پڕمەعنا کەمتر نەبووە لە دیواخانی ئەو پادشایانە کە ئێستە بە سەدها کتێب لە سەر قسە و نوکاتیان نووسراوەتەوە. بەڵام داخی گرانم چونکە زمانی کوردی -لە بەر هەر شتێک بوو بێت- بێناز بووە، خۆی و پیاوی و قسەی جوانی هەموو بوون بە ژێر لێوەوەو وەکو خۆیان بێناز رۆیشتون. داخی گرانم ئەگەر نوسراوی کوردی بە زمانی کوردی ببوایە، ئەبێ لەو بڕوایەدا بین کە ئێستە کتێبخانەی نوسراوی کوردی کەمتر نەئەبوو لە کتێبخانەی ئەو قەومانە کە شانازی بە نوسراوو زمانی خۆیانەوە ئەکەن.

تۆ خوا با رۆژگار لا پەڕەی ژیانی شێخ مەحمووی مەلکیش بشارێتەوە وەکو لاپەڕەی ژیانی هەزاران پیاوی ناوداری کوردی شاردۆتەوە (تلك الايام نداولها بين الناس).

- جارێک ئەم شێخ مەحموی مەلکە بە دیلی برا بووە بەغدا، لەوێ بە سەربەست ئەسووڕایەوە و دیواخانی ئەگەڕا. پیاوماقوڵ و گەورەکانی بەغدا هاتوو چۆیان ئەکرد و دۆستایەتیان لە گەڵا پەیدا کردبوو؛ وەکو ئەوان ئەچوون، کوردەکانیش لە هەموو لایەکەوە وەکوو پوورەی هەنگ لێ کۆ ئەبوونەوە. شێخ مەحموو وەکوو رەوشتە چاکەکانی تری، پیاوێکی روو خۆش و بە رێز بوو؛ بۆ هەموو کەسێک زیاتر بۆ کوردەکان. کە کوردێک ئەچووە لای وە یا لە هەموو دەورێکیا کوردێکی چاوپێئەکەوت وەکوو خونچە بە دەمیەوە ئەپشکوتەوە.

جا لەو کاروانەیا رۆژێک لە دیواخانەکەی خۆیا لە گەڵ چەند کەسێک لەو پیاوە گەورانەی بەغدا دائەنیشن. یەکێک لەو پیاوانە زۆرتر وەختی لە گەڵ شێخا رائەبوارد. هەموو جار سەیری ئەکرد کە کوردێک دەرئەکەوت -بە تایبەتی ئەگەر روتەڵەش بوایە- شێخ مەحموو زۆر بە سۆز پێشوازی ئەکرد و قسەی خۆشی لە گەڵ ئەکرد.

ئەو رۆژە هەندێک بە رانکوچۆخەی شڕەوە ئەچن بۆ لای شێخ مەحمو و ئەویش -بە تایبەتی کە ئەو بیگانانە دانیشتون- زیاد لە ئەندازە پێشوازیان ئەکا و بە دەوریانا دێت. هەمان پیاو ئیتر پێ هەڵناگیرێ ئەڵێ: «یا شێخ! ئەمە چیە وا تۆ ئەوەندە بە شان و باڵ و دەور و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بەری ئەم رووتەلانەدا دیت؟ پایە و شوێنی تۆ -کە پایەی مەلیکە- گەلێ دوورە لە شوێن و پایەی ئەمانەوە. کەواتە پێ ناوێ وا بەو جۆرە بچی بە دەمیانەوە».

ئەویش تەنها بەم قسەیە وەلامی ئەداتەوە ئەلێ: «ابرام! ئەگەر ئەمانە -کە ئێستە تۆ ئەلێ روتەلن- نەبن من مەلک نیم؛ کەواتە ئیتر چۆن پێشوازییان نەکەم؟» کابرا و دانیشتوانی دیواخانەکە لەم وەلامە بە جارێ ئەکەونە گۆمی فیکرەوە.

- کابرایەکی کورد جارێک چێشتی برنج ئەخوا. چێشتەکە زۆر گەرم ئەبێ هەموو دەم و دانی ئەسوتێنێ و ئیتر جارێکیتر ناوێرێ توخنی برنج بکەوێ. رۆژێک تووشی کابرایەک ئەبێ گوێدرێژێکی بە بارەوە لە پێشیەوەیە، لێ ئەپرسی: برا باری گوێدرێژەکەت چییە؟ ئەلێ: برنجە. ئەلێ: «ئای بە قوربانت! لێ بکەوە ئەگینا هەر ئێستە پشتی کەرەکە ئەسوتێنێ».

- کابرایەک هەبوو کوڕێکی بێ گوێ و لاساری هەبوو؛ هەرچی ئەو ئەیوت کوڕە پێچەوانەی ئەکرد. بیوتایە بچۆ بۆ جووت، نەئەچوو. بیوتایە مەچۆ بۆ ئاش، ئەچوو. بیوتایە نان بخۆ، ئەوە نەیئەخوارد؛ بە کورتی هەرچی بوتایە ئەو وای نەئەکرد. بەم جۆرە کونا وەجەرگی کردبوو.

رۆژێک بارێ ئاردیان نابوو لە گوێدرێژێک و لە ئاش هاتبوونەوە گەیشتنە ناو ئاوەکەی «بوارەپان». بارەکە لار بوو بووەوە، وەختبوو بکەوێتە ئاوەکە. باوکەکە تۆزێ دوور بوو لە بارەکەوە رۆحی چوو. [لە دلی خۆیا وتی] ئەگەر ئێستە ئەلێم بەم هەتیوە بارەکە راست کەوە با نەکەوێتە ئاوەکەوە، ئەترسم بچێ بیخاتە ئاوەکەوە. لە دورەوە بانگی کرد: «ئا رۆلە! پالی بەو بارەوە بنێ با بە تەواوی لار ببێتەوەو بکەوێتە ناو ئاوەکەوە».

کوڕە وتی: «بابە بە خوا تا ئێستە گەلێ بێ قسەییم کردوویت ئیتر خوا غەزەبم لێ ئەگرێ، وەللا ئەمجارە بە گوێت ئەکەم و لە قسەت دەرناچم». پالێکی نا بە بارەکەوە تا باوکی وتی کورە نەکەی، هەتیو بارە ئاردی خستە ئاوەکەوە.

- کابرایەک کوڕێکی هەبوو؛ رۆژێک کوڕەکەی لە گەل چەن منالێکیترا ئەچن بۆ سەیران. ئێوارە کە دێتەوە باوکەکەی لێ ئەپرسێ: رۆلە چیتان کرد لەو دەشتە؟ ئەلێ: «وەللا بابە بە هەموومانەوە منمان گا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حەمەعەلیعەجەم ئەیوت کابرایەکی کورد دایکی سوار گایەک کردبوو لە گاکەی ئەخوڕی و ئەیوت: «وەحە! لە سەر بارەکەت بەم».

- وەستا «بشیرمشیر» ساڵێک لە بەغدا ئەچێ بۆ سولەیمانی، دوو لە کوڕەکانی لە گەڵ ئەبێ. فایەقبێکەس لێ ئەپرسێ ماموستا ئەم کوڕانەت ناویان چییە؟ ئەڵێ: هوشیارو شاهۆ. ئەڵێ: بڕوا ئەکەی لە بەغدا پێیان ئەڵێن: «هشام و شامل». ئەڵێ: «ئاخر لەوێ وایان پێ ئەڵێن، بەڵام لێرە ناوم ناونەتە هوشیار و شاهۆ». ئەڵێ: «کەواتە کە چویتە کەرکووک ناویان بنێ زەینەل».

- کابرایەکی کورد ژنێکی هەبوو هەموو جار بە دارێکەوە بەر ئەبووە سەر و گوێلاکی و دائەپلۆسی و کابراش هیچ دەرەتانێکی نەبوو. فیکری کردەوە بچێتە لای مەلا شکات لەم ژنەی بکا.

مەلایەک لە گوندەکەیانا بوو، چوو بوو لای. کە گەیشتە بەر قاپی ماڵی مەلا، سەیری کرد لە ژوورەوە زرم وکوتە و مەلا هاتە دەرەوەو دەستی گرتوە بە سەریەوە. کە چاک تەماشای کرد تومەز مەلا ژن بە قاپقاپێکەوە هاتووتە ویزەی مەلا و سەرو بەچکی شکاندووە. کابرا کە ئەمەی دی لووس و بارێک بە شوێنەکەی خۆیا گەڕایەوە.

لەو کاتەدا مەلا چاوی پێکەوت بانگی کرد وەرە برام بزانم ئیشت چییە؟ ئەویش وتی: «قوربان! دوعای سەری تۆ! هیچ ئێشم نەبوو». وتی: نا بێ ئیش نیت کە هاتویت. وتی: وەڵڵا ئەوی راستی بێ حاڵم شڕ بوو بە دەست ژنەکەمەوە؛ هەموو جار بە داردەستەکێ تێرو پڕم لێ ئەدا. وتم با بچمە لای مەلا شکاتی لێ بکەم. سەیرم کرد ماموستا ئەمە حاڵیەتی وتم کەواتە با بگەڕێمەوە». مەلا وتی: «بچوو پێ بڵێ بەو کاولیە حەقی نییە بە داردەستەک لێت بدا، شەرع ئەفەرمووی هەر هەقی قاپقاپیان هەیەو هیچیتر». کابرا وتی کەواتە دەک موبارەک نەبێ.

- کابرایەکی کورد ئەچێتە ئەو «ئالانە» بۆ مێوژ کڕین. ڕێ ئەکەوێتە ماڵێک، ماڵەکە پیاویان لە ماڵەوە نابێ هەر ژنەکە نەبێ. لێ ئەپرسێ مێوژتان هەیە؟ ژنەش ئەڵێ: هەیە. پیاوەکە ئەچێ دائەنیشی و ژنە نانی بۆ دائەنێ. لەو کاتەدا ژنەکە بایەکی لێ بەر ئەبێتەوە زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.mahtari.org

تەریق ئەبێتەوە. کابرا نان ئەخوا و لە پاشا ئەڵێ مێوژەکە لە کوێیە بمدەرێ. ژنەش ئەڵێ ئەوەتە لەو کەنوەدا، خۆت بچۆ هۆرەکەتی لێ پڕ کە.

کابرا ئەچێ ئەنیشێ بە بەر کەنوەوە مێوژەکەش تۆزێ شێ هەڵهێنابوو. کابرا بە ئارەزووی خۆی هۆرڕدا ئەگرێ و دار کوتی ئەکا ژنەش لە تەریقی تڕەکە هیچ دەنگ ناکا و وا ورگیشی لە داخی بێ ئینسافی کابرا ئاوساوە. کابرا ئەوەندە بە سمرسمر و بێ ویژدانانە هۆرەکە دائەگرێ، کوتوپڕ ئەویش تڕێک ئەکەنێ. ژنە لە شوێنەکەی خۆی رائەپەڕێ و ئەچێ لە پشتەوە ئەنەوێ لە یەخەی کابرا و ئەیکێشێتە دواوە: «برام هەڵسە. تڕ بە تڕ، مێوژ نافرۆشم خۆ تۆ دیقت بە من کرد».

- لە خانەقین لە کۆڕێکا دانیشتبووین قسە لەوەوە ئەکرا کە خوا هەر وەعدێکی دا، بەجێی دینێ؟ بەڵام ئایا ئەگەر وەعدی ئەویش بە جێ دینێ؟ لە مەوە قسە چووە سەر ئەوە ئەو کەسانە کە کافرن و ئیشی خزمەتی ئینسانییان کردووە، ئایا ئەبێ بچنە جەحەنەم؟ وەکو ئەو کەسە کە کارەبای داهێناوە بەم خزمەتەی تۆ بڵێی خوا لێ خۆش بێ.

مەلاعارفیمەلایەحیا لە سەرەی قسەدا وتی: «فلانی ئەگەرخوا پرس بە من بکا بۆ لێ خۆشبونیان، من فتوا ئەدەم کە لێیان خۆش بێ». منیش وتم: «کەواتە من پێ ئەڵێم پرست پێ بکا».

- مەلامەحمووی‌حاجی‌عەلی هەبوو لە سولەیمانی، رۆژێک بە بازارا ئەڕوا سەیر ئەکا وا منالێکی شاربازێری دوو بار داری داوەتە پێش خۆی و ئەیفرۆشێ. مەلایش لێی نزیک ئەبێتەوە پێ ئەڵێ: «یا وەلەدی! ئەو دوو حەملە حگبە بە و دوو حمارە ئەسودەوە کە بەو دوو حەبلە ئەسودە شد کراوە بە چەند قرۆشی خالسەی مسکو کە قەناعەتت حاسل ئەبێ؟ تا سەمنەکەیت تسلیم کەم». کورەش ئەڵێ: «مامە حاجی نازانم چی ئەڵێ؟» مەلا فەرمووی: «اسکت یا ولد! حاجی رافزیە».

- مەلاسەعید لە سولەیمانی تووشی هەڵامەت بووبوو. لێیان پرسی مەلا ئەفەندی هەڵامەتەکەت چۆنە؟ ئەویش وتی: «قطعی راسم بووە، ولکن سیلانی ئەنفم هەر جارییە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کابرایەک هەبوو فێر بووبوو ئەچووە هەرحەمامێک کە ئەهاتە دەرەوە ئەیووت شتێکیان لێ دزیوم بەم بیانووەوە پارەی حەمامەکە نەئەدا. ڕۆژێک ئەچێتە حەمامێک، تا دێتە دەرەوە کابرای حەمامچی هەچ جل‌وبەرگێکی هەبوو هەمووی لێ دزی تەنها پشتێنەکەی بۆ هێشتەوە.

کابرا هاتە دەرەوە سەیری کرد هیچی نەماوە پشتێنەکەی نەبێ. هێنای پشتێنەکەی لە سەر گۆشت لە پشت بەست و هەموو خەڵکی حەمامەکەی بانگ کردو کۆی کردنەوەو چووە بەردەمیان وتی: «خەڵکینە! ئێوەو خواتان من بەم جۆرە هاتوم بۆ حەمام؟»

- کابرایەک لە میحرابی مزگەوتێکا خەریک بوو کەرێکی ئەگا. لە و کاتەدا کابرایەکی‌تر چوو بە سەریا تفێکی لێ کرد و وتی: هیچ شوورەیی ناکەی لە ماڵی خودادا ئیشی وا ئەکەی؟ کابرای کەرگێش وتی: «ئا تۆ سەبرم لێ بکە تا لەم ئیشە خێرە ئەبمەوە، با هەر وا تۆ تفت کردبێ لە ماڵی خوا».

- فەقیەک لە شوێنێک ئەبێ، فەقیەکانی‌تر نایانەوی ئەو فەقیە لەوێ بمێنێ؛ بە هەر جۆرە جوابکردن جوابی ئەکەن ناڕوا. ڕۆژێک فەقیەکە ئەچێ بۆ دەستنوێژ، تا دێتەوە بوخچەکەی بۆ ئەپێچێننەوەو لە بەر قاپیەکە دایئەنین. کە دێتەوەو چاوی بە بوخچەکەی ئەکەوێ، لەوێ هەڵیئەگرێتەوەو ئەیهێنێتەوە ژوورەوەو ئەڵێ: «ئەمە چییە؟ ئەم جۆرە گاڵتانە لە گەڵ پیاو ئەکەن؟»

- ئەحەی‌جاو هەبوو لە سولەیمانی حەلوای ئەفرۆشت. ڕۆژێک بە تەبەقە حەلواکەیەوە ئەچێتە سەر حەوزەکەی مزگەوتی شێخ‌باباعەلی بۆ دەس و دەم‌وچاو شتن. شێخ بابەعەلیش لە بەر دەمی حوجرەکەی خۆیا دانیشتبوو، ژن و مێردێک هاتبوونە لای ئەیانویست جیا ببنەوە. بابە عەلیش لە گەڵیان خەریک بوو بۆ ئەوە ڕێ کەونەوە، ەیچ کەڵکی نەبوو. ئینجا ئەحەی‌جاو لە دوورەوە هەڵیدایە بە دەنگە نەرمەکەی و لە سەر خۆ وتی: «مامە شێخ بابە عەلی! ئەوە بۆچی سەری خۆت ئێشێنی؟ ئەمانە وا دیارە نانی هاریان گرتووە بە دەمەوە، بۆیە ڕێ ناکەونەوە». ڕوی کردە ژن و مێردەکەش وتی: چەتیوو، چەتیونە! ڕێ ئەکەونەوە ڕێ بکەونەوە، ڕێ ناکەونەوە بە کێری مامە شێخ بابە عەلیمەوە. وەڵڵا بابەعەلی و ژن و مێرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستیان کرد بە پێکەنین. ئەم پێکەنینە بوو بە هۆی ڕێکەوتنەوەی کابرا و ژنەکەی و لێیاندا ڕۆیشتن.

- هۆبەیەکی کورد بە دەم لە وەڕی بەهارەوە تازە گەیشتبوونە کۆیستانی شاقەلاو لەوێ خستبوویان. پیاوێک لە خۆیان ئەنێرن بۆ مەولاناوا بۆ مالی شێخ‌حەسەن کە سبەینێ عەشرەت دێن بۆ زیارەتی شێخ. کابرا وەختی نیوەڕۆ ئەبێ، ئەگاتە سەر حەوزو بەردە نوێژەکانی مەلاناوا. ئەبینێ ئەوە زەلامێکی زۆر بە دەورو بەری حەوزەکەدا دانیشتبوون دەست و دەم و چاویان ئەشۆن و هەریەکە شتێکی درێژ کەلەیان بە دەستەوەیە دانیان ریچ ئەکەنەوەو ئەیکەن بە دەمیانا و دانیانی پێ تیژ ئەکەنەوە. کابرا کە ئەمە ئەبینێ هەروا ئەحەپەسێ ئیتر بە بێ چرپە و بە بێ قسە ئەگەڕێتەوە بەرەو دوا بۆ ناو عەشرەت؛ جار جاریش لا ئەکاتەوە نە وەک بێن بە شوێنیا. خێڵ دەوری لێ ئەدەن و ئەڵێن عەرزی شێخت کرد وە فیدای بین. ئەڵێ: «عەشرەت! شێخی چی و شتی چی؟ شێخ بیستگیە کە ئێمە هاتگین و ئەچین بۆ زیارەت -روحم وە قوروانی وێ!- ناردگیەسی پڕ ئەو دەشتە زرتە بۆز، زرتە بۆزییش بەڵمە برنجی هاوردگە هەر یەکە هەسانە فیقنەیەکی داگەوە دەستیانەوە لە سەر حەوزەکە گشتیان دگانیان ریچ کردگەسەوە وە هەسانە فیقنەکە دگانیان تێژ ئەکردەوە بۆ ئەوە کە ئێمە چووین وە جارێ گشتمان بخۆن و قەلاچۆی عەشرەتی میرەویسی بوورنەوە. گوی نەنکیان ئەخۆن، وە سەری ئەو شێخە ئێمە وێ و پێمان ناچێتە ئەو ئاواییە».

ئەمە ئەم کابرایە بەم جۆرە گێڕایەوە بۆ عەشرەت کەچی تومەز ئەمە سۆفی و مرید بوون لە سەر حەوزەکە دەست نوێژیان شۆردوەو سیواکیان بە دەستەوە بووە سیواکیان کردووە.

- کابرایەکی کورد هەموو جارێ گوێی لێ ئەبوو کە مەلا لە وەعزەکەیا ئەیوت هەر کە ڕۆژی عەرەفەی جەژنی قوربان بە ڕۆژو بێ، وەکو ئەوە وایە کە سالێک بە ڕۆژو بێ. ڕۆژێک عەرەفە هێنای بە ڕۆژوو بوو تا نیوەڕۆ، پاشان شکانی. وتیان بۆچ شکانت؟ وتی: «برا شەش مانگم بەسە».

- کابرایەک هەبوو هەموو جارێ کە باسی مەلای پێنجوین ئەکرا کە پیاوێکی عالم و شاعیرە، تورە ئەبوو ئەیوت بۆچ هەر ئەو شاعیرە ؟ دەسا شەرت بێ من بچم بۆڕی بدەم؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێیدا چوو. مەلای پێنجوین لە کۆڕێکا دانیشتبوو، وتی مەلا من هاتووم شەڕە شیعرت لە گەڵ بکەم یا بۆڕم ئەدەی یا بۆڕت ئەدەم. مەلاش فەرمووی فەرموو بڵێ. کابرا وتی:

مەلاو رەحمان مەلاو رەحمان مەلاو رەحمان پێنجوینرا

زەڕ بەر بە سەر فولاد نەهی نەرم شەوەدرا

مەلا فەرمووی برا برۆ.

- مامە حەمە هەبوو لەو شارەزووره پیاوێکی بە دین و لە خوا ترس بوو. رۆژێک لە مزگەوتا نوێژی ئەکرد خەڵکەکەش لە گۆی ئاگردانەکە دانیشتبوون هەروا باسی ئەویان ئەکرد. مامە حەمە نوێژ قایمە. ئەویش نوێژەکەی بڕی و وتی: «لە گەڵ ئەوەدا بە رۆژووشم».

- مەلا مەحمووی حاجی عەلی لە سولەیمانی رۆژێک لە کۆڵانێکا ئەکەوێتە چاڵێکەوە ناتوانێ بێتە دەرەوە، ناچار هاوار ئەکا. وا رێ ئەکەوێ لەو وەختەدا حەماڵێک بەوێدا ئەڕوا. حەماڵەکە گوێی لە دەنگەکە ئەبێ سەر ئەکێشێتە چاڵەکەوە مەلا مەحمووی چاو پێ ئەکەوێ، ئەڵێ: «یا حەمال ابن مسلم! بۆم رایەڵە حەبلێکی غلیظی متین لە شەعری مەرەز شەدم کە بەشەدیکی ناعمی بلا ئەزیەت جەزبم کە بە جەزبێکی خفیفی اهون با لە قەعری ئەم بیری پڕ لە مەزلەمەتە بێمە دەرەوە».

حەماڵ کە گوێی لەمە ئەبێ ئەڵێ: «دەستت بە گونم بۆ خۆت و بۆ تورکی قسە کردنت؛ بیخۆ ئەوە جێگەتە»و لێ ئەدا ئەڕوا.

- هەر ئەم مەلا مەحمووە مەلایەک لە سولەیمانی نەخۆش ئەبێ ئەچێ بۆ چاوپێکەوتنی. ئەچێت و کوڕی مەلاکە دێت بە پیریەوە لێی ئەپرسی: «ابنی حالی والدت چۆنە؟» ئەڵێ هەر دوو قاچی وەرەمی کردبوو. ئەڵێ: «ابنی بلێ وەرەمت رجلاە». ئەڵێ چیتر؟ ئەڵێ: وەرەمەکە دابووی لە ئەژنوکانی ئەڵێ: «ابنی بلێ وسل الی رکبتیە. رۆڵە تۆ کوڕە مەلایت قسە بە غەڵەت مەکە». ئەڵێ لە پاشا؟ کوڕەکە ئەڵێ: «لە پاشا مردوو سەری چوو بە قەبری بابی تۆو سیبەوییەو نفگویەی دا».

- کابرایەکی کورد باسێ عشقینی خۆی و ژنەکەی ئەکرد ئەیوت: «هەتا دوێنێ بوو خەوم بە ماڵەکەیەوە ئەبینی، ئەگەر جارێک سەیری بکردمایە ئەوە خوراکی ساڵێکم بوو. ئەگەر لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوێنی تووشی یەک ببوینایە بە بالای یەکمانا هەڵئەدا. بەڵام ئەمانە ئێمڕۆ هیچیان نەماون، هەر لنگ بەرزەوە کردنەو داوای مناڵ کردن».

- شێخ‌محەمەدی‌شەشوولەیی پەڵە گەنمێکی هەبوو لەو دەشتی دزەییە. ڕۆژێک ئەچێ بۆ لای گەنمەکەی سەیر ئەکا وا لە نزیک گەنمەکەی ئەوەوە شوانێک خەریکە بلوێر لێ ئەدا. ئەمیش بانگی ئەکا ئەڵێ: «راعی، راعی! ئەو سوتە حەزینە لەو نایە رەقیقەوە بانغامی شفتینانە؟ یا بە تەحریکی ئەسابعانە؟» شوانەش ئەڵێ: «مامۆستا بە سەری تۆ پێ مەڕی من نەچوەتە ناو دەغلی تۆوە». مامۆستاش ئەڵێ «ماشاءاللّه جەل عەجایبە».

- هەر ئەم شێخ محەمەدە ژنێک ئەچێتە لای نوشتە بۆ کوڕێکی بکات. شێخیش نوشتەی بۆ ئەکاو پێ ئەڵێ: «برۆ ئەم دوعایە بەرە مشمعی کە بە جلدێکی اخفر موخیطی کە بە خیطیکی ابیف لە فوقی راسێ طفلکەی معلق بکە». ژنە ئەڵێ: «مامۆستا نوشتەکەت خوێند، چی لێ بکەم؟» دیسان مامۆستا ئەڵێ: «ماشااللّه جەل عەجایبە».

- کابرایەکی دەورو بەری رواندز ڕۆژێک ئەچێتەوەو ئەم قسەیە ئەگێڕێتەوەو ئەڵێ: «نوکەلەو واکە واکێک لە سەر واکێک بوو هەر واکە واکی بوو. واکم واک کردی، واکم کرد چە واک نەبوو. پێی واک کەم واک بوو».

شوانێکی زراری ئێوارێ مەڕ دێنێتەوە بۆ ناو ماڵ و بانگ ئەکا: «هۆ ماڵێ واکی! واکتان زایە دوو واکی هێنایە، هەر واکە واکیتیان. بچن بیهێننەوە». ئیتر ئەو ماڵە لێی تێ ئەگەن کە ئەمە لە گەڵ ئەوانیەتی ئەچن مەڕەکە ئەهێننەوە سەیر ئەکەن دوو بەرخی بووە».

- مەلایەک هەبوو چووە لای حاجی عەبدوڵلای کۆیە وتی: «قوربان! بقرەیەک چووە ناو مەزرەعەیەک و تەخریبی هەموو مەزرەعەکەی کرد. ماڵکی مەزرەعە مەدی یەدی کرد بۆ ئەخزی حەجەرێک و حەجەرەکەی رەمی کرد بۆ عونقی بقرەو بەقەرەکە مەقتول بوو. ازمن ماڵکی مەزرەعەکە بە دیەی بەقەرەکە ئەم لا؟ حاجی مەلاش ئەڵێ: «بە سەری خۆت ئەگەر هەڵئەستی بچی ئەم دروێنەیە لە شوێنیکە بکە لا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی جاف لەو بناری هۆیەتووە بوو بە میوانی ماڵێک. ماڵەکە دوو سەگی ئێجگار دڕیان هەبوو؛ کابرا لە ترسی سەگەکان پێش نووستن نەی وێرا بچێتە سەر پێشاو. شەو گوو زۆری بۆ هێناو ناشوێری بچێتە دەرەوە؛ لە وانە بوو بیشیکا بە خۆیا. هیچ چاری نەدۆزیەوە لەوە زیاتر نەبێ کە ماڵەکە منالێکیان لە بێشکەدا هەبوو، هەستا بە دزیەوە چوو دەسرازەی منالەکەی کردەوەو پڕ گۆزەڵەی منالەکەی کرد لە پیسایی.

زۆری پێ نەچوو بۆن و بەرامە ژوورەکەی پڕ کرد. باوک و دایکی منالە خەبەریان بوەوە. لەم بۆنە پیسە زۆر سەرسام مان کە منالەکەیان کردەوە گۆزەڵە ئێقی کردوەتەوەو وتیان ئەم منالە تا ئێستا وای نەکردووە، ئەمە ئیشی منال نییە. کابراش لە ژێر جێگەکەیەوە گوێی لە قسەکەیان بوو هەڵیدایە وتی: «برا تا ئێوە سەگی وا دڕتان ببێ منالتان لەوە زۆرتریش پیسایی ئەکا».

- یەکی لە سانە کانی هەورامان رۆژێک لە گەڵ مەلادا هەروا ئەچنە دەرەوە بۆ قەراخ ئاوایی و بە لای پەڵە زەوییەکی مەلادا تێئەپەڕن. سان خەبەری زەویەکە لە مەلا ئەپرسێ. مەلاش ئەڵێ: «جەنابی سان! ئەم قطعە ارزە کە واقع بووە لە بەر مدی نظرتانا لە بەر ئەوە ئەم سەنەیە مشۆمە قطرانی مطر لە ئاسمانەوە نزولی نەبووە و لە بەر ئەوەش کە بعیدە لە عین المائی قریەکەوە، بوو بە ارزێکی قاحل و بە غیر مزروعی لە سەر حالی سابقی دەوامی کرد».

سان هیچ لە قسەکانی تێنەگەیشت وتی: «ئانە چێش مەواچی؟» مەلا بەهەر جۆر بوو تێیگەیاند ئینجا وتی: (ئانە چێشن؟ واچە نەکالیان و بڕیاوە».

- کابرایەک هەبوو لە سولەیمانی «حەمەی نازێ» ناوبوو. ئەم حەمەی نازییە لەو دیوی گردەکەی «زێڕینۆک»ەوە بەرە جووتی زەوی هەبوو؛ هەموو ساڵێ ئەیکێڵاو بەوە ئەژیا. ئەم کابرایە ئەوەندە تینوو بوو بە باران ئەگەر دنیا ئاو ببیبردایە ئەو هەر ئەیووت: «ناشوکری نەبێ! ئیمساڵ باران نیە، ساڵ ساڵی پار بوو». کە ئەکەوتە ساڵێکی‌تر چەشنی پێشوو بنێشتە خۆشەی بن دانی هەر ئەوە بوو ئەیوت: «ناشوکری نەبێ ئیمساڵ باران نیە؛ ساڵ ساڵی پار بوو».

- کابرایەکی عەلاف گەنم و جۆیەکی زۆری هەبوو؛ هەڵیگرتبوو بۆ گرانی. بە ڕێکەوت ئەو ساڵە باران تۆزێ دواکەوت و کابرا لە دەماخا بوو. ڕۆژێک کوتوپڕ هەورێکی هێناو وردە باران دایکرد. کابرا دەماخی شکاو لە تاو دلگرانی خۆی چووە ژوورەوە. دڵی بڕوایی نەئەدا کە بێت و بارانەکە ببینێ. کوڕێکی هەبوو هەموو جار ئەیناردە دەرەوە پێی ئەوت ئا ڕۆڵە بچۆ بزانە ئەباری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یا ناباریێ؟ کوڕەش ئەهاتەوە ئەیوت باوە وردەوردە ئەباریێ، شتێکی وا نییە. جارێکیان ئیتر کابرا ئارامی لێ هەڵگیراو وتی: «رۆڵە ئەو وردە وردەیە چاوی باوکتی کوێر کردوە».

- مەلا عومەری‌رەش لە حەسار کوڕێکی هەبوو، حەمەی ناو بوو. حەمە ئەچێ مێز ئەکاو دێتەوە باوکی ئەڵێ «محەمەد کوڕم! چویتە سەر میرحاز؟» ئەویش ئەڵێ «ئا». ئەڵێ: «گووت کرد؟» ئەڵێ «ئا». ئەڵێ بە سەری بابت؟ ئەڵێ بە سەری بابم.

- مەلایەک هەبوو مەلا سمایلی ناوبوو. تووشی کەسێک ببوایە بیویستایە یەکتری بناسن، کوتوپڕ سەلامێکی لێ ئەکرد پێی ئەووت: من سمەم ناوەوە کوڕی ئەحەمماڵمان لە کۆنە کۆترە؛ فلانە کتێب ئەخوێنم لە فلانە مزگەوت و لە لای مامۆستای فلان دێ. تۆ ناوت چیەو چی ئەکەی؟

- کابرایەک بەردو ئەستییەکی هەبوو. لە ناو کوڕگەلا دانیشتبوو شانازی پێوە ئەکرد ئەیووت بەردو ئەستیی من یەکەو جار ئەیگرێ. کوڕگەلیش هەریەکە بە شان و باڵی بەردو ئەستییێ خۆیان ئەهاتن. لەم قسانە ئەم تووڕە بوو هەڵیکێشایە بەردو ئەستێ و وتی: «تەڵاقم کەوتبێ ئەبێ بیگرێ»؛ کەچی نەیگرت. ئەمجا دەستی راست کردەوەو وتی: «دەسا تەڵاقم کەوتبێ ئەمجارە نایگرێ»؛ کەچی گرتی. وتی: «بەر یەکدی کەون».

- شایی بوو؛ هەرا بوو؛ هەڵپەڕکێ و زەماوەن بوو. کابرایەک بە کزیەکەوە لەو لاوە دانیشتبوو دەستی خستبووە ژێر چەناگەی. کابرایەک چوو پێی وت شاییە. وتی: «بە من چی». وتی بۆ تۆیە. وتی: «بە تۆ چی».

- کۆڕێک بوون لە لای من دانیشتبوون باسی پۆستەی میسرو عراق ئەکرا. کە کاغەز لە عێراقەوە ئەچێ بۆ میسرو پووڵی پۆستەکەی ١٤ فلسە؛ کەچی لە میسرەوە دێ بۆ عێراق و پوڵەکەی ١٥ فلسە. ئەو فلسە زیادەیە ئەبێ لە بەر چی بێ؟

یەکێک لە کۆڕەکە بوو شێخ عەبدوڵلای ناو بوو، بە ساردیەکەوە وتی: «هەڵبەت لە بەر ئەوەیە کە لەویوە بۆ ئێرە سەرەو ژوورە، بۆیە ئەو فلسە زیادەیە وەرئەگرن».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حوسین قەرەداخی لە بەغدادا لە شوێنێک دائەنیشێ و لەو لاوە راست ئەبێتەوە روو ئەکاتە شێخ حوسین و ئەڵێ: «کەر، هەی کەر». ئەمیش بە بێ قسە هەڵئەستێ خێرا تەوقەیەکی لە گەڵ ئەکاو ئەڵێ: حوسین قەرەداخی. من هەر لە بەختانمە ئەم جۆرە شتانە بێتە رێم.

- حامد بەگی جاف زۆر کەم قسەی ئەکردو ئەیکا؛ کە هاتە قسە قسەیەکی وا ئەکا هەر تەواو جێگرە. لە گەڵ حامد بەگا بە لای خۆمانەوە زۆر دۆست بووین. لە ئۆتۆمۆبێل گلا بوو، نەچوو بووم بۆ سەر خۆشی. رۆژێک بە تەلەفۆن سەرخۆشی و چاک و چۆنیم لە گەڵ کرد، وتم سەرەتا نەمزانیبوو، پاشان ماڵە تازەکەشتانم نەئەزانی، بۆیە نەهاتم بۆلات. وتی: فلانی ئەم قسانەت لێ وەرناگرم ناچێتە دڵمەوە. وتم تۆ لەوە گەڕێ ئێستە خۆ شوکر چاکی؟ وتی: «شوکر سێ پەراسووم شکاوە و شانێکم دەرچووە، زۆر چاکم». راستی ئیتر من هیچم پێ نەما.

- مەلایەک هەبوو لەو دەشتی دزەییە. کوڕێکی لاساری هەبوو؛ هەر چەند پێی ئەوت بخوێنە ئەو بە گوێی نەئەکرد؛ وایان لێ هاتبوو دانیان لە یەک سپی بوو بووەوە. رۆژێک لە لا کۆلانێکا کوڕەکە بە گیر دێنێ و ئەم گفت و لفتەی لە گەڵ ئەفەرموێ:

«بە خۆم و بە عەسای یەدم و مخمرەی سەرم، لە بەر من نەبوایە عقرفوتیک اکلی ئەکردی. کەچی ئێستاکەش پشتی دایەتە جدارەکەوە ئەڵێ واللە لا اقرا».

- شێخ تۆفیق هەبوو رۆژێک ژنێک بۆ نوشتە کردن ئەچێتە لای. لە کاتی قسە کردنا ژنەکە پێی ئەڵێ: «مامۆستا تێ گەیشتی؟» شێخ هەر زۆر خراپ تووڕە ئەبێ و پێی ئەڵێ: «مردووت مرێ! من لە بستی شرح مواقف و شرح تجرید تێ گەیشتووم، ئێستە لە قسە دەڵە قۆڕێکی وەکوو تۆ تێ ناگەم؟» ژنەش لەم ناوانە و لەم قسانە سەری سوڕ ئەمێنێ و وەکو گوێزی بۆ بژمێرن وا ئەبێ.

- رۆژێک لە دیواخانێکا باسی نان بدەیی و بەخشندەیی ئەکرێ. شێخ قادری تاڵەبانی ئەڵێ کورە بەخشندەیی کەریەتیە. مامەشێخفەیزوڵلام چۆنکە ژیرە بزانە نانێک بە کەسێک ئەدا؟

- ژنێک هەبوو هەموو شەوێک دیزەیەک ئاوی ئەخستە تەنوورەکەوە بۆ مەلە کردنی ئیشی خێر. کە دیزەکەی دائەهێشتە تەنوورەکەوە ئەیوت: «ئەگەر بوو، بوو؛ ئەگەر نەبوو ئاوی هەویر».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- ساڵێک پشێویەک کەوتە سولەیمانیەوە. لەو پشێویەدا پیاوێک هەبوو حاجی‌عەلی‌کوڵەکیان پێ ئەوت و پیاوێکی دەولەمەند بوو. ویستی چەند دوکانێک دروست بکا. پیاوێکی ئاسنگەری هێنابوو بۆ ئەوەی ئاسنەکانی لە سەر دیوارەکەوە بۆ دامەزرێنێ. پێی وتبوو ئەم ئاسنانە جووت جووت بخاتە پاڵ یەک. ئاسنگەرەکە لە ئیشی خۆی بوەوە، حاجی چوو سەیری کرد، تەماشای کرد ئاسنەکان یەکە یەکە دانراون. بە ئاسنگەرەکە ئەڵێ: وەستا بۆچ وات کردووە؟ من پێم نەوتی جووتە جووتە دایاننێ؟ وەستاش ئەڵێ: «حاجی ئەم قسە کردنەی پێ ناوێ، لە پاش ساڵێکیکە ئەم دوکانانە ئەبن بە هی ئێمە؛ کەوابوو من خۆم ئارەزووم کرد کە وابێ، تۆ بۆچ ئەوەندە دڵت پێ ئەسوتێ؟» حاجیش ئەڵێ: «دڵم بە دووکانەکان ناسوتێ، دڵم بەو قەومە ئەسوتێ کە پیاوی وەکوو تۆی تیایە. ئەو پیاوە کە من پێی ئەڵێم بە پارەی من دووکان بۆ خۆت دروست کە؛ کەچی رازی نابێ چاکی دروست بکا؟»

- کابرایەک بە رێبواری رێی ئەکەوێتە ماڵە گۆرانێک. شەوی نان دائەنێن، کابرای میوان هەتا لووتی دێتەوە ئەخوا؛ هیچ نامێنێ. کابرای خانەخوێ بانگ ئەکا: ئا کچە نان بێنە. نانی‌تر دێنن. میوانە ئەویش ئەخوا. کابرا ناچار بانگ ئەکا نانی‌تر بێنن. نان نەماوە؛ ژنی خانەخوێکە ئەچێتە ماڵە دراوسێی پانزە بیست نانێکی‌تر بە قەرز دێنێ دایئەنێ. میوانە ئەویش ئەخوا لە پاشا کە هیچ نامێنێ، چار ناچاری دەست هەڵئەگرێ. لە دەمە دەمی نووستنا خانەخوێکە ئەپرسێ: «برا بە خێر ئەوە بۆ کوێ ئۆغر بێ؟» ئەویش ئەڵێ: «ئۆغرت خێر بێ! بە خوا مەعیدەم گیراوە، هیچم پێ ناخورێ. ئەچم بۆ سەر حەکیم». کابرا ئەڵێ: «کە واتە تکایکەت لێ ئەکەم، کە هاتیەوە بە لایەکی‌ترا بچۆرەوە بۆ ماڵی خۆتان».

- فەقێیەکی ئەو موکریانە بە ناوبانگی مەلای قەرەداغەوە بە سەر سولەیمانیدا دێت و ئەچێ بۆ ئەوێ بۆ خوێندن. لە پاش شەوێک خێرا ئەگەرێتەوە بۆ سولەیمانی کە بچێتەوە بۆ ولاتی خۆی. کە لێی ئەپرسن بۆچ وا خێرا گەڕایتەوە؟ ئەڵێ: «کاولم کردەوە! کورە بە بۆقلەموون ئەڵێن عەلی شیش». پێی ئەڵێن بابە تۆ دەخلت چییە بەوەوە کە بە بۆقلەمون ئەڵێن عەلی شیش؟ ئەڵێ: «کاولم کردەوە، قورعان وا بێ و سوێن وا بێ من شەو لەو ولاتە رۆژ ناکەمەوە کە بە بۆقلەمون بڵێن عەلی شیش».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کابرایەکی دەرۆزەکەر لە بەر قاپی ماڵێکا راوەستابوو داوای شتی ئەکرد. منالێک لە ماڵەکە هاتە دەرەوە پێی وت: «خوا بتداتێ». کابرا وتی: «ئەی دەم و لەوەست خواتەوە، تەماشاکە چۆن هەر لەم منالیەوە فێری فلتە فلت ئەبێ».

- پیرێژنێکی پشت کۆماوەی پۆپ سپی ئەچێتە لای حەکیمێک ئەڵێ: «پشتم ژان ئەکا». حەکیمەکە ئەڵێ: هی پیرییە. پیرێژن ئەڵێ: چاوم کز بووە؛ کەم شت ئەبینم. حەکیم ئەڵێ هی پیریە. پیرێژن وتی: گوێم کەڕ بووە. وتی هی پیرییە. پیرێژن وتی: دانەکانم کلۆر بوون و هەموو کەوتوون. وتی: هی پیری یە. پیرێژن لەمانە زۆر تووڕە بوو دەستی کرد بە لاسایی کردنەوەی حەکیمەکەو وتی: «یە، یە، یە». حەکیمەکەش وتی: «دایە ئەوەش هەر پیری یە».

- کابرایەک لەو خوارە چووە شار و زۆری برسی بوو، هیچ پارەشی پێ نەبوو. بە بەر چێشتخانەیەکا تێپەڕی بە تەواوی ئیتر نەیتوانی بڕوا. چووە ژوورەوە بۆیان دانا و تێرو پڕی خوارد. پاشان هەستا هاتە لای کابرای خاوەن چێشتخانەو وتی: «ئەرێ برا ئەگەر یەکێ پارەی پێ نەبێ و بێتە ئێرە چی لێ ئەکەن؟» کابرا وتی: «ئەوی پارەی نەبێ نایەتە ئێرە». وتی ئەوا وتمان پارەی نەبوو هاتیش». وتی: کەواو سەڵتەو سەرو پۆتەلاکی لێ ئەکەینەوەو دەریئەکەینە دەرەوە. وتی: ئەگەر کەواو سەڵتەو شتیشی لە بەرا نەبوو چی لێ ئەکەن؟ ئەویش وتی: چی لێ ئەکەین؟ ئەیگرین دوو شەقی تێ هەڵئەدەین و ئەیکەینە دەرەوە. ئینجا کابرا پشتی هەڵکرد وتی: دە براکە دوو شەقەکە لە من هەڵدەن و بمکەنە دەرەوە.

- ئەم دوو سێ قسەشە بۆتۆ، یا بۆ ئوتۆمۆبیلەکەی تۆ:
ئەگەر چویتە بەغدا بە فیزیکەوە وە یا بە گێلە گێل بە ناو بازاڕ و کۆلانا ئەگەڕایت، کوتوپڕ سەیرت کرد دوو کەس لێیان بووە بە مرو مشت سەعاتێکی زرق و برقیان بە دەستەوەیە، یەکێکیان بە کوردی وەیا بە زڕە کوردی قسە دەکا، هاتن بە لاتەوە. زڕە کوردەکە وەیا ئەویکەیان وتی: «خاڵە ئەم کابرایە هەندێ پارەی لامە ئێستە ئەیەوێ سەعاتەکەم لێ بستێنێ لە باتی نیوەی پارەکەی؛ لەگەڵ ئەوەدا سەعاتەکەی من دوو ئەوەندەی پارەکەی ئەو ئێنێ. وە یا وتی ئێمە لێک تێناگەین من کوردم و ئەو عەرەبە تۆ ببە بە دیلماجمان و ڕێکمان خە، تۆیش ئەکەویتە قسە. ئینجا دێتە سەر ئەوە ئەڵێ خاڵە سەعاتەکەی من دە دینار دێنێ (بە میساڵ) ئەو ئەوەتە ئەڵێ بە شەش دینار بیدە بە من، من ئەمە عەرەبەو سەگبابە نایدەمێ، تۆ کوردیت و لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی

خۆمانی ئەتدەمێ بە چوار دینار، هەر بۆ ئەوە دەست ئەم سەگبابە نەکەوێ. جا کورە نەکەی تەماع بتگرێ و توخنیان کەوی. ئەوە درۆ ئەکەن و ئەیانەوێ دەستت ببڕن. هەرکە شتێکی وات چاو پێ کەوت ملی ڕێی خۆت بگرەو بڕۆ. نەکەی بە دەمیانەوە بوەستی و دەست بکەی بە کوێخایی و پیاو چاکی؛ ئەگینا دەردی پیاوەتی پیاوەکەی کەلی خانت لێ دێت. دوا جاریش نەڵێیت فلانی ئەی تۆ بۆچ پێت نەوتم.

- ئەگەر چویتە بەغدا بە فیزێکەوە وەیا بە گێلە گێل خەریک بووی ئەگەڕای، لەسەر ڕێگاکە لە بەر دەمتا سەیرت کرد کیسە پارە وە یا جزدانێک کەوتوە. تۆیش دەست ئەبەی هەڵیئەگری و ئەیخەیتە باخەڵت، کتوپڕ کابرایەکت لێ پەیدا ئەبێ و خێرا بە شوێن ئەودا کابرایەکی تریش پێت ئەڵێ: ئەو جزدانە هی منە تۆ هەڵت گرت. تۆیش بۆی دەردینی. وە یا لەوانەیە هەر نەتخستبێتە باخەڵت و بە دەستتەوە بێ. کابرا لێت وەر ئەگرێ و پاشان ئەڵێ وەڵلا باوکم خوا هەڵناگرێ ئەمە هی من نیە و ئەیداتەوە بە دەستتەوە پێت ئەڵێ من چاوم لێ بوو تۆ هەڵت گرت، ئەترسم جزدانەکەی خۆتت دابێ بە دەستمەوە؟ تۆش ئەڵێی نە وەڵلا باوکم ئەمەیە کە هەڵم گرت جزدانی خۆم لە باخەڵمایە. پێت ئەڵێ کامەتە بزانم با سەیرێکی ئەویش بکەم. تۆیش بە فیزێکەوە دەست ئەبەی جزدانەکەی خۆت دەردێنێ و ئەیدەی بە دەستیەوە. سەیرێکی ئەویش ئەکاو ئەڵێ بڕۆ خوات لەگەڵ. تۆیش جزدانەکەی خۆت وەرئەگری و ئەڕۆی لە پاش تۆزێک ئەتەوی پارە خەرج کەی، کە دەست ئەبەی و جزدان دەردێنی سەیر ئەکەی پڕیەتی لە کاغەزە شڕو پارەی تیا نەماوە.

تۆمەس لەو وەختەدا کە جزدانەکەی لێ وەرگرتووی بە تەڕ دەستی هەر لە بەر چاوتەوە پارەکەی لێ دەرهێناوە و بۆی پڕ کردویەتەوە لە کاغەزە شڕە.

جا برام ئەگەر چوویتە بەغدا فیز نەتگرێ بڵێت کێ ئەتوانێ شتی وا لە من بکا؟ ئاگات لە خۆت بێ، نە جزدان هەڵبگرەو نە جزدانی خۆشت بدەرە دەستی کەس. «نە ئەو ناولنگانەو نە ئەو زەبرە قوونانە». دواجار نەڵێیت ئاخر فلانی تۆ بۆچ پێت نەوتم.

کە چویتە بەغدا هەچ پارەیەکت پێیە لە شوێنێک دایمەنێ؛ بە تایبەتی کە چویتە بازاڕ و شت بکڕی و یەک دوو دینارێک بخەرە گیرفانێکت و بۆ ئەو وردە شتانە لەوە دەربێنە. ئیتر دەست مەکە بە ئەفەندیەتی و بابەکراغایی دەست بەری لە بازاڕ لە سەر دووکانەکانا باقە دینار دەربێنی. کابرای وەستا بە خۆی و دەمە گوێزانێکی تیژەوە بە شوێنتەوەیە. وەختێ خەبەرت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەبێتەوە کسپەیەک لە دڵتەوە دێت و رەنگت زەرد ئەبێ و ئەڵێیت ئای پارەکەم نەماوە. جا نە ئەو فیز فیزانیەو نە ئەم تیز تیزانیەش. دوا جاریش نەڵێیت ئاخر فلانی بۆچ پێت نەوتم.

## دوایی

ئەوا بەرگی دووەمی رشتەی مرواری لە ژێر چاپ دەرچوو؛ کەوتە بەر دەست خوێندەوارانەوە. من ماوەیەکی چەند ساڵیە لە گەڵ ئەم کتێبە خەریکم کۆم ئەکردەوە، لە ئەنجاما تا ئیستا دوو بەرگی لێ دەرچوو. لە بلاوبونەوەی بەرگی یەکەما سەیرم کرد لە لایەن خوێندەوارانەوە نوکات و قسەی خۆشم بۆ دێت بۆ ئەوە کە لە بەرگی دووەما بلاوبێتەوە. بەلام لە بەر ئەوە کە رێکخستنی ئەم بەرگە پێش ناردنەکەی ئەوان کەوت داخەکەم رێک نەکەوت کە ئەوانەش بلاو بکرێنەوە.

جارێ پێشەکی سوپاسی ئەو کەسانە ئەکەم کە ئەو شتانەیان بۆ ناردووم، سوپاسی ئەوەیان ئەکەم کە هەستیان بە خزمەتێک کردووە، بەو خزمەتە کە زمان و ئەدەبی کوردی پێویستە ببوورژێندرێتەوەو بخرێتە سەر کاغەز بۆ ئەوە لەمە زیاتر دەربەدەر نەبێ و نەچێتە گۆشەی لە بیر چوونەوە.

بەڵێ رێک نەکەوت لە بەرگی دووەما بلاو بکرێتەوە، بەلام ئەم کتێبە وەنەبێ هەر دوو بەرگ بێ. من فیکرم وایە بە یارمەتی خوا لە سەری برۆم و ئەدەبی شاراوەمان بە ئەندازەی توانا بەرە بەرە بیخەمە روو، کەوا بوو ئەوانەی کە شتیان بۆ ناردووم لە بەرگی سێهەما بلاو ئەکرێنەوە و بەم زوانە بەرگی سێهەمیش دەرئەچێ.

هەر وەها تکا ئەکەم لەو کەسانە کە تینووی ئەدەبی کوردین، چی ئەزانن وە یا چییان بیستوە لە نوکات و قسەی خۆشی کوردی، لە ناردنەکەی دریخی نەکەن و بۆمی بنێرن. لەوان ناردن و لە من بلاو کردنەوە. ئومێد ئەکەم لەم رووەوە بە هۆی هەموو لایەکەوە ئەدەبی کوردی بگاتە ئاسمانی بەرزی و لە چاڵی بێنەوایی بێتە دەرەوە.

لە کردنی ئەم جۆرە ئیشانەو نوسین و چاپ کردنی ئەمانە دوو خزمەتی گەورە بە کورد ئەکرێ: یەکەم ئەم جۆرە شتانە لەزەتی دەماخەو دەماخ و گیان پێ پۆشە. بەو هۆیەوە ئەخوێنرێتەوە زیاد لە شتانی تر. لەمەوە کوردی خوێندن بلاو ئەبێتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە نازانن بخوێننەوە خۆشی کتێبەکە ناچاریان ئەکا بە خوێندنەوەو ئەمە بوو بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


قوتابخانەیەکی گەورە؛ دووەم خزمەتێکە بۆ ئەدەبی کوردی بە زمانی کوردی و کە لای ڕۆژگار ئەیهێڵێتەوە.

ئەم دوو شتە ئێمە ناچار ئەکا بە هەر شێوەیەک بێت، پێویستە خەریک بین و نەیەڵین ئەم خزمەتەمان لە دەست بچێت و هەر کەس هەر شتێکی لایە بە گوێرەی توانای کۆشش بکا بۆ زیندو بونەوەی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگی سێیەم

٢٦٥٧ ک/١٩٥٨م

١٣٧٧هـ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرەتا

*کورد کە بە کوردی خوێندی ئیتر خۆی بۆ خۆی ئەبێ.*
*خوێندنی ڕەمەکی کورد ئەوەیە کە بزانێ کوردە.*

وەختێ خۆی کە دەستم دایە نووسین و دانانی رشتەی مرواریییەوە بەو تەمایە بووم کە هەر ماوەیەکی درێژ ئەوسا بتوانم بەرگێکی لێ [لە] چاپ بدەم؛ بۆیەش ئەڵێم بەو تەمایە بووم چونکە وا رانەئەپەرموم کە زوو بڵاو ببێتەوەو بکەوێتە دەست خوێندەواران و ئەوان بکەنە کارێ کە لە سەر ئەو بیر و باوەڕە پاشگەز ببمەوە.

کەچی بە پێچەوانەی ئەوە ساڵی ١٩٥٧ کە بەرگی یەکەمی دەرچوو، زۆری نەخایان کە هانەهانەی خوێندەوارانی کورد کردیانە کارێ کە بەرگی دووەمیش بێت بە شوێنیا. ئێستێکی وایان کرد کە سوپاسگوزاریان بکەم. ئەم سوپاسگوزاریەش بۆ ئەوە کە قەومی خۆشەویستی کورد بە دڵ و بە گیان هەستیان بەوە کردووە کە خوێندنەوەی کوردی و خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی مایەی بەختیارییە بۆ ژیان.

لە راستیشدا وایە؛ چونکە کە ئێمە وتمان خوێندەواری چرای ژیانە، ئەبێ ئەوەش بچێتە دڵمانەوە کە ژیانیش بە خوێندەوارییەوە ژیانە. ژیان هەر خواردن و نووستن نیە؛ ژیان ئەوەیە کە هەر کەس لە عاستی خۆی ئەبێ هەست بەوە بکا کە بۆ بەرزی قەومی خۆی ئەبێ بژی. بۆ ئەوە بژی کە قەومەکەی بەرز ببێتەوە. قەومیش بەرز نابێتەوە تا خوێندەوار نەبێ، خوێندەواریش نابێ تا بە زمانی خۆی نەخوێنێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەو بۆنەوە سوپاسێکی تایبەتیش ئەکەم بۆ خوا کە قەومی خۆشەویستی کورد بینی پێوە ناوە بۆ فێر بوون بە زمانەکەی خۆی. دیسان سوپاسیشم بۆ ئەو قەومەیە کەوا بە دڵ و بە گیان خەریکی خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردین.

سالی ١٩٥٧ دوو بەرگ لەم کتێبە دەرچوو؛ ئەوا ئێستەش بەرگی سێهەمی کەوتە بەر دەستی خوێندەوارانەوە. پشت ئەستوورم بە هانەی ئەوان کە بەرگی چوارەم و پێنجەم و هتدیش هەر ئەخوێننەوە.

عەلائەدین سەجادی- بەغدا
٢١/١٠/٢٦٥٧ی کوردی
١١/١/١٩٥٨ی فەرە نگی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# تاقی کراوەکانی کوردی

- سەرچاوەی هەموو عیلم و زانیارییەک تەجرەبەو تاقی کردنەوە بووە. ئادەمیزاد نەگیشتۆتە ئەم پلەو پایە بەرزە کە ئێستە هەیەتی مەگەر بە هۆی تاقی کردنەوە نەبووبێ.

ئەم تاقی کردنەوەش ئادەمیزادەکانی سەرەتایی کوتوپڕ شتێکیان بۆ ڕێکەوتووەو بەرە بەرە لەوەوە لە سەری ڕۆیشتوون تا گەیشتونەتە ئەنجام. وەکو ئەوە لە سەرەتاوە بە هۆی فڕێدانی با وە یا هاویشتنی ئینسانێکی سادەوە بە ڕێک کەوتووە لە بەردێکی‌ترو پزیسکەی ئاگری لێ بوەتەوە. لەم ڕێکەووتە کوتوپڕیەوە گەیشتونەتە شوێنێک کە توانیویانە خۆیان ئاگر بکەنەوەو پێویستی خۆیان پێ لابەرن.

هەر وەها کوتوپڕ بە ڕێکەوت یەکێک وە یا گیان لە بەرێک نەخۆش بووەو ئەو یەکە وەیا ئەو گیان لەبەرە گیایەکی خواردووە وە یا بریندار بووەو کوتوپڕ ئەو گیایە کەوتوە لە برینەکەی و پێ چاک بوەتەوە. وەیا دیویانە گیان لەبەرێک لە کاتی نەخۆشی و برینداریدا چووە گیایەکی خواردوە ئەمان چاویان لێ بوەو تاقیان کردوتەوەو لە ئەنجاما دەرکەو توە کە ئەو گیایە بۆ ئەو دەردە باشە.

وە یا یەکێک خەیاڵێک کەوتۆتە دڵیەوە. ویستویە ئەم خەیاڵە بهێنێتە دی. هێناویە بەرە بەرە خەریکی بوەو ئەوی لە دڵیا بوە بە دەست کردوویەتی. لەپاش چەند جارێک بۆی پێک هاتوە، ئەمجا لە شتی‌ترا کەوتوتە تاقی کردنەوەی و بە هۆی ئەم تاقی کردنەوەیە گەیشتۆتە سەر چاوەی ئیشەکە.

بە کورتی تاقی کردنەوە ئادەمیزادی لە تاریکی نەزانی خستە رۆژێکەوە کە سەر زەوی و بن زەوی و ئاسمانی رۆشن کردەوەو گەیشتە شوێنێک کە کەم شت ما لە دەستی دەرچێت.

قەومەکانی‌تر لە بەرە بەیانی مێژووەوە کە لێکیان لە تاقی کردنەوە وەر گرت و بەرە بەرە هەر شتێک ببوایە -با ئەفسانەش بوایە- ئەیانخستە سەر کاغەز و پاشان بە عەمەل و کردەوە ئەیانخستە سەر مێزی قسە لێوەکردن و لێکۆڵینەوە تا وایان لێ هات هیچ شتێک لە بن دەستیان دەر نەچوو. ئەم قەومی ئێمەیە -کە قەومی خۆشەویستی کوردە- بێگومان لە لاپەڕەی مێژوویا لەو رۆژگارانەدا کە لاپەڕە لاپەڕە هەڵیگێڕاوەتەوە بە هەزاران تاقی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردنەوەی بووە و بە قسەگێڕاویەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەخراوەتە سەر کاغەز، هەمووی هەروا ڕۆیشتوەو وەکو بەردی گرانی بن ئاوی مەنگ گوم بووە.

ئەگەر ئەو قسانەی کوردی وە یا ئەو تاقی کراوانەی کوردی ئەمیش وەکو هی قەومەکانی‌تر لە زارەوە بخرایەتە سەر کاغەز و بخرایەتە ناو بۆتەی عەمەل و کردەوە، بێگومان ئێستە ئەمیش گەلێ کتێبخانەی ئەبو کە پێی بلێین کتێبخانەی عیلمی و پیشەو پزیشکی. ئەیبوو چونکە مادام کورد لە ژێر هەوای سافا و لە ژێر دەوارا ژیاوەو ئاوی روونی سەرچاوەکانی خواردوتەوەو بە شەو سەیری گەڕانی مانگ و جریوەی ئەستێرەکانی کردوەو غایەلەیەکی‌تر نەهاتوە بە دلیا کە پەردەکەی داپۆشێ، توانیویەتی شت بدۆزێتەوەو دەمی بۆ بەرێ. ئەمەی توانیوە بەڵام هەر ئەوەندە بوە کە ئەو قسەیەی پێی بگەیەنێ تا ئەنجامێکی دیاری و ڕووناکی لێ وەرئەگرێ.

ئەم باوەڕی بێ سەر و بەریە بە جۆرێک لە ناویا بڵاو بوتەوە، زۆرتر گاڵتەی بەو قسانە کردووە؛ تەنانەت ئێستەش ئەگەر قسەیەکی تاقی کراوی کوردی ببەیت دوور نیە هەر گاڵتەی پێ بکاو بلێت ئەم ڕۆژە تازە[کەی] ڕۆژی ئەم قسانەیە؟ ئەو مەردومی‌تر دەست بۆ ئەو دیوی [دونیا] درێژ ئەکەن، ئەم تازە ئەم قسانەم بۆ ئەگێڕێتەوە.

لام وایە ئەگەر یەکێک ئەم قسەیە بلێت هەقی نیە؛ چونکە ئەم تاقی کراوانە لە پاشماوەی ئەقلی باو و باپیری ئێمەن. ئەگەر دەستی خزمەتیان بوایە ئێستە ئێمەش لەم ڕووەوە وەکوو قەومەکانی‌تر ئەبوین. ئەمەو دیسان لە بەچکەی «ژیشک» دڕکاویتر نیە، کەچی دایکەکەی ئەڵێ: لە بەچکەی من نەرم و نۆڵتر نیە.

جا لە بەر ئەمە من هاتم لەم تاقیکراوانەی کوردی چیم بەردەست کەوت نوسیمن و بۆ پاشە ڕۆژ هێشتمنەوە. ئومێد ئەکەم ئەمە ئەبێ بە بناغەی شتێکی گەورە بۆ ئێمە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کورد ئەڵێ:**

- ئەڵێن ئەگەر یەکێک تووشی «کەهەنگ»بوو[١٣]، خۆی بخاتە ئاوی ساردەوە چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێک دووپشک پێوەی دا دوپشکەکە -کە کوژرا- بخرێتە سەر ئاگر و بسوتێنرێ پاشان بخرێتە سەر شوێنەکە ژانەکەی ئەشکێ.

- ئەڵێن مشک زۆر گل و خۆلی مارەنگاز ئەدا وە ئەمەش زیانی بۆ مارانگازەکە هەیە، ئەگەر بێتوو ئەو مشکە بە سەریا باز بدا ئەو مارانگازە ئەمرێ.

جا لە بەر ئەمە کورد دێنێ ئەگەر یەکێک مار پێوەی دا زەنگێک یا تەنەکەیەک یا شتێکی تر کە تەقەی بێت دایئەنێن و یەکێکی تر بە لایەوە دائەنیشێ و زەنگەکە لێ ئەدا وە یا تەنەکەکە ئەکوتێ و ئەیکا بە تەقە تەق. ئیتر مشکەکە لە بەر تەق و هۆڕەکە دوور ئەکەوێتەوەو نایە بە لای مارەنگازەکەدا.

- ئەڵێن ئەگەر منالێک سەری کەچەڵ بوو، جیوەی سوور لەگەڵ کەرەدا بگیرێتەوەو چەند جارێک لێ بدرێ چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ «گرمەژنی» دەرکرد، بە توێکڵی شووتی بیهەنوون چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ ئاژاوە لەماڵیا هەبوو، کەوشی تەنگ لە پێ کا ئەوی لە فیکر ئەچێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ چاوی کەم حوکم بوو، «بۆق»ی سەوز بێنێت «میل» بێنێ بە سەر پشتیاو بیکێشێتە چاوی چاک ئەبێتەوەو بینایەکەی زیاد ئەکا، بەڵام ژانی ئێجگار زۆرە.

- ئەڵێن «شنگ» خواردن بۆ دەم و دان خراپەو بۆ ناو سک باشە. «ڕێواس» بۆ دەم و دان باشەو بۆ ناو سک خراپە.

- ئەڵێن ئەگەر دوپشک دای بە ئافرەتی سک پڕەوە لە پاشا ئەو منالەی کە لە سکیا بووە، لەو وەختەدا ئەگەر دووپشک پێوەی بدا ئیتر نایەشێ.

- ئەڵێن یەکێک هار بوو، خۆلی گۆڕستان بکرێ بە سەریا، ئەمرێ.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێک لاواز بوو، ماوەیەک «چالەکە» بخوا قەڵەو ئەبێتەوە.

- ئەڵێن گیای «رکێشە» بنرێ لە برینی تیراوی چاک ئەبێتەوە.

١٣- کەهەنگ نەخۆشیەکە کوتوپڕ لە پشتەوە لە ژێر پشتێنەدا پەیدا ئەبێ و ئەو شوێنە ژان ئەکا. وا لە پیاو ئەکا پشتی کووڕ ئەکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەڵێن «پێلاو»ی سوور لە پێ کردن خەم ئەڕەوێنێ.
- ئەڵێن ئەگەر یەکێ دەستی هەر برین و زیچکاوی لێ ئەهات، خوێنی پشتی کیسەڵی لێ بدا چاک ئەبێتەوە.
- ئەڵێن پیاز بە کاڵی و بە کوڵاوی بە پیشاوی خواردنی بۆ کۆکەو هەڵامەت زۆر باشە.
- ئەڵێن چل بەیانی لە خورینی خواردنی حەو دەنک مێووژ وە یا پێنج دەنک بادام بۆ هێزو قوەت زیاد کردن زۆر باشە.
- ئەڵێن لە ڕۆژەکانی پێنجەی تارا هەر کەسێ بنوێ، هەموو ساڵەکە هەر خەوی دێت.
- ئەڵێن چاوێک بەفر بیبا، دووکەڵی «قانگ»ی بۆ باشە.
- ئەڵێن ئەگەر یەکێک سەرما بیبا، «حەمامی ژنان»ی بۆ بکرێ بەوە دێتەوە سەر خۆی. حەمامی ژنان ئەوەیە کابرا ڕووت و قووت ئەکەنەوەو ڕای ئەکێشن. سێ ژنیش وەکوو ئەو خۆیان ڕووت ئەکەنەوە. یەکێکیان لەم لای و یەکێکیان لەو لای ڕائەکشێن؛ ئەوی سێهەمینیش خۆی ئەدا بە سەریا. گۆشت لە سەر گۆشت ڕائەکشێن، ئەمجا نوێن ئەدرێ بە سەر ئەمانەدا. ئەمانە کابرا ئەگووشنە یەک، بە هەڵمی ئەمانە کابرا تینی تێ ئەکەوێتەوە کە تینی تێکەوت و هۆشی هاتەوە بە خۆیا، ژنەکان هەڵئەستن و کابرا بە نوێن دائەپۆشن تا بە تەواوی گوڕی پیا دێتەوە.
- ئەڵێن خواردنی ڕۆنە گەرچەک بۆ ڕەوانی باشە.
- ئەڵێن نۆک خواردن بۆ سک چوون باشە.
- ئەڵێن ئەگەر یەکێ مار پێوەی بدا، شیری کاڵ بخواتەوە باشە.
- ئەڵێن هەنگوین و کاڵەک خواردنیان پێکەوە زیانێکی زۆری هەیە.
- ئەڵێن یەکێ کە ژانی کرد «بلامانی» بتسێ باشە.
- ئەڵێن یەکێ ئاڵوی بکەوێ، پاروی گەورە بنێ وەیا پەنجە گەورەکەی بچەمێنێتەوە بەینی جومگەی یەکەم و دووهەمی بیا بە دەما ئاڵوەکەی چاک ئەبێتەوە.
- ئەڵێن ئەگەر یەکێ سەگەڵ گەمارۆیان داو کەوتە ناویانەوە، لە شوێنەکەی خۆی دانیشێ ئیتر لاقەی ناکەن.
- ئەڵێن دەستێ، قاچێ، شوێنێ کە شکا، کەرتە هیزەی تێوە پێچن چاک ئەبێتەوە.
- ئەڵێن ئەوانەی کە خەریکن هار ببن چاویان بە شتی سوور بکەوێ خراپتر ئەبن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rebari.org

- ئەڵێن کەسێ گەوزەنی پێ بێ، کار و دووپشک نزیکی ناکەون. گەوەزن شاخی کەڵە کێوییە ئەکرێ بە دەسکی قەڵەمبڕو شتە.
- ئەڵێن رۆنی مەیمەن خواردن پیاو ئەخاتە جەمبازە.
- ئەڵێن منال بە منالی بنەون لە بالی و ڕایکێشن چاوی خێل ئەبێ.
- ئەڵێن هەر ژنێک چێشتی سوێری کرد، ئەوە ئارەزووی لە ئیشەخۆشەکەیە.
- ئەڵێن زەردوویدار تەماشای جولانەوەی ماسی بکا لە ناو ئاوا زەردوویەکەی ئەڕوا.

* * *

بە زۆرێکی زۆر گیرۆدەی دەست منال بوون. لەوانەیە سەریان لە خۆیان و لە منالەکانیش تێک داوە. هی واش هەیە نقە ئەکاو جقە ئەکا و شەخس و نوکتەو دوکتۆر ئەڕوا بۆ کەرتە منالێک؛ کەچی هەر بەو لاوە ئەچێ و هیچی نابێ. دیارە ئەمانەی کەوا منالیان نابێ، نەخۆشی و ناتەواویەک لە لەشی خۆیانا وەیا لە لەشی پیاوەکانیانا هەیە؛ یا پیاوەکە تووی نیە، یا ژنەکە منداڵدانی زەدەیەکی تیا هەیە. جارێ لەمەیان بگەڕێین.

باری منال زۆر بوونەکە تەنگو چەڵەمەیەکی زۆر گەورەیە بۆ زۆر کەس لە زۆر شوێنا. دوور نیە دوکتۆرەکانی عالەمیش بە دەست ئەم مەسەلەوە دامان و هەر یەکە قسەیەکیان کردووەو هەر یەکە جۆرە چارێکیان وتووە؛ لەگەڵ ئەوەیشا نەگەیشتوونەتە ئامانج. ئەمەو دیسان هەر شتێک لە سەر پێ و شوێنی تەبیعەت لاچوو لە لایەکیترەوە زیانی هەیە. زیانەکەش ئەوەیە وا بلێن کە مەکینەی لەشی ئەم ئافرەتە تەواوەو ئامادەیە بۆ منال بوون، ئەگەر هاتوو بەر بەستی ئەوە بە دەرمان و بە شتومەکی دەستکاری، دەستکاری کرا ئەوە مەکینە ئەسلیەکە لە سەر ئیش کردنی خۆی بە زۆر لادرا. شتێکیش کە بە زۆر لابدرێ لە سەر ڕێ و شوێنی خۆی گومانی تیا نیە کە زیانی هەیە.

ئەم لایەنەش (لایەنی منال زۆر بوون) بۆیە ئەوەندە بووە بە تەنگوچەڵەمەی عالەم، چونکە شەرت لەم رۆژەدا هەر منال فرێدان نییە، شەرت بەخێو کردن و تەربیەت دانە. شت کە زۆر بوو، نە ئەو بە خێو کردنە ئەبێ وە نە ئەو تەربیەتە ئەبێ کە ئیمڕۆژ پێویستە. باوک و دایک نازانن لا بە لای کامیانەو بکەنەوەو تەربیەتی کامیان دادەن. ئەمە بێجگە لەوە کە ئەم باوک و دایکە لە ژیانا هیچ حەسانەوەیەکیان دەست ناکەوێ، دوور نیە تاوانێکیشە کە بەرانبەر بەم منال زۆریە ئەکرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



جا من -بە خێری خۆم- دەرمانێکم لایە کە هیچ زیانێکی تەبیعیشی نەبێ بۆ ئەو مەکینە ئەسلیەی لەشی ژن و پیاوە. ئەیلێم، ئەوی بە جێ هێنا بە جێ هێنا، ئەوەش کە نەیهێنا بە دەردی خۆیەوە با بتلێتەوە. ئەم دەرمانەش زۆر کەس داوایان لێ کردووم بە پارە، بەلام من قازانجی تێکڕایی ناگۆڕمەوە بە پارە. لەم ڕووەوە ناچارین ئەبێ زۆر بە بێ پەردەو ئاشکرا قسە بکەین:

ژن لە مانگێکا جارێک حەیز (عوزری شەرعی) پیا دێت. دیارە لەو ماوەیەدا پیاو توخنی ناکەوێ. ماوەی حەیزەکەی سێ ڕۆژە، پێنج ڕۆژە، حەو ڕۆژە. هەر چەندە هەیە لە بەر نەچوونی پیاوەکە بۆ لای وە لە بەر خلتەو لیتەی ئەو خوێن و هەراو بەزمە، منالدانەکەی بە هیچ جۆر ئامادەی منال وەرگرتن نیە؛ واتە ئەگەر بە کوتەکیش ئاو شەهوەتەکەی تێ بکرێ وەریناگرێ.

ئەو ڕۆژە کە لە حەیزەکە بووەوە هەمو ئافرەتێ خۆی حەسابی خۆی ئەزانێ. لە پاش ئەو ڕۆژە تا ماوەی پێنج ڕۆژ منالدانەکەی خالی ئەبێ لەو هێلکانەی کە منالی لێ دروست ئەبێ. لەو پێنج ڕۆژەدا پیاوەکە ئەتوانێ بچێتە لای و هیچ موتوربەو پەیوەندیەک دروست نابێ. چونکە شتومەک و ئەسپانی موتوربە پێک نەهاتووە.

ئەمجا لە پاش ئەو پێنج ڕۆژە تا ماوەی یەک حەفتە کوورە بە جۆشەو منالدان پڕی ئەبێ لە هێلکەی بێخەوشی منال. لەو ماوەیەدا -ماوەی حەوت ڕۆژەکە- ئەگەر پیاوەکە چووە لای و ئاوەکەی ئەم چووە منالدانەکەوە، ئەوە موتوربە ئەبێ و بناغەی منال پەیدا ئەبێ. تەنانەت لە پاش ئەو حەفتەیە گەلێ جار ئافرەت هەست ئەکا کە ئاوێکی لینجی زیچکاوی پیا دێتە خوارەوە، ئەوە ئەو ئاوەخلتەی هێلکە پیسەکانن و بە بێفەڕی دەریان ئەداتەوە.

بەلام بۆ پێکهێنانی ئەم ئیشە زانینی حساب و حساب تێکنەچوون زۆر پێویستە؛ هەر لە گەل حسابەکە تێکچو ئیشەکەش تێک ئەچێ، ئیتر تۆ بە خێر و من بە سەلامەت.

- ئەلێن یەکێک ئەکەوێتە نزگەرە کردن و هەر لە کۆلی نابێتەوە، کوتوپڕ لە ناکاو خەبەرێکی ناخۆشی بدەنێ نزگەرەکەی لە کۆل ئەکەوێ.
- ئەلێن منال بە کورپەیی نینۆکی بکرێ دز ئەبێ.
- ئەلێن منال کە تازە پەیدا ئەبێ و دایکەکەی زیستانە، تا چل شەو چرای بە ژور سەرەوە دائەگیرسێنن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لە ناو ئەو کوردەواریەدا باوە منالی تا دوو سالان، ئەگەر هاتوو زۆر گریا وەیا هەموو جار کوتوپڕ ڕائەچەنی لە خەو، ئەڵێن ئەمە گۆیا ترساوە. بۆ ئەم ئیشە دێنن قورقوشم ئەتاوێننەوە جامێکی خالی لە سەر منالەکە ڕائەگرن و قورقوشمە تاویاوەکە بەو نیازە کە ترسەکەی لاچێ، تێ قلْپ ئەدەنەوە. ئیتر ترسی منالەکە لائەچێ و گویا قورقوشمەکەش کە «مەیی» ئەبێ، بەوێنەی ئەوشتە کە منالەکەی لێ ترساوە.

-ئەڵێن منال کە تووشی نەخۆشی مانگ[١٤] بوو، جامێ ئاوی لە سەر ڕائەگرن و حەو پشکۆی تیا ئەکوژێننەوە نەخۆشیەکەی ئەڕوا.

- ئەڵێن بە گسک لە منال دان تەمەنی ئەو منالە کورت ئەکاتەوە.

- ئەڵێن یەکێک ئەگەر «موو» لە پەنجەی هات، «گا»یەک بێنن کونە لووتێکی گاکە بگرن و کابرا پەنجەکەی بکا بە کونە لووتەکەی تریا و گاکە هەڵپژمی. نێرەکە لە بن دێت و چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن یەکێک ئەگەر «دلۆ»[١٥] لە پەنجەی هات، ئەنگوستیلەی پۆلا بکاتە ئەو پەنجەیە چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن یەکێک روتوبەت و ژان و با کەوتە شوێنێکی لەشیەوە، خوری نەشۆراوی لێنێ و بەشتێک بیپێچێ چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن «بنێشتەتاڵ»و «زاخ» تێکەلاو بکرێن و بیسوون بە پارچە پەرۆیەکاو بیخەنە سەر ئەو شوێنە کە باداری لێیە چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەو شوێنە کە ژان و بای لێیە، گەلای «بناوە تۆ»ی لێ بنێن چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن شوێنێک لە لەشی عینسانا کە ژان و بای تێدا بوو، بنێشتەتاڵ، رۆن گەرچەک و مێو، مۆمی هەنگوین، ئەمانە پێکەوە جوان بکولێنرێن تا ئەبن بە مەلحەم و ئەو وەختە لێ بدا چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن یەکی کە چاوی هاتە ژان، زاخ لە سەر نەپالە کێویلە ئەسوتێنێ و لە پاشا لە گەڵ شەکەرا ئەیسوێتەوەو تێی ئەکا چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێک «هەزار پێ» چووە گوێچکەیەوە، دێنن «هەزبیە»و «مەرزە»و «ئالەت و زەردەچوو» پێکەوە ئەکوتن و ئەیسوونەوە ئەمجا لە گەڵ گۆشتا ئەیکوتن و پانی

---

١٤- مانگ، ناوی نەخۆشیەکە تووشی منال ئەبێ و لە هەر شوێنە شتێکی پێ ئەڵێن.

١٥- دلۆ ئەوەیە پێستی بەینی نینوک و پەنجە رووش هەڵ ئەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەکەنەوەو ئەیخەنە سەر گوێیەکە. هەزار پێ کە تێی چووە، بە بۆنی ئەوانەوە ئیتر دێتە دەرەوە.

- ئەڵێن زەردێنە هێلکە دێنن ئەیسوون بە هەر دوو بەرەلەپاو دەست بە یەکا دێنن تا وردە وردە زەردێنە هێلکەکە توند ئەبێتەوەو وەکو پرپۆلە هەڵئەوەری. ئەمجا دێنن ئاردی گەنمە بەهارەو ئاوی «هەمیشەجوان» -کە گیایەکە-و ئاوی رکێشەو کەرەی مانگا و رۆن گەرچک و ئەمانەی تێکەڵاو ئەکەن و پێکەوە ئەیانشێلن تا ئەبن بە مەلحەم. ئەو وەختە ئەیخەنە سەر ئەو برینانەکە زۆر کاریگەرن چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەو شوێنەی کە گوللەی بەرکەوتبێ وەیا خەنجەر لێ درابێ وەیا کابرا لە شوێنێک کەوتبێتە خوارەوەو زام و برینێکی زلی تێ بووبێ و خوێنەکەی نەوەستێتەوەو چاک نەبێتەوە، بێنن لە پێشا هەنگوین بخەنە سەر برینەکە خوێنەکەی ئەوەستێتەوە، پاش ئەوە «هەوژە» و «بەرژەڤ» -کە ئەمانە دوو گیان- لەگەڵ مێو و مۆمی هەنگ و بنێشتەتاڵ تێکەڵاو بکرێ و ببێ بە مەلحەم و بخرێتە سەری چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن هەر برینێک کە زۆر سەخت و گران بێ، بە ئەندازەی قاپێک رۆن گەرچەک بێنن بە ئەندازەی هێلکەیەک کبریتی زەرد بخەنە ناویەوە. لە ناو مەنجەڵ یا دیزەیەکی تۆزێ فراوانا بیانکوڵێنن. ئەوەندە بکوڵێنرێ تا کبریتەکە رەش دائەگەڕێ، پاش ئەوە دایبگرن تا سارد ئەبێتەوە. ئەمجا برینەکە کون بوو بە فتیلە ئەو مەعجونەی تێ هەڵکێشن ئەگەر هەر برینێ روالەتی بوو مەعجونەکەی لێ ئەدەن و ئەیپێچن چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ریشەی زریشک بێنیت پاکی کەی، پاشان بیکوتی بۆ ئەمە شی ببێتەوەو ئەمجا بیکوڵێنی جوان جوان تا هیچ هێزی تیا نامێنێ؛ ئەو وەختە تلفەکەی فڕێدەیت و دیسان ئاوەکەی بخەیتەوە سەر تا ئەوەندە ئەکوڵی هیچ ئاو نامێنێ مەگەر تەنها مەعجوونی رۆحی گیاکە نەبێ. ئەمجا بێنی تۆزێ لەو مەعجوونە بخەیتە سەر هەر برینێک کە خوێنی نەوەستێتەوە خوێنەکەی ئەوەستێنێتەوەو بە یەک دوو دەست برینەکەش چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن گیایەک هەیە پێی ئەڵێن «ئالەتەکێویلە». بیهێنی و بیکوتی بیخەیتە سەر ئەو شوێنە کە ژان و بای تیایە لە لەشی پیاوا، شوێنەکە ئەکا بە برین و هەچ ژان و بایەک هەیە لەو شوێنەدا لە برینەکەوە ئەیکێشی و پاشان برینەکەش چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەو گیایە کە پێی ئەڵێن ئالەتە کێویلە بیهێنی و بیخەیتە سەر بالووک ئەیسووتێنی و هەچ بالووکێکی تر لە لەشا هەبێ هەمووی لا ئەبا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rahe.org

- ئەڵێن جانەوەرێک هەیە سوور و پچکۆلەیە پێی ئەڵێن «گوێرەکە سوورە». ئەو گوێرەکە سوورەیە بیهێنی و بیگوشیتە سەر بالووک، زیچکاوێک لە قنگیەوە دەرئەچێ بە هۆی گوشینەکەوە. ئەو زیچکاوە بچێتە سەر بالووکەکە ئەو بالووکەو هەچ بالووکێ لە لەشیایە هەمووی چاک ئەبێتەوە.

* * *

- ژنێک بوو لە ئیسیاوا شەوێک دەم ئەنێتە کانیەک ئاو بخواتەوە، بە دەم ئاو خواردنەوەکە مارێک ئەچێتە ناو سکی. هەر چەند ئەم لاو ئەو لایان پێ کرد هیچ کەڵکی نەبوو.

پیاوێک هەبوو لەو دێیەدا «نوورە»ی ناو بوو؛ دەستی حەکیمی هەبوو. ئەویان هێنایە سەری. نوورە کە چاوی پیکەوت وتی من ئەم مارەی لە سک دەردێنم بە بێ ئەوەی ئافرەتەکە هیچی بەسەر بێت.

وتی بە ئەندازەی دوو بەرە لەپ گۆشتی لاڕانی مەڕێکم بۆ بێنن. گۆشتەکەیان بۆ هێنا. زۆر جوان لە گەڵ خوێ ئاوێکی زۆر زۆر سووری کردەوەو دای بە ئافرەتەکە وتی بیخۆ. کانیەک قەڵبەزەی ئەکرد لە قەراخ ئاواییەکە. وتی ئافرەتەکە بەرەنە بەر ئەو قەڵبەزەیە نزیک بە ئاوەکەو بە ئافرەتەکەی وت کە دەمی بکاتەوە. زۆری پێنەچوو مار لە تینوانا ئارامی لێ بڕاو سەری لە دەمی ئافرەتەکەوە هێنایە دەرەوە روبەروی ئاوەکەوە، ناشگا بە ئاوەکە. زۆرتر هەرەسی پێ هەڵگیرا و تینویەتی زۆری لێ سەند، وردە وردە ئەهاتە دەرەوەو ئەکشا بۆ ئاوەکە. هەر ئەهات و نزیک ئەبووەوە لە ئاوەکەو دەمیشی نە ئەگەیشتێ تا دوایی بە تەواوی هاتە دەرەوەو چوە سەر ئاوەکە. نوورەش وتی هیچ لاقەی مەکەن. ئافرەتەکەیان دوور خستەوە، مارە چووە سەر ئاوەکەو تێر ئاوی خواردەوە، ویستی بگەڕێتەوە قورس بووبوو نەیئەتوانی بڕوا. ئیتر بە ئاسانی کوشتیان.

ئەمجا هێنای داوای مەنجەڵێ «شیر»ی کرد. شیرەکەیان بۆ هێناو بە ئافرەتەکەی وت بیخواتەوە. ئافرەت هەر شیری ئەخواردەوەو بە ژەهرەوە هەڵی ئەهێنایەوە. ئەوەندەی شیر دایە تا ئیتر هەڵی نەئەهێنایەوە.

پاش ئەوە داوای هەنگوینی کرد. هەنگوینیشیان بۆ هێنا و بە ئافرەتەکەی وت دەست بکا بە هەنگوین خواردن تا سێ ڕۆژ ئافرەت خۆی گرتە هەنگوین و ئیتر بە تەواوی چاک بوەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەڵێن سەگ کە لوورانی، تا کەوشی بۆ هەڵنەگێڕنەوە لە لوورە ناکەوێ.

- لە ناو کوردا باوە، ئەوا یەکێک پێلاوەکانی دائەکەنێ، کە دایئەکەنێ دواجار سەیر ئەکا پاژنەکانیان رویان کردۆتە یەک. هەڵئەستێ ئەچێ لە بەریانا دائەنیشێ بە هەر دوو دەست پێلاوەکان هەڵئەگرێ ئەیانتەکێنێتە کۆشیەوەو پێلاوەکان دائەنێتەوە. پاشان دەست ئەباتە کۆشی و چنگی پڕ ئەکاو ئەیکاتە گیرفانیەوە. دیارە هیچیش لە کۆشیا نیە، بەڵام هەر وا ئەکات، گویا ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ماڵ و پارەیەکی بۆ ئەگات.

- یەکێ کە بەرلەپی راستی خورا ماچی ئەکاتەوەو ئەیخشێنێ بە سەر سەریا، بەو جۆرە خوروەکەی لائەبا. ئەمە مانای ئەوەیە کە پارەی دێتە دەست، خۆ ئەگەر بەرلەپی چەپی خورا ئەوە مانای ئەوەیە کە پارەی لە دەست ئەبێتەوە؛ هەر ئەیخورێنێ و هیچیتر.

- لەو وەختەدا کە پیاو پێلاوەکانی دائەکەنێ، ئەگەر سواری یەک بوون، ئەوە مانای ئەوەیە سەفەری ئەکەوێتە بەر؛ جا لوتی کەوشەکە لە کوێ بوو سەفەرەکەی بۆ ئەوێیە.

- ئەڵێن پیاو بە شەو گوێ بخاتە سەر ئەرزەکەو هەستی خۆی بۆ ڕاگرێ تا حەو فەرسەخ چە دەنگ و سەنگێک هەبێ گوێی لێ ئەبێ.

- ئەڵێن ئەگەر ماڵێک یەکێکی چوو بوو بۆ سەفەر و کاروان، «قەلەرەش» هاتو بەیانیان لە دەور و بەری ماڵەکە دەستی کرد بە قڕەقڕ، ئەوە هاتنەوەی کەسەکە لە سەفەرەکەی لە ئیمڕۆ و سبەی دایە.

- ئەڵێن ئەگەر بە زستانان با ڕۆژیش زۆر خۆش و هەتاو بێت، چۆلەکە پەلاماری ژووری داو دەستی کرد بە هەڵپە کردن بۆ دان خواردن، ئەوە بەفرێکی زۆر قورس ئەبارێ و ڕەشایی لە زەوی ئەبڕێ.

- ئەڵێن لە ڕۆژی هەتاوو خۆشی زستانا ئەگەر چۆلەکە دەستی کرد بە مەلە کردن و باڵە فڕکێ، ئەوە باران ئەبارێ.

- ئەڵێن ئەگەرجومعە بوارۆ شەنبە وەش کەرۆ شەنبە بوارۆ پەنج و شەش کەرۆ.

- ئەڵێن هەر ئێوارەیەک ڕۆژ لە هەورا ئاوا ببێت نیشانەی باران بارینە.

- ئەڵێن ئەگەر هەور چوو بۆ ڕۆژ هەڵات، بڕۆ بۆ کاروان و باران نابارێ. ئەگەر چوو بۆ لای جنوب ئەوە باران ئەبارێ، لە ماڵەوە دەرمەچۆ.

- ئەڵێن «شاخی مار» بکرێ بە مەشکەدا بەرە مەشکەی زیاد ئەبێ.

- ئەڵێن مار کە توپێنرا تا نەکەوێتە شەوێ و چاوی بە ئەستێرەی خۆی نەکەوێ بە تەواوی ناتۆپێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەڵێن موروی شین بۆ چاوەزار باشە.

- ئەڵێن دووکەڵی تەپالە بۆ رەوە مێشولە باشە.

- ئەڵێن «گرێ» دار گوێز لە بەهارانا هەر کارەساتێک لە نزیکەوە روو بدا وە یا هەر شتێک بەوێدا تێپەرێ لە ناو ئەوا وێنە ئەگرێ.

- ئەڵێن ژن و خانو و ولاخی بەرزە ومیان بۆ هەیە.

- ئەڵێن پیاوی پشت مل پان بێ ئەقڵە.

- ئەڵێن پیاوی موو سووری کورتە بالای هەنگاو زل، زۆر چاکەش لە گەڵ یەکێکا بکا ئاخرەکەی زیانی هەر لێ ئەبینرێ.

- ئەڵێن جل، کە لە بەرا درواپەوەو پینەکرا هەژاری دێنێ.

- ئەڵێن بە شەو گسک دان خراپە.

- ئەڵێن بە شەو مەنجەڵی رەش، دان بۆ خواستن خراپە.

- ئەڵێن ئافرەتی لەش پیس شیر بخاتە سەر ئاگر شیرەکەی ئەبزرکێ.

- ئەڵێن کراسی سوور کچ زوو گەورە ئەکا.

- ئەڵێن هەر هاوینێک زۆر گەرم بوو، ئەو زستانەی کە بە شوێنیا دێت زۆر سارد ئەبێ.

- ئەڵێن یەکێ کە ژێر پێی خورا ئەوە بۆ سەفەر و کاروان ئەچێ.

- ئەڵێن پێستی سمۆرە بۆ کیسەی پارە، سەر بە رزقە.

- ئەڵێن یەکێ سەری چاوی چەپ و چاوی راستی بفرێ تووشی خێر ئەبێ.

- ئەڵێن یەکێک کە لە دەشتەوە بە رێگەدا ئەرۆیشت، کەروێشک رێگەکەی بری، خراپە. ئەگەر رێوی بری چاکە.

- ئەڵێن کڵاو بە وەرگەراوی لە سەر بنێیت، گرانی ئەبێت.

- ئەڵێن یەکێک کە چوو بۆ سەفەر و کاروانێک ئەگەر پێیان خۆش بوو بگەرێتەوە، ئاوی روون رۆ ئەکەن بە شوێنیا؛ خۆ ئەگەر لێی بێزار بوون و ئەیانویست ئیتر نەیەتەوە دیزەی رەش بە شوێنیا ئەشکێنن.

- یەکێک کە ویستی بچێ بۆ شوێنێک وە یا ویستی ئیشێک بکا ئەگەر لەو وەختەدا یەکێک وە یا خۆی جارێک پژمی، ئەڵێ ئەوە سەبری هێنا و ئیتر دەست نادا بە ئیشەکەوە. خۆ ئەگەر دوو جار پژمی ئەڵێ ئەوە جەختی هێنا و زۆر چاکە؛ ئەچێ بە شوێنیەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- ئەڵێن بە شەو گسک دان هەژاری دێنێ. جا لە بەر ئەمە ئەگەر هاتوو شەو پێویست بووبوو گسک بدرێ، دێنن پووشێکی لێ ئەشکێننەوە، وە یا گسکەکە ئەگرن بە گڕی چراکەدا تۆزێکی لێ ئەسووتێ و ئەو وەختە گسکەکەی پێ ئەدەن.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ بە شەو تەماشای ئاوێنە بکا ئەچێ بۆ غەریبی.

- ئەڵێن بە شەو نینوک کردن خراپە.

- مریشک هەر کە خوێندی خێرا دێنن سەری ئەبڕن، ئەڵێن ئەوە وەیشوومەیەکی پێوەیە. کە سەر بڕا ئیتر وەیشوومەکە ئەڕواو روو ناکاتە ئەو ماڵە. هەروەها کەڵەشێریش کە پاش شێوان و پاش خەوتنان خوێندی ئەویش هەر ئەو سەمەرەی هەیەو سەری ئەبڕن.

* * *

- لە رەوشی کوردەکانە ئەوا بووک دێنن، کە گەیشتە جێ، زاوا ئەچێ لە دوورەوە سێوێکی تێ ئەگرێ. هەروەها لەو وەختەدا کە بووکە پێ ئەنێتە ناو دەروازەی حەوشەی زاوا، زاوا قامیشێک ئەگرێ بە دەستەوەو ئەیدا لە سەر سەری بووک، گۆیا بەم ئیشانە سامی ئەنیشێتە سەری.

دیسان لەو وەختەدا کە بووک لە ژوورەوە دانیشتووەو پێخەسوەکەی بە لایەوەو زاوا ئەچێتە ژوورەوە(ئەچێتەپەردە)، کە ئەم سەری کرد بە ژوورەکەدا بووکەکە ئەبێ هەستێ. پێخەسوو دەستی ئەگرێ و ئەیداتە دەست زاوا و ئەڵێ «ئەوە ژنەکەت». زاوا دەستی ژن ئەگرێ و لەو وەختەدا چ بووک و چ زاوا کۆششی ئەوە ئەکەن کە پێ بنێنن بە سەر پێی یەکا گۆیا هەر کامیان پێش کەوتن ئەوە ئیتر سامی ئەمیان ئەنیشێتە سەر ئەویان. خۆ ئەگەر بووکەکە ئەمەی بۆ رێ نەکەوت، زاوا یەکەم جار کە داوای ئاوی لێ ئەکا بووکەکە هەڵئەستێ ئاوی بۆ بێنێ، لەو وەختەدا بەبێ ئەوە زاواکە ئاگای لێ بێ، قومێ لە ئاوەکە ئەکاتە دەمیەوەو ئەیکاتە ناو جامەکەو ئەمجا ئەیدا بە مێردەکەی بیخواتەوە. ئەگەر ئەم ئیشەی کرد گۆیا سامی ئەنیشێتە سەر مێردەکەی و ئیتر بە ئارەزووی خۆی ئەیرانێ.

- ئەڵێن ئەوە کابرا ژنی هەیەو ئەچێ ژنێکی‌تر دێنێت، لەو وەختەدا کە بووک ئەگوێزرێتەوەو دێتە ژوورەوە ژنە کۆنەکە مەنجەڵێکی رەش دێنێ سەرەونخونی ئەکاتەوە ئەچێتە سەری. چوونە سەر مەنجەڵەکەو هاتنە ژوورەوەی بووکی تازە ئەبێ یەک بگرێ؛ گۆیا ئەم ئیشە بۆ ئەوە ئەکا کە بووکی تازە لە بەرچاو مێردەکەی بکەوێ. خۆ ئەگەر بیەوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئیشەکەی چاکتر سەر بگرێ، هەندێ کلیشی بۆ حەوا ئەدا، جا بیگرێ یا نەیگرێ ئەوە شتێکی ترە، ئەمە دیسان هەر بۆ ئەوەیە کە مێرد لووت بە تازە بووکا نەینێ.

- ئەڵێن ئەگەر مانگ خەرمانە ئاخلەی دا ئەوە نیشانەی بارانە.
- ئەڵێن ئەگەر با لە لای قیبلەوە هات ئەوە نیشانەی بارانەو پێی ئەڵێن «بای ڕێژنە».
- لە ناو کورددا باوە ژنان ئەچن بۆ سەر شەخس. هەر ژنە بە نیازێک ڕیزەڵە بەردیک هەڵئەگرێ و نیازەکەی خۆی لە دلا ئەڵێت و بەردەکە ئەنووسێنێ بە کێلی گۆڕی شەخسەکەوە. ئەگەر کێلەکە ڕیزەڵە بەردەکەی گرتە خۆی، ئەوە نیازەکەی جێبەجێ ئەبێ، ئەگەر نەیگرت هیچ.

- لە ناو کوردەواریدا باوە ئەگەر یەکێ قەیچی (مەقەست)ی دا بە دەست یەکێکەوە راستەو راست نایداتێ، یا ئەمە بۆی دائەنێتە سەر زەوییەکە، وەیا ئەمەتە ئەیخاتە سەر پشتی دەستی خۆی و دەستی بۆ ڕائەگرێ و ئەویش هەڵیئەگرێ.
- ئەڵێن ژن لەو وەختەدا کە «گونک»ی هەویر لە سوێنەکە هەڵئەگرێ، ئەگەر پرزۆڵە لە گونکەکە بووەوەو پەرت بوە دەری سوێنەکە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە میوان دێت.
- ئەڵێن منالی ساوا کە دەستی کرد بە گسک دان ئەوە نیشانەی هاتنی میوانە.
- ئەڵێن مریشک کە بە لادا ئەکەوێ ئەڵێن ئەوە باری خستوە، نیشانەی هاتنی میوانێکی وایە کە بە بارە دیاریەوە دێت.
- ئەڵێن پشیلە کە دەموچاوی ئەشوا ئەگەر دەستی هێنا بە سەر گوێچکەیا ئەوە نیشانەی هاتنی میوانە.
- ئەڵێن مریشک کە خۆی دۆزی نیشانەی ئەوەیە ئەبێ بە کەوە رۆژ و پاشان باران.
- ئەڵێن وورچ کە ئاگری چاو پێکەوت ئەکەوێتە جامبازەو بۆی دەرئەچێ؛ بە هیچ جۆر ناوێرێ نزیکی بکەوێ.
- ئەڵێن کە پیاو بە شەو چرای پێ بوو، سەگ ئیتر توخنی ناکەوێ.
- ئەڵێن هەر کەس نقوورچ بگرێ لە «دۆمە ژن» چەقۆ بە دەستی چاک تیژ ئەبێ.
- ئەڵێن پیاوێ کە لووتی زل بوو دەعباکەشی زلە. ئافرەتێ کە دەمی زل بوو بلامانی وانێکەکەی –ماشاالله– فراوانە.
- ئەڵێن یەکێ تیکە (پاروو) لە یەکێ بفرێنێ وە یا بیخوا ئەبێ بە شەریان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەڵێن مریشک کە پۆپەی سوور کرد ئەوە ئیتر دەمەدەمی هێلکە کردنیەتی.
- ئەڵێن کە گەلا «کون» کرا باران ئەباری.
- ئەڵێن لە دوای «کێلە بەردینە» کردن، باران ئەباری.
- کە رەشە ولاخ «باپێچی» کرد کالە کۆنی لە مل ئەکەن.
- لەو ولاتی کوردەواریە کە مانگ گیرا تەپڵ لێ ئەدەن و تفەنگ ئەتەقێنن.
- ئەڵێن کە بێوەژن گوێزرایەوە، هەلامەت پەیدا ئەبێ.
- لەو ولاتی کوردەواریە کە نانی شایی بووک ئەخۆن، دەست ناشۆن.
- ئەڵێن ئینسانی پارەدار کلاوی چڵکنە.
- ئەڵێن یەکێ دومەڵی لێ بێ، ئەوە پارەدارەو دەری ناخا؛ دومەڵەکە دەری ئەخا.
- لەو ولاتی کوردەواریە کە مانگی سەفەر ئەڕوا، دیزەی رەشی بە دوادا ئەشکێنن.
- لە ناو کوردەکانا ولاغی خۆشەویست morووی شینی لە مل ئەکەن لە بەر چاوەزار.
- لە رەوشتی کوردەکانا کە بووکیان گواستەوە کەلەشێری بە سەرا هەڵئەدەن.
- ئەڵێن کە بووک ئەگوێزنەوە سواری ماینی ئەکەن.
- ئەڵێن پیاوی بێ ژن لە گوێ ئاگردانا کە دووکەڵی بۆ چوو، ئەوە ژنی جوانی بۆ ئەبێ.
- ئەڵێن ئافرەت کە گرێی چارۆکەکەی کرایەوە ئەوە میوانی دێت.
- ئەڵێن ئەگەر یەکێ بەنەوخوێنی پسا ئەوە ئیشێکی ناخۆش دێتە پێشی.
- لە ناو کوردەواریدا ناڵەشاو کردن ئەکەن بە سەر کۆشک و خانووی تازەوە بۆ چاوەزار.

* * *

کورد وەکو ناوی رۆژەکانی هەیە، ناوی مانگ وساڵی مێژوویشی هەیە. لە گەڵ چوار وەختەدا، ئەوەندە هەیە ناوی مانگەکان لە هەر شوێنێک لەو ولاتی کوردەواری جۆرە ناوێکیان هەیە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ پارچەیەکی نیە لە سەر شتێک یەکی کەوتبێ، تەنها ماوەتەوە سەر ئەوە کە دەستی خزمەت و دەستی نووسینیان بۆ درێژ بکرێ، بۆ ئەمە لەوە زیاتر ون نەبن.

من بە پێی توانا کۆششم کرد بۆ کۆکردنەوەیان. ئەوانەی کە لە هەر جێگایەکا تەنها ئەو مانگانە ئەناسن، من هێنام بۆ ئەوە هەموو ولاتی کوردەواری شارەزای هەموو ئەو ناوانەبن،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خشتمنە سەر لاپەڕەی ئەو قاقەزە بە پێی هەر چوار وەختەوە لە ناو ئەمانەدا دوانزە ناوم هەڵبژارد و کردمن بە بناغە بۆ هەر دوانزە مانگەکە. بە تەواوی بۆ هەموو کەس دەر کەون لە بەرانبەر ئەوانەوە ناوی مانگەکە بە ڕۆژئاواییم دانا لە گەڵ مانگی فارسیداو بەرانبەری کردن بە ڕۆژەکانیان. بەلام مانگە عەرەبییەکان لە بەر ئەوەکە ئەگۆڕێن نووسینی و بەرانبەری پێ کردنیان لە گەڵ مانگی کوردەواریدا ڕێ ناکەوێ؛ ئیتر بەو بۆنەوە ئەوان نەنووسران.

## ڕۆژ و مانگی کوردی:

ناوی ڕۆژەکانی هەفتە:

شەنبە، یەک شەنبە، دوو شەنبە، سێ شەنبە، چوار شەنبە، پێنج شەنبە، هەینی (جومعە).

### ئەو مانگانەی کە هەر لایەک ناویکیان هەیە[16] و بەرانبەرەکانیان لە مانگەکانی فەرەنگی ورۆژئاوایی:

| کەژ | کوردی[17] | ڕۆژ | فەرەنگی و ڕۆژئاوایی |
|---|---|---|---|
| بەهار | **ئاخەلیوە**، نەورۆز، خاکەلیوە، دار پشکیو، هەرمێ‌پشکیو، هەرمێ پشکوان. | ٣١ | لە٢١ی مارت تا٢٠ ی نیسان (ماری ـ اپریل) فەروەردین، فارسی بورجی حەمەل. |
| | **گوڵان**، شەستەباران، ، هیلانەمە، بانەمەڕ. | ٣٠ | لە٢١ی نیسان تا ٢٠ ی مایس (اپریل ـ مایو) ئۆردیبەهەشت، فارسی بورجی سەور. |
| | **جۆ زەردان**، بەختەباران، باران وشان، باران بڕان، کەوبەدار. | ٣١ | لە٢١ی مایس تا ٢٠ی حەزیران (مایو ـ جوەن) خورداد، فارسی بورجی جەواز. |
| هاوین | **پووشپەڕ**، پووش‌کاڵ، جۆخینان، زەخیران، خەزیران، کردارەمانگ. | ٣٠ | لە٢١ی حەزیران تا ٢٠ ی تەمووز (جوەن ـ جولای) تیر، فارسی بورجی سەرەتان. |
| | **خەرمانان**، تیرمە، میوەگەنان. | ٣١ | لە٢١ی تەمووز تا ٢٠ ی ئاب (جولای ـ ئاغستۆز) مورداد، فارسی بورجی ئەسەد. |
| | **گەلاوێژ**، تەباخ. | ٣١ | لە٢١ی ئاب تا ٢٠ ی ئەیلول (ئاغستۆز ـ سبتمبر) |

---

١٦- خوینەری هێژاباش دەزانێ ناوی مانگەکوردییەکان لە سای زمانی یەکگرتووەوە و هەروەها بارستی بەرچاوی پەرتووک و کتێبی چاپکراوەوە بۆ هەموان ئاشکرا و خویانە. بۆیە ئەو هەلانەی کە لە چاپەکەی ماموستا سەجادیدا بوو، لە گەڵ سەرچاوەکانی‌تر (هەنبانە بۆرینە، کوردستان و ...) بەرامبەر کران و دروستەکەیان نووسرا تا لێلییەک بۆخوێنەرانی هێژا پێک نەهێنێت.و.

١٧- چونکە ئێمە هەر دوو خشتەکەمان کردە یەک، ئەو ناوانەی کە کراون بە بناغە بۆناوی مانگەکان بە*bold*(ڕەش) نووسراون.و.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | شەهریوەر، فارسی بورجی سونبولە. |
| پاییز | **گەلاریزان**، داروەر، ئیلۆن. | ۳۰ | لە ۲۱ی ئەیلول تا ۲۰ی تشرینی یەکەم (سبتمبر- ئوکتۆبر). میهر، فارسی بورجی میزان. |
| | **خەزەلوەر**، باران پەلە، چریەیەکەم. | ۳۱ | لە ۲۱ی تشرینی یەکەم تا ۲۰ی تشرینی دووەم (اوکتوبر ـ نۆڤامبر). ئابان، فارسی بورجی عەقرەب. |
| | **سەرماوەز**، ،گردوز ، بەروبەز، چریەدووهەم. | ۳۰ | لە ۲۱ی تشرینی دووەم تا ۲۰ی کانونی یەکەم (نۆڤامبر ـ دیسامبر). ئازەر، فارسی بورجی قەوس. |
| زستان | **بەفرانبار**. | ۳۱ | لە ۲۱ی کانونی یەکەم تا ۲۰ی کانونی دووەم (دیسامبر ـ جنوری). دەی، فارسی بورجی جەدەی. |
| | **رێبەنان** (یا رێبەندان)، چلەشور. | ۳۱ | لە ۲۱ی کانونی دووەم تا ۲۰ی شوبات (جنوری ـ فقریە). بەهمەن، فارسی بورجی دەلو. |
| | **رەشەمە**، نەورۆزمانگ، میش پەر. | ۲۸ | لە ۲۱ی شوبات تا ۲۰ی مارت (فقریە- مارس). ئەسفەند، فارسی بورجی حووت. |

**ئێستەمێژووی کوردی سالی ۲٦٥۷ ه؛ هەی فەرەنگی (رۆژاوایی) ۱۹٥۸ ه؛ هی فارسی ۱۳۳٦ ه و هی هیجری ۱۳۷۷ ه.**

لەیەکەم رۆژی مانگی هەرمێ پشکوانی ئەمسالەدا -کەبەر ۲۱ ی مارت ئەکەوێ- مێژووی کوردی ئەبێ بە ۲٦٥۸؛ هی فارسیش لەو رۆژەدا ئەبێ بە ۱۳۳۷.

## حساب‌راگرتنی زستان:

- کوردەکان لە بەر ئەوە ولاتەکەیان کوێستان و سەرما و سۆلەیە، لە بارەی هاتنی زستان و حساب راگرتنی زستانا چەند جۆرە حسابێکیان هەیە. یەکێکیان ئەمەیە کە پێی ئەلێن «کەلی خان»و «کلەزەردە» و ئەو رۆژەی پێ نرایە ۲٦ی مانگی رێبەنان (۱٦ای کانوونی دووەم) پێ ئەنێنە چلە. چلەی زستان لە رۆژی پێنجی نەورۆز مانگ (۲٥ شوبات) دوایی دێت. لەو ولاتانەی کوردەواری کە تۆزێ گەرمیانترن هەر ئەم حسابە ئەکرێ.

حسابێکی تریش هەیە کە ئەمەحسابی کوێستانە سەختەکانە:

لە سەر ئەم حسابە، دوو چلە هەیە: چلەگەورە، چلە بچووک. چلەگەورە ٤۰ رۆژە؛ چلە بچووک ۲۰ رۆژە. ئەمەشیان هەر چەندە بیست رۆژە، بەلام هەر پێی ئەلێن چلە. بە هەر دوو کیانەوە دوو مانگ لە زستان تەواو ئەکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حسابەکەی تریش بەم جۆرەیە: یەکەم رۆژی مانگی رێبەنان (٢١ی کانوونی یەکەم) پێ ئەنێتە چلەو ئەمەیان پێی ئەڵێن «چلەگەورە». لە ٩) مانگی چلە(٣٠ی کانوونی دووەم) دوایی دێت.

ئەمجا لە رۆژی ١٠ی مانگی چلە (٣١ی کانوونی دووەم) پێ ئەنێتە چلەکەی‌تر. لە رۆژی ٢٨ی مانگی چلە (١٨ی شووبات) دوایی دێت و ئەمەیان پێی ئەڵێن «چلەبچووک». لە شەوی پێنجی ئەم چلە بچووکەدا رکوڕی سەبا» ئەچێ بۆ کێو. لە شەوی شەشی ئەم چلەیەدا پشکۆ ئەکەوێ؛ کە پشکۆ کەوت، تینی هەوا ئەشکێ.

کوڕی سەبا کوردێکی راوچی بووە؛ ئیشی هەر دەرو دەشت و راو کردن بووە. لەو شەوەدا سەر لە ئێوارێ ئەچێ بۆ کێو، کە ئەو دەرئەچێ دنیا ئەیگۆڕێ ئەبێ بە کرێوەو بۆران و دووکەڵ ئەکا؛ ئەبێ بە شەوێک ئیتر لە زستانا لەو شەوە ساردتر و تووشتر نابێ.

کوڕ کە پیرەژنی دایکی کوێر ئەبێ، خەڵکی ئاوایی یەکە ئەچن پێی ئەڵێن کوڕەکەت ئیمشەو رەق ئەبێتەوە. ئەویش هەڵئەستی بە کوێرەکوێر لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە. سەیرێکی هەواکەو بۆنێکی کرێوەکە ئەکاو تۆزێ مات ئەبێ. پێی ئەڵێن بۆچی وا مات بووی؟ ئەڵێ: «راستە ئەم شەوە تووشتر شەوێکە لە زستان، بەڵام ئەگەر کوڕ کوڕی من بێ، تا بەیانی دانانیشێ و هەر هاتوچوو ئەکا».

خەڵکەکە بە قسەکەی پێ ئەکەنن، ئەڵێن پیرەژنە خەڵەفاوە. ئەوە تف هەڵدەی بە ئاسمانا ئەیبەستێ تازە ئەڵێ ئەگەر کوڕ کوڕی من بێ دانانیشێ و هاتوچو ئەکا. بۆچ کرێوە دەرفەتی ئەوە ئەدا کە کوڕە لەو شاخەدا پێ لە بەرپێ هەڵێنێ؟

ئەو شەوە بە هەر جۆر بێ رۆژ ئەبێتەوەو بەیانی خەڵکی ئاوایی هەموو شاڵ و پێتاو ئەبەستن بۆ ئەوە بچن تەرمی کوڕە بێننەوە، کوتوپڕ سەیر ئەکەن وا کوڕە لەو لاوە لە لاقە برغەی شاخەکەوە کەڵەکێویەکی کردووە بە سەر دارەکەیەوەو ناویە بە نەرەی شانیەوەو بەرەو ئاوایی بوەوە. خەڵکەکە چوون بە بەرەو پێشەوازیەوەو پاشان لێیان پرسی کە چۆن سەرما رەقی نەکردۆتەوە؟ وتی: «سەر لە ئێوارە کە لە ماڵ دەرچووم و دوور کەوتمەوە، دنیا گۆڕا و بوو بە کرێوەو تۆف؛ نە دار بە دەرەوە ما، نە ئەشکەوت ما، نە کێو و شاخ ما لە بەر بەفر و باران. وتی پەکم کەوت؛ ویستم پەنا ئەشکەوتێک بدۆزمەوەو بچم ستاری تیا بگرم. لە گەڵ ئەوەش کە نەبوون، کوتوپڕ وەکو دەنگێک بێتە گوێم و لە دەنگی دایکم بکات، وتی دامەنیشەو هەرهاتوچو بکە. منیش ئیتر دەستم کرد بە هاتوچو کردن لە ناو بەفرو کرێوەکەدا

www.rabari.org

تا بەیانی. بەیانی ئەم کەڵە کێوەیە سەرما پەکی خستبوو گرتم و سەرم بڕی و ئەوا هاتمەوە».

جا ئیستەش لەو کوێستانانە لە لادێ و شارەکانا، لە ژووری مزگەوتەکانا ئاگر کراوەتەوەو نێلەنێلی دێ. پیاوە ریش سپی و دنیا دیدەکان لە بەر ئاگرەکە دانیشتوون و ئەیکەن بە گاڵە، یەکێک ئەڵێ ئیمشەو کوڕی سەبا ئەچێ بۆ کێو، یەکێک ئەڵێ ئیمشەو نیەو سبەی شەوە، بەم جۆرە قسە لە ڕۆیشتنی کوڕی سەباوە ئەکەن بۆ کێو.

## گەلاوێژ

- «گەلاوێژ» لە باوی کوردەکانا، ئەستێرەیەکی زۆر گەشی پڕشنگدارە لە بەینی ڕۆژهەڵات و شیمالا هەڵدێت. کە ئەم ئەستێرەیە هەڵات، گەرما ڕوو ئەکاتە کزی و بەرەبەرە فێنکی پەیدا ئەبێ و پاشان ئەچێ بە لای سەرماوە.

ئەم ئەستێرەیەش لە شەوی ١٦ی مانگی «مێوەگەنان» -کە بەر شەوی ٦ی ئاب و ١٦ی مورداد ئەکەوێ- لە بورج ئەکەنرێ کەس نایبینێ، بەڵام یەکەم گیانلەبەرێک کە لە پێشا هەستی پێ بکا -بە هەستکردنێکی مەعنەوی- وڵاغی بەرزەیە، ئەسپ و ماین. خاوەنی مەڕو ماڵات -ئەوانەی کە پسپۆرن لە لایەن ئاژەڵداریەوە- کە چاویان بەو وڵاغی بەرزەیە کەوت ئەزانن کە گەلاوێژ لە بورج کەنراوە.

پاش وڵاغی بەرزە، یەکەم گیاندارێک کە گەلاوێژ ببینێ مەڕەکێویە. ئەمە لە بەری بەیانا ئەکاتە سەر کلاوەو لووتکەی شاخەکانا و بۆ گەلاوێژ ئەگەڕێ تا بەرچاوی ئەکەوێ. مەڕەکێویش کە گەلاوێژی بەرچاو کەوت، ئەکەونە تەگەو بەران.

پاش ئەمانە بەرەبەرە گیانلەبەرەکانی‌تر ئەیبینن. ئاخر گیانلەبەر کە گەلاوێژی لە بەر چاو کەوێ بەرازە. بەراز خۆی لە بینینی گەلاوێژ ئەدزێتەوە، نایەوێ چاوی پێ بکەوێ؛ تا وای لێ دێت تەنانەت لە ئاخرا خۆی ئەکوتێتە شوێنە چاڵەکان و ناو گەرووی قووڵی کێوەکان؛ هەر بۆ ئەوە نەیبینێ. ئەمجا ئەگەر هاتوو گەلاوێژ ئەوەندە بەرز بووەوە کە ئەو لەو شوێنە چاڵەشا هەر بەرچاوی کەوت، ئەو وەختە ئەوانیش ئیتر ئەکەونە با و سواری یەک ئەبن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# شەکراوی دەماخ

خاوەنی داستانی کوردی وای گێڕاوەتەوە و ئەڵێ:

- جارێک کابرایەک لەو دەشتە سەیری کرد وا شتێکی هەر زۆر زۆر زل لەو دەشتە پێکی لە ڕۆژهەلات و پێکی لە ڕۆژئاوا سەری لە عاسمان توند بووە. دەهۆلێکی لە ملایە ئەوەندە زلە بە تەواوی بەری ڕۆژی گرتوەو دنیای کردوە بە تاریکستان. دوو مێرکوتی بە دەستەوەیەو دەستی بەرزەوە کردوەو سێ مرەکی لێ وەستاوەتەوە؛ چۆن وەستانەوەیەک؟ وەکوو دەست لە سەر دەم و ئامادەی ئەوەیە کە لە دەهۆلەکە بدا. کابرا لێی پرسی برا تۆ چیت و ئیشت چییە؟

وتی: «وەڵڵا برا من مەلایەکەم؛ لە سەرەتای دنیاوە لێرە وەستاوم بەم دەهۆڵەوە بۆ ئەوە کە ئەگەر مەلایەک شتێکی دا بە یەکێ، لە دەهۆلەکە بدەم بۆ ئەوە مەلایەکەی ئاسمان و گیانلەبەری سەر زەوی هەموو تێ بگەن».

ئەویش پێی وت: «تو خوا برا تا ئێستا چەند هەزار ملوێن جار لێت داوە؟» وتی: «وەڵڵا ئەگەر ئەمە لێدەم، یەک».

- کابرایەک هەبوو لەو دەشتی «قولەو دەکە»یە فەتحولڵای ناو بوو؛ خەڵک پێیان ئەوت: «فەتە». کابرایەکی‌تریش هەبوو ناوی مارف بوو. ئەم دووە هەر دووکیان پیاوی یەکێ لە بەگزادەکانی جاف بوون. مارف بە درێژایی ساڵ فەتەی کردبوو بە گاڵتەچی خۆی و هەر ئەویش زیاتر بە فەتە فەتە، فەتحولڵای کردبوو بە فەتە.

ڕۆژێک پێکەوە دائەنیشن کوتوپڕ مارف تڕێکی ناقۆلا ئەکەنێ، زۆر تەریق ئەبێتەوەو فەتەش نایخاتە رووی. ئیتر لەو وەختە بە دواوە هەر بە دەوری فەتەدا ئەهات و هەموو جار قسەی خۆشی لەگەڵ ئەکرد و بانگی ئەکرد. خەڵکیش لەمە زۆر سەریان سووڕ ئەما و بە جۆرێکی وا ئەمجا ناوی فەتحوڵلا بووبوو بەگاڵتە بۆ فەتە.

ڕۆژێک لە کۆڕێکا دائەنیشن و دیسان فەتحۆڵلاو فەتحۆڵلا بە دەوریا دێت. ئەم ماستاوەشی هەموو بۆ ئەوە ئەکرد کە فەتە باسی تڕەکەی نەگێڕێتەوە. فەتە ئیتر گەیشتە تینی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و وتی: «مارف، مارف! کەم فەتە بکە بە فەتحۆڵلا. بەشم لە هەر چوار مەزەو بڕاوێ عەمین‌عێلەروتێکت کوتا بە زەویا، دە ئیتر واز بێرە»[١٨].

- کابرایەک ئیشێکی لە گەڵ ژنێکا لێ قەومابوو، لێی ئاشکرا ببوو. بردیانە لای قازی بۆ ئەوە پرسیاری لێ بکاو بە تۆڵەی خۆی بگەیەنێ. قازی ئەو سەردەمە نووسەرێکی لە بەر دەستا بوو لە کاتی موحاکەمەدا هەر پرسیار و وەلامێک کە ئەیکرد و وەری ئەگرتەوە، نووسەرەکە ئەینووسی؛ ئێستا پێی ئەڵێن «کاتب زەبت».

جا قازی لە کابرای پرسی: دە رۆڵە قسە بکە بزانم چۆن ئەو ئیشەت کرد؟ هەمووی بگێڕەوە. ئەویش وتی: قوربان لای ڕان بوین، هەروا گەمەمان ئەکرد لە پاشا من دەستم کەوتە لای ڕانی ئەو. ئەویش دەستی کەوتە خوار ناوکی من. وردە وردە پاڵمان دا بە یەکەوە. دەستمان کردە ملی یەک و ماچی یەکمان کردەوە.

ئەوا هەر شتێک ئەم ئەیلێ قازی بە کاتب زەبت ئەڵێ بینووسەو ئەویش سەری شۆڕ کردۆتەوە بە سەر قاقەزاو ئەینووسێ. پاش ئەوە من دەرپێکەم داکەند و ئەویش دەرپێکەی خۆی داکەند. لە دڵا زۆر دڵم پێوە بوو، دەستم برد هەر دوو قاچم بەرز کردەوەو چوومە ناو گەلیەوە، کاوراکەی خۆمم گرت و نامە سەر دوا بڕاوەکەی ئەو خۆ...

کە قسەکەی گەیشتە ئەم شوێنە، کابرای «کاتب زەبت» وتی: هە، هە، هە، سە، سە، سەبرکە جارێ ی ی ی» و بە لادا هات و خاو بوەوەو قەڵەمەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە.

- «ئەحەی‌کرنوو» هەر لە سولەیمانی پیاوێکی قسە قوت و گاڵتەچی و نوکتەباز بوو؛ چ قسەی چ کردەوەی هەمووی هەر نەستەق بوو؛ ناوبانگی لە هەموو لایە پەیدا کردبوو. ئەو ئیشەی کە بە ناو دەستیەوە بوو شەربەت فرۆشی بوو، بەلام لە بەر ئەوە لە باری گوزەرانا زۆر ڕێک نەبوو، هەر ئیشێکی بە دەستەوە بهاتایا هەر ئەیکرد. ئەمانەش بۆ نانی فاتە، کەچی نانی فاتە هەر دەست نەئەکەوت.

---

١٨- عەمین عێلە رووت کابرایەکی چەقۆ ساز بوو لە تەوێلە؛ تەقەی چەکوشی دەنگی ئەدایەوە. دەنگی تەقەی چەکوشەکەی ناوبانگی پەیدا کردبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو سەردەمە سولەیمانی شوێنی ژیانێکی‌تر بووە. دنیا وەکو ئێستە گاڵتەی بە خەڵک نەئەکرد کە بە شەو و بە ڕۆژ خەریک بن و کەچی هەر پێشی نەگەن. ئەو شارە جێگای ڕابووردن و هەوارگەی نوکتەو قسەی خۆش بوو. کە ئێواریٚ داهات دیوەخانان گەرم ئەبوو، بە قسەی نەستەق و بەبێ‌دڵتەنگی ڕایان ئەبوارد. وە یا لە چاخانەکان لە پاش نوێژی خەوتنان حەکایەت خوانەکان بە دەنگێکی جوان داستانی ڕۆژگاری کۆنیان ئەگێڕایەوەو پیاوەکانیش لێیان کۆ ئەبوونەوە. لە گەلێ شوێنی‌تریش ئەتبینی دەستەیەکی وەکوو دەستەگوڵ ڕێ ئەکەوتن لە دەرو دراوسێ و ناسراو هەر شەوە لە ماڵی یەکێکیان کۆ ئەبوونەوە؛ بە گۆرەوی بازی و فنجانێن سەرئێوارەیان ئەنووسان بە مەلا بانگدانی بەیانیەوە. ئەمە بوو ڕابواردنی جارانی سولەیمانی، ئیتر وەکو ئێستە نە «قەبوڵ»ە ژنان سەری لە پیاو تێک دابوو نە وێنەی فیلمی سینەما سەری لە ژن تێکدابوو.

جا ئێوارە چەند کەسێک لە دراوسێ دووکانەکانی ئەحەی‌کرنوو قسە ئەکەن وەیەک کە پاش نوێژی شێوان بچن بۆ ماڵی ئەحەو نانی ئێوارەشیان بخەن بە سەر ئەواو بەم بۆنەوە نوکتەیەکی پێ بگێڕن.

ئێواریٚ دادێ و هەموو لێ ئەدەن ئەچن. «سلام علیکم» «سلام علیکم» دە دوانزە کەس ئەچنە ژوورەوە. ئەو وەختە کورسی و سەنگلی نەبوو؛ کەوش دائەکنراو دائەنیشتن. ئەمانەش هەموو پێلاوەکانیان داکەند و چوون لە سەر بەڕەو حەسیرە شڕ دانیشتن و خاڵەئەحمەدیش بەخێرهاتنی کردن.

ئینجا وتیان خاڵە ئەحمەد ئەوی ڕاستی بێ ویستمان ئەم ئێوارەیە لە ماڵی ئێوە نان بخۆین؛ جا تۆش ئیتر کەیفی خۆتە. خاڵە ئەحمەدیش ئەسپێ لە گیرفانیا «فەتاح‌پاشا» ئەکا. ئەڵێ یا خوا بەخێر بێن، تۆزێ سەبرم لێ بکەن ئێوە بۆ خۆتان بە قسەو خەریک بن، من لە ماڵەوە هەر ژنەکەمە، خۆی تەنها پیا ناگا نان دروست کا، ئەچم تۆزێ سەرو کاری ئەکەم و دێمەوە خزمەتتان. ئەڵێن بڕۆ، وا ئێمە دانیشتووین.

دێتە دەرەوە چی کەوش و قۆنگرەی ئەوانە لەوێ دانراوە، هەمووی کۆ ئەکاتەوەو ئەیخاتە توورەکەیەکەوەو ئەیدا بە شانیا. خێرا بە پەلەپەل ئەیبا بۆ بازار. پینەچیەک هەڵی نەگرتبوو، هەمووی ئەفرۆشێ بەو. پارەکەی ئەباو ئەیدا بە کەباب و ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بۆیان دائەنێ و ئەڵێ لێم ببورن ئێوە لە ناوەختا هاتن، بەم دەمودەستە لە کەباب زیاتر جێ‌بەجێ نەبوو. ئەوانیش گەلێ لە خۆیان ئەبوورنەوەو دەست ئەکەن بە نان و کەباب خواردن. جارجاریش سەیرێکی یەک ئەکەن کە پەنێکی چاکیان بە خاڵەئەحمەد دا. تێروپڕ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەخۆن و خاڵەئەحمەد خۆی و ژنەکەشی دیارە ئەوانیش تێر ئەخۆن. پاشان بە قسەی خۆش ڕایئەبوێرن تا درەنگێک و ئیتر هەڵئەستن بۆ ڕۆیشتن.

کە ئەچنە دەرەوە کەوشەکانیان دیار نیە. ئەڵێن خاڵە ئەحمەد کوا کەوشەکانمان؟ ئەڵێ خواردتان. ئەڵێن چۆن خواردمان؟ ئەڵێ: «حیز بابینەی سەگ جسنینە! بۆچ لاتان وایە من حەمە قەدوێی مووسڵ و حەماغای کۆیەم بێنم بەو نیوەشەوە نان و خوان بۆ ئێوە ڕاکێشم؟ ئاخر ناڵێن ئەم سەگبابە لە کوێ بووی ئەم رەوەیە دروست بکا؟ کەران باوگاینە ئەوە دەردتان بێ، ئەو کەبابە کە قوزەڵقورتتان کرد پارەی کەوشەکانی خۆتان بوو. بە کوێرایی چاوتان خۆم و ژنەکەشم تێرمان خوارد». ئەگەڕێتەوە ژوورەوەو دەرگاکەیان لە سەر دائەخاو لێی دائەنیشێ.

ئەوانیش لە دیوی دەرەوە هەر چەند قسە ئەکەن و جنێو ئەدەن هیچ کەڵکی نابێ. گۆلەگۆل بە پێخاوس هەر یەکە ئەچنەوە بۆ ماڵی خۆیان و بەیانی ئەچن کەوشەکانیان لە پینەچیەکە ئەکڕنەوە.

– کابرایەک هەبوو خاڵەوەیسەی ناو بوو. ژنێکیشی هەبوو پێیان ئەوت پوورەخازە. دەوری گەنجیان پێکەوە ڕابواردبوو. خاڵە وەیسە ریشێکی تۆپی دەمەدەمی ماش و برنجی جوانی پێکەوە نابوو. لەم دەورەدا ژنێکی‌تری جوانکەلەی هێنا ناوی نازێ بوو؛ پێیان ئەوت نازە.

دیارە وەکو شەرع ئەفەرموێ خاڵەوەیسە شەوێک لە لای خازە ئەبوو شەوێک لای نازە. ئەو شەوە کە لە لای نازە ئەبوو، نازە موویەکی سپی کە لە ریشیا ئەبینی لە بەر ئەوە پێی ناخۆش بوو، بە پەنجە جوانەکانی هەڵی ئەکێشا. ئەو شەوەش کە لە لای خازە ئەبوو ئەویش موویەکی رەشی کە لە ریشیا ئەبینی لە بەر ئەوە سپیەکان زۆر دەرکەون و لە بەر چاوی نازە بکەوێ ئەویش ئەوی هەڵئەکێشا.

زۆری پێنەچوو خاڵە وەیسە وەکو مریشکی ئاوەرووت کراوی لێ هات، موو بە رومەتیەوە نەما. جا لێیان ئەپرسی: خاڵە وەیسە ئەوە ریشەکەت چی لێ هات؟ ئەویش ئەیوت:

نیوەی کەوتە دەست خازە، نیوەشی چووە لای نازە، خۆیشم کەوتمە جامبازە.

کەواتە ئەگەر یەکێ بیەوێ هەموو رۆژێ دەست بە ریشیا بێنیت و نەکەوێتە جامبازە هەر بە فاتیلەی خۆیەوە داکەوێ باشترە. خۆ ئەگەر دەست بە ریشا هێنانیشی ناوێ هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێ پێش نوێژی شێوان بە گوێزانێکی تیژ ریشەکەی بتاشێ با هەر بە مردنی خۆی بمرێ، نەوەک بە ژانی هەڵکێشانەوە. ئەو وەختە بۆ جامبازەکەش ئەگەر سیانیش بێ قەینا کا، گۆم هەتا قووڵتر بێ مەلەی خۆشترە.

- مەلایەک هەبوو لەو موکریانە مەلا ئەورەحمانی ناو بوو. ڕۆژێک پیاوێک ئەچێتە خزمەتی و ئەڵێ: «ئەگەر یەکێ بەرەڵەپی بکەوێتە سەر شەرمی کچێکی بەر مەمکە، دەستنوێژی ئەشکێ؟» ئەویش ئەفەرمووی: «کتێب ئەفەرموێ ئێستە دەستنوێژی ناشکێ، بەڵام کە هاتوو ئەو کچە گەورە بوو، گەیشتە وەختی باڵق بوون ئەم ئەبێ ئەو دەستنوێژانەی ئەو وەختەی بشواتەوە».

- مەلا تۆفیقحاجیبرایم لە سولەیمانی گێڕایەوەو وتی: کابرایەک لە دێ «ئاوکورتێ» هەبوو ویستی ژن بێنێ. هەر چۆنێ بوو ئافرەتێکیان بۆ دۆزیەوەو هێنای. شەوێ کە چووە لای بۆ ئەوەی ببێ بە زاوا، ڕوانی ئافرەت دانەچیرپیەتی و ژان ئەیگرێ. کابرا تووڕە بوو مووی سمێڵی ڕاست بوەوەو ویستی ژنە بکوژێ. ئافرەت کە بە مەی زانی پێی وت پیاوەکە ئەمە کاری خوایە؛ تۆیش نابێ لە کاری خوا لاریت بێت. ڕاوەستە با منالەکەمان ببێ.

لە پاش ئەوە کە خوا کوڕێکی دا، شەوێ کە دەوریان چۆڵ بوو، پیاوی دانا و بۆی باس کرد وتی: «پیاوەکە! لە بیرتە ئەو ساڵە کە شێخ تەشریفی هات-ڕۆحم بە ساقەی بێ!- فەرمووی نابێ کەس دەس لە کاری خوا بدا. وەهەرچی بە چاو نەیبینن باوەڕی پێ مەکەن». بەم قسانە کابرای سارد کردەوەو جوان گوێی بۆ شل کردبوو ئەمجا ئەم بەندانەی بە سەرا هەڵدا:

| | |
|---|---|
| شامو شیراز و شیتر | کاردو گێلاخەو کەنگر |
| مانگێکیان ناوت بردم | دوو مانگیش ئاموشۆت کردم |
| دوو مانگو نیو دەستگیران | دوو مانگ و نیو خەنەبەنان |

نۆ ڕۆژیش زەماوەندت بۆم کرد؛ ئەمە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەکە.

تو خوا پیاوەکە بەس نەبوو شەیتان ئەو تاوانەی پێ نەکردی و خۆم و منالەکە بکوژی.

کە ئەمەی وت کابرا هەڵسا و پەلاماری دەستی ژنەی داو ماچی کرد و وتی: «بە خودای ژنی زیرەک و عاقڵ بە کەڵکە. ئافەرین ژنەکە بۆ تۆ، کە منت لەم تاوانە گێڕایەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لەو بناری شارەزووره پیرێژنێک هەبوو پوورەئامانی ناو بوو. بە پارە زۆری ناوبانگی دەرکردبوو. چەند دزێک کەوتنە سەر ئەوە ویستیان بچن پارەکەی لێ بدزن. شەوێک ئەچنە سەری و دەورەی ماڵەکەی ئەدەن، پووره ئامان هەست ئەکا و خەوی لێ ناکەوێ. دزەکان بە دەوری خانووەکەدا بڵاو بوونەتەوە. بۆ ئەوە یەکتری ئاگادار کەن دەست ئەکەن بە فیکەفیک. پووره ئامانیش فیکەیەکی کرد بە ناو فیکەکانا و وەکو ئەوان دەستی پێ کرد. یەکێک لە دزەکان لێی هەستایە سەر پێ وتی:

پووره ئامانێ، پورەئامانێ فیکە فیکتە کێرت کوانێ؟

پوره ئامانیش وتی:

من فیکە ئەکەم تا دز بترسێ دز لە کێری من بۆچی ئەپرسێ؟

دزەکان بە شپرزەیی گەڕانەوە.

- مەلایەک هەبوو «مەلا عەبەنوس»ی ناو بوو. تازە خوێندنی تەواو کردبوو، لە گوندێکی ئەو سەرشێوە دڵخۆشیان کردبوو کە ببێ بە مەلایان و قسەشیان دابوویە کە ژنیشی بۆ بێنن. لە پاش ماوەیەک کچێکی گەڵحۆی خالە پیرۆت هەبوو لە گوندەکەیان، کەسی پێ قایەل نەئەبوو لەویان مارە کرد.

زۆری پێنەچوو مەلا کە سەیری ئەکرد تووکە بەری ژنە بلامانێ ئەڵێی کۆرپە دەوەنە. هەمووجار کە بەیانی ئەچوو بۆ مزگەوت ئەیوت بە ژنە ئەو بەردەرگاو حەوشە داماڵێ. ئەویش لە مەبەسەکەی تێنەئەگەیشت ئەچوو جوان و پوخت بەردەرگا و حەوشەکەی ئەماڵی. مەلا کە ئەهاتەوەو ئەیویست گەمەو گاڵتەیەک بکا، سەیری ئەکرد هەزار خوزگە بە نەشتەر! وای لێ هات ئیتر نەیوێرا جارێکیکە بچێتە لای.

ئافرەت، کە بینی وا مەلا بە تەواوی لێ لالووتە، پیرێژنێکی کۆنە ساڵی دراوسێیان هەبوو، چوو باسەکەی سەراپا بۆ گێڕایەوە. پیرەژن کە ئەم باسەی بیست کێشای بە رانی خۆیا و وتی: ئای گڵەکوێر بێ! من لە تافی گەنجیما دەرزی هەزاری وەکوو تۆم داوە کە چی تۆ چاری شتێکی ئاوات پێ ناکرێ؟

داپیره کەری خۆی بەردەست کەوتبوو. لە بەر ئەوە خۆی لە گەمەو گاڵتەی پێش نیوەشەوان بێبەش بوو، ویستی ئەوەندەی‌تر ئافرەتەکە کەر کات. پێی وت: رۆڵە نازاری دەوری دۆڵە! کە چویتەوە ماڵەوە بە ئاگری قوتیلەکە دوا براوەکە هەڵکڕۆزێنەوە. ئیتر بێ تووک و لووس بیخەره بەردەس مەلا عەبەنوس.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

ئافرەتی ساویلکە چووەوە بۆ ماڵەوە قوتیلە چرای نا بە ناولنگی خۆیەوە. داخەکەم خەپلەکەی سوتا و بوو بە کوڵە. شەوی مەلا ئارەزووی هەڵسا ویستی بچێتە لای، ژنە نەیهێشت. بەم جۆرە دوو سێ شەو هەر ڕێ نەدایە، مەلا ئارامی بڕاو ویستی بە زۆر ئیشی خێر جێبەجێ بکا. ئافرەتی خست و دەرپێی داکەند. تەماشای کرد دەورو پشتی دوابڕاوەکەی زێچکاو زل زلەی تیا ئەکا. کە ئەمەی چاوپێکەوت دڵی تێکچوو کەوتە قڵپ و قوپی ڕشانەوە. لە ماڵ دەرپەڕی و هەر بەو شەوە ئەو ئاواییەی بەجێهێشت و حەو قۆناغ لەوێ دوور کەوتەوەو بوو بە مەلای گوندێکی‌تر.

لە پاش ماوەی ساڵێک کە ئاسکۆڵی ناولنگ کولۆڵ بە تەواوی چاک بووەوە، ئەم نامەیە بۆ مەلا نووسی:

گیانی شیرینم مەلا عەبەنووس    بەر دەرگای ماڵت لێ مەبە مایووس
وەک بەری هەسان سافەو لووس‌و پووس

مەلا عەبەنوسیش بەم جۆرە وەڵامی بۆ نووسیەوە:

تاقە کچەکەی خاڵە پیرۆتێ    هەر چەن شەوەکەی پارم وە بیر تێ
جەرگ و هەناوم لە بەر یەک دەرتێ

ئیتر بیرای بیرای مەلا جارێکی‌تر نەچووەوە لای.

- لە گوندێکی ئەو بناری هەورامانە کوڕ و کچێک دڵخوازی یەکتر ئەبن. بەڵێن بە یەک ئەدەن کە شەو لەو دیوی تەیمایی حەوشەکەوە یەکتر ببینن. دنیاش قەوشی پایز ئەبێ، شەوێ لە کاتی خۆیا کوڕە دێت. بەڵام کچەکە لە بەر ئەوە میوانیان ئەبێ بۆی ڕێ ناکەوێ بچێت. هەر چۆن ئەبێ خۆی ئەگەینێتە هەیوان. کوڕە لە دوورەوە ئەیبینێ ئەم هەڵبەستەی بە سەرا هەڵئەدا:

باڵا بەرزەکەی مووروو لە گەردن    سەرما کوشتمی بێرە گوو کردن

کچەش لە وڵاما ئەڵێ:

سەرما نەیکوشتی چاوت دەربایە    بڕۆ یانەی خۆت ئێستە گووم نایە

- پیاوێک هەبوو لە سولەیمانی خاڵەمەحمووی ناو بوو؛ ئێجگار تورەو کەلە شەق بوو. زۆریش پیر بووبوو، لە بەر پیری چاوی کز و گوێی گران بووبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێوارەیەک لە سەر سەکۆکەی مزگەوتی سەیدحەسەن لە سابوونکەران خەڵکەکە کۆ بوونەوە بۆ نوێژی شێوان و دەمە دەمی بانگ بوو. خاڵە مەحموویش لەوێ بوو، دانیشتبوو؛ بەڵام ریزی سەفەکەی تێکدابوو. بانگ وتراو قامەت کراو ئیمام چووە محرابەوەو خەڵکەکە هەموو وەستا بوون دەستیان بەرز کردبووەوە دوعای پێش نوێژەکەیان ئەخوێند. خاڵە مەحموو ئاگای لەمانە هیچ نەبوو. پیاوێک شانی گرت پێی وت خاڵە مەحموو ئەوا نوێژە تۆزی خۆت ڕێکخە با ریزی سەفەکە تێک نەچێ.

هەر کابرا ئەمەی وت خاڵە مەحموو تورە بوو دەستی کرد بە قسەکردن و وتی: «ئای! تۆ چیت داوە بە سەر منەوە؟ لێرەش وازم لێ نایەنن، ئەمە دەردی کابرایەتی کە ژنەکەی دۆستێکی هەبوو لە بن دار هەرمێ کە خەریکی گەمەو گاڵتە بوون و سەریان لە کابرای مێردی ژنە تێک دابوو. ئاخر بابە تۆ چیت داوە بە سەر منەوە؟»

ئەوا بە دەنگی بەرز ئەم قسانە ئەکا و لەو کاتەدا مەلا لە دوعا بووەو نیەتی دابەست و بە دەنگی بەرز وتی: «اللّٰەاکبر». خەڵکەکەش هەموو نیەتیان دابەست و مەلا کەوتە خوێندنی سورەی «الحمد».

خاڵە مەحمویش هەر لە شوێنەکەی خۆی دانیشتبووەو گەرم بووەو ئاگای لە ئیمام نییە کە نوێژی دابەستووە هەر ئەڵێ: ئاخر باوکم تۆچیت داوە بە سەر منەوە؟ بە خوا سەیرە ئەمە دەردی کابرایەتی ئەیەوێ سەرم لێ تێک بدا، جا وەرە لە داخا مەمرە. ئەمە راست دەردی کابرایەتی ئەڵێ:

«کابرایەک ژنێکی هەبوو، ژنەکەی لەگەڵ کابرایەکیترا دەستیان تیکەڵاو کردبوو، هەموو جار پێکەوە گەمەو گاڵتەیان ئەکرد. ڕۆژێک دۆستی ژنەکە بە ژنەکەی وت ئەگەر جارێک لە بەرچاوی مێردەکەت پێکەوە دروست نەبین من بڕوا بە دۆستایەتی و خۆشەویستی تۆ ناکەم.

ژنەش وتی باشە ئەمە شتێکی ئاسانە. سبەینی تۆ بچۆرە بن دار هەرمێکەی خوار ئاواییەوە، منیش لە گەڵ مێردەکەما دێین بۆ ئەوێ جا لەوێ ئیشی خۆمان ئەکەین.

ئەوا مەلا خەریکی «الحمد»و خاڵە مەحموویش خەریکی ئەم قسانەیە. خەڵکەکەش لە بەر پرمەوهۆری پێکەنین هەندێکیان نوێژیان بڕیوەو هەندێکشیان هەر خۆیان گرتووە. مەلا گەیشتە «ولاالضالین»، مەئموومێ بە جارێ وتیان «ئامین»! لەم کاتەدا خاڵە مەحموو وتی: «بەیانی ژنە بە مێردەکەی وت پیاوەکە با بچێن بۆ بن دارهەرمێ کە سەیرانێکیش ئەکەین و هەندێ هەرمیش دێنینەوە. پیاوە وتی باشەو لێیاندا ڕۆیشتن. کە گەیشتنە بن دار هەرمێکە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rahgoshar.org

پاش تۆزێک ژنە وتی پیاوەکە من ئەچمە سەردارەکە، هەرمێکە ئەتەکێنم و تۆش کۆی کەوە.

ئەمەی وت و چووە سەر دارەکەو دەستی کرد بە هەرمێ تەکانن؛ پیاوەش کۆی ئەکردەوە. کوتوپڕ ژنەکە قیژانی وتی: «ئەیرۆ پیاوەکە ئەوە کییە سوارت بووە؟» پیاوەکە وتی: ئەوە شێت بوویت؟ سوار بوونی چی؟ ژنە وتی: ئای، ئای پیاوەکە خۆ ئەوە خستتی و هەر بە تەواوی سوارت بوو ئەیەرۆ پیاو چۆن سواری ئەبن؟ پیاوە لە خوارەوە وتی: «کچێ ئافرەت ئەوە تۆ ئەقڵت لە سەر خۆتە؟ ئەوە ئەڵێی چی؟» ژنە قیژاندی و کەوتە خۆی و پەلە پەل وا خەریکە دێتە خوارەوەو دەستی کرد بە جنێودان وتی: «کورە سەگی سەگباب! چە ڕایەت ئەکەوێ تۆ سوار مێردی من ئەبی؟ کورە پیاوەکە بۆ خاتری خوا خۆ ئەوە لنگی گرتی بە شانەوە، تۆ پیاوێکی زرت و زەلامی عەیب ناکەی وەکو ژن لە ژێر ئەو زرتە بۆزە سەگبابەدا کەوتووی». پیاوی مێردی هەروا دەمی بوو بە تەڵەی تەقیووەو وتی: «کچێ خوا بتگری ئەمە قسەیە ئەیکەی! پیاوی چی، لنگ بە شانەوە گرتنی چی؟ تۆزێ ئەقڵت بێنەوە سەر خۆت و زمانی خۆت بگرە». ژنە بە پەلەپەل ڕایکردە خوارەوە زەلامی سەر مێردەکەی بگرێ.

لەم کاتەدا مەلا سوورەی «قل هو اللّه»یشی تەواو کردوو چوو بە روکوعا وتی: «اللّهاکبر». خالە مەحمو وتی: «ژنە هاتە خوارەوەو هیچی بەرچاو نەکەوت. وتی ئەیەرۆ چی بوو من چاوم پێکەوت؟» ئا تۆ خوا پیاوەکە بۆ من هیچ کەڵکی نییە؛ تۆ بچۆرە سەر دارەکە هەرمێکە بتەکێنەو من کۆی ئەکەمەوە.

مێردە چووە سەر دارو دەستی کرد بە هەرمێ تەکانن، لەم لاوە دۆستی ژنەکە لە پەنا بەردێکا خۆی حەشاردبوو، هاتە دەرەوەو هات بە لای ژنەکەوەو دەستی کردە ملی و ماچێکی کردەوە. پیاوی مێردی لە سەر دارەکەوە وتی ئای ژنەکە ئەو زەلامە کێیە وا دەستی کردە ملت و ماچی کردیەوە؟ ژنە وتی ئەیەرۆ پیاوەکە ئەوە ئەڵێی چی؟ زەلامی چی و ماچی چی؟ ئاخر منیش وام ئەوت تۆ بڕوات نەئەکرد. ئەمە هەرمێ و دارەو خێوی لێ دیارە.

زۆری پێنەچوو خێرا کابرا سواری ژنەکە بوو. کابرای مێردی لە سەرەوە ئاگری تێبەر بوو هاواری کرد ئەرێ سەگی سەگباب! ئەوە چە ڕایەت ئەکەوێ سواری ژنی من ئەبی؟ ژنەش هەر ئەڵێ پیاوەکە شوورەییە قسەی وا مەکە پیاوی چی و سوار بوونی چی؟»

لەم کاتەدا ئیمام ڕکاتی یەکەم و دووەمی تەواو کردبوو چوو بوو بە روکوعا و سەری بەرز کردەوەو وتی: «سمع اللّه لمن حمده». خەڵکیش ئەوی لە نوێژا ماون، ماون ئەوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نوێژی بڕیوە یەکێ کردوویە بە کەوشەکانیا و بۆی دەرچووەو یەکێ لە بەر پێکەنین ئاگای لە خۆی نەماوە مەلاش لێ بووە بە کوردە نامووسی ناتوانێ نوێژەکەی ببڕێ، بەڵام لە بەر قولْپی پێکەنین ئەویش نازانێ چی ئەڵێ و هۆشی بە لای نوێژەوە نەماوەو لە بەر دەنگی خاڵە مەحموو گوێی لە دەنگی خۆی نییە. خاڵە مەحمو وتی: «پیاوە بە پەلە پەل دەستی کرد بە هاتنەوە خوارەوە لە سەردارەکە. ئەو لە نیوەی دارەکەدا بوو لەم لاوە هەتیوەی دۆستی ژنە لنگی گرت بە شانەوەو تێی بەر بوو. مێردە لەو سەرەوە ئاگری تێبەر بوو، وتی ژنەکە خوا بتگرێ خۆ ئەوە لنگی گرتی بە شانەوەو خراپی کردی. کورە کابرا سەگی سەگباب نەکەی، ها نەکەی کورە نەکەی. ژنەش لە ژێرەوە هەر ئەڵێ: پیاوەکە ئەم قسانە چییە تۆ ئەیکەی؟ زەلامی چی و پیاوی چی؟ ئاخر منیش لە سەر دارەکە بووم ئەوە بوو هاوارم ئەکرد و تۆ ئەتووت هیچ نییە؛ ئیستەش ئەمەی من وەکو هێنەکەی تۆ وایە.

کابرای مێردە هاتە خوارەوە، تا ئەو هاتە خوارەوە هەتیوە لە ئیشی خۆی بوەوەو هەڕای کرد و ژنە هەستایەوە. پیاوەش بە خەنجەری رووتەوە هەڕای کرد بە شوێن هەتیوەدا. ژنە تونگ مێردەکەی خۆی گرت و وتی پیاوەکە ئەوە تۆ شێت بویت وا کەوتوویتە جامبازەو قسە کردن لەم دەشتەدا. پیاوەش خۆی ڕائەپسکێنی و ئەڵێ کچێ قەحبە بەرەڵام کە ئەوا دەرباز بوو. ژنەش هەر ئەڵێ: «بسم اللّه، بسم اللّه، ئەیەڕۆ پیاوەکە ئەوە شێت بویت؟»

تا کابرا خۆی لە دەستی ژنە ڕاپسکان هەتیوە دەرچوو خۆی ون کرد. ئەمجا دەستی کرد بە سەرزەنشت کردنی ژنەکەی. ژنەش ئەیوت ئاخر پیاوەکە منیش لە سەر دارەکە هەر ئەوە بوو کە بەرچاوم ئەکەوت و کەچی تۆش ئەتووت هیچ نییەو منت بە شێت دەرئەکرد. ئەو وەختە کە من لە سەردارەکە هاوارم ئەکرد تۆ هیچت ئەدی؟ پیاوەش وتی نە هیچ نەبوو. وتی: کەواتە هێنەکەی تۆش هەر وابووە. هیچ نییەو غایەلە مەکە. ئەمە هەرمێ دارەو خێوی لێ دیارە».

خاڵە مەحموو وتی ئێستە ئەم کابرایەش ئەیەوێ دەردی ئەو کابرایە بە سەر من دەرێنێ؛ ئاخر یەکێ نییە لێی بپرسێ ئەرێ بابە تۆ چیت داوە بە سەر منەوە؟ چاک دائەنیشم، خراپ دائەنیشم بە تۆ چی؟ چاک دانیشە، چاک دانیشە بۆچ سەرم لێ تێک ئەدەی دەردی ئەو کابرایە. لەم کاتەدا مەلا لە تەحیات بووەوەو وتی: «السلام علیکم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خالە مەحموو سەعاتەکەی دەرهێنا و نای بە سەر لووتیەوەو وتی: «خۆ ئەوە بانگ درەنگە. وەهابی مجەوری سەگباب لە کوێیە بانگ بفەرموێ». خەڵکەکەش بە مەلا و نوێژکەرەوە بە دەم پێکەنینەوە هەر یەکە بە لایەکا هەڵاتن.

- کابرایەک هەبوو حەسەنی ناو بوو. لەگەڵ هاورێکیا ئەچن بۆ شار و ئەچنە سەر دووکانی کابرایەکی کەوشدوور؛ جووتێ کەوشی لێ بکرن. کابرا کەوشەکەیان بۆ دێنێ و لە پاش چەندوچونێکی زۆر بە دە قەران رێ ئەکەون.

حەسەن ئەڵێ: «برا بە خوا تۆی خاترمان بگریت». کابرای کەوشدووریش ئەڵێ بە خوا برا خاترانەی تیا نەماوەو لەوە زیاتر ناتوانم خاترتان بگرم. حەسەن توورە ئەبێ و ئەڵێ: «دەسا بکەم وەقنگ دایک ئەو کەسەوە کەوش لە تۆ ئەسێنێ. کورە تۆ پیاگ ناناسی». ئەکا بە پەلی هاورێکەیا و ئەڕۆن.

دراوسێ دووکانێکی کابرای کەوشدوور ئەبێ لەو بەرەوە ئەچنە ئەوێ ئەو کابراش ئاگای لە کەین و بەینی ئەمان بووە. هەر ئەمان ئەچنە ئەوێ خێرا لە سەر دووکانەکەی راست ئەبێتەوەو ئەڵێ فەرموو دانیشن چی ئەفەرموون وا لە بەر دەستتانایە. حەسەن ئەڵێ: «بە خوا برا جووتێ کەوشمان گەرەکە وەڵێ تۆی کەوشێکی فرە خاسمان بۆ بێری و خاتریشمان بگریت». ئەویش ئەڵێ: پیاوی وەکو ئێوە، یەکێ پیاو بێ چۆن خاتری ناگرێ؟ هەر پەلامار ئەدا جووتێ کەوشی پێسی لە پێسی بزن دروست کراویان بۆ دێنێ و بەرۆیک پاکی ئەکاتەوەو ئەیداتە دەستیان. حەسەن ئەڵێ: تۆ خوا براکە تۆ ئەو شێخ کەریمە ئەمە کەوشێکی خاسە؟ کابرای کەوشدوور لە دەستی وەرئەگرێ و بە بۆنەی پاک کردنەوە ئەیهێنێ بە لارانی خۆیا و ئەڵێ: «بەو شێخ کەریمەو بە سەری تۆ -سەری تۆ زۆر عەزیزە لە لام- کەفەڵە کەفەڵە». کابرا ئەڵێ: «برا ئیتر هیچ مەیژە دڵم بوو وە ئاوێنە».

ئینجا دێنە سەر نرخەکەی. کابرای کەوشدوور لە پێشا دێنێ تۆزێ چەرم بە سەرە گازنێک لە پارچە چەرمێک ئەکاتەوەو ئەڵێ: «جارێ ئەمە خاترانەکەیە؛ ئەمە هەڵگرە هەر وەخت کەوشەکە درِا پێی پینە بکە». پاش ئەوە کەوشەکەشی ئەداتێ بە دوانزە قەران و پێ ئەڵێ برا گلەیی نەکەی نەڵێی خاتری نەگرتم.

کابرا کەوش ئەداتە بن دەستی و تۆزە چەرمەکەش ئەخاتە باخەڵی و ئەڵێ برا: «وا مەیژە؛ بۆچ گشت باوەحیزێ هاومالی ئەو دەویتباوکەی ئەو بەرتە کە پیاگ نەناسێ؟ ئەو باوەحیزە ئەگەر تۆزێ چەرمی وە خاترانە پێ بداینایە وای ئەزانێ لە پێستی گونی ئەکەنەوە.

www.rabari.org

ئەی بکەم وە قنگ دایکتەوە، برا گجارێ ئیتر تینەوە سەر دووکانەکەی تۆ». ئەمە ئەڵێ و لێ ئەدەن ئەڕۆن.

- کابرایەک لە ناو بازاڕدا تۆتەڵەسەگ و دێڵەسەگێکی لە بەردەم خۆیا دانابوو ئەیفروشتن. کابرایەکی‌تر چوو لێ بکڕێ، کابرای خاوەن سەگ وتی: تۆتەڵەکە بە چوار قەران و دێڵە کە بە دوو قەران. کابرای کڕیار وتی چۆن ئەبێ گەورەکە بە دوو قەران و پچوکەکە بە چوار قەران؟ کابرای خاوەن سەگ وتی: «ئاخر باوکم ئەوەیان هەر سەگە، بەڵام ئەمەیان سەگی کوڕی سەگە».

- مەلایەک وەعزی ئەدا ئەیوت هەرکەس ئەگەر بێت و دزی بکا لە رۆژی قیامەتا خوا تۆڵەی لێ ئەکاتەوە. کابرایەک دانیشتبوو گوێ لە وەعزەکە ئەگرت وتی ماموستا خوا تۆڵەی چی لە پیاو ئەکاتەوە؟ من ئەگەر دزیێکم کرد ناچمە ژێری تا تۆڵەم لێ بکاتەوە؛ خۆ بە زۆریش نای سەپێنێ بە سەرما. ماموستا وتی وا نییە باوکم. خوا خۆی پێئەزانێ و شایەتیش شایەتیت لە سەر ئەدا و ئەو وەختە حوکم ئەدا بە سەرتا.

کابرا وتی دەسا من ئێستە بە خوا مامۆستا بزنێکم دزیوەو خواردم کەسیش نەیزانیوە، ئیتر ئەم شایەتە لە کوێ دێت و شایەتیم لە سەر ئەدا؟ دیارە خۆیشم نایڵێم. ئەوا وەکو ئاوی پار ڕۆیشتوو برایەوە ئیتر تۆڵە سەندنەوەی چی؟

مامۆستا وتی: خوا دەست و قاچ و زمانی خۆت لە سەر خۆت ئەکا بە شایەت و ئەمانە دێنە قسەکردن و شایەتیت لە سەر ئەدەن. کابرا وتی: «مامۆستا جا منیش ئەڵێم شایەتی ئەمانە قەبوڵ نییە. ئەڵێم ئەمانە هەموو لە دنیادا عەزیەتم داون، ئێستە رقیانە لێم و بۆیە شایەتیم لە سەر ئەدەن».

مامۆستا وتی: «کە تۆ وات وت خوا بزنەکە زیندوو ئەکاتەوەو ئەیهێنێتە بەردەست و ئەیهێنێتە قسەو بزنەکە شایەتیت لە سەر ئەدا ئەڵێ من بزنی فلان کەس بووم و ئەم پیاوە دزیمی». کابراش وتی مامۆستا کە بزنەکەیان هێنایە بەر دەستم ئەنەوم لە ریشی و ئەیدەمەوە دەست خاوەنەکەی و ئەڵێم ها برا ئەوە خۆت و بزنەکەت. مامۆستا ئیتر وەستا و هیچ قسەی پێ نەکرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەکی «بێ سەری» شەوێ دز ئەچێتە سەری و شتومەکێکی زۆری ئەبا. بەیانی ئەچێتە لای «شێخ عەولسەمەدی مەولاناوا» کە بە کەرامەت بۆی بدۆزێتەوە. ئەویش پێ ئەڵێ: باوکم کەرامەتی ناوێ سەگێک راگرەو ئیتر ماڵت نادزرێ. کابراش ئەڵێ: «یا شێخ! سەگێکمان هەس لە ماڵا، سەگ نییە! وە قورعانەی تۆ لێت خوێندگە باوکی تۆ لە قەورەکە دوێشەو دەمی ناگە وە یەکا ئەو سپلۆتە دەمی نەنیاگە وە یەکا؛ کەچی ئەو دزە سەگ باوکەش دەسی خۆی هەر وەشان».

- شێخ محەمەدئەمینیمیرانی لە خانەقا بۆی گێڕامەوە وتی:

لە قوتابخانە دەرزم بە منالەکان ئەوت، لە دەرزەکەدا ئەوە هاتە پێشەوە کە مریشک چی ئەخوا. منالێک وتی گەنم ئەخوا؛ یەکێکیتر وتی جۆ؛ یەکێکیظتر وتی هەرزن و هەر یەکە شتێکی وت. وتی سەیرم کرد لە ئاخری هەموویانا یەکێکیتر پەنجەی هەڵبری. وتم بڵێ بزانم تۆ ئەڵێی چی؟ وتی: «ئەفەنی گویش ئەخوا».

- شێخسەعیدیحاجیشێخعەلی لە سولەیمانی چەند قسەیەکی بۆ گێڕامەوە وتی: سێ چوار کابرای ئەو شارەزوورە هاتبوونە سولەیمانی بۆ شتومەک کرین. ڕێ یان کەوتبوە دوکانی حاجیەک، وا دیاربوو قۆڵی بڕیبوون. چوو بوون لە بن دیواری مزگەوتەکەی ناو بازارا دانیشتبوون. لە داخا وەکوو گەلای دار جنێویان ئەدا. یەکێکیان وتی: «تۆ خوا برا واز بێرن تازە گاڵەگاڵی چیتانە؟ ریامە ریش باوک دوو سەدوو پەنجا چارەک حاجیا». حاجی ئەولایحەمەخەیات هەبوو، لەو کاتەدا بە لایانا تێپەڕی و گوێی لە قسەکەیان بوو وتی: «تۆ خوا برا گیان بیست و دوو چارەکی منی لێ دەر بکە».

کابرا ئەڵێ بە خوا مامە حاجی لەگەڵ تۆم نەبوو. ئەڵێ: «برا تۆ بیست و دوو چارەکەکەی منی لێ دەر بکە، ئیتر هەقم نیە بە سەر ئەوانیترەوە».

- فەقیەک ئەیەوێ لە پشت مامۆستاکەیەوە نوێژ دابەستێ، مامۆستا وەسواس بوو نیەتی بۆ ئەهات ئەیووت: «نیەتمە سێ رەکات نوێژی ئەم شێوانە ئەکەم بۆ خوا». کە ئەهات بڵێ: «اللّه اکبر» ئەسلمیەوەو بۆی نەئەهات. لای ئەکردەوە بەم شان و بەو شانی خۆیا و ئەیوت: «تف تف تف! اعوز باللّه من الشیطان الرجیم». فەقێ بە جارێ وەڕەز بوو وتی: «مامۆستا

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

تف لە خۆت! بە خوا شەیتان نیە خەتای خۆتە تۆ کە نوێژت ڕەوان نییە پێش نوێژی بۆ ئەکەی؟»

- کوڕێکی هەرزەکاری تامەزرۆ ژن دێنێ، چەند شەوێکی پێ ئەچێ ڕوو ئەکاتە ژنەکەی و ئەڵێ: «تۆ ئەزانی لە بەرچی باوکم ئەوەندە دایکمی خۆش ئەوێ؟» ئەڵێ نە. ئەمجا دەست ئەخاتە سەر وانێکی ژنەکەی و ئەڵێ: «لە بەر ئەوە ئەم شتە خۆشەی پێوەیە».

- شێخبابەعەلی لە سولەیمانی لە سەر سەکۆی مزگەوتەکەی خۆی دانیشتبوو، ئەبینێ کابرایەک لە ئاو دەستخانەکان زرموکوت هەر لەنە ئەماڵێ بە ئەرزەکەدا. ئەویش ئەچێ لێی ئەپرسێ ئەڵێ برام ئەم تەپە تەپەت لە چیە؟ ئەڵێ قوربان چی پاش میزم هەیە. ئەڵێ: «دەسا برا بە خوا تۆ ئاوا بکەی و ئەمە خووت بێ، پاش گویشت ئەبێ».

- کابرایەک لەو شارەزوورە کوڕێکی خزمی ئەبێ دەمێ بوو چاوی پێ نەکەوتبوو. بە سەردان ئەچێتەماڵیان. سەیر ئەکا حەوت ژن لە ماڵەکەدا دانیشتبوون؛ ئەمانەی جاران نەدیبوو. ئەپرسێ ئەڵێ برام ئەم حەوتە چیتن؟ ئەڵێ: «هەر حەوتیان بێژن ژنمن». ئەڵێ ئینجا چۆن بە خێویان ئەکەی؟ ئەڵێ: «برا، ئەگەر کراسیان بۆ بسێنم حەوت، کەوایان بۆ بکەم حەوت، کەوشیان بۆ بێرم حەوت؛ گشتی حەوت. بەم جۆرە لە گەڵیان ئەچم وەرێوە».
ئەڵێ: «تۆ خوا برا لە شەرعا شەرمی بۆ نییە، ئەی ئیشی شەرعیان چۆن لە لا ئەکەیت؟» ئەویش ئەڵێ: «برا ئەمە لەگشتیان بێ قرە ترە. لە شار شتێکیان داهاوردگە پێ بێژن قۆپیە؛ هەر حەوتیان ڕیز ئەکەم و دانیە لەو قۆپیە تازانە تێرم کوت کوتی ئەکەم و ئەیخەمە مەعبەینیانەوە. لەم سەرەوە خۆمیان پیا ئەدەم؛ ئەگەر هی حەوتەمیشیان وەتەواوی نەیگرێ، ختوکەیەک وە بەر میزڵدانیا هەر تێت».

**- شتی وا چۆن ڕوو ئەدا؟**

تازە شەمەندەفەر داهاتبوو، کابرایەکیان کردبوو بە مەعموری سەر چواردەڕێیانی شەمەندەفەرەکە. دوو بەیداخیان دابوە دەست و فیق فیقەیەکیش بە لا قەدیەوە بوو. کە شەمەندەفەرەکە لە دوورەوە ئەهات و بۆڕەکەی خۆی لێ ئەدا، ئەم کابرایە ئاگادار ئەبووەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەمیش فووی ئەکرد بە فیقفیقەکەی خۆیا و بەیداخەکانی ڕائەوەشان بۆ ئەوە ڕێگەی خەتەکە بۆ شەمەندەفەرەکە بەرەلا بکرێ.

جا ئەم کابرایە ژنێکی عەرەبێ هێنابوو. بە شەو کە ئەنووستن -بیلامانێ- بۆنی تس زۆر ئەبوو. کابرا بە ژنەکەی ئەوت تۆیت. ژنەکەش ئەیوت من نیم، تۆیت. ئاخر قسەیان هاتە سەر ئەوە کە یەکێ پشقلێ بخەنە قنگیانەوە؛ ئەگەر دوا بڕاوەکە هات پشقلەکە دیارە دەرئەپەڕێ و ئەو وەختە دەر ئەکەوێ کە کامیانن.

لە سەر ئەم تەکبیرە سەرو پشقلیان خستە قنگیانەوەو نووستن و شەوێ کە کابرا خەبەری بووەوە سەیری کرد پشقلەکەی دەرپەڕیووەو نەماوە. لە ترسی ئەوە کە دواجار ژنەکەی پێی بڵێ دیارە بۆنە پیسەکە هی تۆیە دەستی گێڕا بۆ پشقلیکێ‌تر کە بیخاتە خۆیەوەو رزگاری ببێ. چاوی بە خەوەوە بوو هەروا دەستی ئەکوتا کوتوپڕ فیقفیقەکەی بەردەست کەوت، لای وا بوو پشقلە. تەپانیە خۆیەوەو نووست. زۆری پێ‌نەچوو کابرا تسی هات و لە کونی فیق فیقە خەبەری بووەوە. لای وا بوو ئەوە شەمەندەفەرە هات، هەر خێرا ڕاست بوەوە دەستی دایە بەیداخەکان و دەستی کرد بە باڵ ڕاوەشاندن و بەیداخ هەڵتەکاندن. فیق فیقە لە ژێرەوە هەر خەریکە. ژنەکەی خەبەری بوەوە، سەیری مێردەکەی کرد پێی وت ئەوە بۆچ وا ئەکەی؟ وتی: ئاخر ئەوەتە شەمەندەفەر هات. وتی: «کورە شەمەندەفەری چی؟ تسەکەی خۆتە ئەم گیز و هۆڕەی ناوەتەوە».

- کابرایەکی «یۆسۆجانی» رەمەزان لە شارەزوور مابووەوە نەچوو بۆ کوێستان. دنیا قرچەی هاوین بوو؛ زۆر گەرم بوو. ئەویش بە ڕۆژوو بوو. ئەکەوتە دەمە دەمی عەسر تینوییەتی بە جارێ شپرزەی ئەکرد. گۆمێک بە قنگی خێڵەکەوە بوو هەموو ڕۆژێک ئەچوو لە گۆمەکە لە بەر تینوێتی مەلەی ئەکرد. کە خۆی هەڵئەقولتان لە ئاوەکە لە ژێرەوە تێرو پڕ ئاوی ئەخواردەوە. کە سەری دەرئەهێنایەوە ئەیوت: «بکەم وە قنگ دایکتەوە رەمەزان! خۆ تۆ دایکت گام بۆچ من ناتوانم فێڵت لێ بکەم و تڕت بورم».

- عەبەی‌مەلاحەسەن هەبوو. ساڵێک ئەچێتە خێڵێکی نیشتەجێ سمایل عوزەیری لەو بناری چەقژو قایکەنە بۆ مەلایەتی رەمەزان. هەموو ئێوارەو پارشێوێک کە ئەم دەستی ئەکرد بە بانگ و سەلا، کەرێکیش لەوێ بوو ئەویش دەستی ئەکرد بە زەڕەزەڕ. جەژن نزیک بووەوە عەشیرەت لێی کۆ بوونەوەو وتیان: «مەلا تۆش وەکو مەلاکەی پارمان لەگەڵ مەکە؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



جۆشمان لێ مەسێنە». ئەڵێ: برا ئەگەر نەشمدەنێ هەر ئەبێ بمدەنێ؛ چونکە مەلاکەی پار هەر خۆی بوو، من ئیمساڵ هاوڕێکم هەیە. من بانگەکەم ئەدا و ئەو سەلای ئەکرد. خۆ ئەمەی بە خۆڕایی نەکردوە؛ ئەبێ جۆکە بدەم بەو. ئەڵێن مەلا هاوڕێت لە کوێ بوو؟ خۆ تۆ هەر خۆتیت. ئەڵێ: ئەو کەرەی ئەو بەرە، هەزارە دەمی بە یەکا نەناوە؛ لە گەڵ بانگی من ئەو سەلای خۆی کردووە. ئەڵێن: «برا خۆ کەرەکە باوکت نییە؛ خێزانی خۆمانە هەقەکەی ئەوت نادەینێ خۆمان لە باتی ئەو ئەیخۆین. ئەوا بەشەگەنمی خۆت و خوات لە گەڵ». مەلا بۆ ریش چوو سمێڵیشی نایە سەری.

- شێخ‌مارف‌سەعاتچی لە کەرکوکەوە بۆی نووسیم وتی: کابرایەکی کەڕ دراوسێیە، نەخۆش بوو هەستا چوو بۆ سەردانی. گوێزیان هەبوو، هەندێ گوێزیشی بە ناوی دیارییەوە بۆ برد. کە چوو دانیشت لە نەخۆشەکەی پرسی ئێستە چۆنی؟ کابرای نەخۆش وتی زۆر خراپم. ئەم لای وا بوو ئەڵێ زۆر چاکم، وتی «الحمد اللّه».

لێی پرسی خواردنت چییەو چی ئەخۆی؟ وتی: برا خواردنی چی؟ خواردنم زەهری مارە. وتی یارەبێ لە گیانت خۆش بێ! ئەڵێ کێ دەرمانت ئەکا؟ ئەڵێ: کێ ئەیکا؟ ئیزرائیل. کەڕە ئەڵێ: قەومی خێر ئەبێ ئیشەڵلا! ئەڵێ: ماڵ و منالەکەت چۆن خزمەتت ئەکەن؟ نەخۆشەکە ئەڵێ: پیاو نەخۆشی درێژەی کێشا ماڵ و منالیشی لێی وەڕەس ئەبن. ئێستا وام لێ هاتووە ئەزانم کە من مردم چوار رۆژی پێ ناچی ژنەکەم شوو ئەکا. کەڕە ئەڵێ هیچ خەم مەخۆ من ئامادەم بۆ هەموو خزمەتێک لە باتی تۆ. کەڕە گوێزەکان لە کۆشیا ئەبێ، تومەز ڕانکەکەی دڕا بوو، هەموو گەڵ و گونی بە دەرەوە بوو، خۆی ئاگای لێ نەبوو. نەخۆشەکە دەستی بۆ ڕائەکێشێ ئەڵێ کۆشت داپۆشە. کەڕە وا ئەزانێ پێی ئەڵێ ئەوەت بۆچی هێناوە، ئەڵێ وەڵلا هێناومە بۆ منالەکان گەمەو گاڵتەی پێ بکەن.

- کابرایەکی هەورامی لە گەڵ ژنێکا دەست تێکەڵ ئەکاو دەورێکی زۆر بە گەمەو گاڵتە ڕای ئەبوێرن. لە پاشا کابرا ئەچێ بۆ حەج و لە حەج تۆبە ئەکاو خۆی لە هەموو گوناحێ ئەشواتەوەو ئەگەڕێتەوە بۆ وڵات. کە نزیکی ئاوایی ئەبێتەوە گوێی لە دەنگێ سیاچەمانە ئەبێ. دەنگەکە کاری تێ ئەکا، کە چاک گوێ ڕائەگرێ سەیر ئەکا ئەمە دەنگی ژنەکەی دۆستیەتی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بە دەم دەنگەکەوە ئەڕوا تەماشا ئەکا راستە ئەمە دۆستەکەیەتی وا بە سەر دار تووێکەوە. توو ئەتەکێنی و دەرپێشی لە پێیا نییە. کە بەم جۆرە چاوی پێ ئەکەوێ هەوەسی جارانی هەڵئەستیتەوە پێی ئەڵێ: «چەمانو جارانوو حاجی! وەزەرە با یۆ کەرمێ. مەلوو حەجێکی تەرت پەیکەروونە»؛ واتە: چاوەکانی جارانی حاجی! وەرە خوارەوە با یەکێکی‌تر بکەین. ئەچم حەجێکی‌ترت بۆ ئەکەم.

- مەلا قادری بیارە [زاواى] شێخ رەزای عەبابەیلە ئەبێ. شێخرەزا نوێژ ناکات: مەلا ئەفەرمووێ یا شێخ! تۆ سەیدیت و ریشت سپییەو خەزووری منیشی، چۆن ئەبێ نوێژ نەکەی؟ نابێ؛ ئەبێ هەر بیکەی. ئەویش ئەڵێ: مەلا نوێژم پێوە نایە. بە خەزوور خەزوور مەمگێ. مەلا هەر وازی لێ ناهێنێ تا ئاخری هەڵیئەگرێ و ئەو شەو ئەچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژ.

نوێژ دا ئەبەستن و شێخ لەو وەختەدا ئەچێ بۆ سەجدە، بۆ نەگبەتی دوو پشکێک پێوەی ئەدا. لە تاو ژانی دووپشکەکە کوتوپڕ بایەکی گەورەی لێ بەر ئەبێ. زۆر تەریق ئەبێتەوە، نوێژەکە ئەبڕێ و دەست ئەکا بە جنێو دان بە مەلا ئەڵێ: «من ئەڵێم نوێژم پێوە نایە ئەو هەر ئەڵێ نوێژ بکە، لای وایە مارەیی دایکی بە سەرمەوەیە».

- لەو ولاتە کابرایەکی کاروانچی ئەیەوێ چەند هێلکەیەک بکڕێت، ئەچێ بە ئاواییەکەدا ئەسووڕێتەوە دەستی ناکەوێ؛ تومەز ئەمە لەوێدا بە هێلکە ئەڵێن «یومورتە». ئەمیش نازانێ بڵێ یومورتە لە بەر ئەوەیە دەستی نەئەکەوت. کوتوپڕ ئەچێتە ماڵێک تەنها ژنێکی تێدا ئەبێ، کە ئەم داوای هێلکەی لێ ئەکا، ئەو لێی تێ ئەگا و ئەڵێ هەمانە. چوار هێلکە بە قەرانێ لە گەڵی رێک ئەکەوێ.

ژنە ئەچێتە بەر کولانەکە کە هێلکە دەرێنێ، دەرپێ لە پێیا نامێنێ، پاشەڵێکی سپی و قەڵەوی ئەبێ. کابرا خۆی لێ خۆش ئەکا؛ کە ئەو سەر ئەکا بە کولانەدا ئەم لە دواوە بیلامانێ ئیشی خۆی لە گەڵا ئەکا و ژنەش هیچی بۆ ناکرێ. کابرا، کە لە ئیشی خۆی ئەبێتەوە، هێلکەکان وەرئەگرێ و پارەکەی ئەداتێ و ئەڕوا.

ئێوارە کە مێردی ژنە دێتەوە ژنەکە بۆی ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: «پیاوەکە ئیمڕۆ هەندێ یومورتەم فرۆشت بە کابرایەکی کاروانچی. هەر چوار یومورتە بە قەرانێک». کابراش ئەڵێ بە خوا خەڵەتاوی؛ لە کەرکووک سێ یومورتە بە قەرانێکە؛ باش گاوتی. ئەبوا نەتفرۆشتایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ژنە ئەڵێ جا من بڵێم چی بە خوا سەرم لە کولانەکەدا نەبووایە بە باوکیشیەوە نەیئەتوانی بمگێ.

- کابرایەک هەبوو لە سنە شێخ‌تەیمووری ناو بوو. ئەم شێخ تەیموورە پیاوێکی گاڵتەچی و قسەقوت بوو. دیوەخانگێڕی خەسرەوخانی کوڕی ئامانەڵلاخانی والی و موچەخۆری والی ئەردەڵان بوو. گۆیا ئەم شێخ‌تەیموورە دەستی پاش بازی هەبووە لە گەڵ شێخ ژنیا. لە بەر ئەمە ژنەکەی هەڵئەستێ ئەچێتە لای «ماهشەرەف‌خانم» -ژنی خەسرەوخان- شکاتی لێ ئەکا. ماهشەرەف‌خانمیش بانگی ئەکاو گەلێ قسەی پێ ئەڵێ و لە ئەنجاما شاربەدەریشی ئەکا. شێخ ئیتر چاری نامێنێ پروپریاسکەی خۆی چی ئەبێ لە ناو ماڵا کۆی ئەکاتەوە ئەیخاتە تاکی خورجێک و ئەیخاتە سەر گوێدرێژێک و لێ ئەدا لە شار ئەچێتە دەرەوە تا بزانێ بەڵکوو خوا دەروویەکی لێ ئەکاتەوە.

دیارە خورجەکە لە بەر ئەوە لارەسەنگ ئەبێ لە سەر پشتی کەرەکە ڕاناوەستێ. شێخیش خێراخێرا هەر ئەیخاتەوە سەری و بە دەستیەوە بە هیلاک ئەچێ. ماهشەرەف‌خانم لە پەنجەرەوە چاوی لێ ئەبێ، زۆر بە لایەوە سەیر ئەبێ. بانگی لێ ئەکا ئەڵێ: شێخ تەیموور تۆ شێت بوویت، چۆن ئەم شتومەکانە ئەخەیتە یەک تای خورجەکەوە؟ نازانی لارەسەنگ ئەبێ و ڕاناوەستێ؟ بیخەرە هەر دوو تاکەکەیەوە تا نەکەوێ.

شێخیش ئەڵێ: خانم نازانم قوڕی کوێ بکەم بە سەرما! ئەی تۆ لە سەر ئەوە کە خستوومەتە هەر دوو تاکەکەیەوە شاربەدەرت نەکردم؟ ئاخر نازانی من لە بەر ئەوە کە لارەسەنگ نەبێ بۆیە وام ئەکرد. ئیتر ماهشەرەف‌خانم پێئەکەنێ و ئەڵێ: دەک بە لەعنەت بی بۆ خۆت و وەڵامت و کردەوەت! ئیتر فەرمانی دا بە گێڕانەوەی.

- جارێک فەقێیەک لە خزمەتی مەلای بیارە -مەلا قادر-دا ئەبێ. فەقێیەکە شێت ئەبێ، ئەڵێ: مامۆستا بە خوا لەشم پیسە. مەلا ئەفەرموێ بیخەنە ئەو حەوزەوە لەش پیسی دەرکەن.

فەقێیەکە قاقا دەست ئەکا بە پێکەنین و ئەڵێ: مەلا خۆ تۆ مەلایی نازانی، نیەت بە دەست خۆمە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.mbari.org

- شێخ مارفی سەعاتچی بۆی گێڕامەوە وتی: «ساڵێکیان نەخۆش بووم، بردبوومیانە خەستەخانەکەی سولەیمانی لەوێ لە ژوورێکا بووم. یەک دوو ڕۆژی پێچوو، پیاوێکی کۆنی ریش سپی لەواند بوو بە ساغی بە گۆچان ئەڕۆیشت بە ڕێگەدا ئەویشیان بە نەخۆشی هێنایە ئەو ژوورە. لە نکەنکەو قسە کردنەکەیا بۆم دەرکەوت «یۆسۆجان»ی بوو. دوکتۆر هاتە سەری و لە بەر ئەوەی سکی نەئەچوو وتی: دەستووری کەن. بە دەستومەر دەست و دەستوور و تڕ و تفاقیان هێنا و دەرپێی کابرایان داکەند. کابرا کە ئەمەی دی زیندوو بوەوەو وتی: ئەوە چی ئەکەن؟ وتیان دەستوورت ئەکەین. وتی برا دەستوور چییە؟ تێیانگەیان کە دەستوور چییە.

کابرا هەناسەیەکی هەڵ کێشا و دایە بانگ دان: ڕۆڵەڕۆ! برا ڕۆ! چیم کرد وە خۆم. وتی: ئەوە بەچکە شاری بۆیە هەر وە منالی حیز ئەون فێری ئەمە کریاگن؛ دەسا وەو کەریمەسوورە نایەلم پلتان وە قنگم کەوێ.

- دوو کابرای کوردی تاوەگۆزی چوو بوون بۆ هەڵەبجە بۆ شتومت کڕین. یەکێکیان پیرێکی بە ساڵاچووی پشت کۆماوە بوو. ئەویکەیان بارێکێکی لاوازی بێ تێن بوو. وا دیار بوو لە دوو خێڵ بوون؛ کۆنە قینێک لە بەینیانا هەبوو بەرپلاری یەک نەئەکەوتن. لەویدا بە ڕێکەوت تووشی یەک بوون و بوو بە شەڕ و جنێویان بەیەک ئەدا. کابرای لاواز ڕووی کردە پیرەکەو پێی وت: «بچۆ وەو لاوە هەی سەگی گووکەری پشت هیز! پیژی ژیکەوانی هاتگیسە یەک. تۆیش ناوی خۆتت ناگەسە پیاگ؟»

ئینجا پیرە پشت کۆماوە بەوی وت: «کورە تۆ بچۆ بەو لاوە بکەم وە قنگی دایکتەوە. پیژی پیاگی چاوی چارەڕیت، وە خوا هیچ چەورت ناکەم ئەتکەم وە قنگی کەرا». لاوازەکەش پێی وتەوە: «نا، نایکەم وە قنگی خۆتا خاسترە».

- کابرایەکی خەڵکی «باوەکوچک»ی لای هەڵەبجە -کە کۆنە کۆچەرێ بوو- کوڕێکی چووبوو بۆ فەقێیەتی. کوڕە لە پاش ساڵێک دێتەوە بۆ ماڵی باوکی بۆ دیدەنی. دەستێ جلی جوان و پاک و پوختەی لە بەرا ئەبێ، جووتێ قۆندەرەی تازەی لە پێیا ئەبێ؛ هەموو جار بە پاژنە هەڵکێش لە پێی ئەکا. فەقێ لە پاش چەند ڕۆژێک ئەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی خۆی. خەڵک و خوا لە باوکی ئەپرسن و ئەڵێن: ئەرێ خاڵە! حەمە دیار نییە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بێژی چوو گەسەوە؟ ئەویش ئەڵێ: حەمەی کورِم وە هێمە رازی ناوێ؛ کەوش وە چمچمە هەڵئەکێشێ، کەڵکی برِیاگە، بێژی من فەق فەقێم.

- شێخبابەعەلیتەکیەیی جارێکیان ئەچێتەوە بۆ تەکیە. لە رێگادا شەوێک لە ئاوایی «کونەکۆتر» ئەمێنێتەوە. کونە کۆتریش هەموو خزم و ناسیاو بوون، ئەیویست هەموویان ببینێ. ئێوارێ بۆ نوێژی شێوان چوو بۆ مزگەوت و خەریکی دەستنوێژ شتن بوو، تەماشای کرد خەڵکێکی ئێجگار زۆر لە ناو بەردەکانا لە تەنیشت یەکەوە دانیشتوون و هەموو لە پشتێنا بەو ژووریان بە دەرەوەیە، ئەو شوێنەش نزیکی کانی ژنان بوو. پرسی ئەوە ئەو حەشامەتە چی ئەکەن لەوێ؟ وتیان قوربان ئەوە عابخانەیەو ئەو خەڵکە لە سەر پێشاوان. بابەعەلی وتی: کورِم لەوە چاکتر دەست ناکەوێ بۆ چاو پێکەوتنی خزمان. دەستنوێژی لە نیوەدا بەجێهێشت و خێرا چوو لە بەینیانا وتی: سەلامو عەلەیکم و دانیشت. یەکە یەکە رووی تێکردن و دەستی کرد بە مەرحەبا و چاک و چۆنی لەگەڵیان، قوتوەکەشی دەرهێنا هەر یەکە جگەرەیەکیشی دانێ.

خەڵکەکە کە ئەمەیان چاو پێکەوت هەر یەکە بە گەڵ و گونی بەرِەڵڵاوە رووەو شیوێک هەلاتن. بابە عەلی وتی برا بۆچ هەڵدێن؟ من بۆ لای ئێوە هاتووم، لێرە نەبێ وا بە کۆمەڵی لە شوێنێکیتر ناتانبینم.

- کابرایەکی خەڵکی «زاخە» بۆ کاروکاسبی رێی ئەکەوێتە ئەستەمۆڵ. کە ئەچێتە ناو شار هیلاک و ماندوو و پەرێشان ئەبێ، لە بەر گەرما و برسییەتی بە جارێ ئەوەندەیتر پەکی ئەکەوێ. بە ناچاری لە بن سێبەری دیوارێکی بەرزا خۆی دا بە عەرزا و لێی کەوت. کابراش گاڵتەی لە گەڵ نەئەکرا؛ کەڵە مێردێکی کەڵەگەتی سوور و سپی ناو شان پان، بازۆڵە بادراو، بەڵام هەژاریەکەی سەری لێ تێکدابوو.

چاوی چووە خەو و نەچوو یەکێ بە تورکی بانگی کرد کە خانم داوات ئەکا، تومەز ئەم کە لە بن دیوارەکەدا کەوتووە خانمی ئەو ماڵە لە پەنجەرەوە چاوی پێ کەوتووەو ناردوویە بە شوێنیا. کابرا هەستا و رۆیشت. کە چووە سەرەوە بۆ خزمەت خانم، خانم بە تەواوی چووە دڵیەوەو پێ وت رەنگبێ تازە لە رێوە هاتبیت برسیت بێ. ناردی نانیان بۆ هێناو ئەمجا ناردیە حەمام کە خۆی بشوا، دەستێ جل و بەرگی جوانیشی بۆ نارد. کورِە لە حەمام هاتە دەرەوەو بەرگی نویی پۆشی بوو بوو بە پاشازادەیەک. کە هاتەوە بۆ خزمەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

خانم و خانم چاوی پێکەوت ئیتر بە تەواوی شیفتەی بوو، شەرمی لێ هەڵگیرا و بانگی کردە تەنیشت خۆیەوە.

ئەوەندە هەبوو کابرا لە بەر ئەوە تا ئەو وەختە هیچ شتێکی نەدیبوو لە ناوکی توند کرد و خەرێک بوو سکی کون بکا، ژنەش لە ژێرەوە هەر هاواری ئەکرد و بە تورکی ئەیوت: «ولان ئەشاغە، ولان ئەشاغە»؛ واتە بۆ خوارەوە بۆ خوارەوە. کابراش نەیئەزانی ئەشاغە چییە، لای وا بوو وشەی ئەشاغە یانی «باشە» هەر خۆی پیا ئەدا و ئەیوت: «خانم خوا نەیوڕێ و لێت وە زیا کا گشتی هەر ئەشاغەس».

- کورێکی «هەرتەل»ی لەو خۆشناوە ژنێکیان لە بەری «کۆیە» بۆ مارە کردبوو. ڕۆژێک کوڕە هەڵئەستێ دوو گوێدرێژ بار ئەکا لە مێوژ و دۆشاو ئەچێ بۆ ماڵی دەزگیرانی. کە ئەگاتە ئەوێ خەسووەکەی لە دوورەوە چاوی پێ ئەکەوێ و دێتە پێشوازی و گەلێ بە دەوریا دێت و ئەیباتە ژوورەوە. بەڕەیەکی پاک و خاوێنی بۆ ڕا ئەخاو پێی ئەڵێ کوڕم لەوێ دانیشەو خۆی ئەچێ بە لای تاقەت کردنی ولاخەکانەوە.

کە دێتەوە تەماشا ئەکا کوڕەکە بەڕەکەی هەڵداوەتەوەو لە سەر زەویەکە بە ڕانکە شرەکەیەوە دانیشتووە. پێی ئەڵێ کورم من بەرم بۆ تۆ ڕاخستووە بۆچی لە سەری دانەنیشتوویت؟ کوڕە ئەڵێ: «بە خودای دایە! قونانم من پێوەنە ڕایەم ناکەوێ لە سەر بەڕەکی دانیشم». خەسووەکەی سەرێکی بۆ با ئەداو ئەڵێ دەک موبارەکم نەبێ بۆ خۆم و زاوام.

کوڕە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان و لە پاش ماوەیەکی تر برایەکی لە خۆی گەورەتری هەبوو، دایکەکەی پێی وت دە کورم تۆش بچۆ سەرێک لە ماڵی خزمەکەمان بدەو شتێکیشیان بۆ بەرە. ئەویش هەستا بارێک دیاری دایە پێش و چوو بۆ ماڵی دەزگیرانی برای. ئەمیش کە گەیشتە ئەوێ ئامۆژنی هات و پێشوازی کرد و ڕایەخی بۆ ڕاخست و دانیشت. پاش بەخێر هاتن و چاک و چۆنی گلەیی براکەی لای کرد وتی من ڕایەخم بۆ ئەو ڕاخستووەو پێم وتووە دانیشە، کەچی ئەو وای جواب دامەوە. ئەمە ئەقڵە ئەو هەیەتی؟ کوڕەی براش سوور بووەوەو تووڕە بوو و وتی: «دەک لە قوڕێم نا! دەسا وەڵڵا دوو جارم گاینە چ بڕ مووی بە قوونانەوە نیە؛ وەکو کسۆکی درۆی کردینە». خەسووەکە کە گوێی لەمە بوو وتی بە.. هەتەر مەتەر ئەم لەو بەتەر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەویش گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو پاش بەینێکی‌تر باوکی کوڕە بە دەستووری ئەو وڵاتە ئەویش هەستا دوو گوێدرێژی دایە پێش و چوو بۆ سەردانی بووک. هەرکە گەیشت، خەسوو هات بە پیریەوەو داینا و پاش حەسانەوە شکاتی کوڕەکانی لای کرد. کابراش وتی: «ئەو هەتیمە بێژیە گچکەکەیان هیچ، بەرا داخی کوڕە گەورە لە درا من». وتی: بۆچی؟ وتی: ئەوێ رۆژێ کەرا دگێم ئەو بێژیە دێ پخەی لە کەرا دەکا کیرم دە دوڕ قوزی کەرێ حاسی بن و ئەویش لۆ خۆ پی بکەنی». ژنە ئەڵێ: گولمە، گولمە ئیشێکی باشمان کرد و کچی چاکمان دا بە شوو.

کابراش ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو پاش چەند رۆژێک ئنجا دایکی زاوا هەڵئەستێ بە بارێ دیاریەوە ئەچێ بۆ ماڵی بووکی بۆ سەردان. دایکی بووک زیاد لە هەموویان بە دەوریا دێت و پاشان ئەکەونە راز و گلەیی و هەموو قسەکانی بۆ ئەگێڕێتەوەو ئەڵێ شکاتم بردە بەر خاڵە مستۆی باوکیان کەچی ئەویش وای وت.

ژنەی دایکی زاوا بە لوتوپوت و لێو هەڵقرتانێکەوە وتی: «تو خوا وازبێنە، داخی باو زۆر گەورەن لە دڵا من». دایکی بووکیش وتی: بۆ چی؟ وتی: کچێ! ئەوا کوڕ و کاڵا دێ هەموو بە من خەنی دەبوون، کەچی ئەویش دەچوو جاشەکانی دەگا. ژنە وتی: دە خوا پێمان رەوابینێ ئەم خزمایەتییە تازەمان.

- کابرایەکی خۆشناو خەڵکی گوندی «کونەفلوسە» هەبوو؛ گەڵێ کەسی کوشتبوو. رۆژێک لە کۆیە زەفتیە بە گیری دێنن نەک بەو ناوەوە کە خەڵکی کووشتووە؛ چونکە ئەو دەستەیە نەیان ئەزانی ئەمە ئەوە، بەڵکو بۆیە هەڵیان پێچابوو ببەن بۆ سوخرە. کابراش وایە بۆیە تێی ئاڵاون ناسیویانە کە ئەمە ئەو خەڵکی کوشتوو. دەستی کردبوو بە پاڕانەوە لە زەفتیەکان بۆ ئەوە بەڵکوو بەرەڵلای کەن.

حاجی‌رەسوڵێکی‌کۆییش هەبوو لەو وەختەدا بە سەرا ئەچێ. پیاوێکی بە زمان و لێهاتوو بوو. کابرای خۆشناوی ئەناسی چووە بن دەست زەفتیەکانەوە پێی وتن ئێستە ئەم کابرایەتان بۆ سوخرە ئەوێ و ئەویش ماڵ و منالێکی وردی هەیە، ئەو بەرەڵلا کەن و من لە باتی ئەو بگرن. بە هەر جۆر بوو زەفتیەکانی ساز کرد و کابرایان بەرەڵلا کرد. کابرا هەر کە لە دەستیان دەرباز بوو ئیتر وەکو مووروی مار خۆی وون کرد. حاجی‌رەسوڵیش دەنگی نەکرد تا کابرا لە چاو وون بوو ئنجا ئەویش ملی رێی گرت و رۆیشت. زەفتیەکان ویستیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیبەن پێی وتن مردووتان مرێ! شێت بوون بردنی چی؟ بێن دوو بدەن لەمە. ئەویش خۆی نەدا بە دەستەوەو ڕۆیشت.

حاجی ڕەسوڵ بۆ ساڵی دوایی چوو بۆ کونەفلوسە بۆ دارگوێزکرین. دارێکی کڕی و کرێکاری خستە سەری بیبڕنەوە. ئەم دارە لەق و پۆیەکەی بە سەر ماڵێکا شۆڕ ببووەوە کە ئەیانبریەوە حەیشی بە ماڵەکەی تاڵ کردبوو. ژنی خاوەن ماڵ بانگی کرد لە مێردەکەی وتی: ئەرێ هیزە ئەوە ما چاری ئەو سەگبابانە ناکەی؟ ئنجا کابرا رووی کردە ژنەکەی و بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد وتی: «کچی وس بە. ئەوە حاجی‌ڕەسوڵە، حاجی‌ڕەسوڵ. ئەگەر ئەو نەبا جارێکیکە ئەو جووتە گونانەت بە قوونا نەدەکەت، دە ئیتر وس بە».

- حەسەن‌بەگی‌عەلی بەگی‌جاف بۆی گێڕامەوە وتی: دوو تیرە لەو سەرە هەن یەکێکیان کاک‌سەوەنی و ئەویکەیان قەمەرییان پێ ئەڵێن. تۆزێ ناکۆکی هەبوو لە بەینیانا. سمایلێکی «بامۆکی» هەبوو مەلای سلێمان‌خانی سەرۆکی عەشیرەتی ئەم کاک سەوەنیە بوو. مەلا نوێژی ئەکردن و بە منداڵەکانیشیانی ئەخوێند.

کوڕێکی ئەم سلێمان خانە هەبوو لای مەلا ئەیخوێند. هەر لە «ا، ب، ت»وە دەرزی پێوت تا گەیشتنە سوورەی «والشمس و القمر». کە ئەگەنە ئەوێ کوڕە مان ئەکاو نایڵێت. مەلا ئەڵێ بۆچ دەنگ ناکەی؟ کوڕە ئەڵێ: «مامۆستا تۆ نانی باوک و عەشیرەتی من ئەخۆیت و کەچی عەشیرەتی قەمەریت بە لاوە گەورەترەو ئەوان سەر ئەخەی بە سەر ئێمەدا!»

مەلا زۆر سەری سووڕ ئەمێنێ، ئەڵێ ئەمە مانای چییە؟ ئەڵێ: «ئەوە نییە تۆ ناوی قەمەری دێنی لە قورعان و هیچ گوێ بە ئێمە نادەی».

مەلا ئەمجا تێ ئەگاو ئەڵێ رۆڵە ئەمە بە دەست من نییەو ئەمە قورعانە؛ خۆ من دامنەناوە. هەر چەند قسە ئەکا کوڕە ناچێ بە گوێیداو نایڵێ و ئەچێ بۆ شکات بۆ لای باوکی. کە باوکی تێ ئەگەیەنێ، باوک خراپتر. مەلا بانگ ئەکاو پێی ئەڵێ: «تۆ نان خۆرو بەرگ دری منی، کەچی ناوی قەمەری سەگباب دێنی و ناوی کاک سەوەنی بەو نەجیمی و پیاوەتیەوە ناهێنێ لەو قورعانەدا کە بە کوڕەکەمی ئەڵێیت؟ دەسا هەر سێ تەلاقی ئەم سلێمان‌خانە کەوتبێ ناوی کاک سەوەنیش نەخەیتە قورئانەوە بە گوللەیەک ساردت ئەکەمەوە. هەی بکەم وە قنگ دایک خۆت و تەغارێک عەشرەتتەوە». مەلا ئیتر دەمی ئەبێ بە تەڵەی تەقیو و هیچی پێ ناوترێ، هەر ئەوەندە نەبێ کە ئەڵێ: خان ئەمە فەرمایشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوایە من چۆن دەستی لێدەم؟ خۆ بە دەست من نییە. خان پێی ئەڵێ: من ئەمانە نازانم هەر ئەوەیە کە پێم وتویت.

مەلا ناچار ئەچێتەوە قورئانەکە دێنێتە پێشەوە تیایا ئەنووسێ «والشمس و کاک سەوەنی والقمر»و بەیانی کورەکە دێتەوە بەم جۆرە پێی ئەڵێت. کورە لە خۆشیانا پێی ناکەوێتە عەرز، ئەچێتەوە بۆ باوکی ئەگێڕێتەوە. باوکی ئەنێرێ بە شوێن مەلاداو خەلاتێکی باشی ئەکا. ئەمجا مەلا ئەڵێ: «خان! من هەر بەمەوە ناوەستم، هەر ئێستە ئەنێرم هەر چی قورئان هەیە بیهێنن و هەمووی ئەکەم بە "والشمس و کاک سەوەنی والقمر"». خان بە جارێ لە خۆشیانا شێت ئەبێ و ئەنێری دوو ئەوەندەیتر خەلاتی مەلا ئەکەن.

- کابرایەک لەو دەشتی دزەییە ئەچێتە لای مەلایەک ئەڵێ: «مامۆستا، بێ عەدەبێ نەبێ پیاو کە چووە سەر ئاودەستان چەندە قنگی بشوا پاک دەبێتەوە». ئەویش ئەڵێ: «برا ئەوەندەی بشوا تا جیڕەو زیڕەی لێوە دێت».

ئەمجا کابرا کە دەچێتە سەر ئاودەست و دەست بە ئاو ئەگەیەنێ پاشان خۆی ئەشوا، هەر دەست ئەبا بە خۆیا دێنێت و ئاوی پیا ئەکا کوتوپڕ تڕێک ئەکا. ئەڵێ: «ئەی بە کیری مەلاوە! چاک جیڕەو زیڕەی لێوە هات».

- کابرایەک بێوەژنێکی لە سک وەستاوی هێنابوو. هەوەڵ شەو لێی پرسی: «ئەرێ دایکم، چەند شووت کردووە؟» وتی: «باوکم، بە گۆڕی جوانە مەرگەکە تەنها ٣١ شوو لەوە زیاتر پێم حەرام بێ».

کابرا وتی: «لەمانە هیچ مەلایان تیا هەبوو؟» وتی: «نەوەڵلا». وتی: «کەواتە باشە هێشتا هەر کچی، خوا نەیبرێ».

- پیاوێکم لابوو لە بەغدا «مام پیرداوود»مان پێ ئەوت. خەڵکی «دیبەگە»ی دەشتی دزەیی بوو. پیاوێک بوو بە دوبارا هەژار بوو، ئەوی خوا عەرەبیشی دانابێ ئەو نەیئەزانی.

ئەو سەردەمە بوو کە حاجیەکانی کوردەواری ئەهاتن ئەچون بۆ حەج. دیارە ئەمانە بە بەغدادا تێ ئەپەڕن. ئەمانەش کە دێ خۆت ئەیزانی بە تایبەتی کە هاوین بێ زۆرتریان دزداشەیەک لە بەر ئەکەن و پشتێنێکی بە سەرەوە ئەبەستن و حەمایلەکەیان ئەخەنە ملیان و دیارە جامەدانیەکیشیان بە سەرەوەیە. راستی پیاو ئەمانە بە حاجی نازانێ بەلام با حاجی بن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مام پیرداوودی لای منیش ئێوارە وەخت بوو، دزداشەیەکی سپی تازەی لە بەرابوو. جامانە ریشوەدارەکەی بە دەور سەرەوە بوو لە چەقی بەر دەرگای مزگەوتەکەدا لە سەر چنچکان دانیشتبوو جگەرەیەکی قامیشی بە لا لێوەوە بوو جگەرەی ئەکێشا و سەیری ئەو عالەمەی ئەکرد کە ئەهاتن و ئەچوون.

هەندێ کەسیش هەن لە بەغدادا قاوەی دەستگێڕ ئەگێڕن. تووشی هەر کەسێ ئەبن ئەیدەنێ و پارەی لێ ئەستێنن؛ بڕوات بێ سواڵکەری باشترە لەو ئیشەی ئەوان.

ئەوەندەم زانی کابرایەکی رەش پێسی شڕی چڵکنی گرژن جەزوەیەکی قاوەی بە دەستەوەیە لە دوورەوە مامپیرداوودی بەدی کرد و بۆی کشا. لە باوەڕی ئەوا ئەم حاجیە کە هاتووە بۆ حەج ئەچێ، هیچ نەبێ شتێکی لێ ئەبەستێنەوە. هاتوو لە بەر دەمیا ڕایگرت مام پیر داوودیش هیچ سێ و دووی لێ نەکرد وەریگرت و خواردیەوەو فنجانەکەی دایەوە دەست کابرا. جگەرەکەی نەفەسێکی مابوو نەفەسەکەی لێ دا و فڕێیدا تا ئەم ئەمەی کرد کابرا قاوەیەکی تریشی بۆ تێکرد. ئەویش وەریگرت و خواردیەوە.

ئەم قاوەچیانە رەوشتیان وایە لە قاوەی یەکەم و دووهەما ئەگەر کابرا نەیووت بەسە، بۆی ئەکەن بە سێ فنجان و ئیتر بۆی تێ ناکەن. جا لە بەر ئەوە کە مام پیرداوود نەیوت بەسە، کابرا قاوەی سێهەمیشی بۆ تێکرد. ئەویشی وەرگرت، خواردیەوەو فنجانەکەی دایەوە دەستی.

کابرا ئیتر راوەستا و چاوەڕێ ئەوە ئەکا کە هیچ نەبێ مام پیرداوود حاجیە، دەست بەرێ پەنجا فلسی بداتێ. خۆ مام پیرداوودیش ئەسپێ لە گیرفانیا «فەتاح پاشا» ئەکا. هەر نازانێ دنیا چ باسە.

کابرا کە سەیری کرد هیچ دیار نییەو زۆریش وەستا. رووی کردە مام پیرداوود وتی: «عمی اشو ماتلعب ئیدک»؛ واتە مامە وەکوو ئەبینم دەستت ناخەیتە کار؛ مەبەستی ئەوە بوو یانێ دەست ناکەی بەگیرفانتا پارە دەرێنی.

مام پیرداوودیش هیچ چۆنیەتی دانیشتنەکەی تێک نەدابوو، نەشیئەزانی کابرا ئەڵێ چی. سەرێکی بۆ بەرز کردەوەو وتی: «چ دەری؟»

کابراش نەیئەزانی ئەم ئەڵێ چی، هەر ئەیووت: «عمی اشو ماتلعب ئیدک».

لەو وەختەدا مام پیرداوود دەستی برد و کیسە توتنەکەی لە پشتێنەکەی کردەوە پەڕەیە بەرماخی دەرهێناو ئەغزە کۆنەکەی کردبوو بە پێچی جامەدانەکەیا ئەویشی هێنا لە بەر ئەوە قاوەی خواردبووە ئارەزووی جگەرەی بوو، دەستیکرد بە جگەرە تێکردن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کابرای قاوەچی کە ئەمەی چاو پێکەوت دەستێکی راوەشان و وتی: «انی اقول هیچی تلعب ئیدک»؛ وا من ئەڵێم وا تۆ دەستت بخەیتە کار؟ ئەمیش هەر ئەیوت «چ دەرێی؟»

کابرا سەیری کرد هیچ کەڵکێک لەمە وەرناگرێ، قاوەکەی لە دەست دەرچوو زۆریش ماتڵ بوو سەری خۆی حیز کردوو بە بۆڵەبۆڵ لادا ڕۆیشت. لە بەر ئەوە چاوی بە خەڵکی‌ترەوە بوو، نەشی‌وێرا جامەدانەکەی لە سەر بکاتەوە.

لێرەدا سەیرتر ئەوە بوو وەکو کابرا ئەڵێ: «ئاش لە خەیالێک و ئاشەوان لە خەیالێک»، کابرای قاوەچی لای وا بوو نێچیرێکی قەڵەوی دەست کەوتووەو ئێستە بەبێ‌قرە پارەیەکی باشی لێ دەست ئەکەوێ. مام پیرداوودیش لای وا بوو لە دیواخانەکەی «سلێماناغا»دا یەلە «دیبەگە» کابرای قاوەچی ئاغە قاوە بە سەر کرمانجەکانا ئەگێڕێ. ئیتر هیچ ئەوەی بە دڵا نەئەهات کە ئەمە بەغدایەو ئەبێ پارە بدات.

تەنانەت لە پاشا من پێم وت بۆچ ئەو قاوەت وەرگرت؟ وتی: لو؟ وتم ئاخر ئەبێ پارە بدەیت. وتی: «کوو، ئەبێ پارەش بدەم؟» وتم ئەی بۆچ سێبەری بن ئەشکەوتە؟ وتی: کوو؟ خۆ لە کن خۆمان چ پارەو مارە نییە جا من پارەم لە کوێ بوو بیدەم». وتم کەواتە زۆر چاکە.

– ئەڵێ شەیتان جارێک لەو بەر کێوە تووشی کابرایەکی «بێ سەری» بوو؛ پێی وت نایەیت تۆزی دەمەتەقێ بکەین؟ کابرا وتی با بیکەین. شەیتان زۆر شەکەت بوو، گەلێ سووڕابووەوە. بە کابرای وت: برا با یەکتر هەڵبگرین.

کابرا وتی: باشە بەڵام مەرجەکەمان چۆن بێ؟ شەیتان وتی: «قسەکەت باشە. تۆ من هەڵگرەو دەست ئەکەم بە گۆرانی وتن، هەتا هەچ گۆرانیەک ئەزانم ئەیلێم کە هیچ نەما دائەبەزم. تۆ سوار بە، تۆش دەست کە بە گۆرانی وتنی خۆت تا دوایی دێ ئەو وەختە تۆش دابەزە».

کابرا وتی: باشەو ملی بۆ دانەواند وتی وەرە بچۆرە سەر قەڵادوشکانم. شەیتان سوار بوو دەستی کرد بە گۆرانی وتن. ماوەیەک بەمجۆرە سووڕانەوەو ئاهەنگەکانی هەموو وت و پاشان وەستا. کابرا وتی: ئەوە بۆچ دەنگت نایە؟ وتی: «وەڵڵا ئیتر هیچ نەما». وتی: کەواتە دابەزە نۆرەی منە.

شەیتان دابەزی و کابرا چووە سەرشانی و دەستی کرد بە وتن: «حەیولانێ، هەی حەیولانێ، حەیولانێ هەی حەیولانێ». هەر وتی و هەر نەبڕایەوە. شەیتان بە تەواوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هەموو دنیای پڕزەی لێ بڕا. حەوجار دەوری دنیای دایەوە «حەیولانێ» هەر دوایی نەهات. وتی: ئەرێ ئەوە تۆ چیت کرد؟ ئەم گۆرانیە هەر دوایی نەهات؟ کابرای کوردە [وتی]: «لە کوێتە ئەمە جارێ هەر حەیولانییە؛ تڕحیوەکەی هێشتا لە دواوەیە».

شەیتان وتی: «کاکە نە لە من دەنگ و نە لە تۆ دەنگ. وەرە دابەزە بچۆ بە ڕێی خۆتەوە. لەمە زیاتر ئیتر مەمگێ، ئیشم زۆرن عالەم و زارۆڵەکانم بێ خاوەن ماونەتەوە».

- سەدیق‌پاشا بۆی گێڕامەوە، سەدیق القادری وتی: قائمقام بووم لە «چوارتا». عەشایری ئەم دیو هەموو جار ئەچوون تالان و بڕۆیان لەو ولاتی بانەو سەردەشت ئەکردو ئەهاتنەوە. خەڵکەکەی ئەولاش ئەچوونە لای فەرماندەی سەردەشت شکاتیان ئەکرد. فەرماندەش قاقەزی بە فارسی بۆ من ئەنووسی کە جەردەکان بگرم و ماڵەکە بسێنمەوە. منیش هەموو جار لە وڵامی نامەکەیا بە عەرەبێ ئەمنووسی «لم نعسر علی شیء».

هەموو ساڵێ جارێکیش بە ناوی ئەوەوە کە هەر دووکمان قۆمیسەری سنوور بووین لە دێیەک لەو دێیانە کۆ ئەبووینەوەو قسەمان لە کاروباری سنوور و هەڵ و هەواڵی ئەو یاڵەوە ئەکرد. وتی ڕۆژێک بڕیارماندا کە لە دێ «بێوڕێ» کۆ ببینەوە. من لێمدا چووم، شوێنیان بۆ چاک کردبووین، دانیشتم و زۆری پێ نەچوو فەرماندەش هات. بە شوێن ئەوا کابرایەکی ئەمنیەی ئێرانی ئەوەندەم زانی نقەنق نشتوە بە گونیەکی پڕ لە قاقەزو دەفتەرو شتومەکەوە هێنای لە تەنیشت منەوە دای بە ئەرزاو هەناسەیەکی دا، وەکو بڵێیت زۆر هیلاک بووە. منیش بە لامەوە سەیر بوو وتم ئەوە چییە؟ کابرا بە تووڕەییکەوە وتی: «ئاغا این هم لم نعسر است».

تۆمەز ئەوراقی ئەو ساڵە کە بە شوێن شتە دزراوەکانا نوسراوەو وڵامی دراوەتەوە هەموویان هەڵگرتووەو هێنابوویان بۆ ئەوێ پڕ ئەو گونیەیەو کابرا ناوی نا بوو «لم نعسر».

- مەلایەک هەبوو هەموو دەوری گەنجی بە سەر بردبوو بۆی نەلوابوو ژن بێنێ؛ هەروانێکەکەی هەڵ ئەگلۆفت. پیر بوو، پشتی کۆمابووەوە ئەو وەختە بە نەسیبی هەموو لایەک بێ ژنێکی بوو بە نەسیب. شەوێ بووکی بۆ کرایە پەردە، بووک ئەتوت بەچکە حۆریە. مەلا هەر بە دەوریا هەڵ ئەسووڕاو هیچی بۆ نەکرا-بیلامانێ- وانێکەکەی هێزی ڕاست بوونەوەی تیا نەمابوو.

جا ئەیدا بە ڕانی خۆیا و ئەیوت: «ئاخ بۆ کێرەکەی شەرح موغنی». هیچ، بەیانی هەر وەکو خۆی هاتە دەرەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

(شەرح موغنی کتێبێکی نەحوە فەقێ لە وەختی سوختەیەتیدا ئەیخوێنێ. ئەو دەورە کە ئەو کتێبە ئەخوێنرێ هەرەتی گەنجێتیە، وانێکەکە لەو دەورەدا ساج ئەسمێ جا ئەم ئاخی بۆ ئەو دەورەیە هەڵئەکێشا).

-جاران لەو دەشتی دزەییە مەلا زۆر کەم بوو. لە دە دوانزە گوندا بە حاڵ گوندێک مەلایەکی تیا هەبوو. مەلایەک هەبوو ئەیوت: مەلامحەمەدیبەهەشتفرۆش لە گوندی قوشتەپە دائەنیشت. ئەو مەلایە لە جەژنانی رەمەزانا سەری ئەهلی هەموو ئاواییەکانی چاک ئەکردەوەو سەرفیترەی هەموویانی وەرئەگرت.
لە ناو کرمانجایەتیشا لایان وایە، سەر هەر رۆژی جەژن چاک بکرێتەوە، ئەگینا بەرناکەوێ مەلاش خۆ پێی نەئەکرا هەر رۆژە بە سەر هەموو گوندەکانا بسوورێتەوەو سەریان چاک بکاتەوە. هەر ئەوەی پێ ئەکرا یەک دوو دێ بگەڕێ.
جا ئاواییەکانیتر پێیان ئەوت: «مامۆستا خۆ سەری ئێمەت چاک نەکردیتەوە. کوو سەرفیترەت بدەینێ؟» ئەویش ئەیوت: «بابم، من هەر لە بەیانی رۆژی جێژنێوە بێ فیترە سەری هەمووم چاک کردیتەوە».
مەبەستەکەشی ئەمەیە، گۆیا سەر لە بەیانی لەو دێیەدا کە لێی بووە چوەتە قەراخ ئاواییەکە پەنجەیەکی درێژ کردووە بە دێهاتەکانی ترا و فیکەیەکی بۆ کێشاون ئیتر بەم جۆرە ئەوە سەری هەمویانی چاک کردووتەوە.

ئەم چەند قسەیە فەزڵمحەمەد حوسین لەسولەیمانیەوە بۆ رشتەی ناردووە:
- کابرایەک دایکێکی پیری ئەبێ نەخۆش ئەکەوێ. مەلایەک بانگ ئەکا کە یاسینێ لە سەر دایکی بخوێنێ. لەو کاتەدا کە مەلا خەریکی یاسین خوێندنەکە ئەبێ، کوڕە قاشەشووتیەکی سووری گەیشتووی جوان ئەدا بە دایکی کە بیخوا. دایکە هیچ دەستی بۆ نایەنێ، تۆمەز مردووە. مەلاش هەر خەریکی یاسین خوێندنی خۆیەتی.
کوڕە رووی تێ ئەکاو ئەڵێ: «مەلا بیوڕەوە، بیوڕەوە تڕیا بە کێرتا. جاران بۆ توێکڵە گواوییک هەزار گانی ئەدا، ئێستە ناوە سوورەکەیشی ناخوا. دە ئیتر بیوڕەوە».

- ژنێک هەبوو لەو بنارە دۆستێکی هەبوو، هیچ شوێنێکیان نەبوو بۆ ژوان. قسەیان هاتە سەر ئەوە کە هەموو شەوێ کابرای دۆستە بێت و ژنەش لە باخەڵی مێردەکەیا بێت لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تەنیشتیەوە ڕاکشێت و گەمەو گاڵتەی خۆیان بکەن. بەڵام خۆت ئەزانی دنیا تاریکە، بۆ ئەوەی کابرای دۆستە لێی تێک نەچێ، ژنە پێی وت: «من پەتێکی سپی ئەبەستم بە قاچمەوە، ئیتر بەوەدا بزانە کە ئەوە قاچی منەو هی مێردەکەم نییە».

چەند شەوێک بەم جۆرە گەمەو گاڵتەیان کرد، شەوێک مێردەکەی چاوی بە پەتەکە کەوت، لێی پرسی ژنەکە ئەو پەتە چییە بە قاچتەوە؟ ژنەش وتی: «پیاوەکە ئەمە دەزووی بەن دەزووی پەت دەزووی شا دەزووی شۆخ دەزووی پیرۆزی شەو دۆزی سەر هۆزی مرادە؛ هەر کەس لە پێکا ئیمامی نازداری خدری زیندە -ڕۆحم بە قوربانی بێ!- بە خۆی و دارعەساکەیەوە دێ بە لایەوە. گوڵاوێکی ڕوونی بە بۆن و تینی ئەداتێ، بەخشەیەکەوە بەشکەیەکەوە بەمشەیەکەوە مرازی هەر دوو دنیای ئەداتێ».

پیاوەکە ئەمەی بیست خۆی لێ مات دا، بۆی ڕێ کەوت بە بێچرپەو بە دزیەوە پەتەکەی لە قاچی ژنەکەی کردەوەو بەستی بە قاچی خۆیەوە.

ئەو شەوە لە نیوە شەوا کابرای دۆستە دێت و دەست ئەکوتێ بە پەتەکە قاچەکە ئەدۆزیتەوەو بە قاچی ژنەکەی ئەزانێ. دەرپێیکەی دائەکەنێ و تێی بەر ئەبێ. کابرا بە خەبەر دێ و کە سەیر ئەکا یەکێ تێی بەربووە ئەیکا بە هەرا. کابرای دۆستە کە ئەزانێ لێی تێکچووە لنگی کابرا فڕێ ئەداو بۆی دەرئەچێ.

ژنە خەبەری ئەبێتەوەو ئەڵێ ئەوە چی بوو؟ کابرا ئەڵێ: «سوانم مردیت مرێ! حەزرەت خدر -ڕۆحم بە قوربانی بێ!- هێندی نەمابوو بە دار عەساکەی قوونانم بدڕێ. دی خەبەرم بووەوە ئەویش چووەوە ژێر پەردەی غەریبی».

-مەلایەک هەبوو لە سولەیمانی مەلا حەسەنە شێتەیان پێ ئەوت؛ بە منالانی ئەخوێند. کە تورە ئەبوو دەستی ئەکرد بە جنێودان و قوتابیەکانی بە لێدان دائەگرتەوە.

قوتابیەکی لاساری هەبوو ڕۆژێک زۆری لێدا، قوتابیەکە چووەوە بۆماڵەوە لای دایکی شکاتی کردو وتی ماموستا زۆری لێ داوم. دایکیشی هات بۆ لای ماموستا و دەستی کرد بە گلەیی کردن کە بۆچی ئەوەندەت لە کوڕەکەم داوە؟ مەلا حەسەنیش وتی: «دایکم، خوشکم "لاحیاءفی الدین" لە گریی قنگت بەم! کوڕەکەت زۆر لاسارو بێ حەیایە. بۆیە لێمدا ئەگێنە ئەستۆی بشکێ و چاویشی دەرێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەک هەبوو لە ناو «نەورۆلی»یە دەستی حەکیمی هەبوو. ئافرەتێکیش هەر لەوێدا هەبوو برینێکی ناقولا لە لا ڕانی هاتبوو، چاک نەئەبووەوە.

کابرای حەکیمیان بردە سەری. هێنای بە دەواو دەرمان مەعجوونێکی دروست کرد و کردی بە شاپلیتەو کێشایە کونی برینەکەوە. کونی برینەکە قوول بوو، شاپلیتەکەش زۆر زل بوو، ئافرەتەکە لە تاو ئازارەکەی خۆی پێی ڕانەگیرا –بیلامانێ– یەکێکی کەند. کابرای حەکیم ڕاچەنی و پاشان وتی: «ئەهوو! لە کوییەوە لێم داو لە کوییەوە دەرچوو».

- مەلاعەبدوللای حەبانیە بۆی گێڕامەوە وتی: مەلاعەباسی گەلالە وتی: ئەو سەردەمە ڕەز ئەخەسێنرا؛ واتە ڕەزانەی ئەخرایە سەر. مودیرێکی پڕی زل لە سوورداش هەبوو، خۆی هەستا چوو بۆ «سەرگەلو» بۆ تەخمینی ڕەزانەی ئەو ناوە. ئەو ساڵەش تەرزە ئەو ناوەی هەموو کوتابوو، ترێ زۆر کەم بوو. مودیریش توند و تیژیەکی وای ئەنواند تۆزی ئەکرد. «شەش بە تەشپیەکە حەوتی ڕەبەیەکە» ئەیدایە بەری، هەر چەند تکایان لێ ئەکرد کە زۆر نەنووسێ، ئەو زۆرتری ئەنووسی.

شەوێ لە دیواخانی حاجیشێخعارف کۆ ئەبنەوەو دیواخان گەرم ئەبێ. کوێخا و ریش سپی و پیاوماقوولی ئەو ولاتە هەموو لەوێ ئەبن و مودیریش بە فیزێکەوە لەو سەرەوە دانیشتووە. هەر چەن ئەو عالەمە تکای لێ ئەکەن ئەو هەر بای دێ و بە لای گوێدا ئەڕوا.

میرزا قادرێک هەبوو خەڵکی سولەیمانی بوو، پیاوێکی ئەدیب و قسە زان بوو. زۆر دەمێک بوو لەو ولاتە بوو؛ هەموو ئەیانناسی و بە چاوێکی بەرزەوە سەیریان ئەکرد.

کوتوپڕ میرزا قادر هات بۆ دیواخان و خەڵکەکە هەموو لە بەری هەڵسان و لەو سەرەوە دایاننا. مودیر نە لە بەری بزووت وە نە قسەشی لەگەڵ کرد.

میرزا قەندەیەکی درێژی هەبوو دەریهێنا و تێیکرد و کەلە پشکۆیەکیان بۆ خستە سەرو دەستی کرد بە مژ لێدانی. حاجیشێخمارف و دانیشتوان هەموو تکا لە مودیر ئەکەن تۆزێ لەم ڕەزانەیە کەم کاتەوە. مودیر بەگ هەر بە خەیالیشیا نایە. میرزا مژ ئەدا لە قەننەو گوێشی بۆ ئەم قسانە ڕاگرتووە، کە سەیری کرد مودیربەگ بە هیچ جۆر هەر بیزی نایە بۆ لەگەڵ ئەم خەڵکەدا قسە بکا دەمی لە قەننەکە بەرداو ڕووی کردە مودیر و وتی: «جەنابێ مودیربەگ! مادام جەنابی حاجیشێخعارف و ئەم هەموو خەڵکە تکات لێ ئەکەن، ئەگەر نەشکێنی گەلێ سەر بەرزیە بۆ جەنابت؟» مودیر ئەمجا هاتە قسەو ڕووی کردە میرزا قادرو وتی: «ئەوە تۆ چ کارەیت؟ ئەڵێی گونی منی وا خۆت قوت کردووتەوە دێیتە قسە کردن».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


حاجی شێخ عارف و خەڵکەکە زۆر ئەم قسەیان لەبەر گران ئەبێ و بۆ میرزا قادریش دلگران ئەبن؛ چونکە ئەو پیاوە لەو پیاوانە نەبوو کە قسەی وای دەربارەی بکرێ. حاجی شێخ عارف بۆ دڵدانەوەی میرزا قادر روو ئەکاتە میرزا و ئەڵێ: جەنابی میرزا قادر دڵت هیچ نەکا، ئەوە جەنابی مودیر بە گاڵتەوە شتی وا ئەفەرموێ؛ چونکە حەز لە نوکات و قسەی خۆش ئەکا. حاجی شێخ عارف لە دڵیشیا ئەزانێ کە میرزا قادر ئەم قسەیە قووت ناداو وڵامێکی باشی بۆ ئەدۆزێتەوە.

ئەمجا میرزا قادر بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێک بدا مژێکی‌تر ئەدا لە قەنەکەی و روو ئەکاتە حاجی‌شێخ‌عارف و ئەڵێ: «یا شێخ! قسەکەی مودیر بەگ زۆر جوانی فەرموو، کوا خوا ئەوەی بکردایە من گونی ئەو بومایە بە رۆژ لە سەر قنگی خۆێ و بە شەو لە سەر قوزی ژنەکەی بوومایە».

مودیر بەگ کە ئەم قسەیەی بیست چین چین ئارەقی دەرداو هیچ نەهاتە قسە. ئیتر دەست بە جێ بەو شەوە هەڵئەستێ هەر لە گەڵی خەریک ئەبن سوار ئەبێ و ئەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، رەزانەو مەزانەی هەموو بەجێهێشت.

-ساڵێک کوێخانامق هەبوو، تیلەکۆیی بوو. لەو دەشتی گوێی شێروانە خستبویان. کوڕێکی خوشکەزای هەبوو تەلاقی خواردبوو. بۆ ئەم مەسەلەیە هاتنە لام لە بەغدا. منیش کوڕێکی‌ترم لابوو، ئەمانە کە لە شێروانەوە خستبوویانە بەرە جووتێک لە ئاوایی کەلارەوە دوور بوون، لە پاش پرسیار و وڵامێکی زۆر کوێخا نامق وتی: «بێژم چی؟ ئەم کوڕە نەگوەتیسی. هەر ماڵمان تۆزێ لەو لاترەوە بوایە لە ئاوایی کەلار، هەزار تەلاقی وا بوایە قنچگێکی نەئەکەوت؛ کەچی وا ئێستا بە ناچاری کەوتگمە شوێنی وە وڵاتاناو یەکێکیش جواوێکی راستم نادا بە دەسەوە».

- محەمەدمەلاشەریف بۆی گێڕامەوە وتی:

مەلایەک هەبوو لای ئێمە کتێبێکی دەسنووسی کۆنی گەورەی گرتبوو بە دەستەوە موتالای ئەکرد. بە تەواوی تیایا کولا بوو. کتێبەکە خۆی بە خەتێکی درشت نووسرابووەوە پەراوێز(حاشیە)یشی هەبوو ئەو بە خەتێکی زۆر ورد نوسرا بووەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

پیاوێکیش هەر لەو گوندە بوو سۆفی‌حەسەنیان پێ ئەوت. زۆر بە دین و هەموو وەخت هەر لە خزمەت مەلا و فەقێیەکانا بوو. لەو وەختەدا کە مەلا موتالای کتێبەکەی ئەکرد ئەمیش چوو لە بن دەستیەوە هەڵتوتا و سەیری مەلا و کتێبەکەی ئەکرد.

مەلاش لە بەر خەریک بوونی خۆی هیچ ئاگای لەم نەبوو. سۆفی حەسەن لە پاش سەیر کردنێکی زۆر وتی مامۆستا ئەوە دەزانی ئەو خەتە درشتانە بخوێنیتەوە؟ مامۆستا وتی ئا. سۆفی وتی: «ئەی کسۆک مەلا». ئەمجا وتی هەر هەنوکەش دەزانی وردەکانیش بخوێنیتەوە؟ مەلا وتی ئا. وتی: «ئەی بەراز مەلا». مەلاش هیچ، نقووم بووەو ئاگای لە هیچ نیە.

- حوکومەتی عێراق تازە دامەزرابوو، بلاویان کردەوە کە «ئیمام» بۆ سەرباز رائەگرن. چەند مەلایەک چوونە ئیمتحانەوە. یەکێ لە پرسیارەکان ئەوە بوو کە «عێراق چەند لیوای هەیە؟» مەلایەک هێنای لە ولامەکەیا نووسی: «کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ عومەری بیارە، شێخ عەبدولقادر گەیلانی، شێخ جونەیدی بەغدادی و هەتەد». بەم جۆرە چواردە کەسی نووسیی و وتی: «ئەوەندەی ئەولیای تێدایە».

هەر لەو ئیمتحانەدا یەکێکی‌تر لە پرسیارەکان ئەوە بوو کە «ڕەوشت و کردەوەی هاروون رەشید چۆن و چی بووە؟»

- لەو سەرشیوە شێخیک هەبوو عەمری خوای کردبوو. زۆرتر لە دەروێشەکانی لەو تیرەی «روغانی»یە بوون. هەندێکیان کۆ ئەبنەوە ئەچن بۆ پرسەو کۆڕی شین و شەپۆر گەرم ئەبێ و دەرویش لە تاو نەمانی شێخ هەموو حاڵ ئەیانگرێ؛ هەر یەکە بە جۆرێک بە باڵای شێخا هەڵئەدەن. پاش زکر و فیکر و «تەهلیلە»، هەموو دائەنیشن و شێخ کوڕێکی منالی ئەبێ هەموو قسەیان دێتە سەر ئەوە بۆ ئەوە کە شوێن ئاگردان کوێر نەبێتەوە، ئەو کوڕەی لە شوێن دائەنێن.

کوڕە دێنن و مێزەرێکی ئەبەستن بە سەرەوەو لە سەر کەڵپۆستەکەی شێخ دائەنێن. کوڕ منال ئەبێ و بەو جۆرە خۆی ئەبینێ، ئەکەوێتە قنگە جوڵێ و ئەڵێ من ئیشم بە ڕێوە نابڕێ. زیاتر لە های و هووی دەروێشەکان زۆر دەترسێ، ئەمانیش گەڵێکی لەگەڵ خەریک ئەبن و ئەڵێن نابێ تۆ بەچکە مرواریت، [ئەبێ] هەر لە شوێنی باوکت دانیشی و دەروێشەکان بەری بەرێوە با وەجاخ کوێر نەبێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەمان زۆر ئەڵێن و ئەم کەم ئەیبیست. دەرویش‌مارف ناویکیان تیا ئەبێ ریش سپی و دەم سپی هەموویان ئەبێ. تەزبیحی زکرەکەی بە دەستەوە بوو وتی هەر راست دانانیشێ؟- رۆحم وە فیدای وێ- دەسا وە قەورەکەی شێخ نوزە لە دەمت بێتە دەرەوە ئا ئەو گەماڵە بۆرە ئەنێم وە خۆت و باوکت. دەسا بخۆ، لەمە زیاتر زکرەکەم لێ تێک مەدە، ئیتر بوڕێتەوە.

کوڕەکە ئەمە ئەبیەت لە ترسانا نقەی لێ ئەبڕێت.

- پیاوێک هەبوو سەی‌عەولقادری ناوو بوو؛ خەڵکی ئەو ولاتی دزەییە بوو. ساڵێک هاتبووە بەغدا بۆ ئیمامەتی لەشکەر. کوڕێکی‌تریش لە بەغدا هەبوو دووکانی بۆیاغچیەتی هەبوو؛ ئەویش هەر سەی‌عەولقادری ناو بوو. نەخوێندەوار بوو؛ خەتی رەش و سپی لە یەک نەئەکردەوە. لە گەڵ ئەو سەی‌عەولقادرەکەی‌ترا ناسراوییان هەبوو.

رۆژێک پۆستەچی کاغەزێک دێنی کە سەرەکەی نووسرابوو: «مەولاناسەیدعەبدولقادر». ئەیدا بە دەست ئەو سەی‌عەولقاری‌بۆیاغچیەوە، ئەمیش قاقەزەکە ئەدا بە یەکێ بۆی بخوێنێتەوە. پاشان سەیر ئەکا ئەوی لەم قاقەزەدا نووسراوە پەیوەندیەکی بەوەوە نییە. ئەیزانی کە ئەمە هی سەی‌عەولقادرەکەی‌ترە. قاقەز هەڵئەگرێ و کە سەید ئەچێتە لای قاقەزەکەی ئەداتێ.

سەید کە سەیر ئەکا قاقەزەکەی هەڵپچڕاوە پێی ئەڵێ: «لۆ ئەم قاقەزەت هەڵپچڕییە؟» ئەویش پێی ئەڵێ: تۆ خۆت ئەزانی من نەخوێندەوارم، پۆستەچیەکە هێنای بۆ من و منیش ناوم سەی‌عەولقادرە؛ لام وابوو هی منە، دام بە یەکێ بۆی خوێندمەوە. پاشان زانیم هی من نییەو هی تۆیە؛ ئیتر من چووزانم.

ئەویش ئەڵێ: «کوو نازانیت هی تۆ نییە مردیت مرێ؟ تۆ نابێ هەقت بێ، ئاخر کو لۆ تۆ دەنووسن مەولانا؟ تۆ کەی مەولانا بویتە؟ تۆ خۆت و مەولانا لە یەک ناکەیتەوە؟»

- سالەح قازی بۆی گێرامەوە وتی:

موعەلیمێکی وەکوو من هەبوو، رۆژێک داوی نابوەوە بۆ چۆلەکە گرتن. دەورو بەری داوەکەی پڕ کردبوو لە دان و خۆی لە دوورەوە لێی دانیشت. چۆلەکەیەکی زۆر لە دەورو بەری دانەکە کۆ ببونەوەو دەستیان کرد بە چینە کردن. وتی کابرا کەڵەشێرێکی هەبوو، لەو کاتەدا کەڵەشێرەکەش هات و لەگەڵ چۆلەکەکانا دەستی کرد بە دان خواردن. مامۆستا ویستی کەڵەشێرەکە دەر کا بۆ ئەوە بەڵکو چۆلەکەکان نزیکی داوەکە بکەونەوەو ببن بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

داوەکەوە. بەڵام نازانێ چۆن ئەم کەڵەشێرە دەرکا؛ ئەگەر ئەڵێ کش چۆلەکەکان هەڵئەفڕن، ئەگەر ئەبزوێتەوەو بەردی تێ ئەگرێ دیسان هەر لە بەر چۆلەکەکان ڕێ ناکەوێ.
وتی چاک وایە بە زمانێک قسە لەگەڵ کەڵەشێرەکەدا بکەم کە چۆلەکەکان تێ نەگەن. زمانەکەش ئەمە بوو وتی: «کاف، شین، کاف، شین، کاف، شین، شەک، شەک، شەک».

## گەنجی درەخشان

- ئەڵێ دەوری زوو لەو وڵاتی مادستانە پادشایەکی بە دەسەڵاتی زۆر ساماندار هەبوو. هیچ منالی نەئەبوو، بەم بۆنەیەوە شەو و ڕۆژ لە پەژارەدا بوو، هیچ شێخ و پیاو چاک و پزیشکێکی نەهێشت، کەڵکی نەبوو. قەڵەمڕەوەکەشی ڕۆژ بە ڕۆژ هەر زیادی ئەکرد، بەڵام دڵی ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ تەنگتر ئەبوو.
ڕۆژێک هەموو ئەستێرەژمێری مەملەکەتی کۆ کردەوە کە بەڵکوو لە ئەستێرەی بەختی ئەوا شتێکی بۆ بدۆزنەوە. ئەستێرەژمێران لە پاش ئەوە کە بە زانایی خۆیان هەموو ئەستێرە گەڕان، شتێکی زۆر سەیریان چاوپێکەوت. قسەیان هاتە سەر ئەوە کە بۆ پادشای نەگێڕنەوە، بەڵام پادشا تەنگی پێهەڵچنین و وتی هەر شتێکتان دیوە ئەبێ پێم بڵێن. ناچار ئەوانیش وتیان: ئەوەی ڕاستی بێ پادشاهم لە ئەستێرەی بەختی تۆدا کوڕێک بەرچاو ئەکەوێ و کوڕێکت ئەبێ؛ بەڵام ئەم کوڕە کە بوو بە تەمەنی حەو ساڵان مار پێوەی ئەدا و ئەمرێ.
پادشا بەمە لە لایەکەوە دڵخۆش بوو کە کوڕی ئەبێ، لە لایەکیشەوە دڵتەنگ بوو کە کوڕی ئەمرێ. وتی دیسان بۆم سەیر بکەنەوە. ئەستێرە ژمێرەکان هەر چەندە کەڵێن و قوژبنی ئەستێرەیان پشکنی لەمە زیاتریان بەرچاو نەکەوت. وتیان پادشاهم لەمە زیاتر هیچی‌تر نییە. تۆ کوڕێکت ئەبێ و قەزا و قەدەر وای هێناوە کە ئەبێ لەو تەمەنەدا و لە فلانە کات و وەختا مار پێوەی بدا و بمرێ.
پادشا وتی: خۆ لە حسابی ئەستێرەدا هەیە کە من کوڕێکم ببێ؟ وتیان بەڵێ، بەڵام قەزا و قەدەر وایە کە ئەبێ بڕوا. وتی سا من ئەو قەزا و قەدەرە ئەگێڕمەوەو نایەڵم ڕوو بدا.
بەڵێ، لە پاش ماوەیەک وەکوو ئەستێرەژمێران وتبوویان پادشا خوا کوڕێکی پێ ئەدا و لە هەموو قەڵەمڕەوی وڵاتا بوو بە ئاهەنگ و زەماوەند و شای لۆغان، شاو شاژن کۆرپەی ئیمڕۆژ و جێ‌نشینی پاشەڕۆژیان نەوەک لە ناو دڵی خۆیانا بەڵکو لە ناو دڵی هەموو مەردمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ولاتا بە نازی شیر و شەکەر بە خێو ئەکرد. پادشایش ئیتر هەر لەو فیکرەدا بوو کە چۆن ئەم قەزا و قەدەرە بگێڕێتەوەو ئەم جگەرگۆشەیەی بۆ بمێنێتەوە. هەموو رۆژێ هەموو دانا و زانا و توانای مەملەکەتی کۆ ئەکردەوەو ئەکەوتنە راوێژ کردن. ئەوان ئەیانوت قەزا و قەدەر ناگێڕێتەوە. ئەم ئەیوت ئەبێ بیگێڕمەوە. بەم جۆرە شەش سالی رەبەق تێپەڕی و پێ نرایە سالی حەوتەمین.

ئینجا پادشا هێنای لە دەشتێکی پان و فراوانی وەکو دەشتی سەرنوێدا فەرمانی دا هەموو خۆلی دەشتەکەیان تا قوولایی چوار گەز هەلکۆلی و خۆلەکەیان فڕێ دا. شوێنەکەیان بە بلوورو مینا دارِشت. ئەم دەشتە هەتا چاو کاری ئەکرد بەم جۆرەی لێ کرا. پاش ئەوە هێنایان لە ناوەڕاستی دەشتەکەدا چوار کۆلەکەی زۆر ئەستوورو زۆر درێژیان هەر لە بلوورو مینا دارِشت و بردیان بە عاسمانا. چوار زنجیری ئەستوری بلووریان هێنا لە گەل کەتێکی گەورەی دارِژاوی بە تۆراغی بلوور. ئەمەیان بەم جۆرە هەموو ئامادە کرد و هەرچی تیرەنداز و تیر بە دەستی مەملەکەت بوو هەموو کۆ بونەوەو چاوەڕێی وەخت و سەعات بوون. ئەستێرەکانیان ئەگرت حسابی ئەستێرەیان وا گەیاندبوو لە پادشا ئەگەر لە فلانە دەقیقەو سەعاتا ئەو کورە بپارێزری و مار پێوەی نەدا ئیتر قەیرانەکی بە سەر ئەچێ و هەزار سال لە دنیادا ئەمێنێ.

وەخت نزیک بووەوەو هەتا رۆژی قەیران. ئنجا کورەیان هێنا و قووتیان کردەوەو خستیانە ناو کەتەکەوە. زنجیرەکانیان هێنا، سەری هەر زنجیرێکیان شەتەک دا بە یەکێ لە کۆلەکە بلوورەکانەوە، ئەو سەرەکەیان بەست بە بێچکەی کەتەکەوەو رایانکێشا. کەت بەرز بووەوە چوو لە ناوە ڕاستی عاسمانەوە راوەستا. تیرەندازان و تیر بە دەستان هەموو خۆیان رووت کردەوەو تیر لە کەوانا و هەر یەکە دوو چاویان پێوە بوو، بوو بە چوار چاو سەیری ئەم لاو ئەو لایان کرد. ئەم هەموو ئیشەیان بۆ ئەوە کرد کە نەوەک مار پەیدا ببێ وە یا کوتوپڕ خۆی لە شوێنێ وە یا لە جل و بەرگی یەکێکا حەشار دابی.

وردە وردە وەختی قەیران هەر ئەهات و نزیک ئەبووەوەو مار لە هیچ لایەکەوە دیار نەبوو. خۆ ئەگەر ماری هەموو دونیاش کۆ ببوایەوە لەوانە نەبوو بتوانێ بگا بەو کورە؛ چونکە قەیران هەر زۆر کەمی ماوەو مار لە هیچ لایەکەوە دیار نییە. هاتە سەر ئەوە کە نیو دەقیقەی ماوە بۆ بوونی رەت بوونی قەیرانەکە. کوتوپڕ لە دوورەوە سەیریان کرد وا حاجی لەق لەقێک روو بە رووی کەتەکە هات و مارێکی بە دەمەوەیە، تیرەندازان و کوتەک بە دەستان و هەموو عالەم شلەژان. نالەو نەوا لە جەرگی فەلەکەوە بەرز بووەوە تیرەندازان کەوتنە تیر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاویشتن. حاجی لەقلەق نزیک بووەوەو تۆزێکی مابوو بۆ سەر کەتەکە، تیرەندازان تیرێکی هاویشت بۆ مارەکە بە دەمێوە تیر هیچ سەری نەکرد بە هاژە هاژ چوو نووسا بە گەرووی حاجی لەق لەقەوە. حاجی لەقلەق ماری لە دەم بەر بووەوەو مار کەوتە ناو کەتەکەوەو دای بە کورەکەوەو کورە مرد.

چەرخی زەمانە پێکەنی قاقاو ئافەرینی کرد لە ئەقڵی بەندەی لاواز و لە دەستی تیرەندازان. پێکەنی بەوە کە گۆیا ویستیان قەدەر بگێڕنەوە، ئافەرینیشی کرد لەو تیرەندازە کە چۆن توانی لەو عاسمانەوە ئەو تیرەی سەر نەکاو بدا لە گەرووی ئەو حاجی لەق لەقە.

- جارێک دوو کابرا لە بەینی دوو شاخا ڕێگری ئەکەن. کاروانچی تووشی ئەبێ بە تووشیانەوە رووتی ئەکەنەوەو دێنە سەر ئەوە کە بشی کوژن. کابرا گەلێکیان لێ ئەپاڕێتەوە کە نەیکوژن و هەر شتومەکەکەی لێ وەرگرن و لێی‌نەدەن، بڕۆن. هەتا ئەم زیاتر ئەپاڕایەوە ئەوان زیاتر تووڕە ئەبن. پێیان ئەڵێ کورێنە خوا ڕەوای هەقی نییە لە خۆڕایی بۆچ ئەمکوژن؟ خوا ئەم هەقە وون ناکاو تۆڵەتان هەر لێ ئەکاتەوە.

ئەوان لەم قسەیە ئەوەندەیتر شێت گیرتر ئەبن. ئەڵێن تۆڵەی چی و هەقی چی؟ کوا کێ هەیە لەم دەشتە چۆڵە کە بتوانێ هەقی تۆ وەربگری؟ ئەمە ئەڵێن و پەلاماری ئەدەن ئەیکوژن. لەو کاتەدا کە ئەیکوژن دوو کەو لەم بەری شاخەکەوە هەڵئەفڕن بۆ ئەو بەری شاخەکە. کابرا روویان تێ ئەکاو ئەڵێ: «کەوەکان، بە شاهێد بن ئەم کابرایانە لە خۆڕایی و بە ناهەق منیان کوشت». ئەمە ئەڵێ و گیانی دەرئەچێ.

چەند ساڵێکی زۆر بە سەر ئەم کارەساتە تێ ئەپەڕێ و کابرا وەکو کوژرا خوێنی هەروا ڕۆیی. ڕۆژێک ئەو دوو کابرایە کە ئەم چەند ساڵە هەر ئیشیان جەردەیی و پیاو کوشتن بووە، بە میوانی لە وڵاتێکی دوور لەو کوێستانە ڕێیان ئەکەوێتە ماڵی ئاغایەک و لە دیواخانا دائەنیشن. ئاغا زۆر خزمەتیان ئەکاو بە دەوریانا دێت. نایانناسێ کە ئەمانە جەردە و ڕێگرن. شەوێ نان دائەنرێ و پلاو و گۆشتێکی زۆر دێتە ناوەوە.

کابراکان سەیر ئەکەن وا دوو کەو بەساغی ئاوەڕووت کراوەو سوور کراوەتەوەو لەسەر دەوریە برنجەکە دانراوە. یەکێکیان سەیری ئەویکەیان ئەکا و زەردەخەنەیەک گرتی. [ئاغا ئەڵێ] ئایا نانەکەخراپە؟ ئەگەر خراپیش بێ ئەبێ ببورن. کابرا ئەڵێ: نەوەڵڵا لەبەر ئەوە نییە؛ نان و خوانێکی زۆر ڕێک و پێکە، بەڵام یادگارێک بوو لەبەینی خۆمانا کەئێستە ئەم کەوانەم چاوپێ کەوت، ئەو یادگارەم هاتەوە بیر؛ بۆیە پێکەنین گرتمی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نان خوراو هەڵگیرا، بەڵام کابرای خانەخوێ ئەو زەردەخەنەی کابرای هەر لەدڵیا بوو بەگرێ و لە دڵی دەرنەئەچوو. دیسان رووی کردنەوە وتی: فلانی! زۆر حەز ئەکەم سەمەرەی ئەو پێکەنینەت تێمبگەیەنی؛ چونکەمن هەر وا چوەتە دڵمەوە کە بە نانەکەی من پێکەنیوی.

کابرای میوانیش کە زانی وایە وتی: «تۆ دڵت هیچ نەکا، کەواتە مەسەلەکە ئەمەیە: من و ئەو هاوڕێیەم چەند ساڵێک لەمەو پێش لەو ولاتە ڕێگریمان ئەکرد. لە شیوێکا تووشی کابرایەک بووین رووتمان کردەوەو سەرەڕای ئەوە هاتینە سەر کوشتنیشی. کابرا زۆر پاڕایەوە کە نەیکوژین. لەو کاتەدا کە کوشتمان، دوو کەو بەویدا تێپەڕین، ئەوەندە ئەقڵی وابوو، هات رووی کردە کەوەکان وتی کەوەکان ئێوە بە شاهێد بن کە ئەم پیاوانە بە ناهەق من ئەکوژن. کەئەمەی وت ئیتر گیانی دەرچوو. ئێستەش کە چاوم بەم دوو کەوە سوورکراوەیە کەوت ئەو کارەساتەم هاتەوە بیر و بە هاوڕێکەی خۆمم وت ئەقڵی ئەو کابرایەت بێتەوەبیر کەئەچوو لەبەر بێ دەسەلاتی شتی وەکو ئەمانەی ئەکرد بەشایەت. ئەگینەخوا هەقە نان و خوانی تۆ هیچ بێ تفاقیەکی تێدا نەبوو».

کابرای خانەخۆی تۆزی سەری داخست و پاشان بەرزی کردەوەو وتی: «کوڕینە! ئێوە ئەزانن کەوەکان شاهێدیان لێ دان؟» وتیان چۆن؟ وتی: «وا ئەم کەوە سوورکراوانە ئێستە بە منیان وت کەئەم دوو کابرایانە لەسەر هیچ و بە ناهەق ئەو پیاوە بێگوناحەیان کوشت و ئێمەش شاهێدین. کەواتە ئەبێ لەخوێنی ئەو پیاوەدا بیانکوژیتەوەو نەیەلێ دەرچن. کابراکان وتیان چۆن شتی وا ئەبێ؟ ئەمە قسەیەکی کۆن بوو ئێمە گێڕامانەوە، تۆ چۆن ئەبێ شتی وا بڕوا بکەی؟ ئەمە هەر دەمەتەقێیەک بوو کردمان.

ئاغاکەوتی: بەسەری ئێوە هیچ چار نییەو کەوەکان شایەتیان لێیان داو خۆیشتان بەدەمی خۆتان وتتان. خوێنی ناهەق ناڕواو ستەمی نابەجێ تا سەر نابێ. مەسەلی کوردی خۆمانەئەلێ: «زالم زەوالی هەر بۆ ئەگا». وەللا بەسەری تۆ نەیهێشت ڕۆژ ببێتەوەهەر دووکی نان بە نیشانی تفەنگەوە. جا ئەمەیە ئەنجامی جەور و ستەمی ناهەق.

– لەقسەی گوێ ئاگردانی کوردەوارییە ئەلێ:

جارێک ئەنەوشیروان و بەختەکی وەزیری بەقەراخ شاری «مەدائین»دا ئەگەڕان. ئەو سەردەمە ئەنەوشیروان پیاوێکی زۆر ستەمکار و زالم بوو، هەموو ولات و مەملەکەت لەبەر جەوری ئەو بوو بەوێرانەو ئەهلەکەی هەموو تەفرو توونا بووبوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەڵێ کە چوونە قەراخ شار، هەمووی کەلاوەو وێرانەبوو. ئەنەوشیروان سەیری کرد بایەقوشێک لەسەر دیواری کەلاوەیەک نیشتووەو رووی کردۆتە بایەقوشێکی‌تر کەوا بەسەر دیواری کەلاوەیەکی‌ترەوەیە، کلکی هەڵئەتەکێنێ و بەسەر ئەویترا ئەخوێنێ. ئەویتریش بەو جۆرهەڵئەستێتەوەو وەلامی ئەداتەوە.

بەختەک لەزمانی هەموو جرو جانەوەرێکی ئەزانی. ئەنەوشیروان رووی تێ کردو وتی: «بەختەک ئەوە ئەو کونەپەپوانە ئەڵێن چی؟» ئەویش وتی شاهم! چیت عەرز بکەم؟ شتێکی وا نییە. وتی نابێ هەر ئەبێ پێم بڵێیت وتی: شاهم ناتوانم عەرزت بکەم. ئەگەر هیچم لێ ناکەی عەرزت ئەکەم. وتی لەژێر سێبەری منای مەترسە. ئنجا بەختەک وتی: «قوربان! ئەو بایەقووشەیان داوای کچی ئەویتریان ئەکا بۆ کوڕی خۆی. ئەویش داوای مارەیی لێ ئەکا».

ئەنەوشیروان وتی جا داوای چی لێ ئەکا؟ وتی: «قوربان، ئەڵێ ئەبێ سەد کەلاوە بکەی بەمارەیی کچەکەم». شا وتی ئەی ئەو چی جواب ئەداتەوە؟

وتی: «قوربان، ئەڵێ ئەنەوشیروان پادشا بێ و بەختەک وەزیر بێ، نەوەک سەد کەلاوە بەڵکوو هەزار کەلاوە بە پوولێک».

ئەنەوشیروان تاسێک بردیەوەو وتی: «چۆن من وام لێهات کەپەلەوەریش لە زوڵم و ستەمم بکەونەقسەکردن و باسم بکەن». ئیتر نەچوو بۆ گەڕانەکەی هەر لەویوە گەڕایەوەو ئەو راورەوشتەی کەتا ئەو وەختە هەیبوو، هەمووی فڕێدا و دەستی کرد بەدادپەرەستی و ولات ئاوەدان کردنەوەو زنجیری عەدالەتی راکێشا و بوو بەو ئەنەوشیروانەی کەپێی دەڵێن: «ئەنەوشیروانی عادل».

- دیسان هەر لەقسەی گوێ ئاگردانی کوردییە ئەڵێ:

کابرایەک لەو دەشتە بڕە مەڕێکی هەبوو. یەکێ لەمەڕەکانی لەشەوی نەورۆز زا و بەرخێکی هێنا. کابرا دەست بەجێ کاردێکی هەڵگرت و چووەسەر بەرخەکە، سەری ببڕێ. بەرخەکە هاتە زمان وتی: ئەوەچی ئەکەی؟ کابرا وتی چی ئەکەم؟ سەرت ئەبڕم و ئەتخۆم.

بەرخەوتی: کاکەبرا! ئەزانی من ئێستە پێم ناوەتە ئەم دنیایە. نازانم دنیا چۆنەو چۆن نییە. هەر ئەوەندە ئەزانم تاریکە. بۆچی دنیا هەر وایە؟ وتی: وا نییە. ئەمە شەوە بۆیە تاریکە. کەکەوتینە رۆژ دنیایەکی رووناکترە. وتی: کەواتەسەرم مەبڕەبا ئەو دنیا رووناکەش ببینم. وتی: باشە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org

ئەو شەوە لێی گەڕاو ڕۆژ بووەوە دنیایەکی ڕووناک هاتەپێشەوە. ئەو ڕۆژەش بەسەر چوو کەوتنەوەشەوێ. کابرا بەخۆیی و کاردەکەیەوە چووەوە سەری وتی: وا ڕۆژیش بەسەرچوو کەوتینەوەشەوێ ئیتر سەرت ئەبڕم.

بەرخەکەوتی: کاکەبۆچی ئەمە چە وەختێکە؟ کابرا وتی: ئەم وەختە سەرەتای بەهارەو دنیای دڵدارانە. وتی: کاکە تۆ ئەزانی من بەهارم نەدیوە، لێم گەڕێ با بەهار ببینم چۆنەو ئەو وەختە سەرم ببڕە. وتی باشە.

بەهار بەسەرچوو کەوتنە هاوین. کابرا بەخۆی و کاردەکەیەوە چووەوە سەری وتی: ئەوا بەهاریش بەسەر چوو، ئیتر سەرت ئەبڕم. وتی: بۆچی کەوتوینەتە کەی؟ وتی: کەوتوینەتە هاوین. وتی: کاکە! تۆ ئەزانی من هاوینیشم نەدیووە، لێم گەڕێ با سروەی هاوینیش ببینم. وتی: باشە.

هاوین بەسەرچوو، کەوتنەپایز. دیسان کاردێ هەڵگرتوو چووەوەسەوی. وتی: ئەوا هاوین دوایی هات و ئەبێ سەرت بڕم. وتی: بۆچ ئێستە واین لەچیا؟ وتی: واین لەپایزا و گەڵا خەزانی پایزە. وتی: کاکە بەدەورن، تۆ لەمن چاکتر ئەزانی کە پایزم نەدیوە. وازم لێ بێنە با پایزیشم چاو پێ بکەوی. وتی: باشە.

پایز بەسەرچوو پێ نرایە زستان. کابرا کاردی هەڵگرتوو چوو بۆ لای بەرخەکە وتی: برا ئەوا پایزیشت چاوپێکەوت و پایزیش بەسەرچوو. ئیتر سەرت ئەبڕم. وتی: بۆچی ئێستە چ وەختە؟ وتی: وەختی زستانەو کلێلەی کاوانە. وتی: کاکی مۆبەت! خۆ ئەزانی کە من نەزستانم دیووەنەکلێلەی کاوان. کەواتە لێمگەڕێ با ئەم زستانی تۆەش ببینم. وتی: باشە.

زستان بەسەرچوو کەوتنە شەوی نەورۆز و کەوتنە بەهار. کاردی هەڵگرت و چووەوە بۆ لای بەرخەکە وتی بەرخە! ئەوا زستانیش بەسەر چوو؛ ئێستە چی ئەڵێی؟

وتی: بۆچی کەوتینەچی؟ وتی: کەوتینەوە بەهار. وتی وەکو بەهارەکەی پار. وتی: ئا. وتی: بۆچی شتیتر نەماوە؟ وتی: نە. وتی: «کەواتە ئیتر سەرم برە. دنیا عبارەت لەشەو ڕۆژ و چوار وەختە لەبەهار و هاوین و پایز و زستان. هەر شتێکیتر بەشوێنیا بێت دەور کردنەوەیەو وەنەبێ شتێکی تازەبێت. لەگەڵ ئەوەشا هەر ئەم هەناسەیەیە کە تیایام ئێشی خۆت بکەو خوات لەگەڵ».

- ئەمیر تەیمووری گورکانی (٧٧١ ـ ٨٠٧هیجری) گەلێ ولاتی گرتبوو. مەتەڵێکی لەعالم و زاناکانی ئەو وەختەدا هێنابوو کەوا ئیشی چیە؟ ئەچووە هەر ولات و مەملەکەتێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم پرسیارەی ئەکرد و هەر کەس هەر وڵامێکی ئەدایەوە بە دڵیا نەئەچوو. ئەم پرسیارەی ئەم لە هەموو وڵاتێکا ناوبانگی دەرکردبوو؛ ئەویش بڵاو بوو بووەوە کە کەس وڵامی پێنەدراوەتەوە.

لە پەلامارەکەیا بۆ سەر بەغدا دیارە لەرێگەی کوردەوارییەوەچووە. ئەڵێن لەوێشا کورێکی گرتووەو ئەم پرسیارەی کردووە. مەلاکان هەموو لەرزیان لێ ئەنیشێ. مەلایەک فەقێەکی بچکولەی لا ئەبێ پێی ئەڵێ: «مامۆستا سبەینێ کەچویتە دیوان، من لەگەڵ خۆتا بەرەو بە ئەمیر تەیموور بڵێ ئەم پرسیارە لە من بکا. من وڵامی ئەدەمەوە». مەلا ئەمەی بەلاوە زۆر سەیر ئەبێ، چونکە هەموو عالمەکانی ئەو دەورە نەیانتوانیوە وڵام بدەنەوە، ئێستە ئەم مناڵە چۆن ئەتوانێ؟

ناچار مەلا کە ئەکەونە سبەینێ، فەقیە بچکولە لە گەڵ خۆی هەڵئەگرێ و بەترس و لەرزەوە ئەچێ بۆ بارەگا. بارەگای پادشاهی پڕە لە عالمان و لە وەزیرەکان. «سەعدەدینی تەفتازانی»یش لەگەڵ ئەمیر تەیموور ئەبێ و لەتەنیشتی ئەمیرەوە دانیشتووەو ئەمیر تەیموور خۆی لەسەر تەختێکی بەرزی پادشاهی دانیشتووە.

مەلا ئەچێتە ژوورەوە، پاشان قسە دێتەپێشەوەو ئەمیر تەیموور روو ئەکاتە مەلا و دانیشتووەکان ئەڵێ: خوا ئیشی چییە؟ مەلا ئەڵێ: پادشاهم پرسیار لەو فەقیە بچکولەیە بکە، ئەو وڵامت ئەداتەوە. پادشا و دانیشتووەکان سەریان سوورِ ئەمێنێ لەم قسەیە کەشتی وا چۆن ئەبێ؟ پرسیارێکی وا کە تا ئێستە هیچ عالمێک جوابی نەداوەتەوە، ئێستە بە مناڵێکی وا چۆن جواب ئەدرێتەوە؟

لەئاخرا پادشا رو ئەکاتە فەقێیە بچکولەکەو ئەڵێ: کورِم تۆیت کەخۆتت ئامادە کردوە بۆ وڵام دانەوە؟ ئەڵێ: پادشاهم، بەڵام لەپێش پرسیارەکەتا من پرسیارێکت [لێ] ئەکەم. پادشا ئەڵێ: بیڵێ. فەقێ ئەڵێ: «پادشاهم ئەو کەسەی پرسیاری لێ ئەکرێ لەشوێنی بەرز دائەنیشێ یا ئەو کەسەی کەپرسیار ئەکا؟» پادشا ئەڵێ: دیارەئەو کەسەی پرسیاری لێ ئەکرێ. ئەڵێ: «کەواتە تۆ هەستە وەرە شوێنەکەی من و من دێمە شوێنەکەی تۆ».

پادشا و دانیشتووان هەموو لەم قسەقوتە سەریان سڕ ئەمێنێ و پادشا قسەکەی ئەچێ بەدڵیەوەو هەڵئەستێ لەسەر تەختەکە دێتەخوارەوەو فەقێ ئەچێتەسەر تەخت و ئەم بە چۆکا لەبەر دەمیا دائەنیشێ. ئینجا فەقێ ئەڵێ: ئێستەپرسیارەکەت بکە.

پادشا ئەڵێ: «خوا ئیشی چییە؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەقێ بەبێ وەستان ئەڵێ: «ئیشی ئەوەیە تۆ لەسەر تەخت دێنێتە خوارەوەو من ئەخاتەسەر تەخت». پادشا و دانیشتووەکان لەم وەلامە واقیان وڕئەمێنێ. پادشا وەلامەکەی ئەچێتە دڵیەوە هەڵئەستێ ناو چەوانی فەقێ ماچ ئەکاو فەقێ ئەڵێ پرسیارت تەواو بۆ؟ ئەڵێ: بەڵێ. ئەڵێ: «کەواتە وەرەوە شوێنی پادشاهی خۆت و من دێمەوەشوێنی خۆم. من تەنها بۆ ئەوەندە ماوە شایستەی ئەم شوێنە بووم. لە ئێستە بە دواوە ئیتر شایستەی تۆیەو هەرکە بۆ شتێک دروست کراوە. لەکوردی لای ئێمەدا هەیەئەڵێ: نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب». ئەمەئەڵێ و هەڵئەستێ دێتەخوارەوە.

ئەمیر تەیموور ئەم قسانەی لە جەرگی وەلامەکە زیاتر پێ خۆشتر ئەبێ و هەموو عالم و دانیشتووەکانیش ئەیسەلمێنن کە وەلامەکەی و قسەکانی هەموو لە شوێنی خۆیا بووەو هەموو بەرزی و نزمیەک سەرچاوەکەی ئەچێتەوەسەر خوا.

هەندێک ئەڵێن ئەم منالە وەختی خۆی «سەعدەدینی تەفتازان»ی بووە. بەڵام وا نییە. بەڵێ سەعدەدین هاوڕێی ئەمیر تەیموور بووەو زۆر پایەبەرز بووە لە لای. ئەوەندە هەبووە وەختێ کە ئەو بووە بە هاوڕێی ئەمیر تەیموور، پیاو بووەو تا ٧٩٢هیجری لەگەڵیا بووەو پاشان مردووە.

- کابرایەک هەبوو لەو سەرە، سامان و ماڵەکەی لەوا نەبوو. لە هەموو ئەو وڵاتەدا ناوی دەرکردبوو. لەجووت و بەرەجووت لەگوند و ئاوایی لەرزەو باخ لەپارەو پوڵ هەڵیدا بووەوە مەگەر خوا بیزانێ. کۆشکێکی دروست کردبوو لەو دەورەو لەو ناوەدا مەگەر هەر کۆشکی پادشاهی وا بووایە. بە هاتوچۆ کردنی نۆکەرو کەنیزەکان و بەپرمەو حیلەی رەوەئەسپان و قەڵەمباز پەستنی توولەو تانجی بەدەنگی نەوای بولبول و قومری لەسەر چڵی داران و لە ناو باخچەی گوڵستانا و بەخوڕەی جۆگەلە ئاوی ناو حەوزی کافووری ژیانی ئەم کابرایە، بوویوو بەژێنی دڵداران؛ بوو بوو بەو کەسانەکەلەم دنیایەدا بەهەشتی بەرینیان دەستکەوتووە.

هەر راست لەبن دەستی کۆشکی ئەم کابرایەوە کەوێلێکی پچکۆلەش هەبوو کە هی پیاوێکی هەژاری دور لە هەموو نعمەتانێکی دنیاوە بوو. چوار تۆپەڵەقوڕی خستبووەسەر یەک و بە بەڵم و زەل سەرەکەی گرتبوو ناوی نابوو خانوو. خۆی و ژنەکەی بەشەو تیایا دەحەسانەوەو بەرۆژیش هەر ئەوەندەیان ئیش دەست ئەکەوت کە نانێکی هەرزەنیان دەستکەوێ و هیچی تر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


رواڵەت پەرەستی دنیا زۆر سەیرە؛ ئاگر و ئاو، رەش و سپی، تاڵی و خۆشی زۆر جار لەتەنیشت یەکەوە. کۆشکی ئاغا بەو هەموو خۆشی و جوانیە، بەو هەموو خواردن و پۆشینی رەنگاورەنگ و نازداریە، پیاو هیچی‌تری لێ نابینی تەنها کامەرانی نەبێ. کۆلیتی کابرای هەژاریش بەو هەموو خراپی و پیسیە، بەو رووت و قوتی و بێ نان و بەرگیە، دیسان پیاو هیچیش لەوا نابینێ تەنها کەساسی و دڵتەنگی نەبێ. کەچی وەکو ئەم بورجەعاجیەو ئەم زنجەئاتاجیە لە تەنیشت یەکەوە لەژێر سێبەری بستێکی عاسمانا کۆبونەتەوە. لەناو هەر دوکیشیانا تاڵی و خۆشی هەر کۆبووەتەوە. نەئەو بەتەواوی نەئەمیش بەتەواوی کەوتۆتە کۆشی کەساسی و ناخۆشیەوە وەکو رواڵەتەکەی خۆی بانگ ئەکا.

هەر لەبەر ئەمەبوو بۆیەئاغەژنی خاوەن کۆشک بەیانیەک نەبوو لەخەو هەستێ و لەسەرەوە چاوی بەبەژن و باڵای کابرای روتەڵەی ناو کۆلیت نەکەوێ کە ئەچوو لەناو گۆمەقوڕاوی بەرماڵەکەیانا لەکاتی مەلا بانگدانا مەلەی ئەکرد و وسلی ئەکرد بۆ ئەوە نوێژەکەی بەیانی نەڕوا. کەچی مێردەکەی ئەمیش بەدوو حەفتەجارێ رێ نەئەکەوتە گەرماوێ و ئەو کۆشکە جوانە کەئاوەکەی ئەتوت چۆری شیرەو ناوەکەی ئەتوت ئاوێنەبەندی دەرگای میرە. هەر نەبوو جارێک رێ کەوێ و بڵێ: «نیەتمە بەم ئاوە لەش‌پیسی لەسەر خۆم لا ئەبەم».

ئەم دوو دیمەنە کاری کردە دڵەناسکەکەی ژنی ئاغە؛ وەیا ژنی ئاغەی خاوەن کۆشکی فراوانێ دڵتەنگ. ناچار ئەمیش ئاگری جگەر هەڵیگرت و رووی کردە مێردەکەی وتی: «پیاوەکە! ئا ئەو ژن و پیاوەی کە لە تەنیشتمانەوەن لێفەیان ئاسمانەو رایەخیان زەوێ. شەو نییە بەبێ شەوچەرەی بووکێنی رۆژ کەنەوەو بەیانیەک نییە لەشیان بەئاوی کام تەڕ نەکەنەوە. خۆراکی گەورەیان هەرزەنەو تەڕایی دەمیان دۆی تورش. کەچی ئێمە بەم هەموو نازو نعمەتەو شوێنی دڵگوشا و ماڵ و سامانەوە جارێک نابێنم بە هیوای ئارەزوویەکەوە دەستێک لەگەردنی یەک کەین. ئەمە چە رۆژێکەو ئەمە چە ژیانێکە ئێمە هەمانە؟»

مێردەکە وتی: «ئافرەت ئەوان وایان بۆ هاتووە، ئێمەش وامان بۆ ئەلوێ. ئەگەر ئەو ناز و نازداریەی ئێمەی تیاین ئەوانی تیا بوونایە، نەوەک بەمانگێک بەڵکو بەساڵێ جارێکیش پێیان ناکرێ ئاوڕ لە شەوچەرەی بووکێنی بدەنەوە».

ماوەی زۆری خایان، پیاو زۆری وت و ژنە کەمی بیست. لەئاخرا پیاوەکە وتی ئەم هەویرە ئاوی زۆر ئەخوا ئەگەر هەر وا بڕوا ئەم ژنەم ئەکەوێتە دنیایەکی‌ترەوە. نەوەڵڵا وا چاکە با چاری بکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ڕۆژێک ناردی بەشوێن کابرای هەژاری دراوسێ هات، پێی وت: تۆ ئیشت چییە؟ وتی قوربان، کۆلکیشی ئەچمە بازاڕ. سا چوار کۆڵ بۆ چوار کەس هەبوو، هەڵیئەگرم و شتێکم ئەدەنێ و دێمەوەو ئیتر شوکری خوا ئەکەم. ئاغەی خاوەن کۆشک وتی: باوکم تۆ هەقی دراوسێیەتیت بەسەر منەوە هەیە، نامەوێ وا رابوێری. ها ئەمە سەد لیرە بچۆ دوکانێکی پێی دانێ و پێوە دەست بکە بە کەسابەت و تجارەت. دەستی برد سەد لیرەکەی نایە بەر دەمی وتی هەر وەختێش ئەگەر بووت بمدەوە، ئەگەر نەشتبوو هیچ.

کابرا گەلێ دوعای خێری بۆ کرد و بە دڵێکی پڕ لە خۆشی خۆشیەوە سەد لیرەی هەڵگرت و هاتەوە. ئەو شەوە کەوتە لێکدانەوە، کە چی بکا و چی نەکا و چی بکڕێت و بە چیەوە خەریک بێ؟ لەوانەبوو خەوەکەی لێ تێکچوو گەمەو گاڵتەکەشیان نەکرد. شەوی دوایی هەر بەو جۆرەو سەرباری ئەوەش پەژارە دایگرت کە ئا خۆ ئاخری ئەم ئیشەی بە چی ئەبێ و بەچێ نابێ؟ ئەو شەوەش هەر هیچ. بە هەر جۆر بوو بە شەوی سێهەم پوچەڵێک کرا.

لەو لاوە ژنی ئاغەی خاوەن کۆشک بەیانیان وەکو جاران سەرەتاتکێیەتی بزانێ کابرای دراوسێیان لەسەر ئیشی خۆی ماوە. سەیری کرد دوو شەوە بەیانیان مەلەو وسلەکەی نەماوە. چوو بەمێردەکەی خۆی وت ئەویش وتی جارێ هێشتا لەکوێتە وەلەکوبانە.

کابرا لەم لاوە رۆژێ سێهەم چوو هەندێ شتومەکی کڕی و دوکانێکی دانا. کە دوکانی دانا و کەوتە ناو پارەو حساباتەوە نە شەوچەرەی بووکێنی لەفیکراماو نەخواردن و نوستینیشی بۆ ئەکرا. بەجۆرێک خەریک بوو نە شەوی شەو بوو نەرۆژی رۆژ بوو. ئەوی لە دڵیا نەهاتایە هەر ئەو ئیشەخێرە بوو. ژنەکەشی جار جار دەستێکی تێوەئەژەند کە پیاوەکە بۆچ وات لێ هاتووە؟ پیاوەیش ئەوا کەوتۆتە عالەمێکی ترەوە.

ئەمجا ژنەی خاوەن کۆشک چووە لای مێردەکەی خۆی و وتی پیاوەکە تێم‌ناگەیەنێ ئەمە چەباسێکە؟ جاران ئەمانە وەکو چۆلەکە وابوون؛ کەچی ئێستە هەزار خۆزگە بە ئێمە. پیاوەش وتی ژنەکە چیت تێ بگەیەنم؟ ئەمانە لە هەوەڵەوە هیچ شتێکیان نەبوو؛ بەتایبەتی پیاوەکە ئەوی کە فیکر و خەیاڵ خەریک بکا ئەو نەیبوو. هەموو شتێکیان هاتبووە سەر ئەو ئیشە. ئێستە پەژارەو هەڵسوڕاندنێ ئەو چوار پولە کە بە دەستیەوەیە خەریکی کردووەو ئیتر بەسەر هیچی تریەوە ناپەرژێ. ئەمەیە ئێشی دنیا ئەوی بانی زۆرترە بەفری زۆرترە. کەواتەپەرۆیەک لەحاڵی من دادرە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کابرای هەژار هەندێ شتومەکی کڕیبوو فرۆشتبوویەوە، شەوێ لەناو جێگەکەدا کەوتەپەژارەی ئەوەکە ئەمجارەچی بکڕێ؟ ئایا ئەگەر شتێکی‌تری کڕی تیایا سەر ئەکەوی یا پارەکەی ئەڕوا؟ ئەم شەوەیان هەر بەجارێ تێکچوو؛ وەختێک بەخوێ زانی گزنگی بەیان لەکلاو ڕۆژنەی کۆلیتەکەوە هاتەخوارەوە. ئەو وەختە هۆشی هاتەوە بەخۆیا. دەنگی نەکرد تا هەتاو کەوت، هەستا سەد لیرەکەی هەڵگرت و چووەوە بۆ لای ئاغەی خاوەن کۆشک و وتی: «قوربان، خوا ڕاوەستاوت کا! ئەمەسەد لیرەکەت و خۆشیەکەی جارانم بدەرەوە».

– نەوزاد لەخانەدانێکی گەورەو بنەماڵەیەکی ناودار بوو. بەپێی ڕۆژ و چەرخ بەرەبەرە لە پلەی خوێندەواریدا سەر کەوت. هەر بۆ خوێندن ڕووی کردە وڵاتان و دانشگا بەرزەکان. باوکیشی هیچ دریغی لێ نەئەکرد؛ چۆن دریغی لێ ئەکا ئەو بە سامانی زۆر لە هەموو وڵاتا ناوبانگی دەرکردبوو. نەوزادیش بەزیرەکی و دانایی مامۆستاکانی دانشسەرا و دانشگاکانی کردبوو بەئەموستیلەی دەستی. بەم هۆیەوە هەچ خوێندنێک هەبوو نەوزاد تەواوی کرد و هیچ نەمایەوە کە دەستی نەیگاتێ.

ڕۆژانی قوتابیەتی -با زۆر درێژەش بکێشێ- هەر دەوری گەلالەیە. ئەوی بیەوێ پەرەبسێنێ و بکەوێتە ناو دەریایەکی زانایی و فیکرەوە ئەو ڕۆژانەیە کە دەوری دەرز خوێندن لەکۆڵ ئەبێتەوەو خۆی ئەکەوێتە ناو ئەو دەورەوە کە باوەڕی لەسەر نەفسی خۆی بێ و پشتیوانی موتاڵاو کۆششی خۆی. خۆی پێ بگەیەنێ جا هەر یەکە لە ڕویەکەوەو هەر یەکە لە قاپیەکانی عیلمەوە.

نەوزاد لەو ڕۆژانەدا، کەقوتابی بوو، خوێندنەوەی بێجگە لە دەرسەکانی خۆیشی هەر زۆر بوو. هەموو جار لەکون و قوژبنی کتێب و گوڤار و ڕۆژنامەکانا چاوی بە وشەی کامەرانی (سەعادەت) ئەکەوت و چاوی بەو مانعایانەئەکەوت کە لە کامەران یان ئەدایەوەو هەر یەکە بە جۆرێ باسی ئەکرد؛ یەکێ ئەیووت کامەرانی ئەوەیە کە پیاو زانابێ؛ یەکێ ئەیووت ئەوەیە کە لەشی ساغ بێ؛ یەکێ ئەیووت ئەوەیە کە سامانی زۆر بێ؛ یەکێ ئەیووت ئەوەیەکە پیاو ژن و ماڵی بەدڵی خۆی هەبێت. بەکورتی هەر یەکە بە جۆرێ باسی ئەکردو هیچیشیان نەئەگەیشتنە ئەنجام؛ چونکە هەموویان لەئاخری قسەکانیانا تەگەرەیەکیان تێ ئەخست و کامەرانیەکە تێک‌ئەچوو.

نەوزاد ئەم خوێندنەوانەو ئەم جەنگ و هەرای بیرو باوەڕانە وای لێ کرد کە مرخی بپەڕێتە سەر دۆزینەوەی کامەرانی و هەستێ بچێ بسوڕێتەوە بزانێ کامەرانی کامەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rebari.org


خوێندنی خۆی تەواو کردو سامانی باوکیشی زۆرە، ئەتوانێ بۆ ئەم ڕێگەیە چۆنی بوێ وا بکا. هەستا لەم شار بۆ ئەو شار و لەم گوند بۆ ئەو گوند دەستی کرد بەگەڕان. زیاتر مەبەستیشی لەم فرمانەیا ئەوەیە بزانێ کامەرانی لای کێ هەیە، تا ئەمیش خۆی بکا وەکو ئەو. بەو خۆشی و ئاسایشە رابوێرێ.

سەرەتا ڕێی کەوتە دێیەک لەو کوێستانە کۆشکێکی گەورەی بەرچاوکەوت. رووی تێکرد و چوو لەدیواخانەکەدا دانیشت. دیواخانێکی گەورە گەلێ لە هی ماڵە گەورە جوانترو خۆشتر بوو؛ پڕ فەرش کرابوو لەقالی کاشان، سەماوەری هەشت تەرخان لەو لاوە، چەند خزمەتکارێک هەموو بەجل و بەرگی کوردی جوانەوە دەست لەسەر خەنجەر راوەستاوەن و چاوەڕێی فەرمان ئەکەن. دەوری کۆشکەکەش هەموو باغ و گوڵ و دارستانە. نەوای بولبول و قومری و کوترو باریکە لە ناو دارەکانا دەنگیان لەگەڵ فریشتەی ئاسمانا تێکەڵاو کردوە.

ئەم دانیشت و زۆری پێ نەچوو خۆر لەزەردەپەڕا بوو، بەر دیواخانەکە شڵەژەی تێکەوت. کە سەیری کرد وا پیاوێکی کەڵەگەتی هەر زۆر جوان چاک دو دەستەفیشەکی راوی لەپشتایەو تفەنگەکەشی بەدەستەوەیە (تفەنگی راو) سواری ماینێکی رەشبۆرە بووەو چەند سوارێکی‌تری لەپشتەوەیە. دە دوانزە توولەو تانجی بەدەوریانا هەڵقونیانە. چەند دانەیەکیش کەروێشک و مەڕەکێوی سەر براوەو بەسەر ولاغێکەوەیە.

سواری لاوچاک دابەزی و چەند زەلامێک چوون بەپێشوازیەوە تفەنگ و فیشەکەکەیان لێ وەرگرت و بە روویەکی خۆش و دەمی پڕ لەپێکەنینەوە هاتە دیواخانەوە. تۆمەس ئەمە ئاغەی ولات و خاوەنی کۆشکە لە راو بووەو هاتۆتەوە. کە چاوی بەکوڕەی میوان کەوت کوڕەش لەسەر و ڕواڵەتا پیاوێکی پیاوانە بوو، نەوازشێکی زۆری کرد و لەوانە بوو وەکو شەکەر لەبەردەمیا بتوێتەوە. دانیشتن و زۆر بەخۆشی رایانبوارد.

کوڕهەر چەندە سەیری ئەکرد هیچ ناتەواویەک لە ژیانی ئەم کوڕە ئاغەیەدا نییەو رەنگ و ڕواڵەتی بەتەواوی وا پێشان ئەدا کەئەوەی خەفەت و هۆی ناخۆشی بێ، لەدنیا توخنی نەکەوتووە.

کوڕە دوو سێ رۆژ مایەوەو رۆژبەرۆژ خزمەتی زیاتر ئەکرا و تاپۆی شادمانی لەئاغادا زیاتر دەرئەکەوت. ئەمیش بەتەواوی کەوتە سەر ئەوەکە کامەرانی ئەوەتە لە لای ئەو پیاوەو لە هیچ جۆر ناتەواوی نییە. لەدڵی خۆیا وتی کە چوومەوە، ئەو جۆرە ژیانە کە ئەم بۆ خۆی رێکخستووە من بۆ خۆمی رێک ئەخەم و ئیتر دەست ئەکەمە ملی کامەرانی و تا ماوم بەم جۆرە رائەبوێرم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو رۆژە، کە رۆژی رۆیشتنی بوو دانیشت و لەگەڵ کوڕەئاغادا کەوتەقسەکردن وتی: برا من وەکو بۆم دەرکەوت لەم چەند رۆژەدا تۆ لە هیچ شتێک ناتەواویت نییەو وا دیارە بە ئەندازەی سەری دەرزیەک ئەو شتانە کەژیان ناخۆش ئەکەن، نەهاتوون بەلای تۆدا. لەم دیدەنیەت کەکردم زۆر سوپاس گوزاریت ئەکەم؛ چونکەخستمتە سەر دۆزینەوەی رێگەکەیەکی شادمانی.

ئاغە بە روویەکی خۆش و لێوێکی پڕ لە زەردەخەنە [هاتە] قسەو وتی: بەراستی منیش ئەم چەند رۆژە بە هۆی رابواردنی لەگەڵ تۆدا هیچ خەفەت و ناگوزوریەکم هەبوو هەموویم لەفیکر چووە. کە ئەم رستەی وت کوڕە کسپەیەک لە جەرگیەوە هات وتی دیارە خراپ تێگەیشتووم. داوای ئەوەت لێ ئەکەم کەمن و تۆ دوو براین و تا ماوین پێکەوە رابوێرین و بەجێم نەیەڵی. کوڕە وتی: «چۆن؟ بۆچی هیچ شتێک هەیە کە ئەم ژیانە جوانەی من لە تووە دیومە تێکی بدا؟ وا داوای مانەوەی من ئەکەی لەگەڵتابم؟»

وتی هەر دەنگ مەکەو مەپرسە ئەوی من تیایام یا خوا کەس تێیدا نەبێ. ئامۆزایەکم هەیە ئەمە چەند ساڵە لەسەر هەندێ بەرەجوت لێمان بووە بە کێشەو فلانی دەردم ئەداتێ. سوار و سوور زەویەک هی منەو لێی داگیر کردوم. پەلاماری قاپی حوکومەتمدا سەیر ئەکەم ئەو زیاتر تووشی پارەو خەم و خەفەتی کردم. ئەمە چەند ساڵە من بە هاتوچۆی رێگەی شار و پارە خەرج کردن لەم رێگەیەدا بەتەواوی پشتم شکاوە.

رۆژێک لەسەرا چاوم پێ کەوت کۆڵی حەماڵێک قاقەز و دەفتەر لەم ئیشەی منا دروست کراوە، کەچی تازە هێشتا هەر هیچی دیار نییە. ئەگەر بڕوا ئەکەی نرخی زەویەکانی من گەلێ کەمترە لەم پارانەی تا ئێستە من تیایانام خەرج کردووە. ئەمە بێجگە لە پارەی ئەو هەموو قاقەز و دەفتەرانەیە کە لە قاپی حوکومەتا بۆیان دروست کراون. چونکە خۆ ئەوانەش بەخۆڕایی پێک نەهاتون، ئەو کاک مەعموورە کە ئەوە ئەنووسێ ئەوەی لەچاپی ئەدا ئەوەی لەم ژوور ئەیبا بۆ ئەو ژوور، ئەو مەرەکەبە، ئەو قاقەزە، ئەو قەڵەمە کە ئەمانەی پێ جێ بەجێ ئەکرێ، هەمووی کراوە؛ کەچی من هەر لەشوێنی خۆمم. تۆ خوا برا وازم لێ بێنە دەردو خەفەت کوشتومی. ئێستەش ئەم تکایە لێ ئەکەم کە لە لای من بمێنەرەوە. تۆ برا گەورەو من برا بچووک، دڵم پێت ئەکرێتەوە.

کوڕەوتی: سوپاست ئەکەم بۆ دۆستایەتی و هەستەت بەرانبەر بە من، بەڵام من بەشوێن شتێکا ئەگەڕام. سەرەتا لام وا بوو لای تۆ دەست ئەکەوێ، کاتێ کە ئێستە سەیر ئەکەم ناز و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نعمەت و کۆشک و دیواخانی تۆش دوور لەو شتەیە، کەواتە بەدوعا! هەر چەندە کوڕەئاغا تکای مانەوەی لێ کرد ئەم گوێی نەدایە، مالاوایی لێکردو بەجێهێشت.

ملی رێ گرت و وردەوردە روو بەرووی شارێکی جوان بەرێ کەوت. هاتە ناو شارەکەو دەستی کرد بەگەڕان بەناو بازاڕ و کۆلانەکانا و چاوی ئەبڕیە ناوچاوی دانیشتوانی ئەو شارە. سەیری هەرکەسی ئەکرد -لەگەورەو بچووک- بەئاشکرا بۆ کرووزەی جەرگ سوتاوی و دوکەلی پەژارەی ئەچوو بەعاسمانا. کوتوپڕ لەلا کۆلانێکا تەماشای کرد پیاوێکی ریش سپی نوورانی دەزگایەکی لەبەر دەمایەو پارچەچەرمێک لەو لاویەوەو گاز و گازنێک لەم لایەوەو جووتێ کەوشەکۆنی بەدەستەوەیە بەدەرزی و دەزوێک خەریکەپینەی ئەکا و هەر توزەنەتۆزێک یەکێک دێت جووتێ‌تری بۆ دێنێت و ئەمیش لێی وەرئەگرێ و بەتەواوی رووی گەش ئەبێتەوە.

چوو لەنزیکی ئەم کابرایەوە راوەستاو ئەو رۆژە هەر سەرنجی ئیشی ئەم پیاوەو سەرنجی سەرو رووەخۆشەکەی ئەم پیاوەی ئەدا. کەکەوتە ئێوارێ، تەماشای کرد پیاوەکە کیسەپارەکەی لە باخەلی دەرهێنا دەرامەتی ئەو رۆژە سا هەر چەندەبوو، لێکی دایەوەو بژاردی، زۆری پێخۆش بوو. پاش ئەوە شتومەکەکانی کۆ کردەوە، خستنیە هەمانەیەکەوەو دایبە شانیا رووەو مال بووەوە ئەمیش شوێنی کەوت. سەیری کرد کابرا رووی کردە خانوێکی بچکۆلەی نیوەڕووخاو. ئەو چووە خانووەکەو ئەمیش گەڕایەوە. ئەو شەوە چوو لە مزگەوتێک نووست.

هەموو لەفیکری رابواردنی ئەم پیاوەدابوو کە چەن بەخۆشی و بێ خەم و خەفەت رائەبوێرێ و وەکو بلێت ئەوەی تۆی پەژارەیە توخنی ئەو پیاوە نەکەوتووە، وتی ببێ و نەبێ «کامەرانی» ئەوەتە لای ئەم پیاوە؛ سبەینێ منیش ئەچم دەزگایەک و چەکوش و گازنێک لەگەل پارچە چەرمێکا ئەکرم و لە لا کۆلانێکا منیش بۆ خۆم دەست ئەکەم بە پینەچیەتی و بەو دلخۆشیە کە ئەو رائەبوێرێ، منیش رائەبوێرم.

ئەو شەوە نووست و بەیانی هەستا نوێژی کرد و چووەوە بۆ شوێنی کابرای پینەچی، لەوێ راوەستا. زۆری پێ نەچوو کابرای پینەچی بەخۆیی و هەمانەکەیەوە هاتەوەو دانیشت و دەستی کرد بەئیش کردن؛ بەلام بلێت روو خۆشیەکەی دوێنێ نەماوە. کوڕە لەمە زۆر سەری‌سڕما، هەستا چوو بە لایەوە سلاوێکی لێکرد و بەبیانوی ئەوەوە کە کەوشەکانی لە لا پینە ئەکا، لە تەنیشتیەوە دانیشت و هەر وا دەستی کرد لەباری گوزەرانا بەسەر ئەبا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرای پینەچی دەستی پێکرد و وتی: هەزار شوکر بۆ خوا بەیانیان دێمە سەر ئەم ئیشەم تا ئێوارە خوا ئەوی کە لەشی منی زانیبێ بۆم ئەنێرێ و ئێوارەئەچمەوە ناوماڵ و منالی خۆم و خۆم بەشا ئەزانم. ژیانی خۆم بە ژیانی هیچ گەورەپیاوێک ناگۆڕمەوە؛ بەلام... کەوتی بەلام ئەم دلی داخورپا. وتی: ئێ.

بەلام کوڕێکی فیقنەم هەیە؛ بەلای خۆیەوە لە مەکتەب ئەخوێنێ. لێم بووە بە ئاغەی سەر مانان و بەخانی دیواخانان. بەیانیان کە هەلئەستێ، هەزار بڕو بیانووم پێ ئەگرێ. سێ چوار جۆرە خواردنی ئەوێ. پارەی گیرفان و قیتەقیتی ناوکۆلانەکانی ئەوێ. جلی جوانی دەق کراو و ڕۆنی «فوکول»ی سەری ئەوێ. ئەو خەرج و باجەی ئەو لەمنی ئەوێ، قەرەنیئاغا لە بایزئاغای باوکی داوا ناکا. ئیتر چاوی لەوە نییە کە من پیاوێکی هەژاری پینەچیم؛ تا دوو قەران پەیدا ئەکەم هەزار دەرزی و درەوشە ئەچێ بە دەستما و هەزار کسپە لە جەرگمەوە هەلئەستێ. چاوی لەوە نییە کە ئێمە لە ماڵ خێزان بارین؛ ئەگەر هەموو دەرامەتەکەی من ئەو خەرجی کا، خێزانەکە چی بکەن و چی بخۆن؟ سەرباری ئەمانەش کاسە ئەکەوێ لەکەوچک جنیو بەم ئەداو شەق لەو هەلئەدا و خێزانی ئەو مالە بەدەستیەوە هاتوونەتە زەلالەت. خۆی بەمەکتەبێ و ئەفەندی ئەزانێ. تەماشای کوڕی حەماغای کۆیەئەکا، تەماشای ئەوەناکا کە باوکی پینەچیەکەو دەرامەتەکەی بە هەزار شەڕەشەق دوو قەرانە.

بەڕاستی برا خەم و پەژارەی کردەوەو خۆنەناسینی ئەم کوڕە مەتکەبیەم دنیای لێ کردووم بە چەرمی چۆلەکەو بۆیشم ناگێڕێتەوە. ئەوا گیرم خواردووە بە دەستیەوە نازانم چی لێ بکەم. هەموو ڕۆژێ ئاوات بەمردنی خۆم ئەخوازم.

کەکابرا ئەم قسانەی کرد کوڕەوتی: برا کەوشەکانم بدەرەوەمن کەوش چاک ناکەم و لە دلی خۆیا وتی دیارە کامەرانی سەری بە مالی ئەم هەژارەشا نەکردووە لێی دا ڕۆیشت.

لێدا ڕۆیشت و ولاتی مامەی پینەچی بەجێهێشت و ڕووەو شارێکیتری گەورەی بە دیمەن بە ڕێ کەوت. شارەکە بە دیمەن بوو، هەر لەدوورەوە دیار بوو کەکۆشکەکانی وەکو مەنارەی ڕەنگاوڕەنگ لووتیان تەقیبووەبەئاسمانا. لەدەورو بەری کۆشکەکانا گلۆپی ئال و والا ئەدەروشانەوە. لەناو چیمەنی کۆشکەکانا داری دار عەرعەر و سنەوبەر شانیان ئەدا لەشانی بەرزایی کۆشکەکان. کەچاوی بەم دیمەنە کەوت وتی بێ گومان ئەمانەکەمن بەر چاوم ئەکەون، ئەمە هەمووی دیمەنی کامەرانییەو بێ گومان خەزنەی خۆم لەم شارەدا ئەبینمەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بەکۆڵی دڵخۆشیەوە رووی کردە ناو شار و دەستی کرد بەگەڕان بەناو کۆڵان و شەقامەکانا. دیارەپیاو کە چووە شوێنێک کوێ لێوە دیار بێ و بەرچاوبێ، ئەو جێگایانە ئەگەڕێ. وەکوو لەدوورەوە دیبووی، کۆشکە بەرزەپەرداخەکان راست بوو، زۆر جوان بوون، شەقامی دەورو بەری ئەم کۆشکانە هەموو پاک و خاوێن و چەوریژ و قیرتاو بوون. گەسک دەرەکان بەم لاو بەو لادا بەخۆیان و بە گەسکەکانیانەوە جرت‌وفرتیان بوو. دارتەلی کارەبای ئەو کۆلانە هەر یەکە سێ چوار گلۆپی گەورەگەورەی پێوەبوو.

لەبەر ئەوەژێر شەقامەکان هەمووی «رهەەن» بوو، هەر بەینی چەند هەنگاوێ لەقەراخ شەقامەکەوە کون هەبوو مەحەجەری ئاسنی بەسەرەوەبوو بۆ ئەوەئاوی باران وەیا ئاوی شۆردنی کۆلانەکان لەوێوە بچێتە لەغمەکەوەو «میکرۆب» و جڕوجانەوەر دروست نەبێ بۆ دانیشتووی کۆشکەکان.

کوتوپڕ سەیری کرد لەو کاتەدا مەکینەیەک هات دەرمانی جڕوجانەوەر کوشتنیشی بەکۆلانەکانا بڵاو کردەوە. بەر دەروازەی هەر کۆشکێکیش ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی خۆی راوەستابوو. خەتی تەلەفۆنیش لە هەموو کۆشکێکا دیار بوو؛ بەراستی شارێکی جوانی بەر چاوکەوت. لەوێوە رووی کردە شەقامەگشتیەکان و ئەو شوێنانە کە زۆرتر رێبازی بێگانان و هەموو کەسێکەو زۆر لەبەرچاوە. تەماشای کرد ئەم شوێنانەش گەلێ لەشوێن ولاتی کۆشکەکان رێکوپێکتر و جوانتر و پانتر و پاک و پوختترن. کاخی دایەکانی حوکومەت ئەوەندەبەرز و رێک و پێکن و ئەوەندە تەواو و بەدیمەنن، بەبێ قسە پیاو ئەخەنەسەر ئەو باوەڕە کە ئەمانە پەیکەری عەدل و دادن؛ نەوەک هەیکەلی خشت و ئاسن و چیمەنتۆ.

کوڕەلەبینینی ئەم دیمەنانە، بست‌بست گەشکەی ئەکرد و لەخۆشیانا ئاگای لەخۆی بڕابوو. هەر هەنگاوی هەڵئەهێنایەوەو ئەگەڕا.

وەختێ لەخەوی دیمەنی جوان پەرەستی خەبەری بووەوە خۆی لەلا کۆلانێکی تەنگەبەری پیسی پڕ لە چڵکاو و قوڕاوا چاوپێکەوت. خۆی لەشوێنێکا چاوپێکەوت نازانێ لەبەر پیسایی و بۆگەن چۆن هەنگاو هەڵێنێتەوەو چۆن بڕوا. خانوەکان هەموو وەکوو کۆلیتی ماڵەدۆم وابوون؛ چرا لەناو کۆلانەکانا نەبوو. بۆگەنی ئاوی ماڵان کە ئەیانڕشتە کۆلانەکانەوە، مێشکی پیاوی ئەبرد بەعاسمانا. منالانی زەرد و لاوازی ئەو ماڵانە ئەچوونە ناو قوڕ و چڵپاوەکەوە تا ئەژنۆیان بوو بوو بەقیری رەش و مێش و مێشولە دەوری لێ دابوون، بەجۆرێکی وا هەموو خوێنی لەشیان مژیبوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کوڕە ئەمانەی زۆر بەلاوەسەیر بوو. وتی ئەمەچییە، من لەکوێوە کەوتمەکوێ؟ بە هەر جۆر بوو خۆی لەو کۆلانە دەرباز کرد و چووەکۆلانێکی‌تر سەیری کرد ئەو خراپتر. وتی کەواتە با من چاک بگەڕێم. چاکی لێ بەلادا [کرد] هەموو شارەکەگەڕا؛ ئەو شوێنانە کە دوورن لەڕێبازی هاتوچووکەران تەماشای ئەکا یەک لەیەک خراپترن.

تۆمەس ئەمە لەم شارەدا تەنها ئەو جێگایانە کە لەبەرچاوەو ئەو گەڕەکانە کە شوێنی پیاوە گەورەکانە زۆر بەجوانی تەماشایان ئەکرێ و شوێنەکانی‌تریش لەناو ئەو پیسایی و بۆگەنەدا ئەتلێنەوە. کەئەمانەی بەرچاو کەوت وتی: «ئافەرەم عەدالەت و کامەرانی».

گەڕایەوەبۆ گەڕەکی پیاو ماقوولان. ئەهلی ولاتی، ولاتی پیاو ماقولان هەموویان رومەتیان وای پێشان ئەدا، کە لە بەزم و خۆشی دان و هەموو لەکۆشکی کامەرانی دان. لەو کاتەدا کوتوپڕ سەیری کرد پیاوێکی بەدیمەن لەیەکێ لە کۆشکەکانەوە هاتەدەرەو هەموو لەشی هەر پێئەکەنی. لەپێش هاتنەدەرەوەی ئەودا شوفێرەکە ئۆتۆمۆبێلەکەی لەگەراجی کۆشکەکە هێنابووە دەرەوەو دەرگاکەی کردبوەوە. پیاوە بەدیمەنەکە هات و سوار بوو، شوفێر دەرگاکەی داخستەوەو چوو لغاوی ئۆتۆمۆبێلی گرت بەدەستەوەولێخوڕی بەسەر شەقامەجوانەکانا.

کوڕە کە دیمەنی رەنگ جوان و گۆنای سوری ئەم پیاوەی چووە دڵەوە، وتی ببێ و نەبێ ئەم پیاوە یا خۆی تاپۆی کامەرانییەو چوەتە پێستی ئەمەوە، وەیان بەلانی کەمەوە بەشێکی زۆری لەکامەرانی هەیە؛ بەڵکوو بچم و ئەم تەلیسمەم بۆ بشکێ.

ئۆتۆمۆبێلی بەکرێ بەسەر شەقامەکانا ئەڕۆیشت، ئەویش هەر خێرا بانگی ئۆتۆمۆبێلێکی کرد و سوار بوو بە شوێن کابرای گۆنا سووری خاوەن کۆشکا تێی‌تەقان. زۆری نەخایان ئۆتۆمۆبێلی پیاوەکە لەبەر کۆشکێکی گەورەدا راوەستا و لێی دابەزی و رووی کردە کۆشکەکە. ئەمیش دابەزی و بەشوێنیا رۆیشت، مەگەر ئەمە شوێن سەرای حوکومەتەو ئەو پیاوەش پیاوێکی گەورەیە لە حوکومەتا. لەژوورەکەی خۆی دانیشت.

مایەوەسەر ئەم؛ ئەمیش شڕەبارەو دیمەنێکی وای نییە، چۆن ئەتوانێ خۆی لەپیاوێکی وا گەورە نزیک بخاتەوە. رەوشتی ئەم کوڕەش وابوو بێویستایە لە گەڵ هەر کەسێک ببێ بە ئاشنا، لەرواڵەتا خۆی ئەبردەپایەی ئەو کەسە.

کابرای پیاو ماقوولی لەژورەکەی خۆی دانا و هاتەدەرەوە. بەفرکانێک چوو لەیەکێ لە کۆگا گەورەکانا دەستێ جلی زۆر نایابێ هەڵگرت کەشایانی شا بێ. لەو لاوە ئۆتۆمۆبێلێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مۆدیلی ئیمسالی بەکرێ گرت و پێی وت بمبە بۆ فلانەشوێن و لەوێش چاوەڕێم بکە تا دێمە دەرەوە.

گڕ بە ترومبێل لەبەر قاپی سەردا وەستا و کوڕەدابەزی. فەڕاش و شتەکە چاویان پێکەوت، ڕێگەیان بۆ چۆڵ کرد و سەلامیشیان بۆ ئەگرت.

سەیرتریش ئەوەبوو نەیانئەزانی ئەمەکییە؟ ئەم بەوی ئەوت ئەمە بەگەو ئەو بەوی ئەوت نە؛ ئاغەیە. ئەمیش بەسەربەستی لێیدا ڕۆیشت تا گەیشتە بەردەرگای کاورای زلە. دەرگاوانەکەی ئەویش دەرگای بۆ کردەوەو چووە ژوورەوە.

کە چوو سەیری کرد وا کابرای ئاشنای لەو سەرەوە لە سەر سەنگەلێەکی نایابی یایلی دانیشتووەو مێزێکی هەر فرەگەورەی لەداری گوێز دروستکراوی بریقەداری لەبەر دەمایە؛ سەرەکەی پڕیەتی لەقاقەز و فایل هەڵچنراوە. زەنگەکە بە پشت سەریەوەیە. چوار دەوری ژوورەکە بە مۆبلیاتی جوانی تازەپڕ کراوەتەوە؛ چەند کەسێکیش لەوێ دانیشتوون هەر یەکە فنجانێ قاوەیان لە بەردەمایە.

ئەمیش چوو سەلامێکی دایە حازری -خوا هەقە- هەموویان هەستان. دیمەن و جل و بەرگەکەی ئەم دیمەنەو جل و بەرگ نەبوو هەموو کەس شەرمی لێ ئەکرد. ئەمیش دانیشت و قاوەیەکیان بۆ هێنا. کە ئەم چوو بەگە خەریک بوو باسی ڕابواردن و ئاهەنگی ولاتەکانی ئاوروپای ئەگێڕایەوە بۆ میوانەکانی کە چۆنی ڕابواردوەو چۆن هەر شەوە لە شوێنێک ڕۆژی کردۆتەوە. کەقسەکانی ئەگێڕایەوە ئەتوت شەکەر لەدەمی ئەبارێ، شەکرێکی وا کەبەدرێژایی زەمان هەر شیرین بێ. کابرای لای خۆمان وتی: «لێگەڕێ پیاوی کامەرانم دەست کەوت و کە چوومەوە منیش ئیتر وەکوو ئەم ئەکەم».

کوتوپڕ زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا. بەگ بەرزی کردەوەو هەڵلاو دیار بوو بەقسەکانا کەباسی ڕابواردنی شەوی ڕابردووی ئەگێڕایەوە ئەمیش دۆستێکی‌تر بوو کە ئەو تەلەفۆنەی کردبوو. بە بەیاد کردنەوەی ڕابواردنی شەوی زاتر لەچارەک سەعاتێ خەریک بوو؛ قاقای پێکەنین ئەچوو بەعاسمانا.

لەم کاتەدا کە ئەم خەریکی تەلەفۆنەکە بوو فەڕاشەکە هاتبووە ژوورەوە وەستابوو. کەبەگ تەلەفۆنەکەی دانایەوە فەڕاشەکەوتی: «قوربان ئەو پیاوانە لەدەرەوە چاوەڕێی ئەوراقەکانیان ئەکەن کە لەخزمەت جەنابتانایە». هەر فەڕاش ئەمەی وت، بەگ لێی توورە بوو وتی: بچۆرە دەرەوە چاوت لێ نیە مێوان دانیشتوون. بچۆ پێیان بڵێ سبەینێ بێنەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


فەراشەکە چووە دەرەوە. ئەو لەگەڵ میوانەکان کەوتەوە قسەکردن و تەواو کردنی باسەکەی ئەوروپای. لەو قسانە بووەوە، نەبووەوە یەکێ لەمیوانەکان لێی پرسی وتی مەسەلەکەتان لەگەڵ خانەبەگدا چی لێ هات؟

کە ئەو ناوی خانەبەگی هێنا کابرای بەگەی لای خۆمان روومەتەسوورەکەی نەماو رەنگی تێکچوو. ئەو کورەش بۆیە دانیشتووە چاوەڕێی هەستانی میوانەکان ئەکا، کەئەوان بڕۆن و ئەم هەندێ پرسیاری زیاتر روون بوونەوەی کامەرانی لە بەگ بکا. [کەچی بەگ] دەستی کرد بەقسەکردن و هەناسە هەڵکێشان. وای لێهات وەکوو لە هەموو ژیانیا کاتێک خۆشی نەدیبێ وا بوو، کەوتە دەردەدڵ کردن.

هەر کەوتە ئەم قسانە کورەسەیری کرد وەکو لە دنیادا لەم کابرایە خەمبارترو لەمە پەریشانتر نەبێ وایە. بۆ کرزەی هەناسەی بەدەست خانەبەگەوە لەوانە بوو ژوورەکە بسوتێنێ. ئەمجا کەوتەگێڕانەوەی ئەو دەردەدڵەو گێڕانەوەی ئەوەکە چۆن شەو و رۆژ لە پەژارەی بەربەست کردنی ئەم خانەبەگەدایە.

مەسەلەی خانەبەگیش هیچی‌تر نیە تەنها ئەوە نەبێ مەعموورێکە لە ژوور ئەمەوەیە. ئەیەوێ ئەم لەو شوێنە نەهێڵێ بینێرێتە شوێنێکی‌تر و سەرەڕای ئەمەش لەوانەیە ببێ بە هۆی داکەوتنی تەرفیعەکەشی. ئیتر جا نازانم ئەم ناکۆکیەیان لەبەر چیە؟

کورە کە ئەم کەین‌وبەینەی چاوپێکەوت و ئەو دەردەدڵەی گوێ لێ بوو وتی: «دۆم بەدانیشتن مالی ویرانە، با هەستم بچم بەشوێن ئیشمەوە. ئەمیشیان فت».

لەشوێنەکەی خۆی راست بووەوەو بەگ پێی وت: «جەنابتان فەرمانێکتان هەبوو؟» وتی: «بەڵێ، بەلام وەختێکی‌تر بەخزمەتتان ئەگەم. ئێستە میوانتان هەیە». ئەمەی وت و هاتە دەرەوەو رۆیشت. کە لەوێ هاتە دەرەوە لە کردەوەی ناهەمواری ئەو ولاتە، ئەو شارەی هەر بەتەواوی بەجێهێشت و رووی کردە ولاتێکیکە.

رووی کردە شارێک وەکو شاری ئامێدی. سەیری کرد هەر بەدوورەوە منارەبەرزەکەی لەگەڵ ئاسمانا چەپۆکان ئەکا. دیمەنی ئەو مەنارەیە راستەوخۆ چوو بۆ ئەوێ کەنزیکتر کەوتەوە تەماشا ئەکا پۆل پۆل خەلکوخوا روو ئەکەنە مزگەوت. ئەوەندەیتر تێنو بوو بە چوونەکەو خێرا خۆی گەیاندێ.

کەسەری کێشا بەحەوشەی مزگەوتەکەوە بینی وا ئەم مزگەوتە بە حەوشەو بەرهەیوان و ژووری مزگەوتەوە جمەی دێ. مەلایەکی ریش سپی مێزەرەیکی لەسەرایەو جوبەیەکی لەبەرایە لەو سەرەوە دانیشتووەو وەعز ئەدا بۆ ئەو عالەمە. وەعزەکەی ئەوەندەخۆش و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دڵگیره عالەمەکە وەکوو پەلەوەر سێبەری بەسەرەوە کردبێتن، بەبێ دەنگ و سەنگ دانیشتوون و گوێی بۆ رایەڵن. ئامۆژگاریەکانی وەکو داشەکانی شەترەنج ئەیسووڕێنێتەوە، دەمێک لەباری رۆژی دوایی و نازو نیعمەت و خۆشی بەهەشتەوە قسە ئەکا، دەمێ لەلایەن کردەوەی چاکەو دەستووری هەڵسوکەوتی ئادەمێزاد و موسڵمان لەبەینی یەکا ئەدوێ، دەمێ بەنوکاتی شیرین و جوان باسی رابواردنی مێژووی پیاوانی رابردووەو ڕووی عالەمەکە ئەکاتە خۆی لە مەعبەینی هەر چەند قسەیەکا ئەیباتەوەسەر ئەوە کە دنیا هیچ نیەو پیاو نابێ ئەرک و خەم و خەفەتی هەڵبگرێ مادام دنیا ماوەی نیەو ئەبڕێتەوە. کەوابوو ئەو چوار رۆژە کە پیاو تیایەتی، بەخۆشی و بەفراوانی و دڵ رایبوێرێ و فەرمانبەرداری خوا بکا بە هەموو ئامانجێکی.

لەراستیدا ئەم قسانە کاری کردە کوڕەو لەعالەمەکەی‌تر زیاتر عاشقی قسەکانی مەلاکە بوو؛ بەتایبەتی کە سەیری ئەکرد مەلا بەدڵێکی پاک و راستەوە قسەکان ئەکا و سەرو روومەتی ئەو گەواهیەی بۆ ئەدا کەخۆی لە هەمووکەس دڵخۆشتر و بێ‌پەرواترە بەرانبەر بە دنیا و بە ئیش و ئازاری دنیا. بەتەواوی هاتەسەر ئەوە کە چەند رۆژێک لەم شوێنە بمێنێتەوەو لە ئامۆژگاریەکانی مەلای نوورانی وەربگرێ و پاشان بچێتەوە بۆ وڵاتی خۆی بەو ژیان و دڵخۆشیە کە ئەم مەلایە رایئەبوێرێ، ئەویش بەو جۆرە رایبوێرێ. وا دیارەکامەرانی و سەعادەت باڵی بەسەر ئەم مەلایەدا کێشاوەو رایەڵێکی مەعنەوی ئەم کوڕەی راکێشاوە بۆ ئەوە کە ئەمیش بێت لەناو دەریاچەی ئەو کامەرانیەدا مەلەوانی بکا.

چەند رۆژێک بەمجۆرە کوڕە دانیشت و رۆژبەرۆژو سات و سات زیاتر شەیدای رواڵەت و مەعنەویاتی مەلا ئەبوو. هەموو وەختی کۆڕی وەعزەکەش وەکو پوورەی هەنگ وابوو.

لەپاش چەند رۆژ بڕیاری دا کەسبەینێ مەلا و وڵاتی مەلا بەجێ بێڵی و بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئەو شەوەش بەسەرچوو، سبەینێ وەکوو دەستوری رۆژەکانی‌تر چاوەڕێی هاتنی مەلای کرد بۆ سەر کورسی وەعز بۆ ئەوە مڵ ئاوایی لێ بکا و بڕوا. مەلا هەر دیار نەبوو، خەڵکەکە چاوەڕێ ئەکەن مەلا هەر دیار نیە. کوڕە لەنەهاتنی مەلا زۆر عەجباتی هات، تەماشای کرد لەلایەکی حەوشەی مزگەوتەکەوە لەبەر دەم یەکێ لەژوورەکانا مەردم هاتوو چۆ ئەکەن و بەپەرۆشن. ئەمیش هەستا و رووی کرد بۆ ئەوێ. سەیری کرد وا مەلا لەو ژوورەدا -کە ژووری دانیشتنی بوو- دانیشتووەو وەکو بارانی بەهار ئاو بەچاویا دێتەخوارەوە؛ هەناسە هەڵئەکیشێ و فریاد و فوغان ئەکا.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کوڕە کە چاوی بەمە کەوت تاسێک بردیەوەو ئەو تاسە کە تا ئێستە ئەم، ئەم مەلایەی بەکانی کامەرانی ئەزانی، ئێستە ئەم، ئەم گریان و زاری و پەژارەیە چییە؟ کامەرانی لەکوێ و ئەم فریاد و ئەندۆهە لەکوێ؟

خەڵکەکەدەوریان لەمەلا دابوو دڵیان ئەدایەوەو دڵنەواییان ئەکرد. ئەمیش چوو لەناویانا دانیشت بۆ ئەوە بزانێ چ باسە؟ مەلا بەدەم قەڵپی گریان و جگەری بوریانەوە ئەیوت: «کوڕەکەم کوڕ نەبوو، مایەی بەختیاری و ئارامی گیانم بوو. بەری داری بەرداری هەر دوو دنیام بوو؛ هۆی ژیان و بەندی جگەرم بوو. من ئاگام لە هیچ نەبوو ئەو ژیانە چاکەو رابوردنە نایابە کە ئێوە ئەتانبینی، ئەوانە هەمووی ئەو بۆی درۆستکردبووم. لە بەیانیەوە تا ئێوارە من ئەهاتم بۆ مزگەوت بەبێ ئەوە چاوم بڕیبێتە دەست یەکێک و ئێوارە کە ئەچوومەوە نان و خواردەمەنی ئامادەیە، جل و بەرگم پاک و پوخت شۆراوە بۆ ئەوە کە بەیانی لەبەری کەم. ماڵ و خێزان هەموو لەجۆشی خۆشی و خۆشگوزەرانی دان، ئەمانە هەموو بە هۆی کۆشش و تەقالای ئەو کوڕەمەوە بوو. ئێستەمردن نەمامی لەباخی جوانیدا هەڵکێشا و دنیای رووناکی لێ کردم بەشەوە زەنگی تاریک. ئیتر بە چیمەوە لەمەو دوا بتوانم بمێنم و چۆن ئەو دڵ و سەودایەکە بوومە بمێنێتەوە؟»

ئەمانەی ئەوت و ئەیدا بەسەر خۆیا و ئاو بەریشەسپیەکەیا ئەهاتەخوارەوە؛ ئەتوت بە هیچ جۆر ئەو پیاوەی دوێنی نیە کە ئامۆژگاری خەڵکی ئەکرد و پێی ئەوتن گوێ بە پەژارەی دنیا مەدەن. ئەتوت یە هیچ جۆر ئەو پیاوە واعزەکەی دوێنی نیە، کەخەرمانێکی عیلم و زانیاری و هێمنی بوو؛ کەچی ئیمڕۆ وەکو کەسێک تاقە وشەیەکی عیلم و زانیاری نەزانێت و نەخوێندەوار بێ وا بوو.

کوڕە کە ئەمەی چاو پێکەوت وتی دیارەمن بە هەڵەدا چووم،کەئەموت کامەرانی ئەمەتە لای ئەم پیاوەو ئەم خۆی کامەران نییە. وتی ئەمیش هیچ هەستا بەناهومێدی ئەو ولاتەشی بەجێهێشت.

رێگا و بان چۆڵ بوو؛ رێ کاروان و هاتوچۆ کەران هەموو دەمی بەرەڵا بوو. بەرێ کەوت رووەو شاری دڵنەوایان، رووەو ئەو شارە کە دانیشتووەکانی هەموو هەر یەکە خەریکی کار و کاسبی خۆیان بوون، بەم هۆیەوە پیاوێکی بێ کاری تیا نەبوو. لەبەر ئەوە هەر کەسە بەئیشی خۆیەوە خەریک، بوو سەری ئەوەیان نەئەپڕژا باسی یەک بکەن و لەپاشە ملە دەست بکەن بەناو و ناتورە لەیەک هەڵهێنان. چونکە ئەم رەوشتەیان نەبوو، خواش پێی دابوون هەموویان دەوڵەمەند و خاوەن سامان بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ولات لەولاتێکی کامەران ئەچوو. دڵخۆشی دەستەلاتی هەیە بەسەر دیمەن پەرەستیدا. ئەگەر دڵ خۆش بوو، کارو باری رواڵەتیش ڕێکوپێک ئەبێ. ئەمانە هەبوو بۆیە ئەم شارە لە دیمەنی رواڵەتیدا لە هیچ شتێک ناتەواوی نەبوو.

بەو بۆنەوەکورە وتی شوێن هەوارێکی چاکم دیەوە؛ ئەم شوێنەدیارە بەهاری دوو بەهارە. دەست لەدەست و قوەت لەخوا، خەریکی گەڕان بوو بەناو شاردا سەیری دیمەنە جوانەکانی ئەکرد و سەیری روومەتە گەشەکەی دانیشتوانی ئەم شارەی ئەکرد. کوتوپڕ ڕێی کەوتە گوزەری تجارەتخانەو کارخانەیەکی گەورە. سەرایەکی گەورە بوو، ئەوی پێویستی ئادەمیزاد بێ بەخەروار تیایا هەڵدرابووەوە. کارگەچی و شاگردەکان بەم دەست و بەو دەست شتیان ئەفرۆشت و دراویان وەرئەگرت و بە هیچا رانەئەگەیشتن.

لەناکاو هێمنیەک باڵی کێشا بەسەر گوزەرەکەدا و شاگردو کارگەچیەکان خەریک بوون بەفرمانەکەی خۆیانەوە، کە لای کردەوە ئەوا پیاوێکی تۆزێ بەساڵاچوو بۆ شناخ لەبەر دەرگای گوزەرەکە، ترومبێلەکەی بۆ کرایەوەو دابەزی و هات لەلایەکی گوزەرەکەیەوە - پێپلیکانە بوو- پیایا سەر کەوت و چووە کۆشکی سەرەوە. تۆمەز ئەمە خاوەنی ئەم داو دوکانەو دەزگایەیە. چوو لەسەرەوەدا نیشت. کورەوتی شوێنی کەوم و رازی خۆمی لا دەست خەم.

ئەمیش بەشوێنیا بەپێپلیکانە سەرکەوت و گەیشتنە ئەم شوێنەکە ئەم تجارە گەورەیەی لێیە. سەیری کرد شوێنێکی ئیجگار کۆک و رازاوەیە. هێشتا نەچووبووە ژووری پیاوەکە، تەماشای کرد دەستەدەستەخەڵک هاتن و باقەباقە دراو و قاقەزیان بەدەستەوەیە.

شوێنی بازرگانی بوو؛ ئەوەندە دەرگاوان و شتە رێگەیان بەپیاو ئەگرت ئەمیش هەر چەند کەسی نەئەناسی، بەڵام لەباوەڕی هاتوچۆکەرانی ئەو شوێنەدا ئەمیش ئەبێ یەکێ لەو کەسانەبێ کەفرمانی بازرگانی بەو شوێنە هەیە، بۆیە چوەتە ئەوێ. دیمەنەکەشی هەڵیئەگرت کەوابێ. لەبەر ئەم باوەڕە بەسەربەستی چووە ژووری پیاوە گەورەکەو دانیشت. بە رەوشتی شوێنی تجارەتخانەکان قاوەیەکیان بۆ هێنا و بەدەم قاوە خواردنەوە دەستی کرد بەسەرنجدان.

ژوورەکە زۆر رازاوە بوو. مێزێکی گەورە دانرابوو سەنگەلێک لەو دیویەوەبوو، پیاوەکە لە سەر ئەوە دانیشتبوو. لووتی بەسەر مێزەکەدا شۆڕ کردبووەوە، خەریک بوو ئیمزای کۆمپیالەو ئەوراقی تری ئەکرد کەدەستەدەستەبۆیان ئەهێنا. فنجانێ قاوەشی لەبەر دەما دانرابوو لەگەڵ ئاوخۆرییەک ئاوا. دوو تەلەفۆن لەو لایەوەبوو، یەکێکیان سەر بەخۆ هەر بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خۆی بوو، یەکێکیشیان تایبەتی بوو بەخەتی تەلەفۆنی ئەو دایەرەو دەزگاو دووکانەوە. دوو زەلامی‌تر راوەستابوون لەبەر دەمیا؛ یەکێکیان ئەو دراوانە کە ئەهێنران ئەو بەئیمزا لەخەلکی وەرئەگرت و پەیتاپەیتا ئەیدا بەیەکێکی‌تر بیبا بۆ بانک. ئەویکەشیان دەفتەریکی بەدەستەوە بوو لەگەڵ چەند دەفتەری چەکێکی نووسراوەدا. دەفتەری چەکەکەی لەبەر دەم پیاوەکەدا دانابوو بۆ ئیمزا کردن، سەیری دەفتەری خۆی ئەکرد کە فلانە کەس ئەوەندە هەزار دینارە، ئەو ئەوەندە هەزار دینارە. لەپەڕەیەکی دەفتەری چەکەکەش نوسرابوو هەر چاوەڕێی ئیمزای چەلەبی بوو، بەم جۆرە ئەم ئەیخوێندەوەو بەرانبەری لەگەڵ چەکەکەی پێ‌ئەکردو چەلەبیش ئیمزای ئەکرد. هەر لەم کاتەدا زەنگی تەلەفۆنەکە لێ ئەدا یەکێک بەرزی دەکردەوە، هەلاو هەلاو پاش ئەوە ئەیدا بەدەست چەلەبیەوە. لەقسەکانا وا دەرکەوت کە دەنگی ولاتێکی دوورەو قسە لەبارخانەی ئەو ولاتەوە ئەکرێ. لە هەمان وەختا زەنگی تەلەفۆنەکەی‌تریش لێ ئەدا. کابرا ئەویشی بەرز ئەکردەوەو چاوەڕێی ئەوەی ئەکرد کە چەلەبی لە تەلەفۆنەکەی‌تر بیێتەوەو ئەم بدا بەدەستیەوە. کەلە ئەم ئەبووەوە ئەمیشی ئەدایە دەستی. ئەمیش بۆ ئیش و کاری گۆشەیە لەگۆشەکانی تجارتخانەکە قسەی لەگەڵ ئەکرا. هێشتا لەم نەئەبووەوەتەلەفۆنەکەی‌تر لێی ئەدایەوە. تا بە مانەوە خەریک ئەبوو کۆڵێ چەک و کۆمپیالەو ئەوراقی تاپۆو زەریبەو بانک لەبەر دەمیا بۆ ئیمزا کردن کەڵەکەی ئەبەست. بەکورتی وەکو گورگی چوار چاوی لێ هاتبوو؛ نەیئەزانی چی بکا.

ئاوو قاوەکەش هەر لەسەر مێزەکەیە نەیخواردۆتەوە. کوڕەش وا هەر دانیشتوەو سەیری ئەم سەرقالی و خەریک بوونە ئەکا. کوتوپڕ پۆستەچیەکە کردی بەژوورا بریقە (بروسکە)یەکی هێنا. کابرای دەفتەردار لێی وەرگرت و هەڵیپچڕی و خوێندیەوە. لە خوێندنەوەکەیدا رەنگی هەڵبزڕکا. چەلەبی گۆشەی چاوی دابوێ بەحەپساویەکەوە وتی: «چییەپێم بلێ؟» بە کزیەکەوە کابرا بروسکەکەی دایەدەستی. لەبەر ئەوە تیایا نوسرابوو «کەشتی ژمارە ٤ کە هی ئێوەبوو پڕی بوو لەفاسۆن و ماوەت، لەسەعات هەشتی بەیانی ئێمرۆدا لەدەریای سپیدا نقوم بوو».

کابرا سارد بوەوەو بەبێ هۆشی هەر دوو مەچەکی خستەسەر مێزەکەی بەردەمی و سەری خستەسەری. کش و ماتی باڵی کێشا بەسەر ژوورەکەدا.

دەرگاکە کرابوەوە، پیاوێکی ئاوەڵدامەن سپی جانتایەکی بەدەستەوەبوو کردی بەژوورا و هات. بەجل و بەرگەکەیا دوکتۆر بوو. کەتەماشای کرد دنیا کش و ماتەپرسی ئەمەچیە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



یەکێ لەپیاوەکانی بەر مێزەکە بە هێواشی وتی: «فەرمووو جارێ دانیشە؛ چەلەبی تۆزێ لەفیکرایە».

لەپاش ماوەیەکی تۆزێ زیاد دەفتەردارەکە چوو هەر زۆر بە هێواشی سەری نایە بنا گوێی چەلەبیەوەو وتی: «قوربان وا دوکتۆرەکە تەشریفی هاتووە». چەلەبی بەنیوەمردن و بەرەنگ لە ڕوو بڕاوی بە هەر جۆر بوو، سەری بەرز کردەوەو دەفتەردارەکە دەستی دایە باڵی و هەڵیسان و بردیە ئەو لاوە پشتێنی سەر پاتۆڵەکەی کردەوە. دوکتۆرەکە هات جانتاکەی کردەوەو هەندێ دەوا و دەرمانی تێکەڵاو کرد و کردیە دەرزیەکەوەو لە لاڕانی چەلەبی دا. پاش ئەوە هەندێتر دەرمانی سوورکاری کردە ناو پیاڵەیەکەوەو ئاوی تێکرد و دای بە چەلەبی وتی فەرموو بیخۆرەوە.

ئاوو قاوەکەی خۆیشی هەر لەسەر مێزەکەیە، هێشتا نەیخواردۆتەوە. دوکتۆر دیسان جانتاکەی تێکدایەوەو دەرمانێکی‌تری گرتەوەو کردیەناو دەرزیەکی‌تر و ئەوەشی دا لەباڵی چەلەبی. دەرزی یەکەم هی هێز( قوەت) بوو؛ دەرمانی ناو پیاڵەکە هی نەخۆشی مەعیدە بوو؛ دەرزی دووەم هی نەخۆشی شەکەر بوو. پاش ئەمانە قاقەزێکیشی دەرهێنا تۆزێ دەرمانی سپی و وشکی تێکرد بە ئەندازەی ئەوە کە خۆی ئەیزانێ، بەچەلەبی وت: «خواردنی ئەم نیوەڕۆیەشت شوربای برنج، ئاوی دانەیەک پرتەقاڵی پەنجا گرامیە، پاش خواردنەکەت ئەم دەرمانەش بکەوەناو ئیستکانێ ئاوەوە بیخۆوە».

تومەس ئەم دوکتۆرهەموو ڕۆژێ ئەمە ئیشیەتی و دوکتۆری تایبەتی چەلەبیە، دێت بۆ دەرمان کردنی ئەم نەخۆشیانەی چەلەبی.

دوکتۆر ڕۆیشت و دەفتەردار لەپاش ئەوە چەلەبی پۆشتە کردەوە، هێنایەوە سەر سەنگەڵیەکەی خۆی. ئاوو قاوەکەش هەر دانراوە، نەیخواردۆتەوە. چەلەبی هاتەوە شوێنەکەی خۆی و هەناسەیەکی پیا ها تەوە. سەرێکی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و وتی: «خوایە! ئەمەحاڵەمن هەمە؟»

کوڕەکە -کە ئەم کەین‌و بەینانەی چاو پێ کەوت- وتی: «یادت بەخێر کامەرانی! وا دیارە لە لای پیاوی وایش دەست ناکەوی». ئەمەی وت و هەستا ئەویشی بەجێهێشت.

بەڵێ ئەویشی بەجێهێشت؛ نەوەک هەر ئەوێ، بەڵکوو هەر بەتەواوی وڵاتی چەلەبی بەناهومێدی بەجێهێشت. کاروان بەکاروان چووە شارێکیکەوە. ئەو شارە کە زۆری نەماوە شاری کامەرانان وەیا شارستانی شادمانان بێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەم جارە لەم شارەدا تەنانەت حەمام وکەبابخانەشی نەهێشت، هەمووی گەڕا بۆ ئەوە بەڵکوو تیشکی کامەرانی لەناو چەوانی یەکێکەوە بەدی بکا. ئەو باوەڕە کە سەرەتا رووی کردە شارەکەو چاوی بەچاوەندازی شارەکە کەوتوو بۆی پەیدا ببوو لە گەڕانەکەیا ئەو باوەڕەی نەهاتەدی. چاوەندازی شار وای پیشان ئەدا کە بێجگە لە خۆشی و کامەرانی هیچی‌تر لەم شارەدا نەبێ. کە ئەگەڕێت و تەماشا ئەکا تەنانەت حەمامچی و کەبابچیش هەر هەناسە هەڵئەکیشن: ئۆف خوا دەردا!

زۆری نەمابوو شارەکە بەجێ بێڵی، سەر لەبەیان بوو بەناو یەکێ لەشەقامی گەڕەکەکانا ئەسووڕایەوە کوتوپڕ دەروازەی کۆشکێک کرایەوە پیاوێکی سەربازی کە نیشانەو ئەستێرەکانی پایەی عەقیدییان پیشان ئەدا هاتەدەرەوە. سووک، رەنگ گەش، گورجوگۆڵ و چالاک؛ تەماشای هەر شوێن و شتێکی ئەکرد لە خۆشیانا لەرەیەک لە لێویەوە ئەهات، لەگەڵ نیمچە زەردەخەنەیەکدا، لە هەندامیا هەموو لەشی هەر خۆشی بوو، گزنگی هەتاوەکە ئەیدا لە ئەستێرە مشتوماڵ کراوەکانی سەر شانی ئەبریسکانەوە. جل و بەرگەکەی هەر ئەوەندەجوان و پاک و تەمیز بوو مەگەر هەر خوا بیزانێ. جزمەکانی هەر ئەو کاتە بۆیاغی سوور کرابوون، بریقەی ئەهات؛ هاتەدەرەوە.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو، زۆر بەگورجی شوفێرەکە دەرگای گەراجی کۆشکەکەی کردبووەوە؛ ئۆتۆمۆبێلەکەی هێنایەدەرەوە. لەبەر دەروازەکەدا رایگرت، ئۆتۆمۆبێلی مۆدێلی ئیمساڵ ئەتوت بووکە. دەرگاکەی کردەوە پیاوەکە هات چوو لەشوێنی شوفێرەکە دانیشت و دەستی خستەسەر جڵەوەکەو پێی نا بە بەنزینا. شوفێر دەرگای پێوەداو پیاوەخۆی ئۆتۆمۆبێلی لێخوڕی و وەکو تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو. شوفێرەکەش لە ناوەوە، دەرگای گەراجەکەی داخستەوەو چووە کۆشکەکەوە.

ئەم دیمەنە کوڕەی شەیدا کرد؛ وای لێ کرد هاتەسەر ئەوە کە ئەم پیاوە نەوەک کامڕەوایە، بەڵکوو هەر تاپۆی کامەرانییە. ئەگەر بەختیاری و کامەرانی بێ لەدنیادا، لەلای ئەم پیاوەیەو ئەگەر نەبێ ئەوا هیچ.

لە دەورو بەری ئەم کۆڵانەدا هەروا رایبوارد تا پاش نیوەڕۆ. سەعات بوو بە یەکی پاش نیوەڕۆ سەیری کرد ئۆتۆمۆبێلەکە گەڕایەوە. هەر لەدوورەوە هۆڕنی لێدا. خێرا شوفێرە کە لە دەروازەی کۆشکەکەوە دەرپەڕیەدەرەوە، تا ئەم هات ئۆتۆمۆبێلیش گەیشتەجێ. دەرگاکەی کردەوە، پیاوەکە دابەزی و چووە کۆشکەکەوە. ئەمیش ئۆتۆمۆبێلەکەی بردە گەراجەکەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەمجا کوڕە کەوتە سەودای ئەوە کە چۆن خۆی بگەیەنێ بەم پیاوەو چۆن دەمی بگاتێ. بەتایبەتی ئەم پیاوەش پیاوێکی عەسکەری گەورەیەو پێگەیشتن و هاوڕێیەتی لەگەڵیا بەپێی یاسای سەربازی تۆزێ گرانە.

لەو کاتەدا سەری بەرز کردەوە، تەماشای کرد لەسەر دەروازەی کۆشکی ئەم بەری کۆشکی پیاوە عەقیدەکەوە هەر ڕاست بەرانبەر بە هێنەکەی ئەو پارچە مقەبایەک هەڵواسراوەو لەسەری نووسراوە: «ئەم کۆشکەبە هەموو شتومەکێکەوە بۆ کرێیەو قسەش لەگەڵ تەلەفۆنی ژمارەی ٢٥٩٧٦ ئەکرێ».

کەئەمەی چاوپێکەوت وەکوو گوڵ گەشایەوە. ئەجزا خانەیەک لەسەر کۆڵانەکە بوو، چووە ئەجزاخانەکەوە لەوێ تەلەفۆنی بۆ ژمارەکە کرد و ڕێکەوتن. تەلەفۆنی داخستەوە. زۆری پێنەچوو ئۆتۆمۆبێلێک هات پیاوێکی تیا بوو کلیلی کۆشکەکەی بۆ هێنا و چوون دەرگاکەیان کردەوە. کۆشک هەموو شتێکی تەواو بوو. تازەبۆیاغ کرابوو، باخەکەی تازەئاو درابوو، ژوورەکان هەموو پڕ فەرش بوون، هەر ژوورە کانتۆر و مێزی تەوالێت و جامخانەی کتێبی تیا بوو، لەگەڵ چوار پایەی یابلی فەنتازیدا. ژووری مێوان زۆر ڕێک بوو. مەیبەقەکەپڕی بوو لەفەخفوری و چینی و پێویستی کۆشکێکی وا، هەموو بەرێک و پێکی لە ئۆفی یەکەدا دانراون. حەمامەکەی ئالافەرزەنگی بوو. لەناو ڕاڕەوەکە بەتەنیشت ژووری مێوانەوە تەلەفۆنێک هەبوو.

ئەمانەی هەمووی بەپێی لیستەیەک وەرگرت، ئەمجا دەستی برد دەفتەری چەکەکەی دەرهێنا، چەکێکی بەپێنجسەد دیناری ئێمە بۆ سەر بانگی «ئیستەرن بانک» نووسی و دای بەپیاوەکە بۆ کرێی کۆشکەکە. ئەم پیاوە خزمەتچی خاوەن کۆشکەکە بوو. دەستی برد پێنج دیناریشی بەخششیش دا بەو پێی وت ئەگەر پیاوەتیم لەگەڵ بکەی چێشتکەرێک و خزمەتچیەکم بۆ پەیدا بکەی زۆر سوپا ست دەکەم. پیاوەش سوپاسگوزاری کرد و وتی تا نیو سەعاتی دیکە هەردوکیانت بۆ دینم و لێیدا ڕۆیشت. لەڕاستی دا زۆری پێ نەچوو دوو کەسی هێنا؛ یەکێ چیشتکەر و یەکێ خزمەتچی.

کوڕە تەلەفۆنی هەڵگرت و داوای تاکسیەکی لە یەکێ لەشوێنی ئۆتۆمۆبێلە کرێیەکان کرد و ژمارەی کۆڵان و خانووی دانێ. زۆری پێ نەچوو تاکسی هات. کوڕە دەستووری دا بە چیشتکەر و خزمەتچیەکەو خۆی سوار بوو. بەشوفێرەکەی وت: «بمبە بۆ شەریکەی ئۆتۆمۆبێلی کادیلاک». بەدەم ڕێگە ڕۆیشتنەوە دیسان پێی وت: «ئەگەر ئۆتۆمۆبێلچیەکم بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیدا بکەی پیاوەتیم لەگەڵ ئەکەی». ئەویش وتی: کوڕێکی دۆستی من هەیە شوفێرێکی چاکەو ئەگەر ئارەزوو ئەفەرموون هەر ئیستاکە بۆتانی دێنم. وتی سوپاست ئەکەم.

زۆری نەبرد چوونە شەریکەکەوە هەقی تاکسیەکەی داو خاوەن تاکسی چوو بەشوێن شوفێرا. ئەمیش چوو بۆ لای مودیری شەریکە قسەو باسی کڕینی ئۆتۆمۆبێلێکی تازەی کادیلاکی مۆدیلی ئیمسالی کردەوە. کاتالۆگیان خستە بەردەست لەگەڵ لیستەی نرخا نەخشەی ئۆتۆمۆبێلێکی جوانی هەڵبژارد و نایە بەر دەستی مودیر و وتی ئەو مۆدیلە. مودیر فەرمانی دا ئۆتۆمۆبێلێکیان هێنایە دەرەوە لە کۆگا. ئۆتۆمۆبێلی چی؟ ئەتوت پێشەنگی پێشرەوی قافڵەیە، نرخیش ٢٥٠٠٠ دینار بوو؛ ئەمیش دەستی برد دەفتەری چەکی دەرهێنا و حەواڵەی کرد بۆ سەر بانکی ئیستەرەن بانک.

مودیر وتی ئەگەر ئارەزووی شوفێریش ئەکەن لای ئێمە هەیە کە لە خزمەتانا بێ و... قسەکەی تەواو نەکرد، خاوەن تاکسیەکە هاتەوە کوڕێکی لەگەڵ خۆی هێنا و هات وتی: «قوربان! ئەمە ئۆتۆمۆبێلچیەکەیە ئەوا هێنامە خزمەتتان». ئەمیش وتی سوپاست ئەکەم و عەزیەتتان بۆ کێشام، رووی کردە مودیرەکەش وتی منەتباری پیاوەتیتانم و لەبەر ئەوەبڕیارم بەم دۆستە دابوو بۆ ئۆتۆمۆبێلچی و ئەویش هێنای ئیتر ئەبێ ئێوە لێم ببوورن.

مودیر وتی: ئێمە ئاسایشی ئێوەمان ئەوێ، ئەم بێ یا ئەو جیایی نیە. لە بەینیانا هەستا و کوڕەی تا بەر دەرگای شەریکە بەڕێکرد و تەوقەی لەگەڵ کرد، شوفێر چووە ئۆتۆمۆبێلەوە خستیە گەڕو دابەزیەوە دەرگاکەی کردەوە کوڕە سوار بوو، دەرگای پێوەدایەوەو چوو دانیشتەوەو ئۆتۆمۆبێلی لێخوڕی چوونەوە بۆ ماڵەوە. ئۆتۆمۆبێلچی، ئۆتۆمۆبێلی بردە گەراجەکەوەو ئەمیش چووە ناو کۆشکەکەوە.

کوڕە لە دیمەن و رابواردنی پیاوێکی گەورەی بنەماڵە چەند رۆژێک رایبوارد و هەموو رۆژێک بەیانی بەشوفێرەکەی ئەوت ئۆتۆمۆبێلەکە لەبەر قاپی حەوشەدا راگرێ و چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی ئەم بکا. خۆیشی بە پێجامەیەکەوە جارجار ئەهاتە بەر قاپی و سەیرێکی ئۆتۆمۆبێلی ئەکرد و تۆزێ لەباخچەی بەر دەرگا ئاسنەکەدا خۆی خەریک ئەکرد و ئەمجا درەنگێک خۆی کۆ ئەکردەوەو ئەهات سوار ئەبوو. ئەچوو هەندێک ئەگەڕاو لەسەعات دوانزەدا ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە. چۆنیەتی دەرچوون و هاتنەوەی لەدەقیقەو سەعاتی دیاریدا وای پیشان ئەدا کەخاوەن ئیشێکی رەسمی وەیا خاوەن تجارەتخانەو بانگێکە.

یەک دوو حەفتەیەک بەسەر ئەم ژیانەیا تێپەڕی. هەموو رۆژ عەقیدەکە لە بەیانیا دەرئەچوو بۆ سەربازخانەو لەنیوەڕۆدا ئەگەڕایەوە. ئۆتۆمۆبێلێکی کادیلاکی تازەی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtt.org

بەرامبەر کۆشکەکەی خۆیەوە چاوپێئەکەوت کەشوفێرەکە خەریکی پاکەوە کردن و ئامادە کردنیەتی بۆ ئاغەکەی. کار و باری کۆشک و هاتوچۆکەری خزمەتچی لەم کۆشکەدا و بوونی ئۆتۆمۆبێلێکی وا وای پیشان ئەدا کەپیاوێکی گەورە لەم کۆشکەدا دانیشتبێ. هەر جارەش کورێکی گەنجی بەدیمەنی بەرچاوئەکەوت کەبەبێجامەوە لەبەر قاپی حەوشە دەستوور ئەدا بەئۆتۆمۆبێلچیەکەی وەیا خەریکی باخەکە ئەبێ. تێگەیشت کەخاوەنی ئەم کۆشکەئەم کوڕەیە.

ڕۆژێک و دوو ڕۆژ بەم جۆرە، ڕۆژێکیان بەیانی بوو عەقیدەکە هاتە دەرەوە بۆ ئەوە وەختی سەربازخانەی بوو بچێت بۆ ئەوێ، کوڕەکەی دراوسێی لەبەر قاپیەکەی خۆیانا ڕاوەستا بوو. ئیتر ئەم بەلایەوە جوان نەبوو کە هەموو ڕۆژێ ئەم دێتە دەرەوەو ئەو کوڕە لەوێ ڕاوەستاوەو بەتایبەتی بووە بەدراوسێشی، هیچ قسەی لەگەڵ نەکا.

هەرکە هاتە دەرەوە چاوی پێکەوت، تۆزێ لێی نزیک بوەوەو پێی وت بەیانیت باش. کوڕە بە ڕوویەکی لەگوڵی ئەو باخەگەشتر چوو بەپیریەوەو پێی وت ژیانت باش و هەروا تۆزێ دەستیان کردەقسەکردن (مجامەلە).

ئەم «بەیانیت باش و ژیانت باش»ەی ئەم ڕۆژە قاپی دۆستایەتی لەبەینیانا کردەوەو بوو بە هۆی ئەوە کە کوڕە ئیتر ووردە ووردە خۆی لێ نزیک ئەخاتەوە. چەند ڕۆژێکیش تێپەڕی و هەتا ئەهات دۆستایەتی زیاتر بە هێز ئەبوو؛ بەلام هەر تەنها دۆستایەتی قسەی بەر دەرگا.

ڕۆژێک سەعات یەک بوو، عەقیدەکە لە سەربازخانە هاتەوە. کوڕەکە لە بەر دەرگا ڕاوەستابوو. کەئەو دابەزی کوڕە گرتیە قسەو بەدەم قسەوە چوون تا بەردەرگاکەی خۆیان. ئینجا پێی وت فەرموو لە پێش ئەوەدا بچنەوە بۆ حەسانەوە بچینە ژوورەوە شتێکی سارد و قاوەیەک بخۆینەوە. لە بەر ئەوە تۆزێ یەکێتیان پەیدا کردبوو، بێ دڵی نەکرد چوو لەگەڵیا چوونە ژوورەوە. لە ژووری مێوان دانیشتن. ژوورەکە زۆر ڕێکوپێک بوو، خێرا ئاوی سارد و پاش ئەوە «سینالکۆ و کۆکا» و پاش ئەوە قاوەی بەشەکریان هێنا. پاش خواردنەوەی ئەمانەو کەمێک دانیشتن هەڵسا و وتی: ئەچمەوە خۆم ئەگۆرم و تۆزێ ئەحەسیمەوە. جەنابیشتان ئیسراحەت بکەن دنیا گەرمە. گەلێ لە گەلی خەریک بوو، بۆ ئەوە دانیشێ پێکەوە نیوەڕۆژە بکەن، دانەنیشت؛ وتی: ئێرەو ئەوێ هیچ جیاییەکیان نییەو ڕۆیشت.

بە کورتی ئەم هاتنەی بوو بە هۆی ئاشنایەتییەکی تەواو. وایان لێهات زۆرتری وەخت لە گەڵ یەکا و لەماڵی یەکا ڕایانئەبوارد. کوڕەکە کە تەماشای کرد ئەم عەقیدەی ڕابوردن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵسوکەوتێکی زۆر خۆش و رێکوپێکی هەیە. کۆشکەکەی جوان و هەموو دەوروبەری باخچەو گوڵە. ژوورەکانی کۆشکەکە یەک لە یەک جوانتر و بەویلترن. ژووری کتێبخانە جامخانەی کتێبی تێدایە هەموو جۆرەکتێب و کوڤار و رۆژنامەی تیایە. لەو لاوە پیانۆیەک دانراوە، مەیموونێک و بەچکە پشیلەیەکیش هەر جارە دێن پیکەوە یاری دەکەن و دیمەنێکی جوان درووست دەکەن. کورە کەوتە سەر ئەو باوەڕە کە کامەرانترین کەس لە ژێر ئەم ئاسمانی شینەدا هەبێ ئەم زابتەیەو ئەوی ناتەواوی بێ رووی تێ نەکردووە. وتی: باش بوو تەقەلاکەم -کە ئەمە چەند ماوەیەکە ئەیدەم بۆ دۆزینەوەی کامەرانی- بەخۆڕایی دەرنەچوو؛ پێی گەیشتم.

رایەڵی ئاشنایەتیان زۆر توند و بەهێز بوو بوون. هیچ نهێنییەک نەمابۆوە لە بەینی یەکا، کە بۆ یەکی نەگێڕنەوە. رۆژێک دانیشتبوون، کورەپێی وت من حەز ئەکەم بزانم تۆ لەدنیادا چ ناتەواویەکت هەیەو چی هەیە کە هۆی دڵتەنگی تۆ بێ؟ من ئەم ماوەیە بۆم دەرکەوتووە کە لە تۆ بەختیارتر و کامەرانتر بڕواناکەم ببێ و ئەوی راستی بێ ئەمەوێ منیش ئەو ریگەیەی تۆ گرتووتە، بیگرم.

زابتەکە وتی: چاک دۆزیوتەتەوە. راستە منیش خۆم وائەزانم کە لە من کامەرانتر نییە. ژیان هەر ئەوەیە کە منی تیام. رابوردن هەر ئەوەیە کە من رایئەبویرم، بۆ هەر شتێک وەختێکم داناوەو لە هیچ شتیکا ناتەواویم نییە؛ بەیانیان هەڵئەستم شتومەکی تەراشم بۆ دانراوە، تەراش ئەکەم ئەچم دەست و دەم و چاوم ئەشۆم. دیمەوە نان دانراوەو نان و چا ئەخۆم، جلەکانم شۆراوەو لە ئوتوو دراوەو هەموو پاک کراونەتەوە. جل لەبەر ئەکەم و ئەچم بۆ سەر ئیشی خۆم. نیوەڕۆ کەگەڕامەوە، خۆم ئەگۆڕم و دەست و دەم و چاوم ئەشۆم. نان ئامادە کراوە، ئەچم نان ئەخۆم و ئەچم ئەنووم. بە ئەندازەی دوو سەعات رائەکشێم، ئیسراحەت ئەکەم. کە هەستام ئەچم خۆم ئەشۆم، چا ئەخۆمەوە، پاش ئەوە ئەو مەیموون و پشیلەیە دێنم تۆزێ یاریم بۆ ئەکەن. پاش ئەوە هەندێ پیانۆ لێ ئەدەم و مەیموون و پشیلەکەش بەدەنگی پیانۆکە ئەکەونە سەما. کەتۆزێ لەوە تاقەتم چوو، ئەچم هەندێک لەگەڵ باخەکە خۆم خەرێک ئەکەم. پاش ئەوە ئەچم سوار ئەبم ئەچم هەندێکیش ئەگەڕێم و ئەچم بۆ سینەماو دێمەوە. کردوومە بە ڕەوشت دوو سەعات خەریکی خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامەو گۆڤاریش ئەبم. پاش ئەوەجێگەکەم بۆ راخراوە ئەچم ئەنووم.

کورەش وا بەدڵ گوێی بۆ راگرتووەو کات بەکات گەشکە ئەیگرێ لەم رابوردنە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وتی پارەیەکی زۆرم هەیە لە بانکا. مانگانەکەشم زۆرە ئەم کۆشکە هی خۆمە، خانووبەرەو موڵکی‌تریشم هەیە. ئۆتۆمۆبێلم هەیە، ئەمانەم هەموو هەیە، بەڵام...

هەر لەگەڵ وتی بەڵام کورە کسپەیەک لەدڵیەوە هات و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی: «ئەم رەنجەشم بە هیچ دەرچوو». وتی ئێ. وتی بەڵام شەو و رۆژ لەپەژارەی ئەوەدام کەفەرزەندێکم نییەپاش خۆم ئەم ماڵ و موڵکەی بەرکەوێ و نەکەوێتەبەر دەست ئەم و ئەو و میری.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ژنم نەهێناوەو ژنم نییە تا منالم ببێ. وتی: چۆن؟ بۆچی ژنت نەهێناوە؟ وتی: نەمهێناوە. ئەمەش داستانێکی هەیە. وتی: «تۆ خوا برا ئەوەشم بۆ بگێڕەوە». وتی من باوکم دەوڵەمەند بوو، خستمیە قوتابخانەو پێی خوێندم. بەرەبەرە سەرکەوتم و چوومە دانشگای جەنگەوە. ئەویشم تەواو کرد و دبلۆمم وەرگرت و بەملازمی دووەم دەرچووم. تا ئەم ماوەیە باوک نەما و هەندێ خزم و کەس و کارمان هەبوو هەموو سامانەکەیان لەناودا. من جۆشی گەنجیم بوو، پیویستم بە سامانی باوکم نەما. مانگانەکەم بەشی ئەکردم. لەناو سەرخۆشی هەرزەکاریدا ئەتلامەوەو رامئەبوارد تا بووم بەملازمی یەکەم هەر سەر خۆش بووم. لەپاش چەند ساڵێکی‌تر بووم بە رەیس. لەم وەختەدا فیکری ژنم کەوتە سەر. ئەوەندە هەبوو وتم من هێشتا دەمەدەمی جوانیمەو هەر لە ئیستەوە ژن بێنم باشە؛ بەڵام لەکوێی دانێم؟ چاک وایە با جارێ لێی گەڕیم تا شوێن و خانوویەکم ئەبێ. کەوتمەسەر ئەم فیکرەو وازم لەژن هێنان هێنا و خۆمم بەم هیواوە خەریک کرد. پاش ماوەیەک بووم بەرەیسی یەکەم و لەراستیدا لەپارەی مانگانەکەم ئەوەندەم بۆ دواکەوت کە خانوویەک دروست بکەم. خانووم کرد و ئەو وەختە وتم من رەئیسی ئەوەڵێکم، ئێستە بچم کچێک بێنم و لە خانویەکی رەق و تەقا داینێم و هاوسەرەکانی من هەموو ئۆتۆمۆبێل و هەموو هۆیەکی رابواردنیان هەیە. ئەگەر من نەمبێ شوورەییە بۆم. چاک وایە با راوەستم تا ئۆتۆمۆبێل و ئەو شتانەشم ئەبێ.

لەخولیای ئەم فیکرەدا مامەوە تا بووم بە «مقدم». لەم ماوەیەدا ئۆتۆمۆبێلم کڕی و هەموو جۆرەشتومەکێکی ماڵم رێکخست. ئنجا کەوتمە سەر ئەوە وتم ئەوا من ئێستە هەموو هۆیەکی رابواردنم تەواوە، بەم پێیە ئەچم کچێک دێنم و بەجۆرێکی ئەریستۆقراتی لەگەڵی رائەبوێرم و پەکم لەسەر هیچ ناکەوێ؛ بەم ژیانەوە فێر ئەبم. [کەچی رەنگە] لەپاش دوو رۆژ هاتوو لەئیشەکەم دەریان کردم، ئەو وەختە هیچ شتێک نییە کە من پێوەی بژیم و فێری جۆرە ژیانێکیش بووم کە وەنەبێ بەسووکی هەڵسوورێ. ئەو وەختە کەنەفت ئەبم و لەناو خەڵکا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئابڕووم ئەچێ. کەواتە ناوەڵا با ماوەیەکی‌تر ڕاوەستم تا ئەبم بە عەقید. لەم ماوەیەدا ئەوەندەم ئەبێت ئەگەر هاتوو لەپاش ئەوەش ئیشەکەی خۆمم لەدەست دەرچوو بە دەرامەتی پاشکەوتەکەم وەکو جاران ئەژێم. لەبەر ئەوە وازم لەژن هێنا و پارەشم ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی ئەکرد. ئەوەندەم سامان بۆ پێکەوەنرا کەچەند خانوو بەرەیەکم کڕی و هەمووم دا بەکرێ و ئێستەش سەرەڕای ئەوە پارەیەکی زۆرم هەیەو لەبانک دایە، دەرامەتی ئەوەش خۆی سەر بەخۆ سالانەیەکی زۆرە. پایەکەشم ئەوا ئێستە عەقیدەو لە هیچ شتێک ناتەواویم نییە؛ بەلام تەمەنی ئەو کچەی کە من لەدەورێکا ملازمی دووەم و یەکەم بووم و جۆشی جەحێلێم بوو، لەگەڵ منا ئەگونجا و مایەی ڕابواردن بوو. ئەو تەمەنەو ئەو جۆرە کچە پێم قایل نابێ و لام لێ ناکاتەوە. دەوری جوانیم دەورێک بوو ئەگەر نانی شەویشم نەبوایە خەرامانی چینیشم پێوە دائەنیشت، ئێستە کە دەوری پیرییە ئەگەر هەموو گەنجی دنیاشم بێ هیچ تامێکی نییەو ئەو دلخۆشییەی جارانی نییە. لەبەر ئەمانە ئەوا بۆ خۆم کەوتوومەتەوەو خەفەتی ئەم غایەلەیە بووە بە خۆراکی شەو و ڕۆژ و ئەوی پێی بلێن ڕووناکی سەری بەدلی منا نەکردووە. ئەو دیمەنە ڕوالەتیەم کە ئەبینی، ئەوە دیمەنێکە وەکو دیمەنی گولی ژالەیە. لەدوورەوە ئالەو لەناوەوە بێ‌تین و تالە. چارناچار دینم هەر کاتە نا کاتێک خۆم بەشتێکەوە ئەخلافێنم و دەستی خۆم بەوە ئەبڕم؛ کەچی لەو کاتەشا و تەنانەت لەکاتی نووستنیشا بەبێ هەست و ئیختیار هەر بەینەنا بەینێک دلم خورپەیەکی لێوەدێت و ژیانی تال و ترشی خۆمم ئەخاتەوە فیکر. کوڕەکە گوێی لەو قسانە بوو، بەجارێ چووە تاسەوەو لەم دنیا ڕووناکە کەوتە دنیایەکی‌ترەوە. تا ئێستە وای ئەزانی کەباشقەی کامەرانی هەموو سەرزەوی دیمەنی ئەو پیاوەیە کە بەخەوی شەویش بۆنی خەم و خەفەتی نەکردووە؛ کەچی ئێستەکاتێ سەیر ئەکا کلۆلتر کەسێک و بە جەزرەبەتر کەسێک لەم ژێر ئاسمانەدا بێ ئەو کەسەیە کە ئەو لێی بە هەلە چوو بوو. دەردی مەردمی‌تر هەر دەردێک بوو هی ئەم دووە.

لەپاش ئەوە کە لەم کەین و بەینە تێگەیشت، ڕووی تێکرد و وتی برا من بە شوێن شتێکا ئەگەڕام کە لام وابوو ئەو شتە تەنها لە لای تۆ دەست ئەکەوێ. هەر لەبەر ئەوە بوو کە من هاتم دەزگاو دووکانەم بۆ خۆم پێکەوەناو خۆم کرد بە هاومالی تۆ. ئێستە وەکوو بۆم دەرکەوت ئەو شتە لای تۆیش دەست ناکەوێ. کەواتە ئەمە ئاخر مالئاواییە کە لێت ئەکەم و ئیتر بەدوعا. هەستا هاتە دەرەوە ئەو کۆشک و خزمەتچی و ئۆتۆمۆبێل و شتانە -کە ڕێکی خستبوون- هەموویانی تێک داو ئەو ولاتەشی بەجێهێشت و ڕووی کردە بەغدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ملی ڕێی گرت و ڕووی کردە بەغدا. بیستبووی کابرایەک لەوێ هەیە «عەلائەدین سەجادی» پێ ئەڵێن و وای بەگوێی کەوتبوو کە کابرایەکە گوێ بەکەس ناداو گزیرێک و وەزیرێکی بەلاوە وەکو یەک وایە. گۆیا لای لە عەنعەناتی دنیا نەکردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشا دەستی ئەڕوا، دیارە هەر شتێک وترا وەنەبێ وابێ. کوڕە وا چووبووە دڵیەوە کە ئەبێ کامەرانی لە لای ئەو دەست کەوێ، بۆیەوا ئەو ڕێگەیەی گرتووە.

بە پرسیار چوو، ها لێرە ها لەوێ دیەوە. کوتوپڕ تەقی بە لووتی قاپیەکی بچکۆلەوە. لەسەر قاپیەکەنووسرابوو ئەمە مزگەوتە. چووە حەوشە بچکۆلەکەوە. لەوێوە چووە ژوورێکەوە لەبەر تاریکی چاو چاوی نەئەبینی. پرس و ڕای پێ ناوێ کورسیەکی شڕ هەبوو لەژوورەکەدا چوو لەسەر کورسیەکە دانیشت. ناچار بوو دانیشێ چونکە سرمیچەکە ئەوەندە نزم بوو ئەبوایە سەری دانواندایە؛ ئەگینا نەیئەتوانی بەپێوەراوەستێ. کە دانیشت تۆزێ بەرچاوی ڕووناک بووەوە کتێبخانەو کتێبیکی نەزۆر کەم و نەزۆری بەرچاوکەوت. لەبەر بێ جێگەیی کتێبخانەکە زۆر نارێکوپێک بوو. هەندێکی بەسەر ڕەفەکەوە بوو تا سرمیچەکە چوو بوو، تۆز سەری گرتبوو. مێزێک دانرابوو، ئەویش سەرەکەی پڕی بوو لە کتێب و قاقەز و قەڵەم، بەڵام نارێک و ناهەموار. کورسیەکی شڕ لەبەر مێزەکەدا دانرابوو سەر ئەو کورسیەکەش پڕ بوو لەقاقەز و ڕۆژنامەو گۆڤار؛ جێگەی دانیشتنی زەلامێک بەسەرسەر لەسەر کورسیەکە کرابووەوە. لەناو قاقەز و ڕۆژنامەکانا کابرایەکی دەستەپیاوی لێ دانیشتبوو دشداشەیەکی لەبەرا بوو. سەری ڕووت بوو گوێچکەی خەتی تەلەفۆنیکی براویشی لەتەنیشتنیەوە دیار بوو.

کابرا کەچوو سەری کرد بەژوورەکەدا هیچ نەچووەدڵیەوە کامەرانی بوێری سەر بکا بەشوێنێکی وا تاریکی بۆگەنی دوور لە هەموو ناز و نیعمەتێکەوە. پرسیاری لە عەلائەدین سەجادی کرد. کابرای دانیشتوو بە زەردەخەنەیەکەوەو بەروانینی چاوێکەوە کە پڕ بوو لە هەست کردنی تیگەیشتنی ئەو کە ئەم میوانەبە هەڵەدا چووە، وتی: «فەرمانت چییە بە عەلائەدین سەجادی و بۆچیتە؟» ئەویش وتی: ئیشم پێیەتی و ئەمەوێ ببینم. کابرای دانیشتوو وتی ئەگەر زۆر بە پەرۆشی بۆ بینینی، ئەو کابرایە کە گوێ زرنگانویتەوە ئەوەتە لەبەر دەستتایە؛ فەرموو ئەمر کە!

کوڕەکە گوێی لەو قسەیە بوو، لەو کاتەدا بەدەستی تۆزێ چاوەکانی هەڵگلۆفت و بە سەرسامییەکەوە تیژتیژ هەردوو چاوی بریە کابرای دانیشتوو وەکو بڵێیت حەپەسا. پاشان وتی: «بۆچ جەنابتی عەلائەدین سەجادی؟» ئەویش وتی بەڵێ. وتی زۆر سەیرە ئێستە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تەواوی باوەڕم هاتەسەر ئەوە کە دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشەو ئێستە بە تەواوی باوەڕم بە ناتەواوی ئەقلی خۆم هێنا کە ئەمەوێ لەشوێنێکی وادا کامەرانی بدۆزمەوە.

دەوریەک هەندێ تووتنی تیا بوو لەگەڵ چەند پەڕەیەک قاقەزی بافەرە لەسەر مێزەکە دانرابوو. کابرای دانیشتوو دەستی برد لەپاکەتێک -کەئەویش هەر لەسەر مێزەکەبوو- جگەرەیەکی تریدا بەکوڕەکەو خۆیشی دەوریە توتنەکەی هێنا سیگارێکی بۆ خۆی پێچایەوەو بەدەم پێچانەوەی سیگارەکەوە هەر ئەیوت: «ئێ کامەرانی». کەسیگارەکەی تێکرد، پێنج شەش چەرخ (فەنەک)ی بنزینی لەسەر مێزەکە بوو لەگەڵ ئەوەشا کە تازەبوون و هەموو شتێکیان تەواو بوو، دەستی دایە هەر کامێکیان هەڵ نەئەبوون و هەر ئەشی وت: «بەلێ، کامەرانی. ئێ، کامەرانی. کاکم کامەرانی ئەوێ».

ئەو بە هەر شەڕەشەقێک بوو سیگارەکەی داگیرساندو بەگوگردێکیش جگەرەی کوڕەکەی داگیرساند و سەر و نەفەسیان لێ دا و ئەمجا رووی کردە کوڕەکە وتی: فەرموو قسە بکە.

کابرا وەیا عەلائەدین سەجادیش تێگەیشتبوو کەئەو کوڕە چی ئەوێ؟ پێی وت: شوێن کامەرانی کەوتووم بۆیە وائەکەم و وارائەبوێرم. وتی: «جا ئەمەکەی کامەرانیە؟» وتی: تا ئەم کاتە باوەڕم لەسەر ئەوە بووە کە دنیا لە مەزیاتر هەڵناگرێ. ئەگەر کامەرانی دەست کەوێ لەو ریگەدایە کە من گرتوومە. دیارە لەمەشدا نییە. کەوابوو کامەرانی دەنگی هەیەو رەنگی نییە.

ئنجا پێی وت: کاکی خۆم گوێ بگرەتا قسەت بۆ بکەم، بەلام پێویستە تۆ لەپێشا بەسەرهات و چۆنیەتی خۆت بۆ من بگێڕیتەوەو تیمبگەیەنی لەحاڵ و ئەحوالی خۆت، ئەو وەختە منیش ئەوی بیزانم پێت ئەڵێم.

کوڕە هات ئەوی بەسەری هاتبوو لەو رۆژەوە کە بە شوێن کامەرانی ئەسووڕێتەوە تا ئەم کاتە هەر شتێک هەبوو نەبوو هەمووی بۆ گێڕایەوەو وتی: ئەمە ئاخر پلەمە؛ ئەمەوێ بزانم ئەوەی کەمن ئەمەوێ لای تۆ دەست ئەکەوێ یان نە. بەو نیازە هاتم، بەلام کە سەیر ئەکەم تۆ لە هەموو کەس زیاتر لەجەزرەبە دای.

لێرەدا عەلائەدین سەجادی دەستی پێ کرد و وتی کەواتە دڵت لام بێ وتی: «برام، لەپیش هەموو شتێکا چەند وشەیەک هەیە، ئەمانە تەنها وشەکەیان هەیە، مەفهوومی ئەو وشەیە دوور نییە هەر دروست نەبووبێ. ئەوانەش وەکو کامەرانی، عەدالەت، دیموکراسی و هیتریش هەیە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەمانەجۆرەتەڵەیەکن کەلیمە لە دنیادا نییەو نەبووە. هەر شتێک هەیە لە دنیادا هەمووی نسبییە. چاوت لەکاروباری رواڵەتی نەبێ، ئەوە هیچە. هەر دەستەیە کە تۆ ئەیبینی بە لاتەوە دەستەیەکی باش و بەختیارە، بچۆ لە گەڵیا هەڵسوکەوت بکە لەپاش تۆزێک پەشیمان ئەبیتەوە؛ خێرا بۆت دەرئەکەوێ کە ئەوە بۆ دەستبرینی دەستەیەکی‌تر ئەو رێگەیەی گرتووە. جا با ئەو دەستەو چینە هەر دەستەو چینەیک بێ، بەڵام ئەوی بەدڵی منا دێت و بەلامەوە کامەرانییە، چەند بیر و باوەڕێکە. ئەگەر ئەو بیر و باوەڕەت بوو ئەوە کامەرانیت، ئەگەر نەتبوو هیچ. بەتایبەتی کامەرانی بەپێی رۆژو زەمان ئەگۆڕێت، لەم رۆژەدا کە هەموو شت لە فیکر چۆتەوەو پووڵ و دراو شوێنی هەمووی گرتۆتەوە، کابرا بۆ ئەوە کە ڕاوی دەست کەوێ، چی بە بیرا بێت لەکار و بارێ ناهەموارو لە ماستاو کردنی بێ‌جێ ئەیکا گۆیا بۆ ئەوە کە ئەو دراو و شوێنەی دەستکەوێ. سەیر ئەکەی کەدەستیشی ئەکەوێ لە هەموو کەس دڵ تەنگتر و بەخەمترە. کەوابوو ئەمە کامەرانی نەبوو کەدەستی کەوت.

ئیحتیرام و رێز لەدنیادا دوو جۆرە: جۆرێکی هی ئینسانی رووتە؛ واتا پێویستە لە سەرت هەر کەس پێیان وت ئادەمیزاد، خۆڵڕێژێک بێت یا پادشایەک تۆ ئەبێ رێزی لێ بگری و بە چاوێکی گەورەوە سەیری کەی چونکەئینسانەو یەکێکە وەکو تۆ.

جۆرێکی‌تر، ئیحتیرام و رێزی دۆستایەتی، خزمایەتی، پایەو شوێن، عیلم و زانیاری، سامان و رواڵەتی دنیایە. هەر یەک لەمانەش ئەبێ زیاد لە هی ئینسانێکا بەشیان بدەیت، بەڵام بە مەرجێک: بەو مەرجەی کە کابرا لە خۆبایی نەبێ و داوای ئەوەی لێ بکا هەر بەو ناوەوە کە ئەو گەورەیە ئیتر واجبە لە سەر تۆ کڕنۆشی بۆ بەری. ئەگەر ئەو داوای لێت کرد ئەوە ئەبێ لەلایەن تۆوە بێبەش بێ؛ تەنانەت لە ئیحتیرامە ئینسانیەکەش؛ بۆ وینە: کابرایەک بە میساڵ وەزیرە، داوای ئەوەت لێ ئەکا تەنها بەو ناوەوە کە وەزیرە پیویستە لەسەر تۆ کڕنۆشی بۆ بەرێ و لەبەر دەرگاکەیا بکەوی و دەوری لێدەی. جارجار ئەویش بە فیزیکەوەو بەتیلی چاوەوە نیوە مەرحەبایەکی رووتت لێ بکاو ئەم نیوە مەرحەبایە ببێ بە خواردنی شەوو رۆژت و هیچی‌تر.

ئەگەر یەکێ وابوو ئەوە تۆ ئەبێ لەباتی کە کڕنووشی بۆ بەری، بەردی تێگری و بیشکێنی. بە شکانێکی وا کەجارێکیکە خۆی بۆ پێکەوە نەنووسێنرێ. ئەو مەسەلە کوردییەی تێ بگەیەنی کەئەڵێ: «بۆیە پێت ئەڵێم کاکە، تا چۆلەکەم بۆ بگری»؛ ئەگەینا ئەگەر بێتەسەر ئەوە لەبەر تەنها پایەکەت وەیا لەبەر تەنها سامانەکەت داوای ئەوەم لێ بکەی کە بە گەورەت بزانم، ئەوە لە باتی ئەوە بێ وابچیتەدڵتەوە کە بە هیچت نازانم و هەر یەکە پیاوی ماڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خۆمانین. لەم لایەنەوە ئەبێ پیاو وەزیرێک و گزیرێک بەیەک بزانێ و هیچ گوییان مەدەرێ با بیکەن برویش.

یەکێکی‌تر لە هۆی بەختیاری ئەوەیەکە هەرگیز وەختی خۆت وەیا دڵی خۆت بەشوێن و جیگەو بەقسە وتن بەخەڵکەوە تەنگ مەکەو خەرێک مەکە. چاوت لەوەوە نەبێ کەفلان ئەوەی هەیەو تۆ نیتە؛ وەیا کە دانیشتی لەگەڵ یەکێکا مەیە بەسەر و گویلاکی ئەو کەسە کە رۆژێک لەرۆژان ناسراویەکتان بووە. وەیا نان و پیازێکتان بەیەکەوە خواردووە. لەم قسانەو لەم خەرێک بوونانە هیچ کەڵکێک وەرناگری. بیجگە لەوەی نەبێ کە دڵی خۆت گرانبار ئەکەی. پیاو ئەبێ وەکوو ئاوی مەنگ وابێ؛ نەوەک چەقەنەی ئاش.

یەکێکی‌تر هەر قسەیە ئەیڵێیت وەیا هەر کردەوەیەکە ئەیکەی دوو ئامانجت هەبێ: یەکەم نیازی خۆت لەگەڵ خوای خۆتا بۆ ئەو قسەو کردەوەیە پاک بێ؛ دووەم موحاکەمەیەک لەگەڵ ویژدانی خۆتا بکە بزانە ئەو قسە وەیا کردەوەتە زیانی نییە بۆ خەڵک و بۆ بێ‌گوناحان. ئەگەر ویژدانەکەت پێی وتی نیەتی، وە نیازەکەشت لەگەڵ خودا پاک بوو، ئەوە لەسەر ئەو قسەو کردەوەتە برۆ با هەموو عالەمیش قسەبکەن هیچ نرخێکی نییەو دواجار هەر تۆ سەر ئەکەوێ.

یەکێکی‌تر لە هۆی کامەرانی ئەوەیە ئەگەر بیر و باوەڕێکت هەبوو، ئەبێ تا ئاخر هەناسەت لەسەر ئەو بیر و باوەڕە برۆیت. پایە وەیا پارە وەیا رۆژباشی بۆش نابێ پەشیمانت بکاتەوە. ئەمەش مەرجی هەیە؛ مەرجەکەش ئەوەیە وابزانی لەبیر و باوەڕەکەتا راست ئەکەی و لەسەر شتێکی راست و دروست ئەڕۆی. ئەگەینا ئەگەر وا بزانی بیر و باوەڕەکەت چەوتە، ئەوە نابێ لەسەری برۆی؛ چونکەپێدا گرتن بۆ شتی چەوت ئەمەزیانی لە قازانجی گەلێ گەلێ زۆرترە. خۆ ئەگەر بیر و باوەڕەکەشت بەراست زانی، وە لە واقیعیشا راست بوو، ئەوە هەر لە سەری برۆ با رایشت‌کێشنە پێ سیدارەو پێت بڵێن یا ئەبێ پەشیمان ببیتەوەیا ئەمەتە ملت ئەکرێ بەو پەتەوە؛ نەکەی پەشیمان ببیتەوە؛ چونکەمردنی بەسەر بەرزی گەلێ سەر بەرزترە لەژیانێ کە سەرنزمی تیا بێ.

یەکێکی‌تر ئەوا دوو دەستە هەیە: دەستەیەکی دەستەجڵەوی ئیشی گرتۆتە دەست و لەسەر کورسی دانیشتووە؛ دەستەکەی‌تریش لەدوورەوە وەستاوەو سەیر ئەکا. لەم دەستەی دووەمەدا چەند کەسێک پەیدا ئەبێ ئەوانی‌تر هەڵئەخرێنێ با بچین ئیشەکە لە دەست ئەوانی‌تر بسێنین؛ چونکە نازانن بەڕێوەی بەرن. ئەچن و بەرەنگاریان ئەبن. ئەوانەش کە لەسەر کورسیەکەن، ئیشەکە نادەن بەدەستەوە. بەمان ئەڵێن ئیوە نایزانن بەڕێوەی بەرن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کاروباری کۆمەڵ وای ئەوێ کە ئیمە لەسەر ئەم کورسیە بین. ئەمانیش ئەڵێن: نا، ئیوە نایزانن بەڕیوەی بەرن. کاروباری کۆمەڵ وای ئەوێ کە ئێمە لەسەر ئەم کورسیە بین. هەر دوو لایان هەر کاروباری گشتی ئەکەن بە بیانوو بۆ دانیشتن لەسەر کورسیەکە؛ کەچی هەر دوولایشیان درۆ ئەکەن کار و باری خۆیان وای پێویستە کە لەسەر کورسیەکە بن، نەوەک کار و باری گشتی.

جا نەکەی بروا بەقسەی هیچیان بکەی. هەر دوولایان درۆ ئەکەن؛ مەگەر بەدەگمەن و بۆ خۆیان وا ئەکەن. ڕاستەبۆ خۆیان وا ئەکەن، چونکە سەیر ئەکەی ئەو دەستەیە بۆ لەسەر کورسیەکەیە هەموو تێپەڕاندنی ئیش و کاری وڵات هاتۆتە سەر ئەوە کە بۆ خۆیانی تێپەڕێنن و ئەوانی‌تر کە لەسەر کورسیەکە نین وەیا تێکڕای خەڵکی وڵاتن، لە دوورەوە زاقەی چاویان دێت و بەدەردی نەرۆیشتنی ئیشەوە ئەتلینەوە.

جا کاکەبرا! لەبیرو باوەڕی منا ئەمانە هەندێک بوون لە هۆی کامەرانی. ئەگەر توانیت ئەمانە بەری بەڕیوە، ئەوا ویژدانت ئەتوانێ بحەسێتەوە. کە ویژدانت حەسایەوە خۆیشت کامەران ئەبێت. هەر وەخت توانیت ئەرکی ئەمانە هەڵگری و هەڵتگرت، جارێکیکە وەرەو هەندێکی‌تر هەیەپێت ئەڵێم. ئەگەینا ئەو کامەرانیەی تۆ ئەڵێت و عەودالی بە شوێنیا نییەو درووست نەبووە. بچۆرەوە لە ماڵی خۆت دانیشەوە، خۆت بە خەیاڵەوە خەرێک مەکە؛ نە عەدل هەیە نەکامەرانی.

کوڕە هەڵسا سوپاسێکی کابرای دانیشتووی کرد و ژوورە تاریکەکەی بەجێهیشت و ڕۆیشت.

## لافاوی سولەیمانی

– ئەڵێن میژوو خۆی دەوری خۆی ئەکاتەوە، ئەمەڕاستە. چونکە ئەو کارەساتە کە لەو ڕۆژانەدا پەیدا ئەبن، بەدەگمەن دوویان لە یەک ئەچن. دەور کردنەوەکە مەعنای ئەوە نییە کە کارەساتی وەکوو یەک ئەگیڕێتەوە، بەڵکوو مانای ئەوەیە کە زەمانەکە چەرخێکە ئەسووڕێتەوە لە ناو چەرخەکەدا پەردەی ورد و درووشت هەیەو پیشانی خەڵکی ئەدا. چەرخەکە لە سووڕانەوەدا ناوەستێ، کە نەوەستا ئیتر بەرەبەرە هەر پەردەی جۆروا جۆر دەرئەکەوێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا بۆ ئەوە ئەو چەرخی مێژوویە یەکێ لەو پەردانەکە نواندی بۆ پاشەڕۆژ ون نەبێ، ئەوا ئێمە لیرە وەکوو بخرێتە مەکینەی زەنگۆغرافەوەو بەتەواوی روون بکرێتەوە، ئەینووسین و بۆ پاشەرۆژی مێژوو ئەیهێڵینەوە. ئەو پەردەیەش پەردەی کارەساتی لافاوی سولەیمانییە، ئەم کارەساتەش بەم جۆرەبوو:

رۆژ رۆژی هەینی و ۱۸ی تشرینی یەکەمی ۱۹۵۷و ۲۸ی سەرماوەزی ۲٦٥۷ی کوردی بوو. سەر لەبەیان هەتاو و رۆژێکی خۆش بوو. ئومیدی لە خۆشی بەو لاوە هیچ شتێکی‌تر نەئەکرا هەتا کەوتە پاش نیوەڕۆ پاش عەسر. سەعات بوو بە پێنجی پاش نیوەڕۆ لە لای شیمال و شیمالی رۆژاواوە هەورە چلکنەیەک پەیدا بوو. زۆر بەتیژی بەرەو ئاسمانی ناو شارەکەو بناری شاخی گۆیژەوە دایکرد و کردی بەرەهیلە. زۆری پێنەچوو بوو بەتەرزە. بۆ ماوەی ٤٥ دەقیقە ئاسمان وەیا هەورە تالەکە ئەیگرمان و ئەیشریخان و ئەگریا. باران وەکو کوننە سەر بەرەوژێر ئەهاتە خوارەوە. تنۆکێ باران بە هەر چواریان ئیستکانیکی چایان پڕ ئەکرد. تەرزە لە هیلکە کەویکەوەتا هیلکەمریشکێک بوو.

کە باران و تەرزە خۆشی کرد، لافاو وەکو شێری برسی پەلاماری ناو شاری دا. لە سەرووی شارەکەوە رژایە ناو شارەوە. سەری کرد بە کۆلانەکانی گەڕەکی «مەلکەندی»دا - کە یەکێکە لەگەڕەکی شارەکەو کەوتۆتە سەرووی شارەوە- لەکۆلانیشەوە رووی کردە ناو ماڵەکان و ناو ژوورەکان؛ چی بەرپەل کەوتایە لەنوین و منال و زەلام، لە دروشکەی بەردکیشان هەمووی رائەماڵی و ئەیهێنایە دەرەوە.

ئەمجا بەسەر ئەو جادەیە تازەیەدا کەئەچێ بۆ ئەزمەر شالاوی هێنا چووەسەرای شارەکەوە. سەرا دوو نهۆمە؛ نهۆمی خوارەوە پڕی بوو لەئاو و هەچ نووسراو و پسوولەو سەنەداتێکی سەرای حوکومەت هەبوو لەو نهۆمەدا هەمووی کەوتەسەر ئاو لەبن میچەکە توند بوو.

لە پەنجەرەکانەوە ئاو هاژەی کردو هاتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوی سەرەوە کە ئەهات قۆلیان کرد بەقۆلی یەکا و پەلاماری بازاڕ و گەڕەکەکانی خوارەوەیان دا. لەم بەردەرکی سەرایەدا لافاوەکە بەهێزتر بوو. ئەسپی کالیسکەچی و ئۆتۆمۆبێلی رامالی و ئەیبرد. ئەیدان بە دیوار و کەندەلانا. لۆریەکی بەحەوت تن بارەوە برد، ئۆتۆمۆبێلی قەمەرە بەسەر ئاوەکەوە، ئاوەکە بۆی بووبوو بەشوفێر و بەکۆلانەکانا ئەیسووڕاندەوە.

لەشوێنیکی‌تر کەپێی ئەلێن «ئەسحابەسپی»و ناوەندی شارەکەیە، ئۆتۆمۆبێل بەگوریس بەسرا بووەوە، ئاو گوریسی پچڕان و ئۆتۆمۆبێلی فڕاند. نرکەی ئەم لافاوەش بێ زیاد و کەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هەر لەوە ئەچوو ئەتوت کێوێک ئەکەوێ بەسەر کێوێکا؛ چونکە هەم دەنگی ئاوەکە خۆی هەم دەنگی رووخانی ئەو دیوارو خانوانە کە بەرلەپی ئەکەوت، یەکیان ئەگرت و ئەو شاییەیان ئەگیرا.

لە هەندێ شوێنا ئاو کە چووە ژوورەوە ئەو میز و کورسیانە کە لە ژوورەکە بوون ئاوەکە لە بن میچەکەی تونگ ئەکردن. لە هەندێ شوێنی‌تر ئاو لەپاش ئەوەی کەنهۆمی ژێرەوەی خانوەکەی پر ئەکرد، ئەچووە نهۆمی سەرەوە. لەوێوە لەدەرگاو پەنجەرەکانەوە وەکوو تاقگە هەرەبەهێزی کوێستانەکان ئەرژایەوە کۆلانەکانەوە.

لافاو لەدەشتەکانی سەرووی شارەکەوە مەڕی هێنابوو. بە جۆرێ رایماڵیبوو ئەو مەر فریای ئەوە نەکەوتبوو کە رووی خۆی بگۆڕێ بۆ رووی ئاوەکە. هەر وەها لەناو شارا ئەسپی رائەماڵی و ئەیبرد. کە ئەمانەشی ئەبرد ئەیدان بەدیوار و کەندەلانی ناو شارەکەدا و لەوێ یا ئەبوون بەژێر دیواری رووخاوەوەیا هەر تونگی ئەکردن لەدیوارەکەو بەو جەزرەبەیە گیانیان تیا نەئەما. ئاوەکە بەمەوە نەئەوێستا، مناڵ و زەلامی لەناو ماڵا ئەفڕاندو ئەیبردن. چەند بێشکەی کۆرپەی ساوا بەسەر ئاوەوە بوو؛ کەس نەیئەوێرا توخنی کەوێ.

ئەمجا لافاو رووی کردە بازاڕان. لەوێ چووە «قەیسەریە»کانەوە. سولەیمانی دوو قەیسەری تیایە: قەیسەری «نەقیب»، قەیسەری «وەسمان پاشا». ئەمانە شوێنەکەیان چاڵن. شتومەکی بازرگانی و تجاری سولەیمانی هەموو لەم دوو قەیسەریەدان؛ کەچی چی لەوێ بوو لەکۆتاڵ و شەکر و چاو بابەتی عەتاری، هەموویانی راماڵی فەردەی پڕ لەکوتاڵ و سندووقی چا بەسەر ئاوەکەوە وەکو پووشکە وا بوو.

دیارەئەم ئاوە هەتا ئەهات زیادی ئەکرد و ئەهاتە سەری. لێرەدا نۆرە هاتەسەر گەڕەکی «سەرشەقام»و «شێخەباس». بەو تووڕەیی و توند و تیژیە پەلاماری ئەو گەڕەکانەی داو رووی تێ کردن. لەو دوو شوێنە کارەساتی زیاتر کرد؛ ماڵ رووخان و مناڵ بردن زۆرتر بەر ئەو شوێنە کەوت.

شوێنی شاری سولەیمانی لێژە؛ هەتا سەرەو خوارتر بڕوا بەلای قیبلەوە گوڕی ئاو زیاتر ئەبێ. ئەم گەڕەکانەش کەوتوونەتە خوارووی شارەوە بۆیە زیاتر کارەسات لەمانا رووی دا. تا گەیشتە ئەوێ و لەوێ دەرچوو هەر شتێک هەبوو بردی و ئەمجا لەخوارووی شارەوە رووی کردە چەمی تانجەرۆ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لە هەندێ لەکۆڵانەکانی ناو شارا ئەو شوێنانە کە ڕێبازی ئاوەکە بوون، تا دوو مەترە ئاو بەرز بووبووەوە. بەڵای زیاتر لەوەدا بوو ئاوەکە سارد بوو، هەمووی هی تەرزەبوو. لەبەر ساردیەکەشی کەس نەیئەوێرا توخنی کەوێ و شتێک بگرێتەوە.

لە هەندێ لە حەوش و سەربانەکانا وەکوو هێنابێتت بەسەد بار، سەد بار تەرزەت تێکردبێ، ئاوا کۆمەڵە بوو بوو. سەیرتریش ئەوەبوو شوێنێ وا هەبوو نووسابوو بە شارەکەوە، وەکوو هەر بارانی لێ نەبارییێ وابوو. لە هەندێ پەنا دیوارا لەپاش ٤٢ رۆژ تەرزە ئەدۆزرایەوە لە هیلکەکەو گەورەتر بوو.

دەنگی نرکەی لافاو و دەنگی هاواری ژنان و پیاوان کە کەس و کاریان ئاو ئەیبردن وەیاماڵەکانیان لەبەرچاویانەوە ئەڕووخا، وەیا شتومەکی ناوماڵیان بەسەر ئاوەوە ئەبینرا وەیا بارخانەی بازرگانەکان ئەچوو بەگەرووی لوورەی لافاوەکەدا و ئەمان هیچیان پێ نەئەکرا بیجگە لە هەناسە هەڵکیشان نەبێ. ئەم دەنگانەی ئەو رۆژەی ناو شاری سولەیمانی بێگومان کردبوویە کارێ کە فریشتەی ئاسمان بەزەیی پیا بێتەوە؛ بەڵام لە بەر ئەوە کە ئەو شارە هەر لە ماوەی چەند سالیکا جارێک ئەبێ ئەم دەنگانەی لێ بەرز بێیتەوە؛ جارێک بە هۆی بۆردومانەوە، جارێک بە هۆی رژانی خوێنی شەهیدەکانەوە، جارێک بە هۆی لافاوی بێ ئەمانەوە. لە بەر ئەمانە فریشتەی ئاسمانیش گوێیان کەڕ بووبوو لەدەنگی ئەو هەموو زایەڵانە. وادیارەشاری سولەیمانی ئەبێ هەموو جار ئەم دەرد و مەینەتە بخاتە سەر شانی.

لە گەرمەی لافاوەکەدا خەڵکەکە پەرت و بڵاو بووبوونەوە؛ کەس ئاگای لەکەس نەبوو. وەیا کەس نەیئەزانی چی دیار نیەو کێ بووە بە قۆچی قوربانی و بە ماڵی تاڵانی.

باران و تەرزەکەلەپاش ٤٥ دەقیقەخۆشی کردەوە. لافاو هەر درێژەی کێشا و شەو بەسەرا هات. لێرەدا عالەم کەوتنە دەربەدەری و فەلاکەت. بەرەبەرەناڵەی جگەر سووتاوان بەرز بووەوە. ئەمجا هەر یەکە لە لایەکەوە هاواری ئەکرد کوڕەکەم وەیا براکەم وەیا کۆرپەکانم دیار نین. ڕاست بوو، دیار نەبوون؛ چونکە لافاو بردبوونی و کردبوونی بە گاوگەردوونی خۆی.

ئەوانەی لەناو شارا بەخنکاوی لە دەمی لافاو سەنرانەوە، وەیا ئەوانەی بەمردوویی لەژێر دار و بەردی خانووی رووخاوی دەست لافاو دەرهێنرابوون، ئەمانە لە ماوەی شەو و رۆژێکا دۆزرابوونەوە. بەڵام لەپاش ئەو شەو و رۆژە لە عەربەت و تانجەڕۆ لاشەی مردوو ئەبینرایەوەو ئەهێنرایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەدەستە خەڵک ئەچوون بۆ ناشتنی مردووی ئەم کارەساتە لە گردی سەیوان. گۆڕهەڵکەنەکان فریای ئەوە نەئەکەوتن بێنەوە بۆ ناوشار. کە گۆڕێکیان هەڵئەکەند بە پەلە ئەچوونە سەر هەڵکەندنی گۆڕێکی‌تر.

سەیرتر ئەوەبوو لەپاش دوو ڕۆژ منالێک لەناو بیشکەیا کە ئاو بردبووی لەدەورو بەری عەربەت و تانجەڕۆ دۆزرابووەوە پەنجەی خۆی خستبووەدەمی و ئەیمژی؛ هێنایان بۆ خەستەخانە. وا دیار بوو لەوێدا ویستبوویان دەرمانی بکەن ئەو وەختە مردبوو.

دەمێ ساڵ بوو؛ سولەیمانی خەریکی ڕێکوپێک کردنی ناو شار بوو. لە جادە، لە زیراب و ڕەهەن، لە جوانی ناو شار ئەم لافاوە ئەو ئیشانەی کە بەو ساڵە کرابوو هەمووی لە ماوەیەکی کەما تێکداو هیچی بەسەر هیچەوە نەهێشت. شاری سولەیمانی لەم مێژووەدا بوو بە شوێنێک وەکوو هەرگیز دەستی ئاوەدانی بەخۆیەوە نەدیبێ وابوو. لە لایەکەوە جادەو کۆلان هەموو تێکچوو بوو، ڕوخابوو بەسەر یەکا. لە لایەکەوە خانووبەرەیەکی زۆر ڕمابوو بە سەر یەکا. دەنگی زایەڵەی ڕۆڕۆیش سەرباری هەموو بوو.

ئەو زیانەی کە لەم لافاوەدا کەوت لەم شارە بەمجۆرە بوو:

ئەوانەی کە خنکان و بوون بەژێر دار و پەردووی خانووی رووخاوەوە ٣٥ کەس. ئەمانە زۆرتری منالی ساواو پاشان ژن و ئەمجا پیاو. ئەو خانوانەی کە لافاو رووخاندی ٤٧ خانوو بوو. ئەوانەی کە لافاو پەکی خستبوون ئەبوا بڕووخێنرێن ٧٦ خانوو بوو. ئەو زیانەی کە لە خەڵکی ناو شار کەوتبوو لە کوتاڵ و بابەتی عەتاری و شتومەکی ئاو بردوی ناو ماڵ دانرا بەسەد هەزار دیناری عیراقی. ئەو زیانەی کە لە شارەوانی (بەلەدیە) کەوتبوو هی خیابانەکان، باخچەگشتیەکان، زیراب و بۆڕیەکان دانرا بە ٣٠٠هەزار دیناری عیراقی.

ئەم کارەساتە بەمجۆرەقەوما. پاش ئەوەخەڵکی ناوشار و کوردەکانی دەرەوەی ناو شار بەتایبەتی ئەوانەی لە بەغدا بوون، هاواریان لێ بەرز بووەوە بۆ پڕکردنەوەو چارەکردنێکی ئەم زیان و کارەساتە. ئیستگەی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەنگی بەرز کردەوە. مەسەلە گەیشتە هەموو شارەکانی دەرەوەی عیراق و ئێستگەکانی عالەم. هەموو باسی ئەم لافاوەو پەرێشانی خەڵکی شاری سولەیمانیان کرد. خاوەن شکۆ پادشای عێراق و جێنشینی پادشای عێراق لە بەغداوە چوون بۆ بینین و سەرەخۆشی کردن لە لێقەوماوانی شاری سولەیمانی. هەر وەها پیاوانی کوردیش لە هەموو لایەکەوە هەرچۆن ئەوێ بۆ بینینی ئەم کارەساتە بە تەلگراف و تەلەفۆن و نامەی تایبەتی کوردەکانی عێراق و دەرەوەی عێراق دەربرینی ماتەمی خۆیان بۆ ئەو پەرێشانیە کە ڕووی کردۆتە شاری سولەیمانی، ئەنارد. بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


موتەسرفی شار و سەرۆکی شارەوانی و رۆژنامەی ژین لە سولەیمانی هەروەها پادشا و سەرکۆمارەکانی کیشوەرانی دەرەوەی عێراق باسی ماتەمی خۆیان ئەنارد بۆ خاوەن شکوێ عێراق و ئەمانە هەموو لە رۆژنامەکانی بەغداد بلاو ئەکرایەوە.

لەبن دەست ئەمەوە خەزێنەی حوکومەتی عیراق ٢٠ هەزار دیناری نارد بۆ لێقەوماوانی شار. ئەنجا فەرمانیشی دەرکرد کەتا ٥٠ هەزار دینار پیتاک بکرێ و ئەمانەش هەر بدرێتێ.

لیژنەیەک بۆ ئەم لایەنە لە بەغدا دامەزراو دەستیان کرد بەئیش کردن. لەشارەکانی‌تری کوردەواری عێراق، ئەوانیش لیژنەیان بۆ خۆیان دروست کرد و دەستیان کرد بە پارە کۆکردنەوەو هەموو لایەک مەردانە هاتنەدەست.

لەناو شاری سولەیمانیش ٨ لیژنەدروست کرا بۆ ئەوەبزانن هەر کەسێ زیانی لێکەوتوە. بەو پێیە لەم پارانە، پارەیان بدەنێ و تۆزێ لە کەساسیان کەم بکەنەوە.

ئەو لیژنەگشتییە کە لە بەغدا دروست بوو، لەپاش ئەوە کە بە جۆریکی جوان کەوتنە ئیش کردن، پەنجا هەزار دیناریان کۆکردەوەو نزیکەی ٣ هەزار دیناریکی‌تریش هەبوو، دەستووریکی تازەشیان بۆ ئەوە داوا کرد. هەروەها ١٥٠٠ دیناری‌تریش پێش ئەمانە لە لایەنی یەک دوو کەسەوە بەرات کرا. بە کورتی بۆ ئەم ئیشە پەلاماریکی باش درا. لەرۆژی ١٩٥٨/١/١٦ دا لیژنەی گشتی چوون بۆ سولەیمانی و پارەیان بلاو کردەوە. زیان لە ٦٤٪ پڕ کرایەوە. دیارەئەمە بێجگە لەوە کە تا ٢٠هەزار دیناریک لە دەولەمەندەکانی سولەیمانی کە زیانیان لێ کەوتبوو، وازیان هێنا و بەشی ئەوانیش دابەش کرا بەسەر ئەوانەدا کە زۆر پیویستی یارمەتی بن.

شتێکی‌تر کە شایانی باس بێ ئەوەبوو:

ئەم لیژنەیە هێنایان ئەو کەسانە کەبە هۆی لافاوەوەمردوویان مردبوو، ئەو مردووە ئەگەر سەرۆکی خێزان بووبێ، بێجگە لە بەشی زیانەکە ٢٥٠ دیناری‌تریشیان داوە بە خێزانەکە. ئەگەر خۆ مردووەکە سەرۆک نەبووبێ ١٠٠ دیناریان پێ داون.

ئەمەی کەمن نووسیم لێرەدا بۆ ئەوەبوو کە مێژوو شت ون نەکا. جا لەبەر [ئەوە] ئەم باسە ئەخوێننەوەو دوور نیە نەزانرێ کە زیانەکە چەند بووە بەرامبەر بەپارەی ئەوان، وەیا نەزانرێ دیناری عیراقی چ نرخێکی هەیە، ئەوا هێنام بەرانبەری دیناری عیراقیم کرد لەگەڵ هەندێ لەو پارانەدا کەخاوەنەکانیان دراوسێتی و ئاشنایەتیان لەگەڵ عێراقا هەیە بۆ ئەوە هەموو لایەک وەکو یەک بزانن کە زیانی شاری سولەیمانی لەماوەی ٤٥ دەقیقەی رۆژی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

١/١٨. /١٩٥٧ چەند بووە و بۆ ئەوە بەرەی پاش ئەم رۆژەش هەر بەتەواوی بۆیان دەرکەوێ نرخی پارەکان لەو رۆژەدا بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

دینار عیبارەتە لە ١٠٠٠ فلس وە ئەمە وەحدەیەکی قیاسی عیراقیە.

| فلس | دینار | |
|---|---|---|
| ٧٥٠ | ٣ | لیرەی رەشادی زیر. |
| ١٠ | ١ | پاوەنی ئینگلیزی. |
| ١٠ | ١ | جونەیەی میسری. |
| ٣٦٥ | | دولاری ئەمەریکی |
| ١٠٢ | | لیرەی قاقەزی سوری. |
| ٢٦ | | لیرەی قاقەزی تورکی. |
| ١١٨ | | لیرەی قاقەزی لوبنانی. |
| ٤٦ | | تمەنی ئێرانی. |
| ٧٥ | | روپیەی هیندی. |
| ٨٠ | | فەرەنگی سویسری. |

لەدروستکردنی شاری سولەیمانیەوە تا میژووی ئەم کارەساتە ١٣٧ ساڵە. وا دیارەئەم شارەلەم ماوەیەدا هەر بەشی کۆلولی و ناخوشی بووە.

مامۆستا نەجمەدینمەلا لە رۆژنامەی «ژین»ی ژمارە ١٣٧٨ی رۆژی ١٩٥٨/١/٢٣ ئاگادارییەکی لەم رووەوە بلاو کردبووەوە. ئەو ئاگاداریە لە گەڵ ئەم باسەدا ئەگونجن، بۆ ئەوە میژوو ئەوەش ون نەکاو لە هەموو لایەکیشەوە ئاگادار بن، وا لیرەدا قەوماوەکانمان گێڕایەوە.

ئەم شارەئەمانەی دیووە:

**کارەسات لە میژووی**

| | |
|---|---|
| ١٧٩٥ | نەخۆشی چاوەقوول. |
| ١٨٥١ | روخانی ئەمارەتی بابان و ئاژاوە. |
| ١٨٧٦ | گرانی گەورەو شەری فارس و بەیەزید. |
| ١٩٠٤ | رشانەوە. |
| ١٩٠٨ | ئاژاوەی سولەیمانی بە هۆی کارەساتی موسلەوە. |
| ١٩٠٨ | گرانی پیشوو لەبرسا بردن. |

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٩١٩ بەدیل گرتنی شێخ‌مەحموود.

١٩٢٤ بۆردمانی سولەیمانی.

١٩٣٠ هەرای رۆژی رەشی شەشی ئەیلول.

١٩٣٢ لافاوی پیشوو.

١٩٥٧ لافاوی ئەمجارە.

مایەوە سەر ئەوە ئایا ئەم کارەساتە بۆچی لە سولەیمانی روویدا؟ لەگەڵ ئەوەدا ئەو شارە شوێنێکی نیمچە کوێستانەو هەموو دەمێک شوێنی رەهێڵەو باران بووە؟

جێگەی ناو شاری سولەیمانی هەموو شیوو دۆڵە. هەر لەو وەختەوەکە ئیبراهیم پاشای بابان لە ١٧٨٤دا بناغەی شارەکەی داناوە تا ئەم رۆژە هەموو کاتێک رێبازی ئاو و لافاو بووە؛ کەچی تا ئێستەش بیجگە لە ساڵی ١٩٣٢ شتێکی‌تر وا رووی نەداوەتەوە. هی ساڵی ١٩٣٢یش لەچاو ئەمجارەدا شتێکی وا نەبوو.

راستە سولەیمانی گەلێ باران و لافاوی چاو پێکەوتووە، بەڵام ئەوەی کە بوو بە هۆی فەلاکەتی ئەم جارە، دوو شت بوو: یەکەم پڕ بوونەوەی شیوەکان؛ دووەم پڕ بوونەوەی خەندەقەکە.

وەکو زانیمان لەزۆر شوینی ناو شارەوە هەر لە کۆنەوە شیوو دۆڵ بووە. هەر باران و لافاویک هاتبێ شیوەکان قووتیان داوەو ئیتر هیچ نەقەوماوە. ئەمە چەند ساڵیکە بە هۆی دروستکردنی شەقام و رێک خستنی جادەو کۆڵانی تازەوە ئەو شیوانە بەرەبەرە پڕبوونەوە. خۆڵی سەرجادەکان و خاک و خۆڵی ماڵان هەموو بەجۆرێکی کەمتەرخەمی ئەکرانە ناو ئەوانەوە. ئەو شتەش کە ئەم لایەنی کەمترخەم کردبوو، دروستکردنی ئەو خەندەقە بوو لە قەراخ شارەکەوە. گۆیا ئەوترا کە خەندەق هەبێ ئیتر شیو پێویست نیە. خەندەقەکە بوو بە هۆی تیا چوون و پڕ بوونەوی شیوەکان؛ کەچی ئەمە چەند ساڵیکە گوێ بە خەندەقەکەش نەدرا تا ئەویش پڕ بووەوە. بە پڕ بوونەوەی هەر دوو لایان، بەر بۆ لافاو بەرەڵا بوو.

کەوابوو هەزار خۆزگە بەو دەورە کە ئەو خەندەقە دروست نەکرابوو؛ چونکە نەبوونی ئەو، خەڵکەکەو حوکومەتیشی وریا ئەکردەوە بۆ ئاگاداری لە شیوەکان؛ ئەمەیەئەڵێ: «بۆ ریش چوو سمێڵیشی نایەبان».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


**دیسان هەر بۆ ئەوە کە مێژوو شت ون نەکا:**

لەرۆژی یەکشەنبەی ١٩٥٨/١/٥ دەمەدەمی ئێوارە هەورێکی شووم کشا بەسەر لیوای دیالەدا؛ ولاتی خانەقینی هەموو داپۆشی. لە سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا باران وەکوو کونەی سەربەرەو ژێر دەستی پێ کرد. بێجگە لە تاریکی دنیای هەور، تاریکی دنیای شەویشی هاتە سەر. لێزمەی باران هەر زیادی ئەکرد. لەسەعات سێی پاش نیوەشەو وریەی ترس لێدرا. لافاو لەکێوەکانەوە هێرشی هێنا بۆ ناوشار. نەدیواری باخ و باخات ئەیگێڕایەوە، نەکۆشک و خانوبەرەی ناو شار.

ئاژاوە کەوتە شارەوە. ماڵ و مناڵ کەس لەژێر خانوا نەما. لافاو رووی کردە گەڕەکی خوارووی ناوشار و خانەکان. لەپێش هەموو شتێکا مەکینەی کارەبای پەک خست و رووناکی لە شارا بڕا. دەنگی رووخانی خانوو، دەنگی هاواری مناڵ و گەورە یەکی گرت. سامی تاریکیش هەر ئەهات زیاتر هەڕەشەی ئەکرد. بارانیش ئەهات زیادی ئەکرد تا سەعات پێنجی بەیانی ئەو لێزمەیە درێژەی کیشا و پاش ئەوە، خۆشی کرد و وردەوردە کونی رووناکیش کەوتە دنیاوە.

بەلام هاوار و دادی شار و سەر لێ تیکچوونی دانیشتووانی شار هەر زیاد ئەبوو؛ چونکە کەس بەتەمای هیچ نەمابوو و هیچ دەرویەکیش نەبوو رووی تێ کرێ. جەستەی ئەو شارە لە دلا جەستەی خامۆشان بوو و لەڕووا جەستەی واوەیلای دادفرۆشان.

ناو شاری خانەقی روباری ئەلوەندی لە ناوایە کە ئەمە لە ولاتی ئیرانەوە دیت. ئەم لافاوە هی رووبارەکە نەبوو؛ چونکە لەو سەردەمەدا و لەو شەوەدا باران لە ئیران نەباریبوو تا ئەلوەند زیاد بکات؛ بەلکوو ئەم ئاوە هەر هی بارانی ئەو ناوە بوو کە لە شیوو کێوەکانی سەرووی خانەقی ئەیکرد بەلافاو و ئەیرژانە ناو شارەوە.

لەم لافاوەدا زیان لەگیان نەکەوت، بەلام زیان لەماڵ ئەوەندە بوو، سێ عەلافخانەکە رووخاو هەموو شتومەکی بوو بە ژێر ئاوەوە. ٢٠ خانوو هەر لە ناو شار رووخاوەو شتومەکی بوو بەژێر ئاوەوە. ٢٥ خانوو لەئاوایی «تۆلەفرۆش» کە لووتی بە لووتی شارەکەوەیەو کەوتۆتە سەرویەوە. ٣٠ خانوو لە «کارێزی ئەرکەوازی» کەئەمەش هەر لووتی بەسەر شارا داژەندوەو کەوتۆتە سەرویەوە. زیانی بەشی خانەقی بەباخەکانەوەگەیشتە ٤٠ هەزار دینارێک. دیسان دە رۆژ ئەم شارە بێکارەبا و سێ رۆژ بێ ئاوی خواردنەوە مایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هەر لەو بارانەداو لەو شەوەدا ئەم لەشکری هەوری بارانە بەو جۆرە دای بەسەر «قزرابات» (سەعدیە) و «جەلەولا»دا؛ لێرەدا گەلێ ناخۆشتر و نارەوا تر بوو. شوێنی قزرابات چاڵە؛ بارانی ئەو ناوە هەموو بوو بە لافاو و لەناکاو سەدەی خەتی شەمەندەفەری شکان و هەرەسی هێنا بەسەریانا. دەس لە سەرشان ئاو رژایە ناو ماڵان. لە وێوە هێرشی بردە دووکانەکان. کارەساتی قزرابات وەکوو هیچ شوێنێک نەبوو؛ دنیا تاریک، لافاوی ئاو بە هێز، شوێنێک کە منالێک تیایا ستار بگرێت نەماوە.

زەلام و ژن و منال بە تۆی کراسی رووت لە گێژاوی لافاوی بێ ئامانا ئەخولانەوە. نە باوک بەسەر منالی ئەپەرژا، نە دایک بەسەر کۆرپەی ناو بێشکەی ئەدا. ئەڵێن رۆژی قیامەت وا دیارە ئەو شەوە بووە لە قزرابات.

ئەم شوێنی قزراباتە رێگەی ئۆتۆمۆبێل بەناو شارەکەیا ئەڕوا. ئەم لاو ئەو لای رێگە هەموو خانوو و دووکانە. شوێنەکەشی وا رێکەتووە دەشتەو چالیشە. هەموو ئەم لاو ئەو لاکەی سوارە بەسەریا، لەترسی کارەساتێکی وا گەلێ جار ویستراوە شوێنی شارەکە بگوێزرێتەوە، بەڵام زۆر بەتەنگیەوە نەبوون هەتا ئەمجارە ئەمە رووی داو بوو بە هۆی ماڵوێرانی گەلێ خێزانی ئەو ناوە. کە لافاوەکەشی هات لەبەر ئەوە شەو لە ناکاوا بوو، کەس هیچی پێ نەکرا و کەس نەیتوانی پەلاماری شتێک بدا بۆ رزگار بوون. ئەوەی زۆر ئازا بوایە گیانی خۆی دەرباز ئەکردو هیچی‌تر. بە هەر جۆر بوو، ئەوانەی پێیان کراوە خۆیان رزگار کردووەو ئیتر لافاو بەبێ ئامان پەلاماری خانوو دوکانەکانی داوە تا رۆژ بوەتەوە. لەو هەموو خانوو بەرەو دوکانە نزیکەی ٣٠ خانوویەک بەپێوە ماوەو ئەویتری رووخاوە.

کەرۆژ بوەتەوەو ئەو عالەمە بەرووت و قووتی کەوتۆنەتە ئەو دەشتە، حوکومەتی نزیک و قائمقامی «شارەبان»و لەشکری ئەو ناوە مەردایەتیەکی مەردانەیان نواندووەو لە هەموو جۆرە جلوبەرگ و خواردەمەنی و نوێنێکیان فریا خستون و نەیانهێشتووە هەروا بەو بێ دەرەتانیە هەموویان تیا بچن.

ئەو زیانەی لە قزرابات کەوتووە:

بەلافاو و بە رووخانی خانوو بەسەریانا ٦ کەس مردوون. خانوو و دووکان کە رووخاوە دانراوە بە ٥٠٠ خانوێک. زیانی ناوشار هی شتومەکی ناوماڵ و دووکان و بازرگانی بێجگە لە نرخی خانووەکان ٣٠ هەزار دینارێک بووە.

کارەساتی «جەلەولا»ش کەمتر نەبووە لە هی قزرابات. جەلەولا بەسەر رووباری سیروانەوەیە. ئەویش بە جۆرێ باران و لێزمەکەی خانەقی و قزرابات هەر لەو شەوەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کوتراوە. هیچ دەروویەک بۆ ئەو دانیشتوانە نەماوەتەوە تەنها دەوری رۆژ بوونەوە نەبێ ئەوانیش لەگێژاوی لافاوی بارانا گێژیان خواردووە.

دیسان شوینی جەلەولاش هەر دەشتەو کیوو تەپۆلکەکان سوارن بەسەریا. بارانەکە که باریوە، لافاو لە شیو و دۆلی کێوەکانەوە هەستاوەو لە هەر چوار لاوە پەلاماری شوێنی جەلەولای داوەو کەس هیچی پێ نەکراوە. بەیانی که رۆژ بوەتەوە دیسان حوکومەتی نزیک و لەشکری ئەوێ گەیشتونەتە دادیان، جلوبەرگ و خواردنیان فریا خستوون. پاشان ئەو مالانە که بێلانەو بانە ماونەتەوە، لەشکر لە خانوەکانی عەسکەریدا دالدەی داون و شوێنی بۆ چاک کردوون.

ئەو زیانەی که لە جەلەولا کەوتووە:

١٠ کەس بەلافاوو رووخانی خانوو بەسەریانا مردوون. ١٥٠ خانوو رووخاوە. زیانی ناومال هێشتا دەرنەکەوتووە.

پاش ئەمانەحوکومەت چوو بۆ سەردانی ئەو شوینانەو لێژنەی دروست کردەوەو هانە هانەی خەلکیان ئەدا بۆ یارمەتی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# رشتەی مرواری

- جەنگی ١٩١٤-١٩١٨ جەنگیکی بەسام بوو؛ زۆر بەسام بوو. کە کەوتە ١٩١٧ ئەبێ ئەوە بزانین کە م‌یلیون‌و نیوێک کەوتنەکوورەی شەڕەوە؛ کەوتنە ئەو کوورەیەوە کە حەوت بەش لە هەشت بەشی ئەم دانیشتوانی سەر زەویە تووشی داوی جەنگ بوون. تووشی ئەوە بوون کە نۆ بەش لە دە بەشی ئەم فەرەنگانە جەنگیان لەگەڵ بەشەکەیترا ئەکرد.

راستە وابوو؛ چونکە ١٣٤٠ملێون لە هاوپەیمانەکان ئەچوون بەگژ ١٦٠ ملێونی ئەڵمانی، نەمسەیی، مەجەری و تورکیدا.

لەجەنگی ١٩١٤-١٩١٨ دا ٦٠ ملێون زەلام لە ژێر چەکا بووە. کە لە شەڕ بوونەوە ٨ ملێونی ئا لەو کەسانە کە باوک و داکیان بەخوێنی جگەر گەورەیان کردبوون، لە پێناوی چڵێسی چەند کەسیکا کوژران.

هەروەها کە لە شەڕ بوونەوە، ١٨ ملێونیش بریندار کەوتە عالەمەوە.

تاعون و پەریشانی مردن ١٧ ملێون بوون. کەواتە تۆ ئەبێ وا بزانی کە ٤٣ ملێون کەس لەجەنگی ١٩١٤-١٩١٨ بوون بەگاوگەردوونی چەند کەسێک.

بناغەی هەڵگیرسانی ئەم جەنگەش ئەوەبوو کە «ئەرشدوق فرەنسیس» جێنشینی شای «نەمسە» لە گەڵ ژنەکەیا لە ناو دروشکەدا بوون. لە «ئەلبوسنە» لە «سوریا» لە ٢٨ حەزیرانی ١٩١٤ کوژران؛ ئیتر ئەمە بوو بە مووشەدەمەی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە کە سەری ئەم هەموو حەشاماتەی تیا بە فەتەرتا درا؛ پێی ناوێ کارمان چیەبەمەوە.

مەلاحەمدوونی حافز، پیاوێکی بێ‌چاو و خەڵکی سولەیمانی بوو. لە ١٢٧٨ی هیجری هەر لەو شارە هاتبووە دنیاوە. لە ١٥ی جمادی‌الاولی ١٣٣٦ی هیجری کۆچی دوایی کردووە. لەو ماوەیەدا گەلێ شاران و وڵاتان گەڕاوەو دنیای لەبۆتەدا تاقی کردۆتەوە.

جا ئەم مەلاحەمدوونە بەچاوی دڵی کارەساتێکی ئەو شەڕەت بۆ ئەگێڕێتەوە کە پارچەیەکی هەرە بەرزە لە ئەدەبی کوردی. بەراستی هەر تەنها مەلاحەمدوون زانیویەتی باسی ئەو شەڕە بکات و بڵێت:

ئەم ڕۆژەچەرۆژێکەکەعالەم شلەژاوە
هەر کەس بەجەخارێ جگەری قیمەکراوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دنیا پڕی ئاشووبە خەلایق بەعموومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی هێرشی ئاوە
کامەی کە ئەڵێ خۆشیەتی دوورە لە محنەت
ریشەی دڵی ئالاوە بە سەد دەرد و بەڵاوە
گیرۆدەیە ئەم عالەمە هەر کەس بەسیاقێ
کەوتوونەتە زنجیرەی ئەنواعی بەلاوە
وەک تەرزە ئەبارێ بە هەموو دەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خوا توند و بەتاوە
نیک و بەدی ئەم زومرەی ئیسلامە بە جارێ
کەوتونە کەشاکەش بەقوماندەی ئومەراوە
ئەم زالمی سەفاکی سەفەربەرلگە ئەمڕۆ
فەرمانی بەخوین رشتنی ئەم عالەمەداوە
ژاندارمەئەسوورێتەوە وەک واشەیی برسی
بۆ لاشەیی میللەت بەفڕو فیلی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوغرە، کەرو ئیسترو یابوو
حوشتر سەقەت و شەل بووە، گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نییە حەتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەک بیخەنە ژێر باری قەزاوە
هەر شەش جەهەتی گرتووە ئاشووب و مسیبەت
میشوولە مەجالی نییە دەرچێ لەحەواوە
تەیارە بە ئەسپانی شەڕو فتنەوە دایم
جەولانی ئەلێ هەورە بە سەر مەرکەبی باوە
بالۆنی هەڵۆشیوە لە گەڵ دیتە تەحەرک
عالەم لە نەزەریا بە مەسەل پۆری خوراوە

ئەم جووتە بەلازادەی بالندەیە ئەمڕۆ
سەیارەیی فەوقن بە ئەلکتریکی چراوە
عالەم لەشریخە شەرەری دەمدەمی بۆمبا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەیران و سەراسیمەو عەقلی خەرفاوە
بەرقی غەزەبی دانەو نارنجەک و تۆربید
ئاگر ئەپژێنن لە زەمین و لە سەماوە
شەو رۆژە لەبەر بەرقی قەبیح و رم و سوننی
لەمعەی قەسەتۆرەش بەمەسەل بەرقی هەتاوە
دەشت و جەبەل و بەحر و جزیرەو هەموو دنیا
شەق شەق بووە مەجمووعی بەدەم تۆپی قەزاوە
وشک و تەڕی ئەم سەرتحی کوورەی ئەرزە بە جارێ
گولگون بووە، رەنگینە بە خوێنی شوهەداوە
تا حوکمی تەماشای تەسەور لە هەموو لا
هەر لاشەی چنراوو سەر و دەستی شکاوە
روسی غەم و ئینگلیزی خەفەت هەر دوو بەجارێ
هاتوونەتە سەر مۆمنی عوشرەت بەسوپاوە
هەر لەحزەی سەد لەک چەلە مۆمن چەلە موشرک
واسڵ بە دوو جیمن بەعەتاوو بەخەتاوە
وا پۆرو سەفینەو بەلەم و کەشتی و ئوستۆل
ئامادەی حەربن لە هەموو لا تەنراوە
گیراوەبە هێزی چەک و تەیارەو ساروخ
مەعموورەو وێرانە هەچی ناوی براوە
لەو رۆژەوە دنیا هەیە تا ئەم دەمە بێ شەک
مەغلووبە بەم غابەتە نەبوەو نەکراوە
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەکسەر
ئەم عەرسەی ئافاقە ئەڵێ حەلقەی داوە
ئەم دینە لە پێشا وەکو سەرچاوەی زەمزەم
بێ‌غەش بوو، ئەمیسا کەئەڵێ عەینی قوڕاوە
بنچینەی دەرکەوتووە بنیادی شەریعەت
یەکسەر هەرەسی بردووە ئاساری نەماوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پڕگەردی غەمە ناوی سەعاتی دلی عالەم
رەقاس و جەرو زنبەلەک و چەرخی شکاوە
یاڕەبی لەبەر حورمەت و ئێکرامی محەمەد
رەحمێ بکە بەم باقی ئیسلامەکەماوە
کەم زۆرە ئەگەر نەسرەتی حەق راهنما بێ
بێ نەسرەتی حەق لەشکری دارا سەرەواوە
«حەمدی» دلی یەخسیری فەرەنگی غەمە ئەمرۆ
بەربوونی بە بەربوونی گەرووی بەسرەو فاوە

* * *

- مەحموو نادر پیاوێکی نەخوێندەواری عەشیرەتی جاف بوو. لە «بانی خێلان» دائەنیشت، هەچ قسەیەک کە ئەیکرد گەوهەرێک بوو لەئەدەبی کوردی.

ئەم مەحمووی‌نادرە رۆژێک مەلاقادرسۆفی و مەلاحسێنی کوری مەلاقادری‌بیارە ئەبن بە مێوانی و هەروا ئەکەونە قسەکردن. مەلاقادر باوکی لەعەشرەتی وەلی و دایکی لە عەشرەتی «دەلەژیری» بوو.

ئەم دوو عەشرەتە لە تیرەکانی جافن. دەلەژیریش تۆزێ دەستی دزییان هەیە. مەلا حسێنیش باوکی ئەوەتە مەلاقادری بیارەیەو دایکیشی کچی شێخی زیائەدینە، خۆیشی پیاوێکی قسەقوت و خۆشە. مەلاقادری‌سۆفیش پیاوێکی زانا و دانا بووە.

مەحمووی نادر روو ئەکاتە مەلاقادر و ئەلێ: «بێژم چی لەکاری خوا؟ ئەوەسە لە باوکە سنگ‌رووتێکی وەلی و لە دایکێکی دەلەژیری، پیاوێکی وەکوو تۆ دروست ئەکاو لە مەلاقادری بیارەو لەکچی شێخی زیائەدینیش پیاوێکی وەکوو مەلا حسەین دروست ئەکا».

- ئینگلیز تازە هاتبوونە عێراقەوە، زابتێکی گەورەی ئینگلیز لە «فەقێ جنە» لەدیواخانی حەسەن‌بەگی‌حسەین‌بەگدا دائەنیشێ و دەست ئەکا بەقسەکردن‌و بەشان‌و باڵی چاکی خۆیانا دێت.

مەحموی‌نادریش لە دیواخانەکە ئەبێ. ئینگلیزەکە هەموجار روو ئەکاتە مەحمووی‌نادر و ئەلێ ئەوەتان بۆ ئەکەین و ئەوەتان بۆ ئەکەین. کە ئەو لە قسەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەبێتەوە، مەحمووی نادریش لەسەرخۆ پێی ئەڵێ: «ئینگلیز بەگ! ئیمە دابەستە خزمەت ئەکەین و پاشان سەری ئەبڕین». ئەڵێ کابرای ئینگلیز ئیتر نقەی نەکرد.

- کەریمخانیزەند پێیان ئەوت وەکیلەرۆعایا؛ دادگوستەر و میللەتپەروەر بوو. لە گەرانەکەیا بەولاتی کوردەواریدا بیستی پیاوێکی زۆر بەعومر لەدێیەک هەیە، لەبەر تەمەندرێژی هەر لەناو جێگەدا کەوتووە. لەقسەو گوفتوگودا وریا بوو، بەلام هێزی هەلسوکەوتی نەمابوو.

وەکیلەرۆعایا ناردی هێنایان و رێزێکی زۆری لێگرت و گەلێ دەنگوباسی کۆنی لێ پرسی. پاشان پێیوت داوای چی ئەکەی بیکە. پیاوەکە وتی: تۆ ناتوانی شت بدەی بەمن. وەکیل وتی: ئەمە قسەیە تۆ ئەیکەی؟ من چۆن ناتوانم شت بدەم بەتۆ؟ وتی: «کە شتت لە دەست دێت جوانیم بۆ بگێڕەوە». وەکیل وتی: ئەمە لە دەست منا نییە. کابرا وتی: «ئەمەت پێ نادرێ بەهەشتم بدەرێ». وتی: ئەمە تۆ داوای چی ئەکەی؟ ئەمەش لەدەست منا نییە. وتی: «کەواتە بمگێڕەوە بۆ شوێنەکەی خۆم».

- مەلاعەبدولڕەحیمیچۆڕستانی لە دێ «فەقێ جنە» [بوو]. مانگی ڕەمەزان، سەرئێوارەیەک لەمزگەوتا دانیشتبوو وەعزی ئەدا ئەیوت: ئەوانەی کەلەم دنیادا چاکە ئەکەن و ئەمرن تۆلەی چاکەکەیان ئەبیننەوە. هەموو دەمێک چاویان لەوەیە ئەڵێن بریا دەستمان بگەیشتایەتەوە بەخزمو کەسو کار و دۆستەکانمان پێیان بوتنایە ئەوەی ئیمە کردوومانە ئیوەش بیکەن. هەروەها ئەوانیش کە لە دنیادا خراپە ئەکەن، پاش مردن تۆلەی خراپەکەیان ئەبیننەوە. ئەوانیش ئەڵێن بریا دەستمان بگەیشتایەتە دۆستو کەسو کارەکانمان پێیان بوتنایە ئەوەی ئیمەکردوومانە ئیوە ئەوە مەکەن.

حەسەنبەگیقادربەگیجاف ک ەمەلای ئەوێ بوو، ئەویش لە وەعزەکەدا بوو هەڵیدایە وتی: «مامۆستا! کەواتە لەو دنیاش ڕەحەتی هەر نییە؛ چونکە ئەوەی چاکە بکا و خراپە بکا هەر تووشی ئەو مەراقە ئەبێ لەوێدا کە بڵێ بگەڕایامەوە دنیا بۆ ئەوە کەسوکارەکەم تێ بگەیەنم. دەی ئەمە کەی وایە کە ئیوە بێژن لەبەهەشتا هیچ خراوەیەک و دەردەدڵیەک نییە. دەسا وەقەورەکەی حەمەپاشا خوا ئەمە فتنەیە دروستی کردگە، فتنە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– مەلایەک هەبوو لەو ولاتی بادینانە، لە سەرمایەی دنیا تاقە کەرێکی شینی هەبوو. بەرەڵای ئاوایی ئەکردو بەر ئەبووە دەغڵ و دانی ئەو عالەمەو لەبەر ئەوەش کە کەری مامۆستابوو، کەس نەیئەوێرا دەنگی لەگەڵ بکا. وای لێهاتبوو گیپەرەی ملی باوەشی پیا نەئەهاتەوە. تەنانەت نەوەک زەلام، کەری گوندیش هەر پێیان نەئەوێرا.

رۆژێک کەری مەلا لەگەڵ کەری کابرایەکی‌تر کە ناوی سۆفی‌قادر ئەبێ، ئەبێ بە شەڕیانو کەری مەلا بەجووتە، کەری کابرا ئەتۆپێنێ. کابراش تەنها هەر ئەو گوێدرێژەی هەبوو کە بە کاروان و شتەپیوەی بەڕێوە ئەچوو.

خەمی لێ هات کەچی بکا. وتی ئەگەر ئێستە ئەچم و ئەڵێم مەلا کەری تۆ کەری منی تۆپاندووە هیچم ناداتێ. نەوەڵلا چاک وایە لە پێشا بڵێم کەری من کەری تۆی تۆپاندووە. ئەو وەختەبە شەرع ئەیخاتەسەرم و کە بیبژێرم. پاش ئەوە من هەر بە شەرعەکەی خۆی کەری خۆمی پێ ئەبژێرم و هیچی پێ ناکرێ.

هەستا چوو وتی مامۆستا کەرەکەی جەنابت لەناو قەرسیلەکەدا بوو. منیش کەرێکم هەبوو ئەویش چوو بوو بۆ لەوەڕ. لەناو قەرسیلەکەدا بوو بەشەڕیان و قەزا و قەدەری وای هانی کە کەرەکەی من دای لە هێنەکەی جەنابت و تۆپانی. ئێستە ئەوا هاتوومەتە خزمەتت بزانم چی ئەفەرمووی؟

مەلا کە گوێی لەمە بوو، تووڕە بوو وتی چۆن تۆ کەری من ئەتۆپێنی و هەروا بە هیچ بڕوا؟ شەرع ئەفەرمووی ئەبێ بیبژێری.

سۆفی قادر وتی: قوربان لەکام کتێبا وا ئەفەرموێ ئێمە موسلمانین و بەپێی شەرع ئەبزوینەوە، چی ئەو بفەرموێ نابێ لێی لاڕێ بین.

مەلا ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو وتی: باوکم لە «ئەنواری مەزنێ»دا وا ئەفەرموێ و پەلاماری ئەنواری مەزنێ دا. سۆفی قادر وتی قوربان دیارە بۆم ئەخوێنیتەوە. مەلا وتی: بەڵێ، بەڵێ بۆت ئەخوێنمەوە. شەرع گەورەیە نابێ لێی دەرچین. دەستی برد عەینەکەکەی هەڵگرت و تەلەکانی کە لار بوو بوو، تۆزێ راستی کردنەوەو خستیەبەر چاوی و کتێبی لە بەر دەمی خۆیا دانا و دەستی پێ کرد. سۆفی وتی قوربان ئەبێ مانعاشم بۆ لێ دەیتەوە؛ ئەگەینا تێناگەم. وتی: بەڵێ چۆن مانعات بۆ لێ نادەمەوە. ئەوەتە ئەفەرموێ: «ابجد» جووتە کەرا جوت بین جوت «هوز» هەوەسانیان هەستا، «حطی» هەمی هەوی خست بە شیوەی بادینان، «کلمن» کەلەمەکەی بە زکی کەوت هەر بەشێوەی بادینان، «سعفل» کەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


فسررفسێ کرد، «قرشت» سکی شەقی برد و قیرانی، «ئخرِ» کەوتە خیزەخیز و گیزەگیز، «قظغ، فتبارک اللّه احسن الخالقین» زوو بینە هەقی کەرێ شین.

ئەمجا سۆفیقادر وتی دەبەخوای مامۆستا کەری تۆ کەری منی تۆپاندیە؛ بینە هەقم. مامۆستا تۆزێ راما و وتی: «ابن حجر»انیش هەیە، بزانم لەوا چ دەفەرموێ. «ابن حجر»ی هێنایە پیشەوەو دەستی کرد بەخوێندنەوەی و وتی: «لولاک لولاک لما خلقت الافلاک سبوح قدوس، سبوح قدوس ربنا ما خلقت هرا باطلا». کورِم مانعاکەشی ئەمەیە: «کەری مەلا لەکۆلانان لە ناو قەرسیل و ناو لۆیان ئەگەر خولقیان تێک داو خستیانە فەلاکەتەوە لەسەر سبەینان لەقەی هاویشت و بەقەدەر دای لەکەری سۆفی قادری رێبوار و خەلقی گوندان با برِین هەزاران باتمان لە هوونیەتی «ربنا ما خلقت هرا باطلا». هیچت ناکەوێ و هەستە بچۆ بەولا».

سۆفی هەناسە سارد دەست لەگونان بەرەو ژێرتر بە رێگەی خۆیا گەرِایەوە.

– لەدەوری «فەرا میرزا» دا لە سنە کورِێکی زاخەیی لەسەر دزی گیرا بوو. فەرا میرزا فەرمانی خنکاندنی دەرکردبوو. رۆژێکیان بۆ خنکاندنەکەی دانابوو، لەو رۆژەدا لەبەر «دەرماڵ» سێدارەیان بۆ هەڵخستبوو. کورِەیان هێنا بۆ ژێر سێدارە. دایکەپیرێکی هەبوو ئەویش هاتبوو بۆ سەر سێدارەکەو بەگریان و زاری بۆ کورِەکەی دڵی ئەو عالەمەی کردبوو بە کەباب.

فەرا میرزاش لەسەر تەلارەکەوە سەیری خنکاندنی کورِەکەی ئەکرد. کورِە کە چاوی بەدایکی کەوت، سەری بەرز کردەوە بۆ لای فەرا میرزا و وتی: شازادە تاقە ئاواتێکم هەیە لە سەرەمەرگا بەجێی بێنە. فەرا میرزا وتی: داوای چی ئەکا بۆی جێبەجێ کەن. کورِەوتی: «ئاواتم ئەوەیە، ئا ئەوە دایکمە، منی بەخێو کردوەو شەونخوونی بەدیارەوەکێشاوم. رێگەی بدەن بێتە لام دەستێک ئەکەمە ملی و هیچیتر».

دایکەیان بردەلایەوە دەستی کردە ملی کورِەکەی و ئەویش دەستی کردە ملی ئەو وتی: «دایە، ئەمە ئاخر چاو پێکەوتنمە. زمانت دەربێنە با ماچێکی بکەم». دایکەکەی زمانی دەرهێنا و کورِە دەمی نزیک کردەوەو زمانی برد بە دەماو لە بنا زمانی قرتان.

دایکە خەڵتانی خوێن بوو، لەوێ کەوت. فەرا میرزا ئەم ئیشەی زۆر بەلاوە سەیر بوو وتی ئا بۆم بێنن، بزانن بۆچ لەو وەختەدا وای بەم دایکەی خۆی کرد؟ کورِەیان برد و لێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسی. کوڕەوتی: «شازادە! ئا ئەم سێدارەیە کە بۆ من هەڵخراوە، ئەمە ئەم دایکەم بۆی هەڵخستووم».

فەرا میرزا بەسەرسامیەکەوە پرسی چۆن؟ وتی: «شازادە! من منال بووم، ڕۆژێک چووم لە ماڵە دراوسێیەک هیلکەیەکم دزی و هێنامەوە. دایکم لێی پرسیم ئەمەت لەکوێ بوو؟ وتم لەو ماڵەم دزی. گەلێ بە دەورما هات و پێی خۆش بوو وتی رۆڵە بچۆ هیتریش بدزە. ئیتر هەموو ڕۆژ ئەچووم هیلکەم ئەدزی. پاش ماوەیەکی زۆر ئەمجا ئەچووم مریشکم ئەدزی و ئەمهێنایەوە بۆی. پاش ئەوە ئەچووم شتیترم ئەدزی و لە ئاخرا وام لێ هات کار و فرمانم بوو بە دزی و ڕێگری. تا ڕۆژم بوو بەو ڕۆژە ئەگەر هەوەڵجار ئەو سەرزەنشتی بکردمایەو پێی بووتمایە شتی وا مەکە، خراپە، بۆچی تووشم ئەبوو بە تووشی ئەم ڕۆژە رەشەوە؟ کەواتە ڕاستە ئەو سێدارەکەی بۆ هەڵخستووم. ئیستەش منیش هیچم لە دەست نایە لەم وەختەدا تەنها ئەوە نەبێ ئەو زمانەی کە منی هان دا بۆ دزی بیبڕم و تۆڵەی خۆم بسێنمەوە.

فەرا میرزا کەگوێی لەقسەکەی بوو، بەقسەیەکی گەورە هاتە بەرچاوی. لەکوڕەکە خۆش بوو فەرمانیدا سێدارەکەیان هەڵگرت.

- کوڕیک لەو ناو «مەرگە»یە چاویکی کوێر بوو. سەرەی ژن هێنانی هاتبوو. ئەچوون داوای هەر کچێکیان بۆ ئەکرد، هەر چەندە یەک چاوی بۆ پیاو عەیب نییە، بەڵام تۆزێ لە دانی کچەکە خزم و کەس و کارەکەی سڵیان ئەکردەوە.

کوڕەکە دایکیکی هەبوو؛ ڕۆژێک پێکەوە لە ژوورەوە دانیشتبوون. کوڕەکە رووی تێکرد و وتی: «ئەرێ دایە، تۆ خوا ئەم چاوەی من بۆچ کوێر بووە؟» دایکیشی وتی: «ڕۆڵە، ئەوە منال بویت سوژنێکت گرتبوو بەدەستەوە. هاتم لەدەستتم وەرگرتەوە تۆیش دەستت کرد بە گریان دامەوە بە دەستەوە. پاشان کردت بەچاوی خۆتا-دایکت بمرێ!- ئەو چاوەت وا کوێر بوو».

کوڕە تۆزێ سەری داخست و پاشان سەری بەرز کردەوەو وتی: «دایە، گوایە تا ئیستەش هەر ئەگریام؟ ئەمەچی بوو تۆ بەسەر منت هێنا؟» بەخوا لێی ڕاست بووەو ئەوەندەی حەو کەری تۆپان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لەو ولاتی بلباسەتیه کابرایەک هەبوو ناوی مامباپیر بوو. رۆژێک مەلای ئاواییەکەیان بانگ ئەکا و پێی ئەڵێ: «مامۆستا من مووچەت ئەدەمێ و من بەخێوت ئەکەم، کەچی تۆ رۆژی جومعه دوعا بۆ سولتان عەبدولحەمید پادشای عوسمانی ئەکەی. ئەگەر دوعا بۆ منیش ئەکەی باشەو ساڵێ ۳۰ سەر حەیوانیشت ئەدەمێ؛ خۆ ئەگەر نایکەی هەر لە ئیستاوە جێگایەک بۆ خۆت بدۆزەرەوە. مەلا وتی زۆر باشە، تۆ ئەوەندە شتم بدەیتی من چۆن ئەبێ دوعات بۆ نەکەم».

رۆژی هەینی هات و مەلا خوتبەی خوێند و لەپاش دوعا بۆ پادشای عوسمانی وتی: «یا ایهاالمام باپیر. انک لدب کبیر فمکانک بئس المسیر، واللّهکل شئ قدیر».

کابرایەکی خوێندەوار بەرێکەوت لەوێ بوو، سەری هەڵبڕی کە بڵێ مەلا چیت وت، مەلا وتی: «اسکت اسکت اسکتون. هرا قوم حمارونها عطی غنم سلاسون عشرلک ولی عشرون». کابرا ئیتر هیچ دەنگی نەکرد، لەپاشا مام باپیر زۆر زۆر مەلای خۆش ئەویست و خزمەتی ئەکرد.

## زۆر دوو

- ولاتی بانە ئاغە رووتەی زۆری هەیە. بایزاغا هەبوو لەگوندی «بلەسەن» شوانی ئاواییەکەی ئەکرد. ئێوارەیەک پیرەژنێک ملی ئەگرێ و ئەڵێ: «بایزاغا» مەرەپەرەکەمان نەهاتۆتەوە. ئەویش ئەڵێ: «نەهاتۆتەوە قیروسیا! جا وەرە شوانی بکە بۆ مسکینی کەرانباو گاو».

کابرایەکی سەرشیوی لەوێ ئەبێ، ئەڵێ ئاغا بۆچی تۆ شوانی ئاواییەکەیت؟ ئەویش ئەڵێ: «کورە نەوەڵلا هەر ئەوەندەیە بە رۆژ رانەکەیان بۆ ئەبەم بۆ لەوەڕ. مسکینی کەرانباو گاو چ رایەی ئەیان ئەکەوێ من شوانیان بۆ بکەم».

- ئینگلیز تازە هاتبوونە عێراقەوە،جارێک دوو کەسیان لە بناری هەڵەبجە ئەچن بۆ راو. بە دەم گەڕانەوە رێیان ئەکەوێتە گۆی چەمێک. لەوێ دوو شوانی کوردیان لێ پەیدا ئەبێ. بەشتێکی سەیریان ئەزانن رووتیان ئەکەنەوەو تێرو پڕیشیان لێ ئەدەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئینگلیزەکان ئەچنەوە بۆ بەغداو شکات ئەکەن و بەناو نیشان دوو کوڕەکە ئەدۆزنەوەو ئەیانبەن بۆ بەغدا. لەبەرانبەر حاکمەوە رایان ئەگرن. ئەمانیش زمان نازانن، دیلماجێکیان بۆ دێنن.

حاکم لێیان ئەپرسێ کە بۆچی لەو ئینگلیزانەتان داوە؟ کوڕەکان یەکێکیان روو ئەکاتە ئەویکەیان و ئەڵێ: «ئەری حەمک! ئەوە ئەم هەفمە بێژی چی؟» لەپاش ئەوەکە تێیان ئەگەینن، هەر ئەوەیان روو ئەکاتە حەمک و ئەڵێ: «کورەحەمک! ئەوە ئەو سوور سوورەکەی پار نیژن کە لە گوێی ئاوەکەی "پریس" گرتمانن تیر و پرمان لێیان دا؟» حەمکیش ئەڵێ: «تۆ بێژی ئەوە بێژن؟» ئینجا هەر ئەوەیان لێویک لەحاکمەکە هەڵئەقرتێنێ و ئەڵێ: «ئۆ خۆزگەت پی نەوێ و بەردی تۆی لێ نەواری! قسەی پار ئەگێڕیتەوە». لە پاشا کە بەم جۆرەیان ئەیانبینن بەرەلایان ئەکەن.

- کابرایەکی قووچی سنەیی ریی ئەکەوێتە «پشدەر» و ئەچێتە دیوەخانی رەشەی ئەولاغا. ئاغە لێی ئەپرسێ برا ناوت چیە؟ ئەویش ئەڵێ: «نۆکەری گەوران، غولامی سەری خانی خانان، ئاغا میرزا حەسەن خانی مورتوزا قولیخانی میراخورزادەی کەمەربەندەی سەرجوقە». ئاغە بەئەسپایی لەشوێنەکەی خۆی راست ئەبێتەوەو ئەچێ بۆ نوێژو روو ئەکاتە کابراوە پێی ئەڵێ: «کابرا تا دێمەوە ناوی خۆت کورت نەکەیتەوە کورتت ئەکەمەوە». ئەچێ دێتەوە لێی ئەپرسێتەوە کابرا ناوت چیە؟ ئەویش خێرا ئەڵێ: «قوربان! حسە».

- حاجی مەلا رەسولی دیلیژەیی، مەلا ئەحمەدی کوڕی لە سولەیمانی هەڵهاتبوو. لە پاش ماوەیەک شەو لە ناوێک بەدزیەوە هاتبووەوە.

ئینجا مەلا رەسووڵ هەر بەو شەوە ئەچوو بە گەڕەکەکەوە ئەسووڕایەوە، هەر کەس تووشی ئەبوو ئەیووت: «تۆیش وەکو ئەحمەدی کورم وایتە، ئەحمەد هاتۆتەوە دەنگ مەکە». عەساکەشی درێژ ئەکردەوەو ئەیوت: «رووسێکیشی کوشتووە». ئەو شەوە تا کەوتە بەیانی خۆی هەموو کەسێکی تێگەیاند و بە هەموو کەسیشی ئەوت دەنگ مەکە. بەیانی کە رۆژ بووەوە لە سەر دەمشرِی حاجی مەلا هاتن مەلا ئەحمەدیان گرت.

- مەلاجەلالیموعز کوڕێکی هەبوو ناوی حەمەحەسەن بوو. رۆژێک ئەچێ بەسەریا سەیر ئەکا وا حەمەحەسەن گوێزان (موشین) ئەکا. لەو کاتەدا کە ئەم ئەچێ حەمەحەسەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پلەکەی ئەهاوێژێ و ئەڵێ: «سەرو میش و حەج»[١٩]. مەلاجەلال ئەیگرێ تێروپڕ ئەیکوتێ. خەڵکی دێن لە ژێر چنگی دەریدێنن و پێی ئەڵێن: مامۆستا بەسیەتی ئیتر وازی لێ بێنە. ئەویش سوور ئەبێتەوەو ئەڵێ: «ئاخر من بە لای خۆمەوە مەلاجەلالم پێ ئێژن؛ چۆن ئەبێ حەمەحەسەنی کوڕی من بێژێ سەرو مێش‌و حەج».

- شێخێک رۆژێک لە شارەوە ئەچێتەوە بۆ مالی خۆیان. لەرێگا چەند مالـیکی کورد هەڵیاندابوو. لا ئەداتە ناویان. ژنێکی خێڵەکە -کەدەرویشی خۆی بوو- چاوی پێ ئەکەوێ ئەوا شێخ جەمەدانەیەکی تازەی کڕیوەو خستویەتە ملی. روو ئەکاتە خەڵکەکەو ئەڵێ: «ماشەڵلا ماشەڵلا، تەماشا کەن شێخ بەو جەمەدانەوە کە لە ملیایە چەند جوانە. ئێژی گویرەکە سووری ئێمەیە کە گویرەوساری تازەم کردگەسە ملی».

- مەلایەک لەمانگی شەوالدا وەعزی ئەدا ئەیوت: رۆژووی شەشەلان خێری ئەمەیەو ئەوەیە. کابرایەکی کورد راست بووەوەو وتی: «مەلا! مەلا ببورەوە! بیوڕەوە کەسی دایکیان نەگاوی، رەمەزانی لەبیر نەچوەتەوە، ئینجا نۆرەی شەشەلانە».

- خەلیفەیەکی گژن ئەچێتە گوندێک، پیرەژنێکی هەژاری لێ ئەبێ دەرویشی خەلیفە ئەبێ. ئەچێتە پێشوازی و ئەیهێنێتەوە بۆ ماڵەوە. خەلیفە لە پاش تۆزێ حەسانەوە ئەڵێ: ئەچم بۆ مزگەوت نوێژەکەی نیوەڕۆم ئەکەم و ئەگەڕێمەوە. ئەویش ئەڵێ باشە بە قوربانت بم! منیش تەنها دوو هیلکە شک ئەبەم، بۆت ئەکەمە ناو رۆنەوە. کە هاتیتەوە بێ‌قرە بیخۆ.

خەلیفە ئەچێ و نوێژ ئەکاو ئەگەڕێتەوە. لەو لاوە دەروێش شوێنی ئەکەون. ئەویش تووشی هەر کەس ئەبێ ئەڵێ با بچینەوە بۆ ماڵەوە. بە دە پانزە کەسێکەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. کە پیرەژن چاوی پێ‌ئەکەوێ وا خەلیفە ئەم لەشکرەی لەگەڵ خۆ هێناوە، هەر دوو چاوی ئەپەڕێتە تەوقە سەری و لەداخا هیچی پێ نامێنێ. وا رێکەوتبوو شوێنەکەش رووەو رۆژ بوو. دەستێک ئەخاتە سەرچاوی بۆ ئەوە باش بۆی دەرکەوێ کە ئایا ئەم لەشکرە

١٩- لەم یاریەدا سێ گویز ئیش ئەکا: یەکێکیان ئەوەیە کە یاریکەرەکە بە دەستیەوەو پلەکەی پی ئەهاوێژێ؛ ئەمەیان پێی ئەڵێن «سەرە». ئەوانیتریش کەبە ریز دانراون، هی هەرە پێشوویان پیی ئەڵێن «میش»، هی هەرە دواییان ناوی «حەج»ە. جا ئەو کەسە کە پلەکە ئەهاوێژێ لەوەختی هاویشتنیا ئەگەر وتی: «سەر و میش و حەج» ئیتر ئەو سەرەیە بەر هەر گوێزێ بکەوێ، ئەیخوا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خەلیفەیە یان نە. بۆی ساغ ئەبێتەوە کە خەلیفەیە، لەم قسەیەزیاتر هیچی بۆ نایە کە ئەڵێ:
«گژگژ، خەلیفەبەکەلە! گژگژ خەلیفە بە کەلە!»

- سی چوار فەقێ بە دەقنەو راتو پارە کۆ ئەکەنەوە. هەریەکە دەستێ جلی تازە لەبەر ئەکەن و بۆ خوێندن ئەڕۆن کە بچن بۆ موکریان. ڕێیان ئەکەوێتە گوندێکی مەنگوڕایەتی؛ لە ماڵێک دائەنیشن. کابرایەکی خەڵکی دێ چاوی پێیان ئەکەوێ ئەپرسێ ئەمانە چین؟ ئەڵێن مەلا و فەقێن. کابرا ئەڵێ: «عاشیرەت تەماشا کەن چەن خاوێنن؛ ئەڵێی سەگی دوای مەڕن».

- کابرایەکی کورد چوو لە زەویەکدا دوو مەن هەرزنی چاند و وتی ئەمە نانی ئیمساڵم. بۆ نەگبەتی بارانێکی زۆر باری، لافاو هەستا و هەموو هەرزنەکەی برد. کەکابراکە هاتوو سەیری کرد هەرزن نەماوە، دەستی دایە «قۆچەقانێ»و چووە سەر بەرزاییەک گەلی بەردی بۆ ئاسمان هاویشت.

پیاوێکی ژیر چاوی لێبوو؛ بۆ شەوێ چوو جووتی خۆی سی مەن گەنمی لەجێ هەرزنەکە چاند. لەدوای چەند رۆژێک ناردیە لای کابرای خاوەن هەرزن وتی بێت تەماشای بکا هەرزنەکەی رواوە. کەکابرا چوو سەیری کرد لەباتی گاڵ گەنم رواوە. رووی کردە ئاسمان وتی: «ها برا! هەتا شەقەی قەڵماسکت نەدی، گاڵت نەکرد وەگەنم».

- کابرایەک ناوی حەمەمراد ئەبێ، شایەر ئەبێ، حەقایەتخوان ئەبێ. لەگەڵ «قەیتولی» کوری لالەسەرحەددا برایەتیان زۆر خۆش ئەبێ. قەیتوولی ئەمرێ و حەمەمراد بەشیوەن و باوکەڕۆ ئەچی بۆ سەر تەرمەکەی. لالەسەرحەد ئەو سەردەمە مابوو، بەڵام چاوی کوێر بووبوو. کە دەنگی هۆرەی حەمەمراد ئەبیەت ئەڵێ: عەشیرەت ئەوە من بزانم دەنگ دەنگی حەمەمرادە؟ ئەڵێن: ئەرێ بەخوا ئەوە باوکەڕۆ ئەکا. لالەسەرحەد بەیەکی لەکورەکانی ئەڵێ: ئا تفەنگێکم بۆ بیرە. ئەڵێ بۆچیتە؟ ئەڵێ: «چلۆن قەیتولی مردوێ و حەمەمراوێ دویت باوک ماوێ! وەو سەیساقە ئەگەر دەسی وەدەس خواوە وێ تۆی بیکوژم». ئیتر خەڵکەکە پاڵێ بەحەمەمرادەوە ئەنێن و دەربازی ئەکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کابرایەکی کۆنەفرۆش هەبوو لەسولەیمانی «سەعۆل»ی ناو بوو. بەناو شارا ئەسوورایەوە بانگی ئەکرد: «کەوا کۆن، کراسەکۆن، سەڵتەکۆن، ماڵی دەمارە توتنی بێ دەمار».

ئیوارەیەک نوێژی شێوان لە مزگەوتی مەلکەندی نوێژی بەجەماعەت ئەکرد؛ کە نیەتی دابەست لەباتی ئەوە بڵێت «اللّه اکبر» بەدەنگیکی قایم وتی «کەوا کۆن». خەڵکەکە هەموو دەستیان کرد بەپێکەنین و نوێژەکەیان بڕی و وتیان ئەمەچی بوو؟ وتی: «بەخوا لام وا بوو لە بەر ماڵی مینا خانمام».

- دوو زەلامی مەریوانی چوون بۆ گەرمیان، بوون بەسەپان. گەرما بوو، رۆژێک نانی گەنمیان بە دۆوە ئەخوارد. دۆیە کە زۆر کەم بوو؛ یەکێکیان وتی: «ئاخ بۆ ئاوە ساردەکە، تۆ خوا ئیستاکە چی خۆشە؟» ئەویتر وتی: «بەمن ئێستا لە کانی خەیاران پڕ کۆشم لەنانی هەرزن بوایە. لەدەستما وردم بکردایە بە قورگما و بەلویچ و لەو ئاوە ساردەم بکردایە بە سەریا». ئەویتر وتی: «دەک ماڵت بەقوڕ گیرێ! وەڵلا هیچ شتێکت بۆ من نەهێشتەوە کە باسی بکەم».

- وەختێ خۆی چای وا زۆر نەبوو. رۆژێک دوو زەلامی شارەزووری ئەچنە شار تێر نان و کەباب ئەخۆن و پاشان ئەچنە چایخانەیەک -وا ئەزانن شەربتخانەیە- چایچی دوو چایان بۆ ئەبا. کە ئەیخۆنەوە یەکێکیان ئەڵێ: بەخوا گەرمە. ئەوە بۆچی وایە؟ هاورێیەکەی ئەڵێ: «ئێستا کولاندگیانە، هێشتا بەفریان تێ نەخستگە».

لە دوای ئەمە تۆزێک یەکێکیان دەست ئەبا و دوو پوڵ ئەدا بەچایچیەکە، چایچی ئەڵێ: خزمە هەر پیاڵەیە دوو پوولە؛ کەچی بەدوو پیاڵە دوو پوولم ئەدەیتێ؟» کابرا هاواری ئەکرد: «خەڵکینە! تەماشای ئەم کاورایە کەن چەند بێ ئینسافە. حاجی ئەحەی‌کرنو بەو پیاڵە زلانە پریشی لە بەفر ئەکا ئەیدا بەپوولێک؛ کەچی ئەم پیاوە بەو پیاڵە بچکۆلانەیە داوای یەکێ دوو پوول ئەکا. ئەوەندەش گەرم بوو هەموو دگانمان سووتا».

- حاجی‌شێخ‌مستەفای‌محەمەد هەبوو لەسولەیمانی وتی: مەلا مەحمودێک دراوسێمان بوو، هەر چەند تووشم بهاتایە ئەیوت: مەرحەبا شێخ ئەولا. منیش رۆژێک وتم: مامۆستا من ناوم مستەفایە، ناوم شێخ‌ئەولا نیە. وتی: «ها باشە». لە دوای یەک دوو رۆژیتر لەسەر رێگا

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

دیسانەوە تووشم بوەوە وتی: مەرحەبا شێخ‌ئەولا. وتم مامۆستا چەندجار عەرزم کردیت ناوم مستەفایە، شێخ ئەلا نیە. وتی: «سا وەللا وامزانی ناوت شێخ رەسولـە». منیش وتم هـەی دەستت بەگونم.

- کابرایەک بوو بە مێوانی کابرایەکی کورد. کـابرای خانـەخوێ لـە گـەڵ ژنەکـەی بـوو بەشەڕیان. گوێ ئاگردان بوو بەسەرە بزۆت دانرابوو. ژنەکە هەر کردی بە سـەرەبزوتێکاو لـە بەر چاوی مێوانەکەوە دای بەسەری مێردەکەیا و سـەری شـکاند و خـوێن چۆڕاوگـەی کـرد. کابرای مێوان بۆ ئەوە خانەخوێکە زۆر تـەریق نەبێتـەوە وتی: «برا وەللا ژنی ئێوە باشـە بـە سـەرەبزۆت لەکۆلـتان ئەبنـەوە؛ ژنی ئێمـە بـە تـەورو تـەوراس تێمـان بـەر ئـەبن». کـابرای خانەخوێ لەو وەختەدا دەستی برد بەلایـەکی پەنجـەی خوێنەکـەی لـە ناوچـەوانی سڕیەوەو وتی: «ژنی ئێمە حەقیان چیە وا لەگەڵ ئێمە بکەن».

- مەحمووی ووردەشاتری کچێکی هەبوو ئەیدا بـە مێرد. روویـان کـردە مـەحموو کـە قسە بکـا. ئەحـەی نـادری هـەلاجیش هـەبوو، هەڵـیدایە وتی: «بـرا خالـەمەحموو بەریـشی سپیەوە دەمی خۆی گلاو ناکا، کوڕی هەس با ئەو قسەبکا».

- کابرایـەک ئەچێتـە سـولەیمـانی بەبـەر دوکـانی پێنەچیەکـدا تیئەپـەڕێ. مەرکانـەی دەستاوەکە دانرابوو، دڵی لێ ئەچێ و پێی ئەڵێ: «خالو بکێشە بایی قرانیـک لـەو دۆشـاوە». ئەویش گلێنەکەی بۆ پڕ ئەکا ئەیداتێ. کابرا ئەینێ بەسـەرەوە هـەمووی ئەخواتـەوەو لەپاشـا پێی ئەڵێ: «خالو نەبژی کوردە خەشیم و نەیزانی، دۆشـاوەکە دۆشـاویکی خـاس بـوو وەلـی چکێ تفت بوو».

- کابرایەک هەبوو حەسەناغای ناو بوو. جارێک لەکەندەلانێکا ماینێک ئەگێت. ئەچن بە سەریا و پێی ئەزانن، ئەویش لەشـەرما روو ناکاتـەوە ئـاوایی، سـەری خـۆی هەڵـئەگرێ و روو ئەکاتە ولاتان.

چەند سالێکی پێ ئـەچێ کابرایـەکی لای خۆیـانی بـەرچاو ئەکـەوێت؛ بـەلام ئـەو ئـەم ناناسیت. ئەچێ بە لایەوە لێی ئەپرسێ: «برا دەنگ و باسی ولاتی لای ئێوەچییـە؟» کـابراش ئەڵێ: وەکوو چی؟ ئەڵێ چووزانم هەروا، حەسەناغایەک کەندەلانی، ماینیک، شتیک! ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«وەڵلا برا ئاگام لە هیچ نیە؛ چونکە لەو ساڵەوەکە حەسەناغا مایندکەی لەکەندەڵان گاوە، من لەوێ دەرچووم ئیتر نازانم».

حەسەناغای هەژار لە دڵی خۆیا ئەڵێ: «دەک مبارەک نەبێ! خۆ ئەمەبووبە تاریخیش». ئیتر تا مرد رووی نەکردەوە بە ولاتا.

- حاجی ئیلخانیدیبۆکری ئەچێ بۆ سابلاخ. «ئەحمەدەکەلە» چەند خزمەتکاریکی تری لە گەڵ ئەبێ. هەر جارە کە بچوایە بۆ شوێنێک خزمەتکارێک ئەبوو بە کیسەدارو ئەبوایە پرسیشی بەحاجی ئیلخانی بکردایە کەچی ئەخوا. ئەم جارە ئەحمەدەکەلە بوو بەکیسەدارو مەسرەفچی و ئەم رەوشتەی حاجی ئیلخانیشی نەئەزانی.

رۆژێک لێی ئەپرسێ ئەڵێ: ئاغە ئیوارێ چی ئەخۆی؟ ئەویش بە توورەییەکەوە تەماشای ئەکا و ئەڵێ: «گوو ئەخۆم». کابرا لە پاشا تێ ئەگەیەنن کە تەبیعەتی حاجی ئیلخانی وایە. واقی ورِ ئەمێنێ. ئەگەر نایهێنێ ئەزانێ بەبێ شک ئەیکوژێ، ئەگەر ئەشیهێنێ هەر ناکرێ. ناچار ئەچێتە بازاڕ هەندێ کوولەکەی گەنیو ئەکرِێ و سووری ئەکاتەوە. ئیوارە لە گەڵ شتی‌ترا دایئەنێتە بەردەستی. حاجیش سەیرێکی ئەحمەد ئەکاو پارویک لە کولەکە بۆگەنەکە ئەخواو ئەڵێ: «گێلە بەگوێشم ئەکا گووم بۆ دێنێت. دەلایبەن لایبەن». ئیتر ئەحمەد بەو جۆرە خۆی لەکوشتن رزگار ئەکا.

- «عێزەتی‌تەل» لەسولەیمانی لیرەیەکی دابوو بە «عەلیەتورکە» بیبا بۆی ورد کاتەوە. ئەویش ئەڕوا ون ئەبێ. لە پاش چوار رۆژ عێزەت چاوی پێی ئەکەوێتەوە ئەڵێ: عەلی کوا لیرەکە؟ ئەویش ئەڵێ: «ئەمە سێ رۆژە بە شوێنتا ئەسوورێمەوە؛ وەرە تا حسابەکەت بدەمێ». عێزەتیش ئەڵێ: عەلی حسابی چی؟ لیرەم پێ داوی بۆم ورد کەیتەوە، ئیتر حسابی چی پێ ئەوی؟ ئەڵێ: «ئاخر بێ‌قەزا بی! تۆ سەبرکە، هەر ئەو رۆژە چووم بۆم ورد کەنەوە شەش تارانیم لێ دا بەکەباب خواردم». ئەویش ئەڵێ: باشە باقیەکەی بێنە. ئەڵێ: «بێ قەزابێ! ئاخر سەبرکە تا حسابەکەت بدەمێ». هەژدە تارانیشم دا بە جووتی کەوش لە پێم کرد. ئەڵێ: باشە ئەویتری بێنە. ئەڵێ: «ئاخر قوربان تۆ تۆزێ ئارام بگرە هەتا بە پوختی حسابەکەت بدەمێ». ئەڵێ: کورەغەزەبی خوا حسابی چی؟ من کەی حسابم لە گەڵ تۆ هەیە. لیرەم پێ داوی بۆم ورد کەیتەوە، ئیتر چ حسابێک هەیە؟ عەلیش ئەڵێ: «هۆهۆ بێ قەزابی! تۆ گوێ بۆ پیاو راناگری».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عێزەتیش ئەڵێ: ئادەی فەرموو. ئەویش ئەڵێ: «ئەی ئەمە سێ رۆژیشە بە شوێنتا ئەسوورێمەوە بۆ ئەوە باقیەکەت بدەمێ، ئاخر ناڵێیت بەچی ژیاوە؟ لەم سێ رۆژەدا خۆ گووم نەخواردووە؛ ئەویتریشم خەرج کرد. ئەوا ئێستە بەرچاوم کەوتی، هیچ نەما بتدەمێ. من ئەڵێم سەبرکە با حسابەکەت بدەمێ -سەلامەت بی!- تۆ هەروا لە هەموو شتێکا بە پەلەی».
عێزەتیش ئەڵێ: «دەک رووت رەش بێ بۆ خۆت و بۆ لیرەیەک کە بۆت ورد کردمەوە».

قسە دێ قسە ئەبڕێ، ئەم عەلیەتورکەیە پۆستەچی بوو لەتەلخانە لە بەر دەستی عێزەتا.

- جارێک باسی پیاوی «ئێختیار» و بە عومر ئەکرا، کاک ئەولای عەزیزی هەمەوەن گێڕایەوە وتی: جارێک لە «ئەدەنە» ڕێمان کەوتە دێیەک کابرایەکی ریش ماش و برنج لە بەردەمی مزگەوتەکەدا ئەگریا. لێمان پرسی بۆچ ئەگری؟ وتی: باوکم لێی داوم. ئێمەش وتمان سەیرە، بابچین بۆ لای باوکی ئەم کابرایەو کابرامان برد و چوینە ماڵەکەیان. ڕاست بوو، پیاوێکی پیر دانیشتبوو. لێمان پرسی بۆچی لەم کوڕەی خۆتت داوە؟ وتی: «قوربان ئەم ناجنسە بێئەدەبە؛ ئەمڕۆ چووە دڵی باوکمی یێشاندوە».
ئێمەش زۆر سەرسام بوین؛ هەر چەن من بەرەفیقەکانم وت با بچین ئەویشمان چاوپێ بکەوێ، بەلام حەمەی سلێمان وتی: خزمینە! وازبێنن. ئەگەر وا بروا پیویستە هەتا خزمەتی حەزرەتی ئادەم بچین.

- کابرایەکی کورد ماڵی لە بیستانسور و ماڵی برایەکیشی لەسەی‌ساق بوو. مانگی رەمەزان رۆژێک تووشی براکەی ئەبێ لێ ئەپرسێ ئەڵێ: کاکە! ئێوە کەی رۆژوتان گرتووە؟ ئەڵێ رۆژی جومعە. لە گەڵ ئەوە ئەمان رۆژی شەنبە بە رۆژوو بووبوون، ئەو رۆژە کە ٢٩ی مانگی خۆیان ئەبێ ئەڵێ بەخوا سبەینێ لەماڵێ کاکەم جەژنە با بچم لەوێ پلاو بخۆم و سبەی شەو بێمەوە. دوو سبەی لە ماڵێ خۆیشمان جەژنە؛ دیسان پلاو ئەخۆم.
هەی پێ لێ ئەکا و ئەڕوا. لەگەڵ شەبەقی بەیان ئەگاتە ماڵی کاکی، سەیر ئەکا هیچ مەنجەڵ و دووکەڵ دیار نیە؛ ئەپرسێ ئەڵێ: خۆ ئیمڕۆ ئێوە جەژنتانە، بۆچی هیچتان دیار نیە؟ کاکەی ئەڵێ: بەخوا براکەم ئێمە دوێنێ جەژنمان کرد چارناچار کابرا قاوەڵتی بەنان و دۆ ئەکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وەختی عەسر ئەڵێ وا چاکەخۆم بگەینمەوە لای خۆمان. داوێنی لێ بەلادا ئەکا نیوەشەو ئەگاتەوە ماڵ. ژنەکەی لەخەو خەبەر ئەکاتەوە ئەڵێ: «کچێ، ئیمشەو جەژنە هەڵسە هەر لەئێستاکەوە پلاوەکە لێنێ». ژنە ئەڵێ: مێردەکە هەر دوێنێ لەدوای تۆ مەلایەک هات فەرمووی ئیمڕۆ جەژنە. ئیتر هەموو ئاوایی کردیان بەجەژن و منیش دوێنێ پلاوم کرد. بەلام وامزانی سندان ئەخۆم بەبێ تۆ. کابرا هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەمجۆرە لە هەر دوو جەژنەکە بوو.

- فەرا میرزا -حاکمی سنە- خەرج و باجی لە هەورامی ئەسەند. رەوشتی ئەو دەورەش وابوو پیاوێکی بەگالۆکێکەوە ئەنارده سەریان؛ ئەوانیش هەموو باجەکەیان کۆ ئەکردەوەو ئەیاندایەو ئەرۆیشت.

سالێکیان لە شاری هەورامان بۆ ئەوەکە کابرای گالۆک بەدەستیان نەیەتەسەر، هەر لە پێشەوە پارەکەیان کۆکردەوەو دایان بە بەلەپا کە خێرا بیبا بۆ فەرامیرزا.

پارەیان نارد و کەچی کابرای گالۆک بەدەستیش هەر هات. وتیان بابە پارەمان ناردووە. ئەویش بەم قسانە وازی نەهێنا، پێنج شەش پیاوی ئا قلی باڵ بەست و لەگەڵ خۆی بردنی بۆ سنە بۆ لای فەرا میرزا. فەرا میرزا لێ پرسین، ئەوانیش وتیان قوربان بە «بەلەپا»دا خەراجەکەمان ناردووە. کە چوونە بنج و بناوانی بەلەپاوە، ئەمە کەروێشکە؛ تومەز ئەمە چوون پارەکەیان بەستۆتە پشتی کەروێشک و پێیان وتووە ئەم پارەیە بەرە بۆ خان و کەروێشکیان بەرەڵلا کردووە بەو نیازە پارەی بەرێ.

فەرا میرزاش ئەڵێ با بێنین تاقیان بکەینەوە بزانین ئەمەراست ئەکەن یا درۆ؟

هێنایان مێوژەرەشکەو قالۆچەیان تێکەلاو کرد و خستیانە بەردەستیان کەبیخۆن. ئەوانیش لێی کۆ بوونەوە. قالۆچەکان هەر یەکە بەلایەکدا ئەڕۆیشتن. هەندێکیان خەریکی خواردنی مێوژەکە بوون، چونکە نەئەرۆیشت. یەکێکی ژیرتریان تیا بوو وتی: یانەت وێران بۆ، پاداری گێردێ، بێ پا ماڵ و وێمانەن. ئنجا فەرا میرزا وتی: بابەراست ئەکەن پارەکەیان داوە بەلەپاو بەرەڵلای کردن. کەروێشکیش لەو لاوە خوا ئەیزانی پارەی لەکوێ فڕێ دابوو.

- هەمزاغایمەسرەف شەوێک چەند پیاوێکی گەورە لە دیواخانەکەیا ئەبن. ئەویش خزمەتکارێکی ئەبێ پێی ئەڵێ: رۆڵە، سبەینێ پێویستە ئەبێ تا «گور گەدەر» بچێ. گورگەدەریش دێی هەمزاغا ئەبێ. کابرا بەیانی زوو بەبێ ئەوە بچێ لە ئاغا بپرسێ ئیشی چیە، ملی ریگا ئەگرێ و ئەچێ بۆ گورگەدەر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کویخاکەی گورگەدەریش -کەخزمەتکاری ئاغا ئەبێ- پیاوێکی عەنتیکە ئەبێ. لەکابرا ئەپرسێ خێرە وا هاتووی؟ ئەڵێ: بەخوا ئیمشەو گەلێ مێوانمان هەبوو، ئاغا فەرمووی پێویستە بەیانی بچی بۆ گورگەدەر، ئیتر منیش بەیانی زوو هەڵسام و هاتم. کوێخاش تێئەگا کە ئەم کابرایە دیارە زۆر عاقڵە ئەڵێ: باوکم وەختی خۆی ئاغام بە منی فەرمووە هەر وەخت پیاوێکی ئازام نارد، باگردێنێکی بەرد لەسەر بانی مزگەوتەکەیا بەگوریس ببەستە بە کۆڵیەوە با بۆم بێنێ؛ چونکە ئەگەر بە وڵاخ بێنێرن دوور نییە لەڕێ گوێزە وڵاخەکە بکەوێ و باگردێنەکە بشکێ. ئیتر ڕۆی.

دوایی کوێخا باگردین لەکۆڵی کابرا توند ئەکا و خۆیشی لەگەڵی دیت. ئیوارە ئەچنە ماڵی ئاغایان. هەمزاغا کە ئەمەی چاو پێ ئەکەوێ زۆر پێئەکەنێ و کابرا خەڵات ئەکا کە ئەم بەزمەی بۆ ناوەتەوە. بە وڵاخێکیشدا باگردێنەکە لە گەڵ کوێخا ئەنێرێتەوە بۆ گورگەدەر.

- کابرایەکی خەڵکی دێی «باخیان» ناوی حەسەنمەنگوڕی بوو، لەسەر پیاو کوشتن بۆ پانزەساڵ خرابووە بەندیخانە. شەش ساڵ بوو لەبەغدا حەپس بوو، ڕۆژێک پیاوێکی باخیانی ئەچێتە دێ «قەرەنگوێ» تەماشا ئەکا پیاوێکی پینەچی دانیشتووە کەوش پینە ئەکا، بەڵام زۆر شێوەی لە «حەسەنمەنگوڕی» ئەچێ. دێتەوە بۆ براکەی حەسەنی ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: پیاوێکی وا لەقەرەنگوێ پینەچییە، هەر وەکو حەسەنی براتان وایە. ئەویش دەست بەجێ سێ چوار کەسیتر لەخزمی خۆیان هەڵئەگرێ و ئەچێتە قەرەنگوێ تەماشای پینەچی ئەکەن. ئەڵێ: حەسەن: ئەڵێ: «باوکم من ناوم ئەحمەدە؛ ناوم حەسەن نیە». ئەوانیش ئەڵێن: «تۆ خۆت لە ئێمە مەگۆڕە؛ تۆ حەسەن مەنگوڕی و لە حەپسخانە ڕاتکردووە. لەترسی حوکومەت ڕاستی ناڵیی، هەڵسە بچینەوە سەر ماڵ و دەو ڵەت و ژنی خۆت».

هەر چەند کابرا مل پێچی و قنگەجڕێ ئەکا و سوێند ئەخوا من حەسەن نیم، ئەڵێن خزمە ئێمە دوڕ ناسین. تۆ هەر حەسەنیت، گۆیا ئەبێ ئێمە خزمی خۆمان نەناسینەوە؟

بەزۆر لەگەڵ خۆیان ئەیبەن بۆ باخیان. خەڵکی دێ هەموو لە ماڵی حەسەن مەنگوڕی کۆ ئەبنەوەو هەموویان بڕیاری لەسەر ئەدەن کە ئەم پیاوەحەسەن مەنگوڕیە. گورج تفەنگێ قۆناغ خڕ و دەمانچەیەکی پەرەبەلۆی ئەدەنێ، جلی بۆ ئەکەن و شەوێ ئەیخەنە باخەڵی ژنی حەسەنەوە. بەیانی ژنەکە ئەڵێ: خواهەڵناگرێ! ئەم کابرایە من بەحەسەنی نازانم. براو خزمەکانی حەسەن ئەیانگوت: تۆ ئاخۆ حەزت لەکێ کردووە، ئێمەقابیلە کەسی خۆمان نەناسین؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەم جۆرەمانگێک کابرا گڵ ئەخواتەوە، هەموو ماڵی حەسەن بە ژنەوە ئەیدەنە دەستی. هەتا رۆژێک کابرا هەندێ پارەشیان ئەبێ، بەتفەنگ و دەمانچەو شت و مەکەوە هەڵیئەگرێ و شانی پیا ئەکاو ئەڕوا. ئاخری لەدوای دوو ساڵێک حەسەن مەنگوڕی راستەقینە لە حەپسخانە بەر بوو هاتەوە چووە سەر ماڵی خۆی.

حەمەبەگی حاجی رەسووڵ بەگ ئەیوت ئەم حەسەن مەنگوڕیە خۆی و ژنەکەی مابوون و ماڵیان لە دێی «جونبلاخ» بوو؛ من هەر دووکیانم ئەناسی.

- لە مەرگە سێ چوار کەس لە بەگزادەکان دانیشتبوون باسی زەمانی پێشوویان ئەگێڕایەوە. «عەولابەگ»یان وتی: نە پیاوی گەورە وەکو گەورەکانی جارانن، نەپیاوی ئازاش وەکوو پێشینەکان ئازان. ساڵێک یووزباشبەکی رەدیف لە مەرگە بوو. ماڵی لە گەڕەکی «کانیسەردەشت» بوو. [...][20] حەمەبەگ فەرمووی بەگزادە ئەوە پیاوێکتان نییە ئەم کابرایە بکوژێ؟ خۆ ئەگەر وەها بمێنی ساڵێکیتر ژنەکانیشتان قاف ئەکا. ئیتر مەحموو بەگی شاخولکە هەڵسا تفەنگێکی تەرەقەی سەر و قنگ برنجەی بەدەستەوە بوو لێیدا رۆیشت. قەت سەعاتێکی پێنەچوو، دیوەخانەکە بڵاو نەبووبوەوە هاتەوە وتی: غولامی سەری حەمەد بەگم و دەستی ماچ کرد. سبەینی کە هەڵسایێن یوزباشیەکە کوژرابوو. ئیتر خوا هەقە حەمەدبەگیش گوڵنجەیەکی شیرداخی کرد بەخەلاتی مەحمو بەگا.

- مەلاسالحی تەرەمار ئەبێ، پیاوێکی زۆر بەناو بانگ بوو. لە رەزە هەنجیرەکەیا تەنها یەک هەنجیری گەیشتوو ئەدۆزێتەوە، گورج بەرچنەیەک ئەهێنێ هەتا نیوەی گەلای تێ ئەکەن؛ ئنجا هەنجیرەکە لەناو گەلاکەدا دائەنێ و لەسەریشیەوە هەتا بەرچنەپڕ ئەبێ، گەلای تێئەکاو ئەیگرێ بەکۆڵیەوە بەدیاری ئەیبا بۆ «سلێمانپاشا».

وا رێ کەوتبوو پاشاش هەر چ پیاو ماقووڵ و گەورەی بابانە، لەلای دانیشتبوون. پاشا ئەڵێ: مەلا ئەوەچییە بەکۆڵتەوە؟ مەلا ئەڵێ: قوربان هەنجیرە نۆبەرەیە بۆم هێناوی. پاشا ئەڵێ: بەخێربێ! هەڵی بیچرە با هەر یەکە دانەیەکی لێ بخۆین و نۆبەرەیە بەلەزەتە.

مەلا بەرچنە هەڵئەپچڕێ هەر گەلا دەردێنێ تا ئاخری تاقە هەنجیرێک بە دەستەوە ئەگرێ ئەڵێ: فەرموو پاشا. ئەڵێ: ئنجا مەلا من ئەوەچی لێ بکەم؟ مەلا هەنجیرەکە جوان

---

٢٠- لێرەدا چەن رستەیەک داکەوتووە؛ بە داخەوە لە چاپەکەی سەردەمیشدا هەر وا بە ناتەواوی هاتووە.و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوان پاک ئەکاو ئەیخاتەدەمیەوەو ئەیخوا ئەڵێ: پاشا ئاوای لێ بکە. پاشا قاقا دەست ئەکا بە پێکەنین و ئەڵێ: سەد قەران هەقی هەنجیرەکەو سەد قەران هەقی خواردنەکەی بدەن بەمەلا.

- عەولاپاشای‌بابان ڕۆژێک لە وەزیرەکەی خۆی تووڕە ئەبێ و ئەڵێ هیچ کەس نابێ هاتوچۆی بکا. کابرا شەوێک بە دزیەوە ئەچێتە ماڵی دۆستێکی کە لە هەوەڵا خۆی هێناویەتە پێشەوە. هەر چەند بانگی ئەکا دەرگای لێ ناکاتەوە. بانگی ئەکا ئەڵێ: تکات لێ ئەکەم هەر ئەوەندە وەرە ئەو دیو دەرگاکە منیش لە دەرەوە حەکایەتێکت بۆ ئەکەم، ئیتر ئەڕۆم نامەوێ دەرگام لێ بکەیتەوە.کابرا دێت لە دیوی ژوورەوە لەپشت دەرگا ئەوەستێ و ئەڵێ: فەرموو بزانم حەکایەتی چیم بۆ ئەکەی؟

وەزیر ئەڵێ: «کابرایەک بوو دوو ژنی هەبوو؛ یەکێکی سپی و جوان، یەکێکی ڕەش و ناشیرین. قەت نەئەچووە ماڵی ژنە ناشیرینەکە بنوێ. شەوێک لەگەڵ ژنەجوانەکە شەڕی ئەبێ. ژنەکە سویندی لێ ئەخوا ئەڵێ نابێ لەم ماڵی ڕۆژ بکەیتەوە. ئەویش ئەچێ بۆ ماڵی ژنەکەی‌تری. ژنە ناشیرینەکە ئەپرسێ ئەوە چلۆن بوو ئیمشەو هاتی بۆ ئێرە؟ ئەڵێ: بەخوا لە گەڵ ژنەکەی‌ترم شەڕمان بوو؛ منیش هاتووم بۆ لای تۆ. ئەویش ئەڵێ: ئەوە لەو لاوە دەریان کردووی بۆیە هاتوویتە لای من؛ سا بەخوا منیش داتناکەم و نایەڵم لێرە بنووی و دەرگای لێ ناکاتەوە. کابرا ئەڵێ: «ژنەڕەش، خوا ڕووی ژنە سپیەکەم ڕەش بکا کە هۆی منی خستە تۆو تۆش دەرم ئەکەی».

- کابرایەکی پاوەیی لە دێیەکەی خۆیان دێتە دەرەوە بە نیازی سواڵکردن. ئەگاتە قەراخ ئاوایی چاو ئەنوقێنی و دەست ئەکوتی بەردێکی گەورە هەڵئەگرێ. ئینجا ڕوو ئەکاتە ئاسمان و ئەڵێ: «خوایە! تۆ ڕیشێکی پان و زمانێکی لووسم بدەرێ ئیتر ڕزقی خۆم لە سەر خۆم. شەرت بێ تا بە گرانایەتی ئەم بەردە پارە نەیەنمەوە، نەیەمەوە».

- کابرایەکی کورد کوڕێکی منالی خوشکەزای لەگەڵ ئەبێ. بەڕێبواری شەوێک ڕێیان ئەکەوێتە ماڵە گۆرانێک. ماڵە ئەو شەوە نیسکێنە بە نۆکیان ئەبێ. کوڕە ئەوەندە ئەخوا هەتا لە لووتی دێتەوە. شەو کە ئەنوون لە نیوەشەوا تەقەیەک دێ، کابرای کوردە ئەڵێ ئەوەچی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بوو؟ کورە کە ئەڵێ: «خاڵە هیچ نەبوو، ئەوە من بووم شەقم برد». تومەس نۆکەکە تلیساوەتەوەو تەقاندوویەتی.

- ئاواییەک لەو بەر کێوەکاوانیانە بوو. پیاوێکی تەمەڵی تەوەزەل لەوێدا بوو، بانگیان کرد وتیان: گاوانیەکەمان ئەکەی یان نە؟ وتی: «ئەگەر کەرێکم بۆ کورتان بکەن سواری بم، هەمانیەکم مێوژ بدەنێ لە بەردەمما داینێم بیخۆم، منداڵیکیشم لەگەڵ بنێرن ئەگەر گاگەلەکە بڵاوەی کرد بۆم کۆبکاتەوە، بۆچی نایکەم».

- سێ جەردەلەشیوێکا تووشی پیاوێک بوون کەرێک و هەندێ شتومەکی پێ بوو. گرتیان رووتیان کردەوە. هاتن بڕۆن تەماشایان کرد وا خێڵێکی جاف لەو نزیکانەوە دەواریان هەڵداوە. وتیان: ئەگەر کابرای رووت کراوە هاوار بکا خۆ ئەم هۆبەیە ئەمانگرن. هاتن هەردوو قۆڵی کابرایان بەست و سواری کەرەکەی خۆیان کرد و بەناو ماڵەکانا بردیان. کابرا هاواری کرد خەڵکینە بۆ خاتری خوا ئەمانە جەردەن؛ رووتیان کردومەتەوە چارێکم بکەن. یەکێ لەجەردەکانیش ئەیوت: «خوا بکا تۆ چاک بیتەوە قەیناکا با ئێمە جەردە بین».
خەڵکی ئاواییەکە پرسیان ئەمەچیە؟ جەردەکان ئەیانوت: «قوربان! ئەمە برامانە. سێ چوار شەو لەمە پێش چوو بووە سەر کانی دەستیان لێ وەشاندوەو شێت بوە. ئێمەش ئەیبەین بۆ سەر "میری سوور"». خەڵکەکەش وایان زانی ئەمانەراست ئەکەن. هەر چەن کابرا هاواری ئەکرد و سوێندی ئەخوارد کە خەڵکینە ئەمانە رێگرن و رووتیان کردومەتەوە ئەوان هەر ئەیانوت: «خوا و میری سوور شەفات بدەن». بەم جۆرە تێپەڕین تا دوور کەوتنەوە. کابرایان بەرەڵا کرد و گوێدرێژ و شتومەکەکەیان برد و بەبێ ئارەق دەرچوون.

- کابرایەکی کورد چوو بوو بۆ بەغدا. کە هاتەوە خزم و دراوسێ هاتن بۆ لای. لەدوای بەخێر هاتنەوەو چاک و خۆشی، لێیان پرسی دەنگ و باسی بەغدا چیە؟ کابرا برایەکی هەبوو ناوی بارام بوو، پێیان ئەوت «بالک». ئینجا لە جوابی خزماندا وتی: «بەخوا عەشرەت دەنگ و باسی بەغدا هیچ نیە، بەڵام شۆرەت هەر شۆرەتی بالکی برامە بەبازارا بەکۆلانا هەر چی ئەڕوا هەر ئەڵێ، بالک، بالک».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



– پیاوێکی دەوڵەمەند ئەسپێکی چاکی هەبوو، وون بووبوو. جارچی بۆ گرت کە هەر کەس بیدۆزێتەوە سەد قەران موژدە وەربگرێ. کابرایەکی کورد بە پەلەپەل چوو وتی: «ئاغە ئەسپی جەنابت گوم بووەو راستە فەرمووتە هەر کەس بیدۆزێتەوە سەد قەرانی ئەدەمێ؟» ئاغەوتی: بەڵێ ئیشەڵڵا دۆزیوتەتەوە. کابرا وتی: «نەخیر نەمدۆزیوەتەوە هەر بۆی ئەگەڕێم بەلام هاتوومەتە خزمەت بەڵکە پێشەکی پەنجاقەرانێکم بدەیتێ، هەتا بەخێر ئەیدۆزمەوە».

– ئەم قسەش با لەسەر قسە کوردیەکان بێ ئەڵێ:

رۆژێک کابرایەک لە ئەستەمول ئەچێتە ئیدارەخانەی رۆژنامەیەکی بەیانی. بە مودیرەکە ئەڵێ: دوێنێ رۆژنامەکەتان مردنی منی نوسیبوو، سەرم سڕما نازانم بۆچی بەدرۆ ئەوەتان نووسیوو؟ مودیرەکە ئەڵێ: «غەزەتەی ئێمە بەدرۆ هیچ نانووسێ. ئەگەر خەبەرێکی وا ناخۆشی نووسیبێ، هەڵبەت راستە». کابرا ئەڵێ: چلۆن راستە؟ ئەمەتە لەبەر چاوت ساغ و سەلیم راوەستاوم. پێویستە هەر ئەمڕۆ لە رۆژنامەدا ئەو خەبەرەی دوێنێتان بخەنە درۆوە. مودیر ئەڵێ: «لێم ببوورە ئەمەی تۆ ئەفەرمووی رێ ناکەوی؛ چونکە رۆژنامەی ئێمە هەر شتێ راست نەبێ ناینووسێ وەئەگەر خوا نەخواستە خەبەرێکی درۆیشی نووسیبێ خۆی نابێ خۆی بەدرۆ بخاتەوە».

کابرا ئەڵێ: چلۆن؟ ئەی پیاوێکی زیندووی زل و زەلام بە مردوو نیشاندان مەعنای چیە؟ مودیر ئەڵێ: «بابە پێی ناوێ تەگبیرێکم دۆزیوەتەوە بەو جۆرەزیندووت ئەکەینەوە». ئەڵێ: ئا بزانم تەگبیرەکەت چیە؟ مودیر ئەڵێ: «ئێمە وەکو ئەوانەی کە ئەمرن مردنیان ئەنووسین، ئەوانەش کەتازە لە دایک ئەبن ئەوانیش ئەنووسین. ئینجا لەرۆژنامەی بەیانیماندا لە گەڵ ئەو منالە تازەبووانە ناوی تۆش ئەخەینەناوەوە». کابرا بەم قسەیەرازی ئەبێ و ئەڕوا.

– جارێک لەسولەیمانی فەقییەکانی مزگەوتی گەورە تانجیەک راو ئەنێن هەتا ئەیکەن بە ژووری مزگەوتەکەدا. لەوێ هەموو قاپی و پەنجەرەی لێ دائەخەن و سەگ بەحەساری پێی ئەکەن. تانجی هەموو مزگەوتەکە پیس ئەکا و لە ترسانا ئەپەڕێتەوە سەر منبەرەکەو دەست ئەکا بەقوورەقوور. ئەو ئەقووڕێنێ و فەقێەکان بۆی ئەسیننەوە.

لەم هەرا هەرایە مجەورەکە ئەچی خەبەر ئەدا بە «سەیدئەحمەدیبابەڕەسوول» کە فەقیەکان سەگێکیان خستۆتە ژووری مزگەوتەکەو سەگ بەحەساری پێ ئەکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سەیدئەحمەدیش تووڕەئەبێ و دار عەساکەی ئەگرێ بەدەستەوەو دێت بۆ فەقێەکان لێیان بدات.

فەقێ کە ئەزانن وا سەید هات، ترسیان لێ ئەنیشێ. یەکیکیان قومار باز ئەبێ ئەڵێ ئێوە لێگەڕێن ئێستە من چاری ئەم ئیشە ئەکەم.

سەید دێت و ئەڵێ: «هەی وا وا لێ کراوینە! ئەوە چۆن سەگتان کردوتە ژووری مزگەوتەوە؟» ئەو فەقێیان ئەچێ بەپیریەوەو ئەڵێ: «قوربان، بەسەری تۆ سەگ نەبوو تانجی بوو». ئیتر سەید سارد ئەبێتەوەو ئەڵێ: «تۆ خوا تانجی بوو؟ سا وەڵلا لام وا بوو سەگ بوو، کەواتە دیارە مجەوەرە قومارباز‌ەکە درۆی کردووە». فەقێش ئەڵێ: «نەوەڵلا قوربان تانجی بوو».

– ئەم قسەش هەر لەناو کوردا ئەگێڕنەوەئەڵێ:

موسولمانێک و جوولەکەیەک و گاورێک چوونە بەر دەرگای بەهەشت ویستیان بچنە ژوورەوە. قاپیوانەکەی بەهەشت لە موسولمانەکەی پرسی ناوت چیە؟ وتی: «محەمەد». پێی وت فەرموو بچۆرە ژوورەوە. لەگاورەکەی پرسی تۆ ناوت چیە؟ وتی: «پەترۆس». وتی: «یاڵلا دواوە، ڕێگە نییە». لەجوولەکەکەشی پرسی تۆ ناوت چیە؟ وتی: «قوربان شەلەمۆی خزمەتکارت». وتی: «یاڵلا دواوە دواوە دەموو فلقت خواتەوە».

لەپاشا جوە بە گاورەکەی وت: وەرە ئێستە من ئەتبەمە ژوورەوە. چوو گۆنیەیەکی هێنا گاورەکەی تێخست و دای بەسەر شانیا چووەوە بۆ بەردەرگای بەهەشت. دەرگاوان لێ پرسی ئەوە چییە؟ وتی قوربان کیسەو سەبیلی محەمەد لێ بەجێ ماوە بۆی ئەبەمە ژوورەوە». ئینجا وتی باشە بچۆ بۆێ بەرە.

– حەسەبی‌لوتە هەبوو لە سولەیمانی زۆر حەزی لە زەماوەن و هەڵپەڕکێ ئەکرد. لەرزۆکیش بوو کە ئەیبیست شاییک لە سەرشەقام هەیە، ئەم سەر بە بەیان لە لەرزەلەرز لە مەلکەندیەوە بۆی بەڕێ ئەکەوت تا ئەچووە سەر زەماوەنەکە ئەوان لەنیوەی ئەبوونەوە.

کەچووە ئەوێ ئەوا هەڵپەڕکێیە. ئەم خەریکی پشتێنەکەی ئەبوو ڕێکی ئەخست بە دەمیشیەوە ئەیوت: «دەی برانم دەی خەریک بن وا هاتم ئێستە بۆتان گەرم ئەکەم». کە لە پشتێنەکەی ئەبوەوە خەریکی ڕێکخستنی فەقیانەکەی ئەبوو. لەبەر ئەوە لەرزۆک بوو، بۆی ڕێک نەئەخرا. بەم بونەوە ئێجگار زۆر پێوەئەبوو. تا ئەم ئەمانەی ئەکرد شایی لێ ئەبوەوەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکەکە بڵاوەیان لێ ئەکرد؛ ئەمیش بە هەناسەی سارد ئەگەڕایەوە. قەت بۆی رێ نەکەوت جارێک بەزەماوەنێکا بگات.

- مەلایەک لەو کوێستانە ئەچێتە هەر دێیەک لەپاش شەش حەوت رۆژ بار ئەکاو ئەڕوا. ئیتر هەر بەوەدا را ئەگا بارکا و کۆچ و باربخا. لە ئاخر دوو گوێدرێژی ئەبێ شت و شاتالی ماڵەکەی ئەنێ لەگوێدرێژییکیان و مەلا ژن و بیشکەکەش ئەخاتەسەر ئەویکەیان و دێ بەدێ ئەسووڕێتەوە.

ئەچێتە هەر ئاواییەک لە قەراخ ئاوایی ئەپرسێ ئەم ئاواییە مەلای هەیە؟ ئەگەر وتیان هەیەتی، ئەوا هیچ، بە بێ ئەوەلا بدا لێ ئەدا ئەڕوا؛ خۆ ئەگەر وتیان نیەتی ئەوا لائەدا.

رۆژێک بەسەر لاجانا ئەهاتە خوارەوە رێی کەوتەگوندێک. پرسی ئەم گوندە مەلای هەیە؟ وتیان نە. وتی کەواتە چار نیە، ئەبێ ببم بەمەلای ئەم گوندە. کۆچ و باری خست و خەڵکی ئاواییەکە لێی کۆبونەوە وتیان: «بابە ئێمە مەلامان ناوێ». وتی: «کورە ئێوە قسەی سەیر ئەکەن مەلامان ناوێ یانی چی؟ من واجب بوو لەسەرم ئەبێ دانیشم. جا ئیتر با ئێوە هەر بڵێن مەلامان ناوێ».

- کابرایەک لە پاش نیوەشەو بەناو شارا ئەسووڕایەوە، پاسەوانەکان هاتن گرتیان وتیان تۆ دزیت. وتی: باوکم من دز نیم، بەڵام نامەوێ بچمەوە ماڵی خۆم. هەر چەن قسەی کرد کەڵکی نەبوو، بردیان بۆ بەندیخانەو ئەو شەوە حەپسیان کردو بەیانی بردیانە لای قازی. قازی وتی: تۆ بۆچی ویستوتە دزی بکەی؟ ئەویش وتی: «جەنابی قازی من دز نیم بەڵام نیو سەعات مولەتم بدەو پیاوێکم لەگەڵ بنێرە ئەچمە ماڵەکەی خۆم و ئەگەڕێمەوە. ئەو وەختە چیم لێ ئەکەی لێم بکە».

قازی وتی باشە و پیاوێکی لەگەڵ نارد. کابرا چووەوە ماڵەوە. ژنێکی زۆر ناشیرینی هەبوو وتی: «ژنەکە هەستە خۆت کۆ کەوە بابچین». ژنە کەوتە تەکی و چوونەوە بۆ لای قازی. کابرا دەستی برد پەچەی ژنەکەی هەڵدایەوە وتی: «جەنابی قازی یەکێ ئامە ژنی بێ، نەوەک تا نیوەشەو بەڵکو تا بەیانیش ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە؟» قازی کە ئەمەی بیست و ژنەکەی چاوپێکەوت بەرەڵای کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی کورد لە دەشتێکا تووشی بەگزادەیەکی جوانی راوچی ئەبێ. بازیکی بە سەر دەستەوەیەو دوو تانجی لەپێشەوە. شێوەی کابرای زۆر بەلاوە جوان ئەبێ، دێتەوە لە ماڵەوە ئەیگێڕێتەوە ئەڵێ: «لەو دەشتە تووشی بینایی‌چاوان بووم. جورەییلی لەسەر دەستەوەو هەنکیر و مونکیریش لەپێشیەوە هەڵقون هەڵقونیان بوو».

- حەماغای‌باغلۆجە خزمەتکاریکی ئەبینێ ئاغەژن ئەینێرێ بۆ بۆکان بۆلای حەنا جوو هەندێ شتوومەکی ژنانی بۆ بێنێ. کابرا تا ئەچێتە بۆکان و لای حەنا، لەفیکری ئەچێتەوە کە بۆچییان ناردوە. هەر چەندە حەنا لێ ئەپرسێ بۆچی هاتووی کەلکی نابێ ئەگەڕێتەوە.
ئینجا دێن پارەکەی بۆ ئەبەستنە گۆشەی دەسەسریکەوەو ئەیدەنێ. پێ ئەڵێن لە رێگادا هەر بڵێ: «خەنەو وسمەو حەنابی» ئیتر لەفیکرت ناچێتەوە. ئەمیش دێت و لەرێگەدا دەسەسرِ هەڵئەسووڕێنێ و هەرکەس قسەی لەگەڵ ئەکا هەر ئەڵێ: «خەنەو وسمەو حەنایی». بەمجۆرە دێتە بۆکان و بەناو شار هەڵئەپەڕێ تا ئەگاتە لای حەنا جوو. ئیتر حەنا تێ ئەگاو بەرێی ئەکا.

- حاجی برایماغای عەنبار لەگەڵ حەمەرەحیمی خزمەتکاریا ئەچنەسابلاخ. جمعە دادیت و ئەچن لەمزگەوتی سوور نوێژی جمعە ئەکەن. ئەگەڕێنەوە بۆ عەنبار. برایماغا لە حەمەرەحیم ئەپرسی: «ئەرێ حەمەرەحیم نازانم چ رۆژێک بوو لەمزگەوتی سوور نوێژی جمعەمان کرد؟» حەمەرەحیمیش تۆزێ فیکری بۆ ئەکاتەوەو پەنجەیەکی خۆی ئەنێتە سەر لێوی و لەپاشا ئەڵێ: «وەڵڵا ئاغە لام وایە رۆژی سێ شەنبە بوو». ئاغاش ئەڵێ: «بە گۆڕێ بابم راست ئەکەی وا منیش کەوتەوە بیرم».

- دیناریکم لای مقدم ئەمین رواندزی بوو، نەیئەدامەوە. رۆژێک دانیشتبووین دەستی کرد بەقسە کردن و من هیچ دەنگم نەکرد. وتی: بۆچ دەنگ ناکەی؟ وتم: چارم ناچارە، تا دینارەکەم ئەدەیتەوە هەر شتێک بڵێت دەنگ ناکەم. ئەمین ئەمەی تۆزێ پێ خۆش بوو، ئیتر لە هەر شوێنێک دائەنیشتین بە ئارەزووی خۆی دەستی ئەکرد بەقسەکردن. منیش یان ئەموت وایە وەیان هیچ دەنگم نەئەکرد.
رۆژێک لەبەغدا لە کۆڕێکا دانیشتبووین. خانوێکی هەبوو دابووی بە «سەعیدفەهیم» و لە سەر خانووەکە تۆزی تێکچووبوون. توورە بووبوو دەستی کرد بەقسە کردن وتی: «من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاونیم. دیارە زۆر خراپم، ناجنسم، ئەگەینا چۆن خانوو ئەدەم بە سەعیدفەهیم؟ منیش هیچ سێ و دووم لێ نەکرد وتم: «ئەشەنوبیللا راست ئەکەی». ئەمیش بە مۆرێکەوە سەیرێکی کردم و دەستی کرد بەبالیا وتی: «ها ئەوە دینارەکەت و هەستە؛ برۆ من شایەتی وام ناوێ».

سالێک لە بەغدا بۆ دائرەیەکم نووسی کە بیست رۆژ ئەچم بۆ دەرەوە. ئەوا ئەحمەد حەسەن ناوم لەشوینەکەی خۆم دانا بە وەکیل و لێمدا رۆیشتم و هاتمەوە ئەم کاغەزە کەوتە مخابراتی رەسمیەوە. لەپاش بیست رۆژیتر کاغەزێکیان لەلایەن دایەرەوە دامێ نووسرابوو: «مانع نییە ئەم سەفەرەت بکەیت، بەلام لەبەر ئەوە وەکیلەکەت هێشتا ئیسباتی ئەهلیەتی نەکردووە ئەبێ وەکیلێکی‌تر دابنیت». منیش وتم: «کەواتە ئەم سەفەرەناکەم».

- مەلا محەمەدی شمیرانی رۆژی جومعەیەک لەخانەقی ئەچێتە سەر منبەر خوتبەی جومعە ئەخوێنێتەوە؛ شێخ عومەری دەکەش لەوێ ئەبێ. لەو کاتەدا کەمەلامحەمەد خەریکی خوتبە خوێندنەوەکەیە، شێخ عومەر -کەلەبەر منبەرەکە دانیشتبوو- بە دزیەوە کۆشی خۆی ئەگرێ و پیشانی مەلا محەمەدی ئەدا. مەلامحەمەد هەر لەناو خوتبەکەدا ئەڵێ: «بەفەخری عالەم! خۆت کەری خۆت کەری!»

- مەلاعیسای هەرتەل سێ قەرانی بەلای ژنێکەوە ئەبێ لەئاواییەکەی خۆیان؛ هەر داوای لێ ئەکاو پێ ناداتەوە. رۆژێک مەلا لەسەر دەرزە، خەریکە دەرز بەفەقێەکانی ئەڵێ سەیر ئەکا ژنەکە وا ماڵی بارکرد و ئەروا. ئەمیش هەر لە دەرزەکەدا بانگ ئەکا: «ژنەکە! ئافرەتی چاک بە سێ قەرانەکەم بدەرەوە. ئەوا تۆ ئەرۆی ئیتر لەکوێ لێت بسێنمەوە؟» ژنە گوێ ناداتێ و هەر ئەروا. خێرا مەلا عیسا هەڵئەستێ هەرا ئەکا بەشوێنیا. لە دواوە سێ کوتی پێوەئەدا و ئەڵێ: «دەبرۆ قەحبە! هەر کوتی لە باتی قەرانێک».

- کابرایەک هەبوو لە چوارتا «شێخ محەمەدی گۆمەلی» ناو بوو. دەرۆزەی ئەکردو داوای لە هەموو کەسێک ئەکرد. هی وا هەبوو رۆژی پیشووتر پولی پێدابوو، ئیمرۆیش ئەچوو داوای ئەکردەوە. ئەویش ئەیوت ئەی دوێنێ نەمداتێ؟ ئەمیش ئەیوت: «دەک خوا بە زیادی نەکا! هێنەکەی دوێنێم لەسەر حساب ئەکەی؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کابرایەکی هەورامی لەشوێنێک دانیشتبوو هەروا قسە هاتە سەر ئەوە کە ئێستە چیت و قوماش چۆنەو چۆن نییە. ئەویش وتی: «ئێستە بابەتی خاس نەمەنەن. من باوکم -خواش بیامەرزۆ- کراسێکش جە متقاڵ کەردەن حەف ساڵ جەبەرش کرد (بەدو پەنجەدەستی برد یەخەکەی گرت وتی) ئانەش گجیەکەشەن».

- کابرایەکی «مایندۆلی» تفەنگێکی ساچمەی ئەبێ، هەڵیئەگرێ بچێ بۆ راو. ژنەکەی لێ ئەپرسێ: پیاوەکە ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ ئەڵێ ئەچم بەڵکوو کەوێک بکوژم. ئەڵێ: ئەرێ وەڵلا بچۆ کە هێناتەوە سنگەکەی بۆ من. ئەڵێ وەڵلا نایدەم بەتۆ. سنگەکەی ئەبێ بۆ خۆم بێ. ژنە ئەڵێ: سا وەڵلا ئەبێ بۆ من بێ. لەسەر ئەمە ئەبێ بەشەڕیان، کابرا هیچ سێ و دووی لێ ناکا تفەنگێک ئەنێ بە ژنەکەیەوەو هەموو لەشی بریندار ئەکا.

- فەقیەک ئەچێتە لای مەلایەکی مەردۆخی دەرسی کتێبی جامی ئەخوێنێ. دوو ساڵی پێوە ئەبێ تا تەواوی ئەکا. مەردۆخییەکان خۆیان جامی ناخوێنن. کە لێ ئەبنەوە مەلا لێی ئەپرسێ: کاکە فەقێ چۆن بویت لەجامییەکەدا؟ ئەویش ئەڵێ: «قوربان! -خوا راوەستاوت کا!- ئەوەی من هەم، دەرزی وا پوخت و جوانم نەخوێندوە. جامی زانین هەروا ئەبێ کە جەنابت ئەیزانێ». مەلاش وتی: دەسا کاکەفەقێ من لەوەختی خۆیا جامیم نەخوێندوە. فەقێ تاسێک ئەیباتەوەو ئەڵێ: «هەی ئەحمەقی جاهل! کەتۆ خۆت نەتخوێندوە بۆچ بە منت وت و ئەمە دوو ساڵە هەر شتی غەڵەتم پێ ئەڵێی».

- کابرایەک لەشار ئەگەڕایەوە بۆ ماڵ، لەنزیکی ئاوایی کە سەیری کرد قەل فڕیکی سەیرە. تووشی شوانەکەی خۆیان بوو -کە بۆرەیان پێی ئەوت- پرسی ئەرێ بۆرە ئەو داڵان گەڕانە چییە؟ وتی براکەم ئەوە بە سەر کەلاکی گەماڵەبازەی ئێوەوە کۆ بوونەتەوە. وتی: بۆچ گەماڵەبازە تۆپی؟ وتی: ئەرێ وەڵلا. وتی بۆچی؟ وتی: ئەوەندە گۆشتی ماینەکولی خواردوو. وتی: بۆچ ماینەکوڵ تۆپی؟ وتی: ئارێ وەڵلا. وتی: بۆچی؟ وتی: «وەڵلا برا نەرمەکەی مراوەیسی کاکەتیان لێ ناو. وتی: بۆچی کاکەم چی لێ هات؟ وتی: حەمەوەیس کوشتی. وتی: لەسەر چی؟ وتی: لەسەر قنگی خاتەی خوشکت. وتی: خاتەی خوشکم بۆچی؟ وتی: برا بێژم چی؟ بوختانیان پێوە کردوو. وتی: وەکێوە؟ وتی: خەڵک و خوا یێژن وەمنەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- ڕەشەی‌مچەی‌نورەی سیتە بەسەری هەمەوەن هەبوو خەریکی جەردەیی و پیاو خراپی بوو. ڕۆژێک قائمقام سێ زەفتیە ئەنێری بۆ نورە بیگرن. زەفتیەکان سوار ئەبن و ئەڕۆن لە قەراخ ئاواییەکە تووشی ڕەشە ئەبن. ڕەشە لێیان ئەپرسێ ئەوە بۆ کوێ ئەچن؟ ئەڵێن ئەچین ڕەشە ئەگرین. ئەڵێ: جا ڕەشە بەئێوە ئەگیرێ؟ ئەڵێن پیمان ناگیری؟ ئیمانی ئەسووتێنین. زەفتیەکان هەر کەگوێیان لێ ئەبێ ئەمە ڕەشەیە لە شوێنەکەی خۆیان وشک ئەبن. ڕەشەماین و تفەنگەکانیان لێ ئەسێنێ و بەرەلایان ئەکا و خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

دایکیکی ئەبێ زەمزەمی ناو ئەبێ. پێ ئەڵێ: ڕۆڵە! تۆ بەمجۆرە بێ‌پەرواو سەرشێت بیت و کۆ لەکەس نەکەیتەوە، ئاخری یەکێ ئەتکوژێ و جەرگی منیش ئەسووتێ. کوڕی چاک بە لەسەر کەری شەیتان وەرەخوارەوە.

ڕەشە ئەم قسەیە ئەبیەت، هەڵئەکێشێتە خەنجەرو ئەیدا لە شلکەی ڕانی خۆی و خەنجەر دیوەدەر ئەچێ بەزەویەکەدا. بەدایکی ئەڵێ: «دەدایە وەرە کەری پێ ببەستەوە. من کەوا بم بزانم کێ ئەتوانێ بێت بمکوژێ».

- ئەحمەدی عەزیزاغا ڕۆژێک لەسەر سینی دائەنیشێ نان ئەخوا. پشیلەیەک دێ بە دیاریەوە دەست ئەکا بە میاوەمیاو. ئەم هەر بەشی ئەدا و ئەو هەر ئەڵێ میاو؛ لەمە زۆر وەڕەس ئەبێ، هەر هەڵئەستێ سینیەکە ئەنێتە بەردەم پشیلەکەو خۆی ئەچێ لەو لاوە ئەڵێ: «سەگباب! من میاو، کرانباو گاو! من میاو، دەبزانم تۆ بەشی من ئەدەی؟»

- ئەورەحیمی هەمەوەن بۆی گیرامەوە وتی: باوکم ڕەشیدی ناو بوو؛ پێیان ئەوت ڕەشەی‌عەزەی ئەحمەدعەلی‌سێتەبەسەر؛ قسەقسە ئەبڕێ، سێتەبەسەر تایەفەیەکی هەمەوەنن. پێنج برا هەبوون، ڕەشە، خەسرەو، حەسەن، حسین، غەفوور. ئەمانەگەورەی تایفەکە بوون؛ ڕەشەش گەورەی ئەمان بوو. دەستەی ئەمانە لە ئاوایی «جافان» و «مولەقە» لە خۆراوای چەمچەماڵەوە دائەنیشتن، بەڵام خۆیان لەبەینی دوو ئاواییەکەدا قەڵایەکیان دروست کردبوو، لەوێ بوون؛ ڕێگری و جەردەییان ئەکرد.

ڕەشە -بەرەحمەت بێ- لەنوێژ و ڕۆژوودا زۆر قایم بوو؛ لەگەڵ شێخ و مەلاشا زۆر باش بوو. کە مەلا یا شێخیک ببوایە، بە یەکێ لەبراکانی ئەوت: «ئا کورە برۆ بەرخێ لە تالانیەکەی پار بێنە سەری ببڕە بۆ شێخ؛ ئەوە حەڵالە با نانی حەرام نەخوا». مێوانەکەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەیوت:ماڵی تالانی لەکوێ حەلالە؟ ئەیوت: «برا ساڵی بەسەرا سووڕاوەسەوە، ئێستە خاوەنەکەی لەفیکری چوەتەوە؛ حەلاڵ بوە».

- کابرایەکی «سیوسینان»ی هەبوو دیوانەیان پێ ئەوت و ماڵیان لە گوموتە بوو. ڕۆژێک لە گەڵ شێخ حەمەسالحی گوموتە ئەگەڕێنەوە هەندێ شتومەکیان پێ ئەبێ. لە ڕێگەدا تووشی ڕێگر ئەبن. شێخ حەمەسالح لە بنەژاڵەیەکدا خۆی ئەشارێتەوە. جەردەکان دێوانە ڕووت ئەکەنەوەو ئیتر بە شێخحەمەسالح نازانن. دێوانە دەست ئەکا بە پاڕانەوە لێیان ئەڵێ: «بیکەن بەخاتری ئەو شێخە لەو بنەژاڵەیەدا وازم لێ بێنن». بەخوا جەردە بە شێخ ئەزانن و ئەچن ئەویش ڕووت ئەکەنەوە.

- مەلایەک هەبوو پێیان ئەوت: «مەلا مووسایکوڕی مەلامەنسوور. ڕۆژێک دێت بە سەریا ئەڵێ ئەم ناوەی من درێژە، با کورتی کەمەوە. دێنێ ئەڵێ: مەلا با فەقێ بێ؛ موو نەبێ خوری بێ؛ سی زۆرە با پانزە بی. مەن با ڕەتل بێ، سوور باش نییە، با بۆق بێ. لە ئاخرا ناوی ئەبێ بە «فەقی خوری پانزەکوڕی فەقێ ڕەتل بۆق».

- کابرایەکی کرمانج لە هەولێر بۆ ئیشی تەلاقی ژنەکەی ئەیبەن بۆ لای قازی. ناوبژیکەر ماوەی کابرا نادەن قسەبکا، قازیش دیارەگوێی بۆ ڕاگرتوون. کابرا لەمە زۆر توورە ئەبێ کە نایەڵن ئەو قسە بکا. بە تووڕەییکەوە ئەڵێت: «دەخزمینە واز بێنن با من و جەنابی قازیش گوێک بخوین». قازی لەمە زۆر توورە ئەبێ و حوکمی کابرا ئەدا.

- وەستا گورونی دارتاش هەبوو لە سولەیمانی، ڕۆژێک حەمەی پورەخەجێ ئەچێتە لای ئەڵێ: وەستا ئێمەشەو کوڕێکمان بووە، بێشکەیەکمان بۆ دروستکە. ئەویش ئەڵێ: بەسەرچاو! دەسبەی بنێرە بۆی. حەمە ئەڕواو دوو سبەی ئەنێری بۆ بێشکە. وەستا گورون ئەڵێ: ڕۆژی جمعە. ڕۆژی جمعە بۆی چوونەوە. وتی سبەینێ. بە سبەینێ سبەینێ بێشکەی دوا خست و وردەوردە کوڕ گەورە بوو، باوکی ژنی بۆ هێنا. ئەویش کوڕێکی بوو. باوکی پێی وت: ڕۆڵەبڕۆ بۆ لای وەستا گوروون بڵێ باوکم ناردوومی بۆ بێشکەکە. ئەویش چوو پێی وت، وەستا گورون دیسان وتی سبەینێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کورەوتی: «وەستا ئەمە چ قسەیەکە وەختی خۆی باوکم کە پێی وتی ئەوە بۆ من بوو. ئێستەوا منیش ژنم هێناو کوڕێکم بوو. ئەم بیشکەیە هێشتا تەواو نەبوو؟» وەستا تووڕە بوو وتی: «کاکە بڕۆ خوات لەگەڵ! من ئیشی وا بەپەلەپەل ناکەم».

- کابرایەکی کورد شێت ئەبێ و ئەیبەنە شێتخانەکەی بەغدا. ڕۆژێک یەکێ لە کار بە دەستە هەرەگەورەکان ئەچێت بۆ سەیر کردنی شێتخانەو بۆ ئەوە بزانێ ناتەواوییان چییە. کە ئەچێ لەناو هەموو شێتەکانا سەیر ئەکا وا کابرایەک لەپاڵ دیوارێکا بە کزیکەوە دانیشتووەو دەستی خستۆتەژێر چەناکەیەوە.

ئەپرسی ئەمەچییە؟ ئەڵێن کابرایەکی کوردەو شێت بووەو هێناویانەتە ئێرە. ئەچێ بەلایەوە پێ ئەڵێ تۆ چیت؟ شێتەش هیچ خۆی تێک نادا ئەڵێ: «من نێرگەلەم». ئەڵێ چۆن نێرگەلەی؟ ئەڵێ ئەگەر بڕوا ناکەی تووتنم لەسەر دانێ بزانە چۆن دەست ئەکەم بە قولتەقولت.

کابرای گەورە لەمە زۆر سەری سڕئەمێنێ و بەڕاستی ئەیەوی ئەم ئیشەی بۆ دەرکەوێ. ئەنێرێ تووتنی نێرگەلە دێنن و ئەیدا بەکابرا. کابرای شێتەکلاوێکی پڕی لەسەرایە دایئەگرێ سەرەکەی چاڵ ئەکا و توتنەکەی تێ ئەکا و ئەیکاتەوەسەری؛ ئینجا دەست ئەبا کیری خۆی ئەگرێ و ئەیداتە دەستی کابرا و ئەڵێ: «ها نەفەسی لێدە بزانە چۆن قولتەقولت ئەکەم».

- کوڕێک هەبوو لە خانەقی ئیبراهیمی ناوبوو. کاغەزی بۆ پیاوی گەورەو بچووک ئەنووسی ئیمزاکەی ئەمەبوو: ئیبراهیم خان مجید خان سالار سولتان، رئیسی عەشایری جبورو باجەلان، سوڵتان قەزای خانقین و شارەبان.

- کوڕێکی جوولەکە لەو کوردەوارییە موسوڵمان بووبوو. هەرکە موسوڵمان بوو مرد. ئینجا خزم و کەس و کاری هاتبونەسەری ئەیانلاوانەوە ئەیانوت: جوانی باڵا بەرز، موسا لە دەست دەرچوو محەمەد نەناسراومان ڕۆ. بولبولی چاسینن پاشقول دراوی موسوڵمانمان ڕۆ.

- گیانلەبەری‌تریش قسەئەکەن؛ بۆیە ئەڵێ: جارێک ڕێوییێک سەر لەبەیان بوو، لە بناری ئاواییەکەی باغلوجە گوێی لەدەنگی کەڵەشێرێک بوو لەسەر دارەکە ئەیخوێند. چوو بەلایەوە وتی: «فەرموو خوارەوە با نوێژەکەمان بکەین بەجەماعەت».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەڵەشێرەکەش وتی: «ئیمام لە پاڵ دارەکەدا نوستووە خەبەری کەوە با نوێژەکەمان بۆ بکا». کە ڕێوی سەیری کرد تانجییەک بەرچاو کەوت. ترپێکی کەند و بۆی دەرچوو. کەڵەشێرەکە وتی ئەوە بۆ کوێ؟ وتی: «فڵانی دەستنوێژەکەم شکا؛ تۆ ڕاوەستە تا ئەچم تازەی ئەکەمەوەو دێمەوە».

- ڕشید جەودت سەرکردەی لەشکر ئەبێ لە دیوانیە. ڕۆژێک ئۆتۆمۆبێلیکی تاکسی دێت، ئەویش ئەڵێ: «جاالسیارە». پی ئەڵێن: «ڕشید بەگ نابێ وا بڵێت ئەبێ بڵێ جائت السیارە».

ڕۆژی دوایی لۆرییێک دێت ئەویش ئەڵێ: «جائت الوری». دیسان زابتەکان پیی ئەڵێن ڕەشیدبەگ نابێ وا بڵێت ئەبێ بڵێ: «جا الوری».

ئەویش تووڕە ئەبی ئەڵێ: «هەی ناجسنینە! ئەمە چ زمانێکە؟ مەکینە یەک مەکینە، بەنزین یەک بنزین، تایە یەک تایە، ئۆتۆمۆبێلچی یەک ئۆتۆمۆبێلچی؛ ئیتر ئەم جا و جائتە لە کوێوە هات؟»

- ئەحمەدئاغای کەرکووکیزادە لە بەغدا هەموو دەردە دڵێکی هەر لە «ال»ی عەرەبی بوو، ئەیوت: «ئەم سەگی سەگبابە سەری لەمن تێکداوە. لە قسەکردنا ئەیخەمەسەر کەلیمە ئەڵێن نایەوێ، نایخەمە سەری ئەڵێن ئەیەوێ. نازانم چبکەم بەدەستیەوە؟»

- کابرایەکی مەنگوڕی هەر جارە لەپاش نوێژکردن ئەپاڕایەوە لەخواو لەیەکی لەنزاکانیا ئەیوت: خوایە لە خۆم و لە ئاتەی دایکم و حایشەی خوشکم و پیزەی ژنم خۆش بی. کابرایەک ڕۆژێک پێی وت ئەی باسی باوکت بۆ ناکەی؟ وتی: «کاکەلی! بابم من منداڵ بووم مردووە، بیرم نایە. یەکێ کە نەیناسم چمالۆی بپاڕێمەوە».

- عەبدولحەکیم بۆی گێڕامەوە وتی: کابرایەک هەبوو لە نیسکاوێ بناری سەردەشت مام ڕەسووی ناو بوو. پیاوێکی هەژار و پەرێشان بوو. ڕۆژێک بیستی کە لەشکرێکی زۆر هاتۆتە سەردەشتەوەو دار پارەی چاک ئەکا. وتی بەخوا وا چاکە ئیمشەو بچم کۆڵەدارێک بکەم، بەیانی زوو بیبەم بۆ سەردەشت لە پێش ئەوەدا دارفرۆش بچن بەڵکو شتێکم دەست کەوێ. «کۆتکە» نۆکێک خیری تۆ بێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەوی پاش بانگی خەوتنان تەوراسەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. زۆر دوور نەکەوتەوە، دارێکی بەگیر هێنا و چووە سەری و بە تەوراس تێی بەربوو.
هێشتا شتیکی وای لە دار نەکردبوو کوتوپڕ تەوراسەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە. لە دارەکە هاتە خوارەوە، دنیاش تاریکە. بەدەست بەشوین تەوراسەکەدا ئەگەڕا لە ناکاو کوچەلەیەکی بەردەست کەوت کە هی کاروان و شتەبوو، لێیان بەجێ مابوو. رووی کردە ئاسمان و بەتووڕەیکەوە وتی: چما من چ بردارم کردیە؟ تۆ نۆکە کۆتکەت لەبەر دەستم دانایەو داوای نۆکی خۆت دەکەی؟

- ئاغەیەک خزمەتکارێکی تەمەڵی بێ فەڕی هەبوو. ڕۆژێک ناردی بۆ بازاڕ ڕۆن و برنج بکڕێ. زۆری پێچوو هەر نەهاتەوە، دوایی کە هاتیشەوە هەر برنجەکەی کڕیبوو، ڕۆنی نەهێنابوو. کابرا زۆر تووڕە بوو، گەلێ جنێوی دایەو پێی وت: سەگی سەگباب! مادام تۆ ئەمە کەتنتە جارێکیکە ناردتم بۆ هەر شتێک ئەبێ دوو شت بێنی.
ڕۆژێک کابرای ئاغە نەخۆش ئەکەوێ و بەخزمەتکارەکەی ئەڵێ: «ئا بچۆ پزیشکێکم بۆ بینە». ئەویش ئەچێ و لەپاش تۆزێک دێتەوە پزیشکێک و پیاوێکی‌تری لەگەڵ خۆی دینێ. ئاغە لێئەپرسێ ئەم کابرایەی‌تر چیە؟
ئەویش ئەڵێ: «ئەی ئەو ڕۆژە تۆ دەستت نەکرد بەجنێودانم و پێت نەوتم کە ناردتم بۆ هەر شتێک ئەبێ دوو شت بێنی؟ ئێستە پێت وتم بچم پزیشک بێنم و ئەوا ئەوەیان پزیشکە؛ ئەگەر چاکی کردیەوە، باشە، ئەگەر خۆ چاکیشی نەکردیەوە ئەویتریان گۆڕهەڵکەنەو گۆڕەکەت بۆ هەڵئەکەنێ».

- لەقەراخ ئاواییەکەی بییانی کەرێک کەوتبوو خەریک بوو ئەتۆپی. کسۆکێک چوو بە لایەوە قنچکەی کرد. کەرەکە پێی وت ئەوە بۆچ قنچکەت کردووە لە لامەوە وتی: «ئەمەوێ بتۆپێ، بتخۆم». وتی: «من تا ڕۆژی شەنبە ناتۆپم». کەرکەسەکە وتی: «منیش تا ڕۆژی یەک شەنبە هیچ ئیشێکم نییە».

- ڕیوییێک کۆترێکی گرت. کۆترە وتی: «بزانم چارێکی خۆم ناکەم؟» هات لە ڕیویەکەی پرسی وتی: مام ڕیوی بێ‌عەوەوی نەبێ تۆ خەڵکی کوێی؟ وتی: «بانەییم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لەگەڵ وتنی بانەو کۆتر لەدەمی بەرەڵا بوو فڕی. ئینجا ریویەکە دانی ریچ ئەکردەوەو ئەیوت: «ئاخ! ئەگەر ئەمجارە دەستم کەوتەوە ئەڵێم شاربازێریم، شار بازێریم».

- مەلایەک هەبوو لە چوارتا مەلا بابەکری ناو بوو. سەر بانەکەیان بەرەو رۆژ بوو، خەڵکی ئاوایی لەوێ کۆ ئەبنەوە. دوو کابرا هەبوون یەکێکیان مخەی ناو بوو، ئەویتریان ئەحە. رۆژێک ئەمانە هەر لەو سەربانە بوو بە شەڕیان.

مخە رووی کردە ئەحەو وتی: بڵێم چی؟ ئەگەر ئێستە لەبەر ئەم سەر بانی ماڵی مەلا بابەکرە نەبوایە پێم ئەوتی کۆنەقەتارچی؛ دەسا بڕۆ خوا بەقوربانی ئەم سەربانەت کا».

- کابرایەک هەبوو شەپەی ناو بوو، دڵی چوو بوو لە ئافرەتێک؛ بەتەواوی بۆی سووتا بوو. وای لێ هاتبوو هەموو کەس پێی زانیبوو. لە روویشی هەڵنەئەهات قسەی لەگەڵ بکا.

رۆژێک سەیریان کرد شەپە زۆر بەدەماخە. پێیان وت: شەپە چیە؟ وا دیارە ئیمڕۆ شتێک هەیە! وتی: خزمینە! خوا دەرووی لێ کردمەوە، ئیمڕۆ قسەم لەگەڵ دۆستەکەما کرد و ئەویش جوابی دامەوە. وتیان چۆن؟ وتی: کە چووم سەیر ئەکەم لەسەرکانی گەنم ئەشواتەوە بۆ ساوەر، منیش پیم وت: «ها وەڵڵا ئەڵێ هەموو گەنمەکە بخۆم». ئەویش پێ وتم: «ها مانگایە مانگا».

- دەرویشێک موری گرتبوو، وردە وردە ئەڕۆیشت بۆ دەرویشی. کابرایەکی تووش بوو پێی وت: مام دەرویش رۆیشتنت چۆنە؟ وتی: «وەڵڵا عەبایەک ئەخۆم و عەسایەک ئەڕۆم». وتی بەپانی یا بەدریژی؟ وتی: «ها، ها ماڵت کاول نەبێ بۆچ چەپەرم بەدریژی برۆم؟»

- ئەڵێ کابرایەک گیسکێک و مەیمونێکی هەبوو، لەگەڵیان رایئەبوارد. رۆژێک کابرا چووە دەرەوە. جامەماستێک لە ماڵا دانرا بوو، مەیمونەکە هێنای هەمووی خوارد و دەم و لێوی خۆی پاک کردەوەو چوو گیسکەکەی هێنا تۆزێ ماستی لەدەم و لووتی ئەو هەڵسوو جامەکەشی بەخالیتی لەو ناوەدا فڕێ دا خۆیشی چوو لەولاوە قیت و قنج لێی دانیشت.

لای نیوەڕۆ کە کابرا هاتەوە سەیری کرد جامە ماست هیچی نەماوە. سەیریکی مەیموون و گیسکەکەی کرد تەماشای کرد مەیمون لەگۆشەیەکەوە بۆ خۆی کزۆڵەی کردووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانیشتووه. گیسکەش لەو لاوه بەدەم و لووتی ماستاویەوه هەلقون هەلقونیەتی. دارێکی هەلگرت و چووه ویزەی گیسکی بەسەزمان. مەیمونەکەش لە ترسی ئەوه نەوەک کابرا دواجار با بداتەوەسەر ئەو، هەموو جار دەستێکی بۆ دەم و لووتی گیسکەکەدرێژ ئەکردو کابرای تێئەگەیان کەماستەکە گیسکەکە خواردویەتی. ئەوەتە هەمووی بەدەم و لوتیەوەیە. بۆ خۆی خۆیشی وەکو بەرزەکی سەربانان بۆی دەرچوو.

- کابرایەک لەو کوردەواریە کوڕێکی هەبوو. دنیا زستان بوو کوره هەر ئەچووه بەر بەفر و سەرماکە. باوکەکەی هەر چەند هاواری لێ‌ئەکرد کوره رۆڵە وەره ژوورەوه نەخۆش ئەکەوی، کوڕه گوێی نەئەدایه.

رۆژێک بەفرێکی زۆر باریبوو چووەسەربانەکە بۆ بان ماڵین. باوکەکەی گەلێ هاواری لێکردو لێی پاڕایەوەکە بێتە خوارەوەو ئەم بانە نەماڵێ. پێی وت رۆڵە جەرگم مەسووتێنە، وەره خوارەوه. کوڕه هیچ وەکوو گوێزی بۆ بژمێرن وابوو. ئینجا باوکەکە هات کوڕەکەی کوڕێکی کۆرپەی هەبوو، هەر باوەشی کرد بە کوڕه پچکۆلە داو بردی لەسەر بەفرەکە داینا. کوڕەکەی خۆی لەسەر بانەکەوه چاوی لێ بوو، لەوێ ئاگری تێبەر بوو، بانگی کرد: «ئای بابە! ئەوه ئەو کوڕه لەسەر ئەو بەفره بۆچ دائەنی؟ ئاخر نازانی نەخۆش ئەکەوێ؟ دەلایبە لایبە بۆ خاتری خوا! کزه لە جەرگمەوه پەیدابوو». باوکەکەشی وتی: رۆڵە، تۆ بۆ ئەمە چۆنیت منیش بۆ تۆ وامە. ئەی بۆچ هەر هاوارت لێ ئەکەم گوێم نادەیتێ».

- لەقسەکوردییە ئەڵێ:

جارێک یاپراخ و کفتەو برویش و تورشاو بوو بەشەڕیان. کفتە بە برویشی وت: بەخێر تۆش ناوی خۆتت ناوه شت؟ نە تامێک و نەشتێک؛ کەچی تەشریفیشت دێتەدیواخان.

یاپراخ رووی کرد تورشاو وتی: رەنگ بێ تۆش فیزێ لە خۆت بنێ و بلێیت شتێکم؟ نە نانەرەق خۆی لە بەرتا ئەگرێ نە خەپلەی هەرزن ئەوێرێ توخنت کەوێ نە کەلەدۆینە پێت ئەوێرێ. بەلایەکیت کەوتویتە ئەم ناوەو سەرت لەعالەم تێکداوه.

تورشاویش بە وی وت خۆ من هیچ نەبێ وام بەرەوه، تۆ ئەڵێ دەستە بووخچەی تازەبووکی ناشیرینی چروکی توندوتۆڵ خۆتت پێچاوەتەوەو کەس نازانێ ناوسکت چی تیایەو دەستی خەلک ئەبری. ئەگەر فرو فێلت تیا نییەو راست ئەکەی بۆچ وا خۆتت پێچاوەتەوه؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



«کاروناشی»ش لە گۆشەیەکەوەبوو، گوڵ لێ بوو. لە ژێر لێوەوە وتی ئەوە ئەڵێن چی؟ هەموو بە جارێ لێ هاتنە دەنگ وتیان: «تۆ خوا دەم و فلقت بەرە بەو لاوە، بێ تامەی ئاوی خاسەپیسی کەرە». لەم هەرایە پڵاو نوستبوو خەبەری بوەوە؛ کۆکەیەکی بۆکردو بە فیزێکەوە وتی: «ئەرێ هەتیوینە ئەو هەرا هەرایان لەچییە؟» ئەمانیش وتیان: «قوربان ئاغە کێ لەگەڵ تۆیەتی».

- سەید عەبدولحەکیم بۆی گێرامەوە وتی: کابرایەک هەبوو زۆر تووڕەو کەللەشەق بوو، تەلاقی ژنەکەی زۆر ئەدا. دوو جار تەلاقی دابوو، هاتنەلای من بۆم چاک کردنەوە، هەموو جاریش پێم ئەوت برام تەلاق مەخۆ خراپە. پیاوێ پیاو بێ تەلاق ناخوا. ئەویش ئەیوت قوربان جارێکیکە ئیتر گووی وا ناخۆم.

وتی زۆری پێنەچوو ئەوەندەم زانی دیسان هاتەوەو وتی قوربان تەلاقم خواردوە بۆم چاک کەوە. وتم برا تازەچاک ناکرێتەوەو بچنە لای مەلایەکیکە. کەچی وتی: «ئاخر قوربان چۆن بچین؟ ئێمە مشتەری تۆین چۆن ئەبێ بچینە لای یەکێکیکە؟ تا ئێستە ئەموت خۆم گووم خواردوە، ئێستە ئەڵێم باوکیشم گووی خواردووە. دەقوربان ئەمجارەش بۆمان چاک کەوە». وتم نابێ و دەرم کردن.

- شێخ بابەعەلی لەبەر سەیوانی مزگەوتەکەی خۆی دەرزی ئەوتەوە بە فەقیەکان، سەیری کرد هەراهەراو هەچەهەچەیەک پەیدا بوو. کە سەری بەرز کردەوە تەماشای کرد سێ زەلام کابرایەکیان بەسواری کەرێکەوە داوەتە پێش‌و بە زۆر ئەیکەن بە دەرگای مزگەوتەکەدا. بانگی کرد ئەرێ کابراینە ئەم کەر بازاڕە چیە؟ یەکێکیان وتی قوربان ئەمە بە سواری کەر چوەتەوە بۆ ماڵەوە. لەگەڵ ژنەکەیا دەمەقالیان بووەو تەلاقی خواردووە کە لە سەر کەرەکە نەیەتە خوارەوە». ئێمەش وا هاتووین بۆ خزمەتت.

بابەعەلی سەرێکی راوەشان و فەرمووی بیبەنە لای ئەو دار تووەوە. کابرایان کێش کرد بۆ لای دار تووەکە. ئەمجا پێی وت هەر لە پشت کەرەکەوە هەڵزنێ بەدارەکەدا. کە ئەو هەڵگەڕا، بە کابراکانی‌تری وت کەرەکەی لێ دوور خەنەوە. بە کابراکەی‌تریشی وت ئەمجا بە دارەکەدا وەرە خوارەوەو بچۆ بکوتەرە پاڵ ژنی خۆت تەلاقەت نەکەوتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کابرایەک ئەچێتە عابخانەکەی مزگەوتی بابەعەلی، سەیر ئەکا دەرگای عابخانەکان لەو دیوەوە هەموویان داخراون. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە هەموویان خەڵکێکی تیایە. ئەچێتە بەر دەرگای عابخانەیەکی‌تر -کە دانەخراوە- دەکۆکێ بۆ ئەوە بزانێ کێ لە ژوورەوەیە. کابرەیەک لە ژوورەوە ئەبێ، ئەویش لە باتی ئەوە بە قرچە وەیا بەکۆکە جوابی بداتەوە، بە رێکەوت ترێکی زۆر قایمی لێ بەر ئەبێ.

کابرای دەرەوەئەڵێ: «جا برا بەم تووڕەییە بۆچ جوابم ئەدەیتەوە؟ بۆچ من چیم وتووە؟»

- ژنیک هەبوو لە هەڵەبجە باجی زینەتی ناو بوو. لە بەر ئەوە تۆزێ جوانکەلە بوو، خەڵکوخوا زۆر بەتەمای بوون. گەلێ شویشی کردبوو، بەڵام کور و کاڵ هەر لە لا کۆڵان و ماکۆلانا گل و خولیان بوو بەدەوریا.

باجی زینەت لەم دوا دواییەدا مێردی کردبوو بەپیاوێک ناوی «سۆفی عەزیم» بوو، تۆزێ گێلۆکەش بوو. ئەم میردەی سەر تەعازە بوو. رۆژێک سۆفی عەزیم ئەڵێ: «خاڵە عەزیم رێ زینەت گەورەیە یا بچوکە؟»

ئەویش ئەڵێ: «بەخوا برا نازانم؛ بەڵام وەپێ ئەوە کوڕ و کاڵ فرە وە دەور قنگیا تێن و ئەچن ئەشێ فرە بچووک وێ».

- کابرایەکی خەڵکی توراغ تەپە ناوی ئەلی هەسەن بوو، بۆ کاسبی ئەچێ بۆ وڵاتی ئەستەمۆل. رۆژێک لەناو کۆلانا کابرایەکی ئەستەمۆلی تووش ئەبێ لێ ئەپرسێ نیرەلی سەن. کابرای توراغ تەپەیش پێ ئەڵێ: «وەقوروانت وم ئەوە وەریشەکەما ئەزانی نیرم، ئەی وەچیا ئەزانێ ناوم ئەلی یەسەنە؟»

- کابرایەکی گاور لە کەرکووک لەگەڵ هەتیویکا رێ ئەکەوێ. ژیر پردەکە گیرا بوو، ئەچن لەبن دیواریکا لەقەلا پێی دین. کاتێ کە بە سەریەوە ئەبێ دیوارەکە ئەڕووخێ بە سەریانا و هەر دوو کیان ئەبن بەژێریەوە.

خەبەر ئەبەن بۆ قەشە. قەشە بەخۆی و کرێکارەوە دێنە سەریان و کرێکار دیوارەکە لا ئەبەن تەماشا ئەکەن کابرای مردویش هەر بەسەر هەتیوەکەوەیەو خەنجەر لە کێلانایە. قەشە کە چاوی پێیان ئەکەوێ ئەڵێ: «خوا لێخۆش بوو بەهەشتیە؛ هێشتا نەگەیشتۆتە بەهەشت خوا غیلمانێکی بۆ ناردووە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- جوولەکەیەک هەبوو لە بانە شەلەمۆی ناو بوو. تۆزێ جوانکەلە بوو، چەرچێتی ئەکردو دوو گوێدرێژی هەبوو. هەموو جار باری ئەکردن لە شتووک و ئەچووە دەرەوە بۆ فرۆشتنیان. جارێکیان وا رێ کەوت کە ئەبوا بە کەلی خانا بڕۆیشتایە. رێگەش نائەمین بوو. کابرایەکی بە کرێ گرت لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئەوەی بیپارێزێ لەپیاو خراپ و رێگر. کە ئەگەنە ناوەندی کەلی خان، کابرا خۆی جوولەکەکە رووت ئەکاتەوە هەر شتێکی پێیە لێ ئەستێنێ. سوێندیشی پێ ئەخوا بە حەزرەتی مووسا دەنگ نەکات. سەرەڕای ئەوە دێنێ ئەشیگێ بۆ ئەوە ئیتر بە هیچ جۆر هەر نەوێرێ قسە بکا. دنیا تەم‌ومژ و هەورە رۆژ بوو.

کابرای جووە ئەگەڕێتەوە بۆ بانەو هەر هەناسە هەڵئەکێشێ، ناشتوانێ قسە بکا. جا ئەیانوت هەر رۆژێ تەم‌و مژ و هەورەرۆژ بوایە، رووی ئەکردەکەلی خان و ئەیوت: «بەخوا خەڵکینە! ئیستە لەو کەلە پیاوگاینە».

- کابرایەکی بێ چاو لە گەڵ چاوساغێکا بوو بە شەڕیان و چاو ساغەکە کوێرەکەی گرتو نایەژێر. هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە لە ژێرەوە دەست بەرێ گەڵ و گونی کابرای چاو ساغ بگرێ و بەوە پەکی بخا.

دەست لە دەست و قەوەت لەخوا، دەستی برد و گەڵ و گونی کابرای بەدەستەوە هات و وەکوو ئەسپێی کەوتبێتە مست، بەو جۆرە گووشی، بەڵام گوشی! کابرای چاوساغ بەتەواوی بی هێز بوو. لەو کاتەدا هاوڕێیەکی کوێرە هات و بانگی کرد: «ئای مامۆستا ئەوە لە ژێرەوەیت؟» ئەویش وتی: «بەخوا هەر چەندە لە ژێرەوەم، بەڵام وەکوو لە سەرەوە بم وایە».

- کۆڕێک بوین لەلای وەستا بەشیر دانیشتبووین. هادی سائب هەبوو، ئەویس هات ویستی بێتە ژوورەوە، وەستا لووتی پیا نەهێنا. ئەو هەر گوێی نەدایە. ئەمجا پێی وت مەیەرە ژوورەوە. هەر گوێی نەدایەو هات. پاشان وەستا هەستا دەستی نا بەسنگیەوەو لێیان بوو بەشەڕ. لە سەر نەهاتنەژوورەوە هادی هەر هاتە ژوورەوە وتی: «بی قەزابی ئەمە چیە بە جارێ ناخۆشت کردووە کەی گاڵتەوا ئەبی».

لە کۆڕەکەدا مامۆستا رەفیق حلمیش هەبوو، هادی تکای بۆ یەکێک ئەکرد لە لای ئەو مامۆستاش پێی وت: «دەک موبارەک نەبێ! تۆ خۆت ئێسکت زۆر سووکە، ئەمجا نۆبەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


یەکێکی ترە». هادی هەر نەیخستە خۆی وتی: «بێ‌قەزا بن! ئەمەچیە هەمووتان فێری گاڵتە بوون».

- ئەحەی کرنوو لەسولەیمانی ئیشی تایبەتی ئەوە بوو کە شەربەتی ئەفرۆشت. وەکو قسە کردنی عەنتیکە بوو، سەرو گوێلاکیشی هەر عەنتیکەو بەزم بوو. نێرەکەرێکی هەبوو، هەموو جار پێوە ئەچووە دەرەوە. حەکیمی بەسەرەوە ئەکردو ئەگەیشتەوە شارباژێر باری ئەکرد لە مێوژە رەشکەو ئەیهێنایەوە ئەیکرد بەشەربەت و ئەیفرۆشت. کە تەواو ئەبوو بۆی دەرئەچووەوە.

جێگەیان نەبوو لەماڵا، نێرەکەرەکەی لەبەر دووکانەکە ئەبەستەوەو کاو جۆی ئەکردەبەری و خۆیشی لەناو دوکانەکە هەر شەربەتی ئەکرد. گۆبەند لەوەدا بوو لەگەڵ ئەم بانگی ئەکرد: «شەربەتی سارد و شیرین» نێرەکەرەکەش لەو لاوە دەستی ئەکرد بەزەڕین.

خالەحەمەد بەمە زۆر تێک ئەچوو؛ رۆژێک هەر پەلاماری نێرەکەرەی ئەدا و جامانەکەی لەسەر خۆی کردەوەو بەستی بەسەر نێرەکەرەکەوە، رەشمەکەشی لەملی ئەو کردەوەو کردیەملی خۆی و نێرەکەرەی بردە ناو دووکانەکەو پێی وت: «دەسەگی سەگباب ئەگەر تۆ شەربەت فرۆشی فەرموو بزانم چۆنی ئەفرۆشی؟» ئەمەی پێ وت و خۆیشی چووە سەر کاو جۆەکە. ئەمجا نێرەکەر هیچ نقەی نەئەکرد، ئەمیش بانگی ئەکرد: «دە سەگی سەگباب! شەربەت بفرۆشە تا منیش دەستبکەم بە زەڕین؛ خۆ شەقم برد».

- کابرایەک لەو بناری شارەزوورە کە خێڵ ئەچێ بۆ کوێستان لەگەڵ خێڵ ئەڕواو ئەگاتە پێنجوێن. لەوێ ئەچێتە لای کابرایەکی بازرگان ئەڵێ: «ئا برا لەو باوەشە چەمەریەسی گەزم بۆ لی کەوە بۆ کەوا». کابرا سێ گەزی بۆ لی ئەکاتەوەو پارەکەی لێوەرئەگرێ و ئەمیش قوماشەکە ئەبا بۆ لای وەستایەکی کەوا دوور بۆی بدوورێ. پێ ئەڵێ: «ئا برا هەر ئێستە بۆم بدوورێنە وا خێڵ وەرێوەیە ئەچمەناو بازاڕ و تیمەوە هەق وەستاییەکەت ئەدەم و با بگەم وەخێل. کورە نێژی خێلی لەدەست دەرئەکەم وەو شێخ کەریمە وەگالۆک پشتت ئەشکێنم».

ئەمەی وت و لێیدا رۆیشت. دوو هەنگاو رۆیشت و نەرۆیشت گەڕایەوە دواوە بە پەلە پێیوت: «تۆ خوا برا بیژەنە وە ئاوەکەشا. ئیوە وەگۆوەنن با دوا جار نەیژی نەژەنیاگە وەئاوا کورت بوەسەوە». کابرای وەستاش وتی بە سەرچاو و ئەو لێیدا رۆیشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



[کابرا گەڕاوە. وەستا]وتی برا خستومەتە ناو ئاو هێشتا وشک نەبوەتەوە. کابرا وتی: «وەو قورعانە شێخ لێ خوێندگیە ئەوا ئەچم سوورێکی‌تر ئەخۆم و تێمەوە، کەوام وەدوریاگی نەدەی وەدەسەوە هەزار خراوت پێ ئەکەم».

ئەمەی وت و لێیدا رۆیشت. زۆر دوور نەکەوتبووەوە یەکێ لەو بەری شیوەکەوە بانگی کرد: «کورە عەلەعەلەعەلە وا عێڵ گەیشتنە قنگە لوتکەکەی شلێر بۆ وێستیاگی؟ بێ وەڕێوە». عەلەکەگوێی لەمە بوو گالۆکی هەڵەشان و بەرا کردن چوو بەشوێن عێلا. پایز کە خێڵ سەرەو خوار بووەوە هاتەوە بۆ لای کابرای بەرگدوور وتی: برا کەواکەم پێ بدەرەوە. وەستاش وتی: برا من هەر ئەو وەختەدا خستمە ناو ئاو و چاوەڕێم بیتەوە لەبەر چاوی خۆتەوە خێرا بۆت بدوورم، تۆ هەر نەهاتیتەوە تا دوێنێ کە چومە سەری تەماشا ئەکەم هەمووی چووتە ئاو و هیچی نەماوە».

ئەویش وتی: چۆن برا؟ هەر گشتی چووەئاوا؟ وەستا وتی ئەگەر بڕوا ناکەی وەرەبا بچینە لای کابرا کە لێت کڕیووە. وتی باشە. پەلی گرت و چوونە لای کابرای بازرگان. وەستا پێی وت ئەرێ میرزا ئا ئەو تۆپە قوماشەچەندی لی ئەچێتەئاو؟ وتی: ئەو قوماشە زۆر نایابە، سێ گەزی لێ ئەچێتە ئاو. ئەمجا وەستا ڕووی کردەکابرا وتی: «ئا برا نەموت ئەوە سێ گەزەکەی داوە بەتۆ کە چوەتە ئاوەکەوە، تۆ بڕوا بەقسەی پیاو ناکەی».

کابرا ڕووی کردە میرزای بازرگان و وتی: «هەی بکەم وەقنگ دایکتەوە بۆچی سێ گەزە لە ئاو چووگەکەت دا وەمن» و خۆی تووڕەکرد و بەدەم سەر قالیەوە ڕۆیشت لە ترسی ئەوە نەوەک وەستای بەرگدوور هەقی کەواکەی لی بستێنێ.

جا هاتبووەوە بۆ ماڵەوە ئەیوت: «بکەم وەقنگ دایک کاورای بەرگدوورەوە هەقی کەواکەم پێ نەدا».

- کوڕێک بوین لە دووکان سەراکەی وەستابەشیر ئەقۆزرایەوە، ئەمجا ئەو باسی ئەوەی بۆ کردین وتی:

لەزەمانی عوسمانیا خۆم زابت بووم؛ ١١٤ کەسم لەبەر دەستا بوو. وتی ئێمە درابوین بە حوکومەتی عوسمانی. زوڵمێکی زۆر زلمان لێ کرابوو. سەربازەکانم هاتن وتیان چار چیە؟ وتم ئێستە من چارتان ئەکەم؛ هێنام بەدەستی خۆم ئیستعایەکم بۆ یەکێکیان نوسی بۆ قائدی هەرەگەورە. کە ئیستعاکەی برد بەخوا سەگ بە حەساریکیان پێکرد بۆ یەکێکی‌تریشیانم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نووسی ئەویش هەر وا بەکورتی بەدەستی خۆم بۆ هەر ١١٤ کەسەکەم نووسی هەموویان گەماڵ کوژکران.

وتی سەرە هاتە سەر خۆم. وتم وەڵلا ئەبی بۆ خۆیشم بنووسم. هێنام هەر بەدەستی خۆم بۆ خۆیشم نووسی و بردم بۆ ئوزدەمیر. ئەویش هێنای جەم بۆریەسی کرد و هەموو سەرباز کۆبونەوەو بەدەورە وەستان. من و ئوزدەمیریش لە ناوەراستا بوین هەر لە ئۆغلم، ئۆغلم قسەی لەگەڵ کردم. . .

- مامۆستا بەشیر لەو رۆژانەدا خانویەکی بەدەستەوەبوو خەریکی دروستکردنی بوو. لەم کاتەدا کابرایەک هات، کاتیش دەمەدەمی ئێوارە بوو وتی وەرە ناوی کرێکارەکان بنووسە بۆ پارە پێدانەکەیان. وەستا لێ توورە بوو وتی برۆ جارێ ئیشمان هەیەو قسە ئەکەم ئەمجا گەڕایەوەسەر قسەکەو وتی:

یەکێ لە والیەکانی ئەردەڵان تاقەکوڕێکی ئەبێ ئەمرێ. والی بە هیچ جۆر سوکنایی نایە. یەکێ لە پیاو ماقوولەکانی رۆژێک لە بازارا کابرایەکی کەرک لەشان ئەبینێ کە جامەدانەیەکی لار و پێچی ناوە بە لایەکی سەریەوە. کەرکەکەی خستۆتە سەر شانێکی، گالۆکیکی بە دەسەوەیە چەماوەکەی خستۆتەسەر شانەکەیتری؛ نانێکی لول داوە لە قولی دەستیایە، چەمیلەیەک وا بە دەستەکەیتریەوە، دانی چیڕ ئەکاتەوە قەپالێک لە نانەکە ئەگرێ و قەپێکیش لە چەمیلەکە، بەم جۆرە بەناو ئەو بازارەدا ئەڕواو شا بەگونی خۆی نازانێ.

کابرای پیاوماقوول ئەڵێ ئەم پیاوە بەمجۆرە ئەبەم بۆ والی، ئەگەر بەمە سوکناتی نەیەت بە هیچ شتێکیتر داناساکێ.

ئەچێ بە لای کابراوە قۆڵی ئەگرێ. کابرا رائەپرسی و لا ئەکاتەوە سەیر ئەکا یەکێ قۆڵی گرتووە. خۆی رائەچەنێ و ئەڵێ: «چیە کاورا یێژی میرغەزەوی شانت لێ بریگمەوە». ئەڵێ: «برا هیچ نیە، منیش خەڵکی ئەم شارەنیم؛ چاوم پێت کەوت دڵم پێت کرایەوە. ئا تۆ خوا وەرە با بچین لەو ماڵە زەماوەندە، بە یادی عەشرەتەوە دەستێ ئەگرین».

کابرا ناوی عەشرەت و زەماوەندی لێ دێنن، بسکەیەک لەسمێلیەوە دێت و ئەڵێ: «ئا دەی تۆ خوا برا لەکویس با بچین». شوێنی ئەکەوێ و ئەچن بۆ بارەگای والی.

کەئەچن و سەر ئەکەون والی لەو سەرەوە بە جلێکی جوانەوە لەسەر تەختێک دانیشتووە. کابرای کەرەک بەشان هەر کە چاوی پێ ئەکەوێ ئەڵێ: «سلاویک لەجوبرایل».

ئەڵێ: کورە گەوجە من جورایل نیم. ئەڵێ: «کەواسە سلاویک لە پێغەمبەر». ئەڵێ: کورە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرای شێتە من پێغەمبەر نیم. ئەڵێ: ئەی دەویت باوک تۆ نەخوایت و نەجورایلیت و نە پێغەمبەری چی ئەکەی لەو بەرزیەوە وەک سیچکەسلاو دانیشتگی؟ هەی کوتامەدایکت! گالۆک رزگاری ئەبێ و ئەمیش پەلاماری گالۆکەکەی ئەداتەوەو هەڵیئەگرێتەوە. لەو کاتەدا کە گالۆکەکەی هەڵئەگرێتەوە ئاوێنەیەکی بالانما لەو سەرەوە دانرابوو کابرا خۆی لەئاوێنەکەدا ئەبینێ. وێنەیەکی سەیری دێتەپێش چاو. چاوێکی لێ مۆڕ ئەکاتەوە. وێنەی ناو ئاوێنەکەش -کە ئەم هەر خۆیەتی- ئەویش چاوێک لەم مۆڕ ئەکاتەوە.

کەوا ئەکا دەست ئەداتە گالۆکەکەی و ئەڵێ: «ئای هیزە، کوچکت لێ نەوارێ خۆ ئەو کاورای تاینگ گەرەکیە لەم غەریویەدا سەرم بدا وەقەلبەیەکا. ئای کوتامەقنگ دایکت هەی». ئەمەئەڵێ و گالۆکێک ئەگرێتە ئاوێنەکەو ئاوێنە هاڕە ئەکاتە خوارەو ئەڵێ: «ئاوا دایکت ئەگێم دەبیخۆ دەویت باوک». والی لەم ئیشە ئەوەندە پێئەکەنێ ئەکەوێ بەگازی پشتا.

پاش ئەمانەوالی ئەمر ئەکا کابرا دائەنیشی و هەروا سەر ئەخاتەسەری و قسەی لەگەڵ ئەکا و لەقسەکانی بەتەواوی هەموو خەمێکی لە بیر ئەچێتەوە.

نان دێتە ناوەوەو فرنی لەسەر سینی والی ئەبێ. ئەڵێ ئەم فرنیە بۆ ئەو دابنێن. کابرا فرنی بۆ دائەنێن و دەست ئەکا بەخواردنی. هەر لەگەڵ کەوچکێکی لێ ئەخوا گورج هەڵئەستێ. [والی ئەڵێ] ئەوە بۆچ وات کرد؟ ئەڵێ: «قوروان فرەخز و سافە. ئەترسم گورج لەخوارەوە دەرچێ». والی ئەوەندەیتر پێ ئەکەنێ.

پاشان لێی ئەپرسێ ئەمەچی بوو خواردت. ئەڵێ: «قوروان باوکم گجارێ هاتگەسە شار کە ئەهاتەوە ئەیوت مزگەوتی جامعەو حەمام فرە خۆشن. ئەمە یا مزگەوتی جامعەس یا حەمامە». پاش ئەوە کە والی بە تەواوی سەبووری پێ دێ، خەلاتی ئەکا و بەرەلای ئەکا.

- محەمەدی‌مەلاکەریم چەند قسەیەکی نارد بۆ رشتە لەوانەدا گێڕایەوە وتی: «رۆژێک ژنێکی شاتری کوڕێکی منالی هەبوو نەخۆش بوو. ئەچێتەلای شێخ‌حەسەنی‌قەیتول نوشتەیەکی بۆ بکا. کە ئەچێ لەو کاتەدا شێخ هێلکەو رۆنی لەبەر دەما ئەبێ ئەیخوا، هێلکەو رۆنەکەش نیمرۆ ئەبێ؛ زەردێنەکەی بلاو ئەبێتەوە بەسەریا.

شێخ لە ژنەکە ئەپرسێ کە کوڕەکەت چییەتی؟ ئەڵێ: «قوربان! بی عەدەبی نەوێ کە دائەنیشێ، دانیشتنەکەی لەوەی بەردەمی شێخ فرەزەردتر و تەڕترە. ئەوا هاتگم بەلکوو شێخ دەم و نەفەسێکی بۆ بخاتەکار».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شێخ سەیر ئەکا ئەم ژنە قسەی خۆی پی وت؛ وتی چارێکی نەکەم کەلک ناگرێ. هێنای قاقەزیکی وەکو نوشتە بۆ پێچایەوەو دایەو وتی بچۆ ئەمە بیگرە مۆم و بیلکێنە بە دەرگای قنگی کوڕەکەدا. بە هیمەتی پیران چاک ئەبێتەوە».

ژنەکەش ئەچێ وەکو شێخ ئەفەرموێ وا ئەکا. پاش چەند رۆژێک ئەچێتەوە بۆ خزمەت شێخ. شێخ لێ ئەپرسێ ها دایکم کوڕەکەت چۆنە؟ ئەڵێ: قوربان! خوا هەر بوتێڵێ بۆمان. لەو رۆژەوە دەم و نەفەسەکەی تۆم بۆرێگە وەقنگیا تکەتکە نەوێ دانانیشێ. شێخ ئیتر هیچی پی ناوترێ.

- فەقیەک لەو ولاتی لاجانە دڵی بەکچێکی درواسێ حوجرەوە ئەبێ. فەقێەکە «تەسریفی زەنجانی» ئەخوێنێ کەدەوری ئەکاتەوە لەسەر بانەکە هەموو جار ئەڵێ: «اعشوشب، یسوشب، اعشیابا» ئەمە دەوری فەقێیانی تەسریفی زەنجانیە.

شەوێک فەقێ بۆی رێ ئەکەوێ لەبەر ئەوە کە لە گەڵ کچەکەدا دڵیان پێکەوەبوو، کچە هەڵئەگری و ئەڕوا. بەیانی کە باوکی پێئەزانێ ئەڵێ: «من هەر ئەبوا زوو بمزانیایە ئەو باوەحیزە هەموو جار لەسەر بانەکە دەگەڕاو ئەیووت ئیمشەو شەو نە، ئیمشەو شەونە؛ هەتا بۆی ڕێکەوت ئیمشەو کردی بەپەلیا و بردی».

- لەو کویستانە مەلایەک بەلای خێڵێکی ڕەشو بۆریدا تێ ئەپەڕێ؛ برسی ئەبێ، ئەیەوێ لابدا نانیک بخوا. سەیر ئەکا زەماوەند و هەراو هەڵپەرکێیە؛ کچ و کوڕ دەستیان گرتووە قوولەیە. نان ئەخواو پاشان لە کوێخاکە ئەپرسێ ئا خۆ ئەم کچە مارەکراوە؟ کوێخاش ئەڵێ: «مەلا بیوورەوە! کەنیشکی خۆمانەو بۆ کوری خۆمانی تیرین، مارەی نەگەرەکە. نازانم تۆ گوو خۆری کوییت و لەکوێوە هاتگیت؟ نانی خۆتت خواردگەو هەڵسە بچۆ وەڕێ خۆتەوە، لەم شاییەدا خوێن مەگێڕە».

پاشان بە هەر زمانێک ئەبێ مەلا ئیشیکی وا ئەکا مارەی کچەکە ئەبڕێ لەکوڕەکە.

- ڕەشەی خەجەلاو هەبوو لەسولەیمانی مریشکێکیان ئەبێ، رۆژێک مریشکەکە هیلکەیەک ئەکا و ئیتر هەر ئەیکا لە گارەگار تا چەند رۆژ نایبڕێتەوە. ڕەشە بە تەواوی پەست ئەبێ، هەڵئەستێ هیلکەکە دێنێ ئەیخاتە پریاسکەیەکەوە ئەکاتە ملی مریشکەکەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڵێ: «دەبڕۆ سەگی سەگباب! ئەوەخۆت و ئەوە هیلکەت. خۆ تۆ بۆ ئەم هیلکەیە مێشکی ئەو عالەمەت برد، گووم بەخۆت و بە هیلکەت».

**لەقسەکانی شێخ‌حسینی‌قەرەداغی:**

ئەم شێخ حسینە پیاوێکی ئەستووری ورگ زلی قەویلەبوو؛ گیپەرەی ملی لەبەر چاخی باوەشێک بوو؛ لەبەر ناوشانی پانی کورتەبالا ئەهاتەبەر چاو. دەنگی ناسک و قسەی بەتام بوو. برایەکی هەبوو ئیبراهیمی ناو بوو. ئەو باڵا عەرعەرێکی تۆزێ ناوقەو بارێکی لەبەر بەرزی هیچ ئەستووری پێوەدیار نەبوو.

ڕۆژێک لەشێخ حسێن ئەپرسن: بۆچی برایمی برات لەتۆ لاوچاکتر و ڕێک و پێکترە؟ ئەویش کوتوپڕ ئەڵێ: «ئاخر ئەو چوار پراوەکراوە». لەراستیدا برایم چوارەمین سکە. هەر لەم کاتەدا شێخ حسێن کچێکی ئەبێ ئاواز جوانکەلەی ژیکەڵەی دەم بەپێکەنینی ڕێک و پێک و نوسکە ئەبێ. لێ ئەپرسن: ئەی کچی تۆ بۆچ ئەوەندە جوان و ڕێکە؟ شێخ مستەفای باوکی شێخ حسێنیش لە کۆڕەکەدا ئەبێ و گوێی لە هەموو ئەم حەقایەتانا ئەبێ، ئەویش کوتوپڕ ئەڵێ: «ئەو زووتر براوەی خۆی کردوە».

- هەر لەو کۆڕەدا کە دوو باب پێکەوە ئەبن و راوەستاون، برایم بەشێخ حسێن ئەڵێ: «کاکە! تۆ ئەزانی من لەتۆ درێژترم». ئەمیش ئەڵێ: «کورە تۆ نابێ قسەی پیاوانە بکەی تۆ نازانی من لە باوکی تۆش درێژترم». لەراستی دا باوکیان لە هەر دووکیان کورتتر ئەبێ.

- شێخ حسێن بابی لێ تووڕە ئەبێ پێی ئەڵێ هەستە لاچۆو لەبەر چاوم ئەڵێی ورچی. ئەویش پێی ئەڵێ: «جا بۆچ بەمن ئەڵێی، بەو کەسە بڵێ کە دروستی کردووم». باوکی ئیتر پێئەکەنێ و خاو ئەبێتەوە.

- کۆڕێک بووین چووین بۆ سەر شەتی بەغدا بۆ ماسی خواردن و هەر یەکە هەندێ پارەمان دا. وتی زۆری پێنەچوو یەکێ لە هاوڕێکان هات پێی وتم تۆ پەنجا فلس قەرزار ماویتەوە. وتی منیش لە بیست فلس زیاترم پێ نەبوو، وتم: ئەمە بیست و ماسی. هاوڕێی سێهەم هات وتی ئەوە چی بوو؟ وتم: «بۆچی تۆ نەتبیسن؟» شێخ حسێن وتی دەستەیەک بووین، یاری ئەکرا دانیشتبووین یەکێکیان پێی وتم وەرە لای من دانیشە. ئەمەوێ «قاپۆتی»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لەمە بکەم؛ یانێ سێ نوختەی لێ بکەم. وتی منیش وتم: «کەوابوو منیش چاکەت لەگەلا ئەکەم وا دیمەپاڵ تۆ بۆ ئەوە ئەم قوندەرە بدووڕێنێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگی چوارەم

٢٦٦٨ ک/ ١٩٦٨م
١٣٨٨هـ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## بردمانەوە یان نە؟

ساڵی ١٩٥٧ بوو؛ بەرگی یەکەمی رشتەی مرواری دەرچوو. لەو بەرگەدا لە سەرەتاکەیا وتم ئەم بەرگە دەرئەچێ زۆر کەس ئەکەونە تەقە کردن، بەڵام لە ئەنجاما وا نامێنی و نرخی ئەزانرێ. نرخی رشتەی مرواری زۆری پێنەچوو هەر لەو ساڵەدا بەرگی دووەمیشی دەرچوو. بەرگی سێیەمی لە ساڵی ١٩٥٨دا هات بە شوێنیا. هەر دوو قسەکە هاتە دی؛ قسەی یەکەم کە زۆر کەس کەوتنە تەقەو دەستیان کرد بە رەخنەگرتن، بەڵام بەرەکەت دا من هیچ گوێم نەدایە.

بەرەبەرە قسەکەم بوەوەو وای لێ هات ئەوانەی کە زۆر لە دژی بوون، بە دزیەوە داوای خوێندنەوەیان ئەکرد. ئینجا کەوتە دەوری نرخ دەرکەوتن و نرخ زانینەکەی؛ سەیرم ئەکرد ئەوانەی کە لە سەرەتاوە زۆر رەخنەیان لێ ئەگرت، ئەوانە زیاتر بە ئارەزوو بوون بۆ خوێندنەوەی و بۆ دەرچوونی بەرگیتری.

ئەمەش لە بەر چی بوو؟ دیارە ئەو دەستەیە کە ئەو بێزارییەیان لە شتی وادا دەرئەبڕی، دەستەیەکی خوێندەواری تێگەیشتوو بوون. لە باوەڕی ئەو رۆژەی ئەوانا بە لایانەوە وا بوو نابێ ئەم جۆرە شتانە بکەونە سەر قاقەزو بکەونە بەردەمی هەموو کەسێکەوە. لە پاشا هەر ئەو جۆرە دەستەیە خۆیان لە خۆیانەوە بۆیان دەرکەوت کە ئەمە ئەدەبەو کەلەپووری ئەدەبی ئێمەیە، نابی سەریان تیابچێ و لە ناو بچن. لە رووی ئەم باوەڕەوە ئەوان گەلێ زیاتر بە شوێن بەرگە چاپ نەکراوەکانیتریا ئەسووڕانەوە. کە گەیشتنە ئەم شوێنە باوەڕی هەردوو لامان یەکی گرتەوە کە ئەمانە ئەدەبی نەتەوەکەمانەو ئەبێ بمێننەوە. بەڵام عافەرەم بۆ خۆم کە کۆڵم نەداو پاڵم بە توانجەوە نا تا لە گەڵ ئەوانا بووین بە یەک. ئۆ! خۆزگەت پێ وێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



قسەی پار ئەگێڕیتەوە. ئەوەندە هەبوو لە ماوەی ئەم هەشت نۆ دە ساڵەدا هەر رۆژە سازێک و هەر دەمە ئاوازەیەک پەیدا ئەبوو. ئەو سازو ئاوازەیە سەری لە دەستەی دووەم تێکدابوو، وای لێ کردبوون ئەو سۆزەی کە سەرەتا بۆ خوێندنەوەی شتی وا هێنا بوو، ئەو سۆزە ئالا بوو بە بالای شتی‌تر. بەرەبەرە بۆیان دەرکەوت کە ئەو شتانە هەموو پل و پووشن و با ئەیان با؛ وەکو بردنی. ئنجا ئەوانیش گەڕانەوە بۆ شتە بناغەییەکە؛ بۆ ئەو شتە کە ئێمەش نەتەوەیەکین و هەموو جۆرە ئەدەب و فۆلکلۆریکمان هەیەو ئەدەب و فۆلکلۆرمان ئەگەر خۆیشمان بڕۆین، ئەوان ئەمێننەوە. کە ئەوان مانەوە، مانەوەی ئەوان مانەوەی خۆمانە؛ چونکە نەتەوەیەک ئەگەر بیر و باوەڕ و زمانەکەی کەوتە سەر قاقەزو کەوتە بەر چاو، ئەو نەتەوەیە لەناو چوونی نابێت با بە هەزاران تاوێریش بپلیشێنرێتەوە.

لە بەر ئەم شتانەو لە بەر هەموو روولێنانە کە روویان لێ ئەنام، بە تایبەتی لەم ماوەی دواییەدا بۆ لە چاپ دانی بەرگەکانی‌تری ئەم کتێبە ئەوا منیش پالم نا بەو دیوارانەوە کە ئەهاتنە سەر رێگاکەم، ساف کرد و کەوتمەوە مەیدانی لە چاپدانی بەرگەکانی‌تری رشتەی مرواری.

جارێک لە مەدرەسەی تورجانیزادەکان فەقێیەک هەبوو لە لای مەلا عەلی گەورە خوێندبووی. مەلا عەلی عەمری خوا ئەکاو مەلا حەسەنی کوڕی لە جێگاکەی دائەنیشێ. کاکە فەقێ لە لای ئەویش ئەخوێنێ. مەلاحەمەحەسەن ژن دێنێ و کوڕێکی ئەبێ؛ کوڕەکە منال ئەبێ، رۆژێک ئەیبەن بۆ حوجرەی فەقێیەکان. کاکە فەقێ پلتۆکێک ئەدا بە سەر ورگی مندالەکەداو ئەلێ: «ئم! ورگە ئەگەر نەمرین لای تۆیش ئەخوێنین.» ئیستە منیش: «ئم! ورگە ئەگەر نەمرین گەلێ بەرگی‌تری ئەم کتێبە ئەخوێنینەوە.»

ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەرکی چاپیش لە چاو ئەو سالانەدا یەکاویەک زیادی کردووە.

عەلائەدین سەجادی- بەغدا
١٩٦٨/٩/٢٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# تاقگەی ئێلاخ

- فەرامیرزا لە سنە، بارامسانی یەکەم لە هەورامان بانگ ئەکا بۆ سنە. ئەمیش بە چەند پیاوێکی خۆیەوە ئەچێت و میوانی حوکومەت ئەبێت. ئەمان هەموو لە «دەرماڵ»ئەبن. بارامسان شوێنێکی شاهانەی بۆ تەرخان ئەکرێت، بە تایبەتی ژوورێکی ئاوێنە بەند ئەبێ لە دەر ماڵەکە دانراوە بۆ پیاوانی گەورە، ئەمە دائەنێن بۆ بارام سان کە کەسی‌تری تیا نابێ.

شەوێک سان ئیشی سەر ئاوی ئەبێ کە هەڵئەستی دەست ئەنێ بە دەرگاوە سەیر ئەکا دەرگا لەو دیوەوە داخراوە. ئەمەش ڕێکەوت بوو؛ ئەگینا هەموو وەخت وا نەبوو. بەمە زۆر تێک ئەچێ و خۆی ڕائەگرێ، بەڵام ئەو حاکمەی لە سکیایە لە فەرا میرزا حاکمتر ئەبێ. هەر چەند ئەکا هیچ چارێک نادۆزێتەوە. ناوسکی دەست ئەکا بە پێ دان و قۆرەقۆڕ کردن. ئۆقرەی لێ هەڵئەگیرێ دیسان هەر چار نییە؛ خەو ئەوە هەر بە جارێ باری کرد. بێجگە لەمەش ئەیویست لەو کاتەدا هەورامانی لهۆن و ڕەزاو بدا هەر بەو شەرتە لەو بەڵایە ڕزگار بێ. بەم سەرو بەو سەری ژوورەکەدا هات و چوو ئەکاو پێچ ئەدا، لەو کاتەدا کە تۆزێک چاوی بە هەورامانی تەخت ئەکرێ چاوی بە تاقێکی ژوورەکە کەوت کە مانگە شەو لە پشت شوشەو ئاوێنەبەندی تەلارەکەوە هاتۆتە ژوورەوەو داویە لە ناو تاقەکەو بەم هۆیەوە هەندێ لە بن مێی ژوورەکەی ڕووناک کردۆتەوە. بارام سان لە بەر ئەمە دنیا شەوەو لە بەر ئەمە کە ژان و پێچی ناوسکی هیچ هۆشێکی لا نەهێشتووە، وا تێگەیشت کە ئەمە کۆلانە. بەم بۆنەوە زۆری پێخۆش بوو ڕێگای چاری دۆزییەوە.

هێنای تاکێ لە گۆرەوییە پوزەوانییەکەی خۆی وەکو بۆڕییە نووسانی بە خۆیەوە پڕی کرد. بە زیادە بەنەکەی توند شەتەکی داو دوو سێ جار وەکوو قۆچەقانی ئەسووڕێترێتەوە بە دەوری سەرا بۆ ئەوەی بەردەکە زۆر بڕوا ئەمیش سووڕاندیەوەو هاوێشتی بۆ لای کۆلانە خەیاڵی یەکەوە. کوتوپڕ گۆرەوی پڕ لە خەستەی ئاردە توی هەورامان و نیشاسەی پەشمەکی میوانخانەی فەرامیرزا بەو گورە ڕۆیشت و دای لە بن مێچەکەو تلیشیاو تەقییەوەو ژووری بلوورینی فەرامیرزای سیواغ دا.

بارامسان کە ئەمەی چاو پێکەوت هەناسەیەکی ساردی هەڵکیشا و لە شوێنەکەی خۆی وشک بوو؛ ئەمجا کەوتە دەریای ئەو خەیاڵەوە کە لە پێش ئەوەدا ڕۆژ ببێتەوە چۆن ئەم بن مێچە پاک کاتەوەو چۆن ئیشێکی وا بکا کە ئابرووی خۆی و عەشیرەتی نەچێ؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێش وەشاندنی ئەم دەستە گوڵە زۆر خەوی ئەهات، بەڵام حاکمی ناوسکی نەیئەهێشت. کە لەوە رزگاری بوو ئەمجا حاکمی ئابڕوو چوون سەری لێ تێک دا بە کورتی نووستن نەما.

بەیانی زوو چووە بەر هەیوانی سێ دەریەکە کە ئەیڕوانی بە سەر کۆڵانا، سەیری کرد وا کابرایەک خەریکە کۆڵان گسک ئەدا. بانگی کردە لای خۆی. کابرا هات و پێی وت تۆ رۆژێ چەند وەرئەگری بۆ ئەم ئیشەت؟ [وتی] رۆژی دوو قەران. وتی شوێنم کەوە.

خۆی پێشکەوت و ئەو لە شوێنیەوە تا بردیە ژووری بلوورینی بە پیسی هەنووراو ئەسڵی شوێنەکەی پیشان داو وتی من سەد قەرانت ئەدەمێ بە بێ دەنگ هەر ئێستە ئەم شوێنەم بۆ پاک کەوە. کابرای گسکدەر سەیرێکی بن مێچەکەی کرد و تێگەیشت کە چی پێوەیە، هەروا بە ساردییەکەوە وتی: «قوربان من دوو سەد قەران ئەدەم بە جەنابت هەر ئەوەندە پێم بفەرمووی چۆن ریاندووتە بەو بن مێچەدا؟»

– لەو سەرە خەتەنە سووران بوو؛ چەند منالێکیان هێنابوو خەتەنەیان ئەکردن. چەند کچێکی منالیش لەوێ بوون. لە باتی ئەوە کوڕەکان بگرین، کەچی کچەکان ئەگریان. پێیان وتن هی کوڕەکان ئەبڕن ئێوە بۆچی ئەگرین؟ وتیان: «ئەوەی کە بەوانەوەیە نووکەکانیان تیژ ئەکەن بۆ ئێمە».

– عەزیزخانیسەردار(عەزیزخانیگەورە) زۆر بە خۆشی و بە دەستووری خانەدانی پادشایی رائیەبوارد. یاسای دیوەخان و دیوەخانداری بەگزادەکانی موکری سەرمایەی هەموو قەڵەمێک بوو، عەزیزخان سەر بسقەی ئەمانە هەموو بوو. عەزیز خان چوار ژنی هەبوو، کەنیزەک و کارەکەرێکی زۆریش لە ئەندەروونا هەبوون.

رۆژێک عەزیزخان چوو بە قینا و گوێ بە دار و دەستەی ئەندەروون نەدا، وای لێ هات شەڕ لە ناو چاوی ئەباری.

عەزیز خان لەلەیەکی هەبوو «تەیموور»ی ناو بوو. تەیموور وەکو لەلە بوو، سەرو سەکوت و قسەکردنیشی هەموو کۆستکەوتوویەکی ئەهێنایە پێکەنین. ژنانی ئەندەروون پەنایان برد بۆ تەیموور وتیان ئەگەر ئیمڕۆ تۆ شتێکی وا بکەی عەزیزخان بێنیتە پێکەنین، چیت بوێ ئەتدەینێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تەیموور کەوتە شوێن عەزیزخانی لە ناوەڕاستی شەقامی یەکێ لە باخەکانی بۆکاندا دۆزیەوە. عەزیزخان کە چاوی بە تەیموور کەوت رووی لێ وەرسووڕاندو رووی کردە شەقامێکی‌تر، چونکە ئەیزانی کە تەیموور ئەیهێنێتە پێکەنین و ریسی ئەو رۆژەی ئەکا بە خوری. تەیموور چوو لە شەقامەکەی‌تریشا لە بەر لووتیەوە سەوز بوو. عەزیزخان چاوی خۆی داخست و لەویش لای دا. بە کورتی ئەو بۆ هەر لایەک ئەچوو ئەم وەکو مووی لووت لە بەر دەمیا بوو.

ناچار عەزیز خان لە قەراخ جۆگەیەکدا راوەستا و بە دار دەستەکەی خاکی قەراخ جۆگەکەی هەڵئەدایەوە، ئەمەشی بۆ ئەوە ئەکرد کە خۆی خەریک بکا گوێ بە تەیموور نەدا. لە ئاخرا تەیموور هەر وازی نەهێنا و تووشی بوو و پێی وت: قوربان، ئەوە لە ناو ئەم باخچەدا بە شوێن چیا ئەگەڕێی؟ عەزیزخان بە تووڕەییەوە وتی سەگباب بە شوێن هینا، برۆ وازم لێ بێنە. تەیمور وتی: نا قوربان، ئەبێ بزانم بە شوێن چیا ئەگەڕێی. وتی: بەد فساڵ پەنجا ساڵە گیرم خواردووە نازانی؟ تۆ ئیشت چییە بە کاری منەوە؟ وتی: قوربان نابێ هەر ئەبێ بیلێیت کە بە شوێن چیا ئەگەڕییت؟ عەزیزخان ئەمجارە زۆر تووڕە بوو، بە ئەو پەڕی تووڕەیی و دەنگ بەرزیەوە وتی: «قوڕمساغ! بە شوێن کێرا ئەگەڕێم، ئیتر قسەت ماوە؟»

تەیموور وتی: «قوربان! هەرا مەکەو لە سەر خۆت بیلێ. بە گۆڕی بەگزادەکانی موکری سوێندت ئەدەم کە لە سەر خۆت قسە بکە؛ چونکە ئەگەر ژنەکانی حەرەمسەرا بزانن لەم باخەدا شتی وا هەیە خاک و بەرد و داری بە توورەکە ئەبێژن و ئەیبەن».

عەزیز خان دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: ئەی بەلام لە چارەتدا بۆ خۆت‌و بۆ قسەت.

- لەو ولاتی قوروەیە دوو ماڵ لە حەوشەیەکا بوون. ئەویش هەر لە سەر کوردەواری ئەژمێردرێ. لە کوردەواریدا بە تایبەتی لە لادێکانا هێتی تێدا نییە ئەگەر چەند ماڵ لە حەوشەیەکا بن. لە یەکێ لەم ماڵانەدا ژنێکی مێرداری جوانکەلە هەبوو، لە ماڵەکەی‌تریشا کوڕێکی گەنجی لاو چاک. ئەم کوڕ و ژنە سەر و سەودای دۆستایەتی و دەست سازیان پێکەوە دامەزراندبوو، بەلام هەر چەندیان ئەکرد بۆ ئیشی خێر نەیانئەتوانی بە یەک بگەن و کوڵ وکۆی دەروونیان تۆزێ دامرکێتەوە.

رۆژێک ژنەکە بە کوڕەکەی وت: بەم جۆرە ئێمە ناتوانین بەیەک بگەین؛ چونکە بە رۆژ کە مێردەکەم لە ماڵ نییە تۆیش لە ماڵ نیت، بە شەو کە تۆ لە ماڵیت ئەویش لە ماڵە؛

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەواتە چار نییە، شەو کاتێ کە مێردەکەم نووستووە تۆ بێیت و ئیشی خۆت جێبەجێ کەیت. ئەمە لە هەموو چاکترە. ئەوەش بزانە کە مێردەکەم خەوێکی زۆر گرانی هەیە، بەڵام بۆ ئەوە کە لە بەر ئەوە دنیا تاریکە منت لە گەڵ مێردەکەما لێ تێک نەچێ من سەری دەزوویەک ئەبەستم بە پەنجەی پێی خۆمەوە، سەرەکەی‌تر تۆ لە ژوورەکەی لای خۆتان کە بە تەنیشت ژوورەکەی ئێمەوەیە، بیگری بە دەستتەوە بە شارەزایی دەزووکە شەوی ئەتوانی بێیتە سەرم.

لە سەر ئەو پەیمانە خانم دەزووی بەست بە پەنجەی پێی خۆیەوەو سەرەکەی‌تری خستە مستی کوڕەی دۆستیەوە. ژنە لە کاتێکا کە لە گەڵ مێردەکەیا نووستبوو پێی مێردەکەی گیر کرد لە دەزووەکە، پرسی ئەمە چییە؟ ژنە هەروا بە سادەیی و ساردییەوە وتی: «پیاوەکە ئەڵێن هەر کەس چل ڕۆژ بەر دەرکی ماڵەکەیان بڕشێنێ و گسکی لێ دا، لە شەوی چلەمیندا خدری زیندە -ڕۆحم بە قوربانی بێ- دێتە خەوی. ئەو کەسەش ئەبێ دەزووەکی سپی ببەستێ بە پێی خۆیەوە، چونکە دەزووی سپی گزنگی فریشتەیە. ئێستە منیش ئەمە چل ڕۆژە ئەوەم کردوەو ئەم شەو شەوی چلەیە. بێ گومان حەزرەتی خدر دێتە خەوم و نیازی خۆمی لێ داوا ئەکەم. ئەم دەزووەش گزنگی فریشتەیە. تۆ خوا مێردەکە بنوو با هیچ دەنگ و سنگێک نەیەت، نە وەک حەزرەتی خدرم لێ بڕەوێتەوە.

مێردەکەی سەرەتا بەم قسەیە پێکەنینی هات، بەڵام پاش ئەوە کە ژنەکەی خەوی لێکەوت، بوو بە گرێ لە دڵیا. بە هێواشی هێنای سەری دەزوەکەی لە پەنجەی پێی ژنەکەی کردەوەو بەستی بە پەنجەی پێی خۆیەوەو لە دڵی خۆیا وتی: لێگەڕێ ژنەکەم عەزیەتی کێشاوە با خێر و بیرەکەی من وەریبگرم. من و ئەو خۆ هەر یەک ماڵین، هەر خێرێکم لە خدری زیندەوە دەست کەوت، دیارە ژنەکەشم تیا هاوبەشە. لە بەر ئەوەش کە دنیا هاوین و گەرم بوو، ئەویش وەکو ژنەکەی تەنگەی خۆی لێ کردەوەو بە رووتی لێ نووست.

ئەمجا لەو لاوە کوڕەی خانمباز -کە ئاگرێ بە یەک گەیشتن لە گەڵ دۆستیا هەڵی گرتبوو- ئەو شەوە هیچ خەو نەچووە چاوی. دەقیقەیەکی بە ساڵی لێ ئەڕۆیشت. کە کەوتە پاش نیوەشەو بە هێواشی هەستا، بە دڵەکوتێ و دڵەتەپێ بە هەر جۆر بوو خۆی گەیاندە ئۆدەی ژنەکە. بە شارەزایی دەزووەکە هات تا گەیشتە سەر پێی کابرای مێرد. دنیاش تاریکە نازانێ، لای وایە ئەمە پێی ژنەکەیە؛ چونکە پەیمان وابووە. کابراش لە پەورۆ کەوتبوو، کوڕە ویستی خەبەری کاتەوە بۆ ئەوە ئیش و کار لە شوێنی ڕەسمی خۆیەوە بڕوا بەڵام لە ترسا کە ئەم خەبەر کاتەوە مێردەکەشی خەبەری بێتەوە بە ناچاری هەر لە دواوەوە پەڕیە کۆڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کابرای ئەو بە ژن زانیوەوەو لیێ توند کرد. کە ئەم لێی توند کرد، کابرا خەبەری بوەوەو بە دەنگێکی بەرزی بە ترس وتی: «یا حەزرەتی عەباس! یا حەزرەتی عەباس!»

کوری بەدبەخت کە لە یەکەم شەوا بووکی بە نێر بۆ دەرچوو، حەپەساو راچەنی، هەر ئەوەی پێی کرا دەری هێنا و بەرەو دوا پێی لێ کرد بە پشتا.

لە هەراو ناڵەی کابرا ژنەکە بە خەبەر هات و پرسی مێردەکە چی بوو؟ بۆچی هاوار ئەکەی؟ کابرا لە بەر ژانی دوای دەنگی خاو بوو بوەوە بە نوزەیەکەوە وتی: «هیچ، هیچ ئەگەر حەزرەتی عەباس نەگەیشتایەتە فریام، خدری زیندە -رۆحم بە قوربانی بێ- هەموو دەور و بەری کۆمیمی پارچە پارچە ئەکردەوە.»

- کابرایەک لەو دەشتە لەسەر پێشاو دانیشتبوو. دەوروبەرەکە رەزبوو. شەنگە سوورەیەک هات و دای بە دەعباکەیەوە. تا هاتەوە بۆ ماڵەوە دەعبا بوو بە قەد کوندەیەک. پیشانی ژنەکەی دا ژنە وتی: ئەمەت لە کوێ هێناوە؟ کابرا لە دڵی خۆیا وتی ئاش لە خەیاڵێک و ئەشەوان لە خەیاڵێک. وتی بە خوا ژنەکە ئەوی راستی بێ هێنەکەی خۆم و دە لیرەم باقی داوەتەوە ئەمەم لە کابرایەک وەرگرتووە. بەڵام ئێستە پەشیمانم؛ چونکە دە لیرەکەم هەزار کاسپیم پێوە ئەکرد. ژنە وتی: هیچ پەشیمان مەبە، ئەگەر لە هەموو عومری خۆتا معامەلەیەک باشت کردبێ هەر ئەم معامەلەیە بووە. منیش هەر ئێستە دە لیرەکەت ئەدەمەوە. هەر خێرا هەستا چوو ئەم چەند ساڵە چ پارەیەکی بە پوولە پوولە لە مێردەکەی دزی بوو، هێنای. کە سەیری کرد لە باتی دە لیرە، یانزە لیرەشە، کردیە دەستی مێردەکەیەوەو وتی ئەوا لیرەیەکیشی زیادە بۆ تۆ باشە ئیشێکی پێوە ئەکەی. لە پاش سێ چوار رۆژ کابرا وانێکەکەی چاک بوەوەو ناو ساویکەی نەماو وەکو خۆی لێ هاتەوە. ژنەکە بە توورەییەکەوە وتی: ئەوە ئەو دەعباکەی کڕیبووت چی لێ هات؟ کابرا وتی: ژنەکە دەنگ مەکە ئەمە خۆ بە ماڵی دزیەتی دەرچوو خاوەنی بۆ پەیدا بووەوەو لێیان وەرگرتمەوە. ژنەکە وتی: «کەواتە بڵێ ئەمە ماڵی دزیەتی بوو کەوا بەو هەرزانیە کەوتبوە دەست؛ ئەگینا ئیمرۆ ئەو جۆرە شتە بەو نرخانە چۆن ئەدەن بە ئەوەندە پارە. بزانە ئەگەر جارێکیکە شتی وات دەست کەوت نەیەڵی خاوەنەکەی پێ بزانێتەوە».

- ئاخونێک لە «سونگر» رەوزەی ئەخوێند لە ناوەندی رەوزەکەدا وتی: «حەزرەتی ئەمیر فەرموویەتی هەر کەسێ بەچە بازی بکا ئاوی کەوسەر لە دەستی من ناخواتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کابرایەک کە لە بەر دەمیا دانیشتبوو بە دڵ گوێ بۆ رەوزەکەی شل کردبوو، هەر هەڵساو پێ وت: «قوربان! لە زمانی منەوە سەلام بکە لە حەزرەتی ئەمیرو عەرزی بکە ئەگەر مەسەلە وایە ئاوی حەوزی کەوسەر خۆتان و هەر یانزە رۆڵەکەتان تێکەن و بیخۆنەوە».

- شەڕی دووەمی گێتی بوو. هەم هەموو شتومەکێک گران بوو، هەم لەشکری حوکومەتەکان بە هەموو لایەکا بڵاو بووبوونەوە. هەندێ سەربازی پۆلۆنی بەهۆی گەرمەی شەڕەوە کەوتبوونە کەرکووک. زابتێکی پۆلۆنی لە گەڵ ئافرەتێکی گەڕیدەی شەڕا ڕێ ئەکەوێ. قسەیان لە سەر ئەوە ئەبڕێتەوە کە کابرا جارێک بە خزمەتی ئافرەتەکە بگا و دە دیناری بداتێ، بەڵام بە مەرجێک کە پێنج دیناری پێشەکی بێ و پێنجەکەی‌تری دوای تەواو کردنی کلاوەکە. لە سەر ئەم بڕیارە پێنج دینارە پێشەکیەکەی داو خرایە جەحەنەمەوە. بەڵام کابرا لە پاش ئەوە کە لە ئیشی خۆی بووەو دەستی کرد بە ملپێچی کردن لە دانی پێنج دینارەکەی‌تر؛ بە کورتی نەیدا.

مەلاسدیقی‌نازەنینی حاکم بوو لە کەرکووک. ئافرەتەکە ئەچێ شکات ئەکاو بەم جۆرە سکالا نامەیەک ئەنووسێ: «سەرۆکی دادگای بەرێز! جەنابی مسیوپۆلۆتارک ژوورێکی لەم کارەکەرەی خۆت گرتووە بە دە دینار کە پێنج دیناری لە پێش ئەوەدا بێتە ناو ژوورەکەوە بیدات و پێنج دیناریشی پاش ئەوە کە ژوورەکەی وەرگرت. جەنابی مسیو لە پاش ئەوە کە پێنج دیناری پێشەکیەکەی دا ژوورە مڵکە تایبەتیەکەمی وەرگرت؛ بەڵام بە پێچەوانەی پەیمانی بەینمان لە دانی پێنج دینارەکەی‌تر روو وەرئەگێڕێ.

لە بەر ئەمە ئەم کارەکەرەی خۆت تکا ئەکا کە بۆ وەرگرتنی پێنج دینارەکەی‌تر لە جەنابی مسیو، ئەوی شایانی دادو عەدڵە بەجێ بێنن بۆ ئەوە ئەم دوعاگووە داوێن پاکە دڵسووتاوە هەتا زەمانێکی دێرینە منەتباری ئێوەو دادگاتان بێت. کارەکەرتان ج».

مەلا سەدیق لە پاش ئەوە ئاگاداریەی پەیدا کرد، بە سەر مەسەلەو سکالا نامەدا بە فەرمانێک مسیو پۆلۆتارکی بانگ کرد بۆ دادگا بۆ ئەوە چی لەم رووەو ئەزانێ خۆی پێی بپەرێنێتەوە. مسیو پۆلۆتارک لە رۆژی تایبەتیدا هاتە دادگاو وتی: جەنابی دادپرس! من بە دوو بەڵگە پێتان ئەسەلمێنم کە ژووری ئەم خاتونەم وەرنەگرتووە. خاتونیش لەو لاوە راوەستاو بوو. هەر داوایەک کە لەم رووەوە ئەیکا من ئەیگێڕمەوەو ناچمە ژێری. دوو بەڵگەکە یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم ژوورە لە تەنیشت ئاو دەستخانەوە بوو، دووەمیان ئەوەیە کە شیی هەڵهێنابوو ستاری تیا نەئەکرا. بەم بۆنەوە تکا ئەکەم داواکەی بگێڕنەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلا سەدیق زەردەخەنەیەک گرتی و وتی: «جەنابی پۆلۆتارک بەڵگەکانت لەوانە نین کە داواکەیان پێ بگێڕیتەوە؛ چونکە ئەمە ئاشکرایە کە ئێستە زەمانی جەنگەو کرێ ژوور زۆر گرانە. دە دینار شتێکی وا نییە کە پیاو بتوانێ ژوورێکی نایابی پێ بە کرێ بگرێ. دیارە مەگەر هەر ژوورێک بێ بە دە دینار کە لە تەنیشت ئاو دەستخانەوە بێت. دووەم ئەم ژوورە کە تۆ گرتووتە شێدار و مەرتووب نەبووە، ئەمەش بەوەدا ئەزانرێ کە جەنابتان هەر لە گەڵ چوونە ناویەوە هەموو کەلین و قوشبنێکتان ئاو پاشی کردو رشاندتان. بێ گومان ژوورێک کە شێدار بێت ناشێنرێت. سێیەم ئێوە هەموو ژوورەکەتان گرتۆتە دەست؛ چونکە هەر شتێکتان هەبووەو نەبووە خستووتانەتە ناوی، تەنانەت بە هۆی ئەوەوە کە هەموو ژوورەکەتان داگرتووەو پڕتان کردۆتەوە، دووباڵتان پێ بووە جێیان نەبووەتەوە لە بەر دەرگاکەدا بەجێتان هێشتوە». لە ئاخرا دادگا حوکمی دا بە سەر پۆلۆتارکا بە پێنج دینارەکەی‌تر و خاتوو «ج» بە سەرکەوتوویی لە دادگا چووە دەرەوە.

- حەمەی‌کوێخاخدری‌داربەروولە هەبوو؛ لە زەمانی تورکەکانا عەسکەر بوو. ئەم حەمەیە بە دەم عەسکەریەکەوە کاسبیەکیشی بۆ خۆی دۆزیبوەوە کە پێ بژیت. کاسبیەکەش ئەوە بوو «گرەو»ی لە گەڵ خەڵک ئەکرد لە سەر پارە زۆرتر وەخت گرەوەکەی ئەبردەوەو پارەکەی وەرئەگرت. لەم رێگایەوە بۆ خۆی پارەیەکی باشی پێکەوە نابوو بەڵام هەموو سەربازی فەوجەکەی خستبوە سەر ساجی‌عەلی.

فەرماندەری فەوجەکەی یووزباشیەک بوو. ئەم یوزباشیە بە تەواوی بە تەنگ هاتبوو بە دەستیەوە. بە لێدان، بە حەپس کردن، بە هیچ شتێک چاری نەئەکرد. ئاخری دێتە سەر ئەوە کە لە فەوجەکەی خۆیا نەیهێڵێت و بینێرێتە لای یەکێ‌تر. بەم بۆنەوە ئەنووسێ بۆ بین باشی کە ئەم کابرایە لە لای ئەو نەیەڵێ. بۆی ئەنووسێ: «سەربازێکمان لایە هیچ ئیش و کاری نییە گرەو کردن نەبێ و هەموو سەربازەکانمانی لات کردووە. هەر چەندە لێئەدەم و حەپسی ئەکەم واز نایەنێ وە زۆرتریش لە گرەوەکانیا هەر ئەیباتەوە؛ تەنانەت تا ئێستە دوو سێ جاریش لە گەڵ من کردوویەتی و لێ بردوومەتەوە. وام لێ هاتووە هیچ پارەی بە دەستەوە نە هێشتووم. تکا ئەکەم لە لای ئێمە هەڵیگرن و بیخەنە شوێنێکیکە».

ئەم نووسراوە ئەنێرێ بۆ بین باشی. بین باشی کە ئەیخوێنێتەوە لەمە توورە ئەبێ و بە تەلەفۆن بە ویز باشیەکە ئەڵێ هەر ئێستە ئەو کابرایە بنێرە بۆ لام و با لای خۆم بێت، دیارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئێوە ناتوانن تەمێ بکەن وە یا ناتوانن لەشکر بەخێو کەن؛ ئەگەینا چۆن شتی وا ئەبێ؟ ئەبێ تا ئێستە ئەو کابرایە گوێ لە شریخەی شەلاخ نەبووبێ.

لە سەر ئەم فەرمانە حەمەی‌کوێخاخدر ئەنێرێ بۆ لەشکری بین باش و ئەچێ لە بەردەم فەرماندەدا تەق سەلامێکی سەربازی دائەکوتێ و ئەڵێ: قوربان من سەربازی لەشکری یەکەم حەمەی کوێخا خدرم.

فەرماندە ئەڵێ: سەگباب بۆچ لە لەشکری یەکەمدا گرەوت ئەکرد و ئەتبردەوە؟ئەڵێ: قوربان من چی بکەم، ئەوان گرەویان لە گەڵ ئەکردم و منیش ئەمبردەوە. بەختم هەبوو لە گرەودا.

فەرماندە ئەڵێ: گووت خوارد، بەختم هەبوو چییە؟ ئێستە تەشریفت بڕوا تا ئەگەمە خزمەتت.

حەمەی کوێخاخدر لەو کاتەدا کە ویستی سەلام بگرێ و بگەڕێتەوە دواوە، کوتوپڕ بە فەرماندەی وت: قوربان وا تێ بگەم جەنابتان مایەسیریتان هەیە.

بین باشی وتی: سەگباب! گوو مەخۆ. ئەم فلتەفلتە چییە؟ من لە ژێر چاوێر پزیشکی تایبەتی دام؛ هیچ دەردێکم نییە، نە مایەسیریم هەیە نە شتێکی‌تر.

حەمە وتی: قوربان من گرەوت لە گەڵ ئەکەم کە ئێوە مایەسیریتان هەیە، بە ڕەنگتانا دیارە. فەرماندە وتی: سەگباب! دیسان دەستت دایەوە بە گرەو کردنەوە؟

حەمە وتی: بەڵێ قوربان گرەو ئەکەم، گرەو ئەکەم لە سەر پەنجا لیرە کە جەنابتان مایەسیریتان هەیە.

فەرماندە زۆر تووڕە بوو هەر قسەکەی حەمەی ئەگێڕایەوە: پەنجا لیرە، گرەو ئەکەم لە سەر پەنجا لیرە... گرەوم لە گەڵ ئەکا لە سەر پەنجا لیرە! تەواو، تەواو.

لە پاشا لە دڵی خۆیا فیکری کردەوە وتی خۆ من مایەسیریم نییە، ئەگەر بێتوو گرەویشی لە گەڵ نەکەم لە چەند لاوە خراپە رووم تێئەکا: یەکێ ئەم سەربازە ئەگەر گرەوی لە گەڵ نەکەم لەناو لەشکرەکەدا بلاوی ئەکاتەوە کە من مایەسیریم هەیە؛ یەکێ پەنجا لیرە گالتەی لە گەڵ کرێ مانگانەی دوو مانگمە. من کە ئەزانم مایەسیریم نییە بۆچ ئەم گرەوە نەکەم؟ یەکێکی‌تر ئەوەیە کە لە هەموو زیاترە کە من ئەم سەگبابە گرەوی لە گەڵ بکەم و لێ بەرمەوەو بە یووزباشی فەرماندەی لەشکری یەکەم بسەلمێنم کە ئەم سەربازە گوویەکی وا نییە. ئەو سەربازەی کە لە لەشکرەکەی ئەوا پالەوان بوو، هەر کە هاتە لەشکرەکەی منەوە من خۆم لێم بردەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بین باشی کە ئەم شتانەی هەموو لێکدایەوەو کە سەیری کرد هەمووی قازانجی خۆیەتی، بە سەربازەکەی وت، بچۆ پزیشک بێنە تا تەماشام بکا، من ئامادەم بۆ ئەوە ئەم گرەوە بکەم. حەمەی‌کوێخاخدر وتی: قوربان! پزیشکی ناوێ، مایەسیری دوو جۆرە یەکێ تەڕەو خوێنی هەیە، یەکێ وشکەو دوگمەی هەیە. من خۆم چاکی لێ ئەزانم فەرموو دەرپێکەت داکەنە خۆم تەماشاتان ئەکەم؛ چونکە دەستی حەکیمیم هەیە.

بین باشی حەمەی‌کوێخاخدری بردە ژووری تایبەتی خۆیەوەو دەرپێکەی بۆ داکەند. حەمە پەنجەی خۆی تا بن کرد بە قنگی فەرماندەداو دەری هێنایەوەو وتی: قوربان هەر چەند سەیرم کرد ئێوە بە هیچ جۆر مایەسیریتان نییە، گرەوەکەم دۆڕان، فەرموو ئەمە پەنجا لیرەکە. خێرا دەستی برد پەنجا لیرەکەی لە بەر دەم فەرماندەدا دانا.

بین‌باشی بە خۆشی‌خۆشی دەرپێکەی هەڵکیشایەوەو پەنجا لیرەکەی خستە تەنکەی باخەڵی و هاتە ژووری ئیدارە دەستی دایە تەلەفۆن و قسەی لە گەڵ یووزباشی فەرماندەی لەشکری یەکەم کرد و وتی: هەی بێ مێشک بە ڕاستی ڕاستە کە هیچ ئیدارەت نییە. ئەم سەربازە خوێڕیە کە ناردبووت لە ماوەی دە دەقیقەدا پەنجا لیرەی بە من دۆڕان و چاوم شکاند کە جارێکیکە گرەو لە گەڵ کەسا نەکا.

یووزباشی وتی چۆن؟ بین‌باشی وتی: پێی وتم کە تۆ مایەسیریت هەیەو لە سەر پەنجا لیرە گرەومان کرد، وە خۆی بە هەموو ئارەزووی خۆی پەنجەی کرد بە منا. کە سەیری کرد هیچ مایەسیریەکم نییە جوان و پوخت پەنجا لیرەکەی دانا و ئاقڵ بوو بۆ جارێکیکەش کە ئیتر گرەو نەکات.

لەم کاتەدا یووزباشی فەرماندەی لەشکری یەکەم لە پشت تەلەفۆنەکەوە بە حەپەساویکەوە وتی: ئاخ پشتم شکا! بین‌باشی وتی چی بوو؟ یووز باشی فەرماندەی لەشکری یەکەم وتی: ئەم سەگبابە چەندە فێڵباز و دەستتەڕە. لە گەڵ منا لە سەر دووسەد لیرە گرەوی کردووە کە من ئەو بنێرم بۆ لەشکری ئێوە بە گەیشتنە پێشەوەی پەنجەیەک بکا بە قنگی فەرماندەدا کە جەنابتانن. من وتم کە ناتوانی ئەو وتی تۆ گرەوم لە گەڵ بکەو بمنێرە، ئەگەر بین‌باشیم بە پەنجەیەک تاقی نەکردەوە تۆ دوو سەد لیرەی خۆت وەربگرە. ئەوا ئێستە وا دیارە دەستی خۆی وەشاندووەو پەنجەی کردووە بە قنگی جەنابتانا دوو سەد لیرەکەی لە من بردۆتەوە، پەنجا لیرەی داوە بە جەنابتان و خۆیشی سەد و پەنجا لیرەی ماوەتەوە. بین‌باشی دەستی سارد بووەوە تەلەفۆنەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- ئەو ساڵە قائمقامێک لە چوارتا هەبوو کە یەکەم جار بوو چوارتا قائمقامی تێ‌ئەچوو، وە یەکەم جاریش بوو ئەو کابرایە ئەبوو بە قائمقام.
مدیری ماڵ «میرزامارف» بووە، ڕۆژێک لە ئاخری مانگا لیستەی ئەو مانگەی دایەرە بەمجۆرەی خوارەوە ئەنووسێ و ئەیبا بۆ قائمقام ئیمزای بکا و بینێرن بۆ سولەیمانی:
لەوازمی نووسین ٢٠٠ ڕوپیە. سووتەمەنی ١٠٠ ڕوپیە. تەعمیرات ١٠٠٠ ڕوپیە. مەعاشی ئەهلی دایەرە ٢٠٠٠ ڕوپیە. جەمعی کول ٣٣٠٠ ڕوپیە.
قائمقام سەیریکیان ئەکا و ئەڵێ لەوازمی نووسین تەواوە ٢٠٠ ڕوپیە، سووتەمەنی تەواوە ١٠٠ ڕوپیە. تەعمیرات تەواوە ١٠٠٠ ڕوپیە. مەعاشی ئەهلی دایەرە تەواوە ٢٠٠٠ ڕوپیە. ئەمجا چاوی ئەکەوێ بە جەمعی کول- ٣٣٠٠ ڕوپیە- تووڕە ئەبێ و ئاگری تێبەر ئەبێ ئەڵێ: ئەم جەمعی کولە سەگبابە کێیە کە هەر مانگێک ئەوەندە پارە لەم دایەرەیە وەرئەگرێ؟ و من تا ئێستە ڕێ نەکەوتووە جارێک بەرچاوم بکەوێ؟
ئەمجا کاتبی تحریر بانگ ئەکاو ئەڵێ: «لە ئێستە زووتر نییە ئەم جەمعە کولە سەگبابە فنش کەو ئیتر پووڵێکی‌تری مەدەنێ، وەرەقە فنیشەکەیم بۆ بێنە ئیمزای کەم».

- ژنێکی روغزایی هەبوو «میمکە ئەفرۆز»ی ناو بوو. ساڵێک لە گەرمیان گڵیان خواردبووەوە نەچوو بوون بۆ کوێستان. سەگێکیان هەبوو هاتبوە «با». میمکە ئەفرۆز ئەچوو بە لایەوە ئەیوت: «ها سەبۆر گیان نەدەی وە سەگی گۆرانی کولە جۆ تاک تاکێک بدە وە سەگەکەی حەمەجان قەیناکا لە خۆمانە».

- شێخ فەتاح مەلای خێڵی حەمەسەنی تەرخانی بوو لە رەمەزانا. مەلا کاکەحەمەش هەر لەو رەمەزانەدا مەلای خێڵی ڕۆستەمی ئەحمەد بوو. شێخ فەتاح بۆ بانگ و سەلا دەنگێکی خۆشی هەبوو، بە پێچەوانەی ئەو مەلا کاکەحەمە دەنگی زۆر ناخۆش بوو. دەنگی شێخ فەتاح ئەچووە خێڵی ڕۆستەم و هەموویان گوێیان لێ ئەبوو. پیرێژنێکی خێڵی ڕۆستەم کوتوپڕ کە مەلا کاکەحەمە ئەبینێ و سەلا ئەکا، ڕوو ئەکاتە چەند پیاوێک کە دانیشتبوون ئەڵێ: «مەلا، مەلای خێڵی حەمەسەنە؛ دەنگی وەک نێرەکەر تێت. مەلاکەی ئێمە ئێژی سەگەنازی گزنگە هەر قرخە قرخیەتی. وە کەلامی خوا ئەوێ سەر فترە بدەین وەو».
شەوی دوایی شێخ فەتاح -کە ناوی خۆی بیستبووەوە- چاکتر تێی چریکان بۆ سەلا کردن. مەلا کاکەحەمەش لەو کاتەدا ئەویش سەلای ئەکرد، پیرێژنێکی‌تر کە گوێی لە دەنگی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەردووکیان بوو چووە بەر لوتی مەلا کاکەحەمەو پێ وت: «بیورەوە، بیورەوە مەلا، هەی کێری مەلاکەی خێڵی حەمەسەن وە قنگم بۆ مەلام. بیورەوە بێ فەرِ. هەر قرخە قرختەس وە کەلام خوا ئەوی سەرفترە بدەین وەو».

- هەر ئەم شێخ فەتاحە لە گەڵ «شێخ کاکەحەمەی ناوە» ئەچن بۆ ناو جاف بۆ دەرویش گرتن. ئەگەنە قەراخ خێڵێک و دێن بە پیریانەوە. پیرێژنێک حاڵی لێ دێت و رووی ئەکردە شێخ و ئەیوت: «هۆ! وە قوروانت وم شێخە چاو حیزەکە هۆ».

- خێڵ ئەگەڕانەوە بۆ گەرمیان لە «تاریەر»ژنێک گاکەی ئەگلی و ئەروا. ژنە هاوار ئەکاتە غەوس هیچ کەلکی نابێ. پاشان بانگ ئەکاتە شێخ کەریمی کەسنەزان لەو کاتەدا کوتوپڕ گا گیر ئەکا لە پنچکێک و ئەگیرسێتەوە. ئەمجا ژنە ئەیوت: «های وە قوروانت وم کەریمە سووری کەسنەزان! کلکی گرت و ترِی برِی».

- خێڵ سەرەو ژوور ئەبوەوە بۆ کوێستان. کابرایەکی «باشکی» دانی سۆڵەسۆڵی ئەکرد وتی تا دەستم لە گەرمیان نەبڕیاگە با بیکێشم. چووە «کفری»و چووە لای کابرایەکی ناڵبەند وتی: ئا برا ئەو دگانەم بۆ بکێشە. کابراش پەتێکی هێنا سەرێکی بەست بە ددانی کابراوەو سەرەکەی تری بەست بە کۆڵەکەی دوکانەکەیەوە، ئەمجا چوو بزێکی کرد بە کابراوە. کابرا تەکانێکی دا هەڵبێت، دانەکەی بە پەتەکە مایەوە. ئەمجا دوور کەوتبووە ئەیوت: «سەیرکە دەوێت باوکە ئێژی سەری دگانەکە لە دەممایەو ریشەکەی لە قنگمایە وا بزم پێوە ئەکا».

- مەلاسەعیدیهەورامی وتی لە گەرمیان لە خێڵێکی باشکی مەلای رەمەزان و لە ماڵی حەمەلاوی باشکی بووم. حەمەلاو دوو ژنی هەبوو، گەورەکەیان «ئامە»ی ناو بوو. ئەو رەمەزانە حەمەلاو هیچی پێ نەکرابوو، کەوتە دەمەدەمی جەژن لە رۆژی عەرەفەدا ئامە گۆیا ئەچێتەوە بۆ ماڵی باوکی بۆ ئەوە جەژن لەوێ بکا، حەمەلاو بە هەڵی ئەزانی ئەچێ بەرۆکی ژنە بچکۆلەی ئەگرێ ئەڵێ کچێ ئامە لێرە نییە با خەریک بین. مەلایش خۆمانە تا ئامە لێرە نییە دەستێ ئەوەشێنین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کە حەمەلاو و ژنەکەی خەریکی ئیش ئەبن، ئامە لە پێشا دڵی چەکەرەی کردبوو خۆی لێیان داگرتبوو، لەو کاتەدا ئەچی بە سەریانا. حەمەلاو هەر خێرا جامانەکەی رائەخات و دەست ئەکا بە نوێژ کردن. ئامە ئەچێ بە جنێودان تێ بەر ئەبێ و ئەچێ چاکی کەواکەی هەڵ ئەداتەوە سەیر ئەکا حەیتە مل دابڕیاگەی جارانی خۆی لە ژێر کەواکەوە بەلە بەلیەتی. ئەڵێ: «حەمەلاو درۆزن رووی باوکی رەش وێ، ئەمە کێری تەحیات و نوێژ کردنە؟ تۆ خوا مەلا تۆ پیاوێکی وە تەحیاتی، بۆ خوا قسە بکە ئا ئەم کێرە کێری تەحیاتە؟»

مەلاسەعید وتی ناچار منیش دامە پالی وتم: «نەوەڵلا کێری تەحیات وا بەلە بەلکەر نییە».

- «سالحکچانی»[٢١] هەبوو لە کفری باوکی ئەم حاجیشاسواریکچانیە؛ بازرگان بوو. رۆژێک کابرایەکی جاف -کە ناسراوی سالح ئەبێ- ئەچێتە ئەوێ و ئەویش میوانی ئەکاو ئەیباتەماڵەوە. کابرای جافە گایەکی پێ ئەبێ لە بەیانیا گاکە لە بازاڕ ئەفرۆشێ و سالح ئەکا بە دەستەبەر کە ئەم گایە دزیەتی نییە. پارەی خۆی وەرئەگرێ و ئەگەڕێتەوەو خێڵ و ئەچێ بۆ کوێستان. لەم لاوە گا بە دزیەتی دەرئەچێ جوان و پوخت لالۆ سالح ئەگرن پارەی گاکەی لێ ئەسێننەوە.

خێڵ لە کوێستان ئەگەڕێتەوەو کابرا هەمانەیەک «کەشک» هەڵ ئەگرێ دێت بۆ کفری. هەمانە کەشک ئەفرۆشێت و بۆ ئێوارە دێتەوە بۆ لای لالۆ سالح وەکو نە بای دیبێ و نە بۆران. لالۆسالحیش هیچ نایخاتە رووی هەر وەکو جاران قسەی خۆشی لە گەڵ ئەکاو ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە.

دنیا پایزە، لالۆ سالح ئەڵێ نیسکێنەیەکی سوێری گۆرانانە لە ماڵەوە دروست ئەکەن. شەوی دوو قەرەوانەی چاک نیسکێنە دائەنێن، کابرا هەتا لە لووتی دێتەوە نیسکێنە ئەخواو پاشان خۆی بە تەنها لە ژوورێکا ئەنوێ و دەرگای دەرەوەی ژوورەکەی لە سەر دائەخرێ. ئەکەوێتە نیوەشەو کابرا حەلوەلای پێ ئەکەوێ هەڵئەستێ دەست ئەنێ بە دەرگاکەوە، سەیر ئەکا لەو دیوەوە داخراوە. هیچ چاری نامێنێ هەمانە خاڵیەکە دێنی و تێ ئەڕێنێ. بەو جۆرە لە سەری ئەڕوا تا بەیانی پڕی ئەکاو هەر جارەش ئەڵێ: بکەم وە گۆڕ باوکتەوە گۆرانە هێزە».

---

٢١- کچان دەبێتە کەلەسەنگاو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو لاشەوە هەر سەر لە ئێوارەوە سالح بە دوو جامبازی خەڵکی کفری ئەڵێ میوانێکمان هاتووە هێزەیە، ڕۆنی نایابی پێیە. بەیانی جامبازەکان لە گەڵ مەلا بانگدانا ئەکەونە جامبازەو بەرقاپی ماڵی لالۆ سالح ئەگرن. کابراش هەر لە تاریک و لێڵەدا هەڵئەستێ لە تەریقیانا هەمانە گوو ئەدا بە کۆڵیا و دێتە دەرەوە. هەر کە دێتە دەرەوە جامبازەکان قیڕ ئەیگرن.

جامبازی ئەو سای کفریش وەکو تانجی ڕاوی چۆن نێری دەستکەوتایە بەرەڵای نەئەکرد، ئەمانیش بۆ کورد و کارەی دەرەوە ئاوا بوون. هەمانە ئەگرن و ئەڵێن ئەم ڕۆنەت بە چەند؟ کابراش ئەڵێ ڕۆن نییە لێم گەڕێن. ئەوان تازە نێچیری خۆیان دەستکەوتووە بەرەڵا کردن هەر نییە. هەر ئەڵێن ئەبێ لێت بسێنن و ئەمیش هەر ئەڵێ نایفرۆشم. لە ڕوویشی هەڵنایە بڵێ گووە. ئەوان هەمانە ڕائەکێشن و ئەم ڕایئەکێشێ و ئەڵێ بکەم وە قنگ دایکتانەوە بەرەڵای کەن با بڕۆم، بە جێ مام. لەم مرو مشت و بگرەو بەردەدا پشکی هەمانە بەر ئەبێ و -شەرەوەت وێ لە رووتا- گووی لە نیسکینە دروست بوو هەموو سەر و چاوی جامبازەکان ئەشواتەوە.

دیارە لەم هەراو هوریایەدا دنیا بە تەواوی ڕووناک ئەبێتەوەو ئەبێ بە ڕۆژ. خەڵکی دائەبارێن. جامبازو کابرای جافە ئیش لەوە ئەترازێ کە بە شێنەیی لە گەڵ یەک بزوونەوە. ئەوان ئەم ئەدەنە بەر شەق و پاشماوەی پیسایی لە سکیا مابوەوەو هەمووی هەڵئەڕژێتە ئەو ناوە. ئەمیش بە گالۆکەکەی دەستی و بە هەمانەی بن دەستی ئەوەندەی‌تر ئەوان ئەشواتەوە. لالۆسالحیش وەکو خەڵکی‌تر دێت لەو لاوە سەیر ئەکا.

جامبازەکان جنێویان ئەدا بە لالۆ سالح بۆ ئەو ڕۆنە چاکەی بۆیانی دۆزیویەتەوە. کابرای کوردەش هەر جنێوی ئەدا بە لالۆسالح بۆ ئەم میوانداریەی کە کردی. ئەوان لەو ناوەدا بەو جۆرە یەکتریان سەگ کوژ کرد. کابرای کوردە بە هەر جۆر بوو نیوە گیانێکی دەرکرد و چووەوە ئیتر لە تەریقیا جارێکیکە ڕووی نەکردەوە بە کفریا. لالۆسالح ڕزگاری بوو لە دەستی.

- کچێکی ئەو عەشرەتە خەوی دی بوو بۆ دایکی گێرایەوە وتی: «دایە لە خەوما چتێکی سووری مل داوڕیاگ لە ناو گەڵما کەفی ئەچەران». دایکی چەپۆکێکی دا بە سەریا و وتی: «وەی ڕۆڵە باوانت شێوگێ نەیان گاویتی؟» کچە وتی: «دایە ئەوە تۆ بێژی چی؟ گان وا ناوێ بۆچی تۆ وا ئەزانی من نەم دیگە؟» وتی: ئادەی بێژە. کچە وتی: «لە هەوارگە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوارگەی کوێستان گوڵەی کوڕی حەمکی حەمەجان لای ڕان وەستابوو گالۆک لە سەر شان، کەوتە سۆزەوە دنیای ئەسووتان. هات وە لامەوە وەک دزی گۆران. قریوەیەکی کرد و شانی هەڵتەکان، کە نای وە درگای کوسمەوە قنگم وتی فیڕ فێنگ».

- ژنێک هەبوو «باجی سەمەن»ی ناو بوو، تەغاریێ شووی کردبوو. شوویەکی‌تری خستە سەر، بوو بە ٣١. ئەو شەوەی گواستیانەوە بۆ مێردی سی و یەکەمین، دەستی کرد بەگریان و نووکە نووک. پێیان وت ئەم گریان و نووکە نووکەت لە چییە خۆ تۆ وە نە بێ ئەمە یەکەم شووت بێ؟ وتی: «بەڵێ وایە بەڵام ئەمە بۆ ئەوەیە کە ڕەوشتەکە تێکنەچێت».

- شاخێک هەیە لەو خۆشناوە شاخی «تف لە دەست»ی پێی ئەڵێن. ڕۆژێک هەندێ لە کوڕ و کاڵی خۆشناو ئەچن بۆ ئەوێ و ئەکەونە دەمەتەقێ کە شاخەکە بپێون. هەندێکیان ئەڵێن بە گوریسان بیپێوین. هەندێکیان ئەڵێن بە داران بیپێوین. پیاوێکی زۆر دانایان تیا ئەبێ ئەڵێ: وا نابێ بابم. بە زەلامان بیپێوین؛ بۆ ئەوە بزانین چەند بالا پیاوە. هەموو ئەڵێن قسە ئەمەیە کە حەمەدێ ئەیکا.

حەمەد ئەچێتە سەر شاخەکە دەست بە لووتکە بەردێکەوە ئەگرێ خۆی شۆڕ ئەکاتەوە، یەکێکی‌تر ئەچێ دەست بە قاچی ئەوەوە ئەگرێ و ئەویش خۆی شۆڕ ئەکاتەوە بەو جۆرە حەوت هەشت کەس وا ئەکەن. حەمەدێ لە سەرەوە باڵی وەختە بپچڕێ بانگ ئەکا: «ڕحمەتوو لێ بێ دەستان توند بگرن تف لە دەستی خۆ دەکەم». ئەمە ئەڵێ و دەستی لە لووتکەی شاخەکە بەرەلا ئەکا بۆ ئەوە تف لە دەستی خۆ بکا. کە ئەوە ئەکا هەموو زرم ئەکەونە خوارەوە هەپروون بە هەپروون ئەبن.

- مەلاعەبدولسەمەدی‌هەجیجی هەبوو، سەردەمێک فەقێیان ئەچوون لایان ئەخوێند. عیلمی مەنتیق لە ناو فەقێیانا زۆر باوی پەیدا کرد و کتێبی «گلبنوی برهان»کەوتە بڕەو. فەقێ ئەوەندە ڕوویان نەئەکردە ئەو بۆ خوێندنی مەنتق و بۆ ئەو کتێبە ئەچوونە لای «سەیدی چۆڕ»و لای پیاوێ وەکو ئاغا محەمەد ئەیانخوێند و توخنی مەلاعەبدولسەمەد نەئەکەوتن.

مەلاعەبدولسەمەد ئەمەی پێ ناخۆش بوو، ڕۆژێک تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: «تا ئەو وەختە ئێمە مانان هەبووین مەنتق و هەموو شتێکی‌تریشمان ئەوتەوە؛ ئێستە ئەوەتی ئەو گونبەوی‌و شتە داهاتووە فەقێگەل بە ئێمە ڕازی نابن».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- «فەرەجوڵڵابەگی‌بالک» عەمری خوا ئەکاو بە مەلاعەبدولسەمەدی هەجیجی ئەڵێن: «قوربان پیاوێکی وەکو فەرەجوڵڵابەگ شایانی ئەوەیە کە زاتێکی وەکو جەنابتان بیشۆن، جا فەرموو بیشۆ». ئەویش ئەڵێ: «موبارەک نەبێ! لە ئێستە بە دواوە هەر کەرێک لەو چەمە بتۆپێ ئەڵێن فەرموو ئەبێ زاتێکی وەکو جەنابتان بیشۆن».

- کابرایەکی ئەو دەشتی دزەییە «پیوەن»ی ولاخی لەو دەشتی فەراجە لێ ون بووبوو، ئەچوو بە شوێنا لە ناو عەرەبەکانی قەراجدا ئەگەڕا. تووشی کابرایەکی عەرەب ئەبێ لێ ئەپرسێ و تەزبێحەکەشی ئەگرێ بە دەستەوە و رای ئەوەشێنێ و ئەڵێ: «یابا تۆ نەدیتە زڕ ماڵ حێ حێ». بە خەیاڵی خۆی ئەمە عەرەبییە.

- کابرایەکی کورد سەردەمی گەنجێتی بە سەر چوو بوو، ئەو سەردەمەی بە سەر چوو بوو کە گەڵێ گەمەو گاڵتەی بە دەعباکەی کردبوو ئەوەندە پشتەستوور بوو بوو پێ، لای وا بوو تا ئەو رۆژەی ماوە هەر ئەو هەرەتەی ئەمێنێ. لە پاشا وای لێ هات نەیئەتوانی مێشی پێ دەرکا. بۆ نەگبەتی لەو کاتە شاژنێکی هێناو هێی پێ نەئەکرا. ئەمجا رووی تێکرد و بەم جۆرە دەستی کرد بە گلەیی کردن لە گەڵیا و پێ وت:

تووڵەی تەڕە مار سەر سوورەی بێ خێر
تەعلەت نامەم بێ پێت نەیێژم کێر

گەزافت ئەدا من ساج ئەسمم
خاست نەسمی دەستت وە گونم

ملت شۆڕ کردگە وە بانی گونا
روو زەردیت هاورد وە شانی منا

ئەم کارە چیبوو لەگەڵت کردم
بێ فەرەی هێزە بۆچ حەیات بردم؟

لە ناو عەشرەتا قیتەقیت کەر بووم
لە سایەی تۆوە ئێستە وە پەن بووم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- «ئەحەی‌کرنو» پیاوێکی قسە نەستەق و کردەوە نەستەق بوو لە سولەیمانی. شەوێکی زستان میوانی ئەبێ و ئەکەونە درەنگ. کوتوپڕ لەو شەوەدا دز دێتە سەر ماڵەکەی و لە پشتەوە دیوارەکە ئەکەننەوە، ئەمانیش هەستی پێ ئەکەن. ئەحە ئەڵێ: هیچ دەنگ مەکەن و چرا بکوژێننەوەو خۆتان بکەن بە نووستوو.

دزەش لەو لاوە دیوار کون ئەکاو دێتە ژوورەوە، سەیر ئەکا هیچ هەستێک نییەو خێزان هەموو نوستوون. دێت ئەکەوێتە لای ژوورووی ژوورەکە خێرا لەو کاتەدا ئەحە خۆی پەلامار ئەدا بەر کونەکەی لێ ئەگرێ و ئەڵێ چراکە هەڵکەن و چرا هەڵئەکەن و دز ئەگرن. کە دز ئەگرن ئەحە حوکمی لێ ئەکا ئەڵێ ئەبێ دەست بکەی بە هەڵپەڕکێ. دزە هەر چەندە هاوار ئەکا کەڵکی نابێ، تا کون لە ڕۆژ ئەبێتەوە دزە ئەکەوێتە سووڕدان و هەڵپەڕکێ وەکو مەیموون. کە ڕۆژ ئەبێتەوە بەرەڵای ئەکاو ئەڕوا.

- کابرایەک بە ریشی سپیەوە خەریک بوو کەرێکی ئەگا. کوڕێکی هەبوو چوو بە سەریا و پێ وت: بابە! تۆ شەرم ناکەی؟ کابراش پێ وت: «کوڕم ڕووی بێکەسی ڕەش بێ ئەمە ئیشی تۆیە، بەڵام لە بەر ئەوە بێ کەسم و کەسم نییە ئەبێ وا خۆم خەریک بم ئەم ئیشانە بکەم».

- پیرێژنێکی بێوەژن خەڵکی ئەو ولاتی «شیناوێ»و «گولاوێ»یە کوڕ و کچێکی هەبوو کچەکەی «ئامە»ی ناو بوو کوڕەکەی «مامەند». کەوتبوونە ئەو ولاتی موکریانەو لەوێ داگیرسابوونەوە. هەرجار کە مامەند ئەچووە دەرەوەو ئەهاتەوە دایکی لێ ئەپرسی: کوڕم دەنگ و باس چییە؟ ئەویش ئەیوت هیچ. پیرێژن بە پرسیار کردن کوڕەی وەڕەس کردبوو.

ڕۆژێک کوڕە هاتەوەو دایکی وەکو جاران لێ پرسی کوڕم دەنگ و باس چییە. لەو کاتەشا ژنە بە هەر دوو دەست خەریکی هەویر شێلان بوو، ئامەی کچیشی لەو لاوە دانیشتبوو. کوڕەش وتی: وەڵا دایە ئێمڕۆ عەزیزخانی‌سەردار فەرمانی دەرکردووە ژنی بێ مێرد نەمێنێتەوە ئەبێ هەموو مێرد بکەن. بێجگە لەمەش ئەبێ ژنی پیر بدرێ بە کوڕی گەنج و ژنی جوانیش بدرێ بە پیاوێ پیر. کە کوڕە ئەمەی لە دەم هاتە دەرەوە ئامەی خوشکی لەو لاوە جرتێکی کەندو وتی: «چۆن وا ئەبێ؟»

ئەمجا دایکەی پیرێژن بە دەم هەویر شێلانەکەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جرت و مرتی بێ ناوێ
ئەتۆ دەکەی جرتانێ
تۆ چاتری دەزانی
ئەو قسەیەی ئەو کردی
بە ئایەت وە قورعان
بڕیاری وی دراوە

ئامەی کچی گولاوێ
ئەمن دەکەم گەمانێ
یا سەرداری بۆکانێ؟
ئەیگێڕێتەوە مامەندی
بە چاوەکەی عەزیز خان
کەس نایگێڕێتەوە دواوە

- لەو ولاتی خۆشناوەتییە دوو گوند هەیە یەکێکیان ناوی «کۆڕی»و ئەویکەیان «ماوەران»ە. کابرایەکی کۆڕیکی، کیژێکی لە ماوەران خواست. شەوێ کە ئەچێتە لای کیژەو پالی پێوە ئەنێ سەیر ئەکا هیچ نییەو بێ بنە. کابرا ئەلێ: «هۆپ». کیژە پێ ئەلێ: «هۆپت بە هۆپێ، چاوی چۆپت لەگەلی بقۆپێ، لە کورە کورەی کۆڕییان، لە بنە تەڕاشەی ئەرماوانێ، چانییە هەندە شت لۆمایە».

- مەلا شەریف هەبوو لەگوندی «دارەتوو» سوختەیەکی هەبوو رۆژێک پێ ئەلێ: مامۆستا چۆن یەکێک عاشق ئەبێ بە یەکێک. مەلا شەریفیش پێ ئەلێ: ئەو کەسە سەیری کەس ناکا تەنها یەکێک نەبێ و ئەیکا بە دۆست و پاشان ئەبێ بە مەعشووقی.

سوختەکە دلی بە کچێکەوە بوو، پاشان قەوماندیان. ئەمجا مەلا شەریف وتی: «ئەی فەقێیەکەی دارەتووی، هەی رووت رەش بێ هەتا هەنووی، هۆ نەمووت مووی بگەینەرە مووی».

- لە زەمانی ئەورەحمانپاشایبابانداکابرایەک چووە مالی پیرێژنێک و سواری بوو. پیرێژنەکە وتی: ئەرێ کورم دەنگ و باس چییە؟ کوڕەش وتی بە خوا نازانم ئەوەندە ئەزانم پاشا ئەمری دەرکردووە سالێکی تەواو ئەبێ سواری پیرێژن ببن. پیرێژن وتی فەرمانێکی چەند بەڕێ و جێیە.

پیرێژنە کچێکی هەبوو لەو لاوە گوێ لێ بوو، بە دەم نووکە نووکەوە وتی: گوایە ئێمە گوناحمان چییە وا پاشا قسەیەکی لە ئێمەشەوە نەکردووە؟ پیرێژنەکە خێرا هەلیدایە وتی: چەنە لێ مەدە. تۆ گریانەکەت فرمێسکە، من گریانەکەم خوێنە، من ناتوانم پێچەوانەی فەرمانی پاشا بکەم ئیشی خۆت بکە کورم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەک هەبوو خەڵکی ئەو «هەجیج»ە زۆرابی ناو بوو، تەریدە بوو بوو کەوتبووە سابڵاخ. لەوێ وا دیار بوو لەوەڕی بە خۆش زانیبوو گیرسابووەوە. کەسی نەبوو هەر خۆی بوو. شێوەی ژیانیشی ئەوە بوو گوێ قووڵاخ ئەبوو بۆ ئەوە لە چ شوێنێک وە یا لە چ ماڵێک بانگێشتێک ببوایە ئەچوو بە بێ بانگ کردن خۆی پیا ئەکرد و دای ئەکوتا.

ڕۆژێک لە مزگەوتی سوور چەند کەسێک کۆ ئەبنەوەو بڕیار ئەدەن بچن بۆ سەیران. ئەمیش ئەچێ خۆی ئەکوتێتە ناویان. جەماعەتەکە هەر یەکە شتێک ئەگرنە ئەستۆ. یەکێک ئەڵێ نان لە سەر من، یەکێک ئەڵێ گۆشت لە سەر من، هەر یەکە شتێک ئەڵێن. نۆرە دێتە سەر خاڵۆ زۆراب پێ ئەڵێن ئەی چی لە سەر تۆ؟ ئەڵێ: «لەعنەتی خواش لە سەر من». دەست ئەکەن بە پێکەنین و وازی لێ دێنن.

- کابرایەک هەبوو بۆنی دەمی ئەهات. کابرایەکی تریش هەبوو گوێی کەڕ بوو. ئەوەی کە بۆنێ دەمی ئەهات ئەیسرکان بەگوێ کابرای کەڕەدا، ئەویش ئەیوت: «بە خوا فلانی نازانم ئەڵێ چی؟ ئەوەندە ئەزانم ئەتسی بە گوێما».

- کابرایەکی میرەوەیسی جارێک ئەچێ بۆ حەج نەختێ پەلە ئەکات و زوو ئەڕوا. کە ئەگاتە کەعبە خێرا پەلامار ئەدا و قوڵفی کەعبە ئەگرێ و ئەڵێ: «خوایە بم وەساقەت خێرا لە خۆم و باوک و دایکم خۆش بووە تا خێڵ بەرۆکی نەگرتگی».

- مەلامەحمووی‌حاجی‌عەلی هەبوو لە سولەیمانی جارێک پێش نوێژی ئەکا لە نوێژی عیشادا، فاتحە ئەخوێنێ و پاشان ئەڵێ: «الم غلبت الترک». یەکێ لە نوێژکەرەکان غەلەتەکەی ئەداتەوە ئەڵێ: «فلبت الروم». ئەویش هەر لە ناو نوێژەکەدا ئەڵێ: «گوێی مەدەرێ هەموویان دوژمنمانن». ئەمە ئەڵێ و لە سەر نوێژەکەی خۆی ئەڕوا.

- پیاوێک هەبوو سۆفی ڕەمەزانی ناو بوو، ڕیشێکی زلی پێوە بوو. جارێک ئەپرسێ لە شێخ بابەعەلی‌تەکیەیی لە سولەیمانی ئەڵێ: یا شێخ! لە کاتی دەستنوێژ شتنا ترسم هەیە ڕیشم تەڕ نەبێ. ئەڵێ: پەنجەی تێخە؛ ئەمە پێ ئەڵێن خەلەلە. شەرع هەر ئەوەندە داوا ئەکا. ئەڵێ: بە خوا یا شێخ دڵم وەسوەسە ئەکا. ئەڵێ: «کەواتە هەر لە شەویەوە بیخەرە ناو ئاو تا بەیانی ئەخووسێ، ئەو وەختە وەسوەسەت نامێنێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی زۆر پیر لەو سەرە هەبوو ژنێکی گەنجی زۆر جوانی هێنابوو. کابرا لەوانە نەبوو بە کەڵک بێت. کوڕێکی گەنجی دراوسێیان هەبوو، ژنە لە گەڵ کوڕەکەدا بە ناوی ئامۆزاوە ڕێ کەوتبوو، ئیتر ئامۆزا هەموو وەختێ لە ماڵی ئەمان بوو. لە پاش چەند ساڵێک خوا چەند منالێکی دا بەم پیاوە. چۆن ئەمانە خێزانی ماڵ بوون، کوڕەی ئامۆزاش بەو جۆرە یەکێک بوو لە خێزانی ماڵەکە؛ تەنانەت ئەگەر بۆ دەریشەوە بچوونایە ئامۆزاشیان هەر لە گەڵ بوو.

ڕۆژێک ئەو خێزانە هەموو ئەچن بۆ سەیران. دۆستێکی کۆنی پیاوەی پیرە تووشیان ئەبێ و لەگەڵ کابرادا چاک و چۆنی ئەکاو ئەپرسێ ئەمانە کێن و چین؟ ئەڵێ: ئەوەیان کوڕمەو ئەوەیان کچمەو ئەوەیان ژنمە. ئەڵێ: ئەی ئەو کوڕە گەنجە کێیە؟ ئەڵێ: «ئەوەش کێرمە».

- مەلایەک لە کۆڕێکا وەعزی دائەدا و باسی جبرەئیلی ئەکرد ئەیوت کە ئەمری پێ بکرێ بە قودرەتی خوا کە شاپەڕی دایە ژێر زەوی سەر و بنی ئەکا. لە کۆڕەکەدا ژنێکی لێ بوو لە تەنیشت دۆستەکەی خۆیەوە دانیشتبوو. خەڵکەکە هەموو سەرگەرمی ئەو پەڕی جبرەئیلە بوون، ژنەکە گۆشەیەک لە چارشێوەکەی دابوو بە سەر کۆشی دۆستەکەیا، لە ژێرەوە دەستی برد دەعباکەی گرت. کە گرتی دەعباکە وەکو شاخی لێ هات، ژنە بەبێ ئیختیار چریکەیەکی کرد. مەلاکە گوێی لێ بوو وتی: «ئەی عاشقەی سادقەی موحسنەی متفانیەی محافزەی موخەدیرەی مونەوەرە! ئەوە پەڕی جبرەئیل گەیشتە دڵت وە یا هەواکەی دای لە لەشت وا بە جۆرە بە بێ ئیختیار ئەو نەعرەتەت کێشا؟» ژنە وتی: «من پەڕی جبرەئیل نازانم کە بدا لە دڵم وەیا لە گیانم، کوتوپڕ شاخی ئیسرافیلم بەردەست کەوت، ئەم چریکەیەم لە بەر ئەوە بوو».

- کابرایەکی شاتری ئیشێکی بە سەرا دێت و لە ترسا سەری خۆی هەڵئەگرێ بەو ولاتاناو خۆی ون ئەکا، ئەچێتە بەغدا و لە بەر دووکانێکا ئەیەوێ شتێک بکڕێ. کابرای خاوەن دووکان ئەڵێ: «شترید؟» ئەڵێ: گووی تۆی لێ نەوارێ هەر تۆ ماویت نەزانی من شاتریم ئەوا تۆیش زانیت».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەکی کورد لە غەزا ئەگەڕێتەوە ئەگاتە بەغدا. کابرایەکی بەغدایی پێ ئەڵێ: «گوّە». ئەویش ئەڵێ: دەویت باوک خۆت گویت من لە غەزا دێمەوە. لە پاشا تێ‌ئەگەیەنن ئەڵێن ئەوە ماندوو نەبونت لێ ئەکا.

- لەو خۆشناوە کابرایەک چاوی ژانی ئەکرد، پورزایەکی هەبوو چووە لای وتی پورزاگیان چاوم زۆر ژان ئەکا نازانم چی لێ بکەم؟ پورزاشی پێ وت: «پورزاگیان، من پار ددانم ژانی ئەکرد هەڵم کەند».

- لە زەمانی شێخ‌مەحموودا لەشکری شێخ‌مەحموو لە «جاسەنە»ئەبن. تەیارە دێتە سەریان شپرزەیان ئەکا. ئامۆزایەکی کوێخا حەسەنی کانی گۆمە هەبوو ئەویش لە لەشکرەکەی شێخ مەحموا بوو. لەشکر شپرزە ئەبێ و هەر یەکە ئەیەوێ بۆ خۆی دەرباز بێ، ئەو ئامۆزای حاجی حەسەنەش بە پەلە ماینەکەی دێنێ و لە بەر شپرزەیی بەرەواژە سواری ماینەکە ئەبێ. پێ ئەڵێن: کورە خوا بتگرێ ئەوە تۆ چۆن سوار بووی؟ ئەوە بەرەواژەیە. ئەویش ئەڵێ: «کورە من بەرەواژە سوار نەبووم ماینە سەگباب خێوەکە خۆی هەڵگێڕاوەتەوەو بە باری چەپدا راوەستاوە».

- عێل لە کوێستان بوو. کوێرەدێیەک هەیە لەو ناوە «دواوە»ی ناو بوو. جارێک مەحمووپاشا فەقێ‌شێتە ئەنێری بۆ دواوە. هەر چەندە ساڵ زوو بوو، بەلام لە بەر ئەوە ئەو ولاتە کوێستانە هەر زوو باران و زستان دێت. لە ڕێگەدا ئەیکا بە باران و قوڕو چلپاو. لەو کاتەدا ژن و پیاوێک بێشکەیەکیان پێیەو لەو ناوەدا لە ژێر ئەو بارانەدا ئەسووڕێنەوە. فەقێ‌شێتە ڕێگای لێ تێکچووبوو، ئەچێتە لای پیاو و ژنەکە ئەڵێ: ئەرێ تۆ خوا برا ڕێگای دواوە کامەیە؟ کابراش ئەڵێ: «ئەرێ کابرا تۆ شێتیت؟ ئەگەر من ڕێگای دواوەم بزانیایە لە ژێر ئەم بارانەو لەناو ئەم چلپاوە بە ژن و منالێکەوە بۆ گیرم ئەخوارد؟» فەقێ‌شێتە کە ئەمە ئەبیەت جامانەکەی سەری ئەکاتەوەو ئەیکا بە دەسەسرێ دەستی و لەتەنیشتیانەوە دەست ئەکا بە هەڵپەڕکێ و بە چۆپی کێشان.

- کابرایەکی کورد ساڵێک ئەچێ بۆ حەج، لە کاتی تەوافا جامانەکەی لێ ئەدزن. حاجی‌مستەفاپاشا وتی وا ڕێ کەوتبوو من لە پشت ئەو کابرایەوە بووم، گوێم لێ بوو هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەیوت: «بینایی‌چاوان! ئەمجارە هاتم بۆ خزمەتت فەرمووت جامانەکەم بدزن. ئەگەر جارێکیکە منت لێرە چاوپێکەوت بفەرموو هەر چیێ دەم و دگانم هەس بیشکێنن وە سەر یەکا».

- قازیەک هەبوو لە هەڵەبجە، ڕۆژێک ژنێک ئەچێتە لای شکات لە مێردەکەی ئەکا. ژنەکە دوو چاوی زۆر جوانی پێوە بوو سەرپۆشەکەی هێنا بوو بە سەر ڕوومەتیا هەر چاوەکانی بە دەرەوە بوون، مێردەکەشی لەگەڵ بوو.

قازی چاوی ژنە بە تەواوی کاری تێکردبوو، هەر قسەیەک ئەو ئەیوت ئەم ئەیوت ڕاست ئەکەی. هەرچیەکیش مێردەکەی ئەیوت، ئەیوت درۆ ئەکەی. مێردە هەستی کرد ئەمە ئیش لە کوێدایە، هەر دەستی برد سەرپۆشەکەی لە سەر ژنەکە لاداو ڕوومەتی دەرکەوت. قازی سەیری کرد ڕوومەتێکی زۆر ناشیرینی هەیە، دڵی پێکا هات وتی: «هەستە بڕۆ ژنە، چاوی مەزلوومانت هەیەو ڕووی زاڵمان. لە لای مێردی خۆت دانیشە شەرع ئەفەرمویێ ڕوومەت لە مێرد و لە قازی ناپۆشرێ».

- کابرایەکی تاجر هەبوو لەو سەرە بارخانەی بار کرد و چوو بۆ تەورێز. وا ڕێ کەوت لەوێشەوە چوو بوو ڕووسیات. کاروانەکەی چەند ساڵێکی درێژەی کێشا خزمەتکارێکی ڕەش پێستی کەچەڵیان لە ماڵا هەبوو وا دیار بوو خانم لەگەڵیا ڕێ کەوتبوو و دو خولامی تۆی لێ بوو بوو.

ڕۆژێ خەبەریاندا کە وا ئاغە هاتەوە. کابرای خزمەتکار منالەکانی هەڵگرت و یەکێکیانی خستە سەر شانی و ئەویکەشیان بە شوێنیەوە چوون بۆ پیر ئاغەوە. ئاغە منالەکەی سەر شانی چاوپێکەوت وتی: ئەمە هی کێیە؟ وتی هی خانمە. ئاغە وتی بە خوا سەیرە. کابرا وتی: «ئەوی بە شوێنمەوەیە ئەو سەیرترە».

- کابرایەکی دزەیی بارە گەنمێکی بردبوو بۆ هەولێر. لە ناو شارا کەرەکەیان لێ دزی بوو، ئەویش چوو ملی کەری کابرایەکی خۆشناوی گرت هێنای باری خۆی لێناو ڕۆیشت. کابرای خۆشناو هات وتی ئەم کەرە، کەری منە. کابرای دزەیی وتی هی خۆمە. خەڵکوخوا کەوتنە بەینەوە بە دزەییەکەیان وت کەرەکەی تۆ نێرەکەر بوو یا ماکەر؟ وتی نێرەکەر بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


وتیان دە ئەمە ماکەرە. وتی: «بەڵێ کەرەکەی منیش نێرەکەرێکی تەواو نەبوو، ئەمەش ماکەرێکی تەواو نییە؛ کە واتە هەر کەرەکەی منە».

- کابرایەکی یۆسۆجانی لەو کاتەدا کە عێل بار ئەکا بۆ کوێستان، دانی دێتە ژان و ئارامی لێ هەڵئەگرێ. پێ ئەڵێن وەستا لە کفری بچۆ بیکێشە، ئەویش دێتە کفری و ئەچێتە لای پیاوێکی سەر تاش ئەڵێ: «دگانم ژان ئەکا بێم وەساقەت! بۆم دەربێرا». ئەڵێ باشە باوکم دوو قەران بدە تا بۆت دەربێنم. ئەڵێ: برا خوا هەڵناگرێ دوو قەران، هەر قەرانێکت پێ ئەدەم. کابرا نایکێشێ.

کابرای یۆسۆجانی ئارامی لێ هەڵئەگیرێ و ئەڵێ: برا بێژم چی، دەری بێرانە. ئەمجا دانێکی پیشان ئەدا کە ژان ناکا ئەڵێ: ئەوەسە. کابرای وەستا ئەو دانەی دەردێنێ: پاشان کابرای یۆسۆجانی ئەڵێ: «بە خوا برا ئەو دگانە نەو، ئائەمەسە کە ئێستە پێت ئێژم». پەنجە ئەخاتە سەر دانە ژان کردووەکەو وەستا ئەو دانەشی دەردێنێ. پاشان دوو قەرانەکەی ئەداتێ. ئەمجا پێ ئەڵێ: «هەی دەویت باوک! تۆ گەرەکت بوو دوو قەرانم بۆ دگانێ لێ بسێنێ، وا ئەزانی هەروا پارە بەلاشە. ئاوا دایکت ئەگێم، دوو دگانم پێ دەرهاوردی وە دوو قەران؛ هەر دگانێک کەوتە قەرانێک. ئیتر جارێکی‌تر نەیژی کوردە شت نازانێ ئاوات لێ ئەکەم».

- لەو مەنگورایەتییە مامۆستا وەعزی ئەدا ئەیوت: پردی سرات لە موو بارێکترەو لە شیر تیژترە. رۆژی قیامەت ئەو پردەش وا بە سەر جەحەنەمەوە ئەبێ هەموو کەس بە سەریا تێپەڕێ.

کابرایەکی مەنگور وتی: مامۆستا لەوێ هیچ دارێک هەیە کە پیاو دەستی پێ بگرێ و بپەڕێتەوە؟ مامۆستا وتی: نەوەڵڵا هیچ نییە. وتی: «وەڵڵا دەسا مامۆستا بە گۆڕە بابم تۆ بە ریشی خۆت پێدەکەنی، ئەگەینا ئەگەر خەڵک مەلیش بێ بە سەریا ناتوانێ تێپەڕێ».

- مەلاسمایل سالێک لە زێویە وەعزی ئەخوێند، لە وەعزەکەدا وتی: «هەرکەسە ناوی باوە ئادەم و دایە حەوا بنووسێ لە ماڵەکەی خۆیا هەڵیواسێ شەیتان روو ناکاتە ئەو ماڵە. هەر یەکە سەر قەڵەمانەیەک بێنن تا بۆتان بنووسم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرایەکی قەرەداغی لەوێ بوو هەستا وتی: «مامۆستا ئەوە چی ئەفەرمووی؟ شەیتان لە بەهەشتا لە بن دەست خواوە چوو هەڵیفرپواندن، ئێستە کۆ لە ناوەکەیان ئەکاتەوە لەم دوورەوە». مەلا سمایل وتی هەروا ئیتر واقم ورما.

- لە شەیتانیان پرسی تۆ کام دەستەت زۆر خۆش ئەوێ؟ وتی: دەلال. وتیان بۆ چی؟ وتی: «چونکە من بە درۆ و دەلەسەکەیان زۆر زۆر خۆشحاڵ ئەبووم، ئەوان هاتن سوێندی درۆیشیان خستە پاڵی».

- ئەڵێن پاشایەک سێ ژنی هەبوو؛ پارسێک و کوردێک و فیتەیەک. شەوێک لە لای ژنە فارسەکە نووستبوو لێ پرسی شەو لەچ وەختێکایە؟ وتی: بەری بەیانە. وتی: بە چیدا ئەزانی؟ وتی: گوڵ و رەیحان بۆنی بلاو کردۆتەوەو باڵندەکان کەوتوونەتە ئاوازە خوێندن.
شەوی دووەم لە لای ژنە کوردەکە بوو وتی دنیا چ وەختە؟ وتی بەری بەیانە. وتی بە چیدا ئەزانی؟ وتی ملوانکە مرواریەکەم ئەکەوێ لە سینگم ساردی ئەدا بە سینەم.
شەوی سێیەم لە لای فیتی نووست. وتی چ کاتە؟ وتی بەری بەیانی. وتی بەچیدا ئەزانی؟ وتی: «گووم دێ».

- لە زەمانی حەمەپاشای‌جافدا زستانێکی قات و قڕ پەیدا ئەبێ و ماڵات هەموو قڕ ئەکا. جافەکان ئەچنە لای حەمە پاشا ئەڵێن: پاشا کوچکت لێ نەوارێ چلەمان بۆ کورت کەرەوە ماڵات هێی نەما هەمووی قڕ کرد. ئەویش ئەڵێ: هەر یەکە لە چل قەران قەرانێکم بۆ بێنن تا بیدەم وە چلە خۆی کورت کاتەوە. ئەوانیش ئەچن بۆی دێنن و ئەیدەنێ.

- کابرایەک فرە دلی لە یارەکەی چوو بوو، عەشقی ئەو کردبووی بە شاعر. جا ئەم شعرانەی بە باڵای یارەکەیا ئەوت:

بە قوربانی ئەو خاڵەی بە روومەت یارەوە — ئێژی مێوژەو بە دیوارەوە
بەژن و باڵاکەت بۆ من دەوایە — ئێـژی دارعەسـای دەسـتی مەلایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ژنێک هەبوو «خادایە»یان پێ ئەوت. زەمان هێنابووی بە سەریا سەردەمی جارانی نەمابوو تەشی ریسی ئەکرد بۆ ئەم و ئەو. مەلا ژن فاتم هەبوو رۆژێک هەندێ خوری ئەباتە لای بۆی بڕیسێ. ئەویش بۆی ئەڕیسێ و پاشان بۆی ئەچێتەوە. کە سەیر ئەکا ئەڵێ ئەمە ئەستوورە. خادایە هەڵی ئەوەشێنێتەوە بۆی ئەڕیسێتەوە. ئەمجا بۆی ئەچێتەوە سەیر ئەکا ئەڵێ ئەمە باریکە. خادایە ئەڵێ خافاتم نازانم چۆنت ئەوێ؟ باریک ئەیڕیسم ئەڵێی ئەمە باریکە، ئەستوور ئەیڕیسم ئەڵێی ئەستوورە. خافاتمیش ئەڵێ: «خادایە نە باریک و نە ئەستوور وەک هێنەکەی مەلا گردە ڕیس بێ».

- حاجیمەلاسالحیگۆزەپانکەو حاجیمەلاعومەریهۆمەرکونبەتی هاتنە لام. دنیا گەرم بوو، وتیان ئاوی سارد ئەخۆینەوە. ئەو پیاوەی کە لام بوو هەر مامپیرداودمان پێ ئەوت، پێم وت بچۆ ئاوی سارد بێنە. مامپیرداود چوو بەفری هێنا و خستیە ناو سەتڵێکی گەورەوە پڕی کرد لە ئاوو هێنای تەق لە بەردەمی حاجی مەلا سالحا دainا. حاجی مەلا کە ئەمەی چاوپێکەوت وتی: دەک مردیت مرێ پیرداود! هەر فیکەکەی ماوە دوو فیکەشمان لۆ بکە. مام پیر داود هێی بۆ نەمایەوە وتی: قوربان هەموو جار هەر وا دەکەم.

- عێل سەرەو خوار بووەتەوە رووەو کوێستان، هەر هۆزە شوێنی خۆی گرت. کابرایەکی گۆران لە دیواندەرە خانووی ئەکرد، دیرەکی خانووکە تۆزێ دوور بوو لە ئاواییەوە. دۆستێکی لە عەشرەتەکە هەبوو خالە مارفیان پێ ئەوت. خالە مارف رۆژێک گایەکی دابووە بەر. کابرا وتی خالە مارف بەڵکوو ئەو حەمالەم بۆ بخەیتە پشت گا بۆر و بیبەینەوە بۆ ناو دێ. ئەویش وتی بە بانی چاوان. داریان خستە پشتی گا بۆر و گەڕایەوە بۆ هۆز.

ئەو ساڵە بەسەر چوو کابرا خانووی دروست کرد و عێل دیسان کە گەڕایەوە بۆ کوێستان، خالە مارف سەرێکی لە کابرای گۆرانەی دۆستی دا. سەیری کرد خانووەکەی تەواو کردووە. وتی: «ماشەڵلا خانگی چاکە. ئافەرم گا بۆر بە خوا ئەو حەماڵەی خاس هەڵگرتبوو». کابرا ئیتر لە وزەیا نەما وتی: خالە مارف تکات لێ ئەکەم ئەوا ئێستە هەڵئەستم خانووەکە هەڵئەوەشێنمەوە حەماڵەکە بخەرەوە سەر پشتی گا بۆر و بیبەرەوە بۆ ئەو شوێنە کە هێناویە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- ساڵێک لەو سەرە کابرایەکی کورد حەمەوەیسی ناو بوو، ئەچێتە «بس». شەوێ مێوانی ماڵێک ئەبێ، لە پاش ئەوە کە نووستن لە نیوەشەوا ئیشی سەرئاو تاوی ئەدا. هەڵئەستێ بچێتە دەرەوە، سەیر ئەکا گەماڵێکی بۆر لە بەردەرگا کەوتووەو دەستی کردە مرەمرِ لێی. نەیوێرا بڕوا، دەستی کرد بە خۆ هەڵگوشین، کەڵکی نەبوو گوو تاوی دا، منالێکی ماڵەکە بوو لە ناو بێشکەدا، بە دزیەوە چوو دەسرەزەی منالەکەی خستەوە منالی بەرز کردەوەو پڕ گۆزەڵەی ژێر منالەکەی کرد لە گوو، منالەکەی خستەوە شوێنی خۆی و دەسرەزەی کەی پێایەوەو هاتەوە سەر جێگاکەی خۆی نووست.

بەیانی دایکی منالەکە کە منالی بەرز کردووەوە نفوراتێکی چاو پێکەوت، بانگی مێردەکەی کرد وتی پیاوەکە ئەمە چییە؟ ئەمە گووی ئەم منالە نییەو نازانن مەسەلەش چییە. بە هەر جۆر بوو دەنگیان نەکرد. شەوی دوایی چەشنی کارەسات رووی دایەوە، بەلام گەلێ خاپتر لە دوێنێ شەو. ژنەو پیاوەکە کەوتنە مقۆ مقۆ لە بەینی خۆیانا کابرای مێوان گوێی لێ بوو هەڵیدایە وتی: «برا ئەوەی پێ ناوێ تا ئێوە خاوەنی ئەو گەماڵە بۆرە بن، منالەکەتان گووی لەوە بتەوتر ئەکا».

- قانعی شاعر وتی ساڵێک لەو ناو جافە مەلا بووم. وتیان مامۆستا وەعزمان بۆ بێژە، وتم برا بە کوردی یا بە عەرەبی؟ وتیان برا وە کوردی، ئێمە چووزانین عەرەبی. وتی منیش کتێبم نایە بەر دەستم چاوم کز بوو عەینەکەکەم خستە بەر چاوم و گەرووم پاک کردەوەو وتم دێلە سەگی کوڕی باوکی کانیەکەی هەرات ئەفەرمووێ هەر ئەمەم وت وتیان مامۆستا ئەوە ئێژی چی؟ وتم برا وەعزتان بۆ ئێژم. وتیان کوچکت لێوارێ کەی وەعز وا ئەوێ؟ وتم برا ئاخر ئێوە ئەڵێن بە کوردی، من لە باتی ئەوە کە نووسراوەو ئەڵێ «معاویە ابنی ابی سفیان» ئەڵێ من بە کوردی پێم وتن وتیان کورە کوچکت لێواری خاس بێژە، دە بێژە. وتی وتم: «رێوی کوڕی چۆلەکە ئەفەرمووێ».

هاتم ئەویتر تەواو کەم وتیان مردگت مرێ ئەوە ئێژی چی؟ وتم برا من سەرم سڕماوە بە دەست ئێوەوە. ئێوە ئەڵێن بە کوردی لە کتێبەکەدا نووسراوە «سعلب ابن علفور» من کردم بە کوردی. وتیان: «هەڵسە هەڵسە مەلا بڕۆ گاڵت وە پێچ. وەو شێخ کەریمە ئیتر پیا نایێنی». وتی جوان و پوخت دەریانکردم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- جارێک لە قەڵادزێ لە ماڵێکا بانگێشتی ئەبێ و نان لە سەر سینی دائەنرێ. هەردوو کەس لە سەر سینیەک ئەبن. شێخ حسێنی بوسکێن و کاکە سووری کۆیی پێکەوە لە سەر سینیەک ئەبن. گۆشتێکی چەورو قەڵەو بە سەر دەوری برنجەوە ئەبێ. کاکە سوور بە قسە شێخ حسێن خەریک ئەکاو خۆی تەنگ بە گۆشتەکە هەڵئەچنێ. خدراغای پشدەریش لە سەر سینیەکی‌تر ئەبێ لە نزیکیانەوە، سەیریان ئەکاو ئەزانێ ئەوا کاکە سوور بۆیە شێخ حسێنی خەریک کردووە لە بەر گۆشتەکەیە. لایەک لە شێخ حسێن ئەکاتەوەو ئەڵێ: «شێخ حسێن تۆزێ تێ مرێنە».

- مەسعودمحەمەد لە سولەیمانی ئەبێ. خدراغای‌پشدەر لە گەڵ ژنێکا لەو پشدەرە هەرای ملکیان ئەبێت، بەو ناوە کە مەسعود حاکمە، لە سولەیمانی ئەچێتە لای ئەڵێ: «کاک مەسعود پیرێژنێکی قۆلترِ بە هەر دوو دەست هەر دوو گونی من و سلیمان برامی گرتووە». مەسعودیش ئەڵێ جا من چی لێ بکەم؟ ئەڵێ: «چی چی لێ بکەم؟ گونمان لە دەست ئەم پیرێژنە بەرەڵاکە، ئەی تۆ ئیشت چییە دانیشتووی لێرە؟» ئەمە کاک مەسعود خۆی بۆی گێڕامەوە.

- ساڵێک زستانێکی تۆف ئەبێ، دەستەیەکی خەڵکی دێ «زاخە»ئەچن بۆ «سەقز»و ئەگەڕێنەوە. لەو کوێستانی ساراڵ و هۆبەتووە لێیان ئەکا بە کڕێوەو سەریان لێ تێکئەچێ و سەرما کەسیرەیان ئەکا. لە بەینی خۆیانا دەست ئەکەن بە نەزر و مەولووی کردن بۆ ئەوە بەڵکوو رزگاریان ببێ و دنیایان تۆزێ لێ خۆش بکا. یەکێکیان گایەک ئەکا بە مەولووی، یەکێکیان ئەڵێ ئەگەر رزگار بووین بەرانێک مەولووی بێت.

بەمجۆرە هەر یەکە شتێک ئەکەن بە نەزر. یەکێکیان ئەمێنێتەوە هیچ شک نابا بیکا بە مەولووی ئەڵێ: «خوایە تۆ خۆت ئەزانی من هیچ شک نابەم هەر فاتەی ژنم نەبێ، تەلاقێکی کەوتبێ لە رێگای تۆدا هەر لەم کڕێوە سەرێک دەرکەین و نەمرین».

- مەلافەتحوڵڵای‌هەرتەل لەگوندی «بێتواتە»ئەگەڕێتەوە بۆ گوندی هەرتەل. لە رێگادا تووشی شوانێک ئەبێ لێ ئەپرسێ: مام شوان پەزێتە ئەچەندن؟ ئەڵێ: مامۆستا ئەپێنجن. ئەڵێ ئەچەند مێنە، ئەچەند نێرن؟ ئەڵێ: مامۆستا دوو ئەنێرن سێ ئەنێرن. ئەڵێ: مانارِی هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نێر پێنجن؟ ئەڵێ: ماموٚستا ئاخر من وەکو توٚ سەفیح نیمە. ئەڵێ لە پکەت زمان کەوێ ئەری زارت لە زیانی دانینە.

- ژن و پیاوێک لە روٚژێکی مانگی روٚژوەتیدا خەریکی ئەو ئیشە خوٚشەکە بوون. پیاوەکە هەر لەو کاتەدا ویستی ژنەکە ماچ کا، ژنە دەستی گرت بە دەمی کابرادا وتی: «نەکەی شتی وا کەراهەتی هەیە ماچ کردنەوە بە زمانی بە روٚژوو».

- نەجمەدینمەلا هەبوو لە سولەیمانی، پیاوێکی قەلەندەر و بێپەروا بوو. ژیانی نەجمەدین مەلا ژیانێکی سەیر بوو. تەمەنێکی درێژی هەبوو، سەری هەر رەش بوو. لە رانیە ژنێکی هێنا بوو تەلاقی دابوو، کچێکی هەبوو کچەکەشی مردبوو. ئیتر دوا چوٚری بە هەموو شت هێنا بوو. لە سەر جادەکەی سابوونکەران دوکانێکی بە کرێ گرتبوو بە روٚژ بە منالانی ئەخوێند بە شەو دیوانە کوردییەکانی ئەنووسیەوە. لە بارەی زمانی کوردیەوە خزمەتێکی زوٚری کردبوو. نووسینی بوٚ روٚژنامەی ژینیش ئەنووسی. هەموو جار دوو پشیلەی کەللە گەورەشی هەبوو بە گوٚشت و سی بەخێوی ئەکردن. سەودایەکی تەواویشی هەبوو. لە گەڵ خواردنەوەدا بە تایبەتی بە شەو دەرابەی دوکانەکەی لە سەر خوٚیدا ئەدایەوەو بە یادی رابویرانی کوٚن رایئەبوارد. ژوورەکەشی لە ماڵەکەی باجی زەمزەم ئەچوو.

شەوێک ئەوا دەرابەکەی لە سەر خوٚی داوەتەوەو کات پاش نیوە شەوە هەر لە بەر خوٚیەوە دایگرتووە ئەڵێ: «هەیە، کورِ هەیە». ئێمەش بەوێدا تێپەرِین. بە هەر جوٚر بوو دەرابەکەمان پێ هەڵدایەوەو چووینە ژوورەوە. ئەو هەر ئەڵێ: «هەیە». ئێ بابە چی هەیە؟ ئەڵێ: هەیە لە ئەنجاما بە هەر جوٚر بوو پێمان دەربرِی وتی: «خوا هەیە». ئەوە سەر خوٚشیشە وتمان چوٚن؟ وتی: خوا هەیە بەلاّم ئیشەکانی قورِە. لەمە سەرمان سرِما وتمان بوٚمان بلێ ئەمە چوٚنە؟ وتی: من برسیمە، چوار پوولم هەبوو، نانێک بە پێنج پوولە. ئەوەتە نانەواخانەکەش بەرانبەرمە، پوولێکیترم نەبوو نانێکی پێ بکرِم. نانەواخانەکە هەڵیگرت. هەرکە نانەواخانەکە هەڵیگرت دوو دیناریان بوٚ هێنا ئەوەش دوو دینارەکەیە، بەلاّم نان نییە. ئەمجا گەرِایەوە سەر «هەیە، هەیە»کەی خوٚی. ئیتر ئێمەش چووین بەو شەوە نانمان بوٚ هێناو تێری خوارد. وتمان ئەمجا ئیتر زیاتر بلێ هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- «بلەی عاسە» هەبوو لە سولەیمانی لە لای زیوەری‌شاعر ئەیخوێند. گەلێ منالی‌تریش بوو، هەر کە زیوەرەفەنی ئەچووە ژووری بۆلەکەوە بلە دەستی ئەکرد بەگریان و دەستی بەرز ئەکردەوەو دەستی ئەکرد بە پاڕانەوە. زیوەرەفەنیشی ئەیوت: سەگ جسن من هێشتا هیَم لێ نەکردووی، هێم لێ نەپرسیووی، لێم نەداوی بۆچ وا ئەکەویتەپاڕانەوەو گریان؟ ئەویش ئەیوت: «ئەفەنی ئەگەر لێم بدەی زۆرتر ئەگریم». ناچار وازی لێ ئەهێنا.

- حاجی‌ئەمینی‌کاکەحەمە گێڕایەوە وتی: زوو جوولەکەیەک هەبوو خواجەشەلەمۆی ناو بوو، دراوسێ دووکان بووین لە خانەکەی ئێمەدا. ئەویش تاجر بوو بەلام وەکو منالی بەردەستمان وابوو هەر ئیشێکمان ئەبوو هەر بەومان ئەکرد. بەتایبەتی من هیچ لە قسەم دەرنەئەچوو. تجارەت لە گەڵ موسڵ و بەغدادا ئەکرا کە خواجە شەلەمۆ ئەچوو بۆ یەکێک لەو شوێنانە دراوسێ دوکانەکان لێی کۆ ئەبوونەوە ئەو ئەیوت خواجە ئەو سەد لیرەیەم بۆ بدە بە فلان کەس، ئەو ئەیوت ئەو پێنج سەد مەجیدیەم بۆ بدە بە فلان تجاری بەغداد. ئیجگار لەگەڵ منا زۆر ڕێک بوو، تەنانەت وەختی وا ئەبوو مێوانێک ئەهات بۆ حوجرەو کەس بە دەستەوە نەبوو، پێم ئەوت خواجە شەلەمۆ تۆ خوا بە زەحمەتی مەزانە بانگی چایەک بکە یا تۆزێ ئاو بێنە. ئەویش خوا هەقە هیچ درێغی نەئەکرد و هەر وەکو منالی بەردەستم لە بەردەستما هەڵئەسووڕا. ئیتر بە درێژی عومرمان ئەمە حاڵمان بوو.

ساڵێک بارخانەمان بار کرد و چووین بۆ روسیا؛ چووینە «وارشەو». خواجە شەلەمۆیشمان هەر لەگەڵایەو ئەویش تجارێکە وەکو ئێمەو بگرە زیاتریش. رۆژێک لە وارشەو ئیحتیاجی ئاوم بوو، وتم تۆ خوا خواجە شەلەمۆ بە زەحمەتی مەزانە مەسینەیەک ئاوم بۆ پڕ کە ئەمەوێ دەستنوێژێ بشۆرمەوە. ئەوەندەم زانی خواجە شەلەمۆ هەر دوو چاوی سوور بوەوەو وتی: «وس قسەی زیاد مەکە. چاوت بکەرەوە ئێرەش سولەیمانی نییە هەر قسەی زیاد بکەی؛ ئیرە وارشەو و روسیایە. پیاوی وام هەیە لێرە هەر کێری دوو ئەوەندەی ملی تۆ ئەستوورە. مەسینەم بۆ پڕ کە، وا ئەزانێ ئێرەش سولەیمانییە». وتی وەڵلا کە ئەمەی وت ئیتر منیش هێم پێ نەما.

- مامۆستامەلاکەریمی‌بیارە ساڵێک لە بیارەوە بەرێ ئەکەوێ بۆ ئەو دەوری تەکیەی لای خورماڵە لە شارەزوور، بۆ ناو خزمەکانی کە لە بەرەی قازیان بوون. لە ڕێگادا تووشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


«قانع»ی شاعر ئەبێ. ئەڵێ قانع با بچین بۆ ناو ئەو خزمانە چەند ڕۆژێک لەوێ ڕائەبوێرین و ئەگەڕینەوە. قانع ئەڵێ باشە.

ئەچن، لە ڕاستیدا خزمان دێن بە پیریانەوەو چەند ڕۆژێک لەوێ ئەبن. هەر ڕۆژە نیوەڕۆ لە ماڵێک و ئێوارە لە ماڵێک بانگێشتنیان بۆ ئەکەن. قانع ئەڵێ: مامۆستا مەلا کەریم هاتی و نەهاتیم بە خۆم و خۆتا تاقی کردووتەوە، تۆ هاتتە و من نەهاتمە. ئەڵێ: چۆن؟ ئەڵێ تۆ دێت بۆ تەکیە بۆ ناو خزمەکانت ئەوەتە هەموو دەولەمەندن. هێزە ڕۆن لە لایەک کەوتووە، سویتە پەنیر کلاشە ئەکا، مەڕ و ماڵات خوا نەیبڕێ هەر ڕۆژی بە بانگێشتن لەلایەکەوە دایانبەستووین. منیش ئەچم بۆ ناو خزمەکانم لە «کەولۆس» هەر لە کلکەی ئاوایی دەر ئەکەوم سەگەکان دێن بە پیرمەوە. ئەوەندە شتیان لە بەر لاتی خزمەکانم لە ئاوایی دەست ناکەوێ لە سەر کەوشە چەکەکانی پێم ئەبێ بە شەڕیان و یەکتری ئەخلۆپێننەوە. کاتێ کە ئەوان لەو گەرمەی شەڕەدان من خۆم لە دەستیان دەرباز ئەکەم و خۆم ئەکەم بە ماڵی یەکێ لە خزمەکانما. جا ئەوان حاڵی سەگەکانیان ئەوە بێ، ئەبێ حاڵی من چۆن بێ؟ کەوابوو ڕاستە تۆ هاتتە و من نەهاتمە.

- ساڵێک لە سولەیمانی ئەویسترا زمانی کوردی دابنرێ لە شوێنی ئەو وشە عەرەبیانە کە بڵاو بووەتەوە. هەندێ لە گەنجە خوێن گەرمە کوردی زانەکان لە باتی وشەی «شوورتەی مروور» وشەی «حەیتەی ڕەپی ماخوولان»یان بۆ دانا بوو.

- مەلا شەفیع ئامۆژگاری حاجی بریماغای عەنبار ئەکا و پێ ئەڵێ: حاجی ئاغا تۆ ئێستە حەجت کردووەو نوێژ و ڕۆژووت هەیە و قورعان و دەلایل ئەخوێنی، مەعنای وایە بوویت بە پیاوێکی چاکی لە خوا ترس. ئیتر کەوتە جەریمەو شتەی ڕەعیەتەکان مەکەو ماڵ و مولکیان بە زۆر لێ زەوت مەکە، حەرامە. لەم ئاخری عومرەوە ئیتر خۆت لە حەرام خواردن بپارێزە. حاجی برایماغاش ئەوا گوێی بۆ ڕاگرتووەو دڵی داوە بە قسەکانی و سەری داخستووە، پاشان سەر بەرز ئەکاتەوەو ئەڵێ: «ئەی مەلاشەفیع تۆ بۆ چی دوو ساڵ لەمەو پێش حوشترەکەت بردە "دەنگوزی" سەرێ و بۆشیان چاک نەکردی؟»

- ئەحەی‌جاو هەبوو لە سولەیمانی ڕۆژێک قەرانێکی پێ ئەبێ ئەچێتە مزگەوتی سەی حەسەن. کە ئەچێ بۆ ئاودەستەکە پێ هەڵئەنگوێت و قەرانەکەی لێ ئەکەوێ و ئەکەوێتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درزی ئەرزی ئاو دەستەکەوە. ئاودەستەکەش تاریک ئەبێ، دیت لە دەرەوەی ئاو دەستەکە لووت شۆڕ ئەکاتەوە بە سەر ئەرزەکەدا و چاو ورد ئەکاتەوە بۆ قەرانەکە. خەڵک بەویدا تێئەپەڕن ئەڵێن ئەحەی جاو ئەوە بۆچی ئەگەڕێت؟ ئەڵێ: بە خوا تاکە تارانیکم لێ کەوتووە بۆی ئەگەڕێم. ئەڵێن جا کەوتە کوێ؟ ئەڵێ: وەڵڵا کەوتە درزی ئەرزی ئاودەستەکەوە. ئەڵێن جا لێرە چۆن بۆی ئەگەڕێ؟ ئەڵێ: سەیری ئەو ئەقڵەکەن، من لەم رووناکیە نایدۆزمەوە ئێستە لەو تاریکیە چۆن ئەیبینمەوە؟

-ساڵێک زوو لە کەرکووک کابرایەکی کورد بلمانی فێر بوو بوو بە ژنەجوولەکەیەک. رۆژێک ئەچێ بۆ لای ژنەکە بۆ ماڵەوە، لەو کاتەدا خۆی تێ ئەگەی چ کاتێک مێردەکەی دێتەوە کە چاوی بەو کارەساتە ئەکەوێ پەلاماری کابرای کوردە ئەدا. کابراش پەلاماری ئەو ئەدا و ئەئاڵێن بە یەکا. هەندێ جار کابرای کوردە جوولەکەکە ئەخاتە ژێر، هەندێ جاریش جوولەکەکە ئەو ئەخاتە ژێر. ئەمە ژنەکەش وەستاوەو سەیریان ئەکا. جا لەو کاتەدا کە جوولەکە کابرای ئەخستە ژێر، ژنەکە ئەیوت: «ئادەی لێی دە ئەو حیز و دزە، دوێنێ فێر بووە ئیمڕۆیش هاتووتەوە». لەو کاتەشا کە کابرای کورد جوولەکەکەی ئەنایە ژێر ئەیوت: «ئادەی لێیدە، دەست خۆش خۆی هیچی پێ ناکرێ نایەڵێ خەڵکیش بێن».

- کابرایەکی جاف لەو ولاتە گایەکی لێ ون بووبوو، شوێن نەما بە شوێنیا نەگەڕێ. بە دەم گەڕانەوە ڕێ کەوتە ناو دارستانێکی مازو و کوڕ و کچێک لەوێ مازویان ئەکرد. ئەم ئەوانی دی ئەوان ئەمیان نەدی. گوێی لێ بوو کچەکە بە کوڕەکەی ئەوت بۆچ ئەوەندە سەیرم ئەکەی؟ کوڕەکەش ئەیوت: «چاوەکەم هەر چی دنیایەو هەر چی لە دنیادا هەیە لەناو ئەو چاوە جوانانەتا ئەیبینم».

کوتوپڕ کابرا لێیان راست بووەوەو وتی: «گووی تۆی لێ نەوارێ ئا بزا گاکەی من نابینی لە چاویا، دنیا نەما بۆی نەگەڕێم».

- لەو شارەزوورە باران دایکردبوو. کردبووی بە رەهێڵە هەر خۆشی نەئەکردەوە. کابرایەک هەبوو مارفی ناو بوو بەم بارانە زۆر تەنگاو بوو، هەر ئەیوت ئەمە چییە هەر نایوڕێتەوە؟ یەکێکی تر لەوێ بوو وتی ملکی خۆیەتی چی لێ ئەکا لێ ئەکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مارف وتی: «برا چی ملکی خۆیەتی. کە هاوین هات هەمووی ئەوێ وە ملکی حامد بەگ و حەسەن بەگ، کە زستان هات ئەوێتەوەوە ملکی خوا».

- حاجی‌سەعیدی‌مەلاحەسەنی‌عەلاف وتی: لەگەڵ چەند کەسێکا چووین بۆ ئەو شارەزووره لەو سەر ئاوی «موان»ە دوو سێ کەسی شارەزووری راکشابوون لە سەر تەنیشت؛ هیچ گوێیان نەداینێ. وتی منیش وتم ئێستە ئەمانەتان بۆ ئەهێنمە جۆش.
وتی وتم ئەرێ برا کەس هەیە لەم ناوەدا پارەی لۆکە وەربگرێ؟ من شەش حەو هەزار دینارم هێناوە ئەمەوێ دای مەزرێنم بە سەلەمی لۆکە. وتی یەکێ لە کابراکان تۆزێ قوت بووەو وتی ها برا ئێژی چی؟ وتی وتم پارە بە لۆکە دائەمەزرێنم. وتی ئەمجا کابرا تەواو راست بووەوە وتی: «برا بچم دەنگ ئاوایی بدەم». هەر ئەمەی وت راست بووەوە وتی کابرای هاورێ دەستی دایە پەلی وتی خوابتگرێ بۆ کوێ ئەچی گاڵتەت پێ ئەکا.

- هەر حاجی سەعید گێرایەوە وتی: جارێک رەشەی دۆستم لە گەڵ کابرایەکی شارەزوویدا بووبوو بە دەم قڕەیان لە سەر حسابات و رەشە قسەی بە شارەزووری ئەوت. کابرای شارەزووریش وتی: «کاکە رەشی بۆچ قسە وە شارەزووری ئێژی؟ تۆ ئەوێ هەر مەمنوونی شارەزووری وی، هەتا چل ساڵێ‌تری دوای خۆیشت ناوت لە قەید و قیودی حوکومەتا هەر ئەمێنێ».

- لەو سەرە ئافرەتێک هەبوو منالی نەئەبوو هیچ شێخ و شەخس و مەلایەک نەما نەچێتە سەری، کەڵکی نەبوو. رۆژێک دەروێشێکی کەڵهوڕ بەپرچێکی درێژ و باوەشێ پشتێنێ سەوز لە پشتا و جامع الدعواتێک لە بن دەستا ئەچێتە ئەو دێیە بۆ دەرویشی و نووشتە کردنیش بە دەمیەوە ژنەکە چووە لای و دەردە دڵی خۆی بۆ کرد. ئەویش دەمی جامع الدعواتەکەی بۆ کردەوەو تۆزێ سەری هێنا و برد و وتی: کتێبەکە شتێک ئەفەرموێ لە رووم هەڵنایە بیلێم، ئەگەینا بەبێ شک منالت ئەبێ. ئەویش وتی: بە قوربانت بم! بلێ قەیدی نییە. وتی: کتێبەکە ئەفەرموێ ئەبێ نوشتەیەک بنوسم و ئەو نوشتەیە بە ئالەتێکی تایبەتی –بلامانی– لە شەرمتەوە بیکەم بەو دیوا. هەروەها لە سەرەکەشیەوە هەندێ شت هەیە ئەبێ بینووسم. ئافرەتەکە وتی باشە بە قوربانت بم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا دەستی پێ کرد لەو کاتەدا خەریکی ئیش بوو ژنەکە وتی: «قوربان مادام عەزیەتەکەت کێشاوە با کوڕ بێت».

- ساڵێک لەو سەردەمەدا کە جۆش و خرۆشێکی کۆڕی رابواردن و دڵخۆشی و ئاهەنگ هەبوو لەناو مەلاکانی هەڵەبجەدا و هەموو بەیەک دڵی رایانئەبوارد، ئەیانویست بچن بۆ هانەسوورە بۆ زیارەتی سەیدعەبدولڕەحمان. رۆژیش رۆژی پێنج شەنبە ئەبێ، دیارە شەوو رۆژی جمعە لە هانەسوورە ئەمێننەوە. شێخ مستەفای مفتی هەڵەبجە ئەڵێ: بە خوا برا من لە بەر خوتبەی سبەینێ ناتوانم بێم. شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەد برنە ئەڵێ: «بێ قەزا بی شێخ مستەفا! خۆ خوتبەی جومعەی بزنی جوولەکە نییە هەر ئەبێ مالووم سەری برێ، با یەکێکی‌تر ئەم خوتبەیە بخوێنێ. هەستە پێشمان کەوە سەفەرەکەمان لێ تێک مەدە».

- حاجی شێخ ئیبراهیم هەبوو، پیاوێکی مەلای نوورانی ریش سپی. ریشی ئەڕژایە سەر ناوکی. لە هەموو ولاتی سوێسنایەتیدا بۆ مەلایەتی و دینداری ناوی دەرکردبوو. رۆژێ پیاوێک لە ولاتی حەجا ئەچێتە لای پێ ئەڵێ قوربان گوناحێکی گەورەم کردووە نازانم خوا لێمخۆش ئەبێ یان نە؟ ئەڵێ چییە برا خوا بە رەحمە غەیری شەریک دانان بۆ ئەو نەبێ لە هەموو شتێکی‌تر خۆش ئەبێ. بیڵێ بزانم چییە؟ ئەڵێ: ئاخر قوربان وەڵڵا لە رووم هەڵنایە بیڵێم. ئەڵێ: کوڕم بیڵێ خوا غەفوور و رەحیمە. ئەڵێ: «چووم بۆ ئەو خوارە شەیتان لە خشتەی بردم سەگێکم گا. ئەڵێ: جا چۆن نەیگەستی؟ ئەڵێ: قوربان ئاخر تۆپی بوو. ئەڵێ: جا تۆ ئیشی وات کرد چۆن تەبیعەتت بردی و نەڕشایتەوە؟ ئەڵێ: قوربان ئاخر دنیا رەمەزان بوو پاش نوێژی جومعە بوو هێم لە سکا نەمابوو. ئەڵێ: جا باشە نەترسای لەوە کە یەکێک بێت بە سەرتا و ئابڕووت بچێ؟ ئەڵێ: نەوەڵڵا قوربان سووچێک بوو لە پاڵ دیواری کەعبەدا کەسی بە سەرەوە نەبوو. حاجی شێخ ئیبراهیم بە سەبرێک دەست ئەبا ریشە سپیە نوورانیەکەی خۆی ئەگرێ و ئەڵێ: «ئەم ریشە وە قنگی ئەو سەگە تۆپیوە ئەگەر خوا لێتخۆش ببێ، دە هەستە بڕۆ».

- لە زەمانی تورکا قسەیەک لە دیاربەکر هەبوو. شەوێک لە نیوەشەوا یوزباشیەک لەوێ هەبوو شەشەی ناو بوو، ئەچێ تەق تەق ئەدا لە دەروازەی کلیسە. قەشە بە لەرزە لەرز دێت دەرگا ئەکاتەوە سەیر ئەکا ئەمە یووزباشییە، ئەوەندەیتر لەشی دێتە لەرزین. ئەڵێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

فەرموو وەرە ژوورەوە بزانم ئەمرت چییە؟ یووزباشی بە روویەکی خۆشەوە ئەچێتە ژوورەوەو لە ژوورە بچکۆلەکەی قەشەدا دائەنیشێ، بەلام قەشە دڵی لە ریشە سپیە جوانەکەی زیاتر ئەکەوێتە تەپەتەپ و جوولانەوە.

یوز باشی ئەڵێ: هیچ دڵ لە دڵ مەدە تۆ پیاوێکی ناوبانگی چاکەت لەم شارەدا بڵاو بووەتەوە. کارەساتێک رووی دا، من هەر چەندە سەر دێنم و سەر ئەبەم خەبەرەت بدەمێ و نابێ دەستیش بنێ بە روومەوە؛ چونکە لێرەدا کار و باری گشتی ولاتەکە وا پێویست ئەکا. قەشەی بەسەزمان ئەوەندەیتر ناوکی ئەکەوێ و ئەڵێ: فەرموو چی بێ بە من بکرێ و من درێغی بکەم، فەرموو بڵێ. یوزباشی ئەڵێ: دوێنێ قازی ئەم شارە عەمری خوای کرد، ئێستە من لە تۆ چاکتر نابینم. والی دۆستمە، ئەچمە لای فەرمانت لە ئەستەمووڵەوە بۆ وەرگرێت بۆ ئەوە ببی بە قازی ئەم شارە. قەشە هەر وا واقی ورِ ئەمێنێ ئەڵێ جەنابی یوزباشی من و قازیەتی موسڵمانان کوجا مەرحەبا؟ من لە کوێ و قازیەتی لە کوێ؟ یوزباشی ئەڵێ ئەم قسانە ناچی بە گوێچکەما، ئەمە سوودی ولاتەکەی تێدایە ئەگەر نەیکەیت خەبەر ئەدەم بە والی و بە ئەستەمووڵ کە تۆ لەم کلیسەیەدا شەو و رۆژ خەڵک کۆ ئەکەیتەوەو بۆ زیانی خەلیفە ئیش ئەکەیت. قەشە دەستێکی ئەکەوێتە ئەم لاو دەستێکی ئەکەوێتە ئەولا نازانێ چی بکا و چی بڵێ؟ لە ئەنجاما چارناچار رازی ئەبێ.

یوزباشی هەڵئەستێ لێ ئەدا ئەڕواتەوە. لە پاش دوو رۆژ جوبەو مێزەرەیک ئەخاتە ناو سینیەک و تۆمارێکی ئەخاتە پاڵ و قەیفەیەکی سەوز ئەدەن بە سەریا و ئەیخەنە سەر سەری زەلامێک بە شوێن ئەودا دەستەیەک تەپڵ و دەف لێ ئەدەن و زکر ئەکەن. لە شوێن ئەوانەوە دەستەیەکی مووزیقاچی بە خۆیان و مووزیقاکانیانەوە بەرێ ئەکەون و یوزباشیشیان لەگەلایە. ئەم کۆمەڵە بەم جۆرە دێن بۆ بەر دەرکی کلیسەو عالەمی‌تریش ئەکەونە شوێنیان.

قەشە دەرگایان بۆ ئەکاتەوە. یوزباشی لە پێشەوە ئەچێتە ژوورەوە. قەشە سەیری سینی و دەف و عالەم ئەکا سەری سڕ ئەمێنێ. ئەڵێ: ئەمانە چین؟ یوزباشی ئەڵێ: ئەو سینیە جوبەو مێزەرەکەی تێدایە لە گەڵ فەرمانی خەلیفەدا کە تۆ بویت بە قازی ئەم شارە. ئەڵێ: ئەم تەپڵ و دەفە چییە؟ ئەڵێ لە پیرۆزی ئەوە کە تۆ جوبەو مێزەرەی قەزاوەت لە بەر ئەکەی ئەمانە تەپڵ و دەف ئەکوتن و زکر ئەکەن کە خوا قەزاوەتت لێ موبارەک کا.

ئەڵێ ئەی ئەو مووزیقا و بەزمە چییە، پیاوێک بە نەشتەرێکەوە لە ناوە راستیانا وەستاوە؟ ئەڵێ ئەوەش دەستەی خەتەنە سوورانێ ئاخر تۆ کە ئەبی بە قازی موسڵمانان ئەبێ خەتەنە بکرێت. ئەوە دەلاکە ئەو خەتەنەت ئەکاو و مووزیقاش لێ ئەدرێ بۆ شاییەکەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بۆ سەلامەتی سەری خەلیفە کە تۆ خەتەنە کرایت و بویت بە قازی وڵات و فەرمانت بۆ دەرچوو.

قەشە هەروا ئەچێتە تاسەوەو ئەڵێ جەنابێ یوزباشی هەمووی قەبوڵ ئەکرێ بەڵام خەتەنە کردنەکە من تازە لەم عومرەدا پێم قەبوڵ ناکرێ. ئێستە بۆم دەرکەوت کە مەسەلە چییە؟ هەموو پێنج سەد لیرە شک ئەبەم ئەیدەمە خزمەتت و جەنابیشت ئیتر ئەمری خۆتە؟ یوزباشیش ئەڵێ: ئاخر فەرمانی شاهانە دەرکراوە چۆن ئەبێ؟ قەشە ئەڵێ: قوربان با فەرمان بۆ قەشە نەبێ بۆ شەشە بێ جەنابت خەتەنەش کراوی هیچ ئەرکێکی تێدا نییە. یوزباشی ئەڵێ: باشە لە بەر خاتری تۆ بۆ ئەوە تووشی عەزیەت نەبی خۆم ئەیکەم بڵێم چی؟ پێنجسەد لیرە هەڵئەگری و بە خۆی و بە دەستەکەیەوە ئەگەڕێنەوە. تومەز ئەمە یوزباشی پارەی پێویست بوو ئەم کلاوەی بۆ قەشە دروست کرد.

- لە ئاوایی بانگۆل پیاوێک هەبوو سۆفی نادری ناو بوو، ژنێکی هەبوو «باجی فاتە»یان پێ ئەوت. باجی فاتە هەموو جار ئەیوت: سۆفی فیشەکێ بتەقێنە. سۆفی دەستی کرد بە فیشەک تەقانن، ئەوەندەی فیشەک تەقان هیچ هێزی تیا نەما بوو، هێی پێ نەما. باجی فاتە دیسان ملی گرتەوە سۆفی نادر نەیکردە نامەردی پشتی تێ هەڵکرد و دانیشتە سەر دوا بڕاوەکەی باجی فاتەو تڕێکی ناقوڵای پیا هێنا. باجی فاتە وتی ئەوە چیت کرد؟ وتی: «لە جێ گشت کەسم، فیشەک تەواو بوو تۆپێکم تێگرت».

- کابرایەکی گولەکی گولەکە هەبوو لە پێنجوێن، کەڕ بوو خەڵکی ناویان نا بوو «گزگل». کوڕێکی هەبوو ئەویش هەر کەڕ بوو، خەڵکەکە لە بەر باوکی بەویشیان ئەوت «سیچکە». ڕۆژێک کابرا هەندێ گۆشت ئەکڕێ و ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە لە ڕێگادا تووشی کوڕەکەی ئەبێ پێ ئەڵێ: ئەوە ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە؟ کوڕەکە ئەڵێ: نەوەڵڵا ئەچمەوە بۆ ماڵەوە. کابرای باوکی ئەڵێ: وامزانی ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە ئەم گۆشتە بەریتەوە. کوڕە ئەڵێ: نەوەڵڵا بابە ئەچمەوە بۆ ماڵ دایکم وتی باوکت نەخۆشە کەوتووە لە ماڵەوە زوو وەرەوە. باوکی وتی: دە باشە کە ناچێتەوە بۆ ماڵەوە بچۆ بۆ لای ناڵبەنەکە من خۆم گۆشتەکە ئەبەمەوە. کوڕەکە وتی: تۆ هەر تووڕە ئەبی دایکم ڕەنگبێ ئێستە تەلیسەکەی تەواو کردبێ ئەیهێنم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- ئەحەی کرنوو وتی: جارێک خەوێکم دی نیوەی راست بوو نیوەی درۆ. وتیان چۆن؟ وتی: «لە خەوما خەزنەیەکم دیوەتەوەو هەڵم گرتووە لە بەر گرانی و قورسی خەزنەکە خۆمم پیس کردووە. کە خەبەرم بووەوە بەڵێ راست بوو گوم کردبوو بە خۆما بەڵام هیچ خەزنەو مەزنە نەبوو».

- ئەوا لە دیواخانەکەی شێخ حەبیبی تاڵەبانی لە کەرکووک دانیشتوون، کۆڕ گەرم بوو. قسە هاتە سەر ئەوە کە نێربازی باشە یا خراپە؟ مەلایەکیش لەوێ بوو ئەویش وتی: وەڵلا بابم! لە کتێبا هەیە ئەفەرمووی ئەگەر یەکێ لە دنیادا سواری منالێک بێت لەو دنیا ئەو منالە سواری سەر شانی کابرا ئەبێ و ئەبێ بە سەر پردی سیراتدا بیپەڕێنیتەوە. شێخ قادری سیامەنسووریش لە کۆڕەکە دانیشتبوو وتی: «جا ئەگەر وا بێ ئەبێ مامەشێخ حەبیبم لە کاتی پەڕینەوەدا بە سەر پردی سیراتدا وەکو لۆری جەژنی لێ بێت».

- دوو کابرا لەو شارباژێرە بۆ شار ئەهاتن. یەکێکیان لە پێشەوە بوو هەر دەمی ئەجوولا، ئەویکەیان پێی وت ئەوە چی ئەخۆی؟ وتی: مێوژ. وتی: دە بەشم بدە. وتی: «وەڵلا مادام کردتە ئەو کارەو داتە ئەو دارەتەنە ئەبێ بەشت نەدەم. وتی: جا برا بۆچی چیم وتووە وا تووڕە ئەبێ؟ وتی چۆن چیم وتووە؟ تۆ چ رایەی ئەوەت ئەکەوێ بە من بڵێی بەشم بدە.

- شێخمارفیسەعاتچی بۆی گێڕامەوە وتی: شێخعەلیمەلا لە دێ چنارەی وارماوا هەبوو خزمایەتی لە گەڵ ئێمەشا هەبوو. خەتێکی خۆشی جوانی هەبوو. سمایلنامەیەکی نووسیبووەوە کەسی دەست نەکەوتبوو پێشانی بدا و ئافەرینی بۆ بکا نیشانی دایکی دابوو. دایکیشی ئەیگرێ بە دەستەوەو زۆر بە دڵ سەیری ئەکا و ئەڵێ: «یارەبی رۆڵە دەستت خۆش بێ، چەند رێک و پێکە ئەڵێ گوڵە تووتنە پەنجەشی ئەکێشێ بۆ شوێنێکی و ئەڵێ بەڵام ئا لەوێ دا "گلمتک"ێکی تێدایە». شێخ عەلی وتی کە سەیرم کرد لەو شوێنەدا راست بوو غەڵەتێک لە نووسینەکەدا هەبوو، «گلمتک»کەرسەکە.

- کابرایەک وتی ئیمڕۆ دەستی کابرایەکم چاک بڕی. وتیان ئەی بۆچی سەرت نەبڕی؟ وتی: ئاخر سەری برابوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پیاوێکم لابوو مامپیرداودی ناو بوو. رۆژێک قسە لە بەینی ژن و مێردەوە ئەکرا، ئەویش وتی: «بە خودای بابم ئەگەر ژن، مێردی خۆی بوێ لە قنگی سەگیشا بێ شتی لۆ هەڵ ئەگرێ».

- قانعی شاعر لە سولەیمانی کردبوویان بە مامۆستای حەپسخانە کە بچێ دەرسی دین و چاکەکردن بە حەپسەکان بلێ و فیکری خراپە کردن لە بارەی دینەوە لە سەریان لا با. کوڕێکی هەبوو «کوتەک»ی ناو بوو. کوتەک پێی ئەڵێ جا بابە تۆ بەو وەعزو نەسیحەتیان بکەی ئیتر بەرەبەرە حەپسخانەکە چۆڵ ئەبێ و ئیتر تۆش نانت ئەبڕێ. ئەویش پێی ئەڵێ: «رۆڵە خەمت نەبێ، وایان لێ ئەکەم هەر لەگەڵ چوونە دەرەوە، خێرا پیاوێک بکوژن و بگەڕێنەوە بۆ حەپسخانە».

## پەندی پیران

- لە قسەی گوێ ئاگردانی کودانەیە ئەڵێ: سەگ کە ئەکەوێتە زستان لەو کوێستانە زۆری سەرما ئەبێ، بەفر و کڕیوە وای لێ ئەکا هێزی ئەچنێ و شوێنێکی دەست ناکەوێ تیایا ستار بگرێ، ئەچێتە هەر لایە بەفر و باران و سەرمایە. لە ئاخرا لە پاڵ دیوارێکا شوێنێکی پیس ئەدۆزێتەوە کە ئەوشی پێ بێ رازی نابێ لێی ئەکەوێ کلکی دێنێتەوە بە دەور لموزیا و سەر ئەکا بە ناو گەلی خۆیا. لە لایەکەوە باران ئەیکوتێ، لە لایەکەوە کڕیوە ئەدا بە بەینی توکەکانیا و ئەیشەکێنێتەوە. بە کورتی ئەو حاڵەی ئەو هەیەتی مەگەر هەر ئەو بیبێ. لەوێ کە لێکەوتووە خەیاڵ ئەیباتەوەو دەست ئەکا بە بێزوو کردن ئەڵێ: «ئەمە حاڵە من هەمە؟ شەرت بێ ئەگەر کەوتمە هاوین هەرچی لەتک و پەتکی دنیایە کۆی کەمەوە بۆ زستان و لەم فەلاکەتە رزگارم بێ».

زستان بە سەر ئەچێ و ئەکەوێتە هاوین، وردەوردە گەرما دێت و ئەبووژێتەوە. نائەکەوێتە چلەی هاوین و گەرما زۆری بۆ دێنێ. ئەمجارە ئەسووڕێتەوە بە شوێن چلکاو جۆگەلاوی پیس و بۆگەنا بۆ ئەوەی خۆی تیایا بگەوزێنێ و فێنکی ببێتەوە. سەیر ئەکا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەشی دەست ناکەوێ. بە پاڵ دیوارەکانا ئەڕوا وە یا لێ ئەکەوێ بستی زمانی دەرئەکێشێ و پەیتا پەیتا ئەیخاتەوە دەمی و دەری ئەکێشێتەوە.

جا لەو وەختەدا کە ئەو زمانبازیە ئەکا ئەڵێ: «کورە لەتکی چی و پەتکی چی لەتکی چی و پەتکی چی؟»

- دیسان هەر لە قسەی کودانەیە ئەڵێ: سەرەتا «چەقەڵ»لە ئاوەدانیدا بوو، سەگ لە چۆڵ و بیابانا. سەگەکان یەکێکیان لێ نەخۆش کەوت، هەرچەندە خەریک بوون چاک نەبووەوە ئاخری قسەیان هاتە سەر ئەوە بچن پەنا بەرنە چەقەڵەکان بەڵکو ئەوان بێنە دەرەوەو ئەمان بچنە ئاوەدانی. بە ماوەی چەند رۆژێک بۆ ئەوە ئەم سەگەیان نەختێ ئێسقان و وردەنانی دەست کەوێ بیخواو چاک ببێتەوەو پاشان هەر کامیان بچنەوە شوێنی خۆیان.

لە سەر ئەم بڕیارە کۆمەڵیان کرد و بە گەل چوونە خزمەت چەقەڵەکان وتیان وەرن پیاوەتییەکی وامان لەگەڵ بکەن بە ماوەی چەند رۆژێک ڕێگەمان بدەن بێنە ئاوەدانیەوەو ئێوەش وەرنە دەرەوە بەڵکو ئەم نەخۆشە هەژارەمان بە هۆی داو دەرمانی ئاوەدانیەوە تۆزێ چاک ببێتەوە؛ پاشان دەرئەچین و ئێوەش ئەچنەوە شوێنی خۆتان. بەم ئیشەتان خێرێکی گەورە ئەکەن، نەفسێک لە مردن رزگار ئەکەن. چەقەڵەکان رازی بوون و چوونە دەرەوەو ئەوانیش هاتنە ئاوەدانیەوە.

ماوەیەکی زۆری پێچوو سەگەکان کە خەزو بەزی ئاوەدانیان چاوپێکەوت، دەرنەچوونەوە. چەقەڵەکان هاتن وتیان ئەوە بۆچ دەرناچن و ئێمە بێینەوە شوێنەکەی خۆمان؟ ئەمانیش وتیان هێشتا نەخۆشەکەمان چاک نەبۆتەوە. لەمان قسەو لەوان قسە، ئیتر لەو وەختەوە هەموو شەوێک چەقەڵەکان دێنە رۆخی ئاوەدانی دەست ئەکەن بە لوورە لوور و ئەڵێن: «نەخۆشەکەتان چاک نەبۆتەوە؟» سەگەکانیش دەست ئەکەن بە حەپە حەپ ئەڵێن: «حەو رۆژیتر حەو رۆژیتر».

- ئەڵێ بە مشکیان وت تۆ جانەوەرێکیت هاوتات نییە لە ئازاییدا: جەواڵ ئەدڕی، دار کون ئەکەی، زەوی هەڵئەدڕی، ئەمانە هەموو بۆ تۆزێ رزقی قوزەڵقورت کە بەر دەستت کەوێ. ئێستە ئەمانە هیچی مەکە، ئا ئەو پشیلەیە -کە چاوت لێیە- دوو بست لێتەوە دوور نییە بچۆ موویەک لە سمێلی بکەرەوەو ئەمە حەو بار گەنمە لە کرییا بۆ خۆت وەری بگرە تا ماویت پێوە ئەژیت و ئیتر بۆ کوێرەوەری ژیان تووشی هیچ دەردیسەرێکیتر نابیت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مشکەکە تۆزی ڕاما و پاشان سەری بەرز کردەوە وتی: «بە ڕاستی کرییەکە کریی چاکە، بەڵام ڕێگەکەی زۆر بقەیە».

- لە قسەی کوردانەیە ئەڵێ: ڕێویەکی کوێستان تووشی ڕێویەکی گەرمیان بوو لێی پرسی ئەوە تۆ لەو گەرمیانە چی ئەخۆی؟ وتی: مۆز ئەخۆم، پرتەقاڵ ئەخۆم، خورما ئەخۆم، نارنج ئەخۆم، هەر شتێک خۆش بێ ئەوە ئەخۆم.
ئەمجا ڕێوی گەرمیان لە هی کوێستانی پرسی ئەی تۆ لەو وڵاتی خۆتان چی ئەخۆی؟ وتی: «ئاگات لێ نیە من شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، شەکرە، بەڕوو ئەخۆم». ئەڵێ ڕێوی گەرمیان ئاو زاییە دەمی و لە تاوانا سوێ بووەوە مردار بووەوە.
- پادشایەک تووشی نەخۆشی بووبوو بە هیچ چار نەئەکرا. لە ئەنجاما پێیان وت: کراسی پیاوێکی بەختیار لەبەرکەی لە نەخۆشیەکەت ڕزگارت ئەبی.
ئەویش هەستا کەوتە وڵاتان بۆ دۆزینەوەی پیاوێکی بەختیار؛ هەر دەستی نەکەوت هەتا ڕۆژێک لە دەشتێکا سەیر ئەکا وا کابرایەکی شوان لە سەر شاخێک بە لای مەڕەکانیەوە دانیشتووە، گاڵۆکەکەی کردووە بە مەچەکیا و «بلوێر»لێ ئەدا بۆ مەڕەکانی. دنیای بە لاوە وەکو کا و با وایە.
پادشا وتی بەختیار ئەگەر ببێ ئەمەیە. هەستا چوو بە لایەوە لێ پرسی مامەی شوانە کەس شک ئەبەی لە خۆت بەختیارتر و کامەرانتر بێ؟
وتی ئەگەر بەختیار هەبێ هەر منم. وتی کەواتە کراسەکەتم بەرێ لە بەرێ کەم. وتی: «جا ئەگەر کراسم هەبوایە لە کوێ بەختیار ئەبووم».

- کابرایەک لەو دەشتە سەیری کرد وا کەللە سەرێک کەوتووەو هەر هەڵئەخاتەوە ئەڵێ: «ئەگەر زمان بوەستێ سەر سەلامەتە». ئەمەی بە لایەوە زۆر سەیر بوو، کە گەڕایەوە ناو شار وتی: کوڕینە! من ئیمڕۆ لەو دەشتە شتێکی سەیرم چاوپێکەوت. تەماشا ئەکەم کەللە سەرێکی بێ لەشی ئادەمیزاد هەر هەڵئەخاتەوەو ئەڵێ: «ئەگەر زمان بوەستێ سەر سەلامەتە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


وتیان کورە شتی وا چۆن ئەبێ؟ خەبەر گەیشت بە پادشا و پادشا ناردی بە شوێنیاو لێ پرسی. کابرا لای ئەویش بەو جۆرە گێڕایەوە. پادشا وتی ئەگەر وا نەبوو چۆن؟ وتی ئەوا کەللە سەرەکە لەو دەشتە کەوتووە با بچین، ئەگەر وا نەبوو لە سەرم بدە.

پیاوی خستە تەکی و چوون. کە ڕۆیشتن سەیر ئەکەن بەڵێ کەللە سەرێکی ئادەمیزاد بە بێ لەش کەوتووە، بەڵام قسەو شتە ناکا. ئەمجا لە کابرا ئاڵان وتیان خاوەنی ئەم سەرە تۆ کوشتووتە ئەبێ بکوژێتەوە لە باتی. هەر چەندە هاواری کرد هیچ دادێکی نەگەیاند. بە فەرمانی پادشا دایان لە سەری کابرا و سەریان پەڕان.

پاش ئەوە کە کابرایان سەربڕی، کەللە سەرەکە کەوتەوە هەڵخستنەوەو دەستی پێکردەوە: «ئەگەر زمان بوەستێ سەر سەلامەتە».

- لە «نەزانی»یان پرسی کەس و کارو عەشیرەتت کێیە؟ وتی: من خۆم ناوم شەڕە، باوکم ناوی جەورەو دایکم ناوی گوناح. براکەم زۆرداری خوشکەکەم دوو بەرەکی، حەسادەت مامەو زەبوونی خاڵمە. هەژاری کوڕمەو تەمەڵی و بێ کارەیی کچم. وێرانەو وێرانی نیشتمانمەو خزم و کەس و کاریشم دیلی و ژێر دەستەیی و پیشەم خزمەت کردنی دوژمن و سەرمایەشم دەرد و ئازارە. هاتوو چۆ کردنم کوشتن و برین و ماڵیشم تاریکییە. خۆراکم پاشماوەی خەڵک و خەوم بێ هۆشییە. بێداریم مردن، ڕۆژم ڕەشی، شەوم بەندییە. دراو و پارەم کیسەی ستەمکارانە، ئەگەر بمداتێ پیاوێکی نان بدەو سەخییە ئەگەر نەشی دا پیاوێکی عادل و بەدادە؛ دیارە منیش بەندەی ئەو کەسانەم.

- ئەڵێ ساڵێک لە «قرژاڵ»یان پرسی ئەوە تۆ چۆن دوو سەر و چوار چاو و دوو دەمت هەیە، بە هەر دوو بارا ئەچی بە ڕێگاداو لە هەر دوو سەریشەوە گاز ئەگریت؟ وتی: «برا ئەوە ئێوە نایزانن، من لێم دێت ئێوە لێتان نایە. من پێم ئەکەوێ ئێوە پێتان ناکەوێ».

- ئەڵێ: سەگ کە ڕوو ئەکاتەگورگ ئەوە ڕێ و ئەترێ. لێیان پرسی: وەڕینت لەچی و ترینت بۆچی؟ وتی: «کە ئەوەڕم گورگ ئەترسێنم کە ئەتڕم خۆم ئەترسم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- ئەڵێ جارێک گورگ وتی تۆبە ئەکەم و ئیتر بەسە ئەم دڕەندەیی و ئازار گەیاندنە بە خەڵک، با ڕێگەی حەج بگرمە بەرو پاش حەجەکە لە گۆشەیەک بۆ خۆم دانیشم خەریکی خوا پەرەستی بم تا خوا ئەم ئەمانەتەم لێ وەر ئەگرێتەوە.

لێی دا وردە وردە بەڕێ کەوت و ڕۆیشت. برسیەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بێ هێزتری ئەکا وای لێ هات لاکەی ئەهات لە برسانا.

ڕۆژێک لە دوورەوە ئێسترە گەڕێکی بەرچاو کەوت کە بەرەڵا کرابوو. وتی: خوا لە وەختی تەنگ و چەڵەمەدا حەرامی حەلاڵ کردووە، من ئەوەتا لە برسانا ئەمرم، با تۆبەشم کردبێ و بۆ حەجیش بچم بۆم حەلاڵە بچم ئەم ئێسترە بخۆم. چونکە ئەگەر نەیخۆم ئەمرم و پەکی عبادەت و خواناسیەکەم ئەکەوێ.

چوو بەلای ئێسترە کەوتووەکەو خۆی لێخۆش کرد. ئێستر پێی وت: مام گورگ ئەوە ئۆغربێ وا لەم دەشتەدا وردە وردە ئەڕۆیت و هاتویت بەلای منەوە؟ وتی: وەڵڵا ئۆغرت خێر بێ! ئەمەوێ بچم بۆ حەج، بەڵام زۆرم برسی بوو بە شەرع بۆم حەلاڵە تۆ بخۆم و هاتووم بتخۆم و پاشان بڕۆم.

ئێستر وتی یا خوا بەخێر بێت و خوا حەجت قەبوول بکا! بە ڕاستی منیش لەم ژیانە وەڕەز بووم ئەمەوێ ڕزگار ببم، بەڵام مام گورگ خۆت ئەزانی گەلێ حەدیس و ئایەت لە سەر ئەوە هەیە کە ئەگەر گیاندارێک سەر بڕا بە جۆرێک سەری ببرن کە زوو گیانی دەرچێ، ئێستە منیش وەختی خۆی کە ناڵ کراوم بزمارێک لە وەختی ناڵەکەدا چووە بە گۆشتەکەدا زۆر ئازارم ئەدا تۆ لەو لاوە بمخۆی و لەم لاشەوە ئەو ئازارەم هەبێ ئەمە پێچەوانەی ئەو خواناسیەیە کە تۆ گرتووتە بەر. ئەگەر بەزەحمەتی نەزانی لە پێشا ئەو بزمارە دەرێنی و پاشان بە شێنەیی بمخۆی زۆر خێرت ئەگا.

مام گورگ وتی ڕاست ئەکەی کامە تا بۆت دەرێنم. ئێستر قاچی بەرز کردەوە پیشانی دا، مام گورگ بە وەستایی لموزی بۆ درێژ کرد کە دەری بێنێ، لەو کاتەدا ئێسترەکە لەقەیەکی مالی بە دەم و لموزی گورگەکەدا هەموو دانەکانی کەوتنە خوارەوەو لەوێ بە بێ هۆشی کەوت و ئێستریش لێی دا ڕۆیشت.

پاشان کە هاتەوە هۆش خۆی و سەیری حاڵ و باڵی خۆیی کرد، ڕووی کردە خۆی و بە خۆی وت: «ئاخر خوا بتگرێ گورگ، تۆ باوکت ناڵبەند بوو، باپیرت ناڵبەند بوو تۆ چی و ناڵبەندی چی! دەبیخۆ ئەوە دەردت بێ!»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


– ئەڵێ لەو ولاتە لە بێشەیەکا شێرێکی لێ بوو هەموو گیانلەبەر و درەندەکان لێی ئەترسان بە تایبەتی دەستەی «چەقەڵ» زراویان لێ چوو بوو. رۆژێ ئەم چەقەڵانە کۆ بوونەوە کە بەڵکوو چارێک بۆ خۆیان بدۆزنەوەو لە دەست ئەم شێرە رزگاریان بێ.

چەقەڵێکی زۆر پیری کۆنەساڵ هەبوو وتی: چار ئاسانە ئەگەر ئێوە بتوانن ئەوەی من ئەیڵێم بیکەن. وتیان فەرموو هەر شتێک بڵێیت ئەیکەین. وتی: من ئەمە چەند ساڵە تووکی کلکم هەر هەڵوەریوەو لە کونەکەما ماوەتەوە. پەنا بەرنە بەر «گۆرەویلە»ئەو تووکەتان بۆ برێسێ و بیهێننەوە من لە سەر رێگەی شێرەکەدا ئەیکەم بە داو و بۆی ئەنێمەوە پێوە ئەبێ و ئەو وەختە هەموومان رزگارمان ئەبێ لە دەستی.

ئەمجا وەکوو ئەو وتی وایان کرد و بۆیان کرد بە بەن و گوریس و ئەویش چوو لە رێگەی شێرەکەدا داوێکی نایەوە. شێرەکە بە نەڕە نەڕ و گرمە گرم بەوێدا تێپەڕی و هەر دوو دەستی لە ناکاو بوو بە داوەکەوە. نەختێ هێزی دایە خۆیی و ویستی گوڕ ببەستێتەوە بۆ پچڕینی، کەچی هەر دوو قاچیشی پێوە بوو، ئیتر بە جارێ پرزەی لێ براو رۆژ بە رۆژ هەتا ئەهات لاوازتر و بێهێزتر ئەبوو گیانێکی تیا مابوو یا نەمابوو.

رۆژێک مشکێک بەوێدا تێپەڕی سەیری شێرەکەی کرد. شێرەی بەو جۆرە دی سەری سڕما و چوو بە لایەوە وتی: ها شای گیانلەبەران! خێرە وا بەم جۆرە لێرەدا کەوتوی؟ وتی: بڵێم چی ئەمەیە کە ئەمبینی بەسراوەمەتەوەو پەلو پۆم براوە. مشکە وتی ئاسانە ئەگەر بفەرمووی من هەر ئێستە رزگارت ئەکەم. شێرە وتی: جا چی لەوە چاکتر هەیە؟

مشک تێکەوت ئەوەندەی کەفرە کوونی هەموو کەمەندی داوەکەی خێرا بە دان قرتان و شێرە رزگاری بووەو شێر هەستایەوەو خۆی تەکان و لێیدا ڕۆیشت و مالاوایی لە مشک کرد.

مشکەکە کە سەیری کرد شێرەکە ملی رێگەیەکی گرتوە کە ئەو رێگەیە لە بێشەکە دەرئەچێ. کەوتە شوێنی و پێیوت شای درەندەکان! ئەوە بۆ کوێ ئۆغر ئەکەی؟ وتی: وەڵلا لەم بێشەیە ئەچمە دەرەوەو ئەم شوێنە بە جێ دێڵم. وتی: ئاخر تۆ چۆن ئەم شوێنە بە جێ دێڵی؟ ئەم جێگایە نیشتمان و ولاتی خۆت و باو باپیرت بووە، ئێستە چۆن دڵت دێت بە جێی بێڵی؟ شێرە وتی: «وازم لێ بێنە گوو ئەکەمە ئەو ولات و نیشتمانە کە چەقەڵ بمگرێت و مشک بەرەڵام کا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- ئەڵێ کابرایەک لەو بەر کێوە چەند مریشکێک ئەخاتە سەبەتەیەکەوە ئەیبا بۆ شار بیفرۆشێ؛ ئەیخاتە سەر گوێدرێژێک و بەڕێ ئەکەوێ. ئەگاتە پێچەکانی «تەلان»، سەیر ئەکا وا ڕێویەکی تۆپیو ڕاست لە چەقی ڕێگەکەدا کەوتووە. نووکە شەقێکی لێ ئەداو گوێ ناداتێ ئەڕوا؛ مەگەر ئەم ڕێویە نەتۆپیوە بە فێڵ وای لە خۆی کردووە.

کابرا زۆر ناڕوا ئەگاتە پێچێکی‌تر تا ئەو ئەگاتە ئەوێ ڕێوی بە قەڵەمبازێک لە کلکەی لووتکەکەوە خۆی ئەگەیەنێتە بەردەمی، لەویشا خۆی ئەکا بە تۆپیو. کابرا کە سەیری ئەمەش ئەکا پەشیمان ئەبێتەوە بۆ ئەویکە کە بۆچی هەڵی نەگرتووە لەگەڵ ئەمەدا ئەبێ بە دوو ڕێوی و ئەیبا لە شار پێستەکەیان ئەفرۆشێ پارەیەکی چاک ئەکا.

ولاغ و مریشکەکان لەوێ بە جێ دێڵی و ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێویەکەی‌تر. هەر کە ئەو پشت هەڵئەکا ڕێوی ڕاست ئەبێتەوە ئەنیشێتە ناو مریشکەکان قیژ و هۆڕ ملی چەند مریشکێک ئەشکێنێ و ئەیبا.

کابرا کە ئەچێتە سەر وەخت ڕێویەکەی‌ترەوە سەیر ئەکا ڕێوی نەماوە. ئەگەڕێتەوە دواوە، تەماشا ئەکا ئەم ڕێویەکەی‌تریش نەماوە؟

دەست لەگونان بەرەوژێرتر ئەچێ بە لای مریشکەکانیەوە تەماشا ئەکا مریشکەکانیش چەند دانەیەکیان نەماوە. ئەمجا تێ ئەگا کە ئەم ڕێویە قومار بازە فێڵی لێ کردووە.

- کابرایەک مامشی هەبوو مام وسووی ناو بوو. کیژێکی زۆر جوانی هەبوو هەر کەس ئەهات نەی ئەدایە ئەیوت من ئەم کیژەم نە بە ژنی ئەدەم نە بە ماڵی دنیای ئەدەم. پرسیارێکم هەیە، هەر کەس وەڵامم بداتەوە ئەیدەم بەو کەسە. پرسیارەکەش ئەوە بوو ئەیوت: «ئاو کاتێ کە ئەیکەنە مەنجەڵ و ئەیخەنە سەر ئاگر دەست ئەکا بە قوڵتەقوڵت و کزەکز ئەڵێ چی؟»

هەر کەس کە ئەهات داوای کچەکەی ئەکرد ئەم پرسیارەی لێ ئەکرد ئەویش نەیئەزانی وەڵام بداتەوە بۆ خۆی ئەچووە دواوە.

هەر لەو دەورە لە گوندی «سیساوێ» پیاوێکی تر هەبوو مام هۆمەری ناو بوو، کوڕێکی هەبوو «پیرۆت»ی ناو بوو. پیرۆت زۆر لاوچاک بوو دڵی لە کچی مام وسوو سەندبوو ئەویش دڵی بە کچەوە بوو بەڵام نەیئەتوانی بچێ داوای بکا، چونکە وەڵامی پرسیارەکەی نەئەزانی. ڕۆژێک چووە بن دەستی کچەکەوە پێی وت: ئەگەر تۆ منت ئەوێ، بەڵکوو ئیشێکی وا بکەی ئەو وەڵامە بە باوکت دەرخەی و بە من بڵێیت. کچەکە وتی باشە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کچە دەستی کرد بە خزمەتکردنی باوکی. خزمەتێکی وا کە بە جارێ دڵی باوکی سەند و باوکی هەموو دوعای خێری بۆ ئەکرد. رۆژێک کچەکە وتی بابە ئەگەر تۆ منت خۆش ئەوێ ئەو وەلامە چییە وا هەر کەس دێت داوای من ئەکا و تۆ پرسیارێکی لێ ئەکەی و ئەو نازانێ وەلام بداتەوە. باوکە وتی: کچم لەوە گەڕێ داوای هەر شتێکی‌تر ئەکەی بکە داوای ئەوە مەکە. کچە ماوەیەک لێگەڕا و دیسان هەم داوای لێکردەوە تا لە ئەنجاما پێی دەرخست وتی: «کچم ئەوە ئەو ئاوە ئەڵێ هەرشتێ کە کردم خۆم بە خۆمم کرد؛ ئەگەر من نەچوومایە ئاوی ئەو خەڵفە دارانەم نەدایە وا بەو جۆرە گەورە نە ئەبوون و پاشان نە ئەهاتن ببن بە ئاگرو کسپە لە جەرگمەوە بێنن».

کچە چوو ئەم وەلامەی بە پیرۆتی دەزگیرانی وت. لەپاش ماوەیەک پیرۆت بە باوکی وت: کە بچێت داوای کیژەی لە مام وسوو بۆ بکا. باوکی وتی: جا رۆڵە مام وسوو دیارە کیژ بە کێ ئەدا؛ بەو کەسەی ئەدا کە وەلامی پرسیاری بداتەوە وتی تۆ بچۆ ئەگەر ئەو مەرجەی گرت بڵێ کوڕەکەم وەلامت ئەداتەوە.

بە ناچاری مام هۆمەر چووە لای مام وسوو وتی ئەبێ پیرۆتی کوڕم بکەی بە کوڕی خۆت. مام وسوویش وتی: مام هۆمەر تۆ خۆت ئەزانی من تەمای دنیام نییە کچە بەو کەسە ئەدەم کە وەلامی پرسیارەکەم بداتەوە. مام هۆمەر وتی پیرۆت دێت پرسیاری خۆتی لێ بکە، ئەگەر وەلامی دایتەوە کیژەکەی بدەرێ ئەگەر نەیدایتەوە هیچ. مام وسوو وتی باشە.

مام هۆمەر پیرۆتی کوڕی نارد. مام وسوو وتی: «رۆڵە تۆ کیژی منت ئەوێ ئەبێ وەلامی پرسیارم بدەیتەوە، پیرۆتیش وتی: مام وسوو پرسیار بکە. مام وسوو وتی: «رۆڵە ئاو کاتێ کە ئەیکەنە مەنجەڵ و ئەیخەنە سەر ئاگر دەست ئەکا بە قوڵتە قوڵت و کزەکز ئەوە ئەڵێ چی؟» پیرۆت وتی: «مامە ئەوە ئەڵێ هەر شتێ کە کردم خۆم بە خۆمم کرد؛ ئەگەر من نەچوومایە ئاوی ئەو خەڵفە دارانەم نەدایە وا بەو جۆرە گەورە نەئەبوون و پاشان نەئەهاتن ببن بە ئاگر و کسپە لە جەرگمەوە بێنن».

مام وسوو کە ئەمەی گوێ لێ بوو وتی: «هەر شتێ کە کردم خۆم بە خۆمم کرد ئەگەر من بە کیژەکەم نەوتایەو ئەو بە تۆی نەوتایە وا ئێستە کیژەکەم لە دەست نەئەبووەوە». ناردی مەلایان هێنا و کچەکەیان لە پیرۆت مارە کرد.

- لە قسەی گوێ ئاگردانی کوردانەیە ئەڵێ: بینایی‌چاوان عینسان و سەگ، و کەر و مەیموونی کۆ کردەوە وتی عومرتان ئەدەمێ یەکی چەندتان ئەوێ؟ وتیان بینایی‌چاوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەیفی خۆتە چەندمان ئەدەیتێ بە زیاد بێ. رووی کردە عینسان فەرمووی سی ساڵ باشە؟ عەرزی کرد کەیفی خۆتە بە زیاد بێ. رووی کردە سەگ وتی بۆ تۆیش سی ساڵ بەسە؟ سەگ عەرزی کرد بینایی‌چاوان سی ساڵ بۆ من زۆرە لە تواناما نییە سی ساڵ پاس و حەپە حەپ بکەم؛ دە ساڵ بەسە بینایی چاوان. رووی کردە ئەوانی‌تر فەرمووی کێ بیست ساڵەکەی تر هەڵ ئەگرێ؟ عینسان دەستی دا بە سنگیا و وتی من.

ئەمجا رووی کردە کەر و فەرمووی تۆش سی ساڵت بەسە؟ عەرزی کرد بینایی‌چاوان من لە کوێ توانای ئەوەم هەیە سی ساڵ پشتم لە ژێر بار بێت؟ منیش دە ساڵم بەسە. رووی کردە ئەوانی‌تر فەرمووی کێتان بیست ساڵەکەیتان ئەوێ؟ هەر گورج عینسان هاتە زمان وتی: بینایی‌چاوان خۆم. پاش ئەوە رووی کردە مەیموون و فەرمووی: ئەی تۆ سی ساڵت بەس نییە؟ عەرزی کرد بینایی‌چاوان سەر و فەساڵێکی زۆر جوانت نەداومەتێ تا دڵم بە خۆم خۆش بێ، هەرکە چاوی پێم ئەکەوێ پێم ئەکەنێ؛ کەواتە هەر دەساڵ ئەتوانم ببم بە رشخەنگای مەردم. بە زیاد بێ لەوە زیاترم ناوێ.

ئەمجا بە بێ ئەوە لە ئادەمیزاد بپرسی یا نەپرسی هەر خێرا عینسان هاتە قسەو عەرزی کرد بینایی‌چاوان بیست ساڵە زیادەکەی ئەویش هەر بدە بە من. بینایی‌چاوان ئەو بیست ساڵەی مەیمونیشی دایە ئەوا بەم جۆرە ئادەمیزاد نەوەد ساڵێ عومری پەیدا کرد، بەڵام چۆن نەوەد ساڵێک؟

نەوەد ساڵێکە وا کە سی ساڵێ هی خۆی بوەو لەو سی ساڵەدا وەکو نووستوو وایە. لە سییەوە تا پەنجا ئەو بیست ساڵەی هەر خەریکی هەڵپە کردنەو بەم لاو بەو لادا پەلامار ئەدا بۆ شت پەیدا کردن و بۆ پاس کردن. لە پەنجاوە تا حەفتا ئەو بیست ساڵەشی وای لێ دێ ئەبێ بە ژێر باری ماڵ و مناڵ و ئەرکی بەرێوە بردنی ئەوانەوە. لە حەفتاوە تا نەوەد ئەو بیست ساڵەش کە هی مەیمونەکەیەو وەریگرتووە؛ لە بەر ئەوە کە لەش و لاری تێک ئەچێ و دەم و چاوی چرچ و لۆچی تێ ئەکەوێ و پشتی کۆم ئەبێتەوەو هیچی بە سەر هیچەوە نامێنێ. وەکو مەیمونەکە ئەبێ بە رشخنگای خەڵک. جا برام تۆ تەماشای خۆت بکە بزانە ئێستە کام یەک لەو گێجانەت وەرگرتووە؟

– لە قسەی گوێ ئاگردانی کوردانەیە ئەڵێ: کابرایەک هەبوو لەو سەرە گەڵێ قسەو زمانی ئەزانی. یەکێکی‌تریش هەبوو هیچی نەئەزانی. نەزانەکە چووە لای زاناکە پێی وت قسەیەکم فێرکە. ئەویش وتی نازانم. وتی پیاوەتیت بێ تۆ فرە ئەزانی شتێکم فێرکە. وتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



من بە خۆڕایی شت فێری کەس ناکەم. وتی چیت ئەوێ، ئەتدەمێ قسەیەکم فێرکە. وتی باشە قسەیەکت فێر ئەکەم بە گانێک. وتی پیاوەتیت بێ شتی وا چۆن ئەبێ؟ وتی هەر ئەوەیە ناچار کابرا رازی بوو ئەویش پێوە نیشت و لێ بوەوە. وتی دەی قسەیەکم فێرکە. وتی: «بڕۆ هەتا ماوی بڵێ ئای قنگم».

- هەر لە قسەی گوێ ئاگردانی کوردیە کە زیندەوەری‌تر قسەی هەیە ئەڵێ:

لەو دەشتی لاجانە حوشترێک لێ کەوتبوو چوو بووە دەریای ئەندێشەو کاوێژەوە. لە دواوە کۆمی وەکو لاشە گۆشتێکی زلی سوور دەرپەڕیبوو. ڕێوییەک بەو ناوەدا تێپەڕی سەیری کرد وا ئەم لاشە گۆشتە سوورە جوانە لەو دەشتەدا بە بێ خاوەن کەوتووە. سووری کۆگا گۆشت، حوشترەکەی نەهێنایە بەر چاوی. چوو پەلاماری داو چەمۆڵەی بۆ درێژ کرد. هەر کە چەمۆڵەی گەیشت بە قنگی حوشتر حوشتر راچەنی و راست بووەوە. دەستی ڕێوی ترنجایە ناو قنگی حوشتر و خۆیشی بە دوای حوشترەکەدا شۆڕ بووەو دەستی کرد بە ڕۆیشتن.

لەو کاتەدا چەقەڵێک بە لایانا تێئەپەڕی سەیری ڕێوییەکەی کرد ئەم دیمەنەی بە لاوە سەیر بوو وتی: ها مام ڕێوی خێرە ئەمە چییە؟ بۆچ وات لێ هاتووە؟ وتی: قوربان خزمەتکاری ئەم نەجیمەین و لە پشتیەوە ئەڕۆین. وتی: جا ئێستە چاوەڕێی چیت؟ وتی: هیچ؛ چاوەڕێی ترێکی ئەم خاس خوایەین».

- لە قسەی گوێ ئاگردانی کوردیە ئەڵێ: جارێک مشکەکان کۆ بوونەوەو وتیان ئەمە چ حالێکە ئێمە هەمانە بە دەست پشیلەوە؟ ئەگەر ئێمە هەزارێک بین هەر لە گەڵ پشیلەیەکمان لێ پەیدا بوو بەو لاو بەم لادا لاڵ و پاڵ لێمان ئەخا و هیچمان لە گەڵی پێ ناکرێ با ئیشێکی وا بکەین بەڵکو تۆزێ لە خەمی رزگار ببین. لەو ڕووەوە هەر یەکەیان قسەیەکی ئەکرد و هەر کەسەیان راوێژێکی ئەکرد. لە ئەنجاما هاتنە سەر ئەوە وتیان بێنین زەنگێک بکەینە مل پشیلە، هەر کە جوولایەوەو ویستی بێت بە لامانا زەنگەکە دەنگی دێت و ئەو وەختە هەر یەکە بە لایەکا را ئەکەین. هەموو ئەو قسەیەیان پەسند کرد و وتیان قسەی چاکەو لە سەر ئەمە بڕیاریان داو وتیان ئیتر لە بەلای بێوەی ئەبین. لە سەر ئەمە مانەوە تەنها مایەوە سەر ئەوە کە کێ بچێت ئەم زەنگە بکاتە مل پشیلە. کە گەیشتە ئێرە، هەموو ئاش بەتالیان لێ کردو بلاو بوونەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– ئەڵێ کابرایەکی گولەکەی بێ فەڕە لەو ولاتی «شنۆ»یە بۆی لوا بوو خۆی کردبوو بە پاشا. پیشۆکی ئەو ولاتە نە کەس هەبوو قسە لە روویا بکا نە کەس ئەیوێرا پێی بلێ لای چاوت کلی پێوەیە؛ بە کورتی بکوژ و ببڕ هەر بوو بوو بە خۆی. ئەمەش لە بەر ئەوە بوو کە ئەو خەلکە وایان ئەزانی ئەمە لە لایەن خواوە هاتووەو هەموو کەس ئەبێ ملی بۆ دانەوێنێ.

رۆژێ لە رۆژان پیاوێکی «بێتووشی»ئەچێتە ئەوێ بەناوبانگی ئەم کابرایەوە تەماشا دەکا ئەم کابرایە کابرا گولەکەی ولاتی ئەوانە وا لێرە بووە بە قەشەم شا. لێی ئەکا بە هەرا و بە خەلکەکە ئەلێ کە ئەمە هیچ نیەو لە لای ئێمە شیاکەشی پێ ناڕێژن. ئەمجا دەریئەکەن و هەر شتێکی دەست کەوتبوو ئەوەشی لێ ئەستێننەوە. بەلام کابرا کە زانی ئەگەر لە سەری بڕوا خراپتر ئەبێ شڕوشاتالی خۆی پێچایەوەو وتی:

«تا کە هاتم بوو هەر هاتهاتم بوو ئێستە نەهاتمە قسەی بێتووشی بۆ نەهاتم بوو»

## گەنجی درەخشان

– کابرایەک هەبوو «حاجیالی»ناو بوو. خەلکی ئەو ولاتی بالەکایەتیە بوو. هەژار کەوتبوو بە هەژاری کەوتبووە سابلاغ. بە ئێواران ئەچوو لە مزگەوتەکانا دەستەسڕێکی رائەخست و بە دیاریەوە دائەنیشت بۆ ئەوەی شتێکی بۆ بخەنە سەر. لە ئاخرا فێر بووبوو بە مزگەوتی سوور هەموو نوێژی شێوانێ ئەچوە ئەوێ دەستەسڕەکەی رائەخست و لە بەر خۆیەوە ئەیوت: «حاجیالیمە، بالەکیمە، ژن مریمە، پەک کەتیمە، یەکێ بە خێرا بابی پیرەداکێ، پیرخوشکێکی هەبێ وێم دا حەو پشتی دەچێتە بەحەشتێ».

– کابرایەک هەبوو «باوەنوور»ی ناو بوو. قەرزاری کابرایەکی شاری بوو. کابرا هەر چەند هاواری ئەکرد، باوەنوور هیچی نەبوو پێی بداتەوە. لە ئاخرا رۆژێ لە کەلەبەرێکا بە گیری هێنا و راپێچی دا. باوەنوور وتی: بابە بۆ نیوەڕۆ وەرە بۆ مالەوە پارەکەم بۆ داناوی ئەتدەمێ.

باوەنوور چووەوە بۆ مالەوە بەلام زۆر بە پەرۆش بوو. ژنەکەی لێی پرسی بۆچ وا دۆش دایبردووی؟ وتی: وازم لێ بێنە قەرزاری کاورای شاریم بە گیری هێنام و وتم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


پارەکەتم لە ماڵەوە داناوە وەرە بۆی. ئێستا نیوەڕۆ ئەو دێت و هیچم نیە بیدەمێ، نازانم چی بکەم؟ ژنەکە وتی خەمت نەبێ، کە هات من پێی ئەدەمەوە. کابرا وتی چۆن؟ تۆ لە کوێت بوو؟ وتی تۆ کارت نەبێ کە ئەو هات تۆ خۆت مەخەرە بەرچاوی، من بۆی جێ بە جێ ئەکەم.

کابرای شاری بۆ نیوەڕۆ چوو بۆ ماڵی باوەنوور و لە بەر قاپی وەستا و داوای باوەنووری کرد. ژنە لە پێش ئەوەدا کە کابرا بێت هەندێ دڕک و داڵی لە بەر قاپیەکەی خۆیانا دانابوو ئەنجا چوو بە پێشوازی کابرا وتی ها برا چیە؟ کابرا وتی قەرزم لای باوەنوورەو بۆی هاتووم. ژنە وتی: بە خێر بێی هەقەکەت لای منە، من ئەتدەمێ. کابرا زۆری پێخۆش بوو وتی: دەبێنە. وتی: ئەو دڕکانە ئەبینی لە بەر قاپیەکە؟ وتی بەڵێ وتی قەرزەکەت بەو دڕکانەوەیە. وتی چۆن؟ وتی: «ئەوە ئەو دڕکانەم لەوێ داناوە بەیانی و ئێواران رانی ئاوایی بەوێدا دێت و ئەڕوا خوریەکانیان ئەبێ بە دڕکەوە، من لێی ئەکەمەوەو ئەیشۆمەوەو ئەیڕێسم و ئەیکەم بە جاجم؛ ئەیبەمە بازاڕ و ئەیفرۆشم و ئەیدەم بە پارە ئەیدەمەوە لە باتی قەرزەکەت».

کابرا ئەم کەین و بەینەی زۆر بە لاوە سەیر بوو دەستی کرد بە پێکەنین. باوەنوور لە سەر بانەوە خۆی شاردبووەوە، کە گوێی لە دەنگی پێکەنینەکەی بوو ملێکی لار کردەوەو سەیرێکی کابرای کرد وتی: «ها سەیرکە کە هەقەکەی خۆی دەستکەوتووتەوە لە خۆشیانا پێئەکەنێ».

- کابرایەکی وردە شاتری هەبوو «گونە»یان پێ ئەوت. رۆژێک تووشی کابرایەکی خێڵەکەی خۆیان بوو پێی وت ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ وتی ئەچم بۆ خزمەتی شێخ. وتی: «بم وە ساقەت پێی! بێژە نووشتەیەکم بۆ بنێرێ، رۆحم وە فیای وێ! لەو نوشتانە کە خوا وە زەمیلە بۆی ناردگەسە خوارەوە».

- وەختی خۆی پیاوێکی تورکمان هەبوو لە کفری ناوی موسا بوو. سەر بە جەمیل بەگی بابان بوو. بابانەکان و جافەکان تۆزە ناکۆکیەک هەبوو لە بەینیانا. داود بەگی جاف مووسا ئەگرێ و تیر و پری لێ ئەدا و ئەشیەوێ بیخاتە ناو سیروانەوە، خەڵکوخوا لێی ئەپاڕێنەوەو نایەڵن و کابرا ئەگەڕێتەوە بۆ لای جەمیل بەگ و کارەساتەکەی تێ ئەگەیەنێ. جەمیل بەگ گلە ئەنێرێ بۆ کەریم بەگی فەتاح بەگ، کە برا گەورەی داود بەگ بوو، وە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەڵێ بۆچی لە پیاوەکەمیان داوە؟ کەریم بەگیش وەڵام ئەنێرێتەوە بۆ جەمیل بەگ و ئەڵێ: «بابە ئێمە لە مووسامان داوە، کە تورکمانەو سەر بە ئێوەیە، ئێوەش بچن لە کفری لە باتی هەقەکەی خۆتان لە مەردان بدەن، کە ئەویش تورکمانەو سەر بە ئێمەیە».

- کابرایەکی جافی میروەیسی ئەچێتە کفری. کە ئەچێتە ماڵەوە خانەخوێکەی ئاوی بۆ دێنن ئەیخۆاتەوە سارد و خۆش ئەبێ. ئەپرسی ئەمە چیە وا ساردە؟ ئەڵێن ئاوی شەربەیە. ئەویش کە ئەچێتە بازاڕ و شەربەیەک ئەکڕێ و پڕی ئەکا لە ئاو لە گەڵ خۆی ئەیهێنێتەوە بۆ ماڵی خانەخوێکەی. شەوی هەڵئەستی ئاوی لێ بخواتەوە کە ئەبینێ بە سەرەوە قوڵتە قوڵتی دێ. ئەڵێ: «ئەی گوی تۆی لێنەوارێ خۆ بە تورکی خەریکە جمێنم ئەداتێ. ئا تۆ لێمگەڕێ تا رۆژ ئەوێتەوە ئێستەی لقاوی ئەم ماڵەم لە دەمایەو لە بەر ئەم ماڵە دەنگ ناکەم، سوەی توێ بترێنم وە ریشی باوکتا. دەوێت باوک با ئێستە تۆ ئەم جمێنانەت داوێ». بەیانی کە لە شار دەر ئەچێ ئەیشکێنێ و ئەڵێ: «دە برۆ دەوێت باوک ئاوات لێ ئەکەم جمێن ئەدەیتێ».

- دەرویش ئەحمەد هەبوو خەڵکی سولەیمانی بوو. لە زەمانی تورکدا لە لەشکری جەمال‌پاشای‌سەفاحدا عەسکەر بوو. ریش و پەشمێکی بەردابووەوە. رۆژێک جەمال پاشا تەفتیشی عەسکەرەکان ئەکا ئەگاتە لای دەرویش ئەحمەد کە لە ریزی سەفەکەدایە. ئەوەستێ و دەست ئەبا بۆ ریشی دەرویش ئەحمەد و ئەڵێ: «ئەمە چییە؟» ئەویش دەست بەرز ئەکاتەوە سەلامی بۆ بگرێ کوتوپڕ دەستەیە قاقەزی قومار لە باخەڵی ئەکەوێتە خوارەوە ئەپەشۆکێ و ئەیەوێ قاقەز هەڵگرێتەوە کە دانوێتەوە قاپێ عەرەقیش هەر لە باخەڵیا ئەبێ، ئەویشی لێ ئەکەوێتە خوارەوە. کە جەمال پاشا ئەمە ئەبینێ واقی وڕ ئەمێنێ و ئەڕوا.

- کابرایەکی «جەباری» دنیا زستان ئەبێ لە گەڵ کاروانا دێت بۆ کەرکووک. بەیانی ئەگەنە «تەپەلوو». بە کاروانەکە ئەڵێ: ئێوە بڕۆن تا من نوێژەکەی بەیانیم ئەکەم و پێتان ئەگەم.

ئاوی «تەپەلوو» بەچکە رووبارێکە سەرچاوەکەی لە قەرەحەسەنەوە دێت تا ئەگاتە ئەوێ زۆر دوورە هەر هەوا لێی ئەداو زۆر سارد ئەبێ. کابرا ئەچێتە سەر ئاوەکە تارەت بگرێ. دنیا ساردە ئاو بووە بە تەختە. کە ئاو هەڵئەگرێ و ئەیدا بە خۆیەوە، خۆی لە بەریا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


راناگرێ و هەڵ ئەبلۆقێتەوە، چەند جارێک ئاو ئەدا بە خۆیەوە هەر نایگرێ لە ئاخرا ئەڵێ: «بکەم وە قنگ باوکتەوە بیگرێ و نەیگرێ هەر ئەم جارەیە». ئەو جارەشی پێوە ئەدا هەر نایگرێ. پاشان هەڵ ئەستێ روو ئەکاتە ئاوەکەو ئەڵێ: «دەوێت باوک هەر ئەم ساردیەی تۆ بوو کەوا "تەپەلوو"و "لەیلان"ی کرد وە رافزی». ئەمە ئەڵێ و ئەڕوا بە شوێن کاروانەکەدا.

- شێخ‌رەزای‌تاڵەبانی زەمی کەسێکی کردووە. رۆژێک لەو بناری هەڵەبجەیەماڵی وەسمان پاشا هەڵی دابوو شێخ‌عومەری‌بیارە بە مێوانی دێت بۆ ئەوێ؛ شێخ رەزاش لەوێ ئەبێ. کورگەل دەچنە بن دەستی شێخ‌رەزاوە کە زەمێکی شێخ‌عومەر بکا. شێخ‌رەزا هەر چەند ئەکا چەشەی نابزوێ بۆ ئەم زەم کردنە، ئیتر لە بەر هەر شتێک بووە ئەمە شێخ‌رەزا و شێخ عومەر خۆیان ئەیزانن.

بەیانی شێخ‌عومەر ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە ولاخی بۆ دێنن سواری بێ، شێخ‌رەزا پەلامار ئەدا ئەچێ ئاو زەنگی ماینەکەی ئەگرێ بۆ ئەوە شێخ سوار بێ. شێخ‌عومەر ئەڵێ: «قوربان لە دوێنێوە من هەر لە خەیاڵی تۆدام؛ کەچی تۆ دەستی خۆتت وەشاند هەم سوار بویت و هەم پێت گرتم».

- ئامینەخانی کچی قادربەگی‌کەیخەسرەوبەگی‌جاف کە ژنی بارام‌بەگ ئەبێ و بەشی بارام‌بەگی لە جافا لەو بارام بەگەوە هاتووە، بە سەید فەتاحی جەباری ئەڵێ: سەید تۆ چی ئەکەی وا هەر بەم لاو بەو لادا ئەسورێیتەوە؟ وەرە من «بانەبۆر»ت ئەدەمێ ئاوای کەرەوەو بۆ خۆت تیایا دانیشە. سەی فەتاحیش ئەڵێ: «ئامینەخان بانەبۆر پیاوی وەکو بارام بەگی ئەوێ بە لاتێکی وەکو من ئاوەدان ناکرێتەوە». ئامینەخانیش ئەڵێ: دە بڕۆ هەر لات بە. بانەبۆر گوند هەبوو هی بەگزادەی جاف بوو.

- شێخ‌هادی‌شێخ‌حەسەنی‌پشدەری چەند قسەیەکی نارد بۆ رشتە لەوانەدا گێڕایەوەو وتی: کابرایەک ماخۆلانی کەوتبووە سەر ئەوە بچێ لە ئیش و کاری خوا ورد ببێتەوە چونکە گەلێ جار شتی وای بەرچاو ئەکەوت هیچ نەئەچوە ئەقڵیەوە.

ئەم کابرایە بەم فرمانەوە لە دەشتێکا ئەسووڕایەوە تووشی کانی و سەراوێک بوو. دارێک لە سەر کانیەکە بوو. رۆژ درەنگ بوو لە بن دارەکەدا راکشا بۆ ئەوەی تۆزێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بحەسێتەوە پاشان وتی: دیارە شەوم بە سەرا دێت و لێرە ئەمێنێمەوە جرو جانەوەرو درِەندەش زۆرە؛ چاک ئەوەیە بچمە سەر دارێک نەوەک تووشی شتێک بم.

هەستا چووە سەر دارەکەو زۆری پێنەچوو سوارێک هات ئاو بخواتەوە. کە ئاوەکەی خواردەوە پریاسکێکی زلی پێ بوو، لێی کەوت و پێی نەزانی لێی دا رۆیشت. تومەز ئەم پریاسکەیە پارەیەکی زۆر بوو لێی بەجێ مابوو. کە کابرا لە چاو ون بوو کابرایەکی‌تر دیسان بۆ ئاو خواردنەوە هاتە سەر کانیەکە. پریاسکە پارەکەی بەرچاو کەوت پارەی هەڵگرت و لێیدا رۆیشت.

دوا بە دوای ئەو شوانێک رانەکەی دابوە پێش‌و رانی هێنا بۆ سەرکانی بۆ ئاوی بەیانی. تەماشای کرد سوارەکە بە پرتاو گەڕایەوە بۆ سەر کانیەکەو رووی کردە شوانەو وتی: کابرا پریاسکەیەکم لە سەر ئەم کانیە لێ کەوتوەو بێجگە لە تۆ کەسیش نەهاتۆتە ئێرە، پریاسکەکەم پێ بدەرەوە. کابرای شوانە وتی: باوکم وەڵلا نەمدیوە، گەرِم لێ لادە. لەم قسەیەک و لەو قسەیەک کابرای سوارە دای لە شوانەکەو شوانی کوشت و ران بێ شوان مایەوەو ئەویش بۆ خۆی لێیدا رِۆیشت.

کابرا کە لە سەر دارەکە بوو لەم ئیشە زۆر سەری سوورِما وتی: ئاخر خوایە من ئەڵێم ئیشەکانت هیچیان لە شوێنی خۆیا نییە، کەچی بەندەکانت پێم ئەڵێن کافر بووە. ئاخر یەکێکی‌تر پارەکەی هەڵگرت و بێ ئارەق بۆی دەرچوو، ئەو شوانە هەژارە چ سووچێکی هەبوو وا بە خۆرِایی بە کوشتنت دا؟

ئەم لەم خەیاڵ و قسە کردنانە بوو کوتوپر پیاوێکی ریش سپی نوورانی پەیدا بوو هاتە بن دارەکەو سەری بەرز کردەوەو وتی: کابرا دابەزە. کابرا لە ترسانا بە نیوەگیانێکەوە دابەزی. ئەمجا پێیوت دیارە تۆ لەم ئیشە زۆر سەرت سورِماوە. وتی ئەری وەڵلا قوربان ئاخر ئەمە ئیشە خوا کردی؟ قەزای دێزە بکەوێ لە گۆزە ئەمەیە. خالەی نوورانی وتی: کەواتە با من تێت بگەیەنم وتی ئەو کابرایە کە هات پارەکەی هەڵگرت ئەو پارەیە سەد لیرە بوو، وەختی خۆی ئەم کابرای سوارە سەد لیرەی بە زۆر لەو کابرایە سەنبوو پێی نەئەدایەوە. هەر چەند کابرا هاواری ئەکرد کەڵکی نەئەگرت. کە هاتە سەر کانیەکە سەیری کرد سەد لیرە کەوتووە، نەشی ئەزانی هی کێیە، هەڵیگرت و لێیدا رۆیشت، بە پارەی خۆی گەیشتەوە. ئەم شوانەش کە تۆ ئەیبینی وا لەوێ کەوتووەو تۆ لات وایە بە ناهەق کوژراوە، ئەمە وەختی خۆی باوکی ئەو سوارەی کوشتبوو؛ سوارەکەش نەیئەزانی کە وا ئەم باوکی ئەوی کوشتووە. بە ناوی پارەوە لێیدا و کوشتی. ئەمانە هەر یەک بە تۆڵەی خۆیان گەیشتنەوە بە بێ ئەوەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


پێ بزانن. ئەوی یەکێک بکوژێت هەر ئەبێ بکوژرێتەوە، ئەوی زوڵم و جەور لە یەکێ بکا ئەبێ لە ئاخرا بیداتەوە دەست. زۆرلێکراو حەقی ناڕوا و زاڵمیش ئەبێ جەزای خۆی ببینێ. ئەمە بوو کارەساتی ئەمانە، ئیتر بچۆرەوە ماڵی خۆت و دانیشەو خوا هەر ئیشێ کە ئەیکا هەمووی لە شوێن خۆیایەو هیچ ئیشێکی بێ مەسلەحەت نییە.

کابرا کە ئەمەی چاو پێکەوت، ئیتر تۆبەی کرد و لەو خەیاڵە پاشگەز بووەوەو چووەوە ماڵی خۆی.

- «میمکەپانێ» هەبوو باشکی و لە عەشیرەتی جاف بوو، کوڕێکی هەبوو «مەلا سەعید»ی ناو بوو. مەلا سەعید لە بنکەی «بنەبەراز» لەو دیوی هەردەوە بوو بە لای پیوازەوە. ئەم مەلا سەعیدە رادیۆیکی باتری ئەبێ، رۆژێک میمکەپانێ ئەچێ بۆ لای مەلا سەعیدی کوڕی. رادیۆکەش لە سەر ئێستگە کوردییەکەیەو گورانێ کوردی ئەڵێ. هەڵ ئەستێ ئەچێ بۆ دەرەوە رادیۆکە داناخا ئەوا رادیۆ گۆرانی ئەڵێ و میمکەپانێ بە لایەوە دانیشتووە.

زۆری پێ ناچێ میمکەپانێ تاقەتی ئەچێ و روو ئەکاتە رادیۆکەو ئەڵێ: «باوکم مەلا سەعید چوەتە دەرەوەو منیش پیر بووم ئەوەندە تاقەتم لە گۆرانی نیە. ئەگەر بە زەحمەتی نازانی بیوڕەوە».

رادیۆ دیارە هەر گورانی خۆی ئەڵێ. دیسان میمکەپانێ پێی ئەڵێ: «برام پێم وتیت مەلا سەعید لە ماڵەوە نیەو منیش گۆرانیم گەرەک نیە، بیوڕەوە». هەر کەڵکی نابێ ئەیڵێ رووی تێ ئەکاتەوەو ئەڵێ: «کاورا تۆ چەنەباز و چەقاوەسویت. من ئێژم گەرەکم نیە تۆ هەر وە زۆر دەنگی خۆت ئەفرۆشیت». ئەمە ئەڵێ و هەڵئەستێ هەچ نوێنێکیان ئەبێت ئەیهێنێ ئەیخا بە سەر رادیۆکەدا و ئەڵێ: «وە کەلام ئێستە خەفەت ئەکەم».

رادیۆ هەر دەنگی دێت ئەمجا ئەڵێ: «دەویت باوک! تۆ دیارە ئێژی بەچکە دۆمیت تا لێت نەدەم ئاقڵ ناویت». پەلاماری گالۆکێک ئەدات دێنێ نوێنەکان لا ئەداو رادیۆ ئەداتە بەر گالۆک وورد و خاشی ئەکا و ئەمجا کە ئەشکێ ئیتر بێ دەنگ ئەبێ. ئەڵێ: «دەویت باوک! تا خۆتت وە لێدان نەدا لە چەنەبازی نەکەوتیت».

پاش ئەوە مەلا سەعیدی کوڕی دێتەوە ئەڵێ: دایە ئەوە کوا رادیۆکە؟ ئەڵێ: رۆڵە ئەم کاورایە زۆر بێ فەڕو چەنەوازە؛ هەر چەند پێم وت برام من حەز لە گۆرانی ناکەم ئەو هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


وازی نەهاورد. لە ئاخرا دامە بەر تێلاو ئەو وەختە بێدەنگ بوو. زانیم بەچکە دۆمە تا لێدان نەخوا بێ دەنگ نابێ.

مەلا سەعید کە ئەچێتە سەر رادیۆ سەیر ئەکا ورد و خاش بووە بە سەر یەکا. ئەڵێ: خوا بتگرێ دایە بۆ ئیشێ کردت.

- مەلایەک لە کۆڕێکا وەعزی ئەدا و وتی: «کاتێ کە حەزرەتی ئیبراهیم هات حەرزەتی ئیسماعیلی کوڕی سەر ببڕێ، هەرچێ مەلایەکە هەبوو نەبوو کەوتنە پاڕانەوەو پاشان خوا بەرانێکی نارد بۆ حەزرەتی ئیبراهیم و لە باتی حەزرەتی ئیسماعیل کردی بە قوربانی. جا ئێستە هەر کەس قوربانی بکا وەکوو ئەو قوربانیەی حەزرەتی ئیبراهیم وایە.

کابرایەک لە کۆڕی وەعزەکە دانیشتبوو هەستاو وتی: «ئەوە تۆ ئێژی چی؟ خوا ئەو گشت مەلایەکەیە کەوتنە پاڕانەوە تا بەرانێکی لە دەست بووەوە، ئێستە من وە قسەی دەم هەڵپچڕاوێکی وەکوو تۆ تێرم ئەو مەڕە پەرە فرە خاسەم ئەکەم وە قوربانی؟ دە بکەم وەقنگ دایک ئەو کەسەوە کە وەگوێت بکا».

- کابرایەک لەو دەشتی دزەییە -بلامانێ- هاتبوو بە سەریا مانگایەکیان هەبوو مانگاکەی گا بوو. پاش ماوەیەک مانگاکە ئاوس ببو؛ دیارە گای لێپەڕیبوو. کابرا دوو سێ کوڕی هەبوو زۆر خۆشی خۆشییان بوو، هەموو جار ئەیانوت: باوە ئیشەڵلا مانگاکەمان گۆلەکە مێچکەیەک دێنێت. کابراش زۆر ترسی لێ نیشتبوو ئەیوت: «کوڕم هەر گولەکە بێ قەینا کا». کابرا ترسی ئەوەی هەبوو لە باتی گوێرەکە بەچکە ئینسانێک بێنیت.

- کابرایەک هەبوو دوو ژنی هەبوو. ژنەکان لە بەین خۆیانا وەکو هەموو هەوییەک تێکچوون؛ دەستیان کرد بە جنێو دان بە یەک. رۆژێک ژنێکی‌تر لە یەکێ لەو هەوییانەی پرسی ئەرێ خوشکێ تۆ مناڵت هەیە لە مێردەکەت؟ وتی: من حەوت کوڕم هەیە. هێندووکە هێندووکە پەنجەشی بۆ بەرز ئەکردەوە. وتی ئەی هەویکەت؟ وتی: ئەو یەکێکی هەیە ئەوەندەی خرسێک. باوەشی بۆ ئەگرتەوە وەکو یەکێ وێنەی بکێشێ.

- کابرایەک کوڕێکی نالەباری بێ گوێی هەبوو؛ زۆر لێی ناڕازی بوو. رۆژێک لەلای دۆستێکی خۆی دەستی کرد بە دەردە دڵ کردن لە دەست کوڕەکەی و پێی وت بەڵکوو تۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نەختێ ئامۆژگاری بکەی. ئەویش وتی: برام کوڕەکەت زۆر بێ گوێ و لاسارە. ئامۆژگاری پیاوی شێت نەبێ بەگوێی ناچێ. باوکەکەش وتی: «ئای بە قوربانت بم! ئاخر بۆیە منیش بە تۆ ئەڵێم».

– لەو موکریانە مەلایەک هەبوو مەلا یاروەلی ناو بوو؛ موریدی شێخی بورهان بوو. پیاوێکی هەتا بڵێی بە دین و لە خوا ترس بوو. لە دێی «گوڵۆڵان» بوو، لە لای پیرۆت ئاغای گەورە. «خمە»جوو هەبوو ئەویش هەر لە گوڵۆڵان بوو.

رۆژێ پیرۆت ئاغا دووسەد تمەن لە خمە جوو ئەستێنێ بە ناوی جەریمەوە. خمە دێ بۆ لای مەلا یاروەلی کە بچێت بۆ لای ئاغا و تکای لێ بکا پارەکەی بداتەوە. مەلا یاروەلیش بە ماوەی ئەو ژیانە پان و درێژەی رووی نەکردۆتە ماڵی پیرۆت ئاغا، بە لایەوە وابوو ئەگەر بە بەر سێبەری حەوشەکەیا تێپەڕێ، ئەچێتە جەهەندەم. چونکە ماڵی ئاغای هەمووی بە حەرام ئەزانی. هەموو کەس ئەمەی بەرانبەر بە مەلایاروەلی ئەزانی.

مەلا یار وەلیش بە خمە ئەڵێ: «خمە تۆ ئەزانی من ناچم بۆ ماڵی پیرۆت ئاغا، بەلام باشە ئەگەر هاتە ئێرە پێی ئەڵێم بتداتەوە». خمەش ئەڵێ ماموستا ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ بە حەزرەتی مووسا هەتا دوو سەعاتیتر هەمووی ئەکا بە قومار و شاییەکی لا نامێنێ. خمە زۆر ئەڵێ و مەلایاروەلی کەم ئەیبیست، هەر ئەڵێ با بێتە ئێرە پێی ئەڵێم.

لە ئاخرا خمە پێی ئەڵێ: «ماموستا ئەگەر بچیت بۆ لای ئاغەو ئەو پارەیەم بۆ بستێنیتەوە دوعات بۆ ئەکەم بچیتە بەهەشت». مەلایاروەلی سووک و بارێک بە بێ قسە هەڵئەستێ و ئەچێ بۆ ماڵی پیرۆت ئاغا. پیرۆت ئاغا لە خۆشیدا پێی ناکەوێتە عەرز چونکە تا ئێستە مەلایاروەلی نەچووەتە ماڵی. مەلا یار وەلی بۆ پارەکەی خمە جوو پێی ئەڵێ: ئەویش بە بێ قسە هەر دووسەدد تمەنەکە خێرا بە پیاوی خۆیا ئەنێرێتەوە بۆ خمەو پێی ئەدەنەوە.

ماوەیەکی پێ ئەچێ شێخی بورهان ئەمە ئەبیستێتەوە کە وا بەو جۆرە مەلایاروەلی چووەتە ماڵی پیرۆت ئاغا وە ئەشیزانی تا چەند ئەندازە مەلایاروەلی لە خوا ترسە. ئەنێرێ بە شوێنیا و ئەیهێنن. لێی ئەپرسێ مەلایاروەلی بیستوومە خمەجوو وتویە دوعات بۆ ئەکەم بچیتە بەهەشت بچۆ ئەو پارەم لە پیرۆت ئاغا بۆ بستێنەوە، ئەمە راستە؟ ئەویش ئەڵێ: بەڵێ قوربان راستە. ئەڵێ: جا چۆن؟ تۆ بە دوعای جوو ئەچیتە بەهەشت؟ ئەڵێ: «قوربان ئەوەندە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵم بە بەهەشتەوەیە ئەڵێم بەڵکو تەنانەت دوعای جویشم بۆ بکەوێتە کار و هەر بەو شەرتە ببینم».

– لە دەوری عەبدولحەمیددا، عەبدولحەمید فەرمانی دابوو کە «فەلە» نەیەڵن یا بیانکوژن یا موسلمان ببن. کوردێک تووشی فەلەیەکی دراوسێی خۆیان ئەبێ، لوولەی تفەنگی لێ رائەکێشێ و ئەڵێ: کورە کافر موسڵمان بە ئەگینە ئەتکوژم. ئەویش ئەم ئەناسێ ئەڵێ برا ئێمە دراوسێ بووین و ناسراوی یەکین چۆن ئەمکوژی؟ ئەویش هەر ئەڵێ: کورە کافر ئەگەر ئەتەوی نەتکوژم موسلمان بە. ئەویش ئەڵێ: باشە موسڵمان ئەبم بەڵام تۆ خۆت ئەزانی من فەلەم نازانم بڵێم چی؟ ئەوا ئەمیش لوولەی تفەنگی لە کارایە هەر ئەڵێ: موسڵمان بە ئەگێنە ئەتکوژم، ئەویش هەر ئەیوت ئاخر نازانم بڵێم چی؟ ئەمجا کەوتە ئێرە کابرای کوردە وتی: ها وەڵڵا نازانم بڵێیت چی؟

– مەلا رەشیدێکی چیچۆرانی هەبوو لە سەگ زۆر ئەترسا، پێیان وت تۆ چەند فێڵ ئەزانی کە خۆت لە سەگ رزگار بکەی؟ وتی: «زیاتر لە سەد فێڵ ئەزانم بەڵام راستی چاکتریان ئەوەیە نە من چاوم بەو بکەوێ نە ئەو چاوی بە من بکەوی».

– نوێژ بە جەماعەت ئەکرا. کابرایەکی کەڕ لە تەنیشت کابرایەکەوە راوەستا بوو کە بۆنی دەمی ئەهات. کابرای دەم بۆگەن سەری نا بە لای کابرای کەڕەوە وتی: لام وایە ئیمامەکەمان سەهوێکی کرد لە نوێژەکەدا. کەڕەش وتی: بەڵێ تسێکی کەند.

– شێخ‌حەمەمینی‌مەولاناوایی هەبوو وتی: لەو کوێستانەی لای ئێمە کابرایەکی جاف رێوی قەپی لێ گرتبوو، هاتە لام لە رووی نەئەهات بڵێ رێوی قەپی لێ گرتووم؛ وتی: یا شێخ سەگی ئەو ماڵە گۆرانە، گرتمی نوشتەیەکم بۆ بکە. وتی: کە دەستم دا بە نووسینی نوشتەکەوە وتی: «تۆ خوا یا شێخ برێ لە نوشتەی رێویشی تێخە».

– ئەو سەردەمە کە ماین سواری باوی هەبوو، هەندێ کەس لە سولەیمانی ئێواران ئەسپی چاک چاکیان ئەڕازاندەوەو ئەچوون لەو دەشتی کانسکانە مەیدانجاری و غار غارانیان دەکرد. «عەلی برزۆ» هەبوو قەساب بوو، هەر لە خۆی ئەهات ماینی کەحێلە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


برازێنێتەوە بە ڕەخت و خشڵی زیوین و خۆیشی چەفتەی سوورمەو مشکی تێکەڵاو کاو لە سەری بەستێ و لە ناوە ڕاستی زینەکەدا وەکو سنگ بچەقێ.

ئێوارەیەک ئەم عەلی برزۆیە لە کاتی غارغارێنا لە مەیدانجاریدا پێش هەموو سوارەکانی‌تر کەوت. عەزیز بەگ هەبوو لەو لاوە دەستی کرد بە هەڵپەڕکێ و پێکەنین و خۆشی خۆشی. پێیان وت بۆچ وا خۆشی خۆشیتە؟ بۆ ئەسپەکەی عەلی برزۆ هی تۆیە؟ وتی نەوەڵڵا بەڵام لەغاوی ئەسپەکەی من بۆم دروست کردووە.

- کابرایەکی مەنگوڕ هەبوو بەکری ناو بوو. لە بەر ئەوە دڵ تەڕ بوو هەموو جۆرە قسەیەکیان لێوە ئەکرد. ڕۆژێک مەلاکەیان پێی ئەڵێ: مام بەکر ئەوا کەوتیە ناو ساڵەوە، ئیتر روو بکەرە خوا و تەوبە بکە؛ بچۆ حەجێکیش بکە با خوا هەموو گوناحێکت بشواتەوە. ئەویش وتی: مامۆستا روو لە خوا کردن باشەو هەمووی ئەکرێ بەڵام بۆ حەجەکە پارەم نییە. مامۆستاش وتی تۆ هەر خۆتیت کەست بە شوێنەوە نییە، خانوێکت هەیە بیفرۆشەو بە پارەکەی بچۆ حەج بکە. ئەویش وتی: «کە ئەچم بۆ حەج یا دێمەوە، یا لەوێ ئەبم. ئەگەر هاتمەوە لە کوێ دانیشم، ئەگەر نەهاتمەوە خوا پێم نالێ هەی کەری کوڕی کەر سەگباب! خانووی خۆتت فرۆشتووەو هاتووی لە قنگی خانووی منا دانیشتووی؟ یاڵلا بۆ دەرەوە؟ مامۆستا ئیتر دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوەوە.

- «حەمەکەڕ» هەبوو خەڵکی کاژاو بوو. لە سەفەر بەلگەکەدا قافیان کردبوو. بەوە بۆ خۆی بردبوویەوە سەر زابتەکەی پێی ئەوت بچۆ بۆ شەڕ. ئەیوت: ئەفەندی وەڵڵا ئەوانە کە تۆ ئەڵێی دوژمنن و من بچم بۆ شەڕیان، نە من کەسیان ئەناسم و نەئەوانیش کەسیان من ئەناسن. ئیتر ئەم دوژمنایەتیە لە کوێ بوو تا من بچم شەڕیان لەگەڵ بکەم؟

- ژنێک منالێکی لە باوەش بوو ئەگریا. ئەمیش هەر لەگەڵی خەریک بوو ژیر نەئەبووەوە. کابرایەک لەوێ بوو ویستی ژیری کاتەوە دەستی ئەدا بە پشتیاو ئەیوت: «ژیر نەبیتەوە هەڵئەستم دایکت ئەگێم». منالە هەر ژیر نەبووەوە. ژنە وتی: «بڕوا ناکا تا بە چاوی خۆی نەیبینێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ژنێک جارێک ئەچێتە لای قازیەک شکات لە مێردەکەی ئەکا، ئەڵێ من هێشتا لە سەر هەرەتم و ئەم مێردەم حەقی خۆمم ناداتێ. قازی روو لە پیاوەکە ئەکا و ئەڵێ: برام تۆ ئەڵێی چی؟ ئەڵێ قوربان من ئەوەی لە تاقەتما بێ دریغی ناکەم. ژنە ئەڵێ: «من شەوێ لە پێنج جار کەمتر قایل نابم». قازی ئەڵێ برا تۆ چی ئەڵێی؟ ئەڵێ: بە خوا قوربان جەنابی قازی من لە سێ جار زیاترم پێ ناکرێ. قازی ئەڵێ: «شتێکی زۆر سەیرە، هیچ دەعوایەک نەبوو بکەوێتە لای من عەزیەتێکی بۆ من تیا نەیەڵنەوە. برۆ دایکم، دووەکەی‌تر لە ئەستۆی من».

- ژنێک هەبوو «خاتوو سەمەن»ی ناو بوو، لەگەڵ مێردەکەیا لە سەر ئیشی شەرعی تێکچوون و مێردەکەی هەڵگرت چوون بۆ لای قازی شار بۆ شکات. ژنە وتی: جەنابی قازی! ئەم مێردەی من تا هەتیوی دەست کەوێ لەگەڵ منا نانوێ. پیاوەکە وتی: قوربان درۆ ئەکا وا نییە. قازی تۆزێ راماو بە کابرای وت: ئا بێنە دەعباکەت تاقی بکەمەوە بزانم وایە یا وا نییە؟ کابرا نایە مستی. بەرەکەتدا قازیەکە هەتا بڵێی ناشیرین بوو، دەعباکەی کابرا هەر لووتی دائەژند. ژنە وتی: «قوربان ئەوە ئەگەر سنگیش بێ ئەو سەر و روومەتە جوانەی جەنابت ببینێ ئەبێ بە بەلەک.

قازی فەراشێکی جوانی هەبوو ژنە وتی ئەمر بکە با ئەو فەراشە بیگرێ و تاقی کاتەوە. قازی ناچار ئەمری کرد بە فەراش. کابرا هەر کە نایە مستی فەراشەکەوە دەعباکەی وەکو حەیتەی لێ هات. قازی وتی: «یا فاسق ژنی خۆت بەرەوەو تەماع مەکەرە فەراشی قازی».

- ئەحەی‌کرنوو جارێک ئەچێ بۆ ئەو شارباژێرە بۆ مێوژە رەشکە کرین، لەو لاوە بە شارەزووردا دێتەوە ئەگاتە «موان». لەوێ پیرێژنێک بەرۆکی ئەگرێ و ئەڵێ تۆ حەکیمی؟ ئەڵێ: ئا. ئەڵێ: «بە قوربانت بم سەر سنگم خیزەی لێوە تێ ئێژن لرخە لرخی مردن هەس. ئەترسم ئەمە ئەو لرخەیە بێ. لرخەی مردن چییە؟» ئەویش ئەڵێ: «کچێ مەترسە لرخەی مردن تری پێ نەگەیشتووە».

- ژنێک هەبوو مێردیکی زۆر ناقۆلا و بزەنی هەبوو ناوی «شاپلنگ»بوو. رۆژێک ژنەکە شاپلنگ هەڵئەگرێ و ئەچێتە لای قازی شکاتی لێ ئەکا، ئەڵێ: جەنابی قازی من لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەر دەست ئەم کابرایەدا هیچم پێ ناکرێ و تەنگ هاتووم بە دەستیەوە؛ ڕێگایەکمان بۆ دانێ. قازی بۆیان ئەبڕێتەوە لە شەوێ پێنج جار زیاتر نەچێتە لای. شاپلنگ چارناچار ڕازی ئەبێ و ئەگەڕێتەوە.

کە ئەگەنە بەر دەرگا شاپلنگ ئەگەڕێتەوەو ئەڵێ: قوربان جەنابی قازی لێی بپرسە بزانە ئەبێ بە قەرز بەرکوڵ و مەرکوڵی لێ بسێنم؟ قازی لە ژنە ئەپرسێ و ژنە ئەڵێ: قەیدی نییەو ئەچنەوە.

بەشێکی شەو ئەڕواو ناڕوا ژنە هەڵدێت و ئەڕوا بەو شەوە قاپی ماڵی قازی ئەگرێ بە کوڵەوە ئەڵێ: «قوربان جەنابی قازی ناتوانم هەڵی بگرم هێشتا بەشێکی ئیمشەو نەرۆیشتووەو حەقی پێنج شەوی بە قەرز لێ سەندوم. ئەمە بێجگە لە بەرکوڵی سەر ئێوارە». قازیش ئەڵێ: «دایکم ئیشەکەی ئێوە پێچەوانەیە ئەگەر پێچەوانە نەبوایە من خۆم چارم ئەکرد، بەڵام ئێستە بڕۆ قەرز دوو ماڵ ئاوەدان دەکاتەوە، ئەمە لە حەدیسی شەریفدا هەیە».

- جارێک لە سولەیمانی شێخ محەمەدی بەرزنجی لە مزگەوتی گەورە وەعز ئەدا، ئەو ڕۆژە کۆڕی وەعزی گەرم ئەبێ. شێخمەحموودی حەفید و سەی نووری نەقیبیش لە کۆڕەکەدا ئەبن. وا ڕێ کەوتبوو وەعزی ئەو ڕۆژە لە بارەی «لواگ»ەوە بوو شێخ محمد ئەڵێ: هەر کەسە منالێکی خراپ کردبێ ڕۆژی قیامەت منالەکە ئەبەستن بە گەردەنی ئەو کەسەوەو ئەبێ بەو جۆرە لە سەر پردی سیرات بیپەڕێتەوە».

سەی نووری نەقیب کە گوێی لەم وەعزە ئەبوو خوڕخوڕ ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارەوە. شێخمەحموود لە تەنیشتیەوە بوو کە سەیری گریانەکەی کرد وتی: خاڵە سەی مەگری تۆیش ئەو ڕۆژە بە پیادە نامێنیتەوە. سەی نووری لە گریان وەستایەوەو وتی: یا شێخ لێرەشا واز لەم قسانە نایەنی؟

- لە دیاربەکر پیاوێک هەبوو «حیفۆ»ی ناو بوو. ئەم حیفۆیە پیاوێکی دەوڵەمەند و بە دەسەڵات بوو. دزو درۆزن زۆر تەماعیان تێئەکرد؛ بەڵام بۆیان ڕێ نەئەکەوت. وەکوو دەوڵەمەندیەکی ناوبانگی دەرکردبوو، قایم کاریەکەشی بەو جۆرە ناوی دەرکردبوو. ڕۆژێک دەستە دزێکی کوڕو کاڵ دائەنیشن و ئەم باسی قایمکاری حیفۆیە دێتە ناوەوە کە کەس ناتوانێ دزی لێ بکا، یەکێک لەوانە گرەو ئەکا لەگەڵ ئەوانیترا کە ئەگەر بچێت و دزی لێ بکا بەرامبەر ئەوە ئێمەش شتت ئەدەینێ. لە سەر ئەم بڕیارە لە یەک جیا ئەبنەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەوێ کابرای دز ئەچێ بۆ ماڵی حیفۆ، ئەتوانی بچێتە ژوورەوە. حیفۆ لێی بە ئاگا دێت، بەبێ‌چرپە هەڵئەستێ دێ ئەم دیوی دەرگاکەی لێ ئەگرێ و دەرگاکەی لێ پێوە ئەدا. دزە لە ژوورەوە ئەمێنێتەوە. پاش ماوەیەک حیفۆ پیاوێکی لا ئەبێ «سمۆ»ی ناو ئەبێ، دزەکە ئەزانێ ئەو پیاوەی لا هەیەو ئەیناسێ؛ بەلام ئەو شەوە لە ماڵ نابێ و حیفۆیش ئەزانی کە لە ماڵ نییە، بە دەسانقەس بانگ ئەکا سمۆ، سمۆ. دزە بۆ ئەمە شوێنی ونی خۆی بکا و رێگایەک بۆ دەرچوون بدۆزێتەوە خۆی ئەکا بە سمۆ و ئەڵێ: بەڵێ. دنیاش تاریکە. حیفۆ ئەڵێ: ئا وەرە تۆزێ قاچم بشێلە. دزە دێت و دەست ئەکا بە قاچ شێلانی حیفۆ. دزە دەست و پەنجەیەکی نەرمی ئەبێ لە هی سمۆ نەرمتر. حیفۆ دەعباکەی راست ئەبێتەوە. ئەڵێ: ئا سمۆ وەرە پشت هەڵکەو لە کۆشی خودانی خۆت دانیشە. دزە هەر بۆ ئەوە پێ نەزانرێ کە دزە، چارناچار وا ئەکا. حیفۆیش چارناچار وای لێ ئەکا.

پاش ماوەیەک دیسان حیفۆ ئەڵێ: ئا سمۆ وەرە کۆشی خودانی خۆ، ئەویش ئەچێ و ئەمیش ئەبێ. بە گشتی پێنج جار وای لێ ئەکا. حیفۆ بارگیرە لەرێکی لاوازیان لە ماڵا ئەبێ بۆ جاری شەشەم بانگ ئەکا سمۆ! ئەڵێ: بەڵێ. ئەڵێ: ئا بچۆ ئاوی ئەو بارگیرە بدە.

دزە ئەچێ دۆڵکە رائەهێڵێتە بیرێ ئاوی پێ هەڵێنێ، بەلام دۆڵکە دڕاوە هەتا ئەیکێشێتەوە سەر بە حاڵ تۆزێ ئاوی تیا ئەمێنێ، ئەیدا بە بارگیر. بارگیر هەر بە زمانیشی ناکەوێ، بە ناچاری دائەهێڵێتەوە بیرەکەو جارێکیکە سەریخاتەوە، ئەمیش نازانێ دۆڵکە دڕاوە بەم جۆرە چەند جار ئەم دۆڵکەیە ئەخاتە بیرەکەو هەڵی ئەکێشێتەوەو بارگیر هەر تێر ناخواتەوە.

کە ئەگاتە ئەم شوێنە حیفۆ گۆیا خەو لە خۆی ئەخا، دزە بە دەرفەتی ئەزانێ بۆی دەرئەپەڕێ و دەرئەچێ. کە دێتە دەرەوە سەیر ئەکا وا دەستە دزێکی‌تر خەریکن دیواری ماڵەکەی حیفۆ ئەکەنەوە بۆ ئەوەی بچن شتێک بدزن. ئەڵێ: «کورە ئەوە خەریکی چین؟ عەزیەتی خۆتان مەدەن. ئەم ماڵە هیچی تیانیەو تەنها دوو شت نەبێ، پیاوێکی قورمساغی تیایە ئەڵێی رۆنی مەیمونی خواردوە، لە گان تێر ناخوا. ماینە قۆرێکیشی تێدایە ئەڵێی ئاو بەنیەتی، لە ئاو تێر ناخواتەوە. ئیتر بۆ کوێ ئەچن؟»

– تازە شەمەندەفەر داهاتبوو، بێجگە لە زەلامەکە هەر گیانلەبەرێکی‌تر بخرایەتە شەمەندەفەرەوە ئەبوایە خاوەنەکەی پارەی لە سەر بدایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کابرایەکی کوردی خەڵکی ئەو دەوروبەرەی «لەیلان»ە سواری شەمەندەفەر ئەبێ کە بچێت بۆ بەغدا. کەڵەشێرێکی پێ ئەبێ؛ ئەگەر کەڵەشێرەکە بە ئاشکرا لەگەڵ خۆی بەرێ، ئەبێ پارەی لە سەر بدا، ئەویش ئەو پارەیەی نابێ بیدا. ناچار کەڵەشێرەکە ئەخاتە ناو دەرپێکەیەوە و لەویدا ئەیشارێتەوە. کە لە ناو شەمەندەفەرەکەدا دائەنیشن بەرێکەوت پیرێژنێکی عەنکاوەیی هەندێ پەنیری پێ ئەبێ و لە تەنیشت ئەم کابرایەوە دائەنیشێ. کابرا کونێک لە عاستی نافەکی دەر پێکەیدا ئەبێ، کەڵەشێرەکە هەموو جار لە کونەوە سەر دەردێنێ و دەنووکێک لە پەنیری پیرێژن ئەداو سەر ئەباتەوە ناو دەرپێکە. ئیتر بە تەواوی بە پەنیرەکە فێر ببوو لە ئاخرا پیرێژن پێی ئەزانێ و تەماشا ئەکا ئەوا هەر جارە لە ناو لنگی ئەم کابرایەوە شتێکی سەر سوور دێتە دەرەوەو تۆزێ لە پەنیرەکەی ئەباو ئەگەڕێتەوە دواوە. زۆر واقی وڕ ئەمێنێ؛ تەنانەت ئەم واق وڕمانەی ئەم سەرنجی کابرا ڕائەکێشێ و ئەڵێ: ئەوە وا بە کوڵ سەیری چی ئەکەی؟ کابراش بە حاڵەکە نازانێ. ژنە ئەڵێ: «بە خوا برا گەلێ کێرم دیوە بەلام تا ئێستە کێری پەنیر خۆرم نەدیوە».

- کابرایەک موکریانی ئەچوو بۆ «بیجار». لە نزیک شارەکەوە تووشی کەروێشکێک ببو گرتبووی و بردبوویە ناو شارەکەوەو لەوێ بردبوویە بازاڕەکەوە بیفرۆشێ. ئەوانیش بێزیان لە کەروێشک دێتەوە. بە هەر جۆر بوو کابرایەکی سوننی مەزهەبی لێ پەیدا بوو بوو بۆ کڕینی. هەر شتێک لەو شارە بفرۆشرایە ئەبوایە ڕەسمی حوکومەتی لێ بدرایە. قۆچانچی ویستی لە قۆچانەکەدا ناوی ئەم کابرایە بنووسێ لە دەلالەکەی پرسی ناوی چییە؟ وتی: ئەبوبەکر. ناوی باوکت چییە؟ وتی: عومەر. ناوی باپیرت چییە؟ وتی: عوسمان. کابرای قۆچانیش هەروا سەیریانی دەکرد، لە ئەنجاما بە دەلالەکەی وت: ئەم درێژ دادرێیەی ناوێ، چی بنووسم؟ دەلالەکە وتی: «هیچ ئەمە گویەک بوو خواردی بنووسە خاوەنی کەری دێز».

- کابرایەکی مەراغەیی شیعە ڕێی ئەکەوێتە سابلاغ. لەوێ ئەچێتە مزگەوتی سوور سەیر ئەکا ناوی هەر چوار خەلیفەکە بە خەتێکی جوان و مەرەکەبێکی ڕەش لە سەر پارچە کاغەزێک نووسراوەو کوتێنراوە بە دیواری مزگەوتەکەدا. کە ئەمە ئەبینێ زۆری پێ ناخۆش ئەبێ، لە هەلێک ئەگەڕێ کە بیانکوژێنێتەوە. بۆی ڕێ ئەکەوێ، مزگەوتەکە چۆڵ ئەبێ ئەمیش بە پەلە پەل ئەچێ بە تف ناوی هەر سێ خەلیفەکە بکوژێنێتەوەو تەنها ناوی عەلی بێلێتەوە. بەلام لە بەر ئەوەی ئەترسێ و بە پەلە ئەبێ لە باتی ئەوە ناوی ئەوان بکوژێنێتەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەچی ناوی عەلی ئەکوژێنێتەوە. جا لە پاشا کە سەیری ئەکرد و تازە بۆیشی نەئەکرا چاری بکات ئەیوت: «لە تەنیشت ئەوانەوە دانیشی ئەبێ ئەوە سزات بێت و ئاوات بە سەر بێت».

- ساڵێک سالارودەولە رووی کردبووە کوردەواری بەو نیازەی کوردکان یارمەتی بدەن و تاج و تەختی ئێران وەر بگرێتەوە. ڕێی ئەکەوێتە گەرمیان ماڵی کەریم بەگی فەتاح بەگ؛ ماوەیەک لەوێ ئەمێنێتەوە. ڕۆژێک لە گەڵ کەریم بەگ و ئەوانا ئەچن بۆ راو. سەر لە ئێوارە لە یەک دائەبڕێن. سالارودەولە لەو دەشتەدا شەوی بە سەرا دێت. تاقە ماڵێکی جاف لەو ناوەدا ئەبێ شەوێ ئەچێتە ئەوێ. کابرای جافە چی بۆ ڕێک ئەکەوێ بۆی دائەنێ. ئەمیش هیلاک ئەبێ ئاو زۆر ئەخواتەوە. یەکەم جار داوای ئاو ئەکا ئاوەکە ئەخۆاتەوە ئەڵێ: من یەکێ لە پیاوەکانی سالارودەولەم. جاری دووەم کە ئاوی بۆ دێنن ئەیخۆاتەوە ئەڵێ: من یەکی لە پیاوە گەورەکانی قاجارم. جاری سێیەم کە ئاوی بۆ دێنن ئەیخۆاتەوە و ئەڵێ: من سالارودەولەم.

کابرای جافە ناوی سالارودەولەی بیستووە نایناسێ، ئیتر ئەگاتە تینی و ئەڵێ: «جاری یەکەم کە ئاوەکەت خۆاردەوە وتت پیاوی سالارودەولەم ، جاری دووەم وتت یەکێکم لە پیاوە گەورەکانی قاجار، جاری سێیەم وتت: سالارودەولەم. ئەم جارە بیخۆێتەوە داوای خوایی ئەکەی. وە کەلام من و خوا لە ماڵێکا پێکمانەوە نامانکرێ، دەوێت باوک ئێتر لە سەری مەڕۆ.

کە ئەکەوێتە سبەینێ کەریم بەگ و ئەوان کۆ ئەبنەوەو سالارودەولە لەوێدا ئەدۆزنەوە. جافی ئەو دەورەش ئەوە بوو زۆر لە کەریم بەگ ئەترسان، کابرا لە ترسی ئەوەی نەوەک سالارودەولە قسەکە بگێڕێتەوە بۆ کەریم بەگ، خەریک ئەبێ ماڵەکە بەجێ بێڵێ. سالارودەولە هەستی پێ ئەکا و ئەڵێ بانگی کەن. کابراکە ئەیهێننەوە لە ترسا روو ئەکاتە سالارودەولەو ئەڵێ: «وەو شێخ کەریمە ئەگەر داوای چوارەمیشت بکردایە هەر راستت ئەکرد». پاشان سالارودەولە قسەکە ئەگێڕێتەوەو هەندێ پارەش ئەدا بە کابرا.

- حەمەی سان هەبوو لەو هەورامانە، هەندێ جار ئەیکردە ئەم بەرەوە مەڕو شتی ئەدزی و ئەچووەوە. کە ئەچووەوە مەڕەکانی سەر ئەبڕی و ئەیبەشیەوە بە خەڵکا، خەڵکەکەش ئەیانزانی ئەمە هی دزییە. ئەیانوت ئەمە چ مەعنایەکی تێدایە تۆ مەڕ ئەدزی و ئەیبەشیتەوە؟ ئەیوت: «ئێوە نازانن خێری بەخشینەوەکەی لەگەڵ گوناحی دزیەکەیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەرانبەر ئەوەستێ. لەم ناوەدا منیش پێست و ریخۆڵەو دووگەکەم دەست ئەکەوێ و بە قازانج بۆم ئەمێنێتەوە».

- مەلا رەشیدێکی داودە هەبوو بانگبێژ بوو لە مزگەوتی مەنارە نەخشینە لە کەرکوک. هەر وەخت کە بانگی ئەدا بە دەم بانگدانەکەوە دەستی ئەکرد بە هەراکردن بە سەر بانەکەدا. جارێک لێیان پرسی ئەوە بۆچ وا کاتی بانگ دانا هەرا ئەکەی؟ ئەیوت: «خەڵک ئەڵێن تۆ لە دوورەوە دەنگت خۆشە هەرا ئەکەم بۆ ئەوە لە دوورەوە گوێم لە دەنگێ خۆم بێ بزانم راست ئەکەن دەنگم خۆشە».

- لە کەرکووک دوو منال فێر بوو بوون بە یەک. هەر لە زەمانی منالیەوە هەتا دەوری پیری ئەوە ئیشیان بوو. رۆژێک لە سەر مەنارەی مزگەوتێک لە «قەلا» ئەو ئیشە ئەکەن و پاش لێ بوونەوە شوێنەکەیان بەرز ئەبێ سەیرێکی شارەکە ئەکەن. یەکێکیان ئەڵێ: بە خوا ئەم شارە چاکە هەتا بێت وێرانتر و کاولتر ئەبێ». ئەویکەیان ئەڵێ: «شارێک کە پیرە موبارەکەکانی من و تۆ بین لەمە چاکتر و ئاوەدانتر نابێ».

- پاشاکۆرەیرواندز لەشکری ناردبوو بۆ سەر هەولێر. کابرایەکی «سیان» لە لەشکرەکەدا بوو قەڵغانێکی پێ بوو، لە بن قەلاتی هەولێر یەکێک لە سەر قەلاتەکەوە بەردێک فرێ ئەداتە خوارەوە بەردەکە ئەکەوێ لە سەر کابرای سیان سەری ئەشکێ. جا کابرای سیان ئەیوت: «ئەرێ کابرا! چما تۆ کوێری ئەم قەڵغانە زلە نابینی وا بەردەکە ئەدەی لە سەری من و سەرم ئەشکێنی».

- ساڵێک حاجیسەعیدئاغایسولەیمانیو حاجیقادریروغزاییو حاجیمارفێکی مکایلی سەفەری حەج یەکیان ئەخاو پێکەوە ئەچن بۆ حەج. لە عەرەفات و تەوافیشا هەر پێکەوە ئەبن و لێک جیا نابنەوە.

کە ئەگەنە بەر کەعبە حاجی سەعید ئاغا قوڵفی کەعبە ئەگرێ و ئەڵێ: «خوایە لە شوکرانەی ئەوە کە منت گەیاندە ئەم شوێنە چوار دووکان لە دووکانەکانم کە لە ناو قەیسەریەکە دان خێری مەولوودی پێغەمبەر بێ، کە چوومەوە بیفرۆشم و پارەکەیان بکەم بە خێر».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاجی‌قادری‌روغزایی کە چاوی بەو ئەکەوێ ئەمیش قوڵفی کەعبە ئەگرێ و ئەڵێ: خوایە لە خۆشی ئەوەدا کە گەیشتمە ئەم شوێنە موبارەکە سی سەر مەڕ لەو رانەم کە مەڕە پەرەکەی تێدایە خێری مەولوودی پێغەمبەر بێ. هەر کە چوومەوە بە زیندووی هەر یەکەیان بدەم بە یەکێ.

حاجی مارفیش کە سەیر ئەکا هاوڕێکانی ئەم نەزر و خێر و خێراتەیان کرد، ئەمیش ئەچێ قوڵفەکەی ئەگرێ و ئەڵێ: «خوایە من نە دووکانم هەیە بیکەم بە خێر، نە مەڕی ناو رانی شوانکارم هەیە دەست بکەم بە وادەی درۆو دەلەسە لەگەڵت. من هەم و فاتەی دایکی منالەکان، هەر لە ئێستەوە هەر سێ تەلاقی فاتەی دایکی منالەکانم بە مەولوودی پێغەمبەر چاوت لێیە خوا تەگبیرم کردن و نرم وڕین؟ تۆش ئاگات لە حەساوی خۆت وێ».

- خەلیفەیەکی کرێچنە هەبووساڵێ هات و چۆی ئەو وڵاتی موکریانەی ئەکرد بۆ کۆ کردنەوەی حاسڵات بۆ تەکیە. لە ئەنجاما لە خەلیفەتیەوە ناوی خۆی نایە شێخ و بوو بە شێخ. مەلا ئەحمەدی هەبەکیش هەبوو رۆژێک لە مەجلسی شێخا پێکەوە دائەنیشن. شێخ بۆ ئەوەی بە تەواوی بەو ناوچەیە تێ بگەیەنێ کە شێخایەتی راستە، روو ئەکاتە مەلا ئەحمەد و ئەڵێ: مامۆستا خوان تەعالا باسی شێخی فەرمووە؟ ئەڵێ: بەڵێ. [ئەپرسێ] لە چ شوێنیکا؟ ئەڵێ: «لە گەڵ عولەمادا لەو شوێنەدا کە ئەفەرمووی «هل یستوی الرین یعلمون والرین لا یعلمون». شێخ دەستێ بە ریشیا دێنێت و ئەڵێ: «الحمد للّه».

- لە سنە کابرایەکی جوولەکە موسڵمان بووبوو؛ بە دەفەوە بە ناو شارا ئەیانگێڕا و بە دەوریا زیکریان ئەکرد. لەو کاتەدا جوولەکەیەکی‌تر بەوێدا تێپەڕی چوو سەری نایە بنا گوێی و پێ وت: «بە راستی موسڵمانان زۆر کەم بوون تۆش چوویت موسڵمان بویت؟ محەمەد دڵی خۆشە ئۆمەتی هەیە؟»

- زەمانی دارۆغە بوو کوڕێکی گاوری جوانکەلە لە «پاتاق»چوو موسڵمان بوو. مامۆستا فەرمووی خەتەنەی بکەن. دارۆغە خۆی لێخۆش کردبوو کەوتە شەوێ ئیشەکەی دروست کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

لە بەیانیا باوکی کوڕەکە تووشی کوڕەکە بوو وتی: ها کوڕم موسڵمانەکانت چۆن چاو پێ کەوت؟ وتی: «بابە قەومێکی سەیرن هەر کەس بچێتە سەر دینی ئەوان بە ڕۆژ کێری ئەبڕن و بە شەو قنگی ئەدڕن».

- کابرایەک هەبوو لە سنە میرزا فەقێی ناو بوو، پیاوێکی بە دین و لە خوا ترس و فەقیرۆکەش بوو. ڕۆژێک ئەچێتە لای مەلا ئەحمەدی قیامەتی (کە ئەم مەلا ئەحمەدە مزگەوتێکی هەبوو لە ناو بازاڕەکە بوو) بە ڕۆژ لە بەر هەیوانی مزگەوتەکە دائەنیشت و خەڵک ئەچوون پرسی شەرعیان پێ ئەکرد.

ئەڵێ: قوربان من هەر چەندە نوێژ دائەبەستم و ئەچمە ناو نوێژەوە شەرع شەرمی بۆ نییە کێرم هەڵئەستی نازانم چارم چییە؟ ئەویش ئەڵێ فێکر لە مردنی باوک و دایکت بکەرەوە. ئەڵێ: کەڵکی نییە. ئەڵێ هەناسەی خۆت بخوەوە. ئەڵێ کەڵکی نییە. ئەڵێ فیکری قەبر و قیامەت بکەرەوە. ئەڵێ کەڵکی نییە. ئەڵێ ئەمانەم هەموو کردووە هیچ کەڵکی نییە تەنانەت فیکرم لە ئاغای قیامەتی کردگەسەوە هەر سوودێکی نییە.

مەلا ئەحمەد تۆزێ ڕائەمێنێ و تێک ئەچێ و ئەڵێ: «کەواتە کابرا وەرە بیسوو بە قنگی منا». کابراش ئەڵێ: «قوربان ئاخر من بۆچە هاتگم بۆ خزمەتی جەنابت؟ بۆ ئەوە هەرچی جەنابت بفەرمووی من وابکەم».

- کابرایەک هەبوو لە «بالیسان» زۆر فەقیر بوو. ئەگەر جارجار لە ئاوایی گۆشتیان بکوشتایەتەوە هەندێ لە ڕیخۆڵەو ورگەکەیان بۆ ئەبرد بۆ ئەوە بیکەن بە چێشت و بیخۆن. پشیلەیەک پێیان فێر بوو بوو ئەهات لێی ئەدزین.

ڕۆژێک کابرا چوو بۆ هەولێر بە هەر جۆر بوو «بیور»ێکی هێنا بۆ ئەوە جارجار کۆڵە دارێکی پێ بکاو بیدەن بە شتێک و پێوە بژین. کە بیوەرکەی هێنا ژوورێکیان هەبوو لە پشتەوە بردی لەوێ داینا و توند دەرگاکەی پشت کۆڵ کرد لە سەری. ژنەکەی وتی: ئەوە بوچی بیورەکەت بردە ئەوێ؟ کابرا وتی: تا پشیلە نەیدزێ. ژنە وتی: پیاوەکە پشیلە چۆن بیور ئەدزی؟ وتی: «چما تۆ ئەقڵت هەیە؟ ئەو گرتکە گۆشتێک کە چوار پووڵ ناهێنێ ئەیدزێ، هەنووکە بیورێک کە دە قەران دێنێ کوو نایدزێ؟»

- حاجی ئەحمەدی کرنوو لە ئاخری عومرەوە تووشی کۆڵنجێک بووبوو، زۆر لە بەری نارەحەت بوو. حەکیمەکانی ئەو دەورە وتیان خوێنی بگرن چاک ئەبێتەوە. خوێنیان گرت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەڵکی نەبوو. یەکێکی‌تر وتی رۆن گەرچەکی بدرێتی چاک ئەبێتەوە. رۆن گەرچەکیشیان دایە هەر کەڵکی نەبوو. یەکێکی‌تر وتی ئەگەر شەرابی بدرێتێ بێ گۆمان چاک ئەبێتەوە. هەر چەند رازیش نەئەبوو بە هەر جۆر بوو نەختێ شەرابیشیان دایە، کەچی ئەویش هەر کەڵکی نەبوو. دوای ئەوە لێیان پرسی حاجی چۆنی؟ وتی: «چۆن بم؟ لەم ئاخرەوە بە عومرێکی هەشتا و پێنج ساڵییەوە ئەبێ بەسەرخۆشی و بە قنگ دڕاوی بچمە حوزووری خوا».

- جارێک کابرایەکی «خوڕخوڕەیی» زۆر ناشیرینی زۆر خۆر بۆ سەپانی ڕێی ئەکەوێتە ولاتی بانەو ئەچێتە دیواخانی حەمەخانی بانە. لە کاتی نان خواردنا کابرا شانی لێ توند ئەکا و دەست ئەکا بە خواردن. لەو ولاتی کوردەواریە سەپان بە خواردن تاقی ئەکەنەوە، ئەگەر زۆر بخوا ئەوە ئیشکەر و سەپانی چاکە، بەلام خواردنی ئەم کابرایە لە وزە دەرچووبوو، وای لێ هاتبوو حەمەخان چوو بووە سەیری. لەو کاتەدا حەمەخان لێ پرسی کابرا تۆ خێزانت چەندە؟ ئەلێ: قوربان نۆ کچم هەیە. ئەلێ ئەوان جوانترن یا تۆ؟ ئەلێ: «قوربان من لەوان جوانترم، بەلام ئەوان لە من زۆر خۆرترن».

- حاجی‌مەلایوسفی‌سووورداشی وەختێ قازی بوو رۆژێک ئافرەتێک ئەچێتە لای شکات لە دەست مێردەکەی ئەکا ئەلێ: لە شوێنێکی زۆر تەنگا دایناوم، لە بەر ئەوە دڵم تەنگە. ئەویش ئەلێ: «ئیشێکی زۆر چاکی کردووە شوێنی ژنان هەتا تەنگتر بێ باشترە».

- «اعزازالملکی» گەورە لە سنە جارێک کابرایەکی مایندۆلی ئەچێتە شار و ئەچێتە لای «اعزازالملک» لە خەسراوا کۆشک و باخ و باخاتی خەسراوا و خزمەتکار و نەنتەنەی «اعزازالملک» سەر سامی ئەکا.

«اعزاز الملک» ئەیەوێ سەر بنێتە سەری و پێی ئەلێ: حەز ئەکەی وەکو من بی و مایندۆلی بی و «اعزاز الملک» بی؟ ئەلێ: نەوەللا. ئەلێ: حەز ئەکەی مایندۆلی بیت و لە بەهەشتا بی؟ کابرا تۆزێ ڕائەمێنێ و پاشان ئەلێ: «بەلێ بەو شەرتە ئەهلی بەهەشت نەزانن من مایندۆلیم[22]». اعزازالملک دەست ئەکا بە پێکەنین.

---

٢٢- مایندول گوندیکه له ولاتی سنه زۆر به ئاقل ناویان دەر نەکردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- حەسەنبەگیعەلیبەگ بۆی گێڕامەوە وتی: حەمەیسانەحمەد هەبوو وەختێ لای من بوو رۆژێک لە بازاڕی بەغدادا پێکەوە بە ڕێگادا ئەڕۆیشتین. تەماشا ئەکەم هەر لە خۆیەوە ئەڵێ: «بالەک، بالەک». وتم ئەرێ کورە حەمەی سانەحمەد ئەوە بۆچ وا ئەکەی؟ وتی: «حەسەن بەگ ئەوە نییە حەماڵەکان هەر ئەڕۆن و ئێژن بالەک. ئەگەر وا نەبوایە نەیانئەوت». وتم: برا ئەوان حەماڵن و هەر یەکە کۆڵە ئاسنێکی قورسیان لە کۆڵەو لە ژێر بار ئەنقێنن، تۆ چیت بە کۆڵەوەیە؟ وتی: «برا حەسەن بەگ ئەگەر هەر نقەوێ منیش ئەنقێنم و واز لە بالەک نایەنم».

- مستەفابەگیکەریمبەگیجاف و مەحموبەگیڕەزابەگ -کە خزمی یەک بوون- بە ترومبیلێک لە کەلارەوە دێن بۆ خانەقی. پیاوێکیشیان لە گەڵا ئەبێ، سپلۆتێکیش هەر لە ترومبێلەکەدا ئەبێ.

لە ڕێگادا مستەفا بەگ دەست ئەکا بە هۆرە کردن. بە قسەی عەلی بەگی ڕەزا بەگ دەنگیشی زۆر ناخۆش ئەبێ. هەر کە ئەو دەست ئەکا بە هۆرە کابرای پیاوە کە لە گەڵیان ئەبێ خوڕخوڕ ئاو بە چاویا دێتە خوارەوە. مەحموو بەگیش هەر ئەڵێ: مستەفا بەگ بەسیە بیوڕەوە مستەفا بەگیش هەر نایبڕێتەوە.

لە ئەنجاما مەحموو بەگ ئەڵێ: «مستەفا بەگ تۆ ڕەنگبێ گریانی ئەم کابرایە دەستی بڕیبێت و وا بزانی لە بەر دەنگخۆشی تۆ دەستی کردووە بەگریان؟ وا نییە بەو سەی خەلیلە لە بەر ئەوە ئەگری ئێژێ جا ئەمە هەر لێرەوە تا خانەقی من گوێم لەم دەنگە ناخۆشە بێ خۆ پێشەکەشم ناچێتە خانەقی». ئیتر مستەفا بەگ بێ دەنگ ئەبێ.

- لەو کوێستانی دەوری سەردەشتە پیاوێک هەبوو مام وەیسەی ناو بوو. ڕاوچییەکی زۆر بەکار بوو؛ زۆرتر بۆ ڕاوە پڵنگ ئەچوو. بەڵام ئەو دەردەی هەبوو کە ئەچوو بۆ ڕاوە پڵنگ ئەینرکان و ئەترِی. پێیان ئەوت مام وەیسە بۆچ ئەنرکێنی و ئەترِی؟ ئەیوت: «ئەنرکێنم بۆ ئەوە پڵنگەکە بترسی، بەڵام قسەی خۆمان بێ خۆیشم ئەترسم بۆیە ئەترِم».

- ئەحەیکرنوو جارێک گەڕ بە کابرایەکی شارباژێری دائەئاڵێنێ بارە مێوژێکی لێ لائەدا. ئەبێ بە هەرایان و ئیشیان ئەکەوێتە شکات و شکاتکاری، ئەچن بۆ لای قازی. حاجیئەحمەد بەستووگەیەک پڕ ئەکا لە تویکڵەگوێز و سەرەکەی پڕ ئەکا لە ڕۆن و ئەیبا بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی. قازی کووپەڵە رۆن ئەبینێ بە لای حاجی ئەحمەددا دای ئەتاشی و پسوولەی ئەداتێ کە ئەم حەقە هی حاجی ئەحمەدە.

حاجی ئەحمەد لێ ئەڕواو بارە مێوژی شاربازێڕی ئەخوا. زۆی پێناچێ قازی تێئەگا کە کووپەڵە چی تێدایە. ئەنێرێتەوە بە شوێن ئەحەی‌کرنوودا کە پسوولەکە بێنێتەوە سەهوێکی تێدایە بۆی چاک کەم. ئەحەی‌کرنوویش وەلامی بۆ ئەنێرێتەوە ئەڵێ: «سەهو لە پسوولەدا نییە رەنگبێ سەهو لە کووپەڵەکەدا بێ، با هەر لە گوپی دا».

- زەمانی شیر وتیر بوو کابرایەکی کوردی بالەکی کەمانێکی رووتی هەڵگرت و وتیان لە گەڵ داسنیەکانا شەڕ ئەکرێ. چوو بۆ ئەو شەڕە. پێیان وت کەمانی بێ تیر چی لێ ئەکەی؟ وتی تیر لە لایەن دوژمنەکانەوە دێت هەڵی ئەگرم و ئەیخەمە کەمانەکەوە شەڕی پێ ئەکەم. وتیان جا ئەگەر نەهات؟ وتی: «ئەگەر نەهات ئەوە ئیتر شەڕ نییە».

- مەلا شەفیع هەبوو لە عەنبار لە گەڵ کوێخاکەدا بەینی ناخۆش بوو پاش ماوەیەک کوێخا مرد. بە مەلا شەفیعیان وت وەرە تەڵقینی بخوێنە. وتی: «بچن یەکێکی‌تر بێنن تەڵقین بخوێنێ ئەو قسەی من ناچێ بە گوێیدا».

- فەقێ‌شێتە هەبوو، جارێک مەحمووپاشا پێ ئەڵێ: «ئەرێ فەقێ‌شێتە شەڕ لە بەینی خەڵکا چۆن پەیدا ئەبێ؟ فەقێ‌شێتە ئەڵێ: «پاشا نەیبینی و ئەیخۆی». مەحمووپاشا ئەڵێ: کورە چ گوویەک ئەخۆی؟ ئەڵێ: «پاشا وایە یەکێک گویەک ئەخواو ئەویتر جوابی ئەداتەوە ئەوە شەڕ لە بەینیانا پەیدا ئەبێ». مەحمووپاشا هیچ ئیتر دەست ئەکا بە پێکەنین.

- شێخ جەلالی برای شێخ‌نەجیبی‌قەرەداغی ئێوارەیەک مانگی رەمەزان لە سولەیمانی لە مزگەوتەکەی خۆیا وەعزی ئەدا و لە لایەن خراپەی عەرەق خواردنەوە قسەی ئەکرد ئەیوت: «هەر کەسێ بە سەرخۆشی بمرێ و بە سەرخۆشی کفن بکرێ و بە سەرخۆشی بنرێتە قەبرەوە...» تا هات ئەویتری تەواو کا عەزیز بەگ هەبوو لە کۆڕی وەعزەکەیا هەستا وتی: «بە خوا یا شێخ ئەوە عەرەقێکە هەر قاپێکی سەد روپیە دێنێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەحەی کرنوو هاتە سەروبەری مردن وتی: کورینە! وەسیەتم ئەوەیە بە پەلە بچن لە ناو شارا چی کۆنەو مۆنە هەیە بیهێنن و بیکەنە بەرم با بەو جلە کۆنانەوە بمرم. وتیان حاجی ئەحمەد ئەمە بۆچی؟ وتی: «بۆ ئەوە ئەگەر ئەنکیر و مونکیر لە قەبرەکەدا هاتنە سەرم با وا بزانن من مردوێکی کۆنم هی تازە نیم».

- حەمەپاشای جاف ئەوە بوو هەموو جاف لە ژێر حوکمیا بوو، خۆیشی زۆر بە گەورەیی و خۆشی رایئەبوارد. کە ئەکەوتە جەژنەکان هەر خزمەتکارێکی لا هەبوو سەرو دەستە جلی بە ناوی جەژنانەوە بۆ ئەکردن.

ساڵێک جەژنی قوربان بوو، باوکی فەقێ شێتەش هەر لای ئەو بوو. حەمەپاشا بۆ هەر یەک لە خزمەتکارەکان دەستە جلێک ئەکا. ئەمر ئەکا کورتانێکیش بە ناوی جەژنانەوە ئەدەن بە باوکی فەقێ شێتە.

رۆژی جەژن پاش نان خواردنی جەژن، دیواخان پڕ ئەبێ لە خزمەتکارو سەرکۆمار کە هەموو هاتوون بۆ جەژنە پیرۆزەی پاشا. خزمەتکاریش هەر یەکە دەستە جلی نوێ خۆی لە بەر کردووە. باوکی فەقێ شێتەش نقەنق ئەنیشێ بە کورتانەوەو ئەیکاتە کۆڵی و ئەچێ بۆ دیواخان لە ژێردەواری هەژدە هەستوونیدا خەڵک هەموو چاویان پێ ئەکەوێ. تا هاتن قسە بکەن ئەم خێرا وتی: «خەڵکینە! لوتفی پاشا لە گەڵ منا لێرەدا دەرئەکەوێ. ئێوە نایزانن پاشا بۆ ئێوە ئەمری دا هەر یەکە دەستە جلێکتان بە ناوی جەژنانەوە لە بازاڕ بۆ بکڕن، بەڵام بۆ من جلێ تایبەتی خۆی داکەند و کردی بە بەرما». خەڵکەکە واقیان وڕ ئەمێنێ و حەمەپاشا دەست ئەکا بە پێکەنین.

- ژنێک هەبوو لە سنە فەرەنگیزخانمی ناو بوو. حەو مێردی کردبوو هەموویان مردبوون. کابرایەک هەبوو ئۆسا فەتێی ناو بوو ئەو مارەی کرد. ئۆسا فەتێیش هاتە سەرو بەری مردن. جا فەرەنگیز خانم لە ژوور سەریەوە دانیشتبوو ئەگریا، ئەیوت: «باوانەکەم! ئاخر کە تۆ ئەڕوێ من بەکێ ئەسپێری؟» ئۆسا فەتێیش وتی: «بە قورمساغی نۆیەم».

- ئەحەی کرنوو وەکوو شەربەتی ئەفرۆشت، جار جاریش قەسابی ئەکرد. رۆژێک مەڕێکی سەربڕی بەڵام مەڕ ئەوەندە لاواز و بێفەڕ بوو گۆشتەکەی نەئەخورا و کەس لێی نەکڕی بە دەستیەوە داما.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلائەحمەدی‌کانی‌گۆمەیی هەبوو لەو سەردەمەدا لە سولەیمانی مردووی ئەشۆرد. هەستا چووە لای وتی: «مەلا ئەحمەد من پیر بووم و ئەترسم لە ناکاو بمرم هیچ ئومێدیکم بە کورەکانم نییە. هەر لە ئێستەوە کفن و قەبر و هەموو شتێکم بۆ خۆم حازر کردووە ماوەتەوە سەر شۆردنەکەم. وەرە مەرێکی بریانم سەر بڕیوە ئەتدەمێ بۆ خۆت لە گەڵ منالەکانتا بیخۆ لە باتی هەقی شۆردنم، بەڵام هەر کاتێ مردم ئیتر مەیەڵە کورەکانم توخنم کەون، خێرا وەرە بمشۆ». مەلا ئەحمەدیش شتی وای لە خوا ئەوێ چونکە زۆر خۆڕاییە هەستا چوو لاشە مەڕی هێناو لەماڵەوە دەستیان کرد بە خواردنی.

نزیکەی بیست رۆژێکی پێچوو ئەحە چوو بە لای مەلا ئەحمەدەوە وتی: مەلا ئەحمەد کاسبیەکە لێرە ناچێ بەڕێوە، ئەچم بۆ کەرکووک لە گەڵم وەرە با بچین بۆ ئەوێ. مەلا ئەحمەد وتی من ئیشم چییە بە کەرکووک؟ وتی برا وەختی خۆی من تۆم بە کرێ گرت کە مردم بمشۆی و ئیتر پێویستم بە یەکێکی‌تر نەبێ؛ هەقەکەشتم لە پێشەوە پێداوی و هەر ئەبێ لە گەڵم بیت بەڵکوو من لە کەرکووک مردم.

لەم قسەیەک و لەو قسەیەک بوو بە هەرایان. خەڵکو خوا کەوتنە بەینەوەو لە ئەنجاما هاتە سەر ئەوە کە مەلا ئەحمەد پارەی مەڕەکە بداتەوە بە حاجی ئەحمەد. حاجی ئەحمەدیش قەبوولی نەئەکرد. بەڵام خەڵکەکە روویەکی زۆریان لێنا، ئەمجا پارەی بەرانێکی لێ سەند و مەلا ئەحمەد بە هەر جۆر بوو رزگاری بوو لە دەستی.

- ئەورەحمانی خامە لە سولەیمانی ساڵی سەرما و بەفرە زۆرەکە میوانێکی خەڵکی ئەو شارەزوورەی بۆ پەیدا ئەبێ. شەوێ زۆر سارد ئەبێ کابرا ئەڵێ: خاڵە ئەورەحمان فرە ساردە شتێک نادەی وە سەرما؟ خاڵە ئەورەحمانیش هەڵئەستێ حەسیرە شڕێک لەو ناوەدا ئەبێ پیائەدا. پاش تۆزێک کابرا ئەڵێ: بە خوا کاکە ئەورەحمان هەر فرە سەرمامە بەڵکوو لێفەکەیەکی‌ترم پیا دەی. کاکە رەحمان پەیژەیەک لەو ناوەدا ئەبێ پەیژەکەش لە باتی لێفە لە سەری دائەنێ.

کابرا ئەکەوێتە چۆقە چۆق ئەڵێ: کورە بێ فەڕ کوڕی خامە سنەیی! مردم لە سەرمانا لێفەیەکی‌ترم پیا دە. ئەمجا هەڵئەستێ ئەو رۆژە ماڵی دراوسێ هاتبوون جلیان شتبوو سوێنەکە هەر وا پڕیبوو. لە ئاو سوێنە هەڵئەگرێ و لە سەر پەیژەکەی دائەنێ. کابرا ئەکەوێتە جووڵە جووڵ سوێنە وە پەیژەکەوە ئەلەرێتەوەو ئاوەکەی ئەرژێتە سەر حەسیرەکە، لە سەر حەسیرەکەوە دڵۆپ دڵۆپ بەر ئەبێتە سەر کابرا. کە ئەمە ئەبینێ لای وایە عەرەقی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردۆتـەوە ئەڵـێ: «خاڵـە ئـەورەحمان عـەرەقێکی فـرەم کردگەسـەوە پیاگـەتیت بێـت لێفـە سەرگەکەم لە سەر لاوە فرە حاڵم خراوە».

- حاجی‌ئەحمەدی‌کرنوو ئەچێتە بناری هەورامان و لەوێ کابرایـەک دێتـە لای ئەڵـێ: برا تۆ حەکیمی؟ ئەڵێ: ئەرێ. ئەڵێ: برا من مووی ریشم ژان ئـەکا. ئەڵـێ چیـت خـواردوە؟ ئەڵێ نان و یەخ. ئەڵێ: «بچۆ بۆ خۆت گۆڕ بـە گـۆڕ بـە، نـە دەردەکـەت لـە دەردی خەڵـک ئەکا نە نەخۆشیەکەت.

- مامۆستا «بەشیر موشیر»پیاوێک لە شەقلاوە بڕیاری پێدابوو کە کچەکەی خـۆی بـدا بە کوڕەکـەی. ئـەمیش لـە بەغـداوە «شـامل»ی کـوڕی هەڵـئەگرێ و ئـەچن بـۆ شـەقلاوە بـۆ خوازبێنی و گواستنەوەی کچ. دیارە کوڕەو باوک هەر دووکیان خۆیان ڕێک و پێک و تاس و لووس ئەدەن. لەوێ کچەکە لە کوڕەکە مارە ئەکەن. لە دەمە دەمی گەڕانەوەو گواستنەوەدا مامۆستا و باوکی کچە لە سەر تۆزێ وردە پیتاک بەینیان تێک ئەچێ. مامۆسـتا هـیچ سـێ و دووی لێ ناکا ئەڵێ: «بڕو هەر سێ تەلاقی کچەکە کەوتبێ». شاملیش بـە تـەواوی دڵـی لـە قەد و بالای کچە چوو بـوو، ئـەوا بـە تەمایـە کـچ سوار بکرێ و بگەڕێنـەوە. بـاوکی پێئەڵـێ هەستە ڕۆڵە با بڕۆین ئەڵێ ئەی کچەکە؟ ئەڵێ: کچەم تەلاق دا هەستە با بڕوین. ئەڵێ: بابە کـچ ژنی منـە تـۆ چـۆن تـەلاقی ئـەدەی؟ ئەڵـێ: «هەسـتە هـەتیو ئـەم ناجـسنانە لەوانـە نـین خزمەتیان بکرێ. ئەوە دەردیان بێ با بڕۆین کچەکەیانم تەلاق دا». هەرچەندە شـامل هـاوار ئـەکا کەڵـکی نابـێ هـەر ئەڵـێ تـەلاقم داوە بـا بـڕۆین. شـاملی قوڕبەسـەری خـۆ تـاس و لووسدەری بۆ تازە زاوایی، بە هەناسە ساردی لەگەڵیا ئەگەڕێتەوە بۆ بەغدا.

- مامۆستا دەروێش عەبدوڵڵای جەباری هەبوو لە مەدرەسـەی ئیسیکی کفـری مـودیر بوو. هاتوچۆ لە بەینی بەغدا و ئەوێدا بە شەمەنەفەر بـوو. ڕۆژێـک لـە بەغـدادا ئەچێتـەوە بـۆ ئیسکی کفری، لە ناو شەمەنەفەرەکەدا لەگەڵ پیاوێک ئەبن بە ڕەفیق و ڕێگای شەمەنەفەر بە قسە ئەبڕن. زۆرتر لە قسەکانی دەروێش ئەوە ئەبێ کە قسە بە تاڵەبانی ئەڵـێ و لەسـەر ئـەو شێوەیە ئەڕۆن تا ئەگەنە ئیستگەی کفری و لەوێ هەر دووکیـان دائەبـەزن. لەوێدا دەروێـش لێی ئەپرسی برا من و تۆ یەکتریمان نەناسی؟ کابراش ئەڵێ: برا من لە عەشـیرەتی تاڵـەبانیم. دەرویش واقی وڕئەمێنێ و هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەڵـێ: «هـەی ناجـسنی خـوا گرتـوو! تـۆ کـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تاڵەبانیت بۆچ زوو دەنگت نەکرد تا من ئەم هەموو جنیوەم نەدایە؟» بەمە ئیشەکەی خۆی پینەئەکا و هەردووکیان دەست ئەکەن بە پێکەنین.

– لە دەورو بەری هەولێر مەلا عەبدوڵلا دیرەبر وشەیی هەبوو؛ ئەمە ئیشی هەر ئەوە بوو مارە بە جاشی ئەکردەوە. ئەوەش کە ئەیکرد بە جاش «مام وسوو»ناوێک بوو. جا ئەم مام وسووە هەر وەخت تووشی مەلاعەبدوڵلا ئەبوو ئەیوت: مامۆستا قسەیەکم هەیە بیلێم یا نەیلێم؟ ئەویش ئەیوت: بیلیَ. ئەیوت: «مامۆستا راستی هەر وەخت تووشی تۆ ئەبم کێرم هەلئەستێ». ئەویش ئەیوت تف کەرە جا وەرە پیاوەتی لە گەڵ بکە.

– کابرایەک هەبوو لەو سەرشیوە نەخۆش کەوت و ئامۆژگاری ژنەکەی کرد وتی: ئافرەت کە مردم مێرد بکە بە مام وسووی دراوسێمان. ئافرەتەکە وتی بۆچی؟ وتی: «ئەو بێفەرە جارێک مانگایەکی پێ فرۆشتم هەر زۆر زۆر بێفەڕ بوو؛ هیچ کەڵکی نەبوو. ئەمەوێ تۆڵەی لێ بکەمەوە».

– مەلامومنیکی جوانڕۆیی هەبوو ژنێکی هەبوو خافاتمی ناو بوو. خافاتمیش هەر خوێند بووی. خافاتم هەر کاتێ نانی دائەنا مەلامومنی مێردی پێ ئەوت خافاتم سەرت رووت کە. کە ئەو سەری رووت ئەکرد ئەمیش سوورەی «قل هو اللّه»ی ئەخوێند. خافاتم رۆژێک وتی ئەرێ پیاوەکە ئەوە بۆچ کە من سەر رووت ئەکەم تۆ «قل هو اللّه» ئەخوێنی؟ ئەویش وتی: «خافاتم لە حەدیسی شەریفدا دیومە ئەفەرمووی کە ئافرەت سەری رووت کرد ئیتر مەلایەکە نایەتە ئەو شوێنە. کە سورەی قل هو اللّەش خوێنرا لە هەر شوێنیک، شەیتانیش ناچێتە ئەو شوێنە. جا لە بەر ئەوە کە من نامەوێ عەزیەتی هیچیان بدەم بۆ سەر نان خواردن مەلایەکەکە بە تۆ و شەیتانەکە بە خۆم دوور ئەخەمەوە».

– ئەحەی‌کرنوو لە سولەیمانی کوڕێکی هەبوو نەخۆش کەوتبوو. حەکیم برایمیکی گاور هەبوو چووە لای کە کوڕەکەی بۆ چاک بکاتەوەو پێنج مەجیدی بداتێ. حەکیم برایم هاتە سەر کوڕەو دەرمانی کردو کوڕە چاک بووەوە داوای مزەکەی کرد. ئەحەی‌کرنوو وتی نیمە بتدەمێ. لەم قسەو لەو قسە لە ئەنجاما ئەحە پێی وت: حەکیم برایم ئەمەی پێ ناوێ نیمە بتدەمێ، بەڵام رێگایەکت بۆ دائەنێم کە پێنج مەجیدیەکەتت دەست کەوێ؟ وتی چییە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.raberi.org

وتی خواجە شەلەمۆ هەیە لە جوولەکان، خۆیشت ئەیناسی بچۆ شکاتی لێ بکە لە لای قازی بڵێ پێنج مەجیدیم لە لایەتی. من و کورەکەم بکە بە شاهید، دین و شایەتیت بۆ ئەدەین ئەوا بەو جۆرە پارەکەت دەست ئەکەوێ.

حەکیم برایم چارناچار ئەچێت وەکو ئەحە پێ ئەڵێ شکات ئەکا لە خواجە شەلەمۆ. ئەحەی کرنوو و کورەکەی ئەکا بە شاهد. قازی شەلەمۆ بانگ ئەکا ئاگای لە هیچ نییە بە حەکیم برایم ئەڵێ: شایەتت هەیە؟ ئەڵێ بەڵێ، ئەحەی کرنوو و کورەکەی. شاهد بانگ ئەکرێ و بەمجۆرە پێنج مەجیدی ئەکەوێتە سەر خواجە شەلەمۆ لێ ئەستێنن و ئەیدەن بە حەکیم برایم و دێتە دەرەوە.

ئەمجا ئەحەی کرنوو سەری رێ پێ ئەگرێ داوای حەقی خۆی و کورەکەی لێ ئەکا. حەکیم برایمیش ئەڵێ: مامە ئەحمەد حەقی شایەتی چی؟ تۆ کەر بە پیاو ئەگێی و شایەتیمانیشی پێ دینی. ئەڵێ: کافری بێ دین! ئەی من حەماڵی شەیتانم؟ خەڵکو خوا ئەکەونە بەین تا بە چوار مەجیدی مامە حەمەد رازی ئەکەن قیر سپی ئەبێ.

- وەستاگووروونێکی‌بەرگدوور هەبوو لە سولەیمانی کەواو سەڵتەی چاکی ئەدووری. هەباسی مەحمواغای پشدەر ئەچێتە سولەیمانی بە ناوبانگی کەوای وەستا گوورروونەوە تۆپێ ماوتی نایاب ئەبا بۆی بکا بە کەواو سەڵتە. وەستا کەواو سەڵتەی بۆ ئەبرێ بەڵام لە بەر ئەوە کە هەباساغا زۆر بە وردی چاوی تێبریوە هێچی بۆ نادزرێ، ناچار وەستا گوورون ترێک ئەکەنێ. هەباساغا دەست ئەکا بە قاقای پێکەنین و ئەکەوێ بە پشتا، لەو کاتەدا وەستا دەستی خۆی ئەوەشێنێ. هەباساغا پێکەنینەکەی بە لاوە خۆش ئەبێ، ئەڵێ وەستا بە سەرخۆت ترێکی تریش ئەڵێ: «قوربان ئیتر بەسە نەوەک کەوا و سەڵتەکە تەنگ بێت».

- فەقێ‌شێتە هەبوو، هەرەتی گەنجی بوو حەزی ئەکرد خۆی بگەینێتە لای مەحمووپاشای‌جاف و لە ئەنجاما ببێ بە پیاوێ ئەو. مەحمووپاشا پیاوێکی هەبوو حەمەعەلی ناو بوو. فەقێ‌شێتە حەمەعەلی باش ئەناسی، بەڵام مەحموو پاشای نەئەناسی. حەمەعەلی ئیشێکی وای کرد کە مەحمووپاشا داوای فەقێ‌شێتە بکا و بە حەمەعەلی وت بچۆ بیهێنە. حەمەعەلی چوو بە فەقێ شێتەی وت کە شەوێ پاش بانگی شێوان وەرە مەحمووپاشا داوات ئەکا چاوت پێ بکەوێ. فەقێ‌شێتە ئەمەی زۆر پێخۆش بوو، پاش بانگی شێوان چوو بۆ دیواخان. وا رێ کەوت کەس لە دیواخان نەبوو تەنها مەحمووپاشا خۆی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەمەعەلی نەبێ. فەقێشێتە کە چووە ژوورەوە رووی کردە حەمەعەلی وتی: «ئەرێ حەمەعەلی کامتان مەحموو پاشان؟»

- کابرایەک هەبوو لە سولەیمانی «خەپە»یان پێ ئەوت؛ کابرایەکی شێتی بە هێزی هەتا بلێی زل بوو. کفتەی سولەیمانی بە ناو بانگ بوو، ژنان لە مالان خەپەیان بانگ ئەکرد بۆ ئەوە گۆشتی کفتەیان بۆ بکوتێ. خەپەش بە تەمای کفتە خواردن سەری بە هەموو مالێکا ئەکرد. ژنان کە خەپە بەو شانوو قۆلەوە گۆشتەکەی بۆ ئەکوتان، ئەوانیش داو دەرمانین تێ ئەکرد و ئەیانخستە سەر مەنجەڵ بە خەپەیان ئەوت: خەپە زۆر هیلاک بوویت بچۆ تۆزێ بۆ خۆت بنوو بحەسێرەوە. خەپەش ئەیوت باشەو ئەچوو ئەنووست تا ئەو لە خەو هەلئەستا کفتە پرزۆلیش نەئەما. خەپە قەت بە عەمری خۆی کفتەیەکی نەخوارد.

- قادری قۆرک هەبوو لە دێی توولەبی لە شمیران. مریدی شێخی زیائەدین بوو. گێڕایەوە وتی: ئەوا تۆفی کوڕێنیمە گالۆکێکم کردگە وە مەچەکما چووم بۆ بیارەی شەریف بۆ خزمەتی شێخی گەورە. شەروەت وێ لە رووتا هەر گەیشتمە ئەوێ ئیشی پێشاوم هەبوو چوومە سەر پێشاو. دانیشتم و دانەنیشتم کاورایەک هات بەر دەرگاکەی لێ گرتم وتی ئەها. وتم ئەها. ئەو هەر وتی و من هەر وتم هیچ نەچوو وە گوێچکەیا. ئەوەنەم زانی خۆی کرد وە ژوورا. منیش نەمکردە ناپیاوەتی هەر هەلسام و گالۆکێکم کێشا وە پەشیمانەی ناو شانیا لنگەو قووچ لەوێ کەوت. شێخ -وە قوروانی وم!- چاوی لێ وو وتی قالە نەی کردوێ، وتم وە قوروان تازە کردم تێپەڕی نام وە ریشی باوکیەوە گوایە ئەم کاورایە وە تەمای چییەوە وا ئەکا؟

- سالێک گۆبەندێک داکەوتبوو لە سولەیمانی نووری ئەحمەدی تاها هەبوو وتی: بە شوێنما ئەگەڕان هاوڕێکی دلسۆزم هەبوو چوومە مالی ئەوان خۆم بشارمەوە. کە چووم دۆستەکەم لە مال نەبوو پرسیم لە خێزانەکەی براژن کاکە ئەحە لە کوێیە؟ وتی: کاکەنووری گیان دانیشە ئێستە دێتەوە. وتی هەر دانیشتم و هەر نەهاتەوە. وتم براژن دواکەوت ئەوە بۆچی کاکە ئەحە نەهاتەوە؟ وتی بە خوا کاکەنووری ئەوێ راستی بێ چووە خۆی بشارێتەوە.

بە لامەوە زۆر سەیر بوو وتم نەچووبێ بۆ مالی ئێمە؟ وتی نازانم. لە ئەنجاما دەرکەوت ئەویش چووە بۆ مالی ئێمە خۆی بشارێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی کەلهوڕ لە ماڵی دنیا خوا ریشێکی پان و زمانێکی لووسی پێ دابوو. ڕێ ئەکەوێتە دێی «ئاڵتوون»ی لای سەقز. ئاڵتوونی وا مەشهوورە هیچ بە کەس نادەن، وەکوو ئەڵێن پشیلەی کوێر نان لە ماڵیان دەر ناکا.

ئەم دەروێشە کەلهوڕیانە شێوە قسەی هەموو لایەک ئەزانن. کاکی کەلهوڕ کە ئەچێتە ئاڵتوون سەیر ئەکا شاییە، هەرایەو زەماوەندەو زەنایە. لە گەڵ ئەوەشا سەیر ئەکا وا چەند دەروێش و دەرۆزەکەرێکیتر لەوێن و دۆش داماون. چووە ناویان وتی چییە بۆ وا ماتن؟ وتیان چۆن مات نەبین؟ ڕێگایەکی دوورمان بڕیوە هاتوین بۆ ئێرە تەماشا ئەکەین ئەم ئاڵتوونیانە هیچمان نادەنێ. وتی کەواتە چاوتان لە کاکی خۆتان بێ.

کابرا دەمەو ئێوارە بوو چووە بەردەمی کۆڕەکەو خەڵکێکی زۆریش وەستابوون دەنگی بەرز کردەوە وتی:

ئاڵتوونیانی ئاڵتوونی بالا بەرزانی بیتوێنی
ئەناڵێن بۆشاییتان بە ئاواتن بۆ دیتنتان

کە ئەمەی وت هەموو خەڵکەکە وەکوو پوورەی هەنگ لێ کۆ بوونەوەو ئاهەنگیان چۆڵ کردو هاتن بەلای ئەمەوە. ئەمجا ڕووی تێکردن وتی خەڵکینە کردەوەی چاک و ئیشی باش لە دنیادا جەزای هەیە وەکوو ئەم خۆشیە کە ئێستە ئێوەی تیان، لە ڕۆژی قیامەتا لەمە خۆشتر ئەبینن. ئەوانەی کە خراپەکارن وەکوو ئێمە بەدبەخت و ڕوورەشی هەر دوو لان. یەکێک لەو بەد بەختانە کە ئەیانبینن منم، منی بەدبەخت نەو موسڵمانم لە ئەولادی ئەو جوولەکانەم کە لە بەر خراپی و ناڵەباری و خوانەناسی خوا کردنی بە مەیموون. خراپی ئەوان کاری کردە لە وەچەوەچەیان. منی بەدبەخت لەگەڵ ئەوەدا کە بە دینی پاکی ئیسلام سەرفەراز بووم، هێشتا هەر ماڵ ویرانی و بەدبەختیم بەرکەوتووە. دینی پاکی ئیسلام هێشتا بە تەواوی مشت و ماڵی نەداوم. ناڵەباری ڕۆژگار و خراپی چەرخی چەپگەرد وای لە من کرد کە بکەومە دەشت و کێو بۆ ئەوە شتێک پەیدا کەم بۆ ماڵ و خێو. لە بەر ئەوە بۆ ئەوە لە کردەوەی باو باپیرم رزگارم بێ ناچارم بە دەربڕینی ئەو بەدبەختیەی کە پێمەوەیە، بەڵکوو خوا بە واسیتەی دینی پاکی ئیسلام و ئیعتراف کردنی خۆم و ئەم شادیە موبارەکەی ئێوە پاکم بکاتەوە.

کە ئەمەی وت خەڵکەکە بە تەواوی ڕوویان تێکرد و زۆر سەرسامی ئەم قسەو گفت و گۆیە بوون. وتی: «بەڵام خۆ تازە من بەدبەخت و ماڵ ویران بووم؛ خۆ تازە ڕوو ڕەش و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەرمەزاری لای خوا و بەندە بووم؛ خوا دەمێکە پێ زانیوم، ئەوا نەبوونی و پەرێشانی رۆژگار ناچاری کردم بەوە کە ئێوەش پێم بزانن».

هەتا ئەم ئەم قسانەی ئەکرد خەڵکەکە زیاتر ئەکەوتنە سەر هەوەسی ئەوە کە گوێی لێ رابگرن و زیاتر لێ کۆببنەوە. وتیان ئەوە چییە کە وا تۆی وا لێ کردووە؟ وتی: «لە خوا نەترسی و بەدکرداری جوولەکەکانی باو باپیرم کە وەختی خۆی کردنی بە مەیموون هێشتا لەو میراتە شتێکیش بۆ من ماوەتەوە؛ ئەو شتەش کلکە. ئێستە من کلکێکی درێژم پێوەیە هەر یەکە لە پێشا شتێکم بدەنێ لە پاشا پیشانتان ئەدەم».

ئەمەی وت و عەباکەی راخست خەڵکەکە کە ئەمەیان گوێ لێ بوو هەر بە تەواوی ئارەزوویان پەیدا کرد بۆ بینینی ئەم شتە سەیرە روو نەداوە کە تا ئێستە کەس نەیبستووەو نەیدیوە ئادەمیزاد کلکی هەبێ. پارەو شتیتر وەکوو باران لە ئاڵتوونیەکانەوە باری بە سەر عەبای دەروێشی کەلهوریدا و ئەم قسەیە شلەژەیەکی دا بە ئاوایی.

پاش ئەوە کە عەبا پارەو شتومەکێکی زۆری تێچوو، دەروێش سەیری کرد ئەگەر لەوە زیاتر بۆی بێنن بۆی هەڵناگیرێ. چوار چمکی عەبای هێنایەوە یەک و بەستی بە کۆڵیا و شەتەکی دا. لەو کاتەدا کە وا عەبای شەتەک داوە بە کولیا کوتوپڕ زۆر بە سەرسامیەوە وەستا و سەری پەنجەی خستە دەمیەوەو کەوتە بەحری خەیاڵەوەو ورتەی لە خۆی چنی. خەڵکەکە وتیان ئەوە چی بوو؟ بۆچ ئیتر کلکەکەتمان پیشان نادەی؟

وتی: «بیستبووم کە هەموو جار مامۆستا فەرموویەتی رزگاری لە راستی دایەو راستی وتن گوناح ئەشواتەوە ئێستە کە من راستی ئەم ئیشە نهێنی خۆمم بە ئێوە وت و ئیعترافم کرد، سەیر ئەکەم ختوکەیەک بە لەشما هات و هەموو دەمارەکانم لە تەوقە سەرمەوە تا کەلەمووستی پێم کەوتنە جووڵە؛ وەکوو چۆن شتێک لە شوێنێکەوە بنرێتە شوێنێکیتر هەموو شتەکانی ئەو شوێنە ئاڵ و گۆڕەیان بە سەرا دێت. لەشی منیش وای لێهات. لەم کاتەدا کە باش تێفکریم ئەبینم ئەوا کلکەکەم لە پاشەوە گوێزرایەوە بۆ پێشەوە ئێستە ئەگەر ئارەزوو ئەکەن تا پیشانتان بدەم.

خەڵکەکە لەم بە سەر هاتە هەموو سەریان سڕما و هەندێکیان کەوتنە بۆڵەو هەندێکیان جنێوو هەندێکیان وتیان ئیشی خوایە، خوا قادرە بە سەر هەموو شتێکا. کابرا وردە وردە ملی رێ گرت و هاتەوە بۆ لای سواڵکەرەکانیتر و شەو داهات پێی وتن، ئاواشت پەیدا کەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لەو سەرە بێوەژنێک هەبوو کچێکی هەبوو دای بە شوو. خۆی بوو بە پێخەسووی. شەوێ سەیری کرد زاوا سەرینێک ئەنێتە ژێر سمتی کچەکەو ئەو وەختە ئەچێتە لای. ئەمەی بە لاوە سەیر بوو هەر بە ناوی لامانەوەی کچەوە چەند شەوێک مایەوەو هەموو شەو سەیری ئەکرد کە وا کابرای زاوا سەرینێک ئەخاتە ژێر سمتی کچەکەی و ئەو وەختە ئەچێتە لای. ئیتر لە وزەیا نەما، کە رۆژ بووەوە لە کچەکەی پرسی ئەرێ رۆڵە ئەوە مێردەکەت بۆچی ئەو سەرینەت ئەخاتە ژێر؟ کچە وتی نازانم دایە ئەڵێ بەو جۆرە هەمووی ئەڕوا.
ژنە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: ئەو گۆڕبەگۆڕەکەی باوکت سەد گوریس کێری لێ دزیوم، ئۆف رۆڵە خوا تۆڵەی منی لێ کاتەوە. ئەبێ ئێستە بچم گۆڕەکەی پڕ کەم لە لاس.

- عەزیزخانیسەردار لە بۆکان رۆژێک حەمام قۆرخ ئەکەن زیبا خانی کچی ئەچێ بۆ حەمام. ئەنگوسیلەیەکی ئەڵماسی ئەبێ ئەیدا بە کارەکەرێکی کە لە گەڵیا ئەبێ بۆی هەڵگری. کارەکەریش ئەنگوسیلەکە ئەنێتە درزی دیواری حەمامە ساردەکەو تۆزێ مووی ئەدا بە سەرا بۆ ئەوە لێی تێک نەچێ. پاشان زیبا خان لە حەمام دێتە دەرەوەو داوای ئەنگوسیلەکە ئەکاتەوە لە کارەکەرەکە. کارەکەر لە بیری ئەچێ کە لە کوێ دایناوە، ئەمە لێرە بوەستێ.
هۆمەری ملەکەوە هەبوو لە بۆکان پیاوێکی دەوڵەمەند بوو دراوسێماڵی مامۆستا بوو خەڵکی هاتوچۆی ماڵی مامۆستایان ئەکرد و شتیان بۆ ئەهێنان؛ باش رایئەبوارد. ژنەکەی هۆمەریش وەکوو ئەوان رایئەبوارد. ماڵی مامۆستا کە خەرجیان ئەکرد ئەهاتەوە سەری بەڵام هی ئەمان هیچی نەئەهاتە سەر. ئەوەی کە هەیانبوو دوایی هات. ژنەکەی پێ لێکرد بە کەوشا و وتی ئەبێ بچی شت پەیدا بکەی. پیاوەش وتی ئاخر ئافرەت لە کوێ بێنم؟ وتی وەکوو چۆن مامۆستا نۆشتە ئەنووسێ و کتێب ئەگرێتەوە شتی بۆ دێنن تۆش وابکە. وتی ئاخر من هیچ نازانم. ژنە وتی کەیفی خۆتە، من شتم ئەوێ. هۆمەر بە ناچاری چوو نەختێ کاغەزە شڕی لە ناو کۆڵان کۆ کردەوەو پێکەوە دووری و ناوی نا کتێب. چوو بوو لە نزیکی حەمامەکەی بۆکانا دانیشتبوو ئەیوت کتێب ئەگرمەوە.
لەو لاوە کە زیباخان تەنگی بە کارەکەرەکە هەڵچنێ بوو بۆ ئەنگوسیلەکە، کارەکەریش لە بیری نییە ئەنگوسیلە چی لێهاتووە، لە بەر پەلەپەلی و شڵەژاوی هەر کراسەکەی ئەکاتە بەری و دەرپێکەی لەبیر ئەچێ، دەست ئەکا بە گەڕان. دێتە دەرەوە لە حەمامەکە سەیر ئەکا پیاوێک کتێبێکی لە بەر دەمایە کتێب ئەگرێتەوە. ئەچێتە لای بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


قنچکانەوە لە بەر دەمیا دائەنیشێ پێ ئەڵێ کتێبێکم بۆ بگرەوە بزانم ئەنگوسیلەکەی خانم کێ دزیویەتی؟ کابراش خۆ هیچ نازانێ، سەرباری ئەوە لە بەر ئەوە کە کارەکەرەکە دەرپێ لە پێ نابێ کابرا لە ژێرەوە چاوی بە وانیکەکەی ئەکەوێ، ئەڵێ: «بە خوا دایکم لە کتێبەکەدا چاوم لە هیچ نییە تەنها کونێک نەبێ سەرەکەی پڕیەتی لە موو».

کارەکەرەکە ئەقێژێنێ و ئەکەوێتە بیری ئەڵێ: «ئای بە قوربانت بم خۆیەتی دێمەوە». هەڵئەستێ ئەچێ ئەنگوسیلەکە لە کوونەکە دەردێنێتەوەو ئەیداتەوە بە زیباخانم. کە دێنە دەرەوە لیرەیەکی حەقی کتێبەکەش بۆ هۆمەر ملەکەوە. ئیتر هۆمەر ناوبانگ دەرئەکا و لەو ڕۆژە بە دواوە پارەیەکی زۆر ئەڕژێ بە سەریا و ماڵی ئەوان گەلێ خۆشتر رائیئەبوێرن. جا ژنەکەی پێی ئەوت: ئا پیاوەکە ناڵێم تەمەڵی مەکە؟ چاوت لێیە بە دوو ڕۆژ چۆن بویت بە مەلا؟ هۆمەریش خۆی ئەیزانی کوێی ژان ئەکا.

- مینەعازەباتی هەبوو ژنێکی‌تری هێنا بوو. ڕۆژێک لەلای دۆست و خزمەکانی بە شان و باڵیا دێت کە چۆن وا ژنێکی شۆخ و شەنگ و نازک و نازدار و بێ عەیبەو چۆن ئەو بێ عەیبیەی کردوویەتە کارێ کە ئەمەی هێناوەتە سەر ژنە کۆنەکەی؟

خزمەکانی ئەڵێن کەواتە بانگێشتنێکمان بۆ بکەو ژنەکەشت ئەبینین. ئەویش ئەڵێ باشە. بانگێشتنێکیان بۆ ئەکا بۆ ماڵی خۆیان. کوڕگەل کە ئەچن و ئافرەتەشیان چاو پێ ئەکەوێ سەیر ئەکەن لە ئەو پەڕی ناشیرینی دایە. لە بەینی خۆیانا ئەکەونە چپەچپ و قسەکردن. مینە ئەزانی قسە ئەکەن ئەڵێ: بە دەنگی بەرز قسە بکەن، ژنەکە گوێی کەڕە هیچێ نابیسێت».

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی:

لە سێ و سێنان لە دیواخانەکەی کوێخا نەجمدا ئەسکەملی دانرابوو. ئەسکەملیەکە لە حەیزەرانەکان بوو، کونی زل زلی تێبووبوو. یەکێ لە پیاوەکانی کوێخا نەجم لە سەر یەکێ لە ئەسکەملیەکان دانیشتبوو تەزبێحێکی بە دەستەوە بوو هەڵی ئەسووڕان. یەکێکی‌تریش لەو بەریەوە لە سەر ئەسکەملیەکی‌تر دانیشتبوو، زۆری پێنەچوو هات هەستێ کەچی دەستی کرد بە باقەباق و هاوار کردن و بە ئەسکەملیەکەوە ڕاست بووەوەو دانیشتەوە. وتیان کورە چیتە؟ وتی: بێ ئەدەوی بێ هەردوو گونم گیری خواردووە بە کونی ئەسکەملەکەوە. وتیان جا بۆچی وات کردووە؟ وتی: «کورە بێژم چی خەتای ئەو دەویت باوکەی بەرانبەرم بوو. ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تەزبێحێکی گرتبوو بە دەستەوە هەڵی ئەسووڕان، من تەزبێحم نەبوو گەمەم وە گونم ئەکرد، یەکێکیانم لە دەست دەرچوو کەوتە کونی ئەسکەملە بێ فەروکەوە خەریک بووم ئەوەیان دەرێنم کەچی ئەویتریشیان کەوتە کونێکی تەنیشت ئەوەوە وا هەر دوو حاسی بوون بۆم دەرنایەنەوە».

- لەو وڵاتی دزەییە بێوەژنێکی تەڕپیر هەبوو لە گەڵ مام عەلادا دەستیان تێکەڵاو کردبوو. مام عەلا برایەکی هەبوو مام عالای ناو بوو. ڕۆژێک بێوەژنەکە لە گەڵ مام عەلادا ژوانی شەوێ ئەبەستن، مام عالا ئاگای لێیان ئەبێ. ئەم لە پێش ئەوەدا مام عەلا بچێتە سەر وەخت ژوانەوە، ئەچێتە لای بێوەژنەکە. دنیاش تاریک ئەبێ لەو کاتەدا کە خەریکی ئیشی خێر ئەبن ژنەکە هەست ئەکا کە ئەمە مام عەلا نییەو مام عالایە. ئەڵێ: «بژەنە با مام عەلا نەبێ مام عالا بێ، بژەنە لە منت نەکەوێ».

- کابرایەکی مایندۆڵی گایەکی هەبوو کاوێژی ئەکرد. چووە بەر دەمی پێی وت: گاکە دەمێ لەو جاچکەتە پێم دە بیجاوم». گا هەر گوێی نەدایەو ئەمیش هەر ئەیوتەوە، لە ئاخرا هەڵیکێشایە نووکی نەقیزەکەی و کردی بە ورگی گایەکەدا وتی: «بێفەرەی باوە حیزە ئەمە دوانزە مانگە کاو جۆ ئەکەمە بەری کەچی ئێستە دەمە جاچکەیەکم پێ نادا»و نەقیزەکەی هەر ناوە وە ورگیا بە قەوە هەڵئەسووڕان.

- ئەحەی کرنوو لە سولەیمانی شەربەتی مێوژی دروست ئەکرد. جارێک سێ بار مێوژە رەشکە لە کابرایەکی جاف لە شاربازێڕ کڕیبووی، ئەکرێ بە نوزدە تارانی. پارەکەی ناداتێ و ئەڵێ سبەینێ کە هاتیەوە بۆ هۆڕەکان پارەکەشت ئەدەمێ. لە سبەینیدا کابرا دێتەوە بۆ پارەو هۆڕەکان. خالە حەمەد هۆڕەکانی ئەداتێ و ئەڵێ بە خوا فلانی کیسە پارەکەم لە ماڵەوە بە جێهێشتووە ناتوانم دوکانەکەشم بەجێ بیلم، سبەینێ وەرەوە پارەکەشت ئەدەمێ، جارێ هۆڕەکانت بگرە. کابرا ناچار لێ ئەدا ئەڕواو سبەینێ دێتەوە ئەڵێ خالە حەمەد هاتوومەتەوە بۆ پارەکە. ئەڵێ: یاخوا بەخێر بێتەوە ها ئەوە شەربەتێ بخۆرەوە جارێ پاشان پێی ئەڵێ بچۆ گوێدرێژو شەتەکەت بێنەو لێرەوە پارەو هەمانەکەت وەربگرەو بڕۆ هەمانەکەشی پێ دائەنێ کە کابرا ئەڕوا ئەم دوکانەکەی بەجێ دێڵێ و ئەڕوا. کابرا بە سێ گوێدرێژەوە لە بەر دووکانەکەدا ڕائەوەستێ و ڕێگای بازاڕەکە ئەگرێ. خالە حەمەدیش

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

دیار نییە ئەوا ڕێگاو بانیش کەرەکان گرتوویانە. هەرکە ئەهات دەستی ئەکرد بە جنێودان بە کابرا کە بۆچی ناو ڕێگاکەی گرتووە. ئەویش ئەیوت: بۆچی جمێن ئەدەن؟ مێوژم فرۆشتگە وە خاڵە حەمەد، پارەکەی نەداگمەسێ، دوێنێ هاتم شەروەتێکی دامێ -وە قوزڵقورتم وێ- وتی بەیانی بێرەوە لێرە پارەکەشت وەربگرەو یەک ڕێ بچورەوە. ئەو وتی کەرەکانیشت بێرا، هەمانەکەشی لێ گل داگمەسەوە، ئەوا ئێستە هاتگم کەچی ئەو لێرە نییە نازانم بۆ کوێ ملی شکاندگە».

ئەمە ئەڵێ و هەچە ئەکا لە گوێدرێژەکانی و بەرەو دوا ئەیانگێڕێتەوەو هەر ئەڵێ: هەچە بکەم وە قنگی دایکی ئەو کاوراوە کە وا لە خەڵکی ئەکا. ئا بێژە کاورا تۆ بۆچی دەستی خەڵکی ئەوڕی؟»

ئەو ئەڕواو ئەحەی کرنوو دێتەوە سەر دوکانەکەی. لای ئێوارە کابرا هەر خۆی تەنیا دێتەوە. خاڵە حەمەد ئەچێ بە پیریەوەو خۆی لێ توورە ئەکا و ئەڵێ ئەوە تۆ لە کوێیت لە بەیانیەوە چاوە ڕێت ئەکەم هەر دیار نەبۆیت. پارەکەم دایە دەست ئەو کوڕە کەبابچیە کە لە بەرانبەرمەوەیە بۆت بێنێ بچۆ لێوەرگرە. هەندێ دۆیش ئەکاتە ناو هەمانەکەی و لیوارەکەی ئەدا بە دۆشاوەوەو ئەڵێ: ئەوەش دۆشاوە کردوومەتە ناو هەمانەکە بیبەوە بۆ منالەکانت لەو شارەزوورە دۆشاو تاسوخە. کابرا وتی خوا ڕاوەستاوت کاو لێدا چوو بۆ دوکانی کەبابچی.

کە ڕووی کردە دووکانی کەبابچی شاگرد کەبابچی وائەزانی مشتەریەو هاتووە وتی: فەرموو کاکە، ئەمیش بەبێ قسە چوو دانیشت و دوو لوولە کەواویان لە ناو لەواشەیەکا بۆ هێنا وتی: ئەم عەزیەتەت بۆ کێشا و دەستی کرد بە خواردنی. کە لێ بووەوە هەستا چوو بە لای شاگرد کەبابچیەوە، وتی کاکە پارەکە کە خاڵەحەمەد پێداگی بمدەیتێ، بمدەرێ با بچمەوە شەو داهات. ئەویش وتی برا پارەی چی بێنەپارەی کەبابەکە بدە. وتی برا پارەی کەبابی چی تۆ خۆت نەتوت فەرموو؟

بەردت لێوارێ ئاوا میوانداری ئەکەن. کوڕە وتی: کوڕە میوانداری چی و پارەی خاڵە حەمەدی چی، بێنە پارەی کەبابەکە. لەم قسەیەک و لەو قسەیەک، بوو بە شەڕیان یەک دوو شاگردی‌تریش لێ کۆ بوونەوە دەستیان کرد بە لێدانی و بە داوا کردنی پارەی کەبابەکە. ئەمیش هەر ئەڵێ کوڕە دەویت باوک پارەی خاڵە حەمەد کە داگیە پێت بمدەرێ گو وە ریش باوکتان شاری بۆ خۆتان و میوانداریتان. یەکێ لە شاگردەکان جامانەکەی لە سەر کردەوەو بردی لە باتی پارەی کەبابەکە؛ یەکێکی‌تریشان هەمانەکەی لە دەست سەند و ماڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە سەریا، بۆچ هەمانە دۆوەکە نەرژێ بە سەر و ریشیا. بەم جۆرە لێک بوونەوەو شەو داهات.

کابرا بە سەری بێ جامانەو ریشی دۆواویەوە گەڕایەوە بۆ خانەکە بۆ لای ولاخەکانی. هەر ئەیوت بکەم وەقنگ دایکتەوە ئەحەی‌کرنوو هەتا رۆژ لێ ئەوێتەوە. لەو لاشەوە کە خالەحەمەد ئەمی بەمجۆرە دەسە سەر کرد دوکانی خۆی هەڵگرت و چووەوە بۆ ماڵەوە.

بەیانی کە رۆژ بووەوە کابرا چووەوە بۆ بەر دوکانەکەی خالەحەمەد، خالەحەمەد لە دوورەوە هات بە پیریەوەو دەستی کرد بە جنێودان پێی: وتی کابرا تۆ بۆ لە ناو خەڵکا حەیای منت بردووە ئەڵێی پارەی خواردووم، پارە کەی ئەخۆرێ؟ تۆ لوولە کەبابت خواردووە یا من پارەم خواردووە؟ ئەرێ خەڵکینە کەباب ئەخورێ یا پارە؟ ئەرێ ئەوە بۆ لە خوا ترسێک نییە بێنێ شەرعی من و ئەم کابرایە بکا؟

خەڵکێکی زۆر لێیان کۆ بوونەوە، پاشان خالەحەمەد وتی خەڵکینە من سێ بار مێوژم لەم پیاوە کڕی بە نۆزدە قەران وایە یا وا نییە؟ کابرا وتی بەڵێ واسە. وتی نۆزدە قەرانەکەم دابووە دەست ئەو کوڕە کەبابچیە بۆی ئەویش چوو کەبابی خوارد، وتی کەبابت خوارد یا نەتخوارد؟ وتی بەڵێ وە قوزلقورتم وێ! وتی ئەی ئیتر چیت لێم ئەوێ؟ من پارەم رۆیشتووە کەچی تۆش سەرباری دەنگ ئەکەی و ئەڵێ پارەی خوراردووم. ئەرێ خەڵکینە ئێوە ئەگەر دینیشتان نییە بۆ خوا قسە بکەن، پارە چۆن ئەخۆرێ؟ ئێستەش من لە بەر خاتری دۆستایەتی جاریکی‌تر پارەکەی هەر ئەدەمێ ئەوەی رۆیشتووە رۆیشتووە، بەڵام بە جارێ ناتوانم بیدەمێ بە سێ جار ئەیدەمێ؛ هەر حەفتەی جارێ. کابرا وتی باشە.

ئەمجا خالەحەمەد وتی حەفتەی یەکەم بەشێکی ئەوە چەندە؟ وتی ئەوە شەش قەران. وتی حەفتەی دووەمیش شەش قەران ئەوە چەند؟ کابرا وتی ئەوە دوانزە قەران. وتی حەفتەی سێ یەمیش شەش قەران ئەوە چەند؟ وتی ئەوە هەژدە قەران. وتی ها رەحمەت لە باوکت مایەوە چەند؟ وتی مایەوە قەرانێک. وتی ئا ئەوەش قەرانەکەو خوات لە گەڵ ئیتر بۆچی حەیات بردووم هەر ئەڵێی پارەی خواردووم؟ ئەوە هەر نۆزدە قەرانەکەت وەرگرت ئیتر چیت ئەوێ؟ وەرتگرت یا وەرتنەگرت؟ ئەویش وتی بەڵێ وەرمگرت خوا لە برایەتی کەمت نەکا. وتی وە دوعا و لێیدا رۆیشت بە تاکە تارانیەوە، بەڵام ئەو لای وا بۆ هەر نۆزدە قەرانەکەی وەرگرتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- حاجی مەلا جەلالی سابلاخی لە سولەیمانی رۆژێک لە کۆڕێکی مەلاکانا یەکێک داوای فەتوای لێ ئەکا ئەڵێ: حاجی مەلا لەو سەر ڕێگادا مریشکێک مرداربوو بودوە منیش نەمزانی پێم پیانا جووچکێک لە قنگی دەرچوو. ئایا ئەو جووجەڵەیە حەرامە یا حەلالە؟ ئەویش ئەڵێ: «برام حەلالە هەر دایکەکەی حەرامە چونکە مردار بووەتەوە».

- لە هەرای شێخ‌مەحموودا دەستەی شێخ‌مەحموود بە کێوی جاسەنەوە بوون، تەیارە هاتبوو دابوونیە بەر بۆم و بۆردمان. خەلکەکەش لە هەموو تیرەیەکی تێدا بوو: لە جاف، لە بەرزنجی، لە خەلکی سولەیمانی. تەیارەکە شپرزەی کردبوون هەر یەکە لە بنە دەوەنێکا خۆیان شاردبووەوە. دوو کابرای جاف یەکێکیان کەوتبووە سەر شاخەکە یەکێکیان لە خوارەوە بوو. ئەوەی خوارەوە بانگی ئەکرد لەوەی سەرەوە پێی ئەوت: «ئا، مارف کوچکت لێواری تۆ نزیکتری وەلای خواوە بانگی لێ کە بەڵکوو لەم ئاگرەی قورەتە دەربازمان کا». ئەوی لای سەروویش ئەیوت: «کورە گووت لێ واری ئەم تەیارە بیفەڕە لای خوای لێ بریگمەسەوە؛ نووزەم نایگاتێ».

- دوو کابرای خۆشناو بۆ ترێ فرۆشتن ڕێگایان ئەکەوێتە ئەو دەشتی دزەییەو بە لای گوندێکا تێ ئەپەڕن، سەیر ئەکەن وا یەکێک لە سەر بانێک هەر دوو دەستی خستۆتە بنا گوێ و دەنگێکی لێوە دێت. یەکێکیان لای وا ئەبێ ئەم کابرایە: «هەی ترێ»ئەکا، زۆری پێ ناخۆش ئەبێ. ئەڵێ وا ترێ لە می گوندەی هەنە با بچین لۆ گوندێکیکە. ئەویکەیان ئەڵێ: «کورە ماڵ ویران نەبێ ئەوە هەی ترێ نییە، ئەوە بانگی دەدرێ».
ئەڵێ بانگی چنە؟ ئەڵێ: «کورە چما نزانی، بانگی حەمەی ریسوان». ئەڵێ: چما بانگی حەمەی ریسوان چنە؟ ئەڵێ: «کورە چنە؟ دە وەرنە نوێژان دە وەرنە نوێژان».

- شێخەلی‌پەرۆ هەبوو لە سولەیمانی مزگەوتێکی هەبوو لەگەڵ سەیعەلی‌بسمیللادا بۆرە خزمایەتیەکیان هەبوو، دڵی چەکەرەی لێ نەئەکرد کە بە لای خەڵکەوە بڵێت شێخەلی مەلا نییە؛ لە راستیدا شێخەیش وا بوو.
جارێک بە سەیعەلی ئەڵێ هەموو رۆژی پاش عەسران وەرە لە حوجرەکەی منا ئەچینەوە بە تەشریفی مەلا عەلیدا. مەبەستی شێخەلی ئەوە بوو لای سەی عەلی بیخوێنێت و پاشان فەقێیەکی هەبوو فەقێ عەلی ناو بوو، بەوی بڵێتەوە. بەلام دەماری نەئەهات بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەی‌عەلی بڵێ لە لات ئەخوێنم؛ ئەهات ئەم ناوەی بۆ ئەدۆزیەوە سەی عەلیش ئەمەی ئەزانی ئەوەندە هەبوو لە بەر بۆرە خزمایەتیەکە دەنگی نەئەکرد.

بەڵێ هەموو رۆژ سەی عەلی ئەچوو لەگەڵ شێخەلیدا ئەچوونەوە بە تەشریفی مەلا عەلیدا. شێخەلیش لە بەر ئەوەکە وا لە سەی عەلی بگەیەنێ ئەمیش لێی ئەزانێ پرسیار و شتی لێ ئەکرد، بەلام پرسیارەکانی هیچ نەبوون. شێخەلیش دانەکانی هەموو کەوتبوون هیچی لە دەما نەمابوو، رۆژی سەی عەلی ئیتر لە وزەیا نەما وتی: «برۆ مردوت مرێ دەمت ئەڵێی کونە مشکە، تۆ عەلی، من عەلی خاوەنی کتێب عەلی ئەوی پێی ئەڵێیت هەر عەلی، دایکی ئەم هەموو عەلییە بگێم! دە برۆ ناوی خۆیشت ناوە مەلا و منیش هیچ».

- لەو سەرە پیاوێکی ئەو دەشتی دزەییە بە میوانی ئەچێ بۆ خۆشناوەتی و لەوێ مبوانی دۆستێکی زۆر کۆنی ئەبێ؛ لە راستیدا خۆشناوەکانیش زۆر میوان پەروەرن. رۆژێک کابرای دەشتی لە گەڵ خۆشناوی خانەخوێدا ئەچنە دەرەوە لە گوندی بۆ ناو رەزان. کابرای خۆشناو خۆی کۆ ئەکاتەوە رانک و چۆغەیەکی شڕی ئەبێ لە بەری ئەکا و پەتێک ئەکا بە پشتێن، تفەنگێکی حسکەی کۆنی ئەبێ ئەیکاتە شانی، خەنجەرێکی بێفەڕە دەسکەکەی نیوەی شکا بوو نیوەی مابوو ئەیکاتە بەر پشتێنەکەیا، تەزبێحێکی دەنک گەورەش ئەپیچێنێ بە دەسکی خەنجەرە شکاوەکەدا.

بەم تەدارەکەوە ئەچنە دەرەوەو ئەچن لە سەر تاوێرێک دائەنیشن و دەست ئەکەن بە قسەی خۆش کردن. کابرای دزەیی تۆزێ سەیری خەنجەری بەر پشتێنی خۆشناوەکە ئەکا و ئەڵێ: جا ئەم خەنجەرە چییەو چی لێ دێ وا تۆ هەڵت گرتووە؟ هەر ئەم وا ئەڵێ کابرای خۆشناوی چاوی سوور هەڵ ئەگەڕێ و ئەڵێ: «ما وا دەری»و بە خەنجەرەکەی پەلاماری کابرا ئەدا و دوو سێ خەنجەری بۆ دادینێتەوە بەری ناکەوێ. کابرای دزەیی پشتاو پشت ئەکێشێتەوە بە پشتا ئەکەوێ و لە هەڵدێرەکە بەر ئەبێتەوە. ئەمجا خۆشناوەکە کە ئەزانێ وا لە وزەی خەنجەر دەر چووە دەست ئەداتە تفەنگەکەی و دوو سێ ساچمەی تێئەگرێ. بەرەکەت دا ئەویشی بەر ناکەوێ. ئیتر کابرای دزەیی هەر لەوێ دا هەڵدێت و ئەگەڕێتەوە بۆ دەشتی.

پاشان کابرای خۆشناو خۆی بە تەنیا ئەگەڕێتەوە بۆ گوندی. پێی ئەڵێن میوانەکەت چی لێ هات؟ ئەویش کارەساتەکەیان بۆ ئەگێڕێتەوە. ئەڵێن: ئاخر چۆن تۆ شتی وا ئەکەی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەو میوانت بوو. ئەڵێ: «ئا خۆ چما دەبیتن ئەو بە پۆزەی لەمەربابی برێ چ نینە، منیش لۆم ڕاوەشاند و پاشان سێ بیست و نیویشم تێگرت. ئاوا دایەلی دەگیم».
ئەو تفەنگە حسکانە حەفتا ساچمەیان ئەخوارد پێیان ئەوت حەفتا خۆر؛ ئەو نەیئەزانی حەفتا چەندە ئەیوت: «سێ بیست و نیو». «پۆزەی لەمەربابی»شی مەبەستی خەنجەرەکەی بوو.

- دەنگ وایە کە دوو مەلایەکە لە سەر شانی ڕاست و چەپی هەموو کەس هەیە؛ هی لای ڕاست چاکە ئەنووسێ و هی لای چەپ خراپە. ئەوەتە کە پیاو نوێژ ئەکا و لە ئاخری نوێژەکەیا کە لێ ئەبێتەوە لا ئەکاتەوە بە لای ڕاستەوە ئەڵێ: «السلام علیکم و رحمەاللّەو برکاتە».
لالەسەرحەد نوێژی ئەکرد کاتێ کە بە لای ڕاستا سەلامی ئەدایەوە ئەیوت: «سلاو لەوەی فرە لە قەیتوول خۆشەویسترە».کە لای ئەکردەوە بە لای چەپا بۆ سەلام دانەوە ئەیوت: «بڕۆ فرە بێفەرەی نەگریسە، گۆرت گوم کە».
ئەمە مەبەستی مەلایەکەتەکان بوو، قەیتوولیش کوڕی خۆی بوو زۆری خۆش ئەویست.

- شێخ‌مارفی‌قەرەداغی هەبوو لەو ولاتی خانەقینە تۆزە تۆزە دەرزی بە فەقێیانیش ئەوت. فەقێیەکی خەڵکی ژاوەڕۆیش هەبوو فەقێ کەریمی ناو بوو. شێخ مارف دەرزی «ارشاد العباد»ی پێ ئەوت. لە بەر ئەوە کە فەقێ کەریم پرسیار و شتی لێ نەکا (چونکە لە جوابدانەوە ئەکۆڵ بوو) هەرکە ئەگەیشتە شوێنێ کە هەستی ئەوەی بکردایە ئەوا فەقێ کەریم پرسیاری لێ ئەکا ئەیوت: «بە خوا فەقێ کەریم گەرە کوڕی خۆم ئێستە ڕەنگبێ لای خۆمان خۆش بێ؟» ئەویش ئەیوت لای خۆمان کوێیە؟ ئەیوت: «شێتە نازانی؟» سنەو قەرەداغ ئەویش ئەیوت: بە خوا قوربان ئێستە کەما زۆرە لەوێ.

- شێخ‌محەمەدی‌شێخ‌جەلال گێڕایەوە وتی: مەلامحەمەدی‌چرچەقەلا وتی: ساڵێک چوومە ئەو گەرمیانە بۆ مەلایەتی ڕەمەزان. چوومەگوندی «دڕۆزنە»، لەوێ ئەو ڕەمەزانە بووم بە مەلای ئەوان و لە ماڵی «شێخ عیسا»ی دڕۆزنەدا بووم. لە دیواخانەکەی ئەوا نوێژ و تەراویحمان ئەکرد و پاشان لەگەڵ خەڵکی ئاواییدا دائەنیشتین وەعزێکیشم بۆ ئەدان و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەکەوتینە قسە کردن. سەماوەریش لەو لاوە دەنگی ئەهات، شەوچەرەش چی بوایە ئەیانهێنا. پاشان ژوورێکیان بۆ من دانابوو، کە بلاوە ئەکرا من ئەچووم لەو ژوورە ئەنووستم. شەوێک لۆتییێک بە مەیموونێکەوە هاتە درۆزنەو ئەویش هەر هاتە مالی شێخ عیسا خزمەتێکی باشیان کرد و پاشان ئەویش بۆ نووستن هێنایانە ژوورەکەی لای من.

هەروا دانیشتبوین قسەمان ئەکرد دوو بە دوو هێشتا خەومان لێ نەکەوتبوو وتی: «مامۆستا ناشوکرێ نەبێ مەسلەحەتەکەی ئێمەش وەکوو ئەوی ئێوە باوی نەماوە. جاران من کە ئەهاتمە ئێرە چ ئیحترام و قەدرێکیان ئەگرتم، ئەوەتە ئێستە خستوومیانەتە پاڵ جەنابت و لە گەڵ تۆدا ئەمخەوێنن».

- حاجی شێخ عەبدوللا کوڕی گەورەی شێخ بورهان بوو، چاوی تێکچوو بوو، حەکیمێک دەرمانی ئەکرد. حاجی مەلامحەمەدی شەرەفکەندی لێی ئەپرسێ چاوەکانت چۆنە؟ ئەلێ: «قوربان بە قسەی حەکیمەکە ئەلێ سێ رۆژە چاکە».

- ئۆ بالی بە ئەستۆی ئەو کەسە بۆی گێڕامەوە.

ئەحەی‌جاو لە سولەیمانی پیاوێکی قسە نەرمی هەژار بوو، تەبەقی حەلوای بە دەستەوە ئەگرت ئارەزووی بکردایە حەلوایەکی ئەدا بە یەکێک بە مەجیدییەک، ئارەزوویشی بکردایە نەیئەدایە.

ئافرەتێکیش هەبوو هەر لە سولەیمانی «پوورەسەمەن»ی ناو بوو. رۆژێک پوورە سەمەن سەری رێ بە ئەحەی جاو ئەگرێ پێی ئەلێ مامەحەمەد وەرە با گرەو بکەین. مامەحەمەد ئەلێ گرەوی چی و لەسەرچی؟ پوورەسەمەن ئەلێ لە سەر تەبەقە حەلوا. ئەگەر من بردمەوە تەبەقە حەلواکەت ئەبەم، ئەگەر تۆش بردتەوە بۆت پڕپڕ ئەکەم لە حەلوا. ئەلێ باشە دەی.

پوورەسەمەن ئەلێ: مامەحەمەد –بلامانێ– قۆز لە سەر ئەویترەوەیە یا لە ژێریەوەیە؟ ئەلێ: بە خوا کەرە بۆچی نازانم لە سەریەوەیەتی. پورەسەمەن پشتی بۆ هەلئەکا و خۆی بۆ دائەنەوێنێ ئەلێ ئەوە نییە لە ژێریەوەیەتی؟ مامەحەمەد سەیری ئەکا و ئەلێ: وەللا راست ئەکەی تەبەقە حەلواکەی لێ ئەستێنێ.

مامەحەمەد ئەچێ تەبەقێکی‌تر پەیدا ئەکاتەوەو دوو سێ حەلوای ئەخاتە سەرو دەست ئەکاتەوە بە حەلوا فرۆشتن. لە پاش چەند رۆژێکی‌تر پوورەسەمەن سەری رێی پێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگرێتەوە ئەڵێ: مامەحەمەد با گرەو بکەینەوە. ئەڵێ: بە خوا ئەمجارە لێت ئەبەمەوەو حەقی خۆمت لێ ئەکەمەوە. ئەڵێ: ئاخر منیش مەبەستم ئەوەیە ئەو جار دوڕانت، ئەمجارە بەزەییم پیاتا بێتەوە بەڵکوو بیبەیتەوە. مامەحەمەد دڵی خۆش ئەبێ ئەڵێ باشە. ئەڵێ مامەحەمەد قۆز لە سەر ئەویترەوەیە یا لە ژێریەوەیە؟ ئەڵێ: بە خوا کەرە لای وایە ئەو جارەکەیترە لێم بەریتەوە. کەرە ژێرەوەیە. پوورەسەمەن بەری بۆ هەڵ ئەماڵێ وئەڵێ: ئەها سەیری بکە لە سەرەوەیە. مامەحەمەد سەیر ئەکا وایە. ئەو جارەش تەبەقە حەلواکەی لێ ئەستێنێ.

پاش ماوەیەکیتر دیسان سەری ڕێی پێ ئەگرێتەوە، ئەڵێ: مامەحەمەد ئەمجارە بە بێ گومان ئەیبەیتەوە وەرە با گرەو بکەینەوە. مامەحەمەد تەماع ئەیگرێ و ئەڵێ باشە، ئەڵێ: مامەحەمەد قۆز لە سەر قنگەوەیە یا لە ژێریەوەیە؟ مامەحەمەد ئەڵێ: بڕۆ دەڵەسەگ قۆزی تۆ وەکو چەرخ و فەلەک وایە دەمێ لە سەرەوەیەو دەمێ لە ژێرەوەیە. من گرەوی وا ناکەم.

- عەبەیحەمەخەیات هەبوو لەگەڵ ڕەشەی ئەمین چاوش. بەمیان ئەوت ڕەشە خێل[٢٣]. ئەمجا بڵێین حاجی عەبەو ڕەشە ئەچن بۆ حەج. دوو بە دوو ئەچن لە دەوری کەعبەوە دائەنیشن و دەست ئەدەنە ژێر چەناکەیان و ڕوو ئەکەنە کەعبە. حاجی عەبە ئەڵێ: «خوایە ئەوا هاتوینەتە لات خۆت و خۆم ئەیزانین کە من تا ئێستە چ خراپەو خراپکاریەکم کردووە، ئەوی ئێستە بە دەستمەوەیە پولێکی حەڵالی تێدا نییە هەموویم داوە بە شانما بە خۆم و ئەو ئەم ورگمەوە هاتوومەتە لات. تۆیش کەیفی خۆتە ئەگەر پیاوەتیم لەگەڵ ئەکەی بیکەوماڵت ئاوابێ! ئەگەر ناشیکەی جاریکیکە نایمەوە. ناوێرم بیڵێم بەڵام ماڵت کاول بێ بۆ شوێنێ کە گرتووتە. ئەوەش بزانە بە مەرقەدی کاکەحەمەد بڕوا بکە ئەگەر لێمخۆش ببێ هیچ دەنگ ناکەم».

ئەمجا حاجی ڕەشەش کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو ئەو دەستی پێکرد وتی: «خوایە بڕوا بەمە مەکە زۆر داوبازە تۆ نایناسی من ئەیناسم، هەر چیەکی وتووە درۆ ئەکا تەنها ئەوەی ڕاستە کە ئەڵێ پارەکەم حەرامە، ئەمە من شایەتی بۆ ئەکەم. بەڵام تۆ گوێت لە من بێ، من هەر خۆم ئەزانم چەندە بێ ناموسیم کردووە. هەر من خۆم ئەزانم ئەو پارەیە کە هێناومە بۆ ئەم حەجە بە چ دەست بڕینێک کۆم کردۆتەوە. نەکەی قەبوولی نەکەی بە سەری پێغەمبەر قەبوولی نەکەی خۆم ئەزانم چی بکەم. دیسان وا پێت ئەڵێمەوە گوێت لە قسەی

---

٢٣- ئوبالی سەرتاپای قسە بە ئەستۆی حاجی سەعیدی مەلا حەسەنی عەلاف.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەم کابرایەی تەنیشتمەوە نەبێت، لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر لە بەر من لێی خۆش ببێت قەیناکا، ئەمەش هەر بۆ ئەوە کە چووینەوە بۆ سولەیمانی بە خەڵکەکە بڵێم خوا لە بەر من لێی خۆش بووە».

## قسەی نەستەق

- ساڵێک لە عێراقدا ئافەتەیەک داکەوتبوو عالەم هەموو تووشی چەپڵە لێدان بوو بوو. لە راستیدا چەپڵە لە هەموو شت زیاتر باوی هەبوو. بەتایبەتی لە وڵاتی کوردەواری عێراق کە خەڵکەکە کۆ ئەبوونەوەو بە ناو کۆڵانەکانا ئەڕۆیشتن، یەکێک سەر مەلا بوو، بە دەم چەپلەوە ئەیوت: «با»عالەمەکەی تریش بۆیان ئەسەندەوەو ئەیانوت: «بژی». ئیتر چی بژی ئەوە خۆیان کێیان مەبەست بووایە ئەوە بوو.

لەو وڵاتی سولەیمانی مامۆستایەکی مەکتەب هەبوو تووشی ئەو دەردە بوو بوو، ئەچوو بە قسەی خۆی لە گەڵ «گەل»دا کفاحی ئەکرد. هەموو کارو کاسبی و دەرس وتنەوەی بووبوو بەم خووە. ماڵ و منالێشی هەبوو بە جێی ئەهێشتن و ئەچوو بۆ کفاح.

جارێک دە رۆژ لە ماڵەوە ون ئەبێ و ئەچێ بۆ کفاح. پاش دە رۆژ چەند کەسێک لە هاورێکانی هەڵئەگرێ و ئەڵێ با بچین لە ماڵی ئێمە قاوەڵتی بکەین. هەر کە دێتەوە لە دوورەوە بە ژنەکەی ئەڵێ: ئافرەت چیمان هەیە؟ ئەویش ئەڵێ: «نانی چەپڵە بە چێشتی با بژیەوە».

- وتیان قرژاڵ بە دوو سەرەوە ئەڕۆی؟ وتی: «جاهێلییە و چەم و خەم».

- باجی خەجێ هەبوو خەڵکی سولەیمانی بوو. کوڕێکی خوشکەزای هەبوو زۆری خۆش ئەویست، هەموو جار پێی ئەوت: «ئۆ رۆڵە ببی بە دارەکەی قەرەداغ هەزار لەقت لێ بێتەوە». ئەمە مەبەستی ئەوە بوو کە عومری درێژ بێ و نەتەوەی زۆری لێ بکەوێتەوە.

- لە زەمانی «کاکەحەمە»دا جوولەکەیەک هەبوو لە سولەیمانی «خواجەمووشێ»ی ناوو بوو. کاکەحەمە خۆشی ئەویست، لە گەڕەکی گاورانیشا پیاوێک هەبوو «ئاڵتوون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەفەندی» ناو بوو، گاور بوو نەک ئەم ئاڵتوونی دواییە. کاکەحەمەد ئەویشی هەر خۆش ئەویست، هاتۆچۆی کاکەحەمەدیان ئەکرد و زۆر دڵیان پێوە بەند بوو.

رۆژێک خواجەمووشێ و ئاڵتوون ئەفەندی لە لای کاکەحەمەد ئەبن، بوو بە دەم قڕەیان لە سەر عیسا و موسا. خواجە مووشێ ئەڵێ موسا گەورەترە، ئاڵتوون ئەفەندی ئەڵێ عیسا گەورەترە. لە ئەنجاما ئاڵتوون ئەفەندی ئەڵێ: «خواجە مووشێ، ئەمەی پێ ناوێ حەزرەتی عیسا مردووی زیندوو ئەکردەوە، کەچی موسا بە دار ئەیدا لە کابرایەک و ئەیکوشت. حەزرەتی عیسا هەر لە بێشکەدا قسەی ئەکرد؛ کەچی مووسا لە تەمەنی چل ساڵیدا ئەیوت خوایە زمانم بکەرەوەو قسەم جێ خۆێ بگرێ. ئەگەر بڕواشم پێ ناکەی ئەوە حاجی کاکەحەمە تەماشای قورعانی حەزرەتی محەمەد بکا بزانێ ئەمەی من ئەیڵێم هەیە لەوێدا یا نە؟» بەمە بۆڕی خواجەمووشێ دا و جووکەی لێ بڕی.

- کابرایەک هەبوو خەڵکی ئەو سیوەیلە بوو. لە گەڵ فەقێ و مەلادا زۆر دانیشتبوو گەلێ جار گوێی لێ ئەبوو کە مەلاکان ئەیانوت: «انا للّەو انا الیەراجعون». ئەمیش هەر قسەیەک ئەهاتە پێشەوە خێرا ئەیوت: «ئینا لیلا».

رۆژێک لێیان پرسی: خاڵە بۆ مەعنای ئەوە ئەزانی وا هەموو جار ئەیڵێی. وتی: «وەڵڵا بە تەواوی نایزانم بەڵام ئەزانم بۆ زیافەت و زەماوەن و ئاهەنگ و بەزم نییە».

- «خلەیمحمووی‌پیروەیس» خوشکێکی هەبوو دابووی بە مێرد. پاش ماوەیەک مێردی خوشکەکەی مردبوو. لە خلە ئەپرسن مامەخلە پیزەی خوشکت میراتی چی بەر کەوت لە مێردەکەی؟ وتی: «چوار مانگ و دە رۆژ».

- هەر لەم خلەی‌پیروەیسە ئەپرسن مامەخلە ئەبێ یەکێ عومری نەوەد ساڵ بێ و منالی ببێ؟ ئەڵێ: «بەڵێ ئەگەر دراوسێی بیست ساڵانی هەبێ».

- «ئەحەی‌کرنوو» جارێک ئەچێتە کۆیە سەیر ئەکا پیاوێک دوو منالی جوانی لەگەڵایە. بە پیاوەکە ئەڵێ: ئەرێ برا تۆخوا تۆ ناوت چییە؟ ئەڵێ: عەبدولواحد. ئەڵێ: «دە لاچۆ تۆ بە جێیان بێڵە من عەبدی هەر دووکیانم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- هەر ئەم ئەحەی‌کرنووە ژنەپێشووەکەی ئەمرێ و ژنێکی‌تر دێنێ. لێی ئەپرسن مامەحەمەد چۆنە ئەمەیان؟ ئەڵێ: «دەنگ مەکەن دوو چاکە لە چاکەکانی بەهەشتی تێدایە: یەکێ فێنکی و یەکێ فراوانی».

- مەلا سەعیدێکی ئیبن عەباسی هەبوو ئەیانوت سەروسەودای لە گەڵ هەتیو و مەتیودا زۆر بووە. رۆژێک لێی ئەپرسن مەلا سەعید زۆر سەیرە ئەوانەی دزی ئەکەن ئەوانەی بەنەوخوێن پیسی ئەکەن کۆششی ئەوە ئەکەن کە بە دزی بیکەن و ئیشەکەیان دەرنەکەوێ، تۆ بۆچ وا بەمجۆرە ناوبانگت دەرکردووەو حەیات چووە؟ ئەویش ئەڵێ: «یەکێ ئیشی بکەوێتە بەر دەستی منالان چۆن حەیای ناچێ؟»

- «فایەق‌بێکەس» جارێک ئەچن بە سەریا سەیر ئەکەن عەرەق ئەخواتەوە، بەلام لە باتی مەزەکەی مێوژ و ترێی داناوە. قومێک لە عەرەقەکە ئەخواتەوە، دەنکێ مێوژ و بۆڵە ترێیەک ئەخوا بە سەریا. ئەڵێن فایەقە کوێر ئەمە چییە؟ ئەڵێ: «ئیشی ئێوە نییە ئەمە کوڕ و باوک و رۆحولقودوسە».

- مامەیارە هەبوو، پیر بوو بوو. لێیان ئەپرسی مامەیارە لە شتومەکی شەوی زاوایی چیت ماوە؟ ئەیوت: «بە خوا براینە تەنها تفەکەم ماوە».

- پاشا کورەی رەواندز جوولەکەیەکی لا هەبوو حاتانی ناو بوو؛ خۆشی ئەویست. مەیتەرێکیشی لا هەبوو وسەی ناو بوو، بەلام هەتا حەز بکەی وسە ناشیرین بوو. خۆت ئەزانی ئەو سەردەمە جوولەکە لە رەواندز هیچ قەدر و قیمەتێکیان نەبوو، هەر کەس هەڵئەستا قسەی پێ ئەوتن، لە بەر ئەمە وسەش بە تەواوی بە قسە پێ وتن فێری حاتان بوو بوو.

رۆژێک وسە بە حاتان ئەڵێ: «کافر تۆ خۆت و هەموو جوولەکەکان کافرن». حاتانیش ئەڵێ: «بە خوا وسە نە من کافرم نە جوولەکەکان کافرن. کافر ئەو کەسەیە کە لای وایە خوا تۆی وە جوانی دروست کردووە».

- کابرایەک هەبوو لە «سەقز»زۆر ناشیرین بوو؛ ناشیرینەکەی لەو ناوەدا دەنگی دابووەوە. ئەم کابرایە مەلاش بوو، بەلام کاسبی ئەکرد. کوڕێکی هەبوو فەقێ عەولای ناو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو لە فەقێتی هاتبووەوە بۆ سەردان. هەرچەن ئەچووەماڵەوە سەیری ئەکرد باوکی لە ناو ئاوێنەدا سەیری خۆی ئەکا و لێویشی ئەبزوێ و ئەم نەیئەزانی چی ئەڵێ: کوتوپڕ جارێک چووە ژوورەوە سەیری کرد باوکی دیسان سەیری خۆی ئەکا لە ئاوێنەدا و ئەڵێ: «الحمدللّه الري سورتي فاحسن سورتي». هاتە دەرەوە یەکێک لە بەر دەرگای حەوشەدا بوو وتی باوکت لە ماڵە؟ وتی: بەڵێ. وتی: چی ئەکا؟ وتی: «چی ئەکا؟ خەریکە خوا ئەخاتە درۆوە».

– لە سنە لە سەر قەبرانی شێخان چەند گۆڕێکی درێژ هەبوون، هەر زۆر زۆر درێژ بوون. ئاغە حەمەحەسەن هەبوو رۆژێک لەگەڵ هەندێ کەسا بەویدا تێئەپەڕێ، سەیری ئەو قەبرە درێژانە ئەکا. بە لایەوە سەیر ئەبن ئەپرسێ ئەمانە چین؟ ئەڵێن ئەمانە قەبری ئەسحابەن. تۆزێکی‌تر تێیان ئەفکرێ و ئەڵێ: «ها، ها، بەڵێ ئەمانە ئەبێ ئەسحابەگەڵ بن ئەو ئەسحابەگەلە کە بە بەیداخەکانیانەوە لێرە نریاگن».

– مەلا تۆفیق هەبوو لە سولەیمانی دەستی حەکیمی هەبوو؛ داو دەرمانی ئەفرۆشت. حاجی کەریمی شمقاڕیش هەبوو پیاوێکی زۆر پیر بوو. رۆژێک ئەچێتە لای مەلا تۆفیق ئەڵێ: سێ ژنم هەیە بە دایمی کەلەکەم و بەر موسڵدانم و ناو سکم ژان ئەکا. دەرمانێکم پێ ناڵێی بیخۆم و چاک ببمەوە؟ مەلا تۆفیقیش ئەڵێ: «مەعجوونی تۆ تەلاقە، بخۆ چاک ئەبێتەوە».

– لە هەولێر کابرایەک لە مامۆستا مەلا ساڵەحی کۆزە پانکە ئەپرسێ: مامۆستا بۆچی لە زەمانی پێشووا هەرکە هەڵ ئەستا یا داوای خوایی ئەکرد یا داوای پێغەمبەری ئەکرد؛ کەچی ئێستە کەسێک نییە داوای ئەوانە بکات. ئەویش ئەڵێ: «رۆڵە ئێستە ئەوەندە زوڵم و ستەم زۆر بووە خەڵک نە خوای بە دڵا دێت و نە پێغەمبەر».

– کابرایەک بە دراوسێیەکی خۆی وت فلانی چوار ربەگەنمم هەبوو تا خەبەرم بووەوە مشک هەمووی خوارد. ئەمیش وتی: «فلانی منیش چوار ربەگەنمم هەبوو تا مشک خەبەری بووەوە من هەمووم خوارد».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- میرزائیسماعیلی‌نوسرەت‌نزام ئاغایەکی بە دیمەن وپیاوێکی ناودار بوو لە دێ «مامێزەک». مامێزەک گوندێکە لە بەینی کرماشان و سنەدا نزیک بە «سونگر».

ئەم نوسرەت نزامە پیاوێکی هەبوو هاشمی ناو بوو. سەرەتا هیچ لووتی پیا نەئەهێناو زۆر لە گەڵی خراپ بوو. ڕۆژێک هاشم پێی ئەڵێ ئاغەی نوسرت نزام تۆ نازانی ئەم هەموو خراپیە کە لەگەڵ منی ئەکەی لەگەڵ خۆتی ئەکەی؟ ئەڵێ چۆن؟ ئەڵێ: «وەختی خۆی حاجی میرزا مەجیدی باوکت خوازبێنی دایکی منی کردبوو، ئەگەر ئەو خوازبێنییە ڕێ بکەوتایەو ببونایە بە هاوسەر، ئێستە من تۆ ئەبووم».

نوسرەت نزام قسەکەی بە لاوە سەیر ئەبێ، ئیتر لەو وەختە بە دواوە کردی بە پیاو ماقوولی خۆی.

- کوێخایوسفی‌تاوەگۆزی لە «پشتە» لە لای شێخ‌نەجمەدینی‌بیارە ئەبێ. ئەم کوێخا یوسفە پیاوێکی پیاوانەو کوڕدار و دەست ڕۆیشتوو بوو، وە خۆیان لە بەرەی مەلا ئەبوبەکری موسننف ئەزانی.

مخە ناوێکیش هەبوو رووتەڵەو بێفەڕ بوو. ئەچێتە لای شێخ نەجمەدین پێ ئەڵێ یا شێخ منیش تاوەگۆزیم و لە بەرەی مەلا ئەبوبەکری مۆسەنفم. تۆیش شایەتی ئەوەم بۆ بدە کە منیش وەکوو ئەوان سەیدم. کوێخا یوسف لەم قسەیە توورە ئەبێ و ئەڵێ: «ئەرێ مخە پیس ئەوە تۆ ئێژی چی؟ سەید ئەوێ ناوچەوانی نوورانی وێ، ناو قەدی بارێک وێ، دەست و پەنجەی تۆی قەڵەمی وێ، تۆ لە کوێ ئەوی وە سەید؟ سەر و شکڵت ئێژی مەیموونە قنگت ئەوەندە فراوانە باوەشی بەڵمی پیا ئەچێ، ئاخر تۆ کەی ئەوی وە سەید؟»

- پیاوێکی بەرزانی هەبوو «محەمەدئەمین بیجان»ی ناو بوو، تەمەنی تەنگی لە حەفتا ساڵێک هەڵچنی بوو. ماوەیەک بوو لە کۆڕی شەڕ و بڕا بوو. ڕۆژێک بیستی ڤا ئاگری شەڕێک کراوەتەوە بۆ ئەوە دیسان بەرزان تێ هەڵچێتەوە. کە ئەمەی بیست لوولەی تفەنگەکەی گرت هەڵی سووڕان و وتی: «پیاو ئەوەیە بکۆڕێنێ و بلوورێنێ بۆ شەڕ نە وەکو ژنان لەگوێ ئاگردانا دانیشێ».

- کابرایەکی «یوسۆجانی»کوڕێکی هەبوو مردبوو. خەڵکوخوا دڵیان ئەدایەوەو ئەیانوت خوا بە ڕەحمە، ئیشەڵلا جەزای سەبرەکەت ئەداتەوە. ئەویش ئەیوت: «تۆ خوا براگەل واز بێرن، خوا هیچ کوڕ و کچێکی نەبووە بمرێت هەر خاسە هاریش ناوێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- جارێک مەحمووپاشا ئەڵێ: پیاوێکی ژیرم ئەوێ بینێرم بۆ شار بۆ لای حوکومەت. فەقێشێتە لەوێ ئەبێ ئەڵێ: «پاشا هەر کە ئەقڵی بوو لەم دیواخانە دەرچوو».

- مەلافەیزوڵڵا هەبوو لە سنە شاعر بوو. رۆژێک نیزامولئیسلام پێ ئەڵێ: «کێ لە گشت کەس بە لای تۆوە خۆشەویستترە؟» ئەڵێ: «ئاغەی نیزام ئەو کەسە کە سکم تێر بکا». ئەڵێ: من تێری ئەکەم. ئەڵێ: «ئاغە نیزام خۆشەویستی بە قەرز ناوێ.»

- پیاوێکم لابوو «مامپیرداود»مان پێ ئەوت. رۆژێک هەندی ژێر جگەرەو ئیستکان و شتە هەبوو وتم بیانشۆ. پاشان خۆم هەڵم گرتن کە بۆی بەرم بۆ سەر ئاوەکە. ئەو نەیهێشت. وتم: «کورە ئەیبەم ئەگەر نەشکێن، قەینا کا». وتی کورە ئەگەر بشکێنیش هەر قەینا کا چونکە کاسەیە کابان بیشکێنێ دەنگی نایە».

- کابرایەکی هەژار لەو کوێستانە لە بەر کێوێکی گەورەدا ڕائەوەستێ و زۆر بە تامەزرۆییەوە ئەڵێ: خوایە ئەم کێوەم بۆ بکە زێڕ. سەیر ئەکا کێوەکە بوو بە زێڕ. واقی وڕ ئەمێنێ کە ئەمەی چۆن بۆ هەڵگیرێ. ئەڵێ: «خوایە هەرکە داوای کەمت لێ ئەکا کوێر بێ». سەیر ئەکا هەر دوو چاوی کوێر بوو.

- شێخمەحیەدینیخەتیب هەبوو لە سولەیمانی کە یەکێک لە ئیشێکا سەرنەکەوتایە ئەیوت: «فەشە لە فعلی مازیە قەت کولانەکەی خۆی ون ناکا».

- کابرایەک هەبوو لەو ولاتی پێنجوێنە «مۆلە شێت»یان پێی ئەوت. مەلا ئەورەحمانی پێنجوێنێ هەر فەقێیەکی ئاخر مادە خوێن ئەچووە لای بۆ دەرس خوێندن، مۆلەش ئەچووە بن دەستی فەقێیەکەوەو سەماعی ئەکرد. فەقێیەک رۆژێ ئەچێ کتێبی «جمع الجوامع» ئەباو دەرس ئەخوێنێ، مۆلەش «ناگەهان»ێک ئەباو لە تەنیشت فەقێیەکەوە پانی ئەکاتەوەو دەست ئەکا بە سەماع کردن. مەلا ئەورەحمان پێ ئەڵێ: مۆلە جەمع تا جەوامع و ناگەهان چۆن ڕێ ئەکەون؟ ئەویش ئەڵێ: «قوربان بۆ یەکی شیری پاک بێ هیچ فەرقی نییە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کتێبی عەبدولحەکیم و خەیالی لە ناو فەقێیانا مەشهوورە کە رەق و گرانە. هەر ئەو مۆلەیە رۆژێک ئەچێت ئەو کتێبە لە یەکێ لە فەقێیەکان ئەدزێ و ئەیخاتە ناو تورەکەیەکەوەو ئەیخاتە بنی حەوزی مزگەوتەکەوە. لە پاش سێ چوار رۆژ ئەچێ دەری ئەهێنێتەوە. دیارە کتێب تلیساوەتەوەو وەکوو هەویری لێ هاتووە. جا ئەیوت: ئەوا ئەم فەقێیانە هەر ئەڵێن عەبدولحکەیم و خەیالی رەقە، کوا رەقە؟ چاوتان لێیە چۆن تلیساوەتەوە؟ ئەوە ئەوان نایزانن.

- سالی غەزاکە شێخ نەجمەدین و شێخی حسامەدین چوو بوون بۆ غەزای رووس و گەڕابوونەوە. کوڕ و کالی هەورامی چوو بوون بۆ پێشوازیان. مەلا حسینی کوڕی مەلا قادری بیارەش لەگەڵ ئەو پێشوازیکەرانەدا بوو. کوڕ و کاڵ هەر یەکە سواری شتێک بوو بوون مەلا حسین بە پێیان بوو. شێخی حسامەدین پێی ئەڵێ: «مەلا حسین ئەوە کەرێک نەبوو سواری ببی؟» ئەویش ئەڵێ: «قوربان کەر زۆرە، بەڵام بەر من ناکەوێ».

- مەولەوی چاوەکانی کوێر بوو بوون؛ لە پاش ماوەیەک مەلا موسایەکی پاوەیی هەبوو ئەچێ بۆ لای و دەست ئەکا بە دلدانەوەی مەولەوی و ئەڵێ: «هیچ پێی سەغڵەت مەبە ئەگەر بزانی سەواب و جەزای بێچاوی چەندە زۆرە، خوزگات ئەخواست بۆ ئەوە کە خوا هەر دوو دەست و قاچیشت کوچ بکاو تووشی ملەخرەش ببی».
مەولەویش ئەڵێ: «مەلا موسا ئەگەر بە هیچا نەزانم جەزای چاو نەبوون چەند زۆرە، بەوەدا ئەیزانم کە تۆی پێ نابینم».

- حاجی برایم ئاغای عەمبار -خوا بێ قەزای کا- پیاوێک بوو ئەوەندە سەری لە ئیش و کاری دنیا دەرنەئەچوو. بە پێچەوانەی خۆی کوڕێکی منداڵی هەبوو زۆری خۆش ئەویست. رۆژێ لێی ئەپرسێ کوڕی بابی حەزت ئەکرد سەد هەزار تمەنت ببوایەو وەکوو بابت ئاقڵ بوویتایە؟ ئەڵێ: نەوەڵلا بابە. ئەڵێ بۆچی کوڕم؟ ئەڵێ: «ئەترسم ئەو ئەقڵەی بابم کە بە منەوە بێ ئیشێکی وام پێ بکا سەد هەزار تمەنەکەم لە دەست دەرکاو هەر ئەقڵەکەی خۆی بمێنێتەوە؛ منیش ئەوەم ناوێ». باوکیشی ئەڵێ: «ئافەرەم کوڕی خۆم دیارە تۆ لە هەموو کەس زیاتر بابی خۆت بە ئاقڵتر ئەزانی. ئەی لە بابت کەوێ بێچۆەکەوێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ژن و پیاوێک هەبوون لە ڕەواندز هیچیان چاویان نەبوو، لە ئەنجاما بوون بە هاوسەری یەک. ژنەکە بە پیاوەکەی وت: «کووم دەبینی؟» پیاوەکەش وتی: «تۆ کوو من دەبینی منیش وا تۆ دەبینم».

- ئەمین چیتر هەبوو لە سولەیمانی زۆرتر معاملەی مەڕ و بزنی لە گەڵ شارەزووری بوو. کە شارەزووریەکان ئەهاتن و ئەچوونە مالی بە نان و ماستاو و شتێکی وا بەڕێ ئەکردن و ئەیوت: «لە گۆڕی بابی بێ برنجی بەم؛ ئەگەر ڕۆنمان ئەبوو قبولیەکی باشم بۆ لێ ئەنان». ئەوانیش ئەم قسەیانە بە خەلات ئەزانی و ئەیانوت نەوەڵلا کاکەمین زەحمەت مەکێشە خوا نەیوڕێ ئەم نان و ماستاوە فرە خاسە.

- جارێک کابرایەکی بەلخەیی لەگەڵ کابرایەکی عەبابەیلی لە بەلخەوە دێن بۆ عەبابەیلی. بەلخە هەنجیری زۆر چاکی هەیە. بەلخەییەکە هەر لە مالەوە پڕ گیرفانی ئەکا لە هەنجیرو بەڕێ ئەکەون. کابرای عەبابەیلی لە پێشەوە ئەڕوا بەلخەییەکە جار جار لە هەلێکا هەنجیرێک لە گیرفانی دەردێنێ و ئەی تەپێنێتە دەمی. ئەمیش لە بەر ئەوە کە ئەزانێ ئەو هەنجیری پێیەو بە دزی ئەمەوە ئەیخواو واش ئەزانێ کە ئەم پێی نازانێ جار جار لایەکی بۆ ئەکاتەوە ئەویش بۆ ئەوە ئەم پێی نەزانێ بای ئەدا و لوولی ئەداو قووتی ئەدا و ملی گەزێ درێژ ئەبێتەوە.

لە ئەنجاما پێی ئەڵێ: «ئەرێ برا ئەم گەرووی تۆوە بوو بە چی؟ هەمانە بێ هەر ئەدڕێ، مەشکە بێ هەر ئەدڕێ ئەگەر دوو دەنک لە هەنجیرەکەت بدەی بە من و ئەویتری بە بێ ترس و لەرز بە هەموو سەر بەستیەکەوە خۆت بیخۆی باشتر نییە؟» کابرا ئەمجا ئەزانێ کە پێیزانی ناچار بەشی ئەدا.

- جارێ کابرایەکی ئەو سەرە لە کابرایەکی پشدەری ئەپرسێ چۆنی؟ ئەویش ئەڵێ: «بە کەیفی دوژمنانم».

- ئینگلیز پاش شەڕی گەورەی یەکەم هاتە عێراق و کوردستانەوە. لە ولاتی سولەیمانی شێخمەحموو گیرا، بە دیل برا بۆ هندووستان و پاشان هێنایانەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabaz.org



حاجی‌مەلاسەعیدکەرکووکیزادە هەبوو لە سولەیمانی یەکێک بوو لە پیاوەگەورەکانی سولەیمانی و قسەی ئەبیسترا. لەگەڵ شێخ مەحموویش بەینی ڕێک نەبوو. کە بیستی وا شێخ مەحموو دێتەوە بۆ سولەیمانی و بە حوکمڕانیش دێتەوە، بە کوڕەکانی ئەڵێ ماڵ بارکەن و سولەیمانی چۆڵ کەن، هیچ لێ رامەوەستن. ئەڵێن بۆچی؟ ئەڵێ: «ئەڵێن ئینگلیز سەربەخۆیی ئەدا بە کورد». ئەڵێن بابە شتی وا چۆن ئەبێ؟ ئەڵێ: «کوڕم ئینگلیز کافرە دای دای کێ هەیە ڕێگای لێ بگرێ؟ دە خێراکەن ماڵ بار کەن تا نەیداوە».

- مەلاحسینی‌قادری‌بیارە جگەرەی تەرک کردبوو. پێیان وت ماموستا ئەوە جگەرەت تەرک کردووە؟ وتی: «ئەرێ نەژیم».

- ساڵێک لە سولەیمانی کابرایەکی جێشانەیی کەرێکی پێ ئەبێ. لەو «کانی دۆمان»ە لە لای مزگەوتی مەلا مەحموودی نیزامی کەرەکەی لە بەر ماڵێکا ئەبەستێتەوەو خۆی ئەچێ بۆ دووکانێ لەو دەورەدا هەبوو شت بکڕێ. منالێکی ئەو گەڕەکە دێنێ کەرەکە ئەکاتەوەو سواری ئەبێ و چەند ئەم سەر و ئەو سەرێکی پێ ئەکا. لەو کاتەدا کابرای خاوەن کەر ئەگەڕێتەوە لە منالەکە تووڕە ئەبێ کە بۆچی وای کردووە. منالەکەش ئەڵێ: گوێدرێژەکەت بەرەڵا بوو بوو، من ئاگاداریم کرد بۆت تا هاتیتەوە. کابراش ئەڵێ: ئەگەر ون ببوایە باشتر بوو لە لام لەوە کەوا تۆ بەم دەردەت برد و ئەوەندە سواری بوویت. منالەکەش ئەڵێ: «ئەگەر تۆ بیر و باوەڕت وایە کەواتە بێنە کەرەکە بدە بە من و وا بزانە ون بووەو لە تۆڵەی ئەوەدا گەلێ دوعاش قازانج ئەکەی کە من بۆت ئەکەم».

- کابرایەکی بیاوێلەیی ئەچێتە هەڵەبجە گوێدرێژێکی پێ ئەبێ. شەوێ ئەمێنێتەوە لە بەیانیا هاواری لێ بەرز ئەبێتەوە کە کەرەکەیان دزیوم. یەکێک پێ ئەڵێ: بابە تۆ خەتای خۆت بوو کە ئاگاداریت نەکردووە. یەکێکی‌تر ئەڵێ: کوڕە خەتایەکی گەورەتر دەرگای تەویلەکەشی دانەخستووە. کابرا ئەڵێ: «کەواتە دزەکە هیچ خەتایەکی نییە».

- ئەعیانەکانی سنە هەموو حەوشەکانیان دەروازەی گەورەگەورەی هەبوو. لەم لاو لەو لای دەروازەکانەوە سەکۆ هەبوو پێیان ئەوت خواجەنشین. دەرویش و قەلەندەری تەریدە ئەهاتن ئەم خواجەنشینانەیان ئەکرد بە جێگای حەسانەوەی شەو و ڕۆژیان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لـە سـەر ئـەم دەسـتووورە قەڵەنـدەرێک لـە سـەر خواجەنـشینی دەروازەی ماڵـی موشیردیوانی گەورە بوو. ئەم قەڵەندەرە بە زستان و هاوین کراسێکی تەنکی لە بەرا بوو. رۆژێک لە تۆفی زستانا مشیر دیوان دێتە دەرەوە و دەروێشەکەی بەو کراسە تەنکەوە چاوپێ ئەکەوێ، ئەڵێ: ئاغە بەم کراسە ناسکەوە لە بەر ئەم سەرما سەختەدا چۆن سەرمات ناوێ؟ من بەم گشتە جلەوە هەر ئەلەرزم؟ ئەویش ئەڵێ: «ئاغەی موشیر تۆیچ وەکوو من بکە تا نەلەرزی». ئەڵێ: ئاغە بۆچە تۆ چەت کردگە؟ ئەڵێ: «من هەرچی جلم بووگە گشتم لە بەر کردگە».

- پیاوێک هەبوو لە سنە حاجی دەروێشی ناو بوو، زەمان تێی هەڵکرد و هەژار کەوت؛ بەڵام چۆن هەژارێک؟ شیوی شەوی نەما. کوڕێکی هەبوو «تەقی»ناو بوو منداڵ بوو. رۆژێک لە سەر کۆڵانێکا هەردووکیان راوەستابوون خەڵک تەرمێکیان بەوێدا تێپەڕاند. تەقی وتی: بابە ئەمە چییە؟ وتی: رۆڵە مردووە. وتی بۆ کوێی ئەبەن؟ وتی رۆڵە ئەیبەن بۆ شوێنێک نە نانی لێیەو نە ئاو، نە بەرگی لێیەو نەنوێن، نە داری لێیەو نە ئاگر، نە بەڕەی لێیەو نە قاڵی، نە تەلای لێیەو نە نوقرە. وتی: کەواتە بابە ئەمە بۆ ماڵ ئێمەی ئەبەن».

- مەلامەحمووی‌حاجی‌رەسووڵ گێرایەوە وتی:
حسەکەڕ هەبوو لە زەمانی سەی ئەحمەدی بابە رەسوولا لە سولەیمانی. ئەم حسەکەڕە چایچی و لە هەموو رووەیەکەوە پیاوێکی پیاوانەو بە دیمەن و دەوڵەمەند بوو. ئەو سەردەمە شەڕە بەران باوی هەبوو، زیاتر شێخانی سولەیمانی حەزیان لێ ئەکرد. حسەش بەرانی چاکی هەبوو.

سەی ئەحمەدی بابە رەسووڵ ئەنێرێ بە شوێن حسەکەڕدا کە بەرانەکەی بێنێ لە حەوشەکەی ئێمەدا بەرانێکی‌تریش لێرە هەیە شەڕە بەرانی پێ بکەن با تۆزێ سەیریان بکەین. حسەش نەیئەتوانی لە قسەی سەی ئەحمەد دەرچێ. پاش عەسرێک بوو بەرانێکی نایابی هەبوو ملی گرت و چوو بۆ ماڵی سەی ئەحمەد.

سەی ئەحمەدی برای سەی نووری نەقیبیش دراوسێی ماڵی سەی ئەحمەدی بابە رەسووڵ بوو، دیوارێکیان بەین بوو. ئەو سەی ئەحمەدە هەر جارە شەڕە قۆچی ماڵی ئەو سەی ئەحمەدی ئەبینی بەینیشیان زۆر خۆش نەبوو. کە حسە بە خۆیی و بەرانەکەیەوە ئەگاتە بەر ماڵی ئەحمەدی نەقیب، سەی ئەحمەد لە بەر دەروازەکەدا ئەبێ بە بێ قسە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەردێک هەڵ ئەگرێ و ئەیدا بە سەر حسەکەڕ سەری ئەشکێنێ. حسە دەست ئەگری بە سەریەوە. سەی ئەحمەد ئەڵێ: بۆچی ئەوە ژانی کرد؟ حسە ئەڵێ قوربان چۆن نەیکرد؟ سەی ئەحمەد ئەڵێ: کەواتە ئەم بەرانەش رۆحی هەیە، چۆن شەڕە قۆچی پێ ئەکەن؟ ئاخر نازانی سەری ئەویش ئەئاوا ژان ئەکا؟ حسەکەڕیش ئەڵێ: «کەواتە قوربان یا خوا ئێوە لە ئێمە بستێنێ یا ئێمە لە ئێوە بستێنێ. ئەو سەی ئەحمەدە بە زۆر رام ئەکێشێ ئەڵێ وەرە شەڕە قۆچ بکە، ئەم سەی ئەحمەدە ئەڵێ مەیکە. ئەویش ئەڵێ: «ئێمەش نازانین بە گوێی کام لاتان بکەین».

- هەر مەلا مەحموو گێڕایەوە وتی: چووم بۆ خزمەتی شێخ مەحموو ماینێکی رەشبۆری چاکم هەبوو سواری بوو بووم. ماینەکە جاش ئێسترێکی هەبوو، لە بەر جوانی و لە بەر چەتوونی لە ماڵا وتم گلی بدەنەوەو مەیەڵن بکەوێتە شوێن ماینەکە. من بەرێ کەوتم ئەوانیش جاش ئێستریان گل دایەوە. بەڵام جاش ئێستر بە بێ دایکەکەی ئۆقرەی نەگرت لە سەر دیوارەکەوە بازی دابووە کۆڵان. ئەوەندەم زانی بە چوار ناڵە وەکو با ئەهات تا گەیشت بە دایکەکەی. ئیتر تازە کەڵکی گێڕانەوەی بڕا.

وتی کە چووم شێخ دوو رۆژ گلی دامەوە. وتی ئەوەندە من ئیخلاس و بچووکی شێخم هەبوو ئەویش ئەوەندە لوتفی لەگەڵ من هەبوو. لە سەر سێ رۆژیا عەرزم کرد قوربان ئیتر ئەچمەوە، ئەویش ئیزنی دام. سوار بووم، هات بە رێی کردم. عەرزم کرد قوربان من رایەی ئەوەم نییە.، فەرمووی خۆت شێت مەکە، تۆ کوڕی حاجی مەلا رەسوولیت. حاجی مەلا رەسووڵ خەلیفەی کاکەحەمەد بووە.

وتی من وا بە سەر ماینەکەم و شێخیش راوەستاوە. جاش ئێسترەکە بە دەورو بەری ماینەکەدا دیت و ئەچێ. شێخ دەستێکی دا لە کەفەلی و فەرمووی مەلا مەحموو ئەمە جاش ئێستری چاکە. عەرزم کرد بەڵێ قوربان. دەستێکی تری هێنایەوە بە کەفەلیا و فەرمووی بە راستی جاش ئێسترێکی زۆر چاکە. من هەر عەرزم کرد بەڵێ قوربان. ئنجا فەرمووی: «مەلا مەحموو ئەمە لە خۆتە؟» منیش عەرزم کرد: «قوربان شێخ زادەیە». دەستی کرد بە پێکەنین فەرمووی بە خوا بێ حەیایت. ئنجا ئیتر فەرمووی دە بڕۆ خوا حافیزت بێ.

- لە سنە پیاوێک هەبوو مەلاکان پێی فێر بوو بوون بە ناوی خێر و خێراتەوە هەر رۆژێ شتێکیان پێ ئەکرد. هەر چەند خەڵک پێیان ئەوت بۆچ وائەکەی ئەیوت ئەمانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هەموو بۆ خوایە. کە زۆریان بە گوێچکەیا ئەخوێند تۆزێ سست ئەبوەوە. کوتوپڕ دوو مەلای لێ پەیدا ئەبوو دیسان تێژیان ئەکردەوە. ئەمە حالی بوو تا ما، ئنجا مرد خەڵکێکی زۆر و مەلایەکی زۆری لێ کۆ بووەوە بردیان بۆ سەر قەبران. مەلاکان هەموو کەوتبوونە پێش تەرمەکەی و هەموو بە ماتەمییەوە ڕێگایان ئەکرد. بەلام هێشتا ئیسقاتەکەی ما بوو بیکەن، کە لە سەر قەبران بگەڕانایەوە ئیسقاتەکەشیان بۆ ئەکرد.

لەو کاتەدا کە ئەچوون بۆ سەر قەبران دوو قولچماخی سنەیی لە دوورەوە چاویان بەم دیمەنەو بەم مەلایانە ئەکەوێ. یەکێکیان دەستێک ئەژەنێ بەویکەیانەوە ئاگاداری ئەکاتەوەو پێی ئەڵێ: «شا، شا بە مردگیش لە کۆڵی ناونەوە».

- دێیەک هەیە لەو وڵاتی سنە «کانیمشکان»ی ناوە. یەکێکیش هەیە «قوسەیر»ی پێ ئەڵێن و زاوای «ئایتوللا»یە. ئایتوللا پشیلەیەکی کەللە زلی توکنی زۆر سەیری هەیەو لە بەردەمیا هەڵ ئەتوتێ.

قوسەیر ڕۆژێک ئەچێتە لای ئایتوڵلا. پشیلەکە لە بەر دەم ئایتوڵلا ئەبێ. ئەم قوسەیریشە لە سەر و شکلا خوا بێ قەزای کا زۆر ناشیرینە. بە ئایتوڵلا ئەڵێ قوربان ئەم پشیلەیە زۆر سەیرە. ئایتوللاش ئەڵێ: «ڕۆڵە سەیرتر ئەوەیە مەردم ئەیژن ئایتوڵلا کتک و مشکی بە یەکەوە داناوەو کتکەکە هیچ دەم نابا بۆ مشکەکە».

- پیاوێک هەبوو لەو شارەزوورە «مامەحەمە»ی ناو بوو. ڕۆژێک یەکێ لە هاومالەکانی ئەچێتە لای پێی ئەڵێ: مامەحەمە هاتووم بۆ «ڕەشکە»کەتان هەندێ کا لە خەرمانەکەمانا ماوەتەوە بیکەمە ناوی و پێی بگوێزمەوە. ئەویش ئەڵێ: بە خوا ڕۆڵە گالمان لە سەر هەڵخستووە. کابرا ئەڵێ کاکەحەمە گاڵ چۆن لە سەر ڕەشکە هەڵ ئەخرێ؟ ئەویش ئەڵێ: «ئاخر کورم نەدان مەعنای چییە؟»

- فایقبێکەس جارێک دەورییەک یاپراخ لە بەردەمیا بوو بە کوێرە کوێرو بە فیزێکەوە ئەیخوارد. عەزیزئەفەندی قامیش هەبوو ئەچێ بە سەریا پێی ئەڵێ: فایقەکوێر ئەوە چی ئەخۆی؟ ئەویش ئەڵێ «بۆیە». ئەڵێ: «بۆیە یانێ چی؟ من ئەڵێم چی ئەخۆی؟» ئەڵێ: «عەزە درێژەی مەدەرێ من لە کورتی ئەیبڕمەوە تۆ ئەڵێی چی ئەخۆی؟ من ئەڵێم یاپراخ. ئەڵێی بەشم بدە. من ئەڵێم نایدەم. ئەڵێی بۆچی؟ ئەڵێم بۆیە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- شێخ مەجیدی شێخ محەمەدی بریندار هەبوو لە سولەیمانی ئەمە ژنی نەهێنا بوو. هەر لە خانەقای حاجی مەلا عەلیدا ژیانی خۆی ڕابواردبوو؛ لەگەنجییەوە تا پیری. ساڵی بۆم بۆردمانەکە خەڵکی گەڕەک بە ژن وپیاو و مناڵ و کوڕ و کچەوە لە ترسی بۆردمان هەموو چوو بوونە حەوشەی خانەقاوە. دیارە ئەبێ ئەوە چ ترس و لەرزێک بوو بێ رووی کردبێتە ئەو عالەمەو هەر یەکە ئەبێ لە چ حاڵێکدا بوو بن؟ کەچی ئا لەو کاتەدا ئەچێ باوەش ئەکا بە کۆڵەکەی مزگەوتەکەدا و سەیرێکی دیمەنی ئەو زەردوسوور و بە ترسانە ئەکا ئەڵێ: «خەفەت بۆ بێ خەفەتی خۆم ئەخۆم».

- ئەم قسەیە چۆنیەتی رۆژێکی کوردەواری پیشان ئەدا:

«مەلا لە برسا فەقێ لۆ دەرسا، جووە لە ترسا، دۆم بۆ پەڕۆ، کامی خۆش ئەڕۆ».

- کابرایەک لەگوندی «کەسنەزان» لەو سەرشیوی سەقزە ئەبێ بە میوانی ماڵێک. پاش نوێژی شێوان نان دائەنرێ و نان ئەخۆن. چێشتەکەش شلە بە تورش ئەبێ، کابرای میوان زۆر بە پەرۆشەوە پەلاماری ئەداو کەوچکی لێ ئەخاتە کار دەمی ئەسووتێ و نازانێ چی بکا؟ ئەگەر ئەیتفێنێتەوە پێ شەرمە لە ناچاری سەر بەرز ئەکاتەوەو دەمی ئەکاتەوەو سەیری بنمیچەکە ئەکا و ئەڵێ: ئەم ماڵە بە چەند درووست کراوە؟ کابرای خانەخوێ هەست ئەکا چ باسە ئەڵێ: بە دوو فوو و سەبرێک.

- حاجیمەلاعەبدوللایجەلیزادە کچی شێخکەریمیکۆیی مارە ئەکا. ئەم کیژە لە بارەی خوێندەواری و زیرەکی و دینداریییەوە لە هەموو وڵاتی کۆیە ناوبانگی دەرکردبوو. حاجی مەلاعەبدوللا دێت بۆ کەرکووک بۆ لای شێخ عەلی ئەفەندی تالەبانی. حاجی مەلا عەبدوللا و شێخ عەلی دەستە برادەری زەمانی فەقێیەتی ئەبن و وەکوو برا وا ئەبن. شێخ عەلی ئەڵێ: «کاکەولا بیستوومە تازە زاوایت». حاجی مەلا عەبدوللاش ئەڵێ: «بەڵێ قوربان ژنێکم هێناوە شێخە بە قەدەر عەلی؛ مەلایە بە قەدەر جەلی».

- پیاوێک هەبوو پێیان ئەوت «ئەحەداسنی». بە بناغەدا خەڵکی «مامەخەلان»بوو، بەڵام لە سولەیمانی دائەنیشت. ساڵێک ڕێی ئەکەوێتە ئەستەموول. هەر ئەگاتە ئەوێ بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕێکەوت حاجی مەلا سەعیدی کەرکولیزادە تووشی ئەبێ پێی ئەڵێ ئەحە ئەوە کەی هاتووی؟ ئەڵێ وەڵڵا قوربان تازە هاتووم. لە پاش ماوەیەک حاجی مەلا پێی ئەڵێ: ئەحە لەم وڵاتە شوێنێک هەیەپێی ئەڵێن «باخچەی گیانلەبەران». شتی سەیری تیایە وەرە با بچین تۆیش بیبینە. ئەویش ئەڵێ: وەڵڵا قوربان بیستوومە باخچەی گیانلەبەران وە منیش دیومە، ئیتر نایەم؛ شت هەر یەکجار خۆشە عینسان ببینێ، من هەزار جاریشم دیوە. حاجی مەلا سەعید سەری سوور ئەمێنێ ئەڵێ ئەحە لە کوێ دیوتە؟ ئەڵێ وەڵڵا قوربان لە سولەیمانی. حاجی مەلا ئەوەندەیتر ئەپەشۆکێ ئەڵێ هەتیوە شتی وا کوا لە سولەیمانی؟ ئەڵێ وەڵڵا قوربان هەیە. ئەڵێ لە کوێ؟ ئەڵێ لە ماڵی خۆمان. ئەڵێ چۆن؟ ئەڵێ: «بەڵێ کچێکم هەیە وەکوو تاوس بەڕێ دا ئەڕوا، کچەکەی‌ترم وەکوو تووتی قسە ئەکا، کوڕەکەم وەکوو کەمتیار پێ ئەکەنێ، ژنەکەم وەکو هەڵۆ ئەکەوێتە سەرم، کوڕەکەی خەزوورم کە هەموو پێکەوەین وەکو ورچ ئەبۆڕێنێ، کوڕەکەی‌تری وەکو گورگ ئەلوورێنێ، منالە فیقنەکەیان وەکو گوێرەکەی بەهار ئەتورێنێ، خەسووم خۆی ئەڵێ من وەکوو مەیموون وامە، منیش خۆم لە ناویانا وەکو عەنتەر هەڵئەسووڕام من کە ئەمانەم هەبێ ئیتر ئیشم چییە بە باخچەی گیانلەبەران؟»

- پیاوێک لە خلکی مستەفای پیروەیسی پرسی: خاڵە خلک ئیستە کوڕەکانت چی ئەکەن؟ وتی: «برا بوون بە گەنمی دەساڕی چەرخ و هێشتا هەر لوو شاهشی تێ» (مەبەستی ئەوە بوو کە مردن و هێشتا ئەم دنیا داوای شتی تر ئەکا).

- پیاوێکی کورد کەرێکی هەبوو تۆپی؛ دەستی کرد بە قوڕ پێوان و باوکەڕۆ بە دەوریا. خەڵکوخوا چوون بە لایەوە پێیان وت: برا بۆچ وا ئەکەی؟ کەر چییە پیاو وای بۆ بکا؟ ئەویش وتی: «برا لێم گەڕێن کۆستم کەوتگە، بۆ کەرەکە ناگریم بۆ ئەوە ئەگریم کە کەر وە کەس دەر نەماگە ئیتر وەچی باراشەکەم بهاڕم؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەکراوی دەماخ

- مەلا سەعیدی مەنگوڕی هەبوو پیاوێکی فەقیرۆکەو قسە لە سەرخۆ بوو. وە زۆر کەمیش پێئەکەنی. سۆفی ئەولایەکیش هەبوو ئەویش هەر پیاوێکی ساویلکە بوو. جارێک ئەم سۆفی ئەولایە لە مەلا سەعید ئەپرسێ مامۆستا لە شەرعا درووستە پیاو چاو بنووقێنێ بیر لە ژنێکی‌تر بکاتەوەو بچێتە لای ژنی خۆی؟

مەلاش ئەڵێ: «نا بابە نابێ درووست نییە؛ تۆ لە سپی خەڵکی رەق کەیت و لە رەشی خۆتی خەی».

- ئینگلیز تازە ولاتی داگیر کردبوو «ئەمین‌بەگی‌قامیش» ئەکرێ بە قائمقام لە چوارتا. خەبەریان دایە کەوا «حاکمی سیاسی» ئەچێ بۆ ئەوێ و پێیان وت کە جارچی بخاتە ناو شاری چوارتاوە بۆ ئەوەی جارِ بدا ناو شار پاک و پوختە بکەنەوە.

ئەویش وتی جارچی بۆ چییە؟ ئەمن خۆم چیمە؟ هەر کردی بە کەرەکەکەیاو چووە سەربانەکەو بانگەوازی کرد: «هۆ خەڵکی چوارتا! سبەینێ حاکمی سیاسی ئینگلیز «تۆبلیۆت» ناو دیت بۆ ناو دێ. بە ئەمری حەمەدبەگی‌حاجی‌رەسووڵ‌بەگی مودیر ماڵ گوێلکۆلان ببەستنەوە بەر ماڵ و کۆلان پاک بکەنەوە. ئەوی نەیکا هەر بە ئەمری حەمەد بەگی لە دایەلی ئەکوتم. ئەمین بەگ».

- پیاوێکی ناو دار هەبوو لە سولەیمانی برایەکی هەبوو لە ئیش و کاری حوکومەتیا بوو دەستیان لە ئیش کێشابووە. لە دەرەوەی سولەیمانی ناردبووی بۆ لای ئەم برا ناودارەی کە پانزە دیناری بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی پێی بگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی. ئەویش ئەم تەلەگرافەی بۆ ئەنێرێ:

مارِا هرِا هی؟ «المساله کیفیه خمسه عشر دینار بالبرید السلیمانیه بین مەسەلە چییە؟ کیفتیم بۆ بەیان بکە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- وەستابەشیرمشیر گەلێ جار قسەی خۆش خۆشی بۆ ئەکردین، وەکو لە شتی ترا وەستابوو، لە ناودانانیشا هەر وەستا بوو. رۆژێک باسی پیاوێک کرا وتی: کابرا ئەڵێی پاڵەوانی حیزە.

- لەو ئالانە کوڕێک ڕێی ئەکەوێتە ماڵی پورزایەکی و پێی ئەڵێ: «ئەرێ پورزا گیان ماشانو بوون؟» ئەویش ئەڵێ: «ئەرێ وەڵلا پورزا گیان ماشانو زۆر بوو بەلاَن خێر و لێ نەدی». کوڕە ئەڵێ بۆچی خێرولێ نەدێ پورزاگیان؟ ئەڵێ: «وەڵلا پورزا گیان پاکن بۆ خۆ خواردن».

- «ئەولا ساری»هەبوو خەڵکی مرانە بوو. کابرایەکی بەرکێوی لێی ئەپرسێ مامە ئەولا حاڵ و ئەحواڵت چۆنە ئیمساڵ؟ ئەویش ئەڵێ: بە قوربانی حومریت بم لە سایەی پرچەکەی دایکتەوە ئیمساڵیش بوومەوە بە کوێخا.

- کابرایەکی کورد شێخ بوو بە میوانیان. مارفەتێکی زۆری لەگەڵ نواند. پاش ئەوەی کە شێخ تۆزێ ماندووی حەسایەوە هەستا چوو بۆ مزگەوت بۆ نوێژ.
کابراکە چووە ژوورەوە سەیری کرد تانجیەکیان هەبوو، تانجیەکە چووە لە شوێنەکەی شێخ لێی کەوتووە. کابرا رووی تێکرد وتی: «دە هەستە هەستە بچۆ بەو لاوە ئێژی قوروانی لەو سەرەوە دانیشتگی».

- کابرایەک لە ئاواییەکا بە لای ماڵێکا تێپەڕی، سەگی ماڵەکە هات پەلاماری دا. ئەمیش بەردێکی بۆ هەڵگرت و بۆی هاوێشت، دەم و ددانی سەگەکەی شکاند. کابرای خاوەن سەگ کابرایتری کێش کردو چوو بۆ لای مەلا بۆ شکات. هەر دووکیان لە بەر دەم مەلادا راوەستاون و مەلا لە کابرای بەرداوێژی پرسی کە چی ئەڵێت؟ ئەویش وتی: جەنابی مەلا تۆ ئێستە ئەگەر سەگ بیت لە بۆم بیت و قاچم بگریت چۆن دەست نادەمە بەرد و سی ددانت بشکێنم. لە خاوەن سەگی پرسی تۆ ئەمجا چی ئەڵێیت؟ ئەویش وتی: جەنابی مەلا ئێستە تۆ سەگ بیت و لە بەر دەرگاوە کەوتبی بەردێکت بە ناو دەمیدا بدەن سی ددانت بشکێنن ئاخر چۆن بۆی ناچی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مەلاش کە ئەمەی دی وتی سەگەکە گەورە بوو یا کچکە؟ کابرا وتی قوربان زۆر زل بوو، چوار هێندی جەنابت ئەبوو. مەلا وتی: «کەواتە من کچکەم جارێ ئەم شەرعە بە من ناکرێ».

- مەحمووی پیروەیس مستەفای خلک لە عەشیرەتی «یۆسۆجانی»جاف پیاوێکی دانا و قسە نەستەق بووە. جارێک لەگەڵ بەگزادەیەکی «گەشکی»دا ئەکەونە دەمە قاڵ. بەگزادەکە پێی ئەڵێ: ئەوە بۆچ ئەڵێن ئێوە کە ژن دێنن کچ نییە؟ مەحموویش ئەڵێ: بەڵێ ڕاست ئێژی. ئێژن بەگزادەیەک بێوەژنێکی گەشکی هێنا بوو بەڵێ ڕاست بوو کەنیشک بوو لە خۆشیانا دەمی برد بەلۆکەی ماچ کرد. کەنیشکەکەش وتی: ئەویم ماچ مەکە ئەولاتر ماچ کە ئەگەر ئەو نەبوایە ئەم کوزە بێفەڕە وا بە پوختی نەئەمایەوە بۆ تۆ». کابرای بەگزادە ئیتر تف لە دەمیا وشک ئەبێ.

- «شا فەرەج» هەبوو لە عەشیرەتی وردە شاتری جاف بوو. بارێ گەنم ئەنێری بۆ ئاشی «سەی خەلیل» لەو گەرمیانە بیهاڕن. شەوێ بارە گەنم ئەدزرێت و خەبەر ئەدەن بە شا فەرەج. شا فەرەج ئەڵێ: کەس دزی من نییە تەرخانی نەبێ؛ ئا مەلا بانگ کەن. مەلا دێت ئەڵێ مەلا ئا بنووسە بۆ حەمەحەسەنی ڕەیسی تەرخانی. بنووسە: «حەمەحەسەن ڕەیسی تەرخانی تکات لێ ئەکەم دێزە سووری خۆت مەهەسوو لە دێزە ڕەشی من. ئەگەر تۆ درنگەت لێوە تێت من زرنگەم لێوە تێت. سوەی وادەمان پشتی "وارگە درێژە" بێت نەیژی وە نامەردی هاتە سەرم خۆت و لەشکرت حارز بن یا بارە گەنمەکەم بۆ بنێرەوە. شا فەرەجی شاتری».

حەمەحەسەنیش ئەم وەڵامەی بۆ ئەنووسێتەوە: «سەر باشقەی وردە شاتری شا فەرەجی لەڕە چەلەکی تەرخانی! نووسیوتە دێزە سووری خۆت لە دێزە ڕەشی من مەهەسوو. برا من گەمەی وا ناکەم تۆ زرنگەت لێوە تێت من خشەم لێوە تێت تۆ هەسوونی من گوریسم وە خوام سپاردی. حەمەحەسەنی تەرخانی». لە گەڵ بارەگەنما ئەم ولامەی بۆ ئەنێرێتەوە.

- کابرایک هەبوو ناوی «یوسف شێروان»و لە عەشیرەتی «کەماڵەیی»بوو. لە گەڵ چەند کەسێکی کەلاریدا بە کاروان ئەچن بۆ «قەسری شیرین».پێیان ئەڵێ: «برا من سەرم لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامڵەو حساو دەرناچێ، ئێوە چاوتان لێمەوە بێت. ئەگەر وانەکەن لە گەڵتان نایێم بۆ شار».
ئەڵێن باشە.

پێکەوە ئەچن تا ئەگەنە قەراخ قەسر. لەوێ ڕێگەکە ئەبێ بە دوو ڕێیانەوە یەکێ لەو ڕێگایانە بە لای ماڵە خراپەکانا ئەڕوا یوسف بەو ڕێگایەدا ئەبەن.

یەکێ لە ئافرەتەکان لە ناو کۆڵانەکانا چاوی بە یوسف ئەکەوێ، یوسفیش تۆزێ جوانکەلە ئەبێ. بانگی ئەکا ئەڵێ کوڕە کوڕە پیوول بارە بەو کوس بکە.

یوسفیش پێی ئەڵێ: «دایکم پارەم نییە هەر ئەوەندەم هاوردگە بەش مامەڵەکەی خۆم ئەکا». ژنەکەش ئەڵێ: «بچو قیوون بدە پیوول بارە بەو کوس بکە». یوسف ئەڵێ: «دایکم بە خوا ئەم ئاتەڵ واتەلە بە من ناکرێ بچم قنگ بدەم و پارە بێرم بیدەم وە کوزە بۆگەنەی تۆ. بچووە ڕێتەوە وەریشی باوک خۆت و کوزی داقلیشیاگتەوە».

- ئەم شیعرانە لە «حەسەن کەنۆش» شاعری نەخوێندەواری جافان ئەگێڕنەوە لە سەر شێوەی غەیری جافی.

جە بەیانەوە جە بەیانەوە — خالێ دیم وە بەین دوو بەیانەوە
چۆن نەجم مەدروشۆ وە بەیانەوە — حەکاکان دەور گشت بەیانەوە
کێ دیەن مەغرب وە بەیانەوە — تا حەسەن وە خاک سەر مەیانەوە
هەر هام وە حەسرەت ئەو بەیانەوە

- ساڵێک لە بەغدا بەند و باوێک داکەوتبوو بە زمانی بەغدایی ئەیانوت: «کورد و عرب فرد حزام»و مەبەستیان ئەوە بوو کە کورد و عەرەب بوون بە یەک و قۆڵیان کردووە بە قۆڵی یەکاو وەکو بڵێیت یەک پشتێنن و یەک بەرگەیان هەیە؛ واتە هەر دوو گیانیان هەیە و لە یەک بەرگدان.

کوردێکی «باوەجانی» لەو سەردەمەدا بە جل و بەرگی کوردییەوە ڕێی ئەکەوێتە بەغدا. یەکێ لە گیرفان بڕەکان ئەچێ باوەش ئەکا بە ملیا و قۆڵ ئەکا بە قۆڵیا و ماچی ئەکاتەوەو پێی ئەڵێ: «کاکە تۆ لە کن من بەرە من و تۆ یەک حزام کورد عەرەب دوو برا خۆش شیردایک یەک تۆ لە من بەرە».

بەم قسە خۆشانە ئەیخافڵێنێ و پاشان کابرای باوەجانی ٢٧٧٥٠ دیناری پێ ئەبێ لێی ئەدزێ و بۆی دەرئەچێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کاتێ کابراکە پێی ئەزانێ پارەکەی نەماوە تێئەگا کابرای عەرەبەکەی لێ دزیوە. هیچی بۆ نەمابووەوە ئەیوت: «ئەی بکەم وە قنگ دایک خۆت و کوردو عەرەب دوو برا خۆشتەوە! باوە حیزە وەو زوانە بێ فەڕەیەوە هات وە لامەوە ئەیوت تۆ لە کن من بەرە کە چی لە ژێر یەک پشتێنەوە پارەکەی دزیم. ئەی بکەم وە قنگ دایکتەوە بۆ خۆت و دوو برا خۆشتەوە! دەویت باوکەی خوا نەناسە ئەی بکەم وە قنگ ئەم برایەتیەوە».

- وەستا بەشیری زانا جارێک لەگەڵ دۆستێکی هاوڕێی پەنجا ساڵی خۆیدا دانەیە «کاڵەک» ئەبێ ئەیەوێ پێکەوە بیخۆن؛ دێنێ ئەیکا بە چوار کەرتەوە خۆی ئەنیشێتە سەری سێ کەرتی ئەخوا و کەرتێکیشی ئەدا بە هاوڕێکەی.
یەکێک لەوێ ئەبێ ئەڵێ چۆن بەشکردن وا ئەبێ؟ بەشکردن ئەوەیە بیکەی بە دوو کەرتەوە لە گەڵیا. ئەڵێ کردوومە بە دوو کەرتی تەواوەو. ئەڵێ چۆن؟ ئەڵێ: «ئەو کوزە بخوات و سێ کوزەکەی تریش بکڕێنێتەوە. ئەوە وەکو یەکمان لێ دێتەوە».

- کابرایەک کوڕێکی هەبوو فێری «سەگەوانی» ئەکرد. کوڕەکەش هەر فێر نەئەبوو. جا باوکەکەی هەڕەشەی لێ ئەکرد ئەیوت: «هەتیوو فێر ئەبێ فێر ببە فێر نابی ئەتخەمە حوجرەی فەقێیانەوە. نامەوێ بەو دەردە بتلێتەوە».

- فەتاحی شەنبە هەبوو پیاوی شێخ ڕەئووفی تاڵەبانی بوو. ڕۆژێک شێخ فەتاحی تاڵەبانی ئەچی بۆ ماڵی شێخ ڕەئووف و لە دیواخانا دائەنیشن. زۆر تینووی ئەبێ بە فەتاح ئەڵێ: فەتاح ئەگەر تینوم بێ چیم بۆ دێنی؟ ئەڵێ ئاو خۆریەک ئاوت بۆ دێنم. ئەڵێ ئەگەر تێرم نەخواردەوە؟ ئەڵێ ئاو خۆریەکی‌تر لە سەتڵەکە بۆ دێنم. ئەڵێ ئەگەر تێرم نەخواردەوە؟ ئەڵێ ئاو خوریەکی‌تر. ئەڵێ: دیسان ئەگەر تێرم نەخواردەوە؟ ئەڵێ: سەتڵەکەت بۆ دێنم لە بەر دەمتا دای ئەنێم. ئەڵێ ئەگەر بەوەش هەر تێرم نەخواردەوە؟ ئەڵێ: «ئەمجا ئەتبەمە سەر حەوزەکەو دوو فیکەت بۆ ئەکەم». ئەویش ئەڵێ: ئەمە هەقی خۆیەتی.

- لەو سەرە پیاوێک هەبوو «شێخ عەلیەکەڕە»یان پێ ئەوت. پیاوێکی لە خوا ترس و نوێژو ڕۆژو قایم بوو. گوێشی زۆر گران بوو؛ تا پیاو نەیقیژاندایە گوێی لە هیچ نەئەبوو. ئیتر ئیشی خوایە ژان و بایەکیش لە سکیا هەبوو دەستنوێژی زۆر بۆ ڕانەئەگیرا. بەڵام بەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راهاتبوو کە بای لێ ئەبووەوە خۆی پێئەزانی ئەمە بای لێ بووەتەوە، هەڵئەستا دەستنوێژی ئەشۆردەوە. ئەوەندە هەبوو ئەو هەر بایەکی لێ ببوایەتەوە لە بەر گوێ گرانیەکەی – بلامانی- بە بای بێ دەنگی ئەزانی. لەگەڵ ئەوەدا لە بەر بەهێزی ژان و بایەکە ناشوکری نەبێ قەت ئەو بایەی کە خۆی وای ئەزانی لێوە نەهاتبوو.

ئەم شێخ حەمەعەلیە پیاوێکی هەبوو «سۆفی عەولا»ی ناو بوو. ئەم سۆفی عەولایە ئەوەندە لە دیواخانا گوێی لەو وردە بەزمە بووبوو کە شێخ بەشتێکی‌تری تێ‌ئەگەیشت، گەیشتە جەرگی پێی وت: «یا شێخ رۆحم وە فیدات بێ! ئەوی تۆ بە "تس"ی تێ‌ئەگەی "ترە" با پێت بێژم».

– کابرایەکی کورد لە «قزرابات»حەمەشەریفی ناو بوو مەعموری تەل بوو. دو ژنی هەبوو یەکێکی تورکمان یەکێکی کوردمان. (تورکمان و کوردمان و زەڕەتورک و زەڕەکورد).

ئەم ژنانە لەگەڵ حەمەشەریفا هەتا بلێیت خراپ بوون و بە هیچ جۆر قسەیان نەئەکرد، سەر باری ئەوەش دریغی یان لە جنێوو فەزیعەتیش هەر نەئەکرد. رۆژێک حەمەشەریف لە قرچەی تەمووزا ئەچێ بۆ تەل چاک کردن. پانزە رۆژێ پێ ئەچێ، هیلاک و ماندو و مردوو ئەگەڕێتەوە. ژنەکانی هیچ گوێی نادەنێ، بە تایبەتی ئەم جارە ژنەکانیش قسە ئەکەن بە یەک کە بە تەواوی گوێی نەدەنێ و بەڵکووماڵەکەی پێ بە جێ بێڵن.

حەمەشەریف کە ئەزانێ ئەم ژنانە وای لەگەڵ ئەکەن، ئەویش هیچ خۆی تێک نادا بە هەر جۆر بێت ئەو شەوە رۆژ ئەکاتەوە. بەیانی زوو شەربە شرێک کە شەوێ لە تەنیشت خۆیەوە دابنابوو پری بوو لە ئاو هەڵئەستی شەربە ئاوەکە ئەکا بە سەر خۆیا و ئەڵێ: «نیەتمە لەش پیسی خۆم دەرئەکەم».

ژنەکان چاویان لەم کارەساتە ئەبێ هەر یەکەیان لە دڵێ خۆیانا ئەکەوێتە قینەوە لەویکەیان. ئەو ئەڵێ: ئەوە پیاوەکە لەگەڵ ئەوا ئیشی کردووەو ئەویکەشیان ئەڵێ لەگەڵ ئەویکەیانا.

لە سەر ئەمە ئەگیرێنە یەک و بەر ئەبنە جنێودان بە یەک و هەچ قسەیەکی ناشیرین هەیە بە یەکی ئەڵێن. ئەو بەو ئەڵێ تۆ دەستی منت کرد بە زاخا هەی واوا لێ کراو کەچی تۆ خۆت چویت لە گەڵی دروست بوویت. ئەویش هەروا ئەڵێ بەو لە سەر ئەمە ئەنیشنە مل یەک و سەر و گوێلاکی یەک ئەکوتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabani.org

حەمەشەریفیش لە دوورەوە سەیریان ئەکاو هیچ دەنگ ناکا، ئیتر لە دوای ئەم کارەساتە هەر وەخت حەمەشەریف دەر ئەکەوت هەر یەکە لە ژنەکانی بە جیا خزمەتیان ئەکرد و هەر کامەیان بە جۆرێکی تایبەتی ئەیەویست خۆی بباتە پێشەوە.

- دوو کابرا لەو سەرە گایەکیان دزیبوو دابوویانە پێش و بە بەر ماڵە گۆرانێکا تێئەپەڕن. کابرای خاوەن ماڵ تێگەیشت کە ئەم زەلامانە ئەم گایەیان دزیوە؛ ئەویش کردی بە تیلاویکاو دەرپەڕی و کەوتە تەکیان بە تیلاوەکە ئەیدا لە گاکەو تیی ئەخوڕی و ئەیوت: «وەحە گای هەموومان». کابراکانیش لە ترسی ئاشکرا بوون نەیانئەویرا دەنگ بکەن؛ هەر ئەیانوت: «ئەمە چییە ئیژی شملی شەڕی لیمان پەیدا بوگی؟ کەی گای هەموومانە؟» ئەویش ئەیوت: «برا دەنگ مەکەن سەرمایەکەمان بە قەدر یەکە». هەر لە گایەکەشی ئەخوڕی و ئەیوت وەحە گای هەموومان.

- **کابرایەکی ئەو بناری خۆشناوە ژنێکی هێنابوو خوا وای بۆ هێنا بوو کە هەر چەندە** خەریک بوو نەبوو بە زاوا؛ لەم رووەوە زۆر پەرۆش بوو. رۆژێک هەروا کز و داماو بە رێگەدا ئەڕۆیشت کەوتبووە ناو دەریایەکی داماویەوە. پیاوێک هەبوو «مستۆ»ی ناو بوو دۆستی کابرای بناری خۆشناو بوو، سەیری کرد وا کزو داماوە لێی پرسی بۆچ وا عاجزی؟ وتی: «برا لۆ عاجز نەبم؟ واژنێکم هێنایە هەر چەندە دەکەم لۆم نابێ بە ژن و نابم بە زاوا».

مستۆیش ئەڵێ ئەی لە منت نەکەوێ لە کوێیە؟ ئەوە تۆ زوو بۆچ دەنگت نەکرد؟ جا برا بە کەڵکی رۆژێکی وا نەیە ئیتر بۆچی چاکە؟ ئادەی برۆ پێشانم دە ئەو واوا لێ هاتووە بزانم چۆن نایەڵێ و ماتۆی تووشی ئەم دەردی سەریە کردووە. ئادەی خێراکە با بڕۆین.

کابرا زۆر بەمە دڵی خۆش بوو، وتی: ئەی لە حەمری منت کەوێ ئەوەتە دە با بچین. پێش مستۆ کەوت و چوون بۆ ماڵەوە. مستۆیش هەر ئەڵێ ئەوە ئەو واوا لێ کراوە لە کوێیە؟ کە چوونە ماڵەوە چوونە بەر ژوورەکە کە بووکی لێیە کابرا وتی: هۆ وەتە مستۆیش بە تووڕەیی و بە گفەگفێکەوە لێی چووە پێشەوەو کابراش لە پشت دەرگاکەوە سەیر ئەکا. کە هەر چووە پێشەوە دەرپێکەی داکەند و –بلامانی– بووکی کرد بە ژن. لەو کاتەدا بووکی بایەکی لێ بەر بووەوە کابرای پشت دەرگا وتی: «ئەوە دەردت بێ چما ئەویش منم ئا بزانە کووت دەترێنێ». هەر چەندە پێم دەگۆتی لۆم راوەستە هەر گارتەت پێدەهات هەنووکە ئەو ئاوهات دەترێنێ دە بخۆ لۆ خۆت».

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- بەزمی بەینی بووک و خەسوو بلوێریش ئەیگێڕێتەوە. بووک و خەسوویەک دەردە دڵ لە یەک ئەکەن بەم جۆرە بە سەرو بالای یەکا هەڵئەدەن خەسوو بە بالای بووکەکەیا ئەڵێ:

کورت و خڕ و تڕ زلە — فیرنە گوڵەی ناو زەلە
باریک و گێڕوو چاو زەقە — دەم تیکلەیەو کەللە رەقە
گژن، دژووی مەیموون رەنگە — منگن، چلمن، کڕ کڕ دەنگە
ئاش و شیوی پەڵووڵەیە — پیشەو کاری چەمۆڵەیە
ئەقلی وردی کلاشە ئەکا — هیچ نەزانەو گاشە ئەکا
تاقە کوڕەکەم بێهاوسەرە — مایەی دەستی دەردی سەرە

ئەمجا بووکی ئەڵێ:

پیرێژنێکە رمووزن — لە ناو مالایە گووزن
ئەسووتینێ وەک پنگر — درکی قسەی وەک کنگر
پێوە ئەدا وەک دوو پشک — لە بنە برە وەکوو مشک
زیت ئەبێتو وەک قومقومە — ئەسووریێتو وەکوو شەمشەمە
ئەشێتینێ وەکوو هار — ئەکیفینێ وەکوو مار
باسی خەسوو درێژە — بووکی هەژار تیا گێژە

- ئەحمەداغای‌کەرکوکیزادە خانوویەکی هەبوو لە بەغدا دابووی بە ژنێک بە کرێ. لە پاش ماوەیەک ژنە داوای لێ کردبوو بۆریەی ئاوەکەی بۆ چاک بکاتەوە، ئەویش بۆی چاک کردبووەوە ویستبووی تێبگەیەنێ کە وەکوە ئەو ئەیلێ بۆی چاک کردۆتەوە، بەم جۆرە پێی ئەڵێ: «نطناها و کیف ما ترید خششناها».

- دوو کابرا بەلای رانە مەرێکا ئەڕۆن، یەکێکیان ئەڵێ ئێستە من بە قەرانێک بەرانێک لەم شوانە ئەسێنم. کابرای هاوڕێ ئەڵێ چۆن؟ ئەڵێ چاوم لێ کە.

ئەچی بەلای شوانەکەوەو ئەڵێ: کاکەی شوان! ئا ئەوە قەرانێک و گیسکە لەڕێکم بدەرێ. ئەویش ئەیداتێ و لێ وەرئەگرێ. ئەڵێ: کاکە شوان: قەرانەکەو گیسکەکە بۆ خۆت بەرخێکم بدەرێ. ئەیداتێ و لێ وەرئەگرێ. ئەمجا ئەڵێ: کاکە شوان قەرانەکەو گیسکەکەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەرخەکە بۆ خۆت و بزنێکم بدەرێ. ئەیداتێ و لێ وەرئەگرێ. ئەمجارە ئەڵێ: کاکە شوان قەرانەکەو گیسکەکەو بەرخەکەو بزنەکە بۆ خۆت مەڕێکم بدەرێ؛ ئەیداتێ. پاشان ئەڵێ: کاکە شوان قەرانەکەو گیسکەکەو بەرخەکەو بزنەکەو مەڕەکە بۆ خۆت بەرانێکم بدەرێ. ئەیداتێ، لێ وەرئەگرێ و دێتەوە.

- «ئەحەی ناسر»هەبوو، یەکێ بوو لە گوێندە بە ناوبانگەکانی سولەیمانی. ئەم ئەحەی ناسرە هەر لە زووەوە لە لای ئەحمەدبەگیمەحمووپاشا بوو، رۆژگارێکی زۆریان پێکەوە رابواردبوو؛ بەڵام هەموو خەڵات و بەراتێکی لە لایەن ئەحمەد بەگەوە هەر ئا فەرین بوو و هیچیتر.

ئەحەی ناسریش رووت و قووت و پەرێشان لەمە بە تەواوی وەڕەز بووبوو. رۆژێک ئەچێتە بازاڕی هەڵەبجەوەو ئەچێتە سەر دوکانی پارچە فرۆشیک دەستە جلێکی زۆر نایابی پێ ئەپێچێنێتەوەو ئەیداتە بن دەستیو برای خاوەن دووکان چاوەڕێ پارەکەی ئەکا. ئەمیش دەست ئەکا بە گیرفانیا و دەستی دەردێنێتەوەو درێژی ئەکا بۆ کابرای دوکاندار. کابراش دەست رائەکیشی پێنج ئافەرین ئەژمێرێتە دەستی. کابرا واقی وڕ ئەمێنێ ئەڵێ ئەمە چییە؟ ئەڵێ برا ئەوە چەند زەمانە لە لای ئەحمەد بەگم لە ئافەرین زیاتر هیچم وەرنەگرتووە؛ بۆم دەرکەوتووە پارە لە لای ئەو ئافەرینە ئەوا منیش هێناومە خەرجی ئەکەم. ئەگەر ئەزانی ناچێ بچۆ بۆ لای ئەحمەد بەگ.

- کابرایەک لە سولەیمانی گایەک ئەکڕێ بۆ قوربانی. کوڕێکی ئەبێ گاکە ئەدا بە کوڕەکەی بیباتەوە بۆ ماڵەوە. کوڕە گا ئەداتە پێش، سەیر ئەکا لە بەر گەڕی و لەڕێ ناڕوا بە ڕێگەدا ئەڵێ: «تەماشای ئەقڵی باوکم کە ئەم گایە لە سەر ئەم ڕێگە پان و فراوانەدا ناچێ بە ڕێگادا، ئێستە لە سەر ئەو پردە سراتە باریک و تەنگەبەرەدا چۆن ئەڕوا بە ڕێگەدا؟ ئەمە ئەڵێ و گاکە بەرەڵا ئەکا و خۆی ئەگەڕێتەوە.

- مەلامحەمەدیئەویهەنگی هەبوو پیاوێکی وەها بوو ئەوەی پێیان بوتایە دنیا و دنیاداری توخنی نەئەکەوت؛ تەنانەت چوار پێنج منالی وردەڵەی هەبوو دائما رووت و قووت و پەرێشان بوون، ئەمیش هەر بە دڵیا نەئەهات. خواردنی هەرەخۆشیان ئەگەر ببوایە لە پەساوەر بوو ئەگەر نەشبوایە هیچ.

www.rabari.org

سەیدعەبدولحەکیمی خانەقی لێی ئەپرسێ: مامۆستا ئارەزووی هەرە بەرزت لە دنیادا چییە؟ ئەویش ئەڵێ: «تۆزێ تووتن سەبیلێک و کەمەکی پووشوو». سەیدیش ئەڵێ ئەمە چۆن ئارەزوویەکە؟ پێی ئەڵێ: «کوڕی خۆم لەمە زیاتر بەش ناکا».

مەبەستی ئەوە ئەبێ کە دڵ و مێشک بۆ کارو باری دنیا ناتوانێ لەوە زیاتر ئەرک هەڵبگرێ.

- لە بەغدا کابرایەکی تورکمان ئەچێتە لای وەستا بەشیری خۆمان داوای زەرفی لێ ئەکا. ئەویش زەرفێکی ئەداتێ. کابرا ئەڵێ: «دەها بیوک». زەرفێکی‌تری ئەداتێ دیسان کابرا ئەڵێ: «بابم دەها بیوک». وەستا بەشیریش ئەڵێ: «باوکم بیوک بیوکی چیت لێ داناوم. تۆ زەرفت بۆ ئەوە ئەوێ کاغەزی تێخەی یان جۆی تێکەی».

- ئافرەتێک لەو بەرکێوە بێوەژن کەوتبوو. کوڕێکی منالێ هەبوو -بلامانی- کابرایەک بە ژنەکە فێر بووبوو، منالەکە تازە فامی کردبووەو نەکردبووە منالان لە ناو کۆلانا پێیان ئەوت کە حەمەدێ بە دایکت فێر بووە. ئەویش ئەهاتەوە لە دایکی ئەپرسی کە شتی وا هەیە. دایکیشی ئەیوت رۆڵە درۆیە شتی وا ئەگەر هەشبێ بە تەمای خوا، خوا هەقت ئەستێنێ.

کوڕەکە گەورە بوو قەسەی لە خەڵکوخوا هەر ئەبیست. رۆژێک ئەچن بۆ دار کردن. دایکی بە لایەکداو حەمەدێ زرتەبۆزیش بە لایەکدا.

حەمەد ئەچێتە سەر تاشە بەردێک؛ بەردێک کە بنی هەزار بە هەزارە، دارێک لەوێ ئەبێ بە تەور ئەیبڕێتەوە. کوڕەش ئەڵێ هەلم لەمە چاکتر بۆ ڕێ‌ناکەوێ. ئەچێ لە پشتەوە پالێکی پێوە ئەنێ و هەپروون بە هەپروون ئەبێ و ئیتر ئەگەڕێتەوە.

دەنگ بڵاو ئەبێتەوە کە حەمەدێ لە داران کەوتۆتە خوارەوە ملی شکاوەو مردووە. ئەمجا دایکەکە بە کورەکەی ئەڵێ: «ئا رۆڵە نەموت ئەگەر شتەکە واش بێت خوا هەقت ئەستێنێ؟»

کوڕەش ئەڵێ: ئەی قوڕ بە سەر عەقڵت! بە خوا ئەگەر بە تەمای خوا بوایە تا بیست سالی کەش هەر ئەیگایت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لەو بەرکێوە کوڕێک دایکێکی تەڕپیری بێوەژنی هەبوو؛ بە ئەمری شەرع دایکەکەی دا بەشوو. دایکەش لە خۆشیا پێ بە عەرز نەئەکەوت. کابرای زاوا پارەی نارد بۆ ماڵی بووکێ کە جیازی بووکێنی بۆ بکرن. ژنە وتی: کوڕم من خۆم ئەچم بۆ شار بە دڵی خۆم جیاز ئەکرم. کوڕەش وتی باشە.

پاش ئەوە کە بووکێ بەرێ کەوت بۆ شار، کوڕەکە وتی بە خوا دایە منیش دێم خوێمان نەماوە بارە خوێیەکیش ئەکرم ئەیهێنمەوە. دایکە وتی باشە کوڕم.

پێکەوە بەرێ کەوتن و چوون بۆ شار ئەو جیازی خۆی کری و ئەمێش بارە خوێی خۆی کڕیو نای لە گوێدرێژێک و گەڕانەوە.

ڕووبارێک لە سەر ڕێگەیانا هەبوو گوێدرێژەکە نەیئەدا لە ئاوەکە. بووکێ شتوومەکانی خۆی دا بە کۆڵیا و پێش کەوت بۆ ئەوە گوێدرێژەکە بە شوێن ئەوا بڕوا.

بووکێ قیتە قیت لە پێشەوە ئەڕۆیشت هەوا هەڵی گرتبوو بەڕێوە لە ناوە ڕاستی ئاوەکە کەرەکەمانی کرد و نەڕۆیشت. بووکی ئاگای لێ نەبوو لەو بەر ئاوەکە بانگی ئەکرد لە کوڕەکەی کوڕم تێخوڕە با بێت؛ بەڵام کەر مانی گرتبوو نە ڕۆیشت و لە ناوە ڕاستی ئاوەکەدا خۆی دا بە زەویا و خوێکە بە تەواوی تاویایەوە.

ئەمجا لەو بەر ئاوەکەوە بانگی ئەکرد کوڕم خێری تیایە قەیناکا گوێدرێژەکە بێنەو وەرەوە. کوڕەش وتی: «دایە خێری چی تیایە؟ خێری قوزی تۆی تیایە ئەگەینا کە خوێکە ڕۆیشت ئیتر خێری چی تیایە».

- مەلائەورەحمانیچەرمەلە هەبوو، پیاوێک لێی ئەپرسێ: ئەرێ مامۆستا ڕاستە پیاو ئەتوانێ جن ببینێ؟

ئەویش ئەڵێ: «بەڵێ ڕاستە پیاو بێنێ مێشکی مێشوولەو هێلکەی مێرووڵە جوان پێکەوە بکوتێ بە کلچێوکی لوولاقی فیل بیهێنێ بە چاویا جن ئەبینێ».

- کابرایەکی کرمانج لەو بناری دزەییە سێ بە گایی ئەکا[٢٤]. ئەو گایە کە لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ جووتی پێکردووە لە نیوەڕۆ بە دواوە ئەوە بەرەڵا ئەکا و تاکەکەیتر دێنێت کە تا ئەو وەختە حەسابووەوە ئەو ئەخاتە پاڵ ئەم لنکە.

---

٢٤- سی بە گایی ئەوەیە کە سێ لنگەگای هەیە بە نۆرە هەر جارە تاکە و تاک ئەیانخاتە پاڵ یەک و جووتیان پێ ئەکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا ئەم کابرایە لە باتی یەکێ لە گاکان کەرێکی هەبوو، سێ بە گاییەکەی بە کەرەکە ئەکرد. لەو وەختەدا کە بەستبووی و جووتی ئەکرد، ئەمین ئاغا هەبوو لەگەڵ چەند خزمەتکارێکیا بەویدا تێئەپەڕن. کە سەیر ئەکا ئەم کابرایە بە لنگە گایەک و گوێدرێژێک جووت ئەکا پێی ئەڵێ: «خاڵە بریا لنگەکەی تریشت گا بایە». کابراش ئەڵێ: «ئاغەم گایە هۆ لەوێ». پەنجە بۆ گا حەساوەکە درێژ ئەکا.

خزمەتکارەکان ئەیانەوێ توورە ببن ئەمین ئاغاش ئەڵێ: «دەستی لێ مەدەن ئەگەینا ئەنگۆش دەگێت».

- کابرایەکی کەلهوڕ لەو موکریانە مەڕ و ماڵاتێکی زۆری هەبوو. لە زستانا هەچ تفاقێکی بۆ خستبوون پێی دابوون بەو نیازە کە سەرەتای بەهار هاتووەو ئیتر ماڵات دەرئەچێ؛ کەچی لە ناکاو بە بیست شەو دوای نەورۆز بەفرێکی تێ ئەکا ماڵەو ماڵ ناکرێ.

کابرا سەر بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمان و ئەڵێ: «بڵێم چی و چیت پێ بڵێم. ئەو ئیشانەی تۆ ئەیکەی ئەگەر من بمکردنایە ئێستە حەو زەمان بوو ریشیان تاشیووم لە "چەخەتو"یش کردبوومیان بەو دێوا».

- لە ساڵی غەزا، غەزای عروسەکەی پێشوا سالاری سابڵاخ لە موکریان، حاجی مەلا عەبدوڵلایک هەبوو مەلای گوندەکەی بوو. ئەچێتە بن دەستیەوە پێی ئەڵێ: ئەمە غەزایەو بۆ دینی ئیسلامە. هەرکە بچێت بۆ ئەو غەزایە ئەگەر بکوژێت شەهیدەو حەو حۆری لە بەهەشتا ئەدەنێ. ئەگەر خۆ نەشکوژرێ ئەوا ئەبێ بە «غازی»و ماڵ و تالانێکی زۆریشی دەست ئەکەوێ.

بەم قسانە سالار هەڵئەخرێنێ بۆ غەزا لەگەڵ چەند سوارێکا ئەیان نێرێ ئەچن. ئەو سەرگەرم ئەبێ و عروس زۆر خراپ دەوریان ئەدەن. جا سالار لەو ئابڵۆقەدانەدا ئەیوت: «خوایە تۆ ئەمجارەش شەهیدم مەکە تا دەستم ئەگاتەوە بە دەستی حاجیمەلاعەبدوڵلا بزانم ئەگەر غەزا وا شتێ سووک و ئاسانە خۆی بۆچی نەهات و وا بەمجۆرە ملی ئێمەی پێوە کرد».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- لەو وڵاتی «سوێسنایەتی»یەدا کابرایەکی سوێسنی ئەبەن بۆ لای مەلا بۆ ئەوە ژنی لێ مارەکا. مەلا هەندێ شتی فێر ئەکا و پاشان ئەپرسێ: ئەرێ کاکە برا مەزهەب چەندە؟ ئەڵێ: قوربان چوارە. مەلا پێی ئەڵێ: عامفەریم، چی و چین؟
ئەڵێ: «قوربان، مەڵکەڕی، بەراجی، باسکی کۆڵەسەی، دۆڵی قازانێ». مەلا ئەڵێ بە راستی باشی ئەزانی و مەزهەب زانین هەر ئەبێ وا بێ.
ئەم چوار ناوە ناوی چوار شوێن و بەراون لەو وڵاتە.

- «گوڵە» گوندێکە لەو وڵاتی سوێسنایەتیە. مزگەوتی لێیە مزگەوتەکە مجەورێکی هەبوو باپیری ناو بوو. ئێوارەی زستانەو خەڵکی دێ لە مزگەوت کۆ بوونەتەوە هەر یەکە داوای شتێکی لە باپیر ئەکرد. یەکێ ئەیوت ئاوم بۆ بێنە، یەکێ ئەیوت دار بخەرە ئاگردانەکەوە. یەکێ ئەیوت کەوشەکانم هەڵگرە، یەکێ ئەیوت بەڕەکە وا راخە؛ بە کورتی هەر یەکە قسەیەکی ئەکرد. ئەویش هەستا و پەڕیە ناو محرابەکەو وتی: «هەر سێ تەلاقی ئەو باپیرە کەوتبێ قسە نەکەن بە یەک، بە گوێ کەسوو ناکەم».

- دێی «سێ‌گرتکان» هەیە لە وڵاتی «کۆیە». ئەمانە زۆرتر شێوەی قسە کردنەکەیان ئەچێتەوە سەر «هەمەوەن». کابرایەکی خۆشناو بۆ ترێ فرۆشتن رێی ئەکەوێتە ئەوێ. سەیر ئەکا چەند پیاوێکی خەڵکی گوندەکە لە سەربانێک دانیشتوون و قسە ئەکەن. ئەمیش هەرچەندە گوێی بۆ قوت ئەکاتەوە بە هیچ جۆر لە قسەکانیان تێ ناگا. روویان تێ ئەکاو ئەڵێ: «ئەم، ئەم، ما ئەنگۆو بە شەویش لێ کوو دەگەن؟»

- ژن و مێردێک سێ کوڕی مناڵیان ئەبێ. یەکێکیان هەر زۆر مناڵ ئەبێ لە هیچ تێناگا. شەوی خەبەری ئەبێتەوە سەیر ئەکا باوکی وا بە سەر دایکیەوە، لای وا ئەبێ کە ئەمە باوکی دایکی ئەخنکێنێ. دەست بە برا ناونجیەکەیەوە ئەژەنێ و خەبەری ئەکاتەوە؛ بە شڵەژانێکی مناڵیەوە پێی ئەڵێ باوکم دایکم ئەخنکێنێ.
ئەو برایە تێئەگا چ باسە، پێی ئەڵێ: «بنوو من ئەزانم چی ئەکەن». کوڕە مناڵەکە لەمە هیچ تێناگا، برا گەورەکەی خەبەر ئەکاتەوەو بەو ئەڵێ ئەویش دیسان گەورەترە تێ ئەگا لە کارەسات، ئەویش پێی ئەڵێ: «بنوو، بنوو خۆی ئەزانێ چی ئەکا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کوڕە منالەکە زیرەک وشەیتان ئەبێ، ئەمیش ئەمجا تێ ئەگا کە مەسەلە چییە ئەڵێ: «بە من ئەزانم و بە خۆی ئەزانی باوکمتان کرد بە کەڵەگای دایکم، کەواتە ئەمە زەماوەندە». هەڵئەستێ و دەست ئەکا بە هەڵپەڕین. براکانی تریش بەم ئیشەی ئەم دەست ئەکەن بە پێکەنین و ئەبێ بە هەرا. باوک و دایکی قوڕ بە سەر ئیشیان لێ تێک ئەچێ و ئەمجا ئەوان خۆیان ئەکەن بە نوستوو.

- جارێک دوو کابرای «زێبار»ی لەو ولاتەدا لە چۆلێکا تووشی جوولەکەیەکی چەرچی ئەبن، ئەیگرن و تفەنگ لە سەر سنگی دائەنێن، پێی ئەڵێن: «سەیە موسڵمان بە». جووەش لە ترسی گیانی خۆی ئەڵێ: «ئەزبەنی! چ دبێژن ئەز حازرمە، ئەز نزانم چ بێژم؟» کابراکانیش فیکر ئەکەنەوە هەر چەند ئەکەن نازانن چۆن موسڵمانی کەن و بەچی موسڵمان ئەبێ. لە ئاخرا پێی ئەڵێن، جووە هەرە لای مەلای زرگوێزی ئەو دبێژیتە تە. ئەویش ئەڵێ: «ئەزبەنی! بە سەر چاڤان، ئەز نوکە دچم لکن مەلای وی چ گوت ئەز دبێژم».
ئەوانیش ئەڵێن باشەو بەرەڵای ئەکەن. جووەش لە باتی ئەوە بچێتە لای مەلای زرگوێزە ئەچێتەوە بۆ ماڵی خۆی.

- مەلایەک لە گوندێکا ئێوارە لە مزگەوت دانیشتبوو باسی بەهەشتی بۆ خەڵکەکە ئەگێڕایەوە ئەیوت: بەهەشت پڕیەتی لە کانیاوی سافی روون، لە هەموو لایەکیەوە گوڵ و گیا خەرمانیان داوە. ئەم گوڵ و گیایانە هەر چلێکیان جۆرە بۆنێکیان هەیە؛ ئەگەر یەکێکیان بکەوێ خێرا یەکێکی‌تر لە شوێنەکەی ئەڕوێتەوە. ئەمانە قەت لە دوایی هاتن نایەن.
کابرایەک کە لە کۆڕەکەدا بوو بە تەواوی دڵی دابووە قسەکانی مەلا هەر لە ناکاو هەڵیدایەو وتی: «ئەی دایکم بە ساقەت بێ مەلا! بە خوا جێی بەرخ لەوەڕاندنە».

- کابرایەکی خۆشناو چووبووە موسڵ، هیچ جارێکی‌تر موسڵی نەدیبوو. گەڕایەوە بۆ ولات خزم و کەس و کار دەوریان داو باسی موسڵیان لێ پرسی کە چۆنەو چۆن قسە ئەکەن. وتی: «بە خودای بابم هەموو بە حەرەبی قسان دەکەن. تەنها نوێژەکەیان نەبێ بە کوردی دەیرێن. چ بڕان کوردی گوتن بە سەر زاریا نایەت».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- ژنێک هەبوو لە ولاتی سولەیمانی «باجی تەلیس»ی ناو بوو. بلامانی ناوی بە خراپ دەرچوو بوو. جا ئەچووە شوێنان و ئەیەویست ئەو ناوە لە خۆی داشورێتەوە ئەیوت: ئەیەرۆ من هێشتا فێری قسە نەبووم، نازانم چۆن ناو و شۆرەتی وا ئەخەنە شوێنم؟ من تەنانەت ئەو خەڵکە ئەڵێن «دار بەرووله»، من هەر ئەڵێم «دار بڕەلوولە». ئێستە من چۆن فرمانی‌تر ئەزانم؟

- دوو کابرای ئەو ولاتی «دزەیی»یە هاوڕێی کۆن بوون و چەند ساڵێک لە یەک دوور کەوتبونەوە. رۆژێک لە ناکاو لە دوو ڕێیانێکا تووشی یەک ئەبن و دەست ئەکەنە مل یەک و چاک و چۆنی لەگەڵ یەک ئەکەن. ئەمجا ئەکەونە هەواڵ پرسی یەک. یەکێکیان بەویکەیان ئەڵێ: «برا هەنووکە کوویت و کوونیت؟» ئەڵێ: بە خوا برا زۆر چاکم و لە خودا بە زیاد بێ لە چ شتان ناتەواویم نییە. ئەمجا ئەو لەو ئەپرسی ئەڵێ: ئەتۆ کوویت؟ ئەڵێ: برا لە من مەپرسە من زۆر خراپم. ئەڵێ: لۆ؟ ئەڵێ: «کورە ژنێکم هەیە ناوی زەمزەمە، سەری بە تەمەو قوونی بە خەمە؛ من هەر لۆی دێنم هەر دەڵێ کەمە. ئەچم دەگەڕێم لەم شار لۆ ئەو شار، شتی لۆ دێنم بە کۆڵ و بە بار. من دەڵێم هانێ ئەو دەڵێ کانێ».

- مەحموو بەگی‌ڕەزا بەگ ئەیوت: ڕەزا بەگ -بە ڕەحمەت بێ- کە ئەکەوتە ڕەمەزان بە رۆژو ئەبوو، بەڵام نوێژی نەئەکرد. لێیان پرسی: میرم بۆچ نوێژ ناکەی؟ ئەویش ئەیوت: «نەوەک فێر ببم».

- لە ڕاستی لە کەلار بە ڕەمەزانان رۆژ و بە نوێژەوە باوێکی زۆری هەیە. نوێژ و رۆژوەکەی کەلار کابرای قاورمە فرۆشی سولەیمانی بیر ئەخستمەوە. ئەوەش ئەوە بوو کە کابرایەک هەبوو لە سولەیمانی بەیانیان قاورمەی نۆکی ئەفرۆشت بە دەنگە زولالەکەی بانگی ئەکرد: «قاورمەی نۆک بە نانی جوانەوە». کەواتە لە کەلاریش نوێژ بە رۆژوی ڕەمەزانەوە.

- قادربەگی‌جافرسان لە تەوێڵە سەردەمێک تۆزێ بێ پارەیی بە سەرا هاتبوو. هەورامیەکانیش تەلاق زۆر ئەخۆن، هێنابووی فەرمانێکی دەرکردبوو کە هەرکە تەلاق بخوا هەر تەلاقە لیرەیەک جەزایەتی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


قادربەگ دوو پیاوی هەبوو یەکێکیان «کەیکاوس»ی ناو بوو؛ یەکێکیان «هۆمەری مەولوو». ئەمانە بە شەو حەکایەتیان بۆ قادر بەگ ئەکرد بۆ ئەوە خەوی لێ بکەوێ. ئەمانەش زمانیان فێر بووە بە تەلاق خواردن و ناشزانن چیش بکەن.

لە پاش دەرکردنی فەرمانەکە یەکەم شەو هۆمەر ملی کەیکاوس ئەگرێ ئەڵێ: ئیمشەو نۆرە حەکایەتی تۆ بێت. قادر بەگ راکشاوەو کەیکاوس حەکایەت ئەکا کوتوپڕ ئەڵێ: «دە ملیۆن تەلاقی ئەم کەیکاوسە کەوتبێ قادر بەگ ئەم حەکایەتە راستە».

قادر بەگ کوتوپڕ سەر بەرز ئەکاتەوەو ئەڵێ: کەیکاوس ئانە چیش واتەن؟» کەیکاوسیش ئەڵێ: «قادر سان دە ملیۆن تەلاقی ئەم کەیکاوسە کەوتبێ دە ملیۆن لیرە لەم وڵاتی هەورامانەدا نییە». قادر بەگ سەیر ئەکا بەمجۆرە بڕوا زۆری ئەوێ لەوانەیە فەرمانەکەی پشکێنرێ. جاڕچی ئەخاتە ناو شاری تەوێڵە ئەڵێ: «لەو فەرمانەی دەرمکردووە کەیکاوس و هۆمەری مەولووی لێ دەرچێ و ئەوان بەر نەکەون».

بەم جۆرە کەیکاوس و هۆمەر لە دەست قادر بەگ رزگار ئەکاو ئەمجا بە بێ ترس دەست ئەکەن بە تەلاق خواردن.

– فەقیەشێتە هەبوو لەو بناری هەڵەبجەو شارەزوورەدا بە وەوەگرتبووی کە بزانێ ئەوە هەر ئەڵێن هیچ هیچ، هیچ چیە؟ هەر چەندە ئەگەڕاو ئەیپرسی هیچی بۆ دەر نەئەکەوت؛ هەر شتێک تۆ بیگری لە عاستی خۆی شتێک بوو. هیچ شتێک نەبوو کە شت نەبێ.

رۆژێک هەر لە هەڵەبجە بە لای کەلاوەیەکدا تێپەڕی هەر وا لە خۆیەوە سەری کێشایە کەلاوەکە. کە سەیر ئەکا وا کابرایەکی گڕن نیشتووە بە بەر کەرێکەوە. لێی پرسی ئەوە چی ئەکەی؟ کابرا وتی: «هیچ». ئەمیش وتی: «ها ئەوە ئێستە ئەزانم کە هیچ یانێ کەر گاین».

– لەو خۆشناوەتیە کابرایەک وەختی خۆی میر ژنێکی بۆ هێنا بوو. کابرا ژنەکەی مردبوو، لە سەری پایزا چوو بووەوە بۆ لای میر و پێی ئەڵێ: «میران دەبێ ئەمجارەش خەمێکم لۆ بخۆی. مەبەستی ئەوە بوو ئەبێ ژنێکیترم بۆ بێنی». میریش پێی ئەڵێ: «خەمی چت لۆ بخۆم؟ مەگەر گوویەکت لۆ بخۆم».

کابراش ئەڵێ: «بە خودای میرم ئەگەر ئێستاشم لۆ نەخۆی دەبێ بەهاریم هەر لۆ بخۆی».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لەو کوردەواریە هەندێ جاری وا ئەبێ دوو کەس ئەبێ بە شەڕیان یەکێکیان بەویکەیان ئەڵێ: «دە کەم گوو بخۆ». ئەویکەش زیت ئەبێتەوە ئەڵێ: «کورە ئەوە بە کێ ئەڵێی کەم گوو بخۆ؟ خۆت کەم گوو بخۆ».

- حەسەن بەگ بۆی گێڕامەوە کە شێخ‌محەمەدی‌شێخ‌حسامەدین گێڕایەوە وتی: شێخ عوسمانی برام لە گەڵ دایکم ئەچوون بۆ حەج و چوونە بەغدا؛ دنیاش هاوینە. وتی بەیانیەک دایکم پێی ئەڵێ کوڕم عوسمان بچۆ ئۆتۆمۆبیلێک بگرە با بڕۆین. شێخ عوسمانیش ئەچێت و ئەڕواتە سەر جادە ئۆتۆمۆبیلێک دێت. لە دواوە پەلاماری ئەداتێ بۆی ناگیرێ. یەکێکی‌تر دێت دیسان ئەیەوێ بیگرێ، هەر بۆی ناگیرێ. بە کورتی تا ئێوارە پەلاماری ئۆتۆمۆبیل ئەدا هیچ بە هیچ ناکا دایکیشی لەو لاوە هەر چاوەڕێیە کوڕ بێتەوەو ئۆتۆمۆبیل بێنێ و بڕۆن.

ئێوارە شێخ عوسمان ئەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی عەرەقی سوور و شینی دەر داوەو ماندو و مردوو و هیلاک. دایکی پێی ئەڵێ: کوڕم ئەوە ئێمڕۆ لە کوێ بووی؟ خۆ تۆ چویت ئۆتۆمۆبیل بگرێ و بهێنی، کوا ئۆتۆمۆبیلەکە؟ شێخ عوسمانیش ئەڵێ: «دایە لێم گەڕێ. ئێمڕۆ هەر مردم، لە بەیانیەوە تا ئیستە هیچ ئۆتۆمۆبیلێک نەما کە پەلاماری نەدەمێ ئیستەو ئەوسا ئۆتۆمۆبیلێکم بۆ نەگیرا. هیچیان لە وزەی منا نەبوون. دەستم ئەدایە هەر ئۆتۆمۆبیلێک لە باتی ئەوە کە من ئەو بگرم، کەچی ئەو منی رائەکیشا. لە بەر ئەوە هیچم بۆ نەگیرا».

- دیسان حەسەن بەگ گیڕایەوە وتی: شێخ‌محەمەدی‌شێخ‌حسامەدین وتی: ئەم دەرمانی «فلیت»ە تازە هاتبووە عێراقەوە، پڕۆپاگەندەی زۆری بۆ ئەکرا؛ بە تایبەتی لە بەغدادا هەر چەند هەنگاوێک ئەڕۆیشتیت ئیعلانێک هەڵواسرابوو لێ نووسرا بوو «امشی».

وتی ڕۆژێک شێخ عوسمانی برام لە بەغدا لە «باب الشرجی»ەوە ئەیەوێ بۆ شوێنێک بڕوا سەیر ئەکا لە قەد کۆڵەکەیەکەوە نووسراوە «امشی»، دنیاش گەرمای نیوەڕۆیە. پێی لێ ئەکا بە پشتاو ئەڕوا زۆری پێ ناچی تووشی کۆڵەکەیەکی‌تر ئەبێ دیسان نووسراوە «امشی»، ئەوەندەی‌تر هەنگاو توند ئەکاتەوە. بەمجۆرە بێنی پێوە ئەنێ تا ئەگاتە «باب المعظم» هەر چەند «امشی» ئەبینێ ئەو خێراتر خۆی گورج ئەکاتەوە. لە «باب المعظم» سەیر ئەکا دوو سێ پیاوی لای خۆمان لە بەر کۆڵەکەیەکا وەستاون و قسە ئەکەن. لە قەد کۆڵەکەکەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نووسراوە «امشی». ئەویش لێیان تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: ئەوە چۆن لێرەدا وەستاون؟ ئەی چاوتان لێ نییە نووسراوە «امشی»؟ یانی بڕۆ، ئاخر نازانن ئەمە فەرمانی حوکومەتە؟ چۆن نافەرمانی حوکومەت ئەکەن و لێرە ئەوەستن؟ ئەوانیش زۆر سەریان سڕ ئەمێنێ و لە ئاخرا تێئەگەن کە مەسەلە چییە تێی ئەگەیەنن کە بابە ئەمە مەبەست ئەوە نییە کە بڕۆ. هیچ ئیعلانی حوکومەتیش نییە؛ ئەمە پڕوپاگاندەیەکە بۆ فلیت کە عەرەبەکان پێی ئەڵێن «امشی».

- کابرایەکی تەمەڵی تەوەزەل کە هیچیشی نەکردبوو، حوکمی خنکاندیان دا. درایە دەست کابرایە ورگ زل کە بیبا لە دووری شارەوە لە داری بدا. لە ڕێگادا جەلادەکە بە تەمەڵەکەی وت: ئاخر خوا بتگرێ بۆچی ئیشێکی وات کرد لە دارت بدەن و ماڵ و مناڵت بەرەلای ئەو دەشتە بێت؟ کابرای تەمەڵیش وتی: «کورە بڕۆ مردووت مرێ! من ئیستە پوخت و پاکیزە ئەچمە سەردارو ڕەحمەت ئەبم. بۆ خۆت بگری کە ئەبێ دوو سەعات ڕێگا بگەڕێتەوە دواوەوە».

- والییەک کابرایەکی ناچار کردبوو بەوە کە یا ئەبێ گوو بخوا یا ئەیخنکێنێ. کابرا دیارە گووەکە ئەخوا ئەمجا هەر گووی ئەخوارد و ئەیوت: «خوایە نمەکی ئەم خانەدانەمان پێ حەلال کەیت».

- لە ئاوایی مەستەکان کوێخا حەمەی نادر شەوێ هەڵئەستێ بچێت بۆ سەر ئاودەست، کوتوپڕ سەیری کرد وا دزێک لە حەوشەدایە. لێی کرد بە هەراو دزە هەلات. حەمەی نادر کەوتە شوێنی، لەو کاتەدا کە دزەکە خەریک بوو لە سەر دیواری حەوشەکە بچێ بەو دیوا حەمە بە شوێنیەوە بوو چمکی کەواکەی گرت و بانگی کرد لە سەپانەکەیان مارف ئەو گالۆکەم بۆ بێنە. دزەکە گوێی لەمە بوو لە سەرەوە فیڕاندی بە سەر و ریشی حەمەی نادرا. حەمە کە سەیری کرد ئیش گەنە بانگی کرد: «مارف گالۆکەکە دانێ و مەسینەکە بێنە».

- عەزیز بەگ هەبوو لە سولەیمانی زۆری حەز لە گوڵ ئەکرد، ئەچوو لەم لاو لەو لا تۆی گوڵی پەیدا ئەکرد ئەیهێنا لە مزگەوتەکەی شێخ جەلال ئەیناشت. بەلام ناشتنەکەی ئەوە بوو کە بەیانیان ئەیناشت و ئێوارن هەڵی ئەکێشایەوەو لە ژوور سەری خۆیەوە دایئەنا ئەنووست. پێیان ئەوت عەزیز بەگ چۆن گوڵ وا سەوز ئەبێ؟ ئەویش ئەیوت: «سەوز نابێ بە کێرمەوە! ولات تێکچووە پیاو ئەبێ ماڵی لە ژوور سەری خۆیەوە بێت».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی لەو ناو جافە لە بەر ئەوە سکی بای کردبوو نەخۆش کەوتبوو. حەکیمی کوردایەتی ئەو ناوەیان هێنایە سەری. حەکیمەکەش وتی ئەگەر تا سەعاتێکی‌تر بایەکی لێ بێتەوە رزگار ئەبێ ئەگەینا تازە لە دەست دەرچووە.

خزم و کەس و کارەکانی هەموو لە دەوری کۆ بوونەوە بۆی ئەگریان و دوعایان ئەکرد لە خوا کە شفای بۆ بنێرێ. ئەوا سەعاتەکە بە سەر چوو هیچ نەبوو، ئەمجا کابرا ئیتر دانکەنی ژیان بوو دەستی کرد بە پاڕانەوە وتی: «خوایە ئێستە ئەوا بە هەناسە ساردی ئەمرم تۆ خۆش! بەلام بە لانی کەمەوە لەو دنیا گۆشەیەک لە بەهەشت و حۆریەکم بدەرێ». یەکێ لە خزمەکانی کە گوێی لەمە بوو ئیتر پێی هەڵ نەگیرا چووە ژوور سەریەوە پێی وت: «هەی کەری کوێستان نەدیگ! ئێمەو خۆت کول بووین لە تەک خوادا تڕێکی پێ رەوا نەوینیت. ئێستە لەو دنیا بەهەشت و حۆریت ئەداتێ؟ دەبچۆ بیخۆ!»

- جارێک ئەحەی‌کرنوو لە سولەیمانی ئەچێتە بەردەرگای یەکێ لە ئاودەستەکانی مزگەوتە گەورە. تا ئەم ئەیەوی بچێتە ژوورەوە زەفتەیەکی تورک پێشی ئەکەوێ ئەچێتە ژوورەوە. ئەحەی‌کرنوو زۆر رائەوەستێ کابرا دەرناچێ. ئەحە ئحەیەکی بۆ ئەکا، کابرا لە ژوورەوە یەکێکی پیا دێنێ ئەحە ئحەیەکی‌تر ئەکا کابرا دیسان یەکێکی زلتری پیا ئەکێشێ. ئەحە توورە ئەبێ ئەڵێ: «سەگی سەگباب تۆ کە تۆپ و تۆپخانەیەکی وات پێیەو زەخیرەی شەش مانگیشت هەڵگرتووە بۆچ ناچی یاخی بی لە دەوڵەتی توورک بە مانگێ مەجیدیەک سەربازی بۆ ئەکەی؟»

- ساڵێک لە هەوەڵی زستانەوە بارانێکی زۆر باری و کە کەوتە بەهار بارانەکەی گرتەوەو تۆزێ شپرزەیی بۆ باران پەیدا بوو.

پیاوێک هەبوو عەلی مامەیان پێ ئەوت خەڵکی ئەو ولاتی خانەقیەو دەروێشی شێخ بوو. کە سەیری کرد عالەم شپرزەن بۆ باران سەری بەرز کردەوەو وتی: «ئەرێ خوا وە قوروانت وم بۆچ خۆت نەتئەزانی ئەیە بەشی گەرەکە، هاتی لە هەوەڵەوە چی هەبوو نەو لە خەزێنەکەتا گشت وەم لاو وەو لادا پڕژاندو ئەوا ئێستە وە دەس عالەمەکەوە داماگی هەر چەن ئێژن وە قوروانت وم چۆڕێ باران، تۆ هەر جواویشیان نادەیتەوە؟ ئەمە کار بوو تۆ کردت؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- حەسەن‌بەگی‌عەلی‌بەگ بۆی گێڕامەوە وتی:

منال بووم کوڕێکی قەڵخانی -کە شامەی ناو بوو- لە تیرەی «تفەنگ وەشێن»هاتبووە لامان و پیاوی ئێمە بوو. ئەم کوڕە هەر بە منالی کەوتبووە لامان و لای ئێمە گەورە بوو بوو. قەڵخانی و بە تایبەتی تفەنگ وەشێن خواردنی گۆشتی بەراز بە لایانەوە وەکوو خواردنی گۆشتی «پۆڕ»وایە بە لای ئێمەوە.

وتی قەمەرسوڵتانی قەڵخانی ڕۆژێک بوو بە میوانمان و لە ژێر دەوارا دانیشتبووین خزمەتکار و شتە هاتوچۆیان ئەکرد کوتوپڕ قەمەر سوڵتان چاوی کەوت بە شامەو ناسیەوە. پێی وت: «ها شامە ئەمە ئەوە لە ماڵی پاشایت؟» ئەویش وتی: «بەڵێ قوروان سەگەوانی ماڵی پاشام». وتی: «کەواسە کاورا بوینە سونی». وتی: «ئەری وەڵلا قوروان ببوم وەسونی و هەر چوار فەرزە نەچیونم».

قەمەر سوڵتان وتی: «کوڕە دەویت باوک چوار نییە پەنجە وەو ئێمام ئیساقە هەر قەڵخانیت و پاک نەویتەسەوە».

- ئۆتۆمۆبیل تازە داهاتبوو، دوو ئاغای ئەو سەرە گەلی جار هاتوچۆی شاریان ئەکردو لە شاری شاریتر بوون. ئەمانە هەر یەکە خزمەتکارێکیان هەبوو هەموو دەم لە گەڵیان بوون؛ ئەمانیش بوو بوون بە بەچکە شاری.

ڕۆژێک هەر دوو ئاغەکە پێکەوە دانیشتبوون دەردە دڵیان لە بێ عەقڵی خزمەتکارەکانیانەوە بۆ یەک ئەکرد. ئەو ئەیوت هی من کەرترە؛ ئەویتریان ئەیوت نا هی من کەرترە. ئاخری هاتنە سەر ئەوە کە تاقیان بکەنەوە بزانن کامیان کەرترن. یەکێکیان بانگی نۆکەرەکەی خۆی کرد و پێی وت: «ڕۆڵە! ئۆتۆمۆبیلەکەمان کۆن بووە ها ئەوە دە قەران بچۆ هەر ئێستە ئۆتۆمۆبیلێکی فرازیرزەر بکڕە». نۆکەر وتی بە سەرچاو! دە قەرانی وەرگرت و چوو بە شوێن ئۆتۆمۆبیلەوە.

کە ئەو چووە دەرەوە ئاغەکەی وتی چاوت لێبوو چەن کەرە؟ ئاخر نالێ چۆن ئۆتۆمۆبیل بە دە قەران ئەدەن؟

ئەمجا هاتە سەر ئەو ئاغەکەی‌تر وتی نۆرەی منە. ئەویش نۆکەرەکەی خۆی بانگ کردو پێی وت: «ئا ڕۆڵە بچۆرە ماڵەوە بزانە من لە وێم». خزمەتکار وتی بەسەرچاو و چووە دەرەوە. ئاغەش وتی چاوت لێ بوو هی من چەندە بار هەڵئەگرێ؟

www.rabari.org

بە ڕێکەوت خزمەتکارەکان لە ڕێگەدا تووشی یەک بوون. ئەوانیش لە بەین خۆیانا دەستیان کرد بە دەردە دڵ کردن لە کەریەتی ئاغاکانی خۆیان. ئەوی ئۆتۆمۆبیل وتی: «تەماشاکە ئەم ئاغەی منە چەند کەرە؟ ئاخر نالێ ئێمڕۆ شەنبەیەو شەریکەی شەلەمۆوە جوو دانانیشێ».

ئەویتریشیان وتی: «کورە ئاغەی تۆ باشە، ئاغەی من زۆر کەرە. ئەوەتانێ تەلەفۆنەکە لە بن دەستیەوە تەلەفۆن ناکا بۆ ماڵەوە بزانێ خۆی لە ماڵەوەیە، دێنێ هەڵکوت هەڵکوت من ئەنێرێ بۆ ماڵەوە».

- هەر وا باسی مناڵ و مناڵ بوون ئەکرا فەتاح هەبوو خەڵکی ئەو وڵاتی خانەقییە بوو وتی: «خەلیل ژنەکەی هەر دوت ئەهاورد تا بیون وە هەشت. کاورا لە گیان خۆی عاجباتی هات بێوەژنەی تەڵاق دا و دوتێکیتری هاورد. ئەی کەشە ماشەڵڵا ئەیە دوو دوو دوت ئەهاورد بە گشتی کار خواس ئایەم نەوت دەس لە کار خوا با».

- شێخ حسینی قەرەداغی وتی:

جارێک کوڕێکی هاوڕێی پەنجەی بریندار بوو بوو. کەریم بەگ لێی پرسی بۆچ پەنجەت بریندار بووە؟ شێخ حسین قەپی لێ گرتووە؟ کوڕەکە وتی: «نەوەڵڵا ئەوا خەریکە چاک ئەبێتەوە». شێخ حسینیش ئەڵێ: «بەڵێ خەریکە چاک ئەبێتەوە، چونکە کەریم بەگ لستوویەتەوە».

- شێخ‌ڕەزای‌تاڵەبانی لەگەڵ ژنێکی هەمەوەندا سەر و سەودای شعر پەیدا ئەکەن و لە پاشا سەر ئەکێشێتە لای قسە وتن بە یەک. ژنە لە ئاخرا شێخ‌ڕەزا ئەکاتە کون و هەر ئەیەوێ خۆی لێ بدزێتەوە، بەڵام ژنە هەر وازی لێ نایەنێ ئیش وای لێ دێ شێخ بۆڕ ئەخواو ئیتر بە هیچ جۆر لە هیچ لایەک باسی ناکا. ئەوەندە هەیە ژنەکە هەر لە کۆڵی نابێتەوە.

پێ ئەڵێن: «یا شێخ! ئەمە چیە لە بەینتانا وا بەم جۆرە درێژەی کێشاوە؟» شێخیش ئەڵێ: «وەڵڵا بڵێم چی نازانم خەڵکی تووشی گون ڕەشی خۆیان ئەبن کەچی من تووشی قوز ڕەشی خۆم بووم.» ژنەکە کە ئەمە ئەبێتەوە ئیتر وازی لێ دێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پیاوێ هەبوو لە سولەیمانی عەلی ئۆفیکیان پێ ئەوت. ساز و سەودایەکی تەواوی هەبوو لە گەڵ عەرەق خواردنەوەدا هەتا بڵێت نابووت و لاتیش بوو. هەر کە چەند پوولێکی دەست ئەکەوت خێرا ئەیبرد ئەیدا بە عەرەق و ئەیخواردەوە.

رۆژێک بە هەر جۆر بوو هەشت پوولی دەست کەوتبوو بردبووی بۆ لای عەرەق فرۆشەکە عەرەقی پێ بکڕێ. کابرای عەرەق فرۆش ئەڵێ: جا ئەمە چی ئەکا و چ سەر خۆشیەک ئەدا؟ ئەویش ئەڵێ: «هەر چەندە ئەکا تۆ بمدەرێ سەر خۆشیەکەی لە سەر خۆم».

- لە دەوری قاجارەکانا لە ئێرانا هەر ساڵە لە کاتی موحەڕڕەمدا لە هەموو شارەکانی بێجگە لە رۆژئاوای حوکومەت بە جۆرێکی رەسمی ماتەمی حسینی ئەگرت بە تایبەتی هەر ساڵە لە شارێک زیاتر کۆششی لە گەڵ ئەکرا. ئەمەش بەو جۆرە وەلیعەهد و گەلی لە وەزیر و کار بەدەستە گەورەکانی حوکومەت ئەو ساڵە ئەچوونە ئەو شارەو ئەمانەش کە لە تارانەوە ئەچوون پیاوانی تایبەتی بۆ گێڕانی دەوری «شمر، یەزید، زیاد، حسین... و هتد». لە رۆژێ دەی موحەڕڕەمدا کە پێیان ئەوت رۆژی «قەتل»لەگەڵ خۆیان ئەبرد.

ساڵێک ئەم دەورەیە بەر کرماشان کەوت. موزفەرەدین شا و هەموو سەرانی حوکومەت لە تارانەوە بەرێ کەوتن بۆ کرماشان و پیاوانی دەوری قەتڵەکەیان لەگەڵ خۆیان هێنا. یەکێک لەم پیاوانە کابرایەک بوو کە لە رۆژی قەتلا دەوری شمری ئەگێرا. دیارە ئەمانە هەموو فێر بوو بوون و دەرزیان دائەدرا کە چۆن ئەو دەورانە بگێڕن. کابرای شمر کە گەیشتنە نزیکی کرماشان نەخۆش کەوت؛ هەر چەند دەرمانی رەوانی و شتیان دایە کەڵکی نەبوو ئاخری مرد. ئەمانەش نەئەکرا بە بێ شمر بڕۆن و تازە دەستیشیان ناگاتەوە بە تاران بۆ ئەوە یەکێکی تر لەو فێرکراوانە بێنن. لەم رووەوە پەکیان کەوت و کەوتنە تەقەلادان.

رۆژێک لە رێگادا کابرایەکی شوانی کەرەک لە بەری سمێڵ بابڕێ چوار شانەی کەلەگەتی «گەرووسی»یان بەرچاو کەوت. بڕیاریان دا کە ئەمە لە گەڵ خۆیان بەرن و دەوری شمری لە ماتەمیەکەدا پێ بگێڕن. موزەفەرەدین شا ناردی هێنایان و کارەساتەکەیان وت. کابرا وتی من کابرایەکی شوان چووزانم ئەم ئیشە بکەم و سەرم چۆن لێ دەر ئەچێ؟ ئەوانیش بە تەواوی دڵیان پیا چوو بوو، وتیان تۆ هیچ کارت نەبێ جل و بەرگی تایبەتی شمرت لە بەر ئەکەین لە شوێنێک دائەنیشیت. پیاوێک لە پشت سەرتەوە ئەبێ ئەو دەرزت ئەدا ئەو چی وت تۆیش ئەوە بڵێ. بەم جۆرە کابرایان ساز کردو رۆیشتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rab...

کە چوونە کرماشان و رۆژی قەتڵ هات، وەلیعەهد موزەفەرەدین شا و وەزیرەکان و هەموو پیاوماقوول و گەورەو بچوکێکی کرماشان لە سەرای حوکومەتیدا کۆ بوونەوەو دانیشتن. کابرای گەرووسی بەرگی شمریان لە بەر کرد و لە سەر کورسیەک دایاننیا و پیاوێکی لە پشتەوە دانیشت بۆ ئامۆژگاری کردنی. شوێنی کابرا وا رێک خرابوو کە راست رووی لە موزەفەرەدین شا بێ. پیاوێکی تریش کە دەوری «حسین»ی ئەگێرایەوە لە بەرانبەر ئەمەوە دانرا بوو کە پشتی لە موزەفەرەدین شا بوو.

دەور هاتە سەر حسین و دەستی کرد بە قسە کردن ئەوەندەی قسە کرد کابرای شمری گەرووسی دەستی کرد بە وەنەوز دان. لە گەڵ ئەوەشا حسین لە گەڵ ئەم قسە ئەکا، کابرای ئامۆژگاری کەر لە پشتەوە تێی سروان: «چورت نەیە چورت نەیە نۆرەی تووە». کابرای گەرووسی شمر وا تێگەیشت کە ئەمە یەکێکە لەو قسانە کە ئەبێ بیلێت رووی کردە موزەفەرەدین شا و بە دەنگێکی نێر وتی: «چوورت نەیە چوورت نەیە نوورەی تووە». شا و دانیشتوان هەموو راچەنین و سەریان سڕما کە ئەمە چی بوو.

کابرای ئامۆژگاری کەر سەیری کرد وا حەیای ئەو ئابڕووی هەموویان چوو، دووبارە سوخرمەیەکی تری تێسرەواندەوە و وتی: «جاکەش پدەر، ریدی وە تازەیە کەراواکەی؟» شمر وا تێگەیشت ئەمەش هەر لە باقی قسەکەیە رووی کردەوە موزەفەرەدین شا و بە دەنگێکی نێرتر وتی: «جاکەش پیدەر، ریدی وە تازەیە کەراواکەی؟» بەمجۆرە لە شاری کرماشانا قەتلی ئەو ساڵە تەواو بوو.

- کابرایەکی شارەزووری ئەچێ بۆ سولەیمانی و ئەچێتە لای ئەحەی کرنوو پێی ئەڵێ: «خاڵەحاجی ئێژن تۆ دەستی حەکیمیت هەیە. بە قوربانە من دڵم فرە ژان ئەکا ئا بزانە خاسم ناکەیتەوە». ئەحەی کرنوویش نەختێ لەتکە ناوکی قەیسی بۆ ئەهارێتەوەو ئەیداتێ ئەڵێ بیکە بە کەفەمەو بێخۆ بزانم چەند دەست سکت کار ئەکا، پێم بڵێ جا ئەو وەختە دەرمانی ترت ئەدەمێ.

کابرا بەیانی دێتەوە ئەڵێ: «خاڵەحاجی دوو دەستی پڕ و نیوە دەست کار ئەکا». تومەس ئەمە کابرا ئەچێ بە بەرە لەپی لای خوارووی خۆی ئەپێوێ دوو بەرە لەپ و نیو ئەبێ لای وا ئەبێ کە ئەو پێی وتوە: «چەند دەست سکت کار ئەکا» مەبەستی ئەوە بووە کە سکت چەند بەرە لەپ ئەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی لەو ئالانە ماینێکی هەبوو بیستبووی لە دێ «گرگاشێ» ئەسپێکی چاک هەیە، ماینەکەی برد لە ئەسپەکەی چاک بکا. خاوەن ئەسپیش هەموو جار ئەسپەکەی بە پێنج مەجیدی ئەپەڕاند. کابرای خاوەن ماین پێنج مەجیدی دایەو ماینەکەی کێشایە ژێر ئەسپەکە بەڵام وا ڕێ کەوت ئەسپ لە باتی ئەوە بیکا بە «زێ»ماینەکەدا سەری کرد کردی بە دوایا. کابرا بە ناهومێدی گەڕایەوە بۆماڵەوە.

دراوسێیەکی هەبوو لێی پرسی خاڵە ئەوە دیار نەبووی دوو ڕۆژە لە کوێ بویت؟ ئەویش وتی: «هیچ دوو ڕۆژە چوو بووم بۆ ئەو دێیە پێنج مەجیدی خۆم قەرزار بووم لە گەڵ قنگێکی ماینەکەما هەردووکیمان دایە و هاتینەوە».

- ساڵێک «قۆچخان» گەڕانێکی ئاوروپا ئەکاو ڕێگای ئەکەوێتە «پاریس». زۆری برسی ئەبێ کۆشکێکی زۆر نایابی بەرچاو ئەکەوێ کە لۆقەنتە ئەبێ، ئەچێتە ئەوێ. شاگردی لۆقەنتە لیستەی خواردنی بۆ دێنێ، لیستەکە بە فەرەنسییە نایزانێ. هەر چەند سەیری لیستەکە ئەکا هیچی لە خوێندنەوەی فەرەنسی نوسراوە. ئەمیش ئەو سەردەمە هیچی لێ نازانێ ئەو سەرو سەکوتەی بەوەوە ئەبێ پێشی شەرم ئەبێ کە بڵێ من نازانم بیخوێنمەوە، پێشی شەرم ئەبێ هەر نازانێ شاگردەکە تێ بگەیەنێ کە نازانێ بیخوێنێتەوە. خۆ بەخت بە فێزێکەوە پەنجەیەک ئەخاتە سەر نووسراوێکی لیستەکە. شاگر ئەچێت و لە پاش تۆزێک کاسەیە «جلقاو» لە بەردەمی قۆچخانێک -کە خواردنی شەو ڕۆژی مریشک و شیر و شەکر بووە ئیستە ئەوا تووشی بوو بە تووشی جلقاوەوە- دائەنێ. بە ناچاری ئەیخوا بەڵام هەموو پارووپەکدا لەوانەیە جەرگ و هەناوی دەرێ.

زۆری پێ ناچێ کچ و کوڕێکی شیکی پاریسی دێن لە بەرانبەریەوە لە سەر مێزێک دائەنیشن. لیستەیان ئەخرێتە بەر دەست لە پاش تۆزێک مێزەکەیان بە گوشتی مریشکی سوورکراوەو هێلکە لە ناو ڕۆن کراوو شەرابی پاریسی بۆ ئەڕازێنرێتەوە. قۆچخان بە پڕ نیگاو بە دڵی پڕ لە دورەوە سەیری ئەو ناز و نیعمەتە ئەکا. مسیو و مسز بە هەموو لەزەتێکەوە نان تەواو ئەکەن و ئەمجا ئەڵێن شاگرد! شاگرد! ڕیتە.

وەکوو خۆت ئەیزانی «ڕیتە» لە فەرنسیدا یەعنی دووبارەی کەوە. شاگرد چوو لە پاش تۆزێک دەستەیەکی تر لە خواردنەکانی ئەوەڵی هێنایەوە. قۆچخان ئەمەی زۆر پێخۆش بوو وتی ئەوا زانیم کە ناوی خواردنە خۆشەی ئەوانە خواردیان «ڕیتە»یە. ئەمجا بە دەست

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabarl.org

شاگردەکەی بانگ کرد و پێی وت رپتە. شاگرد رۆیشت لە پاش تۆزێک کاسەیەکی تر جلقاوی هێنا لە بەردەمیا دانا.

قۆچخان یەکەم زۆری برسی بوو، دووەم ئاوی جلقاو تەبیعەتی تێک دابوو، سێیەم کە ئەمەشی چاو پێی کەوت ئیتر هیچ شعووری لانەما توورە بوو هەستا شاگردەکەی دایە بەر زللەو دەستی گرت بردیە سەر مێزی کچ و کورەکەو بە جنێودان بە کوردی پێی وت: «باوە حیزەی قنگدەرەی تێ نەگەیشتووە. ئا لەمانە رپتە»و بە دەست دەستی بۆ خواردەمەنی سەر مێزەکە درێژ کرد.

- لە دێی «زێویە» مەلایەک هەبوو، رۆژێک نوێژی نیوەرۆ بوو دەستنوێژی شتبوو خۆی ئامادە کردبوو بۆ پێش نوێژی کردن و لە ناو محرابەکە وەستا بوو بە کابرای بانگوێژی وت بانگ بلێ: بانگ وێژ بانگی دا و کەس هەر دیار نەبوو. مەلا وتی جارێکیکەش بانگەکە بلێرەوە. بانگوێژ جارێکیکە بانگی دایەوە، هەر کەس دیار نەبوو.

مەلا لە محرابەکە راوەستابوو سەیری کرد کەس دیار نییە، هاتە سەر ئەوە خۆی بە تەنها نوێژەکەی خۆی بکا. نیەتی هێناو دەستی بەرزەوە کردبوو بۆ وتنی «اللّەاکبر تحرم» لەو کاتەدا بانگوێژەکە هات وتی: دوو جار بانگم دا هەر کەس دیار نییە مەلا کە دەستی بەرزەوە کردبوو نیەتی هێنا بوو هەر مابووە سەر اللّەاکبرەکە وتی: «بە کێرمەوە. اللّەاکبر».

- کابرایەکی هەژار هەبوو لە دێ «گەلالە» لەو ئالان و سیوەیلە «سۆفی هەسەن»ی ناو بوو؛ پیاوێکی زۆر بە دینی لە خوا ترس بوو. لەو زستانە ساردەدا هەموو رۆژێ پێش مەلا بانگدان ئەچوو دەستنوێژێ ئەشۆرد و ئەچووە ژووری مزگەوتەکە لە خوا ئەپاڕایەوەو ئەیوت: «ئاخر خوایە مەگەر هەر مەحمووپاشایجاف و حەماغای کۆیەو حەمە قەدۆی موسل بەندەی تۆن وا ئەوەندە ماڵ و ملکت پێداون؟ ئایا ئەمانە لە ئێمە پیاوتر و زرنگترن؟ ئەی ئێمە بەندەی تۆ نین وا نانی شەومان نایدەیتێ؟ ئاخر ئەبێ بزانم ئەوانەت لە چی دروست کردوون و ئێمە لە چی؟ نەعوزوبیللا! ئەگەر خوایی نازانی وەرە خوارەوە تا من بنیشمە شوێنەکەت و پێت بسەلمێنم کە چۆن موو لە ماست جیا ئەکەمەوە. ئاخر چەند پوولێکیش بە ئێمە بدە تا کاسپیەکی پێوە بکەین».

ئەم کابرایە هەموو شەوێ ئەمە ئیشی بوو. بەم هاتوچو کردنەی و بەم پاڕانەوەو دەنگە دەنگەی حەیشی بە فەقێەکان تاڵ کردبوو. چونکە ژووری فەقێەکان لە سەر رێبازی ژووری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مزگەوتەکەو هەر بە تەنیشت مزگەوتەکەوە بوو. هەر چەندیان ئەکرد بۆیان چار نەئەکرا، فەفێەکی ئەو موکریانە هەبوو لەوێدا وتی ئیستە من بۆیان چار ئەکەم.

شەوێک لە پێش ئەودا سۆفی هەسەن بێت فەقێەکە چووە سەربانی مزگەوتەکەو دوو سێ فەفێ تری لە گەڵ خۆی برد و لە سەرکلاو رۆژنەکەوە راوەستان. سۆفی هەسەن هات‌و وەکوو شەوان دەستی کرد بە پاڕانەوە. فەقێەکە لە سەرکلاو رۆژنەکەوە بە دەنگێکی باریکی نەجیمانە وتی: «ئەی بەندەی ئێمە تۆ چیت داوا کردووە لە ئێمەو نەمانداوێتی؟»

سۆفی هەسەن کە گوێی لەمە بوو لەم ناکاوەدا ئەم لاو ئەو لایەکی خۆی کرد سەیری کرد کەس دیار نییە، سامێکی لێ نیشت و بێدەنگ [بوو و دەنگەکە] قسەکەی وتەوە. سۆفی هەسەن تۆزێ سامەکەی شکاو وتی: «بینایی‌چاوان ئیستە تێگەیشتم کە خوایەکی گەوریت و چاوت لە هەموو کەسێکە. ئیستە هیچم ناوێ هەر ئەمەوێ بمگەینیتە حوزووری خۆت».

وەکو لە پاشا خۆی گێرایەوە ئەیەویست کە چووە حوزوور، ریشی بگرێت و تۆڵەی هەژاری خۆی لێ بکاتەوە.

فەقێکە سەری گوریسێکی لە کلاو رۆژنەکەوە بۆ خستە خوارەوە وتی: «ئەی بەندەی ئێمە! سەری ئەم گورێسە ببەستە بە ناو قەدتەوە تا هەڵیان کێشین بۆ لای خۆمان و بۆ عەرش، ئەو وەختە لە هەموو نیازێک بێ نیازت ئەکەین».

سۆفی هەسن وتی: ئەی بە قوربانت بم وا کەس ناەومێد ناکەی و سەری گوریسەکەی بەست بە ناوقەدی خۆیەوە. فەقێ لە سەربانەوە وتی: توند بەستت بە خۆتەوە؟ سۆفی هەسەن وتی: بەستم بینایی‌چاوان ئیشی خۆت بکە.

فەقێ بە یارمەتی فەقیەکانی‌تر گوریسیان هەڵکێشا. کە چوار پێنج گەزێک بەرزیان کردەوە گورێسەکەیان بەرەڵاکرد و سۆفی هەسەن ترپ کەوتە سەر زەوی و لە حەیبەتانا ترێکی زلی کەند. فەقێ وتی: «ئەی بەندەی بێ ئەدەب! ئەوە لە حوزووری ئێمەدا تر ئەکەنی؟ سۆفی هەسەن کە بە ژان و پێچەوە ئەتلایەوە بە ناڵەو نووزەیەکەوە وتی: «بینایی چاوان! جیکە جیک مەکە. ئەگەر تۆ لە شوێنی من بویتایە، گووت ئەکرد بە خۆتا».

ئیتر ببرای ببرای جارێکیکە سۆفی هەسەن لەو وەختانەدا نەچووەوە بە مزگەوتاو فەقێیەکان رزگاریان بوو لە دەستی.

- کابرایەکی «مارنج»ی کچێکی دابوو بە کابرایەکی «موزژ»ی. شەوێ کە کابرا ئەچێتە پەردە سەیر ئەکا بووکێ کچ نییەو ژنە. ئەچێتە لای باوکی کچەوە دەردە دڵ ئەکا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.ratha.org

ئەڵێ: قوربان! کچەکەت ژن بوو». باوکی کچ ئەڵێ: «ئەتەوێ پیاو بێ!» زاوا ئەڵێ: «مەبەستم ئەوەیە کە کون کرابوو». خەزوور ئەڵێ: «ئەتەوێ بێ کون بێ!»

زاوا ئەڵێ ئەمەوێ عەرزت بکەم کە کوزی داوە. خەزوور ئەڵێ: «یەعنی ئەتەوێ قنگ بدا!» زاوا ئەڵێ: «مەبەستم ئەوەیە کە بە بێگانەی داوە». خەزوور ئەڵێ: «ئەی ئەتەوێ بە باوکی بدا!». زاوا ئەڵێ: «قوربان مەبەست ئەوەیە کە ئەم کچەت قەحبەیە». خەزوور ئەڵێ: «هەی بێ ئەقڵ کەواتە تۆ بە تەمابویت کە قنگدەر بێت!»

- لەو سەرە مەلایەک بە منالانی ئەخوێند، یەکێ لە قوتابیەکانی دایکێکی جوانی هەبوو بێوەژن بوو. مەلاکە چوو بوو بۆ خوازبێنی ئافرەتەکە شووی پێ نەکردبوو.

لە سبەینی ئەو رۆژەدا مەلاکە دارکاریەکی باشی کورەکەی کردو پێی وت: هەتیو بۆچی چوویت بە دایکتت وتووە کە مامۆستام کێری زلە؟» کورەکە چووەوە بۆ لای دایکی و شکاتی کردو ئەم قسەیە بۆ گێرایەوە. دایکەکە ئەم قسەیە بیست ئیتر ساز بوو بۆ ئەوە کە شوو بە مەلا بکا».

- ژنێکی سک پڕ زۆر لە خوا ئەپاڕایەوە کە ئەم سکەی کوڕ بێ، کەچی بە رێکەوت کچی بوو. وتی «خوایە چی ئەبوو ئەگەر شتێکت لە لای پێی ئەم منداڵەوە دابنایە؟» ژنێکیتر لەوێ بوو وتی: هیچ خەمت نەبێ لە پاش پانزە، شانزە ساڵیتر ئەوەندە شت لە لای پێیەوە ئەبینی کە نەتوانی بیژمێری.

- مەلا ئەورەحمانێکی سەقزی هەبوو گێرایەوە وتی: ئەوا لە کربچنە لە ژووری فەقێکانا دانیشتوین چا ئەخۆینەوە ئەوەندەمان زانی سوارێک لە دوورەوە بە پرتاو هات. هەر گەیشتە بەر حوجرەکە دابەزی و رووی کردە حوجرەو وتی: مەلاینە وە قوروانتان وم ئەوا پیاوێک بێن لە خێڵەکەمان نەخۆش کەوتگە لە ماڵی خۆیایەسی هەر ئیسە یەکێکتان یاسینێکی بخوێنن با بە بێ یاسین و تەلقین نەوێ وەژێر خاکەوە.

فەقێکانیش بە منیان وت مەلا ئەورەحمان خێرت ئەگا لەگەڵی بچۆ یاسینێکی بخوێنە. وتی منیش هەستام و کابرا خستمیە پاشکۆی خۆی و ئاوزەنگی تەقێن رووەو هۆبە بەرەو دوا بووەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیشتینە خێڵەکەو روومان کردە دەوارێک سەیرم کرد چەند زەلامێک دانیشتوون هەموو چا ئەخۆنەوە هیچ نەخۆش و شتە دیار نییە، هیچ بۆنی ئەوەش نایە کە نەخۆش لە ژێر ئەم رەشماڵەدا هەبێت؛ پرسیم کوا نەخۆشەکە؟ سەیرم کرد یەکێک لە ناو خەڵکەکەدا ئیستکانێ چای بە دەستەوەیە دانیشتووە ئەیخواتەوەو زۆریش بە دەم و پلە وتی: «برا مەلا! منم نەخۆش ئا سەورکە با چایەکەم بخۆمەوە ئەو جا بۆت پاڵ ئەکەوم یاسینەکەم بخوێنە». وتی زۆر سەرم سڕما لەمە چونکە کابرا هیچ لە نەخۆش نەئەچوو. ئەوەندەم زانی چایەکەی خواردەوە تەقەیەکی لە پیاڵەکەوە هێنا وەکوو ئاسک راست بووەوەو چوو لەو لاوە راکشاو وتی: «دە مەلا بێ یاسینەکەت بخوێنە وە سەرمەوە. یا ئەمەسە ئەمرم و ئەترێم وە گونتا یا ئەمەسە زلیا و پلیاوێکیتر ئەکەین لەم دەشتی گەرمیانەدا پێش ئەوە بچین بۆ کوێستان».

- مەلا مارفێکی تایشەیی هەبوو گێڕایەوە وتی:

ساڵێک لەگەڵ شێخ مستەفای پێنج ئەنگوسا چووین بۆ ئەو گەرمیانە بۆ دەروێش گرتن. کاتی ئێوارە بوو روومان کردە خێڵێکی باشکی کە تیرەیەکە لە جاف. روومان کردە دەوارێک و هاتن بە پیرمانەوە گێسکێکیان کوشتەوەو مەنجەڵ و حەوجۆش خرایە سەر ئاگر. پاش بەینێک ژنی خاوەن ماڵەکە جامێکی هەڵگرت و چوو بۆ مانگا دۆشین لەو لای دەوارەکەوەو لێ نەئەبووەوە. مێردەکەشی ساتێ نە ساتێ بانگی ئەکرد کچەکە خێراکە شێخ و دەروێشەکان برسیانە، ژنەش هەر لێ نەبووەوە ئەمیش هەر ئەیووت: کەنی ئازاکە، کچەکە ئازاکە، لە ئاخرا ئەوەندە هاواری کرد و هیچ کەڵکی نەبوو بانگی کرد «کچەکە خێراکە وە کەلام خوا دەوی باوک بێم بۆت بە مێ کوت ئەوەندەت ئەکوتم بە کەرە رەش بێژی شێخ مستەفا هاوار فریام کەوە. ئەگەر لە ژێر مانگادا نەبی لە ژێر شێخ قادری شێخ کەریمی کەسنەزانا بی ئەتکەم وە داس. خۆ شێخ وەکوو گەماڵە بازگ ئەوەندە کلکی بادا وە دەور چاو چێشتا لە برسانا ئەوا تۆپی. دەبێ وەرێوە دەویت باوک!»

- هەر ئەم مەلا مارفە ئەگێڕێتەوە وتی: جارێک لەو گەرمیانە لە دییەک مەلای رەمەزان و لە ماڵی حاجی محەمەدا بووم. ئەم حاجی محەمەدە جووتیارێکی هەبوو، ئەسپێک و ئێسترێکی دا بوو لە یەک جووتی پێ ئەکردن. کابرای جووتیاریش ناوی مەحموو بوو. رۆژێک جووتەکەی لە نزیک دێکەوە بوو لای ئێوارەو رەمەزان بوو هەروا وردە وردە لە بەر بێ تاقەتی دەرچووم بۆ لای مەحموو. مەحموو لەو لاوە جووتی بەرەڵا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد ئەسپ و ئێستری دایە پێش خۆی و بەرەو ماڵ گەڕایەوە. سەیرم کرد ئەسپەکە هەموو لەشی بووە بە زام، منیش گەڕامەوە تا گەیشتینە ماڵەوە وتم مەحموو ئیمرۆ زوو جووتت بەردا؟ وتی: «مەلا واز بێرانە دارو گووت لێ بواریٚ وە دەس ئەسپە رەش و حاجی محەمەدەوە گیرم خواردگە. وەڵڵا ئیمامی رەبانی و شێخ غەفووری سولەتێنە لە ژێر ئەم نێرە ون جووت ئەکەن ئەسپەرەش ویٚ ئیمرۆ جووتی نەکردگەو نایکا. خوا تێلات لێ نەواریٚ ناوی خوای تیا نەویٚ من لە کویٚ و ئەسپەڕەش و حاجی محەمەد لە کویٚ؟»

- عێل لەو سەرە بوو. لە دیٚ «میشیاو» کابرایەکی روغزایی لەویٚ مابووەو جیٚ گیر بوو بوو؛ دەستی دابوو بە فەلاییەوە. لە بەر ئاواییەکەدا جێگای جووتی گای کردبوو بە گەنم. گەنم بوو بوو بە قەرسیل کەرویشکەی ئەکرد. گاو گۆتاڵ و کەرگەلی ئاوایی پێی فێر بوو بوون. کابرا چاری نەئەکرد هەر چەندە دەری ئەکردن هەر ئەهاتنەوە بە خاوەنەکانیانی ئەوت کەس گویٚ نەئەدایە.

رۆژێک سلێمانی حەمەجان ئەچیٚ بۆ میشیاو بۆ سەر و کاری و چاو پیٚ کەوتنی جووت و بەراوی ئەو ساڵەی. سلێمان خانیش زەبر و زەنگێکی هەبوو لەو ناوەدا دیواخانی بۆ ئەرازێنرێتەوەو هەموو ئەهلی ئاوایی دەوری ئەدەن. لەو کاتەدا کابرا ئەکا بە دیواخانا و دەست ئەکا بە شکات کردن لە ئەهلی ئاوایی کە هەموو گاو گۆلکیان ئەکەنە ناو دەغڵەکەی ئەمەوە.

بۆ زەبر و زەنگی سلێمان خان ئەمە قسەیەکی زل ئەبیٚ، ناوچاو ئەدا بە یەکاو ئەیەویٚ توورە بیٚ لە ئەهلی ئاواییەکە، کوێخا هەست بەمە ئەکا و ئەڵیٚ سلێمان خان ئەم کابرایە درۆ ئەکا کەس گاو گۆلکی نەکردۆتە دەغڵیەوە خۆی پیاوێکی خراپە ئەیەویٚ بەم بیانووەوە لە ئاخرا ملکانەکە بخوا. کابرا توورە بوو هەڵیدایە وتی: «هەی کاورا گۆرانەی بیفەڕە ئەوە تۆ ئێژی چی؟ دەسا سلێمان خان وە قەورەکەی مەتحەت هەر کەرێک لەم ئاواییەدا هەیە وەها خۆی هەڵئەشەنگێنیٚ و ئەچێتە ناو پەڵەو گەنمەوە ئێژی سلێمان خانەو ئەچێتە ژێر دەوارەکەی حەمەجانەوە. خۆ بارگیرەکانیان هەر قسەیان وە تەکا ناکریٚ ئێستەش کاورای کوێخا ئێژیٚ درۆ ئەکا. دەسا درۆزن بووی وەژێر کوچک و قسنەکەی شێخی مەولاناوە رۆحم وە قوروانی ویٚ!» ئیتر سلێمان خان هیچی پیٚ نەوترا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پیاوێک هەبوو لە عێلی رژدەیی لەو جافە حەمەی خاتوونی ناو بوو، رێی ئەکەوێتە تەنگی سەری قەرەداغ و ئەچێتە مزگەوتەکە. مەلا یوسفی تەنگیسەری سەیری تەفسیری خازنی ئەکرد و کتێبەکەی لە بەردەمیا پان کردبووەوە حەمەش پێی ئەڵێ: مەلا ئەوە چی ئەکەی؟ ئەڵێ سەیری تەفسیر و مەعنای قورئان ئەکەم. ئەویش وتی: «ئێ بم وە قوروانتان ئەو عالەمە گشتی گیری خواردگە وە دەس ئیش و کاری دوای مێگەلەوەو تۆش هەر گێرگێرێ ئەکەی وە سەر قورحان و شەرحەوە ئێژی منیش شتێکم و وەمە بۆ خۆتت بردگەسە سەر. دە بێژم چی وە دەس دنیاوە؟ هەی بەردی تۆی لێ نەوارێ!»

## تاقی کراوەکانی کوردی

- کورد تووشی «زەردوی» ئەبێ بەمجۆرە دەرمانی ئەکەن:

ئەم زەردوییە لە دیوی ناوەوەیەو لە دەریشەوەیە. بەشی دیوی ناوەوەی بەمجۆرە دەرمان ئەکرێ: «ئەهێنن دە مسقاڵ توتن ئەکەن بە سێ بەشەوە هەر بەشێکی ئەکەنە پریاسکەیەکەوەو ئەیبەستن. ئەمجا کووپێ شیری مانگا دێنن و یەکێ لە پریاسکەکەی تێئەخەن و شەو لە بەر ساماڵ دایئەنێن تا بەیانی. بەیانی دێنێ پریاسکەکە جوان ئەگوشێتە ناو شیرەکە تا بە تەواوی توتنەکە تامی ئەداتەوە ناو شیرەکەو پریاسکەکە فرێ ئەداو کوپە شیرەکەی ئەخواتەوە. بەمجۆرە لە دەردی ناوەوەی زەردویەکە رزگاری ئەبێ».

- ئەڵێن شیرەی ئەسپەناخ لەگەڵ شەکر تێکەڵاو بکرێ و بخورێ بۆ لاچونی زەردوی بە کەڵکە.

- ئەڵێن یەکێ «گەنەکەوەڵە» بیگەزێ، شووتیەکی سووری گەیشتوو بێنن بیکەن بە دوو کەرتەوە لە پاش ئەوە کە هەڵکۆڵران، ئاوەکەی بگرن و بیکەنە ناو یەکێ لە کەرتەکانەوە، ئەمجا بێنن ئەوەندەی شیری «خوشیلک»تێکەن کە رەنگی ئاوی شوتیەکە بگۆڕێ و بیکا بە دوو رەنگ، پاشان بیخواتەوە چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن یەکێ «گرفت»ی گرتبێ شیری «خوشیلک»لەگەڵ ئاردی جۆ بکرێ بە هەویر پاشان بیکەن بە حەب دوو سێ حەبی لێ بخوا چاک ئەبێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەڵێن: یەکێ تازە سەرەتای «گۆجی» (ئیفلیجی، شەلەل)ی بێ بێنێ برکی «قانگ» -واتە برکە تەڕەکەی ئەوەی کە تۆوی قانگ ئەگرێ- جوان جوان بیکوڵێنێ هەتا خەست ئەبێتەوە. ئەمجا هەڵیسوێ لەو جێگەیە کە نەخۆشیەکەی تووش بووە چاک ئەبێتەوە. ئەگەر جارێک بەشی نەکرد چەند جارێک بیکا چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن برنج کە ئەیکوڵێنن بۆ «پلاو» ئەو ئاوەی کە دایئەهێڵن منالێ کە کۆکەی هەبێ ئەو ئاوە بدەنێ کۆکەکەی نەرم ئەبێ و چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن: یەکێک کە تووشی «کۆکەرەشە» بوو، قەلەباچکەیەک بێنن لە پاش ئەوە کە کوژرا بە پەڕ و گۆشت و ئێسقانەوە بیکوتن جوان جوان؛ پاش ئەوە بیکوڵێنن تا تەواو بە وەکو مەعجوون تۆزێ ئاوی لێ پەیدا ئەبێ. ئەو ئاوەی ئەبێ بدەن بە کۆکە رەشەدارەکە چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن: یەکێ قرژاڵ گازی لێ بگرێ تا کەر لە بەغدا نەزەرێنێ بەرەڵای ناکا.

- ئەڵێن: هەر کەس زۆر تەزبێحی «یوسر» هەڵبگرێ وەجاخی کوێر ئەبێ.

- ئەڵێن: هار چاوی بە ئاو بکەوێ هارتر ئەبێ.

- ئەڵێن: گۆشتی گا کە هەر نەکوڵا تۆزێ چای وشک ئەکەنە ناو مەنجەڵەکە دایئەرزێنێ.

- ئەڵێن: مار کەڕەو دووپشک کوێرە.

- ژنانی کوردەواری ئەڵێن بتەوێ بزانی چ کچێک بە سەروبەرە بۆ ماڵ و گورج و گۆڵ و ماڵداری کەرە بۆ ماڵی مێرد لە کاتی نانخواردنیا سەیری بکە: ئەگەر گورج و گۆڵ بوو لە نانخواردنا ئەوا ئافرەتێکی تەواوە؛ ئەگەر خاوو خلیچک بوو ئەوە بە کەڵکی ماڵ نایە.

- ئەڵێن: ئەگەر بتەوێ جوانی و زمان شیرینی ژن تاقی بکەیتەوە لەو وەختەدا کە بەیانیان لە خەو هەڵئەستێ سەیری بکە ئەگەر جوان بێ دەرئەکەوێ، ئەگەر زمان شیرینیش بێ هەر دەردەکەوێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- ئەڵێن: قارچکی کەما بێنن وشکی کەنەوە پاشان لە گەڵ شەکردا بیهاڕنەوە. ئەو کەسەی کرمی هەیە بەیانیان لە خورینی لێ بکا بە کەفلەمەوە بخوا هەموو کرمەکانی ئەخا.

- لە بارەی «کەمتیار»ەوە ئەڵێن:

ساڵێ نێرەو ساڵێ مێ. دوژمنایەتیەکی پیس هەیە لە بەینی ئەوو سەگدا، تەنانەت ئەگەر سێبەری بکەوێتە سەر سەگ لەترسی ئەوە کە نەوەک بیخوا رائەوەستێ.

هەرکە زمانی کەمتیاری پێ بێ سەگ پێی ناوێرێ. زمانی بە سەر دەرگای ماڵێکا هەڵواسن کە ئەو ماڵە شادی و زەماوەندی تێدا بێ هیچ پشێویەک لەو شادیەدا پەیدا نابێ.

هەرکە «کەڵبە»کەی هەڵگرێ و پێ بێ هێی لە فیکر ناچێ.

ئەگەر «دڵ»ەکەی بکرێ بە مندالا ئەو منالە زیرەک دەرئەچێ و زوو فێری شت ئەبێ.

ئەگەر «مێشک»ەکەی بهێنرێ بە برۆدا هەر کەسەئەو خاوەن برۆوە ببینێ خۆشی ئەوێ. وە دەستی راستی ئەگەر ژن لە وەختی منال بوونا ببەستێ بە قۆلیەوە بەئاسانی منالەکەی ئەبێ.

«چەمۆڵە»کەی ئەگەر بە هەر دارێکی بەردارا هەڵبواسرێ مەلی زیاندار توخنی ئەو دارە ناکەوێ.

«کوز»و پێستی ناوکی بە لای هەر پیاوێکەوە بێت هەر ژنێک سەیری بکا عاشقی ئەبێت و هەروەها بەلای هەر ژنێکیشەوە بێت هەر پیاوێک سەیری بکا عاشقی ئەبێت.

ئەگەر پێستی کەمتیار بکرێ بە بێژنگ و گەنمی پێ بێژنەوە ئەو گەنمە کە کرا بە «تۆ»و چانرا نە کوللە توخنی ئەکەوی نە تەیرو تیور.

«پشقل»ەکەی لە گەڵ رۆنی «ئاس»دا تێکەڵاو بکرێ سەری بێ توکی پێ بهەنوون توکێکی جوان دەر ئەکا.

- ئەڵێن: یەکێ مەقەست بدا بە دەست یەکێکی ترەوە ناکۆکی و ناخۆشی ئەکەوێتە بەینیان. جا بۆ ئەوە ئەمە روو نەدا دێنێ ئەو کەسە کە مەقەستەکەی بە دەستەوەیەو ئەیەوێ بیدا بەویتر دەستی هەڵ ئەگێڕێتەوە مەقەستەکە ئەخاتە سەر پشتی دەستی ئنجا ئەویکە هەڵێ ئەگرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- ئەڵێن: مەڕ کە بە جۆ بکەوێ واتە جۆی زۆر بخواو بیکرێ بخرێتە ناو ئاوەوە چاک ئەبێتەوەو بەری ئەدا.
- ئەڵێن: کەر دەستی کرد بە زەڕین سەگ پشتی دێتە ژان.
- ئەڵێن: ئەگەر کەر زۆر زەڕی شتێک بئاخننە گوێیەوە ئیتر نازەڕێنێ
- ئەڵێن: ئەگەر بەرازی تینوو بخەنە سەر کەر -واتە بیکەن بە باری- هەر کە کەرەکە ئاوی خواردەوە بەرازەکە ئەتۆپێ.
- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ خەوی لێ نەکەوێ -واتە دژەخەو بێ- ددانی کەر بخاتە ژێر سەری خەوی لێ ئەکەوێ.
- ئەڵێن: ئەگەر ژنێک شیری کەم بوو «سپڵ»ی کەروێشک بکاتەوەو بیهاڕی و گۆی مەمکی خۆی پێ بهەنوێ شیری زیاد ئەکا.
- ئەڵێن: کەر لەو وەختەدا کە ئەزەڕێنێ ئەگەر بەردێک ببەستن بە کلکیەوە، ئیتر نازەڕێنێ.
- ئەڵێن: ئەگەر منالێک زۆر گرینۆک بوو پارچەیەک لە پێستی ناوچەوانی کەر بکرێ بەو مندالەدا ئیتر ناگری.
- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ خوێنی لووتی پژاو هەر نەئەوەستایەوە هەندی سرکە بکرێ بە سەر تەرسی کەراو ئەو کەسە بۆنی پێوە بکا خوێنەکەی ئەوەستێتەوە.
- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ دووپشک پێوەی بدا بەرەوازە سواری کەر ببێ ژانەکەی نامێنێ.

**رێوی**

- ئەڵێن: ئەگەر شوێنێ کۆتری زۆری لێ بوو ویستیان کۆترەکان بڕۆن سەری «رێوی»یەک لەو شوێنە دابنرێ ئیتر کۆترەکان ئەڕۆن.
- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ فێ لێ بوو زراوی رێوی بێنن سەرێکی بخەنە لووتی کابرای فێدارەوە و فوو بکرێ بە سەرەکەی تریا ئیتر جارێکیکە ئەو کەسە فێ نایگرێتەوە.
- ئەڵێن: خواردنی گۆشتی رێوی بۆ «گول» باشە؛ واتە لە گولی ئەکەوێ.
- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ جمگەکانی ژانی کرد، پیوی رێوی بتوێننەوەو ئەو جمگانەی پێ بهەنوون چاک ئەبێتەوەو ئیتر ژانی نامێنی.
- ئەڵێن: ئەگەر هێلکە گونی رێوی بکرێ بە شوێنێکی منالا -واتە پیا هەڵواسرێ- ئەو منالە زۆر بە بێ ئازار دان دەر ئەکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



– ئەڵێن: ئەگەر بە خوێنی ڕێوی سەری منال بهەنوون سەری موو دەر ئەکا، ئەگەر کەچەڵیش بێت.

– ئەڵێن ئەگەر کەڵبەی ڕێوی –واتە ددانەکانی تەنیشتی– هەڵبواسرێ بە فێدار فێیەکەی لە کۆڵ ئەکەوێ.

– ئەڵێن ئەگەر یەکێ سپڵی هەبوو ئازاری ئەدا سپڵی ڕێوی بخاتە سەر لە کۆڵی ئەکەوێ.

– ئەڵێن ئەگەر یەکێ گوێی هاتە ژان، پیوی ڕێوی بتوێننەوەو تێی کەن ژانەکەی ئەشکێ.

– ئەڵێن ئەگەر یەکێ ئازاری سپڵی هەبوو تۆزێ لە دڵی ڕێوی تێکەڵاو بکا لەگەڵ بە ئەندازەی مسقاڵێ شەراب و بیخواتەوە ئازارەکەی لە کۆڵ ئەکەوێ.

– ئەڵێن ئەگەر میشکی ڕێوی لەگەڵی «وەرەس»[٢٥] تێکەڵاو بکرێ ئەو کەسەی کە سەری کرێژی هەیە وەیا زیبکەی هەیە، وەیا کەچەڵە، وەیا مووی ئەڕزێ بەو دەرمانە بیهەنوێ ئەوانەی هەموو لە کۆڵ ئەکەوێ.

## گورگ

– ئەڵێن ئەگەر سەری گورگ هەڵواسن بەو شوێنەدا کە کۆتر و پەلەوەری لێیە نە پشیلەو نە دەعبایتر ناچێتە ئەو شوێنە بۆ خواردنیان.

– ئەڵێن ئەگەر یەکێ کەلبە وە یا چاو وە یا پێستی گورگی پێ بێ زاڵ ئەبێ بە سەر دوژمنیا و هەموو کەسیش خۆشی ئەوێ.

– ئەڵێن ئەگەر کلکی گورگ لە «کادان»دا بێ نە گا نە کەر نە مەڕ و نە بزن ناچن بۆ خواردنی ئەو کایە.

– ئەڵێن ئەگەر پێستی گورگ و مەڕ پێکەوە کۆ بینەوە هەموو تووکی پێستە مەڕەکە هەڵئەوەرێ.

– ئەڵێن ئەگەر یەکێ بیکا بە عادەت و هەر لە سەر کەوڵی گورگ دانیشێ تووشی کولنج نابێ.

---

٢٥- وەرەس گیایەکە زۆرتر لە یەمەندا ئەڕوێ. تۆوەکەی وەکو تۆوی کونجی وایە، کە گەیشت شەق ئەباو هەودای وەکو هی زەعفەرانی لێوە دەرئەچێ. بەو هەودایانە شت ڕەنگ ئەکرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەڵێن ئەگەر پێستی گورگ بکرێ بە تەپڵ، ئەو تەپڵە لەناو هەرچەند تەپڵیتر ا بێ کە لێ درا هەموو تەپڵەکانی تر ئەدڕێن.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ تووشی مەوەرزە بوو بە پیوی گورگ خۆی بهەنوێ ئەو دەردەی لە کۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ فێدار بوو چاوی گورگ هەڵبگرێ لەگەڵ خۆیا فێداریەکەی لە کۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن گوێی گورگ وردە ئێسکی تێدایە وەکو تەرسی گا و وشتر. جا ئەگەر یەکێ ددانی هاتە ژان یەکێ لەو وردە ئێسکە بهێنێری بە ددانیا ژانەکەی ئەشکێ.

- ئەڵێن ئەگەر تۆزێ لە زراوی گورگ لە گەڵ تۆزێک هەنگوینی ئاگر نەدیودا تێکەڵاو بکرێ و بهێنرێ بە چاوا شەو کوێری و کەم حوکمی چاو لائەبا.

- ئەڵێن ئەگەر کلکی گورگ بە ناوی ئافرەتێکەوە گرێ بدرێ ئەو ئافرەتە کەس ناتوانێ بچێتە لای تا ئەو گرێیە نەکرێتەو واتە کابرا ئەبەسترێ.

- ئەڵێن گورگ کە بریندار کراو خوێنی لێهات و ئنجا ڕۆیشت، گورگیتر کە چاویان پێکەوت ئەیخۆن.

- ئەڵێن ئەگەر تووشی رەوە گورگ بوویت و پەلاماریان دایت ئیشێکی وا بکە یەکێکیان لێ بریندار کەیت. هەر کە خوێنی لێهات ئیتر گورگەکانیتر بەر ئەبنە ئەو، ئەو ئەخۆن و واز لە تۆ دێنن، بەو جۆرە تۆ رزگارت ئەبێ.

- ئەڵێن یەکێ کە بەرد لە میزڵدانیا بوو گوڵی گەنمەشامی بۆ بکوڵێنن وەکو چا بیخواتەوە بەردەکەی نامێنێ.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ خوێنی لووتی پڕژا، بۆن بە تەرسە قوڵەوە بکا خوێنەکە ئەوەستێتەوە.

- ئەڵێن ئەوی «ئاگرە»ئەستێ بێنن کابرایەک کە گورگی کوشتووە بە کوردی ئەڵێ ئەبێ بە دەستی بێ بێنێ پڕ دەمی بکا لە ئاوی سماق و بیپرژێنێ بەو شوێنەدا کە ئاگرەکەی لێ هاتووە. پاشان بە بەرد و ئەستێ لە بەر برینەکەدا بەرد و ئەستێیەک هەڵبکا پزیسکی بەرد و ئەستێیەکەی لێ بکەوێ ئیتر چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەو منداڵەی کە تووشی خەرکانە ئەبێ ژنێک کە بە دەستی بێ بێنێ پارچە کاغەزێکی شینی شەکر ئەخاتە سەر ناو چەوانی منداڵەکەو «عەقیق»ێک گەرم ئەکاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەیخاتە سەر کاغەزەکە. خەرکانە کەوشک ئەکا ئەم ئیشەش ئەبێ لە رۆژی چوارشەممەدا بێت.

- ئەڵێن ئەو منداڵەی تووشی برینی ئاگرە ئەبێ بێنن جۆ لە سەر ساج بسووتێنن پاشان سماق ناوکەکەی لێ بکرێتەوە، تویکڵە تورشەکەی لەگەڵ ئەو جۆە سووتاوەدا پێکەوە بیانکوتن و لێ بنێن چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ چاوی ژان بکا و بئاوسێ و ئاو بکا، بەز و گۆشت پێکەوە بکوتن و بیخەنە سەری چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ چاوی تێک بچێ و ژان بکا و بئاوسێ سەر تۆی ماست بخەنە سەر لۆکەو شەوێ لە کاتی نووستندا بیخەنە سەری چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ چاوی تێکچوو بێنێ سەرگوڵی چای کە لێ ئەنرێ لە ناو ژێرپیاڵەیەکدا ساردی کاتەوە دوو سێ جار هەر جارە یەک دوو دڵۆپی تێکا چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ چاوی تێکچوو «تلپە»چای بگوشێ و بە شەو بیخاتە سەر چاوی بیبەستێ چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێک موو لە پەنجەی هات «بنێشتەتاڵ» لەگەڵ «سابوونی رەقی» سابوونەکە ورد بکرێت و پێکەوە بکرێن بە مەعجون و لێنێن چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن شیرەی ئەسپەناخ و شەکر تێکەڵاو بکرێن و بخورێن ژانە سەر لائەبا.

- ئەڵێن یەکێ مێزی بگیرێ ئەسپەناخ بە کاڵی بخوا مێز گیرانەکەی لائەچێ.

- ئەڵێن یەکێ گەروو مەلاشووی ژان بکا گیای ئەسپەناخ بە کاڵی بخوا رزگاری ئەبێ.

- ئەڵێن یەکێ شەنگەسوورەو زەردەواڵە پێوەی بدا ئەسپەناخ بکوڵێنن و بیخەنە سەر شوێنەکەی چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن یەکێ دمەڵی لێ هاتبێ هەر دەرگای نەبێ هەندێ ئەسپەناخی کوڵاوی بخرێتە سەر زوو دەرگای ئەبێ.

- ئەڵێن خواردنی گیای ئەسپەناخ بۆ نەخۆشی سنگ و وەرەم و تای گران و تینوێتی زۆر بە کەڵکە.

- ئەڵێن یەکێ سپڵی هەبوو خۆی لە خواردنی ئەسپەناخ بپارێزێ.

- ئەڵێن گیانلەبەری گەڕ لە هەر کە بکەوێ ئەو کەسە تەمەنی کورت ئەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەڵێن یەکێ خەوی دی بە شەو نەگێڕیتەوەوە ئەگەر یەکێکی وای دەست نەکەوت کە بزانێ چۆن بۆی لێک ئەداتەوە لە سەر ئاوێکی رووناک و پاک بیگێڕیتەوە.

- ئەڵێن ئاوی دەباخانەو ئاوی نێرگەلە بڕێژرێتە ماڵێکەوە کە جادووی تیا کراوە جادووەکە بەتاڵ ئەبێتەوە.

- ئەڵێن کوڕی منال بخرێتە باوەشی بووکەوە نۆسکەی ئەو بووکە کوڕ ئەبێ.

- ئەڵێن کلاو بە هەڵگەڕاوەیی گەسێک لە سەر سەر دانان خراپەو شوومی دێنێ.

- ئەڵێن یەکێ ئەگەر گوێی ڕاستی بزرینگێتەوە ئەوە باسی ئەکەن ئەگەر گوێی چەپی بزرینگێتەوە ئەوە گۆڕ بانگی ئەکا.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ خۆشەویستێکی لە ولاتێکی دوور بوو هیچ خەبەرێکی نەبوو سەر لە بەیانیێک بچێتە سەر سێ ڕێانێک سێ بەرد فڕێ بدا بە نیازی هەواڵێکی خۆشی خۆشەویستەکەی پاش ئەوە گوێ لە هاتوچۆ کەران بگرێ. یەکەم شتێک کە گوێی لێ ئەبێ ئەگەر شتێکی چاک و خۆش بوو ئەوە خۆشەویستەکەی ماوەو لە خۆشیدایە، خۆ ئەگەر گوێی لە شتێکی خراپ بوو ئەوە خۆشەویستەکەی لە ناخۆشی دایە وە یا مردووە.

- ئەڵێن هەور بۆ لەش سووتاو ئازاری زۆر ئەبێ.

- ئەڵێن پێستی سمۆزە بکرێ بە کیسەپارە سەر بە رزق ئەبێ.

- ئەڵێن ئێسکی پەپوسولەیمانە بخرێتە ناو کیسەپارەوە، ئەو کیسەیە پارەی لێ نابڕێ.

- ئەڵێن یەکێ تووشی کۆکەڕەشە ببێ شیری کەری بدرێتی چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن لە ڕێ و بانا مار چاوی بڕیە ئافرەتی سکپڕ ئەو سکە کوڕ ئەبێ،

- ئەڵێن: کە با زۆر بوو تازە بوکێک بچێتە سەربان «باگردێن»ێک ڕاست بکاتەوە بایەکە ئەوەستێتەوە.

- ئەڵێن کە باران نەبارێ بەیداخی دار شەخسێک بێنن و لە ناو بیرێکا رای وەستێنن و پاشان بەرد بخەنە ناو بیرەکە باران ئەبارێ.

- ئەڵێن کە بێ بارانی بوو پیاو چاکێکی لە خوا ترس بگرن و بیخەنە حەوزەوە باران ئەبارێ.

- کە باران نەباری لەو ولاتی کوردەواری یە بوکەبارانی ئەکەن:

بووکە بارانی ئەوەیە کە منالان دارێکی درێژ دێنن و چیتی زەرد و سووری پێوە ئەبەستن و بە مالانا ئەسوورێنەوە. کە چوونە هەر ماڵێک کابانی ئەو ماڵە دێنێ لە سەرەوە ئاو ئەپرژێنی لە بووکە بە بارانەکەو دەست ئەبەن شتێکی ئەدەن بە منالەکان. هەروەها دێنن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لە ماڵەکان دەرزیش ئەدەن لە بووکە بە بارانەکە تا ئەم منداڵانە گەڕەک وە یا گوندەکە تەواو ئەکەن یا نایکەن باران دەست ئەکا بە بارین تا بارانەکە ئەباریٚ بووکە بە بارانەکە لە بەر ئاو لیٚ پڕژانی ماڵەکان بە تەواوی تەڕ ئەبیٚ. منداڵەکانیش کە ئەچنە بەر دەرگای خەڵک ئەم بەستەیە ئەڵێن: لە هەورامان ئەڵێن:

یا خوا وارۆ پەی خەلەی گیواو بزیو پەی گەلەی

لەو وڵاتی هەولێرە ئەڵێن:

هەباران مەباران یاخوا بباریٚ باران گەنمی حەسەن و حوسەینا هەموو قڕبوون لە تینان

لە وڵاتەکانی تر ئەڵێن:

هەناران مەناران یاخوا داکاتە باران

گەنم و جۆ بیٚ بۆ شاران کەسمان نەمریٚ لە برسان

## ژیانی عەلائەدین سەجادی



عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی حیسامەدین لە بنەماڵەی سەجادی، لە ساڵی ١٩٠٧ دا لە گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە چاوی کردەوە بە سەر دونیای رەنگاورەنگی پڕ لە کارەساتدا. بە سوختەیی خوێندنی دەست پێکردووەو بە فەقێتی گەلی شارو دێی کوردەواری گەڕاوەو بنەو بارگەی لە سلێمانی خستووە. لە ساڵی ١٩٣٨ ئیجازەی زانستە ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی وەرگرتووەو دواجار بۆ مەلایەتی و پێشنوێژی لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون رووی کردۆتە بەغداو هەر لەوێ ماوەتەوە.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا خۆی داوەتە رۆژنامەوانی و گۆڤاری «گەلاوێژ»و «نزار»ی بەڕێوە بردووە. لە ١٩٥٩دا بۆتە مامۆستای زانکۆی بەغدا لە کۆلێژی زمانی کوردیداو تا ساڵی ١٩٧٤ لە سەر ئەم ئیشە ماوەتەوە. لە ١٩٧٠ دەبێتە وەزیری ئەوقاف. لە ١٩٧٧دا خانەنشین دەکرێ.

پاش خانەنشین بوونی هەموو هێزو توانی دەخاتە سەر کار لە سەر بابەتی ئەدەبی کوردی؛ بەڵام کوژرانی کوڕی گەورەی لە شەڕیی ئێران و ئێراق (١٩٨٠-١٩٨٨)دا وزەی دەبڕێ و پشتی دەشکێنێ. تا لە ساڵی ١٩٨٤دا روو لە شاری خامۆشان دەنێ و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئەسپەردە دەکرێ.

09183738028